# دۆنی ئارام

## بەرگی سێیەم

نووسینی:میخائیل **شۆلۆخۆف**

**وەرگێڕانی: حەمەکەریم عارف**

*- ناوی کتێب:دۆنی ئارام(٣)

*- بابەت :ڕۆمان

*- نووسەر:میخائیل شۆلۆخۆف

*- وەرگێڕ:حەمەکەریم عارف

*-

*-

*-

**ئاھ، ئەی باوکی میھرەبان، دۆنی ئارام و سەربەرز،**
**ئاھ ئەی دۆنی ئارام، سەرچاوەی رزق و ڕۆزیمان،**
**ئەی پارێزەری سەرو سامانمان**
**چەند بەشکۆی، چەند بە ناوبانگی**
**چەند گەورەیە ناوی موبارەکت**
**چەند بە گوڕ و بە تاو ڕەوان بووی**
**چەند ساف و زولاڵ بووی**
**کەچی ئێستا، ئەی دۆن، چەند لێڵ و لێخنی**
**بەڵێ ئاوەکەت لەسەرچاوەوە تا**
**ڕێژکە قوڕاوی و لێڵە**
**دۆنی ئارام، هاتە وەڵام و گوتی:**
**بە چ دڵێکەوە ئاوم ڕوون و ڕەوان بێ**
**کە هەڵۆ بەرزە فڕەکانم، ڕۆییون**
**هەڵۆ شایستەکانم، قوزاقانی دۆن،**
**کە بێ ئەوان، کەنارەکانم چۆڵن**
**کە بێ ئەوان کەنارەکانم غەریب و**
**نامۆ، یەکپارچە لم و لمەڵانن.**

**(لە فۆلکلۆری قوزاقانەوە)**

## بەشی شەشەم

"١"

لە نیسانی ١٩١٨دا، دوو بەرەکییەکی گەورە لە هەرێمی دۆندا ڕووی دا. ئەو قوزاقانەی کە لە شەڕگە گەڕابوونەوە، قوزاقانی دۆنی ژووروو، یانی خەڵکێن خوپێر ئوست و میدڤیدیتسکایا بە گەڵ مەفرەزەکانی سوپای سوور، کە لەحاڵی پاشەکشەدا بوون کەوتن. قوزاقانی ناوچەکانی ژێری کەوتنە تاقیبیان و بەرەو سنوورەکانی ناوچەکەیان ڕاونان.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی خوپێر بە گەڵ سوورەکان کەوتن. نیوەی خەڵکی ئوست میدفیدیتسکایاش بەگەڵیان کەوتن. بەڵام ژمارەیەکی کەمی قوزاقێن دۆنی ژووری بەگەڵیان کەوتن.

دیارە ئەم دووبەرەکیە تا ساڵی ١٩١٨ بە تەواوەتی دەرنەکەوت، ئیدی لەو ساڵەدا خەڵکی ئاواییەکانی دۆنی ژوورو ودۆنی ژێری بە تەواوەتی لێکدی جودا بوونەوە. بەڵام ڕەگ و ڕیشەی ئەم جوودایی و دووبەرەکیە دەگەڕایەوە بۆ سەدان ساڵ، بۆ ڕۆژگارو دەورانێك کە قوزاقانی هەژارو دەسکورتی دۆنی ژوورو، لە زەوی و زاری بەپیت و بەرەکەتی کەنارەکانی دەریای ئازوف و لە ڕەزو باخ و بێستان و ڕاوگەو شوێنی ڕاوەماسی بێبەش بوون، ناو بە ناو پشتیان دەکردە چرکاسك و خۆسەرانە پەلاماری خاکی ڕووسیای گەورەیان دەداو پەنای هەموو گەردنکێش و ئاشوبگەرێکیان لە ڕازینەوە بیگرە تا سکاچ دەدا.

تا ئەو ساڵانەی دواییش، کاتێ کە سەرانسەری ناوچەکە لە ژێر باری ئۆتوکراتیەتی تزاریسمدا بە نهێنی کەوتبووە جم و جۆڵ، قوزاقانی دۆنی ژوورو بە ئاشکرا یاخی دەبوون بە ڕابەری ئەتامانەکانی خۆیان، ڕژێمی تزارییان لە بناغەوە هێنایە لەرزین. شەڕی سەربازان و سوپای تزاریان دەکرد، بەلەمە بارییەکانی سەر ڕوباری دۆنیان تالاّن دەکرد و تا ڤولگا دەڕۆیشتن و قوزاقانی سەرکوتکراو و چەوساوەی زاپورۆگیان بۆ یاخی بوون و شۆڕش هاندەدا.

لە ئاخرو ئۆخری مانگی نیساندا، سوپای سوور لە نزیکەی دووسێیەکی قەڵەمڕەوی دۆن کشایەوە. کاتێ کە دەرکەوت پێویستە دەسەڵات و حکومەتێکی ناوچەیی بێتە ئاراوە، فەرماندەکانی ئەو گروپانەی کە لە باشووردا خەریکی شەڕ بوون، پێشنیازیان کرد، کە ئەنجوومەنی سوپایی ناوچەیی دابمەزرێنن. قەرار درا کە لە ٤/٢٨ ئەندامانی حکومەتی کاتی دۆن و نوێنەرانی شارۆچکەکان و نوێنەرێن یەکە سوپاییەکان لە نوڤوچرکاسکدا کۆببنەوە.

نامەیەك لە ئەتامانی شاری ڤیشنسکایاوە بۆ گوندی تاتارسکی هات کە لە ڕۆژی ٤/٢٢دا کۆبوونەوەیەك لە شاری ناڤبری دەکرێت بە مەبەستی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ ئەنجوومەنی ناوچەیی

میرون گریگوروفیچ کورشونوف، نامەکەی لە کۆبوونەوەی گوندا خوێندەوەو ئامادەبوان ئەو و بوگاتیروف پیرو پانتلی میلیخوفیان کاندیکرد کە بۆ ڤیشنسکایا بڕۆن.

له ڤیشنسکایادا، میلیخوف لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا بە نوێنەری ئەنجوومەنی ناوچەیی پ هەڵبژێردران. پانتلی پروکوفیچ هەر ئەو ڕۆژە لە ڤیشنسکایاوە بۆ گوندەکەی خۆیان گەڕایەوە، بۆ ئەوەی پێش کردنەوەی ئەنجوومەن لە نوڤوچرکاسك ئامادە بێت، بڕیاری دا کە بۆ سبەینێ دەگەڵ میرون گریگوریوفیچی خزمیا بۆ میلیروڤۆ بڕوات. (میرون گریگوروفیچ، دەبوا بۆ کڕینی نەوت و سابوون و هەندێ پێویستی دیکەی ماڵ بڕوات بۆ میلیروڤۆ و موخوف ڕای سپارد بوو کە بۆ ئاشەکەی هێڵەکیك و هەندێ پێویستی دیکەی بۆ بکرێت، بۆیە میرون گریگروفیچ چاوی لەوەش بوو کە بتوانێ قازانجێك لەوش بکات).

بەرەبەیان کەوتنە ڕێ. ئەسپە ڕەشەکانی میرون کورشونوف، بە ئاسانی عەرەبانەکەیان ڕادەکێشا. جووتە خزم بە دوو قۆڵی لەسەر نشیمەنە حەسیریە ڕەنگاو ڕەنگەکە دانیشتبوون. کە گەیینە سەر گردەکەی دیار ئاوایی دەستیان بە قسان کرد. میرون گریگوریوفیچ، بەو بۆنەیەوە کە میلیروڤۆ لە ژێر دەسەڵاتی ئەڵمانەکاندا بوو پرسی:

– ئەرێ خزم، تۆ بڵێی ئەڵمانەکان ئەزیەتمان نەدەن؟ ئەڵمان خەڵکی باش نین، هەقە لووتیان بشکێنرێ!

پانتلی پروکوفیچ، بە ئەرخایەنیەوە گوتی:

– نا، ماتفی کاشولین، چەند ڕۆژێك لەمەپێش لەوێ بوو، دەیگوت ئەڵمانەکان دەترسن... زات ناکەن گەڕ بە قوزاقان بکەن.

میرون گریگوروفیچ. لە بەینی ڕدێنەکەیەوە کە وەکو کلکە ڕێوی سوور دەچووەوە، بزەیەکی بۆ کردو دەسکی قامچیەکەی کە لە داری گێلاس بوو. لە نێو دەستیا وەرچەرخاند. دیار بوو بیری ئاسوودە بوو، دیسان دەستی بە قسان کردەوە:

– بە بۆچوونی تۆ پێویستە چ حکومەتێك دامەزرێنین؟

– ئەتامانێك هەڵدەبژێرین کە خەڵکی ئەم دەڤەرە بێ، لەخۆمان بێ، قوزاق بێت.

–خوا پشت و پەناتان بێت! پیاوێکی باش هەڵبژێرن! وەکو چۆن قەرەجان سەراپای ئەسپ هەڵدەسەنگێنن، بەو ئاوایە ئەو جەنەڕاڵانە هەڵبسەنگێنن، پیاوێك هەڵبژێرن، هیچ گەردێکی پێوە نەبێ! هیچ عەیبێکی نەبێت!

– وا دەکەین. قوزاقی دۆن، هێشتا خەڵکی باش و ماقووڵیان تیادا هەن.

– بەڵێ، بەڵێ خزم... بەڵام چ خەڵکانی ئاقڵ و چ خەڵکانی گەوج کەس نایانڕوێنێ، خۆ بە خۆ دەڕۆین و لەدایك دەبن.

میرۆن گریگوروفیچ، چاوانی تروکاند، تارمایی خەمێك نیشتە سەر ڕوخسارە نمووس و خاڵخاڵەکەی و لە سەری ڕۆیی:

– من هەموو ئاواتێکم ئەمە بوو کە میتکای کوڕم، کەسێکی ئاقڵ و ماقووڵ دەربچێت، دەمویست بخوێنێ و ببێ بە ئەفسەر، بەڵام مەکتەبی کەشیشانیشی تەواو نەکرد. بۆ زستانی دووەم ئەوێشی تەرك کرد.

بێدەنگی بۆ ساتێك باڵی بەسەردا كێشان، بیریان لە كوڕەكانیان دەكردەوە كە چوو بوونە تاقیبی بەلشەویكەكان. عەرەبانەكە لە چاڵ و چۆڵ و كۆسپی سەر ڕێگاكە، كەوتە تاسە. ئەسپەكەی دەستە ڕاست، لاقێكی كە تازە ناڵ كرا بوو. بە ئازارەوە دەهاویشت. نشیمەنی عەرەبانەكە دەلەقی، هەردوو پیرەمێرد، لەسەر جێگا تەنگەكەی خۆیان وەكو ماسی لەكاتی گەرا دانانددا، بەر یەكدی دەكەوتن.

پانتلی پروكوفیچ، هەناسەیەكی هەڵكیشاو گوتی:

– تۆ بڵێی، مناڵەكانمان ئێستا لە كوێ بن؟

– شان بە شانی ڕوباری خوپەر پێشڕەوی دەكەن.

فیدوت كالموك، لە كومیل ژنسكایاوە گەڕاوەتەوە، ئەسسپەكەی لەدەست دابوو، بە گوتەی ئەو بەرەو ناوچەی تیشكانسكایا كەوتوونەتە ڕێ.

دیسان بێدەنگی باڵی بە سەرا كێشان. كزە بایەكی سارد لەپشتیانەوە هەڵیكرد. لەپشتیانەوە، لەوبەری دۆنەوە، بێشەو مێرگ و دەریاچەو، پانتایی ڕووتەنی نێوان دارو درەختەكان، لە تیشكی ئاگرینی هەتاوی بەرەبەیانی بەشكۆو كپدا نقووم بوو بوون. گردۆڵكە لمەكان وەكو كولێرەی بە هەنگوین زەرد دەچوونەوە. سەری شەپۆلەكان، كە دەتگوت دووگی وشترن، عەینی برونز زەرد دەچوونەوە.

بەهار هێدی هێدی دەهاتە پێشێ. ڕەنگی شینباوی بێشەكان سەوزی سەوز بوو بوون. گوڵ و گولیلكان لە پێدەشتەكەدا دەستیان بە پشكووتن كردبوو. سێڵاوی بەهار نیشبووەوەو دەیان گۆماوی لە زەویە نزمانیەكاندا لە دوای خۆی بەجێ هێشتبوو كە بە باوەشی مێرگەكانەوە وەكو پولەكە دەبریسكانەوە. وێڕای ئەوەش، بەفری قەد پاڵی دۆڵە قووڵ و ڕكەكان، هێشتا بە تەواوەتی نە تواببووەوەو خاڵ خاڵ لێرەو لەوێ سپی دەچووەوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووەم گەیینە میلیروڤۆو، شەویان لە لای ناسیاوێكی خەڵكی ئۆكرانیادا، كە ماڵی لای سایلۆ قاوەییەكە بوو، بەسەر برد. بەیانی دوای تێشت (نانی بەیانی) میرون گریگوروفیچ، ئەسپەكانی لە عەرەبانەكە بەست و بەرەو بازاڕ ڕۆیی. پاش ئەوەی بەسەلامەتی لە سكەی قیتارەكە پەڕییەوە بۆ یەكەمجار لە ژیانیا چاوی بەچەند ئەڵمانیەك كەوت.

سێ سەربازی ئەڵمانی هاتنە ڕێگای، یەكێكیان كە كابرایەكی كورتە باڵای لاق خوار بوو، ڕدێنە لوول و سوورەكەی هەتا بناگوێی هاتبوو، بە ئاماژەی دەست ئەمری كردێ كە بوەستێ.

میرون گریگوروفیچ، جڵەوی ئەسپەكانی بە توندی ڕاكێشا تا بوەستن و زۆر بە نیگەرانیەوە كەوتە كرۆشتنی لێوی. ئەڵمانیەكان لێی هاتنە پێشەوە. پروسییەكی قەڵەوی باڵا بەرز، بەدەم بزیەكەوە، كە ددانە سپییەكانی دەردەخست، گوتی:

– ئا، ئەمەیە قوزاقی ڕاستەقینە. تەمەشاكەن جلی قوزاڤانیسشی لەبەر كردووە.گومانی تیا نییە كوڕەكانی شەڕی ئێمەیان كردووە. پێویستە بە زندوویەتی بۆ بەرلینی بنێرین، بە ڕاستی سەری دێشێت بۆ وەی لە پێشانگاكاندا، پیشان بدرێ. كابرای لاق خواری، ڕدێن سوور، بێئەوەی پێبكەنێ گوتی:

– ئێمە پێویستمان بە ئەسپەکانیەتی، قوزەڵقورتم لە خۆی دا، خۆیمان بۆ چیە!

بە دەوری ئەسپەکاندا سوڕایەوەو لە گالیسکەکە نزیك بووەوە.

– دابەزە پیرە مێرد. ئێمە پێویستمان بە ئەسپەکانتە. پێویستە ئارد لەم ئاشەوە بەرین بۆ وێستگەکە. پێمگوتیت وەرە خواریٚ! دەتوانی پاشان بڕۆی لە فەرماندەیان وەربگریتەوە.

کابرای ئەڵمانی، بەگۆشەی چاو ئاشەکەی نیشان داو بە حەرەکەتێکی جدی داوای لە میرون گریگوروفیچ کرد کە بێتە خواریٚ، دوو سەربازەکەی دی بەرەو ئاشەکە وەڕێکەوتن. جار جاریٚ بەدەم پێکەنینەوە، ئاوڕی پاشەوەیان دەدایەوە. ڕوخساری میرون گریگوروفیچ، سوور بووەوە. هەوسارەکانی لە نشیمەنی گالیسکەکە بەست و وەکو گەنجان بە تەڕدەستی خۆی هەڵدایە خواریٚ و خۆی گەیاندە بەردەم ئەسپەکان. لە دڵی خۆیدا گوتی: "حەیفیٚ کە پانتلی م لە گەڵ نیە!" تەزوویەك بە سەراپایدا هات: "ئێستا ئەسپەکانم دەبەن. ئاخ! چۆن تووشی گون ڕەشی خۆم بووم. ئاخر گلاراوی ڕەشم بوو کە بە تەنیا بێمە دەریٚ؟!"

کابرای ئەڵمانی لێوی هەڵقورتاند، سەری قۆڵی میرونی گرت و بە ئاماژە تێی گەیاند کە بەرەو ئاشەکە بڕوات.

میرون خۆی لە دەستی ڕاپسکاندو هێندەی دیکە سوور بووەوەو گوتی:

– وازبێنە! دەستە تەڕو تەمێزەکانت لادە. ئەسپەکانت نادەمیٚ!

کابرای ئەڵمانی، بە دەنگیا لە مانای قسەکانی مێرون تێگەیی. دڕندە ئاسا، دانە سپیە ئامال شینەکانی دەرخست. چاوەکانی بە هەڕەشەوە ئەبڵەق کردنەوە، بە دەنگی بەرز هاواری بە سەردا کرد. بە پەلە دەستی بۆ قایشی تفەنگەکەی شانی برد، میرون لەوکاتەدا سەردەمی لاوی خۆی بیرکەوتەوە: تا هێز لە بازوویا بوو مستێکی توندی سرەواندە گۆنای یارۆی ئەڵمانی. شڵپە لە سەری کابرا هەستاو بەندی ژێر چەناگەی کاسکێتەکەی پچڕا. بەدەما کەوتە سەر زەوی، کە ویستی هەستێتەوە قوڵپێك خوێنی خەست لە دەمیەوە دەرهات. میرون، خێرا یەکێکی دیکەی خێواندە پشت ملی و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کردو پاشان دانەوییەوەو بە تەڕدەستی تفەنگەکەی لە دەستی دەرهێنا. لەم کاتەدا بیرو بیرکردنەوەی بەپەلەو بە وردیەکی باوەڕ نەکردەنی کاری دەکرد. کاتیٚ کە سەری ئەسپەکانی وەردەگێڕا، ئیدی دەیزانی کە کابرای ئەڵمانی ناتوانیٚ لە دواوە تەقەی لێبکات. تەنیا ترسی ئەوە بوو کە نەبا دوو ئەڵمانیەکەی دی بیدینن یان ئەوانەی ئەودیوی پەرژینەکە یان پاسەوانەکانی لای وێستگەی قیتارەکە بیدینن.

ئەسپە ڕەشەکانی میرون، بەجۆریٚ بۆی دەرچوون کە هەرگیز لە ڕمبازیٚ و جرید بازیشدا بەو جۆرە غاریان نەدابوو. چەرخی گالیسکەکە تەنانەت لە ڕۆژانی شایی و زەماوەندیشدا، بەو سووکییە نەخولابوونەوە. میرون گریگوروفیچ لە دڵی خۆیدا دەپاڕایەوە: "خودایا فریام بکەوە! خودایا دەربازم بکە! خودایا..." و لە هەمان کاتدا، پەیتا پەیتا ئەسپەکانی بە قامچی دادەگرتەوە. خەریك بوو بە هۆی تەمەعکاری و چاوچنۆکی خۆیەوە گیرۆدە ببیٚ. ویستی بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خانەخوێیەکەی خۆی و جلی ئەسپەکانی، کە لەویٚ دایناوبوون، هەڵگرێت، بەڵام ئەقڵ فریای کەوت و ڕێگەیەکی دیکەی گرتەبەر. بەڵام ئەو بیست فرسەخەی تا گوندی

ئوریخوڤایای، خۆی گوتەنی زۆر خێراتر لە ئیلیای پێخەمبەر بە گالیسکە ئاگرینەکەی، بڕی بوو. لە گوندی ئوریخوڤایا، بەپەلە چوو بۆلای کۆنە ناسیاوێکی ئۆکرانی خۆی، لە کاتێکا خەریك بوو لە ترسا زراوی دەتۆقی، حاڵ و حیکاتەکەی خۆی، لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوەو لێی پاڕایەوە کە فریای بکەوێت و خۆی و ئەسپەکانی بشارێتەوە. یارۆی ئۆکرانی دەستی بە ڕوویەوە نەنا، بەڵام پێی گوت:

– میرون، من پەنات دەدەم، بەڵام لێتی ناشارمەوە کە ئەگەر بێن و تەنگەتاوم بکەن، ناچار دەبێ ڕادەستت بکەم. چونکە بەخۆت دەزانی،ماڵەکەم ئاگر دەدەن و خۆمیش دەکوژن.

میرون گریگورروفیچ، لە کاتێکا کە عەرەبانەکەی دەبردە ژێر کەپرەکە، کەوتە پاڕانەوەو بەڵێن دان:

– چاوەکەمی، تۆ بمشارەوە، هەرچیەکت بوێ دەتدەمێ. لە مردن ڕزگارم بکە، لە شوێنێکدا، ئیدی هەر شوێنێك بێ، پەنام بدە، یەك مێگەل مەڕت دەدەمێ. لە ناخی دڵەوە، بە گەردن ئازایی، دەتدەمێ.

زۆر دەترسا تاقیبی بکەن و دەستگیری بکەن. تا خۆرئاوا لە ماڵی کابرای ئۆکرانی مایەوەو هەر کە شەو داهات و دنیا تاریك بوو، کەوتەڕێ، لە ئوریخوڤایا بە دواوە، سەرانسەری ڕێگاکەی وەکو شێتان بەغاردان بڕی. کەف نیشتە سەر لاتەڕاقی ئەسپەکانی، عەرەبانەکە هێندە بەخێرایی دەڕۆیی کە چەرخەکانی ئاگریان لێدەبووەوە. تا لە میلیروڤۆ دەرنەچوو و نەگەییە نزیکی گوندی نیژنی –پابلونوفسکی، وەخۆ نەهاتەوەو جڵەوی ئەسپەکانی ڕانەکێشا. کەمێك پێش ئەوەی بگاتە ناو گوند، ئەو تفەنگەی کە لە سەر بازە ئەڵمانیەکەی گرتبوو، لە ژێر کورسی گالیسکەکە هێنایە دەرێ و تەمەشای قایشەکەی کرد، کە لە خواریەوەو بەمەرەکەبی ڕەش ناوی یارۆی ئەڵمانی لە سەر نووسرا بوو. ئەوسا لە خۆشیا بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– دەی نامەردینە! ئاوا دەتانویست بمخەنە داوەوە؟ هەی نەخۆرانتان بێ!

وەعد و بەڵێنەکەی خۆی نەبردە سەر، مەڕەکانی نەدا بە کابرای ئۆکرانی. بە ڕێکەوت کاتێ کە پایز ڕێی کەوتەوە هەمان گوندو سەری کابرای خانەخوێی دا، لەو وەڵامی ئەو چاوەڕوانیە، کە لە نیگای ئەودا دەیخوێندەوە، گوتی:

– مەڕەکانمان زۆربەیان مرداربوونەوە. لەم ڕووەوە زەرەرو زیانێکی بێ ئەندازەمان لێکەوت... بەڵام لەجیاتی ئەوە هەندێ هەرمێی باخەکەی خۆمم بە دیاری بۆ هێناوی.

ئەوجا نزیکەی دوو کیلۆ هەرمێی لە عەرەبانەکە بۆ داگرت، هەرمێکان بەدەم هەڵتەك هەڵتەکی ڕێگاوە تەواو قرینجابوون، لە کاتێکا هەرمێکانی بۆ هەڵدەڕشت، چاوە فێڵاویەکانی بڕینە لایەکی دیکەو پەیتا پەیتا دەیگوت:

– هەرمێکەمان، هەرمێیە نەگاڵتە، زۆر چاك و سفتە..

بەپەلە خواحافیزی لێکردو ڕۆیی.

لەوکاتەدا کە میرون گریگوروفیچ لە میلیروڤۆ بەخۆ و عەرەبانەکەیەوە بەچوار ناڵە دەردەچوو، پانتلی پروگوفیچ، لەوێستگەی قیتارەکە بوو. ئەفسەرێکی گەنجی ئەڵمانی پسووڵەی تێپەڕ بونی

بۆ دەکردو لە ڕێگای دیلمانجەوە(پاچڤەکار) چەند پرسیارێکی لێکرد، ئەوجا سیخارێکی هەرزان بەهای داگیراندو بەشێنەیی گوتی:

– دەتوانی بڕۆیت بۆ ئەوێ، بەڵام بیرتان نەچێت کە ئێوە پێویستان بە حکومەتێکی ماقووڵە. بەکەیفی دڵی خۆتان، سەرکۆمار، یان تزار یان هەر کەسێکی مەیلتان لێە هەڵبژێرن، بەمەرجێ ئەقڵی سیاسی هەبێت، و پەیڕەوی سیاسەتێك بکات کە دەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی سیاسی ئەڵمانیادا تێکبکاتەوە.

پانتلی پروکوفیچ، بەچاوانی پڕ گومانەوە ڕوانیە ئەفسەرە ئەڵمانیەکە، حەوسەڵەی قسەکردن و گەنگەشەی نەبوو، هەرکە پسووڵەی سەفەرەکەی وەرگرت ڕۆیی تا بلیت بکڕێت.

کە گەییە نوڤوچرکاسك، سەری لە بوونی ئەو هەموو ئەفسەرە گەنجە سوڕما: دەستە دەستە بە جادەکاندا دەسوڕانەوە، خوارنگەکانیان پڕ کرد بوو، دەگەڵ کیژاندا پیاسەیان دەکرد یان لە دەوروبەری کۆشکی ئەتامان و کۆشکی دادگادا، کە قەرار بوو کۆبوونەوەو جفاتەکە لەوێندەر ببەسترێ، دەسوڕانەوە.

پانتلی پروکوفیچ، لەو خانووەدا کە بۆ نوێنەرەکان ئامادەکرابوو، تووشی چەند نوێنەرێکی ناوچەکەی خۆیان و ناسیاوێکی خەڵکی ئالانسکایا بوو. زۆربەی نوێنەرەکان قۆزاقی سادە بوون، ژمارەی ئەفسەران کەم بوو. تەنیا بیست سی نەفەرێکی ڕۆشنبیری بژاردەی ناوچەکان لە نێو نوێنەرەکاندا بەدی دەکران. کەم دابێژێك و بە کۆنگی باسی هەڵبژاردنی حکومەت و دەسەڵاتی ناوچەیی دەکرا. تەنیا یەك شت بە تەواوەتی دیارو ئاشکرا بوو، ئەویش ئەوە بوو کە دەبوایە ئەتامانێك هەڵبژێردرێت. ناوی چەند جەنەڕاڵێکی قوزاق، کە لە ناو خەڵکیدا خۆشەویست بوون، بەسەر زارانەوە بوو و باسی کاندیدەکان دەکرا.

پانتلی پروکوفیچ، عەسری ئەو ڕۆژە گەییە نوڤوچرکاسك، پاش ئەوەی چای خواردەوە، چوو بۆ ژوورەکەی خۆی، تا کەمێك خواردن لەو خواردنانە بخوات کە لە ماڵەوە دەگەڵ خۆیدا هێنابووی. تۆزێك ماسی وشکەوەکراوی شەبووتی دەرهێناو لە سەر مێزەکەی دانا، نانی دەرهێنا، لە پڕ دوو قوزاقی خەڵکی میگولینسکایاو چەند قوزاقێکی دی خۆیان بە ژوورا کرد. قسەو باس هاتە سەر بارودۆخی شەڕگە. پاشان بەرە بەرە هاتنە سەر باسی هەڵبژاردنی ئەتامان .قوزاقێکی ڕدێن ماش و برنج، خەڵکی شومیلینسکایا، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– کەسی لە جەنەڕاڵ کالیدینی ڕەحمەتی، خودا ڕۆحی بە بەهەشت شاد بکات، باشتر دەست ناکەوێ.

قوزاقێکی دیکەی خەڵکی ئالانسکایا گوتەکەی ئەوی سەلماند:

– زۆر ڕاستە.

یەکێك لە ئامادەبووان، ملازمێك بوو بە نوێنەرایەتی ناوچەی بیسرگنیفسکایا هاتبوو، هەلێدایەو بەجدی خۆی لە گەنگەشەکە هەڵقوورتاند:

– چۆن شتی وا دەڵێی، چۆن کەسی شایستە دەست ناکەوێ؟ ئەدی جەنەڕاڵ کراسنوف چیە؟

– کام کراسنوف؟

–چۆن "کام کراسنوف؟" بە ڕاستی ئەو پرسیارە شەرمە. جەنەڕاڵ کراسنوف، فەرماندەی بە ناوبانگی فەیلەقی سێی سوارە، کابرایەکە تا حەزکەی زیرەك، بەرەندەی میداڵی سان جورج، پسپۆڕێکی شارەزاو بەهرەداری کاروباری جەنگ!

قسە پڕ جۆش و خرۆش و ستایش ئامێزەکانی یارۆی ملازم، کابرایەکی نوێنەری یەکێك لە یەکە جەنگیەکانی قەڵس کرد و هەڵیدایە:

– با من پێت بڵێم. هەموو کەسێك بەهرەو توانا و بلیمەتی ئاغا دەناسێت! جەنەڕاڵێکی بێ توانایە! لە جەنگی ئەڵمانیادا سووکە ناوبانگێکی دەرکرد! خۆ ئەگەر شۆڕش نەبوایە تا ئێستاش لەجێی خۆیدا ئەم پێ و ئەو پێی دەکردو هەر بە سەرتیپی دەمایەوە.

کابرای ملازم، بە ساردی بەرپەرچی دایەوە:

– برادەر تۆ جەنەڕاڵ کراسنوف ناناسیت. چۆن جورئەت دەکەی ئەم جۆرە قسەیە بکەیت؟ چۆن زات دەکەیت بەم زمانە باسی جەنەڕاڵێکی بە ناوبانگ و خۆشەویستی ناو خەڵکی بکەیت؟لەوە دەچێت، بیرت چوو بێ کە تۆ قوزاقێکی سادەیت.

کابرای قوزاق، کە گوێی لەو قسە ساردانەی یارۆی ملازم بوو، پەشۆکاو کەوتە مینگە مینگ:

– قوربان، من ئەم قسانە لەم ڕووەوە دەکەم کە بەخۆم لە ژێر فەرمانـدەیی ئەودا خزمەتم کردووە... لە بەرەی نەمسادا کەتیبەکەمانی ناچار کرد بەسەر تەلبەندی سیمدا هێرش بکەین. بۆیە بەلای ئێمەوە کەسێکی بێتوانایە... هەڵبەتە ڕەنگە بەلای کەسێکەوە باشتری بناسێت، من هەڵەبم.

پانتلی پروکوفیچ، زۆر تووڕە بوو، خەریك بوو ئێسقانێکی ماسیەکە لە گەرووی گیر بێ، هەڵیدایە و بە پەستی گوتی:

–ئاخر، هەی ئەحمەق، ئەگەر بێتوانا بووبێ، چۆن میدالی سان جۆرجی دراوەتێ؟

چەند کۆکەیەکی بۆ کرد تا ئێسقانەکە لە گەرووی دەربێنێ و دوای ئەوە لەسەری ڕۆیی:

– ئێوە، خەڵکانێکی بەدخوان، لە هیچ ڕازی نین، دانی خێر بەکەسا نانەن و هێچ کەسێك بەلای ئێوەوە دوو پولی قەڵب ناهێنێ. ئەمە چ خوو خدەیەکە؟ ئەگەر تۆزێ کەمتر قسەتان کردبا، ئەم هەراو هەنگامەو فەرتەنەیە چێنەدەبوو. بەڵام ئەمڕۆکە هەموو ئەقڵتان لێدەڕژێ. عەینی قەلە ڕەش بەردەوام دەقڕێنن!

ناوچەی نوڤوچرکاسك و ناوچەکانی دیکەی دۆنی ژێری تێکڕا داشداریان لە کراسنوف دەکرد. پیرەکان، بەلای ئەم جەنەڕاڵەدا، کەمیداڵی سان جورجی بە بەرۆکەوە بوو، دایاندەشکاند، بە تایبەتی کە زۆربەیان، لە شەڕی ڕووسیا –ژاپۆندا لە ژێر فەرمانی ئەودا بوو بوون. ئەفسەرەکانیش زۆر دڵبەندی تۆماری ژیانی ڕابردووی ئەم جەنەڕاڵە بوون کە کاتی خۆی ئەفسەری گارد بوو، کەسێکی ڕۆشنبیر، پیاوی ناو مەجلیسان بوو، لە دەرباری تزارەوە نزیك بوو، یەکێك بوو لە دەست و پێوەندەکانی تزار. ڕۆشنبیرانی ئازادیش بەوە دڵخۆش بوون کە کراسنوف هەر بابایەکی جەنەڕاڵ نەبوو، هەر پیاوی سەربازخانان و مەیدانی مەشقان نیە، بەڵکو بابایەکی ئەدیبیشە، چەند چیرۆکی دەربارەی ژیانی ئەفسەران لە پاشکۆی گۆڤاری نیڤادا (نیڤا:

گۆڤارێکی وێنەدار بوو لە ساڵانی ١٨٧٠ – ١٩١٨دا لە پترسبۆرگ دەردەچوو). بڵاوکردبووەوەو مایەی پەسەندی خوێنەران بوون، بۆیە هەرچەندە پیاوێکی عەسکەری بوو، بە ڕۆشنبیریان لە قەڵەم دەدا.

لە نێو نوێنەرەکاندا، پروپاگەندەکان، زیاتر بە قازانجی کراسنوف بوو. ناوی جەنەڕاڵەکانی دیکە هاوتای ناوی ئەویان نەدەکردەوە. ئەفسەرانی هەواداری کراسنوف، قاویان بڵاو دەکردەوە کە ئەفریکان بوگایفسکی، سەرو سرێکی دەگەڵ دنیکین دا هەیە، ئەگەر ئەو بۆ پۆستی ئەتامانی بێتە هەڵبژاردن، هەرکە بەلشەویکەکان ئاشبەتاڵ بکەن و مۆسکۆ بگیرێت، هەنگێ دەبێ فاتیحای ئوتونومی و هەموو ئیمتیازێکی قوزاقان بخوێنرێ.

کراسنوف، نە یارو هەڤڕکیشی هەبوون. یەکێك لە نوێنەرەکان کە فێرکار (موعەلیم) بوو، هەوڵی دەدا لە عەلەیی(دژ) جەنەڕاڵ بدوێ و ناو و ناوبانگی بزڕێنێ، بە سەر ژوورەکاندا دەگەڕاو نوێنەرەکانی دژی کراسنوف هاندەدا:

– کراسنوف؟ من دەیناسم، جەنەڕاڵێکی بێتوانا، نووسەرێکی هیچ! بابایەکی دەرباری کاسەلێس! دەیەوێ لە سەر حسابی خەڵکی ناوبانگ پەیدا بکات و لە هەمان کاتدا دیموکراتیش بێت. ئاگادار بن، من مردوو ئێوە زیندوو، ئەمە ڕۆژەکەیە، کەسێك نەمرێ بەچاوی خۆتان دەبینن چۆن دۆن بەسەرو بەرەوە، بە هەوەڵین موشتەری و کڕیار دەفرۆشێت، هەر کەسێك زیاتری بداتێ بەو کەسەی دەفرۆشێت! پیاوێکی هیچە! لەڕووی سیاسیەوە سفرە. پێویستە دەنگ بە ئاگیەف بدرێ. ئاگیەف شتێکی دیکەیە، لەو پیاوانەیە کە متمانەی پێدەکرێت.

بەڵام یارۆی فێرکار، هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا. لە ڕۆژی ١/ئایاردا، لە سێیەمین ڕۆژی کۆبوونەوەکەدا، لە هەموو لایەکەوە دەنگی هورا بەرز بووەوە:

– جەنەڕاڵ کراسنوف بانگ بکەن؟

– لووتف بفەرموون!

– تکا دەکەین...

– شانازی پێوە دەکەین!

– بانگی بکەن بابێ پێمان بڵێ چی بکەین.

لە سەرانسەری هۆڵە بەرینەکەدا بوو بە هوراکێشان و چەپڵەڕێزان. ئەفسەرەکان بە گەرمی کەوتنە چەپڵە لێدان و قوزاقانی سادەش کە چاویان بەوان کەوت، بە خاوی کەوتنە چەپڵە لێدان. دەستە ڕەشەکانیان کە بە دەم ئیش و کارەوە زبرو شەقار شەقار بوو بوون، دەنگێکی وشك و ناخۆشیان لێوە دەهات کە لە ڕیتمی نەرمی دەستی گۆشتن و ناز پەروەردەی کچان و ئەفسەران و ئەو خوێندکارانەی کە بەر هەیوان و ڕاڕەوەکانیان پڕ کرد بوو، زۆر جیاواز بوو.

بەڵام هەرکە جەنەڕاڵی باڵا بەرزی ناو قەد باریك، وەکو ئەوەی لە نمایشی عەسکەریدا ڕێبکات، خۆی بە هۆڵەکەدا کرد، سەرباری تەمەنی زۆری، قیت و قۆز بە جلکی فەرمی و بە هەموو میداڵ و نیشانان و خاچەکانیەوە، بە هەموو نەجمەکانی سەر شانیەوە، بە هەنگاوێن پتەو و سەرکەوتووانەوە، وەکو ئەوەی خۆی بۆ ڕەسم گرتن حازر کردبێت، هاتە سەر شانۆ، هۆڵەکە لە

چەپڵە ڕێزان و هوراکێشاندا هاتە جۆش و خرۆش. ئیدی نوێنەرەکان بە تەواوەتی هاتنە جۆش. گەلێك لە ئامادەبووان، لەم جەنەڕاڵەدا، بەو سەروسیمایەوە، بەو هەیبەت و سامەیەوە، شەقڵ و مۆرك و ماك و شکۆو جەلالی دەورانی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی جارانیان دەبینی .

پانتلی پروکوفیچ، چەند فرمێسکێکی ڕشت، و دەستەسرێکی سووری لە بەینی ئەستەڕی کاسکێیەکەیەوە دەرهێنا و فینگێکی دوورو درێژی تێکرد. بەسۆز و میهرە دەیڕوانیە کراسنوف کە لە قەراخ شانۆکەدا وەستا بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی:

– ئەمەیە جەنەڕاڵ! بە سیمایا دیارە کە پیاوێکی پیاوانەیە! هەر دەڵێی تزارە. بگرە لەویش بە سام و ویقارترە! تامی تزار ئەلکساندەری ڕەحمەتی دەدا!"

ئەنجوومەنەکە، کە ناویان نابوو "ئەنجوومەنی ڕزگاری دۆن" لە کارو بارەکانیا زۆر پەلەی نەبوو. لەسەر پێشنیازی نەقیب ئیڤانوڤی سەرۆکی ئەنجوومەن، قەرارێکی دەربارەی بەکار بردنی قەیتانی شان و هەموو نیشانە ومیداڵ و پلە سوپاییەکان دەرکرد. کراسنوف، وتارێکی جوانی، کە زۆر وەستایانە خۆی بۆ مادە کرد بوو، دا. بە شێوازێکی زۆر کاریگەر و پڕ جۆش باسی "ڕووسیای ڕیسوای دەستی بەلشەویکەکان" دەسەڵاتی جارانی ڕووسیاو باسی چارەنووسی ئایندەی دۆنی کرد. بە دەم باسی بارودۆخەکەوە، بە کورتی و بە شێوەیەکی لامسەرلایی باسی داگیرکەری ئەڵمانیشی کرد. کاتێ کە لە کۆتایی قسەکانیا هاتە سەر باسی ئەگەری سەربەخۆیی دیارو دەڤەری دۆن، دوای شکست و نەمانی بەلشەویکەکان، ئیدی لە هەموو لایەکەوە هاوارو هورای پشتیوانی بەرزبووەوە.

– ئەنجوومەنی عەسکەری ناوچەیی حوکمی هەرێمی دۆن بەرێوە دەبات.

قوزاقان، دوای ئەوەی لە شۆڕش ڕزگار دەبن، هەر هەموو ئیمتیازاتەکانی جارانی خۆیان وەردەگرنەوەو ئێمەش وەکو باوباپیرانی خۆ، بە دەنگی بەرزو ڕوون و ڕەوان هاوار دەکەین: "ئەی تزاری سپی، خوا لە مۆسکۆی بەردینا ئاگاداری تۆبێ و ئێمەی قوزاقیش لە کەنارەکانی دۆنی ئارامدا بپارێزێ!"

ڕۆژی سێیەمی مانگی ئایار، لە کۆبوونەوەی عەسردا، بە زۆربەی ١٠٧دەنگ بەرانبەر بە سی دەنگی ناڕازی و دە دەنگی بێلایەن، بە ئەتامانی ناوچەکە هەڵبـژێردا، بەڵام وێڕای ئەوەش، تا ئەنجوومەن، ڕەزامەندی لەسەر ئەو یاسایانە دا کە ئەو پێشنیازی کرد بوون و سەڵاحیەتی تەواوی دەدایە، عاسای ئەتامانی لە سەرۆکی سەرکردایەتی وەرنەگرت. گوتی:

– وڵاتی ئێمە لە ئاستانەی هەرەس و ڕوخاندایە، من وەختێ عاسای ئەتامانی وەردەگرم، کە ئەتامان سەڵاحیەتی تەواوی هەبێت و جێگەی متمانەی تەواوی ئەنجوومەن بێت و یاساو ڕێساکانی جاران، بۆ خاکی دۆن بگێڕێتەوەو ئەو ئاشوب و پاشاگەردانیە بسڕێتەوە کە بەلشەویکەکان بەرپایان کردووە.

هەڵبەتە ئەو یاساو ڕێسایانەی کراسنوف، پێشنیازی کرد بوون، هەر هەمان یاساکانی سەردەمی تزاری جاران بوون، تەنیا بە گوێرەی ڕووداوەکانی ڕۆژ سووکە دەسکارییەکی کەم کرابوون، و بەگوێرەی دیاردەو ڕووداوەکانی ڕۆژ بە ئاستەمێك هەموار کرابوونەوە. ئیدی

ئەنجوومەن بیٚ چەندو چوون ڕەزامەندی لە سەر دا. ئەدی چۆن ڕەزامەندی نادات؟ بە کەماڵی خۆشحاڵییەوە ڕەزامەندی دا. ئیدی هەموو شتەکان شەقڵی ڕابردوویان پێوە بوو، تەنانەت ئاڵاکەش کە بە شێوەیەکی ناسەرکەوتوو دەسکاری کرابوو، مۆرك و شەقڵی ڕابردووی پێوە دیار بوو: سیٚ هێڵی درێژی شین، سوور، و زەردی پێوە بوو (گوزارشتی لە قوزاق، غەوارەو کالموکان دەکرد) تەنیا ئارمەکەی دەوڵەت، لەبەر خاتری قوزاقەکان و بۆ دڵخۆشی ئەوان گۆڕانی ڕیشەیی تیا کرابوو، لە جیاتی هەڵۆ دڕندە ڕووسیە دوو سەرەکە کە باڵەکانی کردبووەوەو چنگەکانی دەرخستبوو، قوزاقێکی ڕوت و قووتیان بە شمشێر و تفەنگ و ڕەخت و فیشەکدان و کڵاوی فەرووەوە لە سەر بەرمیلێك شەراب دانابوو.

یەکێك لە نوێنەرە ساویلکەو ڕیاکارەکان، بە نەزاکەتەوە پرسی:

– ئاخۆ، جەنابی سەرۆك هیچ پێشنیازێکی نیە کە هەندیٚ لەو یاسانە دەسکاری بکرێن یان هەموار بکرێنەوە؟

کراسنوف. بزەیەکی بۆ کرد. ویستی نوکتەیەك بڵیٚ. نیگایەکی خێرای بە سەر ئامادەبوواندا گێڕاو، ئەوسا بە متمانەی کەسێکەوە کە مایەی پشتیوانی هەمووان بیٚ، گوتی:

– با، بەندین ٤٨، ٤٩، ٥٠ کە دەربارەی ئاڵا، ئارمی دەوڵەت و سروودی نیشتمانین، من ئامادەم جگە لە ئاڵای سوور هەر ئاڵایەکی دی قەبووڵ بکەم، جگە لە ئارمی ئەستێرەی شەش پەڕی جولەکە یان ئارمی ماسۆنیەت هەر ئامێرێکی دیکە قەبووڵ بکەم، جگە لە سروودی ئەنتەرناسیونال هەر سروودێکی دیکە قەبووڵ بکەم.

ئەنجوومەن، بەدەم پێکەنینەوە، ئەو پێشنیازەیان قەبووڵ کرد و نوکتەکەی ئەتامان، تا ماوەیەکی زۆر دەماو دەم دەگێڕدرایەوە.

ئەنجوومەن، ڕۆژی پێنجەمی مانگی ئایار، دوای ئەوەی دوا وتەو وتاران پێشکەش کران، بڵاوەی لێکرد. سەرهەنگ دنیسوڤ، فەرماندەی سوپای باشورو دەستە ڕاستی کراسنوف، بەڵێنی دا کە بە زووترین کات، یاخیبوونی بەلشەویکەکان سەرکوت بکات. ئەندامانی ئەنجوومەن، کە زۆریان دڵ بە هەڵبژاردنی سەرکەوتووانەی ئەتامان و خەبەرو باسی شەڕگە خۆشبوو، بە خۆشحاڵیەوە بڵاوەیان لێکردو گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان. پانتلی پروکوفیچ، بە دڵی خۆش لە پایتەختی قەڵەمڕەوی دۆنەوە گەڕایەوە. دڵنیا بوو کە عاسای ئەتامانی بە دەستێکی شایستە سپێردراوەو بەلشەویکەکان بەو زوانە تێك دەشکێن و کوڕەکانی بەو زوانە دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. لە فارگۆنەکەدا، بەرانبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو و ئاینشکی نابووە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمی، هێشتا دوا نەوای سرووده نیشتمانەکەی دۆن لە گوێیا دەزرنگایەوە. وشەکانی کاریان لە ناخی ناخی دەکرد، گەشەکەیان بە گیانی دەدا، وای هەست دەکرد "دۆنی ئەرتەدۆکسی ئارام" ئیدی بە ڕاستی "بێدار بووەتەوەو خەریکە سەر بەرزدەکاتەوە."

بەڵام هەرکە قیتارەکە چەند فرسەخێك لە نوڤوچرکاسك تێپەڕی، لە پەنجەرەکەوە، چاوی بە پێشەنگانی دەوریٚ و گەشتی سوارانی باڤاری کەوت. جماعەتێك سوارەی ئەڵمانی لە هەردوو بەری سکەکەوە بەرەو قیتارەکە دەهاتن. سوارەکان، بە شێنەیی لەسەر زینەکان دانیشتبوون،

ئەسپە قەڵەوەکان، بە کەفەڵی پانەوە، کلکە کورتەکانیان با دەدا. سمت و کەفەڵیان لەبەر تیشکی ڕەخشانی هەتاوەکەدا دەبریقایەوە. پانتلی پروکوفیچ، بە پێشا دانەوی بووەوەو برۆی بەجۆرێ وێکهێنابوونەوە کە ناوچەوانی دەیەشا، تەمەشای سمی ئەسپانی ئەڵمانەکانی دەکرد کە چۆن بە کەش و فشەوە خاکی قوزاقیان پێشێل دەکرد، کە بەلایا تێپەڕین، پانتلی پشتی کردە پەنجەرەکەو تا ماوەیەکی زۆر خۆی گرمۆڵە کردو چاوی بڕیە ئەرزەکەو بە ئاستەم هەناسەی پێدەدرا.

"٢"

کاروانی قیتارانی فارگۆن سوور لە خاکی دۆنەوە دەهاتن و بە ئۆکرانیادا تێدەپەڕین و ئاردی گەنم و هێلکەی مریشك و کەرەو چێڵ و مانگایان بۆ ئەڵمانیا دەبرد. ئەڵمانییان، بە قەمسەڵەی شینی بۆرەوە، بە کاسکێتی بێ لێوارەوە، لەسەر هەر فارگۆنێك بە تفەنگ و سەرەنێزانەوە ئێشکیان دەگرت. ئەڵمانەکان، بە چەکمەی چەرمی زەردی فاخیری ناڵچە دارەوە، ڕێگاکانی دۆنیان دەکوتایەوە، سەربازانی سوارەی باڤاریایی ئەسپەکانی خۆیان لە ڕوباری دۆن ئاو دەدا. لەم کاتانەدا، قوزاقانی گەنجی پرسیانوڤکا، کە تازە بە سەربازی گیرا بوون، لە مەرزی نێوان دۆن و ئۆکرانیادا دەگەڵ پتلیوراکاندا شەڕیان دەکرد. کەتیبەی دوازدەی قوزاقانی دۆن کە تازە دروستکرابووەوە، بۆ ئەوەی پارچەیەکی دیکە لە خاکی ئۆکرانیا، بە قازانجی دۆن بگرێت و داگیر بکات، نزیکەی نیوەی سەربازەکانی خۆی لە نزیکی ستاروبلیسك، لە دەست دا.

لە قۆڵی باکوورەوە، شارۆچکەی ئوست –میدفیدیتسکایا هەرجارەی دەکەوتە دەست لایەك: هەوەڵجار هێزێکی قوزقڤانی سووری ناوچەکانی گلازونوفسکایا، نوڤالکساندروفسکایا، کومیلژنسکایا، سکوریشنسکایا هاتن و گرتیان، دوای سەعاتێك هێزێکی چریکانی سپی بە فەرماندەیی ئەفسەرێك بە نێوی ئالیکسییف، سوورەکانیان دەرپەڕاند و پاڵتۆی خوێندکارێن ئامادەیی و قوتابیانی قوتابخانە مەزەبیەکان کە بڕ بڕەی پشتی چریکانی سپییان پێکدێنا، جارێکی دی لە سەر جادەو ڕێگاو بانەکان دەرکەوتنەوەو کەوتنەوە بەرچاو.

قوزاقانی دۆنی ژووری، پۆل پۆل، لە شاروچکەیەکەوە بۆ شارۆچکەیەکی دی، بەرەو باکوور دەڕۆیشتن. گاردی سوور، بەرەو سنوورەکانی ستانی ساراتوف پاشەکشەیان دەکرد. تەقریبەن هەموو شارۆچکەی خوپەریان چۆڵ کرد. هەرکە هاوین کۆتایی هات، سوپا دۆن، کە لە خەڵکانی تەمەن جیاواز، هەر کەسێك توانیبای چەك هەڵگرێت، پێکهاتبوو، هەموو سنوورەکانیان کۆنترۆڵ کرد بوو. ئەم سوپایە کە بە دەم شەڕەوە ڕێك خرابووەوە و کۆمەڵێك ئەفسەری لە نوڤوچرکاسکەوە بۆ هێنرابوو، بەرە بەرە مۆرك و شەقڵی سوپایەکی ڕاستەقینەی وەردەگرت: ئەو دەستەو مەفرەزە چکۆلانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانەوە ئامادە کرابوون و نێردرا بوون، یەك دەخران. کەتیبەکانی جاران بەو کەسانەی کە لەجەنگی ئەڵمانان بەسەلامەتی گەڕابوونەوە، سەر لە نوێ دروست دەکرانەوە. لە کۆی کەتیبەکان، فیرقە دروستکرا، لە سەرکردایەتی گشتیدا، نایب زابتەکان دەگۆڕدران بە سەرهەنگانی جەنگاوەری دێرین. بەرە بەرە دام و دەزگای فەرمانەدیی باڵاش نوێ کرایەوە.

لــه كۆتــايی هاوینــدا، بــه دەســتوری جەنــەڕاڵ ماژورئــالفروف، یەكــە جەنگیــەكانی قوزاقــانی ناوچەكانی میگولینسكایا، مشكوفسكایا، كازانسكایاو شومی لینسكایا، لـه مـەرزی ناوچـەی دۆن پەڕینــەوەو دوای گــرتنی دونتســكویە، یەكــەم گونــدی ســتانی ڤــورونیچ، دەســتیان بــە گەمارۆدانی شارۆچكەی بوگجار كرد.

***

چوار دانە ڕۆژ بوو یەك سریە قوزاقی تاتارسكی بە فەرماندەیی پیوتەر میلیخوف، بە گوندو شارۆچكەكاندا، بەرەو باكوور دەڕۆیی. گاردی سوور، لە دەستە ڕاستی ئەوانەوە، بێئەوەی خۆ لـە قـەرەی شـەڕ بـدەن، بـەرەو سـكەی قیتارەكـە پاشەكشـەیان دەكـرد. پیـاوانی تاتارسـكی بـەدەم ڕێگـاوە، بـۆ تاقـە جـارێكیش تووشـی دژمـن نـەبوون. یـەك سـەڵەف ڕێیـان نـەدەكرد، بـە قۆنـاغ دەڕۆیشتن. پیوتەرو هەموو قوزاقەكان بێئەوەی تەگبیریان كردبێ و ڕێكەوتبن، بڕیاریان دابوو كە پێویست ناكات بە هەشتاو بەرەو پیری مەرگ بڕۆن. بۆیە قەت ڕۆژی پتر لە سی فرسەخ، ڕێگەیان نـەدەكرد. ڕۆژی پێنجـەم خۆیـان بـە شارۆچـكەی كومیلجنسـكایادا كـرد. لـە ئاسـتی گونـدی دوندوكوفا، لە ڕوباری خوپەر پەڕینەوە. پـورەی مێشولە دەتگوت پەردەیەكی مۆزلینـەو بە سـەر مێرگەكەدا درابوو. وزە وزیـان نـەك هـەر نەدەبڕایەوە، بەڵكو سات بە سات زیادی دەكرد. دەیـان هـەزار مێشـولە و پێشـكە كوێرانـە بـەدەوری خۆیانـدا دەسـوڕانەوەو بـەگوێ و چـاوی سـوارەكان و ئەسپەكانیاندا دەچوون. ئەسپەكان بە بێتاقەتی دەپژمین و سەریان ڕادەتەكاند. سوارەكان دەست و بازوویان ڕادەوەشان و پەیتا پەیتا سیغاریان دەپێچایەوەو پێدەكرد.

خریستونیا، بەسەری قۆڵی، چاوانی تەژی ڕوندكی خۆی سڕی و بۆڵاندی:

– بە ڕاستی وەرزشێكی خۆشە، دەك سندانم لێدایت!

گریگۆری بەدەم بزەیەكەوە پرسی:

– چووە چاوتەوە، ها؟

– چاوم دەخوری، پێدەچێ ژەهراوی بووبێ!

خرسیتونیا، پێڵوە سوورەكەی خۆی هـەڵبڕی و، بـە قامكـە زبـرو ئەستوورەكەی گرتی، لـەحاڵێكا لێوی خوارەوەی شۆڕ كردبووەوە، ماوەیەكی زۆر بە پشتی دەستی چاوی خوراند.

گریگۆری، شان بە شانی ئەو ڕێی دەكرد. لەو ڕۆژەوە كە لـە تاتارسـكی دەرچـوو بـوون، بـەردەوام پێكەوە بوون. ئانیكوشكاش، كە لەم چەند ڕۆژەی دواییەدا قەڵەو بوو بوو، لە هـەموو كـاتێ پتر لـە ژنان دەچوو، بەگەڵیان كەوت.

ژمارەی سریەكەیان نەدەگەییە سـەد كەسـی تـەواو. ڕەیس عورەفا لاتچیف، كە كچێكی خـەڵكی تاتارسـكی خواسـتبوو، یاریـدە دەری پیوتـەر بـوو. گریگـۆری فەرمانـدەی ڕەعیلێك بـوو. قوزاقـانی ڕەعیلەكــەی ئــەو، تەقریبــەن هــەر هــەموویان خــەڵكی باشــووری گوندەكــەی خۆیــان بــوون: خریسـتونیا، ئانیكوشـكا، فیـدوت بودفسـكوف، مـارتین شـامیل، ئیڤـان تـومپلین، بورشـچوڤ لـنگ درێـژ و زاخـاركورولیوف كـە لـە ورچ دەچـوو، پروخورزیكـوف، موكولـف كـە ئەسـڵی قـەرەج بـوو،

ئیپیڤان ماکساییف، یگورسنیلین و لەگەڵ نزیکەی پازدە گەنجی دیکەدا کە هەموویان تەقریبەن هاوتەمەن و هاوساڵ بوون.

نیکولای کوشیڤوی فەرماندەیی ڕەعیلی دووەمی دەکرد، یاکوف کولوڤیدین فەرماندەیی ڕەعیلی سێیەمی دەکرد و میتکا کورشونف –ش فەرماندەیی ڕەعیلی چوارەمی لە ئەستۆ بوو، کە لە دوای ئیعدامکردنی بودتیلکوفەوە بە دەستوری جەنەڕاڵ ئالفروف، بەرزکرایەوە بۆ پلەی عەریف.

سوارەکان، بە یورغە ڕێیان دەکرد. جادەکە بە دەوری کۆمەڵێك باتڵاغ و زەلکاوی پڕ ئاوا دەسوڕایەوە، بە ناو ئاودرێن پڕ دار بی و قامیشی تازەدا دەڕۆیی و ئەوجا پێچاو پێچی دەکرد و دەهاتەوە سەر مێرگ و پێدەشتەکان.

لە ڕێزەکانی دوای دواوە، دەنگی پێکەنینی یاکوف بودکوفا (ناڵە ئەسپ) کە قاقای لێدەدا بەرز بووەوە. ئاندری کاشولیفیش، کە ئەویش بە بەهای خوێنی هاوڕێکانی پودتیلکوف، پلەی عەریفی وەرگرتبوو، بە دەنگە ناسکەکەی خۆی بۆی دەسەندەوە.

پیوتەر میلیخوف و لاتچیف، پێکەوە بە سواری شان بە شانی سریەکە ڕێیان دەکردو بە ئەسپایی قسانیان دەکرد. لاتچیف، یاری بە قەیتان و گوڵینگەی تازەی شمشێرەکەی دەکرد. پیوتەر بە دەستی چەپ ئەسپەکەی خۆی نەوازش دەکردو ناوەندی هەردوو گوێی دەخوراند. بزەیەك نیشتە سەر ڕووخساری گۆشتنی لاتیچف، ددانەکانی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد بوو بوون و لە عاجی سواو و زەرد دەچوون، لە ژێر سمێڵە زەردەکەیەوە دەردەکەوتن. ئانتیپ ئوڤدیڤوچ، کوڕی ئاڤدڤە (درۆزن) کە هەندێ کەس ناویان نابوو ئانتیپ درۆزنوف، لە دوای دواوە، بەسەر ماینێکی، کەمێك لەنگەوە ڕێی دەکرد.

قوزاقەکان، بەدەم ڕێوە، پێکەوە قسانیان دەکرد. هەندێکیان جار جار لە ڕیزەکە دەر دەچوون و هەر پێنج کەس پێکەوە ڕێیان دەکرد. هەندێکیان زۆر بەوردی و سەرسامی دەیانڕوانیە ئەو ناوچانەی کە پێیدا دەڕۆییشتن وپێشتر نەیان بینی بوو. دەیانڕوانیە ئەو سەوزە زارو مێرگانەی کە پڕ بوون لە گۆماو و لە دوورەوە، لە جێ ئاوڵەی سەر دەموچاوان دەچوون. دیانڕوانیە ئەو سپیدار و درەختانەی کە لەدوورەوە عەینی پەرژین سەوز دەچوونەوە. بەچەك و ئەسڵەحەو جبەخانەکانیانا دیار بوو، کە ڕێ پەیماییەکی دوور و درێژیان لەپێشە:

خورجە کانیان پڕ بوو لە جل و بەرگ و پێویسیان دی، هەرکەسە پاڵتۆی خۆی بە دیقەت قەد کر دبوو و لە تەرکی زینەکەی بەستبوو. هەوساری ئەسپەکان، بە باشی چەورکرا بوون، دوورابوونەوە، ئیدی هەموو شتێك بە تەواوەتی ئامادە کرا بوو. هەرچەندە تا مانگێك لەوەپێش، هەر هەموو لەو باوەڕەدا بوون کە شەڕ هەڵناگیرسێت، کەچی ئێستا بەرەو پیری شەڕ دەڕۆیشتن و بەداخ و کەسەرەوە دڵنیا بوون، کە شەڕ و خوێنڕێژی دەقەومێ و چاریان ناچار دەبێ بەشداری تیا بکەن. هەر قوزاقیەك لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمڕۆ جارێ زندووم و ماوم، بەڵام دوور نیە سبەینێ ببم بە خۆراکی قەل و داڵی دەرو دەشتان."

بەگوندی کرپستیدا تێپەڕین. تاك و تەرا خانووی سەرپۆشراو بە حەسیرو چەپەران، لە سەمتی ڕاستی جادەکەوە دەرکەوتن. ئانیکوشکا، کێکێکی خۆماڵی لە گیرفانی دەرهێنا، بە قەپێك نیوەی لێکردەوە، وەکو کەروێشك کەوتە جوونی پارووەکەی ناو دەمی.

خریستونیا، نیگایەکی کردو گوتی:

– برسیتە؟

– بەڵێ... دەسپوختی ژنەکەمە.

خریستونیا گوتی!

– تۆ کابرایەکی زۆرخۆری! هەمیشە دەمت دەجووڵێ، لەوە دەچێ گەدەی بەرزات هەبێ!

هەنگێ ڕوویکردە گریگۆری و بە زمانێکی کەمێك تووڕە و گلەیی ئامێز لەسەری ڕۆیی:

– نامەردە، ئەوەندە دەخوات پیاو دڵی لێی تێکهەڵدێ. نازانم چۆن دەتوانێ ئەم هەمووەی تێ بتڕێنێ؟ چەند ڕۆژیکە کە سەیری دەکەم ترسم لێدەنیشێت. ئەگەر بڵێی زەلامیش نیە. بەڵام بڕۆ تەمەشای بکەو بزانە چەند دەخوات، دەڵێی چاڵ و بیری وەیلە.

ئانیکوشکا، بەدەم زەردەخەنەوە گوتی:

– ماڵی خۆمە، حەزکەم دەیخۆم حەزکەم نایخۆم. ئەگەر ئێوارە بەرخێکی تەواویش بخۆم، بەیانی کە هەڵدەستم برسیمە. ئێمە هەر شتێکی بە لەزەتمان بەردەست بکەوێ، دەیخۆین، ئاشی گەدەمان هەموو شتێك دەهاڕێ.

بەدەم ئەو قسانەوە، چاوێکی لە گریگۆری داگرت و ئاماژەیەکی بۆ خریستونیا کرد، کە لە داخا تفێکی ڕۆکردە سەر عاردی.

تومیلین، بە دەنگی بەرز گوتی:

– پیوتەر پانتلیوفیچ، شەو لە کوێ لابدەین؟ ئەسپەکان ماندوو بوون.

میرکولف –ش، هاودەنگ دەگەڵ ئەودا هەڵیدایە:

– خۆر، خەریکە ئاوا دەبێ، کاتێ ئەوە هاتووە لابدەین.

پیوتەر، قامچییەکەی تەکان داو گوتی:

– شەو دەبەینە گوندی کلیوچی. خۆ ئەگەر بتوانین بگەینە کومیلگا، دەها باشتر.

میرکولف، بە ڕیشە لوولەکەیەوە بزەیەکی بۆ کردو دەمی وەپەنا گوێی تومیلین ناو بە ئەسپایی گوتی:

– گەماڵ باوکە، دەیەوێ هاوسۆزی ئالفروف بە دەست بێنێ، کوڕی دیڵێ (مێچکەی سەگ) پەلەیەتی...

یەکێك لە قوزاقەکان، کە ڕدێنی میرکولفی چاك کرد بوو، بە شۆخیەوە، هەموو ڕدێنە چڕەکەی بڕی بوو، تەنیا تۆپەڵێکی نووك تیژی خوارو خێچی بۆ هێشتبووەوە. سەرو ڕووی میرکولف یەکسەر گۆڕا بوو و بوو بوو بە مەخسەرە، هەموو قوزاقەکان تەشەریان لێدەدا. ئەمجا نۆرەی تومیلین بوو کە ڕابوێرێ، هەڵیدایە و گوتی:

– ئەدی تۆ! یەکێك نەزانێ دەڵێت نایەوێ هاوسۆزی و ڕەزامەندی جەنەڕاڵ بەدەست بێنێ؟!

– مەبەستت چیە؟
– تۆ کە ڕدێنت وەکو ڕدێنی جەنەڕاڵ تاشی، واتەزانی بەو ڕیشەوە، فەرماندەیی فیرقەیەکت پێدەسپێرن، وانیە؟ بەڵام گوویان بۆ تێکردی، وانیە؟ بە ئیشە بە ڕیش نیە برادەر!
– کە کەری! من بەجدی قسەی لەگەڵ دەکەم و ئەو شیعرم بۆ دەهۆنێتەوە. نابێ، ئەوەندە کەر نەبی!
بەدەم سوعبەت و پێکەنینەوە گەیینە گوندی کلیوچی. ئاندرێ کاشولین، کە لە پێشەوە ڕۆیی بوو تا شوێنیان بۆ دابینبکات، لە بەر یەکەمین ماڵی گوندەکەدا چاوەڕوانی سوارەکان بوو، گوتی:
– ڕەعیلەکەی من، دوام بکەون! ڕەعیلی یەکەم بچنە ئەو سێ خانووەی هۆ وێندەر! ڕەعیلی سێیەم، بچنە ئەو خانووەی کە بیریکی لە بەردەمەو ئەو چوار خانووەی ئەو لاترییەوە.
پیوتەر لێی وەپێشکەوت و گوتی:
– هیچت بیستووە؟ پرسیارت لە کەس کردووە؟
– هیچ سەرو سەدایەکی سوورەکان لەم دیارو دەڤەرە نیە، بەڵام کوڕی باش تا حەز بکەی هەنگوینی لێیە. پیرەژنیك هەیە کە سێ سەد پورە مێش هەنگوینی هەیە. هیچ چارێکمان نیە دەبێ ئەمشەو یەکێکیان ببڕین.
– خۆت کەر نەکەی ها! دەنا مێشکت دەپژێنم.
پیوتەر بەدەم ئەو قسەیەوە، بڕۆی وێکهێنانەوەو قامچیەکی بە ئەسپەکەیدا کێشا.
سوارەکان، چوونە خانووەکانەوە، ئەسپەکانیان قەشاوکردو لە تەویلەکاندا، بەستیاننەوە. شەو داهات، دنیا تاریك بوو، گوندیەکان شێویان بۆ قوزاقەکان هێنا. پاشان زەلامەکان هاتنە ناو حەوشەکان و لەسەر کۆتەرە دارێن پار دانیشتن و تا حەوت نیوە شەو دەگەڵ قوزاقانی گوندی ناڤبریدا، هەر خەریکی قسەو باس بوون، لە هەزارو یەك ئاشیان کرد. پاشان بۆ خەوتن لێکدی جیابوونەوە و بڵاوەیان لێکرد.
بەیانی زوو، سوارەکان ئەو گوندەیان بەرەو کومیلزنسك جێهێشت. نزیکی گوندی کومیلزنسك بوو بوونەوە، کە پەیکێك بە نامەیەکەوە خۆی گەیاندنێ. پیوتەر نامەکەی لە کابرا وەرگرت، کردیەوە، هەر بەسەر ئەسپەکەوە کەوتە خوێندنەوەی، دەستی لە ژێر کاغەزەکە دا، وەکو ئەوەی شتێکی زۆر قورسی هەڵگرتبێ، دەلەرزی. ماوەیەکی زۆر بە خوێندنەوەی کاغەزەکەوە بوو. گریگۆری بە سواری ئەسپەکەیەوە لێی نزیك بووەوە:
– چیە، فەرمانە؟
– بەڵێ، بەڵێ.
– چی تیایە؟
– زۆر شت... داوایان لێکردووم فەرماندەیی سریەکە بە کەسێکی دی بسپێرم. هەر هەموو هاودەورەکانی من بۆ عەسکەری بانگ کراونەتەوە، قەرارە کەتیبەی بیست و هەشت، سەر لە نوێ لە کازانسکایا دروست بکەنەوە. تۆپچی و ڕەشاش چیەکانیش دەبێ بڕۆن.

– ئەدی ئەوانی دی، چیدەکەن؟

– تەماشا، لێرەدا نووسراوە: "لە ئارژنیوفسکایادا، خۆیان بە فەرماندەی کەتیبەی بیست و دوو بسپێرن. بەپەلەو بێدواکەوتن ئەم فەرمانە جێبەجێ بکەن." تەمەشا نووسراوە: "بەپەلە!".

لاتچیف هات، ئەمرەکەی لە دەست پیوتەر وەرگرت، لێوە ئەستورەکانی کەوتنە تەتەڵە، برۆیەکی هەڵبڕی، لەو کاتەدا کە ئەمرەکەی دەخوێندەوە، پیوتەر هاواری کرد:

– بۆ پێش ، بڕۆن!

سوارەکان، بە ڕەوتە کەوتنەڕێ. هەموو بە سەرسامی ئاوڕیان دەدایەوەو بە وردی تەمەشای پیوتەریان دەکردو چاوەڕوانی ئەوە بوون بزانن، چ دەڵێت. پاش ئەوەی گەیینە کومیلزنسکایا پیوتەر، ناوەڕۆکی فەرمان و دەستورەکەی پێڕاگەیاندن. ئیدی قوزاقانی دەورە کۆنەکان، بەجدی کەوتنە خۆ خڕکردنەوەو ئامادەکردن بۆ گەڕانەوە. بڕیاریان دا ئەو شەوە لە کومیلزنسك بەرنە سەرو بەیانی دەگەڵ شیرەی شەبەقا بڵاوەی لێبکەن و هەرکەسەو ڕێی خۆی بگرێتە بەر. پیوتەر کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە لە دەرفەتێ دەگەڕا تا کەمێك قسان دەگەڵ براکەیدا بکات، چوو بۆ ئەو خانووەی کە گریگۆری تیا بوو، بانگی کردو گوتی:

– با تا سەری مەیدانەکە بڕۆین.

گریگۆری، بە بێدەنگی لە حەوشەکە وەدەرکەوت و دووی پیوتەری برای کەوت. میتکا کورشونف بەغار دوویان کەوت، بەڵام پیوتەر، بەساردی پێی گوت:

– میتری، بە یارمەتیت، گەرەکمە قسە دەگەڵ برایەکەمدا بکەم.

میتکا، بزەیەکی بۆ کرد. لەوان دواکەوت و گوتی:

– بە سەرچاو، باشە.

گریگۆری کە ژێراو ژێر تەمەشای پیوتەری دەکرد، یەکسەر هەستی کرد کە پیوتەر شتێکی جدی پێیە، بۆ ئەوەی لەو نیازو مەبەستەی دوور بخاتەوە کە ئەم بە مەزەندە پەی پێبرد بوو، بە جۆش و خرۆش و گەرم و گوڕییەکی دەستکردەوە گوتی:

– شتێکی سەیرە: هەمووی دە فرسەخێك لە گوندەکەی خۆمان دوور کەوتووینەوە، کەچی خەڵکی ئەم دیارو دەڤەرە، وەکو خەڵکی لای ئێمە نین. وەکو ئێمە قسان ناکەن، بیناو خانووەکانیان وەکو هینەکانی ئێمە نین. تۆ تەمەشا، دەرگاکانیان وەکو نۆێژخانە ومەزاران شێروانی تەختەیان هەیە. لە گوندی ئێمەدا شتی وا نیە. تۆ تەمەشا (گریگۆری خانووی دێهاتیەکی دەوڵەمەندی ئەو نزیکانەی نیشان دا.) دیوارو قەد پاڵی ئەو خانووەیان تەختە پۆش کردووە: دیارە بۆ ئەوەیە دیواری خانووەکە زوو نەڕزێ، وانیە؟

پیوتەر، کە چارەی گرژ بوو بوو گوتی:

– وازبێنە، وەختی ئەو قسانە نیە.. با بچینە پاڵ ئەو پەرژینە. خەڵکی تەمەشامان دەکەن.

چەند ژن و پیاوێکی گوندەکە کە لەمەیدانەکەوە دەهاتن. بەکونجکاوی تەمەشایان دەکردن. پیرەمێردێك کە کراسێکی شینی بێ کەمەر بەندی لەبەرو کاسکێتێکی قوزاقیانەی کۆنی لەسەر بوو ولە کۆنیا قەیتانە سوورەکانی کاڵی کاڵ بوو بوونەوە، لە هەنبەریاندا وێستاو گوتی:

– ئەمڕۆ لێرە دەمێننەوە؟
– وامان نیازە.
– باشە جۆتان هەیە بۆ ئەسپەکانتان؟
پیوتەر، بەرسڤی دایەوە:
– بەڵێ، بەڵام کەمە.
– کەواتە، وەرن، با من دوو کیسەتان بدەمێ.
– سەلامەت بی باوکە گیان!
– دەی خوا ئاگادارتان بێ! دەتوانن بێن بۆ ماڵی من. ماڵەکەم لەوێندەرە، ئەوەیە کە شێروانیەکی سەوزی هەیە.
گریگۆری، کە تەواو بێتاقەت بوو بوو، برۆی وێکهێنانەوەو پرسی:
– دەتەوێ دەربارەی چی قسە بکەی؟
– دەربارەی هەموو شتێك.
پیوتەر بزەیەکی پڕ شەرمەزاری بۆ کرد. بەدەم جووینی سەری سمێڵە زەردەکانیەوە، پرسی:
– گریشکاتکا، ڕۆژ و ڕۆژگارێکی خراپە، ڕەنگە جارێکی دی یەکدی نەبینینەوە.
گریگۆری، کە چاوی بەم زەردەخەنە میهر ئامێزەی پیوتەر کەوت و گوێی لە ناوی کۆنی خۆی گریشکاتکا بوو، کە سەردەمی منداڵییانی وەبیرهێنایەوە، هیچ گومانێکی لە دڵسۆزی براکەی نەما. دڵی بە تەواوەتی لێی پاك بووەوە. پیوتەر بە هەمان بزەی زۆرەکیەوە کە بەسەر لێویەوە قەتیس مابوو. بە دلۆڤانیەوە دەیڕوانیە براکەی. سەرەنجام لێوی جوڵاند، بزەکەی سەر لێوی تاراند و بەسەرو ڕویەکی گرژ و پەستەوە گوتی:
– تەمەشا، ئەم بێشەرەفانە چۆن تۆوی دووبەرەکییان لە نێو خەڵکیدا چاندووە، ڕێك وەکو چۆن گاسن و هەوجاڕ زەوی شەق دەکات: دەستەیەك لەمبەرو دەستەیەك لەوبەر ڕێك وەکو گڵی ئەمبەرو ئەوبەر گاسنەکەن . چ ڕۆژگارێکی پیسە! چ بەڵایەك بەسەر ئەو خەڵکەدا هاتووە! خەڵکی وایان لێهاتووە لەیەکدی تێناگەن... (لە پڕ ڕستەی قسەکانی گۆڕی) بۆ نموونە تۆ کە برای هەقمی، لە یەك دایك و باوکین، باوەڕ بکە لێت تێناگەم. هەست دەکەم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لێم دوور دەکەویتەوە. بەڵام چۆن و بۆچی، نازانم، وانیە؟
هەر خۆی بەرسڤی خۆی دایەوە:
– بە هەڵەدا نەچووم. تۆ نیگەران و سەرگەردانیت... دەترسم بە گەڵ سوورەکان بکەویت. تۆ تا ئێستاش ڕێگای خۆت نەدۆزیوەتەوە گریشا گیان.
گریگۆری کە، دەیڕوانیە ئەو بەری نادیاری ڕوباری خوپەرو، گردۆڵکە قسڵین و گەچۆڕەکان، دەیڕوانیە هەتاوی، خۆر لە زەردەو ئاسمانی ڕۆژئاواو ئاگرین، دەیڕوانیە ئەو پەڵە هەورانەی ئاسۆیان بەجێ دەهێشت و لە دوورەوە عەینی گلۆڵە پەمووی ڕەش، ڕەش دەچوونەوەو پرسی:
– باشە، تۆ ڕێگای خۆت دۆزیوەتەوە؟

– من، بەڵێ، ڕێگای خۆم دۆزیوەتەوەو هیچکەسێك ناتوانێ لەو ڕێگایەم لابدات. من گریشکا، وەکو تۆ گیرۆدەی دوو دڵی نابم.
گریگۆری، بزەیەکی تاڵی بۆ کردو گوتی:
– ئۆهۆ؟
پیوتەر، بە تووڕەیی کەوتە جووینی سەری سمێڵەکانی، وەکو یەکێك تیشکی هەتاو، چاوی بخاتە ڕێشکەو پێشکە، بەدەم چاوتروکانەوە لە سەری ڕۆیی:
– من نایەڵم، سوورەکان کەمەندکێشم بکەن. جەماوەری میللەتی قوزاق دژیانن، کەواتە منیش دژیانم. مەحاڵە دژی قوزاقان بوەستمەوە! نازانم چ بڵێم، ئەمە کارێکی ئاقڵانە نیە... من و ئەوانیان نەگووتووە، ڕێگامان جیاوازە.
گریگۆری، بە زمانیکی ماندوو گوتی:
– با، لەوەی زیاتر، لەسەر ئەم بابەتە نەڕۆین.
ئەوجا ڕووی وەرگێڕاو، هێدی هێدی بەرەو ماواکەی خۆی کەوتە ڕێ.
پیوتەر، لە بەر دەرگای حەوشەدا، کە چەند هەنگاوێك لە دوای گریگۆریەوە بوو، پرسی:
– گریشکا، بڵێ بزانم، بە نیازی بەگەڵ ئەوان بکەوی؟
گریگۆری بە سستی و دوو دڵی گوتی:
– پێموانیە... نازانم.
پیوتەر ئاهێکی هەڵکیشاو ئیدی هیچ پرسیارێکی دی لە گریگۆری نەکرد. چ بۆ ئەو و، چ بۆ گریگۆری هەموو شتێك زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو: ئەو جادانەی کە جاران و لە ڕابردوودا پێکیانی دەگەیاند، ئێستا دڕکەزی و دڕکەجاڕی ژیان دایپۆشی بوو و ڕێگای دڵیان لە یەکدی داخرا بوو، زۆری خەفەت بۆ گریگۆری دەخوارد کە ئەو ڕێگایەی گرتبووە بەر (لە بزنە ڕێیەك دەچوو کە بە پێچ و دەورە بە قەد پاڵی ڕك و ڕژدی گردیکدا بێتە خوارێ و هەرکە بگاتە پێچێك و نزیکی خوارەوە بێتەوە، بکەوێتە بێشەیەکی چڕو چوغووردەوەو بۆ هیچ شوێنێ ڕێ دەرنەکات.)
پیوتەر بۆ ڕۆژی دوایی بە نیوەی سریەکەوە بەرەو فیشنسکایا گەڕایەوە. گەنجەکانیش بە فەرماندەیی گریگۆری بەرەو ئارزینوفسکایا کەوتنە ڕێ. هەتاو، لە بەیانی زووەوە گەرم بوو. تەمێکی قاوەیی لە پێدەشتە گەرمەکەوە بەرز دەبووەوە. سوارەکان لە دۆڵی خوپەرو، لمەڵانەکانی ئەو دیارو دەڤەرەوە، کە لە دوورەوە وەکو دەریایەکی زەعفەران زەرد دەچووەوە، تێپەڕین. ئەسپەکان، لە ئارەقەدا هەڵکشا بوون، زۆر بە ئەسپایی لە ژێر باری قورسی سوارەکانیاندا ڕێیان دەکرد. ڕوخساری قوزاقەکان، تاوەگاز بوو بوو. ڤەڵپوسی زینەکان و ڕکێفەکان و زنجیرەی هەوسارەکان، لە بەر هەتاوەکەدا وا داغ بوو بوون، نەتدەوێرا دەستیان لێبدەی. تەنانەت ناو بێشەو لێرەوارەکەش هەر گەرم بوو، گەرمایەکی نمسار، کە بۆنی توندی بارانی لێدەهات، باڵی بەسەریا کێشابوو.
نیگەرانیەکی کۆنگ دڵی گریگۆری دەگوشی. بەدرێژایی ئەو ڕۆژە بەسەر ئەسپەکەیەوە، بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ و بێ نەزم بیری لە ئاینده دەکردەوە. وشەکانی پیوتەر وەکو دەنگی

دەنكی تەز بێح لە گوێیدا دەزرنگانەوەو خەفەتی دەخوارد، لە گەرماو لە بۆنی تیژی ئەفسەنتیندا لێوی وشك بوو بوون. جادەكە وێدەچوو لە گەرما بسووتیّ. پێدەشتە قاوەییە ئامال زەردەكە، لە ژێر باری هەتاوەكەدا مت بوو بوو. بایەكی وشكی دەهات و گژو گیای دەشتەكەی دەڕەقساندو گەردەلوولی تۆزو غوباری بە ئاسمانا دەبرد.

دەمەو ئێواریّ، تەنكە تەمێك بەری هەتاوی گرت. ئاسمان ڕەنگی بواردو تاریك بوو. چەند گەواڵە هەورێكی تۆخ لە سەمتی ڕۆژاواوە دەركەوت. لە سەرەتاوە، بێجوڵە نشتە سەر ئاسۆ. بەڵام پاشان با ڕایماڵین و، نرم بوونەوەو، هەڕەشەی بارانیشیان دەكردو قەراخ و بیجاخەكانیان لە دوورەوە، وەكو قەند سپی دەچووەوە.

سریەكە، بۆ جاری دووەم لە ڕۆخانەی (ڕوبار) كومیلگا پەڕییەوە و خۆی بە نێو لێڕێكی سپیداراندا كرد. با لە گەڵاكانی دەدان و قەدی شین باوی شیر ئاسای درەختەكانی دەردەخست و گەڵاكان،بە دەنگێكی هەموارو خۆش دەكەوتنە ورشە ورش. لەوبەری ڕوباری خوپەرەوە، بارانێكی بەخووڕ وسارد بە تەرزەوە دایكرد و قامچی ئاسا خۆی بە عاردیدا دەداو پەلكە زێڕینەیەكیش وەكو كەمەربەند، دەوری كلكەی سپی و ڕەخشانی هەورەكانی دابوو.

شەویان لە گوندێكی چكۆلەی نیمچە چۆڵدا بەسەر برد. گریگۆری دوای ئەوەی ئەسپەكەی لە پەنایەكدا داكرد، چوو بە سۆراخی پووره هەنگەكانەوە. خانەخوێیەكەی، كە قوزاقێكی پیری قژ لوول بوو، لە كاتێكا ئەو مێشانەی كە بەڕدێنیەوە چەسپی بوون، دەردەكرد، بە نیگەرانیەوە، پێی گوت:

– ئەو شڵخەیە (پورە) دەبینی؟ تازەم كڕیوە، نازانم بۆچی بێچوە مێشەكانی مردوون، تەمەشا، بزانە چۆن مێشەكان دەیان هێننە دەرەوە.

پیرە مێرد لەبەر پورەكەدا وەستا، ئاماژەی بۆ درزی پورەكە كرد، مێشە گەورەكان، بەویزە ویز لاشەی كرم ئاسای بێچوەكانیان دێنایە دەریّ و هەڵدەفڕین و بۆ دووریان دەبردن. خاوەنەكەی، بە كەسەرو داخەوە چاوی دەتروكاندو لێوی هەڵدەقورتاند. بە خەمباری دەهات و دەچوو، شپرزەو پەشۆكاو قۆڵی بادەدا. بەو قەدو باڵا نا هەمواریەوە، بەو جم و جۆڵ و ڕەفتارە نا لەبارەیەوە، لە ڕادەبەدەر شپرزەو پەشۆكاو دەهاتە بەر چاو و بوونی لەوێدا لەو مەملەكەتی هەنگانەدا كە بەو پەڕی ڕێك و پێكی و زەبت و ڕەبتەوە سەرقاڵی كار بوون، ناجۆر دەهاتە بەر چاوو مایەی نیگەرانی بوو. گریگۆری، بە هەستێكی بەدخوایانەوە دەیڕوانەیە ئەم پیرەمێردە ناوشان پانەی كە سەراپای ڕەفتارەكانی تونذو ناگەهانی بوون و بەدەم خشە خشەوە بەپەلە قسانی دەكرد.

– ئەمساڵ بەروبومی هەنگەكان باش بوو، گوڵ زۆر بوو، بە تایبەتی زەعتەرو ئاویشەن، مێشەكان، هەنگوینێكی باشیان كرد. ئەم پورە دەستكردانە لە شانەكانی خۆیان عەمەلی ترن. بە تەمام لەو پورانەیان بۆ دابنەم...

گریگۆری لە موبەقەكەدا دانیشت و نان و چای بە هەنگوینی خۆماڵی خەستەوە كە دەتگوت غەڕەیەو، بۆنی خۆشی زەعتەرو ئاویشەن و وەنەوشە و جۆرەها گوڵی دیكەی لێدەهات، خوارد.

کیـژی خانەخوێیەکـە، کـە ژنێکـی باڵـا بـەرزی جـوان بـوو، خوانەکـەی دەڕازانـدەوە. مێردەکـەی دەگەڵ سوورەکاندا ڕۆیی بوو، ئەمە کردبوویە کارێك کە باوکی ئەوەندە خاکی و بە نەزاکەت و خۆشـخزمەت بـێ. پیرەمێـرد، ئاگـای لـەو نیگـا خێرایانـە نـەبوو کـە کیژەکـەی ژێـراو ژێـر، بـەدەم کرۆشتنی لێوە ناسك و کاڵەکانیەوە دەیبڕیە گریگۆری. کاتێ ژنە، دەستی بۆ قۆری چایەکە دێنا. گریگـۆری تووکـە ڕەشـە لووکـانی بـن باخـەڵی دەبینی. پـتر لـە جارێك نیگـای لـە نیگـا تامـەزرۆو کونجکاوەکانی ئەم ژنە هەڵەنگوت، تەنانەت وای هەست دەکرد کە بەدەم نیگا کردنەوە گۆناکانی سوور هەڵدەگەڕێن و بزەیەکی فێنك و بە ئاستەم ،خێرا دەکەوێتە سەر لێوی و زوو ئاوا دەبێت.

دوای چا خواردن، ژنەی تاین بە گریگۆری گوت:

– جیگات لە ژوورە گەورەکەی پێشەوە بۆ ڕادەخەم.

ئەوسا ڕۆیی، پە تۆو پشتی بینێ. کاتێ کە بەلایا ڕۆیی نیگایەکی تینوو وتامەزرۆی ئاشکرای کـرد. بـەدەم ڕاخسـتن و چـاککردنی جێگاکـەوە، بەپەلـە بـە دەنگێکـی نـزم، وەکـو ئـەوەی هـیچ مەبەستیکی تایبەتی نەبێت گوتی:

– مـن لـە ژێـر کەپرەکـەدا دەنـووم... ئینسـان لـە ژوورەوە لـە گـەرما دەخنکـێ، کێچـیش ئـەوا هـەر مەپرسە.

گریگۆری تەنیا چەکمەکانی داکەند. هەرکە دەنگی پروخوهۆڕی قوزاقی پیرەمێرد بەرزبووەوە، چوو بە سۆراخی ژنەی ژێر کەپرەکەوە. ژنە لەپاڵ خۆیا، لەسەر ئەو عەرەبانەیەی کە مژانەکەی لێکرابـووەوە، جێگـای بـۆ کـردەوەو فەروەکـەی بـە خۆیـادا. بـە بێـدەنگی لاقـی لـە لاقـی گریگـۆری هەڵدەسـوو، لێـوە وشـك و ئەسـتوورەکانی بـۆنی پیـازو، تـەڕی و تازەییـەکی غـەریبی لێـدەهات. گریگۆری بێئـەوەی خـەوی لێبکـەوێ، تـا نزیکـی سپێدە لـە نێـوان باسـکە باریـك و ئەسـمـەرەکانیا مایـەوە. ژنـە تـاکو بـەیانی بەخۆیـەوەی گوشـی و خـۆی دایـە بـەری، بەتاسـەو تامەزرۆییـەوە لێـوی دەمژی، دەگەزی، خوێنی تـێ زایانـدن، هـەموو سینگ و بـەرۆکی، شـان و ملـی بەماچـی گـەرم گـوڕ شین و مۆر کردەوە. کە کەڵەبابی بەیانی بۆ جاری سێیەم خوێندی، گریگـۆری ویسـتی هەسـتێ و بڕواتـەوە بـۆ ژوورەکـە، بـەڵام ژنـەی تـاین بـواری نـەدا. گریگـۆری پێکـەنی، لێـی پاڕایـەوە کـە بـەری بدات و گوتی:

– بەرمبدە گیانەکەم، وازبێنە با بڕۆم.

– تۆزیکەش پاڵ بکەوە... یەکێکی دیکەش بکە!

– ئاخر دەمان بینن. تۆ تەمەشا، دنیا ڕوناك بووەتەوە، خەریکە ڕۆژ هەڵدێ.

– دەمانبینن نامان بینن چش! با بمان بینن!

– ئەدی باوکت؟

– باوکم، خۆی دەزانێ.

گریگۆری بە سەرسامی برۆکانی هەڵبڕی:

– چۆن؟

– چاك...

- ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ لە کویێ دەزانی؟

- گویێ بگرە... دوێنیێ خۆی پێی گوتم: "ئەگەر ئەفسەرەکە ویستی، قەیدی نیە لەگەڵیا بخەوە، دەنا بە هۆی گراسیمکاوە ئەسپەکانمان یان شتێکی دیکەمان دەبەن.." گراسیم مێردی منە، لە گەڵ سوورەکاندایە .

گریگۆری بزەیەکی تەنز ئامێزی بۆ کرد، بەڵام لە ناخا هەستی بە سووکایەتییەکی زۆر کرد!

- کەواتە. مەسەلەکە ئەمەیە!

ژنە، ئەم هەستە ناخۆشەی لەلای سڕیەوە، بەدەم نەوزاشتی ماسولکەکانی بازووەکانیەوە، موچوڕکەیەکی پێدا هات:

- مێردەکەم وەکو تۆ نیە...

گریگۆری، نیگا ساردەکانی بڕییە ئاسمانی کاڵ و پرسی:

- مێردەکەت چۆنە؟

- بەکەڵك نایەت... لەڕو لاوازە هیچی پیێ نیە...

ژنە زیاتر خۆی بە گریگۆری یەوە قرساندو بەدەم پەڵمە گریانەوە گوتی:

- ژیانێکی ناخۆشی لەگەڵدا بەسەر دەبەم. بەحەیاتم لەزەتم لێی نەبینیوە... ژنی پیێ تێر ناکریێ.

وەکو چۆن گوڵێك دەپشکویێ و پەڕەکانی بڵاو دەکاتەوە تا لە ئاونگ پاراو ببێت، بەو ئاوایە ڕۆحی سادەو منداڵانەی ئەم ژنە لەبەر چاوی گریگۆری دەکرایەوە، ئەمە گریگۆری مەست کردو کەمیك سۆزو بەزەیی جوڵاند. لە ڕووی نەوازشەوە، دەستیکی بە قژی پەرێشانی دلبەرە ڕێکەوتەکیەکەیدا هێناو چاوە شەکەتەکانی نوقاند.

تریفەی، مانگی ڕوو لە ئاوابوون، لە چەپەری داوێنی کەپرەکەوە دەیدا لە ژوورەوە. ئەستێرەیەك ڕاخۆشی و شێتانە بەرەو ئاسۆ داکشاو تیشکێکی سپیواژی فسفور ئاسای بە بەرۆکی ئاسمانەوە بەجێهێشت و دوای تۆزێك کوژایەوە. ماسۆنەیەك لە ناو گۆماوەکەوە بە کوڵ خوێندی، نێرە سۆنەیەك، بە دەنگێکی نێری ئاشقانە وەڵامی دایەوە.

گریگۆری، بۆ ژوورەکەی خۆی گەڕایەوە. جەستەی خاوی خۆی، کە خەو دایگرتبوو، بە هێواشی بکێش دەکرد.

قوزاقانی سریەکەی، دوای دوو سەعاتان بێداریان کردەوە. پروخور زیکوف ئەسپەکەی زین کرد بوو و لە حەوشەکە بردبوویە دەرەوە. گریگۆری ماڵاوایی لە خاوەن ماڵەکە کرد، کە بە نیگایەکی زۆر دژمنانەوە سەیری دەکردو بەسەر سڵاوێکی لە کیژەکەی کرد کە بە حەوشەکەدا تێدەپەڕی و دەچوو بۆ ژوورەوە، ئەویش بەسەر سڵاوەکەی سەندەوە، بزەیەکی ناسکی کاڵی ئاوێتە بە عەزرەت کەوتە سەر گۆشەی لێوەکانی.

گریگۆری، کەوتە ڕیێ و بەدەم ڕێگاوە چەندین جار ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. جادەکە بە دەوری ئەو ماڵەدا دەسوڕایەوە کە شەوی تیا بە سەر بردبوو، ئەو ژنە گەنجەی کە نەوازشەکانی ئەو گەرمی کردبووەوە، بینی، کە ئاوڕی دەدایەوە و دەستە چکۆلە تاوەگازەکانی کردبوون بە سێبەر بۆ چاوەکانی و لە پشت پەرژینەکەوە سەیری ئەمی دەکرد. گریگۆری بەسۆزو گودازێکی

کۆنگەوە ئاوڕی دایەوە، هەوڵیدەدا، حاڵەتی ڕوخساری ئەو بێنێتە بەرچاوی خۆی، بەڵام هەرچی دەکرد تەنیا سەری دەبینی کە وەکو چۆن گوڵە بە ڕۆژە ڕوو بۆ تیشکی هەتاو وەردەگێڕێ بەو ئاوایە بە لەچکە سپیەکەیەوە چاوی لە دووی ئەم دەگێڕا.

***

میخائیل کوشیڤوی، قۆناغ بە قۆناغ، بە پێیان لە ڤیشنسکایاوە بۆ شەڕگە نێردرا. کە گەییە ڤیدوسیڤسکایا، ئەتامانی شارۆچکەکە ڕۆژێك لەوێندەر گلی دایەوە، ئەوسا بە پاسدارا دووبارە بۆ ڤیشنسکایای ناردەوە.

میشکا، لە سکرتێری شارۆچکەکەی پرسی:

– بۆچی دەمنێرنەوە؟

یارۆ، بە ساردی بەرسڤی دایەوە:

– لە ڤیشنسکایاوە، ئەمرمان بۆ هاتووە.

تومەز، دایکی میشکا چوو بوو لەبەر ئەنجوومەنی ڕیش سپیانی گوند پاڕابووەوە و ئەوانیش بە ناوی ئەنجومەنی گوندەکەوە بڕیاریان دابوو داوا بکەن کە میشکاکوشیڤوی، بکەن بە ئەسپەوانی یەڵخی ناوچەکە، چونکە تاقە بەخێوکەر و ئیشکەری خانەوادەکەی خۆیانە. ئیدی میرون کورشونوف، بەخۆی داوانامەکەی برد بوو بۆ ڤیشنسکایا و داواکەی ڕدێن سپیانی گوندی گەیاند بووە ئەتەمانی ئەوێندەر و داواکەی قەبووڵ کرابوو.

ئەتامانەکە، لە شارۆچکەی ڤیشنسکایادا، هەوەڵجار لە میشکا، کە حازر و ئامادە لە بەردەمیا وەستا بوو، تووڕە بوو بوو، پاشان بەزمانێکی هەندێ نەرمتر، بەڵام زبر گوتی:

– ئێمە، داکۆکی لە خاکی دۆن، بە بەلشەویکان ناسپێرین! تۆ جارێ بڕۆ، بۆ پاوانی ڕەوە ئەسپەکە و لەوێ نیگابانی بکە تا دوایی بزانین چۆن دەبێ، بەڵام ئاگات لە خۆبێ سەگ دایك! ئێمە بەزەییمان بەدایکتا هاتەوە دەنا... دەبڕۆ ملی خۆت بشکێنە!

میخائیل ئەمجارەیان بەبێ پاسەوان بە کوچە و جادە گەرمەکاندا کەوتە ڕێ. پاڵتۆ لوولدراوە عەسکەریەکەی، شانی دەیەشاند. نزیکەی سەدو پەنجا فرسەخی بەپێیان بڕی بوو، لە شەکەتی و ماندوویەتیدا لاقی لە دووی نەدەهاتن. بە هەزار ناری عەلی بۆ ئێوارێ گەییەوە ماڵی خۆی. بۆ ڕۆژی دوایی، دوای ئەوەی دایکی بەدەم فرمێسك و گریانەوە، دەستی لە ملی وەرینا و بەڕێی کرد، سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو پاوان و قەدەخەی ئەسپەکان وەڕێکەوت، دیمەنی ڕوخساری پیر و داوی سپی قژەکەی دایکی کە بۆ یەکەمجار دەیبینی لە هزرو یادگەیدا بەرجەستە بوو.

پاوان و قەدەخەیەك لە باشووری ناوچەی کارگینسکایادا هەبوو درێژیەکەی بیست و هەشت و پانیەکەی شەش فرسەخ بوو. ئەمە دەشتێکی بەیار بوو. کەس نەیدەکێڵا، سەدان ساڵ بوو، تەرخان کرابوو بۆ لەوەڕگەی ئەسپانی ناوچەکە و پێیان دەگوت قەدەخەو پاوان. هەموو ساڵێك لە جەژنی سان جورج دا (٤/٨/..) مەیتەر و ئەسپەوانان ڕەوە ئەسپەکانیان کە بە درێژایی زستان لە گەوڕ و تەویلەکانی ڤیشنسکایادا داکرابوون، دێنایە دەرێ و بۆ قەدەخەکە (پاوان)یان دەبردن.

ئیدی لەوێ، لە ناوەندی قەدەخەکەدا، بە بودجەی ناوچەکە، تەویلەیەك و چەند پشتیریکی هاوینەی سەر نەگیراو کە هەژدە ئەسپی فەحلی دەگرت دروست کرابوو. بۆ پاسەوان و سەرپەرشتیار و بەیتاڵی یەڵخی یەکەش، لە لای ئەو تەویلانەوە خانوو دروست کرا بوو. قوزاقانی شارۆچکەی ڤیشنسکایا، ماینەکانی خۆیان بۆ چاك کردن و لە فەحل کێشان دێنا بۆ ئەوێ. بەیتاڵ و سەرپەرشتیاری یەڵخییەکە، تەنیا ئەو ماینانەیان قەبووڵ دەکرد کە بەرزییان لە چواردە بست و تەمەنیان لە چوار ساڵ پتر نەبوایە. هەر چل ماینیان دەکرد بە ڕەوێك و فەحلێکیان بەگەڵ دەخست. هەر فەحلە و چاودێری ڕەوی خۆی دەکرد.

میشکا سواری ماینەکەی خۆیان بوو، لە دارای دنیادا هەر ئەو ماینەیان هەبوو. دایکی لە کاتی بەڕێکردنیا، بە بەرهەڵبێنەکەی فرمێسکەکانی سڕی بوو و گوتبووی:

– بەڵکو ئاوس ببێ و جوانوویەك بینێ. ئاگاداری بە ماندووی مەکە. چونکە زۆر پێویستمان بە ئەسپێکی دیکەیە.

لە دەمی نیوەڕۆدا، لە میانەی ئەو تەم و مژەوە کە دۆڵەکەی گرتبوو، میشکا لە دوورەوە شێراوانیە چینکۆکەی ماڵەکە و پەرژینی قەدەخەکە و سەربانە تەختەکەی تەویلەکەی کە بە هۆی باو بارانەوە ڕەش بوو بوو، لێ بەدەرکەوت. دەی لە ماینەکەی کرد، هەرکە گەییە سەر گردەکە بیناکان و سەوزەزاری دەریا ئاسای دەوروبەری بیناکانی بە تەواوەتی و بە ڕوونی لێدەرکەوت. لە دوورەوە، بە دەستی ڕۆژهەڵاتا، تارمایی ڕەوە ئەسپێکی بەدی کرد کە بەرەو ئەستێڵەکە دادەگەڕان سوارێك بە دوایانەوە بوو، کە لە دوورەوە بەخۆی و ئەسپەکەیەوە وەکو دوو بووکەڵەی دەستکرد دەیاننواند.

میشکا خۆی بە حەوشەی قەدەغەکەدا کرد، لە ماینەکەی دابەزی، ماینەکەی بە ئەستوونی کەپری بەر دەرگاکە بەستەوە. لەبەر دەرگا تووشی پاسەوانێك بوو کە بەرەو دەرگا دەهات. قوزاقێکی کورتە باڵای ڕوخسار نمووسی دەموچاو خاڵاوی بوو. کابرا، زۆر بەساردو سڕی سەراپای میشکای بە نیگا دابێژێت، لێی پرسی:

– کێت دەوێ ؟

– دەمەوێ سەرپەرشتیاری ئێرە ببینم.

– ستروکوڤ، لێرە نیە، ڕۆییوە، یاریدەدەرەکەی، سازونف لێرەیە. دەرگای دووەم، بە دەستی چەپا، بەڵام کاری چیت پێی هەیە؟ لە کوێوە دێی؟

– بۆ کاری پاسەوانی هاتووم.

کابرا بەدەم بۆڵژنەوە بەرەو دەرگا ڕۆیی:

– هەر ناشیەکیان دەستدەکەوێ بۆ ئێرەی دەنێرن.

سەری کەمەندەکەی سەر شانی، شۆڕ بوو بووەوەو لە دواوە لە عاردی دەخشا. لە کاتێکا کە پشت لە میشکا دەرگاکەی دەکردەوە و سەری قامچیەکەی بادا، بە دەنگێکی هەندێك نەرمترەوە گوتی:

– براله، کاری ئێرە زۆر قورسە، هەندێجار دوو دانە ڕۆژ لە سەر ئەسپ نایەینە خوارێ.

میشکا ڕوانیە شانە کووڕ و لاقە خوارەکانی کە وەکو کەوان بۆ ناوەوە خوار بوو بوونەوە، دیمەنی خوارو خێچی بەژن و باڵای نا هەمواری کابرای قوزاق. لە بەر ڕوناکی دەرگاکەیا باشترو ڕوونتر دەرکەوت. میشکا بە دیتنی لاقە خوارەکانی قوزاقی تاین زۆر خۆشحاڵ بوو. لە کاتێکا بۆ دەسکی دەرگاکە دەگەڕا، لەدڵی خۆیدا گوتی:

"دەڵێی چل دانە ساڵە، سواری بەرمیلێك بووە."

سازونوڤ یاریدەدەری سەرپەرشتیار، بەکەش و فشێکی زۆر و بە ساردی و بێموبالاتی پێشوازی پاسەوانە تازەکەی کرد. پاشان، دوای ماوەیەکی کەم، سەرپەرشتیارەکە بەخۆی هات. (ئەم پیاوە، ڕەیس عورەفا ئافاناسی ستروکوف کاتی خۆی لە کەتیبەی ئەتامانسکی دا بوو) پیاوێکی باڵا بەرزی زەلام بوو. فەرمانی دا کە ناوی میشکا لە لیستی جیرەو ئازووقەدا تۆمار بکەن، ئەوسا لە گەڵیا چوو بۆ بەرتاقی دەرگاکە کە لە هەتاوا نقوم بوو بوو

– تۆ مەیتەرەوانی ، ڕامکردنی ئەسپان دەزانی؟ تا ئێستا ئەم کارەت کردووە؟

میشکا، بە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی گوتی:

– تا ئێستا، ئەم کارەم نەکردووە.

پەستی و ناخۆشیەك نیشتە سەر ڕوخساری یارۆی سەرپەرشتیار. ستروکوف بەدەم خوراندنی پشتە ئارەقاویەکەی خۆیەوە، شانە زەلامەکانی هێنایە پێشێ و چاوی بڕینە دوڕ چاوی میشکا.

– ئەدی کەمەند هەڵدان دەزانی؟

– بەڵێ.

– ئەدی تیمار وقەشاوکردنی ئەسپان دەزانی؟

– بەڵێ.

– ئەسپ وەکو بەشەرن، تەنیا قسە ناکەن. دەبێ زۆر بە شێنەیی ڕەفتاریان لەگەڵ بکەی، بە باشی تیماریان بکەیت و بە نەرمی مامەڵەیان لە تەکا بکەیت و پەنا بۆ شەلاخ و قامچی نەبەیت!

سەرپەرشتیارەکە ئەو ئامۆژگاریانەی کرد و لە ناکاوا، بێهیچ هۆیەك، تووڕە بوو وهاواری کرد:

– دەبێ باش تیماریان (ڕنەك کردنی یەکسم) بکەی، دەنا شەلاخ دەخۆیت!

یارۆی سەرپەرشتیار، بۆ دەمێك، لە فکران ڕاچوو، جۆش و خرۆش و جدیەتێکی کوت و پڕ نیشتە سەر ڕوخساری، بەڵام لە ناکاوا ئەم جۆش و خرۆشەی نەماو جۆرە خوێنساردی و بێ موبالاتیەك شوێنی گرتەوە:

– ژنت هەیە؟

– نەخێر.

سەرپەرشتیارەکە، ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– ئەمەت لە کەرێتی یە. تۆ دەبێ ژن بێنی.

ئەوسا وەکو بڵێی چاوەڕوانی شتێك بێ، بێدەنگ بوو، چاوی بڕییە دەشتەکەو پاشان بەدەم باوێشکدانەوە خۆی بە ژوورا کرد. میشکا بە درێژایی یەك مانگی تەواو، تاقە وشەیەکی لە زاری ئەو نەژنەوت.

پەنجاو پێنج فەحل لەو قەدەخەیەدا هەبوو. هەر پاسەوانێك کاری دوو سێ ڕەوکە ئەسپی لە ئەستۆدا بوو. پاسەوانی وسەرپەرشتیاریی ڕەوێکی گەورە و فەحلێکی پیری تۆڕ بە ناوی "بەهار" و ڕەوێکی بچووکتر کە بریتی بوو لە نزیکەی بیست ماین و فەحلیك بە ناوی "بانال" بە میشکا سپێردرا. سەرپەرشتیارەکە ناردی بە شوێن ئازاترین و لێهاتووترین پاسەوانا، ناوی ئیلیا سولداتوف بوو و پێی گوت:

– ئەم ئەسپەوانەمان تازە بۆ هاتووە، ناوی میخائیل کوشیڤوی یە، خەڵکی تا تارسکی یە. هەردوو ڕەوەکەی (بەهار و بانال)ی پێ نیشان بدە. کەمەندێکیشی بدەیە. پێشی بڵێ چی بکات و چی نەکات. دەبڕۆن دەی.

سوڵداتوف. بە بێدەنگی، بێئەوەی هیچ بڵێ، جگەرەیەکی پێکرد، بە ئاماژەی سەر بە میشکای گوت:

– با بڕۆین.

لەبەر دەرگای حەوشەدا، ئاماژەیەکی بۆ ماینەکەی میشکا کە لەبەر هەتاوەکەدا خاو بوو بووەوە کردو پرسی:

– ئەمە هی تۆیە؟

– بەڵێ.

– ئاوسە؟

– نە

– کارێکی وا بکە لەگەڵ "بەهار"دا جووت ببێ. ئەم فەحلە لە یەڵخی کورلیوفەوە هێنراوە، دوو ڕەگی ئینگلیزیە. بەڵام تا حەزکەی تۆڕ و تۆسن و سەرکێشە. تا بڵێی خۆشبەز و ڕەهوانە! دەی سواربە.

شان بە شانی یەك، بەسواری ماین و ئەسپ کەوتنەڕێ. گیا تا سەروو ئەژنۆی ئەسپان دەهات. زوو بە زوو خانوو و تەویلەکانیان بەجێهێشت.. بەردەمیان تا چاو بڕدەکات دەشتێکی خامۆشی بە شکۆ بوو. لە تەنکە تەمێکی شینباوی زۆر جوان و دڵگیرا نقووم بوو بوو. هەتاو، بە ئاسمانەوە، لەپشت تەنکە هەورێکی شیر ئاساوە. چاو بڕکێی دەگەڵ دەشت و دەرا دەکرد. بۆنێکی توندی خۆش. لە چیمەن و سەوزەزارە فینکەکەوە هەڵدەستا. بە دەستی ڕاستا، حەوزو ئەستێلی جیروف، وەکو پەڵەیەکی سپی پرشنگدار، لە باوەشی دۆڵێکی تەنگی سەر بەتەم و مژا، وەکو ئەڵماس دەدرەوشایەوە. بە هەر چوار نکالا، تا چاو هەتەری دەکرد، سەوزەزارێکی بێ پایان و بێ سنوور، لە باوەشی پێدەشتە تەماوەیەکەدا، لە بەر تیشکی هەتاودا مت بوو بوو، لە دووری دوورەوە گردیکی درشت، وەکو خەیاڵێکی ناسك خۆی دەنواند. گەڵاو لاسکی ژێرەوەی گژوگیاکان، سەوزێکی تۆخ بوو، بەڵام قەد و باڵایان لەبەر هەتاوەکەدا، ڕوون و کاڵ دیار بوو، بەڵام قەد و باڵایان لەبەر هەتاوەکەدا، ڕوون و کاڵ دیار بوو. کاکۆڵی گیا ئەسپرسی نەگەییو، ڕیشاڵ بوو بوو ولە ناو بنچە گیای دیکەوە، بە تاسەوە سەری بۆ هەتاو هەڵدەبڕی و هێشووە چڕەکانی دەبردە پێشێ. لێرەو لەوێ بنچە شاپەسەند، کویرانەو خۆ بە خۆ، خۆی بە ئەرزیدا

بکێش دەکرد و لە شوێنی دیکەوە گوڵە مریەم، ڕێی پێدەگرت و جارێکی دی ڕێحانە کێوی وەکو شەپۆلی ڕوبار پەیدا دەبووەوەو هەندێ لەولاترەوە، شوێنی بۆ جۆرەها گوڵ و گیای دی دەکردەوە: وەکو سێپەڕەو جۆی کێوی و مەندانەی گوڵ زەردو، فرفیون و گیاکەڵەی سەر سەخت، کە لە هەر شوێنێ بڕوێ، دڕ بە هەموو گیاکانی دەوروبەری خۆی دەدات.

ئەو جووتە قوزاقە، بە بێدەنگی ڕێیان دەکرد. میشکا هەستی بە جۆرە ئارامی و دڵنیایی و ڕەزامەندیەك دەکرد، کە زۆر لە مێژ بوو شتی وای بە خۆوە نەبینی بوو. پێدەشتەکە، بە هەموو شکۆو خامۆشی و مەندییەکی خۆیەوە باڵی بە سەرا کێشا بوو. هاوڕێکەی، بەسەر زینەکەوە خەوی لێکەوتبوو. بە سەر یاڵ و ملی ئەسپەکەوە خوار بووەوە. دەستە خاڵ خاڵەکانی بەسەر قەڵپوسی زینەکەوە تێك ئاڵاند بوون، لە تۆ وایە سەرگەرمی جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی، عەشای ڕەبانیە.

چێرگێك، لەبن دەست و پێی ئەسپەکانەوە هەستاو لە شەقەی باڵی دا، کە بەسەر دۆڵە تەنگەکەدا دەفڕی، پەڕە سپیەکانی لەبەر هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە. شنە بایەك. لەوە دەچوو لە سەر دەریای ئازۆفەوە بێت، لە باشوورەوە هەڵیکرد و گیایەکانی خستە کەروێشکە.

دوای نیو سەعاتێك گەیینە ڕەوە ئەسپێك کە لە کەناری گۆماوی ئۆسینوڤدا دەلەوەڕین. سولداتوف خەبەری بووەوە، بەسەر زینەکەوە بەدەم باوێشکەوە کێشمانێکی خۆی دا.

– ئەمە ڕەوەکەی لوماکینە.. بەڵام خۆی دیار نیە

میخائیل، بە سەرسامی ڕوانیە ئەسپە کوێتە کاڵە لاق درێژەکەو پرسی:

– ئەم فەحلە ناوی چیە؟

– ناوی فرازەرە. یەجگار چەمۆش و تۆسنە! تەمەشا چۆن تەمەشامان دەکات؟ ئەها، خەریکە ماینەکان دەبات.

فەحلەکە دوورکەوتەوەو ماینەکان دوای کەوتن.

میشکا، هەردوو ڕەوە ئەسپەکەی خۆی وەرگرت، کەلوپەل و شمەکەکانی خۆی، لە کوختەیەکی دارینتا دانا، کە سێ کەسی دیکەی لە هەمان کوختەدا دەگەلا بوو. ئەو سێ کەسە بریتی بوون لە سوڵداتوف، لوماکین و قوزاقێکی دیکەی عەبووسی کەم دوو بە نێوی تورڤروڤ کە لەوانی دی بە تەمەنتر بوو بەکرێ پاسەوانی دەکرد. سوڵداتوف، سەرۆکیان بوو. بەدڵ و بە گیان ڕێ و شوێنی کارو ئەرکەکانی بۆ میشکا ڕوون کردەوە. خوو خەسڵەت و عادەتی هەردوو فەحلەکەی تێ گەیاند و بەدەم بزەیەکی بە ماناوە گوتی:

– بە گوێرەی یاساو ڕێسای ئێرە دەبێ ماینەکەی خۆت بەکاربێنی، بەڵام ئەگەر هەموو ڕۆژێك سواری بی و پاسەوانی ڕەوەکە بکەی، لەپەلو پۆ دەکەوێ و تیا دەچێت. لەبەر ئەوە بیکە ناو ڕەوگەکەو ماینێکی دی زین بکە و سواری بە، بەڵام زوو زوو و، هەموو ڕۆژێ بیگۆڕە.

بە بەرچاوی میشکاوە، ماینێکی لە ڕەوگەکە دابڕی و بە چوار ناڵە دوای کەوت و لێهاتووانە کەمەندێکی لە ملی هاڵاند و ئەوسا زینی ماینەکەی میشکای لێکرد و بە لاقە لە ڕزێوە هێنای بۆ میخائیل وگوتی:

– سواری ئەمە ببە. بەڵام وریابە چەموشە، کەس پێشتر سواری نەبووە!

بە دەستی ڕاست هەوسارەکەی توند گرت و بە دەستی چەپ، کەپووی ماینەکەی کە پڕ بە سینگی دەی پڕماند، گرت و بە توندی هاواری کرد:

– دەی خێرا سواربە! دەگەڵیاندا نەرم و میهرەبان بە. لە تەویلەدا دەتوانی بەسەر فەحل دا هاوار بکەیت: "تەس، بڕۆ شوێنی خۆت" و ئەویش بە قسەت بکات و بچێتە سەر شوێنەکەی خۆی و، خۆی بە دیوارەکەوە بچەسپێنێ. بەڵام لێرە، لەم دەشتە، مەسەلەکە جیاوازە! سوڵداتوف، کە ڕکێفی ماینەکەی گرتبوو و بە مێریڤانی گوانە سفت و ڕەش و ئەتڵەسیەکانی ماینە سلۆکەکەی نەوازش دەکرد گوتی:

– ئاگات لە "بەهار" بێ. زۆر نزیکی نەکەویتەوە دەنا ئاسیوت پێدەگەیەنێ.

"٣"

میشکا هەفتەیەکی بە ڕەحەتی بردە سەر، لەم ماوەیەدا بە درێـژایی ڕۆژ، بەسەر ئەسپەوە بوو. پێدەشـتەکە ڕام کـرد بـوو و جـۆرە ژیـانێکی سـەرەتایی وەکـو ڕووەك و گیـای دەگوزەرانـد. ڕەوە ئەسـپەکەی بـەرەڵڵا دەکـرد کـە بـە ئـارەزووی خـۆی بێـت و بـڕوات. بـەڵام نـەی دەهێشـت زۆر دووربکەونەوە. بەخۆی لەسەر زینەکە وەنەوزی دەدا یان لە نێو سەوزە گیایەکەدا پاڵدەکەوت و چاوی دەبڕییە ئەو پەڵە هەورە سپیانەی کە بەدەم باوە، بە ئاسمانەوە دەسوڕانەوە. لەسەرەتاوە، ئەم دوورکەوتنەوەو دابڕانەی لە دنیا ، پێخۆش بوو. بەڵام پاش ئەوەی هەفتەیەکی بە سەر برد و خووی بەم بارودۆخە تازەیەوە گرت، نیگەرانی و واز وازیەکی گۆنگی کەوتە دڵ و دەروون، لە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت: " لـەوێ، خـەڵکی چارەنووسـی خـۆو چارەنووسـی خـەڵکانی دیکـە دیـاری دەکـەن و مـن لێرەدا، پاسـەوانی ڕەوە ئەسـپان دەکـەم. ئـاخر شـتی وا چۆن دەبـێ؟ پێویسـتە لێرە بڕۆم و خۆم نەجات بدەم. دەنا دەکەومە زەلکاوەوە." بەڵام ناو بە ناو، بانگەوازێکی سست و خاو لـە ویژدانیـەوە هەڵدەسـتا: "وێڵیـان بکـە، بایەکـدی بکـوژن، لـەوێ مـەرگ و کوشـتار هەیـە و لێرە ئازادی و سەوزەزار و ئاسمان هەیە. لەوێ کەرب و کینە هەیەو لێرە ئاشتی و ئارامی. تۆ هـەقت بەسەر خەڵکەوە چیە؟..." ئەم بیرو هزرینانە ئارامیان لەبەر دەبڕی و هەستی بە تەنیایی دەکرد، بۆیە حەزی بە تێکەڵاوی خەڵکی دەکرد. بۆیـە لـە جاران زیـاتر خۆی لـە سوڵداتوف، کە هەمیشە لەگەڵ ڕەوگە ئەسپەکەیدا، لە دەوروبەری ئەستێڵی دوداریوف بوو، هەڵدەسوو، هەوڵیدەدا خۆی لێ نزیك بکاتەوە.

لـەوە دەچـوو، سـوڵداتوف، هەسـت بـە قورسـی بـاری تـەنیایی نـەکات. بەدەگمـەن شـەو لـە کوختەکـەدا دەخـەوت، تەقریبـەن بـەردەوام لـە دەوروبـەری گۆمـاو و ئەسـتێڵەکە، دەگـەڵ ڕەوگـە ئەسپەکەیدا بـوو. وەکـو گیانلەبـەرو ئـاژەڵان دەژیـا، زیـاتر بە ڕاو و شکار خواردنی خـۆی پەیـدا دەکرد، ڕاوچییەکی هێنـدە مـەعلان و لێهـاتوو بـوو، لـە تـۆ وایـە بـە عـەمراتی جگـە لـەم کـارە هـیچ کارێکی دیکەی نەکردووە. ڕۆژێك میشکا، بینی کە بە تووك و یاڵی ئەسپ پەت بۆ قولاپەکەی دەڕێسێ، بە کونجکاوی لێی پرسی:

– باشە، ئەم پەتەت بۆ چیە؟

– بۆ ڕاوە ماسیمە.

– جا ئێرە کوا ماسی لێیە؟

– گۆماوەکە ماسی تیا هەیە.

– باشە چ چەشەیەك بەکاردەبەی؟

– هەم نان و هەم کرم.

– دەی برژێنی؟

– لەبەر هەتاو وشکی دەکەمەوەو دەیخۆم. فەرموو بخۆ.

بەدەم ئەو قسەیەوە شەبووتێکی چکۆلەی لە گیرفانی دەرهێناو زۆر بەگەرمی خوڵکی میشکای کرد.

جارێکی دی، کاتێ کە میشکا، ڕەوکە ئەسپەکەی خۆی دەبردە لەوەڕ، چێرگێکی بینی کەوتبووە داوەوە. سوڵداتوف، چێرگێکی گرتبوو و وەستایانە پڕی کرد بوو لە کاو، لەناو سەوزگایەکدا داینا بوو و داوێکیشی لەو نزیکانە لە ناو گیاکەدا نابووەوەو سەری داوەکەی بە سینگێکی داریـنی چکۆلەوە بەستبووەوە. سوڵداتوف هەر ئەو ئێوارەیە، چاڵێکی چکۆلەی هەڵکەند بوو، ئاگری تیا کردبووەوە، جێرگەکەی لەسەر برژاند و میشکای خوڵك کرد کە شێوی لەگەڵ بخوات. لەوکاتەدا کە گۆشتە بۆنخۆشەکەی پارچە پارچە دەکرد، پێی گوت:

– جارێکی دی دەست لە داوەکە نەدەی. لەوەیە خراپی بکەیت.

میشکا پرسی:

– باشە تۆ چۆن بۆ ئێرە هاتوویت؟

– من بەخێوکەری خانەوادەکەمم.

ئەوسا سوڵداتوف، کەمێك بێدەنگ بوو، لەپڕ پرسی:

– گوی بگرە! ڕاستە دەڵێن تۆ لە سوورەکانی؟

میشکا کە چاوەڕوانی ئەو جۆرە پرسیارە نەبوو، پەشۆکا:

– نا... ئەوەی ڕاستی بێ... بەڵێ، من دەمویست بڕۆم بۆ ناو ئەوان... ئیدی دەسگیریان کردم.

سوڵداتوف، لە پڕ نیگایەکی جدی کرد و جووینی پارووەکەی دەمی خاو کردەوەو بە نەرمی پرسی:

– بۆچی دەتویست بڕۆی بۆ ناو ئەوان؟ چیت دەویست؟

بە دوو قۆڵی، لە دەوری ئاگرێکی قەراخ دۆڵێکی وشك دانیشتبوون. دووکەڵێکی چڕ لە تەپاڵەکەوە هەڵدەستا. وردە پشکۆیان، ناو بە ناو لە نێو خۆڵەکەوە، دەبریسکانەوە. هەناسەی شەو لەپشتیانەوە گەرمایەکی وشك و بۆنی ئەفسەنتینی پەژمردەو ژاکاوی بڵاو دەکردەوە. جار جار ئەستێرەیەك ڕادەخۆشی و ئاسمانی ڕەش و تاریکی ڕوناك دەکردەوە. هەر جارێ شیهابێك ڕادەخوشی، شوێنەوارەکەی بە ئاسمانەوە، وەکو شوێنەواری شەلاخێك بە کەفەڵی ئەسپەوە، تا ماوەیەك بە ئاسمانەوە دەمایەوەو دەدرەوشایەوە.

میشکا بەوردی ڕوانیە ڕوخساری سوڵداتوف کە لەبەر تیشکی ئاگرەکە سوور هەڵگەڕا بوو و بەرسڤی دایەوە:

– دەمویست لە پێناوی هەقدا بخەبتم.

سوڵداتوف، گەرم بوو و بە توندی پرسی:

– ماف و هەقی کێ؟

– هی میللەت.

– بەڵام هەقی چی؟

دەنگی سوڵداتوف نرم، بەڵام جدی بوو. میشکا بۆ دەمێك کەوتە دوو دڵی. هەستی کرد. هاوڕێکەی بە ئانقەست، تەپاڵەیەکی دیکەی خستە سەر ئاگرەکە تا دووکەڵ بکات و حاڵەتی ڕوخساری خۆی لەو وەشێری.

بەڵام ئەنجام لێبڕا قسان بکات و گوتی:

– یەکسانی هەموو خەڵکی، من تەنیا ئەوەم دەویست! نابێ ئاغاو مسکێن لە ئارادا هەبێ، تێدەگەی؟ ڕۆژێك دێت ئەم ئاواتە بێتە دی.

– لەو باوەڕەدایت کادیتەکان سەرنەکەون؟

– نەخێر، سەرناکەون.

سوڵداتوف، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێیان و بە دەنگێکی بەدخوایانەو تووڕە هاواری کرد:

– کەواتە، کارت بۆ ئەمە دەکرد، سەگ دایك! دەتویست قوزاقان بکەی بە قوربانی جولەکە؟ گەرەکت بوو بۆ جوولەکە غەدر لە قوزاقان بکەیت؟ تۆو ئەوانی دی دەتانویست ڕەگ و ڕیشەمان دەربێنن؟ ها! بۆ ئەوەی جوولەکە کارخانەکانیان لە سەرانسەری ئەم دەشت و دەرەدا دابمەزرێنن؟ بۆ ئەوەی بتوانن لە خاکی خۆمان وەدەرمان بنەن؟ دەم و قەپۆزت بەم مستانەم ورد دەکەم ها!

میشکا، دوو دڵ و حەپەساو، بە ئەسپایی لەجێی خۆی هەستا. وای هاتە بەرچاو کە سوڵداتوف گەرەکیەتی لێی بدات. هەنگاوێك چووە دواوە. کە سوڵداتوف بینی میشکا دەترسێت و دەکێشێتەوە، کۆڵەمستی بەرز کردەوە. میشکا، بە ئاسمانەوە دەستی گرت، بە توندی دەستی باداو. بە هەڕەشەوە پێی گوت:

– واز بێنە بابۆ، دەنا کە پێماکێشایت جارێکی دی هەڵناسیتەوە! ئەم هاوار هاوارەت لەچیە؟

بەو تاریکە شەوە بەرانبەریان لێکدی گرتبوو. ئاگرەکە لە ژێر پێیاندا کوژابووەوە. تەنیا یەك پارچە تەپاڵەی سوور کە پەڕی بووە کە نارەوە، قەراخەکانی دووکەڵی دەکرد. سوڵداتوف بە دەستی چەپ یەخەی کراسەکەی میشکای گرت و لە ناو دەستیا کۆی کردەوەو بەرزی کردەوەو هەوڵیدەدا دەستی ڕاستی خۆی ڕەها بکات.

میشکا، تووڕە و تڕۆ، گەردنە ئەستوورەکەی وەرچەرخاند و گوتی:

– یەخەی کراسەکەم بەربدە، پێمگوتی یەخەم بەردە، دەنا دەم و فڵقت وردو خاش دەکەم، گوێت لێمە؟

سوڵداتوف، بە دەنگێکی خەفە دەیگوت:

– نەبابە... ڕاوەستە بۆم!

میشکا خۆی لە دەستی دەرباز کردو بە پاڵێك ئەوی کەنار خست و بە قامکە لە رزۆکەکانی یەخەی کراسەکەی ڕێك خستەوە. هەستی دەکرد، ئارەزوویەکی پەنهان، دنەی دەدات کە لە حەریفەکەی بدات و بکەوێتە تێهەڵدانی و بە بۆکس دای بگرێتەوە.

سوڵداتوف، نەیوێرا لێی نزیك ببێتەوەو پەلاماری بدات. لە کاتێکا دانەکانی لێکدی هەڵدەسوو، بەدەم ڕیزێك جنێوی بازاڕی و ناشرینەوە هاواری دەکرد:

– خەبەرت لێدەدەم... دەچم بۆ لای سەرپەرشتیار و پێی دەڵێم. لە زیندانت دەپەستم. هەی ماری حەوت سەر! بەلشەویك! خوێڕی دەبوایە وەکو پودتیلکوف لە سێدارەیان دابای، پەتیان بخستایە گەردنت!

میشکا، لە ترسا دەلەرزی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خەبەرم لێدەدات... دەڕوات و دەڵێت... لە سووچی زیندانم توند دەکەن... من بۆ شەڕگە نانێرن، بۆیە ناتوانم بڕۆم بۆ ناو سوورەکان، تازە تەواو، کارم کراوە!" بیری پەرت و بڵاو، بێهودە لە چارەسەرێك دەگەڕا، وەکو چۆن ماسییەك ئاوی سێلاو لە ڕوباری دادەبڕێ و نیگەران و شپرزە دەکەوێتە گۆماوێکی کاتی پاش نیشتنەوەی لافاوەکە، بەو ئاوایە نائومێد و نیگەران، خۆی قوشقی کرد بوو. "دەبێ بیکوژم! هەر ئێستا دەیخنکێنم! هیچ چارێکی دیکەم نیە..." ئیدی، بەجۆرێ شپرزە بوو بوو، بۆ هەلجەت و بیانوو دەگەڕا: "دەڵێم ویستی بمکوژێت، خۆی بەسەرما دا کە لێمبدات، منیش لە تووڕەییدا، خۆم پێ زەوت نەکرا، دەستم نایە قوڕگی..."

میشکا، لە کاتێکا سەراپای دەلەرزی، بەرەو سوڵداتوف چووە پێشێ، خۆ ئەگەر سوڵداتوف لەوکاتەدا بیویستبایە هەڵێت، کار دەگەییە خوێن ڕشتن و مەرگ. بەڵام سوڵداتوف، لەجێی خۆی نەجولا، بە دەنگی بەرز هەژدەر هەژدەر جنێوی دەدا. میشکا هێور بووەوە، بەڵام لاقەکانی دەلەرزین و ئارەقە بە گازەرای پشت و بن باخەڵیا تك تك دادەچۆڕاو، گوتی:

– لە سەرخۆ، تۆ گوێ بگرە.. سوڵداتوف؟ سەبرکە، هاوار مەکە! خەتای تۆ بوو...

ئەوسا، لە کاتێکا شەویلاگەکانی دەلەرزین و چاوی بە هەر چوارنکالی خۆیدا دەگێڕا. کەوتە خاك و پای و تکای لێکرد:

– ئەمجۆرە شتانە لە بەینی دۆستا ڕوو دەدەن... خۆ من لیم نەدایت... تۆ یەخەت گرتم... ئاخر من چیم گوت؟ خۆ هیچی خراپم نەگوت. دەتەوێ لە سەر ئەم شتە بچووکە خەبەرم لێبدەی؟ ئەگەر هەڵەیەکم بەرانبەرت کردووە، داوای بوردنت لێدەکەم، بمبورە... باشە!؟

سوڵداتوف، بەرە بەرە هێور بووەوە. دوای دەقیقەیەك، لە کاتێکا کە ڕووی وەردەگێڕا و بازووی خۆی لە دەستی سارد و ئارەقاوی میشکا دەردێنا گوتی:

– مادام وەکو مار هەڵدەپلێی، ترست نەبێ، باشە بەکەس ناڵێم، دڵم بە گەوجێتی تۆ دەسووتێ، بەڵام جارێکی دی مەیە بۆ لای من، نامەوێ چڕو چاوت بدینم. بێشەرەف! خۆت بە جوولەکەکان فرۆشتووە، من قەت دڵم لەو کەسانە پاك نابێتەوە کە بە پارە خۆیان دەفرۆشن!

میشکا، زۆر بە کەساسی و مەلوولی، لە تاریکیەکەدا بزەیەکی بۆ کرد. بەڵام سوڵداتوف، نەیدەتوانی لە تاریکیەکەدا بزەکەی بدینێ. هەر وەها پێشتریش، نەیتوانی کۆڵە مستی کە تەواو گوشی بووی و ئامادەی کرد بوو بدینێ. ئەو دوانە بێئەوەی یەك وشەی تریان لە زار بێتە دەرێ، لێکدی هەڵبڕان. میشکا، بەوپەڕی تووڕەیی، ئەسپەکەی بەر قامچی داو بە چوار ناڵە کەوتە سۆراخی ڕەوگەکەی. لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە بڵاچە و هەورە تریشقە دەستی پێکرد.

ئەو شەوە باو بۆرانێکی سەیر بەسەر دەشت و دەرو قەدەخەکەدا دایکرد. لە نیوە شەوەوە بایەکی سەیر هەڵیکرد، سەرماو گێژەڵووکەیەکی بە تڕەف دەستی پێکرد.

هەورێکی تاریك بەری ئاسمانی گرت. ناو بە ناو بڵاچەو هەورە تریشقە، وەکو گاسنێك، زەوییەکی ڕەش و بە پیت بکێڵێ، بەو ئاوایە هەورەکەی شەق دەکرد. بێدەنگیەکی دوورو درێژ باڵی بەسەر دەشت و دەرەکەدا کێشا، ئەوسا لە دووری دوورەوە، هەور بە هەڕەشەوە دەیگرماند. ڕێژنە بارانێکی توند دایکردو هەرچی گیای ئەو ناوە هەیە، تەختی کرد. لە بەر ڕۆشنایی بڵاچەو بروسکەیەکی کەوان ئاسای دیکەدا، میشکا، پەڵە هەورێکی سورباوی قەراخ ڕەشی زوخاڵ ئاسای بە ناوەندی ئاسمانەوە بینی و ئەسپەکانی لە سەر ئەرزەکە بە جۆرێ خۆیان دابووە پاڵ یەك و بە ناویەکدا چوو بوون، زۆر وردو چکۆلە دەیاننواند، لە ناکاوا هەورە تریشقەیەکی ترسناك دایگرماند و بروسکەو بڵاچەیەك بەلەز بەرەو زەوی داکشا. نەخێر هەورە تریشقەیەکی دیکەی بە دوودا هات، ئەوسا باران وەکو سێلاو دایکرد، دەشت و دەرەکە ناڵەیەکی کۆنگی بۆ کرد، گێژە لووکەیەك، کاسکێتەکەی میشکای برد و بە توندی کێشای بە قەڵبوسی زینەکەدا. بێدەنگیەکی ترسناك بۆ ساتێك باڵی بەسەر دنیادا کێشا، جارێکی دی بڵاچەیەك ئاسمانی شەق کرد، تاریکییەکی زۆر ترسناکتری لە دوای خۆی بەجێهێشت. دەنگی هەورە تریشقەکە هێندە بەرزو وشك و بە قوەت بوو کە ئەسپەکەی میشکا کەوتە سەر ئەژنۆ و پاشان بە تەکانێك هەستایەوەو بە هەردوو پاشووی، خۆی گرتەوە. ڕەوگە ئەسپەکە کەوتنە سمکۆڵان. میشکا بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو بۆ ئەوەی ئەسپەکان هێور بکاتەوە هاواری کرد:

– بوەستە! هێ!. هۆش!

میشکا، لە بەر ڕوناکی بروسکەیەك کە وەکو قەند سپی دەچووەوەو بە ئەسپایی، بەسەر گەواڵە هەورەکاندا دادەخزی. ڕەوە ئەسپەکەی بینی کە بە هەشتاو بەرەو لای ئەو دەهاتن. ئەسپەکان بەجۆرێ سەریان دانەواند بوو، لەزگ بوو دەمو قەپۆزیان بەر ئەرزەکە بکەوێت، کونی کەپوویان کرابووەوەو پەیتا پەیتا هەوایان هەڵدەمژی و سمە بێ ناڵەکانیان بە ئەرزە تەڕەکەدا دەکێشا. "بەهار" لەپێشی پێشەوە، بەوپەڕی خێرایی، غاری دەدا. میشکا بەپەلە ئەسپەکەی خۆی لادایە لاوەوەو بەزەحمەت توانی خۆی لە بەر هوڕوژمی ڕەوە ئەسپەکە لابەرێت. ڕەوە ئەسپەکە لەو تێ

پە ڕین و لە دووری ئەوا وەستان. میشکا نەیدەزانی کە ڕەوە ئەسپە ترساو و سەرگەردانەکە بە هۆی بانگ و دەنگدانەکەی ئەوەوە، بەرەو ئەو هەڵیانکرد بووە غاردان. بۆ جاری دووەم بە دەنگی بەرز هاواری کردەوە:

– بوەستن هێی... هۆش!

ئەمجارە، لە ناوجەرگەی تاریکییەکەوە، گوێی لە خرمە خرمی سمی ئەسپەکان بوو کە بەرەو ئەو دەهاتن. ترسا، قامچییەکی کێشا بە نێوان هەردوو چاوی ماینەکەی خۆیدا، بەڵام فریا نەکەوت بە تەواوەتی وەلا بکەوێ. ئەسپێکی ترساوی سەراسیمە و سەرگەردان سینگی کێشا بە کەفەڵی ماینەکەی میشکادا، لەسەر زینەکەوە پەڕی، لە تۆ وایە بەردێك بوو و بە قۆچەقانی هاویژرا، بەڵام نەجات بوونی، لەپەڕجوو دەچوو. زۆربەی ئەسپەکان بەسەمتی ڕاستی ئەودا تێپەڕین، بۆیە نەکەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانەوە. تەنیا یەك ماین پێی نایە سەر دەستی و خێرا تێپەڕی. میشکا هەستایەوەو بە هەشتاو لەوێ دوور کەوتەوەو گوێی هەڵخست و پەی بەوە برد کە ڕەوە ئەسپەکە لەو نزیکانە چاوەڕوانی بانگی ئەون تا بەغار بەرەو لای ئەو بگەڕێنەوە، لە دوورەوە گوێی لە هانکە هانکی بەهار بوو.

میشکا، کەمێك پێش بەرە بەیان، بۆ کوختەی پاسەوان و ڕەوکەوانەکان گەڕایەوە.

"٤"

ڕۆژی ٥/١٥، کراسنوف، ئەتامانی سوپای گەورەی دۆن، دەگەڵ جەنەڕاڵ ئەفریکان بوگایفسکی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە، و سەرهەنگ کیسلوف، سەرۆکی سەرکردایەتی سوپای دۆن و فیلیمونوف، ئەتامانی ناوچەی کوبان، بە پاپۆر گەییە ستانی مانیچسکا.

فەرمانڕەوایانی خاکی دۆن و کۆبان لەسەر کەشتیەکە وەستابوون و بە بێتاقەتی دەیانڕوانیە چۆنیەتی لەنگەر گرتنی کەشتیەکەو جم و جوڵی دەریاوانەکان و شڵپ و هوڕی شەپۆلە قاوەییەکانی دەوری ئەو تەختەیەی وەکو پرد لە نێوان کەشتیەکە و کەناری دەریاکەدا ڕایەڵ کرا بوو. ئیدی بە بەرچاوی ئەو ئاپۆرا زۆرەوە کە لە لەنگەرگاکە کۆبووبوونەوە، لە کەشتیەکە دابەزین. تەنکە تەم و مژێك، ئاسمان و ئاسۆ و ڕوناکی ڕۆژی گرتبوو، هەموو شتێك شین دەچووەوە. تەنانەت دۆنیش وەکو ئاوێنەیەکی ڕوو چاڵ، کە لوتکەی بەفرینی سەرووی هەورەکان بنوێنێتەوە، پرتەوێکی شینی گۆنگی دەنواند. بایەکە بۆنی هەتاوو خاکێن شۆرەزار و پوش و گیای ڕزیوی پاری دەگەڵ خۆیدا دێنا. ژاوە ژاوو غەڵبە غەڵب کەوتە ناو حەشاماتەکە. جەنەڕاڵەکان، کە دەسەڵاتداران و بەرپرسانی ناوچەیی هاتبوونە پێشوازیان، هەموو چوون بۆ مەیدانەکە.

دوای سەعاتێك، لە ماڵی ئەتامانی ناوچەکەدا، کۆبوونەوە لە نێوان نوێنەرانی حکومەت و دەسەڵاتی دۆن و نوێنەرانی سوپای داوخوازدا دەستی پێکرد. جەنەڕاڵ دنیکین و جەنەڕاڵ

ئالیکشییف هاورێ دەگەڵ جەنەراڵ ڕۆمانوفسکی، سەرۆکی سەرکردایەتی سوپاو سەرهەنگ ریاسنیانسکی و سەرهەنگ ئیوال وەکو نوێنەری سوپای داوخواز ئامادەبوو بوون.

دیدارو کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی گشتی ساردو سڕ بوو. کراسنوف سارد بوو. ئەلیکسییف، بەسەر ئامادەبووانـدا گەڕا، تەوقەی دەگەڵ کردن و سڵاوی لێکردن، ئەوسا لە پاڵ مێزەکە دانیشت، گۆنا شۆڕەوەبووەکانی خستنە سەر دەستە سپیە چرچەکانی و بێئەوەی گوێ بە هیچ بدات چاوانی لێکنان. سەفەر، بە ئوتومبیل ماندوو و خەواڵووی کردبوو. تەمەن و چەپۆکی ژیان و ڕۆژگار بە تەواوەتی پوکاندبوویانەوە. لێوە پیرەکانی بەخەمینی شۆڕ بووبوونەوە، پێڵوی چاوەکانی کە وردە دەمارە شینەکانی تەواو زەق بوو بوونەوە، هەڵئاوسابوون و قورس دیار بوون. چرچ و لۆچێکی زۆر لە شێوەی باوەشێندا بە لاجانگەکانیەوە پەیدا بوو بوو. قامکەکانی، کە گۆنا چرچەکانیان لەخۆ گرتبوو، لە ڕدێنە زەردە پیرانەکەیدا کە کورتی کردبووەوە، نقوم بوو بوون.

سەرهەنگ ریاسنیانسکی، بە کۆمەکی کیسلوف، نەخشەیەکی بە خشە خش لەسەر مێزەکە پان کردەوە. ڕومانوفسکی، کە لەلایانەوە وەستا بوو، قامکە تووتەی نابووە سەر سووچێکی نەخشەکە. بوگایفسکی کە شانی دا دابووە سەر قەراخی پەنجەرەکە، بە دڵسۆزی دەیڕوانیە ڕوخساری شەکەت و ماندووی ئەلیکسییف کە لە سپێتیدا، لە دەمامکێکی گەچین دەچوو. بێئەوەی نیگای چاوە بادەمیەکانی لە ئەلیکسییف بگوازێتەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چەند پیر بووە! پیری زۆر پێوە دیارە!"

دنیکین، بێئەوەی چاوەڕوان بکات تا ئەوانی دیکە هەموو دانیشن، ڕووی کردە کراسنوف و کوت و پڕ و بە هەڵچوونەوە دەستی بە قسان کرد:

– پێش دەست پێکردنی کۆبوونەوەکە، پێویستە ئەوەت پێ بڵێم تۆ کە لە دابەشکردنی هێزەکاندا، سەبارەت بە گرتنی باتیسك، باسی ئەوەت کردووە کە فەوجێك و تۆپخانەیەکی ئەڵمانی لە قۆڵی ڕاستی هێزەکانی تۆوە یارمەتیمان دەدەن و بەشداری شەڕ دەکەن، ئیمە زۆرمان پێ سەیرە. حەزدەکەم ئەوەت پێبڵێم، من ئەم هاوکاریەم لە سەیریش پێ سەیرترە... دەکرێت بپرسم چ شتێك هانی داویت پەیوەندی دەگەڵ دژمنی وڵاتا، جا دژمنێکی ئەوەندەش غەدار، بکەیت و داوای کۆمەك و یارمەتی لێبکەیت؟ لەکاتێکا دەزانیت کە هاوپەیمانان ئامادەن پشتیوانیمان بکەن؟... سوپای داوخوازان، هاوکاری و یەکێتی لە گەڵ ئەڵمانەکاندا، بە خیانەت لە ستراتیژ و ئامانجی زندوو کردنەوەی ڕووسیا دەزانێت. کارو کردەوەکانی حکومەتی دۆنیش، لە نێو بەرینترین ناوەندی هاوپەیمانانـدا، هەمان سەرنجی دروست کردووە. تکا دەکەم ئەمەمان بۆ ڕوون بکەوە.

دنیکین، برۆی بە تووڕەیی وێکهێنابوونەوەو چاوەڕوانی وەڵام بوو.

کراسنوف، کە پیاوێکی بە ئەدەب و خانەدان بوو، ئارامی ڕواڵەتی خۆی پاراست، بەڵام وێڕای ئەمەش، ماکی تووڕەیی بە سەر و سیمایەوە دیار بوو، لێوی لە ژێر سمێڵە ماش و برنجەکەیەوە تەتەڵەی دەکرد. بە کاوەخۆ و زۆر بە نەزاکەتەوە بەرسڤی دایەوە:

– کاتێ هەمو شتێك بکەوێتە مەترسییەوە، هیچ کۆمەك و یارمەتیەك، تەنانەت کۆمەکی کۆنە دژمنانیش ڕەت ناکرێتەوە. ئەمە جگە لەوەی حکومەتی دۆن کە حکومەتی میللەتێکی پێنج ملێونیە، حکومەتێکی ئازادە، سایە نشینی هیچ لایەنێك قەبووڵ ناکات، هەقی خۆیەتی بەدڵی خۆی و بە گوێرەی بەرژەوەندی میللەتی قۆزاق کاربکات، چونکە بەرگری لە بەرژەوەندی ئەو میللەتە، ئەرکی سەر شانی ئەوە.

ئەلیکسییف کە گوێی لەو قسانە بوو، چاوی کردەوەو بە وردی گوێی هەڵخست. کراسنوف، نیگایەکی خێرای بوگایفسکی کرد کە بە تووڕەیی سمێڵە باریکەکانی بادەدا و لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– جەناب، قسە و بۆچوونەکانی تۆ، زیاتر شەقڵی ئەخلاقییان لە خۆ گرتووە، تۆ لە قسەکانتا، کە خۆت لێیان بەرپرسیت، ئێمە بە خیانەت دەربارەی ڕووسیاو هاوپەیمانان و ئەو شتانە تۆمەتبار دەکەیت... بەڵام پێموایە تۆ ئاگاداری ئەوە هەیت کە سوپای داوخواز، دنیایەك خومپارەو بومبایان لە ئێمە وەرگرتووە کە ئەڵمانەکان بە ئێمەیان فرۆشتبوو؟...

دنیکین، قسەکەی پێبڕی و هەڵیدایە:

– تکا دەکەم. فەرقی نێوان ئەو دوو حاڵەتە بکە کە بە تەواوەتی لێکدی جیان، من بەلامەوە گرنگ نیە، تۆ چۆن و لە چ ڕێگایەکەوە تەقەمەنی و جبەخانەت(ئەسپاباتی شەڕ) وەرگرتووە. بەڵام کار بگاتە ئەوەی کۆمەکی سەربازی لە وان وەربگریت!...

ئەوسا دنیکین، بە تووڕەیی شانەکانی هەڵتەکاند.

کراسنوف، لە کۆتایی قسەکانی خۆیدا، بە پارێزەوە و بەجدی و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەوەی لە دنیگین گەیاند کە ئەو، ئیدی ئەو سەرتیپ و فەریقە نیە کە ئەو لە شەڕگەی نەمسا و ئەڵمانیا ناسیویەتی.

بێدەنگیەکی قورس باڵی بە سەرا کێشان. دنیکین، وەستایانە بێدەنگیەکەی شڵەقاند و باسەکەی هێنایەوە سەر باسی یەکخستنی هەردوو سوپای دۆن و داوخوازان و دامەزراندنی سەرکردایەتی و فەرماندەییەکی یەکگرتوو. بەڵام لە ڕاستیا ئەو دەم بۆڵەیەی پێشوو، کردیە کارێك کە زیاتر لێکدی دوور بکەونەوە، کە پاشان کاتێ کراسنوف، دەستی لە کارکێشایەوە، ئەو فشە پەیوەندیەی کە هەشبوو، بە تەواوەتی پچڕا.

کراسنوف. ئەوسا خۆی لە هەر وەڵامێکی ڕاستەوخۆ دزییەوە، بە پێچەوانەوە پێشنیازی کرد کە هێرشێکی هاوبەش بکەنە سەر تساریتسین، تا یەکەم ئەم ناوەندە ستراتیژیە گەورەیە بگرن و دووەم لەوێندەرەوە پەیوەندی دەگەڵ قوزاقانی ئورالدا بگرن. لە دوای ئەو پێشنیازەوە، ئەم گفتوگۆ کورتە کەوتە بەینیانەوە:

– پێویست بەوە ناکات، باسی ئەوە بکەم کە تسارتیسین چ بایەخێکی گەورەی بۆ ئێمە هەیە.

– لە گینە سوپای داوخواز، لەوێ تووشی ئەڵمانەکان ببێ. من نامەوێ بۆ تسارتیسین بڕۆم. پێویستە جارێ کوبان ئازاد بکەم.

– بەڵێ بە هەرحاڵ گرتنی تسارتیسین، ئەرکی هەرە سەرەکیە.

حکومەتی سوپای دۆن منیان ڕاسپاردووە کە ئەو داوایە لە جەنابت بکەم.
– دووپاتی دەکەمەوە، کە من ناتوانم دەستبەرداری قوزاقێن کوبان ببم.
– تەنیا کاتێك دەکرێت، باسی یەك فەرماندەیی بکرێت کە هێرش بۆ سەر تسارتیسین بکرێت.
ئەلیکسییف، بە نەبەدڵی کەوتە کرۆشتنی لێوەکانی.
– شتی وا مەحاڵە. قوزاقانی کوبان، تا قەڵەمڕەو و هەرێمەکەیان لە بەلشەویکان پاك نەبێتەوە، یەك هەنگاو لە ئاقاری خۆیان دوور ناکەونەوە. خۆ سوپای داوخوازانیش تەنیا دوو هەزارو پێنج سەد سەربازیان هەیە کە سێیەکی ئەم ژمارەیەش بریندار و نەخۆشن و بە کەڵکی شەڕ و مەیدان نایەن.

ئەو قسەو باس و گەنگەشانەی کە ئامادەبووان، بەدەم فراڤینێکی سادە و ئاساییەوە کردیان، شتێکی گرینگی ئەوتۆیان تیا نەبوو: دیار بوو ناگەنە هیچ سازان و ڕێکەوتنێك. پاشان سەرهەنگ ڕیاسینانسکی، حیکایەتێکی کۆمیدی دەگمەنی باوەڕ نەکردەنی دەربارەی ڕیسکی یەکێك لە پیاوەکانی مارکوڤ گێڕایەوەو کەش و هەوای خواردنە هاوبەشەکە و کاریگەری ئەم حیکایەتە خۆشە، بەرە بەرە بارگرژی جەوەکەی کەم کردەوە.

وێڕای ئەوەش، کاتێ کە لە نان خواردن بوونەوەو ئەفسەرەکان چوون بۆ هۆڵی پێشوازی تا سیگار بکێشن، دنیکین دەستێکی بە شانی ڕومانوفسکیدا داو بە چاوە تیژ و نیمچە نوقاوەکانی، کراسنوڤ نیشاندا و بە ئەسپایی گوتی:
– ناپلیۆنی دێهاتیی! پیاوێکی زیرەك نیە..
ڕۆمانوفسکی، بەدەم زەردەخەنەوە، بەرسڤی دنیکینی دایەوە:
– هەوای فەرمانڕەوایی و حکومەتایەتی لە سەری داوە.. بابایەکی سەرتیپە و دەسەڵاتی پاشایەتی دەوێ... بە ڕاستی کابرایەکی قەشمەرە.. ڕەزای قورسە...

بە ڕق و کینەی دژمنانەوە لێکدی جیابوونەوە. لەو ڕۆژە بە دواوە پەیوەندی نێوان سوپای داوخوازو حکومەتی دۆن، ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو. کاتێ کە سوپای داوخواز بە ناوەڕۆکی نامەکەی کراسنوڤ، بۆ ویلهلمی ئیمپراتۆری ئەڵمانی زانی، خراپی و قەیرانی پەیوەندی ناڤبری گەییە لوتکە. برینداڕانی سوپای داوخواز کە لە ئاسایشگەی نوڤۆچرکاسکدا بوون، گاڵتەیان بە کەڵکەڵەی خۆیبوونخوازی کراسنوف و هەواو هەوەسی زندوو کردنەوەی داب و نەریتی ڕۆژگارانی ڕابردووی قوزاقان دەهات. لە بەینی خۆیاندا، لە عەلەیی دەدوان و بەخراپە باسیان دەکرد و بە (ئەرباب) ناویان دەبرد و بە "سوپای گەورەی دۆن"یان دەگوت: "سوپای مەخسەرەی دۆن". هەواداران و داشدارانی سەربەخۆیی، بە داوخوازەکانیان دەگوت: "شایەرانی گەڕۆك" و "فەرمانڕەوایانی کارتۆنی". یەکێك لە سەرانی سوپای داوخواز، بە تانەو تەشەرەوە بە حکومەتی دۆنی دەگوت: "حکومەتی دۆن، قەحبەیەکە لە جێگای ئەڵمانیاندا دەخەوێ و پارە وەردەگرێت." جەنەڕاڵ دینسیوف، لە وەڵامی ئەوەدا دەیگوت: "ئەگەر حکومەتی دۆن قەحبە بێ (ڕووسپی)، ئەوا سوپای داوخواز (خۆبەخش) دەڵاڵی ئەوە."

ئەم تەشەر و کینایەیە، ئاماژە بوو بۆ ئەوەی کە سوپای داوخوازان، پشتی بە حکومەتی دۆن قایم بوو، کە ئەسپاباتی شەڕ و تەقەمەنی و جبەخانەی لە ئەڵمانەکان وەردەگرت و لەگەڵ سوپای داوخوازاندا دابەشی دەکرد.

ڕۆستوف و نوڤوچرکاسک، کە بەرەی پشتەوەی سوپای داوخوازی پێك دێنا، لە ئەفسەراندا جمەیان دەهات. هەزاران ئەفسەر خەریکی سفتە بازی بوون. لە دایەرە زۆر و زەبەندەکانی پشت شەڕگەوە خۆیان دەشاردەوە، پەنایان وەبەر ماڵی خزم و کەسوکار و دۆستان دەبرد، بە بەڵگەنامەی ساختەو قەڵبەوە دەچوونە نەخۆشخانەکان. ئەوانەی ئازاو دلێر و بە هەڵوێست بوون، لە شەڕەکاندا دەکوژران یان بە سوێی برین و بە نەخۆشی تیفۆ دەمردن، بەڵام ئەوانی دی کە لەم ساڵانەی شۆڕشدا هەر جۆرە شەرەف و ئابڕوو و ویژدانێکیان لە دەست دابوو، وەکو چەقەڵ و تۆڕییان لەپشت شەڕگەکانەوە، خۆیان پەنا دەداو عەینی کەڤ سووکی بۆگەنی سەر ئاوی ئەم ڕۆژگارە ئاڵۆز و جەنجاڵە، سەمایان دەکرد.

چرنتسوف، لە نووسینەکانی خۆیدا، لەو بڵاوکراوانەدا کە داکۆکی و بەرگری لە ڕووسیا دەکرد، بە توندی سەرزەنشتی ئەو ئەفسەرە خوێڕی و تۆڕیانەی کە لە ناو دەیانخوارد و لە پەر دەخەوتن، دەکردو تۆمەتباری دەکردن . ئەمانە زۆربەی هەرە زۆریان بریتی بوون لەو بە ناو "ڕۆشنبیرە هزرڤانانە"ی کە لەو سەرو بەندەدا یونیفۆرمی سوپاییان لەبەر کرد بوو. هەرچەندە، خۆیان لە بەلشەویکەکان دوور گرتبوو، بەڵام پەیوەندییان بە سپیەکانیشەوە نەکرد بوو. ژیانێکی تورەهات و سووکیان بەسەر دەبرد، گفتوگۆ و گەنگەشەیان دەربارەی چارەنووسی ڕووسیا دەکرد، هەموو خەمێکیان ئەوە بوو، ڕۆژانە بەشی دابینکردنی نان و ئاو وشیری منداڵەکانیان دەست بکەوێ و هیچی تر، خواخوایان بوو ڕۆژێ زووتر جەنگ کۆتایی بێت. ئیدی کێ حوکمی وڵات دەکات، کراسنوف، ئەڵمانەکان یان بەلشەویکەکان، یان هەر کەسێکی دی، ئەمەیان بەلاوە گرینگ نەبوو، گرینگ ئەوە بوو شەڕ کۆتایی بێت.

هەڵبەتە ڕەوتی ڕووداوەکان، دەنگدانەوەی ڕووداوەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد. لە سیبریادا، چیکوسلاڤەکان، یاخی بوو بوون، لە ئۆکرانیادا، ماخنوکان، بە زمانی تۆپ و ڕەشاشان قسەیان دەگەڵ ئەڵمانەکاندا دەکرد. ئیدی قەفقاز، مورمانسک، ئارخانگلسک.. سەرانسەری ڕووسیا، ئاگر بوو.. سەرانسەری ڕووسیا بە عەزابی ناکۆکی و دووبەرەکەیەوە دەتلایەوە...

لە مانگی حوزەیراندا، دەنگۆ و مقۆ مقۆیەك وەکو بای ڕۆژهەڵات لە هەرێمی دۆندا بڵاو بووەوە کە گوایە چیکوسلاڤەکان بە نیازن ساراتوف و تسارتیسین و هەشتەرخان بگرن تا لە کەنارەکانی ڤۆلگادا بەرەیەکی ڕۆژهەڵاتی، بە مەبەستی هێرش کردن بۆ سەر ئەڵمانەکان بکەنەوە. لە ئۆکرانیادا، ئەڵمانەکان کەوتنە قەدەغەکردنی تێپەڕبوونی ئەو ئەفسەرانەی کە لەسوپای ڕووسیاوە هەڵدەهاتن تا گوایە پەیوەندی بە سوپای داوخوازانەوە بکەن.

فەرماندەیی ئەڵمان، کە نیگەرانی ئەو دەنگۆیانە بوون کە دەربارەی کردنەوەی بەرەی ڕۆژهەڵاتی دەماو دەمیان دەکرد، شاندێکی لە نوێنەرانی خۆی بۆ ناوچە و دەڤەری دۆن نارد. ڕۆژی ١٠/تەمووز، ڕائید فون کوخنهاوزن، ڕائید فون ستیڤانی و فون شلاینتیز، کە ئەفسەرێن

سوپای ئەڵمانی بوون، گەیینە نوڤوچرکاسك و هەمان ڕۆژ لە كۆشكی ئەتامان كراسنوفدا، بە ئامادەبوونی جەنەڕاڵ بوگایفسكی، پێشوازی كران.

ڕائید فون كوفنهاوزن، پاش ئەوەی ڕوونی كردەوە كە فەرماندەیی ئەڵمان بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە كۆمەكی سوپای گەورەی دۆنی كردوەو تەنانەت، بە مەبەستی ڕاونانی بەلشەویكەكان و پاراستنی ئارامی سنوورەكان، تەدەخوولی سوپایشی كردووە، پرسی ئەگەر چیكوسلاڤیەكان، دژی ئەڵمانەكان بكەونە جەنگ و كاری سوپایی، حكومەتی دۆن چ پەرچە كردار و هەڵوێستێكی دەبێت. كراسنوف، دڵنیای كرد كە قوزاقەكان بێلایەنی تەواو هەڵدەبژێرن و هەڵبەتە ڕێگە نادەن كە خاكی دۆن ببێ بە مەیدانی جەنگ. ڕائید فون ستیڤانی داوای كرد كە جەنابی ئەتامان ئەو قسەیەی خۆی بۆ بخاتە سەر كاغەز. گفتوگۆیەكە بەو شێوەیە كۆتایی هات و كراسنوف بۆ ڕۆژی دوایی ئەم نامەیەی بۆ قەیڕاڵی (ئیمپراتۆر) ئەڵەمان نووسی:

"خاوەن شكۆی سەڵتەنەت و ئیمپراتۆری!

هەڵگری ئەم نامەیە، نوێنەری ئەتامانی سوپای گەورەی دۆنە بۆ دەرباری خاوەن شكۆتان ئیمپراتۆر. ناوبراو و هاوڕێكانی لەلایەن منەوە، ئەتامانی دۆن، ڕێگە پێدراون دوای گەیاندنی ڕێز و سڵاوی من، بە خاوەن شكۆتان، شاهنشا وفەرمانڕەوای بە تواناو گەورەی ئەڵمانیا، ئەم خاڵانە عەرزی جەنابی با سەعادەتتان بكەن:

ئەو خەباتەی كە قوزاقانی دلاوەر لە ماوەی ئەم دوو مانگەی دواییدا، لە پێناوی ئازادی خاك و مەزرو بۆی خۆدا، قارەمانانە وەكو خەباتی میللەتی بوێری هاونەژادی میللەتی ئەڵمانی، دژی ئینگلیزەكان دەستیان دابویە، لە سەرانسەری سنوورو مەرزەكانی وڵاتی ئێمەدا سەركەوتنی تەواوی بەدەست هێناوەو ئەمڕۆ كە لە دەدا نۆی خاك و سەر زەمینی سوپای گەورەی دۆن، لە چنگی شەقاوە دڕندەو هۆڤیەكانی گاردی سوور دەرهێنراوە. لە ناوخۆی وڵاتدا نەزم و نیزام بەرقەرارە، سەروەری بۆ قانوون و یاسا گەڕێنراوەتەوە. لە باشووری هەرێمی دۆندا، لەسایەی كۆمەكێن دۆستانەی سوپاییانی خاوەنشكۆتانەوە، ئەمن و ئاسایش و تەناهی دووبارە بەرقەرار بووەتەوە. من بە مەبەستی پاراستنی نەزم و نیزامی ناوخۆ و ڕێگرتن لە هەر جۆرە هێرشێكی دەرەكی، سوپایەكم لە قوزاقەكان دروست كردووە. ئەو حكومەتە ساوایەی كە ئێستا لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی سوپای دون، هاتووەتە ئاراوە، زەحمەتە بتوانێ بە تەنیا بەردەوام ببێ، لەبەر هەندێ لەگەڵ فەرماندەكانی سوپای هەشتەرخان و كۆبانددا، یانی لەگەڵ شازادە سەرهەنگ توندوتوۆ و سەرهەنگ فیلیمونوفدا، هاوپەیمانیەكی پتەومان بەستووە تا پاش وەدەرنانی بەلشەویكەكان لە خاكی سوپای هەشتەرخان و ناوچەی كوباندا حكومەتێكی فیدڕاڵی پتەو لە نێوان سوپای گەورەی دۆن و سوپای هەشتەرخان و كالموكەكانی ستانی ستاڤرو پۆل و سوپای كوبان و هەروەها میللەتانی ناوچەكانی قەفقازی باكوور دابمەزرێنین. هەموو ئەم هێز و ناوچانە لە سەر دامەزرانی دەوڵەتە تازەكە ڕێك كەوتوون و ئەم دەوڵەتە ساوایە لە گەڵ سوپای گەورەی دۆندا ڕێك كەوتووە كە نەیەڵن، قەڵەمڕەوی وڵاتەكەیان ببێ بە مەیدانی ململانێ و شەڕی

خوێنـاوی و، بـەڵێن دەدەن، بێلایـەنی تـەواو ڕەچـاو بکـەن. مـن ڕێگـەم بـە ئـەتامانی ناوچـەکە "زیموفایا" سەفیری ئێمە لە دەرباری خاوەنشکۆتان داوە کە:

" تکـا لـە خاوەنشـکۆتان بکـات. دان بـە مـافی سـوپای گـەورەی دۆنـدا بنـەن کـە سـەربەخۆیی خـۆی ڕابگەیـەنێ و هـەروەها دان بـەوەدا بنـەن کـە وەختـێ ناوچـەکانی کوبـان و هەشـتەرخان و تیریـك و قەفقازی بـاکوور بـەرە بـەرە ڕزگـار بوون، مـافی ئـەوەیان هـەبێ سـەربەخۆیی خۆیـان لـە چوارچێوەی فیدڕاڵیەتێکدا بە نێوی "یەکێتی دۆن و قەفقاز" ڕابگەیەنن.

تکـا لـە خاوەنشـکۆتان بکـات کـە دان بـە سـنووری جوگرافیـایی و نەتـەوەیی ئێمـەدا وەکـو سنوورەکانی سـوپای گـەورەی دۆن بنـەن و لـەو ناکۆکیـەی کـە لـە نێـوان ئۆکرانیـاو سـوپای دۆنـدا لەسـەر تاگـانروك و ناوچـەکانی دەوروبەریـدا هەیـە، بـۆ چارەسـەری ئـەو ناکۆکیانـە بـە قـازانجی سوپای دۆن ڕەئی بدەن، چونکە ئەو ناوچانە پتر لە پێنج سەد ساڵە داگیر کراوەو ئەو شـوێنانە بـە شێکن لە تموتاراکان، واتـە بـە بێشـکەی سـەرهەڵدانی سـوپای دۆن دەژمێردرێن. هـەروەها تکـا لـە خاوەنشکۆتان بکات، کە لە مەسـەلەی یەکخستنەوەی هـەرێمی دۆنـدا، لەگـەڵ شـارانی کامیشـین و تساریتسـین و سـتانی سـاراتوف و شـاری فـورونیچ و وێسـتگەکانی لیسـکی و پوڤورینـو، لەبـەر کۆمـەڵێك حیسـاباتی سـتراتیژی، لایـەنی ئێمـە بگریـت و دان بـە سـنوورەکانی سـوپای دۆنـدا بـە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە بە نوێنەری ئێمەیە، بنەن.

تکـا لـە خاوەنشـکۆی پایـە بـەرزتان بکـات کـە گوشـار بخەنـە سـەر بەرپرسـان و دەسـەڵاتدارانی سۆڤیاتی و ناچـاریان بکـەن و ئـەمریان پـێ بفـەرموون کـە چـەتەو شـەقاوەکانی سـەر بـە سـوپایی سـوور لـە قەڵـەمڕەوی سـوپای گـەورەی دۆن و هـەموو ئـەو قەڵەمڕەوانـەی دیکـە، کـە پێویسـتە لـە چوارچێوەی فیدڕاڵیەتی دۆن و قەفقاز یەك بگرنەوە، بکێشێتەوەو زەمینە بۆ پەیوەندی ئاسایی و ئاشتیانە لە نێوان مۆسکۆ و سوپای دۆندا، خۆش و ئاسان بکات. هـەموو ئـەو زەرەر و زیانانـەی کـە بـە هـۆی هێرشـی بەلشـەویکەکانەوە لـە خـەڵکی قەڵـەمڕەوی دۆن و لـە کاروبـاری بازرگـانی و پیشەسـازی خـەڵکی قەڵەمڕەوەکـە، کـەوتووە، پێویسـتە لەلایـەن ڕووسـیای سـوڤیاتیەوە قـەرەبوو بکرێتەوە.

هـەروەها تکـا لـە خاوەنشـکۆی پایـە بـەرزتان بکـات کـە بـە چـەك و جبەخانـەو ئەسـپاباتی شـەڕو تفاقی ئەندازەی سـوپایی یارمـەتی حکومەتـە سـاواکەمان بدەن و خـۆ ئەگـەر بـە باشـتان زانـی، لـە خـاکی سـوپای دۆنـدا، کارخانـەی تۆپسـازی و چـەکی سـووك و خومپـارەو فیشـەك سـازی دابمەزرێنن.

سـوپای گـەورەی دۆن و هـەموو حکومەتـەکانی یـەکێتیی دۆن و قـەفقاز، هـەرگیز یارمـەتی و کۆمـەکی دۆسـتانەی میللـەتی ئـەڵمان لـە بیر ناکـەن، بـە تایبـەتی لـە شـەڕی سـی ساڵەدا، کـاتێ کـە قوزاقـانی دۆن بەشـێك بـوون لـە سـوپای والنشـتاین و شـان بـە شـانی سـوپای والنشـتاین شـەڕیان دەکـرد. لـە سـاڵانی ١٨٠٧ –١٨١٣دا قوزاقـانی دۆن بـە فەرمانـدەیی ئـەتامانی خۆیـان کۆنـت پلاتوف، لە پێناوی ئازادی ئەڵمانیادا شەڕیان کردووە، ئەمڕۆش دوای نزیکەی سێ ساڵ و نیو شـەڕی خوێنـاوی لـە بـەرەکانی پرووسیا، گالیسیا بوکوڤینـاو پۆڵانـدا، هـەردوو میللـەتی قوزاق و

ئەڵمان فێری ئەوە بوون کە ڕێزو حورمەتی دلاوەری و خۆڕاگری و پایەداری سوپاییانی یەکدی بگرن و ئێستا پێکەوە و شانبەشانی یەکدی لەپێناوی ئازادی خاکی ئازیزو خۆشەویستی دۆندا دەجەنگن.

جا سوپای گەورەی دۆن، لە هەنبەر کۆمەك و یارمەتیەکانی خاوەنشکۆتاندا. بەڵێن دەدات، کە بە درێژایی شەڕی جیهانی، پابەندی بێلایەنی تەواو بێت و ڕێگە بە هیچ هێزێکی چەکداری دژمنانی میللەتی ئەڵمان نەدات، بێتە ناو خاکی ئەمەوە، لە مبارەیەوە شازادە توندوتوف، ئەتامانی سوپای ئارخانگلیسك و هەروەها حکومەتی کوبانش هەمان بەڵێنیان داوەو هەموو ئەندامەکانی دیکەی یەکێتیی دۆن و قەفقازیش، هەرکە هاتنە ڕیزی یەکێتییەکەمانەوە، هەمان بەڵێن دەدەن.

سوپای گەورەی دۆن، ئیمتیازی هەناردەکردنی هەر بەروبوومێکی زیادە لە پێویستیەکانی خۆی، وەکو گەنم و ئاردو کەلوپەلی چەرمی و چەرمی خاو و خوری و بەرووبوومی ماسی و گۆشت و ڕۆنی حەیوانی و ڕوەکی و هەموو جۆرە توتنێك و ئەسپ و وڵسات و، تریٚ و شەراب و هەموو بەروبوومێکی بێستانی و کشتوکاڵی، دوای دابین کردنی پێویستیە محەلەیەکان، بە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمان دەدات. ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیش لە هەنبەر ئەوەدا، تراکتۆرو ئامێرێن دیکەی کشتووکاڵی و بەروبوومی کیمیاوی و کەرەسەی دەباغی، ئامێری چاپ بۆ دامەزراندنی چاپخانەیەکی حکومەتی بۆ چاپکردنی نووسراو و دیکومێنتە فەرمی و حکومەتیەکان، هەروەها کەرەستەو ئامێری پێویست بۆ کارخانانی چنین و چنینکاری خوری و لۆکە، هەروەها کەرەستەی خۆشەکردنی چەرم و دەباغچیەتی و قەندو کەرەستەو تفاقی کارەباییمان پیٚ دەفرۆشێت.

جگە لەوانە، حکومەتی سوپای گەورەی دۆن، ئاسانکاری تایبەتی بۆ پیشەسازی ئەڵمانی دەکات تا لە واری پرۆژە پیشەسازی و بازرگانیەکانی دۆندا سەرمایە گوزاری بکات، بە تایبەتی لەواری دامەزراندنی هێڵی تازەی کەشتیرانی و ڕێگای ئاوی و هاتوچۆدا.

هەبوونی یەکێتییەکی پتەو، بەرژەوەندی هاوبەش بۆ هەردوولا دابیندەکات و دۆستایەتی هەردوو میللەتی جەنگاوەری ئەڵمان و قوزاق، کە بە خوێنی جەنگاوەرانی هەردوو لا ئاودراوە، دەبیٚ بەهێزێکی پتەو بۆ لێدانی هەموو دژمنانی هاوبەشی هەردوولامان.

لە کۆتاییدا، پێویستە ئەوە بڵێم کە ئەم نامەیەی بۆ خاوەنشکۆی پایە بەرزتان نووسراوە، کەسێکی دیپلوماتکاری شارەزای وردەکاریەکانی یاسایێن نێو نەتەوەیی نەی نووسیوە، بەڵکو لەلایەن سەربازیکەوە نووسراوە، کە بە شانازییەوە لە مەیدانی پڕ شانازی جەنگدا، فێری ئەوە بووە ڕێزی هێزی چەکداری ئەڵمانی بگرێت، بۆیە هیوادارم سادەیی و یەکڕوویی و ڕاشکاوی قسەکانی من کە لە هەر ئارایشت و ڕازانەوەو فریوکارییەك بە دوورن، بمبوری و باوەری تەواو بە ڕاستگۆیی هەستەکانم بکەیت. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزی ،

جەنەڕاڵ پیوتەر کراسنوف، ئەتامانی دۆندا دا.

***

ئـەم نامەیــە ڕۆژی ١٥ی تــەمووز خرایــە بــەردەم ئەنجوومــەنی بەڕێوەبــەران و ویـّـڕای ئــەوەی ئەنجوومـەن بـە شـێوەیەکی گشـتی هەڵوێسـتێکی محافەزەکارانـەیان دەربـارەی هـەبوو و تەنانـەت بوگایفسکی و چەند ئەندامێکی دیکەی حکومەت بە هیچ جۆرێ پێی قاییل نـەبوون و بە ئاشکرا دژی بـوون، کراسـنوف بەپەلـە بێهیچ دوو دڵیـەك، تەسـلیم بـە دۆك لیختنبـورگی سـەفیری دۆن، لـە بـەرلینی کـرد، لیختنبـورگیش، هـاوڕێ دەگـەڵ چریاچوکین دا چـوو بـۆ کییـف و لـە وێنـدەرەوە بـۆ ئەڵمانیا ڕۆیی.

ئەم نامەیە، بەرلەوەی بنێردرێ، بە ئاگاداری بوگایفسکی لەدایـەرەی گشـتی کاروبـاری دەرەوەدا، چەند نوسخەیەکی لەبەر گیرایەوە. هەندێ لەو نوسخانە بەسـەر یەکە قوزاقییـەکان و ناوچە قـوزاق نشـینەکاندا، بـە شـەرح و شـرۆڤەو ڕوونکردنـەوەی پێویسـتەوە، دابـەش و بڵاوکرانـەوەو بـوو بـە وەسـیلەیەکی بــە هێـزی بانگەشــەو پڕوپاگەنـدە. ئیـدی لــەوە بـە دواوە، لـە جـاران پــتر دەنگـۆ بڵاوبووەوە کە کراسنوف خۆی بە ئەڵمانـەکان فرۆشـتووە. ناڕەزایی و دڕدۆنگی کەوتـە بـەرەکانی شەڕەوە.

لەم کـەین و بەینـەدا، ئەڵمانیـەکان کە سەرمەسـتی سـەرکەوتنەکانی خۆیـان بـوون، چریاچوکینی جەنـەڕاڵی ڕووسـییان بەسـەر سـەنگەرەکانی دەوروبـەری پاریسـدا دەگێـڕاو ئـەمیش هـاوڕێ دەگـەڵ گــەورە ئەفســەرانی ســەرکردایەتی گشــتی ســوپای ئەڵمانــدا، ئۆپەراسـیۆنە ســەرکەوتووەکانی تۆپخانەی قورسی کروپ و شکستی سوپاییانی ئەنگلۆ فەرەنسی بەچاوی خۆی دەبینی.

"٥"

یەفگینی لیستنتسکی لـە ڕێپێوانـە سـەهۆڵبەندانەکەیاندا (ڕێپێوانی سـەهۆڵبەندانی:ئەمـە ناوێك بوو کە سەربازەکانی جەنەڕاڵ کورنیلوف لە پاشەکشەکەی خۆیـان لـە ڕۆستوفەوە بۆ کوبـان –یـان نـابوو) دووجـاران برینـدار بـوو. جـاری یەکـەم لـەو شـەڕەدا برینـدار بـوو کـە بـۆ داگیر کردنــی شارۆچکەی ئوست لابینسکایا کردبوویان و جاری دووەم لەو هێرشەدا بریندار بوو کە بۆ سـەر یکاترینودار کـرد بوویـان. هـەر دوو زامەکـەی سـووك بـوون و زوو گەڕایـەوە بـۆ یەکەکـەی خـۆی. بەڵام لە مانگی ئایاردا، کاتێ کە سوپای داوخوازان لە شارۆچکەی نوڤوچرکاسکا، لـە پشـوویەکی کورتـا بـوو، نـەخۆش کـەوت و مۆڵـەتێکی پـازدە ڕۆژی وەرگـرت. هەرچـەندە زۆری حـەز دەکـرد بـۆ ماڵی خـۆی بڕواتـەوە، بەڵام لـە بـەر دووری ڕێگاکەو بۆ ئەوەی هـەموو مۆڵەتەکـەی بە ڕێگـای ئـەم سـەرو ئەوسـەرەوە بـەفیڕۆ نـەدات، وای بـەباش زانــی لــە نوڤوچرکاسـك بمێنێتــەوە. یــەکێك لــە هاوڕێیانی فەسیڵەکەی، نەقیب گورچاکوف، کە لە هەمان کاتدا مۆڵـەتی وەرگرتبـوو و بـە مـادوونی دەڕۆیشتەوە، خوڵکی کرد بۆ ماڵی خۆی کە لە نوڤوچرکاسك بوو و گوتی:

– من منداڵم نیە، ژنەکەشم بە دیتنت خۆشحاڵ دەبێت، لەنامەکانما باسی تۆم کردووەو لـە ڕێگـای ئەو نامانەوە دەتناسێت.

نیوەڕۆیـەکی ڕۆژێکـی گـەرمی هـەتاو کـە لـە ڕۆژانـی هـاوین دەچـوو، بـە سـواری عەرەبانـە خۆیـان گەیانــدە خانوویــەکی هاوینــەی چــکۆلە کــە لــە کۆڵــانێکی تــەریکی وێســتگەی قیتــاردا بــوو.

گورچاکوف، کە پیاوێکی باڵا بەرزی لاق درێژی سمێڵ ڕەش بوو، کە لە پێشەوە دەڕۆیی ڕوویکردە لیستننتسکی و گوتی:

– جاران ماڵم لێرەیا بوو.

پێی هەڵگرت، لە خۆشیا چاوە ڕەشەکانی پرشنگێکی پاراوی شینباویان لێدەبووەوە، پەڕەی کەپووە یونانیەکەی لە کەیفان دەلەرییەوە، بە شەقاوی هەڕاوەوە، لە کاتێکا چەرمی سواوی پاشەڵی پانتۆڵە سوپاییەکەی کەوتبووە خشە خش، خۆی بە ماڵەکەدا کردو ژوورەکەی پڕ کرد لە بۆنی ترشاوی سەربازان. هاواری لەو کارەکەرە کرد کە لە موبەقەکە هاتە دەرێ و بە ڕووی خۆشەوە بەرەو پیری دەهات، گوتی:

– لولیا لە کوێیە؟ ئولگانیکولایوڤنا لە کوێیە؟ لە باخەکەدایە؟ با بڕۆین لیستننتسکی.

لە باخەکەدا، پەڵە سێبەر ،عەینی پێستی بەوران، لە ژێر دار سێوەکاندا پان بوو بووەوەو هەواکە بۆنی هەنگوین و خاکی گەرمی لێدەهات. جامی عەینەکەکەی لیستننتسکی، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقانەوە. قیتارێك لە شوێنێکی دوورەوە، بە دەنگێکی ناسازو بەردەوام شووتی لێدەدا، گورچاکوف، بە دەنگی خۆی، ئەو دەنگە ناسازەی بڕی و بانگی کرد:

– لیولیا! لیولیا! ئەوە لە کوێی؟

ژنێکی باڵا بەرز، بە جلێکی زەردی ئاچوخەوە (کاڵ) لە پشت بنجە نەستەرەنەکانەوە، وەدەرکەوت، پاشان بە ڕاڕەوێکی ناو باخەکەدا بەرەو پیریان هات. هەڵوەستەیەکی سووکی بۆ کرد، بە ڕەفتارێکی ژنانەی جوانەوە، وەکو ئەوەی لە شتێك ترسابێ، هەردوو دەستی خستنە سەر سینگی: ئەوسا قریوەیەکی بۆ کرد و هەردوو دەستی بڵاوکردنەوەو بە هەشتاو بەرەو پیریان چوو. هێندە بە توندی بەرەو پیریان غاری دەدا کە لیستننتسکی، جگە لە جووڵەی ئەژنۆ خڕەکانی لە ژێر تەنوورەکەیەوەو نووکی تیژی پاپووجەکانی و خەرمانی قژە زێڕینەکەی کە بەسەر شان و ملیا شەپۆلی دەدا هیچی دیکەی نەبینی.

ژنە لە سەر نووکی پێیەکانی وەستا، باسکە گۆشتنە ڕووتەکانی، کە لە بەر تیسکی هەتاوەکەدا سوور بوو بوونەوە، لە ملی مێردەکەی وەریناو کەوتە ماچکردنی گۆنا تۆزاویەکانی، کەپووی و لێوی و گەردنی کە لە تەپوتۆزا ڕەش هەڵگەڕابوو، شڵپەی ماچەکانی وەکو دەستڕێژی ڕەشاش دەتەقیەوە.

لیستننتسکی کەوتە سڕینی چاوی چاویکلکەکەی، بەدەم سڕینی عەینەکەکەیەوە، بۆنی ئەو شاپەسندەی هەڵدەمژی کە تێکەڵی هەواکە بوو بوو. هەستی کرد بزەیەکی دەستکردی گەوجانە کەوتووەتە سەر لێوی.

دوای ئەوەی ئەم جۆش و خرۆشی شادیە نیشتەوە، بۆ ساتێك بە بێجوڵە وەستان، هەنگێ گورچاکوف، بە نەرمی دەستی ژنەکەی لە ملی خۆی کردەوە، شانی گرت و کەمێك وەری چەرخاندو گوتی:

– لیولیا... ئەمەش لیستننتسکی دۆستمە.

ژنەی تارین بەدەم هانکە هانکەوە، چاوە گەشەکانی، کە لەخۆشیان هیچیان نەدەبینی، بڕینە قەدو باڵای لیستننتسکی و گوتی:

– لیستننتسکی؟ زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت! مێردەکەم باسی تۆی بۆ کردووم...

پێکەوە بەرەو ماڵەکە گەڕانەوە. دەستە تووکنەکانی گورچاکوف، بە نینۆکە چڵکنە قەراخ شەقار شەقارەکانیەوە لە ناو قەدی باریکی کچۆڵە ئاسای ژنەکەی ئاڵا بوو. لیستننتسکی بەدەم ڕێوە ژێراو ژێر سەرنجی ئەم دەستەی دەداو بەدەم بۆنی شاپەسەندو بۆنی ئەم جەستە ژنانەیەوە کە هەتاوەکە گەرمی کرد بوو، هەناسەی هەڵدەکێشاو وەکو منداڵێك کە بە ناڕەوا سەرکۆنە کرابێ، لە ناخی دڵەوە خۆی بە نەگبەت و بەدبەخت دەزانی. بە تامەزرۆیی دەیڕوانیە پەڕەی گوێچکە بچووکەکانی ژنەکە کە چەپکێك قژی سووری زێڕین دایپۆشی بوو و دەیڕوانیە پێستی مەخمەلی گۆنای کە لە نیو مەتری ئەوەوە ڕێی دەکرد. ئەوسا نیگای وەکو نیگای بەچکە کەروێشك بۆ درزی کراسەکەی داخزی، جووتێ مەمکی قوتی سپی وەك چۆڕی شیرو جووتێ گۆی قاوەیی چکۆلەی بەدی کرد. ژنە جار جار چاوە کاڵەکانی، کە پرشنگێکی شینباویان لێدە بووەوە، بەرەو ئەو وەردەگێڕاو نیگایەکی پڕ نەوازش و دۆستانەی دەکرد. بەڵام کاتێ ژنە هەمان چاوی دەبڕیە ڕوخساری ڕەشی گورچاکوف و بە جۆرێکی تەواو جیاوازتر دەدرەوشانەوە، لیستننتسکی لە ناخی خۆیا هەستی بە ئازارێکی سووك و ڕق بزوێن دەکرد.

لیستننتسکی، لەکاتی فراڤیندا، توانی پڕ بە چاوی خۆی تەمەشای ژنی برادەرەکەی بکات. لە بەژن و باڵا جوان و ڕێك پێکەکەیاو لە ڕوخساری شیرینیدا، هەمان جوانی ڕوو لە نەمانی ئەو ژنانەی بەدی دەکرد کە تەمەنیان لە سی بەهار تێدەپەڕی. بەڵام هێشتا گەنجیەتی لە ڕەفتارو، لە چاوە پڕ ئەفسوون و گەش و خەندان و کەمێك ساردەکانیا، بە دەقی خۆیەوە مابوو. ڕوخساری، کە مۆرکی میریڤانی پێوە دیار بوو. بە هەموو ناڕێك و پێکی یەکیەوە، زۆر دڵگیر بوو، لە ڕاستیا دەموچاوی زۆر ئاسایی بوو، بەڵام ناکۆکیەك بە سیمایەوە هەبوو، زۆر زوو سەرنجی ڕادەکێشا: لە لایەکەوە لێوەکانی ناسك و شەهوانی وقەڵە شاوو سوور عەینی لێوی ژنانی ئەسمەری گێسو ڕەشی باشوور، وابوون، لەلایەکی ترەوە پێستێکی پەمەیی ساف و دوو برۆی زەردی کاڵی هەبوو. زۆر پێدەکەنی، کەسێکی خەنۆڵ بوو، بەڵام بزەو پێکەنینەکەی کە ددانە سفت و وردەکانی لەگەڵیا دەردەکەوتن، دەستکردو ساختە دیار بوو. دەنگی نزم و بێئاهەنگ بوو. بەڵام لە چاوی لیستننتسکیدا کە بە درێژایی ئەم دوو مانگەی دوایی، جگە لە سستەرو پەرستارانی شەکەت و ماندوو ڕەنگ و ڕوو سیسەڵەو چرچەڵەی سوپا، هیچ ژنێکی دیکەی نەبینی بوو، ئەم ژنە یەجگار جوان بوو. هایم وحەپەساو دەیڕوانیە سەرو قژەکەی ئولکانیکولایوڤنا، کە لا لا بە سەریەکا کەوتبوو و وەڵامی گەوجانەو بێ سەرو بەری پرسیارەکانی ئولگای دەدایەوە. ئەوسا زوو بە بیانووی ماندوویەتیەوە، چوو بۆ ئەو ژوورەی کە بۆیان تەرخان کرد بوو...

چەند ڕۆژێکی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی تێپەڕین، پاشان لیستننتسکی کە ئەو ڕۆژانەی وەبیر دەهاتنەوە، بە شانازییەوە یادی دەکردنەوە. بەڵام ئەوسا، وەکو منداڵێك، بە ناڕەوا و گەوجانە خۆی عەزاب دەدا. جووتە ئاشقە و ماشقە بەردەوام پێکەوە بوون و خۆیان لەو بەدوور دەگرت.

تەنانەت بە بیانووی نۆژەنکردنەوەوە، لە ژوورکەی تەنیشت خۆیانەوە گواستیانەوە بۆ ژوورێکی تری گۆشەیەکی دووری بینایەکە. کە گورچاکوف، باسی نۆژەنکردنەوەی ئەو ژوورەی دەکرد سمێڵی دەجوو و ڕوخساری پاك تاشراوی حاڵەتێکی جدی و تەنز ئامێزی لەخۆ دەگرت، ئیدی لیستنتسکی هەستی کرد کە بووە بە بار بەسەر دۆستەکەیەوە، بەڵام بێئەوەی بە خۆیشی بزانێ بۆ، نەیدەویست بۆ شوێنێکی دیکە بڕوات. ڕۆژ تا ئێوارێ لەبن دار سێوەکەدا، لە سایەی سێبەری فێنکی دار سێوەکەدا پاڵدەکەوت و ئەو ڕۆژنامانەی دەخوێندەوە کە لەسەر کاغەزی زەردو خراپ، بەپەلە چاپ کرا بوون. یان خەوێکی قووڵی لێدەکەوت و ماندوویەتیشی دەرنەدەچوو.

سەگێکی چکۆلەی جوانی بەڵەکیش، هاوبەشی ئەم بێزاری و بێتاقەتیەی ئەو بوو. سەگی تاین کە بە بێدەنگی غیرەی لە خاوەنەکەی دەکرد، چونکە خانمەکەی لێ داگیر کرد بوو، دەهات بۆ لای لستنتسکی و لەپاڵ ئەوا ڕادەکشاو ئاخی هەڵدەکێشا. لیستنتسکی دڵنەوایی دەکرد، دەستی بە پشتیا دێناو لەبن لێوانەوەو بە جۆش و خرۆشەوە، چەند بەیتە شیعرێکی بونینی بۆ دەخوێندەوە:

(بونین ١٨٧٠ – ١٩٥٣، نووسەرو شاعیرێکی گەورەی ڕووسی بوو.)

بنوو، بنوو.. چاوانی زێڕینی تۆ، ئەوەتا لە جاران تاریك تر دەنوێنێ.

هەرچی شیعرێکی شیرینی هەنگوین ئاساو بۆنخۆشی بونینی لەبەر بوو بە تاسەوە دەخوێندەوەو ئەوسا خەو دەیبردەوە...

ئولگا نیکولایوڤنا، بە غەریزەو بۆنی ژنانەی خۆی پەی بەوە برد کە چ شتێك لیستنتسکی ئازار دەدات. ئۆلگا کە لەسەرەتاوە بە پارێز بوو لەگەڵیا، ئەمەش کردیە کارێك کە هێندەی دی بەرانبەری بە پارێز بێ. ئێوارانێك کە پێکەوە لە باخی شار دەگەڕانەوە (گورچاکوف، چەند ئەفسەرێکی کەتیبەی مارکوف، لەبەر دەرگای باخەکە بە قسەوە گرتبوویان.) لیستنتسکی قۆڵی کرد بە قۆڵی ئۆلگادا، هێندە بە توندی ئانیشکی گوشی کە ئۆلگا هەراسان بوو و بەدەم بزەیەکەوە پرسی:

– بۆچی بەمجۆرە تەمەشام دەکەیت؟

لیستنتسکی، بەخەیاڵی خۆی، جۆرە عیشوەو نازێکی لە دەنگە نزمەکەیدا خوێندەوەو جورئەتی پەیدا کرد کە شیعرێکی ڕۆمانسی بۆ بخوێنێتەوە. چەند ڕۆژێك بوو بە شیعرەوە گرتبووی. سەری دانەواندو بە زەردەخەنەوەو لەبن لێوانەوە گوتی:

لێوەی نزیکم، کەوتومە داوی سیحری ئەو
وێڵ و سەرگەردان،
لە نێوان پەردەیەکی تاریکەوە دەڕوانم،
کەناری دڵفریب و ئەو
جادووگەرە دوورە دەستە دەبینم.

ئولگا نیکولایوڤنا، به ئەسپایی قۆڵی له قۆڵی دەرهێناو به دەنگێکی شادو سوعبەت ئامێزەوه گوتی:

– یەفگینی نیکولایـوفیچ، بەسـه.. دەزانم نیـازت چیه.. مـن نـاتوانم ئـەم ڕەفتـارەت لـێ قـەبووڵ بکەم... تۆ شەرم له خۆت ناکەیت؟ گوێ بگرە گوێ.. من وامدەزانی تۆ له خەڵکی دی جیاوازی... ئەمەش شەرمه، وانیه؟ من لەوانه نیم، من لەوانه نیم بەمجۆرە تاقی بکرێمەوه. دەتەوێ ئاشقێنیم لەگەڵدا بکەیت؟ جا با دۆستایەتیەکەمان بمێنێ و خۆت کەر مەکه، تێگەیشتی؟ دەی کوا دەستت بێنه.

لیستنتسکی، له هەوەڵەوه خۆی عاجز و زویر نواند. بەڵام دواجار دەستی لەم گەمەیه هەڵگرت و شانبه شانی ئـەو لـه قاقای پێکەنینی دا. کـه گورچاکوف، گەییـەوه پێیـان، ئولگا شـۆخ تـرو شادتر بوو. لیستنتسکی هیچی نەدەگوت، بێدەنگ بوو. بەدرێژایی ڕێگاکەو تا گەیینەوه ماڵەوه، لەدڵی خۆیدا خۆی سەرزەنشت و سەرکۆنه دەکرد

ئولگا نیکولایوڤنا، به هەموو زیرەکیەکی خۆیەوه، به هـەموو قەناعەتێکەوه پێی وابوو کـه دوای ئـەم گفتوگـۆ ڕێـك و ڕاسـت و ڕاشـکاوانەیه، دەبـن بەدۆسـت. لیستنتسـکی بـه ڕواڵـەت و ڕەفتـاری خۆی ئەو قەناعەتەی لەلا چەسپاند، بەڵام لەدڵی خۆیدا، له ناخا لێی بێزار بوو، تەقریبـەن ڕقـی لێی بوو، پاش چەند ڕۆژێك هەستی دەکرد. بەڕقێکی زۆرەوه لـه خەسڵەته ناشرینەکانی خـوو و کەسـێتی ئولگـا دەگـەڕێت، هـەنگێ هەسـتی کـرد خەریکـه دەکەوێتـه ئەشـق و ڤیـانێکی قـووڵ و ڕاستگۆیانەوه.

ڕۆژانـی مۆڵەتەکـەی بـەرەو تـەواوبوون دەچـوو. یـادەوەرەی ئـەم ڕۆژانـه لـه ویـژدانیا هێشـتا بـه تـەواوەتی بـنی نـەنابووەوه. سـوپای داوخـواز، کـه ئیسـراحەتی کـرد بـوو و ڕیزەکـانی خـۆی بـه تەواوەتی ڕێك خستبووەوه، خۆی بۆ شەڕ ئامادە دەکرد. سوپا بەرەو کۆبان کەوتـه پێشڕەوی. گورچاکوف و لیستنتسکی بەپەله نوڤوچرکاسکیان بەجێهێشت.

ئولگـا تـا وێسـتگەکه بـەڕێی کـردن. کراسـه ئاوریشـمه ڕەشـەکەی بـەری، هێنـدەی دی جوانیـه مەنگەکەی بەرجەسته دەکرد. به چاوانی فرمێسکاویەوه. بزەی بۆ دەکردن. لێوه هەڵماساوەکانی شەقڵێکی دڵئەنگێزو منداڵانەی به سیماو ڕوخساری دەبەخشی. لیستنتسکی، ئه وێنـەو گـەش و نـەگۆڕەی، وەکـو یادگـارێکی گرانبـەها، وەکـو شـتێکی پـیرۆزی دووره دەسـت، لـه گەرمـەی شـەڕو خوێنرێژیدا، له یادگەی خۆیدا پاراست.

سـوپای داوخـوازان، لـه مـانگی تـەموزدا، سـەر لـه نـوێ چـووه شـەڕەوه. لـه یەکـەم شـەڕا پارچـه تۆپێـك ورگـی نـەقیب گورچـاکوڤ هەڵـدڕی. بەلـەز گواسـتیانەوه بـۆ پشـت بـەرەی شـەڕ. دوای سـەعاتێك، لـه کاتێکـا لـه نـاو عەرەبانـه کـەوتبوو، خـوێن و میـزی لەبـەر دەڕۆیـی، بـه لستنتسـکی گوت:

– پێموا نیـه بمرم... یەکسـەر عەمـەلیات و نەشـتەرگەریم بـۆ دەکـەن. وەکـو دەڵـێن کلوروفورمیـان نیـه... بەڵام ئەمه نابێته بایسی مەرگم. وانیه؟ بەڵام گریمـان مـردم... یەفگینی گیـان، مـن ئێسـتا

تەواوی هۆشم بە خۆمە... یەفگینی، ئۆلگا فەرامۆش مەکە، نە من کەسوکارم هەن نە ئولگا، تۆ پیاوێکی باش و ئابڕوومەندی بیخوازە... زەماوەندی لەگەڵ بکە... ناتەوێ؟

گورچاکوف، بەچاوانی پڕ پاڕانەوەو ڕقەوە دەیڕوانیە لیستنتسکی، گۆنا بە ڕیشەکانی دەلەرزین. بەپارێزەوە دەستە خوێناوی و خۆڵاویەکانی خستە سەر ئەو شەبەقی زامەی کە کەوتبووە ورگی. زمانێکی بەو جواناوە پەمەییەی سەر لێویا هێناو لەسەری ڕۆیی و گوتی:

– بەڵێنم دەدەیێ؟ کە فەرامۆشی نەکەیت... هەڵبەتە ئەگەر تۆش بە دەستی سەربازانی عەگیدو ڕەشید نەکوژرێی. بەڵێنم دەدەیەی؟ بۆ وەڵام نادەیتەوە؟ ژنێکی نازەنینە، ژنانەیە (سیمای گرژ بوو) یەکێکە لەو بابەتە ژنانەی کە تورگینیف لە بەرهەمەکانیا بەرجەستەی کردوون... لەم ڕۆژگارو سەردەمانەدا ژنی وا نابێتەوە... بۆ وەڵامم نادەیتەووە؟

– بەڵێنت دەدەمێ.

– دەی باشە، ئیدی بڕۆ گوم بە! بەدوعا!

بەدەستێکی لەرزۆك، دەستی لیستنتسکی گرت، بە قورسی و بەشێوەیەکی نائومێدانە، بەرەو خۆی ڕایکێشا، بە حاڵە حاڵ سەری، کە لەئارەقەدا هەڵکێشا بوو. کەمێك بەرز کردەوەو لێوە وشکەکانی نایە سەر دەستی لیستنتسکی. پاشان بەلەز ڕووی وەرگێڕاو، بەچمکی پاڵتۆکەی سەری خۆی داپۆشی. لیستنتسکی کە شپرزە بوو بوو، لە رزەیەکی ساردی بەسەر لێوانی و تەمێکی تاریك و نمداری بەسەر گۆناکانیەوە بینی بوو.

گورچاکوف، دوای دوو ڕۆژ گیانی سپاردو، بیست و چوا سەعات دوای ئەو، لیستنتسکی – ش، هەردوو بازوو و ئەستورایی ڕانی چەپی بە سەختی برینـدار دەبن و دەگوازرێتەوە بۆ تیخورتسکایا.

لە نزیکی کورینڤسکایا، شەڕێکی دوورو درێژو قورس قەومی بوو. کەتیبەکەی لیستنتسکی دوای دووجار هێرش و هێرشی پێچەوانە ، بۆ جاری سێیەم ئەمر بە فەوجەکەی کرا کە پێشڕەوی بکات. لە کاتێکا بە هەنگاوی سست و قورس، بە نێو تەبارە گەنمێکا ڕێی دەکرد، فەرماندەی سریەکەیان، هانی دەدان: "بەردەوام بن کوڕینە، کەس سەنگەر نەگرێ، هەرنە پێش، دلێران! لەپێناوی کورنیلوف دا پێشڕەوی بکەن!" لیستنتسکی، کە بە نێو تەبارە گەنمەکەدا دەڕۆیی، پەیتا پەیتا نووچی دەدا، بە دەم نووچدانەوە، بە دەستی چەپ بیڵچەکەی وەکو سپەر بە سەر سەریەوە گرتبوو، و بەدەستی ڕاست تفەنگەکەی گرتبوو. لەپڕ گوللەیەك بە گیزە گیز هات، دای لە بێڵچەکەی دەستی و تیغی کرد. دەستی ڕاستکردەوەو بە خۆشیەوە گوتی: "تیغی کرد!" بەڵام هەر تۆزێك دواتر، جەزرەبەیەکی کوت و پڕو ترسناك، قۆڵی ڕاتەکاند. بێڵچەکە لە دەستی پەڕی و گەرماو گەرم و بەدەم شەڕەوە، بێئەوەی سەری بە هیچ شتێك بپارێزێ، بیست مەترێك بەغاردان چووە پێشێ ویستی قەمەکەی بخاتە سەر تفەنگەکەی، بەڵام نەیتوانی دەستی بەرزبکاتەوە، ئازای جمگەکانی، لە تاو ئازار هاواریان دەکرد. لە نێو خەتە جووتێکا پاڵکەوت، هەرچی دەکرد خۆی پێ زەوت نەدەکرا، پەیتا پەیتا هاواری دەکرد. لەو کاتەدا کە کەوتبوو، فیشەکێکی دیکە هات و جزا بە ئەسورایی ڕانیا، بەرە بەرە بەدەم ئازارەوە لە هۆش خۆی چوو.

لە تیخورتسکایادا بازووە وردو خاشەکەیان بڕییەوەو پارچە ئێسکێکیانیش لە حەوزی دەرهێنا. پـازدە ڕۆژ بـەدەم ئـازارو دەردو نائومێدییـەوە لـە خەسـتەخانە مایـەوە. دوای ئـەوە بردیـان بـۆ نوڤۆچرکاسك و لەوێدا یـەك مـانگی زۆر زەحمـەت و ناخۆشـی لـە نەخۆشـخانەدا گوزەرانـد: بـرین پێچی، چارەی بێ تامی پەرستاران و پزیشکان، بۆنی تیژی یۆدو کاربولیك نەدەبڕایەوەو.. ئولگا جار جارێك سەری دەدا. گۆناکانی زەرد هەڵگەڕا بوون. جلکی تازیـە باری ،خـەم و پـەژارەی لـەبن نـەهاتووی، چـاوە بـێ فرمێسـکەکانی، زەقتر دەکـردەوە. لیسـتنتسـکی، ماوەیـەکی زۆر لـە نیگـای خـەمین و ڕوخسـاری ژاکـاوی ورد دەبـووەوە، لـە شـەرما ورتـەی لێـوە نـەدەهات و قـۆڵی خـاڵی کراسـەکەی بەدزییـەوە وەبـن پەتۆکـە دەدا. ئۆلگـا، بـەبێ مـەیلی وردەکـاری چـۆنیەتی مردنـی مێردەکـەی لـێ دەپرسـی و بـەدەم گوێگرتنـەوە، نیگـای ئـاوارەی نـاو یـەك ب ەیـەکی تەختـەکان دەکردو دیار بوو کە بە شێوەیەکی سەرڤە سەرڤە گوێ دەگرێت.

لیستنتسـکی، پـاش ئـەوەی لـە نەخۆشـخانە دەرچـوو، چـوو بـۆ سـەردانی ئۆلگـا. ئۆلگـا لەسـەر قاڵدرمەکانی بەر ماڵەوە پێشوازی کـرد. کـە لیسـتنتسـکی سـەری، بە قژە پڕو زەردو کورتەکەیـەوە دانەواند تا دەستی ئۆلگا ماچ بکات، ئۆلگا ڕووی وەرگێڕا. لیستنتسـکی ڕدێنی پاك تاشی بوو، یونیفۆرمێکی جـوانی خـاکی، بەدەن چەسـپی وەکـو هەمیشـە شـیکی لەبـەر کـرد بـوو، بەڵام قـۆڵی خـاڵی قەمسـەڵەکەی و ئانیشـکی پێچـراوی قۆڵـە بڕاوەکـەی، کـە بـە قەدیـەوە تەکـە تـەکی بـوو، عەزابیان دەدا.

چوونە ژوورەوە. لیستنتسکی، بێئەوەی دابنیشێت، گوتی:

– بـوریس، پـێش ئـەوەی بمرێـت، تکـای لێکـردم کـە... کـارێکی وایکـرد بـەڵێنی بـدەمێ کـە تـۆ فەرامۆش نەکەم... بە تەنیا جێت نەهێڵم...

– دەزانم.

– چۆن؟

– لەدوا نامەیا ئەمەی بۆ نووسی بووم.

– حەزی دەکرد کە ئێمە پێکەوە بژین... هەڵبەتە ئەگەر تۆ بەمە قاییل بیت و ڕازی ببیت شوو بـە پیـاوێکی نوقسـان و کـەم ئەندام بکـەیت. تکایـە بـاوەڕ بکـە... دیـارە باسـکردنی هەسـت و سـۆزی خۆم لەم هەلو مەرجەدا... بەڵام لە کانگای دڵمەوە، خوازیاری شادمانی و بەختەوەری تۆم.

قسە پچڕ پچڕ و، لە ڕووداوانەکەی کاریان لە ئۆلگا کردو گوتی:

– بیرم لەم کارە کردووەتەوە... من قاییلم.

– دەڕۆین بۆ سەر موڵك و مەرزاکەی باوکم.

– باشە.

– پاشان، شتەکانی دی تەرتیب دەکەین.

– باشە.

لیستنتسکی بەوپەڕی ڕێزەوە دەستی ئۆلگای کە وەکو چینی سووك بوون، ماچ کرد. کە چاوانی پڕ پاڕانەوەو تکای هەڵبڕین، تارمایی بزەیەکی تیژ تێپەڕی بەسەر لێوانی ئۆلگاوە بەدی کرد.

ئەشق و تامەزرۆیی سێکسی، لیستنتسکی بەرەو ئۆلگا بکێش دەکرد. وای لێهات هەموو ڕۆژێ دەچووە دیدەنی.. دڵی، کە لە ڕووداوێن ڕۆژانەی شەڕ، بێزارو ماندوو بوو بوو، خوازیاری خەون و خەیاڵان بوو. کە بە تەنیا دەبوو. وەکو قارەمانی ڕۆمانێکی کلاسیکی تەمەشای خۆی دەکردو خۆی دەدواند، بە کاوەخۆ، لەخۆیا بۆ ئەو هەستە بەرزانە دەگەڕا کە هەرگیز دەربارەی هیچ کەسێك نەی بوو بوو، ڕەنگە ئەمە زیاتر بۆ شاردنەوەو بالاّ بردنی ئارەزووە سێکسیە سەرەتاییەکانی خۆی بووبێ. بەڵام ئەم خەون و خەیاڵە لە واقیعەوە دوور نەبوو، نەك هەر جازیبەی سێکسی، بەڵکو داوێکی دیکەی نادیاریش بەرەو ئەم ژنەی ڕادەکێشا کە بە ڕێکەوت هاتبووە ژیانیەوە. هەوڵیدەدا، هەستە گۆنگەکانی خۆی شیبکاتەوە، لە بنج و بناوانیان بکات. بەڵام تەنیا یەك شتی بەلاوە ڕوون و ئاشکرا بوو، ئەویش ئەمە بوو کە بە هەموو کێماسیەکی بەدەنیەوە، بە هەموو نوقسانیەکی جەستەییەوە، غەریزەو ئارەزوویەکی تۆسن و چەمووش و هەوسار پچڕ بوو، فەرمانی پێدەکرد: "هەموو شتێك بۆ من ڕەواو ڕێگە پێدراوە" تەنانەت لەم ڕۆژانی تازیە باریەشدا، کە ئۆلگا هێشتا تازیە باری ئەو کۆستە گەورەیە بوو. یەفگینی، لە ڕادەبەدەر ئارەزووی ئەوی دەکرد، بەمردویەتیش غیرەی لە بوریس دەکردو... ژیان وەکو گەرداوێکی کەف چەڕین بەدەوریا دەسوڕایەوە. ئەو پیاوانەی کە بۆنی باروت هێڕی کرد بوون و بویەرو ڕووداوێن شەڕ کەڕو کوێریکرد بوون، بە تامەزرۆیی و بێباکیەوە بۆ ئەو ساتە دەژیان کە تیایدا بوون. دەیانویست ئەو پەڕی لەزەت لە ژیان ببینن. لەوەیە لەبەر ئەمە بووبێ کە لیستنتسکی ئەوەندە بە پەلەم بوو کە ئۆلگا بکات بە شەریکی ژیانی خۆی، چونکە لە ناخی خۆیا، بە شێوەیەکی گۆنگ، دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو دۆزەی ئەو لە پێناویا ڕێگەی مەرگی گرتبووە بەر، بێئاکامەو شکست دێنێ.

ئیدی نامەیەکی دوورو درێژی بۆ بابی نووسی و خەبەری دایە کە ژن دێنێت و بەو زووانە لەگەڵ ژنەکەیدا دێنەوە بۆ یاگودنویە.

"... ڕۆژگاری خزمەتی من تەواو بوو، من خزمەتی خۆمم کرد.. هەڵبەتە دەمتوانی بە یەك دەستیشەوە، لە کوشتاری ئەم یاخی و گەجەرو گوجەرانە بەردەوام بم. لە کوشتاری ئەم "جەماوەرە"دا کە ڕۆشنبیرانی ڕووس دەیان ساڵ داکۆکیان لێکردن و فرمێسکیان بۆ ڕشتن، بەردەوام بم. بەڵام هەرچەند سەر دێنم و سەر دەبەم ئەم کارەم پێهەرس ناکرێ و هیچ مانایەکی تیا نابینم... کراسنوف و دنیکین ڕێك ناکەون و لە هەردو ئۆردوگاکەدا جگە لە دەسیسەو پیلان و پیلانگێڕی و ڕیسوایی و گەندەڵکاری هیچێ دی بەدی ناکرێت. هەندێجار ترسم لێدەنیشێت. ئاقیبەتی ئەم کارە بەچی دەبێ و دەگاتە کوێ؟ من دێمەوە بۆ ماڵ، تا بەیەك قۆڵەوە، دەستت لەمل بکەم و تا لەگەڵ تۆدا بژیم و لە دوورەوە تەمەشای ئەم ململانێ و کێشماکێشە بکەم. من ئیدی سەرباز نیم، لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە کەسێکی نوقسان و پەککەوتەم. شەکەتم

لەوەی پترم پێناکرێت. ڕەنگە ئەمە هۆکاری ژن هێنانی من بێ، بمەوێ "لەنگەرگایەکی ئارام" بۆ خۆ دابین بکەم."

بەو ڕستە خەماوی و تەنز ئامێزانە کۆتایی بە نامەکەی هێنا بوو.

قەراریان دا دوای هەفتەیەکی دی لە نوڤوچرکاسکەوە بکەونەڕێ. لیستنتسکی، چەند ڕۆژێك پێش ڕۆیشتنەکەیان گواستیەوە بۆ ماڵی ئۆلگا. ڕۆژی دوای یەکەم شەوی ویساڵیان. ئۆلگا زۆر خەمین و بێتاقەت بوو، ترووسکەی ڕوناکی بەسەرو چاویەوە بەدی نەدەکرا، ڕاستە ملی بۆ داواکانی لیستنتسکی دەدا، بەڵام ئەم کارەی لەبەر گران بوو، هەستی بەجۆرە سووکایەتیەك دەکرد. لیستنتسکی نەیدەزانی یان نەیدەویست بزانێ، کە هەر یەکێك لەوان، پێوەرێکی جیای بۆ ئەم ئەشقە هەیە، بەڵام یەك پێوەریان بۆ کەرب و کین هەبوو.

تا کاتی ڕۆیشتنیان بۆ یاگودنویەش، لیستنتسکی بە دەگمەن و بەبێ مەیلی بیری لە ئەکسینیا دەکردەوە. وەکو چۆن کەسێك بەدەست خۆی لە تیشکی هەتاو دەپارێزێت، ئەویش بەو ئاوایە خۆی لە بیرکردنەوە دەربارەی ئەکسینیا دەپاراست. بەڵام یادی ڕابردوو، یادی ڕابواردنەکانیان کە نەیدەتوانی لە بیری بکات، وەکو پرتەوی ڕوناکی دادەچۆڕایە یادگەیەوەو ئازاری دەدا. تەنانەت جارێك لە هزری خۆیدا بیری لەوە کردەوە: "پەیوەندی لە گەڵدا نابڕم، بەم دیفاکتۆیە قاییل دەبێ" بەڵام دەماری پیاوەتی جوڵاو لێبڕا هەر کە گەیشتنەوە، بە ڕاشکاوی قسەی دەگەڵ بکات و ئەگەر بکرێت پەیوەندی لەگەڵدا ببڕێت.

دوای چوار ڕۆژ گەیینە یاگودنویە. خاوەن ماڵی پیر، لە یەك فرسەخی موڵك و مەزراکەی خۆیا پێشوازی کردن. یەفگینی لە دوورەوە بابی خۆی بینی کە بە زەحمەت پێی لەسەر کورسی عەرەبانە تاك ئەسپیەکەی هەڵبڕی و کڵاوەکەی لە سەری داکەند.

پیرەمێرد بە دەنگە گڕەکەی خۆی گوتی:

– هاتووین بۆ پێشوازی میوانە ئازیزەکانمان. دەی بەخێر بێنەوە، کوا با بتان بینین...

بە پەشۆکاوی، دەستی لە ملی بووکەکەی وەریناو سمێڵە زبرو بۆزە ئامال کەسکەکەی، کە بۆنی تووتنی لێدەهات، لە گۆناکانی هەڵسوو.

یەفگینی گوتی:

– باوکە، لە گەڵ ئیمەدا سوار بە. دەی عەرەبانچی بکەوە ڕێ، ئۆو ئەمە تۆی باپیرە ساشکا؟ سڵاو! هێشتا ماوی؟ باوکە وەرە شوێنەکەی من، من دەچمە لای عەرەبانچیەکەوە.

پیرە مێر، لە تەنیشت ئۆلگاوە دانیشت. بە دەستە سڕەکەی سمێڵی سڕی. بە وردی و، بە ڕواڵەت بەبێ خەمی ڕوانیە کوڕەکەی:

– ئێ کوڕی خۆم، حاڵت چۆنە؟

– خۆشحاڵم کە ئەمجارەش بەدیتنتان شادبوومەوە باوکە گیان.

– ئێ، یانی خۆت گوتەنی نوقسان بوویت؟

– بەڵێ، ئیدی ئاوایە، چ بکەین...

پیرەمێرد، بەدەم تەماشاکردنی یەڤگینی یەوە، هەوڵیدەدا هەست و سۆزی باوکانەی بشارێتەوەو وا بنوێنێ کە بەلایەوە گرنگ نیە، بەڵام نیگاشی لە تەماشا کردنی قۆڵی بە تاڵی قەمسەڵەکەی، کە کردبوویە ژێر پشتێنەکەیا، دەدزییەوە.

یەڤگینی، شانەکانی هەڵتەکاندن و گوتی:

– هیچ نییە، لە گەڵیا ڕاهاتووم.

بابی هەڵیدایەو گوتی:

– هەڵبەتە ڕادێی. گرنگ ئەوەیە سەر سەلامەت بیێ. تۆ بە سەربەرزی گەڕاویتەوەو ئەمە جگە لەوەی دەستکەوت و "دیلێکی" جوانیشت لە گەڵ خۆدا هێناوە.

یەڤگینی، ئەو نوکتەو سوعبەتە تەقلیدی و کۆنەیەی بابی پێخۆش بوو. بەچاو لە ئۆلگای پرسی: "ڕەئیت بەرانبەر بابم چۆنە؟"و بەبزە شادەکەی ئۆلگاو نیگا گەرمەکانیا بۆی دەرکەوت، کە خۆشی بە بابیا چووە.

ئەسپە بۆرەکان، بەگردەکەدا داگەڕان، بە هەشتاو عەرەبانە سووکەڵەکەیان ڕادەکێشا. لە دوورەوە بیناکان و ترۆپکی دارو درەختانی سەوزو ماڵەکەی ئاغا، بە دەرو دیواری سپی و دارو درەختی ئەفرای بەر پەنجەرەکانەوە دەرکەوت. ئولگا، هاتە جۆش و گوتی:

– ئێرە چەند جوانە! پەح کە جوانە!

چەند تاژیەکی ڕەش، بە هەشتاو لە حەوشە وەدەرکەوتن و کەوتنە سوڕانەوە بە دەوری عەرەبانەکەدا، باپیرە ساشکا، قامچیەکی کێشا بە پشتی یەکێکیاندا کە دەیویست خۆی هەڵبداتە ناو عەرەبانەکە و بەتووڕەیی تێی خوڕی:

– دەی، هەر ئەوە ماوە خۆت بخەیتە ژێر چەرخەکەوە، هەڕو دەی!

یەڤگینی پشتی لە ئەسپەکان بوو، هەندێجار کە دەیان پڕماند، پرژەی دەمو قەپۆزیان بەدەم بایەکەوە دەهات و بەر ملی ئەو دەکەوت.

بەخۆشیەوە دەیڕوانیە باوکی، دەیڕوانیە ئۆلگاو دەیڕوانیە ئەم بەرو ئەوبەری جادەکە، کە تا چاو بڕکات هەر تەبارە گەنم بوو، دەیڕوانیە ئەو گردانەی ئەودیو تەبارە گەنەمەکانەوە کە بەرە بەرە بەرز دەبوونەوەو بەری ئاسۆی دووریان دەگرت. ئۆلگا گوتی:

– چەند شوێنێکی چۆڵ و بێدەنگە! چەند کڕو کپە!

ئۆلگا بەدەم زەردەخەنەوە، دەیڕوانیە ئەو قاژوانەی کە بەسەر جادەکەدا دەفڕین. دەیڕوانیە ئەم دەوەن و بنجە ڕوەك و سێپەڕەو چەودەرانەی کە بەخێرایی لە دوایانەوە بەجێ دەمان.

بابی یەڤگینی، چاوەکانی ویکهێنانەوە و گوتی:

– وا بەرەو پیرمان دێن.

– کێ؟

– ڕەنجبەر و پیاوەکانمان.

یەڤگینی ئاوڕێکی دایەوە، هەرچەندە هێشتا دوور بوو و بە تەواوەتی دەموچاوەکانی نە دەناسییەوە، بەڵام وای هەستکرد یەکێك لە ژنەکان ئەکسینیایە، یەکسەر دەموچاوی سور

بووەوە. لە دڵی خۆیدا بە تەمای ئەوە بوو، بێزاری و تووڕەیی بە ڕوخسارو سیمایەوە بدینێ، بەڵام کاتێ عەرەبانەکە، بە خشە خش لە دەروازەکەوە وەناو حەوشە کەوت، بە نیگەرانیەوە تەمەشای سەمتی ڕاستی خۆی کرد، کە ئەکسینیای بینی سەری لە ڕوخساری خەندانی سووڕما. شادیەکی مەنگ بە سیمایەوە دیار بوو، کە ئەوەی بینی وەکو ئەوە وابوو بارێکی قورسی لە سەر شان لاچووبێ، بەدڵی ئاسوودەوە، بە ئاماژەی سەر سڵاوی لێکرد.

ئۆلگا، بە چاوانی پڕ ستایشەوە ئاماژەی بۆ ئەکسینیا کردو گوتی:

– چەند جوانێکی عیشوەگەرە! ئەمە کێیە؟ بە ڕاستی جوانێکی بە ئالۆشە. وانیە؟

یەڤگینی کە وەخۆ هاتبووەوە، بە ئارامی و خوێنساردی قسەکەی بۆ سەلماند:

– بەڵێ، ژنێکی جوانە... کارەکەرمانە.

---

هاتنی ئۆلگا، کەش و هەوای ماڵەکەی گۆڕی. ئەڕبابی پیر کە جاران، ڕۆژ تا ئێوارێ بە کراسی خەو و تراکسودێکی ژێرەوەی خوری لە ماڵەوە دەسوڕایەوە. فەرمانی دا، کە جل و بەرگە جەنەڕاڵیەکەی، کە بۆنی ئەسپەنیکیان لێدەهات، بۆ لە باولان بێننە دەرێ. جاران گوێی بە ڕواڵەت و دیمەنی خۆی نەدەدا، کەچی ئێستا بە ئاستەم چرچێکی بە جل و بەرگەکەیەوە دیبا، لە ئەکسینیا تووڕە دەبوو، خۆ ئەگەر بەیانیان پیڵاوەکانی بە بۆیاخ نەکراوی بۆ هێنابا، خێسەیەکی وای لێدەکرد هەترەشی دەبرد. پیرەمێرد، تەواو بەخۆی ڕادەگەیی، بوژایەوە، ئاو زاییە گۆناکانی و گەشانەوە، هەموو ڕۆژێ ڕدێنی دەتاشی و تیف تیفەی دەدا، ئەمە مایەی سەرسوڕمان و شادی یەڤگینی بوو.

ئەکسینیا، بۆ ئەوەی جێ لەق نەبێ و سەریەشە بۆ خۆی دروست نەکات، مەرایی خانمە گەنجەکەی دەکرد، هەوڵیدەدا ڕازی بکات، خاکیانە خزمەتی دەکردو ڕیایی لەبەر دەکرد. لوکریاش، هێندەی لە توانایدا بوو، هەوڵیدەدا خواردنی باش و بەلەزەت ئامادەو دروست بکات، جۆرەها خواردنی بەلەزەت و بەتام وبۆی دادەهێنا. تەنانەت باپیرە ساشکاش، بە هەموو پیری و بیتاقەتیەکی خۆیەوە کەوتبووە ژێر کاریگەری و باندۆری ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە یاگودنویەدا هاتبوونە ئاراوە.

ڕۆژێك، ئەربابی پیر، ساشکای لەبەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا بینی، لە سەراپای ورد بووەوە، دەموچاوی سوور بووەوە، بە ئاماژەی قامکان، بانگی کرد، لە کاتێکا چاوانی بە هەڕەشەوە دەگێڕان، گوتی:

– ئەمە چیە، کوڕی قەحبە؟ پانتۆڵەکەتت دیتووە؟

باپیرە ساشکا، بە گۆساخی بەرسڤی دایەوە:

– نا. چیەتی؟

بەڵام لەم پرسیارە کوت و پڕەو، لە دەنگی لەرزۆکی ئاغای، کەمێك نیگەران بوو.

– بێشەرەف، ئەم ماڵە ژنی گەنجی تیایە. چیە دەتەوێ دیق کوژم بکەی هەی سەگ دایك؟ بۆچی دوگمەی پانتۆڵەکەت داناخەیت، هەی پیرە سابرێنی (تەگە، نێری) بۆگەن، ها؟

ساشکا، بە قامکە چڵکنەکانی بە بێدەنگی دەستی بۆ ناو گەڵی برد وەکو یەکێك پەنجە بە دوگمەی ئۆرکۆدیونیکدا بێنێ، بەو ئاوایە دووگمە زۆرەکانی پانتۆڵەکەی یەك یەك داخست. خەریك بوو، وەڵامێکی گۆساخانەی دیکەی ئاغا بداتەوە، بەڵام ئاغا، بە هەمان تین و گوڕی ڕۆژگاری گەنجیەوە، بە جۆرێ پێی بە عاردیدا دا، کە نووکی چکمە مۆد کۆنەکەی شەقی برد. هاواری کرد:

– بڕۆ بۆ تەویلەکەت! دەی بڕۆ! بە لوکریا دەڵێم بتخاتە ئاوی گەرمەوە. بڕۆ خۆت قەشاویش (ڕنەك) بکە، ئەم چڵکە لە خۆت بکەوە، نابینی چڵکەسوو بوویت هەی بارگیر!

یەڤگینی ئیسراحەت بوو، بەخۆو تفەنگەکەیەوە، دەکەوتە شیوو دۆڵە بێئاوەکان و لە هەرزنە جاڕە دوراوەکاندا، ڕاوە کەوی دەکرد. شتێك ئازاری دەدا. ئەو شتەش مەسەلەی ئەکسینیا بوو. ئێوارەیەك باوکی بانگی کرد بۆ ژوورەکەی خۆی. بە نیگەرانیەوە چاوی بڕینە دەرگاکەو بیئەوەی تەمەشای کوڕەکەی بکات، پرسی:

– من، بەخۆت دەزانی... ببورە کە خۆم لە کاروباری شەخسیت هەڵدەقورتێنم، بەڵام دەمەوێ بزانم، بە نیازی چیت دەربارەی ئەکسینیا؟

یەڤگینی، بەلەز سیگارێکی پێکرد، ڕێك وەکو ئەو ڕۆژەی کە هاتەوە، خوێن زاییە دەموچاوی، سوور بووەوە، چونکە بە خۆی هەستی دەکرد سوور دەبێتەوە، هێندەی دی سوور بووەوە. بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە گوتی:

– نازانم... باوەڕ بکە نازانم. بە زاتی خوا نازانم...

پیرەمێرد، بە دەنگیکی جدی و پڕ متمانەوە گوتی:

– بەڵام من دەزانم! هەر ئێستا بڕۆ بۆ لای و قسەی لەگەڵ بکە. بەڵێنی پارەی بدەیە، دەمی چەور بکە، بەپارە زمانی ببڕە.

پیرەمێرد، لە ژێر سمێڵەکانیەوە بزەیەکی بۆ کردو لە سەری ڕۆیی:

– داوای لێبکە بابڕوات، یەکێکی دی لە جیاتی ئەو پەیدا دەکەین.

یەڤگینی، یەکسەر چوو بۆ نشینگەی ڕەنجبەرو خزمەتکارەکان. ئەکسینیا کە پشتی لە دەرگاکە بوو، خەریکی هەویر شێلان بوو. دەفەی شانەکانی لەپشتەوە، چالاکانە دەجوڵان و هێندەی دی چاڵایی پشتیان بەرجەستە دەکرد. هەردوو قۆڵە قەڵەو و ناسك و ئەسمەرەکەی تا ئانیشکان هەڵکردبوو. یەڤگینی تەمەشایەکی قژە پەخش و پەرێشانەکەی، کە لا لا بەسەر شان و ملیا کەوتبوو، کردو گوتی:

– ئەکسینیا، تکایە دەقیقەیەك کارم پیتە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

ئەکسینیا، یەکسەر ئاوڕی دایەوە. هەوڵیدەدا، خۆی زۆر گوێڕایەڵ و فەقیرو خزمەتگوزار بنوێنێ. بەڵام یەڤگینی، بینی کە چۆن قامکەکانی، بەدەم دادانەوەی قۆڵی کراسەکەیەوە، دەلەرزین.

– ئێستا دێم.

نیگایەکی سرك و سڵی ئاشپەزەکەی کرد، بەدەم بزەیەکی شادی گوێڕایەڵانەوە، بە بێئەوەی بتوانێ شادی خۆی بشارێتەوە، دوای یەڤگینی کەوت. لەبەر قاڵدرمەکاندا یەڤگینی پێی گوت:

– با بچینە ناو باخەکە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم،

ئەکسینیا، شادو گوێڕاڵەڵ گوتی:

– بەڵێ، باشە.

ئەکسینیا وای تەسەور دەکرد، پەیوەندییەکەی جارانیان، تازە دەبێتەوە. بەدەم ڕێگاوە یەڤگینی لێی پرسی:

– دەزانی، بۆچی بانگم کردویت؟

ئەکسینیا، کە لەتاریکییەکەدا، دەگرژییەوە، دەستی گرت و خۆی تێهەڵسوو، بەڵام یەڤگینی، دەستی خۆی لە دەستی ڕاپسکاندو ئەکسینیا، پەی بە هەموو شتێك برد. ڕاوەستاو گوتی:

– یەڤگینی نیکولایوفیچ، چیت گەرەکە، من لەوەی پتر لەگەڵتا نایەم.

یەڤگینی، بەپەلە قسەی دەکرد، شپرزەو پەشۆکاو دەیگوت:

–باشە، ئێرە باشە، کەس گوێی لێمان نابێت.. تۆ دەبێ لە من بگەیت. من ناتوانم چیتر وەکو جاران لە گەڵ تۆدا بم.. ناتوانم لە گەڵ تۆدا بژیم،... تێدەگەی؟ من ئێستا ژنم هەیە. ناتوانم وەکو پیاوێکی ئابڕوومەندو پابەند، کارێن نابەجێ بکەم. ویژدانم ڕێگەم نادات...

کە ئەو قسە زلانەی دەکرد، لە خۆی تەریق دەبووەوە.

دنیا تازە تاریك دەبوو. ئاسمان لە ڕۆژئاواوە سوور دەچووەوە. هەواکەی خۆشبوو، کرێکاران لە شوێن خەرمانەکاندا، لە بەر تیشکی فانۆسان، باوشە گەنمیان بە قوڕگی مەکینەکاندا دەکردو گەنمیان دەکوتا. دەنگی مەکینەکان بەرز بوو، کرێکارەکان بە دەنگی بەرز گفتوگۆیان دەکرد، یەکێك لە کرێکارەکان کە پەیتا پەیتا، باوشە قرشەی دەکرد بە قوڕگی مەکینەکەوە، بە دەنگێکی نووساوی شادی ئامێزەوە هاواری دەکرد: " قرشە، بێنن، دەی دەی، خێرا! خێرا!" بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بەسەر باخەکەدا کێشاو بۆنی دروو وگەنم و شەونم تا حەوت ئاسمان دەڕۆیی. ئەکسینیا وەڵامی نەدەدایەوە.

– دەی، چی دەڵێی؟ بۆ هیچ ناڵێی ئەکسینیا؟

– هیچم پێ نیە تا بیڵێم.

– پارەت دەدەمێ... دەبێ لێرە بڕۆیت. پێموایە ڕازی دەبی...من ناتوانم هەموو ڕۆژێ ڕوو بە ڕووی تۆ ببمەوە.

– هەشت ڕۆژی ماوە بۆ سەری مانگ، دەتوانم تا ئەوکاتە لێرە بمێنمەوە؟

– هەڵبەتە دەتوانی.

ئەکسینیا، بۆ ساتێك بێدەنگ بوو و پاشان بە شەرمێکەوە وەکو ئەوەی یەکێك لێی بدات و تەنگە تاوی بکات، خۆی دایە پاڵ یەڤگینی و خۆی تێهەڵسوو. گوتی:

– باشه، دەڕۆم... بەڵام دەتوانی ئەو پیاوەتیەم لە گەڵدا بکەی کە بۆ دواجار لەگەڵم بکەی؟ حەزم لێیە، ئاڵۆش و ئارەزوو حەیای لێهەڵگرتووم، زۆری بۆ هێناوم... دەزانی لەم ماوەیەدا تەنیایی چ دەردێکی پێداوم... لۆمەم مەکە یەڤگینی.

دەنگی ئەکسینیا وشك و نەرم بوو. یەڤگینی بێهودە هەوڵیدەدا، پەی بەوە بەرێت کە ئاخۆ بە ڕاستیەتی یان ڕادەبوێرێ. بە ناڕەحەتیەوە کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– چیت دەوێ؟

لەپڕ هەستی کرد، ئەکسینیا، بەشەرمەوە، دەستی دەگرێت و..... دوای چەند دەقیقەیەك، لە ژێر بنە مێوێکی بۆنخۆشی لە ئاونگا هەڵکشاوەوە هاتە دەرێ. بەرلەوەی بگاتەوە ماڵێ، وەستاو بەدەستە سڕەکەی ماوەیەك کەوتە سڕینی پانتۆڵەکەی کە سەری هەردوو ئەژنۆکانی، لە شیلەی گیادا سەوز بوو بوو. کە بە قاڵدرمەکاندا سەردەکەوت، ئاوڕێکی دایەوە، لەبەر ڕوناکی زەردی پەنجەرەی نشینگای ڕەنجبەرو خزمەتکارەکانەوە، باڵای بەرزی ئەکسینیای بینی کە هەردوو قۆڵی ڕووتی هەڵبڕی بوو وقژەکەی ڕێك دەخست و بزەیەك بەسەر لێویەوە سەمای دەکردو سەیری ئاگرەکەی دەکرد.

"٦"

گیا ڕیش پێگەیی بوو، بست بە بستی دەشتە پان و بەرینەکە لەگیاریشدا سپی دەچووەوە، کە تەمەشات دەکردو لە تۆ وایە سەرانسەری پێدەشتەکە تارای زیوی پۆشیوە. با، خۆی بە ناو چڕە گیایەکەدا دەکردو ساقەتەی ناسکی گیاکەی لەگەڵ خۆیدا دەخەواندو گیایەکە بەدەم بایەکەوە دەکەوتە کەروێشکەو عەینی شەپۆلی شیر، دەکەوت و هەڵدەستایەوە. ئیدی بەگوێرەی ڕەوتی بایەکە جارێ بەرەو باشوور، جارێ بەرەو باکوور شەپۆلی دەداو ماوەیەك مت دەبوو و ئەوجا بە بریق و هوڕ هەڵدەستایەوە.

هەموو گیاکان، بە گشت جۆرەکانیەوە چرمسی بوون، گیا ئەفسەنتینی خەمباری تاوە سووت بەسەر گردەکانەوە، سیس و ژاگاو سەری دانەواند بوو. شەوانی کورت زوو تەواو دەبوون. ئاسمانی تاریك وەك ئەوەی بە بار ستێرانی پێوەرکرابێ، چریسکە چریسك پرشنگی دەدا. مانگ کە قوزاقان پێیان دەگوت "هەتاوی چکۆلە" بەرەو ئاوا بوون دەڕۆیی و تریفەیەکی سپی کەمی لێدەبووەوە. ڕێگای دوورو درێژی کاکێشان، ڕێگەی کۆ ئەستێرەکانی دی دەبڕی. هەوا بۆنی قورسی ئەفسەنتینی دەدا. زەوی لە بۆنی تاڵی ئەفسەنتیندا غەرق بوو بوو، تامەزرۆ و تینووی شنەیەکی فێنك بوو. ڕێگەی ستێران بە تاقی ئاسمانەوە، کە هەرگیز نە سمی ئەسپان و نە پێی بەشەرانی کەوتبوویە، بەرە بەرە کاڵ دەبووەوەو پاشان ئاوا بوو و لەچاو ون بوو. لە ئاسمانی تاریکدا، هەرچەندە وەکو زەوی ڕەش دەچووەوە، بەڵام تۆوی ستێرانی لێنەدەڕوا و چاو بە چرۆکردنیان شاد نەدەبوو. مانگ لە شۆرەکاتێکی وشك و برینگ دەچوو. گژوگیای سەرانسەری ساراو دەشتەکە لە تینووا چرمسی، وشك بوو. هەوێردان، بە دەنگی بەرزو نزم لە پەستاو بێ پسانەوە دەیانخوێندو ئەرزو ئاسمانی پێدەشتەکەیان بە دەنگی خۆ ئاوەدان دەکردەوە. تا گوێ بڕ دەکات هەر دەنگی کولوو زیکزیکان بوو..

دەشت و بیابانەکە بە ڕۆژەوە، زۆ گەرم و بەتەم بوو، بینادەم هەناسەی سوار دەبوو. هەتاوێکی بێ ڕەحم بە تاقی ئاسمانی شین و سافەوە بوو. واشەیەك، باڵەکانی وەکو دوو کەوانی پۆڵاینی خاکی بڵاوکردوونەتەوە. گیاڕیش، عەینی کوڵکەی وشتر، بەجۆرێ دەبریسکێتەوە کە چاو دەخاتە ڕێشکەو پێشکە. واشەکە بە تاقی ئاسمانی شینەوە، بە مۆڵەقی ڕاوەستاوەو خۆی بەلادا خوار کردووەتەوە. سێبەرە گەورەکەی ، بە بێدەنگی بەسەر گیاکاندا دەخزێ.

مشکە کوێران، بە خاوی و بە دەنگی نووساوەوە، دەیان زریکاند. جرجان و خورماچەچان، لە سەر گڵی تازەو ئامال زەردی دەوری کونەکانیان، وەنەوزیان دەدا. دەشتەکە کڕو کپ، لە باوەشی گەرمادا هەڵاژاوە، بێدەنگیەکی مەرگ ئاسا، باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشاوە. ئەو گردە شینەی کە لە دووری دوورەوە، بە ئاستەم دەبینرا، وەکو خەون ، خەیاڵاوی ونادیار دەهاتە بەرچاو.

ئەی پێدەشتە ئازیزەکە، ئەی زێدو زاگەی من! بایە تاڵەکەت گەمە بە یاڵی ماین و ئەسپان دەکات، پەڕەی وشکی لووت و قەپۆزی ئەسپان، پڕ دەبوو لە بای خوێیاوی و ئەسپەکان دەمو قەپۆزی نەرم و ئاوریشمینی خۆیان بادەداو لە تاو بۆنی تیژی بایەکەو گەرمی لە ڕادە بەدەری هەتاوەکە دەیان حیلاند و بۆ کەمێك هەوای سازگارو فێنك دەچوون بە ئاسمانا. ئەی دەشتە ئازیزەکەمان! ئەی زێدو زاگەی من، تۆ لە ژێر ئاسمانی نزمدا دەناڵێنی! ئەی دەشت و دۆڵی پڕ پێچ و خەم ، ئەی کەندو ئادڕێن وشك، ئەی کەنارو بەستێنی سوورك، ئەی گیای ڕیشی بێ پایان، پڕ لە جێ سمی، وەکو هێلانە باڵندان، ئەی هەردەو باسکانی پایەدار کە سەرفرازی و شانازی قوزاقانتان لەدڵی خۆدا هەڵگرتووە، من لە بەرانبەر ئێوەدا، سەری ڕێزو نەوازش دادەنەوێنم، ئەی دەشتی پاراو بە خوێنی پاك و ژەنگ نەگری قوزاقانی دۆن، من وەکو ڕۆڵەیەکی خۆت، خاکەکەت ماچ دەکەم.

***

ئەسپەکە، سەرێکی چکۆلە و باریکی هەیە، زیاتر لەسەری مار دەچێ، گوێچکی چکۆلەو لەقن. ماسولکەکانی سینگ و بەرۆکی تا حەزکەی جوانن، لاقی باریك و بە هێز، جومگەی پێی بێ عەیبن، سمەکانی ساف وەکو بەردێن ژێر ڕوباران. کەفەڵی کەمێك پان و خوارن. کلکی پڕو تووکن، لە ئەسپە ڕەسەن و ئەسڵەکانی دۆن بوو. یەك دڵۆپە خوێنی بێگانەی تیا نیە، ڕەسەنایەتی بە هەموو سیمایەکیەوە دەیارە. ناوی مالبروك بوو.

ڕۆژێك، لە کەناری ئەستێڵەکەدا، دەگەڵ فەحلێکی لە خۆی بە هێزتر و بە تەمەنترا، لەسەر ماینێك لێی دەبێ بەشەڕ، فەحەلەکە، هەر چەندە فەحلێن ناو ڕەوکەو قەدەغان قەت ناڵ ناکرێن، جووتەیەکی لێدەدات و ئاسیو بەدەستی چەپی دەگەیەنێ. هەردوو ئەسپ دەکەونە شەڕە چەپۆکان و بە قەپاڵ یەکدی کوڵەوار دەکەن.

ڕەوکەوانەکە (شوانی ڕەوە ئەسپ) لەوێ نابێ. بە چەکمە گەرم و تەپو تۆزاویەکانیەوە، لە ساکە دەشتەکەدا، لاقی لێ بڵاوکردبوونەوە وپشت لە هەتاوەکە خەوتبوو. فەحلەکە، مالبروکی دابوو بە ئەرزا، پاشان تا مەودایەکی زۆر دوور، ڕاوی نابوو و لە ڕەوەکەی دوور خستبووەوە. لەوێ، بە

لەشی خوێناوییەوە بەجێی هێشتبوو و هاتبووەوەو خۆی لە هەردوو ڕەوەکە، کردبوو بە خاوەن و، شانبە شانی زەلکاوەکە بردبوونی.

ئەسپە بریندارەکە بۆ تەویلە هێنرایەوە، بەیتاڵەکە( دکتۆری کەران) لاقە زامدارەکەی تیمار کرد. شەش ڕۆژ لەوەدوا میشا کوشیڤۆی کە ڕاپۆری خۆی بۆ سەرپەرشتیارو ئیدارەی یەڵخییەکە هێنا بوو، ئەم دیمەنەی بینی: ئارەزووی سێکسی ئۆقرەی لێبڕی بوو، قەپی بە هەوسارەکەیدا دەکرد، هەوساری پچڕی، کەوتە دەورو خولی ئەو مایناانەی کە پێوەند کرابوون و لە دەوروبەری خانووەکان دەلەوەڕین و بۆ سواری ڕەوکەوان و سەرپەرشتیار و بەیتاڵەکە دانرا بوون، خۆی گەیاندنێ دانیە پێش، هەوەڵجار بە یۆرغەو پاشان بە بەغار بەرەو دەشتەکەی تاودان، هەر ماینێك دواکەوتبا، بە قەپ تێی بەر دەبوو. نیگابانەکان و سەرپەرشتیاری یەڵخییەکە بە ڕاکردن لە خانووەکە هاتنە دەرێ، بەڵام دێر بوو، کار لە کار ترازا بوو، تەنیا گوێیان لە دەنگی پچڕانی پێوەندەکان بوو.

– بێشەرەفە، پیادەی کردین، بارەبەرێکی بۆ نەهێڵاینەوە کە سواری بین.

ڕاستە بەرپرسی یەڵخییەکە جنێوی دا، بەڵام کە لە دوورەوە تەمەشای ئەسپەکانی دەکرد کە دوور دەکەوتنەوە، لە ناخا گەز گەز باڵای دەکرد.

مالبروك، لە کاتی نیوەڕۆدا، ماینەکانی خۆی بردەوە بۆ سەر ئاو. ڕەوکەوان و پاسەوانە پیادەکان ماینەکانی خۆیان جیا کردەوەو میشکاش مالبروکی زین کردو بردیەوە بۆ دەشتەکەو بەرەڵڵای ناو ڕەوگەکەی خۆی کردەوە.

میشکا لە ماوەی دوو مانگ ڕەوکەوانیدا، زۆر بە وردی دیقەتی ژیانی ئەسپانی، لە قەدەخەو لەوەڕگەکاندا دا، زۆر دڵبەندی زیرەکی و هۆشنی و نەجابەتی خۆڕسکی ئەسپان بوو، کە هەندێجار زۆر لە هی بەشەران، باڵاتر بوو. بەچاوی خۆی دەیبینی کە ئەسپێك سواری ماینێك دەبوو، ئەم جووتگیرییەیان هێندە ئاسایی و سروشتی و ساکارانە ئەنجام دەدا، کە وای لە پیاو دەکرد دەگەڵ بە شەردا بەراوردی بکات. بە راوردێك کە بە قازانجی بەشەرەکە نەبوو. میخائیل لە پەیوەندی نێو ئەسپاندا، زۆر سیمای پەیوەندیانی نێوان بەشەری بەدی دەکرد. بۆ نموونە میشکا، بۆی دەرکەوتبوو کە "بەهار"، پیرە فەحلی بەتەمەن، دەگەڵ ماینەکاندا بەد ڕەفتارو زبر بوو، بەڵام لە ناو هەموو ماینەکاندا، زۆر مدارای ماینێکی زەردی چوار ساڵەی تەوێڵ مارۆی چاو گەشی دەکرد. هەمیشە بەدوایەوە بوو، بە تامەزرۆیی و ئاشقانە بۆنی پێوە دەکرد. کە ڕەوگەکە لە قەدەخەکەدا دەوەستان، حەزی دەکرد سەری سەوداسەری خۆی بخاتە سەر کەفەڵی ماینە خۆشەویستەکەی خۆی و بە سەعاتان بەو دەقەوە بخەوێ. میشکا ژێراو ژێر دیقەتی دەدا، زەینی دادایەو کە دەیبینی ماسولکەکانی لە ژێر پێستە ناسکەکەیەوە، دەلەرنەوە، وای دەهاتە بەرچاو کە "بەهار" وەکو پیرە مێردان، بە ئەشقێکی بەتینەوە، بە ئەشقێکی بێهودەوە، بە ئەشقێکی خەمگینەوە، ئەم ماینەی خۆشدەوێ.

میشکا، زۆر بەجدی و دڵسۆزی ئەرك و خزمەتی خۆی ئەنجام دەدا. دیارە ئەتامانی ناوچەکە بەم جدیەت و دڵسۆزیەی میشکای زانی بوو، لە هەوەڵ ڕۆژەکانی مانگی ئابدا، جوابی بۆ بەرپرسی یەڵخییەکە نارد کە کوشیفوی بنێرێنەوە بۆ ڤیشنسکایا.

میشکا، بەلەز خۆی پێچایەوە. هەر کەلوپەلێکی نیگابانی و ڕەوکەوانی لەلا بوو، هەمووی ڕادەست کردەوە. دوا نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، کەوتەڕێ، ڤیشنسکایا خۆت بگرە واهاتم. پەلەی بوو. لە پەستاو بێپسانەوە، دەی لە پیرە ماینەکەی دەکرد. دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، لە بەرزاییەکانی ئەو دیوی کارگێن تووشی عەرەبانەیەکی چکۆلە بوو کە بەرەو ڤیسنسکایا دەچوو. کابرای عەرەبانچی، کە پیاوێکی ئۆکرانیایی بوو، پەیتا پەیتا ئەسپە خورتەکانی، کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوون، دەنگ دەدا. پیاوێکی باڵا بەرزی چوار شانە، جاکەتێکی شاریانەی لەبەر و سەر کڵاوێکی لبادی خاکی لە سەر بوو، کە بەپشت سەریا خوار بوو بووەوە، لە سەر کورسیەکەی دوای عەرەبانەکەوە پاڵی لێدابووەوە. میخائیل ماوەیەك بەدووی گالیسکەکە کەوت. دیڕوانیە شانە داچەکیوەکانی کابرای کڵاو بەسەر کە لەگەڵ هەر تەکانێکی عەرەبانەکەدا هەڵدەبەزییەوەو نەواری سپی یەخە گەردگرتووەکەی دەردەکەوت. خورجێکی زەردی سەفەری و کۆڵە پشتیەك کە پاڵتۆیەکی قەد کراوی تێ پەستاوتبوو، لەبەر پێی کابرادا دەبینرا. لەپڕ بۆنی دووکەڵی جگەرەیەکی غەریب چوو بەدەم و کەپووی میشکادا. ماینەکەی تاودا، گەییە شان بە شانی گالیسکەکە، بەدەم ڕێوەو لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەبێ فەرمانبەرێکی ئیداری بێ و پێدەچێ بۆ شار، بۆ فیشنسکایا بڕوات." بەڵام پاش ئەوەی ژێراو ژێر، چاوێکی لەبن کڵاوەکەی کرد، لە سەسامیدا زاری بەش بووەوە، تەزوویەکی پڕ ترس و سەرسامی بەگازەرای پشتیا هات: ئەو کابرایەی کە لە ناو گالیسکەکەدا پاڵی دابووەوە ستیپان ستاخۆف بوو، بە نیگەرانیەوە، قوونکە جگەرەیەکی ڕەشی دەجوو، پێڵوی چاوە گەش و عەبوسەکانی دەتروکاند. میشکا کە باوەڕی بەچاوی خۆی نەدەکرد، جارێکی دی لەو سەرو سیما ئاشنایە ورد بووەوە، زۆر گۆڕا بوو، پاش ئەوەی دڵنیا بوو کە ئەمە ستیپانە، کە سپرینگی عەرەبانەکە وەکو بێشکە ڕایدەژەند، کۆکەیەکی بۆ کرد، لە سەرسامیدا هەموو گیانی وەسەر ئاو کەوت، گوتی:

– ببورە قوربان، تۆ ستیپان ستاخۆف نیت؟

کابرای ناو گالیسکەکە، کڵاوەکەی بردە دواوەو ئاوڕی دایەوەو چاوی بڕینە میشکاو وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، من ستاخوفم. ئەدی تۆ؟ توخوا تۆزێ بوەستە، تۆ، تۆ کوشیڤوی؟

یەکسەر تەکانێکی دایە خۆ و نیوە ئاخێزێکی بۆ کرد، بزەیەك سمێڵە سوورە جوانەکەی بزواند، بەڵام چاوی و ڕوخساری کە پیر بوو بوون، هەمان گرژی و مۆنی جارانیان پێوە مابوو، شپرزەو پەشۆکاو، بەخۆشحاڵیەوە دەستی هێنایە پێشێ و گوتی:

– تۆ کوشیفوی! میخائیل! چ ڕێکەوتێك بوو! زۆر خۆشحاڵ بووم، چاوم ڕوون...

میشکا، هەوساری ئەسپەکەی بەرداو بە سەرسامی هەردوو دەستی بڵاوکردنەوەو گوتی:

– سەیرە، باشە شتی وا چۆن دەبێت؟ ئەدی دەیانگوت کوژراوی. کەچی ئەوەتا بەچاوی خۆم ستاخوف دەبینم؟!

بزەیەك نیشتە سەر سیمای. لەسەر زینەکە دەجوڵا. بەڵام ڕواڵەتی ستیپان و قسە کردنی هێدی و هێمنی سەر سامی کرد، ناچار شێوازی قسە کردنی خۆی گۆڕی، هەستیکرد لەمپەرێکی نادیار لە نێوانیاندایە، لەوە بە دواوە، زیاتر بە شێوەی فەرمی قسەی دەگەڵ دەکرد لەجیاتی بڵێ تۆ دەیگوت ئێوە. کەوتنە گفتوگۆ. ئەسپەکان هێدی هێدی دەڕۆیشتن. هەتاو بەشکۆوە بەرەو کەلی ئاوا بوون دادەکشا، پەڵە هەوری سوور وەکو گوڵە زەمەقی ئاسمانی ئەرخەوانی تەی دەکرد. دوور لە جادەکەو لە نێو بنجە هەرزنانەوە، هەوێردان (هەوێردە: باڵندەیەکی کونج کونجە، کەمێك لەڕیشۆڵە گەورەتر، زۆری حەز لە هەرزنە) دەیانخوێند. بەڵام بێدەنگیەکی غوبار ئامێز، بەرەبەرە باڵی بەسەر دەشتەکەدا دەکێشا، کە هەراو زەناو ژاوە ژاوی ڕۆژی بەرێ دەکرد، تا پێشوازی لە بێدەنگی و ئارامی شەو بکات. لە سەر دووڕیانەکەی هەردوو جادەی چوکارینسکایاو کروژیلینسکایادا، دیمەنی خاچێك وەکو تاپۆیەك بە ڕووی ئاسمانی شەوەکیەوە خۆی دەنواند و پەڵە هەورێکی سوور بەسەریەوە وەستا بوو. میشکا، بە دەنگێکی شاد پرسی:

–ئێ، ستیپان ئاندریچ، ئێوە لە کوێوە دێن؟

– لە ئەڵمانیاوە. وەکو دەبینی گەڕاومەتەوە بۆ وڵاتی خۆم.

– بەڵام قوزاقەکانی خۆمان، گێڕایانەوە کە بەچاوی خۆیان دیتوویانە تۆیان کوشتووە؟

ستیپان بەکاوەخۆو، بەپارێزەوە، وەکو ئەوەی ئەم پرسیارانەی لە بەرگران بێت، بەرسڤی دایەوە:

– من لە دوو شوێنەوە بریندار بووم و ئەوانی دی... قوزاقەکان لەوێ بەجێیان هێشتم... ئەسیر بووم... ئەڵمانەکان مالیجەو چارەسەریان کردم و ناردیانم بۆ ئیش کردن...

– بەڵام، ئێمە، خەڵکی گوند، هیچ سۆراخ و نامەیەکی تۆمان پێنەگەیی...

– نامە بۆ کێ بنێرم، کەسم نەبوو نامەی بۆ بنێرم.

ستیپان ئاغزە جگەرەکەی فڕێ داو خێرا سیغارێکی دیکەی پێکرد.

– ئەدی ژنەکەت، خۆ ژنەکەت ساغ و سەلامەتە.

– من لەگەڵ ئەودا دەژیام. پێموابوو هەمووان ئەمە دەزانن.

ستیپان، بێئەوەی خۆی شلوێ بکات. ئەو قسانەی کرد. باسی ژنەکەی قەڵسی نەکرد بوو. میشکا کە خۆی دابوو بەسەر قەلپوسی زینەکەدا، بەگەرمی پرسی:

– باشە لە غەریبی دا، غەریبی وڵاتی خۆت نەدەکرد؟

– لە سەرەتاوە با، بەڵام دوایی ڕاهاتم. ژیانم خۆشبوو.

ستیپان سووکە هەڵوەستەیەکی کردو پاشان لە سەری ڕۆیی:

– ویستم لە ئەڵمانیادا بمێنمەوەو بە یەکجارەکی ببم بە هاوڵاتی ئەڵمانی. کەچی کەڵکەڵەی گەڕانەوەم کەوتەسەر و هەموو شتێکم بەجێهێشت و هاتمەوە.

بۆ یەکەمجار بزەیەك سیمای گرژو مۆنی ڕوناك کردەوە. میخائیل گوتی:

– ئاگـات لێیـە، چ هـەراو هەنگامـەو پاشـاگەردانیەکە؟ چـۆن خـەڵکی بەربوونەتـە یەکـدی و یـەکتر دەکوژین؟!

– بەڵێ... ئاگادارم.

– ئەی چۆن هاتیتەوە، لە چ ڕێگەیەکەوە گەڕایتەوە؟

– لە ڕێگەی فەرەنساوە. لە مەرسیلیاوە کە شارێکی فەرەنسیە، بۆ نوڤوروسیسك.

– تۆش بە سەربازی دەگرن؟

– بێگومان... خەبەرو باسی تازەی گوند؟

– زۆر شتی تازە ڕوویداوە، ئەوەندە زۆرە، بەم پەلە پەلە نایەتە گێڕانەوە.

– ماڵەکەی من ماوە؟

– چۆڵە...

– ئەدی دەرودراوسێکان چۆنن؟ کوڕەکانی میلیخوف ماون؟

– بەڵێ، هەردووکیان ماون.

– هیچ دەنگو باسێکی کۆنە ژنەکەم دەزانی؟

– هێشتا لەوەێندەرە، لە یاگودنویە.

– ئەدی گریگۆری... هێستا لەگەڵیا دەژی؟

– نەخێر. لە گەڵ ژنەکەی خۆیدایە. وازی لە ئەکسینیای ژنی تۆ هێناوە.

– سەیرە... ئەمەم نەدەزانی.

بـۆ سـاتێك بێـدەنگ بـوون. میشـکا، بەکونجکاویـەوە لـە سـتیپان ورد دەبـووەوە. ئەوسـا بـە ڕووخۆشی و بە ڕێزەوە گوتی:

– سـتیپان ئانـدریچ، دەڵێـی بـەخت ئـاوڕی لێداویتـەوە، بۆشـناخ (پۆشـتەو پەرداخ،شـیکپۆش) دیاریت. جل و بەرگەکەت لە هی خانەدانان دەچێت.

– لەوێ، هەموو کەسێك بۆشناخە

سـتیپان بـەدەم ئـەو قسـەیەوە، بـرۆی وێکهێنایـەوەو دەسـتێکی بەشـانی عەرەبانچـیەکەدا داو گوتی:

– دەی، کەمێك پەلە بکە!

یـارۆی عەرەبانچـی، بـە سـاردی قامچـیەکەی بـادا، ئەسـپە مانـدووەکان تـەکانیان دا، عەرەبانـە چکۆلەکە، بەسەر چاڵ و چۆڵی سەر جادەکەدا کەوتە هەڵتەك هەڵتـەك. ستیپان بـۆ ئەوەی کۆتـایی بەم گفتوگۆیە بینێ، پشتی کردە میشکاو بە هەمان دەقەوە پرسی:

– بۆ گوند دەڕۆیتەوە؟

– نەخێر، دەچم بۆ لای ئەتامانی ناوچە.

لە سەر دووڕیانەکە، میشکا بە دەستی ڕاستا پێچی کردەوەو لە سـەر ئاو زەنگییـەکان (زەنگۆ، ڕکێف) هەستایە سەر پێیان و گوتی:

– بە هومێدی دیدار ستیپان ئاندریچ.

ستیپان، پەنجە ئەستوورو زبرەکانی گەیاندە قەراخ کڵاوەکەی و بە ساردی، لە کاتێکا هەر یەکێك لە وشەکانی بەڕوونی و ڕەوانی دەدرکاند، بەرسڤی دایەوە:

– بەخێر بچیت!

"٧"

بەرەی شەڕ، لە فیلونوڤەوە تا بوڤورینو درێژەی هەبوو. سوورەکان، هێزی خۆیان کۆ دەکردەوە، تا هێرشێکی پێچەوانە بکەن و جەزرەبەیەکی گەورە بوەشێنن. قوزاقەکان، کە جبەخانە و تەقەمەنیان کەم بوو، بە خاوی و سستی هێرشیان دەکردو نەدەوێران لە سنووری قەڵمڕەو و دیارو دەڤەری خۆیان هێوەتر بڕۆن. لە بەرەی فیلونوڤدا، هەردوو لا سووکە سەرکەوتنیان بە دەست دێنا، هەرجارەی لایەك سەرکەوتنی بەدەست دێنا. لە مانگی ئابدا، شەڕ کەمێك خاو بووەوە، ئەو قوزاقانەی کە بە مادوونیەکی کوورت لە بەرەی شەڕ دەگەڕانەوە، باسی ئەوەیان دەکرد کە ڕەنگە لە پایزدا شەڕ بوەستێ و ئاگر بەس ڕابگەنرێ.

لە پشت بەرە وشەڕگەکانەوە، لە شاروچکەو گوندەکاندا، وەرز وەرزی دروێنەو خەلەو خەرمان بوو. بازووی کار کەم بوو. بیرە میرو ژنان لە عۆیەی کارێن دروێنەو کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان نەدەهاتن، ئەمە جگە لەوەی کە بەردەوام گالیسکەو ئەسپەکانیان بە سوخرەو بێگار دەگیراو جبەخانە و ئازووقەیان بۆ شەڕگە پی دەگواستنەوە.

سوپا، ڕۆژانە نزیکەی پێنج شەش عەرەبانەی لە تاتارسکی بەسوخرە دەگرت و دەینارد بۆ ڤیشنسکایا، بۆ گواستنەوەی ئەسپاباتی شەڕو مونەو ئازووقە، ئیدی لەوێوە، لە ڤیشنسکاوە، لە سەندوقە فیشەك و خومپارەو بومب و تەقەمەنیان باردەکردن و دەیان ناردن بۆ وێستگەی ئاندرو پوڤسکی، هەندێجار کە عەرەبانە کەم بوایە، هەر ئەوانەیان بۆ دوورتر، بۆ گوندو ئاوایییەکانی دەوروبەری خوپەر ڕەوانە دەکرد.

ژیان لە تاتارسکیدا، گەرم و گوڕ ، بەڵام خەمناك و بێ سەروسەدا بوو. هەموو خەڵکی بیریان لای بەرەکانی شەڕ بوو. خەڵکی بە نیگەرانی و پەرۆشیەوە چاویان لە ڕێگای ئەو کەسانە بوو کە لەبەرەکانی شەڕدا بوون و لە دڵی خۆیاندا چاوەڕوانی هەواڵی ناخۆش بوون، بەڵام هاتنەوەی کوتوپڕی ستیپان ستاخوف، جۆش و خرۆشێکی خستە ناو گوند، لە هەر ماڵ و لە هەر سەر خەرمانێك باس، باسی ئەم ڕووداوە بوو. پیاوێك کە دەمێك بوو بەخاك سپێردرا بوو، پیاوێ کە تەنیا پیرەژنان ئەویش لەکاتی نوێژ و نزادا، ئەگەر یادێکی بەخێریان کردباوە، دەنا لە بیری هەمووان چوو بووەوە، ئێستا گەڕابووەوە، ئایا ئەوە پەرجوو نەبوو؟

ستیپان، لە ماڵی ژنەکەی ئەنیکوشکا لایداو کەلوپەلو بوزگوڕەکانی بۆ ئەوێندەر گواستەوە. لەوکاتەدا کە ژنەکە شێوی بۆ ئامادە دەکرد، ستیپان ڕۆیی کە سەرێکی ماڵەکەی خۆی بدات. ماوەیەکی زۆر وەکو خاوەن ماڵ. وەکو کەسێك مووڵکی خۆی بەسەر بکاتەوە، بە هەنگاوی خاوەوە، بە ناو حەوشەکەدا. کە لە تریفەی مانگا نوقوم بوو بوو، ئەم سەرو ئەو سەری کرد. ئەوسا خۆی بە عەمارو کەپرە داڕوخاوەکاندا کرد، تەمەشای خانووەکەی کرد، کۆڵەکەی پەرژینەکانی تاقی کردەوە.

هێلکەو ڕۆنەکەی لە مێژ بوو، لەسەر خوانی ماڵی ژنەکەی ئانیکوشکا سارد بووبووەو ستیپان هێشتا هەر بە ناو حەوشەو بانەکەی خۆیدا، کە یەکپارچە گژوگیا بوو، دەگەڕا و بەدەم چەقەنە لێدانەوەو لەبن لێوانەوە دەگەڵ خۆیدا ورتە ورتێکی گۆنگ و نا مەفهوومی دەکرد.

هەر ئەو شەوە خەڵکی گوند هاتنە دیدەنی تا ببینن و لە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانی دیلی ئەو بپرسن. ژوورەکەی پێشەوەی ماڵی ئانیکوشا پڕ بوو لە ژن و منداڵ، ڕێك وەکو دیوار وەستا بوون و بە سەرسامی و زاری بەشەوە گوێیان لە قسەکانی ستیپان دەگرت. ستیپان، زۆر بەبێ مەیلی بە سەرهاتەکانی دەگێڕایەوەو بە ئاستەمیش سێبەری بزەیەك نەدەکەوتە سەر ڕوخساری کە تەواو پیر بوو بوو. دیار بوو کە ژیان گاڵەی پێکردووە، تەواو گۆڕیویەتی.

بۆ سبەی بەیانی، لە کاتێکا کە ستیپان هێشتا لە خەو ڕانەبوو بوو، پانتلی پروکوفیچ میلیخوف گەییە بەر دەرگا، دەستی بە دەمییەوە گرت و کۆکەیەکی بەرزی بۆ کردو چاوەڕوانی کرد تا خەوەری بێتەوە. ژوورەکە بۆنی خاکی نمداری بۆگنخ و بۆنی توندی جۆرە تووتنێکی نا باوی لێدەهات کە گەرووی دێنایە خارشت، ئەمە جگە لە بۆنی ڕێگاو بان کە تا ماوەیەکی زۆر لە ڕێبواران نابێتەوە. هەموو ئەو بۆنانە هاتن بەسەر پانتلی پروکوفیچدا.

ستیپان، بێدار بووەوە، پانتلی گوێی لێبوو دەنکە شقارتەیەکی داگیرساند تا جگەرە پێبکات. پرسی:

– دەتوانم بێمە ژوورەوە؟

وەکو یەکێك بیەوێ بچێتە حوزوری کەسێکی لە خۆی گەورەتر، بەپەلە چرچ و لۆچی کراسە تازەکەی، کە ئیلی نیچنا، بە تایبەتی بۆ ئەو دیدارە، پێی لەبەر کرد بوو، ساف کرد

– فەرموو!

ستیپان بەدەم خۆگۆڕینەوە، مژی لە جگەرەکەی دەداو چاوی دەنوقاندن تا دووکەڵەکە نەچێتە چاویەوە. پانتلی پروکوفیچ، بە جۆرە دوودڵی و پەشۆکانێکەوە لە ئاستانەی دەرگاکە وەژوور کەوت، لە کاتێکا کە لە سەرو سیمای گۆڕاو و بەرەزوانەی شەیالەی پانتۆڵە ئاوریشمینەکەی ستیپان ورد دەبووەوە، هەڵوەستەیەکی کرد، دەستە ڕەشە زبرەکەی، کە وەکو بەلەم چاڵ بوو بوو، هێنایە پێشێ.

– سڵاو هاوسێ. خۆشحاڵم بەوەی کە زندووی . چاوم ڕوون.

– سڵاو، بەیانیت باش.

ستیپان، شانە بە هێزو داکەوتووەکەی خۆی وەرچەرخاند و شەیالەی پانتۆڵەکەی توند کردو بە ویقارەوە دەستی دەنێو دەستە زبرەکەی پیرەمێرد نا. هەردووکیان بەپەلە ڕوانیانە یەکدی. پزیسکی ڕق و کینە لە چاوە شینەکانی ستیپانەوە، پرشنگی دەداو جۆرە ڕێزو سەرسامیەکی تەنز ئامێز لە چاوە خێل و قیچەکانی پانتلییەوە بەدی دەکرا.

– پیربووی ستیپان، پیربوویت کوڕەکەم.

– بەڵێ، پیر بووم

پیرەمێرد گوتی:

– ئێمە تازیەمان بۆ دانایت، نوێژمان بۆ کردیت، و نزامان بۆ گیانت نارد، تایەزمان بوگریشکای منیش دانا....

بەڵام لەپڕ قسەکەی خۆی بڕی، پەشیمان بوو لەو قسەیەی کرد، چونکە ئەوێ شوێنی ئەو قسەیە نەبوو. ئەوسا بۆ ئەوەی هەڵەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە گوتی:

– لەخوا بەزیاد بێ کە بەساغ و سەلامەتی گەڕاویتەوە... زۆر شوکر بۆ خوا!... نزایان بۆ گیانی گریشکای منیش ناردو ئەویش وەکو ئیلعازر(ئیلعازر:بە گوێرەی ئینجیل، برای ماری ومارتا بوو، مەسیح زندووی کردەوە) زندوو بووەوە و بۆ ماڵ هاتەوە ئێستا دوو منداڵی هەن و ناتالیای ژنیشی چاك بووەتەوەو لە خوا بە زیادبێ عەلەمی تیا نەماوە. ژنێکی باشە. ئێ، ئەدی تۆ چۆنی کوڕی باش؟

– زۆر باشم، سوپاس.

– سەرێکی هاوسێکەت نادەیت؟ تەسریف بێنە، گەورەم بکە، بۆ خۆ پێکەوە قسە دەکەین...

ستێپان، هەوەڵجار ڕەفزی کرد، بەڵام پانتلی پروکوفیچ دەستبەردار نەبوو، خەریك بوو زویر دەبوو. ئیدی ستێپان بە ناچاری ملی دا. سەروچاوی شت، قژە کورتەکەی شانە کرد. پیرە مێرد لێی پرسی: "ئەدی کاکۆڵەکەت چی لێکرد؟ بەباتادا؟" ستێپان بزەیەکی بۆ کرد، بە متمانەوە شەپقەکەی لەسەر ناو، لە پێش پانتلییەوە، چووە ناو حەوشەکە.

پانتلی پروکوفیچ، هێندەی میهرەبانی نواند کە ستێپان لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەیەوێ ئاشتم بکاتەوە، ئەو سووکایەتیەم لە بیر بەرێتەوە کە بەرانبەرم کردیان..."

ئیلی نیچنا، بە گوێرەی ئەو دەستورانەی کە مێردەکەی بە ئاماژەی چاو پێی دەدا، بە چاوپووکی بە مووبەقەکەدا دەهات و دەچوو، ناتالیاو دونیای بۆ ئیش کردن هاندەداو بەخۆی مێزو خوانی دەڕازاندەوە. ئافرەتەکان، جار جار، بە کونجکاوی یەوە، ژێراو ژێر تەمەشایەکی ستێپانیان، کە لە ژێر ئیکۆنە پیرۆزەکانا دانیشتبوو، دەکرد. دیقەتی چاکەتەکەی، یەخەی کراسەکەی، زنجیری زیوی سەعاتەکەی و ئارایشی قژەکەیان دەدا. داریا، بەدەموچاوە پەمەییەکەیەوە، لە حەوشەوە هات، لە کاتێکا کە بە چمکی شاڵەکەی، گۆشەی لێوە ناسکەکانی دەسڕی، بە پەشۆکاویەوە بزەیەکی بۆ کردو بە دەم چاو تروکاندنەوە گوتی:

– ئۆ، هاوسێ، خۆ نەمناسیتەوە... ئێستا لە قوزاقان ناچیت.

پانتلی پروکوفیچ، دەرفەتی هێنا، بوتڵێ ڤۆدگای خۆماڵی هێناو لەسەر مێزەکەی دانا، سەرەکەی، کە بە پارچەیەك بەسترا بوو، خێرا کردەوە، بۆنێکی کردو دەستی بە ستایشی کرد.

– تامی بکە! بزانە چۆنە. ڤۆدگای خۆماڵیە، خۆم دروستم کردووە.باوەڕ بکە شقارتەی لێبدەی گڕی لێبەرز دەبێتەوە، گڕێکی شین!

بەکاوە خۆ قسانیان دەکرد. ستێپان بەبێ مەیلی دەیخواردەوە، لێ دوای چەند پێکێك مەست بوو، تۆزێ نەرم بوو.

پانتلی پروکوفیچ گوتی:

– دراوسێ، تۆ پێویستە ژن بێنیتەوە.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ ئەدی ژنە کۆنەکەم چی لێبکەم؟

– ژنەکەی پێشووت... باشە، ژنەکەی پێشووت، تەسەور دەکەی تلّپی تەڕی تیا مابێ؟ ژن وەکو ماینە، پیاو تا ئەوکاتە ڕایدەگرێت کە شیلەی پێ مابێ... نا ئێستا پیر بووە، ژنیکی گەنجت بۆ دەدۆزینەوە.

ستیپان، کە زیاتر مەست بوو بوو، بەرە بەرە خووی قسە کردنی فەرەنگیانی بەرداو بەرسڤی دایەوە:

– جارێ دنیا شێواوە... وەختی ژنهێنان نیە... من تەنیا مۆڵەتی دە ڕۆژم هەیە. دوای ئەوە دەبێ بڕۆمەووە بۆ ڤیشنسکایاو، لەوێوە، ئەوەندەی من بزانم، دەبی بۆ شەڕگە بڕۆم.

دوای ماوەیەکی کەم هەستاو ڕۆیی، نیگای سەرسامی داریا بە ڕێی کرد. لە دوای ئەو قسەو باس دەستی پێکرد. پانتلی پروکوفیچ، کە دیار بوو، زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو کە ستیپان دەعوەتەکەی قەبوڵ کرد بوو و بێهیچ کەرب و کینەیەك هاتبووە ماڵەکەی، بەستایشەوە گوتی:

– نامەردە، سیواتێکی باشی پەیدا کردووە! بینیتان چۆن قسەی دەکرد! لە تۆ وایە مدیری دارایی یان شازادەیە... کە چووم بۆ لای تازە لەخەو هەستا بوو، کە چوومە ژوورەوە، شەیالەی ئاوریشمی بە بەرەزوانەی فلزیەوە، بەسەر شانەکانیا دێنایەوەو لە پانتۆڵەکەی دەبەست، بە زاتی خوا بەرۆك و پشتی عەینی ئەسپێك لە عەرەبانەی ببەستن، توند شەتەك دەدا. ئەمە چیە؟ بە کەڵکی چی دێت؟ ئێستا تەواو لە کابرایەکی خوێنەوار و ڕۆشنبیر دەچیت.

بە قسەکانی ستیپاندا، ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە نیازی وایە دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازی بگەڕێتەوە گوندو خانووەکەی نۆژەن بکاتەوەو، سەرلە نوێ دەست بەکاری فەلاحەتی و کشتوکاڵ بکاتەوە. ستیپان، لە نێو قسەکانیاو بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ ئەوەی درکاند بوو کە پارەو پولێکی بۆ ئەو کارانە هەیە. ئەمە کردبوویە کارێك کە پانتلی پروکوفیچ بە چاوێکی دیکەوە تەمەشای بکات و ڕێزی تایبەتی بگرێت. کە ستیپان دوعا خوازی لێکردن، پانتلی گوتی:

– پارەی هەیە، دیارە، نامەردە شتێکی پێکەوە ناوە! کە قوزاقەکانی دی لە ئەسیری دەگەڕێنەوە، لە سلّقی ڕووت ڕووتترن. بەڵام ئەو! خۆ بەچاوی خۆتان دیتتان چەند بۆشناخ (شیك پۆش) بوو... دیارە دەبێ یەکێکی کوشتبێ یان یەکێکی ڕووت کردبێتەوەو دزی کردبێت.

ستیپان، ڕۆژانی هەوەڵی گەڕانەوەکەی لە ماڵی ژنەکەی ئانیکوشکادا بە ئارامی و بێدەنگی بە سەر برد. زۆر بەکەمی دەهاتە دەرێ و لە جادەو بانان دەبینرا. دەرودراوسێکان دوورو نزیك تاقیبیان دەکردو چاودێری هەموو جم و جوڵ و هەڵسوکەوتێکیان دەکردو تەنانەت هەوڵیان دەدا ژنەکەی ئانیکوشکاش داپشکنن و بزانن ستیپان بە نیازو بە تەمای چیە، لێ ژنەی تاین، بە کێردیش زاری لێك نەدەبووەو وای دەنواند ئاگای لە هیچ نیەو هیچ شتێك نازانێ. بەڵام زۆری پێنەچوو، کاتێ کە ژنەکەی ئانیکوشا، عەرەبانەیەکی چکۆلەو ماینێکی لە ماڵی میلیخوف بەکرێ گرت، بەیانی ڕۆژێکی شەممە بەرەو شوێنێکی نادیار وەڕێکەوت، کە مقۆ مقۆیەکی گەرم لە سەرانسەری گوندا بڵاو بووەوە، هەر کەسەو مەزەندەیەکی لێدەدا، بەڵام کەس، جگە لە پانتلی

پروکوفیچ، ئەم مەتەڵ و لەگەزەی بۆ هەڵنەهات، لەو دەمەدا کە مابنە لەنگەکەی لە عەرەبانەکە دەبەست چاوێکی لە ئیلی نیچنای ژنی داگرت و گوتی: "دەچێت بە دووی ئەکسینیادا." مەزەندەکەی دروست بوو. ستیپان داوای لە ژنەی تاین کرد بوو کە بچێت بۆ یاگودنویە، ئەکسینیا ببینێ و لێی بپرسێت کە ئایا ئامادەیە چاوپۆشی لە هەموو بەدحاڵی بوونەکانی رابردوو بکات، ئاشت ببێتەوەو لاپەڕەیەکی تازە هەڵبداتەوەو بێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی و لای مێردەکەی.

ستیپان، ئەو ڕۆژە، ئۆقرەی لێبڕا بوو، لە هیچ شوێنێك تۆتەکەی نەدەگرت، تاکو ئێواری، وێڵ و سەرگەردان بە نێو گوندا سوڕاوەتەوە. ماوەیەکی زۆر لە بەر ماڵی موخوفدا لە گەڵ سێرگی پلاتونوفیچ و ئاتیوپین دا، ناسراو بە "تسا تسا" دانیشتوو باسی ئەڵمانیاو ژیانی خۆی لەوێ و باسی گەڕانەوەی خۆی لە ڕێگای فەرەنساو دەریاوە، بۆ کردن. لەوکاتانەدا کە قسەی دەکرد یان گوێی بۆ گلەیی و گازاندەکانی مۆخوف دەگرت، لێکدا لێکدا بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە سەعاتەکەی خۆی.

ژنەکەی ئانیکوشا، ئێوارەیەکی درەنگ لە یاگودنویە گەڕایەوە. لە کاتێکا، خەریك بوو لە موبەقە هاوینەکەدا شیوی ئامادە دەکرد، بە دەم ئیشکردنەوە بۆی گێڕایەوە، چۆن ئەکسینیا بەو هەواڵە کوت و پڕە حەپەساوەو زۆر پرسیاری دەربارەی مێردەکەی لەم کردووەو چۆن ڕەفزی کردووە بێتەوە. ژنەکەی ئانیکوشکا، بەدەم حەسرەتی حەسوودی و بەغیلیەوە گوتی:

– جا بۆچی بێتەوە، چ پێویستی بە هاتنەوەیە! جێگاکەی ئەوەندە خۆشە، لە کچە دەوڵەمەندو خانەدانان دەچێت. قەڵەو قەڵەو ، دەموچاوی سپی، نایناسیتەوە، کاری قورس ناکات. لەوەی پتر چی گەرەکە؟ ئەگەر باسی جل و بەرگەکەیت بۆ بکەم، لەوەیە باوەڕم پێنەکەیت. هەرچەندە ئەمڕۆ ڕۆژی کارکردن بوو، بەڵام تەنوورەیەکی سپی، عەینی بەفری لەبەر کردبوو، دەستەکانی پاك و خاوێن هەر حەزت دەکرد تەمەشای بکەیت...

گۆناکانی ستیپان سوور هەڵگەڕابوون چاوە گەشەکانی کە بڕی بوونیە ئەرزەکە، وەکو گڵۆپ بە شێوەیەکی بەدخوایانەو خەمناك، هەڵدەبوو و دەکوژایەوە. کەوچکێك ماستاوی لە کاسەیەکی چینکۆ دەرهێناو هەوڵی دەدا نەیەڵێت دەستی بلەرزێ. ئەوسا بە کاوەخۆ کەوتە پرسیار:

– گوتت ئەکسینیا لە ژیانی خۆی ڕازیە؟

– ئەی چی! هەر کەسێکی دیکەش لە جێی ئەوبێ ڕازی دەبێت!

– باشە هەواڵی منی لێ پرسیت؟

– بێگومان! کاتێ کە پێمگوت گەڕاویتەوە، یەکسەر ڕەنگی سپی بوو.

پاش شیو خواردن، ستیپان چووە ناو حەوشەکە، کە یەکپارچە گیا بوو. شەوانی کورتی مانگی ئاب زوو تەواو دەبوو. لە فێنکی نمساری شەودا، دەنگی دەڕاسەو شەنەبا، بێزاری دەکرد. لەبەر تریفەی مانگی ڕەنگ زەردا، هەمان جم و جووڵی ڕۆژ بەردەوام دەبوو. ئەو گیشەو تایانەی بە ڕۆژەوە دەیانکوتا، بە شەو شەنەبایان دەکرد، لە سەرەندو بێژنگیان دەدا، بۆ عەماریان دەگواستەوە. بۆنی گەرم و تیژی گەنمی تازە کوتراو، دەگەڵ کاوکۆت و سوس و کەپەکدا، سەری

ئاوایی گرتبوو. لە شوێنێکی نزیکی مەیدانی گوندا، جەنجەڕیکی میکانیکی بە تەپە تەپ خەریکی خەرمان کوتان بوو، چەند سەگێك دەوەڕین. دەنگی گۆرانیەك لە خەرمانگایەکی دوورەوە دەهات. نمە بایەکی شێداری خۆش، لەسەر دۆنەوە دەهات.

ستیپان، خۆی دا بە سەر پەرژینەکەداو لەوێوە دەیڕوانیە ڕەوتی توندی ڕوبارەکە کە لەو بەری جادەکەوە دیار بوو، دەیڕوانیە ئەو تیلماسکە ڕوناکیە ئاگرینەی کە تریفەی مانگەکە لە سەر ڕووبارەکە دروستی کردبوو. وردە شەپۆلان بە پێچ و دەورەوە، دەگەڵ ڕەوتی ئاوەکەدا بەرەو خوار دەبوونەوە. لە کەنارەکەی ئەو بەرەوە سپیداران، بەپێوە وەنەوزیان دەدا. بەرە بەرە نیگەرانیەکی بێئامان لە دڵ و دەروونی ستیپان گەڕا.

***

دەمەو بەیان تاوە بارانێکی باش باری، بەڵام هەرکە هەتاو هەڵهات هەورەکان ڕەوینەوەو ئاسمان بۆ سایەقەو سامالْ، دوای تێپەڕبوونی دوو سەعاتان ئەرز بە تەواوەتی وشك بووەوە، شوێنەواری تەڕو تووشی و باران، بریتی بوو لە هەندێ قوڕو لیتەی قەراخ جیێ چەرخی عەرەبانانی سەر ڕێگاو بانان کە هێشتا بە تەواوەتی وشك نەبوو بووەوە.

ستیپان، بەر لە نیوەڕۆ گەییە یاگودنویە. بە شپرزەیی ئەسپەکەی لەبەر دەرگا بەستەوەو ئەوسا بە هەشتاو چوو بۆ نشینگەی ڕەنجبەران و خزمەتکاران. حەوشە گەورەکە کە یەکپارچە گیای وشکەوە بوو بوو کەسی تیا نەبوو. مریشکەکان، لە تەویلەکەدا چینەیان لە تەرس و تەپاڵە دەکرد. کەڵەشێرێکی ڕەش، وەکو قەڵەڕەش، بە کەش و فشەوە لە سەر پەرژینیکی داڕوخاو، جیلوە فرۆشی دەکردو خۆی دەنواند. مریشکەکانی بانگ دەکردو وای دەنواند، ئەو خاڵخاڵۆکانە دەخوات کە بەسەر پەرژینەکەدا دادەخزین. چەند تاژیەکی پێست نەرمی ڕوناکی بریقەدار، لەبەر سێبەری گەراجی عەرەبانەکاندا وەرکەوتبوون. سەش تووتەڵە سەگی بەڵەکی کلك بڕاو، دایکی خۆیان، کە دەڵە سەگێکی گەنج بوو و ئەمە یەکەم سکی بوو، دابوو بە ئەرزاو، پاشوی خۆیان لە عاردی چەقاند بوو و سەریان ژەنی بووە گوانە نەرم و قاوەییەکانی دایکیان و بە تاسەوە دەیان مژی. هێشتا ئاونگ بەسەر ئەو بەشەی شێراونی خانووەکەوە کە نسیێ بوو، دەدرەوشایەوە.

ستیپان، خۆی بە نشینگای تایبەتی ڕەنجبەرو خزمەتکارەکاندا کرد. بە وردی دەیڕوانیە هەموو لایەك، لە ئاشبەزە قەڵەوەکەی پرسی:

– دەتوانم ئەکسینیا ببینم؟

لوکریا، ڕوخسارە چرچ و نمووسەکەی کە لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بە بەرهەڵبێنەکەی سڕی و بەکونجکاوی پرسی:

– تۆ کێی؟

– تۆ هەقت چیە بەسەرەوە، من کێم و کیێ نیم؟

– لای ئاغایە، چاوەڕوان بکە.

ستیپان دانیشت، بەوپەڕی بێتاقەتی، کە نیشانەی ماندوویەتیەکی یەجگار زۆر بوو، کڵاوەکەی نایە سەر ئەژنۆی. ئیدی ئاشپەزەکە، بێئەوەی گوێ بەم بدات، مەنجەڵەکانی خۆی دەنایە سەر

ئاگرو مژوولی تەق و هۆڕی مەنجەڵ و ئەسکوێ و کەوگیران بوو. بۆنی پەنیرو ڕازیانە موبەقەکەی پڕ کردبوو. مێش و مەگەز، بەسەر دووکەڵکێشی ئاگردانەکەو، بەقەد دیوارەکان و ئەو مێزەوە کە ئاردی بەسەرەوە بوو، ڕەش دەچووەوە. ستیپان، بە نیگەرانی و پەرێشانی بەدەم چاوەڕوانیەوە گوێی هەڵخستبوو. لە ناکاوا، گوێی بە دەنگی ئاشنای هەنگاونانی ئەکسینیا زرینگایەوە، یەکسەر لەسەر تەختەکە ڕاپەڕی، کڵاوەکەی کە بەسەر ئەژنۆیەوە بوو کەوت.

ئەکسینیا، بە باوەشێك هیربارو ئامانەوە وەژوور کەوت. کە چاوی بە ستیپان کەوت، ڕەنگی مردووی لێنیشت و گۆشەی لێوە ئەستوورەکانی کەوتە لەرزین. وەستا، بە تۆبزی ئامانەکانی بەسینگی یەوە دەگوشین و چاوانی ترساوی لە ستیپان نەدەگواستەوە. پاشان هەر چۆنێ بوو خۆی گەیاندە مێزەکەو قاپ و ئامانەکانی داناو دەستەکانی خۆی ئازاد کرد. ئەوسا گوتی:

– سڵاو

ستیپان، بە ئەسپایی و بە قووڵی هەناسەی دەدا، لە تۆ وایە لە غوڕابی خەودایە. بزەیەکی سارد لێوەکانی لێکدی ترازاند. بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، دەستی بەرەو ئەکسینیا بردە پێشێ. ئەکسینیا بە ئاماژەی دەست تێی گەیاند:

– بابچینە ژوورەکەی من...

ستیپان، کڵاوەکەی، وەك ئەوەی بارێکی قورس بێت، هەڵگرت. خوێن زاییە سەرو چاوی، چاوانی کەوتنە ڕێشکەو پێشکە. هەرکە چوونە ژوورەوەو لەمبەرو لەوبەری مێزەکە، بەرانبەر بە یەکدی دانیشتن، ئەکسینیا زمانێکی بەلێوە وشکەکانی خۆیدا هێناو بەدەم ناڵەوە پرسی:

– لە کوێوە دێی؟

ستیپان، بە شێوەیەکی گۆنگ و، مەست ئاسا دەستەکانی جوڵاندو بەدەم بزەیەکی شادو ئازار ئامێزەوە گوتی:

– من لە ئەڵمانیا دیل بووم... هاتووم بتبینم ئەکسینیا...

بە پەشۆکاویەوە هەستا، پاکەتێکی چکۆلەی لە گیرفانی دەرهێنا، بە قامکێن لەرزۆکەوە کردیەوە، سەعاتێکی دەستی زیوی ژنانە و موستیلەیەکی، کە نقێمێکی (نگین) شینی هەرزان بەهای بەسەرەوە بوو، لێدەرهێنا... خستیە سەر ناولەپە ئارەق کردووەکەی خۆی و لێی هێنایە پێشەوە، لێ ئەکسینیا، چاوانی لە سیمای نامۆو ئەم بزە خاکسارانەیەی کە هێندەی دی گۆڕی بووی، نەدەگواستەوە.

– بیگرە.. من ئەمەم بۆ تۆ هێناوە... هیچ نەبێ ماوەیەك پێکەوە ژیاوین...

ئەکسینا، کە لێوەکانی ڕەنگی مردوویان لێنیشتبوو، بە ئاستەم لێوی لەبەر یەك هەڵهێنان و گوتی:

– بۆ چیمە؟ سەبرکە!

– وەری بگرە... دەستم ڕەت مەکەوە... دەبێ واز لە گەوجێتی یەکانی جارانمان بێنین.

ئەکسینیا، ڕوخساری لە نێو هەردوو دەستی نا، هەستاو پاشەو پاش بەرەو لای کوانگەکە ڕۆیی:

– خۆ دەیانگوت تۆ کوژراوی...

– تۆش پێت خۆش بوو، ها؟

ئەکسینیا، وەڵامی نەدایەوە. بە هێوریەکی زیاترەوە لە سەراپای مێردەکەی دەڕوانی. بێهیچ هۆیەك، چینی تەنوورەکەی خۆی کە بەدیقەت ئوتو کرابوو ڕێکخستەوەو، دەستەکانی لەپشتەوە تێك هاڵاندو گوتی:

– تۆ ژنەکەی ئانیکوشکات بۆ لام نارد بوو؟ پێی گوتم کە گوایە تۆ ویستووتە بێمەوە لات و پێکەوە بژین..

ستیپان، قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– جا دێیتەوە؟

ئەکسینیا بە ساردی وەڵامی دایەوە:

– نەخێر، نا، نایەمەوە.

– بۆچی؟

– حەزناکەم، ئەوە زەمانێك بوو... تازە زۆر درەنگە.. زۆر درەنگە.

– من دەمەوێ دەست بە فەلاحەتی بکەمەوە و خەریکی کشتوکاڵ بیم. هەر لەبەر ئەمەش لە ئەڵمانیا گەڕاومەتەوە کە لەوێش بووم هەر بیرم لەمە دەکردەوە... ئەکسینیا تۆ دەتەوێ چی بکەیت؟ گریگۆری وازی لێهێناویت... یان پیاوێکی دیکەت دۆزیوەتەوە؟ بیستوومە کە لەگەڵ کوڕی ئاغای ئێرەدایت... ڕاستە؟

گۆناکانی ئەکسینیا سوور بوونەوە، لە تەریقیدا چاوی داخست و فرمێسکی شەرمەزاری لە چاویا قەتیس مان.

– حاڵی حازر لە گەڵ ئەودام. ڕاستە.

ستیپان بە ترسەوە گوتی:

– وانەزانی من لۆمەت دەکەم. من بۆیە ئەو پرسیارەم کرد، وتم ڕەنگە بڕیاری ئەوەت نەدابێ کە چی بکەیت. دڵنیابە کە ئەو تا سەر لە گەڵت نابێ، پێت ڕادەبوێرێ، هاکا دەست بەردارت بوو... تەمەشا ژێر چاوەکانت چرچ بوون... نا، تا سەر لەگەڵت نابێ، هەر کە لێت تێر بوو، دەرت دەکات. ئەوساکە کێوە دەچی؟ ژیانی کارەکەری تاکەی، بێزار نەبووی؟ باش بیر لە مەسەلەکە بکەوە، من پارەیەکم لە گەڵ خۆمدا هێناوەتەوە، کە شەڕ تەواو بوو، بۆ خۆ بەباشی دەژین. من وا تەسەور دەکەم دەتوانین پێکەوە بژین... دەمەوێ ڕابردوو فەرامۆش بکەم...

ئەکسینیا، بەدەم فرمێسکەوە و لە کاتێکا تەزوویەکی خۆش بەگیانیا هات، پرسی:

– دەی ستیپانی ئازیز، جاران بۆ وا بیرت نەدەکردەوە؟

ئەوسا، لە ئاگردانەکە دابڕاو ڕاست بەرەو مێزەکە هات و گوتی:

– باشە، ئەوسای کە جەوانیمت لە قوڕ دەنا، پێشێلت دەکرد، بۆچی وابیرت نەدەکردەوە؟ بۆچی بە تۆبزی بەرەو باوەشی گریشات دەناردم. هەرتۆ نەبووی کە دڵت شکاندم.. لە بیرتە چیت پێدەکردم؟

ستیپان کە هەردوو باسکی نابوونە سەر مێزەکە، گوتی:
– من نەهاتووم بۆ گلەیی و گلەیی کاری، نە هاتووم کای کۆن بەبا بکەین.. تۆ... چوزانی کە منیش ئازارێکی زۆرم نەکێشاوە؟ ڕەنگە من بمەوێ جاریکی دی بە ژیانی خۆما بچمەوە...
ستیپان، ڕوانیە دەستی خۆی کە نابوونیە سەر مێزەکەو، زۆر بە ئەسپایی و کاوەخۆ کەوتە قسان:
– باوەڕ بکە، بەردەوام بیرم لە تۆ دەکردەوە... بەدڵێکی پڕ لە خوێنەوە بیرم لێدەکردیتەوە. شەو ڕۆژ لە بیرو لە خەیاڵم بووی... من لەوێ لەگەڵ بێوەژنێکی ئەڵمانیدا دەژیام.. ژیانێکی باشم هەبوو، بەڵام وازم لێهێناو هاتمەوە... ویستم بۆ وڵات و زاگەی خۆم بگەڕێمەوە.
ئەکسینیا، کە لە تووڕەییدا، پەڕەی کەپووی دەلەرزین، گوتی:
– ئێستاش گەرەکتە بە ئارامی بژی؟ دەست بەکاری کشتووکاڵ و فەلاحەتی بکەیتەوە؟ دڵنیام کە دەتەوێ منداڵیشت هەبن، ژنیکت هەبێ، خزمەتت بکات، جل و بەرگت بۆ بشوات و نان و خواردنت بۆ ئامادە بکات. ها؟
بزەیەکی ساردو بەدخوایانەی کرد:
– نا. نەخێر، خوا بەو ڕۆژە نەکات! من تازە پیر بووم. بە خۆت چرچ و لۆچی دەموچاوم دەبینی... من کەسێکی سوتلیم و (سوتلی: قەپاتمە، ماشقە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن) سوتلیان نابێ منداڵیان هەبێ... تۆ ژنی واهیت بۆ چیە؟
– زۆر دەمت درێژ بووە...
– هەر ئەوەم کە هەم و هەر واش دەمێنمەوە..
– کەواتە قاییل نیت.
– نەخێر قاییل نیم و نابم!
– دەی باشە، خواحافیز.
ستیپان هەستا، تەمەشایەکی سەعاتەکەی ناو دەستی کرد، بە دوو دڵیەوە لە سەر مێزەکەی داناو لە سەری ڕۆیی:
– ئەگەر پەشیمان بوویتەوە، ئاگادارم بکەوە.
ئەکسینیا، تا بەر دەرگای حەوشە لە گەڵیا ڕۆیی. ڕاوەستا، ماوەیەکی زۆر لە دواوە، تەمەشای ئەو گەردو تۆزەی کرد کە لە ژێر چەرخی گالیسکەکەوە، هەڵدەستاو لە شانە پانەکانی ستیپان دەنیشت. فرمێسکی ڕق لە چاوانیەوە هەڵدەقوڵا، بەدەم هەنسك هەڵدانەوە، بیری لە ناکامی خۆی، لە ئاوات و خۆزیا لەبارچووەکانی خۆی دەکردەوە، بۆ ژیانی بەفیڕۆ چووی خۆی دەگریا کە سەرلە نوێ کەوتبووە بەر با. پاش ئەوەی زانی بووی کە یەڤگینی چیتر ئەوی ناوێ و پاش ئەوەی بەگەڕانەوەی مێردەکەی زانی بوو، لێبڕا بوو بگەڕێتەوە سەر ماڵەکەی خۆی و لای مێردەکەی، تا ئەو بەختەوەریەی کە بە دەستی نەهێنابوو، زەڕە بە زەڕە کۆبکاتەوە. بەو ئومێدەوە چاوەڕوانی دەکرد. بەڵام کاتێ کە ستیپانی بەلارە ملی و گەردن کەچی بینی، غروورێکی ڕەش، هەمان ئەو غرورەی کە ڕێگەی پێنەدەدا، دوای پچڕانی پەیوەندی دەگەڵ

یەڤگینی دا، لە یاگودنویە بمێنێتەوە، لە ناخیا سەری هەڵدایەوە، ویستێکی بەدخوایانە بە سەریا زاڵ بوو، ئەو گوتارو هەڵوێستانەی پێدەنواند... هەموو ئەو سوکایەتی و دەردو ئازارانەی کە بە دەستی ئاسنینی ئەم پیاوە چەشتبوونی، وەبیر خۆ دەێنایەوە، هەرچەندە حەزی نەدەکرد، کار بکاتە جودایی و لە ناخی دڵەوە لەو کارەی خۆی دەترسا، کەچی وێڕای ئەوەش، ئەم قسە توندانەی هەر کرد: "نەخێر قاییل نیم و نابم!"

ئەکسینیا جارێکی دیکەش، تەمەشایەکی عەرەبانەکەی، کە تەواو دوورکەوتبووەوە، کرد. ستیپان، بەدەم قامچی بادانەوە، لەنێو چڕە گیا ئەفسەنتینی قەراخ جادەکەدا، لە چاو ون بوو.

* * *

ئەکسینیا، بۆ سبەینێ کرێی مانگانەی خۆی وەرگرت و شت و مەکی خۆی پێچایەوەو لە جانتاکەی نا. کە خودا حافیزی لە یەڤگینی کرد، بەدەم پەڵمە گریانەوە گوتی:

– یەڤگینی نیکولایوفیچ، گلەییم لێمەکە.

یەڤگینی بۆ ئەوەی ئاشوبی دەروونی خۆی وەشێرێت، بە دەنگێکی شادی دەستکردەوە گوتی:

– نە، گیانە، ئەم قسەیە چییە!... بە پێچەوانەوە زۆرت لێ مەمنوونم.

ئەکسینیا کەوتە ڕێ. ئێوارەیەکی زوو گەییە تاتارسکی. ستیپان لە بەردەرگا پێشوازی کرد. بەدەم زەردەخەنەوە لێی پرسی:

– هاتیتەوە؟ هاتنەوەی یەکجارەکیە؟ دڵنیابم کە جارێکی دی ناڕۆیت؟

ئەکسینیا بە سادەیی وەڵامی دایەوە:

– نا، جارێکی دی نا ڕۆم.

بەدڵی گوشراوەوە، ڕوانیە خانووە نیمچە وێرانەکەیان کە حەوشەکەی یەکپارچە گژوگیا بوو.

"٨"

ئەنجام لە نزیکی وێستگەی دوورنوڤسکایادا بوو کە کەتیبەی ڤیشنسکایا، بۆ یەکەمجار دەگەڵ قوەتیکی سووردا، کە لەحاڵی پاشەکشەدا بوو، کەوتە شەڕەوە.

نیوەڕۆیەك، سریەکەی گریگۆری میلیخوف، گوندێکی بچکۆلەی گرت کە کەوتبووە ناوەڕاستی باخ و بێستانیکی سەوزی چۆڵەوە. گریگۆری، فرمانی بە قوزاقەکانی خۆی دا، لە سایەی نمساری کۆمەڵە درەختێکی بیدا، کە لە کەناری جۆگایەکدا ڕوابوون و بە ناوەڕاستی دێیەکەدا دەڕۆیی، لە ئەسپەکانیان دابەزن. لە شوێنێکی نە زۆر دوورەوە، کۆمەڵە کانیەك، بە قوڵە قوڵ لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەچریساکەنەوە. ئاوەکە هێندە سارد بوو دەتگوت بەفرە. قوزاقەکان، بە چنگ کەوتنە ئاو خواردنەوە، پاشان کاسکێتەکانیان پڕ دەکرد لە ئاو و دەیانکرد بەسەری خۆیاندا. هەتاوەکە ئەستوونی لە گوندەکەی دەدا، گوند لە هەتاوا نقوم بوو بوو. هەر ئەوەتا گڕی لی هەڵنەدەستا. گیاو پەلکی دار بیەکان لە گەرما، بە سستی شۆڕ بوو بوونەوە. بەڵام سێبەری داربیەکانی کەنار جۆبارەکە تا ڕادەیەك فێنك بوو. بنجە گیای بابە ئادەم و گیای دیکەی نێو باتڵاخ و زەلکاوەکان یەجگار سەوز بوون، قەوزە، وەکو بزەی کیژان بە سەر گۆماوە بچووکەکانی

کەنار جۆبارەکەوە،دەدرەوشایەوە.لە شوێنێکی ئەو بەری پێچی جۆبارەکەوە، مراوی بەدەم باڵە فرێوە، بە ناو ئاوەکەدا دەهاتن و دەچوون. ئەسپەکان کە چاویان بە ئاوەکە کەوت، کەوتنە پرماندن، لغاوەکانیان دەجوو، سەریان بۆ ئاوەکە دادەنەواند، جڵەوەکانیان لە دەستی خاوەنەکانیان ڕادەکێشا، خۆیان بە ئاوەکەدا دەکردو ئاوەکەیان بە پێ لێڵ دەکردو بەدەم ئاوەکەیان پاك دەکردەوە. بایە گەرمەکە، دڵۆپە ئاوە ئەڵماس ئاساکانی لە دەموقەپۆزیان دەفڕاند. ئاوەکە بۆنی گۆگردو قەوزەی گەنیو و بۆنی تاڵی و شیرینی ڕەگی تەڕی و خوساوی دار بی لێدەهات.

قوزاقەکان، تازە لە نێو بنجە بابا ئادەمەکاندا پاڵکەوتبوون و تازە کەوتبوونە گفتوگۆ و جگەرە کێشان کە گەشتیەکەیان (دەوریٚ) لە ماموریەت گەڕایەوە. کە قۆزاقەکان گوییان لە وشەی "سوورەکان" بوو، هەموو بەیەك کەڕەت ڕاپەڕین و هەستانە سەرپێ. بەپەلە تەنگ و بەرۆکی ئەسپەکانیان توند کرد، چوونە سەر جۆبارەکە، ئاویان خواردەوەو زەمزەمیەکانیان پڕ کرد لە ئاو. هەر یەکێکیان لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "لەوەیە ئەمە دوا جارم بیٚ، کە ئاویکی وا ساف و زوڵاڵی وەکو فرمێسکی منداڵ بخۆمەوە."

کەوتنە ڕیٚ، ماوەیەك ڕۆیشتن، لە جۆبارەکە پەرینەوەو لەو بەرەوە وەستان. لە گوندەکە دوورکەوتنەوە، لە دووری فرسەخێك چاویان بە گەشتیەکی سوارەی هەشت کەسی دوژمن کەوت کە بەپارێزەوە، بەسەر گردۆلکەیەکی لمەڵانی، یەکپارچە گیا دەرمنەدا، ڕێیان دەکردو بەرەو گوندەکە دادەگەڕان. میتکا کورشونوف بە گریگۆری گوت:

– بڕۆین، دەوریان بگرین ؟

نیوەی ڕەعیلەکەی لەگەڵ خۆیا برد و لە لاڕێوە بۆیان چوو. بەڵام گاردە سوورەکان، زوو هەستیان پێکردن و ڕیٚ و ڕیٚ گەڕانەوە.

دوای سەعاتێك، دوو سریەی دیکەی کەتیبەی ڤیشنسکایا هاتن و ئەوسا قوزاقەکان، سەرلە نویٚ کەوتنە پێشڕەوی. گەشتیەکان، خەبەریان هێنا کە سوورەکان نزیکەی هەزار کەس دەبن و بۆ شەڕی ئەوان هاتوون. سریەکانی کە تیبەی ڤیشنسکایا، لە قۆڵی ڕاستەوە، پەیوەندیان دەگەڵ کەتیبەی سی و سێی ئالانسکایا بوکانوفسکایادا بڕا بوو. وێڕای ئەمەش بڕیاریان دا بچنە شەڕەوە. چوون بۆ سەرگردەکەو لە ئەسپەکانیان دابەزین، پاسەوانان، ئەسپەکانیان بردە دۆڵێکی پان و بەرینەوە، کە دەچووەوە بۆ ناو گوندەکە. لە خاڵێکی قۆڵی ڕاستا، گەشتیانی هەردوولا تووشی یەکدی بوون. کەوتنە شەڕ، دەنگی دەستڕێژی ڕەشاش، دووراو دوور دەهاتە گویٚ. دوای تۆزێك، شەپۆلی هێرشی سەربازانی سوور دەرکەوت، بەڵام زۆر چڕ نەبوو. گریگۆری قوزاقانی سریەکەی خۆی لە سەر ترۆپکی گردەکە دامەزراند. قوزاقەکان لە سەر گردێك کە یەکپارچە گژوگیا بوو، سەنگەریان گرت، گریگۆری خۆی گەیاندە ژێر دار سێوێکی کێوی کورتە باڵا، بە دووربین کەوتە تەمەشاکردنی جم و جوڵی دژمن. دوو ڕیزی یەکەمی بە ڕوونی دەبینی. لە پشت ئەوانەوە، تابورێك سەرباز، لە ناو چەند ڕیزە مەڵۆیەکی گەنمی دوراوەدا کە کۆ نەکرابووەوە، خەریکی سەنگەر گرتن بوون.

**گریگۆری و قوزاقەکانی، کابرایەکیان بە سواری ئەسپەوە لە پێشی تابووری یەکەمەوە بەدی کرد، کابرا سواری ئەسپێکی سپی گەورە بوو بوو، دیار بوو فەرماندەیە. گریگۆری و قوزاقەکان، سەریان لەم دیمەنە سووڕما. دوانی دیکەش لە ڕیزی پێشەوەی تابووری دووەمەوە دەهاتن. فەرماندەیەکی دیکەش ڕابەرایەتی تابووری سێیەمی دەکرد. ئاڵایەك لە تەنیشتییەوە دەشەکایەوە. پارچەیەکی هێندە سوور بوو لە ناو زەردی گەنمە جاڕەکەدا، لە پەڵە خوێنێکی بچووك دەچوو.**

**یەکێك لە قوزاقەکان هاواری کرد:**

**– فەرماندەکانیان لە پێشەوەن.**

**میشکا کورشونوف، کە قاقا پێدەکەنی، بە ستایشەوە گوتی:**

**– نەبابە! ئەوەیە مەردایەتی و قارەمانیەتی!**

**– کوڕینە تەمەشاکەن، ئەمانە سوورن!**

**زۆربەی قوزاقەکان، خۆیان لە ئەرزەکە بەرزکردەوە تا تەمەشا بکەن، هەموو دەستیان کرد بە سێبەر بۆ چاویان. لە پڕ گفتوگۆکانیان قەتح بوو (بڕا)و بێدەنگیەکی سامناك و خەمین، کە بۆنی مەرگی لێدەهات بە سستی و خاوی، وەکو سێبەری هەورێك باڵی بەسەر دەشت و دەرەکەدا کێشا.**

**گریگۆری ئاوڕی پاشەوەی دایەوە سەیری کرد لەپشت دارستانی بیەکانەوە، بە مەودایەکی کەم لە گوندەوە، تەپوتۆزو گەردو غوبار دەچێت بە ئاسمانا: سریەی دووەم کەوتبووە ڕێ تا گەمارۆی دژمن بدات. سریەکە بۆ ماوەیەك کەوتنە دۆڵێکەوەو لە چاو ون بوو. بەڵام دوای نزیکەی چوار فرسەخان دۆڵەکە بوو بە دوو بەشەوە، سریەکە کەوتە بەرزایی. گریگۆری لە زەینی خۆیدا ئەوکات و شوێنەی تەقدیر کرد کە بە مەزەندە سریەکە دەگەییە ئاستی دژمن.**

**دووربینەکەی خستەوە کیفەکەی و بەلەز ئاوڕی دایەوەو فەرمانی بە سەربازەکانی دا:**

**– ڕاکشێن!**

**لە سەربازەکان نزیك بووەوە. قوزاقەکان کە سەروچاویان لە گەرماو تەپوتۆزدا دەبریقایەوەو ڕەش دەچووەوە، ڕوویان بەرەو گریگۆری وەرگێڕا. بە دەم تەمەشا کردنی یەکدیەوە، ڕاکشان. هەرکە گوێیان لە فەرمانی (ئامادە باش!) بوو، خڕو هوڕی میل هێنانەوە و چەك سوارکردن بەرز بووەوە. گریگۆری لە شوێنی خۆیەوە جگە لە لاقێن لێکدی بڵاوکراوەو سەری کاسکێتان و بلوزێن تەپو تۆزاوی، سەر شان و پشت ئارەقاوی، هیچی دیکەی نەدەبینی. قوزاقەکان بە سینگە خشکێ بڵاوبوونەوە و هەر کەسەو پەنا و شوێنێکی گونجاوی بۆ خۆی هەڵبژارد. هەندێکیش خەریك بوون بە شمشێرو قەمە ئەرزە سەختەکە هەڵدڕن و چاڵێك بۆ خۆ هەڵکەنن. لەم کەین و بەینەدا دەنگ وئاوازی کۆنگی،سروودێك، کە سوورەکان دەیانخوێند، لەگەڵ بایەکەدا گەییە سەر تەپۆلکەکە.**

**شەپۆلی هێرشی سوورەکان، جاریێ توندو جاریێ هێواش دەبوو، دەنگیان لە دەشتە پان و گەرم و کڕوکپەکەدا ون دەبوو. گریگۆری هەستیکرد، دڵی زۆر بە توندی لێدەدات. پاشبەندی ئەم**

سـروودە گلـەیی ئـامێزەی پێشـتر بیسـتبوو، لـە گلوبوکایـا، لـە دەریاوانـەکانی موکروسـوڤی بیستبوو، کە کاسکێتەکانیان دادەکەند و بەچاوانی پڕ حەماسەوە ئەو سرووودەیان دەخوێند. لە ناکاوا نیگەرانیەکی کۆنگ، کە زیاتر لە ترس دەچوو، لە دڵ و دەروونی گەڕا. قوزاقێکی پیر، بە نیگەرانیەوە ئاوڕی دایەوەو پرسی:

– ئەریٚ ئەوە چ زەڕە زەڕێکیانە؟

ئەو قوزاقەی کە لەلایەوە، درێژبوو بوو بەرسڤی دایەوە:

– دوعا دەخوێنن

ئاندریٚ کاشولین بە تەوسەوە گوتی:

– دوعایە لەبەر قاپی شەیتان.

ئەوسا نیگایەکی گۆساخانەی گریگۆری کە لە نزیکیەوە وەستا بوو، کردو گوتی:

– تۆ کە ماوەیەك دەگەڵ ئەوانەدا بووی، دڵنیام دەزانی چی دەخوێنن. بێگومان خۆتیش ئەم سروودەت لە گەڵیاندا وتووە؟

– "... ببینە خاوەنی زەوی..." ئەو دوو وشەیە وێڕای دووری فاسیلەی نێوان هەردوو بەرەکە، ئەمجارەیان بە ڕوونی گەییە گویٚ و جارێکی دی خامۆشی باڵی بەسەر دەشت و دەرەکەدا کێشایەوە. شادی و کەیفێکی تاڵ و تەوسامێز کەوتە نێو قوزاقەکان. یەکێك لە ناو جەرگەی ئەو گروپەوە لە قاقای پێکەنینی دا. میتکا کورشونوف، بە دەم هەڵچوونەوە کەوتە جنێودانی بازاڕی و بە تەشەرەوە گوتی:

– گوێتان لێبوو ها؟ دەیانەویٚ ببنە خاوەن زەوی!... میلیخوف، ڕێم بدە با تەقە لەو سوارەی سەر ئەسپە سپیەکە بکەم. تەنیا یەك فیشەك، تەقەی لێبکەم؟

بەڵام، چاوەڕوانی وەڵامی نەکردو تەقەی خۆی کرد. دیار بوو سوارەکە پەشۆکا. لە ئەسپەکە دابەزی و دایە دەست سەربازێك و خۆی، بە شمشێری ڕووتەوە، لەپێشی سەربازەکانی خۆیەوە کەوتە ڕیٚ.

قوزاقەکان، دەستیان بە تەقە کردن کرد. سوورەکان خۆیان بە عاردیدا دا. گریگۆری عازی (فەرمانی سوپایی) بە ڕەشاشچیەکان دا کە تەقە بکەن، دوای یەك دوو دەستڕێژ، ڕیزی یەکەمی سوورەکان، هەستان، بە ڕاکردن بیست سی مەترێك هاتنە پێشیٚ و دووبارە خۆیان بە عاردی دایەوە. گریگۆری بە دووربین کەوتە تەمەشا کردنیان، سەیری کرد، سوورەکان بە بێڵچەو قەمە کەوتوونەتە هەڵکەندنی ئەرزەکەو خەندەك لێدەدەن. گەردو تۆزێکی ئامال شین بە سەر سەریانەوە شەپۆلی دەدا، بارستە خۆڵی، عەینی بارستە خۆڵی دەوری کونە جرجان، لە بەردەمیاندا قوت دەبووەوە. دەستڕێژێکی دوورو درێژ لە نك وانەوە کرا، دیار بوو ئەم شەڕە درێژە دەکێشیٚ. گولله بارانێکی توند دەستی پێکرد. دوای سەعاتێك قوزاقەکان کوژراوێکیان دا: قوزاقێکی ڕەعیلی یەکەم کوژرا، سیانی دیکەش بریندار بوون، بە برینداری و بە سینگە خشکیٚ بە دۆڵەکەدا بەرەو لای پاسەوانانی ئەسپەکان داگەڕان. لەم کاتەدا سریەی دووەم، لا تەنیشتیان لە دژمن گرت و لە ناو تەپوتۆزدا کەوتنە پەلاماری سوورەکان، بەڵام ڕوو بە ڕووی دەستڕێژی

ڕەشاشــان بوونــەوە، بــە پەلــەپروزێ و بەچــوار ناڵــە بــەرەو دوا، پاشەکشــەیان کــرد. جــا لــەم گیرودارەدا، قوزاقەکان جاری وا هەبوو بە سەریەکا کەڵەکە دەبوون و جاری وا هەبوو پەراگەندە دەبــوون. پــاش ئــەوەی پاشەکشــەکەیان تــەواو بــوو، ســریەی نــاڤبری بــۆ جــاری دووەم خــۆی ڕێکخستەوە و ئەمجارەیان بە بێدەنگی، بێ هەراو زەنا، دەستیان بە هێرش کردەوە، بەڵام بۆ جاری دووەم دەستڕێژی ڕەشاشان، وەکو چۆن بایەك گەڵای دار ڕابماڵێ، بەو ئاوایە قوزاقانی بەرەو پاش ڕامالی.

بەڵام ئەم هێرشە، ورەی سوورەکانی لەق کردبوو، هەر دوو ڕیزی پێشەوەیان شلۆق بوو وکەوتە پاشەکشە.

گریگۆری عازی بە سریەکەی خۆی دا بە دەم تەقە کردنەوە هەستنە سەرپێ. بەو جۆرە کەوتنە پێشڕەوی. لەوە دەچوو، ئەو شپرزەیی و پەرێشانیەی کە لە سەرەتاوە گرتبوونی،ڕەوی بێتەوە. کە بینیان تۆپخانەیەك بە هەشتاو فریایان کەوت و خێرا سەنگەری گرت، هێندەی دیکە ورەیان بەرز بووەوە. تۆپی یەکەم سەنگەری گرت و دەستی بە تۆپباران کرد. گریگۆری جوابی بۆ پاسەوانانی ئەسپەکان، کە لە دۆڵەکەدا مۆڵیان خوارد بوو، نارد کە ئەسپەکان بێنن و بێن. گریگۆری خۆی بۆ هێرش ئامادە دەکرد. ئێستا لە ژێر ئەو دار سێوە کێویەی کە گریگۆری لە سەرەتای شەڕەکەوە، لەوێندەرەوە بە دووربین چاوی لە سوورەکان کرد بوو، تۆپی سێیەمیان لە عەرەبانەکەی دەکردەوە. ئەفسەرێکی باڵا بەرز، کە پانتۆڵێکی تەسکی سوارەی لەپێدا بو و بە شەلاق دەیکێشا بە ساقی چەکمەکەی خۆیدا، بە دەنگی بەرزو بە تووڕەیی، هاواری بە سەر تۆپچییەکاندا، کە بە خاوە خاو بەرەو تۆپەکە دەڕۆیشتن، دەکرد:

– دەی، خێرا دایمەزرێنن! دەی چیتان کرد، مردوتان مرێ!

دیدەوانێك و فەرماندەی کەتیبەکە کە لە نیو فرسەخی ئەوێندەرا لە سەر گردۆڵکەیەك وەستا بون، بە دووربین تەمەشای پاشەکشەکەی دژمنیان دەکرد. سەربازانی مخابەرەو تەلەفۆنچی یەکان خەریك بوون بە پەلە هێڵێکیان لە نێوان تۆپخانەکەو پاسگای دیدەوانیەکە ڕادەکێشا. فەرماندەی تۆپخانەکە، کە نەقیبێکی پیر بوو، بە تووڕەیی قامکە ئەستووەکانی (کە ئەڵقەیەکی زێڕ لە پەنجەیەکیا بوو) بە دەوری زومی دووربینەکەدا دەسوڕاند. بە هەڵچوونەوە، بە دەوری تۆپی یەکەما دەسوڕایەوە، هەرکە تۆپێك دەتەقێنرا سەری خۆی دادەنەواندو لە گەڵ هەر جوڵەیەکیا، ئەو خورجینە مەیدانیەی لە قەدی خۆی بەستبوو، بە لایەکا دەکەوت.

دوای ڕمبەی یەکەم تۆپبارانی ئەزمایشی، گریگۆری ئەو شوێنەی دیاریکرد کە گوللە تۆپەکەی لێکەوتەوە و ئاوری پاشەوەی دایەوە، تۆپچی یەکان، هانکە هانك، بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە جێ گۆڕکێیان بە تۆپەکە دەکرد. یەکەم گوللە تۆپ، کەوتە نێو ئەو مەڵۆ گەنمانەی کە هێشتا کۆ نەکرابوونەوەو هەر هەمووی بڵاوکردەوەو دووکەڵێکی سپی لۆکە ئاسا، چوو بە ئاسماناو بە دەم بایەکەوە لە قوڵایی ئاسمانی شیندا، بڵاوبووەوەو نەما. هەر چوار تۆپەکە کەوتنە تۆپباران، ئەمجارەیان، گوللە تۆپەکان لەو دیوی گەنمە دوراوەکەوە دەکەوتنەوە، بەڵام ئەوەی کە گریگۆری چاوەڕوانی نەدەکرد، ئەوە بوو کە تۆپبارانەکە، پەشێوی و ئاشوفتەگیەکی

ئەوتۆی نەخستە ڕیزی سوورەکانەوە، لە پاشەکشەی ئارام و ڕێك و پێکی خۆ بەردەوام بوون، بەرە بەرە بە دۆڵەکەدا داگەڕان و کەوتنە نەدیوی و لە هەتەری دیدی قوزاقەکان دەرچوون. گریگۆری، هەرچەندە دەیزانی کە هێرش بردن لەم حاڵەتەدا بێمانایە، بەڵام وێڕای ئەوەش لێبڕا کە ڕاوێژ بە فەرماندەی تۆپخانەکە بکات. چوو بۆ لای فەرماندەی ناڤبری، لە کاتێکدا دەستی چەپی بۆ نووکی سمێڵە لوولە تاوە سووتەکەی دەبرد، بە بزەیەکی دۆستانەوە، گوتی:

– ئەریٚ من بە نیازی هێرشم، تۆ چ دەڵێی؟

نەقیبەکە، بە ڕوخساری ناڕازییەوە سەرێکی باداو، بەپشتی دەستی ئەو ئارەقەیەی سڕی کە بە لاجانگیا چۆڕاوگەی بەستبوو و گوتی:

– هێرشی چی؟ ئەدی نابینی خەریکە دەقوچێنن؟ تازە لە دەست دەرچوون، مەحاڵە خۆ بە دەستەوە بدەن، بیرکردنەوە لە شتی وا گەوجیەتیە، قسەی قۆڕە: فەرماندەکانیان هەموو کۆنە ئەفسەری سوپان، ئەوانە لە عەسکەرییەوە و لە ناو عەسکەراندا پێگەییوون. هاوڕێیەکی موقەدەمی خۆمیان لە گەڵە بە نێوی سیروف

گریگۆری، بزەیەکی گومانامێزی بۆ کردو پرسی:

– چۆن، دەزانی؟

– لە هەڵاتووەکانیانم بیستووە...

نەقیبەکە عازی دا:

– تەقە ڕاگرن.

وەکو بڵێی پاکانە بۆ هەڵوێسستەکەی خۆی بکات، ڕوویکردە گریگۆری و لە سەری ڕۆیی: تەقەکردن بێفایدەیە، تۆپبارانەکەمان، هیچ ئامانجێکی نەپێکا، ئەمە جگە لەوەی کە گوللە تۆپیشمان کەمە... تۆ میلیخوف وانیە ؟ منیش ناوم پولتاڤتسوڤە.

دەستە زەلامە ئارەقاویەکەی بەلەز لە نێو دەستی گریگۆری ناو هەر زوو دەریهێنایەوە، ئەوجا بە چاپوکی دەستی بە دەمی وازی (کراوە) خورجینەکەی خۆیدا کردو چەند جگەرەیەکی دەرهێناو گریگۆری خوڵك کرد:

– جگەرە نا فەرمووی ؟

شوفێرانی تۆپخانەکە، بە تەقە تەق عەرەبانەکانیان لە دۆڵەکەوە هێنایە سەریٚ و تۆپەکانیان لیٚ بەستن. گریگۆری عازی بە سوارەکانی خۆی دا کە سواربن، بە خۆو قوزاقەکانیەوە کەوتە تاقیبی سەربازانی سوور، کە لە پشت گردێکەوە کەوتبوونە نەدیوی.

سوورەکان، گوندەکەی نزیکی ئەوانیان گرتبوو، بەڵام بە بێهیچ بەرگری و بەرەڤانیەك چۆڵیان کرد. سوارانی هەرسیٚ سریەکەی کە تیبەی ڤیشنسکایاو تۆپخانەکەش، لەویٚ، لە گوندەکەدا، جێگیر بوون. دانیشتوانی ترساوی گوندەکە نەدەوێران، سەر لە ماڵ بێننە دەریٚ. قوزاقەکان ماڵ بە ماڵ بۆ خواردن دەگەڕان. گریگۆری، لە بەر کوختەیەکی هەندیٚ تەریك و چەپەکدا، لە ئەسپەکەی دابەزی، خۆی بە حەوشەدا کرد، هەوساری ئەسپەکەی بە موحەجەرەی بەر دەرگاکەوە بەستەوە. خاوەن ماڵەکە. کە قوزاقێکی درێژ داهۆڵی پیر بوو، لە سەر تەختێك

ڕاکشابوو، سەرە چکۆلەکەی کە لە سەری تەیرو تو دەچوو، بە دەم ناڵینەوە، لە سەر سەرینە چڵکنەکەی ئەم جێ و ئەو جێ پێدەکرد. دوای سەلام و کەلام، گریگۆری بە زەردەخەنەوە پرسی:

– دەڵێی نەخۆشیت؟

– بە.. لێ.. نە.. خۆ... شم...

ئەوەی ڕاستی بێ کابرا بە درۆوە خۆی گەیاندبووە حاڵی چەقۆ، بەڵام بە نیگای نیگەرانیا دیار بوو کە قەناعەتی وایە کەس باوەڕ بە نەخۆشیەکەی ناکات.

گریگۆری، بە زمانێکی ئامیرانەوە گوتی:

– ئەرێ خواردنێ شتێکمان نادەیتێ بۆ قوزاقەکانمان؟

کە یبانۆیماڵەکە، لە پشت ئاگردانەکەوە وەدەرکەوت و گوتی:

– چەند نەفەرن؟

– پێنج نەفەرن.

– دەی باشە، با بێن، خوا چی قسمەت کردبێ، دەتاندەینێ.

گریگۆری، دوای ئەوەی دەگەڵ قوزاقەکانیا، نانی خوارد، چوو بۆ سەر جادەکە. تۆپخانەکە، حازرو ئامادە لای بیرەکە وەستا بوو. ئەسپەکان. سەریان ژەنی بووە توورەکەکانیان و جۆیان دەخوارد. شوفێر و تۆپچییەکان لە سێبەری سەندووقی گوللە تۆپەکانا، هەندێکیان دانیشتبوون و هەندێکیان پاڵکەوتبوون. یەکێك لە تۆپچییەکان، لاقی تێك هاڵاندبوون و بە دەما خەوتبوو ئەمما خەوتن. یەکێك لە شانەکانی بە دەم خەوەوە دەجوڵا. دیارە کە کاتێ ڕاکشا بوو، لە بەر سێبەرەکەدا ڕاکشا بوو، بەڵام نها هەتاوەکە سوڕا بووەوەو دەیدا لە قژە لوولەکەی کە پڕ بوو لە پووش و گەڵای وێنجەی وشك.

پێستی نمداری ئەسپەکان، لە ژێر قایش و قروش و تەنگ و بەرۆکیانەوە، کە لە ئارەقەدا زەرد دەچووەوە، دەبریسکایەوە. ئەسپی ئەفسەران و سەربازانی تۆپچی، کە بە پەرژینێکەوە بەسترا بوونەوە، لاقیان جووت کرد بوو و سەریان شۆڕ کردبووەوە. قوزاقەکان، کە ئازایان لە تەپوتۆز و ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بە بێدەنگی پاڵکەوتبوون و خەریکی پشوودان بوون. فەرماندەو ئەفسەرانی تۆپخانەکە لە ئەرزەکە ڕۆنیشتبوون و پشتیان دابوو بە دیواری بیرەکەوەو جگەرەیان دەکێشا. کەمێك دوور لەوانەوە، چەند قوزاقێك بەلاقی بڵاوەوە، لە نێو کۆمەڵێك بنجە ئەسفەناجی ڕۆمی تاوە سووتەوە، لە شێوەی ئەستێرەیەکی شەش پەڕدا کەڵەکە بوو بوون. ئەمانە لە نێو سەتڵێکدا ماستیان دەخوارد و جار جار یەکێکیان کە دەنکە جۆیەکی، بەر دان دەکەوت و خێرا دەیتفاندەوە.

هەتاوەکەی زۆر گەرم بوو. کوچەو کۆڵانانی چۆڵی گوندەکە تا بناری گردەکە دەڕۆیی. قوزاقان، لە ژێر کەپرو داڵانان، لە پەنا دیواران، لە پەنا پەرژینان و لە هەموو شوێنێکدا، لە سایەی(سێبەر) زەرد باوی گیای بابا ئادەمدا پاڵکەوتبوون و خەوتبوون. ئەو ئەسپانەی کە بە زینەوە لە پاڵ پەرژینەکاندا وەستابوون لە گەرماو لە شەکەتیدا داهێزرا بوون. قوزاقێك بە جادەکەدا تێدەپەڕی، بە جۆرێ خاو بوو بووەوە، نە یدەتوانی قامچیەکەی لە سەر پشتی

ئەسپەکەی هەڵبڕی، ئەوسا بێدەنگی باڵی بەسەر گوندەکەدا کێشایەوە، تۆپە سەوز باوەکان و سەربازە نووستووەکان، کە شەکەت و ماندوو، خەویان لیکەوتبوو، وا دەهاتنە بەرچاو لە زیادەو بەخۆڕایی لەوێندەر خڕ بووبونەوە.

گریگۆری، کە تاقەتی چوو بوو، دەیویست بگەڕێتەوە بۆ ماڵەکە ،کە لە ڕێگادا تووشی سێ قوزاقی سوارەی دیکە بوو، ئەمانە کۆمەڵە دیلێکی کەمی گاردی سووریان وەپێش خۆ دابوو. تۆپچیەکان، جم و جوڵیان تێکەوت و لە خەو ڕابوون و تەپوتۆزی سەر بلوزو پانتۆڵەکانیان تەکاند. ئەفسەرەکانیش هەستان. یەکیك لە ماڵێکی نزیکەوە، هاوارێکی شادی کرد:

– ئەهای کوڕینە ڕابن، برادەران دیلیان هیناوە!... درۆیە؟ نە، بە زاتی خوا ڕاستە!

هەر قوزاق بوو و بەچاوی خەواڵووەوە، لە حەوشی ماڵەکانی ئەو نزیکانەوە، بە پەلە دەهاتن. کۆمەڵێکی زۆر لە دەوری دیلەکان، کە هەشت گەنجی سەراپا تۆزاوی بوون و بۆنی ئارەقەیان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، خڕ بوونەوە. فەرماندەی تۆپخانەکە کە بە ڕق و کونجکاویەوە دەیڕوانیە دیلەکان، پرسی:

– لەکوی گرتتانن؟

یەکێك لەو پاسەوانانەی کە دەگەڵ دیلەکانا بوو، بەجۆرە خۆ هەڵکێشانێکەوە بەرسڤی دایەوە:

– لای خوایە جەنگاوەرن!... لە نێو کیڵگە گوڵە بە ڕۆژەکەی نزیکی ئاواییدا بە گیرمان هێنان. وەکو هەوێردە چۆن لە ترسی واشەو کۆلارە خۆ پەنا دەدات، بەو ئاوایە خۆیان لە پەنا گوڵە بە ڕۆژەکان مت کرد بوو. ئێمە سوارە بووین، لە سەر ئەسپەکانمانەوە بەدیمان کردن و کەوتینە تاقیبیان، کۆمانکردنەوە، یەکێکیانیش کوژرا...

سەربازانی گاردی سوور، لە ترسا خۆیان دابووە پاڵ یەکدی. دیار بوو دەترسان بیانکوژن. نیگای کەساس و مەلوولیان، لە ڕوخساری قوزاقێکەوە بۆ ڕوخسارو سیمای یەکێکی دی دەگواستەوە. تەنیا یەکێکیان نەبێ کە لەوانی دی بە تەمەنتر بوو، دەموچاوی تاوەگازی ڕەش هەڵگەڕا بوو، بلوزێکی چڵکن و زەنگاڵێکی دڕاوی لە بەلەکی پیچا بوو، بە چاوانی ڕەشی خێل و قیچییەوە، بە دەم کرۆشتنی لێوە شەقار شەقارەکانیەوە، بە تەوسەوەو، بێ پەروا دەیڕوانیە ئەو قوزاقانەی کە لە دەوریان خڕبوو بوونەوە. کابرایەکی تژەی ناو شان پان بوو. کاسکێتیکی لە سەر بوو، پێدەچوو یادگاری شەڕی ئەڵمانەکان بی و، کۆنی جێگای نیشانەی سوپاییەکەی پێوە دیار بوو، ئەم کاسکێتەی نابووە سەر قژە لوولەکەی کە لە زبریدا لە مووی یاڵی ئەسپ دەچوو. لە حاڵی پشووباشا وەستا بوو. قامکە ئەستووە ڕەشەکانی کە پەڵە خوێنی وشك بە سەر نینۆکەکانیەوە دەبینرا، بە یەخەی وازی کراسەکەی ژێریەوەو بە قورتمە زەقەکەیەوە کە یەکپارچە تووکی ڕەش بوو، دێنا. سەروسیمای زۆر هێورو بێمنەت دیار بوو، بەڵام لاقە لێك بڵاوەکانی، کە زەنگاڵ و بەلەك پێچەکەی، کە تا ئەژنۆ هاتبوو و زیاد لە پێویست ئەستووری دەنواندن. دەلەرزین، بەڵام دیلەکانی دیکە هەموو ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕا بوو، زۆر بێنموود دیار بوون. تەنیا ئەو بە ئەندامی درشت و ڕوخساری تاتارییەوە لە ناو هەموویاندا دیار بوو. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بووبێ کە فەرماندەی تۆپخانەکە، لە گەڵیا کەوتە پرس و جۆ:

– تۆ کێی؟ چ کارەیت؟

چاوە چکۆلەکانی کە لە پارچە زوخاڵێکی ئانتراسیت دەچوو، درەوشانەوەو بە تەڕدەستی خۆی قیت گرت:

– من سەربازێکی گاردی سوور و ڕووسیم.

– خەڵکی کوێی؟

– خەڵکی ستانی پینزام.

– تۆ سەربازی داوخوازی (خۆبەخش) هەی عفریت؟

– نەخێر کاتی خۆی نایب زابتی سوپا بووم. لە ساڵی ١٩١٧وە پەیوەندیم بە گاردی سوورەوە کردو ئیدی تا ئێستا لە گەڵ ئەواندا ماومەتەوە...

یەکێك لەو پاسەوانانەی کە لە گەڵ دیلەکاندا بوو هەڵیدایە و گوتی:

– ئەم بێشەرەفە تەقەی لێکردین...

نەقیبەکە، بە تووڕەیی برۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

– تەقەت لێکردن؟

کە چاوی بە گریگۆری، کە لە بەرانبەریا وەستا بوو، کەوت، بە ئاماژەی چاو دیلەکەی نیشانداو گوتی:

– ها، دەی بینی؟ باشە تۆ کە تەقەت لێدەکردن، بیرت لەوە نەدەکردەوە کە دەتگرن، نا؟ باشە ئەگەر لە سەر ئەم کارەت ئێستاو لێرەدا گوللە بارانت بکەن چی دەکەیت؟

بزەیەکی بێدەسەڵاتانە کەوتە سەرلێوی شەقار شەقاری کابراو گوتی:

– دەمویست بەرگری لە خۆم بکەم...

– ئم م! ئەدی بۆ بەرگردیت لە خۆ نەکرد؟

– فیشەکم پێ نەما...

– ئاوها!

چاوانی نەقیبەکە پرشنگێکی بەدخوایانەیان دا، بەڵام بەجۆرە ستایشێکەوە، تەمەشای سەربازەکەی دەکرد. ئەوسا چاوێکی بە دیلەکانی دیکەدا گێڕاو، بە زمانێکی دیکە لێی پرسین:

– ئەدی ئێوە، قەحپە دایکینە، کوێندەرین؟

گەنجێکی باڵا بەرزی مل درێژ ، کە بەردەوام چاوی دەتروکاندن و سەرە سوورەکەی کە دەتگوت کڵپەی ئاگرە دەخوراند، بە دەنگیکی گریان ئامێزەوە گوتی:

– قوربان، ئێمە بە تۆبزی بۆ سەربازی هێنراوین، خەڵکی ساراتوفی، سەر بە شارۆچکەی بالاشوفین.

گریگۆری بە کونجکاوی و خەمبارییەوە دەیڕوانیە سەوسیمای سادەی ئەم دێهاتیانە کە بەجلی تازەی سەربازییەوە زۆر کەساس و مەلوول دەهاتنە بەرچاو. لەو بەینەدا تەنیا ڕقی لە پیاوە ڕدێن ڕەشە گۆنا زەقەکە بوو. بە تانەو تەشەرەوە لێی پرسی:

– بۆچی ئیعترافت کرد؟ فەرماندەی فەوج بووی؟ فەرماندە بووی؟ کۆمۆنیستی؟ گوتت فیشەکت پێ نەما؟ ڕەئیت چیە، گەر لە سەر ئەم کارەت، بە شمشێر لەت لەتت بکەن؟

پەڕەی لووتی سەربازە سوورەکە کە بە قۆناغە تفەنگ شکاندبوویان، کەوتە لە رزین و بەوپەڕی بێباکی بەرسڤی دایەوە:

– ئیعترافەکەم بۆ خۆ نواندن نەبوو. بۆچی شتەکە بشارمەوە؟ بەڵێ، تەقەم لێکردن و تەواو... ئەمە شاردنەوەی ناوێ... وانیە؟ بەڵام سەبارەت بە... شمشێر لە دەستی ئێوەدایە... ئەگەر دەتانەوێ بمکوژن، بێمنەت بن... لێتان ناپاڕێمەوە...

کابرا بزەیەکی بۆ کردو لە سەری ڕۆیی:

– .. نەخێر لێتان ناپاڕێمەوە.. ئیدی ئەوە پیشەی قوزاقەو ئێوەش قوزاقن.

بزەی پشتیوانی ڕوخساری هەموو ئەوانەی دەوروبەری ڕوناك کردەوە. گریگۆری، کە قەناعەتی بە قسە ماقووڵەکانی ئەو کرد بوو، ڕووی وەرگێڕاو لەوێ ڕۆیی. دیلەکانی بینی کە بۆ ئاو خواردنەوە دەچوون بۆ سەر بیرەکە. لە و کاتەدا، یەك سریە قوزاقی پیادە لە کۆڵانێکی لاوەکیەوە بەڕیز هاتنە دەرەوە.

"٩"

لەو ماوەیە بە دواوە، کاتێ کە کەتیبەکە گەییە ناوچەی شەڕە بەردەوامەکان، کاتێ کە بەرەیەکی هەڤپەیوەست شوێنی بەشە جیا جیاو پچڕ پچڕەکانی مەیدان و شەڕگەی گرتەوە، گریگۆری زوو زوو ڕوو بە ڕووی دژمن دەبووەوە و هەرکاتێ تووشی دژمن دەبوو، جۆرە هەستێکی کونجکاوانەی سەیری سەبارەت بە سەربازانی سوور لا دروست دەبوو، ئەم سەربازە ڕووسانەی کە دەبووایە شەڕیان بکات و کەسیش نەیدەزانی بۆچی و لە سەرچی ڕێك لەو هەستە منداڵانەیە دەچوو کە لە هەوەڵێن ڕۆژانی جەنگی ئەڵماندا کاتێ لە نزیکی لشینوڤ بۆ یەکەمجار هاتوچۆی سەربازان و عارەبانەی باروبنەی هێزێن نەمساوی – هەنگاری بینی و بۆ هەتا هەتایە لە یادگەیدا مایەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەمانە کێن؟ لە چ قوماشکێن؟" دەتگوت کە بە عەمراتی لە گلوبوکایادا شان بە شانی سوورەکان، دژی هێزەکانی چیرنتسوف شەڕی نەکردبوو. ئەوساکە سەروسیمای دژمنانی، کە زۆربەیان قوزاق و ئەفسەرێن سوپای دۆن بوون، باش دەناسی. بەڵام هەنووکە سەروساختی دەگەڵ سەربازانی ڕووسدا بوو، سەربازانێکی جیاواز لەوانەی ئەوسا، ئەمانە ژمارەیان یەجگار زۆرە، بە دڵ و بە گیان پشتیوانی و بەرگریان لە حکومەت و دەسەڵاتی سۆڤیاتی دەکردو بە بۆچوونی ئەم لە پێناوی داگیرکردنی زەوی زارو موڵك و ماڵی قوزاقاندا دەجەنگێن.

جارێك، لە گەرمەی شەڕا، لە زگ بوو بۆ جاری دووەم ڕوو بە ڕووی سەربازانی گاردی سوور ببێتەوە. گریگۆری دەگەڵ ڕەعیلێکی گەشتیدا بە دەوریە دەرچوو بوو، ڕێگەی دۆڵێکی گرتبووەبەر، کاتێ گەییە شوێنێك کە دۆڵەکە دەبوو بە دوو لقەوە، لە ناکاوا گوێی لە ترپەی پێ و دەنگی گفتوگۆی ڕووسانێك بوو کە بە زمانی خەڵکی ستانی (پارێزگا) نیژنی داخاوتن و جنێویان دەدا. چەندین سەربازی سوور، کە یەکێکیان چینی بوو، گەیینە سەر ڕەخی دۆڵەکە، کە

چاویان لە قوزاقەکان کەوتبوو، تووشی شۆك بوون، لە ترسا بۆ دەمێك وەستان. یەکێکیان بە دەنگێکی ترساو هاواری کرد: "قوزاق!" و ئەوسا خۆی دا بە عاردیدا.

کابرا چینییەکە فیشەکێکی تەقاند و ئەوسا ئەو سەربازە موو سوورەی کە خۆی بە ئەرزا دابوو ، بەدەنگێکی پچڕ پچڕ و زۆر توند هاواری کرد:

– هاوڕێیان: خێرا ڕەشاشەکە بێنن!

– خێراکەن! ئەوانە قوزاقن!

میتکا کورشونوف، بە دەمانچەکەی فیشەکێکی نا بە یارۆی چینیەوەو خستی، هەنگێ بەلەز سەری ئەسپەکەی خۆی بادایەوە، خۆی بە ئەسپەکەی گریگۆریدا کێشاو بە دەم جڵەو ڕاکێشانەوە لە پێشی پێشەوە بە ناو دۆڵە پێچاو پێچەکەدا هەڵیکردە چوارناڵە. قرمە قرمی دەستڕێژی ڕەشاش لە دوایانەوە بە رزبووەوە. فیشەك بە گیز و هوڕ خۆی بە نێو لق و پۆپ و گەڵای هەڵوەژەو گۆیژە کێوی هەوزارو نشێوەکانی دۆڵەکەدا دەکرد و گەڵاکانی دەوەراندو کەنارو بنکی ئاودڕو دۆڵەکەی بەکێڵاڵن دەکێڵا.

گریگۆری چەندین جاری دیکەش خۆی ڕوو بە ڕووی سەربازانی سوور بینییەوەو بە بەرچاوی ئەوەوە، گوللەی قوزاقان، زەوی ژێر پێی ئەوانی دەکێڵا، و سەربازانی سووری دەبینی کە گیانی خۆیان لەسەر ئەو ئەرزو خاکە بە پیت و فەڕە، کە بەوان غەریب و نامۆ بوو، لە دەست دەدا... بەرە بەرە دڵی بەرانبەر بە بەلشەویکان پڕ بوو لە کەررب و کینە. بەلشەویکان وەکو دژمن هاتبوونە ناو ژیانی ئەوەوەو لە خاك و ماڵی خۆی هەڵیانبڕی بوو. هەستی دەکرد هەمان هەست لەلای قوزاقەکانی دیکەش هەیە. هەر هەموویان لەو باوەڕەدا بوون، کە سەبەبکاری ئەم شەڕە تەنیاو تەنیا بەلشەویکەکانن، کە ئەگەر ئەوان تەماحیان نەکردبایە خاکی هەرێمی دۆن و پەلاماریان نەدابایە، هەرگیز ئەم شەڕە هەڵنەدەگیرسا. کە چاویان بە مەڵۆی کۆنەکراوە، یان جاڕە گەنمی نەدووراوە دەکەوت ، کە پێخوستی سمی ئەسپان دەبوو، یان خەرمانجاڕی خاڵیان دەبینی، یان بیریان لەو جاڕە گەنمانە دەکردەوە کە ژنانی ماڵەوە بەوپەڕی ماندوویەتی خەریکی دروێنەو گردوکۆی بوون. هێندەی دی دڵیان ڕەق دەبوو. گریگۆری هەندێجار لە گەرمەی شەڕا بیری لەوە دەکردەوە کە دژمنەکانیشی واتا گوندییانی تامبوف و ڕیازان و ساراتوف، هەمان تەماحی زەوی هانی داون، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "لە تۆ وایە لە سەر کچێکی جوان شەڕمانە."

ئێستا کەمتر دیلیان دەگرت، دیاردەی دیلکوژی و بە کۆمەڵ کوشتنی ئەسیران زیادی کرد. شەپۆلی تاڵان و بڕۆ سەرانسەری مەیدانی شەڕەکەی گرتەوە. قوزاق ماڵی کەسوکارو ماڵباتی گاردێن سوور یان ئەوانەی کە گومانی هاوسۆزی بەلشەویکانیان لێکرابا، تالاّن دەکرد. دیلەکانیان ڕووت دەکردەوە...

هەموو شتێکیان ، لە ئەسپ و گالیسکەوە بیگرە تا دەگاتە کەلوپەلی قورس و بێکەڵکی ناو ماڵیان تاڵان دەکرد. قوزاقان تێکرا، لەسەربازێکی سادەوە تا دەگەییە ئەفسەران، تاڵانیان دەکرد. ئیدی کاروانی تاڵانی، پڕ دەکرا لە دەسکەوت، چ دەسکەوتی! جل و بەرگ، سەماوەر، مەکینەی خەیاتی، زین و زینپۆش و قایش و قروشی ئەسپان، و هەر شتێك کە بە ئاستەم کەڵکی هەبوایە،

ئیدی کاروانی تالآنی، بەردەوام بەرەو گوندوماڵەکانیان دەڕۆیی. کەسووکارو دایك و باوکی قوزاقەکان، زۆرجار خۆبەخش، ئازووقەو تەقەمەنی و جبەخانەیان بۆ بەرەکانی شەڕ دێناو لە گەڕانەوەدا عەرەبانەکانیان پڕ دەکرد لە کەلوپەل و ماڵێن دزیاری. کەتیبەی سواران، کە زۆربەی سوپاکەیان پێکدێنا، لەم کاری ڕاو ڕووتەدا پسپۆڕ بوون، بۆڕی هەموو کەسێکیان دەدایەوە سەربازانی پیادە، جگە لە توێشە بەرەیەك هیچی تریان نەبوو کە تاڵانی تێبکەن، بەڵام سوارەکان خورجین و هەگبەکانیان پڕ دەکردو لە تەرکی ئەسپەکانیان دەبەست و ئەسپەکانیان زیاتر لە بارگیری باری دەچوون تا لە ئەسپی سواری. ئیدی قوزاقەکان شووڵیان لێهەڵکێشا بوو، کۆیان لە هیچ نەدەکردەوە، لە هیچ ڕاوو و ڕووتێك نەدەپرینگانەوە. هاندەرو ئەنگێزەی قوزاقان بۆ شەڕ، هەمیشە تەماحی تاڵان و بڕۆ بووە. گریگۆری ئەمەی باش دەزانی، هەم لە زمانی پیرانەوە، دەربارەی شەڕەکانی جاران و، هەم لە ئەزموونی تایبەتی خۆیەوە دەیزانی. تەنانەت لە جەنگی ئەڵمانیشدا، ڕۆژێك کە کەتیبەکەی ئەو بە ناو پرووسا دەسوڕایەوە، فەرماندەی تیپ کە جەنەڕاڵێکی زۆر بە ڕێزو بەحورمەت بوو، بە قامچیەکەی دەستی خۆی شاروچکەیەکی چکۆلەی جوانی، کە بە قەدپاڵی گردێکەوە گیرسابووەوە، بە دە دوازدە سوارە کە لە بەردەمیا ڕیزیان بەستبوو، نیشان داو گوتی:

– ئەگەر ئەو شارە بگرن، تا دوو سەعاتی تەواو دە ئختیاری ئێوەدا دەبێت. بەڵام دوای دوو سەعاتەکە هەر کەسێك بەدزی و تاڵانیەوە بگیرێت، یەکسەرو بێ چەندو چوون گوللە باران دەکرێت، بەڵام گریگۆری فێری ئەم عادەتە نەبوو. جگە لە خواردن بۆ خۆی و ئالیك بۆ ئەسپەکەی، دەستی بۆ هیچی دی نەدەبرد. قێزی لە تاڵانی دەبووەوە، بە تایبەتی تاڵانکردنی ماڵە قوزاقیانی بەلاوە نەنگ و عەیبەیەکی گەورە بوو. لەم ڕووەوە لە گەڵ سریەکەی خۆیدا زۆر توندو سەختگیر بوو. بۆیە ئەگەر قوزاقەکانی ئەو تاڵانیانش بکردایە، زۆر بەکەمی و بەدزییەوە دەیانکرد. هەرگیز ڕێی نەدەدا ئەسیران ڕووت بکرێنەوە یان زەلیل کوژبکرێن. نەرمی و میانڕەوی لەڕادە بەدەری ئەو لەم بوارەدا بووە بایسی ناڕەزایی هەم قوزاقەکان و هەم سەرکردایەتی کەتیبەکەش. بانگ کرا بۆ سەرکردایەتی فیرقە، تا هۆی ئەم هەڵوێستەی ڕوون بکاتەوە. ئەفسەرێکی سەرکردایەتی فیرقە، بە توندی بە ڕوویا هەڵشاخی و گوتی:

– نایب زابت میلیخوف، ئەم کارانە چ مانایەکیان هەیە؟ دەتەوێ ورەی قوزاقەکان بڕوخێنی؟ ئەم ئاسانکاریەت لە پای چیە؟ لە قەرزی دوا ڕۆژ دەترسیت؟ دەتەوێ سبەینێ ئەگەر بارودۆخەکە بە بارێکی ترا شکایەوە، بەسەلامەتی دەرباز ببیت؟ ئەم پەت پەتێنەت لە چیە؟ دەتەوێ لێت تووڕە بم؟... بێدەنگ! قسەنەکەی، ئوسوڵی زەبت و ڕەبت نازانی؟ چی؟ لە فەرماندەیی لات بەرین؟ هەڵبەتە لات دەبەین و ئەولاتریش! لە مرۆ زووتر نیە کە لات دەبەین، نابێ فزەشت لێوەبێ! فزە بکەی فزەت دەبڕم.

لە کۆتایی مانگدا کەتیبەکەی گریگۆری و سریەیەکی کەتیبەی (٣٣)ی ئیلانسکایا، گوندی (گریماچی لوگ) یان گرت. لە خوارووی گوندەکەوە، دۆڵێکی بچکۆلە هەبوو، یەکپارچە دار بێ و زوانە مەلیچك و سپیدار بوو، نزیکەی بیست سی خانوویەك، کە حەوشە نزمەکانیان بە بەردی

سپی بریقەدار کەڵەکەچن ڕۆنرا بوون، بە قەد پاڵە نزیکەکەوە گیرسابوونەوە. لە سەر ئەو گردەی کە دەیڕوانیە سەر گوندەکە، ئاشەبایەکی کۆن هەبوو، کە جار جار پانکەکانی بەدەم باوە دەخولایەوە. پەڕەی پانکەکەی، لە شێوەی خاچێکی خواردا، لە ناو ئەو پەڵە هەورە سپیانەوە کە سنگیان نابووە سەر ترۆپکی گردەکە، ڕەش دەچووەوە.

ڕۆژێکی بارانی تاریك بوو، گەڵای درەختان، وەکو بەفرێکی زەرد، بە سەر سەرانسەری دۆڵەکەدا دادەباری و بە خشە خش لە سەر ئەرزەکە دەنیشتنەوە. گەڵای سووری دار بی لە دوورەوە لەخوێن دەچوو. خەرمانجارەکان، یەکپارچە خەرمانە کای ڕەخشان بوو. هەوری نەرم بەری ئاسمانی گرتبوو و باڵی بە سەر زەوی نمسارو بۆنخۆشدا کێشا بوو، مژدەی هاتنی زستانی ڕادەگەیاند.

گریگۆری، بەخۆی و قوەتەکەیەوە، چووە ئەو ماڵەوە کە بۆی دیاری کرا بوو. بۆیان دەرکەوت کە خاوەنی ماڵەکە دەگەڵ سوورەکانا ڕۆیی بوو. کەیبانوی ماڵ کە ژنێکی پیر بوو دەگەڵ کیژە نۆ ساڵانەکەیدا، ملکەچ و گوێڕایەڵ کەوتە خزمەتی گریگۆری و قوزاقەکانی. گریگۆری لە مووبە قەکەوە خۆی کرد بە ژووری میوانداو چاوی بە هەر چوار نکالیدا گیڕا. بە ئاشکرا بۆی دەرکەوت کە خەڵکی ئەم ماڵە لە ژیان و گوزەرانێکی خۆشدا بوون. زەمینەی ژوورەکە بۆیەکرابوو، کورسی حەسیریان هەبوو، ئاوێنەی گەورە، وێنەی سەربازان بە دیوارەکەیەوە هەڵواسرا بوو، شادەتنامەیەکی قوتابخانە لە چوارچێوەیەکی ڕەش گیرا بوو. گریگۆری بارانیە تەڕەکەی خۆی لای سوپاکەوە هەڵواسی تا وشك ببێتەوە، ئەوجا سیغارێکی پێچایەوە. پروخورزیکوف، خۆی بە ژوورا کرد، تفەنگەکەی بە تەختە خەوەکەدا هەڵپەسارد و بەخوێنساردیەوە گوتی:

– گریگۆری پانتلیوفیچ، کاروانی ئازووقەو باروبنە لە تاتارسکیەوە هاتووەو باوکتیش لە گەڵیانە.

– درۆی لەوە گەورەترت نەدۆزیەوە؟

– باوەڕ بکە. جگە لەو، شەش عەرەبانەی دیکەش هاتوون، وابزانم هەموویان هی گوندەکەی خۆمان، تاتارسکین. بڕۆ تەمەشاکە.

گریگۆری، پاڵتۆکەی دا بە شانیاو لە ژوور وەدەرکەوت. ڕێك لەوکاتەدا، پانتلی پروکوفیچ. لە دەروازەی حەوشەکەوە دەهاتە ژووریٚ وداریا، کە خۆی لە پاڵتۆیەکی ماهوتی دەست چنەوە پێچا بوو، لە سەر عەرەبانەکە دانیشتبوو، هەوساری ئەسپەکانی بە دەستەوە گرتبوو. چاوە خەندانەکانی لە ژێر باشلوخە (سەرکڵاوی ئاونەدەر) تەڕەکەیەوە پرشنگیان دەداو تەمەشای گریگۆری دەکرد. گریگۆری بە دەم زەردەخەنەوە ڕوویکردە بابی و گوتی:

– ئەمە چیە، بۆچی هاتوون، چی ئێوەی گەیاندووەتە ئێرە؟

– ئەمە تۆی کوڕۆ! چاوم ڕوون کە بە زندوویەتی دەتبینم! بیٚ مەوعید هاتووینە دیدەنیت...

گریگۆری، شانە پانەکانی بابی لە هەمێز گرت. ئەوسا کەوتە کردنەوەی قایش و قروشی ئەسپەکان. پیرەمێرد گوتی:

– وابزانم، تەسەوری ئەوەت نەدەکرد بێینە دیدەنیت، وانیە گریگۆری؟

– هەڵبەتە!...

– بەڵێ، ئیدی نۆرە بێگاری ئێمەیە... بە سوخرەیان گرتووین... گوللە تۆپ و تەقەمەنیمان بۆ هیناون، تەقەمەنی لە ئێمە و شەڕ لە ئێوە.

بەدەم کردنەوەی ئەسپەکانەوە، چەند قسەیەکی کورتیان پێکەوە کرد. داریا پریاسکەیەك خۆراك و هەندێ وێنجەی بۆ ئەسپەکان، لە عەرەبانەکە داگرت. گریگۆری لێی پرسی:

– ئەدی تۆ بۆ هاتوویت؟

– بۆ ئەوەی بابە بە تەنیا نەبێ. سیحەتی باش نیە. لە هەوەڵ ڕۆژی چلەی ڕۆژووەوە نەخۆشە. دایکە حەزی نەدەکرد بە تەنێ بێت...

پانتلی پروکوفیچ، گورزەیەك وێنجەی سەوزی بۆنخۆشی فڕێدایە بەر ئەسپەکان، پاشان لە گریگۆری نزیك بووەوە. لە کاتێکا کە سپێنەی چاوە ڕەشەکانی لە نەخۆشیدا سوور هەڵگەڕا بوون، بە نیگەرانیەوە دەتروکاند، بە دەنگێکی نووساو، بە گوێیدا چپاند:

– ئێ، کارو بارتان چۆنە؟

– یانی، خراپ نیە... شەڕەو بووە بەڕیشەوە.

– هەندێ درۆو دەلەسەم بیستووە کە گوایە قوزاقان نایانەوێ لە مەرزی هەرێمەکەی خۆمان هێورتر بڕۆن... ئەمە ڕاستە؟

گریگۆری خۆی لە گێلی داو گوتی:

– نە بابە، پروپاگەندەیە...

پیرەمێر، کە پەست بوو بوو، بە نیگەرانی و جۆرە پەشۆکاویەکەوە گوتی:

– مەبەستت چیە کوڕی خۆم؟ ئاخر ئەمە کەی ئیشە؟ پیرەمێردانی گوند هەموو ئومێدێکیان بە ئێوەیە... ئەگەر ئێوە نەبن، کێ بەرگری لە بابمان، لە "دۆن" دەکات؟ ئەگەر خوا نەکەران، کۆڵ بدەن و چیتر شەڕ نەکەن... ئاخر شتی وا چۆن دەبێت؟ خۆ هەر عەرەبانچیەکانی ئێوەن کە ئەم دەنگۆیانە بڵاودەکەنەوە، ئەم درۆیانە بۆ ئێمەمانان هەڵدەڕێژن!... بێشەرەفانە، ترس و دڵەڕاوکێ دەخەنە دڵی خەڵکیەوە.

چوونە ژوورەوە. قوزاقەکان دەوریان دان. سەرەتا باسی گوندو دەنگوباس و هەواڵی گوند کرا. داریا پاش ئەوەی هەندێ قسەی دەگەڵ ژنی خاوەن ماڵەکەدا کرد، پریاسکەی خواردنەکەی کردەوەو شیوی ئامادە کرد. پانتلی پروکوفیچ بە شانەیەکی ئێسقان ڕدێنی خۆی شانە کردو گوتی:

– بیستمان کە لە فەرماندەیی سریە لادراویت ؟

– ئێستا فەرماندەی ڕەعیلم.

پانتلی پروکوفیچ، بە وەڵامە بێموبالاتەکەی گریگۆری زۆر قەڵس بوو. بڕۆی هێنانەوەیەك. بە شەلە شەل چوو بۆ سەر مێزەکە، بە پەلە دوعایەکی خوێندو کەوچکەکەی بەچمکی پاڵتۆکەی سڕی، جارێکی دی بە خەمینیەوە پرسی:

– لە سەر چی؟ فەرمانده‌کانت لێت ڕازی نین؟

گریگۆری حەزی نەدەکرد، لە حوزووری قوزاقەکاندا باسی ئەم مەسەلەیە بکات.بە پەستیەوە شانەکانی هەڵتەکاندو گوتی:

– یەکێکی دیکەیان لە جێی من داناوە کە... خوێنەوارە...

– گویٚ مەدەیە کوڕی خۆم، تۆ سەر ڕاستانە خزمەتی خۆت بکە، خۆیان مەجبوورت دەبنەوە. عەمری خۆیان و خوێنەواریان نەمێنیٚ... کەواتە ئیدی ئەفسەری خوێنەواریان دەویٚ! پێیان بڵیٚ: "من لە مەیدانی شەڕی ئەڵمانەکانەوە سیواتم بە دەست هێناوەو دڵنیام کە زۆر لەم خوێنەوارە عەینەك لە چاوانە شارەزاترم."

بە ئاشکرا دیار بوو کە پیرەمێرد زۆر تووڕەیە. گریگۆری، ڕووی گرژ کرد بوو و ژێراو ژێر دەیڕوانیە قوزاقەکان تا بزانیٚ ئاخۆ ژێراو ژێر پێدەکەنن یان نا.

گریگۆری، خەمی تەنزیل دەرەجەکەی نەبوو، بە کەماڵی مەیل سریەکەی ڕادەست کردو خۆشحالٚ بوو بەوەی کە چیتر لە ژیانی پیاوانی گوندەکەی خۆیان بەرپرس نیە، بەڵام وێڕای ئەمەش لە ناخا بریندار بوو بوو، بابی، بەو قسانە بەبیٚ ئەوەی مەبەستی بیٚ، دڵی ڕەنجاند بوو. ژنی خاوەنماڵەکە چوو بوو بۆ موبەقەکە. پانتلی پروکوفیچ، بە هاندانی بوگاتیرۆف، کە ئەویش لە گەلٚ کاروانی عارەبانەکاندا هاتبوو و خەڵکی گوندی تاتارسکی بوو، جارێکی دی هاتەوە سەرمان بابەت و ڕوو لە هەموو قوزاقەکان، پرسی:

– باشە، ڕاستە بە تەمان لە مەرزی هەرێمەکە هێورتر نەڕۆن؟

پروخورزیکوف، کڕوکپ، بەدەم نەرمە بزەیەکەوە، چاوە میهرەبانەکانی کە لە چاوی گوێرەکە دەچوون، لێکدا لێکدا دەتروکان و بە دەوروبەری خۆیا دەگێڕان. میتکا کورشونوف، لەپالٚ سۆپاکەدا هەڵتروشکابوو و دوا نەفەسی لەو قونکە سیغارە دەدا کە بە دەمییەوە بوو و چزا بە قامکەکانیا. سیٚ قوزاقی دیکەش. لە سەر تەختان دانیشتبوون یان پاڵکەوتبوون. کەس بەرسڤی پرسیارەکەی نەدایەوە. بوگاتیرۆف، بە نائومێدییەوە دەستێکی هەڵتەکاندو بە دەنگێکی بەرزو دلێر گوتی:

– چ خەمی ئەو شتانەیانە؟ بە لایانەوە گرنگ نیە.

قوزاقێکی کورتە باڵای لەش بەباری بێوەی و ئارام، بە نێوی ئیلین، بە کاوە خۆ پرسی:

– باشە بۆچی لە ئاقارو سنووری خۆمان هێوەتر بڕۆین؟ بۆچی ها؟ بۆ نموونە من کۆشیٚ منداڵی سەروپێچکەی بیٚ دایکم بە سەرا کەوتوون، دوای مردنی ژنەکەم، چاویان لە دەستی خواو لە دەستی منە، بۆچی لە خوت و خۆڕایی خۆم بە کوشت بدەم.

قوزاقێکی دی هەڵیدایە و گوتی:

– لە خاکی قوزاقان وەدەریان دەنەین و دەگەڕێینەوە بۆ ماڵی خۆمان.

میتکا کورشونوف کە تەنیا بەچاوە کەسکەکانی پێدەکەنی، سمێڵە باریکە کوڵکە ئاساکەی باداو گوتی:

– بەڵام من ئامادەم تا پێنج ساڵی دیکەش شەڕ بکەم! حەزم لێیەتی.

لەم ماوەیەدا، دەنگێك لە حەوشەوە بەرز بووەوە:

– به ریز بوەستن! بڕۆن ئەسپەکان زین بکەن!

ئیلین بە نائومێدییەوە گوتی:

– دەبینن، خۆ بە چاوی خۆتان دەبینن! هێشتا جلەکانمان تەڕی بارانە، فریا نەکەوتین وشکیان بکەینەوە، فەرمان دەدەن کە ئەسپان زین بکەین! مانای وایە کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ بەرەی شەڕ. ئێوەش باسی سنوور دەکەن، سنووری چی، کام سنوور؟ پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناو کەسوکارەکەمان. دەبێ کار بۆ ئاشتی بکەین، تۆ دەڵێی کە...

هەواڵی ئامادەباشەکە، درۆ دەرچوو. گریگۆری، بە پەستی ئەسپەکەی خۆی هێنایە حەوشەوە، لە خوت و خۆڕایی لە قەیەکی کێشا بە کەفەلی ئەسپەکەدا و بە چاوانی پڕ پشم غەزەبەوە هاواری کرد:

– ڕاست بڕۆ، توخمە شەیتان!

پانتلی پروکوفیچ، لە بەردەرگا کە سیگاری دەکێشا، پاش ئەوەی هەموو قوزاقەکان هاتنە ژوورەوە، لە گریگۆری پرسی:

– مەسەلە چی بوو؟

– ئینزار بوو، گاگەلێکیان لێبوو بوو بە سەربازانی سوور!

گریگۆری، پاڵتۆکەی داکەند و لە کەنار مێزەکە دانیشت. قوزاقەکانی دیکەش بەدەم بۆڵژنەوە پاڵتۆکانیان داکەند، شمشێر و تفەنگ و خورجەکانیان لە سەر تەختەکە دانا. دوای ئەوەی هەموو چوون تا بخەون، پانتلی پروکوفیچ، گریگۆری بانگکرد و دەگەڵ خۆیا بردیە حەوشەوە. هەردووکیان لە سەر پلەکانی بەردەرگا دانیشتن. پیرەمێرد دەستی خستە سەر ئەژنۆی گریگۆری و گوتی:

– دەمەوێ قسەت لە گەڵ بکەم.

بە ئەسپایی و بە چپە گوتی:

– هەشت ڕۆژ لەمە پێش چووم بۆ دیدەنی پیوتەر، کەتیبەی بیست و هەشت، جارێ لەمبەری کالاچە... من لەوێ زۆر شتم دەستکەوت. کوڕێکی چاوکراوەو خەمخۆرە، بە مشوورە، زۆر بە مشوورە. یەك بوخچە جل و بەرگ، ئەسپێك، برێك شەکری دامێ... ئەسپەکە، ئەسپێکی زۆر باشە...

گریگۆری، کە دەیزانی قسەکانی بابی بۆ کوێ سەر دەکێشن، بە توندی قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– ڕاوەستە ڕا... دەترسم بۆ ئەمە هاتبی بۆ ئێرە؟

– بۆنا؟

– مەبەستت لە "بۆنا!" چیە؟

– ئاخر گریشا، هەموو خەڵکی وا دەکەن و فڕان فڕانە...

گریگۆری زۆر تووڕە بوو بوو و لە کاتێکا بۆ وشەی گونجاو دەگەڕا، قسەکانی بابی دووبارە کردنەوە:

– هەموو خەڵكی وا دەكەن و فڕان فڕانە!... ئەوەی هەتە بەس نیە؟ كە خەڵكانێكی تەماعكاری چاوچنۆك! لە بەرەی ئەڵمانیادا هەر سەربازێك كاری وای كردبا. گولله بارانیان دەكرد.

بابی بەخوێنساردیەوە گوتی:

– بەسە، پێویست ناكات خۆت سەخڵەت بكەیت و من هیچم لە تۆ ناوێ. پێویستم بە هیچ شتێك نیە، من پێم بە لێوار قەبرەوەیە، پێنجو دوو ڕۆژێكم ماوە یان نەماوە. تۆ مشووری خۆت بخۆ یەكێ نەزانێ دەڵێ زۆر دەوڵەمەندیت!.. هەتە و نیتە شڕە عارەبانەیەكت هەیە... ئیدی بۆچی ماڵی ئەوانە نابەیت كە بەگەڵ سوورەكان كەوتوون؟ نەبردنی ماڵی ئەوانە هەڵەیە. ماڵ پێویستی بە هەموو شتێك هەیە، سەرە پەتكێكیش بە كەڵك دێت.

گریگۆری، ئازای دەلەرزی و هەناسەی تەنگ بوو، گوتی:

– بەسە، ئەم شتانە بۆ من باس مەكە، بێدەنگ دەبیت یان دەرت بكەم؟ من تا ئێستا لە سەر ئەم كارانە دەم و لووتی چەند قوزاقێكم شكاندووەو ئێستا باوكی خۆم هاتووە خەڵكی تاڵان بكات!

بابی بە تەوس و توانجەوە گوتی:

– ئم، تومەز لەبەر ئەمەیە كە تەنزیل دەرەجەیان كردوویت.

– بە قیروسیا. ئامادەم فەرماندەیی ڕەعیلەكەشم لێبسەننەوە.

– هەڵبەتە لێتی دەسەننەوە! تۆ خاوەن ئەم ئەقڵە بیت...

بۆ ساتێك بێدەنگی باڵی بەسەرا كێشان. گریگۆری سیغارێكی داگیرساند، لە بەر ڕۆشنایی شقارتەكەدا، سیمای شەرمەزار و پەشۆكاوی بابی بینی و هەنگێ تێگەیی كە بابی بۆچی بۆ ئێرە هاتووە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "پیری ئاخر شەڕ، شەیتانە بۆیە داریای لە گەڵ خۆیدا هێناوە، تا ئاگای لە دەسكەوتەكان بێت!"

پاشان پانتلی پروكوفیچ، بە خەمساردیەوە هاتەوە قسان و گوتی:

– ستیپان ستاخوف هاتووەتەوە. زانیوتە؟

سیغارەكە لە دەست گریگۆری كەوت:

– چۆن؟

– چاك. نەكوژرا بوو، بە دیلی گرتبوویان. بە پارەداری گەڕاوەتەوە. ئەوەندەی كەل و پەل و، پارەو پول هێناوەتەوە مەپرسە! دوو گالیسكەی تەژی تەژی!..

پیرەمێرد هێندەی درۆ پێوە دەناو هەڵیدەكێشا، وەكو ئەوەی ستیپان كوڕی خۆی یان خزمێكی زۆر نزیكی بێت. لە سەری ڕۆیی: ئەكسینیای هێنایەوە سەر ماڵ وخۆی بۆ شەڕگە ڕۆیی. كارێكی زۆر باشیشیان داوەتێ: پێموایە مدیر ناحیەی كازانسكایایە.

گریگۆری، ئاڕاستەی قسەكەی گۆڕی:

– گەنمەكەت هەڵگرت، ساڵەكەی هات بوو؟

– چوار سەد كێلەیەك بوو.

– ئەدی نەوەكانت چۆنن، باشن؟

– نەوەكانم! ماشەڵڵایان لێبێ، دەڵێی نەونەمامی شمشادن! هەقە دیاری و سەوقاتیان بۆ بنێری.

گریگۆری ئاهێكی هەڵكێشاو گوتی:

– دیاری. لە مەیدانی شەڕەوە...

بەڵام بیری هەر لای ستیپان و ئەكسینیا بوو.

– ناتوانی تفەنگێكم بدەیتێ؟ تفەنگێكی زیادت نیە؟

– تفەنگت بۆچیە؟

– بۆماڵەوە. تفەنگ لە ماڵەوە باشە، بۆ حەیوانێكی دڕندە، بۆ پیاو خراپێ. پارێز شەرتە. یەك سەندوق فیشەكم هەیە. كە تەقەمەنیمان بۆ ئێوە دەهێنا، یەك سەندوقم بۆ خۆم گلدایەوە.

بزەیەكی خەمناك نیشتە سەر لێوی گریگۆری و گوتی:

– تفەنگێك لە عەرەبانەی باروبنەكە بۆ خۆت هەڵگرە. تفەنگمان زۆرە. دەی درەنگە بڕۆ بخەوە منیش دەبێ بڕۆم بۆ پاسەوانی.

بەیانی، بە شێك لە كتێبەكە، بە سریەكەی گریگۆری یەوە لە گوندەكە نەقڵ كران. گریگۆری بەڕێكەوت، دڵنیا بوو كە بابی تەمێ خواردوو كردووەو بە بێ دزی بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. بەڵام پانتلی پروكوفیچ، هەركە خواحافیزی لە قوزاقەكان كردو قوزاقەكان ڕۆیشتن، وەكو ئەوەی لە ماڵێ خۆیدا بێ، بەو ئاوایە خۆی بە عەمارەكەدا كرد، هەرچی نیرو قایش و قروش و زین بە بن میچەكەوە هەڵواسرا بوو، هەر هەمووی داگرت و بۆ ناو عەرەبانەكەی خۆی برد. ژنی خاوەن ماڵەكە، بە چاوانی فرمێسكبارەوە دوای كەوت، خۆی بە شانیا هەڵدەواسی و هاواری دەكرد:

– ئاخر، بابی بە ڕێز، هەی ئازیز! مەگەر تۆ لە گوناح ناترسیت؟ بۆچی غەدر لەم هەتیوانە دەكەیت؟ ئەو زین و شتانەمان بدەوە، مەعز بۆ ڕەزای خوا بماندەوە!

پانتلی پروكوفیچ، ژنەی لە خۆی دوور دەخستەوە و بە دەم بۆڵژنەوە دەیگوت:

– باشە، باشە، واز لە خوا بێنە. دڵنیام مێردەكانی ئێوەش هەمان كار لە گەڵ ئێمەدا دەكەن، پێویستیەكانی ئێمە دەبەن، تۆ مێردەكەت كۆمیسەرە، وانیە؟ بڕۆ بەلای كاری خۆتەوە، ئێستا "ماڵی تۆ، ماڵی منە و ماڵی خوایە" دەبڕۆ دەمت داخەو گلەیی مەكە.

ئەوسا چوو، قفڵی یەخدانێكی شكاندو بە بەرچاوی عەرەبانچیەكانی دیكەوە، كە بە بێدەنگیەكی تەئید ئامێزەوە، تەمەشایان دەكرد، كەوتە هەڵبژاردنی جل و بەرگ، چەند پانتۆڵ و پاڵتۆیەكی، بە مەزەندەی خۆی تازەی هەڵبژارد، دانیە بەر ڕوناكیەكە، بە قامكە ڕەشە كۆڵەكانی تێیان بەربوو، تا بزانێ بە كەڵك دێن یان نا، پاشان لوولی دان و لە بوخچەی نان...

لای نیوەڕۆ، لە گەڵ داریادا خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە كرد، پێش ئێوارە كەوتنە ڕێ. داریا، لە ناو عەرەبانەكەدا كەپڕ بوو لە شتومەك و، كەل و پەل و، بوخچەو پریاسكەی دزیاری، داریا لە ناو عەرەبانەكەو لە سەر ئەو شتانە دانیشتبوو، لێوە تەنكەكانی نابوونە سەریەك. لە پشت ئەوەوە ل ەسەر شتەكانەوە، مەنجەڵێكی زۆر گەورە دانرا بوو. پانتلی پروكوفیچ لە سەر ئاگردانی حەمامەكە هەڵی گرتبوو وبە زەحمەتێكی زۆر گەیاندبوویە عەرەبانەكە. داریا بە گازاندەوە پێی گوتبوو: "بابۆ، تۆ گووش هەڵدەگریتەوە!" پانتلی بە تووڕەیی بەرسڤی دابووەوە:

– دەمت داخە، کەرە! بۆچی ئەم مەنجەڵەیان بۆ بەجێ بێڵم؟ تۆش وەکو ئەم گریشکا، لەش بەدۆشاوە، فرت بە ماڵداریەوە نیە. بەڵام من دەزانم ئەم مەنجەڵە بەکەڵکم دێت. دەی درەنگە با بڕۆین، دەمت داخەو هیچ مەڵێ. بۆچی لێو دەکرۆژی؟

ئەوسا، بە ڕووخۆشیەوە، بە ژنی خاوەن ماڵەکەی، کە لە دوای ئەوانەوە دەروازەکەی دادەخست، گوت:

– بەدوعا، دادێ، دڵ لە دڵ مەدە. بەو زوانە شوێنی ئەم شتانە پڕ دەبێتەوە.

"١٠"

ڕۆژگار، وەکو زنجیر، هەر ئەڵقەیەکی بە ئەڵقەیەکی دیکەوە بەستراوە. ڕێڕەو، شەڕ، پشوو. گەرما. باران. بۆنی تێکەڵی ئارەقەی ئەسپ و چەرمی گەرمی زین. خوێن لە دەماراندا، لە ژێر گوشاری بەردەوامی تووڕەییدا، لە ماندوویەتیدا وەکو جیوە هاتووەتە جۆش. سەر لە بێخەویدا قورسە، قورستر لە خومپارەی سێ ئینجی. گریگۆری تینوو و تامەزرۆی پشوو وئیسراحەتە! تێر بە دڵی خۆی بخەوێ! پاشان بە دوای هەوجاڕەوە، بە سەر خەتی نەرمی جووتەوە هەنگاو بنێ، فیکە بۆ گاجووتەکانی خۆی بکێشێت. گوێ بۆ هاواری شەیپور ئاسای قورینگان ڕادێرێ، بە لەزەتەوە ئە داوە سپیە، زیو ئاسایانەی، داوە جاڵجاڵۆکان کە با نووساندوونی بە گۆنایەوە، لابدات و پڕ بە سییەکانی بۆنی شەراب ئاسای زەوی کێڵراوی پایزە، بە تاسەوە هەڵمژێت.

بەڵام لە جیاتی هەموو ئەمە، هەر جارە گەنم بوو کە ڕێگاو جادان دای بڕی بوون. جادەو بانەکان پڕ بوون لە پۆلە ئەسیرانی ڕووت، کە ئازایان لە تەپوتۆزا، ڕەش دەچووەوەو لە مردوان دەچوون، هەر سریە سواران بوو، بە ئەسپانی ناڵ کراوەوە، دەشت و دەریان دابووە ژێر پاوەو جارە گەنمانیان پێشێل دەکرد. لە گوندەکاندا، مامورانی خۆ بەخش و داوخواز، ماڵی ئەو قوزاقانە دەپشکنن کە بە گەڵ سوورەکان کەوتوون و ژن و دایکیان بەر شەلاخان دەدەن...

ڕۆژانی پڕ لە بێزاری، دوا بە دوای یەکدی تێدەپەڕی و لە بیر دەچووەوە، هیچ بویەرێك چەندیش گرینگ بوایە، هیچ شوێنەوارێکی لە دوای خۆی بەجێ نەدەهێشت. ڕەوتی ڕۆژانەی ئەم شەڕە، تەنانەت لە شەڕی ئەڵمانیەکانیش، ناخۆشترو تاقەتبەرتر بوو. چونکە هەموو شتێك پێشوەختە، دەزانرا. هەموو ئەو قوزاقانەی کە پێشتر لە شەڕی ئەڵماندا بەشداریان کرد بوو، بە چاوی سووك سەیری ئەم شەڕەیان دەکرد، چونکە لە چاو شەڕی ئەڵماندا، چ لە باری جۆری شەڕەکانەوەو چ لە باری ئەو هێزانەوە کە ڕوو بە ڕووی یەك وەستابوون و چ لە باری زیانی گیانی و مادیەوە، لە گەمەی منداڵان دەچوو. وێڕای ئەمەش، مەرگی ڕەزا قورس، لەم شەڕەشا، وەکو شەڕی مەیدانانی جەنگی پرووس، بە هەموو هەیبەت و سامی خۆیەوە، بۆیان لە بۆسەدا بوو ترس و خۆف دەخستە دڵی پیاوانەوەو ناچاری دەکردن بە غەریزەو حەیوانانە مەجبووری ژیان بن.

سەربازانی، جەنگ دیدە دیانگوت:

– ئەمەش بوو بە جەنگ؟ ئەمە گەمەیە. لە شەڕی ئەڵمانەکاندا، جاری واهەبوو، لە تۆپبارانێکا، یەك کەتیبەی تەواو تیا دەچوو. کەچی ئێستا ئەگەر دوو کەس لە سریەیەکدا برینداربێ، هەموو هاواریان لێ هەڵدەستێ، زیانمان داوە.

بەڵام ئەم شەڕە بچووکەش، پیاوی وەڕەز و بێزار دەکرد، قوزاقانی سریەکەی گریگۆری لە جاران جدیتر دەیانگوت:

– سوورەکان، لە خاکی خۆ وەدەر دەنەین و تەواو، لە وەی هێوەتر دوویان ناکەوین، هەنگێ دەگەڕێینەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆمان! ڕووسیا با بەدڵی خۆی بکات و ئێمەش بە کەیفی دڵی خۆمان دەکەین، پێویست بەوە ناکات ئێمە ڕێوەڕەسمی خۆمانیان بە سەرا بسەپێنین.

بە درێژایی پاییز، شەڕ بەخاوی لە نزیکی فیلونوسکایا بەردەوام بوو. گرینگ ترین خاڵی ستراتیژی تساریتسن بوو کە هەم سوورەکان و هەم سپیەکان، بژاردەترین هێزی خۆیان بۆ ئەوێندەر دەنارد. لەم کاتەدا، لە بەرەی باکووردا، جۆرە هاوسەنگیەکی هێز دروست بوو بوو، هەردوو لایەن هێزیان کۆدەکردەوەو خۆیان بۆ هێرشی یەکجارەکی و یەك لاکەرەوە ساز دەدا. هێزی سوارەی قوزاقەکان زۆرتر بوو. بۆیە زۆرجار پەنایان دەبردە بەر هێرشی هاوبەش و بە کۆمەڵ، یان پشت لێگرتنەوەی دژمن. هەڵبەتە باڵادەستیان تەنیا لە مەدا بوو، کە ڕوو بە ڕووی هێزی فشەڵ و بێورەی ئەو سەربازە سوورانە دەبوونەوە، کە تازەو لە ناوچەکانی پشت مەیدانی شەڕەکە، بە سەربازی گیرابوون. سەربازانی خەڵکی تامبوف و ساراتوف بە هەزار هەزار خۆیان بە دەستەوە دەدا. بەڵام هەرکە سەرکردایەتی و فەرماندەیی سوورەکان، کەتیبەیەکی کرێکاری یان تابوورێکی هێزی دەریایی و هێزی سوارەی خۆی دەناردە شەڕەکەوە، بارودۆخەکە دەگۆڕا، دووبارە هاوسەنگی هێز بەرقەرار دەبووەوەو هەردوولا جڵەوی دەست پێشکەریان لە دەست دەداو جگە لە سووکە شەڕو سووکە سەرکەوتنی ناوچەیی کەم بایەخ، هیچ شتێکی دی ڕووی نەدەدا.

گریگۆری، هەرچەندە بە خۆی لە شەڕەکەدا بەشدار بوو، بەڵام زۆر بە بێموبالاتی تەمەشای دەکرد. دڵنیا بوو کە شەڕەکە ئەوپەڕی تا زستان درێژە دەکێشێت. دەیزانی کە ئێستا گیانی ئاشتی خوازی بە سەر قوزاقەکاندا زاڵ بووەوەو بیرکردنەوە لە شەڕی درێژخایەن بێفایدەیە. ناو بە ناو ڕۆژنامان دەگەییە کەتیبەکە. گریگۆری ئەو بەستە کاغەزە زەردەی کە بە مانشێتی گەورە لە سەری نووسرا بوو " خاکی دۆنی ژووروو" بە بێزاریەوە وەردەگرت، بەدەم دان چیڕکردنەوە چاوێکی خێرای بە هەڵەواڵەکانی بەرەی شەڕدا دەخشاند. بەڵام قوزاقەکان، کاتێ کە ئەو، دێڕە بەلاف و کەزافە پڕ لە گەشبینی درۆینەی وەکو ئەم هەواڵەی خوارەوەی بۆ دەخوێندنەوە، تەواو ورەیان بەرز دەبووەوە: لە "٩/٢٧ دا لە ناوچەی فیلونوفسکایادا، چەند شەڕێکی سەرکەوتوانە ڕووی دا. شەوی بیست و پێنج لە سەر بیست و شەشی سێپتەمبەر، کەتیبەی قارەمانی ڤیشنسکایا، دژمنی لە گوندی پودگۆڕنی وەدەرنا و دوا بە دوای ئەوە، چوونە ناو گوندی لوکیا نوفسکی یەوە. سەربازەکانمان، دیلێکی زۆریان گرتووە، دەستکەوت یەجگار فرەیە. هێزی

سوورەکان، پەرێشان و پەشێو لە حاڵی پاشەکشەدان. ورەی قوزاقەکانمان بەرزە. کوڕانی دۆن، سەرکەوتن لە دوای سەرکەوتن بە دەست دێنن!"

میتکا کورشونوف، دەستی نابوونە کەلەکەی و قا قا پێدەکەنی. دەمی کرابووەوەو دانە سپیەکانی، دەدرەوشانەوە

– چەند ئەسیرمان گرتووە؟ ژمارەیەکی زۆر؟ خۆتان بە خۆتان بن قەحبە دایکانە! ئێمە تەنیا سی و سێ دیلمان گرتووە، کەچی ئەوان دەڵێن... ها! ها! ها!...

قوزاقەکان، باوەڕیان بە هەواڵی سەرکەوتنی کادێتەکان لە سیبریا و کوبان نەکرد، چونکە درۆکانی بڵاوکراوەی "خاکی دۆنی ژووروو" لەوە زەقتر بوو باوەڕی پێبکەن. قوزاقێکی درێژ داهۆڵی دەست گەورەی سەر بە رەعیلەکەی گریگۆری، بە نیوی ئوخڤاتکین، پاش ئەوەی وتاریکی دەربارەی یاخیبوونی چیکوسلاڤەکان خوێندەوە، لە حوزوری گریگۆریدا گوتی:

– سوورەکان، لە پێشا چیکەکان سەرکوت دەکەن و پاشان بە هەموو هێزەکانیانەوە پەلاماری ئێمە دەدەن و تەفروتونامان دەکەن... ئەوە ڕووسیایە ڕووسیا!..

بە دەنگێکی خەمناك کۆتایی بە قسەکەی هێنا: "ئەوە ڕووسیایە بە شەرت! چما گاڵتەیە؟"

پروخورزیکوف، کە زۆر گوێی بەو شتانە نەدەدا، گوتی:

– دە بەسە، تۆش بەو قسانە مەمان ترسینە. دڵم لەم گەوجە گەوجەی تۆ تێکهەڵدێ.

بەڵام گریگۆری، کە بە کاوەخۆ خەریکی پێچانەوەی سیغارێك بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ڕاست دەکات!"

ئەو شەوە، ماوەیەکی زۆر، بە دیار مێزەکەیەوە دانیشت. خەمبار دیار بوو، پشتی چەماندبووەوە. دوگمەی یەخەی کراسە کاڵەوەبووەکەی واز بوون. ڕوخساری تاوەسووتی کە کەمێك هەڵماسا بوو و چرچ و چاڵەکانی پای گۆناکانی هەموار کردبووەوە، دیمەنێکی گرژو مۆنی پێ بەخشی بوو. گەردنە ڕەشەکەی کە یەکپارچە ماسولکە بوو، بەم لاو بەولادا وەردەگێڕاو بە دەم هزرینەوە، نووکی سمێڵە لوولە کاڵەوەبووەکەی با دەدا و چاوە جوانەکانی. کە لەم دواییانەدا، جۆرە ساردی و توندی وقەساوەتێکیان پێوە دیار بوو، بری بوونە خاڵێکی نادیار. بە شێوەیەکی نائاسایی لە فکران ڕۆچوو بوو، وەختێ کە بۆ خەوتن ڕاکشا، بە دەنگێکی بەرز، وەکو ئەوەی وەڵامی پرسیارێکی هەمووان بداتەوە، گوتی:

– هیچ چارێك نیە!

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی. چەندین جار چووە دەرەوە تا تەمەشای ئەسپەکەی بکات، هەر جارێك ماوەیەکی زۆر لە تاریکیەدا، لە بەر پلەکانی بەر دەرگادا دەوەستاو گوێی بۆ زەمزەمەی بێدەنگیە خالیسەکە هەڵدەخست.

***

لەوە دەچوو ئەستێرەی بەختی گریگۆری، هێشتا هەر گەش و ڕوو لە بەرزی بێ. ئەستێرەکەی گریگۆری بە هەمان تیشکی ئارام و لەرزانی خۆیەوە، بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە، هەڵبەتە هێشتا کاتی ئەوە نە هاتبوو کە لە ئاسمان جیا ببێتەوەو بە دەم شولەیەکی ساردەوە، ڕاخوشێت

و ئاسمان بۆ ماوەیەکی کەم ڕوناك بکاتەوە. لە پایزی ئەو ساڵەدا، سێ ئەسپ لە ژێر گریگۆری دا کوژران. پاڵتۆ عەسکەرییەکەی لە پێنج شوێنەوە کون بوو. مەرگ کە بە سەر سەریەوە باڵە فڕەی بوو، لەوە دەچوو گەمەی دەگەڵ بکات. ڕۆژێك گوللەیەك بەر دەسکی مسینی شمشێرەکەی کەوت و گۆو گوڵینگەکەی پەڕاند و لە بەر پێی ئەسپەکەیدا کەوتەوە، لە تۆ وایە کەسێك بەدان پچڕی بووی. میتکا کورشونوف پێی گوت:

– گریگۆری، لەوە دەچێ یەکێك بەردەوام بە دەم نوێژ و نزاوە دوعای خێرت بۆ بکات.

کە بینی گریگۆری بزەیەکی ساردی بۆ کرد، سەری سوڕما. بەرەی شەڕەکە، چوو بووە ئەو بەری سکەکە. قیتاری باری هەموو ڕۆژێك بەبار بەکرەی زل زل تەلی دڕکاویان دەهێنا. هەموو ڕۆژێك، بە تەلەگراف ئەم ئاگاداریە بۆ بەرەکانی شەڕ دەهات:

–" سەربازانی هاوپەیمانان بەڕێوەن و بەم زوانە دەگەنە فریامان. پێویستە تا گەیشتنی هێزێن هیمداد، لە سنوورەکانی هەرێمدا، سەنگەرەکانی خۆمان قایم بکەین و هەر چۆنێ بووە و بە هەر نرخێ بووە، ڕێگە لە هێرش و پێشڕەوی سوورەکان بگرین."

خەڵکی ناوچەکە، کە بە سوخرە گیرا بوون و بە بێگار کاریان پێدەکردن، بە لۆسەو پاچ و قاز مە (قوڵنگ) زەویە بە ستەڵەکەکەیان دەشکاندو سەنگەریان لێدەداو، بە سیمی دڕکاوی سەریان دادەپۆشی. بەڵام شەوان، هەرکە قوزاقەکان سەنگەرەکانیان چۆڵ دەکردو بۆ ئیسراحەت و خۆ گەرمکردنەوە، ڕوویان دەکردە ماڵەکان، پێشەنگانی سوپای سوور دەهاتن، سەنگەرەکانیان هەڵدەگێڕایەوەو بەیانیان بە نووکی ژەنگنی تەلە دڕکاویەکاندا هەڵدەواسی. قوزاقەکان، وەکو ئەوەی نامەیان لە کەسوکاریانەوە بۆ هاتبێ، بە تاسەوە ئەو بەیاننامانەیان دەخوێندەوە. دیار بوو کە لەو بارودۆخەدا بیرکردنەوە، لە درێژەدان بە شەڕ، کارێکی بێهودە بوو. دوای وەرزی کەوتنی زوقم و خوسارو بەستەڵەك، نۆرەی توانەوەی بەفرو بەستەڵەکان هات، ئەوسا بەفرێکی زۆر کەوت. سەنگەرەکان پڕ بوون لە بەفر. کوڕم دەویست یەك سەعات تیایاندا هەڵبکات. قوزاقەکان، بە سەرماو سۆڵەکە قەڵس بوون، دەست و لاقیان دەچایی، گەلێك لە سەربازانی پیادە، جزمە و چەکمەیان نەبوو.

هەندێك لە قوزاقەکان، وەکو ئەوەی بچنە ناو حەوشەو کاو ئالیك بکەنە بەر چوارپێکانیان، بە نەعل و پانتۆڵی هاوینەوە بۆ شەڕگە هاتبوون. کەس باوەڕی بە هاتنی هێزی هاوپەیمانان نەبوو. ڕۆژێك ئاندرێ کاشولین، بەخەمبارییەوە گوتی: "دیارە بە سواری کیسەڵ دێن!" هەرکاتێ کە قوزاقەکان، تووشی مەفرەزەی شناسایی سوورەکان دەبوون، گوێیان لێبوو کە هاواریان لێدەکردن:

– ئەهای سەربازانی ڕێگای مەسیح! هیشتا تانکەکانتان بۆ نە هاتووە؟ دەیسا ئێمە بەم خزاکانەوە بۆتان دێین، خۆتان ئامادەکەن بۆ هەڵاتن!"

سوورەکان، لە ناوەڕاستی تشرینی دووەمدا، دەستیان بە هێرش کرد. بە تەواوەتی زۆریان بۆ قوزاقەکان هێنا، ناچاریان کردن بەرەو هێڵی ئاسنەکە پاشەکشە بکەن، بەڵام گۆڕانی ڕیشەیی ئوپەراسۆنە جەنگیەکان پاشتر ڕووی دا. هێزی سوارەی گاردی سوور، ڕۆژی ١٦/ك١، دوای

شەڕێکی دوورو درێژ، کەتیبەی سی و سێیان ڕاونا. بەڵام لە هەنبەر کەتیبەی ڤیشنسکایادا کە لە نزیکی گوندی کولودزیانسکیدا دامەزرا بوو، سووورەکان ڕوو بە ڕووی بەرەنگاری و بەرخودانێکی توند بوونەوە. ڕەشاشچیەکانی ڤیشنسکایا، لە پشت پەرژینی بەفر گرتووی خەرمانگاکانەوە، بۆ دژمن کە بە پێیان هێرشیان دەکرد دانیشتبوون و بە دەستڕێژی ڕەشاشەوە پێشوازیان لێدەکردن. ڕەشاشچیەکەی قۆڵی ڕاست، کە قوزاقێکی خەڵکی کارگینسکایا بوو بە نێوی ئانتیپوف، ڕەشاشەکەی هێندە بە مەعلانی بەکار دەبرد، کە ناوجەگەری دژمنانی گوللە باران دەکردو هێرشکەرانی، کە بە پای پیادە هێرشیان دێنا، بە کۆمەڵ وەکو جارە گەنم دەدوریەوە. سوارانی قوزاق، لە دووکەڵی دەستڕێژی تفەنگدا نقوم بوو بوون. لەم کاتەدا، لە قۆڵی چەپەوە دوو سریە بە نیازی ئابلوقەی سوورەکان، دەستیان بە هەرەکەت کرد. دەمەو ئێوارێ، هێزی سوپای سوور کە زۆر بە خاوی پێشڕەویان دەکرد، گۆڕاو تابوورێکی هێزی دەریایی تازە نەفس هاتنە شوێنیان. ئەمانە ڕاستەوخۆ، هەر بە پێوەو بێئەوەی بیکەن بە هەراو زەنا، بەرەو ڕەشاشەکان هێرشیان هێنا.

گریگۆری، لە پەستاو بێپسانەوە تەقەی دەکرد، تا کار گەییە ئەوەی کە دووکەڵ لە قۆناغی تفەنگەکەیەوە هەستا. لوولەکەی داغ بوو بوو و قامکی دەسووتاند. تفەنگەکەی دانا تا سارد ببێتەوە، ئەوسا شانەیەکی دیکەی خستە سەرو بە دەم سێرە گرتنەوە، کەوتە تەقە کردن لەو تارماییە چکۆلانەی کە لە دوورەوە ڕەش دەچوونەوە.

هێزی دەریایی، خۆی، بە سەنگەری قوزاقاندا دا، قوزاقەکان بە هەڵەداوان "پەلە پەل" ئەسپەکانیان کۆکردەوەو بە چوار ناڵە گوندەکەیان بەجێهێشت و بە هەشتاو چوون بۆ سەر گردەکە. گریگۆری لەوێ ئاوڕی دایەوەو بێئختیار جڵەوی ئەسپەکەی لە دەست بەر بوو، لە وێوە، لە سەر گردەکەوە، لە دوورەوە مەیدانی خەمبارو بەفرپۆشی شەڕەکە دەبینرا، لە دوورەوە ئەو پەڵە دەوەنە جاڕانەی کە بە قەد پاڵەکانەوە گیرسابوونەوەو سەراپایان لە بەفرا سپی دەچووەوە، باوەشیان بۆ بولێڵی ئێوارێ گرتبووەوەو کاتی داهاتنی شەویان ڕادەگەیاند. جەنازەی ئەو دەیاروانانەی کە بە دەم دەستڕێژی ڕەشاشانەوە کوژرا بوون، بە درێژایی یەك فرسەخ لەو گۆڕە کەوتبوون. بە پاڵتۆ کورت و چاکەتە چەرمەکانیانەوە، لە سەر بەفرەکە کەوتبوون و لە دوورەوە لە پۆلە قەلە ڕەشێکی ئامادەی هەڵفڕین، دەچوون.

دەمەو خۆرئاوا، ئەو سریانەی کە بە هۆی هێرشی دژمنەوە لێکدی دابڕابوون و پەیوەندیان لە گەڵ کەتیبەی ئیلانسکایاو کەتیبەکانی بەشی ئوست –میدڤیدیتسکایا کە لە قۆڵی ڕاستی ئەوانەوە سەنگەریان گرتبوو، بڕا بوو، شەوێ لە دوو گوندی سەر لقێکی چکۆلەی ڕووباری بوزلوك، ئۆردو بە زیان کرد.

ئێوارێ کاتێ گریگۆری، لەو شوێنە دەگەڕایەوە، کە فەرماندەی سریەکەی داوای لێکرد بوو، چەند ئێشکگرێکی لێدابنێ، دنیا تاریك بوو بوو. لە کۆڵانێکدا تووشی فەرماندەی کەتیبەکەو یاوەرەکەی بوو. فەرماندەکە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو پرسی:

– سریەی سێیەم لە کوێیە؟

گریگـۆری بەرسـڤی دایـەوە. فەرمانـدەو یاوەرەکـەی بـە ڕێـی خۆیانـدا ڕۆیشـتن. کـە گریگـۆری دوورکەوتەوە، یاوەرەکەی فەرمانده پرسی
– زیانی سریەکەتان زۆر بوو؟
بەڵام گوێی له وەڵامەکەی گریگۆری نەبوو، دووباره پرسی:
– ها؟

گریگـۆری بێئـەوەی هـیچ بڵـێ، بە ڕێی خۆیدا ڕۆیی. سەرانسـەری شـەو، عـەرەبانانی بـارو بنـەو تەقەمەنی و جبەخانە بە گوندەکەدا دەڕۆیی. تۆپخانەیەك، ماوەیەکی زۆر لە نزیکی ئەو خانووەی کە گریگۆری و قوزاقەکانی ستاریان تیا گرتبوو، وەستا. جنێوی بازاڕی و هـەراو زەنـای شـۆفێران و هەراو هەنگامەی هاتووچۆ، لە پەنجەرەکەوە دەگەییە گوێ. تۆپچیانی تۆپخانەکەو پەیامبـەرانی سـەرکردایەتی کەتێبەکـە، کـە هـیچ دیـار نـەبوو بۆچـی ڕێیـان کـەوتبووە ئێـرەو لـەم گونـدەدا مابوونەوە، لە سەرماو بە نیازی خۆ گەرمکردنەوە، خۆیان بۆ ماڵەکە دەکوتا. لە نیوە شـەودا سـێ تۆپچـی دیکـە خۆیـان وەماڵەکـەدا کـرد، خـەڵکی ماڵەکـەو قوزاقـەکانیان بێـدار کـردەوە. تومـەز تۆپێکیان لـە جۆگایـەکی نزیکی گوندەکەدا چەقی بوو و لێبڕابوون کە شـەوێ لەوێنـدەری بـەجێ بێڵن و سارەزی گاجووتی لێببەستن و لە قوڕەکەی دەربێنن، گریگـۆری ماوەیـەکی زۆر ڕوانیـە ئـەو تۆپچیانەی کە بە دەم خوتەو بۆڵەوە، قوڕە لینجـەی چەکمەکانیان پاك دەکردەوەو چەکمەکانیان دادەکەنـدو زەنگاڵـە تـەڕەکانیان هەڵدەخسـت تـا وشـك ببنـەوە. دوای ماوەیـەکی کـەم ئەفسـەرێکی تۆپچی کە سەراپای لە پریشکە قوڕا بوو، هات و داوای کرد کە ڕێـی بکـەن شـەوێ لـەوێ بمێنـێ، پاڵتۆکەی لێڕاخست و بە هەوای شان، ماوەیەکی زۆر بە سەری قۆڵی قەمسەڵەکەی کەوتـە سـڕینی ئەو پریشکە قوڕانەی بە سەرو چاویەوە بوون.

یارۆی ئەفسەر، بە چاوانی زەلیلی، وەکو چاوانی ئەسپێکی ماندوو، کەوتە ڕوانینی گریگۆری و گوتی:

– تۆپێکمـان لـە دەسـت دا. شـەڕەکەی ئـەمڕۆ وەکـو شـەڕی ماچـخا بـوو. دوای ئـەوەی دوو گولـلـە تۆپمـان تەقانـد، شـوێنەکەیان دیـاری کـردین... بـە یەکـەم گولـلـە، تۆپەکـەیان پێکـاین و تێکیـان شکاند! تۆپەکەمان لەجێ خەرمانێك دامەزراند بوو، لەوە باشتر نەدەشاردرایەوە!...

یـارۆی ئەفسـەر، لەگـەڵ هـەر ڕستەیەکا کـە دەیگـوت، بێئـەوەی بـە خـۆی پێبحەسێت، جنێـوێکی بازاڕیشی دەدا. ئەوسا لە سەری ڕۆیی:
– .. تۆ لە کەتیبەی ڤیشنسکایای؟ حەزت لە چای نیە ؟
بە ژنی خاوەن ماڵەکەی گوت:
– ژنەکە گیان، سەماوەرێ چایمان بۆ دێنی؟

دیـار بـوو کـابرای ئەفسـەر، هاونشـینێکی چـەنەبازو چەقاوەسـوو بـوو. چـای لـە سـەر چـای دەخواردەوە. گریگۆری دوای نیو سەعاتێك بۆی دەرکەوت کە خەڵکی ناوچەی پلاتوفسکایایەو خوێندنی ئامادەیی تەواو کردووەو بە شداری شەڕی ئەڵمانی کردووەو تا ئێستا دووجار ژنـی

هێنـاوەو ناکـام بـووە. کـابرای ئەفسـەر بەسـەری زمـان، ئـەو ئارەقەیـەی، کـە نیشـتبووە سـەر لێـوە تاشراوەکەی، لستەوەو گوتی:

– ئیدی ئەمە کۆتایی سوپای دۆنە! شەڕ بەرەو کۆتایی دەڕوات. سبەی شەڕو شەڕگە نامێنێ و هەمووی دە پازدە ڕۆژی دیکەیەو دەگەڕێینەوە بۆ نوڤۆچرکاسك. دەیانویست بە کۆمەڵێك قۆزاقی پاپەتیـەوە پـەلاماری ڕووسـیا بـدەن! توخـوا ئەمانـە شـێت نـین؟ بـاوەڕ بکـەن، ئەفسـەرانی سەرکردایەتی هەموویان بێ شەرەفن! تۆ لە سەربازیەوە پێگەییوی و بوویت بە ئەفسەر؟ ئەری؟ ئەوانە دەیانەوێ بە دەستی ئێوەگەل سەری مارەکە بگرن. بەڵام خۆیان لە دوای دواوە خەریکی ڕاو و ڕووتن.

ئەفسەرەکە، لێکدا لێکدا چاوە کاڵ و بێرەنگەکانی دەتروکاند، لە جێی خۆی دەجوڵاو کەلەشە زەلام و قورسەکەی دەدا بە کۆڵی مێزەکەدا. لچە ئەستوورەکەی بە قەراخ دەمە زلەکەیەوە شۆڕ بـوو بـووەوەو هێنـدەی دی گـرژ و مـۆنی دەنوانـد، دەموچـاوی، ڕێـك لـە دەموچـاوی ئەسـپێکی زەبوونی، ماندوو دەچوو.

– جارانی زوو، بۆ نموونە لە زەمانی ناپلیوندا، شەڕ شتێکی خۆش بوو، لە زەتی خۆی هەبوو. دوو سوپا بەرانبەریان لێکدی دەگرت، ماوەیەکی کەم پێکیاندا دەداو پاشان لێکدی دەبوونەوە. ئیدی نەبەرەی شەڕو نە سەنگەر و خەندەکان لە ئارادا نەبوو. بەڵام ئەمڕۆ کوڕم دەوێ سەری لێدەر بکات. شەیتان بە شەیتانی خۆی سەری لێدەر ناکات! دەڵێن دیرۆکنووسانی (مێژوو نووسان) کۆن، کە باسی شەڕێن زەمانی کۆنیان نووسیوەتەوە، درۆی زۆریان پێوە ناوە، جا ئەگەر باسی ئەم شەڕەیان بنووسایەتەوە، کە شەڕەکانی پێشوو، لە چاویا بە حەوت ئاو شۆراونەتەوە، ئاخۆ چیان دەنووسیەوەو چۆنیان دەنووسی!... ئەمە لە ڕاستیا شەڕ نیە، ئێمە شەڕ ناکەین، بێهودە کات بە فیڕۆ دەدەین! ئەم شەڕە هیچ مانایەکی نیە! بریتیە لە قوڕ شێلان و هیچی دی. من ئەگەر توانیبام هەموو فەرماندە گەورەکانم، لە بەرانبەر یەکدیدا دەدانان و پێم دەگوتن: "بەڕێز جەنابی لینین، تۆ جارێ بچۆ لای ئەم ڕەئیس عورفایە با فێری چۆنیەتی بەکار بردنی چەکت بکات، بەڵام تۆ، جەنابی کراسنوف، بێگومان خۆت دەیزانی" ئەوسا، ناچارم دەکردن وەکو داودو جالوت بە گژ یەکا بچن و (ئیجیل دەیگێڕێتەوە کە داود دەگەڵ دێوێکدا بە ناوی جالوت بووە بە شەڕی، بە قۆچەقانی تاوێرێکی تێ سرەواندووەو کوشتویەتی) کێ سەرکەوتبا، دەسەڵاتم دەدا بەو. میللەت بەلایەوە گرینگ نیە ئەم یان ئەو حوکمی بکات. تۆ چ دەڵێی جەنابی نایب زابت؟

گریگۆری وەڵامی نەدایەوە، بە چاوی خەواڵووەوە، دەیڕوانیە جوڵەی شان و بازووی گۆشتن و قەڵەوی کابرای ئەفسەر، دەیڕوانیە زمانە سوورەکەی کە زوو زوو لە درزی دەمیەوە دەردەکەوت. خەوی دەهات و ئەم تۆپچییە هەڵەوەڕو نیمچە کەرەش لێی بوو بوو بە مێملێ و مووی لووت و لێی نە دەبووەوە، دڵی لە بۆنی پێیە ئارەقاویەکانی، هەڵدەهات.

گریگۆری، بەیانی بە نیگەرانیەوە لە خەو ڕابوو. وێڕای ئەوەی کە لە هەوەڵی پایزەوە پێشبینی ئـەم ڕووداوانـە و کۆتـایی جـەنگی کـرد بـوو، کەچـی کۆتـایی کـوت و پـڕی جـەنگی پـێ قـووت

نەدەچوو. گریگۆری، هەستی بەوە نەکرد بوو کە چۆن بێزاری لە جەنگ، لە سەرەتاوە وەکو جۆگەلەیەکی بچووك کەوتبووە ڕێزی سریە و کەتیبەکان و پاشان وردە وردە بوو بوو بە سێلاوێکی توندو ئێستا تەنیا ئەم سێلاوەی دەبینی کە سەرکێشانە سەرانسەری مەیدانی شەڕەکەی ڕادەماڵی.

بە دەم ئەو خەیاڵانەوە، تاقە سوارە بە پێدەشتەکەدا دەڕۆیی، تازە هەوەڵی بەهارە. ئەرزو ئاسمان لە هەتاوا نقووم بووە. تا چاو هەتەر دەکات، بە هار بە هەرچوار نکالا، هەر بەفری سەر مۆرەو پرتەوێکی وەنەوشەیی لێدەبێتەوە. بەڵام لە ژێر بەفرەکەوە، کە لە دەرێی دەسەڵاتی نیگاو دیتنە، کاری جاویدانی و پڕ شکۆی ڕەهایی و ئازادی زەوی لە گەڕدایە. هەتاو بەفرەکە دەخوات و دەیتوێنێتەوەو لە ژێرەوە دەیکات بە ئاو. ئەوسا شەوێکی بە تەمتومان باڵ بەسەر دنیادا دەکێشێت، هەرکە ڕۆژ دەبێتەوە، توێژاڵی سەختی بەفر، بە خشە خش دەنیشێت، و زۆری پێناچێت، ئاوی سەوزباو بە قەد پاڵەکانەوە دێتە خوارێ و خۆی بە جادەو بان و ڕێگاکاندا دەکات. هەر بەفری تواوەیەو بە دەم سمی ئەسپەکەوە، بە هەر چوار نکالا دەپەڕێ. دنیا گەرمە بەفری سەر گردولکەکان تواوەتەوە. بۆنی کۆنی گڵە سوورو گیای ڕزیو، دنیای پڕ کردووە. ناگەیتە نیوەڕۆ کە دۆڵەکان پڕ دەبن لە هاڕەو هاژەی ئاو، هاڕەو هاژەی ئاو بە سەر دەنگی هەرەسی بەفری قەد پاڵاندا زاڵ دەبێت، هەڵم و بوخارێکی بۆنخۆش، لەو کێڵگەو پەڵە زەویانەوە کە بەفریان تواوەتەوەو لە دوورەوە وەکو مەخمەل ڕەش دەچنەوە هەڵدەستێت .دەمەو ئێوارێ، جۆباری پێدەشتەکە، بە ناڵە ناڵ، پارچە سەهۆڵە شکاوەکان ڕادەماڵێ و سینگی وەکو مەمکی ژنانی شیردەر بەرز دەبێتەوە. کابرای سوار، کە سەری لە ڕۆیشتنی کوت و پڕی زستان سوڕماوە، لە سەر کەنارێکی لمەڵان وەستاوەو چاو بۆ بوارو تەنکاوێك دەگێڕێت و ناو بە ناو قامچیەك بە نەرمی دەکێشێت بە ئەسپە ئارەقاویەکەیا کە بە نیگەرانیەوە گوێچکەکانی قوت کردونەتەوە. لە هەمان کاتدا، کە دەڕوانێ چوار دەوری بەفرەو پرشنگیکی شینباوی لێدەبێتەوە، و زستان دووبارە سپی و خەواڵو، سوڵتانی خۆی دەنوێنێ.

کەتیبەکە بە درێژایی ڕۆژی پاشی، لە حاڵی پاشەکشەدا بوو. عەرەبانەی باروبنان بە چوار ناڵە بە سەر جادەکاندا دەڕۆیشتن. لە شوێنێکەرەوە، بە دەستی ڕاستا، لەپشت هەورێکی بۆرەوە کە ئاسۆی داپۆشی بوو، ڕمبەی تۆپخانە وەکو هاڕەی هەرەسی بەفرو ڕەنوان، دەهاتە گوێ. ئیدی سوارانی قوزاق، بە ڕێگاو بانە تەڕو پڕ تەرسەکاندا بە شڵپ و هۆڕ تێدەپەڕین و ئەسپەکان کە تا قولە قاپیان لە قوڕابوو، بەفرە تواوەکەیان وەکو هەویر دەشێلا. پەیك و تەتەران، بە کەناری جادەکاندا، بە چوار ناڵە دەڕۆیشتن. قەلە ڕەشان، بەپەڕە بریقەدارەکانیانەوە کە لە ڕەشیدا شین دەچووەوە. هێدی هێدی لە دووری ڕێگاکەوە هەنگاویان دەنا، بە ویقارەوە دەیانڕوانیە پاشەکشەی هێزی شکست خواردووی سوارانی قوزاق و هێزێن پیادەی شپڕێو و قافڵەی گالیسکەێن باروبنە، وەکو ئەوەی بۆ تەمەشای نمایشێکی عەسکەری هاتبن.

گریگۆری، گەییە قەناعەت کە هێز نیە، ڕێگە لەم پاشەکشەیە بگرێت، لە سپرینگێك دەچوو، کرابێتەوە. هەر ئەو شەوە بە خۆشحاڵیەوە بە بێپرس دوا بڕیاری خۆی دا کە کەتیبەکەی بەجێ

بێڵێ و هەڵێت. میتکا کورشونوف، کە بینی گریگۆری بارانیەکەی بە سەر پاڵتۆکەیدا لەبەر دەکات و شمشێرو دەمانچەکەی لە خۆی دەبەستێ، نیگایەکی تەوسامێزی کردو پرسی:

– گریگۆری پانتلوفیچ، بە تەمای چیت، بۆ کوێ دەڕۆیی؟

– بۆچی دەپرسیت، تۆ هەقت چیە؟

– هەروا، حەز دەکەم بزانم.

گریگۆری ڕووی گرژ کرد، ئەوجا چاوێکی داگرت و بەپێکەنینەوە گوتی:

– دەڕۆم بۆ وڵاتێ پێی دەڵێن: "خۆت لە کاری خەڵکی هەڵ مەقورتێنە" تێگەیشتی؟

ئەوجا دەرچوو. ئەسپەکەی بەزین کراوی حازر و ئامادە بوو. تاکو سپێدە، لە یەکبینە بە چوار ناڵە، جادەی بە تەمتومان و سەهۆڵبەندانی پێچایەوە. ئێستا کە لە هاوڕێیانی هاوڕەزمی دوێنێی زۆر دوورکەوتبووەوە، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "کەمێك لە ماڵی خۆمان دەمێنمەوەو هەرکە زانیم سوورەکان لەو دیارو دەڤەرە نزیك بوونەتەوە، پەیوەندیان پێوە دەکەم و لە گەڵیاندا دەڕۆم."

بۆ سبەینێ ئێوارە، بە خۆ و ئەسپەکەیەوە، کە دووسەد فرسەخانی لە پەستاو بێپسانەوە بڕی بوو ولە ماندوویەتیدا بەلادا دەهات، خۆی بە حەوشەکەی ماڵی بابیدا کرد.

"١١"

لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا، دەنگۆ بڵاوبووەوە کە شاندێکی عەسکەری هاوپەیمانانی ئینتنیت (ئینتنیت: پەیمانێکی سێ قۆڵی بریتانیاو فەرەنساو ڕووسیای تزاری بوو، لە یەکەم جەنگی جیهانیدا) گەییوەتە نوڤوچرکاسك.

ئیدی دەنگۆیەکی دیکەش لە شاردا بڵاوبووەوە کە گوایە سریەیەکی بە هێزی قوەتی دەریایی بریتانیاش لە لە نگەرگای نوڤوروسیسك لە نگەری خستووەو بەو زوانە، هێزێکی زۆری هاوپەیمانان کە لە سالونیکەوە هاتوون، لە کەشتی دادەبەزن و حاڵی حازر یەك فەیلەق لە هێزی پیادەی ئەفریقایی سەر بە سوپایی فەرەنسا، دابەزیوەو لە ئایندەیەکی نزیکدا، دەگەڵ سوپای خۆبەخش و داوخوازاندا، دەست بە هێرش دەکەن. ئەم دەنگۆیانە لە شارا بڵاودەبوونەوەو وەکو تۆپەڵە بەفرێك کە گل ببێتەوەو بەرەبەرە بەفری دی لە خۆ بگرێت و سات بە سات گەورەتر ببێ، بەو ئاوایە گەورەو گەورەتر دەبوونەوە.

کراسنوف، فەرمانی دا کە گاردی شەرەفی قوزاقانی کەتیبەی گاردی ئەتامانسکی بۆ پێشوازی شاندی ناڤبری ڤرێبکەن. خێرا دوو سریە لە لاوانی کەتیبەی ئەتامانسکی ئامادەکران، چەکمەی درێژ و سینەبەندی سپی گوللە نەبڕیان بە سەرا دابەشکرا، هاوڕێ دەگەڵ سریەیەك شەیپور ژەنا بەرەو تاگانروك وەڕێکەوتن.

نوێنەرانی، نوێنەرایەتی سوپایی بەریتانی و فەرەنسی لە باشووری ڕووسیادا، لێڕا بوون چەند ئەفسەرێك بە مەبەستی بەدەست هێنان و کۆکردنەوەی زانیاری سیاسی تایبەتی بۆ نوڤوچرکاسك بنێرن. ئەرکی ئەم ئەفسەرانە ئەوە بوو کە زانیاری دەربارەی دیارو دەڤەری دۆن و ئیمکانی شەڕ دژی بەلشەویکان کۆبکەنەوەو بەدەست بێنن. ڕائید پۆند و هەردوو ملازم

بلومفیلدو مونرۆ بە نوێنەرایەتی بریتانیاو ڕائید ئوشن و هەردوو ملازم دوپیرت و فور بە نوێنەرایەتی فەرەنسا هاتبوون. هاتنی ئەم ئەفسەرە چکۆلانەی شاندی عەسکەری هاوپەیمانان، کە گەمەی ڕۆژگار کردبوونی بە "سەفیر" ئەو هەموو هەراو هەمگامەو جەنجاڵی و هاتوچۆیەی لە کۆشکی ئەتامانەکاندا دروست کرد بوو.

ئەو "سەفیرانە"یان، بە کەبکەبەو دەبدەبەو شکۆیەکی یەجگار زۆرەوە، هێنانە ناو فوڤوچرکاسکەوە. ئەم هەموو ڕێزو حورمەتە، ئەم هەموو خۆشخزمەتی و مەرایی و ڕوپامایییە باوەڕنەکردەنیە، بە ڕادەیەك ئەو ئەفسەرە سادانەی سەرمەست و مەغروور کرد، کە تەواو لە خۆیان بایی بوون، بە چاوی سووکەوە دەیانڕوانیە جەنەڕاڵە پایە بەرزو کەسایەتی و بەرپرسە گەورەکانی کۆمارە زۆر گەورەو کارتۆنیەکەی دۆن.

ملازمە گەنجە فەرەنسیەکان، لە گفتوگۆدا دەگەڵ جەنەڕاڵانی قوزاقدا، لە ژێر پەردەی تەنکی ئەدەبداری و نەرمخوویی فەرەنسیەوە، جۆرە فەخر فرۆشی و روحزلی و بە خۆفشینێکیان دەنواند.

شەوێ، زیافەتێکی سەد نەفەری شیو لە کۆشکا بەرپا کرا. لە هۆڵی پێشوازیدا، تیپی جوق و مۆزیقای عەسکەری، مەجلیسەکەیان بەچەند گۆرانیەکی قوزاقی خۆش، گەرم کرد. ئورکستەرێکی ئامێرو سازی هەوایی، سرودی نیشتمانی هاوپەیمانیان، بە شکۆو جەلالێکی تایبەتیەوە لێدا. "سەفیرەکان" بە کەش و فش و فیزو ئیفادەوە، دەمیان بۆ خواردنەکە دەبرد. میوانەکانی ئەتامان، کە هەستیان بە بایەخی مێژوویی ئەم بۆنەیە دەکرد، ژێراو ژێر، بە کونجکاوی و ڕێزی تایبەتیەوە دەیانڕوانیە سەفیرەکان.

کراسنوف، دەستی بە گوتاردان کرد:

– بەڕێزان، ئێستا ئێوە لە هۆڵێکی مێژوویدا دانیشتوون. لە نێو چوار دیواری ئەم هۆڵەوە چاوی قارەمانانی جەنگێکی نیشتمانی، جەنگی ساڵی ١٨١٢ بە بێدەنگی لە ئێوەیە. پلاتوف، ئیلوڤایسکی و، دنیسوڤ، ڕۆژگارێکی پیرۆزمان وەبیر دێننەوە، ئەو ڕۆژگارەمان بیردێننەوە کە خەڵکی پاریس پێشوازیان لە ڕزگارکەرانی خۆ، لە قوزاقانی دۆن دەکرد، وتزار ئەلکساندری یەکەم وڵاتی جوانی فەرەنسای لە ناو داروپەردووی وێرانەو وێرانکاری دەردێنایەوە...

نوێنەران "سەفیران"ی "وڵاتی جوانی فەرەنسا" هەرچەندە شامپانیایەکی زۆریان خواردبووەوەو چاویان لە کەیفان پرشنگی دەدا، بەڵام زۆر بە دیقەت تا کۆتایی گوێیان لە وتارەکەی کراسنوف گرت. کراسنوف، پاش ئەوەی بە دوورو درێژی باسی مەینەتیەکانی خەڵکی ڕووسیای " لەژێر نیری بەلشەویکانی هۆڤیدا" کرد، لە کۆتاییدا، بە تۆنێکی خەمناك گوتی:

– ... باشترین ڕۆڵەی میللەتی ڕووس، ئێستا لە زیندانی بەلشەویکاندا ڕوو بە ڕووی مەرگ دەبنەوە. ئەوانە چاویان لە هیمەتی ئێوەیە، چاوەڕوانی کۆمەکی ئێوەن. جا ئێوە لە سەرتانە کۆمەکی ئەوان بکەن، تەنیا ئەوان، نەك دۆن. چونکە ئێمە دەتوانین بە شانازیەوە بڵێین کە ئازادین! بەڵام هەموو زیکرو فیکردی ئێمە، خەبات و تێکۆشانی ئێمە لە پێناوی ڕووسیای

مەزندایە ئەو ڕووسیایەی هەموو کاتێ وەفاداری هاوپەیمانانی خۆی بووەوەو هەرگیز درێغی لە پاراستنی بەرژەوەندی هاوپەیمانانی خۆی نەکردووە. هەمان ئەو هاوپەیمانانەی کە ڕووسیا خۆی لە پێناویاندا فیدا کردووە، ئەو هاوپەیمانانەی کە ئەمڕۆ، ڕووسیا چاوی لە دەستیانە کە فریای بکەون و کۆمەکی بکەن. سەدو چوار ساڵ لەمە پێش، لە مانگی ئازارا، میللەتی فەرەنسا، پێشوازی لە تزار ئالکساندەری یەکەم و سەربازانی گاردی ڕووس کردو ئیدی لەو ڕۆژەوە، قۆناغێکی تازە لە فەرەنسادا دەستی پێکرد، قۆناغێك کە ئەو وڵاتەی گەیاندە ڕیزی هەرە پێشەوەی میللەتانی دنیا. سەدو چوار ساڵ لەمە پیس، ئەتامانی ئێمە، کۆنت پلاتوف، سەردانی لەندەنی کرد. ئێمە چاوەڕوانی ئێوەین تا بەرەو مۆسکۆ بڕۆین. بەڵێ چاوەڕوانی ئێوەین، تا بە نەوای زوڵاڵی سەرکەوتوانەی سروودی نیشتمانی خۆمانەوە، پێکەوە خۆ بە کۆشکی کرملیندا بکەین، تا لە ئاهەنگ و خۆشی، ئاشتی و ئازادیدا بە شداریمان بکەن. ڕووسیای مەزن! هەرچی خەون و ئاواتێکمان هەیە، لەم دوو وشەیەدا کۆبووەتەوە!

دوای وتارەکەی کراسنوف، ڕائید بۆند لەجێی خۆی هەستا. کاتێ کە بە ئینگلیزی کەوتە قسان، بێدەنگیەکی مەرگ ئاسا باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا، کابرای دیلمانج (تەرجمان، پاچڤەرکار) هەوڵیدەدا، وتەکانی، بە جوانی و بە وشەێن پڕجۆش پاچڤە بکات:

– ڕائد بۆند بە ناوی خۆی و بە ناوی ڕائید ئۆشینەوە، بە ئەتامانی دۆنی ڕادەگەیەنێ کە دەوڵەتانی هاوپەیمان ئەوان و ئەفسەرەکانی هاوڕێیانیان، بە فەرمی ناردووە تا زانیاری دەربارەی ڕووداوەکانی دەڤەری دۆن کۆبکەنەوە و بە دەست بێنن و بزانن لە دەڤەری دۆندا چ باسە. ڕائید بۆند، دووپاتی دەکاتەوە کە دەوڵەتانی هاوپەیمان، بە هەموو هێزو توانایەکی خۆیانەوە، تەنانەت بە ناردنی سەربازیش، کۆمەکی حکومەتی دۆن و سوپای داوخواز، دژی بەلشەویکان، دەکەن.

دیلمانجە کە، هێشتا بە تەواوەتی لە پاچڤەی دوا ڕستەی وتەکانی بۆند نەبووبووەوە، کە دیوارەکان سێجار لە هوراکێشانی ئامادەبووان هاتە لەرزین. ئیدی بەدەم نەواو ئاوازی حەماسی ئۆرکستراکەو دروشم لێدانەوە، جام بە شانازی ڕەونەق و شکۆفایی "فەرەنسای جوان" و ئینگلیستانی مەزنەوە و سەرکەوتن بەسەر بەلشەویکانەوە، هەڵدران. شەرابی شامپانی دۆن لە جاماندا کەف دەکردو شەرابی کۆنە هەڵدەچوو و هۆڵەکەی پڕ دەکرد لە بۆن و بەرامەی نەرم و شرینی خۆی...

ئامادەبوان، چاوەڕوانی ئەوە بوون نوێنەرانی هاوپەیمانان قسەیەك بکەن، ئەوە بوو ڕائید بۆند زۆر ماتەلی نەکردن:

– من پێشنیاز دەکەم بە شانازی ڕووسیای گەورەوە بخۆینەوەو حەز دەکەم لەم هۆڵەدا گوێم لە سروودە نیشتمانیە بە شکۆکەتان ببێ. هەڵبەتە وشەکانیمان زۆر لا گرینگ نیە، من تەنیا حەزم لە ئاوازەکەیەتی...

دیلمانجەکە، ئەو داوایەی پاچڤە کرد و کراسنوف کە بە دەم هەڵچوونەوە ڕەنگی سپی بوو بوو، ڕوویکردە میوانەکان و بە دەنگێکی تێکشکاو، هاواری کرد:

– هورا، بژی ڕووسیای مەزن، با بژی ڕووسیای یەك و یەكگرتوو!

ئۆكسترەكە، بە نەوای توند و پڕ شكۆ كەوتە لێدانی سروودی "خودا تزار پایە دار بكات!". ئامادەبووان هەموو هەستانە سەرپێ و جامەكانیان هەڵدا. ڕوندك بە سەر گۆنای هیرومۆژنی قەشەباشیدا هاتە خوارێ. ڕائید بۆند كە كەمێك مەست بوو بوو، بە جۆش و خرۆشێكی زۆرەوە گوتی: "چەند جوانە!" یەكێك لە میوانە زۆر ناسراوەكان، كە جڵەوی سۆزی لە دەست بەر بوو بوو، دەسماڵێكی سفرەی ، كە هەر پەڵەی ڕەشی خاویار بوو، گرت بە ڕیشییەوەو بە ڕاستی دەستی كرد بە گریان و لەزگ بوو، سەری بەدەم هەنسكانەوە هەڵبكەنرێ...

***

ئەوشەوە بایەكی توند و سارد لە دەریای ئازۆفەوە هەڵیكرد و بە لوورە لوور خۆی بە شارا دەكرد. گومەزی كڵێساكە، كە یەكەم بۆرانی بەفری ساڵی بەخۆوە دەبینی، بە شێوەیەكی خەمناك دەدرەوشایەوە.

ئەو شەوە، لە دەرێی شارا، لە بەستێنی ئادڕكەیەكی سووركدا، كە كرابوو بە زبڵدان و زبڵ و خاشاكیان تێدەڕشت، كرێكارانی بەلشەویكی هێڵی ئاسنی شاختریایان، بە ئەمری دادگای سوپایی گوللە باران كرد. دوو دوو، بە دەستی لەپشتەوە بەستراو دەبرانە دیار ئاودڕكەكە و لە نزیكەوە بە تفەنگ و دەمانچان لێیان دەدان و دەنگی تەقەكان، لە ناو بایە ساردو سڕەكەدا، وەكو چۆن پزیسكی ئاگری جگەرەیەك دەكوژێتەوە، بەو ئاوایە خامۆش دەبوو...

لە هەمان كاتدا، لە بەر دەرگای كۆشكی ئەتاماندا، لەو سەرماو سۆڵەی زستانەدا، قوزاقانی كەتیبەی ئەتامانسكی، كە گاردی شەرەف بوون، وەكو مردوو بەبێ جووڵە وەستا بوون. دەستیان بە دەسكی شمشێرە ڕووتەكانیانەوە، لە سەرما شین و مۆر دەبووەوە، ڕوندك بە چاویانا دەهاتە خوارێ و لاقیان دەتەزی و سڕ دەبوو... لە كۆشكەكەوە هاواری مەستی و مەستان، دەنگ و نەوای سازو ئامێری مسینی ئۆركسترەكەو گۆرانی گریان ئامێزی گرووپی كۆراڵی عەسكەری تاكو بەرەبەیان هەر بەردەوام بوو...

***

دوای یەك هەفتە، ئەوەی كە بەخەیاڵی كەسدا نەدەهات ڕووی دا، بەرەی شەڕ درزی تێكەوت و بەرە بەرە كەوتە هەرەسهێنان. كەتیبەی بیست و هەشت، كە پیوتەر میلیخوف، لەو كەتیبەیەدا خزمەتی دەكرد، یەكەم كەتیبە بوو، كە لە ناوچەی كالاچدا سەنگەرەكانی خۆی بەردا. قوزاقەكان، ژێراو ژێرو بە نهێنی گفتوگۆیان دەگەڵ فەرماندەیی لەشكریی (فیرقە) ئینزای دژمندا كرد بوو، بڕیاریان دابوو پاشەكشە بكەن و ڕێگە بۆ سەربازانی سوور بكەنەوە، بە بێهیچ كۆسپ و تەگەرەیەك بە ناوچەی دۆنی ژووروودا تێپەڕن. قوزاقێكی هێڕی بیر تەسكی ناحاڵی و بێ ئەقڵ، بە ناوی یاكوف فومین، فەرماندەیی ئەم كەتیبە یاخیەی گرتە ئەستۆ. لە ڕاستیا فومین هیچ نەبوو، ئالەتی دەستی كۆمەڵە قوزاقێكی هەواداری بەلشەویزم بوو. ئەوانە لە پشت پەردەوە، هەموو شتێكیان بەڕێوە دەبردو ئەویشیان ڕێبەری دەكرد. دوای كۆبوونەوەیەكی پڕ لە هەراو هەنگامەو گرژی، كە ئەفسەرەكان، لەو كۆبوونەوەیەدا، لە ترسی ئەوەی كە نەبا لەپشتەوە

بکــوژرێن، بــە ســاردی هــەوڵیان دەدا بیســەلمێنن کــە پێویســتە درێــژە بــە جــەنگ بــدەن و سەربازەکانیش، هەر هەموو تێکڕا، بە دەم هات و هاوارەوە، هەمان قەوانە سواوەکەی جارانیان توندتر لێدەدایەوەو هاواریان دەکرد کە جەنگ بێهودەیە و دەبێ دەگەڵ بەلشەویکەکاندا پێك بێن، کەتیبەکە بەو شێوەیە بە ڕێکەوت. لە کۆتایی یەکەم ڕۆژی ڕێ پێوانەکەدا. شەوێ، لە نزیکی گوندی سولونکا، مقەدەم فیلیپوف، فەرماندەی کەتیبەکە، دەگەڵ زۆربەی ئەفسەرەکانی خۆیدا، فیراری کردو پەیوەندی بە تیپەکەی کۆنت مولیبرەوە کرد کە لە شەڕەکاندا زیانێکی گیانی زۆری دابوو و حاڵی حازر لە پاشەکشەدا بوو.

کەتیبەی ٣٦یش، چاوی لە کەتیبەی ٢٨ کردو هەمان ڕێگای ئەوی گرتە بەرو سەنگەری چۆڵ کردو بە هەموو سەربازو ئەفسەرەکانیەوە، گەییە کازانسکایا. فەرماندەی کەتیبەکە، کە پیاوێکی کورتە بالآی، چاو فێڵاوی بوو، توانی بوو بە زمانلووسی لە حوزوری سەربازەکاندا، پێگەکەی خۆی بپارێزێت، بە سواری دەگەڵ چەند سوارێکی دیکەدا، خۆی گەیاندە بەردەم ئەو خانووەی کە فەرماندەی ناوچەکە لایدا بووە ناوی، لە ئەسپەکەی دابەزی بەدەم قامچی بادانەوەو بە کەش و فشەوە بانگی کرد:

– کێ لێرە فەرماندەیە؟

ستیپان ستاخۆف، هەستایە سەرپێ و بە فیزەوە گوتی:

– من یاریدەدەری ئەوم، جەنابی ئەفسەر دەرگاکە داخە.

– من مقەدەم نەعوموف، فەرماندەی کەتیبەی "٣٦"م... ئم، بێزەحمەت... بەڵێ... پێویستە جل و پێڵاو بۆ کەتیبەکەی خۆم فەراهەم بکەم. سەربازەکانم پێخواسن، جل و بەرگیان شڕو شەپڕێوە. گوێت لێمە؟

– قوماندان "فەرماندە" لێرە نیە. بەبێ ئیزنی ئەو ناتوانم تاقە یەك جووت پێڵاو لە ئەنبارەکە دەربێنم.

– جۆن؟

– هەر ئەوەیە کە پێمگوتی.

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ تۆ دەزانی لەگەڵ کێدا قسە دەکەی؟ دەتگرم، هەی نەگریس! ئادەی کوڕینە بیبەن لە سووچی ڕەشچاڵی توند بکەن! کوا کلیلی عەمارەکان لە کوێیە؟ ها...

نەعوموف، قامچیەکەی بە توندی کێشا بە ڕووی مێزەکەدا، لە کاتێکا لە تووڕەییدا سپی بوو بوو، کڵاوە فەروەکەی بە پشتا بردو لە سەری ڕۆیی:

– کوا کلیلەکانم بدەیەو دەمت داخەو فزەت لێوە نەیەت!

دوای نیو سەعاتێك، هەر بەستە پۆستین و چەکمەی نمەدی و چەرمی بوو، بە دەم تەپوتۆزەوە، لە دەرگای عەمارەکەوە، هەڵدەدرایە دەرێ و قوزاقەکان کە لە نێو بەفرەکەدا بە پاڵ یەکەوە کەڵەکە بوو بوون، لە ئاسمان دەیانقۆزتەوە، کیسە شەکرو قەند ئەم دەست و ئەو دەستی دەکردو تا ماوەیەك هەراو هەنگامەی شادی لە مەیدانی گوندا، لە جۆش و خرۆشا بوو.

لەم کەین و بەینەدا، کەتیبەی ٢٨ بە فەرماندەیی فەرماندە تازەکەی خۆی، ڕەیس عورەفا فومین گەییە ڤیشنسکایا چەند وەحدەیەکی (یەکە) فیرقەی سووری ئینزا (فیرقەی پازدە) بە فاسیلەی سی فرسەخێك لە دوای ئەوانەوە دەهاتن. گەشتیەکانیان (گەشتی سوورەکان) ئێستا لە دەورو بەری گوندی دوبروڤکا دەسوانەوە.

چوار ڕۆژێك لەوە پێش میجەر جەنەڕاڵ ئیڤانوڤی، فەرماندەی شەڕگەی باکور، هاوڕێ لە گەڵ سەرۆکی فەرماندەییەکەی خۆیدا، جەنەڕاڵ زامبرچیتسکیدا، بەپەلە بەرەو ناوچەی کارگنیسکایا، پاشەکشەیان کردبوو. ئوتومبیلەکەیان لە بەفرا دەخزی و دەر نە دەچوو، ژنەکەی زامبرچیتسکی لە حەژمەتاندا، هێندە لێوی خۆی گەستبوو کە هەموو دەمو لێوی بوو بوو بە خوێن و منداڵەکانی بە دیاریەوە دەگریان.

ڤیشنسکایا، تا چەند ڕۆژێك بێخاوەن بوو، هیچ حکومەت و دەسەڵاتێکی لۆکاڵی فەرمی تیا نەبوو. بە گوێرەی ئەو دەنگۆیانەی کە دەماو دەمیان دەکرد، وا باو وبڵاو بوو کە گوایە لە گارگینسکایادا، خەریکی کۆکردنەوەی هێزن، بە نیازی پەلاماردانی کەتیبەی ٢٨ی یاخی، بەڵام لە ٢٢/ك١ دا یاوەرەکەی ئیڤانوڤ لە کارگینسکایاوە بۆ ڤیشنسکایا هات و بە دەم پێکەنینەوە ئەو شتانەی کە فەرماندەی گشتی لە دوای خۆی بەجێی هێشتبوون، کە بریتی بوون لە: کاسکێتێکی هاوینە بە نیشانەیەکی تازەوە، شانەیەکی قژ داهێنان، بڕێك جلی ژێرەوەو هەندێ وردەو پردەی دی، هەر هەمووی هەڵگرت و دەگەڵ خۆیدا بردی.

یەکەکانی سوپای هەشتەمی سوور، لەو درزو کەلێنە سەد فرسەخیەوە کە بوو بووە شەڕگەی باکوور، دەهاتنە پێشێ و پێشڕەویان دەکرد. جەنەڕاڵ ساڤاتیڤ، بێئەوەی خۆی لە شەڕ بدات، بەرەو دۆن پاشەکشەی دەکرد. کەتیبەکانی ژێر فەرمانی جەنەڕاڵ (فیتر خلائوروف)ش بەرەو تالی و بوگوچاڕ لە حاڵی پاشەکشەدا بوون. بۆ ماوەی هەفتەیەك، هێوریەکی نائاسایی و سەیر باڵی بە سەر باکووردا کێشا. نە ڕمبەی تۆپ و مەترەلۆزان و، نە قرمەو مرقەی دەستڕێژی ڕەشاشان دەهات. قوزاقانی دۆنی ژێری کە لە بەرەی باکووردا شەڕیان دەکرد و ئێستا بە هۆی خیانەتی کەتیبەکانی دۆنی ژوورووەوە بە تەواوەتی ڕوخابوون و نەترەیان بەردا بوو، بە بێهیچ شەڕێك پاشەکشەیان دەکرد.سوورەکانیش ، بەپارێزەوەو بە خاوی پێشڕەوییان دەکردو پێشوەختە لە ڕێگای گەشتیەکانیانەوە ئەو گوندانەیان شناسایی دەکرد کە دەهاتنە ڕێگەیان.

دوای ئەو شکستە گەورەیە لە بەرەی باکووردا، ڕووداوێکی خۆش، بۆ حکوومەتی دۆن هاتە پێشێ: شاندی نوێنەرایەتی هاوپەیمانان کە بریتی بوو لە جەنەڕاڵ پۆلی سەرۆکی نوێنەرایەتی سوپایی بریتانیا لە قەفقازو سەرۆك ئەرکانەکەی خۆی سەرهەنگ کیس، لەلایەن بریتانیاو، جەنەڕاڵ فرانشی دی سپیرو ملازم فوکە لە لایەن فەرەنساوە، دەبوایە ڕۆژی ٢٦/ك١، بگەنە نوڤوچرکاسك.

کراسنوف، ئەفسەرانی نوێنەری هاوپەیمانانی دەگەڵ خۆیدا بردن بۆ تەمەشای شەڕگە. بە رەبەیانی ڕۆژیکی ساردی کانوونی یەکەم، گاردی شەرەف لە سەر شۆستەی سکەی قیتاری وێستگەی چیر ڕیزیان بەست بوو. جەنەڕاڵ مامونتوف، بە سمێڵی شۆڕو سەرو ڕووی

مەیخواردنەوە، بەپێچەوانەی عادەتی هەمیشەیی خۆیەوە، یونیفورمێکی شیکی لەبەر کرد بوو و ڕدێنی بە جۆرێ تاشی بوو، بریقەی دەدایەوە، لەکاتێکا کۆمەڵێك ئەفسەر دەوریان گرتبوو، بە سەر شۆستەکەدا دەهات و دەچوو و چاوەڕاونی هاتنی قیتار بوون. سازڤانانی ئورکستەری سوپایی لە شوێنی خۆیاندا ئەم پێ و ئەو پێیان دەکردو فویان دەکرد بەدەست و پەنجەی خۆیاندا کە لە سەرما شین بوو بوونەوە. گاردی شەرەف، بە بێجوڵە وەستابوون، نموونەیەکی ڕەنگینی هەموو قوزاقانی دۆنی ژێری بوون و لە هەموو تەمەنێکیان تیا بوو: پیرانی ڕدێن سپی و گەنجانی بێ موو لە گەڵ کۆنە سەربازانێکدا کە بەشداری شەڕی ئەڵمانیان کرد بوو. پاڵتۆی عەسکەری، قۆزاقانی پیر، لە خاچ و میدالێن زێڕین و زیویندا، کە لە لوڤچاو پلیڤانا وەریان گرتبوو، چریسکە چریسك دەدرەوشانەوە. ئەوانەی کە تۆزێك لە پیرەکان کەم تەمەنتر بوون، ئەو خاچانەیان لە بەرۆکی خۆ دابوو کە لە هێرشێن جەسورانەیاندا بۆ سەر گۆگ تەپە و ساندیپۆ یان لە شەڕگەی ئەڵمان لە نزیکی پرزەمیسل و وارشۆ و لڤۆڤ وەریان گرتبوو. بەڵام گەنجان ئەگەر چی هیچ میدالێ و نیشانێك بە بە رۆکیانەوە نە دەدرەوشایەوە، بەڵام ڕاست و قیت وەستابوون و هەوڵیاندەدا لە هەموو شتێکدا، چاو لە گەورەترەکان بکەن.

قیتارەکە، بەهاڕە هاڕ، بە ناو چڕە مژوتەمێکی شیر ئاسادا خۆی بە وێستگەکەدا کرد. پیش ئەوەی دەرگای فارگۆنەکان بکرێنەوە، ڕابەری ئۆرکسترەکە، بە توندی دەستەکانی بەرزکردنەوەو ئۆرکسترەکە بە نەوایەکی بەرز سروودی نیشتمانی بریتانیای لێدا. مامونتوف، لە کاتێکا دەستێکی بە شمشێرەکەیەوە گرتبوو، بە هەشتاو بەرەو فارگۆنەکە ڕۆیی. کراسنوف، وەکو خانە خوێیەکی دڵاواو میوانپەروەر، میوانەکانی بە بەردەم ڕیزی بێجوڵەی قوزاقەکاندا بەرەو وێستگەکە برد. لە کاتیکا، بەدەست ئەو پیرەمێردانەی نیشان دەدان کە بە چاوی زەقەوە، هەناسەیان لە بەرخۆ بڕی بوو، بزەیەکی ناسکی کردو بە زمانێکی فەرەنسی ڕەوان گوتی:

– میللەتی قوزاق تێکڕا هەستاون و ئامادەن لە هەنبەر شەقاوەکانی گاردی سوورا، بەرگری لە زێدو خاکی خۆ بکەن. دەتوانن لێرەدا، بە چاوی خۆتان نوێنەری سێ نەسلان بدیذن. ئەم پیاوانە لە بەلقان، لە ژاپۆن، لە نەمسا و مەجەڕ یان لە پرووسیادا شەڕیان کردووەو، ئەمڕۆکەش لە پێناوی ئازادی زێدو نیشتمانی خۆدا دەخەبتن.

بەڵێ، مامونتوف، بە گوێرەی ئەو ئەمرەی لە سەرانی خۆیەوە پێی درا بوو، توانی بووی باشترین گاردی شەرەف هەڵبژێرێت. نوێنەرانی هاوپەیمانان، سەردانی شەڕگەیان کردو بە ڕەزامەندی تەواوەوە بۆ نوڤوچرکاسك گەڕانەوە. جەنەڕاڵ پول، پێش ئەوەی بڕوات بە کراسنوف گوت:

– من زۆر لە ڕواڵەت و دیمەنی جوان و زەبت و ڕەبت و ورەی جەنگی سەربازەکانتان ڕازیم. دەستور دەدەم کە بە زووترین کات، هەوەڵێن دەستەی سەربازانی ئێمەتان لە سالونیکەوە بۆ بێت. جا جەنەراڵ، تکا دەکەم ئەمر بفەرموون کە سێ هەزار پۆستین و سێ هەزار چەکمەی گەرم ئامادە بکەن. ئومێدەوارم کە بتوانی بە کۆمەك و یارمەتی ئێمە، بەلشەویکەکان بە تەواوەتی ڕیشەکێش بکەیت و پاکیان بکەیتەوە.

دوریــنی پۆســتینی كــورت و چــه‌كمه‌ی نمــه‌دی (لبــادی) به‌په‌لــه‌ ده‌ســتی پێكــرد. بــه‌ڵام هــاتنی سه‌ربازانی هاوپــه‌یمانان بۆ نوڤۆچركاسك هــه‌ر قسه‌ بــوو. پــول، ڕۆیــی بۆ له‌نده‌ن و لــه‌جێی ئــه‌و جه‌نه‌راڵ بریگز هات، كه‌ پیاوێكی خوێنسارد و بێموبالات و فرناخ و قۆره‌ده‌ماغ بوو، ئه‌م پیاوه‌ به‌ ڕێنمایی تازه‌وه‌ هاتبوو و به‌ شێوازی ڕاسته‌وخۆ و وشكی جه‌نه‌راڵانه‌وه‌ ڕایگه‌یاند:
– ده‌وڵــه‌تی خــاوه‌ن شكۆ، كۆمــه‌كی مــادی زۆر پێشــكه‌ش بــه‌ سوپای خۆبه‌خشــی (داوخــواز) دۆن ده‌كات، به‌ڵام ئاماده‌ نیه‌ تاقه‌ یه‌ك سه‌ربازیش بنێرێت.
ئیدی ئه‌م ڕوونكردنه‌وه‌یه‌، هیچ شرۆڤه‌یه‌كی دیكه‌ی هه‌ڵنه‌ده‌گرت.

(١٢)

ئــه‌و درز و دژمنایه‌تیــه‌ی كــه‌ لــه‌ هــه‌وه‌ڵی جــه‌نگی ئیمپریالیســتیه‌وه‌، بــه‌ شــێوه‌یه‌كی نادیــار كه‌وتبووه‌ نێوان ئه‌فسه‌ران و قۆزاقانی ساده‌وه‌، له‌ پایزی ساڵی ١٩١٧دا، به‌ شێوه‌یه‌كی بێوێنه‌ په‌ره‌ی سه‌ند. له‌ ئاخر و ئۆخری ساڵی ١٩١٧دا، كاتێ كه‌ یه‌كه‌ قوزاقیه‌كان به‌ خاوی به‌ره‌و خاكی دۆن ده‌گه‌ڕانه‌وه‌، مه‌سه‌له‌ی ڕه‌شكوژی ئه‌فسه‌ران یه‌جگار كه‌م بوو، به‌ ده‌گمه‌ن شتی واهی ڕووی ده‌دا. بــه‌ڵام دوای ســاڵێك ئــه‌و جــۆره‌ دیاردانــه‌ بــوو بــه‌ شــتێكی بــاو و ئاســایی. قوزاقــه‌كان، ئه‌فسه‌ره‌كانی خۆیــان ناچار ده‌كرد وه‌كو فه‌رمانــده‌ی سووره‌كان، لــه‌ كــاتی هێرش و پــه‌لاماردا، بكه‌ونــه‌ پێشــه‌وه‌. ئه‌وســا، بێهــیچ ســه‌ر و ســه‌دایه‌ك، بــه‌ كــه‌ماڵی ئیســراحه‌ت، لــه‌ دواوه‌ ته‌قــه‌یان لێده‌كردن و ده‌یانكوشتن. به‌ڵام هێشتاش چه‌ند یه‌كه‌یه‌كی وه‌كو كه‌تیبــه‌ی سان جۆرجی سه‌ر به‌ گوندورفســكایا، یــه‌كێتی و یه‌كپارچــه‌یی خۆیــان پاراســتبوو و نــه‌ترەیان بــه‌ر نــه‌دابوو، بــه‌ڵام نموونه‌ی ئه‌و یه‌كانه‌ له‌ سوپای دۆندا، زۆر نه‌بوو.
پیوتــه‌ر میلیخــوف، ماوه‌یــه‌ك بــوو بــه‌ هــه‌موو ده‌به‌نگیــه‌كی خۆیــه‌وه‌، پــه‌ی بــه‌وه‌ بردبــوو، كــه‌ سه‌خته‌گیری ده‌گه‌ڵ قوزاقاندا، خه‌ته‌ره‌ و گیانی ده‌خاته‌ مه‌ترسییه‌وه‌ و له‌گینه‌ بیكوژن، بۆیــه‌ لــه‌ هــه‌وه‌ڵین ڕۆژانــی په‌شــێوی پاشاگه‌ردانی و یــاخی بوونه‌كانــه‌وه‌، هه‌وڵیــدابوو، ئــه‌و له‌مپه‌رانــه‌ی كــه‌ ئه‌فسه‌ران و سه‌ربازانی ساده‌یان لێكدی جیاده‌كرده‌وه‌، له‌ نێوان خۆی و سه‌ربازه‌كاندا نه‌هێڵێ. ئه‌ویش له‌ هه‌ندێ بۆنه‌دا، گوێ به‌ گوێی سه‌ربازه‌كان، باسی بێهوده‌یی شه‌ڕی ده‌كرد. هه‌رچه‌نده‌ لــه‌م كــاره‌دا ڕاستگۆ نــه‌بوو و زۆری لــه‌ خــۆی ده‌كرد، بــه‌ڵام هێنــده‌ وه‌ســتایانه‌ ئــه‌و كــاره‌ی ده‌كــرد كــه‌س پێــی نه‌ده‌حه‌سیا. ده‌مامكی هــه‌واداریی به‌لشــه‌ویكه‌كانی لــه‌ ســه‌ركردبوو و هــه‌ر كــه‌ هه‌ســتی كردبــوو، ســه‌ربازانی كه‌تیبه‌كــه‌، داشــداری لــه‌ یــاكوف فــومین ده‌كــه‌ن و ئه‌گــه‌ری ئــه‌وه‌ هه‌یــه‌، فه‌رمانــده‌یی كه‌تیبه‌كــه‌ بــه‌و بســپێردرێت، خــۆی لێــده‌برده‌ پێشــێ و كلكــه‌ ســووتێی بــۆ ده‌كــرد. پیۆته‌ریش وه‌كو قوزاقه‌كانی دیكه‌ له‌ تاڵانكردن و ڕاوڕووت و، یان له‌ جنێودان به‌دام و ده‌زگای فه‌رمانده‌یی و ئه‌فسه‌ره‌كان نه‌ده‌پرینگایه‌وه‌. هه‌رچه‌نده‌ له‌ كانگای دڵه‌وه‌ ڕقی له‌ دیله‌كان بوو و حه‌زی به‌ لێدان و كوشتنیان بوو، به‌ڵام گوێ به‌ گوێی قوزاقه‌كانی دی باسی زه‌روره‌تی ڕێزگرتن و پاراستنی گیانیانی ده‌كرد. سه‌باره‌ت به‌ خزمه‌ت و پابه‌ندی سه‌ربازی، ده‌گه‌ڵ ژێر ده‌سته‌كانیا

زۆر بە مدارا و نەرم و نیان بوو. لە چاو ئەفسەرانی دیدا وەکو مێو و ڕۆن بوو! بەمجۆرە پیوتەر توانی متمانەی سەربازەکانی خۆی بەدەست بێنێ و حەقیقەتی خۆی لێیان بشارێتەوە.

ئەو ڕۆژە کە فیلیپوف، لە نزیکی گوندی سولونکادا، ئەفسەرەکانی دەگەڵ خۆیدا برد، پیوتەر دەگەڵ قوزاقەکاندا مایەوە. بووبوو بە ماستی مەییوو، هێدی و هێمن، خۆی دەرنەدەخست، لە ڕەفتاریا میانڕە بوو، بەو جۆرە لە گەڵ کەتیبەکەیا گەییە ڤیشنسکایا. دوای ئەوەی دوو ڕۆژ لەوێندەر مایەوە، تاقەتی چوو، بێئەوەی پرس بە سەرکردایەتی کەتیبەکە یان فومین بکات، بەرەو ماڵی خۆیان ڕۆیی. ئەو ڕۆژە، دانی بەیانی، لە ڤیشنسکایا، لە مەیدانی مەشقدا و لە بەرانبەر کلێسا کۆنەکەی شارا، کۆبوونەوەیەکی جەماوەری کرا. کەتیبەکە چاوەڕوانی هاتنی نوێنەرانی فیرقەی پازدەی ئینزا بوو. قوزاقەکان، پۆل پۆل، بە پاڵتۆی عەسکەری یان قەمسەڵەی پۆستینەوە، یان قەمسەڵەی ئاسایی و بلوزی بەردارەوە، لە مەیدانەکەدا پیاسەیان دەکرد. کەس باوەڕی نەدەکرد، ئەم ئاپۆڕا هەمە جۆرە، ڕۆژێك لە ڕۆژان بریتی بووبێ لە کەتیبەی بیست و هەشت( ٢٨).

پیوتەر، لەم گروپەوە دەچوو بۆ لای ئەو گروپ و کە بەو جۆرەی دەبینین، تووشی نائومێدی دەبوو. لە مەیدانی شەڕا، جیاوازی جل و بەرگ و پۆشاکەکانیان، وەکو ئێستا زەق و بەرچاو نەبوو، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێ کە لەوێ، واتە لە شەڕگەدا، بەم ئاوایە هەموو کەتیبەکەی لە یەك جێگادا بە خڕی نەدەبینی. پیوتەر لە داخا سمێڵە زەردەکەی خۆی کە تەواو درێژ بووبووەوە دەجوو و بە نائومێدی دەیڕوانیە سەر و کڵاوە جیاوازەکانیان کە هەموو جۆرە کڵاوێکی تیابوو، لە کڵاوی ئاساییەوە بیگرە تا دەگاتە کڵاوی فەروو، شاشك و باشلوخ و کاسکێت. پاشان کە چاوی داگرت، هەمان جیاوازی سەیری لە پێڵاوەکانیشیاندا بەدی کرد: بریتی بوون لە پۆستاڵی نمەدی یان چەرمی پاژنە سواو، لە زەنگاڵ و پوزەوانە و نیو پۆستاڵ کە لە یەخسیرانی سووریان سەندبوو.

پیوتەر، تووڕە و نائومێد، لە بن لێوانەوە بە خۆی دەگوت: "گەجەر و گوجەرینە! دێهاتیانی نەگریس! ناکەس و ناڕەسەنینە!" فەرمانەکانی فومین، بە دیوار و پەرژینەکانەوە هەڵواسرابوون. کەس بە جادە و بانەکانی ڤیشنسکایاوە نەبوو، هەموو خەڵکی شار بەدەم چاوەڕوانیەوە خزابوونە سووچی ماڵەوە. سینەی بەفرپۆشی دۆن، لە سیلەی کۆڵانە لاوەکیەکانەوە دیاربوو، جەنگەڵ و بێشەکەی ئەوبەری دۆن، لە دوورەوە ڕەش دەچووەوە، لە تۆ وایە بە مەرەکەبی چینی نەخشێنراوە. ئەو ژنانەی کە لە دێهاتەکانەوە بۆ دیدەنی مێردەکانیان هاتبوون، وەکو مێگەلە مەڕ، لە پەنا کەڵەکە بەردەکەی بەر کلێسا کۆنەکەدا سەریان کردبوو بە یەکدا.

پیوتەر، قەمسەڵەیەکی لە بەربوو، بەرەکەی کەوڵە ڕێوی بوو، خاچێکی زۆر گەورە بەسەر سینگییەوە بوو. شەپقەیەکی ئەفسەری هەشتەرخانی لە سەربوو، شەپقەیەك تا دوێنێ شانازی پێوە دەکرد و خۆی پێوە دەنواند و ئێستا لێی بووبوو بە تەقی نەعلەت و نەفرەتی لێدەکرد. چونکە هەستی دەکرد لە سۆنگەی ئەو شەپقەیەوە، خێسەی لێدەکەن. لەپڕ چاوی بە سەربازێکی کورتەباڵای تۆکمەی سوپای سوور کەوت. چووبووە سەر بەرمیلێکی بە تاڵ لە ناوەڕاستی

مەیدانەکەدا، پاڵتۆیەکی عەسکەری نایابی لەبەر و کڵاوێکی چەرمی تازەی هەشتەرخانی لە سەربوو. سەربازەکە دەستکێشێکی خووری لە دەست بوو، ملپێچە، خاکیە ڕیشوەدارەکەی لە ملیا ڕێکخست. ئەوجا ڕوانیە دەوروبەری خۆی. دەنگە نەرم و کەرخەکەی (دەنگ نووسان)، ختووکەی گوێی پیوتەری دا: "هاوڕێیانی قوزاق!"

پیوتەر، ڕووی وەرگێڕا و سەیری کرد قۆزاقەکان بە وشەی "هاوڕێیان!" کە گوێیان پێی ڕانەهاتبوو، قەڵسن و بە سەرسامی دەڕواننە یەکدی و پەشێو و پەرێشان چاو لێکدی دادەگرن. سەربازە سوورەکە، ماوەیەکی زۆر دەربارەی حکومەتی سۆڤیەتی و سوپای سوور و پەیوەندی بە قۆزاقانەوە، قسەی کرد. ئەوەی لەم بەینەدا زۆر سەرنجی پیوتەری ڕاکێشابوو، ئەو هات وهاوارانە بوو کە بەردەوام قسەکانی بە کابرای سەربازی سوور دەبڕی:

– هاوڕێ، ئاخر ئەم کۆمۆنیزمە چیە، چی دەگەیەنێ؟

– خۆ بە تۆبزی نامانخەنە حیزبەوە؟

– حیزبی کۆمۆنیست چیە؟

کابرای سوور، هەردوو دەستی دەخستنە سەر سینگی و بە هەر چوار نکالا دەیڕوانی و بە کاوەخۆ دەکەوتە شەرح و شرۆڤە:

– هاوڕێیان! ئەندامیەتی حیزبی کۆمۆنیست، ئارەزوومەندانەیە و ئەوانەی دێنە ڕیزی حیزبەوە، زیاتر ئەوانەن کە گەرەکیانە لە خەباتی ڕزگاریی کرێکاران و جووتیاران، لە نیری سەرمایەداران و فیوداڵان، بەشداری بکەن.

دوای تۆزێك لە سووچێکی دیکەی مەیدانەکەوە کەسێکی دی هەڵیدایە:

– ئەگەر کەمێکمان لە بارەی کۆمۆنیستان و ڕیبەرایەتی کۆمۆنیزمەوە بۆ باس بکەیت...

کابرا هێشتا بە تەواوەتی لە وەڵامی ئەوەی پێشوو نەدەبووەوە، یەکێکی دی لە سووچێکەوە هەڵیدەدایە:

– ئێمە لە قسەکانت ناگەین. زیاتر ڕوونی بکەوە، ئێمە خەڵکانێکی نەخوێندەوار و سادەین، بە سادەیی قسە بکە.

کە سەربازە سوورەکە لە قسان بووەوە، ئەوسا فومین وتارێکی دوور و درێژ و تاقەتبەری دا، ئیدی لە خوت و خۆڕایی وشە و زاراوەێن قەبە و قەڵە و گۆنگ و نامەفهوومی بەگەڵ قسەکانی دەخست. گەنجێك، بە کاسکێتێکی خوێندکاری و پاڵتۆیەکی شینی بەدەن چەسپەوە، وەکو مارماسی بە دەوریا دەسوڕایەوە. پیوتەر بەدەم گوێگرتنەوە لە قسە هەلەق و مەلەق و بێ سەروبەرەکانی فومین، ئەو ڕۆژەی شوباتی ساڵی ١٩١٧ی وەبیرهاتەوە کە بۆ یەکەمجار ئەوی لە وێستگەکەی سەر ڕێگای پترۆگراد بینی بوو. یانی لەو شوێنەدا کە داریا بۆ دیتنی ئەو هاتبوو. چاوە بڵاوەکانی ئەو زەلامەی کە لە کەتیبەی گاردی ئەتامانسکی هەڵاتبوو، نیگای گرژ و مۆن و فرمێسکاوی، پاڵتۆ سەربازیەکەی کە ژمارە "٥٢" بە سەر کەتافیەی کاڵەوە بووی جلکی نایب زابتیەکەیەوە بوو، ڕەفتاری ورچ ئاسای و... هەموو ئەو شتانەی بەجارێ وەبیرهاتنەوە. پیوتەر تەنانەت وشەکانیشی هاتنەوە بیر: "براگیان، بەسە، لە تەحەمولما نەما" پیوتەر بە چاوانی پڕ

کەسەرەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "بابایەکی فیراری گەوجی لە بابەتی خریستونیایە! ئێستا ئەو فەرماندەی کەتیبەیەکە و من هیچ نیم."

دوای فومین، قوزاقێکی دیکە کە دوو شریت فیشەکی ڕەشاشی ڕاست و چەپ لە خۆدا بوو، سەرکەوت، بەدەم دەست تەکاندانەوە، بە دەنگی کەرخ گوتی:

– برا نیە، گوێ بگرن! من یەك لە باری خۆم یەکێك بووم لە مەفرەزەکەی بودتیلکوف، ئێستاش خوا یاربێ لە گەڵ برایانی خۆمدا دەچینە شەڕی کادێتەکان.

پیوتەر وەرچەخاو بە هەشتا و خۆی گەیاندە نشینگەکەی خۆی. لەو کاتەدا کە ئەسپەکەی خۆی زین دەکرد، گوێی لە تەقەی تفەنگی قوزاقان بوو کە شاری ڤیشنسکایان بەجێدەهێشت و بە گوێرەی داب و نەریتی پێشینان، بەو جۆرە گەڕانەوەی خۆیان بۆ گوند ڕادەگەیاند.

"١٣"

ڕۆژانی کورتی زستان، مەنگ و ترسناك، وەکو ڕۆژانی درەو دوورودرێژ دەهاتە بەرچاو. گوندەکان، وەکو پانایی پێدەشتەکە چۆڵ بوو. سەرانسەری خاکی دۆن، لە تۆ وایە مردووە و، ناوچە و دەڤەرەکان تاعوون لێی داون. لە تۆ وایە پەڵە هەورێکی گەورە بە ئاسمانی دەڤەری دۆندا دەسوڕێتەوە، بە بێدەنگیەکی سامناك باڵی بە سەر خاکی دۆندا دەکێشا، لە تۆ وایە هەر ئێستا دادەکاتە باران و سپیدارەکان بەدەم ڕێژنەی بارانەوە دادەنەونەوە و هەورە تریشقە و چەخماخە تاوێرە قسڵێن و گەچۆڕەکان دادەروخێنێ و بە گرم و هۆڕی شومی تۆفانزاوە، دەپەڕێتەوە بۆ ئەو بەری دۆن و دار و درەختان تێك و پێك دەشکێنێ...

لە بەیانیەوە، تەمو مژ تاتارسکی و پێدەشتەکەی داگرتبوو. گردۆلکەکان، مت و مات، دەتگوت خۆیان بۆ توف و سەرما و سۆڵە ئامادە کردووە. نزیکی نیوەڕۆ هەتاو، لە پشت پەردەی تەمەکەوە دەرکەوت، کەچی دنیای ڕوناك نەکردەوە. تەم و مژ وێڵ و سەرگەردان بەسەر ترۆپکی گردەکانی ئەم بەر و ئەوبەری دۆندا دەسوڕایەوە و بۆ ناو کەند و ئاودرکەکان دادەگەڕا و وەکو غوبارێکی نمسار بە قەدپاڵە گەچۆڕ و کرێشە (کرێژە بەرد) گرتووەکاندا دەگیرسایەوە.

شەوێ، مەتاڵی سووری مانگ لە پشت تیر و ڕمی بێشە ڕووتەکەوە دەردەکەوت و تیشکێکی بە تەمتومانی، کە لە گڕی شەڕ و ئاگربارانداا، ڕەنگی خوێنی گرتبوو، بە سەر گوندە خامۆش و بێدەنگەکاندا بڵاو دەکردەوە. ئەم ڕوناکی و تریفە ئەزەلیە، ترس و سامێکی گۆنگی دەخستە دڵی پیاوانەوە و چوارپێیانی نیگەران و شپرزە دەکرد. ئەسپ و گاجووتان، تاکو بەرەبەیان، بێ ئۆقرە، بە ناو حەوشاندا دەخولانەوە. سەگ و کسۆکان، خەمین و خەواڵو دەیانلوراند و کەڵەبابان، زۆر پێش نیوەشەو دەستیان بە خوێندن دەکرد. دەمەو بەیان، لق و پۆپی ڕووت و نمساری درەختان، توێژاڵێك زوقمی دەگرت و کە بایەکە پێکیا دەدان وەکو ڕکێف و ئاوزەنگی پۆڵاینی ئەسپان، ڕینگ و هۆڕیان پێدەکەوت. لە تۆ وایە سوارێکی نادیار، لە بەستێنی چەپی دۆنەوە، لە نێو جەنگەڵ و بێشە تاریکەکەوە، بە نێو چڕە تەمێکا، بە ڕینگ و هۆڕی چەك و ڕکێفەوە، دێت.

زۆربەی هەرە زۆری قوزاقانی تاتارسکی، ئەوانەی کە لە بەرەی باکووردا بەشداری شەڕیان کردبوو، بەدەم پاشەکشەی خاوی کەتیبەکانیانەوە بەرەو دۆن، بەبێ پرس گەڕابوونەوە بۆ ماڵی خۆیان. ئەوانەشی کە دوا کەوتبوون، ڕۆژ نەبوو یەکێ دوانیان لێنەگەڕێتەوە بۆ گوندی. یەکێك زینی لە ئەسپەکەی دەگرتەوە و چەك و تفاقی شەڕەکەی لە بن خەرمانەکاندا، یان لە بنمیچی عەمارێکا پەنهان دەکرد و چاوەڕوانی هاتنی سوورەکانی دەکرد، یەکێك دەروازەی بەفرگرتووی ماڵەکەی تەنیا بایی ئەوە دەکردەوە کە ئەسپەکەی پێدا بباتە حەشەوە و نانێکی وشك بخوات و شەوێك دەگەڵ ژنەکەی خۆیدا ڕۆژ بکاتەوە. بۆ سبەینێ توێشووی دەبەست و دەکەوتەوە ڕێ و لە سەر گردەکانەوە جارێکی دی دەیڕوانیە پانتایی سپی و ئارامی دۆن، دەیڕوانیە ئەو شوێنانەی کە ڕۆژگاری منداڵی خۆی تیا بەسەر بردبوون و بە جۆرێك تەماشای دەکرد، وەکو ئەوەی بۆ یەکجاری بەجێی بێڵێ.

کێ هەیە کە شوێن و کاتی مەرگی خۆی بزانێ؟ کێ هەیە کۆتایی ڕێگای خۆی بزانێ؟ ئەسپەکان بە نەبەدڵی گوندەکەیان بەجێدەهێشت! قوزاقان بەدڵی خەمینەوە کەس و کار و ژن و منداڵە ئازیزەکانیان بەجێدەهێشت!

بەدەم ڕێگای بەفرگرتووەوە، زۆریان، بە خەیاڵ دەگەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان و یادگاری و بیرەوەریەکانیان لە هزر و خەیاڵی خۆدا وەرد دەدایەوە! جاری وا هەبوو فرمێسکی سوێر وەکو خوێن لە چاویان دەوەری و بەسەر زینەکەدا دادەچۆڕا و بەرەو ئاوزەنگیەکە دەهات و لەوێندەرەوە بۆ سەر جادەکە کە یەکپارچە جێ سمی ئەسپان بوو، دەڕژا. بەڵام ئایا بەشی ئەوەی دەکرد، گوڵێکی زەردی جودایی، لە کاتی بەهارا لەو شوێنەدا بڕوێنێ؟

***

هەمان شەوی گەڕانەوەی پیوتەر لە ڤیشنسکایا، لە ماڵی میلخوف کۆبوونەیەك کرا، هەر کە پیوتەر لە ئاستانەی دەرگاکەوە وەژوورکەوت، پانتلی پروکوفیچ پرسی:

– ها، چی بووە؟ لە شەڕ بێزار بووی؟ بە بێ کەتافیە و نەجمەی ئەفسەری هاتوویەوە؟ دەی بڕۆ تەوقە لەگەڵ براکەتا بکە، دڵی دایکت خۆشبکە. ژنەکەت خەریك بوو سوێی بۆت دەبووەوە... سڵاو پیوتەر، سڵاو گریگوری! گریگوری پانتلوفیچ! بۆچی وەکو مشکە کوێرە لەسەر موغەیریەکە ڕاکشاویت؟ وەرە خوارەوە.

گریگۆری لاقە ڕووتەکانی بە قەراخ موغەیریەکەدا شۆڕکردنەوە. بەدەم هەڵکڕاندنی سینگە تووکنەکەیەوە کە ڕەش دەچووەوە، دەیڕوانیە پیوتەر کە دانەوی بوەوە و نیتاق و حەمایلی شمشێرەکەی دەکردەوە و خەریك بوو بە قامکە تەزیوەکانی گرێی باشلوخەکەی دەکردەوە. داریا، خەندان و بێدەنگ، چاوی بڕی بوونە دوڕ چاوی مێردەکەی و بە کاوەخۆی دوگمەکانی پۆستینەکەی بۆ دەکردنەوە و، بە پارێزەوە، خۆی لەو نارنجۆکە دوور دەگرت، کە لەلای ڕاستەوە کردبووی بەقەد خۆیا و لە پاڵ دەمانچەکەیەوە وەك پەڵەیەکی خاکی دەچوو.

دونیا، بە ڕاکردن خۆی گەیاندێ و بەدەم ماچکردنەوە، بە گۆناکانی خۆی سمێڵە چایبوەکانی کاکی سرِی و بە هەشتاو چوو بۆ ناو حەوشە تا بە ئەسپەکەی ڕابگات. لە هەمان کاتدا ئیلی نیچنا، خەریك بوو بە بەرانپێلەکەی دەم و لێوی خۆی دەسرِین و خۆی بۆ ڕامووسینی کورِە نۆبەرەکەی ئامادە دەکرد. ناتالیا، خەریك بوو سۆپاکەی ئامادە دەکرد و منداڵەکانی دەستیان بە داوێنیەوە گرتبوو. هەموو چاوەڕوانی ئەوەبوون کە پیوتەر قسەیەك بکات، بەڵام ئەو هەرکە لە بەردەرگاوە بە پەلە سڵاوی کردبوو بە دەنگی نووساو گوتبووی: "سڵاو، هەموو لایەك باشن!" ئیدی بە بێدەنگی کەوتبووە خۆگۆڕین و دوای ئەوەش ماوەیەکی زۆر بە گسکێکی پووشە هەرزن، کەوتبووە تەکاندن و پاککردنەوەی چەکمەکانی. ئەنجام قەدی ڕاست کردەوە، لێوەکانی، لە ناکاوا بە شێوەیەکی خەمناك کەوتنە تەتەڵە، بە حەواس پەرتی پشتی دا بە تەختە خەوەکەوە، هەموویان بە سەرسامی، دیتیان ڕوندك، بە سەر گۆناکانیا، کە لە سەرما ڕەش هەڵگەڕا بوون، هاتە خوارێ. میلیخوڤ پیر، کە نیگەرانی خۆی و شپرزەیی دەروونی خۆی لە ژێر پەردەی شۆخی و سوعبەتا دەشاردەوە گوتی:

– سەرباز، ئەمە چیە، چ خێرتە؟

پیوتەر، لێوەکانی نانە سەر یەك، بڕۆ کاڵەکانی وێکهێنانەوە و چاوەکانی شاردنەوە و دەستەسرێکی چڵکنی توتناوی گرت بە کەوپوویەوە و گوتی:

– باوکە، تەواو، تیاچووین!

گریگۆری، بە نووکە شەقێك، پشیلەکەی، کە خۆی لەو هەڵدەسوو، دوورخستەوە و بە کۆکە کۆك لەسەر موغەیریەکە هاتە خوارەوە. دایکیان بەدەم گریانەوە، کەوتە ڕامووسانی سەرەڕشکن و ئەسپێونەکەی پیوتەر، بەڵام زوو لێی دوورکەوتەوە و گوتی:

– گیانەکەم! کورِە بێنەواکەم، تۆزێ ماستت بۆ بێنم؟ وەرە دانیشە، شۆرباکەت سارد دەبێتەوە. بێگومان برسیتە.

پیوتەر پاش ئەوەی لە کەنار مێزەکە دانیشت و برازاکانی نانە سەر ئەژنۆکانی، کەمێك بوژایەوە و ڕووی کرایەوە. پاش ئەوەی کەمێك وەخۆ هاتەوە، بۆی گێڕانەوە کە چۆن کەتیبەی بیست و هەشت، شەڕگەی چۆڵ کردووە و چۆن ئەفسەرەکان هەڵاتوون. باسی فومین و میتینگەکە و کۆبوونەوە گەورەکە و ڤیشنسکایای بۆ کردن. گریگۆری کە دەستە دەماراویەکانی نابووە سەر سەری کیژۆڵەکەی پرسی:

– ئەی تۆ بە تەمای چیت؟

– من بڕیاری خۆم داوە. سبەینێ لێرە دەبم و شەوەکەی دەڕۆم.

ئەوسا ئاوڕێکی لە دایکی دایەوە و گوتی:

– دایکە، خواردنم بۆ ئامادە بکەن.

پانتلی پروکۆفیچ، کە سەرە قامکێك توتنی لە کیسەکەی دەرهێنابوو، گوتی:

– یانی، دەبێ هەڵێی؟

لە کاتێکا، توتنەکە بە بەینی قامکەکانیا دەڕژا، وەستابوو و چاوەڕوانی وەڵامی دەکرد.

پیوتەر هەستا، لە هەنبەر ئیکۆنە کۆن و کاڵەوە بووەکاندا وەستا و نیشانەی خاچی کێشا و نیگایەکی توند و گرژی بابی کرد و گوتی:

– خوا ئاگادارتان بێ، نانێکی باشم خوارد! گوتت دەبێ هەڵێی؟! ئەدی چارم چیە؟ بۆچی لێرە بمێنمەوە؟ چاوەڕوان بکەم کە سووورەکان بێن و سەرم ببڕن؟ ڕەنگە تۆ بتوانی بمێنیتەوە، بەڵام من... نا... من دەبێ بڕۆم... من بابایەکم ئەفسەر، ئەوانە بە خوێنی ئەفسەران تینوون، ڕەحم بە ئەفسەراندا ناکەن.

– ئەدی ماڵەکەت؟ دەبێ بەجێی بێڵی؟

پیوتەر، وەڵامی پرسیارەکەی بابی نەدایەوە، بە نائومێدیەوە شانەکانی هەڵتەکاندن و هیچی نەگوت. لەم بەینەدا داریا بە پەڵمە گریانەوە هەڵیدایە:

– یانی تۆ دەڕۆیت و ئێمە لێرە بەجێدێڵی؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە! ئێمە ببین بە پاسەوانی ماڵەکەت؟... ئەدی ئەگەر هەموومان بکوژن؟ کوڕە ماڵی چی، خوای دەکرد ئاگری دەگرت و بڵێسەی دەگەییە حەوت ئاسمان، هەر سەر سەلامەت بێ! نا، من یەك دەقیقە لێرە نامێنم.

تەنانەت دالیاش، خۆی لە گفتوگۆیەکە هەڵقورتاند. قسەکەی بە داریا بڕی و بە دەنگی بەرز هەڵیدایە:

– خۆ ئەگەر هەموو دێ بڕۆن، ئێمەش دەڕۆین. بە پێیان دەڕۆین.

پانتلی پروکوفیچ، دەهری بووبوو، چاوی دەرپۆقی بوون و بێ ئیختیار چاوی بۆ دارعەساکەی دەگێڕا و نەڕاندنی:

– دەڵە قۆڕینە! ماکەرینە! قەحپە دایکینە دەمتان تێك نەن! ئەمە کاری پیاوانە، ئێوە چین تا خۆ لە کاری پیاوان هەڵقورتێنن! دەی باشە گریمان هەموو شتێکمان بەجێهێشت و ملی خۆمان شکاند و ڕۆیشتین، ئەدی چ لە وڵساتەکەمان (ئاژەڵ، ماڵات، دەوڵەت) بکەین؟ بیانخەینە گیرفانمانەوە؟ ئەدی خانووەکەمان؟

ئیلی نینچا، بە گەرمی پشتیوانی لە مێردەکەی کرد و گوتی:

– کچەکانم، ئێوە بە ڕاستی شێتن. ئەم ماڵە ئێوە پێکتانەوە نە ناوە، ڕەنجتان پێوە نەکێشاوە بۆیە لاتان ئاساییە بەجێی بێڵن. بەڵام ئێمە، من و پیرەمێرد، شەو و ڕۆژ کارمان تیا کردووە، پشتمان پێوەی یەشاوە، دەتانەوێ بەو ئاسانیە دەستبەرداری بین و بەجێی بێڵین! نەخێر، شتی وا نیە، بەجێی نایەڵین!

پیرەژن، لێوەکانی هەڵقورتاندن، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی:

– ئێوە بڕۆن، من لێرە ناجوڵێم. خوای دەکرد لەبەر دەرگاکە دەیانکوشتم. ئەمەم پێ باشترە لەوەی دوور لە خانە و کاشانەی خۆم، لە بن دیوار و ژێر پەرژینی خەڵکیدا بمرم.

پانتلی پروکوفیچ، بەدەم ئاخ هەڵکێشانەوە، فتیلەی چراکەی چاك کرد. بێدەنگیەکی کورتخایەن باڵی بە سەر هەموویاندا کێشا. دونیا، کە خجڵی (خەریك، مژوول، سەرگەرم) گۆرەوی چنین بوو، سەری هەڵبڕی و لە بن لێوانەوە گوتی:

– دەتوانین، ئاژەڵەکان لە گەڵ خۆدا بەرین... هەق نیە لەبەر ئاژەڵەکان بمێنینەوە.

پیرەمێرد دیسان دەهری بوو. وەکو ئەسپێکی چەمووش، کەوتە سمکۆڵان و بە جۆرێ پێی لەو کارژۆلەیە کە لە بەر موغەیریەکەدا خەوتبوو، هەڵنووتا، لە زگ بوو بکەوێت. ئەوسا لە بەرانبەر دونیادا وەستا و نەڕاندی:

– ئاژەڵەکان بەرین ها! ئەدی ئەو مانگا پیرەی کە لەسەر گوان و زاینە، چی لێبکەین؟ وەرە ڕەنج بۆ ئەم هەرچی و پەرچیانە بدە، ماڵ و سامان بۆ ئەم خوێڕیانە پێکەوە بنەو ئەوجا بەم قسە قۆڕانە چاکەت بدەنەوە!... دەی پەز و بەرخەکان چی لێبکەین؟ دایك سەگ! دەمت داخە و هیچ مەڵێ!

گریگۆری، نیگایەکی ژێر بە ژێری پیوتەری کرد، وەکو جاران بزەیەکی تەنز ئامێزو لە هەمان کاتا ڕێز ئامێزی لە چاوە قاوەییەکانی براکەیدا خوێندەوە. هەمان جوڵەی جارانی بە سمێڵە زەردەکەیەوە بینی. پیوتەر کە بەدەم پێکەنینێکی پەنهانەوە دەلەرزی، خێرا چاوێکی لێداگرت. گریگۆریش کە پێکەنین گرتبووی و چەند ساڵێك بوو، خەریك بوو پێکەنینی لە بیر دەچووەوە، بە کەماڵی ئیسراحەت و بە دەنگی بەرز دەستی بە پێکەنین کرد.

پیرەمێرد، نیگایەکی تاڵی گریگۆری کرد و ئەوسا ڕووی کردە پەنجەرەکە، کە زوقم قەراخەکانی داپۆشی بوو و، گوتی:

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە... ئۆخەی ئۆخەی، وەلا تەگبیرمان کرد و هەستاینە سەر پێ. هەر لەمەمان کەم بوو.

سەرەنجام، لە نیوەشەوا، بڕیارێکی هاوبەشیان دا: قەراریان دا، پیاوەکان بڕۆن و ژنەکان بەدیار ماڵەکەوە بمێنن.

***

ئیلی نیچنا، زۆر پێش سپێدە کوورەکەی داگیرساند، نانی برژاند و دوو کیسە کولێرەی ئامادەکرد. پیرەمێرد لەبەر ڕوناکی چرایەکە تێشتی خوارد. هەرکە بەیانی دا، چووە دەرێ تا سەرێکی وڵاخەکان بدات و خزاگەکە بۆ سەفەر ئامادە بکات. ماوەیەکی زۆر لە عەماری دانەوێڵەکەدا مایەوە، دەستی پڕ لە گەنم دەکرد و پەنجەکانی بڵاودەکردنەوە تا گەنمەکە لە بەینیانەوە دابڕێژێت. وەکو چۆن یەکێك مردوویەکی سارد و سڕ بە جێ بێڵێ، بەو ئاوایە لە عەماری دانەوێڵەکە وەدەرکەوت: کڵاوەکەی لە سەری داکەند و دەرگا زەردەکەی بە ئەسپایی لە دوای خۆیەوە داخست...

هێشتا، لە ژێر کەپرەکەدا، خەریکی ئامادەکردنی خزاگەکە و چاککردنی قایش و قوروشەکانی بوو، کە ئانیکوشکا لە کۆڵانەکەدا بەدیار کەوت، مانگاکەی دابووە پێش و بۆ ئاودانی دەبرد. سڵاویان لێکدی کرد. پانتلی پروکوفیچ لێی پرسی:

– ئانیکی، باروبنەی سەفەرت پێچاوەتەوە؟

– باروبنە؟ من باروبنەم نیە تا بیپێچمەوە، من ماڵم وا بە کۆڵمەوەیە، خۆم و ورگمم! لە هەر شوێنێ بێ، پاروە نانێکی بەرماوەی خەڵکیم دەست دەکەوێ.

– هاڵ و هەواڵی تازە؟

– پروکوفیچ، ئەگەر بۆ هەواڵ بگەڕێی، هەواڵ زۆرە.

پانتلی پروکوفیچ، تەواو پەرێشان بوو، لە کاتێکا تەورەکەی لە ناو خزاگەکە دەنا، گوتی:

– هەواڵی وەکو چی؟

– هەر بینا سوورەکان هاتن. وا بەرەو ڤیشنسکایا دێن. یەکێك کە لە بولشوی گرۆمۆك دیتوونی، گێڕاویەتیەوە کە گوایە دەست ناپارێزن، خەڵکی دەکوژن... گوایە جوولەکە و چینیشیان تیایە. خوا توخم و تۆوی هەموویان ببڕێتەوە! ئەو هەموومان لێکوشتن هەر تەواو نەبوون، شەیتان بە نەحلەت بێ!

– گوتت خەڵکی دەکوژن؟

– ئەی چی؟ ئەی بە تەمای چیت، وادەزانی دێن سەرێك دەکێشن و بۆنێك دەکەن و تەواو؟ هەر هەمووی خەتای ئەم بێشەرەفانەی دۆنی ژووروەوە!

ئانیکوشکا، جنێوێکی پیسی دا و بە بەر پەرژینەکەدا تێپەڕی و گوتی:

– ژنانی ئەو بەری ڕوبارەکە، بۆ ئەوەی لە شەڕیان بە دووربن، ڤۆدگایان بۆ دروست دەکەن، و دەرخواردیان دەدەن، ئەوانیش تا دەتوانن دەخۆنەوە، مەست دەبن و دەڕۆن بۆ گوندی دواتر و لەوێ دەکەونە ڕاوڕووت و کەڵەگایی.

پیرەمێرد، کاری بەستن و ئامادەکردنی بار و بنەکەی تەواو کرد، ڕۆیی بە دەوری هەموو عەمارەکاندا سوڕایەوە، یەك بە یەکی ئەستوون و کۆڵەکەی پەرژینەکەی، کە تێکڕای بە دەستی خۆی چەقاندبوونی، سەح کردەوە. ئەوسا شەنە ئاسنێکی هەڵگرت و بە شەلەشەل چوو بۆ عەمارەکە، تا بەشی ڕێگا وێنجە بێنێ. بێئەوەی بیر لەو سەفەرە ناچاریە بکاتەوە کە لە پێشی بوو، خراترین جۆری وێنجەی، کە پڕبوو لە گیاکەڵە، هەڵگرت، (هەمیشە باشترین وێنجەی بۆ بەهار، بۆ کاتی جووتکردن هەڵدەگرت) بەڵام زوو سەفەرەکەی بیرکەوتەوە و بەدەم بۆڵژنەوە بەرەو کۆما وێنجەیەکی دی چوو، لە خۆی پەست بوو. بیری لەوە نەدەکردەوە کە لە زەرفی چەند سەعاتێکی دیکەدا ماڵ و گوندەکەی خۆی بەجێدێڵی و بەرەو باشوور دەڕوات و لەگینە هەرگیز لەوێندەر نەگەڕێتەوە. هەندێ پووش و وێنجەی لە سەر کۆماکە هێنایە خوارێ، وەکو هەمیشە دەستی بۆ شەنەکە برد تا ئەو تەڵە وێنجانەی کەوتبوونە دەوروبەری کۆماکە کۆبکاتەوە و بیخاتەوە سەری. بەڵام بەلەز دەستی کێشایەوە، لە تۆ وایە بەر ئاگر کەوت، لەکاتێکا ئارەقەکەی سەر تەوێڵی دەسڕی، بە ئەسپایی گوتی:

– تازە، پاشەکەوت بەچی دەچێ، لە پای چی؟ کێ دەڵێ نایخەنە ژێر دەست و پێی ئەسپەکانیانەوە یان نای سووتێنن؟

ئەوسا بەدەم دانە جیڕێوە، دەسکی شەنەکەی دا بە سەری ئەژنۆی خۆیدا و شکاندی و ئەوسا بە پێخشکان، بە کووڕە کووڕ باوشە وێنجەکەی هەڵگرت و بردی.

ئیدی نەچووە ژوورەوە. بەڵکو لە دەرگا نیمچە وازەکەوە، بانگی کرد:

– ئامادەبن! ئێستا ئەسپەکان لە عەرەبانەکە دەبەستم. وا چاکە ماتەڵ نەبین.

توورەکەی ئەسپەکانی پڕکرد لە شۆڤان و فەردەیەك وێنجەشی خستە پشتی خزاگەکەوە. کە بینی کوڕەکانی نایەنە دەرێ تا ئەسپەکانیان زین و ئامادە بکەن، سەری سوڕما، خۆی بە ژوورا کرد. دیمەنێکی سەیری لە موبەقەکەدا بەدی کرد: پیوتەر بە تووڕەیی ئەو بۆخچانەی دەکردەوە کە بۆ سەفەرەکە ئامادە کرابوون، پانتۆڵ، قەمسەڵە، جل و بەرگی ژنانەی ڕۆژانی جەژنی هەڵدەڕشتە سەر ئەرزەکە. پانتلی پروکوفیچ، لە سەرسامیدا کڵاوەکەی لە سەری داکەند و گوتی:

– ئەمە چیە؟

پیوتەر، بە پەنجە کەڵە، لە سەر شانی خۆیەوە ژنەکانی نیشان دا و گوتی:

– تەمەشا، ئەمانە دەگرین. کە وای لێهات، ناڕۆین. یان ئەگەر بڕۆین، هەموومان دەڕۆین! چۆن دەکرێ خۆمان بڕۆین و ئەمانە بە دیار ماڵەوە بەجێ بێڵین و سوورەکان بێن و بە خورتی فەساتیان (زۆرگێ) بکەن؟ خۆ ئەگەر قەرار بێ بکوژرێین، لە بەر چاوی ئەمان بکوژرێین باشترە.

گریگۆری، پانتۆڵەکەی داکەند، شمشێرەکەی دانا، بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی:

– باوکە، جلی سەفەر داکەنە!

ناتالیا، کە لە پشتییەوە وەستابوو، دەستی گرتبوو و ماچی دەکرد. دونیا کە لە خۆشیا وەکو گوڵاڵە سوورە، سوور بووبووەوە، لە کەیفان چەپڵەی لێدەدا.

پیرەمێرد، کڵاوە فەروەکەی لە سەر نا، نەخێر یەکسەر دای کەندەوە. بە نێو ژوورەکەدا بەرەو ئیکۆنەکان ڕۆیی، نیشانەی خاچێکی کێشا، ئەوسا چۆکی دادا و سێجار سوجدەی برد. هەنگێ هەستا و ڕوانیە دەوروبەری خۆی:

– دەی کەوایە ناڕۆین! ئەی فریشتەی ئاسمان، خۆت پشت و پەنامان بە! دەڕۆم ئەسپەکان لە عەرەبانەکە دەکەمەوە.

لەم بەینەدا ئانیکوشکا هات، زۆری پێ سەیربوو، کە ماڵباتی میلیخوف، هەموو شاد و بەکەیف بوون. پرسی:

– چیتانە، خێرە؟

داریا، لە جیاتی هەمووان وەڵامی دایەوە:

– پیاوەکانمان ناڕۆن.

– عەجایەب! ڕاتان گۆڕی؟

گریگۆری، بێئەوەی مەبەستێکی تایبەتی هەبێ، ددانە سپیە قەند ئاساکانی دەرخست و چاوێکی داگرت و گوتی:

– بەڵێ، ڕامان گۆڕی. پێویست ناکات زەحمەت بکێشین و بڕۆین لە دووی مەرگ بگەڕێین، ئەگەر قەرار بێ بمرین، لێرەش دەماندۆزێتەوە.

ئانیکوشکا گوتی:

– ئێستا، ئەگەر ئەفسەران نەڕۆن، چ خودا بەرداره ئێمە بڕۆین.

لە قاڵدرمەکانی بەر ماڵەکەوە دابەزی، وەکو ئەوەی ناڵی ئەسپی لەپێدا بێ، بە تەق و هۆڕ بە بەر پەنجەرەکەدا تێپەڕی.

له ڤیشنسكایادا، بەیاننامەكانی فومین بە دەم باوە بەسەر دیوار و پەرژینی حەوشی ماڵەكاندا دەشەكایەوە. هەموو خەڵكی چاوەڕوانی ئەوەبوون، كە سەربازانی سوپای سوور ئێستا نا سەعاتێكی دی بگەنە جیٚ. سەركردایەتی شەڕگەی باكوور، لە سی و پێنج فرسەخی ئەوێدا لە كارگینسكایادا بوو. شەوی چوارەمی كانوونی دووەم تابوورێكی سەربازانی چیچەن گەییە كارگینسكایا، تابوورێكیش بە فەرماندەیی مقەدەم ڕۆمان لازاریف، شاری ئوست – بلوكالی – تونسكایای بەجێهێشت و بە هەشتاو بەرەو سەركوتكردنی كەتیبە یاخیەكەی فومین كەوتەڕیٚ.

چیچانەكان، دەبوایە ڕۆژی پێنجەمی كانوونی دووەم دەست بە هێرش بۆ سەر ڤیشنسكایا بكەن. گەشتیەكانیان، گەیی بوونە دەوروبەری بیلوگاركا و لەو ناوە دەسوڕانەوە. بەڵام فەرمانی هێرشەكە هەڵوەشێنرایەوە. چونكە سەربازێك لە كەتیبەكەی فومین هەڵاتبوو و خەبەری دابوو كە هێزێكی گەورەی سوورەكان، شەویٚ لە گوروخوفكا بوون و قەرار وایە شەوی پێنجی كانوونی دووەم بگەنە ڤیشنسكایا.

كراسنوف، كە لە نوڤوچركاسكا، مژوولی پێشوازی نوێنەرانی هاوپەیمانان بوو، هەوڵیدەدا فومین بەلای خۆیدا ڕابكێشێت. لە ڕێگای هێڵی ڕاستەوخۆی نوڤوچركاسك – ڤیشنسكایاوە داوای كرد و كابرای تەلەگرافچی، بە هەزار حاڵ ئەو بروسكە كورتەی بۆ خوێندەوە:

" ڤیشنسكایا فومین، نوختە، عەریف فومین سپەیس، ئەمرت پێدەكەم كە وەخۆ بێیتەوە و ئاقڵ بیت، سەربازانی كەتیبەكەت دووبارە سەنگەر بگرن، نوختە. قوەتێكی سەركوتكاریم ناردووە نوختە. سەرپێچی لە فەرمانان سزاكەی مەرگە. نوختە – كراسنوف."

فومین دوگمەكانی پۆستینەكەی كردبووەوە، لەبەر ڕوناكی چرا نەوتیەكەدا، تەمەشای ئەو نەوارە كاغەزیە خاڵخاڵەی دەكرد كە وەكو مار لە ژێر قامكەكانی یارۆی تەلەگرافچیەوە لە ئامێری تەلگورافەكەوە دەردەچوو و لوولی دەخوارد و، هەناسە ساردەكەی كە بۆنی عارەقی لێدەهات بەر گەردنی تەلەگرافچیەكە دەكەوت، گوتی:

– ها. چ شەكرێك دەشكێنیٚ؟ وەخۆ بێمەوە و ئاقڵ بم؟ قسەكانی تەواو بوو؟ دەی باشە بۆی بنووسە... چی چی؟ چۆن نابیٚ؟ ئەمرت پێدەكەم، ئەگەر بەگوێم نەكەی، ورگت دەدڕم.

ئامێری تەلەگرافەكە دووبارە كەوتە چكەچك:

" نوڤوچركاسك ئەتامان كراسنوف. نوختە، بیٚ منەت بە، بڕۆ كام كیۆ سەختە بیگرە. نوختە فومین"

بارودۆخی بەرەی باكوور، هێندە ئاڵۆزبوو كە كراسنوف لێبڕا بە خۆی بۆ كارگینسكایا بڕوات، تا لەویٚ، هەم "دەستی تۆڵە" لە فومین بوەشێنیٚ و هەم ورەی جەنگڤانی قوزاقەكان، كە بە تەواوی ڕوخابوو بەرز بكاتەوە. هەر بەو نیازەش نوێنەرانی هاوپەیمانانی دەعوەت كرد بۆ تەمەشاكردنی بەرەی ناڤبری. بۆ ئەم مەبەستە، كەتیبەی سان جورج لە گوندۆروفسكایادا كە تازە لە شەڕ گەڕابووەوە، لە گوندی بوتورلینوفسكایادا خرایە نمایشی عەسكەرییەوە. كراسنوف،

پاش ئەوەی بە سەر رەعیل و سریەکانی کەتیبەکەدا سوڕایەوە، لە لای بەیداخی کەتیبەکەدا وەستا، ئاوڕێکی جوانی بەلای ڕاستا دایەوە، بە دەنگێکی زوڵاڵ و دلێر گوتی:

– ئەو کەسانەی لە ژێر دەستی منا و لە کەتیبەی دەدا خزمەتیان کردووە. یەك هەنگاو بێنە پێشیّ!

نزیکەی نیوەی سەربازانی کەتیبەکە، لە ڕیز دەرچوون و هاتنە پێشەوە. کراسنوف کڵاوەکەی لە سەری داکەند، دەستی لە ملی ئەو ڕەیس عورەفایە کە لە هەمووان نزیکتر بوو لێوەی و (ڕەیس عورەفاکە هەرچەند بە تەمەن بوو، بەڵام هێشتا بە گوڕ و قیت و قۆز بوو) وەرینا و ئەوجا سیّ جاری ماچ کرد. ڕەیس عورەفاکە بە سەری قۆڵی دەم و سمێڵە کورتەکەی خۆی سڕی و بە چاوانی کراوەوە ڕاست ڕاوەستا. ئەوسا کراسنوف، هەموو کۆنە سەربازەکانی جارانی خۆی ماچ کرد. نوێنەرانی هاوپەیمانان بە سەرسامی وەستابوون و بە گوێی یەکیاندا دەچپاند. بەڵام دوای ئەوەی کراسنوف هات بەلایانەوە و شتەکانی بۆ شرۆڤە کردن، سەرسامیەکەیان ڕەوییەوە و بزەی ڕەزامەندیان کەوتە سەر لێو.

– ئەمانە، ئەو قارەمانانەن کە من بە هێزی بازووی ئەوان ئەڵمانەکانم لە نزفیزکایا و نەمساویەکانم لە بلژیتس و کوماروفدا تێك شکاند و دەوری خۆم لە سەرکەوتنە هاوبەشەکەماندا، گێڕا... لە دوولای هەتاوەکەوە، دوو کۆڵەکەی پەلکە ڕەنگینە بە پەڕاوێزی سپییەوە، وەکو دوو پاسدار کە لە دیار قاسەی دارایی کەتیبەکە وەستابوون، دەبینرا. بای باکووری ڕۆژهەڵاتی، سارد و تەزی کە خۆی بە جەنگەڵەکاندا دەکرد  وەکو شەیپور دەنگی دەدایەوە، لەوێوە بە سەر پێدەشت و بیابانەکەدا دەهات، وەکو یەکەێن عەسکەری چۆن لە مەیدانی جەنگدا بڵاودەبنەوە و دادەمەزرێن، بەو ئاوایە بە دەشتەکەدا بڵاودەبووەوە و هەرچی گیاکەڵە و گژوگیای ئەو دەشتە هەبوو، تەختی دەکرد و بە عاردیەوە دەنووساند. ئێوارەی ڕۆژی شەشەمی کانوونی دووەم، کاتیّ کە تازە پەردەی زەردەپەڕی دەم ئاسۆ، بە سەر روباری چیردا دادەرایەوە، کراسنوف بە هاوێیانی دوو ئەفسەرێن بریتانی بە ناوێن ئیدواردز و ئولکوت و دوو ئەفسەرێن فەرەنسایی بە ناوێن رائید بارتیلوت و ملازم ئیرلیش، خۆیان بە کارگینسکایادا کرد. ئەفسەرانی هاوپەیمانان، بە پۆستین و کڵاوی کەوڵە کەروێشکەوە، لە کاتێکا بۆنی جگەرە و قوڵۆنیایان سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی، بەدەم پێکەنینەوە لە ئوتومبیلەکە دابەزین. لە سەرما هەڵدەلەرزین و بۆ ئەوەی گەرمیان بێتەوە و ماندویەتیان دەرچیّ، پێیان بە عاردیدا دەدا. دوای ئەوەی لە ماڵی بازرگانێکی دەوڵەمەندا بە نێوی لیڤوچکین، خۆیان گەرم کردەوە و چایان خواردەوە، دەگەڵ کراسنوف و جەنەراڵ مێجەر ئیڤانوڤی فەرماندەی بەرەی باکوور، چوون بۆ قوتابخانەیەکی سەرەتایی کە بۆ کۆبوونەوە ئامادەکرابوو.

کراسنوف، لە بەردەم جەماوەرێکی فراوانی قوزاقاندا وتارێکی دوور و درێژی دا. ئامادەبووان، بە کەماڵی ئارەزوو و بە وردی گوێیان لێدەگرت، بەڵام کاتیّ کە بە ئاو و تاو کەوتە باسی "زوڵم و زۆری نابەجێی بەلشەویکەکان لەو ناوچە و شارانەی کە گرتبوویانن." لە ڕیزەکانی دواوە و لە نێو چەرە دووکەڵی شینباوی سیغارانەوە، پیاوێك بە تووڕەیی هاواری کرد: "درۆیە!" ئەمە

سیحری وتە ئەفسووناویەکانی کراسنوفی بەتاڵ کردەوە. ڕۆژی پاشی، کراسنوف و نوێنەرانی هاوپەیمانان، بەلەز بەرەو میلیرۆڤو ڕۆیشتن.

بارەگای سەرکردایەتی بەرەی باکووریش بە هەمان پەلەپەل چۆڵکرا. سەربازانی چیچان، لە بەیانیەوە تا ئێواریٚ شارۆچکەکەیان سەنگ و سۆژن دا، بە دوای ئەو قوزاقانەدا دەگەڕان کە نەیان دەویست لە گەڵ سوپاکەدا پاشەکشە بکەن. ئەو شەوە ئاگر لە عەماری جبەخانە و تەقەمنیان بەر درا، تا حەوت نیوەشەو فیشەکان، وەکو چۆن جارەگەوەنێك ئاگر بگریٚ و بە قرچە قرچ بسووتیٚ، بەو ئاوایە دەتەقینەوە. قونبەلەکانیش وەکو هەرەسی بەفر، وەکو ڕەنو، دەتەقینەوە و دەنگیان دەدایەوە. ڕۆژی دوایی، کاتیٚ کە بەر لە پاشەکشەکە، ڕێوڕەسمی نوێژ و نزای مەزەبی لە مەیدانەکەدا ئەنجام دەدرا، لە سەر گردەکەی دیار کارگینسکاوە. دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشێك بەرز بووەوە، گوللە وەکو تەرزەی بوهار، بەسەر گومەزی کڵێساکەدا دادەباری. یەکەکان، بە شپرزەیی و بەبیٚ نەزمی ڕوویان کردە پێدەشتەکە. تابوورەکەی لازاریف و چەند یەکەیەکی هەنگوست شماری قوزاقان، هەوڵیاندا پشتیوانی لە پاشەکشەی سەربازەکانی دی بکەن. هەندیٚ لە سەربازە پیادەکان، لە پشت ئاشەباکەوە، دامەزران و سەنگەریان گرت و تۆپخانەی (٣٦)ی کارگینسکایا بە فەرماندەی ڕائید فیودور پوپوف، کە خۆی خەڵکی ناوچەکەبوو، کەوتە تۆپبارانی سوورەکان، کە دەستیان بە هێرش کردبوو. بەڵام تۆپخانەکە هەر زوو ناچارکرا سەنگەر بەربدات و بڕەڤیٚ( هەڵیٚ). ئیدی سوارانی سوپای سوور، لە ڕێگای گوندی لاتچیڤەوە، گەمارۆی سەربازانی پیادەی سپیان، کە لە دۆڵێکا قەتیس مابوون، دا و هەر لەو دۆڵەدا، بیست کەسیان لە قۆزاقانی پیری کارگینسکایا، کە بە سوعبەتەوە پێیان دەگوتن "هایداماك = ناسیۆنالیستانی ئۆکرانی" قەتلٚ و عام کرد.

"١٥"

پانتلی پروکوفیچ، دوای ئەوەی بڕیاری نەڕۆیشتنی دا، تەواو بوژایەوە، ورەی وەبەر هاتەوە، شتەکان هەمان بایەخ فەڕی جارانیان لە دڵیا پەیدا کردەوە.

ئێواریٚ چوو تا ئالیك بدات بە ئاژەڵەکان، ئەمجارەیان بێهیچ دوودڵیەك. چووە سەر گزرە گیاکان و خراترین وێنجەی کردە بەر حەیوانەکان. ماوەیەکی باش لە نێو حەوشە تاریکەکەدا بە دەوری چێڵەکەدا (مانگا) سوڕایەوە. بە خۆشحاڵیەوە لە هەموو لایەکەوە چاوی لێکرد، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئاوسە، سکی زۆر گەورە بووە، دەی ئەمە خوایە جمکانەیەك بێنیٚ؟" ئێستا هەموو شتێکی لا ئازیز بوو، دڵی بە دنیا خۆشبوو، هەموو ئەو شتانەی کە لە بەرچاوی کەوتبوون و ئومێدی پێیان نەمابوو، سەنگ و بایەخی جارانیان پەیدا کردبووەوە. تەنانەت بەر لەوەی شەو دابیٚ، دەرفەتی ئەوەی هێنابوو، نەك هەر لە دونیاشکا، کە وردە کای ڕژاوی پای ئاخوڕ و شەختەی سەرکۆڵی وڵاخەکانی کۆ نەکردبووەوە و نەشکاندبوو، تووڕەبیٚ، بەڵکو فریای ئەوەش کەوت کە ئەو کەلێنەش چاك بکاتەوە کە بێچوە بەرازەکەی ستیپان ستاخوف کردبوویە پەرژینەکەیان. لەوکاتەدا کە ئەم خەریکی چاککردنەوەی پەرژینەکە بوو، ئەکسینیاش هاتبووە

دەرێ، تا عوروسی پەنجەرە دارینەکانیماڵەکەیان لە دیوی دەرەوە دابداتەوە، پانتلی دەرفەتی هێنا و لێی پرسی کە ئایا ستیپان نیازی ڕۆیشتنی هەیە یان نا. ئەکیسنیا خۆی لە شاڵەکەیەوە پێچا و، بە دەنگە خۆشەکەی بەرسڤی دایەوە:

– نا، نا، بۆ کوێ بڕوات؟ لەسەر موغەیریەکە کەوتووە و تای لێهاتووە، نێوچەوانی هێندە گەرمە، گڕی لێدەبێتەوە، سکی دێشێت. نا، ستیپان نەخۆشە، ناڕوات.

– ئێمەش ناڕۆین، کەسیش نازانێ ئەم وەزعە چی بە سەر دێ...

شەو داهات. لەوبەری دۆنەوە، لە سەروو جەنگەڵەکەوە، ئەستێرەی شەوێ، لە قوڵایی سەوزباوی ئاسماندا دەدرەوشایەوە. کلکەی ئاسمان لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە، سوور دەچووەوە و لە دوورەوە لە گڕ و بڵێسەی ئاگر دەچوو. مانگ، وەکو نانێك کە سووچێکیان خواردبێ، خۆی بە ترۆپکی سپیدارەکانەوە هەڵواسی بوو. دنیا سات بە سات تاریکتر دەبوو. دنیا هێندە کڕ و کپ بوو، پانتلی پروکوفیچ گوێی لێبوو کەسێك بە لۆسە (باری) سەهۆڵی سەر ڕووبارەکەی دەشکاند و کون دەکرد. لەوەدەچوو ئانیکوشا بێت، پارچە سەهۆڵەکان بەدەمپەڕینەوە، دەشکان و دەنگیان لە دەنگی شکانی شووشە دەچوو. گاجووتەکان، لە تەویلەکەدا، بە کاوەخۆ و، بە تاسوقەوە، وێنجەی وشکیان دەخوارد.

چرای موبەقەکەیان داگیرساندبوو، ناتالیا بە بەینی پەنجەرەکە و چراکەدا تێپەڕی. پانتلی تەماح گرتی و ویستی وەژوورکەوێ و خۆی گەرم بکاتەوە، سەیری کرد هەموو ئەندامانی خانەوادەکە لە موبەقەکەدا کۆبوونەتەوە، دونیا، تازە لە سەردانی ژنەکەی خریستونیا هاتبووەوە. خەریك بوو کوپێك هەوێنی خاڵی دەکرد و بەپەلە دوا هەواڵی بۆ دەگێڕانەوە، هێندە بەلەز قسانی دەکرد وەك بڵێی لەوە بترسێت یەکێك قسەکەی پێببڕێت.

گریگۆری، لە ژووری میوان، تفەنگ و دەمانچە و شمشێرەکەی چەورکرد، ئێستا خەریك بوو دووربینەکەی لە خاولیەکەوە دەپێچا. پیوتەری بانگکرد و گوتی:

– تفەنگ و شتەکانت حازرکردووە؟ بیانهێنە بۆ ئێرە، با بیانشارینەوە.

– باشە ئەگەر پێویست بکات بەرگری لە خۆمان بکەین؟

گریگۆری بە پێکەنینەوە گوتی:

– واز لەو قسانە بێنە. ئاگاداربە ئەگەر بیدۆزنەوە، لەبەر دەرگاکەی خۆمان هەڵتدەواسن.

چوونە نێو حەوشە و، هەر یەکێکیان، دیارنەبوو لەبەرچی، چەك و ئەسلەحەی خۆیان بە جیا شاردەوە. بەڵام گریگۆری دەمانچە تازەکەی کە دەتگوت زالووی ڕەشە، خستە پشت سەرینەکەیەوە.

نانی ئێوارە خورابوو، درەنگ بوو، لە قسە و گفتوگۆ بووبوونەوە و خەریك بوو خۆیان بۆ خەوتن ئامادە دەکرد. لە ناکاوا سەگەکەیان، کە لە حەوشەدا بە سترابووەوە، بە دەنگی نووساو کەوتە حەپەحەپ. بە جۆرێ بە زنجیرەکەیەوە تەکانی دەدا و قرێتەکەی لە ملیا توند دەبوو، خنکەخنکی پێکەوتبوو. پیرەمێرد چووە دەرەوە تا بزانێ مەسەلە چیە، دەگەڵ پیاوێکدا کە باشلوخەکەی تا سەر برۆکانی هاتبوو، وەژوورکەوت. پیاوەکە جلی عەسکەری لە بەربوو،

فیشەکدانێکی سپی ڕاست و چەپ لە خۆی بەستبوو. لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا ئاماژەی خاچی کێشا. هەڵم لە سمێڵە بە ستووەکەی هەڵدەستا، گوتی:

– چیە نامناسنەوە؟

داریا، هاواری کرد:

– ئۆ، ئەمە ماکارە، ماکاری خاڵۆزامان!

هەنگێ پیوتەر و ئەوانی دی ئەم خزمە دوورە، واتە (ماکار نوگاییتسف)یان ناسییەوە. ماکار قوزاقێکی خەڵکی گوندی سینگین بوو، ئەم پیاوە لەبەر دەنگخۆشی و مەیخۆری خۆی، لە سەرانسەری ناوچەکەدا بە ناوبانگ بوو.

پیوتەر، بێئەوەی لە جێی خۆی هەستێ، بەدەم بزەوە گوتی:

– خێرە، لەم ناوە پەیدابووی؟

نوگایتسف، زوقم و بەفرەکەی سەر سمێڵی لادا و لە بەردەرگا تووڕی دا، پێیەکانی، بەو چەکمە نمەدیە زۆر گەورانەوە کە ژێرەکەی چەرم بوو، چەند جارێك دا بە عاردیدا و تەکاندنی و ئەوجا بە کاوەخۆ کەوتە داکەندنی پاڵتۆکەی.

– حەزم نەکرد بە تەنیا بڕۆم. سەفەری تەنیایی خۆش نیە. لە دڵی خۆدا گوتم چۆنە بڕۆم بۆ لای خاڵۆزاکانم و پێکەوە بڕۆین؟ بیستبووم کە هەردووکتان لە ماڵن. بە ژنەکەم گوت دەڕۆم بۆ لای برایانی میلیخوف و لە گەڵ ئەوانا دەڕۆم، سەفەری بە کۆمەڵ خۆشترە...

ئەوسا تفەنگەکەی لە شانی داگرت، لە پاڵ سۆپاکەدا و لای مقاشەکانەوە هەڵی پەسارد، ژنەکان کە ئەم دیمەنەیان بینی زەردەخەنە گرتنی. ڕەخت و فیشەکدانەکەشی لە ژوورە چکۆلەکەی سۆپاکە دانا، شمشێر و شەلاقەکەی بە ڕێزەوە لە سەر تەختەکە دانا. وەکو هەمیشە بۆنی ڤۆدگای خۆماڵی لێدەهات، مەستی و سەرخۆشی بە چاوە درشتەکانیەوە دیاربوو، ددانە ڕێك و پێکەکانی، کە وەکو سەدەف بەستێنی دۆن، مەیلەوشین دەچوونەوە، لە بەینی ڕدێنە چڕ و تەڕەکەیەوە دەدرەوشانەوە.

گریگۆری، کیسە توتنە گوڵدۆزیەکەی بۆ ڕاگرت و پرسی:

– قوزاقانی سینگین ناڕۆن؟

ماکار، بە دەست کیسە توتنەکەی دایە دواوە و گوتی:

– ناکێشم... گوتت قوزاق؟ هەندێکیان ڕۆییون و هەندێکیانش لە کون و کەلەبەرێك دەگەڕێن کە خۆیانی تیا بشارنەوە... ئەدی ئێوە، دەڕۆن؟

ئیلی نیچنا، بە ترسەوە گوتی:

– پیاوەکانمان ناڕۆن، نەخەڵەتابی بچیتە ژێر کلێشەیان.

– یانی بە تەمان لێرە بمێننەوە؟ باوەڕناکەم. خاڵۆزا گریگۆری، ڕاستەکات؟ کوڕینە، ئێوە مل لە چەقۆ دەسوون.

پیوتەر گوتی:

– چ دەبێ با ببێ...

ئاهێکی هەڵکێشا، لەپڕ دەموچاوی سوور بووەوە و لە سەری ڕۆیی:
– گریگۆری! تۆ چ دەڵێی؟ ڕات نەگۆڕیوە؟ بڕۆین؟
– نەبابە

تۆپەڵە دووکەڵێك بۆ ماوەیەك، بە سەر کاکۆڵە لوول و ڕەشە قەترانیەکەی گریگۆریەوە، سوڕایەوە. پیوتەر ڕووی کردە ماکار و ئاڕاستەی قسەکەی گۆڕی و پرسی:
– باوکم، چوو ئەسپەکەت دابکات؟

بێدەنگیەکی کوشندە، بۆ ماوەیەکی زۆر باڵی بە سەرا کێشان. تەنیا دەنگی خەڕەکەکەی دونیاشکا، لە ژێر پێیەوە، بە جیکەجیك بەرزدەبووەوە و لە تۆ وایە بانگەوازی خەو هەڵدەدات. نوگایتسیڤ تاکو سپێدە لەوێندەر مایەوە و هەوڵیدا برایانی میلیخوف بێنێتە ڕەدا، کە لەگەڵیا بۆ ئەوبەری دۆنتس بڕۆن. پیوتەر، شەویێ، بە تاریکی، دووجار چووە نێو حەوشە و زینی لە ئەسپەکەی بەست ، بەڵام هەردوو جارەکە، لە ترسی نیگای هەڕەشە ئامێزی داریا، بە ناچاری پیرەزینی لە ئەسپەکە گرتەوە.

دوای ئەوەی ڕۆژ بووەوە، میوانەکە خۆی ئامادەکرد کە بڕوات. جلەکانی لە بەرکرد، چەك و ئەسڵەحەی لە خۆدا، لەو کاتەدا کە دەستی بە دەسکی دەرگاکەوە بوو تا بیکاتەوە و بڕوات، کۆکەیەکی بە ماناوەی کرد و بە نیمچە هەڕەشەیەکەوە گوتی:
– ڕەنگە ئەم ڕێگایەی ئێوە باشتر بێ. بەڵام پاشان ژێوان دەبنەوە. ئەگەر خوای کرد گەڕاینەوە، ئەو کەسانە لە بیر ناکەین کە دەروازەکانی دۆنیان بۆ سوورەکان کردووەتەوە و لێرە ماونەتەوە تا نۆکەری و خزمەتکارییان بکەن...

هەر لە بەیانییەوە بەفرێکی زۆر دەکەوت. گریگۆری چووە نێو حەوشە، لەوێندەرەوە، تارمایی کۆمەڵە خەڵکێکی بەدی کرد کە لەوبەری دۆنەوە بەدوای بوارێکدا دەگەڕان. عەرەبانەیەکی هەشت ئەسپی شتێکیان ڕادەکێشا. دەنگی قسە و، حیلەی ئەسپ و، هاوار و دەمرێژی جنێوان دەگەییە گوێ. دیمەنی زەلام و ئەسپەکان لە نێو گێژەلووکەی بەفرەکەدا بۆری دەکردەوە، دەتگوت تارماییین و لە نێو تەم و مژدا دەجوڵێن. گریگۆری، بە شێوە و چۆنیەتی عەرەبانەکەدا بۆی دەرکەوت کە تۆپێکی لێبەستراوە. لە هزری خۆیدا گوتی: "تۆ بڵێی سوورەکان بن؟" بەو بیرۆکەیە دڵی داخورپا، بەڵام دڵی خۆی دایەوە و هێور بووەوە.

ئاپۆڕا، بێ سەروبەرەکە لە گوندەکە نزیك دەبووەوە. ناچار بە دەوری کونێکی گەورەدا، کە لە سەهۆڵبەندانی سەر ڕوبارەکە بووبوو و، ڕوو لە ئاسمان دەمی کردبووەوە، سوڕایەوە. بەڵام کاتێ لە بەستێنی ڕوبارەکە نزیك بوونەوە، سەهۆڵبەندانەکە لە ژێر چەرخی تۆپەکەدا، شکا و، تۆپەکە لە گلێ و قوڕچەقی. بایەکە، دەنگ و هەرا و زەنای عەرەبانچییەکان و، قرچەقرچی شکانی سەهۆڵەکە و سمکۆڵانی ئەسپەکانی، لە گەڵ خۆیدا دێنا. گریگۆری، خۆی کرد بە تەویلەی ئاژەڵەکانا، کە کەوتبووە پشتماڵەکەیانەوە و بە وردی کەوتە تەماشاکردن. بە کەتافیەی پاڵتۆی سوارەکاندا، کە توێژاڵە بەفرێکی تەنکیان نیشتبووە سەر، زانی کە ئەمانە قوزاقن. دوای چەند دەقیقەیەك نایب زابتێکی تۆپچی، کەمێك بەتەمەن، بە سواری ئەسپێکی درێژی کەفەڵ پان، خۆی

بە حەوشەی ماڵی میلیخوفدا کرد. لەبەر ماڵەوە لە ئەسپەکە دابەزی، ڕەشمەکەی بە ئەستوونی پەرژینەکەوە بەست و خۆی بە ژوورا کرد. دوای سڵاوکردن پرسی:

– ئەریٚ کیٚ خاوەن ماڵە؟

پانتلی پروکوفیچ بەرسڤی دایەوە:

– من...

شپرزە و هەراسان چاوەڕوانی پرسیاری دوای ئەوە بوو:

– بۆچی پیاوەکانتان لە ماڵن؟

بەڵام یارۆی تۆپچی، بەفرەکەی سەر سمێڵە درێژەکەی سڕی و بە تکا و ڕجاوە گوتی:

– قوزاقینە بیکەن بە خاتری مەسیح فریامان بکەون، ئەو تۆپەمان لە گەڵدا دەربێنن، تا ئەکسلەکەی لە کەناری ڕووبارەکەدا، نیشتووەتە قوڕ... گوریستان هەیە؟ ئەم گوندە ناوی چیە؟ ڕێمان گوم کردووە. دەبوایە بڕۆین بۆ ئیلانسکایا، بەڵام بەم بەفرە هیچ شوێنیٚ دیار نیە. ڕێمان گوم کردووە و سوورەکانیش لە دوومانن.

پیرەمێرد، بەدەم مینگەمینگەوە گوتی:

– پیاو ڕاست بڕوات، نازانم کە...

– وەختیٚ دەزانم و نازانم نیە... ئێوە قوزاقی باشن، ئەم کوڕانە لێرەن! ئێمە لێمان قەوماوە و پێوستمان بە یارمەتیە.

پانتلی پروکوفیچ، بە درۆوە گوتی:

– من نەساغم.

یارۆی تۆپچی، وەکو گورگ بێئەوەی ملی وەرچەرخێنیٚ، نیگای بە یەك بە یەکیاندا گێڕا، بە دەنگێکی بەهێزتر و گەنجانەتر گوتی:

– ئەم قسەیە چیە، مەگەر ئێوە قوزاق نین؟ ماقووڵە بە بەرچاوی خۆتانەوە، جبەخانە و تفاقی سوپا، بە فیڕۆ بڕوات؟ کەس نیە ڕێبەرایەتی تۆپخانەکە بکات جگە لە من، من تەنیا باڵیٚ ماومەتەوە، ئەفسەرەکان فیراریان کردووە. یەك هەفتە زیاترە، من لە سەر زین نەهاتوومەتە خواریٚ. ئازارم بەستویەتی. قامکی پێم بەفر بردوونی، بەڵام حەزدەکەم بمرم، بەڵام دەستبەرداری تۆپخانەکەم نەبم. بەڵام ئێوە... ئەگەر بە خوایشتی خۆتان نەیەنە یارمەتیم، ئەوا قوزاقەکانم بانگ دەکەم و...

نایب زابتە تۆپچیەکە، بە تووڕەیی و شێت ئاسا هاواری کرد، دەنگی گریان ئامێز بوو.

– ... هەنگیٚ بە شاپان دەتانبەین حیزدایکانە. بەلشەویکینە! تۆش پیرەمێرد، نیری ئەسپت لە مل دەنەین و عەرەبانەت لێدەبەستین، دیارە دڵت ئەوەی گەرەکە... بڕۆ کۆمەڵێك کۆبکەوە و بیانهێنە، شەرت بیٚ بە شەرتی پیاوان گەر نەیانهێنی، ماڵەکەتان و گوندەکەتان تەخت دەکەم...

نایب زابتەکە، وەکو یەکێك متمانەی بەخۆی هەبێت، قسانی دەکرد. گریگۆری دڵی بە حاڵی سووتا. کڵاوەکەی داکەند و بێئەوەی سەیری بکات، گوتی:

– زیقەزیق! یارمەتیت دەدەین، تۆپەکەت لە قوڕ دەربینی. ئەوسا تۆ بە خێر و ئێمە بە سەلامەت!

چەند دەستەکێکیان هێنا و خستیانە ژێر چەرخی تۆپەکە، تۆپەکەیان دەرهێنا، خەڵکێکی زۆر هاتبوون: ئانیکوشکا، خریستونیا، ئیڤان تومیلین، برایانی میلیخوف و نزیکەی دە ژنێك، دەگەڵ تۆپچیانی تۆپخانەکەدا، تۆپەکان و سەندوقە گوللە تۆپەکانیان تا کەناری ڕوبارەکە بەپاڵ هێنا و یارمەتی ئەسپەکانیان دا کە بە هەورازەکەدا سەربکەون. چەرخە بەفرگرتووەکان لەسەر بەفرەکە دەخزین، ئەسپەکان، شەکەت و ماندوو، بە زەحمەت دەیانتوانی لە نزمترین هەوراز سەربکەون. تۆپچیەکان کە ژمارەیان هاتبووە سەر نیوە، بە پێ دەڕۆیشتن. نایب زابتەکە، بە ڕێز و حورمەتەوە کڵاوە فەروەکەی خۆی داکەند و سوپاسی هەموویانی کرد، ئەوسا لە سەر زینەکەوە ئاوڕی دایەوە و بێئەوەی دەنگ هەڵبڕی، فەرمانی دا:

– تۆپخانە! بە دووی منا!

گریگۆری، لە دواوە، بە سەرسامیەکی پڕ لە ڕێز و لە هەمان کاتدا پڕ لە گومانەوە، تەمەشای دەکرد کە دوور دەکەوتەوە. پیوتەر هاتە لای گریگۆرییەوە، بەدەم جوینی سمێڵەکانیەوە، وەکو ئەوەی بەرسڤی خەیاڵ و ئەندێشەکانی گریگۆری بداتەوە، گوتی:

– خۆزگە هەموویان وەکو ئەم بوایەن!... دەبێ ئاوا بەرگری لە دۆنی ئارام بکرێت!

خریستونیا کە سەراپای لە پریشکە قوڕا بوو، کە بەلایاندا ڕەت دەبوو، گوتی:

– باسی ئەو تۆپچییە دەکەن؟ خەیاڵت تەخت بێ، هەرچۆنێ بووە تۆپەکانی دەگەیەنێتە جێ. بینیتان، ئەو نامەردە چۆن قامچیەکەی لە من ڕاوەشاند! خۆ تۆزێکی تری پێچووبا لێشی دەدام، تووشی نائومێدی تەواو بووبوو. حەزم نەدەکرد یارمەتی بدەم. بەڵام پیاو ڕاست بڕوات ترسام. ئیدی بەبێ چەکمە ڕۆییشتم. بەڵام پێم بڵێ، ئەم تۆپانە بە چ کەڵکێکی ئەم کەودەنە دێت؟ وەکو ورچێکە کە پێوەندیان لە پێ بەستبێ: بە کەڵکی هیچی نایەت، کەچی بێهوودە بە دووی خۆیا ڕایدەکێشێت.

قوزاقەکان، بەدەم بزە و پێکەنینەوە بڵاوەیان لێکرد.

"١٦"

دەمەو عەسر، لەوبەری دۆنەوە، لە دوورەوە، ڕەشاشێك دوو دەستڕێژی کرد و ئەوسا بێدەنگ بوو. دوای نیو سەعاتێك گریگۆری کە لەبەر پەنجەرەکە دوور نەدەکەوتەوە، هەنگاوێك هاتە دواوە، ڕەنگی تێکچوو، گوتی:

– خۆیانن، وا هاتن!

ئیلی نیچنا قیژەیەکی کرد و بە هەشتاو بەرەو پەنجەرە ڕۆیی. هەشت سواری بەسەر جادەکەوە بینی کە بە چوار ناڵە دەهاتن. بە یۆرغە گەیینە بەر دەرگای حەوشی ماڵی میلیخوف، هەڵوەستەیەکیان کرد، ئەوسا ڕوویان وەرگێڕا، تەمەشای بوارەکەی سەر دۆن و کوێرە ڕێگایەکەی نێوان ڕوبارەکە و چیاکەیان کرد، ئەوسا دووبارە کەوتنەوە ڕێ. ئەسپە قەڵەوەکانیان، کلکە براوەکانیان بادەدا و، پریشکی بەفر لە ژێر سمیانەوە دەچوو بە ئاسمانا. گەشتیەکان،

دوای شناسایی گوندەکە دیارنەمان. دوای سەعاتێك تاتارسکی پڕبوو لە جیڕ و هۆڕی چەکمە و بۆڵژنی جنێوان و دەم و دووی غەریب و سەگوەڕ. کەتیبەیەکی پیادە، بە خۆ و ڕەشاش و باروبنە و موبەقێکی مەیدانیەوە کە لە خزاگان و عەرەبانەکانیان بارکردبوون، خۆیان بە گوندیدا کرد.

هەرچەندە هاتنی سەربازانی دوژمن بۆ گوندەکە، زۆر ناخۆش و خەمئەنگێز بوو، بەڵام دونیاشکا هەر لە پێکەنینی خۆی نەکەوت. دوای ڕۆیشتنی گەشتیەکان، دەم و لووتی لە بەر هەڵبێنەکەی نا و، بەدەم پێکەنینەوە، بە هەشتاو خۆی بە مووبەقەکەدا کرد. ناتالیا، بە نیگەرانیەوە تەمەشایەکی کرد و گوتی:

– چیە؟

– ئوهـ ناتاشنکا! خۆزیا دەتبینین چۆن سواری ئەسپەکانیان بووبوون! بەسەر زینەکانەوە، بەردەوام بۆ پێشەوە، بۆ دواوە، بۆ پێشەوە بۆ دواوە دەجوڵان، قۆڵ و باسکیان بە قەدیانەوە سەمایان دەکرد. ڕیك دەتگوت بووکەڵەی پەڕۆن!

دونیاشکا، هێندە وەستایانە لاسایی سەربازە سوورەکانی دەکردەوە، کە ناتالیا بە خورتی پێکەنینەکەی خۆی خواردەوە و بۆ ئەوەی خەزووری پێنەحەسێت و لێی تووڕە نەبێت، بە هەشتاو چوو بۆ لای تەختە خەوەکە و سەری وەژێر پشتیەکانەوە نا.

پانتلی پروکوفیچ، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە، لەسەر تەختێك دانیشتبوو، بە دەستە لەرزێ، لە نێو سەندوقە دارینە پڕ لە بزمارەکەدا بە درۆوە بۆ پەت و درەوشە و کەرەستەی پینەدۆزی دەگەڕا و وەکو نێچیرێك تەنگەتاو کرابێ، بە نیگای ترساوەوە، بەردەوام دەیڕوانیە پەنجەرەکە. ژنەکان، لە مووبەقەکەدا، قاقا پێدەکەنین، پێکەنینێکی ناوەخت و نابەجێ. دونیا، کە دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو، بوو بە گوڵاڵە سوورە و چاوەکانی تەژی فرمێسك بووبوون و وەکو دەنکە زەیتوونی ئاونگ خوردە پرشنگیان دەدا. جۆری سواری، سەربازە سوورەکانی، بۆ داریا دەنواند و بە بێئەوەی پێبحەسێت، هەندێ ڕەفتاری هەرزانەشی دەنواند. برۆ، لە وسمە گیراوەکانی داریا، بەدەم پێکەنینەوە دەکشان و داریا کە خەریك بوو لە پێکەنینا دەخنکا، بە دەنگی نووساو دەیگوت:

– بێگومان نافەکی پانتۆڵەکانیان کون دەبێت. قەڵپوسی زینەکانیان خواردەبێت... دەترسم بە خۆشیان بڵێن سوار!...

پێکەنینی ژنەکان، پیوتەریشی، کە بە سەر و ڕووی خەمناکەوە خۆی بە مووبەقەکەدا کرد، بۆ ساتێك گرتەوە. گوتی:

– شێوەی سواریەکەیان سەیرە ها؟ بەڵام چ خەمیانە؟ هەر کاتێ ئەسپێکیان پساند، یەکێکی دیکە دەدزن! دێهاتیانە! نەدی و بدیانە!

پیوتەر، بە بێزاریەکی بێپایانەوە دەستێکی هەڵتەکاند و لە سەری ڕۆیی:

– ڕەنگە ئەمە یەکەمجاریان بێ لە ژیانیاندا ئەسپ بدینن! باب و باپیریان لە جیڕەجیڕی دەنگی چەرخی گالیسکە دەترسان و ئەمانە هاتوون، مەشقی ئەسپ سواری دەکەن... ئێی دنیای بێ وەفا! تف لە چەرخی ڕۆژگار!

پیوتــەر، قامکــەکانی تەقانــدن و گەڕایــەوە بــۆ نــاو ژوورەکــە. ســەربازانی ســوور بــە کوچــە و کۆڵانەکاندا دەسوڕانەوە. کۆمەڵ کۆمەڵ، دابەش دەبوون و خۆیان بە ماڵاندا دەکرد. سێ سەرباز خۆیان بە ماڵی ئانیکوشکادا کرد، پێنج دانەی دی، کە یەکێکیان سوارەبوو، ڕوویان کردە ماڵی ستیپان ستاخۆف و پێنج دانەی دیکەش بە پاڵ پەرژینەکەدا، بەرەو ماڵی میلیخوف وەڕێکەوتن. یەکەم کەس کە پێی نایە ناو حەوشە پیاوێکی بەتەمەن، تاڕادەیەك کورتەباڵای، ڕدێن تاشراوی، لـووت فس بـوو کـە بـە گـورج و گـۆڵی و چاپوکی و ڕەفتاریـا دیـاربوو کـە لـە کۆنـە سـەربازانی جەنگدیدەی بەرەی ئەڵمانیایە. لە بەر پلیکانەکاندا، کەمێك وەستا و ماوەیەك ڕوانیە ئەو سەگە زەردەی کـە بـە زنجیر بەسـترابووەوە و خـەریك بـوو بـەدەم وەڕینـەوە خـۆی دەخنکانـد. ئەوسـا تفەنگەکەی لە شانی داگرت. فیشەکێکی پێوەنا، بەفری سەربانەکە، بەدەم دەنگی فیشەکەکەوە، وەکو پەڵە هەورێکی سپی داڕوخاو هاتە خوارەوە. گریگۆری یەخەی کراسەکەی کە خەریك بوو دەیخنکاند، کردەوە و لە پەنجەرەکەوە سەگەکەی بینی کە بە خڵتانی خوێنەوە لە نێو بەفرەکەدا دەتلێتـەوە و بـەدەم ئازاری گیانـەڵڵاوە شـەبەقی زامەکـەی قەبرغـەی و زنجیرەکـەی ملی دەگـەزێت. ئاوڕی دایەوە، چاوی بە دەموچاوی لە ترسا سپی هەڵگەڕاوی ژنەکان و چاوانی لـە ترسـا ئەبڵـەق بووی دایکی کەوت. بە بێ کڵاو بەرەو ئاستانەی دەرگاکە چوو. باوکی لە دواوە هاواری لێکرد:

– مەڕۆ، لەوێ بوەستە!

گریگۆری، دەرگاکەی بە تەواوەتی کردەوە. قەوانی فیشـەکەکە کەوتـە سـەر ئەرزەکە و دەنگێکـی کپـی لێوەهـات. ئـەو سـەربازە سـوورانەی دی کـە دوا کـەوتبوون، هـاتن و لـە دەرگـای حەوشـەوە وەژوورکەوتن. گریگۆری لەبەر دەرگاکەوە پرسی:

– بۆچی ئەو سەگەت کوشت؟ ڕێی لێگرتبووی؟

کونە لووتی کابرای سوور، کرانەوە، هەناسەیەکی هەڵمژی، لچ و لێوە تەنکەکانی شۆڕبوونەوە، ئاوڕێکی دایەوە، تفەنگەکەی سوارکرد و گوتی:

– تۆ هـەقت چیە؟ پێت ناخۆشـە؟ ئەگـەر بەدڵت نیـە بـا فیشـەکێك بـە تۆشـەوە بنـەم، حـەزت لێیـە؟ لەوێدا، لە پاڵ پەرژینەکەدا بوەستە!

سەربازێکی باڵابەرزی، قژسوور، کە لەوان نزیك بووبووەوە بە پێکەنینەوە گوتی:

– نـا، نـا، ئەلکسـاندر وازی لێبێنـە. سـڵاو بـرادەر، تـۆ پێشـتر قـەت سـوورانت دیتـوون؟ هـاتووین پێویستمان بە جێگەیە، دامان دەکەن؟ سەگەکەتانی کوشت؟ کارێکی باشی نەکردووە، هاوڕێیـان وەژوورکەون.

گریگـۆری، لـە دوای هەموانـەوە وەژوورکـەوت. سـەربازانی سـوور، بـە ڕوخۆشـی سـڵاویان لـە خانەوەدەکـە کـرد و کۆڵەپشـتی و فیشـەکدانە چـەرمیە ژاپۆنیـەکانیان لـە خـۆ داکەنـد، پـاڵتۆ و قەمسـەڵە بـەردارەکان و کڵاوەکانیـان داکەنـد و لەسـەر تەختەکـە دایـان نـان. سەرانسـەری ماڵەکـە پڕبوو لە بۆنی تیژی سەربازان کە بۆنی ئارەقەی بەشەر و تووتن و سابوونی جەڵەبی هەرزان بەها و، زەیتی چەك و ڕێ پێوانی دوور و درێژ، هەر هەمووی تێکەڵ بووبوو.

ئەو سەربازەی کە ئەلکساندەریان پێدەگوت، لە کەنار مێزەکە دانیشت، سیغارێکی پێکرد، وەکو ئەوەی بیەوێ گریگۆری بدوێنێ، پرسی:

– لە گەڵ سپیەکاندا بوویت؟

– بەڵێ...

– ئەها... من بووەکوێرە یەکسەر بە فرینەکەیا دەناسم، بەڵام تۆم بە قۆرە دەماخیەکەتا ناسی. (قۆرە دەماخ: بادی هەوا، بەفیز، فرناخ). سپی! وابزانم ئەفسەر بووی ها؟ ئەفسەر بە نەجمەی زێرینەوە؟

دووکەڵی جگەرەکەی، لە هەردوو کونە لووتیەوە، وەکو دوو ستوون دەردەدا و بە دوو چاوی عەبووسی دژمنانەوە دەیروانیە گریگۆری کە لەبەر دەرگاکەدا وەستابوو. ئەوسا بە قامکە درشت و خوارەکەی کە لە دووکەڵی تووتندا زەرد بووبوو، سووتووی جگەرەکەی تەکاند و لە سەری رۆیی:

– ئەفسەر بووی ها؟ دەی ئیعتراف بکە! من بەرێکردن و وەستانەکەتا زانیم. منیش لە بەرەی ئەڵمانیادا بووم.

گریگۆری، بە خورتی بزەیەکی بۆ کرد و بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ، ئەفسەر بووم.

لە ناکاوا نیگای لە نیگای ترساو و پارانەوە ئامێزی ناتالیا هەڵەنگوت، کە بەدزییەوە بری بوونیە ئەو، گریگۆری کوڵی تەریق بووەوە، بڕۆی کەوتنە لەرزین. لە بزەکەی خۆی ژێوان بووەوە.

– حەیفێ! من نەدەبوو ئەو فیشەکە بە سەگەکەوە بنەم!...

سەربازە سوورەکە، ئاغزە جگەرەکەی فرێدایە بەر پێی گریگوری و چاوێکی لەوانی دی داگرت...

جارێکی دی گریگۆری، کە بزەیەکی گوناهکارانە و پارانەوە ئامێز، بێ ئیختیار لێوی کشاند، لە خۆی تەریق بووەوە و لە شەرما سوور بووەوە. لە دڵی خۆیدا گوتی: "لە سەگێکی تاوانبار دەچم کە کلکە سووتێ بۆ خاوەنەکەی بکات!" بۆ ماوەیەکی کەم وێنەی سەگەکەی هاتەوە بەرچاو. سەگە سپی جاران، پێش ئەوەی یارۆی سەربازی سوور بیکوژێت، لەم، لە گریگۆری خاوەنی، نزیك دەبووەوە، قەپۆزە رەش و مەخمەلیەکەی خۆی، بەدەم بزەیەکی وەکو بزەکەی ئەم، بۆ دەکردەوە: لە سەرپشت وەردەکەوت، ددانەکانی بۆ دەردەخست و کلکە تووکنە سووربارەکەی بۆ دەلەقاند...

پانتلی پروکوفیچیش، بە دەنگێکی غەریب، لە میوانەکانی پرسی، بۆ شێو چ خواردنێکیان دەوێ، تا بە ژنەکەی بڵێ کە بۆیان...

ئیلی نیچنا، بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، بە هەشتاو بەرەو سۆپا و کوانگەکە رۆیی. مقاشەکە بە دەستیەوە دەلەرزی و هەرچی دەکرد، نەیدەتوانی مەنجەڵە شۆرباکە، شۆربای

کەلەرم، لە سەر ئاگردانەکە دابگرێت. داریا، سەری داخستبوو و مێز و خوانەکەی دەڕازانەوە. سەربازە سوورەکان بێئەوەی ئاماژەی خاچ بکێشن، دانیشتن.

میلوخوڤ پیر. بێئەوەی نەفرەتی خۆی بشارێتەوە، بە ترسەوە دەیڕوانیە سەربازەکان. ئەنجام خۆی پێ زەوت نەکرا و گوتی:

– ئەوە چیە، ئێوە نزا ناخوێنن؟

بۆ یەکەمجار، سێبەری نیمچە بزەیەك نیشتە سەر لێوانی ئەلکساندەر و بەدەم قاقای پێکەنینی هاوڕێکانیەوە گوتی:

– باپیرە، بە قسەی من دەکەی تۆش کاری وا مەکە. باپیرە ئێمەمانان لە مێژە خوامان...

قسەکەی خواردەوە و بزۆی وێکهێنانەوە و لە سەری ڕۆیی:

– خودا نیە، بەڵام کەر و گەوجان باوەڕناکەن و بە خوت و خوڕایی دوعا و نوێژ بۆ ئەم پەیکەرە دارینانە دەکەن.

پانتلی پروکوفیچ، لە ترسا قسەکەی بۆ سەلماند:

– بەڵێ، بەڵێ... هەڵبتە خەڵکی خوێنەوار لەم شتانە دەگەن.

داریا، سەر و کەوچکی بۆ هەر یەکێکیان دانابوو، لێ ئەلکساندر مراکەکەی (کەوچك) خۆی وەلانا و گوتی:

– جگە لە مراکی دارین، مراکی دیکەتان نیە؟ هەر لەوەمان کەم بوو نەخۆشیش بکەوین؟ ئەمەش بوو بە کەوچك، ئەمە تەڵاشە دارێکە و هیچی دی.

داریا، دەهری بوو و گوتی:

– تۆ کە بە مراکی خەڵکی قاییل نیت، مراکێك لە گەڵ خۆتا هەڵبگرە.

– دەمت داخە کچێ، کە کەوچکتان نیە، خاولیەکی پاکم بدەیە با ئەمەی پێ بسڕم.

ئیلی نیچنا، مەنجەڵە شۆرباکەی هێنا و لەسەر مێزەکە داینا.

ئەلکساندەر هەڵیدایە و گوتی:

– دایە، خۆت لە پێشا بیچێژە.

پیرەژن، بە ترسەوە گوتی:

– بۆچی بیچەژم؟ پێت وایە سوێرە؟

– پێمگوتی بیچەژە. زۆر لەگوینە دەرمانێکت تێکردبێت.

پانتلی پروکوفیچ، بە پیرەژنی گوت:

– کەوچکێکی لێبخۆ!

ئیدی دەمی لێکنا، چوو کەرەستە و تفاقی پینەدۆزییەکەی هەڵگرت و کۆتەدارێکی غانی، کە لە جیاتی چوار پایە بەکاری دەبرد، لەبەر پەنجەرەکەدا دانا، فتیلەی لە چرا چکۆلە زەیتەکە خست، دانیشت و چەکمەیەکی کۆنەی بە دەستەوە گرت و خۆی بە کارکردنەوە خەریك کرد و ئیدی بەشداری لە گفتوگۆکاندا نەکرد.

پیوتەر لە ژووری پێشوازی نەهاتە دەرەوە. ناتالیا و منداڵەکانیشی لەوێ بوون. دونیاشکاش، لە بەر سۆپاکەیا کزکۆڵەی کردبوو و گۆرەوی دەچنی. لێ، کاتێ کە یەکێك لە سەربازە سوورەکان بە "مادموزیل" بانگی کرد و خوڵکی کرد کە شیویان دەگەڵدا بخوات، هەستا و چووە دەرێ و گفتوگۆکان قەت بوو. (قەت بوو: بڕا) میوانەکان دوای شیوخواردن، ئارەزووی جگەرەیان کرد. سەربازێکی قژ سوور گوتی:

– دەشێت لێرە جگەرە بکێشین؟

ئیلی نیچنا، بەبێ مەیلی بەرسڤی دایەوە:

– پیاوەکانی ئێمە هەموو سەبیل دەکێشن.

گریگۆری ئەو جگەرەیەی ڕەتکردەوە کە دایانێ. لە ناخا دەلەرزی، بە دیتنی ئەو پیاوەی کە سەگەکەی کوشت، دڵی دەگوشرا. دیاربوو کابرا لە بیانوویەك دەگەڕا کە بەگژ گریگۆریدا بچێت و سووکایەتی پێبکات و بیهێنێتە قسە. لێی پرسی:

– قوربان، لە چ کەتیبەیەك بووی؟

– لە چەند کەتیبەیەك بووم.

– چەندت لە هاوڕێیانی ئێمە کوشتووە؟

– لە جەنگدا، کەس حیسابی ژمارە ناکات، قەپانی جەنگ ژمارە ناخوێنێتەوە. هاوڕێ وا خەیاڵ نەکەی من بە ئەفسەری لەدایك بووم. من لە مەیدانی شەڕی ئەڵماندا بووم بە ئەفسەر، بە ڕەنجی شان و دڵسۆزی خۆم، بووم بە ئەفسەر... بە خۆڕایی ئەو دەرەجەیەیان نەدامێ...

– من هاوڕێی ئەفسەران نیم. ئێمە خەڵکی وەکو ئێوە لە پاڵ دیوارێکدا ڕادەگرین و گوللەبارانیان دەکەین. من، یەك لە باری خۆم تا ئێستا پتر لە یەکێکم گوللەباران کردووە.

– هاوڕی، گوێ بگرە با یەك شتت پێ بڵێم... بەڕاستی ئەم ڕەفتارەت باش نیە، تۆ وا ڕەفتار دەکەیت وەکو ئەوەی ئەم گوندەتان بە شەڕ گرتبێت. ئێمە بە خۆمان جەبهەمان چۆڵکرد و ڕێگەی ئێوەمان دا بێنە خاکی ئێمەوە. بەڵام تۆ وەکو یەکێك فەتحی کردبێت، سەری شای پەڕاندبێت، هاتوویتە ئێرە... هەموو کەسێك دەتوانێ گوللە بە سەگێکەوە بنێ و بیکوژێت، ئەمە ئازایەتی ناوێ! هەروەها سووکایەتی کردن بە کەسێکی سڤیلی بێ چەك، یان تەنانەت کوشتنیشی، ئازایەتی نیە...

– پێویست ناکا تۆ ئامۆژگاری من بکەیت. ئێمە دەمارتان دەناسین... "خۆمان جەبهەمان چۆڵکرد!" نۆبەتی ئەو قەوانەیە، ئەگەر ئێمە تێکمان نەشکاندبان، چۆڵتان نەدەکرد. من بۆم هەیە بە کەیفی دڵی خۆم قسەت دەگەڵدا بکەم.

سەربازە باڵابەرزە، قژسوورەکە هەڵیدایە:

– ئەلکساندەر، بیبڕەوە، بەسە.

بەڵام ئەلکساندەر، کە کونە کەپووەکانی کرابوونەوە و هانکەهانکی پێکەوتبوو، لە گریگۆری چووە پێشەوە:

– هێی ئەفسەر، تووڕەم مەکە، دەنا واوەیلا بە حاڵت!

– من تووڕەم نەکردوویت.

– با، تووڕەت کردووم.

ناتالیا، درزێکی خستە دەرگاکە و بە دەنگێکی هەراسان و لەرزۆك گریگۆری بانگکرد. گریگۆری بە لارەلار وەکو مەستان، بە دەوری سەربازە سوورەکەدا، کە لە سەر ڕێگاکەی وەستابوو، سووڕایەوە و لە دەرگاکەوە وەژوورکەوت. پیوتەر، بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە و لە بن لێوانەوە پێی گوت:

– ئەوە تۆ چ دەکەی؟... سێ و دووی لەگەڵدا دەکەی؟ دانیشە بە دەقی خۆتەوە، هەم خۆت تووش دەکەیت و هەم ئێمەش.

بە تووڕەیی گریگۆری دەڵەك دا و لە سەر سوندوقێك دای نیشاند و خۆی چوو بۆ مووبەقەکە. گریگۆری دانیشت، هەناسەی سوار بووبوو، سووریەکەی سەر گۆناکانی نەما. بەر چاوی تاریك بوو، پرتەوێکی کز لە نیگایا بەدی دەکرا. ناتالیا دەستی دەخستە سەر دەمی منداڵەکانی کە لەزگ بوو لە هۆرژنی گریان بدەن و بەدەم لەرزێنەوە لە گریگۆری دەپاڕایەوە:

– گریشا! گریشنکا! گیانەکەم، سێ و دوو لەگەڵ ئەوانەدا مەکە! وازیان لێبێنە!

گریگۆری، بە خەمباریەوە ڕوانیە ناتالیا و گوتی:

– بڵێ بۆچی نەڕۆیشتم؟ دەی گوێ مەدەیە نارۆم، بەڵام بێدەنگ بە... بە ڕاستی لە توانامدا نەما.

دوای ئەوە، سێ سەربازی سووری دیکە هاتن. یەکێکیان کە کڵاوێکی فەرووی ڕەشی قووچی لەسەر بوو و، پێدەچوو فەرماندە بێت، پرسی:

– چەند کەس لەم ماڵەن؟

سەربازە باڵابەرزە قژسوورەکە، کە خەریکی ئوکوردیونێك بوو، بەرسڤی دایەوە:

– حەوت نەفەرین.

– ڕەشاشەکان لێرە دادەمەزرێنین. دەبێ جێیان بکەنەوە.

سێ سەربازەکە ڕۆیشتن. دوای ئەوان، دەروازەکە بە تەقوهۆڕ کرایەوە، دوو عەرەبانە خۆیان بە حەوشەدا کرد. یەکێك لە ڕەشاشەکانیان تا بەر هەیوانەکە ڕاکێشا. سەربازێك دەنکە شقارتەیەکی پێکرد و لە تاریکییەکەدا، دەمرێژێك جنێوی ڕیزکرد. ڕەشاشچیەکانی دی لە ژێر کەپرەکەدا جگەرەیان دەکێشا و باوەشێك چڵ و چێو و پووشیان هێنا تا ئاگر بکەنەوە، بەڵام یەك کەس لە ماڵباتی میلیخوف نەهاتە دەرێ.

ئیلی نیچنا، کە بەلای پیرەمێردەکەی مێردیا، تێپەڕی، لە بن لێوانەوە گوتی:

– هەقە بچیت سەرێك لە ئەسپەکان بدەیت.

بەڵام پیرەمێرد شانێکی هەڵتەکاند و لەجێی خۆی نەبزووت. هەڵم و بوخارێکی سپی بە بن میچەکەوە بوو و لە شێوەی خوناو و شەونمدا، دەنیشتە سەر دیوارەکان. سوورەکان، لە ژوورەکەدا، لە عاردی درێژ بووبوون. گریگۆری چەند ڕایەخێکی بۆ هێنان و بە خۆی بۆی کردنەوە و ڕایخستن و پۆستینەکەی خۆیشی بۆ دانان تا لە جیاتی سەرین بیخەنە ژێر سەریان.

گریگـۆری بـەدەم بزەیـەکی ئاشـتیخوازانەوە ڕووی کـردە ئـەو سـەربازەی کـە بـە چـاوی دژمنـەوە سەیری دەکرد و، گوتی:

– من خۆم لە سوپادا بووم، دەزانم حاڵەکەتان چۆنە.

لیٚ پەڕەی لووتی ئەلکساندەر، کەوتنە لەرینەوە، نیگایەکی دژمنانەی گریگۆری کرد.

گریگۆری و ناتالیا، لە هەمان ژوورا و لەسەر تەختە خەوەکەدا ڕاکشان. سوورەکان، لە تەنیشت یەکەوە و لەسەر ڕایەخەکان درێژ بووبوون و تفەنگەکانیان نابووە ژێر سەریان. ناتالیا خەریك بوو چراکە بکوژێنێتەوە، بەڵام بە توندی پێیان گوت:

– کیٚ پێی گوتی بیکوژێنیتەوە؟ مەیکوژێنەوە، دەتوانی تۆزیٚ کزی بکەیت، بەڵام دەبیٚ تا بەیانی بسووتیٚ.

ناتالیـا، منداڵـەکانی لای پێـی خۆیـەوە خەوانـدبوو. بـە خۆیشـی هـەر بـە جلەکانیـەوە ڕوو لـە دیوارەکە ڕاکشا. گریگۆری لە تەنیشتیەوە پاڵ کەوتبوو و، هەردوو دەستی لە بن سەری نابوون، لە دڵی خۆیدا و، بەدەم دانە چیرێوە، دەیگوت:

– ئەگەر ڕۆیشـتبام، ئێستا لەسـەر ئـەم تەختـە ناتالیایـان فەسات دەکرد و ئارەزووی خۆیـان پـیٚ دادەمرکانەوە، وەکو ئەوەی کە جارەکە لە پۆڵاندا لەگەڵ فرانیایاندا کرد.

یـەکێك لـە سـەربازەکان، سـەری حیکایـەتێکی دامەزرانـدبوو، بـەڵام دەنگێکـی دی کـە بـەگوێی گریگۆری ئاشنابوو، قسەکەی پێبڕی و لە نیمچە تاریکیەکەدا، بە تامەزرۆییەوە دەیگوت:

– ئـاخ! ژیـان بـەبیٚ ژن چـەند ناخۆشـە. خۆزگـە ئێسـتا ژنێکم لەبەردەسـتا دەبـوو. بـەڵام چیبکەم خانەخوێیەکـەمان ئەفسـەرە!... ئەفسـەران ژنـەکانیان بـە قـەرز نادەنـە ئێمـەی سـەربازی چڵمن... گوێت لێیە ئاغا؟

یەکێك لە سەربازەکان کەوتبووە پرخ و هۆڕ. یەکێکی دی پێکەنینێکی خەواڵووی بۆ کرد. بەڵام سەربازە باڵابەرزە قژسوورەکە بە دەنگێکی هەڕەشە ئامیز قسەکەی پێبڕی:

– گویٚ بگرە ئەلکساندەر، زۆرم پێگوتیت، دەچیتە هەر ماڵێك حەیای خۆت و ئێمەش دەبەیت، بە ڕاستی ڕەفتارت پیاوانە نیە، تۆ وەکو سەرسەری و شەقاوە ڕەفتـار دەکەیت. نـاوی سوپای سوور دەزڕێـنی. عەیبـە، هـەر ئێسـتا دەچـم بـۆ لای کومیسـەر یـان فەرمانـدەی سـریە و هـەنگیٚ خـۆت دەبینییەوە.

بێدەنگیەکی وەك بێدەنگی گۆڕستان باڵی بە سەرا کێشان، جگە لە دەنگی کابرای باڵابـەرزی، قژسوور، کە بە هانکەهانك چەکمەکانی لە پیٚ دەکرد، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات. دوای تۆزێك لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی بە توندی لە دوای خۆیەوە داخست.

ناتالیا چیتر خۆی پیٚ زەوت نەکرا، بە دەنگی بەرز کەوتە گریان و هەنسك هەڵدان. گریگۆری بەدەستی لەرزۆك سەر و هەنیەی ئارەقاوی و ڕوخساری لە فرمێسکا هەڵکشاوی نەوازشت دەکرد و بـە دەسـتەکەی دیکـەش سـینگی خـۆی دەخورانـد و قامکـەکانی مەکینـە ئاسـا دوگمـەکانی کراسەکەی بەری دەکردنەوە و دادەخستەوە. بە ئەسپایی گوتی:

– بێدەنگ بە، بێدەنگ بە!

و دەیزانی کە لەم ساتەدا ئامادەیە لە پێناوی پاراستنی گیانی خۆی و گیانی کەسوکارەکەیا، ئامادەیە تەحەمولی هەر دژواری و زیللەتێك بکات.

یەکێکیان دەنکە شقارتەیەکی پێکرد. ڕوخساری ئەلکساندەر کە بە ئاستەم هەستابووە سەر ئانیشك، بە لووتە زل و فسەکەیەوە دەرکەوت، خێرا خێرا مژی لە جگەرەکەی دەدا. لە بن لێوانەوە دەی پرتاند، گریگۆری گوێی هەڵخست، لە نێو پرخ و هۆڕی ئەوانی دییەوە گوێی لێبوو ئاهێکی هەڵکێشا و کەوتە خۆگۆڕین.

دوای چەند دەقیقەیەك چاوەڕوانی سەخت، گریگۆری ئۆخژنێکی لە دڵ و دەروون گەڕا، لە پەنجەرەکەوە گوێی لە دەنگی پێ بوو، لە دڵی خۆیدا دوعای خێری بۆ سەربازە باڵابەرزە قژسوورەکە دەکرد، کە بە دەنگێکی شپرزە و تووڕە دەیگوت:

– ئەم کابرایە بەردەوام لە شەڕ و ئاژاوە دەگەڕێ، داناسەکنێ، شەڕ بە دار و دیوار دەفرۆشێت... هاوڕێ کۆمیسەر، بە دەستیەوە خەریك ماوم، نازانم چی لێبکەم... بەڵایەکە و کەوتوەتە گیانی ئێمە.

دەنگی پێ گەییە بەر هەیوانەکە. دەرگاکە بە تەق و هۆڕ کرایەوە. دەنگێکی گەنجانە فەرمانی دا:

– ئەلکساندەر تورنیکوف، جلەکانت لەبەرکە و خێرا وەرە دەرێ، شەوێ لای من دەبیت و سبەینێ، لەسەر ئەم ڕەفتارانەت کە شایستەی سەربازی سوور نیە، دادگایی دەکرێیت.

نیگای گریگۆری، لە نیگای تیژ و مرۆڤدۆستانەی ئەو کابرایە هەڵەنگوت کە قەمسەڵەیەکی چەرمی لە بەربوو و لە تەنیشت سەربازە باڵابەرزە قژسوورەکەوە وەستابوو. کابرا بە تووڕەیش سەروسیمایەکی گەنجانەی جوانی هەبوو، لێوی نابوونە سەریەك و، تازە سمێڵی بۆرکردبووەوە، بە ڕواڵەت لەڕادەبەدەر تووڕە بوو. بەدەم بزەیەکی کاڵەوە، بە گریگۆری گوت:

– هاوڕێ، وادیارە میوانێکی سەرکێشت هەبووە؟ دەی ئێستا دەتوانن بە دڵنیایی بخەون، سبەینێ بۆتی تەمبێ دەکەین. شەوباش، دەی تورنیکوف با بڕۆین!

دوای ڕۆیشتنی ئەوان، گریگۆری هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا. بەیانی، سەربازە باڵابەرزە قژسوورەکە، کە کرێی مانەوە و خواردنەکەی دەدانێ، بە ئانقەست خۆی کەمێك ماتەڵ کرد و گوتی:

– بەڕێزێنە، نابێ لێمان بگرن. ئەم ئەلکساندەرە، هەر بەینی خۆمان بێ مێشکی پارسەنگی دەوێ، پارەکە لە لۆگانسك، ئاخر خۆی خەڵکی لۆگانسکە، هەندێ لە ئەفسەرانی گاردی سپی بە بەرچاوی خۆیەوە دایکی و خوشکەکەیان گوللەباران کرد. بۆیە وای لێهاتووە... دەی ماڵتان ئاوابێ، مەمنوونم بە دوعا... ئاه! خەریك بوو منالەکان لە بیربکەم!...

خێرا دەستی بە خورجینەکەی خۆیدا کرد و دوو پارچە نوقڵی تۆزاوی قاوەیی دەرهێنا و سەرو دانەی لە دەست نان و مندالەکان زۆریان پێخۆش بوو.

پانتلی پروکوفیچ، بە سۆزەوە دەیڕوانیە نەوەکانی:

– به ڕاستی دیاریەکی باشە! ساڵ و نیویێك دەبێ ڕەنگی شەکروکەمان نەدیتووە!... خوات لەگەڵ هاوڕێ! دەی منداڵینە سوپاسی هاوڕێی بکەن، دەی پولیوشکا، سوپاسی بکە. دەی میلوشکا، هەی خوێڕی، ماتەڵی چیت؟

پاش ئەوەی سەربازە سوورەکە ڕۆیی، پیرەمێرد ڕوویکردە ناتالیا و بە تووڕەیی گوتی:

– ئەوە چیە، هێشتا فێری ئوسولێ نەبووی؟ بەلای کەمەوە دەبوایە کێکێ شتێکی بۆ توێشووی ڕێگا بدایەتێ. دەبوایە چاکەی ئەو پیاوە باشەمان بدایەتەوە.

گریگۆری گوتی:

– ڕاکە! دوای بکەوە!

ناتالیا، شاڵێکی لە سەروملیەوە هاڵاند و ڕایکرد بە دوایا، لەبەر دەرگا چکۆلەکەدا گرتیەوە، لە کاتێکا لە شەرما سوور بووبووەوە، کێکێکی تەپاندە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە کە وەکو بیری بیابانان قووڵ بوو.

"١٧"

دەمەونیوەڕۆ، کەتیبەی شەشی متسنسکی سوپای سوور، بە هەشتاو بە گوندەکەدا تێپەڕی و، چەند ئەسپێکی عەسکەرییان لە هەندێ ماڵە قوزاقاندا برد. لەودیو گردەکەوە ڕمبەی مەترەلۆزان دەهات. پانتلی پروکوفیچ، بە مەزەندەی ئەقڵ گوتی:

– لە دەوروبەری ڕوباری چیر شەڕە.

پیوتەر و گریگوری، دەمەوئێواری، چەند جارێك چوونە ناو حەوشە. لە دەوروبەری دۆنەوە بە ئاستەم ڕمبەی تۆپباران و مرقەمرقی دەستڕێژی ڕەشاش و شەستیر دەهات. (بۆ ئەم کارە دەبوایە گوێ بە ئەرزە سەهۆڵبەندانەکەوە بنەن) پیوتەر، بەدەم هەستانەوە، بەفرە ژیلکەی سەر ئەژنۆکانی پاك کردەوە و گوتی:

– شەڕێکی گەرمە. دەبێ شەڕی نێوان جەنەراڵ گوسل چیکوف و قوازقەکانی گوندوروفسکایا بێت.

ئەوجا، بێهیچ بۆنەیەك گوتی:

– سوورەکان، ئەسپەکانمان دەبەن. گریگۆری ئەسپەکەی تۆ ئەسپێکی باشە، بە زۆریش بێ لێتی دەسەنن.

بەڵام بابی، پێش ئەوان، بیری لەمە کردبووەوە و تەگبیری کردبوو. گریگۆری دەمەو ئێوارێ چوو بۆ تەویلەکە تا ئەسپەکان بەرێت بۆ ئاودان. هەرکە لە دەرگای تەویلەکەوە وەژوورکەوت، سەیری کرد هەردووکیان دەلەنگن. چەند هەنگاوێك ئەسپەکەی خۆی، کە زۆر دەشەلی، برد، پاشان ئەسپەکەی پیوتەریشی، کە ئەویش زۆر دەلەنگی، چەند هەنگاوێك برد. چوو بە دوای براکەیدا و گوتی:

– ئەسپەکان شەل بوون. ئەسپەکەی تۆ دەستی ڕاستی و ئەوەی من دەستی چەپی شەل بووە. هیچ شوێنەوارێکی زام و برینیشیان پێوە نیە...

ئەسپەکان، بە کەساسی لە سەر بەفرەکە و لەبەر تروسکەی ئەرخەوانی ڕەنگی، ستێرانی ئاسمان وەستابوون. نە سمکۆڵانیان دەکرد و نە جووتەیان دەوەشاند. پیوتەر فانۆسێکی هەڵکرد، بەڵام بابی کە لە خەرمانگاکەوە دەهاتەوە. ڕایگرت و گوتی:

– ئەم فانۆسەت بۆ چیە؟

– باوکە ئەسپەکان دەلەنگن. وابزانم ئاسیویان گەیوەتیٚ.

– جا ئەمە کەی مایەی خەمە؟ یان حەزدەکەیت فەلاحێك بێت، زینی بکات و بیبات؟

– ڕاست دەکەیت، بەڵام...

– بە گریشا بڵێ من وام لێکردون، چەکوشێکم هەڵگرت و سەروبزمارم بە ژێر مەچەکی هەر یەکێکیاندا کرد و تا سوورەکان لەم ناوە بمێنن، هەر وا دەبن، دەشەلن.

پیوتەر، سەرێکی لەقاند و بەدەم سمێڵ جووینەوە چوو بە سۆراخی گریگۆرییەوە.

– ئەسپەکان بەرە ژوورەوە. باوکە بە ئانقەست وای لێکردوون کە بلەنگن.

دووربینی پیرەمێرد، ئەسپەکانی ڕزگارکرد. ئەو شەوە، بۆ جاری دووەم گوند پڕبوو لە سەرباز، سواران بە چوار ناڵە کەوتبوونە ناو کوچە و کۆڵانەکان، تۆپخانەیەك، بە تەقەتەق، بە هەوراز و نشێوی جادەکەدا و بەسەر چاڵ و چۆڵی چەرخی گالیسکاندا، تێپەڕی و لە مەیدانی گوندا وەستا. کەتیبەی سیازدەی سوارە شەوێ لە تاتارسکیدا ئۆردوبەزی کرد. خریستونیا هات بۆ دیدەنی میلیخوفەکان. بە چیچکانەوە ڕۆنیشت و جگەرەیەکی پێکرد و پرسی:

– کەستان لەم نامەردانە لە ماڵی خۆ دانەکردووە؟

ئیلی نیچنا، بە ناڕەزاییەوە پرتاندی:

– تا ئێستا خوا پاراستووینی. ئەوانەی جارەکەی دی، ماڵەکەیان پڕکردین، لە بۆن بۆگەنی فەلاحیانەی خۆیان، بۆنی سەگی تۆپیویان لێدەهات، دێهاتیانە!

خریستونیا، دەنگی تەواو نزم کردەوە، بە چپەوە گوتی:

– هاتوونەتە ماڵی من.

بە دەستە گەورەکانی، چاوانی خۆی، کە لە فرمێسکا تەڕ بووبوون، سڕی، سەری، کە بە قەد یەك قازانی عەسکەری دەبوو، لەقاند و سینگی پاك کردەوە و ئاهێکی هەڵکێشا، لەوە دەچوو تەریقی گریانەکەی خۆی بێ. پیوتەر، کە یەکەمجاری بوو خریستونیای بە گریانەوە دەبینی، بە پێکەنینەوە پرسی:

– خریستونیا، ئەوە چیتە، چی ڕوویداوە؟

– ئەسپە ڕەشیان بردم... من هەموو شەڕی ئەڵمانم بە سواری ئەو ئەسپە کرد. شەریکی هەموو مەینەتیەکانم بوو... وەکو بە شەر وابوو، لە بەشەریش ئاقڵتر بوو... ناچاریان کردم بە خۆم بۆیان زین بکەم. یارۆی دێهاتی گوتی: "وەرە زینی بکە، نایەڵێ توخنی بکەوم." پێمگوت: "ئاهـ، ناتوانی زینی بکەیت؟... وا ئەمجارەش من بۆم زین کردیت! خۆ بەردەوام لە گەڵتا نابم تا بۆتی زین بکەم؟ چۆن گرتووتە ئاواش زینی بکە. بە هەرحاڵ زینم کرد. خۆزگە لە بەشەریش چووبا، فیسقە گولەیەکی کورتە باڵابوو، باڵای ناگەییە ناوقەدی من. پێی نەدەگەییە ئاوزەنگیەکە.

**ناچاربوو بچێته سەر قاڵدرمەکان و لەوێوە سواری ببێ... کە ڕۆیی، لە دواوە وەکو منداڵ لە هۆڕژنی گریانم دا. بە ژنەکەمم گوت: "خۆت بینیت، چەن بەم ئەسپەوە ماندوو بووم، ئاوم دا، ئالیکم دا، خزمەتم کرد، من ڕەنجم پێوە دا و ئا ئەوەتا کەسێکی دی..." خریستونیا دیسان، بە هەمان چپە دووی پێشووەوە کەوتە بۆڵەبۆڵ و لەجێی خۆی هەستا: ئیدی چاوم بەرایی نادات تەمەشای ناو تەویلە و حەوشەکە بکەم، کرۆکپ و خامۆش، دەڵێی گۆڕستانە..."**

**– من شانسم هەبوو. سێ ئەسپیان لە ژێرا کوشتم، ئەمەیان چوارەمین ئەسپمە ئەمەیان لێم...**

**گریگۆری، قسەکەی خۆی بڕی و گوێی هەڵخست. لەودیو پەنجەرەکەوە دەنگی خشەخشی پێ لە سەر بەفرەکە دەهات، نەخێر دەنگی ڕینگ و هۆڕی شمشێر و ڕمبان بەرزبووەوە. یەکێك بە دەنگی نزم هاواری کرد: ماڵێ!...**

**پانتلی پروکوفیچ، پەشۆکا، نەیدەزانی چی لە دەستی خۆی بکات و لە کوێیان دابنێ، گوتی:**

**– بەرەو ئێرە دێن، نامەردانە بۆنیان کردووە یان کەسێك ڕێکیشی کردوون...**

**دەنگەکە دووبارەی کردەوە:**

**– ماڵێ، خاوەن ماڵ، کوا وەرە دەرێ!**

**پیوتەر پاڵتۆ فەروەکەی دا بە شانیا و لە ژوور وەدەرکەوت. پیاوێك کە پێش دوو سواری دی کەوتبوو، گوتی:**

**– کوا ئەسپەکانتان؟ بیانهێنە دەرێ.**

**– بە سەرچاو، بەڵام دەلەنگن هاوڕێیان.**

**– چۆن؟ کوا بیانهێنە دەرەوە، مەترسە، هەروا نایانبەین: ئەسپی خۆمانتان بۆ جێدێڵین.**

**پیوتەر، ئەسپەکانی، یەك لە دوای یەك هێنانە دەرێ. یەکێك لە سەربازە سوورەکان، فانۆسەکەی هێنایە پێشەوە و گوتی:**

**– ئەسپێکی دیکەش لە ژوورەوەیە، بۆچی نایهێنیتە دەرێ؟**

**– ئەوە ماینە، ئاوسە، زۆر پیرە، سەدساڵ دەبێ**

**کابرای فانۆس بەدەست، بە تووڕەیی هاواری بەسەرا کرد:**

**– تۆ جارێ زینەکان بێنە با بزانم... ئەوە خۆ ڕاست دەکات، دەلەنگن؟ ئەم ئەسپە قۆتڕانە بۆ کوێ دێنێ؟ بیانبە ژوورەوە!**

**پیوتەر، هەوساری ئەسپەکانی ڕاکێشا و ڕووی خۆی لە تیشکی فانۆسەکە وەرگێڕا، تا بزە پەنهانەکەی سەر لێوی دەر نەکەوێت.**

**– ئەدی زینەکانیان لە کوێیە؟**

**– هاوڕێکانتان ئەم بەیانیە هاتن و بردیان.**

**– قوزاق، تۆ درۆ دەکەی، کێ بردی؟**

**– بە زاتی خوا، خوا ڕووم ڕەش بکات ئەگەر درۆ بکەم، بردیان، کەتیبەی سوارەی منتسنسك کە بەم گوندەدا تێپەڕین، بردیان، هەر زینەکانیان نەبرد، دوو تەوقشیان لەگەڵیا برد.**

ئەو سێ سوارە، بەدەم جنێودانەوە ڕۆییشتن. پیوتەر خۆی بە ژوورا کرد، بۆنی ئارەقە و میزی ئەسپی لێدەهات. لێوە گرژەکانی لێک نابوو و بە کەش و فشەوە، دەستی دا بە شانی خریستونیادا و گوتی:

– تەمەشا، پیاو دەبێ بۆ حاڵی خۆی زیرەك بێ. پێمان گوتن ئەسپەکانمان دەشەلن و زینەکانیشیان بردووین و زینمان نیە... بەڵام تۆ گەوجی گەوج!

ئیلی نیچنا، چراکەی کوژانەوە و بە کوێرە کوێر بەرەو ژوورەکە ڕۆیی تاجێگا ڕابخات و گوتی:

– باشتر وایە بە تاریکی دانیشین، نەبادا لەم میوانە ڕەزا قورسانەمان لێپەیدا بن.

***

ئەو شەوە لە ماڵی ئانیکوشادا، دەعوەت و ئاهەنگ بوو. ئەو گاردە سوورانەی کە لە ماڵی ئەو دامەزرابوون داوایان لێکردبوو کە قوزاقەکانی دەروردراوسێی خۆی دەعوەتی شەراب خواردنەوە بکات. ئیدی ئانیکوشکا هاتبوو، برایانی میلیخوف دەعوەت بکات و بەمجۆرە گەنگەشەی دەگەڵ دەکردن:

– ئێوە دەڵێن سوورن؟ جا چ قەیدیە، با سوور بن، لە کڵێسادا غوسڵی تەعمید کراون یان نا؟ ئەوانیش وەکو ئێمە ڕووسن. باوەڕ بکەن من خۆشم دەوێن، بەزەییم پیاندا دێتەوە. بابایەکی جوولەکەشیان تیایە. من هەقم چییە، ئەویش بەشەرە. ئێمە لە پۆڵەندادا جوولەکەیەکی زۆرمان کوشت... بەڵام ئەمەیان یەك پێك ڤۆدکای بۆ تێکردم. بۆیە جوولەکەم خۆش دەوون... دەی گریگۆری، پیوتەر تۆش، هەستن با بڕۆین! بۆچی مۆڕەم لێدەکەن؟ لە خۆ ناگرن بێنە ماڵەکەم...

گریگۆری، لە هەوەڵەوە ڕەفزی کرد لە گەڵیا بڕوات، بەڵام باوکی، ئامۆژگاری کرد، گوتی:

– بڕۆ، دەنا وا دەزانن خۆت لەوان بە گەورەتر دەگریت. بڕۆ، بوغزن مەبە.

پیوتەر و گریگۆری، لە گەڵ ئانیکوشکادا چوونە حەوشە. هەواکەی خۆشبوو، لەوە دەچوو سبەینێ بیکات بە هەتاو. بۆنی دووکەڵی تەپاڵە دەهات. هەر سێ قوزاق، بەبێ دەنگی ماوەیەك وەستان و ئەوسا کەوتنە ڕێ. داریا لە بەر دەرگای حەوشە خۆی گەیاندنێ. لەبەر تریفەی زەردی مانگەکەدا، کە لە بەینی پەڵە هەورەکانەوە سەرەتاتکێی بوو، برۆ کەوانیە بە وسمەکانی وەکو مەخمەلی ڕەش دەبریسکانەوە.

ئانیکوشکا، بە مینگەمینگەوە گوتی:

– دەیانەوێ ژنەکەم مەست بکەن، بەڵام خەیاڵیان خاوە، ئەو خورمایەی ئەوان خواردویانە، ناوکەکەی لە گیرفانی مندایە... چاوم هەیە، خۆ کوێر نیم.

هێندەی ڤۆدکای خۆماڵی خواردبووەوە، بەلادا هات. بە لارەلار خۆی دا بە پەرژینەکەدا. پێی هەڵنووتا و لە ڕێگاکە لایدا و، کەوتە کۆما بەفرێکەوە.

بەفری شینباو، لە ژێر پێیاندا، خرمەخرم دەشکا. بەفر کلوکلو لە ئاسمانی کەوەییەوە دەهاتە خوارێ. بایەکە پزیسکی جگەرەکانی دەبردن و گێژەلووکەی بە فری بە سەر و چاویاندا دەدا. بەفر وەکو هەڵۆیەکی تیژباڵ، کە بۆ قوویەك دابێتەوە و پەڕەکانی بەرێ بە ئاسماندا، بەو ئاوایە،

بـەدەم سـەماوە، دەهـات و زەوی کرِوکـپ، گوندەکـە و جادەکـان و، دوو ڕیانـەکان و، دەشـت و بیابانەکە و، جێ پێی بەشەران و گیانلەبەرانی پڕدەکردەوە و دادەپۆشی.

ماڵەکەی ئانیکوشکا. یەکپارچە دووکەڵ بوو، پیاو هەناسەی بۆ نەدەدرا. زمانـەی ڕەش و نـووك تیـژی هـیس و تـەنی لـە چراکەوە بـەرزدەبووەوە و ئەوسا دەنیشـتەوە، بـەڵام کـەس لەبـەر چـەرە دووکـەڵی سـیغار هەسـتی پێنـەدەکرد. سـەربازێکی سـوور، لاقـە درێـژەکانی لـێ ڕاکێشـابوو و بـە ئوکوردیۆنەکـەی نـەوای سـەمای سـاراتوڤی لێـدەدا. ژمارەیـەك سـەربازی سـوور، دەگـەڵ ژنـانی دەرودراوسێی ئانیکوشکادا لە سەر تەخت دانیشتبوون. سەربازێکی تەژەی زەلام، کە پانتۆڵێکی خاکی بەرداری لە بەربوو، جووتێ نیو پۆستاڵی مامێز گەورەی لەپێدا بوو، دەتگوت لـە موزەخانـە هێناویـەتی، نەوازشـتی ژنەکـەی ئانیکوشـکای دەکـرد. کـابرا کڵـاو فـەروە کەوەییەکـەی بردبـووە دواوە. ئارەقـە زەنگـۆڵ زەنگـۆڵ، بـە دەموچـاوە ئەسمەرەکەیدا دەهاتـە خـوارەوە. پشـتی ژنەکـەی ئانیکوشکا، خەریك بوو لە ژێر دەستە گەرم و ئارەقاویەکانیا بسووتێ.

ژنەکەی ئانیکوشکا، خەیاڵ بوو، دەمە سوورەکەی تەڕ بوو، هەرچەند حەزی دەکرد لـە یارۆی سەرباز دووربکەوێتەوە، بەڵام هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی. ئاگای لە مێردەکەی و نیگـای تانـە ئامێزی ژنەکانی دیکە هەبوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو، دەست و باسکی بە هێزی کابرا لـە سـەر پشتی خۆی لابدات. پێدەکەنی و وەکو ژنانی مەست بەبێ وێڵی پێدەکەنی.

سـەر مێزەکە پڕبوو لـە گـۆزە ڤودگـای سـەرکراوە. بـۆنی مـەی سەرانسـەری ماڵەکەی پڕکردبـوو. سفرەکە تەڕی تەڕ بووبوو. نایب زابتێکی کەتیبـەی سوارەی سیازدە، لـە ناوەندی ژوورەکەدا، بـە دەم سەماوە، وەکو فرفرۆکە بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و سێ جرتـەکی پێی بە عاردیدا دەدا. جـووتێ چـەکمەی جـوانی لـە سـەر بەلـەك پێچـەکانیەوە لـەپێ کردبـوو و پـانتۆڵێکی مـاهوتی ئەفسەری لە بەربوو. گریگۆری لەبەر دەرگاکەوە لە پۆستاڵ و پانتۆڵەکەی ورد بووەوە و لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "ڕەنگـە ئەفسـەرێکی ڕووت کردبێتـەوە..." ئەوسـا سـەری هـەڵبڕی و ڕوانیـە ڕوخساری کابرا: سەروچاوە ئەسمەرەکەی وەکو کەفەڵی ئەسپی کوێت، لـە ئارەقەدا دەبریقایـەوە. گوێچکەکانی قوت و خڕ، لێوەکانی ئەستوور و شۆڕ. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "جولەکەیـە، بـەڵام چـالاك و چەلەنگە!" تـۆزێ ڤودکـای خۆماڵیـان بـۆ ئـەو و بـۆ پیوتـەر تێکـرد. گریگـۆری بـە پـارێزەوە دەیخـواردەوە، بـەڵام پیوتـەر زوو مەسـت بـوو. دوای سـەعاتێك دەسـتی بـە سـەمایەکی قوزاقیانـە کـرد و بـە پاژنـەی پێیـەکانی گـەرد و تـۆزی لـە ئەرزەکـە هەڵدەسـتاند و بـە دەنگـی نووساوەوە هاواری لە ئوکوردیۆن ژەنەکە دەکرد: "توندتر! توندتر!" گریگۆری لە کەنار مێزەکە دانیشتبوو و بە کاوەخۆ ناوکە کولەکەی دەقرتاند. کابرایەکی ڕەشاشچی درێژ داهۆڵ، خەڵکی سیبریا لە تەنیشتیەوە دانیشتبوو. سیمای منداڵانەی خۆی گرژ دەکرد و بە دەنگێکی نەرم، بە گریگۆری دەگوت:

– کولچاکەکانمان لە کۆڵ کردەوە. ئێستاش نۆرەی کراسنوڤ هـاوڕێی ئێوەیە، ئەویش بە سزای خۆی دەگەیـەنین. ئیدی دوا دواییـەتی و ئەمـە دوا قۆناغـە! دوای ئـەوە دەتـوانن بگەڕێنـەوە سـەر فەلاحـەتی و کشـتوکاڵی خۆتـان. زەوی ئەوەنـدە زۆرە، بەشـی هـەمووان، بـە زیـادەوە دەکـات. زەوی

دەبێ خزمەت بکرێ. زەوی وەکو ژنە، خۆ بە خۆ و بە ئاسانی بۆت ناوەستێ، دەبێ بیگریت. هەر کەسێکیش ڕێگەی ئەمەت لێبگرێت، دەبێ بیکوژیت! ئێمە تەماحمان لە موڵك و ماڵی ئێوە نیە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە و دەمانەوێ یەکسانی هەموو خەڵکیە.

گریگۆری سەری ڕەزامەندی بۆ دەلەقاند و ژێراو ژێریش بەردەوام تەمەشای سوورەکانی دەکرد. هیچ شتێك لە ئارادا نەبوو کە مایەی نیگەرانی بێت. هەر هەمووان چاویان بڕی بووە پیوتەر و بە زەردەخەنەی ستایش ئامیزەوە دەیانڕوانیە ڕەقس و سەما هونەرمەندانەکەی.

یەکێك بە دەنگێکی زوڵاڵی پڕ لە ئافەرین و ستایش، کە لە مەست نەدەچوو، گوتی: "تەمەشا! تەمەشا! ناکەسە، بە ڕاستی جوان دەڕەقسێت، ئەی ئافەرین!"

بەڵام گریگۆری، بە ڕێکەوت، نیگای لە نیگای سەربازێکی سووری قژلوول هەڵەنگوت کە ڕێك بڕی بوویە ئەم. بۆیە لەوە دوا سڵی کردەوە و هیچی دیکەی نەخواردەوە.

ئوکوردیۆن ژەنەکە، کەوتە لێدانی ئاوازی سەمای پولکا. ژنەکان هاڕوژان، یەکێك لە سەربازە سوورەکان، کە پشتی یەکپارچە گەچ بوو، لە مەستیا لا لا مووی دەکرد، داوای لە ژنێکی گەنجی، دراوسێی ماڵی خریستونیا کرد کە لەگەڵیا بڕەقسێت، بەڵام ژنەکە قاییل نەبوو و داوێنی تەنوورە پلیسییەکەی هەڵکرد و بە ناو ژوورەکەدا بەغار چوو بۆ لای گریگۆری و گوتی:

– وەرە سەمام لە گەڵ بکە.

– تاقەتم نیە.

– وەرە گریشا، وەرە گوڵە زێڕینەکەم.

– وازبێنە، تاقەتم نیە.

ژنەی تاین، بەدەم پێکەنینێکی دەستکردەوە سەری قۆڵی ڕاکێشا. گریگۆری بڕۆی وێکهێنانەوە، بەڵام کە بینی ژنە بە گۆشەی چاو بانگی دەکات، هاتە ڕەداو لە جێی خۆی هەستا. دوای دوو نۆرە سەما، سووکە پشوویەك کەوتە سەماکە، ژنەی تاین، دەرفەتی هێنا و سەری نایە سەر شانی گریگۆری و بە دەنگێك کە بە زەحمەت دەبیسترا، گوتی:

– بە تەمان بتکوژن... یەکێك پێی گوتوون کە تۆ ئەفسەریت... تا زووە لێرە بڕۆ...

ئەوجا بە دەنگی بەرز لە سەری ڕۆیی:

– ئاه! سەرم گێژ دەخوات.

گریگۆری، بە سەرو ڕووی خۆشەوە بەرەولای مێزەکە ڕۆیی و پیاڵەیەك ڤۆدگای دیکەی هەڵدا و بە داریای گوت:

– پیوتەر مەستە؟

– تاڕادەیەك. زۆری خواردوەتەوە.

– بیبەرەوە بۆ ماڵ.

داریا دەگەڵ پیوتەرا ڕۆیی، بە هێز و توانای پیاوانەوە دەیگرت و نەیدەهێشت نووچ و لەتر بدات. گریگۆریش دوایان کەوت.

ئانیکوشکا کە سەرخۆش بووبوو، دوای گریگۆری کەوت و دەیگوت:

– بۆ کویٚ دەڕۆن؟ ئاخر بۆ کویٚ دەڕۆن؟ تکات لێدەکەم، دەستت ماچ دەکەم!

بەڵام گریگۆری مۆڕەیەکی ئەوتۆی لێکرد، کە ناچار دەستی بڵاوکردنەوە و پاشەوپاش و بەدەم لەتردانەوە گەڕایەوە. گریگۆری لە بەر دەرگاکەدا، کڵاوەکەی بۆ هەڵتەکاندن:

– خوا عافیز، لە هەمووڵایەك! سوپاس بۆ دەعوەتەکەت.

سەربازە سوورە، قژ لوولەکە، شانەکانی هەڵتەکاند، پشتێنەکەی توند کردەوە و لە دوای گریگۆرییەوە دەرچوو. لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگادا، سەری نایە پەنا گوێی گریگۆری و ڕوانیە چاوە گەش و بێباکەکانی و قۆڵی پاڵتۆکەی گرت و گوتی:

– بۆ کویٚ دەڕۆیت؟

گریگۆری، بێئەوەی بوەستیٚ، لە کاتێکا ئەوی لە گەڵ خۆیدا بکێش دەکرد گوتی:

– دەڕۆمەوە بۆ ماڵ.

بە کەیف خۆشییەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: "نا، خەیاڵت خاوە بە زندوویەتی بمگریت."

سەربازە سوورەکە، بە دەستی چەپ ئانیشکی گریگۆری گرتبوو و شان بە شانی ئەو، بە هانکەهانك ڕێی دەکرد. لە بەر دەرگا وەستان. گریگۆری گوێی لە جیڕەی دەرگاکە بوو کە لە دوایانەوە داخرا. لەم ساتەدا یارۆی سەربازی سوور، دەستی بۆ لاقەدی خۆی برد، بە قامکان کەوتە کردنەوەی تەرەقەی کیفی دەمانچەکەی. گریگۆری لەم دەمەدا چاوی بە نیگای تیژی یارۆ کەوت کە وەکو دەمی شمشێر دەبریسکایەوە و ڕاستەوخۆی بڕی بوویە ئەو. لە ناکاوا خۆی ڕاپسکاند، مەچەکی دەستی ئەوی، کە کیفی دەمانچەکەی کردبووەوە، توند گرت و باسکی کابرای بەسەر شانی خۆیا برد و ئەوسا دانەویەوە و تا هێزی تیابوو، کابرای زلحۆرتی هەڵدا و کەوت بە عاردیدا و گوێی لە قرچەی ئانیشکی بوو. کە شکا، سەری بە قژە سوور و لوولەکەیەوە، کە لە سەری بەرخ دەچوو، چوو بە کۆما بەفرێکدا.

گریگۆری، بە ماتەمات، بە پەنا پەرژینەکاندا و بەلا ڕێدا، بەرەو ڕوباری دۆن پێی وەغارێوەنا. بە نشێوەکەدا داگەڕا... لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "خوابکات لەم پێشەوە پۆستی نیگابانیان نەبیٚ، ئیدی..." ئەوسا هەڵوەستەیەکی کرد. ئێستا، حەوشی ماڵەکەی ئانیکوشکا لە دوایەوە بوو. گوێی لە تەقەیەك بوو، فیشەکەکە بە گیز و هۆڕ بە لایا تێپەڕی. نەخێر چەند فیشەکێکی دیکەشی بە دوادا هات. گریگۆری دەبوایە بە نشێوەکەدا داگەڕیٚ و بە سەر سەهۆڵەکەدا خۆی بگەیەنێتە کەناری ئەوبەری دۆن. کاتیٚ کە لە ناوەڕاستی ڕوبارەکەدا بوو، گوللەیەك بە گیز و هۆڕ هات و لە تەنیشت ئەوا، بەر سەهۆڵەکە کەوت و پڕوشە سەهۆڵ چوو بە ئاسمانا و سارد و تەزی بە سەر و ملیا چزان. پاش ئەوەی لە ڕوبارەکە پەڕییەوە، سەری وەرگێڕا. فیشەك هێشتا وەکو قامچی دەستی ئەسپەوان، شریق و هۆڕی بوو. بەڵام زۆر دڵی بە ڕزگاربوونەکەی خۆش نەبوو. بگرە هەندێك نیگەرانیش بوو. جارێکی دیکەش وەستا و لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەتگوت تەقە لە نێچیر دەکەن! دوام ناکەون، دەترسن بێنە ناو جەنگەڵەکە... بەڵام باش دەستیم شکاند، بە عەمراتی لە بیری ناچێتەوە. بە خەیاڵی خاوی خۆی وا دەزانیٚ دەتوانیٚ قوزاقێکی بیٚ چەك بگرێت!"

ڕووی کردە گیشە گیایە زستانیەکان، بەڵام بۆ ڕێ گومکێ لە گیشە گیایەکان دوورکەوتەوە، وەکو کەروێشکێك بۆ چەشە ڕۆیی بێ، جێ پێیەکانی تێکەڵ و پێکەڵ کرد. لێرا شەوێ لە ناو گیشەیەك زەلی وشکدا بگوزەرێنێ. لە سەرەوە کەوتە هەڵکۆڵینی گیشەکە. سمۆرەیەك لە ژێر پێیەوە دەرپەڕی. گیشەکەی تەواو هەڵکولی، تا سەر چووە ناو گیشە زەلە بۆگنخەکەوە. ئارامی گرت، موچڕکەیەکی پێدا هات. بیری لە هیچ نەدەکردەوە. بەڵام شتێکی تیژتێپەڕ بە مێشکیا هات: "باشە سبەینێ ئەسپەکەم زین بکەم و بە جەبهەکەدا تێپەڕم و خۆم بگەیەنمە جماعەتەکەمان؟" هیچ وەڵامێکی ئەم پرسیارە گزوگومەتەی (کوت و پڕ، لە ناکاو) نەدۆزییەوە و خۆی مت کرد.

دەمەوبەیانی، هەستی بە سەرما کرد. ڕوانیە دەرێ. ڕوناکی و تیشکی بەرەبەیان، بەسەر سەریەوە، چریسکە چریسك، وەکو ئەوەی وردە شەپۆل بدات، دەدرەوشایەوە. قوڵایی ئاسمانی شین، وەکو ڕوباری دۆن، دادەگەڕا و بە ستێنی خۆی دەنواند: ئاسمانی نیلی تەم گرتەی سپێدە لە سەرەوە، وەك بە بار ئەستێرەی پێ وەرکرابێ، زەرد زەرد پرشنگی دەدا.

"١٨"

بەرەی شەڕ و کوشتار لە گوندی تاتارسکی دوورکەوتەوە. هەرا و هەنگامەی شەڕ بڕایەوە و خامۆش بوو. لە دوا ڕۆژی پێش ڕۆیشتنی سەربازەکانا، ڕەشاشچیانی کەتیبەی سوارەی سیازدە، گرامافۆنەکەی مۆخۆف – یان لە سەر خزاگێکی پانی ئۆکرانیدا دابەست و ماوەیەکی زۆر ئەسپەکانیان بە کوچە و کۆڵانەکانی گوندا تاودا، ئەمما تاودان، سەراپای ئەسپەکان لە ئارەقەدا هەڵکشابوو. گرامافۆنەکە کەوتبووە قرخە قرخ و پڕیشکە بەفر لە ژێر سمی ئەسپەکانەوە دەردەپەڕی و دەکەوت بە بڵندگۆی گرامافۆنەکەدا. یەکێك لە ڕەشاشچیەکان کە کڵاوێکی فەرووی سیبریایی گوێچکە درێژی لە سەر کردبوو، بە کاوەخۆ بڵندگۆیەکەی پاك دەکردەوە، لێهاتووانە و بە جۆرێ دەسکی گرامافۆنەکەی دەسوڕاند، لە تۆ وایە دەسکی ڕەشاشەکەی خۆی وەردەچەرخێنێ. منداڵان وەکو پۆلە چۆلەکەی بۆربەو، بە دوی خزاگەکەدا غاریان دەدا، خۆیان بە قەراخەکانیەوە هەڵدەواسی و هاواریان دەکرد: " هاپۆ گیان، ئەوەکەی بخەسەر، ئەوەی کە فیکە دەکێشێت! دەی هاپۆ گیان، هەر ئەمجارە!" دوو منداڵی بە شانس تر لەوانی دی لەسەر ئەژنۆی یارۆی ڕەشاشچی دانیشتبوون، کە لە بادانی دەسکی گرامافۆنەکە دەبووەوە، بەکاوەخۆ، لووتی بچووکترەکەیانی، کە لە سەرما و لە خۆشیا چڵمەکەی شۆڕ بووبووەوە، بە دەستکێشەکەی جوان جوان دەسڕی.

دەنگوباس وابوو کە شەڕ لە دەوروبەری ئوست – مچتکایە. ناوبە ناو قافڵەی ئەو عەرەبانانەی کە ئازووقە و تەقەمەنیان بۆ سوپای هەشت و نۆی سوورەکانی بەرەی باشوور دەبرد، بە گوندی تاتارسکیدا تێدەپەڕی.

دوای ڕۆیشتنی سەربازانی سوور، پەیك کەوتە ناو گوند و یەك بە یەکی قوزاقانیان ئاگادارکردەوە کە ئامادەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی گوند بن. ئانتیپی کوڕی ئادفیچی ناسراو بە "درۆزن" گوتی:

– بۆ ئەمەیە کە ئەتامان کراسنوف هەڵبژێرین!

پانتلی پروکوفیچ پرسی:

– ڕێگەمان دەدەن بە خۆمان ئەتامان هەڵبژێرین یان لە سەرەوە یەکێك دادەنەن و تەواو؟

– با بزانین.

گریگۆری و پیوتەر چوون بۆ کۆبوونەوەکەی گوند. هەموو گەنجەکان لەوێ بوون. بەڵام پیرەمێردەکان جگە لە ئاڤدیچە درۆزن، شتاقیان نەهاتبوون، کۆمەڵێك دەوری ئاڤدیچیان دابوو و پێی پێدەکەنین کە بۆی دەگێڕانەوە، گوایە شەوێ کومیسەرێکی سوور لە ماڵیان بووە و پێشنیازی بۆ کردووە کە پۆستێکی گەورە، پۆستی فەرماندەیی وەربگرێت.

– یارۆ پێی گوتم: "من نەمدەزانی کە تۆ لە سوپای جاراندا، عەریف بوویت، جا گیانە کە مەسەلەکە وایە زۆر حەزدەکەم پۆستێك، شتێك وەربگریت..."

میشکا کوشیڤوی، بە تەوسەوە گوتی:

– پۆستی چی؟ مەگەر بتکەن بە سەرۆکی موڕاسیلان؟

هەندێکی دیکە گوتیان:

– دەتکەن بە بەرپرسی ماینەکەی کۆمیسەر، بۆ شۆردنی ژێر کلکی!

– لەوەش زیاتر.

– ها! ها!

– ئاڤدیچ گوێ بگرە! کومیسەر ویستویەتی بتبات بۆ بەشی کارگوزاری، ئیدارەی گشتی ئامادەکردنی خوێ.

– نا، ئێوە نایزانن. کومیسەر بە قسەوە خافڵاندوویەتی و موراسیلەکەی کۆمیسەر، خەریکی ژنەکەی ئاڤدیچ بووە. ئیدی ئاڤدیچ، هێندە بە دڵ و داو گوێی بۆ ئەو قسانە شل کردووە کە ئیدی بیری چووە تەنانەت چڵمەکەشی بسڕێت...

ئاڤدیچ، لە ناکاوا، بە چاوانی ئەبڵەقەوە ڕوانیە هەموو ئامادەبووان و تفەکەی قووت دا و گوتی:

– ئەوە کێ بوو ئەو قسەیەی کرد؟

یەکێك لە دواوە، بێباکانە گوتی:

– من بووم!

ئاڤدیچ گوتی: "توخوا کەس تا ئێستا قەحپەدایکی وای دیتووە؟"

ئەوجا چاوی بە هەر چوار دەوری خۆیدا گێرا، بۆ پشتیوانی خەڵکەکە دەگەڕا، خەڵکەکەش بە لێشاو پشتیوانیان لێکرد:

– من هەمیشە گوتوومە، شتێکی پیسە.

– هەر بە بنەماڵە وان، لەوچە و خوێڕین.

ئاڤدیچ گوتی:

– ئەگەر گەنجتر دەبووم...

گۆناکانی ئاڤدیچ، وەکو هەڵوژەی سوور، سوورهەڵگەڕان و لە سەری ڕۆیی:

– ئەگەر گەنجتر دەبووم، پێم نیشان دەدایت... ئەوەندە دەمت پیسە دەڵێی ئۆکرانیت، هەتیوەی قوون زل!

– بۆچی پەلاماری نادەیت ئافدیچ؟ خۆ لە چاو تۆیا بەقەد فڕوجێکە.

– ئافدیچ، ماوەیەکە بێتاقەتە...

– دەترسیت، ناوکی بکەویٚ...

ئاڤدیچ، بە ویقار و سەنگینییەوە دوورکەوتەوە و ئامادەبووان لە قاقای پێکەنینیان دا.

قوزاقەکان، بڕبڕ لە مەیدانی گوندا کۆبووبوونەوە. گریگۆری، دەمیٚ بوو میشکا کوشیڤۆی نەبینی بوو، کە لە ناو ئاپۆڕەکەدا بینی، چوو بۆ لای:

– سڵاو پایزە برا.

– سڵاو.

گریگۆری، بەدەم زەردەخەنەوە دەستی میشکای گوشی و چاوی بڕینە دوڕ چاوە شینەکانی میشکا و گوتی:

– لە کویٚ بووی؟ لە سایەی بەیداخی کێدا شەڕت دەکرد؟

میشکا بەرسڤی دایەوە:

– ئۆ... کاکەگیان، من یەکێك بووم لە هێزی یەدەك، هەوەڵجار ناردیانم بۆ پاسەوانی ڕەوکە ئەسپان. پاشان بە سەربازی ناردیانم بۆ بەرەی کالاچ. جا لە کویٚ نەبووم. ئیدی بە هەزار حاڵ توانیم هەڵێم و خۆم بگەیەنمەوە ماڵ. کە لە شەڕگە بووم، دەمویست پەیوەندی بە سوورەکانەوە بکەم، بەڵام چاودێرییەکی وایان خستبووە سەرم کە هیچ دایکێك چاودێری وا ناخاتە سەر کیژە عازەبەکەی. دوایی چەند ڕۆژێك لەمەپێش، ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە چەك و ئەسلەحەی تەواوەوە، حازر و ئامادە هات بۆ لام و گوتی: "خێرا، تفەنگەکەت ئامادەبکە، دەمانەویٚ بڕۆین" من تازە هاتبوومەوە. لێم پرسی: "خۆ بە تەمای هەڵاتن نیت؟" شانەکانی هەڵتەکاند و گوتی: "ناچارم، ئەتامان لە دووی ناردووم. من کاتی خۆی لە ئاشەکەی ئەوانا کارم دەکرد و دەمناسن." خوا حافیزی لە من کرد و ڕۆیی. وام وێنا دەکرد بە ڕاستی دەیەویٚ بڕوات. کەچی بۆ ڕۆژی پاشی، کە کەتیبەی مستنسکی سوورەکان خۆی بە گوندا کرد، سەیرم کرد لە گەڵ ئەواندایە... ئا ئەوەتا، ئەهای ئیڤان ئالیکسییوفیچ!

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لەگەڵ داڤیدکای ئاردبێژا هات بۆلایان. داڤیدکا، بە کوڵ پێدەکەنی و ددانەکانی وەکو مرواری دەدرەوشانەوە. ئیڤان، بە قامکە ڕەقەکانی کە بۆنی ڕۆن و گریسیان لێدەهات، دەستی گریگۆری گوشی و تەقەیەکی لە زمانیەوە دەرهێنا و گوتی:

– گریشا، چۆنە لێرە مایتەوە و نەڕۆیشتووی؟

– ئەدی خۆت؟

– من... ئاخر من جیام.

گریگۆری گوتی:

– مەبەست ئەوەیە کە من ئەفسەرم؟ ئیدی ڕسکم کرد و مامەوە. دوێنێ خەریك بوو بکوژرێم. کە دووم کەوتن و تەقەیان لێکردم، ژێوان بووم لەوەی کە نەڕۆیی بووم. بەڵام ئێستا پەشیمان نیم.

– بۆچی لێیان هەڵپێچابووی؟ سەربازی کەتیبەی سیازدەبوون؟

– بەڵێ. لە ماڵی ئانیکوشادا شەوبێرییان هەبوو. ئیدی یەکێك پێی گوتبوون، کە من ئەفسەر بووم. بەڵام هەقیان بەسەر پیوتەرەوە نەبوو... بەڵام من... لە سەر کەتافیەکانم... ئیدی هەڵاتم، چووم بۆ ئەوبەری دۆن. بەڵام پێش ئەوەی هەڵێم، دەستی یەکێکیانم، کە قژێکی لوولی هەبوو، شکاند... ئیدی چووبوون بۆ ماڵەکەم، دار و نەداریان بردبووم، جلەکانم، پانتۆڵ، پاڵتۆ، هەموویان تاڵان کردبوو، گسکیان لە ماڵەکەم دابوو... ئێستا تەنیا خاوەنی ئەم جلانەم کە لە بەرمان.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم بزەیەکی تاڵەوە گوتی:

– دەبوایە پێش مەسەلەکەی پودتلیکوف پەیوەندیمان بە سوورەکانەوە بکردایە... ئێستا بۆ خۆمان سەرمان سووك دەبوو.

ئەوسا جگەرەیەکی پێکرد.

مەیدانەکە سات بە سات قەرەباڵغ تر دەبوو. کۆبوونەوەکە دەستی پێکرد، ئەفسەرێکی هاوڕێی فومین، بە ناوی لاپچنکوف کە لە ڤیشنسکاوە هاتبوو، کۆبوونەوەکەی کردەوە:

– هاوڕێیانی قوزاق! حکومەت و دەسەڵاتی سوڤیاتی لە ناوچەکەمانا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە. بۆیە پێویستە دام و دەزگایەکی ئیداری دابمەزرێنین، واتە کۆمیتەیەکی جێبەجێکاری، سەرۆکێك و جێگری سەرۆکێك هەڵبژێرین. ئەمە داوای یەکەممانە. دوای ئەمەش فەرمانێکی ئەنجوومەنی هەرێمم بۆ هێناون، کە دەبێ هەرچی چەکی گەرم و سارد هەیە ڕادەستی بکەن.

یەکێك لە دوای دواوە، بە تەشەرەوە گوتی:

– جوانە!

بێدەنگیەکی دوور و درێژ باڵی بە سەرا کێشان.

– هاوڕێیان، ئەمە تەشەرێکی بە ڕاستی نابەجێ بوو.

لاپچنکوف، دوای ئەو قسەیە، قەدی ڕاست کردەوە و کڵاوە فەروەکەی لە سەر مێزەکە دانا و لە سەری ڕۆیی:

– دیارە، دەبێ چەکەکانتان تەسلیم بکەن، چونکە لە ژیانی ڕۆژانەتاندا پێویستتان پێی نابێت. خۆ ئەگەر هەرکەسێك بیەوێ، بەرگری لە حکومەتی سۆڤیاتی بکات. حکومەت خۆی چەکی دەداتێ. دەبێ لە زەرفی سێ دانە ڕۆژدا هەموو تفەنگەکانتان ڕادەست بکەن. جا ئێستا دێینە سەر هەڵبژاردنەکە. جا من ئێستا داوا لە سەرۆك دەکەم، کە فەرمانەکە، بە هەر هەمووتان ڕابگەیەنێ و پێویستە مۆرەکە و دارایی ئەنجوومەنی گوند، لە ئەتامان وەربگرێت.

– چما ئەوان ئەم چەکانەیان داوینەتێ تا ئێستا لێمانی بسەننەوە؟

خاوەنی ئەو پرسیارە، هێشتا ڕستەکەی تەواو نەکردبوو کە هەموو ئاوڕیان لێدایەوە. سەیریان کرد زاخارکورولیوفە. خریستونیا، بە سادەیی لێی پرسی:

– چەکت بۆ چیە؟

– نامەوێ، پێویستم پێی نیە. بەڵام کە ڕێگای سوپای سوورمان دا بێتە ناوچەکەمانەوە و بە خاکی ئێمەدا تێپەڕن، قەرارمان وانەبوو کە بێن داماڵە خاس چەکمان بکەن.

– ئەمە ڕاستە!

– فومین، بە خۆی لە میتینگەکەدا وای گوت.

– ئێمە بە پارەی خۆمان شمشێرانمان کڕیوە.

– من لە شەڕی ئەڵمانەوە بە تفەنگەکەمەوە هاتوومەتەوە، ماقوولە، ئێستا بەو ئاسانیە دەستبەرداری بم؟

– پێیان بڵێ کە چەکەکانمان تەسلیم ناکەین.

– نیازیان وایە قوزاقان تاڵان بکەن. ئاخر بەبێ چەك چین؟ دەتوانین چی بکەین؟ من بەبێ چەك وەکو ژنی بێ تەنوورەم... ڕووت و وقووتم.

– چەك نادەین.

میشکا کوشیڤوی، بە حورمەتەوە، داوای قسەکردنی کرد.

– هاوڕێیان، بە یارمەتی خۆتان. من پێم سەیرە ئێوە ئەو جۆرە قسانە دەکەن. ئایا لە ناوچەکەدا شەڕ هەیە یان نیە؟

– شەڕ هەبێ یان نەبێ چ فەرقێ دەکات؟

– ئەگەر شەڕی هەبێ، پێویست بە گەنگەشە ناکات. دەبێ چەکەکانتان ڕادەست بکەن! مەگەر خۆمان، کاتێ کە دێهاتی ئۆکرانیەکانمان گرت، هەمان کارمان لە گەڵدا نەکردن، چەکمان نەکردن؟

لاپچنکوف، دەستێکی بە کڵاوە فەروەکەی خۆیدا هێنا، ساف کرد و وەك بڵێی قسەکانی میشکا دووپات بکاتەوە، گوتی:

– هەرکەسێك لە زەرفی سێ دانە ڕۆژا چەکەکەی تەسلیم نەکات، دەدرێتە دادگای شۆڕش و وەکو دژە شۆڕشێك گوللەباران دەکرێت.

دوای یەك دەقیقە بێدەنگی، تومیلین، بە دەنگێکی کەرخ، بەدەم کۆکە کۆکەوە گوتی:

– با دەست بە هەڵبژاردنی سەرۆك بکەین.

نزیکەی دە دوازدە کەسێك کاندید کران. گەنجێك هاواری کرد: "ئاڤدیچ!" بەڵام شوخیەکەی هیچ دەنگدانەوەیەکی پەیدا نەکرد.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کاندیدی یەکەم بوو و، بە تێکڕای دەنگ هەڵبژێردرا.

پیوتەر میلیخوف، پێشنیازی کرد:

– گرینگ ئەمە بوو، ئیدی چ پیویست بە دەنگدان ناکات.

ئامادەبوان، تێکڕا پشتیوانیان لە پێشنیازەکەی کرد و بەبێ دەنگدان میشکا کوشیڤوی، بە جێگری سەرۆك دانرا. برایانی میلیخوف و خریستونیا، کە دوای کۆبوونەوەکە بۆ ماڵ

دەگەڕانەوە، لە نیوەی ڕێگادا تووشی ئانیکوشکا بوون کە تفەنگ و تاقمەکەی لە بەرانپیلەکەی ژنەکەیەوە پێچابوو و نابوویە بن هەنگڵی و دەیهێنا. کە ئەوانی بینی تەریق بووەوە و خۆی بە کۆڵانێکی لاوەکیدا کرد. پیوتەر تەمەشای گریگۆری و گریگۆری تەماشای خریستونیای کرد و، هەرسێکیان لە قاقای پێکەنینیان دا.

"١٩"

بای ڕۆژهەڵات وەکو قوزاقان پانتایی پێدەشتەکەی تەی دەکرد. بەفر هەموو ئاودڕ و دۆڵەکانی پڕ کردبووەوە. نە جادە دیاربوو نە کوێرە ڕێگایان. هەموو شوێنێك تا چاو بڕدەکات، دەشتێکی سپی و ڕووتە و بایەکە ساف کردووە. لە تۆ وایە دەشتەکە مردووە و جوڵەی لە بەر بڕاوە. جارجارێك، قەلەڕەشێکی پیر، بە ئەندازەی پیری پێدەشتەکە ناو بە ناو بە بەرزییەوە بەسەر بەفرەکەدا بەدەم فڕینەوە، بێدەنگی دەشتەکە دەشڵەقێنێ و قڕەیەکی گلەیی ئامێز دەکات. بایەکە دەنگەکەی لە گەڵ خۆیدا دەبات و بۆ ماوەیەکی زۆر بە خەمباری لە پێدەشتەکەدا دەنگ دەداتەوە لە تۆ وایە ژێی نزمی کەمانچەیەکە کە لە ناکاوا، لە بێدەنگی شەوەکەدا، دەستیان پێدا هێنابێ.

بەڵام دەشتەکە، لە ژێرەوە، لە ژێر بەفرەکەدا زندووە، لەوێدا لە ژێر خەتە جووتە زیوئاساکانەوە کە بەفر دای پۆشیون، کە زەوی کێڵراو، لە پایزەوە ئامادەکراوە، لەوێدا گەنمی زستانە، لە ژێر سەهۆڵبەنداندا، مت بووە و چنگی لە خاك گیرکردووە و بە ئامان زامان بەری نادات. لەوێدا چەکەرەی سەوزی مەخمەلی گەنم کە لە ناو فرمێسکی وردی ئاونگی سەهۆڵبەنداندا نقوم بووە، خۆی بە خاکی ڕەشی فشەڵەوە دەچەسپێنێ و بە خوێنی ڕەشی ژیانبەخشی ئەو دەژی و چاوەڕوانی بەهار و هەتاوە تا سەر بەرز بکاتەوە و توێژاڵی ئەڵماس ئاسای بەفری تەنکی و وەکو داوی جاڵجاڵۆکە بدڕێت و لە مانگی ئایاردا بە وزەیەکی سەرکێشەوە، سەوز ببێت. هەرکاتێ، وەرز و وەختی خۆی بێ، سەر دەردێنێ، هەنگێ، هەوێردان لە هەمێزیا بە شەڕدێن، کڵاوکوڕەی بەهاران، بەدەم باڵەفڕەوە، بە سەریەوە دەخوێنن: هەتاو غەرقی دەکات، با ڕایدەژەنێ، دەیهەژێنێ، تا ئەو کاتەی گوڵە قورس و پڕ بەرەکانی، لە ژێر ڕێژنەی باران و شەپۆلی بادا، قورس دەبێ، پێدەگات و لە ژێر جەزرەبەی داسی خاوەنەکەیا بەلادا دەکەوێ و خاکیانە ڕادەستی جەنجەڕ دەبێت.

سەرانسەری خاکی دۆن، لە ژیانێکی کپوکپ و، پەنهان و داخراودا بوو. چاوەڕوانی ڕۆژانی تاریك دەکرا. ئەگەری بویەر و ڕووداوێن گەورە لە ئارادا بوو. لە دۆنی سەرووەوە، بە درێژایی ڕوبارانی چیروتسوتسکان و خوپر و ڤیلانکا، لە ڕەخێن ئەو ڕوبارە بچووك و گەورانەی کە بە گوند و دێهاتانی قوزاق نشیندا تێدەپەڕن، مقۆمقۆ و دەنگۆیەکی ناخۆش دەماودەم بڵاودەبێتەوە. دەیانگوت ئەوەی زۆر ترسناکە و مایەی نیگەرانیە، شەڕ و شەڕگە نیە، کە وەکو لافاو هات و لە ڕوباری دۆنتسدا گیرسایەوە. ئەوەی مایەی ترس و نیگەرانیە لیژنەێن نائاسایی و ئاوارتە و دادگاێن عەسکەریە. دەنگۆ بڵاوبوو کە ئەم لیژنە و دادگایانە، بەم زووانە دەگەنە شار و شارۆچکە و ناوچە قوزاق نشینەکان و حاڵی حازر ئەم دادگایانە لە میگولینسکایا و

کازانسکایادا دەست بەکارن و حوکمی ناڕەوا و نایاسایی دژی ئەو قوزاقانە دەردەکەن کە لەگەڵ سپییەکاندابوون. ئەمەش کە خەڵکی دۆنی ژووروو بە خوایشتی خۆیان شەڕگەیان چۆڵکردووە، هیچ شەفاعەتێکی بۆ نەکردوون و دادگاییەکە بە شێوەیەکی زۆر سادە و لامسەرلایی ئەنجام دەدرێت: تۆمەت، چەند پرسیارێکی کەم، حوکمی دادگا و پاشان گوللەباران کردن بە ڕەشاش. دەگوترێ، کە قوزاقێکی زۆر لە کازانسکایا و شومی لینسکایا، بەبێ هیچ ڕێوڕەسمێکی مەزەبی، بێئەوەی کەشیشێك ئامادەبێت، کوژراون... و جەنازەکانیان بە بێ حورمەتی لەو دەشت و دەرە، لە نێو پوش و گیایاندا فڕێ دراون. بەڵام کۆنە سەربازانی شەڕگە، گاڵتەیان بەم دەنگۆیانە دەهات، دەیانگوت: "درۆیە! پڕوپاگەندەی ئەفسەرەکانە! دەمێکە کادیتەکان، بەم درۆ و دەلەسانە، دەمانترسێنن و دەیانەوێ سوپای سوورمان لێبکەن بە دڕندە..."

خەڵکی تیا مابوون، هەندێ باوەڕیان دەکرد و هەندێکی دی باوەڕیان نەدەکرد. ئیدی ئەم دەنگۆیانە زیاتر لە گوندەکانا بڵاوبوو! ئەوانەی کە ترسنۆك بوون هەڵاتن و خۆیان گەیاندە سپییەکان. ئەوانەی دیکەش، کە شەڕەکان دوور کەوتنەوە، شەو تا بە یانی نەدەخەوتن، خەویان نەبوو: سەرینەکانی ژێر سەریان زۆر گەرم و جێگاکانیان زۆر ڕەق بوو، نەوازشتی ژنە ئازیزەکانیان بێسوود بوو، ئارامی بە دەروونیان نەدەبەخشی. هەندێ کەس ژێوان بوون لەوەی کە بۆ ئەوبەری دۆن هەڵنەهاتبوون، بەڵام لە دووی چوان مەچۆ، فرمێسکێك ڕژا هەڵناگیرێتەوە.

قوزاقانی گوندی تاتارسکی، لە کۆڵانەکاندا خڕدەبوونەوە و دەنگ و باس و هەواڵانیان بە یەکدی دەگەیاند و پاشان دەچوون بۆ ئەم یان ئەو ماڵ و کۆڕیان دادەمەزراند و دەستیان بە خواردنەوەی ڤودگای خۆماڵی دەکرد. گوند ژیانێکی ئارام و تاڵی هەبوو. کەمێك دوای چلەی ڕۆژوو، تەنیا زەنگوڵەی یەك زەماوەند لە گوندا زرینگایەوە: میشکا کوشیڤوی، خوشکەکەی بە مێرددا. دەرودراوسێ، بە ڕق و تەوسەوە باسی ئەم زەماوەندەیان دەکرد:

– کەی وەختی ئەم زەماوەندە بوو، وەختی لەمە باشتریان نەدۆزیەوە!... دیارە زەماوەندی ناچاریە!

ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکە، هەموو خەڵکی چەکەکانیان تەحویل دا. بەرهەیوان و ڕاڕاوە گەرم و نەرمەکانی ماڵەکەی موخوف کە بووبوو بە بارەگای کۆمیتەی شۆڕش، پڕ بوو لە چەك. پیوتەر میلیخوف، وەکو خەڵکەکەی دی تفەنگەکەی خۆی و ئەوەی گریگۆری برای و دوو دەمانچە و شمشێرێکی تەسلیم کرد. جووتە برا، دەمانچە ئەفسەریەکانیان ڕادەست نەکرد، تەنیا ئەو چەکانەیان تەحوێڵ دا کە لە شەڕگەی ئەڵمانیا هێنابوویانەوە.

پیوتەر، کە بارەکەی خۆی گەیاندبووە جێ، بارسووك و سەر سەلامەت بۆ ماڵ گەڕایەوە. گریگۆری لە ژوورەوە بینی کە قوڵی تا ئانیشك هەڵماڵی بوو سەرگەرمی پاککردنەوە و چەورکردنی بەشە ژەنگاویەکانی دوو تفەنگ بوو. تفەنگەکانی بە سۆپاکەوە هەڵپەساردبوو. پیوتەر لە سەرسامیدا حەپەسا و پرسی:

– ئەمانەت لە کوێ پەیدا کردووە؟

– کاتی خۆی، باوکە کە هاتبوو بۆ ڤیلونوڤۆ، بۆ لای من، لە گەڵ خۆیدا هێنابوونی.

چاوانی گریگۆری دەبریسکانەوە. دەستە نەوتاویەکانی نانە کەللەکەی و لە ناکاوا، لە قاقای پێکەنینی دا. پاشان بە هەمان ناگەهانی لە پێکەنین وەستا و، وەکو گورگ دانەکانی دەرخست و گوتی:

– ئەم تفەنگانە هیچ نین. دەزانی ( هەرچەندە کەسی بێگانە لە ماڵەکەدا نەبوو بە ئەسپایی گوتی) : باوکە، ئەمڕۆ پێی گوتم کە ڕەشاشێکیشی هەیە.

– نا. درۆ دەکەیت! ئاخر لە کوێی بوو؟ بە کەڵکی چی دێت؟

– دەڵێت، کە بە کیسەیەك ماست، لە هەندێ قوزاقی ماموری گوێزانەوەی بار و بنەی وەرگرتووە، بەڵام پێموایە ئەم پیری ناجسنە درۆ دەکات. دڵنیام کە دزیویەتی. وەکو گوخلێنە هەرچیەکی بێتە ڕێ بیتوانێ یان نەیتوانێ هەڵیدەگرێت. بە چپە پێی گوتم: "ڕەشاشێکم لە خەرمانگاکەدا، لە چاڵ ناوە. فەنەرێکی تیایە... دەشێت قولاپی ڕاوە ماسی لێدروست بکرێت. بەڵام هێشتا دەسکاریم نەکردووە." لێم پرسی: "بۆچیتە، فایدەی چیە؟" گوتی: " فەنەرەکەیم بەدڵ بوو، وام تەسەور دەکرد، بەکەڵکی شتێك دێت. لەوە دەچێ شتێکی بە نرخ بێ، هەمووی ئاسنە..."

پیوتەر، تووڕەبوو. دەیویست بچێ بۆ مووبەقەکە و لەو بارەیەوە قسە دەگەڵ بابیدا بکات. بەڵام گریگۆری ژێوانی کردەوە و گوتی:

– وازی لێبێنە، جارێ وەرە ئەمانە لە گەڵ مندا پاك بکەوە و با لێکیان بدەینەوە. چارمان چیە، ئیدی پیرە پیر...

پیوتەر کەوتە پاککردنەوەی لوولەی تفەنگەکان و چڵمەکەی هەڵ لووشی و کەمێك لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– ڕەنگە ڕاست بکات... لەگینە بەکەڵك بێت. با جارێ لەوێ بێ. ئەو ڕۆژە ئیڤان تومیلین هاتە دیدەنی برایانی میلیخوف و هەواڵی بۆ هێنان کە گوایە لە کازانسکایادا، گوللەبارانکردنی خەڵکی بەردەوامە. ماوەیەکی زۆر بەدەم جگەرەکێشان و ئاخاوتنەوە لە دەوری سوپاکە دانیشتن. بە درێژایی گفتوگۆکان، پیوتەر پەست و غەمگین، لە فکران ڕاچووبوو. هێندەی بیرکردووە، ئارەقە نیشتە سەر هەنیەی. دوای ڕۆیشتنی تومیلین گوتی:

– دەچم بۆ ڕۆبژین و یاکوف فومین دەبینم. وەکو بیستوومە گەڕاوەتەوە بۆ گوند و حاڵی حازر لە ماڵی خۆیدایە. دەڵێن سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشی ناوچەیە. ئاخر لە شاری کوێراندا یەکەڵە چاو پاشایە، دەڕۆم و پێی دەڵێم ئەگەر شتێك بوو و پێویستیمان بوو، چاوێکی لێمان بێت.

پانتلی پروکوفیچ، خەریك بوو ماینەکەی لە خزاگەکە دەبەست. داریا پوستینێکی تازەی لە خۆیەوە پێچا و ماوەیەکی زۆر دەگەڵ ئیلی نیچنای خەسوویدا، چپەچپی کرد. پێکەوە خۆیان بە عەماری دانەوێڵەکاندا کرد و دوای ماوەیەك بە پریاسکەیەکەوە وەدەرکەوتن. پیرەمێرد پرسی:

– ئەوە چیە؟

پیوتەر وەڵامی نەدایەوە. بەڵام ئیلی نیچنا، خێرا و بە ئەسپایی گوتی:

– تۆزێ کەرەم پاشەکەوت کردبوو، بۆ ڕۆژی تەنگانەم هەڵگرتبوو، هەر پڕ قاپێك دەبێت. بەڵام ڕۆژەکەی ئەوە نیە خەم لە کەرە بخۆین! دام بە داریا تا بە دیاری بۆ ژنەکەی فومینی ببات، بەڵکو فومین کارێك بۆ پیوتەر بکات.

ئەوسا، دایکورکاند و بەدەم ڕوندك ڕشتنەوە لە سەری ڕۆیی:

– کوڕەکانم، ڕەنجی دنیایان دا تا گەیینە پلەی ئەفسەری، بە ئارەقەی ناوچەوان گەیینە ئەو پلەیە... کەچی ئێستا ئەو پلەیە خەریکە...

پانتلی پروکوفیچ گوتی:

– دە بەسە! گریانەکەی لە گیرفانیەتی!

بە تووڕەیی، قامچیەکەی فڕێ دایە سەر گیشە وێنجەکە و هات بۆ لای پیوتەر و گوتی:

– هەندێ گەنمیشی بۆ ببە.

پیوتەر، هاواری کرد:

– گەنمی بۆ چیە، ئاخر چی لە گەنم بکات؟ باشتر وایە بچی بۆ لای ئانیکوشکا و ڤۆدگای بۆ بکڕیت، ئاخر گەنم چیە!...

پانتلی پروکوفیچ بەپەلە ڕۆیی، زوو گەڕایەوە، گۆزەیەك ڤودکای نابووە ژێر پاڵتۆکەی، بە قەد یەك سەتڵ دەبوو. گۆزە ڤۆدگاکەی نایە سەر ئەرزەکە و بە خۆشحاڵیەوە گوتی:

– بە ڕاستی ڤودگایە، تامی ئەو ڤودگایانە دەدا کە لە سەردەمی تزار نیکولادا دەمانخواردەوە.

ئیلی نیچنا، بۆڵاندی بە سەریا:

– دیارە تامی کردووە، ئۆف لە دەست ئەم گۆڵە پیرە!

پیرەمێرد، خۆی لە گێلی دا، بە شەلە شەل، بەدەم سڕینی لێوە مەستەکانیەوە، چالاك و چەلەنگ و ئاسوودە، خۆی بۆ ژوورەوە کوتا.

پیوتەر، لە حەوشە وەدەرکەوت، وەکو میوانان دەروازەکەی لە دوای خۆیەوە دانەخست. جگە لە ڤۆدگاکە، خۆیشی کۆمەڵێك دیاریی بۆ هاوڕێکەی جارانی عەسکەرییان، کە ئێستا بەو ڕادەیە گەورە بووبوو، پێ بوو: بەشی دەستێك جل ماهووتی پێش جەنگ، جووتێك چەکمە و کیلۆیەك چای بۆندار و زۆر شتی دیکە کە هەر هەموو ئەمانەی لە وێستگەی ڤیتاری لیسکی دا، کاتێ کە کەتیبەی بیست و هەشت وێستگەی ناوبراوی گرتبوو، لە عەمارەکانی ئەوێدا، تاڵان کردبوو. ئەوسا یەك بوخچە جلی ژێرەوەی ژنانەی لە ڤیتارێکدا گرتبوو و بە باوکیا، کە چووبوو بۆ دیدەنی، بۆ ماڵ ناردبووەوە. ئیدی داریا لەوە بە دواوە، بەو جلانەوە، کە تا ئەوکاتە کەس لە گوندەکەدا شتی وای بە خۆوە نەبینی، خۆی بادەدا و تامی تامی ناتالیا و دونیاشکای دەدا. جا جل بوون نە گاڵتە، لە باشترین قوماشی فەرەنگی دروست کرابوون، سپی لە بەفر سپی تر بوون. هەر هەموویان حەرفێ یەکەمی مارکەکەیان پێوە بوو، دانتێلای دەرپێیەکانی لە کەفی سەر دۆن سووکتر بوو... داریا، شەوی یەکەمی گەڕانەوەی پیوتەر لە ڤیشنسکایا، بە بیجامەوە چووە ناو جێگاوە. مێردەکەی بە ڕوویا پێکەنی و بە شۆخیەوە و پێش ئەوەی چراکە بکوژێنێتەوە، گوتی:

– چیە بیجامەی پیاوانەت لەبەرکردووە؟

داریا، بە دەنگێکی خەواڵووەوە گوتی:
– گەرمتر و جوانترە. باوەڕناکەم پیاوانە بێ، ئەگەر پیاوانە بوایە دەبوایە درێژتربێ، باشە هی پیاو چ پوێسیتی بە دانتێلە.

پیوتەر، بە سەرو ڕووی خەواڵووەوە، بەدەم خۆخوراندنەوە گوتی:
– وادیارە پیاوانی خانەدان، بیجامەی دانتێل بە کاردەبەن. بۆ من فەرق ناکات، ئەگەر حەزت لێیەتی لەبەری بکە.

ئەم مەسەلەیەی زۆر بۆ گرینگ نەبوو. بەڵام شەوانی پاشتر، کاتێ کە دەگەڵ ژنەکەیدا دەنووست. بە ترس و دوودڵی خۆی لێ دوور دەخستنەوە، بە دوودڵی دەیڕوانیە دانتێلەکان و دەترسا چرچ و لۆچ ببێ، داریای بە لاوە غەریب بوو، داریاکەی جاران نەبوو. چاوی بە بیجامەی سپی ڕانەهاتبوو. شەوی سێیەم، تووڕەبوو و ڕێك و ڕاست، بە ڕاشکاوی داوای لێکرد:
– ئەم پانتۆڵە فڕێدە. لە ژنان نایەت. ئاخر ئەم بیجامەیە ژنانە نیە. بەم بیجامەیەوە لە ژنە ئەشرافیان دەچیت، لە بەرچاوم دەبی بە ژنێکی دیکە.

بەیانی ڕۆژی پاشی، زووتر لە داریا هەستا. بە پەستی، بە مشەمش و کۆکەکۆك کەوتە تاقیکردنەوەی پانتۆڵەکە، ویستی لەپێی بکات. ماوەیەکی زۆر تەمەشای پەت و پزو و دانتێلای پانتۆڵەکەی کرد، ڕوانیە لاقە تووکنەکانی خۆی کە تا ئەژنۆی ڕووت بوون. ئاوڕێکی دایەوە و خۆی لە ئاوێنەکەدا بەو قوون و بیجامەیەوە بینی. بەدەم تف کردن و جنێودانەوە، وەکو ورچ خۆی لە بیجامە دەڵبەکە دەرهێنا. کەڵەموستی پێی، لە دانتێلاکە گیر بوو و چیوای نەما بکەوێت بە سەر یەخدانەکەدا. ئیدی بە تەواوەتی تووڕەبوو، لەداخا هەموو پەت و بەندەکانی پچڕی و خۆی ڕزگارکرد.

داریا، بە دەنگێکی خەواڵووەوە پرسی:
– ئەوە چ دەکەی؟

پیوتەر، لە جیاتی بەرسڤی بداتەوە، چڵمەکەی هەڵ لوشی و چەند تفێکی کردە زەوی. بەڵام داریا، ئەو بەیانیە پیرە پانتۆڵی، کە دیارنەبوو پیاوانەیە یان ژنانە، بە داخ و کەسەرەوە لە پیرە یەخدان پەستاوت. ئیدی ئەویش چووە سەر ئەو شتە زۆر و زەبەندانەی دیکە کە ژنانی ماڵباتی میلیخوف، نەیاندەتوانی بەکاری بەرن، ئەم شتە سەیرانە پاشان مەگەر بکرایە بە پەڕۆی منداڵ. بەڵام داریا، ژێرکراسەکانی پاراست. هەرچەندە ئەم ژێرکراسانە زۆر کورت بوون، بەڵام داریا لە سەرێ ڕا پارچەی دایە دەمیانەوە و لەبەری دەکردن و وای درێژ کردبوونەوە، کە دانتێلەکەی بە ئەندازەی قامکێکیش لە ژێر تەنوورەکەیەوە دەهاتە دەرێ و کە بە ژوورەکاندا هاتووچۆی دەکرد، ڕیشوی ژێرکراسەکەی عەردەکەی دەماڵی و خۆی پێوە بادەدا.

هەڵبەتە، داریا کە قەرار بوو لە گەڵ مێردەکەیا بچێت بۆ لای فومین، مەحاڵ بوو چاوپۆشی لە پۆشینی ئەم جل و بەرگە گرانبەها و بەرچاویانە بکات. دانتێلی (تۆڕ) ژێر کراسەکەی لە ژێر پاڵتۆ فەروەکەیدا دیاربوو. تەنوورەکەی لە قوماشی جوان و سووق تازە بوو. هەر هەموو ئەمەشی

بۆ ئەوە کردبووو کە ژنەکەی فومین، ئەو ژنە تازە پیاکەوتووە، بزانێ کە داریا، ژنی بابایەکی قۆزاقی سادە و عەوام نیە، بەڵکو بیەوێ و نەیەوێ ژنی ئەفسەرێکە.

پیوتەر، پیرە قامچی ڕاوەشاند و کەوتەڕێ، پیرە ماینی ئاوس، کە مووەکانی سەرشانی تووڵەك بووبوو، بە ڕێگاکەی کەنار دۆندا کەوتە ڕەوتە. لە کاتی نیوەڕۆدا گەیینە ڕوبژین. فومین لە ماڵ بوو. بە میهرەبانی پێشوازی پیوتەری کرد و بردیە سەر خوانەکە. کاتێ کە پیوتەر گۆزە ڤۆدگا پوشاویەکەی کە خزاگە بەفرگرتووەکە داگرت، فومین، لە ژێر سمێڵە سوورەکانیەوە بزەیەکی بۆ کرد و بە دەنگێکی نزمی هێواش و خۆش گوتی:

– براله، چیه، بۆ دیار نیت، له هیچ کوێوه ناتبینم؟ و بەدەم ئەو قسانەوە ژێراو ژێر چاوە شینە درشتە باشقاڵەکانی بڕینە داریا و بە ویقارەوە سمێڵی بادا.

– یاکوف یفیمیچ، تۆ بە خۆت دەزانی، کەتیبەکان پاشەکشەیان کردووە و، بارودۆخەکە شڵۆقە (بێ سەروبەر، شێواو)...

– زۆر ڕاستە! وایە...

ئەوسا بانگی لە ژنەکەی کرد و لە سەری ڕۆیی:

– ... ئەهای ئافرەتان، کوا ترشیات و خەیارشۆر یان ماسی وشکمان بۆ بێنە.

ژوورەکە چکۆلە و تەنگ و زۆر گەرم بوو. دوو منداڵ، لە سەر موغەیریەکە نوستبوون: یەکێکیان کوڕێك بوو دوو چاوی درشتی شینی، عەینی چاوانی بابی پێوەبوو. ئەویتر یان کچێکی چکۆڵە بوو. پیوتەر دوای ئەوەی یەك دوو پێکی هەڵدا هاتە سەر باسی ئیشەکەی خۆی:

– ئەوەی لە گوندەکانا، باوە و دەگوترێ و دەگوترێتەوە، ئەوەیە کە "کومیتەێن نائاسایی" بە گوندەکاندا دەگەڕێن و لە ڕابردووی قوزاقان دەپرسنەوە و دەیان گرن.

– باشە دادگایەکی عەسکەری فیرقەی پازدەی ئینزا هاتووە بۆ ڤیشنسکایا، ئەمە چی تیایە؟ ئەمە چی پەیوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

– یاکوف یڤیموفیچ، تۆ بە خۆت دەزانی، کە من حیسابی ئەفسەرم بۆ دەکرێت و بەو چاوە تەمەشا دەکرێم. بەڵام لە ڕاستیا من هەر بە ناو ئەفسەرم، بە ڕواڵەت ئەفسەرم.

– وایە، ئەمە چی تیایە؟

فومین، دەنگی لە تێریەوە دەهات. کەمێك خەیاڵ بوو و بەمەش هێندەی دی شایی بە خۆی دەهات. بەردەوام خۆی قوت دەکردەوە و دەستی بە سمێڵەکانیا دێنا و بە نیگایەکی ئامیرانە تەمەشای پیوتەری دەکرد. پیوتەر ڕووپامایی لە بەردەکرد، خۆی لە بەردەمیا بچووك دەنواند، بەڵام بەرە بەرە، شەرمی شکاو ڕووی کرایەوە و وەکو هاوتایەکی خۆی قسەی دەگەڵ دەکرد:

– من و تۆ پێکەوە خزمەتمان کردووە. هاوسەنگەر بووین. هیچ خراپەیەکت لە من نەدیتووە. قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان دژی ئێوە بووم؟ هەرگیز! نەحلەت لە درۆزن. من هەمیشە داشداری قوزاق بووم.

– ئێمە دەزانین، پیوتەر پانتلیوفیچ ترست نەبێ! ئێمە تۆ باش باش دەناسین. کەس کاری بە تۆوە نابێت. بەڵام خەڵکانێك هەن یەخەیان دەگرین. لەم ناوە خەڵکانی لەو جۆرانە زۆرن، خۆیان

مەڵاس داوە و نیازیان خراپە و چەکەکانیان لە چاڵ ناوە و شاردویانەتەوە... تۆ چەکەکەت تەسلیم کردووە؟ ها؟

فومین، کە زۆر هێدی و هێمن داخاوت، لە ناکاوا، گەنم گردی و ڕاستەوخۆ ئەو پرسیارەی دووبارە دەکردەوە، کە پیوتەر بۆ ساتێك پەشۆکا و یەکسەر سوور بووەوە. فومین، ئانیشکی نایە سەر مێزەکە و دووبارە پرسییەوە:

– چەکەکەت تەسلیم کردووە، وانیە؟ ئێ ئیتر چیت دەوێ؟

– هەڵبەتە تەسلیمم کردووە یاکوف یفیموفیچ... تۆ چۆن لە من دەگەی... من زاهیر و باتینم یەکە...

فومین، مەستانە چاوێکی داگرت و دەمە زلەکەی بە ددانە بتەوەکانیەوە کردەوە.

– زاهیر و باتینی ئێو دەناسم، بە خۆت دەزانی من کوڕی ناوچەکەم... بەڵام کاتێ دەتەوێ دەستێك بخەیتە نێودەستی قوزاقێکی دەوڵەمەند، دەبێ کێردێکی ئامادە لە دەستەکەی دیکەتدا بێ، ئەگینا... ئەم توخمە سەگانە! نەزاهیر و نەباتینیان یەك نیە. من لەو بابەتە خەڵکەم لە ژیانما زۆر دیتوون! بە ڕاستی خەڵکانی خایەنن! بەڵام تۆ خەمت نەبێ، کەس هەقی بە سەر تۆوە نابێ. قسەی پیاو سەنەدە.

داریا، کەمێك گۆشتی ساردی خوارد، بەڵام هەر بۆ خونواندن و ئادابزانی تەقریبەن دەستی بۆ نان نەبرد، هەرچەندە ژنەکەی فومین بەردەوام خولکی دەکرد. پیوتەر بەر لە ڕۆژئاوا، بە دڵی خۆش و گەشبینییەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە.

***

پانتلی پروکوفیچ، دوای ڕۆیشتنی پیوتەر، چووە دیدەنی کورشونوف بابی بووکەکەی خۆی. پێش هاتنی سوورەکان، بە ماوەیەکی کەم دیدەنی کردبوو. بەڵام لوکی نیچنا، لەوکاتەدا سەرقاڵ و خەریکی ئامادە کردنی توێشوی سەفەر بوو بۆ میشکا و، ماڵەکەیان شلۆق بوو. پانتلی پروکوفیچ، هەستی کردبوو، چوونەکە ناوەختە و ئیدی گەڕابووەوە. بەڵام ئەمجارەیان لێبڕابوو بڕوات و بزانێ لە ماڵی میروندا چ باسە و بۆ خۆ باسی ئەم ڕۆژ و ڕۆژگارە نالەبارە بکەن کە بەر دەرکەی پێگرتوون.

ماوەیەکی تاڕادەیەك زۆری پێچوو تا بە شەلەشەل خۆی گەیاندە ئەوسەری گوند. لە حەوشەدا تووشی باپیرە گریشاکا کەوت کە زۆر لە جاران پیرتر بووبوو و دانەکانی کەوتبوون. یەك شەممە بوو، باپیرە بۆ نوێژی عەسر دەچوو بۆ کلێسا. پانتلی پروکوفیچ، زۆری پێ سەیر بوو کە بینی، هەرچی ئەو میداڵ و نیشانانەی کە لە شەڕی عوسمانیاندا وەری گرتبوون، لە ژێر فەروەکەیەوە، کردبوونی بە بەرۆکی قەمسەڵە مۆد کۆن و یەخە ڕەقەکەیەوە. پانتۆڵێکی دەڵبی قەیتان سووری لە بەرکردبوو، کە لە کۆنیدا شل و خاوبوو بووەوە و دەلنگەکەی لە گۆرەویە سپییەکانی نابوو، کاسکێتێکی عەسکەری نشانەداریشی لە سەر کردبوو کە تا سەر گوێچکەکانی، کە لە مۆم دەچوون، هاتبووە خوارەوە.

– باپیره خێره! تۆ ئەقڵت لە دەست داوە؟ ئاخر کەس لەم ڕۆژەدا بە میداڵ و نیشانانەوە نایەتە دەرێ.

پیرەمێرد، هەردوو دەستی وەکو بۆقی نان بە گوێی خۆیەوە و گوتی:

– ها؟

– دەڵێم، ئەو نیشانانە لابدە. خاچەکانت لابدە. ئەگەر بەو حاڵەوە بچیتە دەرێ دەتگرن. لە حکومەتی سۆڤیاتیدا ئەم شتانە قەدەغەیە.

– من، کوڕەکەم، بە دڵ و بە گیان، بەوپەڕی وەفادارییەوە خزمەتی تزاری سپیم کردووە. ئەم حکومەتەی ئێستا سێبەری خوا نیە، بە دڵی خوا نیە، من ئیعتراف پێناکەم. من سوێندی وەفاداریم بۆ تزار ئەلکساندەر خواردووە، نەك بۆ ئەم گوندییانە!

باپیرە گریشاکا، لێوە زەردەکانی جوڵاندن و سمێڵە سەوزباوەکەی پاك کردەوە و بە عاساکەی ئاماژەی بۆ ماڵەوە کرد و گوتی:

– هاتووی بۆ دیدەنی میرون؟ لە ماڵەوەیە. بەڵام میتکا ناچار بوو، لە گەڵ خەڵکەکەدا هەڵێت. ئەی فریشتەی ئاسمان ئاگات لێی بێ! کوڕەکانی تۆ نەڕۆییشتوون؟ ها؟ توخوا مانای هەیە؟ ئەوەش قۆزاقی ئەم دەورو زەمانە!... سوێندیان بۆ ئەتامان خواردبوو و ئەوەتا سوپای دۆن لە تەنگانەدایە و ئەوانیش لە پاڵ ژنەکانیان وەرکەوتوون... ناتالیا چۆنە، حاڵی باشە؟

– بەڵێ، باشە... بەڵام نیشانەکانت لێبکەوە... باپیرە بچۆ ژوورەوە، ئەمانە لە یەخەی خۆت بکەوە. ئێستا قەدەغەن، ئەوە تۆ شێت بووی، بۆ باوەڕناکەیت؟

– بڕۆ بە ڕێی خۆتا، تۆ لەوە منداڵتری ئامۆژگاری من بکەی.

باپیرە گریشاکا، ڕاست بەرەو ڕووی پانتلی پروکوفیچ دەهات، ئەمیش بۆ ئەوەی ڕێی بکات، لە سەر ڕێگاکە لاکەوت و خۆی بە نێو بەفرەکەدا کرد. لە دواوە تەماشایەکی کرد کە بە سەرە لەقێ دەڕۆیی.

میرون گریگۆری کە لەم ڕۆژانەی دواییدا، پیری بە ئاشکرا لێ دەرکەوتبوو، بە مەبەستی پێشوازی خەزووری کچەکەی، هەستا و گوتی:

– سەربازە پیرەکەمانت بینی؟ بووە بە بەڵای سەرمان! خواش نایباتەوە بۆ خۆی! میداڵەکانی لە سینگ و بەرۆکی دا، کاسکێتە نیشانەدارەکەی لە سەر کرد و بۆی دەرچوو! مەگەر بە شەڕ ئەو شتانەی لێ بسەنمەوە، بەڵایەکە لەو گۆڕەی! بووەتەوە بە منداڵ. هیچ شتێ ناچێ بە گوێیا.

لوکی نیچنا گوتی:

– وازی لێ بێنن با بە دڵی خۆی بکات، زۆری بە بەرەوە نەماوە... ئێ حاڵ و ئەحواڵتان چۆنە، کەسوکار هەموو باشن؟ بیستمان دژمنانی مەسیح، ویستویانە گریشا ئەزیەت بدەن...

ژنەی تاین، لای پیاوەکانەوە دانیشت و پەشێو و خەمبار، ئانیشکی نانە سەر مێزەکە و کەوتە گلەیی:

–... دەزانی چ بەڵایەکمان بە سەرهاتووە: هەر چوار ئەسپەکەیان بردین. تەنیا ماینێك و جوانوویەکیان بۆ بەجێهێشتین، ئیدی لە وار و وێخمان نیشتن. بێ پایان کردین.

میرون گریگوروفیچ، وەکو یەکێك نیشانە بگرێتەوە، چاوێکی نوقاند و بە تۆنێکی تازە و ڕقێکی پڕ لە کینەوە دەستی بە قسان کرد:

– نازانم بۆچی لە پڕا ژیانمان ئاوای لێهات، بە جارێ هەرەسی هێنا؟ خەتای کێیە؟ هەمووی لە ژێر سەری ئەم حکومەتە ئەهریمەنیەدایە! ئاخر ئەمە ئەقڵە: یەکسانی بۆ هەموان؟ ئەگەر ڕوحیشم دەربێنێ بەم یەکسانیە ڕازی نابم. من کە بە درێژایی تەمەنم کارم کردووە، ڕەنجم داوە، ئارەقەم ڕشتووە، خوێنم بووە بە ئاو، تا ماڵ و حاڵم پێکەوە ناوە، ماقووڵە ئێستا لە گەڵ کەسێکا یەکسان بم کە بە عەمراتی، پەنجەی بە ئاوا نەکردووە کە نانێ بۆ خۆی پەیدا بکات؟ نا، ڕاوەستە هێشتا لە کوێمانە، ئەم ڕژێمە دەست و پێی فەلاحی جدی دەبڕێت! ئاخر ئەگەر وابێ، کاروکاسبی بەچی دەچێ، لە پێناوی چیدا و بۆ کێ کاربکەین؟ بە ڕاستی جێی خۆیەتی پیاو هەموو شتێك بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێت و بڕوات. ئەمڕۆ پارە و پول بەدەست دێنی، سبەینێ دەبینی وەکو هەموو خەڵکیت... شتێکی دیکەش، چەند ڕۆژێك لەمەپێش هاوڕێیەکی کۆنی عەسکەریم، لە مریخیتەوە هاتە دیدەنیم. پێکەوە قسەمان کرد... شەڕگە، حاڵی حازر لەوبەری ڕوباری دۆنتسەوە. بەڵام ئاخۆ دەتوانێ تا سەر پایەداری بکات؟ من لێتی ناشارمەوە و بە تۆ و بە هەموو ئەوانەیش کە متمانەم پێیان هەیە دەڵێم پێویستە لە سەرمان، یارمەتی ئەو قوزاقانە بدەین کە لەوبەری دۆنتسەوەن.

پانتلی پروکوفیچ، بێ ئیختیار دەنگی خۆی نزم کردەوە و بە ترس و نیگەرانیەوە پرسی:

– بەڵام چۆن دەکرێت یارمەتی بدرێن؟

– چۆن؟ پێویستە ئەم حکومەتە سەرنگون و تڕۆ بکەین! پێویستە شەقێکی وای لێبدرێت تا ئاقاری تامبوف خۆی نەگرێتەوە. با لەوێ، ئەم یەکسانیە لە ناو فەلاحەکاندا بەرقەرار بکەن. من ئامادەم هەرچیم هەیە لە پێناوی نەمان و نابووتی ئەم دژمنانەدا بیدەم. پێویستە ئەمە لە هەموو خەڵکی بگەیەنرێ برادەر. ئیدی کاتی کارکردنە، دەنا کار لە کار دەترازێ و درەنگ دەبێ... هاوڕێکەم بۆی باسکردم کە قوزاقان لەوێ ناڕازین، کەوتوونەتە جم و جوڵ. بەڵام دەبێ هەموو دەست لە دەست کاربکەین.

میرون گریگوروفیچ، دەنگی نزم بووەوە و بەدەم هانکەهانکەوە گوتی:

– سەربازەکانیان ڕۆییشتوون. چەندێکیان لێرە ماون؟ ژمارەیان زۆر نیە. لە هەر گوندێك سەرۆکێکیان هێشتووەتەوە... بە چاوتروکانێك دەکرێ لە ناو ببرێن. سەبارەت بە ڤیشنسکایاش... ئەگەر هەموو پێکەوە هێرشیان بکەینە سەر لە ماوەیەکی کەما پاکیان دەکەینەوە! من دڵنیام خەڵکی پشتمان بەرنادەن و سەرکەوتنمان مسۆگەرە.

پانتلی پروکوفیچ، هەستایە سەر پێیان. ئەوسا، بە پارێزەوە کەوتە ئامۆژگاری میرون:

– ئاگاداربە، پێت نەخلیسکێ، دەنا تووشی گێچەڵ دەبیت. ڕاستە قوزاقەکان دوودڵن، بەڵام کەس نازانێ لە ئەنجاما خۆیان بە کام لادا ساغ دەکەنەوە. ئەم قسانە بۆ هەموو کەسێك مەکە، ڕۆژگارەکەی خراپە... پیاو سەر لە گەنجەکان دەرناکات، کوێرانە دەژین. یەکێك ڕۆییوە، یەکێك لێرە ماوە. بە ڕاستی ژیانێکی ناخۆشە. ئەمە ژیان نیە. یەکپارچە نیسبەت و بەڵایە.

میرون گریگوروفیچ، بزەیەکی متمانە ئامێزی بۆ کرد و گوتی:

– خەمت نەبێ براله! من قسەی هەلەق و مەلەق ناکەم. بەشەر وەکو پەزە: هەر کە بەرانەکەی پێشکەوت، ئیدی هەموو مێگەلەکە دووی دەکەوێ. بۆیە پێویستە ڕێگەیان پێ نیشان بدەین. دەبێ چاو و گوێیان سەبارەت بە حکومەتی سۆڤیات بکەینەوە. کە هەور نەبێ بروسکەش نابێ. من ڕێك و ڕاست دەڵێم،بە قوزاقان دەڵێم، دەبێ یاخی بن، ڕاپەڕین بەرپا بکەن، بیستوومە گوایە ئەمریان دەرکردووە، هەرچی قوزاق هەیە لە نێوی بەرن. ئاخر چۆن ئەمە قبووڵ بکەین؟

دەموچاوە نمووسەکەی میرون گریگوریوفیچ سوور بووەوە و لە سەری ڕۆیی:

– پانتلی، تووشی چ ڕۆژگارێك بووین، هێشتا لەکوێمانە؟ دەڵێن دەستیان بە گوللەبارانی خەڵکی کردووە... ئاخر ئەمەش بوو بە ژیان؟ تۆ تەمەشاکە، لەم ساڵانەی دواییدا هەموو شتێك ڕوو لە وێرانییە. نەوت نیە، شقارتە نیە. لەم دواییانەدا مۆخۆف، تەنیا نوقڵ و نەباتی دەفرۆشت! ئەوەش تۆ و فەلاحەتیەکەمانە کە دەیبینی؟ لە چاو جارانا ناکاتە هیچ. ئەسپەکانیان بردین. ئەسپەکانی منیان بە تاڵان برد، وەکو ئەسپی خەڵکانی دی... ئێستا قیروسیا لەوەی ئەسپەکانیان بە تاڵانی بردووە، بەڵام ئەمە بەچی قەرەبوو دەکرێتەوە، بۆ پەروەردەکردن و بەخێوکردنی ئەسپ هەر وا ئاسانە؟... کە من منداڵ بووم هەشتا وشەش ئەسپمان هەبوو، هەڵبەتە تۆش لە بیرتە، چ ئەسپگەلێکی خۆشبەز و ڕەهوان بوون! وەکو با بۆی دەردەچوون، لە تەراتێنا پێش کالموکیش دەکەوتن!... ئێمە ئەسپێکی قاوەیی تەوێڵ مارۆمان هەبوو، پێی دەچوومە ڕاوە کەروێشك و کە لە بیابانـدا کەروێشکێکم هەڵدەستاند و دوای دەکەوتم، لە سێ سەد مەترێك پتر بڕی نەدەکرد و دەکەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپەکەوە. ئێستاش لە بیرمە، وادەزانم دوێنێ بوو.

بزەیەکی گەرم نیشتە سەر ڕوخساری میرون گریگوروفیچ و لە سەری ڕۆیی:

– ڕۆژێك بە سواری ئەم ئەسپە بەرەو ئاقاری ئاشە بایەکە دەڕۆیشتم، دیقەتم دا، کەروێشکێك ڕاست بە غار بەرەو من دێ. سوڕامەوە و دوای کەوتم، ئەویش بە قەدپاڵی کەنارەکەی دۆندا داگەڕا. هەفتەی یەکەمی پاش چلەی ڕۆژوو بوو. بایەکە بەفری سەر دۆنی ڕاماڵی بوو و یەکپارچە بەستەڵەك بوو، پیاو دەخزی. تاوم دا کە بگەم بە کەروێشکەکەدا، ئەسپەکەم سەرەسمێکی دا و لە سەر تەختی پشت کەوت، هەر چوار لاقی کەوتنە ئاسمان. ئیدی ئەو کەوتنەی کەوت، هەڵنەستایەوە. ئازام وەکو بی ناو ئاو دەلەرزی، زینەکەم لێگرتەوە و بەلەز بۆ ماڵ ڕۆییشتمەوە. گوتم:

– "باوکە! ئەسپەکەم تۆپی. دوای کەروێشکێك کەوتم!"

کەچی گوتی:

– گرتت؟

– نەخێر باوکە!

– دەی بڕۆ، ئەو ئەسپە کوێتە زین بکە و بچۆ کەروێشکەکە بگرە، هەی حیزدایك!...

– ڕۆژگارێکی خۆش بوو، قوزاق دەیانزانی چۆن بژین. قوزاقان بیٚ دڵی خۆیان نەدەکرد. دریٚغیان لە خۆ نەدەکرد. بەلایانەوە گرینگ نەبوو ئەسپێك بکەن بە قوربانی کەروێشکێك، لە کاتێکا ئەسپێك بایی سەد ڕۆبڵ بوو و کەروێشکێك دە کوپیکیشی نەدەکرد... بەڵام یادا‌وەری ئەم شتانە بە چی دەچێت؟

***

پانتلی پروکوفیچ، بە نیگەرانی و پەشێویەکی زیاترەوە، لە ماڵی بابی بووکەکەی گەڕایەوە، خەم و پەژارە دایگرت. بە ئاشکرا هەستی دەکرد کە جڵەوی ژیان بەدەست خەڵکانی بێگانە و دژمنەوەیە. جاران کاروباری کێڵگە و ژیانی خۆی هێندە بەدڵ و داد و چالاك و چەلەنگ بەڕێوە دەبرد، وەکو ئەوەی سواری ئەسپێکی خۆش تەعلیم بووبیٚ و لە تەراتێنی سەر لەمپەراندا، بەشداری بکات، بەڵام ئێستا ژیان وەکو ئەسپێکی هەوسار پچڕیوی لە ئارەقە هەڵکشاودا، دەگەڵ خۆیدا دەیبرد، ئیدی ئەمە ئەو نەبوو کە ئەسپەکەی داژۆت، بەڵکو بێدەسەڵات بەسەر پشتی ئەسپەکەوە، دەهەژی و نائومێدانە هەوڵیدەدا کە بەرنەبێتەوە.

ئایندە دیار نەبوو، تەمێکی چڕ باڵی بە سەردا کێشابوو. تەمەشای میرون گریگوروفیچ، کە تا دوێنیٚ دەوڵەمەندترین موڵکداری ئەو دیار و دەڤەرەبوو! بزانە لەم سیٚ ساڵەدا ڕۆژی بە چ ڕۆژگاریٚ گەیی بوو. هەموو کرێکارەکانی ڕۆیی بوون، ئاستی فەلاحەتی و شۆوتۆوی دابەزی بوو ن دەگەییە نۆیەکی جاران، دەبوا گاجووت و ئەسپەکانی تاڵانفرۆش بکات، بیدات بە پارەیەك، کە ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی لە دابەزیندا بوو. هەر هەموو ئەم شتانە وەکو خەو دەهاتنە بەرچاوی. هەموو شتەکان وەکو تەم و هەڵمی سەر دۆن چووبوو بە ئاسمانا. تەنیا ماڵەکەی بە بەلەکۆنە، بە نەخش و نیگارەکەیەوە، کە کەندەکاریەکانی درزی بردبوو و ڕەنگەکانی کاڵ بووبووەوە، وەکو شایەدی ڕۆژگاری ڕابردوو، مابووەوە. داوی سپی زۆر زوو کەوتنە ڕدێنە سوورەکەی کورشونوف کە لە سووریدا لە کەوڵی ڕێوی دەچوو. نەخێر بۆ لاجانگەکانی هەڵکشابوون، لە هەوەڵەوە، چەند پەڵەیەکی سپی بوون، وەکو دەوەنانی دەشتێن لمەڵان، ئەوسا تەنگیان بە مووە سوورەکان هەڵچنی بوو و دریان پێدابوون و سپیەتیەکی خویٚ ئاسا جێی گرتەوە. ئێستا، داو لە دوی دا و بۆ تەپڵی سەری هەڵدەکشا. دوو هێزی هەڤدژ لە دەروونی کوروشنوفدا لە ململانێیەکی شێتانەدا بوون. جاری وا هەبوو خوێنی دەهاتە جۆش و هانی دەدا کاربکات، زەوی و زارەکەی ڕەعەمەل بێنیٚ، بیکێڵێت، دای چێنێت، عەمار دروست بکات، کەرەستە و تفاقەکانی نۆژەن و تازە بکاتەوە، سەروەت و سامانی زۆر پێکەوە بنێت، بەڵام لەپڕ نائومێدی لە دڵی دەدا: سەروەت و سامان و کاروکۆشس بەچی دەچێت؟ فایدەی نیە! ئیدی نائومێدی باڵی بە سەر دڵ و دەرونیا دەکێشا، کار و ژیانی لە بەرچاو دەکەوت، دەستە کارامە و بە تلۆقەکانی وەکو جاران چەکوش یان هەڕەی ندەگرت، بەڵکو بێهودە لە سەر ئەژنۆکانی دەمانەوە. قامکە چڵکنەکانی خۆ بە خۆ دەجوڵان. سەختی ڕۆژگار لە ناوەختا پیری کردبوو. هیچ دڵێکی بە زەوی و زار خۆش نەبوو. بەهاران وەکو چۆن پیاوێك، ژنەکەی خۆی خۆش نەویٚ و بە حوکمی عادەت بچیٚ بەلایەوە، بەو ئاوایە دەچوو بەلای زەوی و زارەکەیەوە: ئیدی خووی بەمەوە گرتبوو، بێگارێك بوو و لە کوڵی خۆی

دەکردەوە، ئەگەر بەرهەمێکی بوایە و پارەیەکی بەدەست هێنابا، دڵی پێی خۆش نەدەبوو. ئەگەر پارەیەکی لەدەست بدایە وەکو جاران خەفەتی بۆ نەدەخوارد... کاتێ کە سوورەکان، ئەسپەکانیان برد، هیچ کاردانەوەیەکی نەنواند. کەچی دوو ساڵێك لەوەپێش، خەریك بوو، لە سەر ئەوەی کە گایەکانی گیشەیەکیان پێ شێل کردبوو، بە شەنە ورگی ژنەکەی هەڵدڕێ. دەرودراوسێکانی، دەیانگوت: "ئەوەندەی تێ پەستاوە تووشی ئینتەلا بووە و خەریکە هەڵیدێنێتەوە."

پانتلی پروکوفیچ، گەییەوە ماڵێ، چوو لە سەر تەختە خەوەکەی پاڵکەوت. هەستی دەکرد دڵی تێك هەڵدێ و خەریکە دەڕشێتەوە. دوای شێو، داوای لە ژنەکەی کرد کە تۆزێك کاڵەکی سوێری بۆ بێنێ. قاژێکی لێخوارد و لەرزێکی ئەوتۆی لێهات کە بەزەحمەت توانی خۆی بگەیەنێتە بەر کوورەکە. بۆ بەیانی ئیدی لە هۆش خۆی چووبوو تایەکی وەهای لێهاتبوو، وەکو ئاگر دەسووتا. لێوەکانی شەقار شەقار بووبوون، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو، سپێنەی چاوەکانی شین هەڵگەڕابوو. داپیرە (دروزدیخا) هات و خوێنی گرت، بە ئەندازەی دوو پیاڵە، خوێنی ڕەشی قەترانی لە بازووی گرت. بەڵام وەهۆش نەهاتەوە. دەموچاوی بووبوو بە جاوی سپی، دەمی بە ددانە ڕەشەکانیەوە کردبووەوە و بە هانکە هانك هەوای هەڵدەمژی.

"٢٠"

ئیڤان ئالیکسیوفیچ، لە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا کە بەرپرسی کۆمیتەی شۆڕشی ناوچە ناردبووی بە شوێنیا، بەرەو ڤیشنسکایا کەوتە ڕێ. دەبوایە هەر ئەو ڕۆژە، بۆ شەوێ بگەڕێتەوە. چاوەڕوانی بوون. میشا کوشیڤوی لە ماڵە چۆڵەکەی موخوفدا، لەو ژوورەدا کە ڕۆژانێك، ژووری کارکردنی موخوف بوو، لە پشت مێزێکی پانی گەورەوە، کە بە ئەندازەی تەختەخەوێکی دوو نەفەری دەبوو، بە دەم چاوەڕوانی ئیڤان ئەلیکسیوفیچەوە دانیشتبوو. ئولشانوف، ئەو سەربازە چریکەی کە لە ڤیشنسکایاوە بۆ ئەوێیان ناردبوو، لە قەراخی پەنجەرەکەدا دانیشتبوو (ژوورەکە تەنیا یەك کورسی تیابوو) ئولشانوف، بە بێدەنگی جگەرەی دەکێشا و زۆر لێهاتووانە تفی دەکرد و نیشانەی لە یەك بە یەکی کاشی دەوری موغەیریەکە دەگرتەوە... دنیا شەوبوو، لە پشت پەنجەرەکەوە، ستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە دەبریسکانەوە و شەوە تاریکەکەیان کەمێك ڕوناك دەکردەوە. بێدەنگی سەهۆڵبەندان باڵی بە سەر گوندەکەدا کێشابوو. میشکا ڕوونووسی ئەمری پشکنینی ماڵی ستیپان ستاخۆڤ ئیمزا دەکرد. جارجار لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە، لق و پۆپی بەفرگرتووی دار ئەفراکانی دەرەوە.

یەکێك هاتە بەر دەرگا، گەییە بەر دالآنی ژوورەکە، خشەخشی چەکمە نمەدیە (لباد)کانی دەهات. میشا گوتی:

– ئەوە خۆیەتی، هاتەوە!

میشکا لەجێی خۆی هەستا. دەنگی کۆکە و هەنگاوان گەییە بەر هەیوانەکە، بەڵام دەنگی کۆکە و هەنگاوی ئیڤان ئالیکسییوفیچ نەبوو. ئەوجا گریگوری میلیخوف وەژوورکەوت، دوگمەکانی پاڵتۆکەی تا ژێر ملی داخستبوون. ڕوخساری لە سەرما سوور بووبووەوە، برۆ و سمێڵی هەر پرۆشە بەفر بوون. گوتی:

– کە لە پەنجەرەکەوە دیتم چراکەتان دەسووتێ، گوتم با سەرێك بدەم... چۆنیت؟

میشا، سڵاوەکەی سەندەوە و گوتی:

– وەرە ژوورەوە، هیچ گلەییەکت هەیە؟

– نا گلەییم نییە. هاتم کەمێك قسان بکەین و داوات لێبکەم کە ئێمە بۆ بێگاری گوێزانەوەی باروبنە مەنێرە، چونکە ئەسپەکانمان دەشەلن.

میشکا، ژێراوژێر تەمەشایەکی کرد و گوتی:

– ئەدی گاجووتەکانتان؟

– گاجووت نابێت،چونکە دنیا بەستەڵەکەو دەخزێن!.

دەنگی پێی کەسێك کە بە جیڕەجیڕ بەسەر لەوحەکانی سەر قاڵدرمەی بەردەرگادا سەردەکەوت هاتەگوێ. ئیڤان ئالیکسیوفیچ بە پاڵتۆیەکی نمەدی و، باشلوخێکەوە، کە وەکو سەرپۆشی ژنان لە ژێر چەناگەیا گرێی دابوو وەژوورکەوت، لە گەڵ خۆیا شەپۆلێك هەوای سارد و بۆنی تووتن و وێنجەی هێنایە ژوورەوە.

– ڕەق بوومەوە، کوڕینە ڕەق بوومەوە! مەرحەبا گریگۆری! خێرە بەم شەوە هاتوویتە دەرێ؟... ئەم قاپووتەش لە کاری شەیتان دەچێت: وەکو بێژنگ هەوای لێ دێتە ژوورەوە.

قاپووتەکەی داکەند و، بێئەوەی بوەستێ تا هەڵیبواسێت، گوتی:

– ئیدی، بەرپرسی کۆمیتەم بینی.

ئیڤان ئالیکسیوفیچ، شاد و بە چاوانی گەش و پرشنگدارەوە لە مێزەکە نزیك بووەوە و خواخوای بوو قسە بکات:

– خۆم بە ئۆفیسەکەدا کرد. تەوقەی لەگەڵدا کردم و گوتی: "دانیشە، هاوڕێ!" لە بیرتان نەچێ کە سەرۆك و بەرپرسی ناوچەکەیە! دیارە جاران مێجەر جەنەراڵێکی لە جێگا بووە! دەبوایە پیاو ئامادە لە بەردەمیا، وەکو ئەوەی لە نمایشێکی عەسکەریدا بێ، بە پێوە بوەستێ! ئیدی حکومەتی سوڤیاتی ئەمڕۆمان وایە... هەموو یەکسانن.

گریگۆری، نەیدەتوانی سەر لەم شادی و جۆش و خرۆش و قسە بە ئاو و تاوانەی ئیڤان ئالیکسییوفیچ دەربکات، بۆیە پرسی:

– ئیڤان ئالیکسییوفیچ، خێرە ئەوەندە بە کەیف و بە دەماخی؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، چەناگە ناوەڕاست چاڵەکەی هەڵبڕی و گوتی:

– بە کەیف و بە دەماخم؟ جا توخوا نەهەقمە، وەکو بە شەر تەمەشای کردم، بۆچی بە کەیف نەبم؟ وەکو هاوتایەکی خۆی لە بەرم هەستا و تەوقەی لە گەڵدا کردم. داینام...

گریگوری، بە پشتی دەست، سمێڵی پاك کردەوە و بە چاوانی نیمچە نوقاوەوە گوتی:

– جەنەراڵەکانیش لەو دواییەدا کراسی جانفاس و جاویان لە بەردەکرد، لە کاتی پاشەکشەدا، بە چاوی خۆم ئەفسەرێکم بینی کە بە قەڵەم قۆپی نەجمەکانی سەر شانی نەخشاندبوو، جەنەراڵەکانیش تەوقەیان لە گەڵ قوزاقدا دەکرد...

– جەنەراڵەکان، لە ناچاریا ئەو کارەیان دەکرد. بەڵام ئەمانە بەلایانەوە ئاساییە. هەست بە جیاوازی ئەم دوو هەڵوێستە ناکەیت؟

گریگۆری، سەری لەقاند و گوتی:

– هیچ جیاوازیەکیان نیە.

– یانی تۆ پێت وایە ئەم حکومەتەش وەکو ئەوەی پێشووە؟ یانی ئەو خەباتەی کردمان لە پێناوی هیچ دابوو؟ بۆ نموونە خەباتی تۆ لە پێناوی چیدابوو؟ لە ڕای جەنەراڵەکاندا بوو؟ هێشتا دەڵێی فەرقیان نیە!

– من لە پێناوی خۆما خەباتم کردووە نەك لە ڕای جەنەراڵاندا. من، ئەگەر ڕاستت دەوێ، نە ئەمانم خۆشدەوێ و نە ئەوان.

– ئەدی داشداری کێیت؟

– داشداری کەس نیم.

ئولشانوڤ چریك (میلیشیا) لەم سەر بۆ ئەو سەری ژوورەکە تفی هەڵدەدا و ئەوجا بزەیەکی بۆ کرد. دیار بوو ئەویش نە ئەمان و نە ئەوانی خۆش نەدەویست.

میشا، بە مەبەستی بریندارکردنی هەستی گریگوری بە ئانقەست گوتی:

– پێموایە تۆ جاران وا بیرت نەدەکردەوە؟

بەڵام لەوە نەدەچوو، ئەو قسەیە تەنگەی گریگۆری گرتبێ. بەرسڤی دایەوە:

– من، تۆ، ئەو هەمووومان بیرکردنەوەی جیاوازمان هەبوو...

ئیڤان ئالیکسیيوفیچ، خواخوای بوو گریگۆری بڕوات، تا بە تەنیا، هەواڵی سەفەر و گفتوگۆیەکەی خۆی لە گەڵ بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەکەدا، بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام ئەم گەنگەشە و گفتوگۆیە زیاتر گەرم بوو و ئەو کە هێشتا لە ژێر کاریگەری و باندۆری ئەوەی کە لە مەرکەزی شارا بینی بووی و دیتبوونی دەر نەچووبوو، بۆیە بە توندی و بێهیچ لە ڕووداماندا گوتی:

– گریگۆری تۆ هاتوویت، بیری ئێمە بشێوێنی، خۆیشت نازانی چیت دەوێت.

گریگۆری، بێ پێچ و پەنا گوتی:

– ڕاستە، نازانم.

– بۆچی دژایەتی حکومەتی سوڤیاتی دەکەیت؟

– ئەدی تۆ بۆچی بەم ڕادەیە بەرگری لێدەکەیت؟ لە کەیەوە بوویت بە سووری دوو ئاتەشە؟

– با کای کۆن بە با نەکەین، نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە، با باسی ئێستا بکەین. زۆر باسی ئەم حکومەتە مەکە. من کە بەرپرسی ئەنجوومەن و کۆمیتەی گوندم، بە پێویستی نازانم لێرەدا ئەو گفتگۆ و گەنگەشەیەت لە گەڵدا بکەم.

– دەی باشە، باواز لەم قسانە بێنین. ئیدی وەختی ڕۆییشتنم هاتووە. بە هەرحاڵ بۆ مەسەلەی بێگاری گوێزانەوەی باروبنە هاتبووم. بەڵام ئەم حکومەتی سوڤیاتیەی تۆ، تۆ هەرچیەك دەڵێی بۆ خۆت بیڵێ، حکوومەتێکی بۆگەنە. بۆ ئەوەی لێرەدا کۆتایی بە گفتوگۆکەمان بێنین، ڕاستم پێ بڵێ سوودی ئەم حکومەتە بۆ میللەتی قوزاق چ دەبێت؟

– کام قوزاقانە، جۆرەها قوزاق هەن.

– بۆ هەموو جۆرەکانی...

– ئازادی، یەکسانی... بەڵام ڕاوەستە... شتێك هەیە تۆ نایزانی...

گریگوری قسەکەی پێبڕی و هەڵیدایە:

– ئەم قسانە کۆنن، هی ساڵی (١٩١٧)ن، دەبێ ئێستا بیر لە شتێکی باشتر بکەنەوە. ئایا زەویمان دەدەنێ؟ ئازادی دەدەن؟ یەکسانی گشتی دابین دەکەن؟... ئێمە لێرەیا ئەوەندەمان زەوی و زار هەیە، خەریکە سەرمان دەخوات. ئازادیش لەوە زیاتر بێ، خەڵکی بە ڕۆژی نیوەڕۆ و لە کوچە و بازاڕدا، ورگی یەکدی دەدڕن. جاران ئێمە خۆمان، ئەتامانمان بۆ خۆ هەڵدەبژارد، بەڵام ئێستا ئەوان بۆمانی دیاری دەکەن. ئەو کەسەی تەوقەی لە گەڵدا کردیت و ئەوەندە دڵت پێی خۆشە، کێ هەڵی بژاردووە؟ ئەم حکوومەتە جگە لە ماڵوێرانی و کارەسات هیچ شتێکی دیکەی بۆ قوزاقان پێ نییە. ئەمە حکوومەتی جووتیارانە، هەر جووتیاران پێویستیان بەم حکومەتەیە.بەڵام ئێمە نە پێویستمان بەم حکومەتەیە نە پێویستمان بە حکومەتی جەنەراڵانە. چ جەنەراڵان و چ کۆمونیستان، هەردووکیان نیری کۆیلایەتین بە ملمانەوە.

– قوزاقانی دەوڵەمەند پێویستیان پێی نیە، ئەی ئەوانی دی؟ قەل پیاو! لە سەرانسەری ئەم گوندەدا تەنیا سێ قوزاقی دەوڵەمەند هەن، ئەوانی دی هەموو هەژارن، لە سەگ سواڵ دەکەن. ئەدی کرێکاران چی لێدەکەی؟ نا، ئێمە ناتوانین وەکو تۆ بیربکەینەوە. قوزاقانی دەوڵەمەند دەبێ بەشێك لە سەروەت و سامانەکەیان بدەن بە هەژاران. ئەگەر نەیەنە سەر خەت، ئەوا بە خۆرتی لێیان دەسەنین و پێستیان دەگروین. سەردەمی ئاغایەتی و دەرەبەگایەتی بەسەرچوو، ئەم ئەرزانەیان لە ئێمە دزیوە... چیتر لێیان قەبووڵ ناکەین...

– نەخێر نەیاندزیوە، فەتحیان کردووە، باب و باپیرانمان بە خوێنی خۆیان ئاویان داوە، ڕەنگە هەر لەبەرئەمەش بێ کە ئەوەندە بەپیت و فەڕە.

– ئەمە گرینگ نیە، دەبێ لە گەڵ هەژاران و بێنەوایاندا دابەشی بکەن، دابەشکردن، یانی دابەشکردن، گریگۆری تۆ قسەی هیچ دەکەی. وەکو کەڵەشێری بانمای سەربانان، لە گەڵ بادا دەسوڕێیتەوە. خەڵکانی وەکو تۆ گومان و دوودڵی دەخەنە دڵی خەڵکییەوە.

– ڕاوەستە، خۆت سەغڵەت مەکە، پێویست بەوە ناکات جنێوم بدەیتێ، من وەکو برادەرێکی کۆن هاتووم گەنگەشە بکەم و گرێی دڵی خۆم بکەمەوە. تۆ باسی :"یەکسانی" دەکەیت... بەلشەویکەکان بەو شێوازە خەڵکە بێ سیواتەکەیان بۆ لای خۆ ڕاکێشاوە و خستوویاننەتە داوەوە، وشەو زاراوەێن قەبە و قەڵەو، وەکو چەشە بە گەڵ قسەکانیان دەخەن و خەڵکەکەش وەکو ماسی دووی چەشە، دەکەونە تۆڕەکانیانەوە. ئەم "یەکسانیە"ی تۆ لە کوێیە، پێم ناڵێی؟ با

سوپای سوور وەکو نموونە بێنینەوە: وەختێ بە گوندەکەماندا تێپەڕین، بە چاوی خۆمان دیتمان فەرماندەی ڕەعیلەکان، هەموو چەکمە و پۆستاڵی چەرمی نایابیان لەپێ بوو بەڵام سەربازەکان، هیچیان لەپێدا نەبوو. من کومیسەرێکم بینی، سەراپای لە چەرم هەڵکێشابوو: پانتۆڵەکەی، قەمسەڵەکەی و هەموو شتێکی. بەڵام ئەوانی دی پێڵاویشیان نەبوو. ئەم حکومەتە هێشتا ساڵێکی تەواوی بە سەرا نەڕۆییوە، ئەگەر ڕەگ و ڕیشە دابکوتێت، خوا دەزانێ ڕۆژی ئەم یەکسانیەیان بە چ ڕۆژێ دەگات؟ کاتی خۆی کە لە شەڕگە بووین. دەمانگوت: "هەموومان یەکسان دەبین!... سەربازان و ئەفسەران مووچەی یەکسان وەردەگرن!" بەڵام وا دەرنەچوو، تەنیا قسەی ڕووت بوو و تەواو. تەنیا چەشە بوو! ئەگەر ئاغا خەراپ بێ، ئەو نۆکەرەی، لە خوڵامیەوە دەگاتە ئاغایەتی سەد ئەوەندە خراترە. ئەفسەرانی جاران زۆر خراپ بوون، بەڵام ئەو سەربازە سادەیەی، لە عەسکەرییەوە بووبێ بە ئەفسەر... ئەوا هەر باسی مەکە، کەس لە خراپیدا هاوتای ناکاتەوە. کەس لەو خراپتر نابێتەوە. سیواتی هەر بەقەد بابایەکی قوزاقی دیکەیە: تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە گاگەل بلەوەڕێنێ، بەڵام هەرکە پێگەیی، ئیدی دەسەڵات مەستی دەکات و ئامادەیە لە پێناوی پاراستنی کورسیەکەیدا، پێستی هەر ئینسانێك بگروێ.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بێئەوەی چاو هەڵبڕێ و بڕوانێتە ڕوخساری گریگوری، بە ساردییەکەوە گوتی:

– تۆ وەکو دژمنێك باسی شۆڕش دەکەیت. تۆ ناتوانی من بێنیتە سەر ڕێگای خۆت و منیش ناتوانم تۆ بگۆڕم، دەمێك بوو تۆم نەبینی بوو و لێتی ناشارمەوە کە تۆ زۆر گۆڕاویت. حاڵی حازر دژمنی حکومەتی سۆڤیاتیت.

– من چاوەڕوانی ئەم قسەیەم لە تۆ نەدەکرد... یانی ئەگەر من ڕەئی و بۆچوونی خۆم دەربارەی حکومەت دەببڕم، ئیدی دەبم بە دژە شۆڕش، ئایا من کادیتم؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کیسە توتنەکەی لە ئولشانوف وەرگرت و کەوتە نەرمکێشی و نەرمتر لە سەری ڕۆیی:

– نازانم، چۆن وەڵامت بدەمەوە؟ ئەم شتانە، پێویستە بەشەر، خۆی بە دڵی خۆی دەرکی بکات. من لە قسەکردنا، زاڵ نیم. هیچ نازانم، سیواتم نیە. بەڵام زۆر شتان بە کوێرە کوێر دەدۆزمەوە.

میشکا، بە تووڕەیی هاواری کرد:

– بەسە، بیبڕنەوە!

ئەوسا پێکەوە، لە کۆمیتە دەرچوون، گریگوری هیچی نەدەگوت. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لەم بێدەنگیەی گریگوری پەست بوو. لە جیابوونەوەدا، بە توندی بە گریگۆری گوت:

– ئەم بیروبۆچوونانە بۆ خۆت هەڵگرە، ئەگینا هەرچەندە خزم و ئاشنای کۆنین و پیوتەر وەکو برامە، ناچار دەم کوتت دەکەم. لێتی قەبووڵ ناکەم ئاشوب بخەیتە نێو قوزاقەکانەوە. خۆیان کێشەیان کەم نیە تا تۆش ئەوەندەی دی بیان هاڕوژێنی، نەخەڵەتابی تەگەرە بخەیتە کارمانەوە، دەنا ورد و خاشت دەکەین!... خوا حافیزت!

گریگۆری، ڕۆیی، هەستی دەکرد هەر ڕێگەیەکی ژێوان بوونەوەی لە خۆی بڕیوە. ئەوەی تا ئێستا لای عەیان و ڕوون نەبوو، ئێستا بە تەواوەتی بۆی ڕوون بووەوە و هیچ گومانێکی لەسەر نەما. یانی هەرچیەك تا ئێستا لە مێشك و دڵیا پەنگابووەوە و نەیدەزانی چۆنی هەڵڕێژێ، هەر هەمووی هەڵڕشت و دەری بڕی. کەوتبووە سەر دوو ڕیانێك و حەزی نەدەکرد هیچیان هەڵبژێرێت، بۆیە ڕقێکی پەنهان و بەردەوام، ناخی دەهاڕوژان و هەرچی دەکرد و دەکۆشا دا نەدەمرکایەوە.

میشکا و ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە دووقۆڵی دەڕۆیشتین. ئیڤان دەستی بە گێڕانەوەی دیدارەکەی خۆی دەگەڵ سەرۆکی کۆمیتەی ناوچەدا کرد. بەڵام ئیدی ئەو جۆش و خرۆشەی جارانی نەمابوو. هەوڵیدەدا هەمان باری مجێزی شاد پەیدا بکاتەوە، بەڵام نەیدەتوانی: شتێکی لێ بووبوو بە گرێی دڵ و دڵی دەگوشی و ڕێگەی نەدەدا، بە کامی دڵ شادبێ و پڕ بە سییەکانی هەوای سارد و گیانبەخش هەڵمژێت، ئەو کۆسپە گریگوری بوو، ئەو قسانە بوو کە لەگەڵ ئەوی کردبوون.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، گەنگەشە و گفتوگۆیەکانی بیرکەوتەوە و بە دەنگێکی بوغزن گوتی:

– گریگۆری و خەڵکانی وەکو گریگوری، تەنیا کۆسپی ڕیگان و هیچی دی، چەکل! قەت ناگاتە کەناری ڕوبار، وەکو تەپاڵە و سەرگین بە سەر ئاوەکەوە دەمێنێ. ئەگەر جارێکی دی بێتەوە، دەری دەکەم. خۆ ئەگەر خەڵکیمان لێ هەڵگێڕێتەوە، دەیگرم و لەو شوێنەی دەپەستم کە تەسەوری نەکات... میشکا، تۆ چ دەڵێی؟ کاروبارت چۆن دەگوزەرێ؟

میشکا کە لە فکران ڕاچووبوو، لە جیاتی وەڵام، بە جنێوێکی سەر بە کۆلکە داخی دڵی خۆی هەڵڕشت.

کە گەیشتنە سیلەی جادەکەی پاشتر، میشکا، ئاوڕی لە ئیڤان دایەوە، بزەیەکی وێڵ کەوتە سەر لێوە ئەستوور و گۆشتنەکانی کە لە لێوی کیژان دەچوو، گوتی:

– ئیڤان دەزانی، سیاسەت شتێکی پیسە، پیاو دەتوانێ بە کەماڵی ئارەزوو جگە لە سیاسەت باسی هەر شتێك بکات و ئەوەندەش خوێنی تاڵ نەبێت. کاتێ کە ئەم گفتوگۆیەم دەگەڵ گریشادا بوو... دەزانی، ئێمە ناسیاوی یەکدین، هاوڕێی قوتابخانە بووین، پێکەوە دووی کچان دەکەوتین، وەکو برابووین... بەڵام کە دەستی بە قسان کرد، بە ڕادەیەك ڕقم هەستا، خەریك بوو دڵم وەکو شووتی شەق ببێت. سەراپام کەوتە لەرزین، وەکو ئەوەبوو شتێکی ئازیزم لێ بسێنێ. بیەوێ تاڵانم بکات، جا لەم حاڵەتەدایە کە هەندێجار پیاو کەللەیی دەبێت و لەوەیە بەرانبەرەکەی بکوژێت. لەم شەڕەدا، لەم شەڕەی کە تیایاین، نە دۆستایەتی هەیە نە برایەتی: تەنیا ئەو ڕێگایە هەیە کە بۆ خۆتت هەڵبژاردووە.

ئەوسا دەنگی میشا لەرزی و لە سەری ڕۆیی:

– هەرگیز لە سەر کچێك، کە لێی داگیرکردبم، ئەوەندەی ئەم قسانەی ئەمڕۆ کردنی لێی عاجز نەبووم و ڕقم لێ هەڵنەگرتووە. جا ئیدی بەخۆت بزانە چەند لێکدی دوور کەوتووینەتەوە.

بەفر دەباری، بەڵام هەر بە حەواوە دەتوایەوە. دەمەو نیوەڕۆ، کەڵەکە بەفری سەر تاوێر و قەدپاڵی کەندەکان هاڕەی کرد و هەرەسی هێنا. جم و جۆڵ کەوتە بێشەکەی ئەوبەری دۆن. قەدی دار بەڕووەکان لە بەفر و بەستەڵەك پاك بوونەوە و لە دوورەوە ڕەش دەچوونەوە. دڵۆپە ئاو زەنگوڵ زەنگوڵ بە لق و پۆپەکانیەوە دەچکایەوە و بەفری سەر ئەرزەکەی کون دەکرد و دادەچۆڕا بۆ سەر ئەرزە گەرمەکە کە لە ژێر توێژاڵێك گەڵای خەزانی ژاکاو و چرمسیدا مت بووبوو. بۆنی توانەوەی بەفر، پیاوی مەست دەکرد، مژدەی بەهاری دەدا. لە باخەکاندا بۆنی ئاڵو باڵو دەهات. بەستەڵەکی سەر دۆن لێرە و لەوێ، کونی تێدەبوو. بەستەڵەکی کەنارەکان دوور کەوتنەوە. ئاوێکی سەوز و ڕۆشن، چاڵەکانی ڕەخی ڕوباری پڕکرد.

کاروانێکی گوێزانەوەی باروبنە و جبەخانە و ئەسپابی شەڕ، بۆ بەرەی دۆن، لە گوندی تاتارسکیدا وەستا تا ئەسپ و خزاگەکانیان بگۆڕن. ئەو سەربازە سوورانەی کە لەگەڵ کاروانەکەدا بوون، بە ڕاستی گەنجی چەلەنگ و چالاك بوون. سەرۆکەکەیان خۆی گوتەنی بۆ جاودێری ئیڤان ئالیکسییوفیچ مایەوە: "من لێرە لە گەڵ تۆدا دەمێنمەوە، چونکە کێ دەڵێت، تۆ ناڕۆیت." ئەوسا، سەربازەکانی خۆی بۆ ناو دێ نارد تا ئەسپ و خزاگان بە سوخرە بگرن. چل و حەوت خزاگی دوو ئەسپەیان پێویست بوو. (خزاگ: عەرەبانەی سەر بەفر)

یەمیلیان، عەرەبانچییەکەی جارانی موخوف، چوو بۆ ماڵی میلیخوف، پیوتەری بینی و گوتی:

– هەردوو ئەسپەکەتان ئامادەبکەن، بە ڵکو باروبنە و جبەخانە بۆ بوکوسفکایا بگوازنەوە.

پیوتەر، بێئەوەی خۆی شێلو بکات، بە ئەسپایی گوتی:

– ئەسپەکانمان دەشەلن، ماینەکەش، دوێنێ هەندێ بریندارم پێبرد بۆ ڤیشنسکایا.

یەمیلیان، بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات، چوو بۆ تەویلەکە. پیوتەر، بە سەری کۆت دوای کەوت و هاواری کرد:

– گوێ بگرە، ڕاوەستە... بۆت نیە بە بێ پرس بچی بۆ ئەوێ.

یەمیلیان، بە سەرو رووی جدی تەمەشایەکی پیوتەری کرد و گوتی:

– وازبێنە. دەمەوێ سەیرێکی ئەسپەکانتان بکەم بزانم بۆچی دەشەلن. نەبا بە ئانقەست، بە چەکوش بریندارتان کردبن؟ تۆ ناتوانی فێڵ لە من بکەیت. من بە قەد تووکی سەری تۆ ئەسپم دیتووە. دەی خێرا خزاگەکە ببەستە! ئیدی لە گای دەبەستی یان لە ئەسپ فەرق ناکات!

گریگۆری لە گەڵ کاروانەکەدا ڕۆیی. بەرلەوەی بەڕێ بکەوێ، چوو بۆ مووبەقەکە (مدبەق، ئاشخانە)، منداڵەکانی ماچ کرد و بەپەلە پێی گوتن:

– دیاری جوانتان بۆ دێنم. بەڵام لاساری نەکەن، بە گوێی دایکتان بکەن.

ئەوجا بە پیوتەری گوت:

– خەمی منت نەبێ، زۆر دوور ناکەومەوە. ئەگەر ویستیان بۆ دوورتر لە بوکوفسکایام بەرن، گایەکان بەجێ دێڵم و دەگەڕێمەوە. بەڵام نایەمەوە بۆ ئێرە، دەچم بۆ سینگین بۆ ماڵی پوورمان. پیوتەر، وەرە بۆ ئەوێ بۆ لام. حەزناکەم لێرە بمێنمەوە، کەمێك دەترسم.

ئەوسا، بزەیەکی تاڵی بۆ کرد:

– دەی، ناتاشکا. خەمی منت نەبێ، بە دوعا.

لە بەر دوکانەکەی موخوفدا، کە کردبوویان بە عەماری ئازووقە، سەندوقە فیشەك وگوللە هاوەنەکانیان بارکرد و کەوتنە ڕێ.

گریگوری، لە نێو خزاگەکەدا، پاڵکەوتبوو و خۆی لە پاڵتۆکەیەوە پێچابوو، گایەکان، بەدەم ڕۆییشتنەوە وەکو بێشکە ڕایان دەژەند. لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "سوورەکان، لە پێناوی ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان، دەجەنگن، ئێمەش لە پێناوی ژیانێکی باشتردا جەنگین. لەم ژیانەدا تەنیا یەك حەقیقەت هەیە: دەستدار، بێدەست دەخوات... من دووی حەقیقەتێك کەوتبووم کە لە بنەڕەتا بوونی نەبوو. دوای کڵاوی بابردوو کەوتبووم، وەکو سەگی هەڵەپاس، لێرەوە بۆ ئەوێ دەڕۆییشتم... دەڵێن کاتی خۆی تاتارەکان هەوڵیانداوە خاکی دۆن داگیربکەن و بمانکەن بە کۆیلە. جا ئێستا نۆرەی ڕووسەکانە. نا، نا، من مل بۆ ئەوە نادەم، ئەمانە بۆ من و بۆ هەموو قوزاقێك بێگانەن. قوزاقان تازە خەریکە هەست بەمە دەکەن. هەموو جەبهەمان چۆڵکرد، بەڵام هەر هەموویان وەکو من ژێوانن، دەڵێن: "ئاخ! چیمان بە خۆ کرد، ئەگەر دەمانزانی!"

گیای قەراخ جادەکە، زنجیرە گردولکە، ئاودڕکە و کەندێن پڕ لە دار و دەوەنان، دەهاتنە پێشوازی ئەو و، پێدەشتی بەفرپۆش، لە دوورەوە دەتگوت دەڕوات، بە هەمان خێرایی خزاگەکە، لە بەرچاویا، بەرەو باشوور دەڕۆیی. ڕێگاکە، یەجگار دوورودرێژ و تاقەتبەر بوو، ئینسان خەوی دەهات.

گریگۆری، ناوبە ناو، بەدەم خەوەنوتێکەوە، دەنگێکی گایەکانی دەدا و بەدەم وەنەوزدانەوە، بەملا و بەولادا دەکەوت بەسەر سەندوقە فیشەك و گوللە هاوەنەکاندا. دوای ئەوەی سیغارێکی کێشا، سەری لە وێنجەکان نا کە بۆی چەودەر و سێپەڕەی وشکی دەدا و بۆنی هەناسەی ڕۆژانی مانگی تەمووزی لێهەڵدەستا و وردەوردە خەو بردییەوە. خەوی بینی، لەو خەوەدا دەگەڵ ئەکسینیادا، بە ناو جاڕە گەنمێکدا دەڕۆییشتن. ئەکسینیا بە سۆزەوە مناڵێکی لە هەمێز گرتبوو و چاوە پرشنگدارەکانی بریبوونە گریگۆری. گریگۆری گوێی لە دەنگی لێدانی دڵی خۆی بوو، گوێی لە دەنگی گوڵە گەنمەکان بوو کە بەدەم بایەکەوە کەروێشکەیان دەکرد، ئاسمانی شین و ساماڵی دەبینی. هەستێکی ئاشقانە لە دڵ و دەروونیا بێدار بووەوە و هاتەوە جۆش: هەمان ئەشقە گەرم و گوڕەکەی جارانی ئەکسینیا لە دڵیا بێدار بووەوە. گریگۆری بە هەموو بوونی خۆیەوە، لە گەڵ هەر ترپەیەکی دڵیا، هەستی پێدەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا دەشیزانی ئەمە خەیاڵە، ئەوەی بە بەرچاویەوە دەدرەوشێتەوە، خەو و خەیاڵێکی بێهودەیە. بەڵام دڵی بەم خەوە خۆشبوو، وەکو شتێکی ڕاستەقینە و واقیعی پێشوازی دەکرد. ئەکسینیا هەمان ئەکسینیای پێنج ساڵ لەوەپێش بوو، بەڵام کەمێك سلۆك و ساردبوو. گریگۆری، قژە مەخمەلیەکەی دەبینی

کە بەدەم بایەکەوە، دەکەوتە سەما و، لە گەردنی دەئاڵا، هەروەها دوو لچکی لەچکە سپییەکەی دەبینی... بە جۆرێ غەرقی تەمەشای بوو، وەکو ئەوەی قەت لەوەپێش نەیدیبێ... بەڵام بەدەم تەکانێکی خزاگەکەوە ڕاپەڕی و هەراوزەنا، لەو خەوە خۆشەی کرد و وەخۆ هاتەوە. کە چاوی هەڵبڕی، سەیری کرد کاروانێکی دوور و درێژی خزاگان، لە بەرانبەرە و دێت. بودفسکوف کە لە پێش گریگورییەوە دەڕۆیی، بە دەنگێکی نووساو لێی پرسین:

– خزمینە، بارەکەتان چییە؟

تیغەی خزاگەکان، کەوتبووە جیڕجیڕ، سمی شەقاری گایەکان، بەخشەخش بەفرەکەی دەبڕی. عەرەبانچییەکان، ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون، پاشان یەکێکیان هاتە قسان و گوتی:

– جەنازەیە. بە تیفۆ مردوون...

گریگۆری سەری هەڵبڕی، کۆمەڵێك جەنازەی بینی کە لە خزاگەکان بارکرابوون و مشەمایان پێدا دابوون. قەراخی خزاگەکەی گریگۆری بەردەستێك کەوت کە هاتبووە دەرێ، دەنگێکی کپی لێوەهات. گریگۆری بە خوێنساردییەوە ڕووی وەرگێڕا...

بۆنی نەرم و شیرین و مەستکەری، چەودەر و سێپەڕە، دیسان خەریك بوو خەوی لێدێنا و ڕووداوە کۆنەکانی ڕابردووی، کە ڕۆژگار تەواو کاڵی کردبوونەوە، وەبیردێنایەوە و ناچاری دەکرد دڵی خۆی بداتە بەر تیغی بڕندەی ئەشقی لە دەست چوو. گریگۆری لە خزاگەکەدا پاڵکەوت، لاسکی زەردی وێنجە و سێپەڕە، بە ڕوومەتیا دەچوو و هەستی بە ئازارێکی توند و لە هەمان کاتا بە لەزەت دەکرد. دڵی کە گیرۆدەی بیرەوەریانی ڕابردوو بوو و خوێنی دەدەڵاند و توند و شپرزە لێی دەدا، نەیدەهێشت خەوی لێبکەوێت.

"٢٢"

ئەو چەند نەفەرەی کە لە دەوری کۆمیتەی شۆڕشی تاتارسکی خڕبووبوونەوە، بریتی بوون لە: داڤیدکای ئاردبێژ، تیموق، یەمیلیان و فیلکای کونجی پینەدۆز. ئیڤان ئالیکسییوفیچ لە کاری ڕۆژانەی خۆیدا، ناچاربوو پشت بەوانە ببەستێ. هەستی دەکرد دیوارێك لە نێوان ئەو و خەڵکی گوندا هەیە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرزتر دەبێت. قوزاقان، نەدەهاتن بۆ کۆبوونەوە و جڤاتەکان، یان ئەگەر ئامادەش بوایەن، وەختێ ئامادە دەبوون، کە داڤیدکا و ئەوانی دی، چوار پێنج جار بچوونایەتە ماڵەکانیان و ئاگاداریان کردبانەوە. کە دەشهاتن، هیچ قسەیەکیان نەدەکرد و گەنگەشەی هیچ پێشنازێکیان نەدەکرد. زۆربەی ئەوانەی لە کۆبوونەوەکاندا ئامادە دەبوون، گەنجەکان بوون، بەڵام ئەوانیش شتاقیان داشداری (لایەنگر) حکومەت نەبوون. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە کۆبوونەوەکاندا، جگە لە ڕوخسارێن بەردین، نیگاێن گومانامێز و خێسە و مۆڕەی ژێراو ژێر، هیچی دیکەی نەدەبینی. دڵی سارد دەبووەوە، چاوی پڕدەبوون لە نیگەرانی، و دەنگی کز دەبوو و متمانەی بە خۆی لەق دەبوو. ڕۆژێك فیلکا کونجی پینەدۆز پێی گوت:

– هاوڕێ کوتلیاروف، لەوە دەچیێ خەڵکی گوند بایکۆتیان کردبین. تەواو لە خەڵکەکە دابڕاوین، خەڵکی سەرپێچی دەکەن و لێمان ڕڕن. دوێنێ چوومە ناو گوند کە چەند عەرەبانەیەك پەیدا بکەم تا بریندارانی سوپای سوور بۆ ڤیشنسکایا ببەن، کەس ڕازی نەبوو بڕوات. ئەگەر کار وابڕوات هیچ بە هێچ ناکەین.

یەمیلیانش، کە بە کەڵەموستی، سەبیلەکەی دەپەستایەوە، گوتی:

– بەڵام سەیر ئەوەیە لەم ڕۆژانەدا پیس سەریان کردووەتە ڤۆدگا خواردنەوە، هەموو ماڵەکان ڤۆدگا دروست دەکەن.

میشکا کوشیڤۆی زۆر پەست و قەڵس بوو، ئەوەی دەرنەدەبڕی کە لە هزر و بیریا بوو. بەڵام ئێوەرەیەك، پێش ئەوەی بۆ ماڵ بڕۆنەوە، خۆی پێنەگیرا و بە ئیڤان ئالیکسییوفیچی گوت:

– با تفەنگێك لە گەڵ خۆما بەرمەوە.

– تفەنگت بۆچیە؟

– حەزناکەم بەبێ تفەنگ بسوڕێمەوە. چما تۆ هەست بە هیچ ناکەیت؟ پێموایە وەختی ئەوە هاتووە، تا زووە هەندێ کەس دەستگیر بکەین... پێویستە ئەمانە بگیرێن: گریگوری میلیخوف، بولدریوڤ پیر، ماتڤی کاشولین و میرون کورشونوف. ئەمانە ژێراو ژێر قوزاقەکان دندە دەدەن، بە گوێیاندا دەخوێنن... نامەردانە چاوەڕوانی گەڕانەوەی زەلامەکانیانن لەوبەری دۆنتسەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ شانەکانی هەڵتەکاند و بە خەمینی و نائومێدی دەستەکانی تەکان دا

– ئەگەر قەرار بێ دەست بە گرتن بکەین، دەبێ خەڵکانێکی زۆر بگرین، چونکە ئەمانە زۆرن. خەڵکی دوودڵن... خۆ ئەوانەش کە بیانەوێ هەواداری لە ئێمە بکەن، لە میرون گریگورفیچ دەترسن. دەترسن میتکای کوڕی لە دۆنتس بێتەوە و بیانکوژێت.

بۆ ڕۆژی پاشی، ژیان لەپڕا گۆڕا... تەتەرێکی سوارە لە ڤیشنسکایاوە، هات و قەرارێکی لە گەڵ خۆیدا هێنا کە باج لە دەوڵەمەندانی گوند بسەنرێت. دەبوایە بڕی چل هەزار ڕۆبڵ لە گوندەکە کۆبکرێتەوە. ئیدی کۆمیتەی شۆڕش، بڕی باجی هەر ماڵباتێکی دیاری کرد. ڕۆژێك تێپەری، دوو فەردە پارە کۆکرایەوە: تۆزێك لە هەژدە هەزار ڕۆبڵ پتربوو. ئیڤان ئالیکسیووفیچ، داوای ئەمری تازەی لە ناوەندی کۆمیتەی ناوچە کرد. کۆمیتەی ناڤبری سێ سەربازی چریکی بەم فەرمانەی خوارەوە بۆ لا نارد: "ئەوانەی کە باجیان نەداوە، بگرن و بە پاسەوانا بۆ ڤیشنسکایایان ڕەوانە بکەن." لە بەر ڕۆشنایی ئەو فەرمانە، یەکسەر چوار پیرەمێردی گوند گیران و بە شێوەیەکی کاتی خرانە ژێر زەمینەکەی ماڵی موخوفەوە، کە جاران سێوی زستانەی تیا عەماردەکرد. گوند، وەکو دار بە شارەزەردەواڵەدا کرابێ، ئاوا هاڕوژا. کورشونوف ڕەفزی کرد تاقە پولێك لەو هەموو پارەیەی هەی بوو و ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی دادەبەزی، بدات. بەڵام کاتی ئەوە هاتبوو، باجی ژیانی شیرینی ڕابردووی بدات. دوو کەس، لە ناوەندی کۆمیتەی ناوچەوە هاتن، یەکێکیان دادپرس (محقق) بوو، ئەمە قوزاقێکی گەنجی خەڵکی ڤیشنسکایا بوو کە لە کەتیبەی بیست و هەشتدا خزمەتی کردبوو، یەکێکی دیکەی لە گەڵدابوو کە لە ژێر پۆستینەکەیەوە، ئێلەکێکی چەرمی لە بەرکردبوو. ئەوانە، فەرمانی دادگا نائاسییەکەی خۆیان، فەرمانی دادگای

شۆڕشیان نیشاندا و ئەوجا لە ئۆفیسەکەی ئیڤان ئالیکسییوفیچدا، کۆبوونەوەیەکی سێ قۆڵیان کرد. هاوڕێیەکەی یارۆی دادپرس، کابرایەکی بە تەمەنی سەرتاشراو بوو، زۆر بە جدی کەوتە قسان:

– ئاژاوە و بشێوێنی کەوتووەتە ناوچەکەمان. پیاوانی گاردی سپی، سەریان بەرزکردووەتەوە و خەڵکی زەحمەتکێشی قوزاقمان لێهاندەدەن. پێویستە دەستێك بە دژمنانی خۆماندا بێنین. لیستێکمان بە ناوی ئەفسەران و کەشیشان و ئەتامانان و جەندرمانان و دەوڵەمەندان و هەموو ئەوانەی چالاکانە دژایەتیمان دەکەن، بدەیە. هاوکاری تەواوی دادپرسەکە بکە، بە خۆیشی زانیاری تەواوی دەربارەی هەندێکیان هەیە و دەیانناسێت.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە سەر و ڕووی تاشراوی کابرا وردبووەوە، کە زیاتر لە سەروچاوی ژنان دەچوو، دەستی بە ژماردنی ناوەکان کرد، خانەوادە بە خانەوادە پێیا هات، وەختێ هاتە سەر ماڵباتی میلیخوف، ناوی پیوتەری برد، دادپرسە کە بە ئاماژەی سەر گوتی:

– نا، لایەنگری خۆمانە. فومین داوای لێکردم هەقمان بەسەریەوە نەبێت. داشداری بەلشەویەکانە. پێکەوە لە کەتیبەی بیست و هەشت بووین.

میشکا کوشیڤوی، بە دەستی خۆی ناوەکانی لە پەڕەیەکی خورشیدی خەتدارا، کە لە دەفتەرێکی قوتابخانەی دەرهێنابوو، نووسین و لە سەر مێزەکە داینا.

دوای ئەوە بە چەند سەعاتێك، قۆزاقە گیراوەکان، بە چاودێری سەربازانی چریك، لە حەوشە گەورەکەی ماڵی موخوفدا، لە سەر کۆتەرەداران دانیشتبوون و چاوەڕوانی ئەوەبوون کە کەسوکاریان خواردن و جل و بەرگ و پێویستی دیکەیان بۆ بێنن و هەروەها چاوەڕوانی خزاگ بوون کە شتەکانیان بۆ هەڵبگرێت. میرون کورشونوف، جل و بەرگی تازە تازەی لە بەر کردبوو، لە تۆ وایە خۆی بۆ مردن ئامادەکردبوو: پۆستینی چەرمی خۆشەکراو، پێڵاو و گۆرەوی سپی و پانتۆڵێك کە دەلەنگەکانی لە گۆرەویەکانی نابوون. لە گەڵ بوگاتریوف پیرو ماتڤی کاشولیندا، کەمێ دوورتر لەوانی دی، دانیشتبوو. (ئاڤدیچ)ی ناسراو بە درۆزن، بەردەوام بە حەوشەکەدا دەهات و دەچوو. هەندێجار هەر لە خۆوە دەیڕوانیە ناو بیرەکە و هەندێجار تەڵاشە دارێکی هەڵدەگرت و لەبەر قاڵدرمەکانی ماڵەوە تا بەر دەروازەی حەوشەکە دەڕۆیی و ڕوخساری لە ئارەقە هەڵکشاوی خۆی کە لە سێوە لاسوورەی ئاودار دەچوو، بەسەری قۆڵی دەسڕی. ئەوانی دی بە بێدەنگی دانیشتبوون، سەریان داخستبوو و بە دارعەساکانیان، بەفری سەر ئەرزەکەیان دەنەخشاند. ژنەکانیان، بە هانکەهانك و چاو بەگریان هاتن و کیسە و توێشوو و پریاسکەی پڕیان بۆ زیندانیەکان هێنا و بە ئەسپایی لە گەڵیاندا کەوتنە گفتوگۆ. لوکی نیچنا، بەدەم ڕوندك ڕشتنەوە، دوگمەکانی پەستەکەکەی مێردەکەی دادەخست و لەچکێکی سپی ژنانەی لە دەوری ملی گرێ دەدا، لە کاتێکا کە دەیڕوانیە چاوەکز و پروشاویەکانی، کە دەتگوت خۆڵە کەوەیان پێوەرکردبوو، گوتی:

– میرۆن، خەفەت مەخۆ! کەس نازانێ خێر لە چیدایە. بۆچی وا نەترەت بەرداوە؟ ئەی خودایا...

گریان ئەرکی گرت، دەمە زلەکەی داخست، بەڵام دوای تۆزێك، وەخۆ هاتەوە و بە ئەسپایی گوتی:

– دێمە دیدەنیت. (گریپکا)ش لە گەڵ خۆدا دێنم. زۆرت خۆشدەوێ...

یەکێك لە چریکەکان، لە بەردەرگای حەوشەوە هاواری کرد:

– خزاگەکان ئامادەن. کیسەکانتان باربکەن بابڕۆین! ژنان، دەی بەسە، ئەم فینگەفینگە بڕنەوە!

لوکی نیچنا، بۆ یەکەمجار، دەستە تووکنەکانی میرونی مێردی ماچ کرد و ئەوجا لێی جیابووەوە. خزاگەکان، کە لە گا بەسترا بوون، هێدی هێدی لە حەوشە وەدەرکەوتن و بەرەو دۆن وەڕێکەوتن. حەوت سەرباز و دوو چریك، بە پیادە بە دوویاندا دەڕۆییشتن. ئافدیچ دواکەوت، قەیتانی پێڵاوەکانی توند کردەوە و وەکو گەنجێك بە غار خۆی بەوانی دی گەیاند. ماتڤی کاشولین، شان بە شانی کوڕەکەی خۆی ڕیی دەکرد. میدانیکوف و کورولیوف جگەرەیان دەکێشا. میرون گریگوروفیچ شان بە شانی خزاگەکە دەڕۆیی. بوگاتریوڤ پیر، بە هەنگاوی قورس و پڕ شکۆوە لە دوای هەموانەوە دەهات. بایەکە ڕدێنە سپی و درێژەکەی بۆ دواوە دەبرد و کەروێشکەی پێدەکرد، گێز و گوڵینگی ملپێچەکەی کە کەوتبووە سەر شانی، بە جۆرێ کەوتبووە سەما، لە تۆ وایە بەدرەقەی دەکات.

لەو ڕۆژە هەورینەی مانگی شوباتدا، ڕووداوێکی دیکەی نائاسایی لە تاتارسکیدا ڕووی دا. لەم دواییانەدا، خەڵکی گوند بە هاتنی فەرمانبەران و ئەفسەران لە کۆمیتەی ناوچەوە، بۆ گوندەکەیان ڕاهاتبوون. بۆیە، کاتێ کە خزاگێکی دوو ئەسپە، بەخۆ و پیاوێکی سەروڕدێن ماش و برنجەوە، کە لە تەنیشت عەرەبانچیەکەوە دانیشتبوو، لە مەیدانی گوندا پەیدابوو، کەس گوێی نەدایە. خزاگەکە لەبەر ماڵەکەی موخوفدا وەستا و پیاوەکە دابەزی. پیاوێکی پیربوو، بە ئاستەم دەیتوانی بجوڵێ. پاڵتۆیەکی درێژی سوارەی لە بەربوو، کەمەری پاڵتۆکەی توند کردەوە. ئەوسا سەرگوێیەکانی کڵاوەکەی، کە کڵاوی سوارەی سەربازانی سوور بوو هەڵدایەوە، ئەوجا دەستی خستە سەر کیفی داریـنی دەمانچە ماوزەڕەکەی، بە کاوەخۆ بە قاڵدرمەکانی بەردەرگای ژوورەوەدا سەرکەوت.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ و دوو سەربازی چریك لە بارەگای کۆمیتەی شۆڕشدا بوون. پیاوەکە بێئەوەی لە دەرگە بدات وەژوورکەوت، لە ئاستانەی دەرگاکەدا، دەستێکی بە ڕدێنە کورتە بۆزەکەیدا هێنا، ساڤ کرد و بە دەنگێکی قووڵی پرسیارئامێز گوتی:

– سەرۆکی کۆمیتەم دەوێ.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ئاوڕی دایەوە، چاوە زەقەکانی هەڵبڕین و ڕوانیە کابرا و دەیویست بەرزە پێ لەجێی خۆی هەستێت، بەڵام نەیتوانی. وەکو ماسی دەمی کردەوە و بە قامکی دەست کەوتە لێدانی هەردوو دەسکی سواوی کورسیەکەی. ئەمە ستوکمان بوو کە لە ژێر کڵاوە چەرمیە ناجۆرە قوزاقیەکەیەوە، تەمەشای دەکرد. بۆ ساتێك چاوە بچووکەکانی بڕییە ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەڵام لەوە نەدەچوو ناسیبێتیەوە. لە ناکاوا، پێڵوەکانی کەوتنە لەرزین، چاوە چکۆلەکانی گەشانەوە و دەوروبەری چاوانی تا لاجانگە بۆزەکانی چرچیان تێکەوت. ستوکمان،

بە ژوورەکەدا بەرەو ئیڤان ئالیکسییوفیچ کە هێشتا نەیتوانی بوو لە جێی خۆی هەستێت، ڕۆیی و توند لە هەمێزی گرت و لە کاتێکا ڕدێنە تەڕەکەی لە ڕوخساری ئەو دەماڵی، گوتی:

– دەمزانی! لە دڵی خۆمدا دەمگوت، ئەگەر ئیڤان هێشتا مابێ، ئێستا لە تاتارسکی، بەرپرسی کۆمیتەیە.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، کە گریان لە ئەوکی گیرابوو، گوتی:

– ئوسیب داڤیدوفیچ، بەر زللەم بدە. منی سەگ دایك بەر زللە بدە! باوەڕ بە چاوی خۆم ناکەم!...

چیوای نەمابوو ئیڤان لە هۆڕژنی گریان بدات، ستوکمان بە دەم زەردەخەنەوە، بە نەرمی دەستی لە گەردنی ئیڤان هەڵگرت و گوتی:

– دەتوانی باوەڕبکەیت! باشە شتێك لە ژوورەکەت نیە کە لە سەری دانیشین؟

– فەرموو، لە سەر ئەم کورسیە دانیشە. بەڵام بڵێ بزانم تۆ لە کوێوە پەیدابووی، لە کوێوە دێی؟

– من حاڵی حازر لە بەشی سیاسی سوپای سوور کاردەکەم. لەوە دەچێ، هێشتا باوەڕنەکەی کە خۆم بم. چ ئینسانێکی سەیری!

ستوکمان، بە سوعبەتەوە، بە ئەسپایی کێشای بە ئەژنۆی ئیڤاندا و بەپەلە لە سەر ڕۆیی:

– مەسەلەکە زۆر سادەیە برادەری ئازیز. دوای ئەوەی لێرە گرتیانم، ڕەهەنەی تاراوگەیان کردم. کە شۆڕش دەستی پێکرد من لە تاراوگە بووم. من لە گەڵ هاوڕێیەکی دیکەدا، مەفرەزەیەکی گاردی سوورم پێکەوە نا و شەڕی (دۆتۆف و کوڵچاك)م کرد. بە ڕاستی وەختێکی خۆشمان لەوێ بەسەربرد! ئەوسا تا ئەوبەری ئورالْ ڕاومان نان، دەزانی؟ ئێستاش لە جەبهەکەی لای ئێوەم. بەشی سیاسی سوپای هەشتەم منی ناردووە کە لە ناوچەکەی ئێوەدا کاربکەم. لە بەرئەوەی پێشتر لەم ناوچەیەدا بووم و شارەزای بارودۆخی ئێرەم. بەپەلە چووم بۆ ڤیشنسکایا و دەگەڵ هاوڕێیانی کۆمیتەی شۆڕشدا گفتوگۆم کرد و لێبڕام، پێش هەرشتێك بێم بۆ تاتارسکی. لە دڵی خۆدا گوتم، دەچم بۆ ئەوێ لای ئەوان دەمێنمەوە و کاریان لە گەڵدا دەکەم و یارمەتیان دەدەم تا کاروبارەکانیان ڕێك بخەن، ئەوسا دەچم بۆ شوێنێکی دیکە. ئێمە، وەکو دەبینی، دۆستانی کۆنی خۆمان لە بیرناکەین. دەی پاشان دێینە سەر باسی ئەو شتانە. جا ئێستا باسی خۆت، باسی بارودۆخی ئێرە و خەڵکی ئێرەم بۆ بکە. کێ کارت لە گەڵدا دەکات؟ کێ ماوە کێ نەماوە؟...

ئەوسا ئاوڕێکی لە دوو چریکەکە دایەوە و گوتی:

– هاوڕێیان، تکایە بۆ ماوەی سەعاتێك مۆڵەتمان بدەن با بە تەنیا لە گەڵ سەرۆکەکەتاندا قسان بکەین...

ئێی دنیا، کە گەییمە ناو دێ، بۆنی ڕۆژگاری جارانم بە سەرا هات... چ ڕۆژگارێك بوو!... ڕۆژگارێکی مەند و بێجوڵە... بەڵام ئێستا، هەیهوو... بارودۆخەکە زۆر گۆڕاوە... دەی قسەم بۆ بکە، هەگبەکەت هەڵڕێژە.

دوای سێ سەعاتان، میشکاکوشیڤوی و ئیڤان ئالیکسیوفییچ، ستوکمانیان، بۆ ماڵە کۆنەکەی، بۆ لای لوکشکاخێل برد. بە ناو گڵ و قوڕی قاوەیی جادەکەدا ڕێیان دەکرد. میشکا، ناو بە ناو

قۆڵی پاڵتۆکەی ستوکمانی دەگرت، لە تۆ وایە دەترسێت لە دەستی بڕوات و دیارنەمێنێ و وەکو تاپۆیان بتوێتەوە.

لوکیریا، شۆربای کەلەرمی بۆ کۆنە کرێچییەکەی هێنا و تەنانەت لە سووچێکی پەنهانی یەغدانەکەشیا، پارچە قەندێکی نمساریشی بۆ دەرهێنا.

ستوکمان، پاش ئەوەی لەجیاتی چا، جۆشانەی گەڵا گێلاسی خوارد، لە سەر ڕەفەی موغەیریەکە پاڵکەوت. گوێی لە قسە و حیکایەتی تێکەڵ و پێکەڵی ئەوانی دی دەگرت و ناو بە ناو پرسیارێکی دەکرد و دەسکی دارجگەرەکەی بەدان دەجوو. کەمێك بەر لە سپێدە، بەرە بەرە، خەو بردیەوە، جگەرەکەی کەوتە سەر قەمیسە فانیلە چلکنەکەی. ئیڤان ئالیکسییوفیچ کە پازدە دەقیقەیەك بوو لە پەستاو بێپسانەوە داخاوت، تەنیا ئەوکاتە پێی زانی کە ستوکمان، بە دەم پرخ و هوڕەوە وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکانی ئەوی دایەوە. هەنگێ هەستا، لە سەر نووکی پێ لە ژوورەکە وەدەرکەوت، هێندەی زۆر لە خۆ کردبوو، جڵەوی کۆکەکەی بگرێت و دەنگی دەرنەیەت و ستوکمان خەبەر نەکاتەوە، دەموچاوی سوورسوور بووبووەوە. هەرکە لە قاڵدرمەکانی بەردەرگا هاتنە خوارەوە میشکا بەدەم نەرمە پێکەنینێکەوە لێی پرسی:

– هەست دەکەی خۆت خاڵی کردەوە؟

***

ئولشانوف، کە دەگەڵ زندانیەکاندا بۆ ڤیشنسکایا چووبوو، نیوەشەو، بە خزاگێك کە دەهات بۆ تاتارسکی، گەڕایەوە. ماوەیەکی زۆر لە پەنجەرەی ئەو ژوورە چکۆلەیەی دا کە ئیڤان ئالیکسییوفیچ تیایدا نوستبوو. ئەنجام خەبەری کردەوە. ئیڤان ئالیکسییوفیچ هێندە خەوتبوو، دەموچاوی ئاوسابوو. هەستا و پرسی:

– چیت دەوێ؟ چیت پێیە؟ نامەت هێناوە؟

ئولشانوف، شریخەیەکی لە قامچییەکەیەوە هێنا و گوتی:

– قوزاقەکانیان، گوللەباران کرد.

– درۆ دەکەی گەماڵ باوك.

– هەرکە گەیینە ئەوێ، دادپرسییان لە گەڵدا کردن و پاشان پێش ئەوەی تاریك دابێ بردیانن بۆ ناو دار سنۆبەرەکان... بە چاوی خۆم دیتم!...

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە زەحمەت چەکمەکانی لە پێکرد. بەلەز جلەکانی لە بەرکرد، ئەوسا بە هەڵەداوان چوو بۆلای ستوکمان، گوتی:

– ئەوانەیان، کە ئەمڕۆ ناردبوومانن بۆ ڤیشنسکایا، گوللەباران کردووە. وام تەسەور دەکرد زندانیان دەکەن و تەواو، بەڵام کوشتن... بەم حاڵە، لێرە هیچ بە هێچ ناکەین. جەماوەری خەڵك لێمان دەڕەونەوە ئوسیب داڤیدوفیچ، بۆ کوشتوویانن، ئەمە کارێکی دروست نیە؟

وای تەسەور دەکرد ستوکمانیش وەکو ئەو بێزاری و ناڕەحەتی دەربڕیت و نیگەرانی ئەنجام و کاردانەوەی ئەم کارە بێت، بەڵام ستوکمان بە کاوەخۆ کراسەکەی لە بەرکرد و پاش ئەوەی سەری لە یەخەی کراسەکەیەوە هاتە دەرێ، گوتی:

– هاوار مەکە، با لوکیریا خەبەری نەبێتەوە.

لە خۆگۆڕین بووەوە، سیغارێکی داگیراند و جارێکی دی داوای لە ئیڤان ئالیکسییوفیچ کرد کە هۆی دەسگیرکردنی ئەم حەوت نەفەرەی پێ بڵێت و سەرەنجام بە تۆنێکی کەم دابێژێك سارد گوتی:

– تۆ دەبێ ئەمە بخەیتە مێشکی خۆتەوە، باش بیخەیتە مێشکی خۆتەوە کە شەڕگە نزیکەی سەد و پەنجا فرسەخێك لێروە دوورە. زۆربەی قوزاقەکان دژی ئێمەن. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە دەربەگەکانی قوزاق، واتە ئەتامان و سەرۆکەکانیان، تاکو ئێستاش دەسەڵات و کاریگەرییەکی یەجگار زۆریان لە نێو ڕەنجبەرانی قوزاقدا هەیە. دەسەڵاتێکی یەجگار زۆر، گوێت لێیە؟ بۆچی؟ دەبێ هۆی ئەمەش بزانیت. میللەتی قوزاق تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە خەڵکی دی جیاوازن، میللەتێکی شەڕڤان و جەنگاوەرن. تزاریسم، وای پەروەردە کردوون کە ملکەچ و گوێڕایەڵی سەرۆك و دەسەڵاتدارانی خۆیان بن، بە گیانی "باب سالاری" گۆشی کردوون. لە سروود و گۆرانیەکانیاندا چ دەڵێن؟ "سەرانی فەرماندەمان بۆ هەرکوێمان بنێرن، دەڕۆین، دەڕۆین و شمشێر هەڵدەکێشین، هەرچیمان بێتەڕێ بە نێزە هەڵیدەدڕین، شەلم کوێرم دەست ناپارێزین." ئیدی ئەمەن، وانیە؟ تێدەگەی! و هەر ئەم "سەروەر و سالارانە" ئەمریان بە قوزاقان دەکرد، کە مانگرتن و ڕاپەڕینی کرێکاران، بە ئاگر و ئاسن دابمرکێننەوە، خڵتانی خوێنی بکەن. سێ سەد دانە ساڵە، قوزاقان بەم شتانە گۆش دەکەن، سێ سەد ساڵ کەم نیە. ئیدی ئاوهایە. بۆیە فەرق زۆرە لە بەینی دەرەبەگی بۆ نموونە ستانی ریازان و دەرەبەگی دۆن. دەرەبەگی ریازان، لە سووچێکا دانیشتووە و جنێو بە حکومەتی سوڤیاتی دەدات، بەڵام بێدەسەڵاتە. مەگەر جارجار کەمێنێ، بۆسەیەك بنێتەوە. بەڵام دەرەبەگی دۆن، دەرەبەگێکی چەکدارە. جانەوەرێکی خەتەر و ژەهردار و بە توانایە. هەر بەوەندەوە ناوەستێ، جنێوان بدات، دەنگۆی خراپ دژی ئێمە بڵاو بکاتەوە و بوختانمان بۆ بکات و درۆمان بە دەمەوە بکات، وەکو ئەوەی تۆ گوتەنی، کورشونوف و ئەوانی دی دەیانکرد، بەڵکو هەوڵدەدات، بە چەك دژایەتیمان بکات و مەیدانمان لێبگرێت. هەڵبەتە هەرواش دەکات! دەست دەداتە تفەنگەکەی و سەنگەرمان لێدەگرێت، تەقەمان لێدەکات، دەمان کوژێت، هەوڵدەدات قوزاقانی دیکەش، موڵکدارانی مامناوەندی و تەنانەت خەڵکی هەژاریش بە گەڵ خۆی بخات. مەبەستی ئەوەیە کە بە دەستی ئەوانە لە ئێمە بدات. بۆیە کە بە تەواوەتی ساغ بووەوە، یەکێك دژایەتی ئێمە دەکات، تەگبیری هەر ئەمەیە، کە لە پاڵ دیوارێکدا گوللەباران بکرێت و پیویست بەوە ناکات، بەزەییمان پێیاندا بێتەوە، بۆیان بپاڕێینەوە و بگرین و بڵێین: "ئاخر پیاوێکی زۆر باش بوو..."

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەدەم دەست هەڵتەکاندنەوە گوتی:

– من دڵم پێیان ناسووتێت، خراپ لێم تێنەگەیت. من خەمی ئەوەمە ئەوانی دیمان لێ برەنجێن.

ستوكمان، كە تا ئەوساتە، هێدی و هێمن دەستی بە سینگە تووكنەكەی خۆیدا دێنا، لە پڕ تووڕە بوو، یەخەی بلوزەكەی ئیڤان ئالیكسییوفیچی گرت و بە توندی بۆ لای خۆی ڕایكێشا و بە دەنگێكی كەرخ، لە كاتێكا دەیویست جڵەوی كۆكەكەی بگرێت، گوتی:

– ئەگەر ئێمە حەقیقەتی چینایەتی خۆمانیان تێبگەیەنین، لێمان ناڕەنجن. قوزاقێن زەحمەتكێش جگە لە ئێمە دۆستی دیكەیان نیە. ئێمە دۆستیانین نەك دەرەبەگان. ئاخ! تۆ... دەرەبەگ بە ڕەنجی ئەوان دەژێن و دەوڵەمەند دەبن... ئاخ! كە كەودەنی! تۆ ئەقڵت تێكچووە. بیركردنەوەیەكی نابەجێت هەیە... هەی ئەحمەق! پێتی نیشان دەدەم! ئاخر بابایەكی كرێكاری وەكو تۆ و ئەم جۆرە بیركردنەوەیە كوجا مەرحەبا!... وەكو ڕۆشنبیرێك گریە و زاری دەكەی، وەكو ئەندامێكی بودەڵەی حیزبی سوسیال شۆڕشگێڕی پەرپووت، هەر گلەیی و گازاندەتە! ئاگات لە خۆ بێ ئیڤان!

ئەوسا، یەخەی ئیڤانی بەردا، بزەیەكی كاڵی بۆ كرد و سەرێكی لەقاند. جگەرەیەكی داگیرساند، یەك دوو مژی قووڵی لێدا و ئەوسا بە تۆنێكی نەمترەوە كۆتایی بە قسەكانی هێنا:

– ئەگەر چالاكترین دژمنی خۆمان لەم ناوچەیەدا نەگرین، ڕاپەڕین و سەرهەڵدان چێدەبێت. بەڵام ئەگەر لە وەختی خۆیدا، بیانگرین و گۆشەگیریان بكەین، لەگینە ڕاپەڕین بەرپا نەبێت. هەڵبەتە مەرجیش نیە، هەر هەموویان گوللەباران بكەین و بیانكوژین، پێویستە تەنیا سەرەكانیان لە ناو ببەین. ئەوانی دی ڕەهەنەی تاراوگە دوورە دەستەكانی ڕووسیا دەكەین. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی نابێ نەرمكێشی لە گەڵ دژمندا بكرێت. لینین گوتەنی: "شۆڕش، بە دەستكێشەوە ناكرێت." باشە سەبارەت بەم حاڵەتەی ئێستا، ئایا ئیعدام كردنی ئەمانە زەروری بوو؟ من پێموایە بەڵێ، ڕەنگە هەموویان مستەهەق نەبوون، بەڵام سەبارەت بە كەسێكی وەكو كورشونوف، زۆر زەرووری بوو، ئەمە شتێكە چەند و چوون هەڵناگرێت. هەڵبەتە گریگۆری میلیخوف كە حاڵی حازر هەڵاتووە، بە شێوەیەكی كاتی ڕزگاربووە، دەبوایە ئەو دەستگیر بكرایە، ئەو لە هەر هەموویان خەتەرترە. ئەمەت چاك لە بیربێ، ئەو قسانەی كە لە كۆمیتەی شۆڕشدا، لە گەڵ تۆیدا كردوون، قسەی كەسێكن، كە سبەینێ لێت دەبێ بە دژمن. بە هەرحاڵ، ئێمە بە شێوەیەكی گشتی خراپ نین، بەڵام لە بەرەكانی شەڕدا، ئێستا باشترین ڕۆڵەێن چینی كرێكار گیان لەدەست دەدەن، بە هەزاران دەمرن. دەبێ فرمێسك بۆ ئەوانە بڕێژین، نەك بۆ كەسانێك كە ئەوان دەكوژن، یان چاوەڕوانی هەلن، كە لە پشتەوە خەنجەری خۆ بوەشێنن. یان ئێمە، یان ئەوان! ڕێگەی سێیەم نیە. جا ئەمە وەزع و حاڵەكەیە كە پێمگوتیت ئیڤان گیان!

"٢٣"

پیوتەر، تازە ئالیكی دابووە ئاژەڵەكان و بۆ ماڵەوە گەڕابووەوە و خەریك بوو، پوش و پەڵاشی سەر دەستكێشەكانی دەتەكاند، كە جیرە لە دەرگا هەستا، لوكی نیچنا، شاڵێكی ڕەشی توركی لە خۆیەوە پێچابوو، لە ئاستانەی دەرگاكەوە وەژووركەوت. بێئەوەی سڵاو لە كەس بكات، بە

خاوەخاو بەرەو لای ناتالیا، کە لە پاڵ تەختەکەی مووبەقدا وەستابوو، ڕۆیی و، لە بەردەمیا بە چۆکا کەوت. ناتالیا، بە دەنگێکی غەریب هاواری کرد:

– دایکە! دایکە گیان! چی بووە؟

بە دەم ئەو قسانەوە، هەوڵیدەدا، جەستەی قورسی دایکی بەرز بکاتەوە.

لوکی نیچنا، لە جیاتی ئەوەی بەرسڤ بداتەوە، سەری بە زەمینەی مووبەقەکەدا دەکێشا و بە دەنگێکی نووساو، وەکو ئەوەی مردوو بلاوێنێ، گوتی:

– ئاخ! مێردە ئازیزەکەم! بۆچی بە تەنیا جێت هێشتم؟...

دایك و کچ، بە جووتە کەوتنە شیوەن و، گریە و زاری دوو منداڵەکەش هێندەی دی دیمەنەکەی خەمناك کرد، پیوتەر ناچار کیسە تووتنەکەی لە قەراخ کوورەکە هەڵگرت و بە هەشتاو خۆی گەیاندە ژێر بانیژەکەی بەر دەرگا. یەکسەر زانی چی ڕووی داوە. بۆ چەند دەمێك لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەگا وەستا و جگەرەی کێشا. شین و شەپۆڕەکەی ژوورەوە کەمێك هێور بووەوە. پیوتەر، هەستی دەکرد تەزوویەکی ناخۆش بە گازەرای پشتیا دێت، بەو حاڵەوە خۆی بە مووبەقەکەدا کردەوە. لوکی نیچنا، دەستەسڕە تەڕەکەی بە دەموچاویەوە گرتبوو و بە ئەسپایی دەیلاواندەوە:

– میرون گریگوروفیچیان گوللەباران کردین. هەڵۆکەمان ڕۆ، بێکەس خۆمان. ئیدی دەبین بە ژێر چەپۆکەی هەرکەس و ناکەسێك. ئەوسا وەکو گورگ، کەوتە لورین:

– چاوانی لێك نا، جارێکی دی ئەم دنیایە نابینێتەوە.

داریا، سەروچاوی ناتالیای، کە بورابووەوە، ئاوپرژێن دەکرد. ئیلی نیچنا، گۆناکانی بە بەرانپیلەکەی دەسڕی. کۆکەکۆك و ناڵەناڵی پانتلی پروکوفیچ، کە نەخۆش بوو و لە جێدا کەوتبوو، لە ژوورەکەی پێشەوە دەهاتە گوێ.

لوکی نیچنا، دەستی پیوتەری گرت و شێتانە خستیە سەر دڵی خۆی:

– بیکە بە خاتری عیسا مەسیح، مەعز بۆ ڕەزای خوا، لە بەر خاتری من، بڕۆ بۆ ڤیشنسکایا و جەنازەکەیمان بۆ بێنەوە... ئوها! فریشتەی ئاسمان! نامەوێ لەوێ بڕزێ، بۆگەن بکات، دەبێ بە شێوەیەکی شایستە بە خاك بسپێردرێ.

پیوتەر، بە جۆرێ لێی دوورکەوتەوە، وەکو ئەوەی تاعوونی بێ.

– بڕۆم بیهێنمەوە؟ ئەمە قسەیە؟ خۆ گیانی خۆم لەو دەشتە نەدۆزیوەتەوە! گریمان چووم، چۆن دەتوانم لەوێ بیدۆزمەوە؟

– پیوتەر گیان، ئەم چاکەیەم لە گەڵدا بکە، خێرت دەگا! بیکە بە خاتری مەسیح!

پیوتەر، ماوەیەکی زۆر سمێڵی خۆی جووی. ئەنجام قاییل بوو. لێبرا بڕوات بۆ لای قوزاقانی ئاشنا و ناسیاوی باوکی لە ڤیشنسکایا، تا بە کۆمەکی ئەوان جەنازەکەی میرون بدۆزێتەوە. شەوێ بە عەرەبانەکەی کەوتە ڕێ. چرای ماڵانی گوند هەموو ڕوناك بوون و لە مووبەقی هەموو ماڵەکاندا، باس باسی ئیعدام کردنی ئەو تاقمە بوو.

پیوتەر، لە نزیکی کڵێسا تازەکەدا، لەبەر ماڵی کۆنە هاوڕێیەکی سەردەمی عەسکەری بابیا، وەستا و داوای لێکرد کە یارمەتی بدات تا جەنازەکەی کورشونوف، لە قەور دەربێننەوە. یارۆی قوزاق، پیاوانە بە دەنگیەوە هات.

– با بڕۆین. دەزانم لە کوێ ناشتوویانن. قەبرەکانیان قووڵ نیە. بەڵام چۆنی دەناسیتەوە؟ چونکە زۆرن. دوێنێ دوازدە نەفەریان لەو قوزاقانە گوللەباران کرد کە کاتی خۆی لە سەردەمی دەسەڵاتی کادێتاندا، هاوڕێکانمانیان کوشتبوو. بە هەرحاڵ، بەو مەرجەی کە پاشان گۆزەیەك ڤۆدگام بدەیتێ، قاییلیت؟

نیوەشەو، بە بێڵ و بێڵچە و دەستەبەرەوە کەوتنە ڕێ. دوای ئەوەی لە شار دەرچوون و بەلای گۆڕستانەکەدا تێپەڕین، ڕوویان کردە ئەو کاژستانەی کە مەحکومەکانیان تیا گوللەباران کردبوو. نەرمە بەفرێك هێدی هێدی دایکرد، دڕك و خاشاکی شەختە گرتوو، لە ژێر پێیاندا خشەخشی دەکرد. پیوتەر، دەگەڵ هەر دەنگێکدا گوێی قوت دەکردنەوە و لە دڵی خۆیدا نەحلەتی بۆ خۆی و بۆ لوکی نیچنا و تەنانەت بۆ مردووەکەش دەنارد. نزیکی یەکەمین بڕە نەمامی سنۆبەر (کاژ) لە پشت گردۆلکەیەکی لمەڵانیەوە، ئەو پیاوەی کە لە گەڵیا هاتبوو، ڕایگرت:

– دەبێ، لەم ناوە، لەم نزیکانە بن...

سەد شەقاوێکی دیکەش ڕۆیشتین. گەلە سەگێك بەدەم وەڕینەوە لە بەریان هەڵاتن. پیوتەر دەستەبەرەکەی فڕێ دا و لە بن لێوانەوە پرتاندی:

– با بگەڕێینەوە، سەری بە قەبری بابی!... چۆن لە ناو ئەمانەدا بۆمان دەدۆزرێتەوە!... بۆ ئەو چ فەرقێك دەکات لێرەبێ یان لە شوێنێکی دیکە؟ ئاخ! باش خۆم گیرۆدەکرد! پیرەژنی سەر ئاسنین لێم نەبووەوە تا گیرۆدەی کردم!...

یارۆی قوزاق، بە پێکەنینەوە گوتی:

– دەترسیت؟ وەرە!

گەیینە ژێر داربیەکی پیری پڕ لق و پۆپ، بەفرەکەی ژێری پێخوست و تێکەڵاوی زیخ و لم بووبوو، جێ پێی ئینسان و شوێنەواری چنگی سەگ و کسۆکان بە سەریەوە، وەکو نەخشی گوڵدۆزی، بەملا و بەولادا بڵاو بووبووەوە. کەوتنە هەڵدانەوەی گۆڕێك. پیوتەر، میرون گریگۆروفیچی بە ڕدێنە سوورەکەیدا ناسییەوە. دەستی دایە کەمەربەندەکەی، هەڵیکێشا و فڕێی دایە سەر دەستەبەرەکە. هاوڕێکەی بە کۆکەکۆك کەوتە پڕکردنەوەی قەبرەکە، کاتێ کە سەرێکی دەستەبەرەکەی گرت، بەدەم پرتە و بۆڵەوە گوتی:

– دەبوایە، خزاگەکەمان تا ئێرە هێنابا، چەن گەوجین! ئەم بەراز باوکە بەلای کەمەوە هەشتا کیلۆ دەبێ. ڕێکردنی ناو بەفریش زەحمەتە.

پیوتەر، بۆ ئەوەی بتوانێ دەسکی دەستەبەرەکە بگرێت، لاقی مردووەکەی بڵاوکردنەوە، ئەو لاقانەی کە جارێکی دی هەرگیز ڕێناکەن و دەستەبەرەکەی بەرزکردەوە. تا دەمەوبەیان، لە ماڵی خانەخوێیەکەی خۆیا، ڤۆدگای خواردەوە. میرون گریگوروفیچ، لە پەتۆیەکەوە پێچرابوو و لە دەرێی ماڵەکە، لە سەر خزاگەکە دانرابوو و پیوتەر ئەوەندە مەست بوو، ئەسپەکەی بە

خزاگەکەوە بەستبووەوە. ئەسپی بە ستەزمان، کە هەستی بە جەنازەکە کردبوو، بەدرێژایی شەوەکە هەر سەری ڕاوەشاند بوو، پرماندبووی و گوێی قوت کردبوونەوە و دەمی بۆ وێنجەکە، کە بۆی کردبووە خزاگەکەوە، نەبردبوو. تازە بەیان ئەنگوتبوو کە پیوتەر گەییەوە تاتارسکی. یەکسەر بێ وەستان، لە ڕێگای مێرگ و دەشتەکەوە هاتبوو. سەری میرون، لە دواوە دەیدا لە زەمینەی خزاگەکە. پیوتەر دوو جار وەستابوو تا گوزەرێك وێنجە بخاتە ژێرسەری. جەنازەکەی یەکراست بۆ ماڵەکەی خۆی بردەوە. گریپکا، کیژە ئازیزەکەی میرون، دەروازەکەی کردەوە، هەر کە لە خزاگەکە نزیك بووەوە خۆی لە خەرمانە بەفرێکی ناو حەوشە وەردا. پیوتەر، جەنازەکەی وەکو کیسە ئاردێك دا بە شانیا و بۆ مووبەقە فەریحەکەی برد و بە پارێزەوە، لە سەر مێزێکی دانا، کە سفرەیەکی کەتانیان بە سەرا دابوو. لوکی نیچنا، کە هێندە گریابوو، فرمێسکی پێ نەمابوو، بە سەری ڕووت و دەنگی نووساوەوە، چوو بەلای چەنازەکەوە، خۆی گەیاندە لای پێیەکانی، کە جووتێ گۆرەوی سپی تایبەت بە جەنازەی لە پێ دابوو. ئەوسا لە بن لێوانەوە گوتی:

– خۆ من دامنابوو بەپێی خۆت بێیتەوە بۆ ماڵەکەت، بەڵام سەد حەیف و مخابن بە مردووی هێنایانیتەوە، هەی سەروەرم!

بە زەحمەت دەنگی دەبیسترا، گریان و هەنسك هەڵدانەکەی، لە پێکەنینێکی سەیر دەچوو.

پیوتەر، چوو بۆ ژوورەکە، ژێربالی باپیرە گریشاکای گرت و هێنای. پیرەمێرد، بە لە قە لەق، دەتگوت بە ناو زۆنگاودا ڕێدەکات. بەڵام وێڕای ئەمەش بە چاپوکی لە مێزەکە نزیك بووەوە. خۆی گەیاندە لای سەری جەنازەکە و وەستا:

– دەی، سڵاو میرون. ئیدی چەرخی چەپگەرد وای هانی کە بەمجۆرە یەکدی ببینینەوە، کوڕەکەم!

ئەوسا نیشانەی خاجی کێشا، و هەنیەی، کە هەر بەستەڵەك و گڵەسوور بوو، ماچ کرد:

– میرون، جگەرگۆشەکەم، منیش بەم زوانە...

ئەوسا پیرەمێرد ناڵەیەکی کرد و لە هۆڕژنی گریانی دا. باپیرە گریشاکا، وەکو ئەوەی لەوە بترسێت کە نەبا وشەیەکی ناڕەوای بەدەما بێ، بە هەرەکەتێکی خێرا کە لە کاری پیران نەدەچوو، دەستی خستە سەر زاری خۆی و خۆی بە سەر مێزەکەدا دا.

گریان ئەوکی پیوتەری گرت، دڵی گوشرا. بە ئەسپایی وەدەرکەوت چوو بۆ ناو حەوشە، بۆ لای ئەسپەکەی کە لای کولانە مریشکەکانەوە بەسترابووەوە.

"٢٤"

کاتێ دۆن بەدەم ڕێوە، لە قوڵاییەوە دێت و خۆی دەکێشێت بە کەنارەکاندا، لە گەڕانەوەدا، کۆمەڵێك تەنکاو لەپاش خۆی بەجێدێڵێت و ماسی بە پۆل، لە ژێرە زیخەڵان و ڕەقەکەیدا دێن و دەچن. شەوان بێچوە ماسی بەرزدەبنەوە و دەڕۆن لە چەشە و خواردن دەگەڕێن، ماسی شەبوت

لە شوێنە سەوزە لێڵەکانی نزیکی کەنارەکەدا دەگەڕێن، ماسی کراکی و ماسیە پانکە وردە ماسیان ڕاودەکەن، سەگ ماسی بە نێو سەدەفەکاندا دەسوڕێتەوە، جارجارێك شەپۆلێ ئاوی سەوز بۆ سەرەوە هەڵدەدات و کلکە زێڕینەکەی، لەبەر تریفەی مانگدا تەکان دەدات و بۆ ساتێك دەکەوێتە بەرچاو و پاشان دەگەڕێتەوە و بەسەرە پان و سمێڵەکانیەوە لە نێو کۆمەڵە سەدەفەکاندا تا بەرەبەیان دەگەڕێت و هەنگێ لە پەنا کۆتەرە دارێکی ڕەشی ڕزیودا، بەدەم وەنەوزەوە و بەبێ جوڵە مت دەبێ. بەڵام لەو شوێنانەی کە بەستێنی دۆن تەنگ دەبێتەوە، کەنارەکان تەواو لێکدی نزیك دەبنەوە، دۆن، بۆ خۆی ڕێگایەکی قووڵ دەکاتەوە و بە دەم هاڕە و هاژەیەکی کپ و مەندەوە، شەپۆلە کەفچەڕینەکان دەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ و ئاوەکە کە دەگاتە هەر لووتەیەك، بە دەوریا دەسوڕێتەوە و، گێژ دەخوات و دەبێ بە گێژاو و گێژەنێك و دەکەوێتە سەمایەکی سەنگین و ئەفسووناوی ئەوتۆ کە چاو لە تەمەشای تێر نابێت. ژیان لە سکە ئارامەکەی جارانی دەرچووبوو، لە زینۆیەکی سەختا گیری خواردبوو. ناوچەکانی دۆنی ژووروو، لە کولێ و جۆشا بوو. دوو شەپۆل دابوویان بە یەکا. قوزاقان دەستەبەندی و دووبەرەکیان تێکەوتبوو، گێژاو و گەرداوێکی توند لە ئارادا بوو. گەنجەکان و خەڵکە هەژارەکەی قوزاقان، هێشتا دوودڵ بوون و خۆیان ساغ نەکردبووەوە، هیچیان نەدەگوت، بە ئومێدی ئەوەبوون حکومەتی سوڤیاتی ئاشتیان بۆ بێنێ. بەڵام پیرەکان، بەپێچەوانەوە، خۆیان یەکلایی کردبووەوە و دەستیان بە هێرش کردبوو، بە ئاشکرا دەیانگوت سوورەکان بە نیازن تۆوی قوزاقان ببڕنەوە و دوا نەفەریان لە ناوبەرن.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ڕۆژی ٤ی ئازار، داوای لە خەڵکی تاتارسکی کرد کە بێن بۆ کۆبوونەوە. بە پێچەوانەی جارانەوە خەڵکێکی زۆر ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە ستوکمان، لە کۆمیتەی شۆڕشدا پێشنیازی کردبوو سەروەت و سامان و دارایی ئەو بازرگانانەی کە بەگەڵ سپییەکان کەوتبوون، بە بەرچاوی خەڵکیەوە، بە سەر خانەوادە هەژارەکاندا دابەش بکرێت. بەر لە کۆبوونەوەکە قەرقەشە و دەمبۆڵەیەکی توند لە بەینی ستوکمان و فەرمانبەرێکا ڕووی دابوو کە لە ڤیشنسکایاوە، بە ئەمرێکی فەرمیەوە هاتبوو بۆ وەرگرتن و بردنی هەندی لەو کەلوپەل و جل و بەرگانەی کە دەستیان بە سەرا گیرابوو. ستوکمان، بۆی ڕوون کردەوە کە کۆمیتەی شۆڕش ناتوانێ لە ئێستادا ئەو جل و بەرگانەی بداتێ، چونکە دوێنێ پتر لە سی دەست جل و بەرگی گەرمی داوە بە کاروانێکی سەربازانی بریندار و نەخۆشی سوپای سوور.

فەرمانبەرە گەنجەکە، تووڕە دەبێت، بە ڕووی ستوکماندا هەڵدەشاخێ و هاواری بە سەردا دەکات:

– بە پرس و ئیزنی کێ ئەو جلانەت بەخشی؟

– ئێمە داوای ئیزنمان لە کەس نەکردووە.

– ئەدی بە چ هەقێك،ماڵی دەوڵەت دەبەی؟

– هاوارمەکە هاوڕێ ، قسەی هەلەق و مەلەقیش مەکە. کەس ماڵی دەوڵەتی نەبردووە و بە فیڕۆی نەداوە. ئێمە بە پێی بەڵێننامەی نووسراو پۆستینەکانمان ڕادەستی سەرانی کاروانەکە کردووە

که دوای ئەوەی سەربازەکانیان گەیاندە جێ، بۆمانی بنێرنەوە. سەربازەکان نیمچە ڕووت بوون، ئەگەر بەو پاڵتۆ تەنکانەی خۆیانەوە بەڕێمان کردبان، لە ڕێگادا دەمردن، ئیدی ناچاربووین ئەو جل و بەرگانەیان بدەینێ. بە تایبەتی جلەکان، لەژێر زەمینەکەدا کەوتبوون و کەس پێویستی پێیان نەبوو.

ستوکمان، بە هێمنی قسەی دەکرد، جڵەوی خۆی گرتبوو، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم گفتوگۆ و گەنگەشەیە بە سەلامەتی بڕێتەوە. بەڵام فەرمانبەرە گەنجەکە، بە توندی لە سەری ڕۆیی و گوتی:
– ئاخر تۆ چیت؟ سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش؟ دەتگرم. کار و ئەرکەکانت بە یاریدە دەرەکەت بسپێرە. هەر ئێستا بۆ ڤیشنسکایات ڕەوانە دەکەم. لەوەیە نیوەی ئەو شتانەی ئێرەت بۆ خۆت دزی بێت. بەڵام من...

ستوکمان، کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو چاوانی ئەبڵەق بوون پرسی:
– تۆ کۆمونسیتی؟
– ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نیە. ئادەی چریك! بیگرە و یەکسەر بیبە بۆ ڤیشنسکایا و لەوێ ڕادەستی پۆلیسی ناوچەی بکە و وەسڵی پێ وەربگرە.
ئەوسا نیگایەکی لەزی ستوکمانی کرد و گوتی:
– لەوێ قسەت لە گەڵ دەکەین! دەتەوێ چاو لە دیکتاتۆران بکەیت؟ پێتی نیشاندەدەم، بزانە چ سەمایەکت پێبکەم!...
– هاوڕێ، ئاخر، چیە شێت بوویت؟ تۆ نازانی کە...
– پێویست بە قسە ناکات، بێدەنگ!...
ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە بە بێدەنگی گوێی لەو گفتوگۆ و گەنگەشەیە دەگرت، سەیری کرد ستوکمان، بە ئەسپایی دەست بۆ دەمانچە ماوزەڕەکەی، کە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، دەبات. ترس نیشتە سەر چاوانی گەنجەکە، بەپەلە دەرگاکەی بە پشت دەڵەك دا و کردیەوە، بە پشتا کەوت و بەسەر قاڵدرمەکاندا غل بووەوە. بە گاگۆڵکێ خۆی گەیاندە خزاگەکەی و خۆی تێ پەستاوت و کێشای بە پشتی گالیسکەچیەکەدا و تا نەگەییە ئەوپەڕی مەیدانی گوندەکە، بەردەوام دەیژەنی بە پشتی یارۆی عەرەبانچیدا و پەیتاپەیتا ئاوڕی دەدایەوە تا بزانێ ئاخۆ کەس دووی کەوتووە یان نا.

قاقای پێکەنین، شووشەی پەنجەرەکانی بارەگای کۆمیتەی شۆڕشی هێنایە لەرزە. داڤیدکای خەنۆڵ، بەدەم پێکەنینەوە لوولی دەخوارد و خۆی بە سەر مێزەکەدا دەدا. بەڵام پێڵوی چاوانی ستوکمان بە تووڕەیی دەفڕین، پەیتاپەیتا لەبەر خۆیەوە دەیگوت:
– بەراز باوکی بێ شەرەف! عەجەب نامەردێ بوو!
بە دەم ئەو قسانەوە، بە قامکە لەرزۆکەکانی خەریك بوو سیغارێکی دەپێچایەوە.
دەگەڵ میشکا و ئیڤان ئالیکسییوفیچدا، بەرەو شوێنی کۆبوونەوەکە نشێو بوونەوە. مەیدانەکە لە خەڵکا جمەی دەهات. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، هەستی بە جۆرە ترس و دڵەڕاوکەیەك کرد، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "ئەم قەرەباڵغیە، موویەکی تیایە، هەموو خەڵکی گوند لێرەن." بەڵام دوای

ئـەوەی کڵاوەکـەی داکەنـد و چـووە ناوەنـدی قەرەباڵغییەکـەوە، تـرس و دوودڵیەکـەی ڕەوییـەوە. خەڵکەکـە بەگـەرمی ڕێگـەیان بـۆ کـردەوە. سیمایان ڕێـز و حورمـەتی پێـوە دیـار بـوو. خەنـدە و خۆشـی بـە چـاویانەوە دیـاربوو. سـتوکمان چـاوێکی بـە ئـاپۆڕای قوزاقەکانـدا گێـڕا، دەیویسـت زەمینە خۆش بکات و خەڵکەکە بێنێتە قسان. ئەویش وەکو ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کڵاوە فەروە ئەستەڕ (بەر) سوورەکەی داکەند و بە دەنگێکی دلێر دەستی بە ئاخاوتن کرد:

– هاوڕێیـانی قـوزاق! ئـەمڕۆ تـەنیا شـەش هەفتەیەکـە حکومـەتی سـۆڤیاتی لـە گوندەکەتانـدا دامـەزراوە. بـەڵام ئێمـە، واتـە کۆمیتـەی شـۆڕش. تائێسـتاش هەسـت دەکـەین کـە ئێـوە جـۆرە بـێ متمانەییەکتان و، بگرە جۆرە دژمنایەتیەکتان بەرانبەر بە ئێمە هەیە. لـە کۆبوونـەوە و جڤاتەکانـدا بەشـداری ناکـەن، جۆرەهـا دەنگـۆ و بانگەشـەتان تیـادا بـاو وبڵـاوە، جۆرەهـا دەنگـۆی بـێ بـنج و بنـاوان دەربـارەی گوللـەبارانی بەکۆمـەڵ و، دەسـتدرێژی و زوڵـم و زۆر، کـە لەلایـەن حکومـەتی سۆڤیاتیەوە، لە ئێوە دەکرێت. ئیدی کاتی ئەوە هاتووە، وەکو دەڵێن گرێی دڵمان بکەینـەوە و بە ڕاشـکاوی و بـەبێ پـەردە قسـەی دڵمـان بکـەین و لەمپـەرانی نێوانمـان لابـەرین و لێکـدی نزیـك ببینـەوە. ئێـوە بـە خۆتـان کۆمیتـەی شۆڕشـی خۆتـان هەڵبـژاردووە. کوتلیـاروف و کوشـیڤۆی دوو قـوزاقن و خـەڵکی گوندەکـەی خۆتـانن، ئیـدی پێویسـت ناکـات شـت لێکـدی بشـارنەوە و هـیچ دڕدۆنگی و بەدحاڵی بوونێکتان لە نێواندا هەبێ. من، بە بەرچاوی هەمووانەوە ڕایدەگەیـەنم، ئـەو دەنگۆیانـەی کـە ناحـەزان و نـەیارانی ئێمـە دەربـارەی کوشـتاری بـە کۆمـەڵی قوزاقـان، جگـە لـە بوختان و ئیفترا، هیچی تر نیە. ئامانج و مەبەستی ئەو کەسانەی کە ئەم بوختانانە بڵاودەکەنەوە ڕوون و ئاشـکرایە: دەیانـەوێ تـۆوی دوو بـەرەکی و دژمنایـەتی لـە نێـوان قوزاقـان و حکومـەتی سۆڤیاتیدا دابچێنن و کارێکی وەها بکەن، کە ئێوە سەرلە نوێ بەگەڵ سپییەکان بکەوون.

یەکێك لە پشت ئاپۆڕاکەوە هاواری کرد:

– تۆ دەڵێی، کە کوشتار نەبووە؟ ئەدی ئەو حەوت نەفەری ئێمە کێوە چوون؟

– هاوڕێ، من نەمگوتووە، کە هیچ ئیعدامێك لە ئارادا نیە. ئێمە هەرکەسێك ویستبێتی و، بیەوێ دژایـەتی حکومـەتی سـۆڤیاتی بکـات و حکومـەت و دەسـەڵاتی ڕژێمـی دەرەبەگایـەتی و موڵکـدارانمان بـە سـەردا بسـەپێنێ، گوللـەبارانمان کـردووە و دەیکـەین. ئێمـە تزارمـان بـۆ ئـەوە نەڕوخاند کە کۆتایی بە جەنگی ئەڵمان بێنین و گەل بخەینە ژێردەستی ئەوانە. ئاخر ئێوە چ خێر و بێرێکتـان لـە شـەڕی ئـەڵمان دەستکەوت؟ هـەزاران قـوزاق کـوژران، هـەزاران منـداڵ هـەتیوو ژن بێوەژن کەوتن، ئەمە جگە لە وێرانی و نابووتی...

– دروستە!

– ئەوەی تۆ دەیڵێی وایە.

ستوکمان، لە سەری ڕۆیی و گوتی:

– ئێمە دەمانـەوێ، شـەڕ لـە هیچ شـوێنێکی دنیا نـەمێنێ. ئێمە لایـەنگری برایـەتی میللـەتانین. لـە سـایەی ڕژێمـی تزاریـدا، ئێـوە دەخرانـە شـەڕەوە، تـا زەوی بـۆ موڵکـداران و سـەرمایەداران، داگیربکـەن. ئێـوە بـەم کارەتـان، موڵکداران و کارخانەدارەکانتان دەوڵەمەندتر دەکرد. بۆ نموونـە

تەمەشای لیستنتسکی بکەن کە لەم نزیکانەی خۆتان دەژی. باپیرە گەورەی، کە لە شەڕی ١٨١٢دا (شەڕی ڕووسیا دژی ناپلیون) بەشداری کردووە، لەبری ئەوە، چوار هەزار دۆنم زەوی وەرگرت. باشە باپیرە گەورەی ئێوە چیان وەرگرتووە؟ سەری خۆیان دانا و، خوێنی خۆیان بە خۆڕایی لە خاکی ئەڵمانیادا بە ڕشتن دا.

لە سەرەتاوە ورتە ورتێك کەوتە ناو خەڵکەکە و پاشان هاواری پشتیوانی بەرز بووەوە:

– ڕااااستە...

ستوکمان، بە کڵاوەکەی، ئارەقەی تەوێڵە ڕووتاوەکەی سڕی و پڕ بە زاری هاواری کرد:

– هەرکەسێك دەست دژی حکومەتی کرێکاران و جووتیاران بەرز بکاتەوە، دەستی دەبڕینەوە. ئەو هاووڵاتیانەی ئێوە کە بە ئەمری دادگای شۆڕش ئیعدام کران، دژمنی ئێمە بوون، هەمووتان ئەمە دەزانن. بەڵام لە گەڵ ئێوەی ڕەنجبەر و زەحمەتکێشا، لەگەڵ ئەوانەدا کە داشداریمان دەکەن، تا سەر دەست لە ناو دەست دەڕۆین، وەکو گای ژێر نیر و ئاموور شان بە شانی یەکدی دەڕۆین. پێکەوە زەوی بۆ ژیانێکی نوێ دەکێڵین، بژاری دەکەین، گیاکەڵەی تیا ناهێڵین، ڕیشەکەنی دەکەین، تا ڕەگی تازە دانەکوتێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگە لە نەشونمای ژیانی نوێ نەگرێت.

ستوکمان، بە ورتە ورتی نزم و بە گەشی سیمای قوزاقەکاندا، بۆی دەرکەوت، کە قسەکانی ئامانجیان پێکاوە و کاریان لە قوزاقەکان کردووە و بەدڵیان بووە. دیارە مەزەندەکەی دروست بوو، گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆ و بێپێچ و پەنا دەستی پێکرد:

– ئوسیب داڤیدوفیچ، ئێمە تۆ باش دەناسین، چونکە ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ناو ئێمەدا ژیاوی، یانی تۆ وەکو یەکێکی لە خۆمان، مەسەلەکانمان بە ڕاشکاوی بۆ ڕوون بکەوە و لە هیچ مەترسە. ئەم حکومەتی سوڤیاتەی ئێوە چی لە ئێمە دەوێ؟ هەڵبەتە ئێمە پشتیوانی لێدەکەین: ڕۆڵەکانمان مەیدانی شەڕیان چۆڵ کردووە، بەڵام ئێمە خەڵکانێکی نەزان و نەخوێنەوارین، سەر لەم حکومەتی سوڤیاتە دەرناکەین...

ئەمە قسەی گریازنوڤ پیر بوو. ماوەیەکی زۆر قسەی کرد و قسەکەشی هیچ ڕوون نەبوو، بە دەورو بەری بابەتەکەدا دەخولایەوە، وەکو ڕاوچییەك داو بنێتەوە، زۆر بە پارێزەوە قسەی دەکرد، دیاربوو دەترسا نەبا خۆی خۆی کەشف بکات. ئەلیکسی شامیلی یەك دەست، تاقەتی چوو و هاواری کرد:

– ئەرێ دەتوانم قسە بکەم؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، کە ئەم گفتوگۆیەی پێخۆش بوو، گوتی:

– دەی، قسە بکە.

– هاوڕێ ستوکمان، جارێ پێم بڵێ ئایا دەتوانم بە کەیفی دڵی خۆم قسە بکەم؟

– بەڵێ، قسەبکە.

– نامگریت؟

ستوکمان، بزەیەکی بۆ کرد و شانەکانی هەڵتەکاندن.

– باشه، بەڵام لە سەر عاجزیمان نەکردووە. نابێ لێم زەویر بی، من پیاوێکی ڕەمەکیم! هەرچیم بە مێشکا بێ دەیڵێم.

مارتینی برای، لە دواوە سەری قۆڵی بە تاڵی چاکەتەکەی ڕاکێشا و بە نیگەرانی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– دەمی خۆت بگرە، قەل پیاو! هیچ نەڵێی. دارت بە ڕوحا دەدەن، ناوت لە لیستی خۆیاندا دەنووسن.

لێ ئالیکسی، خۆی لە دەستی دەرهێنا و ڕووی کردە حەشاماتەکە. پێڵوی چاوەکانی بەردەوام دەفڕین و گۆنای گرژ دەبوون.

– قوزاقانی بەڕێز! من قسەی خۆم دەکەم و ئێوە حەکەم بن کە ئایا قسەکانم دروستن یان نا.

ئەوسا، هەردوو لاقی جووت کردن و وەکو سەرباز بەرەو پاش وەرچەرخا و ڕووی کردە ستوکمان. چاوێکی داگرت و گوتی:

– من شتەکان واهی دەبینم: ئەگەر قەرارە بە ڕاشکاوی و بێ پەردە قسەبکەین، با ڕاستەو ڕاست بێ پێچ و پەنا قسەی خۆمان بکەین. کە شمشێرمان هەلکێشا، با ڕوو بە ڕوو بیوەشێنین! ئێستا بۆتی ڕوون دەکەمەوە کە ئێمەی قوزاق، هەر هەموومان، چیمان لە مێشکایە و بۆچی لە کۆمونیستەکان بە گومان و دڕدۆنگین... هاوڕێ، تۆ گوتت کە ئێوە هیچتان دەگەڵ ڕەنجبەر و جووتیارانی قوزاقدا نیە و دژایەتیان ناکەن. ئێوە دژی داراکانن و هەژاران بە برای خۆ دەزانن. بەڵام پێم بڵێ ئایا ڕەوای هەق بوو کە حەوت قوزاقی گوندەکەمان گوللەباران بکەن؟ من باسی کورشونوف ناکەم، بەرگری لەو ناکەم: زەمانێ ئەتامان بوو، بەدرێژایی تەمەنی قوزاقی چەوساندووەتەوە. بەڵام ئاڤدییچ، کە بە درۆزن بە ناوبانگ بوو، ماتڤی کاشولین، بوگاتیریوف، میدانیکوف و کورولیوف بۆچی ئیعدام کران؟ خۆ ئەمانە وەکو ئێمە خەڵکانێکی ڕەمەکی و نەخوێندەوار بوون. هەر ئەوەندەیان دەزانی دەسەدوی هەوجاڕ بگرن، نەك سەر بژەننە ناو کتێبان. هەندێکیان ، نەخوێندن و نە نووسین بەڵەد نەبوون. سەرە واوێکیان لە ورگا نەبوو. گریمان دوو قسەی خراپشیان کردبێ، ئایا ئەمە، ئەوەی دێنا، ڕیزبکرێن و گوللەبارانیان بکەن؟

ئەلیکسی شامیل، نەفەسێکی تازە کردەوە و هەنگاوێك هاتە پێشەوە. قۆڵی خاڵی چاکەتەکەی بەرز بووەوە و بەر سینگی کەوت. لە سەری ڕۆیی:

– ئێوە ئەوانەتان بۆیە گرت کە بەبێ ئەقڵی خۆیان قسەیان کردبوو، لە سەر قسە گرتانن و سزاتان دان، بەڵام دەستتان بۆ بازرگانەکان نەبرد، ئەوان بە پارە، ژیانی خۆیان کڕییەوە. بەڵام ئێمە هیچمان نیە تا خوێنی خۆمانی لە ئێوە پێبکڕینەوە. بە درێژایی تەمەن ڕەنج دەدەین و بەسەر ئەرزا دادەنەوینەوە و عەزرەتمان پارەیە. ئەوانەی ئێوە گوللە بارانتان کردن، دەشیا، دوا گاجووتی خۆیان بفرۆشتبا و لە بری خوێنی خۆ بیاندایە بە ئێوە، بەڵام ئێوە داوای خوێنتان لێ نەکردن، ئیعدامتان کردن، لە کاتێکا ئێمە چاك دەزانین لە ڤیشنسکایادا چ باسە. بازرگانان و کەشیشان لەوێ ساغ و سەلامەتن. لە کارگینسکایاش بەو جۆرەیە. ئێمە دەزانین دەنگوو باسی

دەوروبەرمان چیە: کاری باش بەدەگمەن باس دەکریٚ، بەڵام کاری خراپ زوو دەکەوێتە سەر زاران.

تاك دەنگێك لە دوای حەشاماتەکەوە هاواری کرد:

– زۆر ڕاستە!

ورتە ورتی قوزاقەکان، قسەکانی ئەلیکسی شامیلی کردە ژێرەوە. لیٚ ئەو کەمێك وەستا، بێئەوەی گویٚ بە ستوکمان، کە دەستی بەرزکردبووەوە، بدات، بە دەنگی بەرز لە سەری ڕۆیی:

– ئێمە دەمانزانی کە حکومەتی سوڤیاتی ڕەنگە شتێکی باش بیٚ، بەڵام کومونیستەکان، کە جڵەوی کاروباریان گرتووەتە دەست، نیازیان بەرانبەر بە ئێمە خراپە، دەیانەویٚ لە ناومان بەرن، دەیانەویٚ تۆڵەی ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٠٥)مان لێبکەنەوە. ئەمەمان لە چەند سەربازێکی سوور بیستووە. جا ئێمە لە بەینی خۆماندا وا تەسەور دەکەین کە: "کە کۆمونیستەکان دەیانەویٚ لە ناومان بەرن، مەحوومان بکەنەوە، تاقە یەك قوزاقیش لە خاکی دۆندا نەیەڵن." ئەمە هەموو ئەوەبوو کە ویستم پێتی بڵێم. من ئەمڕۆ وەکو مەست وام: هەرچیەکم بە هزر و بیرا بێت، دەیڵێم. ئێمە هەموومان مەستانە حەسرەت بۆ ژیانی خۆشی ڕابردوومان دەخۆین، مەستانە ڕقمان لە ئێوەی کۆمونیستە!

ئالیکسی شامیل، دڕی بە خەڵکەکەدا و گەڕایەوە و لە ناو قەرەباڵغیەکەدا ون بوو، بێدەنگیەکی نیگەرانی ئامیزی دووروودرێژ باڵی بە سەر ئاپۆراکەدا کێشا. ئەوسا ستوکمان دەستی بە قسە کرد، بەڵام یەکێك لە دواوە هاواری کرد و قسەکەی پێبڕی:

– قسەکانی تەواون! قوزاقان زۆر پەست و تووڕەن. دەزانی حاڵی حازر لە گوندەکاندا چ گۆرانیەیەك باوە؟ خەڵکی زات ناکەن ڕاستەوخۆ قسە بکەن، پەنا دەبەنە بەر شیعر، بە شیعر و گۆرانی مەبەستی خۆیان دەردەبڕن، چونکە کەس ناتوانیٚ لە سەر گۆرانی گلەیی لە خەڵکی بکات! تەنانەت گۆرانیەك هەیە کە قوزاقەکان لەلای کادێتەکان سکاڵادەکەن... دیارە ئەم سکاڵا و گلەییەیان، هێم و بناخەیەکی هەیە... دەیسا گویٚ لەم گۆرانیە بگرە:

"ئاو لە سەماوەرا دەجۆشیٚ
ماسی لە تاوەدا دەپیشیٚ
کاتیٚ کادێتەکان بێنەوە
دەڕۆین، سکاڵا دەکەین."

– هەڵبەتە هەقی خۆشیانە.

یەکێك لە خۆڕا و نابەجیٚ لە قاقای پێکەنینی دا. ئاپۆراکە کەوتە جم و جوڵ. ورتە ورت بەرزبووەوە. گەنگەشە دەستی پێکرد.

ستوکمان، کە دەهری بووبوو، کڵاوەکەی بە توندی لە سەرکرد، ئەو لیستەی، کە میشکا ئامادەی کردبوو، لە گیرفانی دەرهێنا و هاواری کرد:

– نەخێر، وانیە! هەوادارانی شۆڕش هیچ گازندەیەکیان نیە. هاوڵاتیەکانیشتان، کە دژمنی حکومەتی سۆڤیاتی بوون، لە بەر ئەم هۆیانە گوللەباران کراون، گویٚ بگرن!

دەنگی بەرز و بە ڕوونی کەوتە خوێندنەوە:

لیستی ناوی ئەو دژمنانەی ڕژێمی سۆڤیاتی کە دەستگیر کران و ڕادەستی کۆمیتـەی دادپرسی سەر بە دادگای شۆڕشی فیرقەی پازدەی ئینزا، کران:

| زنجیرە: ناو و ناوی شۆرەت: | هۆی گرتن: | سەرنج |
|---|---|---|
| ١ –میرون گریگوروفیچ، کورشونوف. | کۆنە ئەتامان، گەورە دەوڵەمەند، بە ڕەنجی خەڵکی دەوڵەمەند بووە. | |
| ٢ – ئیڤان ئاڤدیچ سنیلن | بەهۆی بانگەشەوە بۆ روخانی حکومەتی سۆڤیاتی | |
| ٣ – ماتڤی ئیڤانوفیچ کاشولین. | هەمان هۆ | |
| ٤ – سیمون گاڤریلوف میدانیکوف. | نەجمەی هەڵدەگرت، لە کوچە و کۆڵانان دژی حکومەتی سۆڤیاتی هورای دەکێشا. | |
| ٥ –پانتلی پروکوفیچ میلیخوف. | ئەندامی ئەنجوومەنی سەربازی ناوچە | |
| ٦ –گریگوری پانتلیوفیچ میلیخوف. | ئەفسەر بوو. دژی حکومەتی سوڤیاتی بوو. کەسێکی خەتەرناک بوو | |
| ٧ – ئاندرێ ماتڤی کاشولین. | لە ئیعدامکردنی قوزاقانی سووری پودتیلکوفدا بەشداری کردووە. | |
| ٨ –فیدوت نیکونوف بودفسکوف. | هەمان هۆی سەرەوە | |
| ٩ – ئارخیب کاتفی بوگاتیروف. | بەڕیوەبەری کڵێسا، لە عەلەیی حکومەتی سۆڤیاتی دەدوا، خەڵکی دژی شۆڕش هاندەدا. | |
| ١٠ – زاخار لیونتیڤ کورولیوف. | چەکەکەی تەحویل نەداوە. جێگای گومانە. | |

ستوکمان، ئـەو تێبـینی و سـەرنجانەی، کە لـە بەرانبـەر نـاوی پـانتلی و گریگـۆری میلیخـوف و ناوی بودوفسکوف نووسرابوون، نەخوێندەوە:

" نەتوانرا ئەم سێ دژمنەی حکومـەتی سۆڤیاتی ڕادەستی کۆمیتـەی دادپرسی بکرێت، چونکە دوانیان بە بێگاری گواستنەوەی جبەخانە و تەقەمـەنی بۆستانی بوکوفسکایا نێردراون و پـانتلی پروکـوفیچ میلیخـوفش نەخۆشـە و لـە جێـدا کـەوتووە و تووشـی تیفـۆ بـووە. ئـەو دوانـەی کـە لـە سەرێ ڕا ناوبران، هەرکە گەڕانەوە دەم و دەست دەستگیر دەکرێن، و دەنێـردرێن بـۆ ڤیشنسـکایا و سێیەمیانیش، هەرکە لە نەخۆشیەکەی هەستایەوە، یەکسەر دەستگیر دەکرێت."

بێدەنگی بۆ ماوەیەك باڵی بە سەر ئاپۆڕاکەدا کێشا و پاشان هەرا و زەنا بەرز بووەوە:

– ئەمە ڕاست نیە!

– درۆ مەکە! ئەوانە لە عەلەیی دەوڵەتی سۆڤیاتی دواون.

– جا لە سەر ئەوە دەبێ بگیرێن!

– هەر هەمووی بوختانە و یەکێك بۆی هەڵبەستوون.

ستوکمان، دەستی بە قسان کردەوە. پێدەچوو حەشاماتەکە بە وردی گوێ لە قسەکانی ئەو بگرن. تەنانەت چەند هاوارێکی پشتیوانیش بەرزبووەوە. بەڵام لە کۆتاییدا، کاتێ باسی دابەشکردنی دارایی ئەو کەسانەی کە بەگەڵ سپییەکان کەوتبوون، هێنایە ئاراوە، هەر هەموو بێدەنگ بوون، دەتگوت خۆڵ و دۆیان بە سەرا کراوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، ئاڵۆزا و گوتی:

– چیە؟ مەگەر زمانتان بڕاوە؟

جەماوەرەکە،وەکو چنگێ ساچمە بەرەو دەروازەی مەیدانەکە غل بووەوە. سومکا، ناسراو بە "مەنجەڵ" کە هەژارترین خەڵکی گوندبوو، بە دوودڵیەوە پێش هەموویان کەوت، بەڵام زوو ژیوان بووەوە و گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و دەستکێشەکەی وەکو نیشانەی ژێوان بوونەوە هەڵتەکاند.

– باشە کاتێ کە خاوەنەکانیان گەڕانەوە هەنگێ چی بکەین؟

ستوکمان، لە هەوڵی ئەوەدا بوو قەناعەتیان پێبکات کە نەڕۆن. میشکا ڕەنگی بوو بوو بە جاوی سپی، بە گوێی ئیڤان ئالیکسییوفیچدا چپاند:

– پێم نەگوتی ئەمانە دەست بۆ ئەم داراییانە نابەن. چاکتر وایە بیان سووتێنین.

"٢٥"

میشکا کوشیڤوی، سەری دانەواند بوو، لە فکران ڕاچووبوو، هێدی هێدی قامچیەکەی دەکێشا بە چەکمەکەی خۆیدا وبە قاڵدرمەکانی بەر ماڵی موخوفدا سەردەکەوت. لە نزیکی دەرگاکە و لە سووچێکی ڕاڕەوەکەدا چەندین زین بە سەر یەکدا کەوتبوون. دیاربوو یەکێك تازە لە ڕێوە گەیی بووە جێ: تۆپەڵێك بەفری زەردباوی ئاوێتە بە تەرسەقول، بەسەر یەکێك لە ڕکێفەکانەوە، کە لە ژێر چەکمەی سوارەکەدا پەسترابووەوە، مابووەوە و هێشتا نەتوابووەوە. ئەو ئاوەی کە لێی تکابووەوە، لە زەمینەی ڕاڕەوەکەدا دەبریسکایەوە. میشکا، چاوی لە زینەکە و بەر دالانە پیسەکە گواستەوە، ڕوانیە پەرژین و موحەجەرە کەندەکاریەکە و ڕوانیە ئەو توێژاڵە بەفرە فشەڵە وەنەوشەییەی لە پاڵ دیوارەکەدا کەوتبوو. ئەوسا نیگایەکی کورتی پەنجەرەکانی کرد کە لە ژوورەوە هەڵم گرتبوونی. بەڵام ئەوەی دەی بینی لە ویژدانیا نەخش نەدەبوو، تێکەڵ و پێکەڵ و گۆنگ و ئاڵۆز وەکو خەونێك تێدەپەڕی. ئەو دڵسۆزی و کینەیەی کە سەبارەت بە گریگۆری میلیخوف هەستی پێدەکرد لە دڵیا تێکەڵ دەبوون.

بەر هەیوانی بارەگای کۆمیتەی شۆڕش، لە دووکەڵی جگەرە و بۆنی زین و قایش و قروش و بەفری تواوەدا پەنگابووەوە. ئەو تاقە کارەکەرەی، کە دوای هەڵاتنی ماڵباتی موخوف بۆ

ئەوبەری دۆنتس، لەوێ مابووەوە، خەریکی داگیرساندنی سۆپا هوڵاندیەکە بوو. پاسەوانانی چریك، لە ژوورەکەی تەنیشتیەوە بە دەنگی بەرز پێدەکەنین. میشکا کە بە بەر ژوورەکەیانا تێپەڕی، لە دڵی خۆیدا گوتی: "کە سەخیفن! ئەم حیلك و هۆڕەیان لە چیە؟" قامچیەکی دیکەی کێشا بە چەکمەکەی خۆیدا، بەڵام ئەمجارەیان لە تووڕەییدا ئەوەی کرد. ئەوسا بێئەوەی لە دەرگا بدات خۆی بە ژووری کومیتەدا کرد، کە کەوتبووە سووچی ڕاڕەو و داڵانەکەوە.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە پاڵتۆ دەڵبە بەردارەکەیەوە لەپشت مێزەکەی خۆیەوە دانیشتبوو، کڵاوە ڕەشە فەروەکەی بە وردی نابوو بە سەریەوە، ڕوخساری ئارەقاوی، ماندوو و نیگەران دیاربوو. ستوکمان، لە نزیکی ئەو، لە قەراغ پەنجەرەکە دانیشتبوو و هەمان پاڵتۆی درێژی عەسکەری سوارەی لە بەربوو. بە زەردەخەنەوە پێشوازی میشکای کرد و بە دەست ئاماژەی کردبێ کە بڕوات لای ئەوەوە دانیشێت.

– دەی، خەبەر و باسی تازە میخائیل؟ دانیشە.

میشکا، بە لاقی بڵاوەوە دانیشت. تۆنی دەنگی هێمن و پرسیار ئامێزی ستوکمان، سستی و پەستی کوشیڤوی ڕەواندەوە و دوای ئەوەی دانیشت گوتی:

– لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە بیستوومە کە گریگۆری میلیخوف دوێشەو گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ، بەڵام من هێشتا نەچووم بۆ ئەوێ.

– باشە بە نیازی چ بکەیت؟

ستوکمان بەدەم ئەو پرسیارەوە خەریك بوو جگەرەیەکی دەپێچایەوە و جارجاریش ژێراو ژێر نیگایەکی ئیڤان ئالیکسییوفیچی دەکرد و چاوەڕوانی وەڵام بوو.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بە دەنگێکی نیگەران و بەدەم چاوتروکاندنەوە پرسی:

– لە ژێر زەمینەکەدا زندانی بکەین، ها؟

– تۆ سەرۆکی کۆمیتەی... قەرار بە تۆیە.

ستوکمان بەدەم ئەو قسەیەوە بزەیەکی بۆ کرد و بە بێموبالاتی شانەکانی هەڵتەکاند. ستوکمان هەمیشە ژارخەنی حازربوو، تەوس خەنەکانی، لە شەلاخ، بە ئازارتر بوون. ئارەقە نیشتە سەر چەناگەی ئیڤان ئالیکسییوفیچ و بە توندی گوتی:

– بەڵێ، مـن سـەرۆکی کۆمیتـەم. هـەردووکیان دەگـرم، گریشـکا و براکـەی و ڕاسـت ڕەوانـەی ڤیشنسکایایان دەکەم.

ستوکمان گوتی:

– گرتنی براکەی بێفایدەیە. فومین پشتیوانی لێدەکات. بە خۆت دەزانی چۆن بە شان و باڵی پیوتـەردا هەڵـدەڵێت... بـەڵام سـەبارەت بـە گریگـۆری، دەبـێ ئەمڕۆکـە بەپەلـە و بـێ دواکـەوتن بگیرێت. سبەینێ بۆ ڤیشنسکایای دەنێرین، هەر ئەمڕۆکەش بە تەتەرێکی سوارەدا، ئەو ڕاپۆڕت و بەڵگەنامانەی لە سەرێتی. بۆ سەرۆکی دادگای شۆڕش، دەنێرین.

ئیڤان گوتی:

– ڕەنگە باشتر وابێ شەوێ دەستگیری بکەین، تۆش پێت وانیە ئوسیب داڤیدوفیچ؟

ستوکمان، نۆرە کۆکەیەکی توندی گرت، ئەوسا دەستێکی بە ڕدێنی خۆیدا هێنا و گوتی:

– بۆ شەوێ؟

– بۆ ئەوەی لە نێو خەڵکیدا دەنگ نەداتەوە.

ستوکمان وەڵامی دایەوە:

– بە ڕاستی ئەمە بیانوویەکی سەخیفە.

ئیڤان، ئاوڕێکی لای کوشیڤۆی دایەوە و پێی گوت:

– میخائیل، هەر ئێستا، دوو سەرباز لە گەڵ خۆتا ببە و بڕۆ گریشکا دەستگیر بکە و، بەجیا لەوانی دی، لە ژوورێکی تەنیادا حەپسی بکە، تێگەیشتی؟

میشکا، لە سەر قەراخی پەنجەرەکە هاتە خوارێ و بەرەو پاسەوانە چریکەکان ڕۆیی. ستوکمان بە سەرانسەری ژوورەکەدا دەهات و دەچوو و چەکمە بۆرە پاژنە سواوەکانی بە عاردیدا بکێش دەکرد. ئەنجام لە هەبنەر مێزەکەدا وەستا و پرسی:

– دوا وەجبەی ئەو چەکانەت نارد کە کۆکرابوونەوە؟

– نەخێر، ئەمڕۆ دەیان نێرین.

ستوکمان، برۆی وێکهێنانەوە و بەپەلە پرسی:

– ماڵی میلیخوف، چیان تەسلیم کردووە؟

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، برۆی وێکهێنانەوە و لە فکران ڕاچوو تا بیری بێتەوە، ئەنجام بەدەم بزەیەکەوە گوتی:

– دوو تفەنگ و دوو دەمانچە، پێتوایە هەر ئەوەندەیان هەبووبێ؟

– تۆ بڵێی ئەوەندە فەقیر بن؟

– نا، بەشی خۆیان زیرەکن.

ستوکمان، لێوێکی هەڵقورتاند و گوتی:

– منیش هەمان بۆچوونم هەیە. ئەگەر من لە جیاتی تۆ بام، دوای گرتنەکەی، دەچووم کون بە کونی ماڵەکەیانم دەپشکنی. قسە لەگەڵ سەرۆکی پاسەوانەکانتا بکە با ئەو کارە بکات... چونکە دانانی نەخشە شتێکە و جێبەجێکردنی شتێکی دیکەیە.

میشکا، دوای نیو سەعاتێك گەڕایەوە، بە هەڵەداوان بە بەر هەیوانەکەدا تێپەڕی، دەرگاکەی بە توندی کردەوە، لە بەر دەرگاکەدا وەستا تا نەفەسێ تازە بکاتەوە و بە دەنگی بەرز گوتی:

– نەحلەت لە شەیتان! کار لە کار ترازاوە.

ستوکمان پرسی:

– چۆن؟

ئەوسا بە چاوانی ئەبڵەقەوە، بە هەشتاو بە ژوورەکەدا، بەرەو ڕووی چوو. چمکی پاڵتۆ درێژەکەی، لە لاق و لەتەری دەئاڵا و شەپەشەپ بە چەکمە نمەدیەکانیا دەکەوت. میشکا نە بە هۆی قسە خاوەکانی ستوکمان بوو نە بە هۆیەکی دیکەوە بوو، دەهری بوو و هاواری کرد:

– بەس چاوم لێ زەق بکەوە. (جنێوێکی پیسی دا و لە سەری ڕۆیی): دەڵێن کریشکا چووە بوسینگین و لە ماڵی پووریەتی. من چی بکەم؟ ئەدی چەند وەختە ئێوە چیتان دەکرد؟ مێشتان دەخەساند؟ کێ دەرگای بۆ کردەوە؟ لە بەر دەستانا بوو و نەتان گرت. پێویست ناکات، بۆڵە بۆڵم بەسەردا بکەن. من هیچ خەتایەکم نیە، هەرچیەکم پێگوتراوە، کردوومە. بەڵام ئێوە لە گوێی گادا نووستبوون؟

هێدی هێدی لە بەردەم ستوکماندا کە ڕاست ڕوو بە ڕووی ئەو دەهات، پاشەوپاش دەکشایەوە. ئەنجام پشتی دا بە دیواری کاشی کراوی موغەیریەکەوە. ئەوسا بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– نەیەیتە پێسترەوە، ئوسیپ داڤیدوفیچ، نەیەیتە پێشترەوە، دەنا، دەم و قەپۆزت دەشکێنم!

ستوکمان، لە بەردەمیا وەستا، قامکەکانی تەقاند. ئەوجا ڕوانیە دانە سپیەکانی میشکا و چاوە خەندان و بە وەفاکانی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ڕێگای سینگین بەڵەدی؟

– بەڵێ

– ئێ ئیتر بۆچی بۆ ئێرە گەڕایتەوە؟ بە فشەی خۆت لە گەڵ ئەڵمانەکاندا شەڕت کردووە... هەی قەل پیاو!

ئەوسا بە بێزاریەوە چاوەکانی تروکاند و ڕووی خۆی گرژکرد.

***

تەم و مژێك، عەینی دووکەڵ، سەرانسەری پێدەشتەکەی گرتبوو. مانگێکی ئەرخەوانی لە پشت گردەکانی شانی دۆنەوە، کزکز دەدرەوشایەوە، بەڵام درەوشانەوەیەك کە جریوەی فسفۆڕ ئاسای ستێرەکانی پێ نەشاردرایەوە.

شەش سوار بە جادەی سینگیندا ڕێیان دەکرد. ئەسپەکان بە یۆرغە ڕییان دەکرد. ستوکمان، بە سەر ئەسپەکەیەوە شان بە شانی میشکا دەڕۆیی. ئەسپە لۆق درێژەکەی کە لە نەژادی دۆنتس بوو، هاڕوژابوو، هەر هەڵبەز ودابەزی بوو و هەوڵیدەدا قەپ بە ئەژنۆی سوارەکەیدا بکات. ستوکمان، بە بێموبالاتی ڕووداوێکی کۆمیدی بۆ میشکا دەگێڕایەوە و میشکا بە سەر قەڵپوسی زینەکەیا دادەنەویەوەو منداڵانە قاقا پێدەکەنی و، دەیویست تەمەشای سەروچاوی جدی ستوکمان بکات کە کەوتبووە ژێر باشلوخەکەیەوە( سەرکڵاوی باران دانەدەر).

گەیینە سنگین، زۆر گەڕان، بەڵام بێهودە.

"٢٦"

گریگۆرییان ناچارکرد بوو کە لە بوگوفسکایاوە بڕوات بۆ چرنیشفسکایا، دوای دە ڕۆژ ئەوسا بۆ ماڵ گەڕابووەوە. دوو ڕۆژ پێش هاتنەوەی ئەو، بابیان کە تازە لە نەخۆشی تیفو هەستا بووەوە، گرتبوو. لەو ماوەیەدا هێندەی دی مووی سپی بوو بوو، بە ڕادەیەك لە ڕو لاواز بوو، کە دیقەتی هەیکەلیت دەدا. لە ئێسکە پەیکەری ئەسپێکی لەڕو لاواز دەچوو. قژەکەی بەسەر هەنیەیدا کەوتبوو و لە تۆ وایە مۆرانە خواردوویەتی. ڕدێنی پاك سپی بووبوو.

ئەو سەربازە چریکەی کە چوو بوو بۆ گرتنی تەنیا دە دەقیقە مۆڵەتی دایە تا خۆی کۆبکاتەوە. ئیدی بە شێوەیەکی کاتی لە ژێر زەمینەکەی ماڵی موخوفدا، زندانییان کرد تا دوایی بینێرن بۆ ڤیشنسکایا. لەم ژێر زەمینەدا، کە بۆنی سێوی لێدەهات، بەوەوە، نۆ پیرەمێردو قازییەکی فەخری زندانی بوون.

پیوتەر، پێش ئەوەی گریگۆری ئەسپەکەی بینێتە حەوشەوە ئەو خەبەرەی دایەو ئامۆژگاری کرد:

– سەری ئەسپەکەت بادەوەو لە کوێوە هاتوویت بۆ ئەوێ بگەڕێوە. براگیان هاتبوونە تاقیبت و پرسیاریان کرد ،کەی دەگەڕێیتەوە. بڕۆ کەمێك خۆت گەرم بکەوە، منداڵەکانت ببینەو ئەوسا یەکڕاست بڕۆ بۆ گوندی ڕیبنی، ئیدی لەوێ خۆت پەنا بدەو چاوەڕوان بکە، تا دەروویەك دەبێتەوە. ئەگەر هەواڵی تۆیان لێپرسیم، دەڵێم چووە بۆ ماڵی پووری لەسینگین. حەوت کەسی ئێرەیان گوللە باران کرد، نەتزانیوە؟ دەترسم باوکیشمان بە هەمان دەردی ئەوان بەرن... خۆ سەبارەت بە تۆ ئەگەر بتبینن، سێبەرت بە گوللە دەنگێون!

گریگۆری نزیکەی نیو سەعاتێك لە مووبەقەکەدا مایەوە، پاشان ئەسپەکەی زین کردو بەشەو بۆی دەرچوو، ڕیبنی خۆت بگرە واهاتم. لەوێ یەکێك لە خزمە دوورەکانی ماڵباتی میلیخوف، کە پیاوێکی ئەمین و میوانپەروەر بوو، دایکردو لە عەماری تەپاڵەدا شاردیەوە. دوو دانە ڕۆژ لەو عەمارەدا مایەوە، تەنیا بە شەو دەهاتە دەرێ.

"٢٧"

میشکا کۆشیڤۆی، بە دوو ڕۆژ دوای ئەوەی لە سینگین گەڕایەوە، لەگەڵ یەمیلیاندا چوو بۆ ڤیشنسکایا تا بپرسێت کە کەی کۆبوونەوەی ڕێکخراوی کومونیستان دەکرێت. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، یەمیلیان، داڤیدکا، فیلکاو ئەو ،بڕیاریان دابوو بە فەرمی ببنە ئەندامی حزب.

میشکا، دوا وەجبە چەکی کە لەلایەن خەڵکەوە ڕادەست کرابوو، لە گەڵ ڕەشاشێکدا کە لە حەوشەی قوتابخانەکەدا دۆزرابووەوەو لە گەڵ نامەیەکی ستوکمانا بۆ سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشی ناوچە، لەگەڵ خۆیدا برد.

بە دەم ڕێگاوە بۆ ڤیشنسکایا، چەندەها کەروێشکیان هەڵدەستاند. کەروێشکان، لەساڵانی جەنگدا بە ژمارەی زۆر ڕوویان کردبووە ناوچەکە و بە ڕادەیەك بەدەم زاوزێوە زۆر بوو بوون، کە ئینسان لە هەر هەنگاوێکدا تووشی کەروێشکێك دەبوو، هەر بنجە قامیشێك هێلانە کەروێشکێکی لە ژێرادا بوو. ئیدی هەر کەروێشك ی بۆرباوی ژێر زگ سپی بوو بەدەم جیڕە جیڕی خزاگەکەوە بە ترسەوە لەلایەن دەردەپەڕی و پێی وەغارەوە دەناو بە ناو بەفری نەشکاوا بۆی دردەچوو و کلکە قەراخ ڕەشەکە بەرز دەکردەوەو تێی دەتەقاند. یەمیلیان کە خزاگەکەی داژۆت، جڵەوی ئەسپەکانی بەردەداو هاواری دەکرد:

– دەی، خێرا، تەقەی لێبکە!

میشکا، بەلەز خۆی لە خزاگەکە داویشتە خوارەوە، ئەژنۆی لە عاردی دەنا، تفەنگەکەی دێنایە سەرپێ، سێرەی دەگرتەوەو یەك شانە فیشەكی دەنا بەو گۆیە بۆرباوەی کە لە دوورەوە، بەدەم تاودانەوە هەڵدەبەزییەوە، ئەوسا بە کەسەرەوە سەیری دەکرد فیشەکەکانی پروشە بەفران دەبەن بەئاسمانا و کەروێشکە گۆ ئاساکە، توند و توندتر تاوی دەداو خۆی بە ناو قۆپەنە پووشێکدا دەکردو لەچاو ون دەبوو.

***

لەبارەگای کۆمیتەی شۆڕشدا، هەراو هەنگامەو پەشێویەکی ئەوتۆ بوو کەس بەکەس نەبوو. خەڵکەکە بە سەرو رووی نیگەران و پەشێوەوە غاریان دەدا. پەیکێن سوارە، بەردەوام لە هاتووچۆدا بوون. کەس بە جادەو بانانەوە نەبوو. میشکا، سەری سوورما بوو، سەری لە هۆی ئەم جم و جووڵە دەرنەدەکرد. یاریدەدەری بەرپرسی کۆمیتە، نامەکەی ستوکمانی، بە حەواس پەرتی تەپاندە گیرفانیەوە، کاتێ میشکا لێی پرسی کە ئاخۆ وەڵامی هەیە، بۆڵەیەکی توندی کرد:

– وازم لێبێنە، برۆ بەلای ئیشی خۆتەوە! سەرم قاڵەو جارێ ناپەرژێمە سەر وەڵامی تۆ.

هەندێ سەربازی سووری سەر بە مەڵبەندێکی پاسەوانی، بە مەیدانەکەدا دەهاتن و دەچوون. مووبەقێکی مەیدانی کە دووکەڵ و هەڵمی لێهەڵدەستا، بەوێدا تێپەری و بۆنی گۆشتی گاو گەڵای غاز ئەو ناوەی پڕکرد.

میشکا، چوو بۆ دادگای شۆڕش کە چەند دۆستێکی لەوێ بوون، تا جگەرەیەك بکێشێت. پرسی:

– ئەرێ ئەم قەرەباڵغی و پەشێوەیە چیە؟

گروموف، کە یەکێك بوو لە داد پرسە ناوچەییەکان بە بێمەیلی بەرسڤی دایەوە:

– ئاژاوەو جم و جووڵێك لە کازانسکایا هەیە. ئیدی دیار نیە ئاخۆ سپییەکان پەلاماریان داوە یان قوزاقەکان راپەڕیوون و یاخی بوون. بە هەرحاڵ شتیك روویداوە، لەوە دەچێ دوێنێ پێکادانێك رووی دابێ. خەتی تەلەفۆن قەت(برا) بووە.

– دەبوایە سواریك بۆ تاقیب بنێردرایە.

– ئێ وایانکردووە. هێشتا نەگەڕاوەتەوە. ئەمرۆش سریەیەکمان بۆ ئیلانسکایا نارد، بارودۆخی ئەوێش تەواو نیە.

بەدەم سیغار کێشانەوە ماوەیەك لە سەر قەراخی پەنجەرەکە دانیشتن. لە پشت پەنجەرەکانی ئەو خانووە جوانەوە، کە سەردەمانێ ماڵی کابرایەکی بازرگان بوو و ئێستا دەستی بە سەرا گیرا بوو وکرابوو بە بارەگای دادگای شۆڕش، بەفریکی ورد دەباری، لە ناکاوا، لە ناو دار سنۆبەرەکانی پشت گوندەکەوە، لە سەمتی چریاناوە، دەنگی دوورە تەقە بەرز بووەوە. میشکا رەنگی زەرد بوو، جگەرەکەی لەدەست کەوت. هەموو بەرەو ناو حەوشە غاریان دا. نەخێر دەنگی تەقە و دەستڕێژ چڕترو نزیکتر بووەوە، ئیدی گوللە بە گیزو هۆڕ بە میچ و دەرگاکان دەکەوت، سەربازێکی سوور کە لە حەوشەدا وەستا بوو، بریندار بوو. کروموف بەپەلە کاغەزو شتەکانی

تەپاندە گیرفانیەوەو بەرەو مەیدانەکە ڕایکرد. پاشماوەی سریە عەسکەرە گاردەکە، بە پەلە پەل لەبەر کۆمیتەت شۆڕشدا خڕبوونەوەو ڕیزیان بەست، فەرماندەکەیان کە پۆستنێکی کورتی لەبەرا بوو. بە ڕاکردن هات، ڕیزی کردن و بە هەڕوەڵە بەرەو نشێوەکەی کەنار ڕوباری دۆنی بردن. ترس و پەشێویەکی سەیر کەوتە نێو خەڵکەکە. خەڵکی هەراسان و شپرزە بە ڕاکردن بە مەیدانەکەدا دەهاتن و دەچوون. ئەسپێکی زینکراو، بەڵام بێسوار، لە کاتێکا کە ئاوڕی پاشەوەی دەدایەوە، بەچوار ناڵی بە مەیدانەکەدا تێپەڕی.

میشکا، گێژ و کاس، کاتێکی زانی خۆی لە مەیدانەکەدا بینییەوە، بە خۆیشی نەیدەزانی چۆنی گەییوەتە ئەوێ. فومینی بە شانێڵێکی نمەدەوە بینی کە بە سواری ئەسپەکەی وەکو گەردەلوولی ڕەش لەپشت کڵێساکەوە خۆی بە مەیدانەکەدا کرد. دۆشکەیەکی لە عەرەبانەکەی بەستبوو، چەرخەکانی نەدەسوڕانەوە، دۆشکەکە وەرگەڕا بوو و بەدەم ڕاکردنی ئەسپەکەوە بەملاو بەولادا دەکەوت. فومین خۆی بەسەر زینەکەوە مت کردبوو و دوای ماوەیەکی کەم گەییە پشت گردەکەو کەوتە نەدیوی و گەردەلوولێکی بەفری لە دوای خۆیەوە بەجێهێشت.

یەکەم بیرێك کە مێشکی میشکادا هات: "ئەسپەکان!" بوو. بە ماتە مات، بەلاکۆڵانەکاندا کەوتە غاردان، تەنانەت بۆ ساتێکیش نەوەستا کە نەفەسێ تازەبکاتەوە. کاتێ گەییە ئەوماڵەی لێی دابەزی بوون، خەریك بوو دڵی دەتەقی. یەمیلیان سەرگەرمی ئەوە بوو ئەسپەکان لە خزاگەکە ببەستێ. بەڵام ترسێکی وای لێنیشتبوو، نەیدەتوانی مژانەکە ببەستێ. بەدەم دانەچۆقەوەو بە پچڕ پچڕی پرسی:

– چی قەوماوە میخائیل؟ چی ڕوویداوە؟

پاش ئەوەی ئەسپەکانی لە خزاگەکە بەست، لە پەشۆکاوی خۆیدا هەوسارەکانی لێ گوم بوون، دوای ئەوەی هەوسارەکانی دۆزییەوەو دەستی بە هاژۆتنی خزاگەکە کرد، ئەڵقەی نیرەکەی چەپ دەرهات.

حەوشی ماڵەکە دەیڕوانیە سەر پێدەشتەکە، میشکا بەرەو دار سنۆبەرەکان هەڵیڕوانی، بەڵام نە سەربازانی پیادەو نە سەربازانی سوارەی نەبینی کە لەوێوە دەربچن. دەنگی دوورە تەقە بەردەوام بوو. کوچەو کۆڵانەکان چۆڵ بوون. دیاربوو ڕووداوێکی ترسناك بەڕێوە بوو: ڕاپەڕین بەرپا بوو بوو، خەڵکەکە لە شۆڕش هەڵگەڕابوونەوە.

بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە یەمیلیان مژوولی ئەسپەکان بوو میشکا چاوی لە دەشت و بانەکە نەدەگواستەوە. لەپشت نوێژخانە چکۆلەکەوە، لە نزیکی ئەو شوێنەی کە وێستگەی بێتەلەکە، لە مانگی کانوونی یەکەمی ڕابردوودا سووتا بوو، پیاوێکی بە شانێلێکی (پالتۆ) ڕەشەوە بینی کە خۆی دانەواندبووەوەو هەردوو دەستی بەسینگیەوە گرتبوو. بە هەموو هێزوو توانای خۆیەوە غاری دەدا. میشکا بە قەرینەی پاڵتۆ ڕەشەکەدا، زانی کە ئەم پیاوە گرونوف دادپرسە. ئەوسا سوارێکی دیکەشی بەدی کرد کە لە پشت پەرژینەکانەوە، دەردەکەوت و ون دەبوو، میشکا ئەویشی ناسییەوە: قوزاقێکی خەڵکی ڤیشنسکایا بوو، گەنجێك بو بە نێوی چرنیچکین، ئەمە گاردی سپی بوو، لە دژمنە سەرختەکان بوو. گروموف، کە هەر دووسەد مەترێك لە

چرنیچکینەوە دوور بوو، بێئەوەی بوەستێ، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە، دەمانچەکەی لە بەرکی خۆی دەرهێنا، فیشەکێك تەقی، نەخێر بوو بە دوو. گروموف خۆی گەیاندە سەر گردولکەیەکی لمەڵان و دەستی بە تەقە کردەوە. چرنیچکین لە ئەسپەکەی کە بە چوار ناڵە دەڕۆیی، خۆی هەڵدایە. خوارێ. بێئەوەی جڵەوەکە بەربدا تفەنگەکەی لە شانی داگرت ولەپشت کۆما بەفرێکدا خۆی بەعاردیدا دا. لە دوای یەکەم دەستڕێژ، گروموف لەترێکی دا، بە دەستی چەپ خۆی بە بنچکێکەوە گرت. بۆ چەند ساتێك بەسەر گردەکەوە وەرچەرخاو پاشان بەدەما کەوتە سەر بەفرەکە. "کوشتی!" میشکا لە ترسا وشك بوو. چرنیچکین باشترین سەگڤان و ئەنگێوەی ناوچەکە بوو، بە تفەنگە نەمساویەکەی کە لە جەبهەی ئەڵمانیا هێنابووی، هەر نیشانەیەکی، چەندیش دووربا دەنگاوت، گوللەی بە خەسار نەدەچوو. میشکا لە نێو خزاگەکەی خۆیەوە چرنیچکینی بینی کە بە سواری ئەسپەکەی بە تاو بەرەو سەر گردەکە ڕۆیی و لەوێ بە شمشێر بەر بوو پاڵتۆ ڕەشەکە، کە لە سەر بەفرەکە کەوتبوو.

دیارە پەڕینەوە لە دۆن، بە بواری (بازکی)دا خەتەر بوو. چونکە ئەسپ و زەلامان، بە زەقی لە ناو ئاوە سپییەکەی ڕووبارەکەوە دەبینران و دەبوونە نیشانەێن خۆشئەنگافتە. دوو سەربازی سوور کە پێکرابوون، حاڵی حازر لەوێدا کەوتبوون. ئیدی یەمیلیان پێچی کردەوەو بە دەریاچەکەدا پەڕییەوەو ڕووی کردە لێڕەوارەکە. کە لە دەریاچەکە دەپەڕینەوە، بەفرە ژیلکەی، سەر بەستەڵەکی سەر دەریاچەکە، لە ژێر سمی ئەسپەکانەوە دەردەپەڕی و تیغەکانی ژێر خزاگەکەش دوو خەتی قوڵیان دەکردە بەستەڵەکەکە. بە خێراییەکی یەجگار شێتانە بەرەو تاتارسکی گەڕانەوە. بەڵام گەیینە بوارەکەی نزیکی دێ، یەمیلیان، هەوساری ئەسپەکانی بە توندی ڕاکێشاو ڕوخساری خۆی کە لە سەرما سوور سوور بوو بووەوە بەرەو میشکا وەرگێڕاو گوتی:

– چی بکەین؟ کێ دەڵێ هەمان ئاژاوە لە گوندەکەی خۆشمان بەرپا نەبووە؟

نیگەرانی و پەشێوی نیشتە سەر سیمای میشکا. تەمەشایەکی گوندی کرد. دوو سوار، بەچوار ناڵە بە جادەکەی نزیکی ڕووبارەکەدا تێدەپەڕین. میشکا پێیوابوو، دووان لە سەربازە چریکەکانن. میشکا بەجدی گوتی:

– باژۆ بۆ ناو گوند. هیچ چارێکی دیکەمان نیە، بۆ کوێ بڕۆین!

یەمیلیان، بە نەبەدڵی کەوتەوە ڕێ. لە دۆن پەڕینەوەو بە هەورازەکەی بەرانبەردا هەڵگەڕان. ئانتیپی کوڕی ئاڤدیچە درۆزن و دوو پیرەمێردی گەڕەکی سەرەوەی گوند، بە هەڵەداوان بەرەو ئەمان دەهاتن. یەمیلیان هاواری کرد:

– ئۆهـ! میشکا!

کە تفەنگی بەدەست ئانتیپەوە بینی، جڵەوی ئەسپەکانی ڕاکێشاو بەلەز سەری ئەسپەکانی بادایەوە.

تێیان خوڕین:

– بوەستە!

تەقەیەك كرا. یەمیلیان بێئەوەی جڵەوی ئەسپەكان بەربدات كەوتە خوارەوە. ئەسپەكان بەچوار ناڵە خۆیان بە پەرژینێكدا دا، میشكا خۆی لە خزاگەكە هەڵدایە خوارەوە. ئانتیپ كە قۆندەرەی لەپێدا بوو، لە سەر بەفرەكە دەخزی، بە دەم خزینەوە بەرەو ئەو غاری دەدا. بەلارە لار وەستاو تفەنگی سوار كردو نیشانەی گرتەوە. میشكا كەوت بە سەر پەرژینەكەدا، بە كەوتنەوە بریقەی شەنە ئاسنێكی سێ لقەی بە سەر سەری خۆیەوە بینی كە بە دەست یەكێك لە پیرەمێردەكانەوە بوو.

– ئادەی بیكوتە!

ئازارێكی توند لە شانی هەستا، میشكا بێئەوەی هاوار بكات كەوت، دەستەكانی خستنە بەر دەموچاوی .پیاوێك بە هانكە هانك بە سەریا دانەوییەوەو بەشەنە كەوتە وێزەی:

– ڕابە، هەی گەماڵ باوك!

میشكا، ئیدی ئاگای لە خۆی نەما، نەیدەزانی دوای ئەوە چی ڕوویدا، شتەكانی وەكو خەو وەبیر دەهاتنەوە. ئانتیپ، بەدەم كوڵی گریانەوە خۆی دابوو بە سەریاو چنگی نابووە سینگ و بەرۆكی و هاواری دەكرد:

– خەڵك و خوا، ئەمە بوو كە باوكمی بە كوشت دا... خەڵكینە وازم لێبێنن باداخی دڵمی پێ هەڵڕێژم، با تۆڵەی خۆمی لێبكەمەوە، با دڵم بكەم بە تەرزە!

خەڵك و خوا لێی نەگەڕان، كۆمەڵێك خڕبوونەوە، میشكا گوێی لێبوو پیاوێك بە دەنگی نووساوەوە، ئامۆژگای دەكردن:

– وازی لێبێنن! چما ئێوە مەسیحی نین؟ وازی لێبێنە ئانتیپ! تۆ هەرچییەك بكەی باوكت ناژێتەوە، بەڵكو دەبیتە بایسی مەرگی پیاوێكی دیكەش!.. دەی بڕۆن بەلای كاری خۆتانەوە، دەی كوڕینە، خێرا بڕۆن، لە عەمارەكەدا قەند دابەش دەكەن، خێرا بڕۆن بەشە قەندی خۆ وەربگرن...

میشكا، دەمەو ئێوارێ كە وەهۆش هاتەوە، خۆی لەپاڵ هەمان پەرژیندا بینییەوە. قەبرغەی كە لقی شەنەكەی پێدا چوو بوو، دەكزایەوە. لقی شەنەكە، پۆستینەكەی و پاڵتۆكەیان بڕی بوو قەبرغەیان بە سووكی برینددار كردبوو، بەڵام زامەكەی زۆر بە ئازار بوو. خوێنەكەی وەستا بووەوە. میشكا، بە هەر زەحمەتێك بوو هەستایە سەر پێیان و گوێی هەڵخست. دیاربوو، یاخیەكان گەشتییان(دەورێ) بە ناو گوندو دەوروبەریا دەركرد بوو. ناو بە ناو، دەنگی دەستڕێژێك بەرز دەبووەوە و سەگوەڕ دەستی پێدەكرد، ئەو دەنگانەی لە دوورەوە دەهاتن، بەرە بەرە نزیك دەبوونەوە. میشكا، بە كوێرە ڕێیەكی، ماڵاتەڕێی قەراخ دۆندا كەوتە ڕێ. بە هەورازێك دا هەڵگەڕا، دەخزی ، هەڵدەستایەوە، چنگی لە بەفرو بەستەڵەكەكە گیردەكرد، دەكەوت و هەڵدەستایەوە، خۆی بۆ پەنا پەرژینان دەكوتا. خۆیشی نەیدەزانی لە كوێیەو بۆ كوێ دەڕوات، خۆی دابووە دەم هەنگاوی كوێرانەوە. لە سەرما هەڵدەلەرزی و دەستەكانی گۆیان نەدەكرد. سەرما ناچاری كرد پەنا بەرێتە بەر ماڵێك .دەروازەكەی كە كۆمەڵێك چڵ و چێوی وشكی بە سەرەوە بوو، كردەوەو خۆی بە حەوشەدا كرد. بە دەستی چەپا، عەمارو كەپرێكی بینی، خۆی

بەوێدا کرد. تازە خۆی بە عەمارەکەدا کردبوو کە گوێی لە کۆکەو دەنگی پێی کەسێك بوو. یەکێك بەرەو عەمارەکە دەهات. میشکا گوێی لە خشە خشی چەکمەکانی بوو. میشکا لەدڵی خۆیدا وەکو ئەوەی بیر لە خۆی نەکاتەوە، بەڵکو بیر لە کەسێکی دی بکاتەوە گوتی: "یەکەسەر دەمکوژێت." کابرا لەبەر دەرگاکە وەستا:

– کێیە؟

دەنگی کزبوو، لە تۆ وایە دەترسێت. میشکا خۆی دایە پاڵ دیوارەکە و پاشەو پاش ڕۆیی پیاوەکە بە دەنگی بەرزتر و نیگەران ئامێزترەوە دووبارەی کردەوە:

– زەلام کێی؟

میشکا، دەنگی ستیپان ستاخۆڤ ناسییەوەو لە عەمارەکە هاتە دەرەوەو هاواری کرد:

– ستیپان، منم! کوشیڤۆی... بیکە بە خاتری خوا فریام بکەوە! باوەڕ ناکەم خەبەرم لێبدەیت وانیە؟ فریام بکەوە!

– ئا، تۆیت!

ستیپان کە تازە لە نەخۆشی تیفو هەستابووەوە، بە بێتاقەتی قسەی دەکرد. بزەیەکی پڕ دوودڵی، زاری، کە لە لاوازیدا گەورە بوو بوو، ترازاند.

– باشە، شەوێ لێرە بمێنەوە، بەڵام پێویستە بەیانی زوو بڕۆیت. باشە چۆن هاتووی بۆ ئێرە؟

میشکا، بێئەوەی هیچ وەڵامێك بداتەوە، دەستی گوشی و ئەوسا خۆی تەپاندە ناو خەرمانێك کاو کۆتەوە. سبەینێ، کە شەو داهات و دنیا تاریك بوو، ڕیسکی کردو، بەپارێزەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی ڕۆیی، لەپەنجەرەکەی دا. دایکی دەرگای لێکردەوەو کە چاوی پێیکەوت، ڕوندك وەکو بارانی بوهار بەچاویا هاتە خوارێ. دەستی لە ملی وەرینا، دەستی بە سەریا دێناو سەری نا بە سینگ و بەرۆکی کوڕەکەیەوە.

– بڕۆ! بیکە بەخاتری مەسیح بڕۆ میشکا! ئەم بەیانیە قوزاقەکان هاتبون بۆ ئێرە، تاقیبیان دەکردی!.. کون و کەلەبەری ماڵەکە نەما، نەی پشکنن.. ئانتیپ، بە قامچی تیم بەر بوو، دەیگوت: "تۆ کوڕەکەت شاردۆتەوە. حەیفێ کە یەکسەر نەمکوشت!"

میشکا نەیدەزانی کە هاوڕێکانی چیان بە سەر هاتووەو لە کوێ بیاندۆزێتەوە. نەیدەزانی لە گوندا چی ڕوویداوە، بە قسە کورتەکانی دایکیا ئەوەی بۆ دەرکەوت کە هەموو گوندەکانی ناوچەکە یاخی بوون و ستوکمان و ئیڤان ئالیکسییوفیچ و داڤیدکا و سەربازە چریکەکان هەڵاتوون و فیلکاو تیموڤی، دوێنێ نیوەڕۆ لە مەیدانی گوندا کوژراون.

دایکی بەدەم گریانەوە، بە دەنگێکی پەشێو، بەڵام جدی دەیگوت:

– بڕۆ کورم، مەوەستە، بڕۆ لێرە دەتدۆزنەوە.

میشکا، دوای ساڵانێکی دوورو درێژ بۆ یەکەمجار لە هۆڕژنی گریانی دا، وەکو منداڵ، هەنسکی هەڵدەدا. ئەوسا، پیرە ماینێکی چکۆلەی، کە لە کاتی ڕەوکەوانیەکەیەوە هەی بوو، هێنایە حەوشەوە، زینی کرد، و جوانووەکەشی بە دوایا هات. دایکی یارمەتی دا تا سواری ماینەکە بوو و تێر دوعای خێری بۆ کرد. ماینەکە بە نەبەدڵی کەوتە ڕێ، دووجار حیلاندی و جوانووەکەی

بانگکرد. دڵی میشکا لە گەڵ هەر حیلەیەکی ماینەکەدا، دادە خورپا... بەسەلامەتی لە گوندەکە وەدەرکەوت. بە یورغە بە جادەی ئەتامانانـدا بەرەو ڕۆژهەڵات، بە دەستی ئوست – میدڤیدیتسکایادا کەوتە ڕێ. دنیا زۆر تاریك بوو، شەوی فیراران بوو. ماینەکە، لە ترسی ئەوەی نەبا جوانووەکەی لێ ون بێ، بەردەوام دەیحیلاند. میشکا، دانی لێکدی دەسوون و بە سەری هەوسارەکە دەیکیشا بە سەرو گوێلاکی پیرە ماینـدا، ناو بە ناو هەڵوەستەیەکی دەکرد، گوێی هەڵدەخست تا بزانێ ئاخۆ لە پێشیەوە یان لە پاشیەوە، دەنگی چوار ناڵەی ئەسپان دێت یان نا، دەترسا نەبادا حیلەی ماینەکەی خەڵکانێکی لێوەئاگا هێنابێ و دووی کەوتبن.

بەڵام بێدەنگیەکی ئەفسوناوی باڵی بە سەر دەوروبەریا کێشابوو، میشکا جگە لە هەناسەی جوانووەکە کە لە گەڵ هەر هەڵوەستەیەکدا، دەرفەتی دێناو گوانە ڕەشەکانی دایکی دەمژی و، بە مڵچە مڵچ دەمی خۆی دەلستەوەو لاقە باریکەکانی لە بەفرەکە دەچەقاند و پاشان دوای دایکی دەکەوت و، میشکا منداڵی خۆی بیر دەکەوتەوە، هیچ دەنگێکی دیکەی نەدەژنەوت.

"٢٨"

بۆنی تونـدی تەپاڵـەی وشـك و کـاوکۆتی ڕزیـوو وردە پووشـی وێنجـە، عەمارەکـەی پـڕ کردبـوو. ڕوناکیەکی کز لە سەربانە تەنکەکەوە دەیدا لە ژوورەوە. هەندێجار هـەتاو لـە درزی دەرگاکـەوە کـە لە شول دروست کرابوو، دەیدا لە ژوورەوە. بەڵام شەوان زۆر تاریك و بێدەنگ بوو، جگە لە زیکە زیکی مشکان هیچ دەنگێکی دی نەدەهات...

ژنـی خـاوەن ماڵەکـە ڕۆژی جارێـك لای ئێـوارێ بـە دزییـەوە خـواردنی بـۆ گریگـۆری دێنـاو گۆزەیـەکی گـەورەی ئـاوی بـۆ لـە نـاو تەپاڵـەکان دادەنـا. بـە هـەرحاڵ هـەموو ئەمـە بـەجێی خـۆی، تەحەموول دەکرا، بەڵام کێشەی گەورە ئەوە بوو تووتنی تەواو بوو بوو. گریگۆری تەنیا بیست و چوار سەعات بەرگەی عەزابی بێ تووتنی گرت. بەیانی بەسینگە خشکێ بە ناو عەرەماکە کەوت، تۆزێك تەرسە قوولی وشکی هەڵگرت و لە ناو لەپیا، سایییەوەو سیغارێکی لێپێچایەوە. ئێوارە، خاوەنی ماڵەکە بە ژنەکەیا، دوو پەڕە کاغەزی زەرد هەڵگەڕاوی کە لە ئینجیلێکی کردبووە وە، لەگەڵ شقارتەیەك و چنگێ سێپەڕەو ڕەگە تووتنی نەگەییووی باخەکەی خۆیانی، بۆ نارد.

گریگۆری زۆر خۆشحاڵ بوو و ئەوەندەی جگەرە کێشا، هێڕو کاس بوو، دڵی تێکهەڵدەهات، بۆ یەکەمجار وەکو باڵندەیەك سەر وەبن باڵی بنێت، بەو ئاوایە سەری وەژێر پاڵتۆکەی ناو سەری نایە سەر کۆمەڵێك تەپاڵەو خەوێکی قووڵی لێکەوت.

بۆ بەیانی، خانەخوێیەکەی بە خۆی هات و بێداری کردەوە. بە هەڵەداوان خۆی بە عەمارەکەدا کردو بە دەنگی زۆر بەرز هاواری کرد:

– ئەوە خەووتوی؟ ڕابە ڕابە! سەهۆڵبەندانی دۆن توایەوە.

بەدەم ئەو قسەیەوە، لە قاقای پێکەنینێکی بە کوڵی دا. گریگۆری، بە پرتاو، لە پیرە عەمار وەدەرکەوت، تەپاڵەکان کە جوان هەڵچنرا بوون، لە دوایەوە هاڕەیان کردو ڕوخان و پرسی:

– چی بووە؟

– لەوبەری دۆن، قوزاقانی ئیلانسکاو ڤیشنسکایا، ڕاپەڕیوون و یاخی بوون. فومین و هەموو سەرانی سوور بەرەو تۆکین هەڵاتوون. دەڵێن قوزاقانی کازانسکایاو شومی لینسکایاو میگولینسکایاش هەستاون. دەزانی ئەمە مانای چیە؟

گڕ لە چاوانی گریگۆری دەبووەوە، وردە دەمارەکانی هەنیەو گەردنی بەرزبوونەوە، نەیتوانی شادی و خۆشحاڵی خۆی بشارێتەوە. قامکە ڕەشەکانی بە دوگمەی پاڵتۆکەیدا دێنا، ئەوسا بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– ئەدی لێرە، لە گوندەکەی ئێوە چ باسە؟

– هیچ شتێکی تازە نیە. سەرۆکی کۆمیتەم بینی بە پێکەنینەوە گوتی:

– "گرینگ نیە ڕوو بکەمە قاپی کام خودا، گرینگ ئەوەیە خوایەك هەبێ." بەڵام دەتوانی لە کونەکەت بێیتە دەرێ! بە دوو قۆڵی بەرەو ماڵ بوونەوە. گریگۆری هەنگاوی هەراوی دەنا. کابراش بە هەشتاو شانبەشانی دەڕۆیی و شتەکانی بۆ دەگێڕایەوە:

– لە ناوچەی ئیلانسکایادا، یەکەمجار خەڵکی گوندی کراسنویارسکی ڕاپەریوون. پیرێ، بیست کومونیست چوون بۆ ئیلانسکایا کە چەند کەسێك لە قوزاقانی کریڤوسکۆی و پلیچاکوڤسکی دەزگیر بکەن. ئیدی خەڵکی کراسنویارسکی بە مەسەلەکە دەزانن و خێرا کۆبوونەوەیەك دەکەن و دەڵێن: "ئێمە تاکەی ئەمە قەبوڵ بکەین، ئەمڕۆ بابمان دەگرن و سبەی نۆرە دێتە سەر خۆمان، دەی کوڕینە با ئەسپەکانمان زین بکەین و بڕۆین زندانیەکانمان ئازاد بکەین."پازدە قۆزاقی یەکی یەکی و عەگید کۆبوونەوەو گەنجێك بە ناوی ئاتلانوف، کە شەرڤانێکی کارامە دەبێ، ڕابەرایەتیان دەگرێتە ئەستۆ. بە هەر هەموویان دوو تفەنگیان پێدەبێت، ئەوانی دی یەکێك شمشێرێك و یەکێك نێزەیەك و یەکێکی دیکەش کوتەکێکی پێدەبێ. ئەمانە لە دۆن دەپەڕنەوەو بە چوار ناڵە خۆیان دەگەیەننە پلیچاکوڤسکی. کومونیستەکان لە ناو حەوشەی ماڵەکەی ملینکوفدا، خەریکی ئیسراحەت دەبن. پیاوانی کراسنویارسکی، بە سواری ئەسپەوە پەلاماریان دەدەن. بەڵام دیواری حەوشەکە بەرد دەبێ و سوارەکان ناچاردەبن پاشەکشە بکەن. کومونیستەکان، مێردێکیان لێ دەخەن، خوا عافوی بکات. لەپشتەوە لێدەدرێ. لە سەر ئەسپەکەی دەکەوێت و بە قەد پەرژینێکەوە گیردەبێ. خەڵکی پلیچاکوفسکی دەیبەن بۆ تەویلەکەی ناوچە. کوڕەی داماو دەستی بە قامچیەکەوە ڕەق دەبێ، ئیدی لەوەوە گلۆڵەی کۆمۆنیستەکان دەکەوێتە لێژی، ئاوەو ئاو بچن!

گریگۆری، لە ماڵەوە نانی خوارد، پاشان لە گەڵ ماڵخۆکەیدا چووە دەرێ. دەتگوت ڕۆژی جەژنە. قوزاقان دەستە دەستە لە سەری کوچەو کۆڵانەکاندا وەستابوون. گریگۆری و خانە خوێیەکەی لەم دەستەو تاقمانە نزیك بوونەوە. قوزاقەکان دەستیان بەرز کردەوەو سڵاوەکەیان سەندەوەو بە کونجکاوی دەیانڕوانیە گریگۆری کە نەیاندەناسی. خانەخوێیەکەی بە شانازیەوە گوتی:

– برادەرینـە، ئەمـەیش لەخۆمانـە، مەترسـن. ناوبـانگی ماڵبـاتی میلیخـوف خـەڵکی تاتارسـکیتان بیستووە؟ ئەمە گریگۆری کوڕی پانتلی پروکوفیچە. لـە ترسـی ئیعدام هـەڵاتبوو و پـەنای بۆ من هێنابوو.

تـازە گفتوگـۆ دەسـتی پێکـرد بـوو، تـازە یـەکێك لـە قوزاقـەکان باسـی ئـەوەی دەکـرد کـە چـۆن قوزاقڤنی ڕیچتوفسکی و دوبرۆڤکا و چرنوڤسکایا، (فومین) یـان لـە ڤیشنسـکایا تاراند بـوو، کـە دوو سوار لەوسەری جادەکەوە، دەرکەوتن. ئەمانە بە چوار ناڵـە دەهـاتن ودەهـاتن، لـە ئاسـتی هـەر دەسـتەیەکدا هەڵوەسـتەیەکیان دەکـردو سـەری ئەسـپەکانیان بادەدایـەوەو شـتێکیان دەگـوت و دەستیان تـەکان دەدا. گریگـۆری، بـە تاسـەوە چاوەڕانی گەیشـتنی ئـەوان بـوو. ئـەو قوزاقـەی کـە باسی چونیەتی گرتنی ڤیشنسکایای دەکرد، گوتی:

– ئەمانە خەڵکی ئێرە نین.. ئەمانە تەتەرن دیارە لە شوێنێکەوە هاتوون و پەیامێکیان پێیە!..

ئیدی باسەکەی بە نیوەچڵی بڕی.

سوارەکان، بەلەز بەجادەیەکی لاوەکیدا تێپەڕین و گەیینە ئاستی ئەو گروپەی کە گریگۆری لـە ناویانـدا وەسـتا بـوو. یـەکێك لـە دوو سـوارەکە، پیـاوێکی پـیر بـوو، دوگمـەکانی پـاڵتۆ دەڵبەکـەی کرابوونـەوەو سـەری کـۆت بـوو. دەموچـاوی لـە ئارەقـەدا سـوور بـوو بـووەوە. چـەپکێك لـە قـژە سپییەکەی بە سەر هەنیەیدا ڕژابوو. بە هـەمان تەڕدەسـتی گـەنجێك ئەسپەکەی ڕاگـرت و تـا تـوانی سەری بۆ دواوە بردو بازووی ڕاستی ڕاکێشا و هاواری کرد:

– ئـەهای قوزاقینـە، بۆچـی وەکـو ژن لـە سـەر چـوار ڕیانەکانـدا وەسـتاون و سـەری حیکایـەتتان دامەزراندووە؟

گریـان ئـەوکی گـرت، گۆنـا ئەرخەوانیـەکانی کەوتنـە لـەرزین. مـاینێکی کـوێتی زۆر جـوانی چـوار ساڵە، دەمو قەپۆز سپی، کالك شۆڕی کلك پڕ، لاق باریکی پۆڵا ئاسا، لە ژێریا دەڕەقسی.

ماینەکـە، بـەدەم هەناسـەدانەوە، لغاوەکـەی دەجـوو، دەی حیلانـد، هەڵدەسـتایە سـەر پاشـو، هەوسـارەکەی ڕادەکێشـا و دەیویسـت بـەردەوام بـێ لـە سـەر ڕۆیـین و ڕەوتەکـەی خـۆی، بایەکـە گوێچکەکانی بخەوێنێ و بە گڤ و هۆڕ خۆی بە یاڵ و بڕیا بکات و زەوی سەهۆڵبەندان، لە ژێر سمە باریکەکانیا دەنگبداتەوە، هەر ماسولکەو هەر دەمارێکی لە ژێر پێستە ناسك و تەنکەکەیدا، پلی دەداو دەجوڵا. قەپۆزە پەمەیی و ناسکەکەی دەجوڵا، چاوە یاقووتیە گەش و سپیەکانی، بە تووڕەیی دەبڕینە سوارەکەی.

یارۆی پیرەمێرد، کە جاریێ تەمەشای گریگۆری و جاریێ تەمەشای قوزاقەکانی دەکرد، دیسان گوتی:

– کوڕانی دۆنـی ئـارام، بۆچـی لێـرە وەسـتاون، چاوەڕوانی چین؟ ئـەوان باوکتـان، باپیرتـان گوللـە باران دەکەن، ماڵتان داگیرو تاڵان دەکەن، کۆمیسـەرانی جولەکە گاڵتە بە ئۆل و ئاینتـان دەکـەن و ئێوەش لێرە گوڵـە بـەڕۆژە دەخـۆن و دوای ژنـان دەکـەون؟ چاوڕوانی ئـەوەن پـەتتان لـەملی بکـەن؟ تاکەی لە باوەشی ژنەکانتان نایەنە دەریێ!؟ هـەر هـەموو دەڤـەری ئیلانسکایا، بە وردو درشتەوە، بـە لاو و پـیرەوە ڕاپـەڕیوون. سـوورەکانیان لـە ڤیشنسـکایا وەدەرنـاوە... باشـە ئێـوەی قـوزاقی

ڕیبنی، لە گوێی گادا نوستوون؟ یان لە جیاتی خوێن، کڤاس (جۆرە شەرابێکە)ی دێهاتیان بە دەمارەکانتاندا دەڕوات؟ ڕاپەڕن! دەست بدەنە چەك! قوزاقانی کریڤوسکوی ئێمەیان ناردووە کە سەرانسەری ناوچەکە بهاڕوژێنین، دەی قوزاقینە، تا زووە، سواری ئەسپەکانتان بن.

ئەوسا نیگایەکی پیرەمێردێکی ناسیاوی خۆی کرد کە لەوێدا وەستابوو، هاواری بە سەرا کرد:

– سیمون خریستوفوروفیچ تۆ چی دەکەی لێرە؟ سوورکان، کوڕەکەتیان لەت و پەت کردو، تۆ خۆت لێرە دەشاریتەوە؟

گریگۆری، لەوەی پتر نەوەستا، بەپەلە خۆی بە حەوشەدا کرد، هەموو نینۆکەکانی شکان تا زینەکەی لە ژێر تەپاڵە دەرهێنایەوە، ئەسپەکەی لە ژێر کەپرەکە هێنایە دەرێ، لە بێکاری و بێ جووڵەییدا بێتاقەت بوو. ئەسپەکەی زین کرد. بەپەلە لە دەرگا وەدەرکەوت. هەر ئەوەندە فریا کەوت بە خانە خوێیەکەی کە لە نزیکی دەرگا وەستا بوو بڵێ:

– من ڕۆیشتم، بەدوعا!

گریگۆری خۆی بە سەر قەڵپوسی زینەکەیا دانەواند، سەری بردە پەنا گوێی ئەسپەکەو بە هەردوو سەری قامچییەکەی کەوتە لێدانی ئەسپەکە، ئەسپ بە چوار ناڵە بۆی دەرچوو، گەردەلوولێکی بەفری لە دوای خۆیەوە هەستاند. پروشە بەفر لە دوایەوە دەچوو بە ئاسماناو دەنیشتەوە، لاقی لە زینەکە دەخشین، ڕکێفەکان لە ژێر چەکمەکانیا دەلەقین، بەڵام ئەسپەکە وەکو با بۆی دەردەچوو، ڕێگا بەرگەی نەدەگرت. هەستی بە شادیەکی یەجگار زۆر دەکرد، هێزو تواناو ورەیەکی ئەوتۆ لە دڵ و دەروونی گەڕابوو، کە ناڵەیەکی گەورە لە گەرویەوە دەرپەڕی و هەستە پەنگ خواردووەکانی ئازاد بوون. ئێستا ڕێگاکەی وەکو شاڕێیەکی بەر تریفە مانگە شەو، ڕوون و ئاشکرا بوو.

لەو ڕۆژانی تەنگانەیەدا کە وەکو گیانلەبەرێك لە عەماری تەپاڵەدا خۆی پەنا دابوو، بە هەر سرتەو ورتەیەك کە لە دەرێڕا دەهات، ڕادەپەڕی و گوێی هەڵدەخست، شەو و ڕۆژ، نیگەران و پەشێو، بیری دەکردەوە چۆن ڕزگاربێ، شتەکانی هەڵدەسەنگاند، لە کێشما کێشێکی دەروونی دژواردا بوو، کەچی ئێستاکە، لەوە دەچوو قەت بەو تەنگانەیەدا نەڕۆییشتبێ و ئەو هەموو نیگەرانی و پەژارەیەی بە خۆوە نەدیبێ. هەر هەموو ئەمانە وەکو سێبەری هەورێك تێپەڕین، هەموو نیگەرانی و هەراسانی و دوودڵیەکانی جارانی، لە بەرچاوی هیچ و بێهودە دەیان نواند. ئەو ڕۆژانە بیری لە چی دەکردەوە؟ بۆچی ڕوحی وەکو گورگێك لە تاقیبیا بن، بە هەموو لایەکا دەڕۆیی و خواخوای بوو دەرویەکی لێ ببێتەوەو لەم گێروداره ڕزگاری بێ؟ ژیان سادەو ساکارو گەش، خۆی نیشانی ئەو دەدا. ئێستا گەیی بووە ئەو قەناعەتەی کە لە دنیادا هەرگیز یەك حەقیقەت لە ئارادا نەبووە کە بەدڵی هەموو کەس بێت و هەموو کەس بتوانێ لە ژێر باڵی ئەودا خۆی گەرم بکاتەوەو بحەوێتەوە.. بە نیگەرانیەکی زۆرەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: هەرکەسە حەقیقەتی تایبەتی خۆی هەیە و هەرکەسە بە خەتێکی تایبەتیدا دەڕوات. لە وەتای بەشەو هەیە، لە قالو بەلاوە لە سەر پارچە نانێك، لە سەر پارچە ئەرزێك، یان لە پێناوی ماف ژیاندا، بەگژ یەکا چوون و شەڕیان کردووە. تا هەتاو بە سەر دنیاوەبێ، تا دنیا دنیابێ تا خوێنی گەرم لە بەدەنیانا

بیّ، شەڕ هەر دەبیّ و نابڕێتەوە. من هەر کەسێك بیەویّ ژیانم، ماف ژیانم لێداگیر بکات، بە گژیا دەچمەوە. بە توندی، بێئەوەی کۆڵ بدەم، پشت لە دیوار دەچەنگم، جەنگ پایەداری و قاڵبوونەوەی کینەم پێدەبەخشێت. پیاو نابیّ جڵەوی ئیحساساتی خۆی بگرێت، پێویستە جڵەوی بۆ شلبکات، جڵەو بۆ ڕقی خۆی شلبکات. ئاقڵی لەمەدایە.

ڕێگای میللەتی قوزاق و، جووتیارانی بێزەوی و زار و کرێکارانی کارخانەکان یەك ڕێگا نیە، تێکناکەنەوە. دەبیّ تا دوا هەناسە شەڕی ئەوانە بکرێت! پێویستە زەوی بە پیت و بەرەکەتی دۆن، کە بە خوێنی قوزاقان ئاو دراوە، لە دەست ئەوانە دەربهێنریّ. پێویستە وەکو چۆن، کاتی خۆی تاتارەکانی لێدەرکراون، ئاودیوی سنووری دەڤەرەکە کراون، ئەمانیش بەو ئاوایە ڕاوبنرێن، دەربکرێن. دەبیّ مۆسکۆ بهێنرێتە لەرزەو بە شەق ئاشتییان بە سەرا بسەپێنریّ، ڕیسوا بکرێن! باریکە ڕیّ جێی دوو کەسی تیا نابێتەوە، دەبیّ یەکێکیان لابکەویّ. ئەمە بە کردار ساغ بووەتەوە: ڕێگەی هێزێن سوورەکانمان دا کە بێنە خاکی دۆنەوەو بە چاوی خۆمان بینیمان چ کەتنێکیان نایەوە. کاتی ئەوە هاتووە دەست بدرێتە چەك!

گریگۆری کە کینەیەکی کوێرانە، لە دڵیا بڵێسەی دەسەند، لە کاتێکا ئەسپەکەی بە دەشتی سپیواژی دۆندا دەی ڕفاند، لە دڵی خۆیدا بەو جۆرە بیری دەکردەوە. ئەوسا بۆ ساتێك گومان کەوتە دڵیەوە: "ئەم جەنگە، جەنگی نێوان هەژاران و دەوڵەمەندانە، نەك جەنگی قوزاقان لە گەڵ رووسیادا... میشاکوشیڤوی و کوتلیاروف —ش قوزاقن، بەڵام تا سەر مۆخ سوورن..." بەڵام گریگۆری بەڕقەوە ئەم بیرەی لە مێشکی خۆی تاراند.

تاتارسکی، لە دوورەوە دەرکەوت، گریگۆری جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو هێوری کردەوە. پاش ئەوەی گەییە سەرەتای هەورازەکە، جارێکی دی ئەسپەکەی بەر مامێزان دا، پیرە ئەسپ بۆی دەرچوو، بە سینگ دەرگاکەی کردەوەو، بە گریگۆری یەوە، بە چوار ناڵە خۆی بە حەوشەدا کرد.

"٢٩"

میشکا کوشیڤوی، بەرەبەیان هیلاك و ماندوو گەییە گوندی بۆلشوی، سەر بە ستانی ئوست خوپرسکایا. پاسگایەکی سەر بە کەتیبەی چواری گاردی سوور گرتیان. دوو سەربازی سوور بردیان بۆ سەرکردایەتی کەتیبەی ناڤبری. لەویّ ئەفسەرێکی سەرکردایەتی ماوەیەکی زۆر پرس و جۆی دەگەڵ کرد، لێی بە گومان بوو، دەیویست بە پرسیارێن وەك "کیّ سەرۆکی کۆمیتەکەتان بوو؟ بۆچی هیچ ناسنامەو بەڵگەنامەیەکت پیّ نیە؟" بەگیری بێنیّ. میشکا زوو تاقەتی لەو پرسیارە نابەجێیانە چوو، بە نارەزاییەوە گوتی:

– هاوڕیّ، هەوڵمەدە قسەم لێدەربێنی. قوزاقەکانیش زۆریان هەوڵداو جۆرەها شێوزایان گرتە بەر تا قسەیەکم لێدەربێنن، بەڵام هیچیان لێهەڵنەکڕاندم.

ئەوسا کراسەکەی بەرزکردەوە، سك و لاقەبرغەی نیشان دا کە بە شەنە زامداریان کرد بوو، خەریك بوو تەشەرێك لەو ئەفسەرە بدات کە لەوکاتەدا ستوکمان گزو گومەت خۆی بە ژووردا کرد.

– گەڕانەوەی فرزەندی گوم بوو! پەیدا بوویتەوە هەی ناقۆڵا؟

دەنگی ستوکمان لەرزی، لەدواوە باوەشی بە میشکادا کرد.

– بۆچی پرس و جۆی لە گەڵ دەکەی هاوڕێ؟ لە هاوڕێیانی خۆمانە. بە ڕاستی تۆ پیاوێکی کەری. داوای من یان یاکوتلیاروفت بکردایە، ئیدی پرس و جۆیان لە گەڵ نەدەکردی... وەرە میخائیل. ئێ، چۆن دەرباز بوویت؟ چیت کرد، بۆمی بگێڕەوە؟ خۆ ئێمە بە تەمات نەمابووین، ناومان لە دەفتەری زندواندا سڕی بووەوە. وامان تەسەور دەکرد قارەمانانە مردوویت.

میشکا، کە بە سەرهاتی گێڕانەوەی خۆی بیرکەوتەوە چۆن کەمترین بەرگری لە خۆی کردبوو وتفەنگەکەی لە خزاگەکەدا بەجێهێشت بوو، لە خۆی تەریق بووەوە، دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو چیوای نەمابوو دەست بە گریان بکات.

"٣٠"

ئەو ڕۆژەی کە گریگۆری گەیشتەوە تاتارسکی، خەڵکی گوند دوو سریەی سوارەیان کۆکرد بووەوە. ئەنجوومەنی گوند بڕیاری دابوو هەر هەموو پیاوانی گوند، ئەوەی دەستی چەك دەگرێت، لە شازدە ساڵیەوە تا هەفتا ساڵ، چەك هەڵبگرێت. بەڵام خەڵکێکی زۆر، بارودۆخەکەیان بە دڵ نەبوو، دڵیان بە وەزعەکە خۆشنەبوو، لە باکوور، هەرێمی ڤۆرۆنیج لە دەستی بەلشەویکەکاندا بوو و دژی قوزاقان بوو وئەمە جگە لە ناوچەی خوپەر کە داشدارو هەواداری سوورەکان بوو. لە باشووریش، جەبهە لە ئارادا بوو کە ئەگەری ئەوە هەبوو پاشەکشە بکات و شەلم کوێرم بەربێتە یاخیەکان وتەفروتونایان بکات و بیانکات بە ئاردی نێو دڕکان. هەندی قوزاقیش هەبوون زۆر دوو دڵ بوون و نەیاندەویست چەك هەڵگرن و چەکداری بکەن، بەڵام ناچاریان کردن کە چەك هەڵبگرن. یەکێك لەوانە ستیپان ستاخوف بوو، کە بە ئاشکرا چەکداری ڕەفز دەکرد. بەگریگۆری و خریستونیاو ئانیکوشکای، کە بەیانی چوو بوون بۆ لای، گوتبوو:

– من نایەم بۆ شەڕ، ئەسپەکەم بەرن، هەرچیم لێدەکەن بیکەن، بەڵام چەك هەڵناگرم.

گریگۆری، کە پەڕەی کەپووی دەلەرزین، لێی پرسی:

– مەبەستت چیە کە چەك هەڵناگریت؟

– نامەوێ چەکداری بکەم و بڕایەوە.

– باشە ئەگەر سورەکان، گوند بگرن تۆ چ دەکەی؟ دەڕۆیت، یان لێرە دەمێنیتەوە؟

ستیپان، نیگا وردو گەشەکەی بە ئەسپایی لە گریگۆریەوە بۆ ئەکسینیا گواستەوە. سەرەنجام بەرسڤی دایەوە:

– هەنگێ، تەمەشای وەزعەکە دەکەین...

– کەواتە وەرە دەرێ! ئادەی خریستونیا بیبە! هەر ئێستا گوللە بارانت دەکەین!

گریگۆری، کە هەوڵیدەدا نیگای لە نیگای ئەکسینیا، کە لە بەر سۆپاکەدا کزکۆڵەی کرد بوو، هەڵنەنگێوێ، قۆڵی کراسەکەی ستیپانی گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشاو گوتی:

– دەی وەرە.

ڕەنگی ستیپان زەرد بوو. بە زەبوونیەوە گوتی:

– گریگۆری، ئاقڵ بە، وازم لێبینە.

خریستونیا، بە چارەی گرژو مۆنەوە، لە دواوە ناوقەدی گرت و بەدەم خوتەو بۆڵەوە تێی خوڕی:

– دەی کە ئەم هەڵوێستتە، ڕێکە، دەی.

– ئاخر، برایان!..

– ئێمە برای تۆ نین! پێمگوتی بێ وەڕێوە!

– وازم لێبێنن. پەیوەندی بە سریەکەتانەوە دەکەم. نەخۆشم، تازە لە تیفۆ هەستاومەتەوە...

گریگۆری بزەیەکی بە تەوسەوەی کردو قۆڵی ستیپانی بەرداو گوتی:

– دەی بڕۆ تفەنگەکەت بێنە، دەبوا لە هەوەڵەوە ئەم قسەیە بکەی.

ئەوسا دوگمەکانی پاڵتۆکەی خۆی داخست. بێئەوەی خواحافیزی بکات لە ماڵەکە وەدەرکەوت. خریستونیا، بێهیچ شەرمێك، دوای ئەو هەمووو سووکایەتیەی کە بە ستیپانیان کرد بوو، داوای تووتنی لە ستیپان کرد کە سیغارێك بپێچێتەوەو ماوەیەکی زۆر لەوێ بەدەم قسەو باسەوە مایەوە وەکو ئەوەی نە بای دیبێ و نە باران، وەکو ئەوەی هیچ شتێك ڕووی نەدابێ. شەوێ، دوو خزاگی گەورەی پڕ لە چەکوچۆڵ لە ڤیشنسکایاوە گەیی: بریتی بوو لە هەشتاو چوار تفەنگ و پتر لە سەد شمشێر. گەلێك لە قوزاقەکان چەکە شاردراوەکانی خۆیان دەرهێنا. گوندی تاتارسکی، دووسەدو دە قوزاقیان چەکدار کرد کە سەدو پەنجایان سوارە بوون و ئەوانی دیکە پیادە بوون.

یاخیەکان، هێشتا سەرکردایەتیەکی یەکگرتوویان نەبوو. هەر گوندەو بۆ خۆی کاری دەکرد: لە خۆیانەوە سریەیان دروست دەکرد، ئازاترین و کارامەترین قوزاقیان بە فەرماندە هەڵدەبژارد، پێوەریان بۆ ئەم کارە، لێهاتوویی وشایستەیی بوو نەك پایەی عەسکەری. ئەوانە هیچ ئۆپەراسیونێکی هێرش و پەلاماریان ئەنجام نەدا، هەر بەوەوە وەستان کە پەیوەندی و تەماس دەگەڵ گوندەکانی دەوروبەری خۆیاندا بەرقەرار بکەن و گەشتیانی سوارە بە مەبەستی شناسایی بۆ سەرانسەری هەرێمەکە دەربکەن.

لە تاتارسکیدا، پێش هاتنەوەی گریگۆری، پیوتەری برای وەکو ساڵی ١٩١٨ بە فەرماندەی سریەی سوارە هاتە هەڵبژاردن، (لاتچیف)ش فەرماندەیی پیادەکانی لە ئەستۆ گرت. تۆپچیەکان بە فەرماندەیی ئیڤان تومیلین چوو بوون بۆ گوندی بازکی. سوورەکان. تۆپێکی مەیدانی سەقەتیان کە چەرخێکی (پێچکە) شکابوو، لەوێ بەجێ هێشتبوو و تۆپچیەکان چووبوون ئەو تۆپە چاك بکەنەوە.

لە تاتارسکیدا، بەو چەك و ئەسڵەحەیەوە کە لە ڤیشنسکایاوە هاتبوو، تەنیا سەدو هەشت تفەنگ و سەدو چل شمشێرو چواردە تاپڕ هەبوو بۆ دووسەدو یازدە پیاوی جەنگاوەر. پانتلی پروکوفیچ، کە دەگەڵ پیرەمێرەکانی دیکەدا، لە ژێر زەمینەکەی ماڵی موخوف ئازاد کرا بوو.

ڕەشاشەکەی خۆی لە ژێر ئەرز دەرهێنا. بەڵام شریتی فیشەکی نەبوو، سریەکە ڕەشاشەکەیان لێوەر نەگرت. بۆ ئێوارەی پاشی، خەبەر هات کە قوەتێکی دەست وەشێنی سوپای سوور، کە بریتیە لە سێسەد سەرباز، بە حەوت تۆپ و دوازدە ڕەشاشەوە بە فەرماندەیی لیخاچوف، لە کارکینسکایاوە بە ڕێکەوتووە تا ڕاپەڕینەکە سەرکوت بکات. پیوتەر لێبڕا گروپێکی شناسایی کارامە بەرەو ئاقاری توکین ڤرێبکات و هەر زانیارییەکیان دەست کەوت بۆ ڤیشنسکایای بنێرێ.

کە تاریك داهات، گەشتییەکی سی و دوو کەسی بە فەرمانەدەیی گریگۆری، بە چوار ناڵە لە گوند وەدەرکەوتن و تا نزیکی توکین، بە هەمان نەفەس ڕۆیشتن. لە دوو فرسەخی ئەوێدا، گریگۆری فەرمانی بە سوارەکانی دا کە پیادە بن و ئەوسا لە نیمچە خەرەندێکدا دایمەزراندن. ئەسپەکانیان برانە دۆڵێکی چڕە دارستانەوە. بەفرێکی ئەستوور لەوێ کەوتبوو. ئەسپەکان تا بن زگیان لە بەفرا چەقین. نێرە ئەسپێك کە هەستی بە نزیکی وەرزی بەهار دەکردو خوێنی جمابوو، دەی حیلاند و جووتەی دەوەشاند. ناچار بوون، بە تەنیا نەفەرێکی بە دیارەوە دابنەن.

گریگۆری سێ زەلامی بۆ ناو گوندەکە نارد، بریتی بون لە مارتین شامیل، ئانیکوشکا و پروخۆرزیکوف. بە کاوەخۆ بە سواری ئەسپەکانیان بەڕێکەوتن. باخ و بێستان و شینایی توکین، بە نێو زورگەکاندا، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات نشێو دەبووەوە. شەو تەواو تاریك بوو. هەور بە نزمیەوە. بە سەر دەشتەکەدا تێدەپەڕی. ئەو قوزاقانەی کە لە خەرەندەکەدا دامەزرابوون، بە بێدەنگی چاوەڕوانیان دەکرد. گریگۆری، لە دوورەوە تەمەشای دەکرد، تارمایی سێ سوارەکەی دەبینی کە لە گردەکەوە دادەگەڕان و ئەوسا لەگەڵ تاریکی ڕێگاکەدا تێکەڵ بوون. ئیدی ئەسپەکانی نەدەبینی، تەنیا سەری سوارەکان دیار بوو. پاشان بە تەواوەتی لە چاو ون بوون. دوای دەقیقەیەك، مرقە مرقی نزمی ڕەشاشێك لەو قورمەوە بەرز بووەوە، پاشان دەستڕێژی ڕەشاشێکی دیکە بەرز بووەوە، تفەنگێکی ئوتوماتیکی یەك شاجوری بەجارێ خاڵی کرد. ڕەشاشەکە دوای ماوەیەکی کەم، بە دەنگێکی خێراتر. یەك شریتی بەڕیز خاڵی کرد. گوللەکان، بە گیزو هوڕ بە ئاسمانی تاریکی خەرەندەکەدا تێدەپەڕین. دەنگیان شادو خۆش، ورەیان بەدڵ و دەروون دەبەخشی. مامورانی شناسایی بە چوار ناڵە گەڕانەوە. پروخورزیکوف لە دوورەوە هاواری کرد:

– تووشی خاڵێکی پاسەوانی بووین!

بەڵام دەنگی لە نێو دەنگی چوار ناڵەی ئەسپەکەیدا توایەوە.

گریگۆری فەرمانی دا:

– ئەسپەکان ئامادە بکەن!

ئەوجا، لە خەڕەندەکە وەدەرکەوت، بێئەوەی گوێ بە گیزو هۆڕی فیشەکان بدات کە دەچوون بە بەفرەکەدا، بەرەو ڕووی ئەو سێ نەفەرە ڕۆیی و پرسی:

– هیچتان نەبینی؟

ئانیکوشکا، کە هەناسەی سوار بوو بوو گوتی:

– گویمان لە دەنگیان بوو. بە دەنگیاندا بێ، دەبێ ژمارەیان زۆر بێ.

بەدەم ئەو قسەیەوە خۆی لە ئەسپەکەی هەڵدایە خوارەوە. بەڵام نووکی چەکمەکەی لە ڕکێفەکە گیربوو، بەدەم خوتەو بۆڵەو جنێودانەوە، لە سەر یەك لاق دەڕەقسی، هەرچۆنێ بوو توانی لاقی لە ڕکێفەکە ئازاد بکات.

لەو کاتەدا کە گریگۆری پرسیاری لەوان کرد، هەشت قوزاق لە خەرەندەکە وەدەرکەوتن و چوون بۆ ئەو شوێنەی ئەسپەکانی لێداکرا بوو، سواری ئەسپەکانیان بوون و بەرەو گوند، بۆ ماڵ نشێو بوونەوە. گریگۆری، بە دەم گوێگرتن لە چوارناڵەی ئەسپەکان کە دوور دەکەوتنەوە، بە نەرمی گوتی:

– سبەینێ، گوللە بارانیان دەکەین.

قوزقەکانی دی، نزیکەی یەك سەعاتی دیکە، بە بێدەنگی لە خەرەندەکەدا مانەوەو گوێیان هەڵدەخست. ئەنجام یەکێکیان گوێی لە دەنگی سمی ئەسپ بوو، گوتی:

– خەریکە لە قۆڵی توکینەوە دێن...

– مەفرەزەیەکی گەشتییە!

– شتی وانیە.

بەچپە ئەو قسانەیان دەگەڵ یەکدا دەکردو لە خەرەندەکەوە سەریان دەکێشاو بێهودە هەوڵیان دەدا لەو تاریکیە ئەنگوستە چاوەدا شتێك بەدی بکەن. چاوانی کالموك ئاسای فیدوت بودوفسکوف، لەپێش ئەوانی دیدا دژمنی بەدی کرد، تفەنگەکەی لە شانی داگرت و بە ئەرخایەنیەوە گوتی:

– بەرەو ئێرە دێن.

فیدوت، تفەنگەکەی بە تەرزێکی سەیر هەڵدەگرت: قایشەکەی وەکو خاچ لەمل دەکردو تفەنگەکە بەسەر سینگیەوە جۆلانەی دەکرد. ئیدی سوارە بوایە یان پیادە تفەنگەکەی بە هەمان شێوە هەڵدەگرت، وەکو ژنانی چانچۆ بە شان، دەستێکی دەخستە سەر لوولەکەی و دەستەکەی تری دەخستە سەر قۆناغەکەی.

نزیکەی دە سوارێك بە بێدەنگی و بێ نەزمی بە سەر جادەکەدا دەهاتنە پێشەوە. یەکێکیان دوو سێ مەترێك لەپێش ئەوانی دیکەوە بوو، پیاوێکی تەژەی توکمە بوو و جلی گەرم و گوڕی لە بەردا بوو. ئەسپە لۆق درێژ و کلك کوڵەکەی، بە ئاسوودەیی و متمانەوە ڕێی دەکردو دەهاتە پێشێ، گریگۆری کە چاوی بڕی بوونە تارمایی ئەوان و تاریکی ئاسمان، بەرە بەرە تارمایی ئەسپەکان و سوارەکانی بە ڕوونی لێدەرکەوت، تەنانەت کڵاوە فەرووە پان و کورتەکەی ئەو زەلامەشی بەدی کرد کە لەپێشیانەوە دەهات. سوارەکان گەیینە بیست مەتری خەرەندەکە. مەسافەکەی نێوانیان ئەوەندە کەم بوو لەوە بوو گوێیان لە هەناسەو لێدانی توندی دڵیان ببێت.

گریگۆری، فەرمانی دابوو کە بەبێ عازی ئەو تەقە نەکەن. وەکو ڕاوچیەك کە خۆی لە بۆسەدا بێ و لە حیساباتی خۆی دڵنیا بێت، بە ئارامی چاوەڕوانی دەرفەتی لەبارو گونجاوی دەکرد. قەراری دابوو، سوارەکان دەنگ بدات و هەرکە غافڵگیر بوون و پەشۆکان و لە دەوری یەکدی خڕبوونەوە، بەر دەستڕێژیان بدات. خشە خشی بەفری سەر جادەکە بە ئاستەم دەهاتە گوێ.

بروسکەیەکی زەر لە ژێر سمی ئەسپێکەوە بەرز بووەوە کە دیاربوو لـە سـەر بەردێکی ڕووت خـزی بوو.

– زەلام کێی؟

گریگۆری. پشیلە ئاسا بە بازێك لـە خەرەندەکـە دەرپەڕییە دەرێ و ڕاست ڕاوەستا. قوزاقـەکان، لە دوای ئەوەوە بەخشە خشێکی سووك هەستانە سەرپێ. ئەوەی دوای ئەو هەڵوێستە ڕووی دا، ڕێـك پێچـەوانەی پیشـبینییەکەی گریگـۆری دەرچـوو. سـواری یەکـەم، بـێ کـەمترین تـرس یـان پەشۆکان، بە دەنگێکی کەرخ گوتی:

– کێت دەوێ ؟

سـەری ئەسـپەکەی بـەرەو لای گریگـۆری وەرچـەرخاند، گریگـۆری بێئـەوەی لـە جێـی خـۆی بجوڵێت، بە توندی دووبارەی کردەوە:

– تۆ کێی؟

دەمانچەکەی بەدەستەوە گرتبوو. کابرا بەدەنگێکی بەرز بۆڵاندی:

– تـۆ کێـی کـە ئـەم هـەراو هەنگامەیـەت ناوەتـەوە؟ مـن فەرمانـدەی مـەفرەزەی مغـاویرم و لەلایـەن سـەرکردایەتی سـوپای هەشـتەمی سـوورەوە، ڕاسـپێردراوم، ڕاپـەڕینی یاخیـەکان دابمرکێنمـەوە. فەرماندەتان کێیە؟ پێی بڵێ با بێت بۆ ئێرە.

– من فەرماندەم.

– تۆیت؟ ئەها!...

گریگـۆری، شـتێکی ڕەشـی بەدەسـتی سـوارەکەوە کـە بـەرزی کردبـووەوە، بینـی. پـێش ئـەوەی سوارەکە دەست بکاتەوە، خۆی بە عاردیدا داو هاواری کرد:

– تەقە!..

گوللەیـەکی نـووك پـان، لـە دەمانچـە برونیکەکـەی یـارۆی سـوارەوە دەرچـوو و بـە سـەر سـەریا گیـزەی کـرد. دەسـتڕێژی گوللـە، کـە گـوێی کـەڕ دەکـرد، لـە هـەردوو لاوە دەسـتی پێکـرد. بودوفسکوف، غاریداو بێترس جڵەوی ئەسپی فەرماندەی سوورەکانی گرت. گریگـۆری لـە سـەر سەری بودوفسکوفەوە، دانەوییەوەو بازووی کابرای گرت، تا توانی شمشێرێکی بەپانی لە سـەر کڵاوە فەروەکەوە کێشا بە سەر کابراداو لە سەر زینەکەوە خستیە خـوارەوە. ئەم شـەڕە لـە ماوەی دوو دەقیقـەدا کۆتـایی هـات. سـێ سـەربازی سـوور هـەڵاتن، دوانیـان کـوژران و ئـەوانی دی چـەك کران.

گریگـۆری، لوولـەی دەمانچـەکەی لـە بـەر زاری فەرمانـدە سـوورەکە، کـە چـەند دانێکـی شـکابوو ڕاگرت و بە پەلە پەل کەوتە پرس و جۆ لە گەڵیا:

– ناوت چیە، گەماڵ باوك؟

– لیخاچوف

– باشە تۆ بەم هەشت نۆ سەربازەوە بە تەمای چی بوویت؟ پێت وابوو قوزاقەکان، لە بەردەمتا چۆك دادەن و داوای بوردنت لێدەکەن؟

– بمکوژه!

– پەلەمان نیە، ئەدی ناسنامەو بەڵگەنامەت کوا؟

– لە خورجینەکەمدایە. بیبە، دزی ڕێگر.. خوێڕی!..

گریگۆری، گوێی بە جنێوەکانی ئەو نەدا، بەخۆی کەوتە پشکنینی گیانی لیخاچوف. لە گیرفانی چاکەتە چەرمەکەیدا دەمانچەیەکی دیکەی برونیکی دەرهێناو دەمانچە ماوزەڕو فیشەکدانەکەشی لێسەند. لە گیرفانی بەرباخەڵیشیا، پاکەتێك جگەرەو جزدانێکی چەرمی چکۆلەی دەرهێنا، کە هەندێ کاغەزی تیا بوو.

لیخاچوف، بەردەوام بە دەم ئاهو ناڵەی ئازارەوە جنێوی دەدا. گوللەیەك شانی ڕاستی پێکا بوو و شمشێرەکەی گریگۆریش سەری بریندار کرد بوو. یارۆ پیاوێکی بالاّ بەرز بوو، بەرزتر لە گریگۆری، توکمەو بە قوەت دیاربوو. برۆ ڕەشە پڕو پان و تێکەڵاوەکانی، حاڵەتێکی پڕ هێزی بە ڕوخسارە تاشراوە گەنم ڕەنگەکەی دەدا. دەمی گەورەو چەناگەی پان بوو. پەستەکێکی فەرووی لە بەربوو. کڵاوە فەروە ڕەشەکەی، بە دەم جەزرەبەی شمشێرەکەی گریگۆریەوە ڕوشا بوو. لە ژێر پەستەکەکەوە، پانتۆڵێکی سواران و قەمسەڵەیەکی عەسکەری زۆر جوانی، کە زۆری لێدەهات پۆشی بوو. پێیەکانی چکۆلە بوون و جووتێ چەکمەی جوانی درێژی بریقەداری لە پێدا بوو. گریگۆری ئەمری پێکرد:

– پەستەکەکەت داکەنە کۆمیسەر! وادیارە لەوەڕەکەت خۆشبووە و بە نانی قوزاقان قەڵەو بوویت، باوەڕ ناکەم سەرمات ببێت.

دەستی ئەسیرەکانیان، لەپشتەوە، بە کە مەربەندو هەوساری ئەسپان بەستەوەو سواری ئەسپەکانی خۆیانیان کرد. گریگۆری دەمانچەکەی لیخاچوفی لەخۆی بەست و فەرمانی دا:

– دوای من بکەون!

شەویان لە گوندی بازکی بە سەر برد. لیخاچوف، لە ئەرزەکەدا، لە سەر پاخوایەك کا، لەلای سۆپاکەوە ڕاکشا بوو و بەدەم ناڵە ناڵەوە، دانی لێکدی دەسوو و بەردەوام گینگڵی دەدا. گریگۆری، لە بەر شۆقی چرا نەوتیەکە زامەکەی بۆ شت و بەستی. بڕیاری دا بە پرس و جۆ ئەزیەتی نەدا. ماوەیەکی زۆر لەپشت مێزەکەوە دانیشت و تەمەشای ئەو کاغەزانەی دەکرد کە لە لیخاچوفی گرتبوون، تەمەشای لیستی ناوی قوزاقانی دژە شۆڕشی ، کە لە لایەن دادگای هەڵاتووی شۆڕشەوە ئامادە کرابوو کرد، ڕوانیە دەفتەرچەی یاداشتەکان، ئەو نامەو نەخشانەی کە ئەو سەرنجی لە سەر نووسی بوون. ناو بە ناو تەمەشایەکی لیخاچوفی دەکرد. نیگایان وەکو دەمی دوو شمشێر لێکدی هەڵدەنگوت. قوزاقەکان کە لە هەمان خانوودا بوون، بە درێژایی شەوەکە هەر خەریکی قسەو باس بوون، هەر سا نا ساتێ دەچوونە دەرێ تا سەرێك لە ئەسپەکانیان بدەن و لە بەر هەیوانەکەدا جگەرە بکێشن. خۆ ئەگەر پاڵیش کەوتبان، بەدەم قسەکردنەوە پاڵدەکەوتن.

گریگۆری، نزیکی سپێدە خەوی لێکەوت، بەڵام زۆر زوو بێدار بووەوەو سەرە قورسەکەی لە سەر مێزەکە هەڵبڕی. سەیری کرد لیخاچوف، لە سەر کاوکۆتەکە دانیشتبوو و خەریك بوو بەدان

لەفاق سەر برینەکەی دەکردەوەو دەیدڕی. چاوە خوێن گرتوو و ترسناکەکانی بڕینە گریگۆری، ژارخەنێکی پڕ ئازاری بۆ کرد، لە ژارخەنی کەسێك دەچوو کە لەحاڵی مەرگدا بێ، ددانە سپیەکانی دەرکەوتن. نیگەرانیەکی مەرگباری ئەوتۆ لە چاوانیەوە سەری دەکرد، کە خەوی لە چاوی گریگۆری تاراندو لێی پرسی:

– چیتە، چی دەکەی؟

لیخاچوف، کە ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو، سەری نایەوە سەر کاوکۆتەکە:

– تۆ هەقت چیە؟ دەمەوێ بمرم.

بە درێژایی شەوەکە، نیوە سەتڵێك ئاوی خواردبووەو بۆ ساتێکیش چاوی نەچوو بووە خەو.

گریگۆری، بەیانی، ئەوی بە ڕاپۆرتێکی کورت و هەموو ئەو بەڵگەنامانەوە کە لێی گیرا بوون، بە سواری عەرەبانەیەك بۆ ڤیشنسکایای نارد.

"٣١"

دوو قوزاقی سوارە، دەگەڵ خزاگەکەدا چوون، بە زوویی گەیینە ڤیشنسکایاو لەبەر بینا خشتە سوورەکەدا، کە بارەگای کۆمیتەی تەنفیزی بوو، ڕاوەستا. لیخاچوف، لە سەر کورسی دواوەی خزاگەکەدا پاڵکەوتبوو. هەستا و باسکی خۆی، کە بە نەوارێکی خوێناوی پێچرا بوو، بەدەست گرت. ئەوسا دوو قوزاقە سوارەکە، لە ئەسپەکانیان دابەزین و لەگەڵ خۆیاندا بردیانە ژوورەوە.

نزیکەی پەنجا قوزاقێك لە نووسینگەکەی سویاروڤدا، فەرماندەی کاتی هێزی یەکگرتووی یاخیەکان، خڕبووبوونەوە. لیخاچوف، کە بازووە پێکراوەکەی بە دەست گرتبوو، دڕی بە خڵەکەکە داو خۆی گەیاندە بەردەم مێزەکە. سوریاروف لەپشت مێزەکەوە دانیشتبوو، سوریاروف پیاوێکی کورتە باڵا بوو، تەنیا چاوە بادەمیە زەردو حیلە بازەکانی مایەی سەرنج بوون، دەنا هیچی تری تیا بە سەر نەبوو. تەمەشایەکی لەزی لیخاچوڤ کردو پرسی:

– ها کوڕی باش؟ تۆ لیخاچوڤی؟

– بەڵێ، ئەوەش بەڵگەنامەکانم.

لیخاچۆف، جزدانەکەی خۆی کە لە پەڕوکێکەوە پێچرا بوو، هەڵدایە سەر مێزەکەو بە نیگایەکی زبرو بێباك ڕوانیە سوریاروف:

– مخابن، کە نەمتوانی ئەو ئەرکەی پێم سپێردرا بوو، جێبەجێ بکەم و وەکو مار سەرتان پان بکەمەوە. بەڵام ڕووسیای سوڤیاتی ئەم دڕکەتان لە ژێر پێیان دەردێنێ. تکایە لە ئێستا زووتر نیە گووللە بارانم بکەن!

شانە پێکراوو برۆ چڕەکانی هەڵتەکاندن.

سویاروف، کە چاوەکانی کسکە کسك دەبریسکانەوە، بە نەرمی بەرسڤی دایەوە:

– نەخێر، هاوڕێ لیخاچوف. ئێمە خۆمان دژی حوکمی ئیعدام و گوللە باران ڕاپەڕینمان بەرپا کردووە. ئێمە وەکو ئێوە نین، ئێمە کەس گوللە باران ناکەین. تیمارت دەکەین و ڕەنگە ڕۆژێ بێ سوودت لێوەربگرین.

ئەوسا ڕووی کردە ئەوانی دی و لە سەری ڕۆیی:

- دەی ئەوانەی کاریان نیە بڕۆنە دەرەوە، فەرموون بۆ دەروە، خێرا!

تەنیا فەرماندەی سریەکانی ڕیچی توفسکی و، چرنوفسکی و ئوچاکوفسکایاو دوبروفکا و ڤیشنسکایا لە ژوورەوە مانەوە. یەکێکیان بە پێیان تەپڵەکێکی بەرەو لیخاچوف دەڵەك دا تا لەسەری دانیشێت، بەڵام لیخاچوف دانەنیشت، بەپێوە پشتی بە دیوارەکەوە داو، لە سەر سەری ئەوانەوە ڕوانیە دەرێی پەنجەرەکە. سوریاروف، دوای ئەوەی چاوێکی بە فەرماندەی سریەکاندا گێڕا، دەستی بە ئاخافتن کرد:

- دەی لیخاچوف، پێمان بڵێ، ژمارەی مەفرەزە تایبەتیەکەت چەندن؟

- پێتان ناڵێم.

- نایڵێی؟ دەی پێویست ناکات. کاغەزو بەڵگەنامەکانت دەخوێنینەوەو دەیزانین. خۆ ئەگەر لەوێشا دەستمان نەکەوت گرینگ نیە، لە گاردەکانت دەپرسین. بەڵام ئێمە شتێکی دیکەمان لە تۆ دەوێ. (سوریاروف، تاکیدی لە وشەی دەوێ، کردەوە.) جوابێك بۆ مەفرەزەکەت بنێرە کە بێن بۆ ڤیشنسکایا، ئێمە هیچ کێشەو دژمنایەتیەکمان لەگەڵ ئێوەدا نیە تا شەڕیان لەگەڵ بکەین. ئێمە دژی حکومەتی سوڤیاتی نین. ئێمە دژی کۆمۆنیستان و جولەکەین. ئێمە مەفرەزەکەت چەك دەکەین و دەیان نێرینەوە بۆ ماڵی خۆیان. تۆش ئازاد دەکەین، بە کورتیەکەی بۆیان بنووسە، کە ئێمەش خەڵکانێکی ڕەنجبەرو زەحمەتکێشین و پێویست ناکات لێمان بترسن. ئێمە دژی حکومەتی سۆڤیاتی نین...

لیخاچوف، تفێکی کردە ڕدێنە بۆزەکەی (ماش و برنج) سوریاروف و ، تفەکە ڕێك بە ڕیشیەوە چەسپی. سوریارۆف بە سەری قۆڵی، ڕدێنی سڕی و گۆناکانی سوور بوونەوە. یەکێك لە فەرماندەکان پێکەنی، بەڵام شتاقیان هەڵنەستان کە بەرگری لە ئابڕووی سەرۆکەکەیان بکەن.

سوریاوف، بە دوو ڕوویيەکی ئاشکراوە، لە سەری ڕۆیی:

- هاوڕێ لیخاچوف، تۆ کاریکی چاکت نەکرد، سووکایەتی بە من دەکەیت! خۆ کاتی خۆی ئەتامان و ئەفسەرەکانیش سووکایەتیان بە ئێمە دەکردو تفیان لێدەکردین و کەچی تۆی کۆمۆنیستیش، وەکو ئەوان تفمان لێدەکەیت! حاڵبوکی سەری زمان و بنی زمانتان ئەوەیە کە گوایە لایەنگری جەماوەری گەلن... ئەهای! کێ لەوێیە؟... وەرن کۆمیسەر بەرن. سبەینێ بۆ کازانسکایات دەنێرین.

یەکێك لە فەرماندەی سریەکان گوتی:

- باشە بە بڕیارەکەتا ناچیتەوە؟

لیخاچوف، قەمسەڵەکەی، کە دابوو بە سەر شانەکانیا، بە گورجی ڕێکخست و چوو بۆ لای ئەو پاسەوانەی کە لە بەردەرگا وەستا بوو. گوللە بارانیان نەکرد. باشە یاخیەکان بە ڕاستی دژی "ئیعدام و ڕاو ڕووت" ڕاپەڕی بوون...

بۆ ڕۆژی پاشی، بە پیادە بەرەو کازانسکایایان برد. لەپێش پاسەوانە سوارەکەوە دەڕۆیی، بەسووکی پێی وە بەفرەکەدا دەنا و برۆکانی وێکهێنابوونەوە. لە بێشەکەدا، کاتێ کە بەلای دار

غانێکی سپیدا تێدەپەڕی بزەیەکی خۆشی هاتێ و یەکسەر وەستا، خۆی لە سەر نووکی پێیان بەرز کردەوەو دەستە ساغەکەی بردو چڵێکی لە دارەکە کردەوە. گۆپکەی بچووك بچووکی قاوەیی، کە بە بای مانگی ئازار ئاوسا بوو، بە سەر چڵەکەوە دیاربوو، بۆنێکی ناسکی بە ئاستەمی لێدەهات و مژدەی شکۆفەی بەهارو تازە بوونەوەی ژیانی ڕادەگەیاند. لیخاچوف، گۆپکەکانی لە دەمی دەناو دەیجوون و بە چاوانی تەم گرتووەوە، دەیڕوانیە درەختەکان، کە لە بەندی سەهۆڵ ئازاد بوو بوون و ڕەنگی ڕوون و گەشی بەهارەیان گرتبوو و بزەیەك نیشتە سەر لێوە تاشراوەکەی.

بەو جۆرە، بەدەم جووینی گۆپکەو چرۆ ڕەشەکانەوە، پێشوازی لە مەرگ کرد. لە حەوت فرسەخی ڤیشنسکایادا، لە نێو گردۆڵکە لمەڵانە زۆرەکاندا، پاسەوانان دڕندانە بە شمشێر کوشتیان. هەوەڵجار بە نووکە شمشێران و بە زندوویەتی چاوەکانیان دەرهێنا، هەردوو باسکیان بڕییەوە، لووت و گوێیان بڕی و دەموچاویان بە نووکی شمشێر کون کون کرد. پانتۆڵەکەیان داکەندو باڵا بەرزو جوانەکەیان ئەتك کرد. سەرەنجام یەکێك لە پاسەوانەکان، پێی نایە سەر جەستە لەخاکا کەوتووەکەی، پێی نایە سەر سینگی کە هێشتا بە ئاستەم بەرزو نزم دەبووەوەو بە شمشێرێك سەری لە جەستەی جیا کردەوە.

"٣٢"

دەنگوباس و هەواڵان لەوبەری دۆنەوە، لە دیارو دەڤەری دۆنی باڵاوە، لە هەموو لایەکەوە دەهات کە گوایە کاری ڕاپەڕین تەشەنەی سەندووە. ڕاپەڕینەکە تەنیا لە ئاقاری دوو ستاندا قەتیس نەمابوو. بەڵکو شومی لینسکایا، کازانسکایا، میگولینسکایا، کشکوفسکایا، ڤیشنسکایا، ئیلانسکایا و ئوست خوپرسکایاشی گرتبووەوەو بە پەلە هێزو قوەتی خۆیان گرد کردبووەوە، کارگینسکایا، بوکوفسکایاو کراسنوکولتسکایاش بە ئاشکرا داشداریان لە یاخی و ئینقلابچی یەکان دەکرد. ئیدی ڕاپەڕین و بزوتنەوەکە لەکاری ئەوەدا بوو کە بۆ ناوچەکانی دەوروبەری ئوست میدڤی تسکایاو خوپەر تەشەنە بکات. ناوچەکانی بوکانوفسکایاو سلاچوفسکایاو فیدوسیفسکایاش لەحاڵی هەڵچووندا بوون. لە مەرزی قەڵەمڕەوی ڤیشنسکایاشدا، گوندەکانی ناوچەی ئالیسکییفسکایا، جم و جوڵیان تێکەوتبوو. ڤیشنسکایا، مەرکەزی ئیداری هەرێمەکە، بوو بوو بە بنکەی سەرەکی یاخیبوون و ڕاپەڕین. دوای گفتوگۆ و گەنگەشەیەکی دوورو درێژ، بڕیار درا کە سازمانی حکومەتی بە هەمان شێوەی خۆی بهێڵنەوە. لێهاتووترین و شایستەترین قوزاقان، کە زۆربەیان گەنج بوون، بۆ ئەندامی کۆمیتەو ئەنجوومەنی جێبەجێکاری ناوچە هەڵبژێردران. ئەفسەرێکی تۆپخانە، بە ناوی دانیلوف بە سەرۆکی کۆمیتە هەڵبژێردرا. لە ناوچەو گوندەکاندا ئەنجوومەنان "سۆڤیات" دامەزرێنران، سەیر ئەوە بوو، وشەی "هاوڕێ" کە جاران، بە وشەیەکی قێزەون و ناشیرین و جنێو ئامێز دەزانرا، بە دەقی خۆیەوەو ئاسایی بەکاردەبرا. دروشمێکی عەوام خەڵەتێنانەش بەرزکرایەوە: "لەپێناوی حکومەتی سۆڤیاتیدا، بەڵام دژی ڕژێمی کومونیستی و ئیعدام و ڕاو ڕووت." بەمجۆرە یاخیەکان

لەجیاتی یەك نەواری سپی، دوونەواری سپی و سووری ڕاست و چەپیان بە ناوچەوانی کڵاوەکانیانەوە نا...

سویاروف، لە پۆستی فەرماندەیی هێزی یەکگرتووی یاخیەکان کەنار خراو، نایب زابتێکی گەنجی بیست و هەشت ساڵەیان، بەنێوی پاڤیل کودینوف، لە جیاتی ئەو دانا، ئەم پیاوە هەر چوار دەرەجەکەی خاج و نیشانەی سان جورجی وەرگرتبوو، پیاوێکی زیرەك و تەڕفام و دەم و زار خۆش بوو. بەڵام عەیبی ئەوە بوو کە بێشەخسیەت بوو، ئەو تواناو زەبت و ڕەبتەی نەبوو کە لەم قۆناغە بێسەرو بەرو پڕ ئاریشەو ئاژاوەیەدا، فەرماندەیی ناوچەیەکی یاخی پێبسپێردرێت و بیبات بەڕێوە. بەڵام وێڕای ئەمەش قوزاقەکان، لەبەر سادەیی و میهرەبانیەکەی خۆشیان دەویست و، بەخۆیشی تەبیعەتێکی قوزاقیانەی تەواوی هەبوو. ئەو فڕناخی و قۆرە دەماخی و لووتبەرزییەی نەبوو، کە ئەفسەرانی تازە پێیاکەوتوو، هەیانبوو. هەمیشە جل و بەرگی سادەی دەپۆشی. قژی درێژ بوو، کەمێك پشتی خوار بوو، بەپەلە داخاوت، دەموچاوە باریك و لووتە دریژەکەی، سەروسیمایەکی دیهاتیانەی فەلاحییان پێدەبەخشی، یانی شتێکی تیا نەبوو لەوانی دی جیای بکاتەوە.

قوزاقەکان، ڕائید ئیلیا ساڤونوڤیان بە سەرۆکی سەرکردایەتی سوپا هەڵبژارد. ئەم پیاوە ئەگەر بلێی عەگیدو ئازاو دلێر نەبوو، بەڵام کەسێکی بەقەڵەم و خوێنەوار بوو. یەکێك، هەر لە هەمان کۆبوونەوەی هەڵبژاردنەکەیدا، گاڵتەی پێکرد بوو:

– ساڤونوف، لە بارەگا دابنەن، بەکەڵکی جەبهە نایەت. مەگەر هەر ئەوەندەی لە دەست بێ، قوزاقانی زۆر بە کوشت بدات. چەند قەرەجێك بەکەڵکی کەشیشی دێت، ئەویش هەر ئەوەندە بەکەڵکی شەڕو شەڕگە دێت.

ساڤونوف کە پیاوێکی کورتە باڵای بڕێك قەڵەو بوو، کە گوێی لەو تەشەرە بوو، لە ژێر سمێڵە زەردەکانیەوە کە تاك و تەرا، داوی سپییان تێکەوتبوو، پێکەنی و بەکەماڵی ئارەزوو سەرۆکایەتی سوپای قەبووڵ کرد.

بەڵام وێڕای ئەوەش، کودینوف و ساڤونوڤ، هەر بە ناو بەرپرس بوون، دەنا هەمان بڕیاری سریەکانیان جێبەجێ دەکردو لە ڕووی ڕێکخستن و ئیدارەدان و ڕێبەریکردنی سریەکانەوە، دەستکراوە نەبوون. دەسەڵاتی ئەوەیان نەبوو ڕێکخراوێکی ئاوها بێ سەرو بەرو شلۆق ئاڕاستە بکەن.

کەتیبەی چواری سوارەی ئاموری سوورەکان، لە بەلشەویکانی ناوچەکانی ئوست خوپرسکایاو ئیلانسکایاو هەندێك لە بەلشەویکانی ڤیشنسکایای لە خۆ گرتبوو، بەدەم شەڕەوە بەچەندین گوندا تێپەڕی و خۆی بە قەڵەمڕەوی ئیلانسکایا کردو شان بە شانی ڕوباری دۆن، بەرەو ڕۆژاوا پێشڕەوی کرد.

لە پێنجی مانگی ئازاردا، تەتەرێکی سوارە، بە هەڵەداوان هات بۆ تاتارسکی، هاواری بۆ خەڵکی هێنابوو کە خەڵکی ئیلانسکایا پێویستیان بە کۆمەکی بەپەلەیە. تفەنگ و فیشەکیان کەم بوو بە بێ بەرگرییەکی ئەوتۆ، خەریکی پاشەکشە بوون. سوارانی سوور لە دوو قۆڵەوە تۆپبارانیان

دەکـردن و هەرکـە سـەریان دەرهێنابـا، بـەر دەسـتڕێژی ڕەشـاش و دۆشـکەیان دەدان. جـا لـەم حاڵەتەدا چاوەڕوانی ئەمری مەرکەز، بێهودە بوو. بۆیە پیوتـەر میلیخوف لێبڕا، بە دوو سریەکەی خۆیـەوە ڕوو بـە ڕووی سـوورەکان ببێتـەوە. هـەروەها فەرمانـدەیی چـوار سـریەی دیکەشـی، کـە لەگونـدەکانی دەوروبـەرەوە کۆکرابوونـەوە، لـە ئەسـتۆ گـرت، بەرەبـەیان، بـەخۆو قوەتەکەیـەوە لـە تاتارسکی دەرچوو. وەکو هەمیشـە ئـەمجارەش لـە سـەرەتاوە گەشـتی و دەورێـی هـەردوولا تێك گیران، بەڵام شەڕی ڕاستەقینە دواتر دەستی پێکرد.

سوارەکان، لە کەندێکی هەشت فرسەخی تاتارسکی دا، لەو شوێنەدا کە گریگۆری کاتێ کە بۆ جووت کردن و شۆو بڕین چوو بوون، بۆ یەکەمجار و بە ڕاشکاوی بە ناتالیای ژنی گوتبوو کە خۆشی ناوێ، بە لێ لەو شوێنەدا بوو کە لەو ڕۆژە هەورینە زستانیەدا، سوارەکان لە کەندو ئاو دڕکە قووڵەکاندا، لە نێو بەفرو بەستەڵەکدا، لە ئەسپان دابەزین و لەوکاتەدا کە پاسەوانەکان، ئەسپەکانیان بۆ شوێنێکی ئەمن و ئەمان دەبرد، خۆیان وەکو هێزێکی پیادە ڕێکخست و ئامادە کرد. هەندیك لەخوار ئەوێندەرەوە، سوورەکان کە لە دۆڵێکی پان و قووڵـەوە بە سێ ڕیز دەهاتنە دەرێ و پێشـڕەویان دەکـرد، لـەپانتایی سـپی دۆڵەکـەدا، لـە دوورەوە وەکـو تارمـایی ڕەش دەچوونەوە. عەرەبانـەکانیان نزیـك و نـزیکتر دەبوونـەوەو چـەند سوارێك خـەریك بـوون دەهـاتن و دەچوون. قوزاقەکان کە دوو فرسەخێك لە دژمنەوە دوور بوون، خۆیان بۆ شەڕ ئامادە دەکرد.

پیوتـەر، پـاش ئـەوەی سریەکەی ئیلانسـکایا دامـەزرا، ئـەوانی بەجێهێشت و بـە سـواری ئەسـپە قەڵەوەکەی کە تەنکە ئارەقەیەکی کردبووەوە، بە چوار ناڵە چوو بۆلای گریگۆری. پیوتـەر شـادو خۆشحاڵ بوو.

– براینۆ! دەست بەفیشەکەوە بگرن. تا من ئەمرتان پێنەکەم کەس تەقە نەکات... گریگـۆری تـۆش نیوەی سریەکەت، پێنج سـەد مـەترێك بـەرە بۆ قۆڵی چەپ. دەی خێراکە! پاسـەوانانی ئەسپەکان نابێ لە یەك شوێندا خڕ ببنەوە.

ئەوسا، چەند ڕێنماییەکی دیکەی کردن و دووربینەکەی دەرهێناو تەمەشای کرد و گوتی:

– چیە، دەیانەوێ تۆپخانەیەك لەسەر گردی ماتڤیڤ دابنەن؟

گریگۆری گوتی:

– من دەمێکە هەستم پێکردووە. پێویست بەدووربین ناکات، بەچاوی ڕووت دیارن.

دووربینەکـەی لـە دەسـت براکـەی وەرگـرت و تەمەشـای کـرد. لـە سـەر گردەکـە و دەوروبـەری گردەکەدا، عەرەبانەکان ڕەش دەچوونەوە و زەلامـەکانیش کە لە دوورەوە زۆر بچووك دیار بوون، دەردەکەوتن و ون دەبوون.

وێڕای ئەوەی خڕبوونەوەو کەڵەکە بوون زۆر قەدەغە بوو، پیادەکانی تاتارسـکی دەسـتە دەسـتە لە دەوری یەك خڕ بووبوونەوە، فیشەکیان لـە نێوان خۆیاندا دابـەش دەکرد، سیغاریان دەکێشا و سـوعبەت و شـۆخیان دەکـرد. خریسـتونیا، بـەکڵاوە فـەرووە قوچـەکەیەوە (خریسـتونیا چـونکە ئەسپەکەی لە دەست دابوو، بۆیە خرابووە ڕیزی پیادەکانەوە) یەك سەرو گەردن، لە قوزاقـەکانی دی بەرزتر دیاربوو. کڵاوە گوێچکەدارەکەی پانتلی پروکوڤیچیش لە نێو هەمووانـدا دیـار بوو و لە

دوورەوە سـوور دەچـووەوە. هێـزی پیـادە بـە زۆری لـەپیران و جـەوانانی هـەرزەکار پێکهـاتبوو. شـەڕڤانانی ئیلانسـکایا، لـە یـەك فرسـەخ و نیـوی ئەوێـدا لـە بـەری دەسـتە ڕاسـتی پەڵـە گوڵـە بەڕۆژەیەکدا، کە هێشتا نە دورابووەوە، چاوەڕوان بوون. هێزی پیادە بە هەموویان شەش سەد کەس بوون، بە سەر چوار سریەدا دابەش کرا بوون، بەڵام نزیکەی دووسەد کەسی ئەم هێزە شەش سەد نەفەرییە، واتە سێیەکی تێکڕای هێزەکە، بەدیار ئەسپەکانەوە دانرا بوون و لە دۆڵ و شیوەکاندا خۆیان شاردبووەوە.

چەند دەنگێك لە نێو پیادەکانەوە بەرز بووەوە

– پیوتەر پانتیلیوفیچ! کە شەڕ دەستی پێکرد، ئێمەی پیادە لە بیر نەکەن.

پیوتەر، بەپێکەنینەوە گوتی:

– خەمتان نەبێ، بەجێتان ناهێڵین.

کە سەیری کرد هێزی سوورەکان، بڕبڕ بەرەو گردەکە پێشڕەوی دەکەن، بە تووڕەیی کەوتە بادان و ڕاوەشاندنی قامچیەکەی. گریگۆری چەند شەقاوێك لە قوزاقەکان دوورکەوتەوەو گوتی:

– پیوتەر، تا ئێرە وەرە.

پیوتەر، چوو بۆلای، گریگۆری چارەی گرژ کردو بە ناڕەزاییەکی ئاشکراوە گوتی:

– من ئەم شوێنەی خۆمانم پێ باش نیە. پێویستە لەم شیوو دۆڵە دەربچین، دەنا ئەگەر دەورمان بگرن، خراپمان لێدەقەومێ، تۆ چ دەڵێی؟

پیوتەر، تووڕە بوو و گوتی:

– ئەمە قسەیە؟ چۆن دەتوانن دەورمان بگرن؟ من یەك سریەی یەدەکم داناوەو ئەگەر شتێك ڕوویدات، شیوو دۆڵەکان فریامان دەکەون، ئەگەر قازانجیان نەبێ، زەرەریان نابێت.

گریگۆری، بەپەلە چاوێکی بە شوێنەکەدا گێڕاو گوتی:

– بەڵام، پارێز (ئحتیات) مەرجە کاکۆ!..

گریگۆری گەڕایەوە بۆلای سریەکەی خۆی، زۆریان هەڵچوو بوون و دەستکێشەکانیان داکەند بوو. هەندێکیان شمشێرەکانیان تەرتیب دەکردو پشتێنەکانیان، لەپشتی خۆدا توند دەکردەوە. فیدوت بودوفسسکوف بەپێکەنینەوە گوتی:

– فەرماندەکەمان لە ئەسپەکەی دابەزیوە.

ئالیکسی شامیلی یەك دەست، کە جگە لە شمشێرێك هیچی دیکەی نەبوو، هاواری کرد:

– ئەهای جەنەڕاڵ پلاتوف، دەستور بدە سەرو پیاڵەیەك ڤۆدگا بە قوزاقەکان بدەن!

– دەمت داخە، بەد مەست! ئەگەر سوورەکان دەستەکەی دیکەشیان بڕیت هەنگێ چۆن پیاڵەکە بۆ دەمت دەبەی؟ هەنگێ دەبێ بۆتی بکەنە کۆلەوەو دەمی تێبخەیت.

– بەسە بیبڕنەوە.

ستیپان ستاخوف ئاهێکی هەڵکیشاو گوتی:

– دەزانی گزوفتمە بۆ چۆڕێ ڤۆدگا!

بەدەم ئەو قسەیەوە، دەسکی شمشێرەکەی بەرداو کەوتە بادانی سمێڵە ئامال زەردەکەی.

وەختی گفتوگۆ نەبوو. لە ناکاوا گرمەی تۆپ لەپشت گردی ماتوفیڤەوە هەستا، هەموو بێدەنگ بوون. گوللە تۆپی یەکەم کورتی هێنا، بە نزیکەی نیو فرسەخێك لەپێش سەنگەری قوزاقەکان کەوتەوە، تەقییەوەو دووکەڵێکی ڕەش چوو بە ئاسماناو پاشان لە دارو دەوەنەکانەوە ئاڵا. هەنگیٚ دەستڕێژی ڕەشاشان لە لای سوورەکانەوە دەستی پێکرد. قرمە قرمی ڕەشاشەکان، لە چەقەنەی ئاش دەچوو. قوزاقەکان لە نێو بنچك و دڕووان و لە نێو گوڵە بەڕۆژە بیٚ سەرەکاندا لە سەر بەفرەکە خۆیان بە عاردیدادا. پروخورزیکوف بانگی گریگۆری کرد:

- دووکەڵەکەی چەند ڕەشە، لەوەدەچیٚ هاوەنی ئەڵمانییان پیٚ بیٚ.

هەراو هەنگامەیەك لە نێو سریەی ئیلانسکایا کە تۆپەکە لە نزیکی ئەوانەوە تەقی بووەوە بەرز بووەوەو بایەکە هاوارێکی لەگەڵ خۆیدا هێنا:

- میتروڤان کوژرا!

کابرایەکی ڕیش سوور بە ناوی ئیڤانوڤ، کە فەرماندەی سریەی ڕوبژین بوو، بە ناو ئاگر بارانی دژمندا، بە هەڵەداوان خۆی گەیاندە. پیوتەر، هانکە هانکی پێکەوتبوو، ئارەقە بە هەنیەیدا دەهاتە خواریٚ و گوتی:

- کوڕە چ بەفرێکە! تا ئەژنۆیان دێت.

پیوتەر برۆی وێکهێنانەوەو پرسی:

- ها، چیت دەویٚ؟

- هاوڕیٚ میلیخوف، بیرۆکەیەکم بۆ هاتووە. سریەیەك بنێرە بۆ کەرخی دۆن، لەوێوە دابەزن بۆ ناو گوندەکەو لەوێوە دەتوانن پشت لە سوورەکان بگرن و لەپشتەوە دابارێن بە سەریاندا. چونکە وادیارە عارەبانەو خزاگی باروبنەکەیان بەبیٚ پاسەوان بەجێهێشتووە. ئەگەر ئەمە بکرێت دەپەشوکێن و سەریان لێدەشێویٚ.

پیوتەر، بیرۆکەکەی بەگەن کرد. دوای ئەوەی دەستووری تەقە کردنی بە سریەکەی خۆی داو بە ئاماژەی دەست لاتچیڤی کە ڕاست ڕاوەستا بوو بانگکرد بۆ شوێنەکەی خۆی و بە خۆیشی بە ماتە مات چوو بۆ لای گریگۆری. بیرۆکەکەی بۆ ڕوون کردەوەو بە کورتی عازی دایە:

- نیوەی سریەکەت ببەو لە دواوە هێرشیان بکەنە سەر.

گریگۆری، لە گەڵ قوزاقەکانیا ڕۆیی، لە ناو دۆڵەکەدا سواری ئەسپەکانیان بوون و بە یورغە خۆیان گەیاندە گوندەکە. قوزاقەکان، دوای ئەوەی سەرو دوو خەشاب فیشەکیان تەقاند، ئیدی لە تەقە کردن و دەستڕێژ وەستان. سوورەکان، خۆیان بە عاردیدادا دەنگی مرقە مرقی ڕەشاشان بەرز بووەوە. گوللەیەك بەر ئەسپە لاق سپیەکەی مارتین شامیل کەوت، ئەسپەکە خۆی لەدەست پاسەوانەکە ڕاپسکاندو شێتانە بە ناو قوزاقەکانی ڕوبژیندا، دەرپەڕی وبە گردەکەدا بەرەو لای سوورەکان نشێو بووەوە. دەستڕێژێکی ڕەشاشی لێکرا، ئەسپی تاین کە بەچوار ناڵە دەڕۆیی، جووتەیەکی بەرزی وەشاند و بە نێو بەفرەکەدا غل بووەوە. پیوتەر فەرمانی دا:

- نیشانە لە ڕەشاشەکان بگرنەوە!

قوزاقـەکان، دەمـاو دەم فەرمانەکـەی پیوتـەریان بـە یـەکتر گەیانـد. ڕووی تفەنگـەکان کرانـە ڕەشاشەکان، بەڵام تەنیا قوزاقانی سەگڤان و نیشانشکێن تەقەیان کردو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێدان. قوزاقێکی کورتە باڵای خەڵکی گوندی ڤێرکن کریڤسکوی، سێ ڕەشاشچی یەك لە دوای یەکی کوشت و ڕەشاشێکی مەکسیم -ش کە ئاوی مەخزەنەکەی گەرم بوو بوو، لە تەقە وەستا. بەڵام چەند ڕەشاشچیەکی یەدەك، بە لەز جێی ڕەشاشچیە کوژراوەکانیان گرتەوە. جارێکی دی ڕەشاشەکە دەستی بە تەقە کردەوە.. دەستڕێژ لە دوای دەستڕێژ بوو، قوزاقەکان بەرە بەرە وەزعیان خراپ دەبوو و ناچار خۆیان لە بەفرەکە دەشاردەوە. ئانیکوشکا هێندەی بەفرو بەستەڵەك هەڵکەند گەییە ساکە ئەرزەکە. بەو حاڵەشەوە بەردەوام خەریکی جەفەنگ و سوعبەت بوو. فیشەکی تەواو بوو بوو (تەنیا پێنج فیشەکی لە ساجورێکی ژەنگندا پێبوو.) جار جار سەری لە کونەکەی دەردێناو بە لێوەکانی دەنگێکی دەردێنا کە کوت و مت لە دەنگی مشکی خورماچەچان دەچوو:

– ئاگ هیو...

ونیگایەکی گێلانەی قوزاقەکانی دەکرد.

ستیپان ستاخۆف، لەلای ڕاستیەوە بوو، بەجۆرێ پێدەکەنی کە ئاو بەچاویا خوڕ خوڕ دەهاتە خوارەوە. ئانتیپی کوڕی ئاڤدیچە درۆزنیش لەلای چەپییەوە بوو و، لە تووڕەییدا جنێوی دەدا:

– دەبەسە گوی سەگ! ئاخر ئێستا وەختی جەفەنگ و شۆخیە.

– ئاگ هیو...

ئانیکوشکا، ڕووی کردە ئەوو چاوانی خۆی بە ئانقەست زەق دەکردەوە کە گوایە دەترسێت.

لەوە دەچوو، تۆپخانەی سوورەکان، گوللە تۆپیان کەم بێ، چونکە دوای تەقاندنی سێ گوللە تۆپ، بێدەنگ بوو. پیوتەر ئاوڕێکی پاشی دایەوەو بە نیگەرانیەوە ڕوانیە ترۆپکی گردەکە. دوو پەیکی سوارەی بۆ گوندەکە ناردو جوابی بۆ خەڵکەکە نارد کە ئەوەی دەستی چەك دەگرێت، بە شەنەو داس و کوتەکەوە بێن بۆ سەر گردەکە. دەیویست بەو شێوازە سوورەکان بترسێنێ و وا بنوێنێ کە ژمارەی قوزاقەکان یەجگار زۆرن. خێرا خەڵکی گوند گەیینە سەر ترۆپکی گردەکەو بە قەرەباڵغی لەوێوە داگەڕان. قوزاقەکان، بە نوکتەو شۆخیەوە تەمەشایان دەکردن:

– تەمەشا! چۆن لەو سەرەوە ڕەش دەچنەوە.

– هەموو گوند هاتوونەتە دەرێ.

– دەڵێی ژنەکانیشیان لەگەڵە.

قوزاقەکان، بەدەم ئەو قسانەوە یەکیان بانگ دەکردو پێدەکەنین. بە تەواوەتی لە تەقە وەستان. لەلای سوورەکانیشەوە تەنیا دوو ڕەشاش لە کارا بوون و ناو بە ناو دووراو دوور دەنگی دەستڕێژیان دەهات.

ئالیکسی شامیلی یەکدەست، بەخۆشحاڵیەوە گوتی:

– حەیفێ، تۆپخانەی سوورەکان لە تۆپباران وەستا. خۆ ئەگەر یەك تۆپی بخستایەتە ناو ئەم هەموو ژنەوە، هەنگێ دەتبینی چۆن هەموو بە تەنوورەی تەڕەوە بەرەو ناو گوند غاریان دەدا.

لەوەدەچوو بە ڕاستی پێی ناخۆش بێ، کە سوورەکان، تۆپێکیان بەرەو ژنەکان نەتەقاند.

ئاپۆڕای خەڵکەکە، بەرە بەرە خڕ بوونەوەو بەدوو ڕیزی ناڕێك و پێك ڕیز بوون و وەستان پیوتەر داوای لێکردن لەودیو قوزاقەکانەوە، بەدووری تیر هاوێژێك و زیاتریش بوەستن. لێ، وادیار بوو قەرەباڵغییەکە، سوورەکانی ترساند بوو. کەوتنە پاشەکشەو بەرەو قوڵایی دۆڵەکە نشێو بوونەوە. پیوتەر دوای ڕاوێژێکی کورت دەگەڵ فەرماندەێن سریەکاندا، قۆڵەکەی خۆی بەجێهێشت و دوو سریەی ئیلانسکایای بەرەو باکوور ڕەوانە کرد، بۆ ئەوەی پشتیوانی لە هێرشی هێزەکەی گریگۆری بکەن. سریەکان، بە بەرچاوی سوورەکانەوە لەوبەری کەندەکەوە ڕیزیان بەست و لەوێندەرەوە بەرەو دۆن داگەڕان.

قوزاقەکان، سەر لە نوێ کەوتنە تەقە لە سوورەکان کە لە حاڵی پاشەکشەدا بوون. لەم کاتەدا چەند ژنێکی جەربەزەو چاونەترس لەگەڵ دەستەیەك مێرد منداڵدا "هێزی یەدەك " یان کە لەپیران و ژنان و نەوجەوانان پێکهاتبوو، بەجێهێشت و بەلەز بەرەو ڕیزی یەکەم هاتن. داریا میلیخوف یەکێك بوو لەوانە، کە گوتی:

- پیوتەر گیان، ڕێم بدە با تەقە لە سوورەکان بکەم. دەزانم تفەنگ بەکاربێنم. تفەنگەکەی لە پیوتەر وەرگرت، ئەژنۆی نایە سەر عاردی و قۆناغی تفەنگەکەی بە متمانەوە، وەکو هەر پیاوێك لە شانی توند کردو دوو ڕیزی کرد.

لەم کاتەدا "هێزی یەدەگ" لە سەرما هەڵدەلەرزین و بۆ ئەوەی گەرمیان ببێتەوە ئەم پی و ئەو پێیان دەکردو چڵمیان هەڵدەلوشی. دوو ڕیزیان هەڵدەلەرزین وەکو ئەوەی بایەکە هەڵیان بپەڕێنێ. گۆناو لێوی ژنەکان لە سەرما سوور هەڵگەڕا بوون. بایە ساردو سڕەکە بێ شەرمانە خۆی بە ژێر تەنوورە دەڵبەکانیاندا دەکرد. پیرەمێردەکان خەریك بوو لە سەرما ڕەق دەبوونەوە. زۆربەیان کە یەکێك لەوانە باپیرە گریشاکا بوو، بۆ ئەوەی بتوانن بە گردەکەدا هەڵگەڕێن پێویستیان بە کۆمەك بوو بوو، بەڵام کە گەیی بوونە سەر گردەکە، بایەکەو دەنگی دوورە تەقە وەئاگای هێنابوونەوە و جۆش و خرۆشیان لە دڵ و دەروون گەڕابوو. ئیدی کەوتبوونە باس و ستایشی، قارەمانیەتی جەنگ و شەڕێن جاران و سەختی و دژواری شەڕی ئێستا کە برا دەست لە براو باوك دەست لە کوڕ ناپارێزێت و، تۆپ و مەترەلۆزان لە دورییەکی ئەوتۆوە دەتەقێنرێن کە بەچاو نابینرێن.

"٣٣"

گریگۆری بە نیوەی سریەکەیەوە هێرشی کردە سەر باروبنەی سوورەکان. حەوت کەسی لە گاردی سوور کوشت، چوار خزاگی پڕ لە ئازووقەو تەقەمەنی گرت و دوو ئەسپی سپی سواری گرت و لەمانیش ئەسپێك کوژراو یەك قوزاقیش بە سووکی زامدار بو.

بەڵام لەوکاتەدا کە گریگۆری بە چوار عەرەبانە دەسکەوتەوە و بێئەوەی هیچ کەسێك تاقیبی بکات، بە شانی ڕەخی دۆندا دەگەڕایەوەو کۆڵێك دڵی بە سەرکەوتنەکەی خۆی خۆشبوو، شەری سەر گردەکە، ئەو گردەی دەیڕوانیە سەر تاتارسکی لە تەواو بوونا بوو. سریەیەکی گاردی

سوور، که بەر لە شەڕەکە، بۆ گەمارۆدانی قوزاقەکان دە فرسەخێك دوور کەوتبووەوە، لە ناکاوا لەپشت گردەکەوە سەری دەرهێنابوو و هێرشی کردبووە سەر پاسەوانانی ئەسپەکان. ئیدی هەر هەموو پەشۆکابوون، قوزاقەکان ترسابوون و لە دۆڵەکە هەڵاتبوون، هەندێکیان فریاکەوتبوون ئەسپەکان بگەیەننەوە خاوەنەکانیان . بەڵام زۆربەیان بە شمشێری گاردی سوور کوژران. پاسەوانەکان، چەکیان نەبوو، زۆریان ئەسپەکانیان بەرەڵا کرد بوو و بە خۆیان پەشێوو پەرێشان هەڵاتبوون. پیادەکان نەیاندەتوانی تەقە بکەن، نەبا شەرڤانەکانی خۆیان بپێکن و ئیدی وەکو چۆن کیسە نۆکێك برژێت، بەو ئاوایە بەرەو شیوەڵەو دۆڵەکە خل بوونەوەو بە کەنارەکەی ئەو بەری دۆڵەکەدا هەڵگەڕان و پێیان وەغارێوە نا. بەڵام ئەو قوزاقانەی کە توانی بوویان بگەنە ئەسپەکانیان، کە زۆرینەبوون، بە چوار ناڵەو وەکو با بەرەو گوند بوونەوە.

پیوتەر کە گوێی لە نەعرەتەی هێرشبەران بوو، ئاوڕیکی دایەوە، کە بینی هێرش بۆ سەر پاسەوانانی ئەسپەکان دەکەن، فەرمانی دا:

– سواربن! لاتچیف! پیادەکان بە دۆڵەکەدا بەرە!

بەڵام بە خۆی نەیتوانی بگاتە ئەسپەکەی. ئەو پاسەوانەی بەدیار ئەسپەکەیەوە بوو، یانی ئاندریوشکا بسخلبنوف، بە چوار ناڵە دەهات: دوو ئەسپ، یەکێکیان هینەکەی پیوتەر و ئەویتر یان هی بودو فسکوف بوو، شان بە شانی ئەو تاویان دەدا. بەڵام سوارەیەکی سوور، کە پەستەکێکی زەردباوی یەخەکراوەی لەبەر بوو لە تەنیشتەوە هێرشی بۆ برد و تا توانی شمشێرێکی لە شانی داو هاواری کرد:

– بگرە، قوزاق، پارچەکانی کۆبکەوە!

خۆشبەختانە، ئاندریوشکا تفەنگەکەی لەشانی حەمایەڵ کردبوو وبە پشتیا تەکە تەکی بوو. شمشێرەکە لە جیاتی ئەوەی بەر گەردنی کە شاڵێکی سپی تێوە پێچا بوو، بکەوێ و بیپەڕێنێ. بە سەر لوولەکەیا داخزی و لە دەستی سەربازە سوورەکە پەڕی و چوو بە ئاسمانا. ئەسپە سەرکێشەکەی ئاندریوشکا ڕەویەوەو بای دایەوەو بە چوار ناڵە دوورکەوتەوەو ئەسپەکانی پیوتەر و بودوفسکوفیشی بەدووی خۆیا برد. پیوتەر ئاخیکی هەڵکێشاو بۆ ساتێك وەستاو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو دەموچاوی لە ئارەقەدا هەڵکشا. ئاوڕی دایەوە، نزیکەی دە قوزاق بە هەشتاو بەرەو ئەو دەهاتن. فیدوت بودوفسکوف کە سیمای لە ترسا شێوا بوو، هاواری کرد:

– تیاچووین!

پیوتەر ئەمری پێکردن:

– قوزاقینە بەدۆڵا! براینۆ خۆ بەخەرەندەکانا بکەن! بە دۆڵا!

پیوتەر وەخۆهاتەوە، لە پیش هەموویانەوە بەغار بەرەو خەرەندەکە پەل بووەوە، خۆی لە ڕەخی سەرەو خوارکەی دۆڵێکەوە کە نەوەد مەترێك قووڵ دەبوو، غل کردەوە پۆستینە پەستەکیەکەی، لە شتێك گیرا ، لە گیرفانەکەی سەر سینگییەوە تا سجافەکەی داوێنەکەی هەڵدڕا. کە گەییە بنکی خەرەندەکە هەر هەستایەوەو وەکو چۆن کسۆکان خۆ دەتەکێنن، بەو ئاوایە خۆی تەکاند. قوزاقەکانی دی، بە هەڵدان خۆیان لە سەر خەرەندەکەوە هەڵدەداو بە تەقلە لێدان دەهاتنە

خوارەوە. لە ماوەی یەك دەقیقەدا یازدە نەفەریان، بە پیوتەرەوە دوازدە نەفەریان گەیینە خوارەوە .هێشتا لەسەرەوە دەنگی تەقەو هاواری سەربازان و دەنگی سمی ئەسپان دەهاتە گوێ. قوزاقەکان لە خواری خوارەوە بەفرو گڵیان لە کڵاوە فەروەکانیان دەتەکاند. هەندێکیان کە بەدەم کەوتنەوە گیانیان کوترا بوو وئازاریان گەیی بوویە، جێگا کوتراوەکانی خۆیان دەشێلا. مارتین شامیل، میلی تفەنگەکەی خۆی هێنابووە دەرەوەو ناو لوولەکەی کە پڕ بوو بوو لە بەفر پاك دەکردەوەو فووی پێدا دەکرد. بەڵام کوڕێکی گەنجی موو زەرد، کوڕی مانیتسکوف، کوڕی ئەتامانی کۆچکردووی گوند، لە ترسا هەڵدەلەرزی و ڕوندك بە چاویا دەهاتە خواریٚ، بەدەم گریانەوە گوتی:

– چی بکەین؟ پیوتەر، تەگبیرێکمان بکە! مەرگ گەمارۆی داوین! بۆکویٚ بڕۆین؟ ئاخ! دەمانکوژن.

فیدوت بودوفسکوف، کە دانە چۆقەی پێکەوتبوو بە ناو دۆڵەکەدا بەرەو قوڵی دۆن کەوتە ڕاکردن، ئەوانی دیکەش وەکو مەڕ دووی کەوتن . پیوتەر بەزەحمەت توانی ڕایان بگرێت.

– بوەستن! با تەگبیرێك بکەین. غار مەدەن! تەقەتان لێدەکەن.

هەموویانی بردە ئاودڕکەیەکەوە کە ئاو هەڵیدڕی بوو، ئەگەر چی هەوڵیدەدا وابنوێنیٚ، ئارامە بەڵام بە زمانێکی شپرزە گوتی:

– ناتوانن لێرەوە بێنە خواریٚ. ئێستا کەوتوونەتە ڕاونانی زەلامەکانی ئێمە. دەبیٚ جاریٚ خۆمان لێرە مات بدەین .پێویستە خۆمان بدەینە پەناو پەسێران. سیٚ نەفەرتان بێنە ئەم بەرەوە. دەبیٚ بەرگری لە خۆمان بکەین. لێرەوە دەتوانین لە هەنبەر ئابڵوقەکەشیاندا بوەستین.

لە ناکاوا مانیتسکوف، گەنجە قژ زەردەکەی کە تۆزیٚ لەمەپێش دەگریا، هاواری کرد:

– تەواو، حیسابمان ڕۆیی. ئەی خودایا، براکانم! ڕێمبکەن با من لێرەوە دەرچم! نامەویٚ کە... نامەویٚ بمرم!

چاوە کالموکییەکانی فیدوت بودوفسکوف بریسکانەوە. مستێکی توندی بە دەموچاوی مانیتسکوفدا کێشا، خوێن بە کەپوویدا هاتە خوارەوە. پشتی بەدیواری خەڕەندەکەدا کەوت و تۆپەڵێك گڵە سوور بەربووەوە، چەند لەترێکی داو خەریك بوو بکەویٚ، بەڵام گریانەکەی قەت بوو.

مارتین شامیل، باسکی پیوتەری گرت و پرسی:

– چۆن دەتوانین بەرگری لەخۆ بکەین؟ فیشەك لە کویٚ بێنین؟ خۆ یەك فیشەکمان پێنیە.

– خۆ ئەگەر یەك نارنجۆکمان بۆ هەڵدەن، دوامان دەبڕنەوە.

پیوتەر گوتی:

– باشە، چارمان چیە؟

ڕەنگی پیوتەر لە ناکاوا شین و مۆر بووەوە، لێوەکانی کەفیان کرد.

– پاڵ بکەون!.. ئایا من فەرماندەم یان نا؟ ئاگادار بن، هەرکەسیٚ سەرپێچی بکات دەیکوژم ها!

بە ڕاستی دەمانچەکەی بە سەر قوزاقەکاندا ڕاوەشاند. لەوە دەچوو ئەو قسەو هەڕەشانە، کەمێك ورەی وەبەرنابن. بودوفسکوف و شامیل ودووکەسی دی بەپەلە چوون بۆ بەستێنەکەی ئەو بەرەوەو لە کەلەبەرێکی خەرەندەکەدا پاڵکەوتن. ئەوانی دی لەگەڵ پیوتەردا مانەوە.

له بەهارا، کە بەفر دەتوێتەوەو سێلاو هەڵدەستێ و لە کێوەکانەوە دێتە خوارێ، بەردو تاوێران دەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ و کون و کەلێنی گەورەو قووڵ دەکاتە بنك و دیوارێن خەرەندەکە، قوزاقەکان لەو کون و کەلەبەرو پەناو پەسێرانەدا خۆیان پەنادا.

ئانتیپی کوڕی ئاڤدیچە درۆزن، بە ماتە مات لەلای پیوتەرەوە هەستا، تفەنگەکەی هێنایە سەر پێ و لە بەرخۆیەوەو، لە بن لێوانەوە وەکو ئەوەی وڕێنە بکات، بە ناڕوونی دەیگوت:

– ستیپان ستاخوف، کلکی ئەسپەکەی گرت، خۆی دەرباز کرد، بەڵام من نەمتوانی... پیادەکان، دەستیان بڕین، بەجێیان هێشتین و بۆی دەرچوون. کوڕینە تەواو، تازە کارمان کراوە... خوا شایەدە هەمووومان لێرەدا دەمرین، تەواو تیا چووین!...

لە سەر خەرەندەکەوە دەنگی هەنگاونانی پەلە دەهات. کۆمەڵێك کەستەك و بەفر کەوتە خوارەوە. پیوتەر بەچپە گوتی:

– ئەوانن

پیوتەر، قۆڵی ئانتیپی گرت. لێ ئانتیپ بە توندی خۆی لە دەستی ڕاپسکاندو لە کاتیکا دەستی لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو، ڕوانیە سەرێ.

کەس نەهاتە قەراخ خەرەندەکە. بەڵام قوزاقەکان گوێیان لە دەنگە دەنگ بوو، یەکێك دوای ئەسپێك کەوتبوو و هاواری لێدەکرد...

پیوتەر لە دڵی خۆیدا گوتی: "خەریکی ڕاوێژو گەنگەشەن کە چۆن بدەن بە سەرماندا."

هەموو ئازای، پشتی سینگ و ڕوخساری نیشتنە سەر ئارەقە... ئەوجا دەنگێك لە سەریانەوە بەرز بووەوە:

– ئەهای، لە گەڵ ئێوەمانە هۆی! لەو کونە بێنە دەرێ، هیچ شتێك دادتان نادات! هەرچۆنێ بێ دەتانکوژین! دەرچوونتان نیە! دنیایەك بەفر وەکو جۆگای شیر، لە سەرێ ڕا بۆ ناو خەرەندەکە داڕژا. دیار بوو یەکێك لە کەنارو بەستێنی خەرەندەکە نزیك بوو بووەوە. ئەوسا دەنگێکی ڕوون و ڕەوان، بە متمانەیەکی تەواوەوە گوتی:

– لێرەوە دابەزیوون. تۆ تەمەشای شوێن پێیەکانیان. من بە چاوی خۆم دیتمن.

– پیوتەر میلیخوف، لەوێ وەرە دەرێ!

شادیەکی کورتخایەن لە دڵ و دەروونی پیوتەر گەڕا. لەدڵی خۆیدا گوتی: "سوورەکان لە کوێ من دەناسن؟ دەبێ ئەوانە لە قوزاقەکانی خۆمان بن. دیارە سوورەکانیان ڕاوناوەو گەڕاونەتەوە" بەڵام دەنگەکە دووبارە بووەوە، ئەمجارە ترس دایگرت.

– من (میخائیل کوشیڤۆی)م داواتان لێدەکەین خۆتان بە دەستەوە بدەن. بە هەرحاڵ، ناتوانن دەرباز بن.

پیوتەر، بەدەست ئارەقەکەی سەر نێوچەوانی سڕی، ناولەپی یەکپارچە ئارەقەو خوێناو بوو. هەستێکی بێموبالاتی سەیر سەراپای داگرت. ئەو قسانەی بودوفسکوڤ بەلاوە بێمانا بوو، کە دەیگوت:

– ئەگەر قەولمان بدەنێ کە بڕۆین بە کاری خۆمانەوە، دێینە دەرێ، ئەگینا تەقەتان لێدەکەین و ئێوە ناتوانن بمانگرن.

ئەوانەی سەرەوە، دوای بێدەنگیەکی کەم، بەرسڤیان دایەوە:

– قەولتان دەدەینێ کە بڕۆن...

پیوتەر، هەولێکی زۆری دا کە وەخۆبێتەوە. هەستی کرد کە وەڵامی سوورەکان، جۆرە تەوسێکی تیایەو بە دەنگێکی کەرخ هاواری کرد:

– بڕۆنە دواوە.

بەڵام ئیدی کەس گوێی بە قسەی ئەو نەدەدا.

هەموو قوزاقەکان، جگە لە ئانتیپ کە لە کونێکا خۆی شاردبووەوە، بە دیواری خەرەندەکەدا هەڵگەڕا و چوونە سەرەوە. پیوتەر لە دوای هەموویانەوە سەرکەوت. ژیان لە ناخیا، وەکو چۆن پز لە پزدانی دایکا دەجوڵێ، بەو ئاوایە دەجوڵا. غەریزەی مان، کارێکی وای پێکرد، کە پێش ئەوەی بە قەدپاڵەکەدا سەربکەوێ، هەموو فیشەکەکانی فڕێ بدات. بە هەورازە ڕکەکەدا سەردەکەوت. چاوی تەم گرتبوونی، دڵی لە سینگیا جێی نەدەبووەوە. حاڵی باش نەبوو، وەکو منداڵێك مێردەزمە چۆکی بە سەر سینگیا دادابێ، بەو ئاوایە هەستی بە تەنگەنەفەسی و خنکان دەکرد. دووگمەکانی قەمسەڵەکەی پچڕین، یەخەی کراسە چڵکنەکەی دادڕی. ئارەقە دەچۆڕایە چاویەوە و بینایی لێڵ دەکرد. دەستەکانی لە سەر زەقاییە یەخ بەستەکانی قەد دیواری خەرەندەکە دەخزین. بە هانکە هانك هەرچۆنێ بوو سەرکەوتە سەرەوە. تفەنگەکەی فڕێدایە بەر پێی و دەستەکانی هەڵبڕین. ئەوانەی پێش ئەو گەیی بوونە سەرەوە، هەموو پیکەوە وەستابوون. میشکا کوشیڤۆی بە نێو ئاپۆڕای سەربازانی پیادە و سوارەی سوورەکانا، بەپێیان بەرەو ئەوان دەهات و چەند سەربازێکی بە دواوە بوو. ڕاست بەرەو پیوتەر ڕۆیی، ڕێك لە بەرانبەریا وەستا، ئەوسا بێئەوەی چاو لە عاردی هەڵبڕێت پرسی:

– لە شەڕ تێر بوویت؟ دڵت ئیسراحەتی کرد؟

ماوەیەك بەدەم چاوەڕوانی وەڵامەوە وەستا. ئەوسا کە هێشتا چاوانی بڕی بوونە هەردوو پێی پیوتەر لە سەری ڕۆیی:

– تۆ فەرماندەیان بوویت؟

لێوی پیوتەر کەوتە تەتەڵە. بەو پەڕی بیتاقەتی و شەکەتی دەستی بۆ نێوچەوانە ئارەقە کردووەکەی خۆی برد. برژانگە درێژو چەماوەکانی میشکا لەرزین، لێوی سەرەوەی کە تامێسکی لێهاتبوو لەرزی. تەزوویەکی هێندە توندی پێدا هات لەوە دەچوو نەتوانێ خۆی بەپێوە بگرێت و یەکسەر بکەوێت لێ لە ناکاوا چاوانی هەڵبڕی و نیگایەکی خوێنساردانەو غەریبی پیوتەری کردو چاوی لە دوڕ چاوانی بڕی و لەبن لێوانەوەو بەپەلە گوتی:

– ڕووت ببەوە!

پیوتەر، پۆستینە پەستەکیەکەی بەلەز داکەندو بە وردی قەدی کردو لە سەر بەفرەکەی دانا، ئەوسا کڵاوەکەی و نیتاقەکەی و کراسە خاکیەکەی داکەندو لە سەر سووچێکی پۆستینەکەی خۆی دانیشت و کەوتە داکەندنی چەکمەکانی و دەم بە دەم ڕەنگی زەردتر دەبوو.

ئیڤان ئالیکسییوفیچ، لە ئەسپەکەی دابەزی، ئەوسا بەرەو ئەوان ڕۆیی، بەدان لێوی خۆی دەکرۆشت، تا قوڵپی گریانی سەر نەکات و لە هۆڕژنی گریان نەدات.

میشا، بەچپە گوتی:

–جلەکانی ژێرەوەت دامەکەنە، پێویست ناکات.

پاشان، موچڕکەیەکی پێداهات و لەپڕ نەڕاندی:

– خێراکە، دەی...

پیوتەر، خێراتر دەست بەکار بوو، گۆرەوییە خورییەکانی گرمۆڵە کردن و نانیە ناو چەکمەکانی. ئەوسا هەستایە سەر پێیان، لە پوستینەکەی دوور کەوتەوەو پێیە خاوسەکانی نانە سەر بەفرەکە، کە بە سەر بەفرەکەوە لە زەعفەرانی زەرد دەچوون.

پیوتەر، لە کاتیکا بە زەحمەت لێوی لە بەر یەك هەڵدێنان، بەئیڤان ئەلیکسییوفیچی گوت:

– ئیڤان!

بەڵام ئیڤان ئالیکسییوفیچ هەر بەو دەقەوە وەستابوو و تەمەشای بەفرەکەی دەکرد کە لە ژێر پێی پیوتەرا دەتوایەوە. پیوتەر کەوتە پاڕانەوە:

– ئیڤان، تۆ باوکی تەعمیدی کوڕەکەم بووی... مەمکوژن.

کە بینی میشکا کوشیڤۆی، دەمانچەکەی هەڵبڕیوەو ڕێك ڕووی لوولەکەی کردووەتە سەر سینگی ئەو، چاوانی ئەبڵەق بوون ئەوسا، وەکو کەسێك بیەوێ بجووڵێ،سەری بردە نێو هەردوو شانی.

گوێی لە دەنگی تەقەکە نەبوو، وەکو یەکێك بە توندی دەڵەکی دابێت بەپشتا کەوت. وای هاتە بەرچاو کە دەستی میشکا کوشیڤۆی، توند دڵی گوشی وهەموو خوێنەکەی لێدەرهێنا. دوا هەوڵی پیوتەر ئەوە بوو، کە یەخەی فانیلەکەی دادڕی و زام و جێ گوللەکەی ژێر مەمکی چەپی دەرخست. زامەکەی لە هەوەڵەوە بە ئاستەم خوێنی دەدەڵاند. ئەوسا فوارەیەکی ڕەشی وەکو قیر بە کفە کف فیچقەی کردو هاتەدەرێ.

"٣٤"

ئەو گەشتی و دەورێیانەی لە تاتارسکییەوە نێردرا بوون بۆ خەرەندەکە، دەمەوبەیان گەڕانەوەو هەواڵیان هێنایەوە کە تا سنوورو ئاقاری ناوچەی ئیلانسکایا ڕۆیشتوون و هیچ شوێنەواریکی سوورەکانیان بەدی نەکردووەو، پیوتەر میلیخوف و دە قوزاقی دیکەیان بینیوە کە بە کوژراوی لە قەراخ خەرەندەکە فڕێ دراون. گریگۆری، چەند خزاگێکی نارد تا جەنازەکان بێننەوەو بەخۆیشی بۆ ئەوەی لە گریەو زاری ژنان و شین و شەپۆری هیستریانەو بێئامانی داریا ڕزگار بێت، چوو بۆ ماڵی خریستونیا تا شەوێ لەوێندەر بەسەر بەرێت. تا بەرە بەیان لەپاڵ

موغەیریەکەدا دانیشت، جگەرە لە دوی جگەرەی دەکێشا، هەرکە جگەرەیەکی تەواو دەکرد، لە ترسی ئەوەی بە تەنیا ڕوو بە ڕووی هزرەکانی خۆی، ڕوو بە ڕووی خەمی مەرگی برایەکەی نەبێتەوە، بەپەلە دەستی بۆ کیسە تووتنەکەی خۆی دەبرد ،جگەرەیەکی دیکەی دەپێچایەوەو دایدەگیراند و بە دەم مژی قووڵەوە، کۆمەڵێك قسەی بێبایەخی بۆ خریستونیای خەواڵو دەکرد.

ڕۆژ بە تەواوەتی هەڵهاتبوو. سەهۆڵ و جەمەدان لە بەیانی زووەوە دەستیان بە توانەوە کرد. نزیکی سەعات دە، لە جادە پڕ تەرس و پشقلەکاندا، چاڵە ئاو پەیدا بوون. چۆڕاوگەی ئاو لە سەربانەکانەوە دەهاتە خواریّ. کەڵەبابێك وەکو ئەوەی لە جەرگەی بەهاردا بیّ دەیخوێند، مریشکێك وەکو ئەوەی لە ڕۆژێکی گەرمی کاتی نیوەڕۆدا بیّ، کەوتە قد قدی. لە حەوشەی تەویلاندا، ڕەشە وڵاخەکان، خۆیان دەدایە هەتاوەکەو خۆیان لە پەرژینەکان هەڵدەسوو. بایەکە، تۆپەڵە کوڵکی پارەکەی لە سەر پشتیان هەڵدەکەندو دەگەڵ خۆیدا دەیبرد. بۆنی نمسارو ناخۆشی سەهۆڵ و جەمەدی تواوە دنیای پڕ کردبوو. مەلیچکێکی چکۆلەی بن سك زەرد، لە کەناری دەروازەکەی ماڵی خریستونیادا، لەسەر لقی ڕووتی دار سێوێکەوە بەدەم جوڵانەوە دەیخوێند.

گریگۆری، لە بەر دەروازەکە وەستا بوو، چاوەڕوانی هاتنەوەی خزاگەکانی دەکرد. بێئەوەی بەخۆ بحەسیّ، ئاوازی مەلیچکەکەی بۆ زمانی سەردەمی منداڵیەتی خۆی پاچڤە دەکرد. مەلیچکەکە، ئەو بەیانیە گەرم و خۆشە، بە شادیەوە بانگی دەکرد: "هەوجارو گاسنت پۆڵانیا بکە! گاسنت پۆڵانیا بکە!"و گریگۆری دەیزانی کە لە کاتی سەرماو سۆڵەدا ئەو باڵندە چکۆلەیە دەنگ و ئاوازەکەی دەگۆڕێت و خەڵکی ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت: "چەکمەت لەپی بکە! چەکمەت لەپی بکە!"

گریگۆری چاوی لە جادەکە گواستەوەو ڕوانیە تەیرە بەجۆش و خرۆشەکە کە بە شادیەوە لێکدا لێکدا دەیخوێند: "گاسنەکەت دەمە زەرد بکەوە! گاسنەکەت دەمە زەرد بکەوە!" ئەو ڕۆژانەی بیرکەوتەوە کە دەگەڵ پیوتەردا لە دەشت و دەرەکەدا قەلەموونی دەلەوەڕاند. هەردووکیان منداڵ بوون. پیوتەر بە قژە زەردو لووتە هەڵگەڕاوەکەیەوە کە هەمیشە پێستی هەڵدا بوو، هێندە وەستایانە لاسایی دەنگی بێچووە قەلانی دەکردەوەو بە زمانێکی منداڵانەی دڵگیر دەیگوتەوە. جووکە جووکی خەمناکی بێچووە قەلەموونەکەی بەجوانی دووبارە دەکردەوەو بە دەنگێکی گلەیی ئامێزەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: "هەموو خەڵکی چەکمەیان هەیە تەنیا من نەبیّ!" ئەوسا چاوانی زەق دەکردەوە و ئانیشکی بەخۆیەوە دەنووساندن و وەکو قەلەموونێکی پیر، ڕێی دەکردو دەیبۆڵاند: "علو! علو! علو! علو! هەتیو نووکە نووك! دەچینە بازاڕ چەکمەت بۆ دەکڕین." هەنگیّ گریگۆری لە قاقای پێکەنینی دەداو تکای لێدەکرد کە جارێکی دی لاسایی قەلەموونی بۆ بکاتەوە یان نمایشی بێچووە قەلەموون بکات کە کاتیّ شتێکی نامۆی بۆ نموونە تەنەکە شکاوێك یان پارچە پەڕۆیەك لە نێو گیاکاندا دەبینیّ، چۆن لە بیرەوە دەچێت و چۆن چۆنی دەجووکێنیّ.

خزاکی یەکەم لەوسەری جادەکەوە دەرکەوت، قوزاقێك شان بە شانی خزاگەکە دەهات. پاشان خزاگی دووەم و سێیەمیش پەیدا بوون. گریگۆری فرمێسکەکانی سڕی و ئەو بزە شیرینەی کە بە هۆی ئەو یادەوەریە نا بەجێیەوە کەوتبووە سەرلێوی، ڕەوایەوەو بە هەشتاو بەرەو بەر ماڵی خۆیان ڕۆیی. دەیویست لەوساتە حەساسەدا ئاگای لە دایکی بێ کە لەحەژمەتاندا وەکو شێتی لێهاتبوو،ئاگای لێی بێت و نەیەڵێ هەڵبکوتێتە سەر ئەو خزاگەی کە جەنازەکەی پیوتەری تیا بوو. ئالیسکی شامیل بە سەری کۆتەوە، شان بە شانی خزاگی یەکەم ڕێی دەکرد. بە ئانیشکی دەستە بڕاوەکەی کڵاوەکەی نابوو بە سینگیەوەو بەدەستی ڕاستی جڵەوی ئەسپەکەی گرتبوو، گریگۆری خێرا نیگای لە ئالیکسی شامیل گواستەوەو ڕوانیە خزاگەکە. مارتین شامیل، بە پشتا لەسەر کۆمەڵێك پوش و پەڵاش ڕاکشا بوو. خوێن بە سەرو چاویەوە وشك بوو بووەوە. قەمسەڵە سەوزە عەسکەریەکەی بە سەر سینگ و بەرۆکیا درابوو و سکی قوپا بووە ناوەوە. جەنازەکەی مانتیسکوف لە خزاگی دووەما بوو. دەموچاوە شەقار شەقارەکەی لە کاو کۆتی ناو خزاگەکە چەقی بوو. سەری بەجۆرێ بردبووە بەینی شانەکانیەوە لە تۆ وایە سەرمای بوو. وەستایانە شمشێرێکیان بەپشتە ملیا کیشابوو، قژە ڕەشەکەی وەکو گێزو گوڵینگ و ڕیشو بە سەر ئێسکی کاسە سەریا کە هەر بەفر بوو، ڕژابوو. گریگۆری تەمەشای خزاگی سێیەمی کرد. جەنازەکەی نەناسییەوە. بەڵام ئەو دەستەی کە لە قەراخ خزاگەکەوە هاتبووە دەرەوە سەرنجی ڕاکێشا، پەنجە مۆم ئاساکانی کە لە دووکەڵی جگەرەدا زەرد هەڵگەڕا بوون و کۆی کردبوونەوە بۆ خاچ کێشان، لە بەفرە نەرمەکە دەخشی و خەتێکی سەیری لە سەر بەفرە نەرمەکە دەنەخشاند، ئەم جەنازەیە چەکمەکانی لەپێداو پاڵتۆکەی لە بەر بوو، تەنانەت کڵاوە فەروەکەشی لە سەر سینگی دانرابوو. گریگۆری جڵەوی ئەسپی خزاگی چوارەمی گرت و بە هەشتاو کردی بە حەوشەی ماڵی میلیخوف دا. دەرو دراوسێ و ژن و منداڵ بەجاریێ ڕژان بە سەریاندا، ئاپۆڕایەکی زۆر لەبەر هەیوان و دەرگاکەدا خڕبوونەوە. یەکێك بە دەنگێکی نزم گوتی:

– ئەمەش پیوتەر پانتیلوفیچ ی ئازیز! ئیدی ئەم دنیای بەجێهێشت.

ستیپان ستاخوف، بە سەری کۆتەوە خۆی بە حەوشەکەدا کرد. ئەوسا باپیرە گریشاکا پەیدا بوو (لەکوێوە هاتبوو؟) و دوای ئەو، سێ پیرە مێردی دیکە پەیدا بوون، گریگۆری نیگایەکی سەرگەردانی دەوروبەری خۆی کرد:

– یارمەتیم بدەن، با بیبەینە ژوورەوە.

کاتێ کە عەرەبانچیەکە دەستی دایە جەنازەکەی پیوتەر کە هەڵی بگرێت، ئاپۆڕاکە بە بێدەنگی و بەرێزەوە ڕێیان دا تا ڕێگا بۆ ئیلی نیچنا، کە لەقاڵدرمەکانەوە دەهاتە خوارێ، بکەنەوە.

ئیلی نیچنا تەمەشایەکی خزاگەکەی کرد. تەمێکی زەردی مەرگبار نیشتە سەر هەنیەی و پاشان گۆناو دەمولووتی گرتەوەو تا سەر چەناگەی هات. پانتلی پروکوفیچ، بە لەرزە لە رز ژێر باڵی گرت. دونیاشکا دەستی بە شین و واوەیلا کردو لە هەمان کاتدا ئەو شین و واوەیلایە لە دە ماڵی دیکەش بەرزبووەوە. دەنگی دەرگایەك هات. داریا بە قژی شێواو دەموچاوی لە گریانا ئاوساوەوە، بە سەر قاڵدرمەکاندا هات و خۆی دا بە سەر خزاگەکەدا:

– پتیوشکا! پیتوشکای گیانم! هەستەوە! هەستەوە!

دنیا لە بەرچاوی گریگۆری تاریك بوو. خۆی پێنەگیرا و هوڤیانە هاواری کرد:

– لاکەوە، داریا!

بێئەوەی بزانێ چ دەکات، پاڵێکی پێوەنا. داریا کەوت بە سەر کۆما(کۆمەڵ) بەفرێکدا. گریگۆری بەپەلە ژێر هەردوو باڵی پیوتەری گرت و عەرەبانچیەکەش، هەردوو گۆزینگی لاقی گرت. بەڵام داریا بە چوار چنگۆڵە لە دوایانەوە بەپلەکاندا سەرکەوت و دەستە ڕەق و جەمەدیەکانی مێردەکەی دەگرت و ماچی دەکردن. گریگۆری هەستی دەکرد خەریکە جڵەوی خۆی لەدەست دەدات. بەپێ داریای لادایە لاوە. دونیاشکا، دەستەکانی داریای لە سەر جەنازەکە لاداو سەری گێژی براژنەکەی نا بەسینگی خۆیەوە.

***

بێدەنگیەکی کوشندە باڵی بە سەر مووبەقەکەدا کێشا. پیوتەر لە سەر ئەرزەکە دانرا، زۆر بچووك دیاربوو. لە تۆ وایە تەواو وشك بووەتەوە. لووتی باریکتر بوو بووەوە. سمیڵە زەردەکەی تاریك دەچووەوە. دەموچاوی کە گرژ بووبوو، جوانتر دیاربوو. لاقە تووکنەکانی لە ژێر پانتۆڵە دەڵبەکەیەوە هاتبوونە دەرەوە. بەفری سەر جەنازەکە بەرە بەرە دەتوایەوەو خوێناوێکی کاڵ دەچۆڕایە ژێری. تا بەفرەکە زیاتر دەتوایەوە، بۆنی خوێن و خوڕو بۆساردی جەنازەکە زیاتر بەرز دەبووەوە.

پانتلی پروکوفیچ، لە ژێر کەپرەکەدا، خەریك بوو تەختەی بۆ دروستکردنی تابووت ڕەندە دەکرد. ژنان لە ژوورەوە، مژوولی داریا بوون کە هێشتا وەهۆش نەهاتبووەوە. ناو بە ناو یەکێك لە ژوورەوە بە دەنگی بەرز شینێکی دەکێشاو پاشان پوورە ڤاسیلیسای پیر کە هاتبوو بە شداری خەمی ماڵباتی میلیخوف بکات، بە دەنگێکی نزمتری وەکو خوڕە خوڕی جۆبار بۆی دەسەندەوە.

گریگۆری، لە سەر تەختێك لە بەرانبەر براکەیا دانیشتبوو. بەدەم پیچانەوەی جگەرەیەکەوە دەیڕوانیە دەست و پێیە زەردەکانی و نینۆکە شینەوە بووەکانی. هەستی بە غەریبی و جودایی لە پیوتەر کرد. تەزوویەکی ساردی پێداهات: پیوتەر ئیدی براو ئەندامی خانەوادەکەیان نەبوو. بەڵکو میوانێکی ڕەوتەنی بوو و دەبوایە هەر ئێستا بڕوات و لەوجیا ببێتەوە. ئێستا لە ئەرزەکەدا ڕاکشابوو، گۆنای لە سەر ئەرزە رووتەکە بوو، بزەیەکی نیوچڵی کۆنگ و ئارام لە ژێر سمێڵە زەردەکەیا کە لە گوڵە گەنمی گەییو دەچوو، قەتیس مابوو. دەتگوت چاوەڕوانی شتێکە.

سبەینێ ژنەکەی و دایکی، بۆ دوا سەفەر ئامادەی دەکەن. دایکی لە ئێوارەوە سێ مەنجەڵ ئاوی بۆ نایە سەر ئاگر، ژنەکەی پاکترین دەرپێ و باشترین پانتۆڵ و جوانترین قەمسەڵەی فەرمی بۆ دەرهێنا. گریگۆری، برای و پانتلی پروکوفیچی باوکی، جەستەی، کە ئیدی هیچ دەسەڵاتێکی ئەوی بەسەرەوە نەمابوو و شەرمی لە ڕووت و قووتی خۆی نەدەکرد، دەشۆن. ئەوسا جلی یەك شەممەی لەبەر دەکەن و لەسەر مێزەکە درێژی دەکەن. ئەوسا داریا دێت، دەستە گەورەو ساردو سڕەکانی، کە تا دوێنێ لە مل و سینگ و بەرۆکی ئەمی وەردێنان، دەگوشێت و ئەو مۆمەی لە دەست دەنێت کە لە ڕۆژی زەماوەندەکەیاندا، لە کڵێسادا بۆیان داگیرساند بوون. هەنگێ ئەو

قوزاقەی کە ناوی پیوتەر میلیخوف بوو، ئامادە دەبێت بۆ سەفەری ئەو شوێنە بەرێ بکرێت، کە شوێنێ یەکجارەکی و بێگەڕانەوە بوو. کە نەیدەتوانی بە مادوونیش بگەڕێتەوە بۆ باوەشی گەرم و گوڕی ماڵ. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گازندەی لە براکەی دەکرد: "دەبوایە لە شوێنێکا لە پرووس خۆت بەکوشت بدەی، نەك لێرە لە بەرچاوی دایکت!" کە ڕوانیە جەنازەکە، لە پڕ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا: دڵۆپە فرمێسکێکی گەش بە سەر گۆنای پیوتەرەوە بەرەو سمێڵە شێواوەکەی دادەخزی. گریگۆری ڕاپەڕی، بە وردی دیقەتی دا، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا: ئەمە فرمێسکی مردو نەبوو، بەڵکو دڵۆپە ئاوی ئەو تنۆکە بەفرە بوو کە لە ناو قژەکەیا، کە بە سەر هەنیەیدا ڕژابوو، توابووەوەو بە هێواشی بە گۆنایدا دەهاتە خوارەوە.

"٣٥"

فەرماندەی گشتی هێزی یەکگرتووی یاخییانی دۆنی باڵا، گریگۆری میلیخوفی کرد بە فەرماندەی کەتیبەی ڤیشنسکایا کە بریتی بوو لە دە سریەی قوزاق. گریگۆری دەبوایە بەو دە سریە قوزاقەوە بەرەو کارگینسکایا پێشڕەوی بکات. لە سەرکردایەتی سوپاوە عازی بۆ هاتبوو، کە بە هەر نرخێ بووە. مەفرەزەو قوەتەکەی لیخاچوف، تەفرو تونا بکات و لە ئاقارو سنووری دەڤەرەکەی وەدەر بنێ، تا بتوانێ گوندەکانی گوێی ڕوباری چیر، لە ناوچەکانی کارگینسکایا و بوکوفسکایا هانبدات و هەستن و ڕاپەڕین بەرپابکەن.

گریگۆری ڕۆژی حەوتەمی ئازار بە ڕێکەوت، لە سەر ترۆپکی ئەو گردەی کە بەفری خاڵ خاڵ چوو بووەوە، وەستا، ئەمری کرد هەر دە سریەکە بە بەردەمیا ڕەت بن و، لە سەر زینی ئەسپەکەی دانیشتبوو، دانەوی بووەوەو جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشا تا سەرکێشی نەکات. سریەی گوندەکانی کەناری دۆن: بازکی، بیلوگورکا، ئولشانسکی، میرکولوف، گرومفسکی، سیمیونوفسکی، ریبینسکی، ڤیدیانسکی، لیباژی و ئیریك بە ڕێز بە بەردەمیا ڕەت دەبوون.

گریگۆری، بە دەستانی بەدەستێکێشەوە، دەستی بە سمێڵە ڕەشەکانیا دێناو کەپووە دەندووکە داڵاشیەکەی کرژ دەکردەوەو بە چاوانی تیژ و مەنگەوە، لە ژێر برۆ کەوانیەکانیەوە، تەمەشای هەر سریەیەکی دەکرد. سمی تەرساوی ئەسپەکان، بەفرە شلە ئامال قاوەییەکەی دەشێلا. ئەو قوزاقانەی کە گریگۆرییان دەناسی، کاتێ بە بەردەمیا ڕەت دەبوون، بۆی دەگرژینەوە، دووکەڵی جگەرە هەور ئاسا، بە سەر سەریاندا بۆ چەند ساتێك دەپەنگایەوەو پاشان مەحوو دەبووەوە. ئەسپەکان هەڵمیان لێهەڵدەستا.

گریگۆری بە گەڵ دوا سریە کەوت. لە سێ فرسەخی (فرسەق) فیشنسکایادا تووشی دەورێیەك بوون کە دەگەڕایەوە، نایب زابتێك کە فەرماندەیی دەورێیەکەی لە ئەستۆ بوو، بە تاو بەرەو گریگۆری هات و گوتی:

– سوورەکان، بەرەو چوکارین، پاشەکشە دەکەن.

مەفرەزەکەی لیخاچوف، فیزماڵکی دایەو شەڕی لەگەڵ نەکردن. (فیز ماڵك: خۆدزینەوە). گریگۆری سێ سریەی نارد کە گەمارۆی دژمن بدەن. بەحەوت سریەکەی دیکەش بەجۆرێ دوایان

کـەوت و پـەلاماری دان، هـەر زوو لـە نزیکـی چـوکاریندا، سـوورەکان کەوتنـە بەجێهێشـتنی گالیسـکەی باروبنـەو سـەندوقە گوللـە تۆپـەکانیان. لـە دەرێـی گونـدی چـوکارین، نزیکـی کۆنـە کلێسـایەکی چـکۆلە. تۆپخانەیـەکی سـوورەکان، لـە ڕوبارەکـەدا لـە قـوڕ چـەقی. ئیـدی عەرەبانچیەکان، قایش و قروشـی خـزاگ و گالیسـکەکانیان بـڕی و بـە نێـو کێڵگـە و مەزراکانـدا هەڵاتن و بە چوار ناڵە بەرەو کارگینسکایا قووچانیان.

قوزاقـەکان، بێئـەوەی تووشـی شـەڕو بەرگرییـەکی ئـەوتۆ بـبن، نزیکـەی پـازدە کیلومـەترێك، چوکارینیان بـەرەو کارگینسکایا بەجێهێشت. هەرچەندە لـەودیوی یاسینوڤکایادا، دەستەیەکی گەشتی(دەوریٚ) دژمن، چەند فیشەکێکی بەرەو پێشەنگانی ڤیشنسکایا تەقاند، بەڵام جگە لەمە تووشی هیچ شەڕێکی دیکە نەبوون. قوزاقەکان، لە بەینی خۆیاندا بە گاڵتەوە دەیانگوت: "ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، کاتێك بەخۆ دەزانین، گەییوینەتە نوڤوچرکاسك!"

گریگـۆری بە گرتنی تۆپخانەکە خۆشحاڵ بوو، لە دڵی خۆیدا، بە تەوسەوە گوتی: "تەنانەت فریا نەکـەوتوون، تۆپەکانیشـیان بتەقێننـەوە." قوزاقـەکان، گاجووتیـان لـە تۆپـەکان بەست و لـە قوڕیان دەرهێنان. ئیدی تۆپچیان لـە هـەموو سریەکانەوە هاتن. بـۆ ڕاکێشـانی هـەر تۆپێك شـەش ئەسپ تەرخان کراو، نیو سریەش بۆ پاسەوانی تۆپەکان دانرا.

قوزاقـەکان ئێوارەیـەکی درەنـگ کارگینسـکایایان گـرت. بەشـێکی مەفرەزەکـەی لیخاچـوفیان بـە دیلی گرت، هەروەها سی تۆپ و نۆ ڕەشاشیان گرت. باقی سەربازە سوورەکان توانی بوویـان لـە گـەڵ کۆمیتـەی شۆڕشـی کارگینسـکایادا، لـە ڕێگـەی گوندەکانـەوە بـەرەو ناوچـەی بوکوفسـکایا هەڵێن.

ئەو شەوە تا بەیانی باران باری .بەیانی کەندو شیوەڵەکان لە ئاوا بریقەیان دەهات. ئاو ڕێگای پەڕینەوەی نە دەدا، هەر چاڵێك بۆخۆی داوێك بوو. بەفر بەدەم بارانەوە توابووەوەو خۆ بە خۆ دەنیشت. ئەسپەکان لە قوڕ و قوڕاوا دەچەقین، قوزاقەکان لە ماندوویەتیدا، لە پەلوپۆ کەوتبوون. ئـەو دوو سـریەیەی کـە بـە سـەرکردایەتی مـلازم خـارلامپی یـەرماکوڤ، خـەڵکی بـازکی، لەلایـەن گریگـۆری یـەوە بـۆ تـاقیبی دژمـنی هـەڵاتوو نێردرابـوو، لـە گونـدەکانی لاتیچفسـکی و ڤیسلوگوزفسکی کـە لـە یەکدیـەوە نزیـك بـوون، نزیکـەی سـی دیلیـان گـرت و پـێش نیـوەڕۆ بـۆ کارگینسکایایان هێنانەوە.

گریگۆری ماڵێکی یەجگار گەورەی کرد بوو بە بارەگای خۆی، ئەمە خانووی بازرگانێکی گەورە بوو بە نێو کارگێن. دیلەکانیان هێنایە حەوشەی ئەو ماڵەوە. یەرماکوف، وەژوورکەوت، سڵاوی لە گریگۆری کردو ڕاپۆرتی خۆی پێشکەش کرد.

– بیست و حـەوت دیلمـان لـە سـوورەکان گرتـووە. موراسـیلەکەت ئەسـپەکەی هێناویـت. ئێسـتا دەڕۆیت؟

گریگـۆری کەمەربەنـدی پاڵتۆکـەی بەسـت و ئـەوجا چـووە بـەر ئاوێنەکـە. قژەکـەی کـە لـە ژێـر کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ شانە کردو ئەوسا ئاوڕی لە یەرماکوف دایەوە:

– بەڵێ ئێستا دەڕۆین، لە مەیدانی گوندا کۆبوونەوەیەك دەکەین و پاشان دەکەوینە ڕێ.

یەرماکوف، شانەکانی هەڵتەکاندن و بە بزەیەکەوە گوتی:

– باشە پێویست بە کۆبونەوە دەکات؟ قوزاقەکان هەموو بە سەر ئەسپەکانیانەوە، هەموو بەبێ کۆبوونەوە حازرو ئامادەن. تەمەشا پیاوانی ڤیشنسکایا وا هاتن، ئەوانە هی ڤیشنسکایا نین؟

گریگۆری لە پەنجەرەکەوە تەمەشایەکی دەرەوەی کرد. سێ سریە بە نەزم و تەرتیبێکی جوان، چوار چوار ڕیز بووبوون. قوزاقەکان بە سواری ئەسپەکانیانەوە، بە ڕاستی دیمەنێکی جوانیان هەبوو. دەتگوت بۆ نمایشی عەسکەری خۆیان ئامادە کردبوو. گریگۆری، بە خۆشحاڵییەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

– ئەمانە لە کوێوە دێن؟

گریگۆری، بەدەم بەستنی شمشێرەکەیەوە، بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت. یەرماکوف، لە بەر دەروازەکە خۆی گەیاندێ.

فەرماندەی سریەی یەکیش، خەریك بوو لە گریگۆری نزیك دەبووەوە، دەستی ڕێزو سڵاوی بۆ بەرزکردەوە، زاتی نەدەکرد تەوقەی لە گەڵدا بکات.

– تۆ هاوڕێی میلیخوفیت؟

– بەڵێ، ئێوە لە کوێوە دێن؟

– ئێمە لە ڕیزی کەتیبەکەتاندا قەبووڵ بکەن. هاتووین پەیوەندی بە ئێوەوە بکەین. ئێمە دوێنێ شەو سریەکەمان دروستکرد، خەڵکی (لیخوڤیدوڤ)ین. ئەو دوو سریەیەی دیکەش خەڵکی گراچوف و ئارخیپوفکانن.

– قوزاقەکانتان ببەن بۆ مەیدانی گوند، ئێستا کۆبوونەوە دەکەین.

موراسیلەکەی گریگۆری (کە پروخورزیکوف بوو) ئەسپەکەی بۆ هێناو لە ڕووی خۆشخزمەتیەوە ڕکێفەکەشی بۆ گرت.

یەرماکوف، بە تەڕ دەستی بێئەوەی دەست بەیاڵی ئەسپەکەوە یان بە قەڵپوسی زینەکەوە بگرێت، جەستەی شووش و باریك و ماسولکە پۆڵاییینی خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو قوت لە سەر زینەکە دانیشت. بەپەلە خۆی گەیاندە گریگۆری، داوێنی پاڵتۆکەی لە سەر زینەکە چاك کردو، گریگۆری پرسی:

– باشە چی لە دیلەکان بکەین؟

گریگۆری، قۆپچەی سەرەوەی پاڵتۆکەی ئەوی گرت و سەری بردە پەنا گوێیەوە، گڕ لە چاوانی دەبووەوە، بزەیەکی دڕندانە، لە ژێر سمێڵەکانیەوە، لێوی بزواند.

– بە پاسەوانا بۆ ڤیشنسکایایان بنێرە، تێگەیشتی؟ بەڵام نابێ بگەنە ئەو دیوی ئەو گردەی دیارە.

ئەوسا بە قامچیەکەی دەستی، ئاماژەی بۆ گردێك کرد کە بە سەر کارگینسکایادا دەیڕوانی ئیدی بە سواری ئەسپەکەی بە ڕێکەوت، لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە یەکەم هەنگاوە بۆ تۆڵە سەندنەوەی پیوتەر." و بێهیچ هۆیەکی دیار، قامچیەکی ئەوتۆی کێشا بە کەفەڵی ئەسپەکەیدا کە شوێنەکەی سپی بووەوەو دەم و دەست ئاوسا.

گریگۆری بە هێزیکی گەورەی سێ هەزارو پێنج سەد کەسییەوە لە کارگینسکایاوە بەرەو بوکوفسکایا دەرچوو. سەرکردایەتی سوپاو کۆمیتەی جێبەجێکردنی ناوچە. چەند ڕێنمایی و دەستوریکیان بۆ نارد. ئەندامێکی سەرکردایەتی نامەیەکی پڕ نەوازشی ئامۆژگاری ئامێزی بۆ ڤڕێ کرد:

"هاوڕێی زۆر بە ڕێز، گریگۆری پانتیلوفیچ، هەندێ بانگەشە و دەنگۆی خراپمان پێدەگاتەوە کە گوایە تۆ بە بێپرس بە شێوەیەکی نەشیاو و بێڕەحمانە ئەسیرانی سوپای سوور ئیعدام دەکەیت. دەڵێن ئەو سی ئەسیرە سوورەی کە لە لایەن یەرماکوفەوە، لە بوکوفسکایا گیرابوون، بە فەرمانی تۆ نەك هەر ئیعدام کراون بەڵکو بە شمسێر لەت و پەت کراون. دەڵێن قومندانێك لە نێو ئەو دیلەکاندا هەبووە کە دەکرا سوودی لێوەر بگرین و لە ڕێگای ئەوەوە دەمانتوانی بزانین هێزی دژمن چەندە. هاوڕێی ئازیز ئەو فەرمانەی خۆت کە کەس ئەسیر بەزندوویەتی نەگرێت، هەڵبوەشێنەوە، چونکە ئەم فرمانە زەرەری زۆرمان لێدەدات. وەکو دەڵێن قوزاقەکانیش لەم ڕەفتارە بێزارن و خوتەو بۆڵەیان تێکەوتووەو دەترسن سوورەکانیش دەست بە کوشتاری ئەسیرانی ئێمەو وێرانکردنی گوندەکان بکەن. سەبارەت بە فەرماندەکانیشیان بۆ لای ئێمەیان بنێرن. ئێمە بە بێدەنگی لە ڤیشنسکایا یان لە کازانسکایادا لە ناویان دەبەین. تۆ حاڵی حازر وەکو تاراس بۆڵبای ڕۆمانە مێژووییەکەی گۆگۆڵ، نووسەری ڕووس، بە سریەکانی خۆتەوە پێشڕەوی دەکەیت و هەرچیەکەت بەر دەست بکەوێ، بە ئاگر و ئاسن، بە گوللەو شمشێری دەسپێریت و بوویت بە مایەی نیگەرانی قوزاقەکان. تکایە خۆت زەوت بکە. ڕێبازێکی میانڕەوانە بگرە بەرو ئەسیران مەکوژە، بەڵکو بۆ ئێمەیان بنێرە. هێزو توانای ئێمە لەوەدایە. دەی هەر ساغ و سەلامەت بی. سڵاوی گەرمی ئێمەت لێبێ، چاوەڕوانی هەواڵی سەرکەوتنی گەورەترو زیاتری تۆین."

گریگۆری بێئەوەی نامەکە تا کۆتایی بخوێنێتەوە، دڕاندی و تووڕی دایە ژێر سمی ئەسپەکەی.

"کودینوف"ش نامەیەکی بۆ نووسی:

"یەکسەر هێرش بەرەو باشوور. بۆ سەمتی کروتنسکی –ستاخوڤو –گریکوڤۆ بەرە. سەرکردایەتی بەپێویستی دەزانێ کە لە گەڵ جەبهەی کادێتەکاندا یەك بگرینەوە. ئەگینا ئابلۆقە دەدرێین و وەزعمان زۆر خراپ دەبێت."

گریگۆری هەر لە سەر زینەکەوە بۆی نووسییەوە: "من بەرەو کوفسکایا پێشڕەوی دەکەم و دژمن لە حاڵی پاشەکشە دایە. من بۆ کروتنسکی ناڕۆم و ئەمرەکەی تۆ بە ئەمرێکی سەخیف دەزانم. ئاخر بۆچی بڕۆم بۆ ستاخوڤۆ، هێرش بکەمە سەر کێ؟ ئەوێ جگە لە باو هەندێ جووتیاری ڕەش و ڕووتی ئۆکرانی هیچی تری لێنیە."

نامەو نامەکاری "فەرمی" ئەو لە گەڵ بارەگای سەرکردایەتی یاخیەکاندا، بەو نامەیە کۆتایی هات. سریەکانی لە دوو کەتیبەدا کۆکردنەوەو بەرەو گوندی کونکوف، کە لە قەڵەمڕەوی

بوکوفسکایا بوو، کەوتە پێشڕەوی. تا ماوەی سێ ڕۆژان بەخت یاری گریگۆری بوو. دوای ئەوەی کە بوکوفسکایای بە شەڕێکی قورس گرت، ڕیسکی کردو بەرەو کراسنوکۆشکایا ڕۆیی. مەفرەزەیەکی بچووکی ، کە ویستبووی ڕێگایان لێبگرێت تەفروتونا کرد، بەڵام ئەمجارەیان فەرمانی کوشتاری یەخسیرەکانی نەداو بۆ پشتی جەبهەی ناردن.

گریگۆری ڕۆژی نۆیەمی ئازار بەرەو گوندی چیستیاکوفکا ڕۆیی. سەرکردەی سوورەکان کە هەستی کرد، چ مەترسییەکی گەورە هەڕەشە لە هێڵەکانی پاشەوەی هێزەکانی دەکات، چەندین کەتیبەو تۆپخانەی نارد بۆ سەرکوتکردنی یاخییەکان. هێزی سوورەکان لە نزیکی چیستیاکوفکادا، دەگەڵ هەردوو کەتیبەکەی گریگۆری دا لێیان بوو بە شەڕ. شەڕەکە سێ دانە سەعاتی خایاند. گریگۆری لە ترسی ئەوەی نەبا بکەوێتە داوەوەو ئابلۆقە بدرێت، هێزەکانی خۆی بەرەو کراسنوکوتسکایا کشاندەوە. بەڵام دانی بەیانی ڕۆژی دەیەمی ئازار، قوزاقانی سووری خوپەر، بە تەواوەتی تەنگیان بە جەنگاوەرانی ڤیشنسکایا هەڵچنی. ئیدی قوزاقانی دۆن، بەدەم هێرش و هێرشی پێچەوانەوە تێکبەربوون و لە دوو شەڕگەی جیاوازەوە بە شمشێران کەوتنە گیانی یەکدی. گریگۆری گۆنای برینداربوو، ئەسپەکەی لە گەرمەی شەڕدا کوژرا، ئیدی ناچار کەتیبەکانی خۆی لە مەیدانی شەڕەوە بەرەو بوکوڤسکایا کشاندەوە.

هەر ئەو ڕۆژە، دانی ئێواریٚ، بە مەبەستی زانینی زانیاری زیاتر دەربارەی دژمن لە گەڵ یەکێك لە دیلەکاندا کەوتە پرس و جۆ. ئەم دیلە قوزاقیکی خەڵکی دەڤەری تپیکینسکایا بوو، گەنج نەبوو. کابرایەکی قژ زەردی سینە چاڵ بوو، نەوارێکی سووری پارچە پارچە بە قۆڵی پاڵتۆکەیەوە بوو. بێگریٚ و ئارەزوومەندانە وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، بزەیەکی شێواوی دەستکرد بەسەر لێوییەوە بوو.

– ئەو کەتیبانەی کە لە شەڕگەی دوێنێدا بە شدار بوون، کامانە بوون؟

– کەتیبەی سێیٚ قوزاق، کەتیبەی ستنکارازین، کەتیبەکەی من کە زۆربەی هەرە زۆریان قوزاقی ناوچەی خوپەرن، و کەتیبەی زامورسکی پێنجەم، کەتیبەی دوازدەی سوارەو کەتیبەی شەشەمی متسینگ.

– بەفەرماندەیی کیٚ؟ کیکیفدزە؟

– نا، فەرماندەیی هەموو هێزەکان بە هاوڕێ دومنیچە.

– ئەدی تەقەمەنیتان چۆنە، زۆرە؟

– بەڵێ، لە حیساب نایەت!

– ئەدی تۆپ؟

– درۆم نەکردبێ هەشت دانەیە.

– باشە جەنگاوەرانی کەتیبەکەی تۆ کوێندەرین؟

– خەڵکی دێهاتەکانی کامنسکایان

– باشە پێیان گوتبوون بۆ کوێتان دەبەن؟

یارۆی دیل دوو دڵ بوو، بەڵام وێڕای ئەوەش بەرسڤی دایەوە. گریگۆری دەیویست بیر کردنەوەو هەڵوێستی قوزاقانی سوور بزانێ

– باشە قوزاقەکان کە بە سەربازی گیران، لە بەینی خۆیاندا چیان دەگوت؟

– دەیانگوت حەز ناکەن شەڕ بکەن.

– باشە لە کەتیبەی تۆدا، دەزانن ئێمە بۆچی ڕاپەڕیوین؟

– لە کوێ بزانن؟

– ئەدی بۆچی حەزیان نەدەکرد شەڕ بکەن؟

– چونکە ئێوەش وەکو ئێمە قوزاقن. ئەمە جگە لەوەی کە لە شەڕ بێزار بووین، بەس نییە؟ لەوەتای پەیوەندیمان بە سوورەکانەوە کردووە، بەردەوام لە شەڕداین، شەڕ تەواو نابێ و نابێ.

– باشە حەزدەکەی پەیوەندی بە ئێمەوە بکەیت؟

یارۆی یەخسیر شانەکانی هەڵتەکاند

– بەکەیفی تۆ. بەڵام پیاو ڕاست بڕوا خۆم حەزناکەم کە...

– باشە، برۆ. دەت نێرینەوە بۆلای ژنەکەت. دڵنیام کە بیری دەکەیت، وانیە؟

گریگۆری بەچاوانی نیمچە نوقاوەوە، لە دواوە ڕوانیە یارۆی دیل کە دوور دەکەوتەوەو پروخوزیکوفی بانگ کرد. ماوەیەکی زۆر بە دەم جگەرەکێشانەوە لە فکران ڕاچوو. ئەوسا هەستا، بە نێو ژوورەکەدا ڕۆیی، لە بەر پەنجەرەکەیا وەستا، پشتی لە پروخور بوو، بە هێمنی گوتی:

– دەڵێم، بە کوڕەکان بڵێ، ئەو پیاوەی کە پرس و جۆم لەگەڵ دەکرد ببەن و لە پەنایەکا، بە بێدەنگی بیکوژن. نامەوێ هیچ دیلیکی قوزاقانی سوور بەزیندوویەتی ڕابگرم!

ئەوسا بە توندی لە سەر پاژنەی سواوی چەکمەکانی وەرچەرخاو گوتی:

– بڵێ بە زووترین کات لە نێوی بەرن، دەی برۆ.

پروخۆر، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، گریگۆری چەند دەقیقەیەك لە وێدا وەستاو کەوتە شکاندنەوەی لاسکی ئەو گوڵە شەمامنییەی کە لە قەراخ پەنجەرەکە ڕوێنرا بوو. ئەوجا بە هەشتاو تا سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگا ڕۆیی. سەیری کرد پروخور زیکوف، بە ئەسپایی قسە دەگەڵ ئەو قوزاقانەدا دەکات، کە لەبن دیواری عەماری گەنمەکەدا خۆیان دابووە بەر هەتاو. گریگۆری بێئەوەی سەیری قوزاقەکان بکات، بانگی پروخۆری کردو گوتی:

– ئەو دیلە بەرێ بکە! پسوڵەیەکی بۆ بکە با بڕوات.

ئەوسا، بۆ ژوورەکە گەڕایەوەو لە بەرانبەر ئاوێنەیەکی کۆندا وەستا. بە شێوەیەکی سەرگەردانە، هەردوو باسکی بڵاوکردنەوە. بەخۆیشی نەیدەزانی بۆ چووە دەرێ و بۆ فەرمانی دا کە ڕێگەی کابرای دیل بدەن بڕوات. کاتێ کە بە سوعبەتەوە بە کابرای دیلی گوتبوو: "دەتنێرینەوە بۆلای ژنەکەت... برۆ" و دەیزانی هەر ئێستا پروخور بانگ دەکات و فەرمانی دەداتێ کە یارۆی قوزاقی سووری خوپەری ببات و لە نێوی ببات، هەستی بە شاکامیەکی قین ئامێز کرد بوو. ئێستاش کە ڕەحمی جوڵابوو، کەم دابێژێك پەشۆکابوو. ئاخر ئەم هەستەی کە لەودا بێدار بوو بووەوە کە لە دژمنێك ببورێ و ئازادی بکات، جگە لە بەزەیی چ شتێکی دی بوو؟

بەڵام لە هەمان کاتدا هەستی بە جۆرە شادیەکی کۆنگ دەکرد... ئەم شتەی چۆن بە خەیاڵدا هاتبوو؟ گریگۆری بەخۆیشی پەی بەمە نەدەبرد. ئەم کارە لەو ڕووەوە سەیرو غەریب بوو کە دوێنێ بەخۆی بە قوزاقەکانی خۆی گوتبوو: "جووتیاران دژمنی ئێمەن. بەڵام ئەو قوزاقەی داشداری سوورەکان دەکات دوو جار دژمنی ئێمەیە. لەم حاڵەتەدا دەبێ مامەڵەی سیخوڕی لە گەڵدا بکرێت و لەبەر دیوارێکدا ڕابگیرێ و حوکم بدرێت: یەك، دوو، بڕۆ بۆ ئەو دنیا."

گریگۆری، کاتێ کە لە ژوورەکەی خۆی وەدەرکەوت، هێشتا لە ناخی خۆیدا گیرۆدەی ململانێیەکی دژوار بوو، هەرچی دەکرد بۆی لە بنج و بناوان نەدەکرا، لەلایەکەوە ڕق و کینە و لەلایەکەوە سۆزو بەزەیی، هەستی بە نادروستی و ناڕەوایی مەرامی ئەو ئامانجە دەکرد کە دوای کەوتبوو. فەرماندەی کەتیبەی چیر، کە پیاوێکی باڵا بەرز بوو کاتی خۆی لە کەتیبەی گاردا خزمەتی کرد بوو، لە گەڵ دوو فەرماندەی فەسیلدا، هات بۆلای گریگۆری و گوتی:

– هێزی تازە نەفەسمان بۆ هاتووە، سێ هەزار سوارە لە ناپولوف و یابلونیڤیاو گوستیکاو نزیکەی دوو سریەی پیادە، دەتەوێ چی لەمانە بکەیت، میلیخوف؟

گریگۆری، ئەو دەمانچە ماوزەڕو فیشەکدانە جوانەی کە لە لیخاچوڤ گرتبوو، لە خۆی بەست و چووە ناو حەوشە. دنیا هەتاو بوو، ئاسمان وەکو ڕۆژانی هاوین بەرزو شین بوو. پەڵە هەورێن بچووك بچووك بە بەرۆکی ئاسمانەوە بەرەو باشوور دەڕۆیشتن. گریگۆری هەموو فەرماندەی سریەکانی، لە سووچێکی حەوشەکەدا خڕکردنەوە تا تەگبیرو ڕاوێژ بکەن. نزیکەی سی نەفەر هاتن و لەسەر دیوارێکی ڕوخاودا دانیشتن. یەکێکیان کیسە تووتنەکەی خۆی بە سەر هەموویاندا گێڕا. گریگۆری، فەرمانەکەی کودینوڤ بە ئامادەبووان ڕاگەیاندو پرسی:

– نەخشە و بەرنامەمان چی بێ؟ چۆن بەگژ ئەو کەتیبانەدا بچینەوە کە لەچیستیاکوفکا ڕاویان ناین و پاشەکشەیان پێکردین. چۆن چۆنی تەفرو تونایان بکەین، چ ڕێگەیەك بگرینە بەر؟ یەکێك لە فەرماندەی سریەکان پرسی:

– ژمارەیان چەندە؟ هیچت لە کابرای ئەسیر هەڵکڕاند؟

گریگۆری، ناوی ئەو کەتیبانەی بردو بەپەلە ژمارەی ڕم و شیرەکانی دژمنی خەملاند. فەرماندەی سریەکان هەموو بێدەنگ بوون. لە کۆبوونەوەیەکی لامسەر لایی وەکو ئەمەدا هیچ نەدەگوترا. بۆیە فەرماندەی سریەی گراچوف، گوتی:

– میلیخوف، پەلەمان لێمەکە. با بیرێك بکەینەوە! ئەم کارە، شمشێر وەشاندن نیە. نابێ هەڵە بکەین.

ئەو پیاوە یەکەم کەس بوو کە ڕاو بۆچوونی خۆی گوت. گریگۆری بە وردی و بە بایەخەوە گوێی لە هەموویان گرت. زۆربەی فەرماندەکان ڕایان وابوو ئەگەر سوور بزانن سەرکەوتوو دەبن، نابێ لەوە دوورتر بڕۆن و پێویستە شەڕی بەرگری بکەن، نەك شەڕی هێرش و پەلامار. بەڵام یەکێکیان کە خەڵکی چیر بوو، زۆر بەگەرمی پشتیوانی لە دەستوورو فەرمانەکەی فەرماندەی گشتی هێزەکانی قوزاق کردو گوتی:

– هیچ ماقووڵ نیە لێرە بمێنین و وەختی خۆمان بە فیڕۆ بدەین. بامیلیخوف بەرەو دۆنتس پێشمان بکەوێت. خۆ شێت نین؟ ئێمە هێزێکی بچووك بووین نە بووین، بەڵام ئەوان هەموو ڕووسیایان لە گەڵە چۆن بەرگەیان دەگرین؟ لە گەڵ یەکەم هێرشدا، دوامان دەبڕن. دەبێ تەگبیرێکی حاڵی خۆمان بکەین. هەقە هێرش بەرین، ڕاستە تەقەمەنی و ئەسپابی شەڕمان کەمە، بەڵام بەدەستی دێنین. پێویستە هێرش بکەین، خێرا بڕیارێك بدەن.

– باشە وا هێرشمان کرد، ئەدی چی لە کەسوکار، ژن و منداڵ پیرو کاڵان دەکەیت؟

– با بۆ خۆیان لێرە بن.

– ئەقڵێکی باشت هەیە، لێ حەیفێ لە کەللەی گەوجێکدایە!

تا ئەوساتە فەرماندەێن سریەکان کە لە سەر دیوارەکە دانیشتبوون بەچیەوە باسی شۆو بڕینی بەهارەیان دەکرد کە وەختی نزیك بوو بووەوەو باسی ئەوەیان دەکرد کە ئەگەر بچنە شەڕ و دەست بە هێرشان بکەن چی بە سەر ماڵ و حاڵ و کشتوکاڵیاندا دێت، لێ دوای قسەکانی کابرای چیریی، هەموو زمانیان کرایەوە و دەنگیان بەرز کردەوەو کۆبوونەکەیان وەکو کۆبوونەوەی گوند بوو بە هەراو زەنا. قوزاقێکی بە تەمەنی خەڵکی ناپولوف، بە دەنگێکی بەرزتر لە دەنگی ئەوانی دی گوتی:

– ماڵەکانی خۆمان بەجێ نایەڵین، ماڵ بە سەر کێدا بەجێ بێڵین من یەك لە باری خۆم، سریەکەم دەبەمەوە بۆ گوندەکەی خۆمان. ئەگەر قەرار بێ شەڕ بکەین، با ئەو شەڕە لە دەوروبەری ماڵی خۆماندا بێ، بۆچی خەمی خەڵکی دی بخۆین و بەرگری لە خەڵکی دی بکەین؟

– قسەکەم پێمەبڕە!... با قسەکەم تەواو بکەم، هەرا هەرای چیتە!

– قسە فایدەی نیە!...

– با کودینوف، بەخۆی بڕوات بۆ دونتس!

گریگۆری چاوەڕوانی کرد تا وەزعەکە هێور بووەوەو ئەوسا ڕای بنجبڕی خۆی دەربڕی:

– ئێمە، لێرەدا دەمێنینەوەو بەرگری لە سەنگەرەکانی خۆمان دەکەین، هەرکاتێ قوزاقێن کراسنوکوتسکایا پەیوندیمان پێوە بکەن، بەرگرییان لێدەکەین. لێرە دەمێنینەوەو بۆ هیچ شوێنێك ناڕۆین. کۆبوونەوە تەواو. هەر کەسە بڕوات بۆ سریەکەی خۆی. هەر ئێستا دەکەوینە ڕێ بۆ سەنگەرەکانی خۆمان.

دوای نیو سەعاتێك گریگۆری کە چاوی بە ئاپۆڕای سریەکان کەوت کە لە جادەکانەوە وەکو لافاو دەهاتن، هەستی بە شادییەکەی پڕ شانازی کرد: تا ئەوکاتە هەرگیز ڕابەرایەتی هێزێکی شەرڤانی وا زۆرو زەبەندی نەکرد بوو. بەڵام لە گەڵ ئەم کەیف و شادیەش، نیگەرانی و دڵەڕاوکەیەکی سەخت لە ناخیا سەری هەڵدا: ئایا ئەو توانایەی هەیە کە بتوانێ ڕێنمایی هەزاران قوزاق بکات؟ ئێستا تاقە سریەیەکی لە ئەستۆدا نەبوو، بەڵکو بەرپرسی یەك فیرقەی تەواو بوو. ئایا بەم هەموو کەم سیواتیەوە، لەو ئاستەدا بوو کە ژیانی هەزاران کەس لە عۆدەی ئەودا بێ و تەحەمولی مەسئولیەتی هەموویان بکات؟

له هزرو بیری خۆیدا گوتی: "باشه، به ڕاستی من ئەمانه دژی کێ ڕابەڕی دەکەم؟ دژی میلەت.. باشه هەق به کێیه؟

گریگۆری، به سەر ئەسپەکەیەوە، له کاتێکا دانی لێکدی دەسوو، دەیڕوانیه ڕیزی ئەو سریانەی بە بەردەمیا ڕەت دەبوو، نەشوەی جەبەڕوت و دەسەڵات لە چاوانیا دامرکایەوە، نیگەرانی و ناکامی لەجێی خۆ مانەوەو شانی له ژێر باری قورسیاندا دەنەوی.

"٣٧"

بەهار، سەرچاوەی کانیاو و ڕوبارانی تەقاندەوە. هەوا خۆشبوو. سێلاوی سەوزباو بە گوڕترو بە هاڕەتر لە هەوزارەکانەوە دەهاتە خوارێ. تیشکی هەتاو بە تەواوی سوور بوو بوو ڕەنگە زەردەکەی جارانی بەردەدا. تیشکی هەتاو بەرەو گەرمیەکی نەرمی مەخمەلی دەچوو. لە دەمی نیوەڕۆدا هەڵم و بوخار لەو خەتە جووتانەوە هەڵدەستا کە تازە سەریان لە ژێر بەفرەوە دەرهێنا بوو، بەفرەکە کە فشەڵ بووبوو، به جۆرێ دەبریسکایەوە چاو تەحەموولی نەدەکرد. بۆنی هەوای شێدار قورس و خۆش بوو بوو.

هەتاو پشتی قوزاقانی گەرم کردەوە. زینەکان گەرم و سوارییان خۆش بوو بوو، کزەی نمسار. گۆنای ئەسمەری قوزاقانی فێنك دەکردەوەو هەندێجاریش لە گردو بەرزاییە بەفر گرتووەکانەوە کزەیەکی ساردی دەگەڵ خۆیدا دێنا. بەڵام گەرما بە سەر زستاندا زاڵ بوو بوو، ئەسپەکان کە پێشوازی بەهاریان دەکرد، دەکەوتنە نێسکەو لەنجەو سەرکێشی و تووك و کوڵکەی پاریان بەردەداو بۆنی عارەقەی توندیان، کەپووی پڕدەکرد.

قوزاقەکان، کلکی پڕ مووی ئەسپەکانیان گری دەدا. باشلوقە کوڵکە وشترەکانیان، بەپشتیاندا شۆڕ بوو بوونەوەو جۆلانەیان دەکرد، نێوچەوانیان لە ژێر کڵاوە فەروەکانیانەوە ئارەقەی دەکردەوە. ئیدی لە ژێر پۆستین و قەمسەڵە عەسکەرییەکانیانەوە، هەستیان بە گەرما دەکرد.

گریگۆری، هەردوو کەتیبەکەی لە جادەیەکی هاوینەوە برد. لە دوورەوە، لە پشت ئاشە بایەکەوە، هێزی سوارەی سوورەکان بەدیارکەوت کە سەنگەریان دەگرت. لە نزیکی گوندی سڤریدوۋ شەڕ دەستی پێکرد.

گریگۆری، ئەگەرچی، حاڵی حازر ناچاربوو لە دەرێی مەیدانی شەڕەوە، ئیدارەی شەڕ بدات، بەڵام هێشتا نەیدەزانی وەکو فەرماندەی فیرقەی ڕاستەقینە، ئیدارەی ئەو جۆرە شەڕە بدات. بەخۆی و ڕاستەوخۆ ڕابەرایەتی قوزاقانی ڤیشنسکایای دەکردو دەچووە شەڕەوەو دەیخستنە ترسناکترین هەڵوێستەوە. لەبەر ئەمە شەڕەکە، سەرکردارییەتی یەکگرتووی نەبوو. ئیدی هەر کەتیبەیەك، بە گوێرەی ڕێکەوتی ڕووداوەکان ڕەفتاری دەکرد. شەڕگەیەك، بە مانای تەواوی شەڕگە لە ئارادا نەبوو. ئیدی ئەمە بۆخۆی دەرفەتی مانۆڕیکی زۆری ڕەخساندبوو. زۆری ژمارەی سوارەکان (زۆربەی قوزاقانی فیرقەکەی گریگۆری سوارە بوون) بۆ خۆی ئیمتیازێك بوو. گریگۆری لێبڕا، سوود لەم ئیمتیازە وەربگرێت و بە (شێوازی قوزاقیانە) شەڕ بکات: لە

تەنیشتەکانەوە پەلاماری دژمن بدات. لە دواوە لێیان بدات، ڕێگەی کاروانی باروبنەیان بگرێت، شەبەیخون بکاتە سەریان و سوورەکان تووشی پەشۆکان بکات و نەترەیان پیێ بەر بدات.

بەڵام لە سڤریدوڤدا، نەخشەکەی گۆڕی . بە خۆی بە یورغە پێش سریەکەی خۆی کەوت. سریەیەکی لە ناو گوندا داناو فرمانی دا کە پیادە ببن و پاسەوانان ئەسپەکانیان بۆ بەرنە ناو ماڵانی گوندەکەو بەخۆشیان لە باخەکاندا بچنە کەمینەوە. ئەوسا خۆی بە دوو سریەوە، بەچوار ناڵە چوو بۆ سەر گردێکی فرسەخ و نیوی ئاشەبایەکەو بەرە بەرە چوونە شەڕەوە.

پتر لە دوو سریەی سوورەکان، لە بەرانبەریان بوون. ئەمانە لە قوزاقانی خوپەر نەبوون. گریگۆری بە دووربینە عەسکەرییەکەی تەمەشای ئەسپەکانی کردن، هەموو کلکیان قوڵە کرا بوو، قوزاقی دۆن عادەتیان نەبوو جوانی ئەسپەکانیان بشێوێنن و کلکیان قوڵە بکەن. بۆیە ئەم کەتیبەیە یان کەتیبەی سوارەی سیازدە بوو، یان قوەتێکی دیکە بوون و تازە هاتبوون.

گریگۆری، لە سەر گردەکە، بەدووربین، ڕوانیە هەر چوار نکالی خۆی. لە سەر زینەکەوە، زەوی لەبەر چاویا بەرینتر بوو، کە نووکی پێیەکانی لە هەردوو ڕکێفەکەدا بوون، هەستی بە دڵنیایی و متمانەیەکی زیاتر دەکرد.

گریگۆری، تابوورێکی دووردرێژی خاکی پۆشی نزیکەی سێ هەزار و پێنج سەد قوزاقی دەبینی، کە هێدی هێدی بۆ گردەکەی ئەوبەری ڕوباری چیر سەردەکەوتن، بەرەو ئاقارو سنووری قەڵەمڕەوی ئیلانسکایاو ئوست خوپرسکایا دەڕۆیی تا ڕوو بە ڕووی دژمن ببێتەوە کە هێرشی بۆ ئوست – میدڤیدتیسکایا هێنابوو. تا فریای قوزاقانی ئیلانسکایا بکەون کە تەواو شپرزە بوو بوون و توانای بەرگرییان نەمابوو.

گریگۆری، یەك فرسەخ و نیو لە هێزی سوورەکانەوە، کە خۆیان بۆ هێرش ئامادە دەکرد، دوور بوو. بەپەلە سریەکانی خۆی بە شێوەی کۆن ڕیز کرد. قوزاقەکان، هەموویان نێزەیان پێنەبوو، بەڵام ئەوانەی کە نێزەیان پێبوو خزانە ڕیزی پێشەوەو مەودایەکی سی مەتریان لە نێوان خۆیان و ڕیزەکەی دویانەوە، هێشتەوە. گریگۆری بە هەشتاو خۆی گەیاندە بەردەم ڕیزی یەکەم و نیمچە ئاوڕێکی دایەوەو شمشێرەکەی هەڵکێشا:

– بەنیمچە لۆقە، بۆ پێشەوە!

لە یەکەم دەقیقەوە، لاقی ئەسپەکەی چوو بە کونە جرجێکا کە بەفر داپپۆشی بوو، پیرە ئەسپ سەرە سمێکی توندی دا، گریگۆری لە سەر زینەکە ڕاست بووەوە، لە داخا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، تا توانی دەمە شمشێرێکی بەپانی کێشا بە ئەسپەکەیدا. ئەمە ئەسپێکی باش بوو، گریگۆری لە قوزاقێکی ڤیشنسکایای وەرگرتبوو: ئەسپێکی سەرکێش. عەسکەری، بەڵام گریگۆری زۆر لێی دڵنیا نەبوو. دەیزانی ئەم ئاژەڵە نەیتوانی بوو لە ماوەی یەك دوو ڕۆژاندا بەو ڕابێ و هۆگری ئەو ببێت و ئەویش نەیتوانی بوو پەی بە خوو تەبیعەتی ئەسپەکە بەرێت. لەوە دەترسا کە ئەم ئەسپە نامۆیە، بەپێچەوانەی ئەو ئەسپەوە کە لە گوندی چیستیاکوفکادا لە ژێریا کوژرا بوو. یەکسەر و بە کەمترین جوڵانی هەوسارەکەی پەی بە نیازو مەبەستی ئەو (گریگۆری) نەبات جەزرەبەی شمشێرەکە، ئەسپەکەی تووڕە کردو ئیدی ملی بۆ لغاو و هەوسارەکەی نەداو

هەڵیکردە چوار ناڵە. گریگۆری هەستی بە نیگەرانیەکی زۆر کرد چیوای نەما بوو. نەترە بەر بدات، لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئاخری بەڵایەکم بە سەردا دێنێ، سەرم بە قەڵبەیەکدا دەدات." ئەم بیرکردنەوەیە دڵی کرمێ کرد. بەڵام بەرە بەرە، کە تاوی توندی ئەسپەکە، هاوسەنگی خۆی وەرگرت و کەم کەم ملی بۆ فەرمانی سوارەکەی دەدا، گریگۆری هێورتر بووەوەو متمانەی بە خۆی پەیدا کردەوە. بۆ چرکەیەك چاوی لە شەپۆلی هێرشی دژمن، کە بە ئارایشتێکی پەراگەندە بەرەو ئەم دەهات گواستەوە، ڕوانیە گەردنی ئەسپەکەی. گوێچکە سوورەکانی، باریك بووبوونەوەو بە پشتا خەواندبوونی، ملی درێژ کرد بوو، دەتگوت بە سەر کۆتەریەکەوە نراوە، نێسکە نێسك، دەجوڵا. گریگۆری لە سەر زینەکە هەستا، پڕ بە سییەکانی هەوای هەڵمژی، چەکمەکانی زیاتر کردن بە ڕکێفەکانداو ئەوجا ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە، کە ئەو حەشاماتە خرۆشاوەی سواران و ئەسپانی بە دوای خۆیەوە بینی، دڵی داخورپاو نیگەرانیەکی لە وەسف نەهاتوو لە دڵ و دەروونی گەڕا. خەمی ئەنجامی ئەم هێرشەی بوو. لە ماوەی نێوان دەرچوونی ئەسپەکەی و نزیك بوونەوەی لە دژمن، ساتێکی گۆنگی ئاڵۆز هەبوو، کە کەسایەتی دەروونی دەگۆڕا، لەوساتەدا ئەقڵ و هۆش و خوێنساردی و دووربینی بەجێیان دەهێشت و لە حەوت کێوان ئاوا دەبوون و تەنیا غەریزەی حەیوانی دڕندانە ڕێبەری دەکرد. بەڵام وێڕای ئەمەش ئەگەر لە ساتی هێرش بردنا، کەسێك گریگۆری لە دوورەوە دیتبا، هێندە مەندو سەلارو سەنگین و ئاقڵ و ئاغر دەینواند، وای هەست دەکرد بەکەماڵی ئەقڵەوە، دوور لە هەر سۆزو سۆزدارییەك. هەنگاو دەنێت!

ماوەی نێوان هەردوو قوەتە هەڤدژەکە، بەخێرایی و بەگوێرەی حەزی دڵ کەم دەبووەوە. جەستەی سوارەکان و ئەسپەکان گەورە دەیاننواند. ئەو تیلماسکە لەوەرگە پڕ لە بنچك و گیا و گۆڵەی گوندەکە، کە خاڵ خاڵ بەفری توابووەوەو شەرڤانانی هەردوو لای لێکدی جودا دەکردەوە، لە ژێر سمی ئەسپاندا، پێشێل دەبوو. گریگۆری لە دوورەوە سوارێکی بەدی کرد کە بە چەند هەنگاوێك لەپێش سریەکەی خۆیەوە بە تاو دەهات. ئەسپە کوێتە بۆرباوە زەلامەکەی، گورگ ئاسا، بە کورتە لۆقە غاری دەدا. سوارەکە، شمشێرێکی ئەفسەری بە سەر سەری خۆیەوە بادەدا. گێلانە زیوکویەکەی، بەر ڕکێفەکە دەکوت و لەبەر هەتاوەکەدا دەبریسکایەوەو بەدەم ڕێوە سەمای دەکرد. گریگۆری دوای تۆزێك ناسیەوە. بابایەکی کۆمونیستی خەڵکی کارگینسکایاو لە بنەماڵەیەکی غەیرە قوزاق بوو، ناوی پیوتەر سمیگلازوف بوو. لە ساڵی ١٩١٧دا کە تەمەنی بیست و چوار ساڵان بوو، لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەدا بوو کە لە شەڕی ئەڵمان گەڕانەوە. یەکەم کەس بوو کە بەلەك پێچی دەبەست. ئەم بەلەکپێچە شتیکی تازە بوو و تا ئەوکاتە کەس شتی وای نەبینی بوو. لە شەڕگەدا بیرو باوەڕێکی پتەوی بەلشەویکی پەیدا کرد بوو، ئیدی بەم بیرو باوەڕەو بە ورەو متمانەیەکی پتەوەوە هاتبووەوەو هەر بە بەلشەویکی مابووەوە. لە گاردی سوورا خزمەتی دەکرد، بەر لە هەڵگەڕانەوەو ڕاپەڕینی قوزاقان، لە وەحدەکەی خۆی گەڕابووەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان تا لەوێ سیستەمی سۆڤیاتی دابمەزرێنێ. بەڵێ ئەمە سیمیگلازۆف بوو کە بە دڵنیاییەوە ئەسپەکەی خۆی بەرەو لای گریگۆری تاو دەداو لە هەمان کاتدا شمشێرە

ئەفسەرییەکەی، کە لە پشکنینی ماڵاندا، لە ماڵە ئەفسەرێکا، گرتبووی و، تەنیا بەکەڵکی نمایشی عەسکەری دەهات، بە شێوەیەکی نمایشی بە سەر سەریەوە بادەدا.

گریگۆری ژارخەنێکی بۆ کرد، ددانەکانی دەرکەوتن، هەوساری ئەسپەکەی هەڵتەکاند، ئەسپەکە فەرمانی بردو زیاتر گوڕی بەستەوە. گریگۆری لە شەڕو پەلامارا، تەکتیکێکی تایبەتی خۆی هەبوو، کاتێ پەنای وەبەر ئەو تەکتیکە دەبرد کەن غەریزە یان نیگای پێی دەگوت دژمنەکەت بەهێزە، یان کاتێ بیویستایە بە هەر نرخێ بووە دژمنەکەی بە جەزرەبەیەك بکوژێت. گریگۆری بە منداڵی چەپلەر بوو. مراکی بە دەستی چەپ دەگرت و بە هەمان دەست نیشانەی خاچی دەکێشا. بابی زۆر جار لە سەر ئەمە حەسیر مەیدانی کرد بوو و تەنانەت هاوڕێ منداڵەکانیشی ناویان نابوو "گریشکا چەپلەر" . هەڵبەتە ئەم کوتەك خواردن و تانەو تەشەرانە کاریان لە گریگۆری کرد. لە تەمەنی دە ساڵیدا عادەتی بە کاربردنی دەستی چەپ لە جیاتی دەستی ڕاست و، نازناوی :چەپلەر"ی لە کۆڵ بوونەوە. بەڵام توانای ئەوەی هەبوو هەر کاریکی بە دەستی ڕاست ئەنجام بدایە. بە دەستی چەپیش ئەنجامی بدات. بگرە دەستی چەپی لە دەستی ڕاستی بە هێزتر بوو. هەمیشە لە هێرش و پەلامارا سوودی لە توانای دەستی چەپی وەر دەگرت و سەرکەوتنیشی بە دەست دێنا. وەکو هەموو کەسێك، ئەسپەکەی خۆی بەرەو ڕووی ئەو حەریفەی کە بۆ خۆیی هەڵدەبژارد، لە لای چەپەوە تاو دەدا تا بتوانێ بە دەستی ڕاست لێی بدات. حەریفەکەش دەبوایە هەمان شت بکات. ئەوسا، دوای ئەوەی تەواو لێکدی نزیك دەبوونەوەو هەر بیست شەقاوێکیان بۆ یەکتر دەماو کاتێ کە حەریفەکە خۆی بە لادا خوار دەکردەوەو شمشێرەکەی بەرزدەکردەوە، گریگۆری گزوگومەت (لەپڕ و نەکاو) دەچووە لای چەپ و شمشێرەکەی لە دەستی ڕاستەوە دەگواستەوە بۆ دەستی چەپی. ئیدی حەریفەکەی چەواشە دەبوو، هەوڵیدەدا وەزعی خۆی بگۆڕێت، دیارە زەحمەت بوو لە سەر سەری ئەسپەکەیەوە جەزرەبە بوەشێنێ، ئیدی دەپەشۆکاو سەری لێدەشێواو، گریگۆری دەرفەتی دێنا و بە جەزرەبەیەك حەریفەکەی دەکرد بەدوو لەتەوە.

گریگۆری، لە مێرد منداڵییەوە، لەسەر دەستی "قژنە" فێری شمشێر وەشێنی و "جەزرەبەی باکلانوف" بوو بوو. بە کاربردنی شمشێرو شمشێر وەشێنی، بە دوای جووت و هەوجاڕو ئامووروەوە نایەتە فێربوون. گریگۆری لە هونەری شمشێربازیدا مەعلان بوو بوو، لە ماوەی دوو جەنگدا تیایا قاڵ بوو بووەوە. هەرگیز مەچەکی دەستی نەدەخستە ئەڵقەی شمشێرەکەیەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ئاسانی و لە چاوتروکانێکا لەم دەستەوە بیگوازێتەوە بۆ ئەو دەست. دەیزانی کە جەزرەبەی توندی شمشێر، ئەگەر بە ئاستەم لای کرد، لەوەیە شمشێرەکە لە دەستی بپەڕێت و بگرە مەچەکیشی لەجێ بچێت. گریگۆری دەیزانی چۆن بە حەرەکەیەکی لەز، چەکی دەستی حەریفەکەی بپەڕێنێ یان بە حەرەکەیەکی سووکی شمشێرەکەی، دەستی لە کار بخات. بەڵێ گریگۆری زۆر فەندو فێڵی پیاوکوشتن بەچەکی سارد فێر بوو بوو. لەو کارەدا تەواو مەعلان بوو بوو. وەکو چۆن لقەدارێك بە تەڕ دەستی و بە جەزرەبەیەکی لابەلا دێتە بڕین و بەجۆرێ دەکەوێت کە دارەکە لەجێی خۆی نەجوڵێت و، سەرە تیژەکەی لقە بڕاوەکە، بە ئەسپایی بکەوێتە بن

دارەکەو لە لمەکەی ژێری بچەقێت، بەو ئاوایە سمیگلازوڤ جوان و قۆز، بە سەرو سیمای کالموك ئاسایەوە، لە سەر ئەسپەکەیەوە کە هەستا بووە سەر هەردوو پاشوو کەوتە خوارەوە، لە کاتێکا هەردوو دەستی توند بە سینگە زامدارەکەیەوە گرتبوو، بە نەرمی لە سەر زینەکە داخزی و سەرمای مەرگ لە جەستەی ئالا...

گریگۆری، لەو دەمەدا خۆی لە سەر زینەکە قوت کردەوەو لە سەر هەردوو ڕکێفەکە (ئاوزەنگی) هەستایە سەر پێیان. سوارێکی دیکە کە لە هیچ نەدەگەڕایەوە بە تاو بەرەو ڕووی ئەو دەهات و نەیدەتوانی ئەسپەکەی خۆی زەوت بکات. گریگۆری، هێشتا سوارەکەی لە پشت سەروکەللەی کەفاوی ئەسپەکەوە بەدی نەدەکرد، بەڵام حەرەکەی بازنەیی شمشێرە کەوانەییەکەی دەبینی. گریگۆری بە هەموو هێزو توانای خۆیەوە جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو، بەرپەرچی جەزرەبەکەی ئەوی دایەوە، ئەوسا بە دەستی ڕاستی هەوسارەکەی گرت و جەزرەبەیەکی کوشندەی خێواندە ملە سوورە تاشراوەکەی حەریفەکەی.

ئەو یەکەم کەس بوو کە بە سواری ئەسپەکەیەوە، لە جەرگەی شەڕەکە هاتە دەرێ و لە ئاپۆڕای قوزاق و سوورەکان کە تێکەڵاو بوو بوون، دوورکەوتەوە. کاتێ ئاوڕی دایەوە چاوی بە کۆمەڵێك سوارە کەوت کە بەیەکا دەهاتن و گێژ یان دەخوارد، بە جۆرێ هاڕوژا کە ناو لەپی کەوتنە خوران. شمشێرەکەی خۆی لە کێلان ناو دەمانچەکەی گرتە دەستەوەو ئەسپەکەی بەوپەڕی خێرایی بە سەمتی پێچەوانەی شەڕەکەدا تاودا. قوزاقەکانی، بە هەشتاو و، بە شپرزەیی و پەشێوی دوای کەوتن. لێرەو لەوێ، کڵاوێن کەوڵە مەڕ یان ڕێوی. بە نەواری سپییەوە دەبینی کە ڕاست و چەپ بەملی ئەسپەکانەوە تەکە تەکیان بوو. نایب زابتێك کە گریگۆری دەیناسی، بە کڵاوێکی کەوڵە ڕێوی و چاکەتێکی فەروی خاکییەوە، شان بە شانی ئەو بەچوار ناڵە دەڕۆیی و گوێچکەی و گۆنای تا نزیکی چەناگەی هەڵدڕا بوو، دەتگوت یەك قەرتاڵە(تریان، تلیانە) گێلاسی گەییوو، بە سەر سینگیا پلیشابووەوە. دەم و دانی خڵتانی خوێن بوو.

هەرچەندە سوورەکان نەترەیان بەردا بوو و لەزگ بوو هەڵێن، بەڵام کە چاویان بە پاشەکشەی قوزاقەکان کەوت، تەماح گرتنی و سەری ئەسپەکانیان بادایەوەو دوای قوزاقەکان کەوتن. یەکێك لە قوزاقەکان کە دواکەوتبوو، وەکو ئەوەی بایەکی توند هەڵیدابێت، لە ئەسپەکەی بەربووەوەو لە نێو بەفرەکەدا، کەوتە ژێر دەست و پێی ئەسپانەوە.

ئێستا گوندەکەو ڕەشەداری باخەکان و پەرستگای قەد یاڵەکەو جادە پانەکە لە قوزاقەکانەوە دیار بوو، هەر سێ سەد مەترێك لە پەرژینی ئەو باخەوە دوور بوون، کە سریەکان لەوێندەر بۆسەیان نابووەوە... خوێن و ئارەقە لەپشتی ئەسپەکانەوە دەچۆڕایەوە. گریگۆری کە بەوپەڕی خێرایی ئەسپەکەی تاو دەدا، هەوڵیدا بەدەمانچەکەی تەقە بکات، فیشەك لە لوولەی پیرە دەمانچە گیر بوو و کاری نەکردو نەکرد. دەمانچەکەی لە کیف نایەوەو بە هەڕەشەوە هاواری کرد:

– ڕێ بکەنەوە. دابەش بن.

ڕیزی پتەوی سوارانی قوزاق، وەکو ڕوبارێك کە تاوێرێکی گەورەی بێتەڕێ، ڕێك بوو بە دووبەشەوەو سوورەکان بە تەواوەتی بەدیار کەوتن. ئەو سریە قوزاقانەی کە لەپشت پەرژینی

باخەکەوە لە بۆسەدا بوون، دەستیان بە تەقە کرد، دەستڕێژێك و دووان و سیانیان کرد. هاوارێك هەستا. ئەسپێك بە سوارەکەیەوە، بەپشتا کەوت و هەر چوار پەلی بۆ ئاسمان بەرزبوونەوە. ئەسپێکی دی، ئەژنۆکانی چەمینەوەو سەرو کەللەی تا بنا گوێی لە بەفرا چەقی. سێ چوار سەربازی سووری دیکەش، بە دەم دسترێژەکانەوە، لە سەر زینەکانەوە گلان و بەربوونەوە. لەوکاتەدا کە سوورەکان توانییان ئەسپەکانیان زەوت بکەن و بەرەو دوا بایاندایەوە، قوزاقەکان سەرو دەراغ فیشەکیان (دەراغ: ساجور، خەشاب) پێوە نان و ئەوسا لە تیرەندازی وەستان. هەر کە گریگۆری بە دەنگی بەرز هاواری کرد: "سریەکان..." هەزاران ئەسپ سوار، لە پڕا بایان دایەوەو بە ناو دەریای بەفرا کەوتن و دوای دژمن کەوتن. بەڵام قوزاقان هیچ جۆش و خرۆشێکیان نەبوو و ئەسپەکانیان ماندوو بوو بوون. دوای فرسەخ و نیوێك گەڕانەوە. سوورە کوژراوەکانیان ڕووت کردەوەو جل و بەرگەکەنیان بردن و زین و نەرمە زینی ئەسپە کوژراوەکانیشیان بۆخۆ هەڵگرتەوە. ئالیکسی شامیلی یەکدەست بەدەستی خۆی سێ دیلی برینداری سوورەکانی کوشت. هەرسێکیانی لەبەر پەرژینەکەدا ڕاگرت و بە شمشێر تێیان بەربوو و یەك لە دوای یەك کوشتیانی. پاش ئەوەی لەم کارە بووەوە، قوزاقەکان ماوەیەکی زۆر بەدەم سیغارکێشانەوە، بە دیار جەنازەکانەوە وەستان و تەمەشایان کردن، هەرسێکیان بە هەمان شێوە کوژرا بوون، لە شانیانەوە تا ناو قەدیان شەق کرابوون.

ئەلیکسی شامیل بەدەم چاو تروکان و گۆنا فڕینەوە، بە خۆ هەڵکێشانەوە گوتی:

- سیان بوون، کردمن بە شەش.

قوزاقەکانی دی بە ڕوپامابییەوە، خوڵکی تووتنیان دەکرد. بە ڕێزەوە دەیانڕوانیە دەست ومە چەکە قەویەکەی، کە هەرچەندە بچووك بوو، بەڵام توندو پتەو بوو. دەیانڕوانیە سینگ و بەرۆکی بە ماسولکەی کە لە درزی یەخەی قەمسەڵەکەیەوە دیاربوو.

ئەسپەکان کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوون و پاڵتۆی سەربازیان بە سەردا دابوون، لە بەر پەرژینەکەدا وەستابوون و دەلەرزین. قوزاقەکان، تەنگەیان دەدان. لە کوچەیەکی تەنگدا، بە ڕیز لەبەر بیرە ئاوەکەدا، بۆ نۆرە ئاو خواردنەوە وەستا بوون. زۆریان بە ناچاری هەوسارو ڕەشمەی ئەسپە ماندووەکانیان، کە بە زەحمەت خۆیان بکێش دەکرد، ڕادەکێشا.

گریگۆری دەگەڵ پروخورو پێنچ نەفەری دیکەدا لە پێشی پێشەوە کەوتنە ڕێ. وەکو ئەوە بوو پەردەیەك لە سەر چاوی لابرابێ. جارێکی دی وەکو ئەوسای پێش هێرشەکە، هەتاوی بینی کە بەسەر دنیادا پرشنگ دەدات، بەفری کەنار خەرمانە کایەکان دەتوێتەوە. و گوێی بە چەهچەهەی شادی تەیرو تووی ناو گوند دەزرنگایەوە و بۆنی خۆشی بەهاری کە لە ئاستانەی ساڵدا بوو، بەسەرا دەهات. ژیان بە هەموو جوانی و گەشییەکی جارانەوە، بە بێئەوەی ئەو خوێنەی کە تۆزێك لە پێش هاتبووە ڕژان، لەوتاندبێتی یان پیری کردبێت، بەرەو پیری گەڕایەوە. هەمان شادی کەم و فریوکارانەی ژیان، دڵخۆشی کردەوە.

ڕەنگە ئەو پەڵە بەفرە بچووکەی لە دوای وەرزی توانەوەی بەفر، بە سەر ڕەشە ئەرزەوە دەمێنێتەوە، هەمیشە دڵگیرو سپیتر بنوێنێ.

"٣٨"

یاخیبوون و ڕاپەڕین وەکو ڕوباریك هەستابیّ و لە بەستێن و کەناری خۆی سەری کردبێت، بەو ئاوایە خرۆشاو سەرانسەری دۆڵی دۆن و ئەو دەشت و بیابانەی ڕۆژ هەڵاتی دۆنی گرتەوە کە نزیکەی چوار سەد فرسەخ درێژ بوو بووەوە. بیست و پێنج هەزار قوزاق، حازرو ئامادە سواری ئەسپان بوون. گوندەکانی دۆنی باڵا، بە دە هەزار پیادە بەشدارییان کرد.

جەنگ و شەڕێکی ئەوتۆ بەرپابوو کە تا ئەو ڕۆژە هەرگیز نەبینرا بوو.

سوپای سپی دۆن، لە شوێنێکی نزیکی دونتسدا سەنگەری گرتبوو و بەرگری لە نوڤوچرکاسك دەکردو خۆی بۆ شەڕی یەکجارەکی ئامادە دەکرد، بەڵام یاخیبوون لەپشت جەبهەی هەردوو سوپای هەشتەم و نۆیەمی سوورەوە کە لە هەنبەر سوپای سپیدا وەستا بوون، پەیدا بوو، ئەمە خۆی لە خۆیدا مەسەلەی گرتنەوەی خاکی دۆنی زۆر ئاڵۆزتر دەکرد. لە مانگی نیساندا. ئەنجوومەنی عەسکەری شۆڕش، بە ئاشکرا کەوتە بەر هەڕەشەی پەیوەندی کردنی یاخیەکان بە بەرەی سوپای سپیەوە. بۆیە دەبوایە بە هەر نرخێك بووە. یاخییەکان، پیش ئەوەی بتوانن درزو کەلێن بخەنە بەرەی سوپای سوورەوەو پەیوەندی بە سوپای دۆنەوە بکەن، سەرکوت بکرێن. ئیدی بەو مەبەستە باشترین هێز کۆکرایەوە. هێزی دەریاوانی باڵتیك و دەریای ڕەش، هەروەها باشترین کەتیبەێن کاروانی زرێپۆش و عەگیدترین قوەتی سوارە کۆکرایەوە. هەروەها پێنج کەتیبەی تەواو لە فیرقەی دلاوەری بوگوچار، یانی نزیکەی هەشت هەزار سەرباز و چەندین تۆپخانە و پێنج سەد ڕەشاش، لە شەرگە کێشرانەوەو بۆ پاشەوە ڕەوانە کران. لە مانگی نیساندا، خوێندکارانی زانکۆ عەسکەرییەکانی ڕیازان و تامبوف، بەو پەڕی ئازایەتی و فیداکاری لە ناوچەی کازانسکایادا شەڕیان دەکرد. پاشان قوەتێکی زانکۆی عەسکەریی سەر بە کۆمیتەی ناوەندی جێبەجێکاری سەرانسەری ڕووسیاش پەیوەندیان بە بەرەی شەڕەوە کرد. هەروەها هێزی پیادەی لاتوانیش لە چومی لینسکایادا، دژی یاخییەکان دەجەنگین. کەمی تەقەمەنی و ئەسپابی شەڕ کۆڵەی قوزاقانی دەکوتا لە سەرەتاوە تفەنگیان کەم بوو، ئەوسا فیشەك و تەقەمەنیان دایە کزی. بۆیە دەبوایە بە خوێنی خۆیان، لە ڕێگای شەبەیخونەوە تفەنگ و فیشەك بە دەست بێنن و هەرواشیان کرد. لە نیسانی ساڵی ١٩١٩ دا بوون بەخاوەنی تفەنگ و تەقەمەنی تەواو، ئەمە جگە لە شەش تۆپخانە و نزیکەی سەدو پەنجا ڕەشاش.

لە سەرەتای یاخیبوونەکەدا، پێنج ملیۆن قەوانە فیشەکی بەتاڵ لە عەمارەکانی ڤیشنسکایادا مابووەوە. ئەنجوومەنی شورای ناوچە*(ئەم ئەنجوومەنە، هەرچەندە ناوی ئەنجوومەنی شورای ناوچە بوو، بەڵام دژی شۆڕشی بەلشەویکەکان بوو.) باشترین ئاسنگەرو چەخماخچی و تفەنگسازیان کۆکردەوەو وەرشەیەکیان بۆ داگرتنەوەی فیشەکان لە ڤیشنسکایادا دروستکرد. بەڵام قوڕقوشم نەبوو. ئیدی لە سەر داوای ئەنجوومەنی شورای ناوچە، هەموو گوندەکان کەوتنە کۆکردنەوەی قوڕقوشم و مس. ئاشە مەکینەکان، چەند قوڕقوشم و ئاسنی سپییان هەبوو، هەر هەموویان ڕادەست کرد. کۆمەڵێك پەیکی سوارە، بەم پەیامەوە کەوتنە ناو دێهاتەکان:

" مێرد کوڕو براکانتان فیشەکیان نیە، سەرچاوەی فیشەکیان تەنیا ئەو فیشەکانەیە کە لە دژمنی نەگریسی دەگرن. هەرچییەك لە ماڵەکانتاندا هەیەو بە کەڵکی داگرتنەوەی فیشەك بێت هەر هەمووی ڕادەست بکەن، بێژنگ و سەرەندی قوڕقوشمی مەکینەی بێژەو گێژە ڕادەست بکەن."

دوای یەك هەفتە ئیدی یەك مەکینەی بێژنگ و قەڵبیردار لە ناوچەکەدا نەما کە بێژنگی پێوە مابێ. "مێردو کوڕو براکانتان فیشەکیان پێ نەماوە..." ئیدی ژنان هەرچییەکیان بەردەستکەوتبا، بەکەڵك هاتبا یان نا، بۆ شورای گوندەکانیان دەبرد. لەو گوندانەدا کە شەڕی تیا بوو بوو، منداڵان گوللەیان لە دیواران دەردێنا، زەوییان هەڵدەکەندو لە پارچەی گوللە تۆپ و هاوەن دەگەڕان. وێڕای هەموو ئەمەش. ئەم بزوتنەوەیە یەکدەنگ و یەکڕیز نەبوو. هەندێ ژنی زۆر نەدارو دەستکورت کە نەیاندەویست دوا کەرەستە و ئەوزار و ئامانی بچووکی ماڵەکانیان لەدەست بدەن، دەستگیر کران و بە تۆمەتی "داشداری لە سوورەکان" ڕەوانەی بنکەی ناوەندی ناوچە کران. لە گوندی تاتارسکیدا، پیرە دەوڵەمەندەکان، سیمون "مەنجەڵیان" کە بە مادونی هاتبووەوە، گرتبوو و هێندەیان لێدابوو کە دەم و لووتیان پڕ کردبوو لە خوێن، ئەمە چیە بە ئاشکرا و بە ڕاشکاوی گوتبووی: "جا با دەوڵەمەندەکان دەستبەرداری مەکینەی بێژەو گێژەکانیان بن، خۆ بەوە نابووت نابن، خۆ کەس بە قەد ئەوان لە سوورەکان ناترسن."

ئەو فیشەکانەی کە لە کارگەی ڤیشنسکایا دروست دەکران، پۆششی نیکلی نەبوو، دەتوایەوەو کە دەخرایە بەر تفەنگ و دەتەقێنرا، دەنگی زلی لێبەرز دەبووەوەو هەر سەد سەدو بیست مەترێك دەڕۆیی و سارد دەبووەوە، بەڵام زامی ئەو فیشەکانە زۆر مەترسیدار بوو. سەربازانی سوپای سوور دوای ئەوەی زانیان ئەو فیشەکانە چۆن دروست دەکرێت، کە تووشی دەورێ و گەشتیانی قوزاقەکان دەبوون و تێکدەگیران هاواریان لێدەکردن: "ئەهای قوزاقینە فیشەکەکانتان بەکەڵك نایەت، بەخۆڕایی خۆتان ماندوو مەکەن، خۆ بەدەستەوە بدەن، دەنا هەر هەمووتان دەکوژین."

سی و پێنج هەزار یاخی، لە پێنج فیرقە و لە لیوایەکی تایبەتیدا ڕێکخرا بوون. فیرقەی سێیەم بە فەرماندەیی یگوروف لە ناوچەی مشکوفسکایا – ستراکوف – ڤێرا جێگیر بوو. فیرقەی چوارەم بە فەرماندەیی ملازم کوندرات مدڤیدیڤ، لە ناوچەی کازانسکایا –دونتسکویە – چومیلینسکا دامەزرابوو، فیرقەی پێنجەم بە فەرماندەیی ئوشاکوف، لە شەڕگەو بەرەی سلاشچوفسکایا – بوگانوفسکایادا دەجەنگی. فیرقەی دووەم بە سەرکردایەتی نایب زابت میرکولوف، لە ناوچەی ئیلانسکایا – ئوست خوپرسکایا –گورباتوف شەڕی دەکرد. لیوا تایبەتیەکەش هەر لە هەمان شوێندا سەنگەری گرتبوو. ئەم قوەتە زۆر یەکگرتوو و یەکپارچە بوو، تەقریبەن هیچ زیانێکی نەدا بوو، چونکە فەرماندەکەی ملازم بوگاتیروف، کە قوزاقێکی خەڵکی ماکسایفسکایا بوو، پیاوێکی زۆر وریاو بەپارێزو ورد بوو هەرگیز ڕیسکی بێهودەی قەبووڵ نەدەکردو جەنگاوەرانی خۆی بە کوشت نەدەدا. گریگۆری میلیخوف. قوەتەکەی خۆی. واتە فیرقەی یەکەمی بە درێژایی کەنارەکانی ڕوباری چیردا بڵاو کردبووەوە. فیرقەکەی ئەو بەشی ناوەڕاستی شەڕگەکەی

دەئەستۆدا بوو. نەك هەر توانی هێرشی سەربازانی سوور کە لە قوڵی دۆنتسی باشوورەوە هێرشیان هێنابوو، بەرپەرچ بداتەوە، بەڵکو چەندین سریەو فەوجی سوارەو پیادەشی نارده یارمەتی و کۆمەکی فیرقەی دووەم کە فیرقەیەکی پتەو و خۆڕاگر نە بوو.

یاخیبوون و ڕاپەڕین، نەیتوانی بەرەو باکوور، بۆ ناوچەکانی خوپەر و ئوست میدفیدیتسا تەشەنە بکات و بڵاوببێتەوە. لەو ناوچانەشدا، کەم دابێژێك جم و جوڵ و پەشێوی هەبوو. پەیك و تەتەران لەو ناوچانەوە دەهاتن و داوایان دەکرد کە هێز بۆ بوزولوك و خوپەری باڵا بنێرن تا قوزاقەکان بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین دنەدە بدەن. بەڵام سەرکردایەتی باڵای یاخییان، چونکە دەیانزانی زۆربەی قوزاقانی خوپەر هەوادار و داشداری حکومەتی سوڤیاتی بوون و ئامادە نەبوون چەك هەڵبگرن و دژی حکومەت بوەستن، نەیاندەتوانی لە سنوور و ئاقاری ناوچەی دۆنی باڵا هێوەتر بڕۆن. ئەمە جگە لەوەی کە خودی پەیك و تەتەرەکانیش جێگای ئومێد نەبوون و ڕێك و ڕەوان و ڕاستگۆیانە دەیانگوت کە نارەزایی دژی سوورەکان لە گوندەکاندا، زۆر نیەو ئەو ئەفسەرانەی کە لە پەناو پەسێرانی ناوچەی خوپەردا ماونەتەوە، ناچارن خۆیان پەنهان بکەن، چونکە توانای ئەوەیان نیە هێزێکی ئەوتۆ بۆ پشتیوانی یاخییەکان کۆبکەنەوە: چونکە جەنگاوەرانی قوزاقی یان لە ماڵی خۆدا دانیشتبوون یان پەیوەندیان بە ڕیزی سوورەکانەوە کرد بوو. بەڵام ڕدێن سپییانی قەوم. ئەو دەسەڵات و پێگەو سەنگ و ئیحتوبارەی جارانیان نەمابوو.

لە باشوورا، یانی لە ناوچە ئۆکرانی نشینەکاندا، سوورەکان، گەنجانی ناوچەکەیان کۆ دەکردەوەو دوای ئەوەی پەیوەندیان بە کەتیبەکانی فیرقەی مغاویری بوگوجارەوە دەکرد، بەجۆش و خرۆشێکی یەجگار زۆرەوە شەڕی یاخییەکانیان دەکرد. ئیدی یاخیگەری و سەرکێشی لە هەمان سنووری دۆنی باڵا مایەوە. ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بۆ هەموان بە تایبەتی بۆ سەرکردایەتی باڵای یاخییەکان دەردەکەوت کە قوزاقان ناتوانن تا ماوەیەکی زۆر بەرگری لە ماڵ و زێدو زاگەی خۆ بکەن، درەنگ یان زوو سوپای سوور لە بەرەی دۆنتس دەگەڕێتەوەو ڕایاندەماڵێت.

ڕۆژی هەژدەی ئازار، کودنیوف، ناردی بە شوێن گریگۆری میلیخوفدا کە بڕوات بۆ ڤیشنسکایا، تا لە کونفراسی سەرکردایەتی باڵادا بەشداربێت. گریگۆری سەرکردایەتی فیرقەکەی خۆی بە یاریدەدەرەکەی خۆی، ریابچیکوف سپاردو بەیانی زوو دەگەڵ موراسیلەکەیدا بە ڕێکەوت. کاتێ گەییە بارەگای سەرکردایەتی، سەیری کرد کودینوف دەگەڵ سافونوڤ نوێنەری ناوچەی ئەلیکسییفسکایادا سەرگەرمی گفتوگۆ بوو. کودینوف، بە سەر مێزەکەیا دانەوی بووەوەو بە قامکە باریك و ڕەشەکانی یاری بە سەری کەمەربەندە قەوقازیەکەی خۆی دەکرد و، بێئەوەی چاوانی کە لە بێخەویدا سوور هەڵگەڕابوون، هەڵبڕێ و تەمەشای ئەو قوزاقە بکات کە لە هەنبەریا دانیشتبوو، لێی پرسی:

– باشە ئێوە خۆتان؟ خۆتان لەم بارەیەوە چ دەڵێن؟

– بڵێم چی؟ هەڵبەتە.. ئەم کارە بە تەنیا ئاسان نیە. بەخۆت دەزانی خەڵکی چۆنن. حەزدەکەن ڕاپەڕن، بەڵام دەترسن...

کودینوف، که له تووڕەییدا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو، هاواری کرد:

– حەزدەکەن! دەترسن!

وەکو یەکێك له سەر ئاگر دانیشتبێت، له سەر کورسییەکەی ئۆقرەی نه دەگرت:

– ئێوه هەمووتان وەکو کچان وان: "من حەزدەکەم، خوا خوامه، بەڵام دایکم نایەڵێت." دەیسا بگەڕێوه بۆ گوندەکەی خۆتان و به ڕدێن سپیانی قەوم بڵێ، تا خۆتان دەست پێنەکەن، ئێمه ئامادە نین یەك مەفرەزەشتان بۆ بنێرین، خوای دەکرد سوورەکان، دوا بەیەکتانیان له سێداره دەدا.

یارۆی قوزاق، به زەحمەت کڵاوه کەوڵه ڕێوییەکەی بۆ پشتەوه هەڵدایەوه. ئارەقه تنۆك تنۆك بەچرچ و لۆچی تەوێڵیدا دەچۆڕایەوه. برژانگه کورته زەردەکانیشی لێکدا لێکدا دەهاتنەوه یەك و دەکرانەوه، وەکو یەکێك هەڵەیەکی کردبێ و داوای بوردن بکات، بزەیەکی بۆ کرد:

– هەڵبەته بۆ ئێوه باش نیه بێن بۆ گوندەکەی ئێمه، بەڵام دەست پێکردنەکه گرنگه. یەکەم هەنگاو زەحمەته...

گریگۆری که به وردی گوێی لەم گفتوگۆیه دەگرت، خۆی دایه لاوەو ڕێگەی بۆ ئەو کابرایه کردەوه که له ناکاواو بێئەوەی له دەرگا بدات، خۆی وەژوورا کرد. کابرایەکی دەسته باڵای سمێڵ ڕەش بوو، پەستەکێکی فەرووی لەبەر بوو. به سەر سڵاوی له کودینوف کردو له کەنار مێزەکەوه دانیشت و گۆنای خسته سەر دەسته سپییەکەی خۆی. گریگۆری که به دەموچاو هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی سوپای دەناسی، ئەم پیاوەی نەدەناسی. لێی ورد بووەوه. سیما جوانەکەی ڕەنگه ئەسمەرەکەی که هەتاوی بەرنەکەوتبوو، دەسته سپیه ناسکەکانی ڕەفتاری جوانی، هەر هەموو ئەمانه ئەوەیان نیشاندەدا که خەڵکی ناوچەکه نیه.

کودینوف، به تیلەی چاو، کابرا نه ناسراوەکەی به گریگۆری نیشانداو گوتی:

– میلیخوف، ئەمه هاوڕێ گیوگیدزه. ئەو...

کودینوف، قسەکەی خۆی بڕی و بەدەم داخستنی بەرەزوانه زیوەکەی قایشه قەفقازیەکەی خۆیەوه، له شوێنی خۆی هەستاو به نوێنەرەکەی ناوچەی ئەلیکسییفسکایای گوت:

– دەی، قوزاق دەتوانی بڕۆیت. ئێمه کارمان هەیه. بگەڕێوه بۆ گوندەکەی خۆت و چیم پێگوتی، ئەوەیان پێ بڵێ.

یارۆی قوزاق هەستا، کڵاوه کەوڵه ڕێویه سورباوەکەی خەریك بوو لەبن میچەکەی دەدا، شانه پانەکانی که بەر ڕوناکیەکەی دەگرت، ژوورەکەی تاریك کرد. گریگۆری که تەوقه کردنەکەی گیورگیدزەی له گیان ناخۆش بوو، بەو پیاوەی گوت:

– هاتووی بۆ کۆمەك؟

– بەڵێ، بەڵێ، کۆمەك. بەڵام بەخۆت دەبینی...

یارۆی قوزاق، بەخۆشحاڵیەوه ئاوڕی له گریگۆری دایەوەو بەچاو ئومێدی پشتیوانی لەو دەکرد. ڕوخساری که وەکو کڵاوه فەروەکەی سوور بوو، به جۆرێ ئارەقەی لێدەچۆڕاو به بەینی سمێڵ و ڕدینه سوورەکەیا بڵاودەبووەوه، له تۆ وایه ورده مرواریەو پێوەی وەرکراوه. کابرا

تەواو پەشۆکا بوو، گریگۆری کە وای دەنواند کە ئاگای لە بیٚ حەوسەڵەیی کودینوف نییەو لە سەری ڕۆیی:

– یانی ئێوەش لە حکومەتی سوڤیاتی بێزار بوون؟

یارۆی قوزاق، بە کاوەخۆ گوتی:

– ئەگەر واش بمێنیٚ باشە، برا، بەڵام ئێمە دەترسین خراتر ببێت.

– باشە کەسیان لە گوندەکەی ئێوە گوللە باران کردووە؟

– نە، خوا بەو ڕۆژە نەکات. شتی وا ڕووی نەداوە. گەنم و ئەسپیان لێسەندووین، هەڵبەتە ئەوانەشیان گرتووە کە بە ئاشکرا لە عەلەییان دەدوێن. زیاتر وەڕینیان هەیە تا گەزین.

– باشە ئەگەر ڤیشنسکایا بێتە کۆمەکتان، ئێوە ڕادەپەڕن؟ هەمووتان ڕادەپەن؟

چاوە چکۆلەکانی یارۆی قوزاق، لە بەر تیشکی هەتاوەکە هاتنەوە یەك. چاوی لە گریگۆری گواستەوەو شەبقەکەی خزیە سەر نێو چەوانە گرژەکەی

– من نازانم بۆ هەمووان و ناتوانم لە جیاتی هەمووان قسە بکەم...بەڵام دەوڵەمەندەکان، ڕادەپەڕن..

– ئەدی هەژارەکان، ئەوانەی هیچیان نیە؟

گریگۆری کە بێهودە هەوڵیدەدا نیگای بە ڕانبەرەکەی بخوێنێتەوە، لە ناکاوا نیگای لە نیگایەکی هایم و حەیران وەکو نیگای منداڵان هەڵەنگوت.

– مەبەست لات و لەوێرەکانە، جا توخوا ئەوانە بۆ شتی وا بکەن؟ ئەمە حکومەتی دڵخوازی ئەوانە، ڕۆژ ڕۆژی ئەوانە.

کودینوف، خۆی پێنەگیراو، بە توڕەیی گوتی:

– ئەدی بۆچی هاتووی بۆ ئێرە، هەی قەل پیاو؟ بۆچی هاتوویت بۆ ئیرە؟ چما هەموو خەڵکی گوندەکەتان دەوڵەمەندن؟ ئاخر دوو سیٚ خانەوادەی دەوڵەمەند لە کویٚ شۆڕشیان پێدەکریٚ؟ بڕۆ گوم بە لێرە، پێت دەڵێم هەیدیٚ گوم بە لەبەر چاوم. هێشتا ئاگریان لە ماڵەکانتان بەرنەداوە، کەی ئەو کارەیان کرد، هەنگیٚ بە خۆتان ڕادەپەڕن، پێویستتان بە ئێمە نابێت. ئێوە فێرن کاری خۆتان بە خەڵکی ڕاپەڕێنن و بارسووك و سەر سەلامەت فەلاحەتی خۆتان بکەن و لە بەر سۆپای گەرما پاڵی لێبدەنەوە.. دەبڕۆ گوم بە لە بەر چاوم، کە چاوم پێت دەکەویٚ دڵم لێت تێکهەڵدیٚ!

گریگۆری بڕۆی وێکهێنانەوەو ڕووی وەرگێڕا. خاڵە سوورەکانی سەر ڕوخساری کودینوف ڕەش داگەڕان. گیورگیدزە، سمێڵەکانی بادەداو پەڕەی کەپووە زلە دەندووکە داڵاشیەکەی دەلەرزین. کابرای قوزاق کڵاوەکەی داکەند:

– زۆر بە داخەوەم کە مەسەلەکان ئاوایە. بەڵام پێویست بەوە ناکات ئەم هەموو بۆڵە بۆڵەم بە سەرا بکەیت، هەرەشەمان لێمەکە، ئێمە لە سەر گلەییمان نەکردبوو، گفتوگۆیەکەمان دۆستانە بوو. من پەیامی ڕدێن سپیانی لای خۆمانم بۆ تۆ هێناو، وەڵامی تۆش بۆ ئەوان دەبەمەوە. پێویست بەم هات و هاوارە ناکات. ئاخر تاکەی بۆڵە بۆڵمان بە سەردا بکرێت؟ سپیەکان بۆڵە بۆڵیان بە سەرا دەکردین، سوورەکان بۆڵە بۆڵیان بەسەر دەکردین و ئێستاش نۆرەی تۆیە، هەر

کەسێك هەڵدەستێ و خۆیمان بە سەرا بادەداو منەتمان بە سەردا دەکات. ژیانی جووتیاران ئاوهایە، هەر سەگێکی گڕوێ لە ڕێگاوە دێت، دەمانگەزێت.

کابرای قوزاق، کڵاوە فەروەکەی بە تووڕەیی لە سەرنایەوە، ئەوسا بە ڕاڕەوەکەدا ڕۆیی و دەرگاکەی بە ئەسپایی لە دوای خۆیەوە داخست. بەڵام هەرکە خۆی لە ڕاڕەوەکەی دەرێڕا بینی یەوە خۆی پێنەگیراو هێندە بە توندی دەرگاکەی دەرێی دابەیەکدا، تا پێنج دەقیقە وردە گەچی بنمیچی ڕاڕەوەکەو سەر پەنجەرەکە دەکەوتە خوارەوە.

کاتێ یارۆی قوزاق ڕۆیی، کودینوف کە هێور بوو بووەوە، بە زەردەخەنەوە گوتی:

– خەیڵکی ئەمڕۆ ئاوهان.

بە دەم ئەو قسەیەوە گەمەی بە بەرەزوانەی پشتێنەکەی دەکرد و سات بە سات پتر ڕووی دەگەشایەوە! لە بەهاری ساڵی ١٩١٧ دا لە کاتی شۆوبڕین و زەوی کێڵاندا، ڕۆژێك دەچووم بۆ وێستگەی قیتار. دەوروبەری جەژنی پاك بوو، سەیرم کرد قوزاقەکان سەرقاڵی زەوی کێڵان و جووتکردنن و ئازادی مەستی کردبوون و خەریك بوو ڕێگاکانیشیان دەکێڵا. وەکو ئەوەی زەویەکانیان کەم بێ و بەشیان نەکات. لە نزیکی توکین، بانگی یەکێك لەم جووتیارانەم کرد وهات و لەبەر گالیسکەکەمدا وەستا. پێمگوت:"ئەرێ برادەر بۆچی ئەم ڕێگایە دەکێڵیت؟" یارۆ ترساو گوتی: "جارێکی دی کاری واناکەم. ببورە، ڕێگاکە وەکو خۆی چاك دەکەمەوە." بەمجۆرە دوو سێ کەسی دیکەشم ترساند. لە نزیکی گراچوڤدا، سەیرم کرد هەمان تاس و هەمان حەمامە، ڕێگاکەیان کێڵا بوو، کابرایەکی تەژەی ناقوڵا لە دوای هەوجاڕێکەوە ڕێی دەکرد. بانگم لێکرد: "ئەهای، وەرە ئێرە." هات پێمگوت: "بە چ هەقێك ئەم جادەیە دەکێڵیت؟" تەمەشایەکی کردم. گەنجێکی چاونەترس بوو، چاوەکانی گەش و کاڵ بوون. بێئەوەی هیچ قسەیەك بکات گەڕایەوە بۆ لای گاجووتەکانی، مژانە ئاسنەکەی لە نیرەکە کردەوەو بەغاردان بەرەو من هات، خۆی بە چامرلغی عەرەبانەکەوە گرت و خۆی گەیاندە ڕکێفەکە، گوتی: "تۆ کێی و چ کارەیت، ئێوە تاکەی خوێنی ئێمە دەمژن؟ حەز دەکەیت مێشکت بپژێنم؟" ئەوجا شیشەکەی بەرز کردەوە تا پێمیا بکێشێت. پێمگوت: "ئەوە چیتە ئیڤان، من گاڵتەم لە گەڵ کردیت."( ئیڤان: لێرەدا بۆ مجامەلە بەکار دەبرێ، وەکو: برادەر، کوڕی باش، خزم..)

وەڵامی دامەوە: "من ئیدی ئیڤان نیم، ئیڤان ئوسیپچم، جا ئێستا لە سەر ئەم بێئەدەبیەت دەم و قەبۆزت دەشکێنم." باوەڕ بکەن. بە حاڵە حاڵ توانیم خۆمی لێڕزگار بکەم. ڕێك وەکو ئەم یارۆیە، لە هەوەڵەوە کەوتە پاڕانەوەو لالانەوەو لەدواییشدا کەوتە خۆ نواندن. ڕەش و ڕووت کبریایان پەیدا کردووە.

گیورگیدزە، بە هێمنی گوتی:

– نا ئەمە کبریا نیە، ئەمە بێشەرمیە لە ژێر پەردەی قانوونا.

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی هیچ کەسێك بێ، بابەتەکەی گۆڕی و گوتی:

– بێزەحمەت با دەست بە کۆنفراسەکە بکەین، چونکە گەرەکمە ئەمڕۆ بگەڕێمەوە بۆ کەتیبەکەم.

کودینوف، کێشای بە دیوارەکەدا و بانگی کرد:

– سافونوف.

ئەوسا ڕووی کردە گریگۆری و گوتی:

– تۆ لێرە بە، هەموومان ڕاوێژو تەگبیر دەکەین. ئەو پەندەت بیستووە کە دەڵێت: "دوو ئەقڵ لە ئەقڵێك باشترە." خۆمان و بەختمان کە هاوڕێ گیورگیدزە لێرەیە، بە ڕێکەوت لە ڤیشنسکایا ماوەتەوەو وا لە گەڵ ئێمەدایە، پلەی موقەدەمی هەیەو ئەکادیمیای عەسکەری تەواوکردووە.

گریگۆری کە لە ناخی خۆیدا، بێئەوەی بزانێ بۆ، هەستی بە ساردیەکی نادیار بەرانبەری دەکرد، بە گومانەوە لێی پرسی:

– چۆنە، لە ڤیشنسکایا ماویتەوە؟

– تیفۆم گرتبوو و کاتێ کە پاشەکشەی بەرەی باکوور دەستی پێکرد منیان لە دودارفسکی بەجێهێشت.

– لە چ کەتیبەیەك بوویت؟

– من؟ نا. من پۆستی فەرماندەییم نەبوو، من لەسەرکردایەتی گروپێکی تایبەتی بووم.

– کام گروپ؟ گروپی جەنەڕاڵ ستینیکوف؟

– نە...

گریگۆری دەیویست لە سەر پرسیارەکانی بەردەوام بێ، بەڵام ئەو تووڕەییەی کەوتە سەر سیمای گیورگیدزە، ناچاری کرد پەی بە بێمانایی پرسیارەکانی خۆی بەرێ و بە نیوە چڵی واز لەو پرسو جۆیە بێنێ.

دوای یەك دوو دەقیقە سافونوڤ سەرۆکی سەرکردایەتی و کندرات مدڤیدوڤ، فەرماندەی فیرقەی چوارەم و ملازم بوگاتیرۆڤ، فەرماندەی تیپی شەشەم کە ڕوخسارێکی سوورەی هەبوو، وەژوور کەوتن و کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکە دەستی پێکرد. کودینوف، بە کورتی بارودۆخی بەرەکانی شەڕی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە. یارۆی موقەدەم بەر لە هەمووان مۆڵەتی قسەکردنی خواست. نەخشەیەکی سەرکردایەتی، بە ئەسپایی لە سەر مێزەکە بڵاکردەوە. بە ئەسپایی و بە فۆنەتیکێکی قەفقازی کەوتە ئاخافتن و گوتی:

– بە باوەڕی من، پێویستە پێش هەموو شتێك کە هەندێك لە قوەتەکانی یەدەکی هەردوو فیرقەی سێیەم و چوارەم نەقڵ بکرێن، بۆ ئەو بەرەیەی کە فیرقەکەی میلیخوف و لیوا تایبەتیەکەی لێن. بە گوێرەی ئەو زانیاریە نهێنیانەی کە لە لای ئێمە هەن و بەپێی ئەو پرس و جۆیانەی لە یەخسیران کراون، تەواو ڕوون و ئاشکرایە کە فەرماندەیی سوپای سوور لە حاڵی خۆ ئامادەکردندایە کە لە قۆڵێن کامنکا –کارگینسکایا – بوکوفسکایاوە، دەستێکی بەزەبرمان لێ بوەشێنن. بە قسەی فیراران و یەخسیران بێ، ئەسەحە کە سەرکردایەتی سوپای نۆیەمی سوور لە ئوبلیڤی و موروزوفسکایاوە، دوو کەتیبە سوارەی سەر بە فیرقەی دوازدەیەم و پێنج مەفرەزەی تایبەتی و سێ تۆپخانە و چەند مەفرەزەیەکی ڕەشاشی ئامادە کردووەو دەینێرێت بۆ ئەم ناوچەیە. بە مەش پێنج هەزارو پێنج سەد سەربازی زیادە دێتە سەر هێزەکانیان، یانی بەم پێیە هەم لە ڕووی ژمارەی نەفەرەوەو هەم لە ڕووی چەك و جبەخانەوە باڵادەست دەبن.

هەتاوی نیوەڕۆ، کە وەکو گوڵی گوڵە بەڕۆژە زەرد دەچووەوە، لە پەنجەرەکەوە دەیدا لە ناو ژوورەکە. دووکەڵێکی شینی هەور ئاسا، بێجووڵە، بە ئاسمانی ژوورەکەوە، لە نزیکی بن میچەکەدا، ڕاوەستا بوو. بۆنی تووتنی خۆماڵی تێکەڵ بە بۆنی بۆگەنی چەکەمەێن نمدار بوو بوو. مێشێك، کە لە دووکەڵی سیغاراندا گێژ بوو بوو، بە شوێنێکی بن میچەکەوە، نائومێدانە هەر وزە وزی بوو. گریگۆری چاوی بڕی بووە پەنجەرەکەو بە تۆپزی خەوی لە چاوانی دەتاراند "دوو شەو بوو نە خەوتبوو). شنەبای بە هاری لە دەرێڕا، لە سەر دەریاوە دەهات. دوا خاڵی بەفر لەسەر ترۆپکی گردی بازکییەوە، لە بەر تیشکی هەتاودا، بە پرشنگێکی پەمەیی دەدرەوشایەوە. ترۆپکی سپیداران لەوبەری دۆنەوە، هێندە بە توندی دەشنانەوە کە گریگۆری بەدەم تەمەشاکردنیانەوە وای هەست دەکرد گوێی لە خشە خشی گەڵاکانیان دەبێت.

دەنگی پتەو و دلێری موقەدەمەکە، سەرنجی ڕاکێشا، هەوڵیدا گوێی لێبگرێت، خەوەکەی بەرە بەرە وەکو بەفرێ بتوێتەوە، بەو ئاوایە ڕەوییەوە.

– کەمبوونەوەی چالاکی و جم و جوڵی دژمن لە بەرەی فیرقەی یەکەمەوەو هەوڵدانی بەردەوامی بۆ هێرش کردن لە خەتی میگولینسکایا –مشکوفسکایاوە. ناچارمان دەکات کە ئاگامان لە خۆ بێت. بەبۆچونی من (موقەدەمەکە لێرەدا بەسەر وشەی هاوڕێیاندا کە چاوەڕوان دەکرا بەکاری ببات، بازی داو دەستە سپیە ژنانیەکانی تەکان داو دەنگی لێهەڵبڕی) بە باوەڕی من فەرماندەی گشتی کودینوف، کە سافونوفش پشتیوانی دەکات، ئەگەر بە مانۆڕی سوورەکان فریو بخوات و لە بەر ڕۆشنایی ئەو مانۆڕە هێزەکانی ژێر دەستی میلیخوف کەم بکاتەوە، هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات. ئاخر بە ڕێزینە، ئەمە ئەلفبای زانستی ستراتیجیایە کە تۆ هێزی دژمن بکێش بکەیت بۆ شوێنێك و ئەوسا لەو شوێنەوە پەلاماری بدەیت کە قوەتەکەی کێشاوەتەوە.

کودینوف، قسەکەی پێبڕی:

– بەڵام میلیخوف پێویستی بە یەك کەتیبەی یەدەك نیە.

– بەپێچەوانەوە، ئێمە پێویستە هەمیشە بە شێك لە هێزە یەدەگەکانی فیرقەی سێیەممان لە بەردەستدا بێت، تا ئەگەر دژمن کەلێنێکی خستە شەڕگەکەوە، بتوانین پڕی بکەینەوە.

گریگۆری لە ناکاوا هەڵچوو:

– وادیارە کودینوف، بە نیاز نیە پرسم پێبکات ئایا من قوەتە یەدەگەکەی خۆمی دەدەمێ یان نا. من دەستبەرداری هێزی یەدەکی خۆم نابم، تاقە یەك سریەشی نادەمێ.

سافونوف، لە کاتیکا دەستی بەسمێڵە زەردەکەیا دێنا، بە بزەوە گوتی:

– دەی برا.. ئاخر ئەوە...

– برا، برا نایخوات. نایدەم و تەواو

– لە ڕوانگەی ستراتیژیەوە...

گریگۆری هەڵیدایە:

– باسی ستراتیژیەت بۆ من مەکە. من بەرپرسی بەرەکەی خۆم و جەنگاوەرەکانی خۆمم.

موقەدەم گیورگیدزە، بە قەڵەمێکی سوور، لە سەر نەخشەکە ،ئەو بەشەی دیاریکرد کە جیگای مەترسی بوو و ئەگەری ئەوەی هەبوو لەلایەن دژمنەوە هێرشی بۆ بکرێت و کۆتایی بەو مشت و مڕە هێنا. کاتێ هەموو پێکەوە سەریان بەسەر نەخشەکەدا دانەواند و لێی وردبوونەوە، هەموو گەیینە قەناعەت کە ئەو هێرشەی سەرکردایەتی سوپای سوور خۆی بۆ ئامادە دەکات تەنیا لە قۆڵی باشوورەوە، کە لە هەر شوێنێکی دیکە نزیکتر بوو لە دۆنتس و لە ڕووی ڕێگاو بانەوە باشتر بوو، دێتە کردن.

کۆبوونەوەو کۆنفرانسەکە لە زەرفی سەعاتێکدا تەواو بوو. لە کۆتایی کوبونەوەکەدا، کوندرات میدفیدیف، کە کابرایەکی ڕوو گرژی کەم سیوات بوو ولە سەرانسەری کۆبوونەوەکەدا هیچ قسەیەکی نەکرد بوو، بە گومانەوە ڕوانیە دەوروبەری خۆی و گوتی:

– ئێمە دەتوانین هێزی یەدەك بنێرینە کۆمەك و یارمەتی میلیخوف. شەڕڤانمان هەن، بەڵام من لە یەك شت نیگەرانم. گریمان ئەوانە لە یەك کاتدا، لە هەموو قۆڵەکانەوە هێرشیان بۆ هێنایـن. هەنگێ چ بکەین؟ دەبێ وەکو کۆمەڵێك مار لە دورگەیەکدا، لافاو دەوری گرتبن. هەر بە ناو یەکدا بخولێینەوە.

بوگاتیریوڤ فەرماندەی تیپی (لیوا) شەشی تایبەتی، بە دەم قاقای پیکەنینەوە گوتی:

– مار دەتوانن مەلە بکەن، بەڵام ئێمە لە کوێ مەلە بکەین؟

کودینوف دەبیرەوە چوو و گوتی:

– بیرمان لەمەش کردووەتەوە. ئەگەر کەوتینە تەنگانەوە، ئەوا هەر هەموو ئەوانە بەجێدێڵین کە ناتوانن چەك هەڵگرن، خانەوادەکانمان بەجێدێڵین و خۆمان بە زەبری چەك ڕێگا بۆ دۆنتس دەکەینەوە. قوەتەکەان کەم نیە: سی هەزار سەرباز.

– ئایا کادیتەکان، دامان دەکەن؟ چونکە ئەوانە خەڵکی دۆنی باڵایان خۆشناوێت.

گریگۆری، کڵاوە فەروەکەی لە سەر کردو گوتی:

– جارێ وەختی ئەو قسانە نیە. ئەو قسانە زیادن.

بەدەم ئەو قسەیەوە لە ژوورەکە وەدەرکەوت. لە درزی دەرگاکەوە گوێی لە گیورگیدزە بوو کە بەدەم لوول کردنی نەخشەکەوە دەیگوت:

– ئەگەر قوزاقانی ڤیشنسکایاو، بە شێوەیەکی گشتی هەموو شۆڕشیان (یاخیان)پیاوانە درێژە بە خەباتی خۆ دژی بەلشەویکان بدەن، قەرەبووی هەموو ئەو هەڵانە دەکەنەوە کە دەرهەق بە دۆن و ڕووسیا کردوویانە..

گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەم هیچ و پووچە بە دەمی وا دەڵێت و بەڵام شتیکی دیکەی لە دڵیا پەنهان کردووە!" و جاریکی دی جۆرە نیگەرانی و هەستێکی تووڕەیی نامەفهووم، دەربارەی ئەم ئەفسەرە کە لە ناکاوا لە ڤیشنسکایادا پەیدا بوو بوو، لە ناخیا سەری هەڵدا.

کودینوف، لەبەر دەرگاکەدا خۆی گەیاندێ. ماوەیەکی کەم بە بێدەنگی ڕێیان کرد. بایەکە دەیدا لە سەر ئەو گۆلاوانەی مەیدانەکە، کە لێرەو لەوێ تەرسی (گووی یەکسم) وەسەرکەوتبوو و دەیەلەراندەوەو دەیخستە وردە شەپۆلان. دنیا خەریك بوو تاریك دەبوو. پەڵە هەورێکی قورس و

سپی وەکو هەوری هاوینە لە قوڵی باشوورەوە دەهات و دەتگوت قووە و بە ئەسپایی بە حەواوە مەلە دەکات. بۆنی خاکی نمسار کە تازە لە ژێر بەفرەوە سەری دەرهێنابوو، تە زووی ئارامی بەگیان دەبەخشی. گیا، لە بن پەرژینان تازە چەکەرەی کرد بوو و سەری دەرێنا بوو. بایەکە لەوبەری دۆنەوە زەمزەمەی بەجۆشی سپیدارەکانی دەگەڵ خۆیدا دێنا. کودینوف کۆکەیەکی بۆ کردو گوتی:

– بەم زوانە بەفر و سەهۆڵی دۆن دەشکیٚ و دەتوێتەوە.

– وایە.

– ئەریٚ، ئەگەر جگەرە نەبوایە دەمردین. چنگێك توتنی خۆماڵی ئێستا بەچل ڕۆبڵی کیرنسکییە

گریگۆری، لە ناکاوا ئاوڕی لای کودینوڤ دایەوەو بە توندی گوتی:

– ئەریٚ تۆ پێم ناڵێی ئەم ئەفسەرە چەرکەسە چی دەکات لێرە؟

– مەبەست گیورگیدزەیە؟ ئەمە سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی ئێمەیە. کابرایەکی زیرەکە. ئەو هەموو پلان و نەخشەکان دادەنیٚ. لە واری ستراتیژییەوە لە هەموومان شارەزاترە.

– لە ڤیشنسکایا ئاکنجییە؟

– نا، ئەومان بۆ کەتیبەی چرنوفسکی، بەشی باربەری تەنسیب کردووە.

– ئەدی چۆن خزمەتی خۆی ئەنجام دەدات؟

– بەزۆری دێت بۆ ئێرە، بۆ ڤیشنسکایا، تەقریبەن هەموو ڕۆژ.

گریگۆری بۆ ئەوەی مەسەلەکە لەبنج و بناوان بکات، پرسی:

– کەوایە بۆ لێرە، لە ڤیشنسکایا نای هێڵیتەوە؟

کودینوف، بە دەم کۆکە کۆکەوە، دەستی بە دەمیەوە گرت و بە نەبەدڵی بەرسڤی دایەوە:

– ئەمە کێشەمان بۆ دروست دەکات، تۆ خۆت قوزاقان دەناسی. دەکەونە خوتەو بۆڵەو دەڵێن: "دیسان ئەفسەران بە سواری ئەسپ پەیدا بوونەوەو ئێمەیان پێش دەخەن، نابیٚ چاومان، لە شان و نەجمەی زێڕ بڕێت.. و" ئەو جۆرە قسەو قسەڵۆکانە.

– خەڵکی دیکەی لە بابەتی ئەو لە ناو هێزەکانماندا هەن؟

– دوو سێیەکمان لە کەتیبەی کازانسکایادا هەن... بەڵام گریگۆری زۆر نیگەران مەبە، من لە مەبەستت حاڵی دەبم. کوڕی خۆم، ئێمە جگە لە کادێتەکان هیچ پەنایەکی دیکەمان نیە. وانیە؟ تەسەور دەکەیت ئێمە بتوانین بە دە ناوچەوە کۆماریکی تایبەت بە خۆمان دروست بکەین؟ هیچ چارێك نیە... دەبیٚ پەیوەندی بەوانەوە بکەین، دەچین کراسنوف دەدۆزینەوە و بە سەری شۆڕەوە پێی دەڵێین: "پیوتەر میکلافیچ بمانبورە، ئێمە هەڵە بووین کە جەبهەمان چۆڵکرد..."

گریگۆری قسەکەی پێبڕی و گوتی:

– هەڵە بووین؟

کودینوف، بە سەرسامیەکی ڕاستگۆیانە بەرسڤی دایەوە:

– بەڵیٚ، ئەدی هەڵە نەبووین؟

ئەوسا زۆر بەدیقەت بەدەوری گۆلاوێکی بچووکدا پێچی کردەوە. گریگۆری پەست بوو بوو. بە تۆبزی بزەیەکی بۆ کرد:
– تێگەیشتم... من زۆر جار لە خۆم دەپرسم ئایا ئەم ڕاپەڕینەی کە ئێمە دەستمان دایە، هەڵە نەبوو... گوێت لێنە بوو ئەو کابرا قوزاقەی خەڵکی خوپەر چی دەگوت؟
کودینوف، وەڵامی نەدایەوە. بە کونجکاویەوە ڕوانیە ڕوخساری گریگۆری لە چوار ڕیانەکەی ئەوسەری مەیدانەکە لێکدی جیابوونەوە. کودینوف بە بەر قوتابخانەکەدا تێپەڕی و چوو بۆ ئەو خانووەی کە تیایا نیشتەجێ بوو بوو. گریگۆری بۆ بارەگای سەرکردایەتی گەڕایەوە، بە موراسیلەکەی خۆی گوت کە هەردوو ئەسپەکە بێنێ. پاش ئەوەی سواری ئەسپەکە بوو وکەوتە ڕێ، بەرە بەرە جڵەوی بۆ ئەسپەکە شل کردو قایشی تفەنگەکەی ڕێکخست، بە دەم ڕێوە کەوتە بیرکردنەوە لە هۆی ئەو هەستی دژمنایەتیەی کە بەرانبەر بەو موقەدەمە لەلای دروست بوو بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ناشێت کادیتەکان بە ئانقەست ئەم ئەفسەرە خوێنەوارانەیان بەجێ هێشتبێ، بۆ ئەوەی لە پاشینەی بەرەی سوورەکاندا ئاژاوە بنەوەو ڕاپەڕین بەرپا بکەن و بە زەبری زانیاری عەسکەری خۆیان، ئێمە بە دووی خۆیان بخەن؟" ئەوجا کە قسەکانی ئەوی وەبیر خۆ هێنایەوە، قەناعەتی تەواوی بەم ئەنجامگیرییەی خۆی هێناو گوتی: "حەزی نەکرد پێم بڵێ سەر بە چ کەتیبەیەکە... کەوتە مینگە مینگ... گوتی سەر بە بارەگای سەرکردایەتییە، بەڵام هیچ ئەنجوومەنێکی سەرکردایەتی بەم ناوەدا تێنەپەڕیوە... ئیدی چۆن توانیویەتی لە کوێرە دێیەکی دوورە دەستی، چەپەکی وەکو دودورفسکیدا بمێنێتەوە؟ ئوهـ، هەڵبەتە ڕێکەوت نەبووە. چاك خۆمان تووش کرد..." پاش ئەوەی حەقیقەتی بۆ ڕوون بووەوە لە دڵی خۆیداو بە نائومێدیەوە گوتی: "ئەم خوێنەوارانە تەفرەیان داین. خستیانینە داوەوە ئەمانە دەست و پێیان لە کۆت و زنجیر ناوین و بۆ مەبەست و ئامانجی خۆیان بە کارمان دێنن.. بە ڕاستی پیاو ناتوانێ متمانە بە کەس بکات..."
گریگۆری، دوای ئەوەی لە دۆن پەڕییەوە، پیرە ئەسپی تاوداو هەڵیکردە چوار ناڵە. گوێی لە جیرە جێڕی زینی ئەسپی مراسیلەکەی بوو کە لە دوایەوە دەهات. موراسیلەکەی پیاوێکی جەنگدیدەی زەلام بوو، قوزاقێکی ئازاو دلاوەری خەڵکی ئولچانسکی بوو. گریگۆری، هەمیشە ئەم جۆرە پیاوانەی بە موراسیلی هەڵدەبژارد کە ئامادە بوون لە پێناوی ئەوا خۆ بە ئاوو ئاگردا بدەن، پیاوانێ کە لە جەبهەی ئەڵمانیادا قاڵ بوو بوونەوە. ئەم موراسیلە کە پێشتر دیدەوان بوو بوو، بە درێژایی ڕێگاکە هیچ قسەیەکی نەکرد، جارجارێك بە دەم ڕێگاوەو بە سەر ئەسپەکەوە. بە بەردەستێ سیغارێکی پێدەکرد. لە نزیکی توکیندا بە گریگۆری گوت:
– ئەگەر پەلەت نیە، با ئەمشەو لەم ناوە لابدەین، ئەسپەکان ماندوون، پێویستە پشوویەك بدەین.
لە گوندی چوکارین مانەوە، شەویان لە کۆنە خانوویەکی داڕوخاوی دوو ژووردا بە سەر برد کە لە سەرماو سۆڵەی دەشتە بەرینەکەی ستێپی پاراستن. زەمینەی ژوورەکە بۆنی مێزی گوێرەکەو بزنی لێهەڵدەستا. تەنوورەکە بۆنی نانی تازەی لێدەهات کە بە گەڵا کەلەرم دایانگیرساند بوو. گریگۆری بە نەبەدڵی و بێتاقەتی وەڵامی پرسیارەکانی، پیرەژنی خاوەن ماڵەکەی دەدایەوە کە

سێ کوڕی و مێردەکەی دەگەڵ یاخیاندا چووبوونە بەرەی شەڕ. دەنگی پیرەژن، دەنگێکی نێری پیاوانە بوو. چونکە تەمەنی هەبوو، بۆیە بەجۆرە بێباکیەکەوە گریگۆری دەدواند:

– ڕەنگە، سەرۆك و فەرماندەی ئەم قوزاقە گەوجانەبی، بەڵام سەرۆك و فەرماندەی من نیت. من لە تەمەنی دایکی تۆدام. جا کوڕی خۆم، تکا دەکەم قسە لە گەڵ مندا بکە، نەك دانیشیت و باوێشك بدەیت و لە خۆت نەگری لە گەڵ پیرەژنیکدا قسان بکەیت! من سێ کوڕی خۆم ناردووە بۆ ئەم شەڕە دوابڕاوەی ئێوە، هەورەها مێردەکەشم. تۆ ڕێبەری کوڕەکانم دەکەیت، بەڵام لە دامێنی من کەوتونەتەوە، من هێناومنە دنیا، شیرم داون، پەروەردەم کردون، بە کۆڵ بردوومن بۆ کێڵگەو مەزراو دەرو دەشت و باخ و بێستانان. ئەمە هەر بەدەم ئاسانە! جا لەبەر ئەمە لووتم لێهەڵمەکەو خۆتم بە سەرا مەنوێنە. ئاقڵ بەو پیاوانە قسەم لە گەڵ بکە: ئایا بەم زوانە ئاشتی بەرقەرار دەبێت؟

– بەم زوانە، بەم زوانە دایە گیان، وا چاکترە بڕۆی بخەوی.

– بەم زوانە یانی کەی؟ بە تۆبزی مەمنێرە بۆ خەوتن، من خاوەن ماڵم نەك تۆ. دەبێ بڕۆم کارو بەرخەکانم بێنمە ژوورەوە، شەوێ دەیان هێنینە ژورەوە، چونکە هێشتا کۆرپەن. ئایا تا جەژنی پاك ئاشتی بەرقەرار دەبیٚ؟

– کەی سوورەکانم دەرکرد، ئاشتی بەرقەرار دەبێت.

پیرەژن گوتی:

– ئاخ! ئاخ! خودایە!

ئەوسا دەست و مەچەکە ئاوساوەکانی و قامکەکانی کە بە هۆی کارو ڕۆماتیزمەوە، خوارو خێچ بوو بوون، نایە سەر ئەژنۆ ڕەق و تەقەکانی و لێوە قاوەییە وشکەکانی کە لە توێکڵی دار گێلاس دەچوون، بە کەسەرەوە بزواندن و لە سەری ڕۆیی:

– ئاخر ئێوە چیتان لێیان دەوێ؟ سوورەکان چیان لێکردوون؟ بۆچی شەڕیان لە گەڵ دەکەن. بە ڕاستی خەڵکی شێت بوون... ئێوەی داماو، لەزەت لەوە دەبینن کە شەڕە تفەنگ بکەن و بەسەر ئەسپەکانتانەوە جیلوە فرۆشی بکەن. بەڵام چی لە خیڵی دایکان دەکەن؟ ئەوەی دەکوژرێ، هەرچیەك بێ، کوڕی ئەوانە، وایە؟ ئەوانەی تفەنگیان داهێناوە...

موراسیلەکەی گریگۆری، بە قسەکانی پیرەژن قەڵس بوو، بە توورەیی بۆڵاندی:

– ئەدی ئێمە دایکمان نیە؟ ئەدی ئێمە کێین، لە دێڵە سەگ بووین؟ ئێمە خۆمان بە کوشت دەدەین و هێشتاش تۆ دەڵێی بە سەر ئەسپەوە جیلوە فرۆشی دەکەین. بۆ ئەوانەی دەکوژرێن بەشەر نین، شایەنی بەزەیی نین؟ هەر دایکان شایەنی بەزەیین؟ شەرمە، بەم تەمەنەوە ئەم قسە هەلەق و مەلەقانە دەکەیت و نایەڵی خەڵکی بخەون.

پیرەژن هاتە قسە:

– خەمت نەبێ، داماو بخەوە بخەوە! بۆچی وەکو فیشەکە شێتە چووی بە ئاسمانا؟ خێرە، وا هەڵدەچیت؟ خۆ وەکو گورگ خۆی مات دابوو و متەقی نەدەکرد، لە پڕا هاواری لێهەستا، کەس نازانێ بۆ. تۆ تەمەشا تەمەشا چۆن دەنگی نووسا!

موراسیلەکە بە نائومێدیەوە گوتی:

– گریگۆری پانتیلیوفیچ، ئەم پیرەژنە نایەڵێ بخەوین.

هێندە بە توندی چەخماخەکەی داگیرساند، تۆپەڵێك پزیسکی لێبەرز بووەوە، سیغارەکەی داگیرساندو بۆنە دووکەڵی بەردایە ئەو ناوە. هێشتا هەر پیرەژنە چەنەبازەکەی سەرزەنشت دەکرد:

– دەڵێی زەردەواڵەی (زەنگە سوورە) هەر گیزە گیزتە. من دڵنیام ئەگەر مێردەکەت لە شەڕا بکوژرێ، ئیسراحەت دەکات، زۆر خۆشحاڵ دەبێت و دەڵێت: "ئۆخەی، شوکر لە دەستی ژنەکەم ڕزگار بووم!"

– دەك زمانت بە بڕین بچێ بەدفەڕ!

– بنوو پیرەژن، مەعز بۆ ڕەزای خوا بنووە. سێ دانە شەوە ئێمە نەخەوتووین. ئاخر گوناحت دەگا، لەوەیە لەبەر ئەم کارەت بەبێ دین و ئیمان بمریت.

گریگۆری بە زەحمەتێکی زۆر پێکی هێنانەوە. کاتێ کە خەریك بوو خەوی لێدەکەوت، بۆنی ترشەڵۆکی فەروەکەی کە دابووی بە سەر خۆیا، جۆرە لەزەتێکی سەیری پێدەبەخشی. بەدەم خەوەوە گوێی لە دەنگی پێکادانی دەرگاکە بوو، پشووە بایەکی ساردی شێدار بەر پێی کەوت. ئەوسا بەرخێك لە پەنا گوێیدا باعاندی. سمی چکۆڵەی کارژۆڵەکان بە ئەرزەکە کەوت، بۆنی خۆسی وێنجەی تەڕ و شیری مەڕو سەرمای سەهۆڵبەندان و کۆزو گەوڕ ژوورەکەی پڕکرد.

گریگۆری، لە نیوە شەوا خەبەری بووەوە، ماوەیەکی زۆر بە بێداری مایەوە. لە ئاگردانەکەیا، ژیلەمۆی ئاگر لە ژێر خۆڵە کەوە سپییەکەوە، دەتروسکایەوە. بەرخەکان لە بەردەمی موغەیریەکەدا، ڕێك لە لای ئاگرەکەوە پاڵ کەوتبوون. لە میانەی بێدەنگیە نەرمەکەی نیوە شەوەوە، گریگۆری گوێی لە دەنگی کاوێژی بەرخە خەواڵوەکان بوو، کە نەرم نەرم هەناسەیان دەداو جار جارێك دەپژمین. مانگی چواردە لە دووری دوورەوە، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانیە ژوورەوە. کاژۆڵەیەکی ڕەشی لاسار، لەبەر تریفەی زەردباوی هەیڤە شەوەکەو لە ناو ژوورەکەدا، کەوتبووە هەڵبەزو دابەزو لە نێوان ئەو لوولە تریفەیەدا کە بەلاری دەیدا لە ناو ژوورەکە، تەپوتووزێکی مرواری ئاسای نابووەوە. ڕوناکیەکی شینی ئامال زەرد کە تەقریبەن وەکو ڕوناکی ڕۆژ وابوو، ماڵەکەی تەواو ڕوناك کردبووەوە. پارچە ئاوێنەیەك بە قەد دیواری موغەیریەکەوە دەبریسکایەوەو پزیسکی ئاگرەکەی دەنواندەوە. چوارچێوەی زیوینی ئیکۆنەیەك لە گۆشەیەکی پێشەوەی ژوورەکەدا، بە کزی دەبریقایەوە. گریگۆری، جارێکی دی کونفرانسەکەی ڤیشنسکایاو نوێنەرەکەی قوزاقانی خوپەر وموقەدەمە قەفقازیەکەی وەبیر هێنایەوە. کاتێ کە موقەدەمەکەو ڕواڵەت و ڕەفتارو گوفتاری ڕۆشنبیرانەی ئەوی بیرکەوتەوە، نیگەرانی و ناڕەحەتیەکی ناخۆش لە ناخیا سەری هەڵدایەوە. کارژۆڵەکە، هاتە سەر فەروەکەی، نەخێر هاتە سەر سکی و ماوەیەك گەوجانە لە گریگۆری ورد بووەوە، گوێچکەکانی قوت کردنەوە، ئەوسا جورئەتی پەیدا کردو کەوتە هەڵبەزو دابەز، ئەوجا لاقەکانی بە مووە پرشنگدارەکانیەوە بڵاوکردەوە. ئەوجا فوارەیەکی باریك بە خۆشە خۆش، ڕژایە سەر ناولەپی موراسیلەکەوە کە لە تەنیشت گریگۆریەوە خەوتبوو.

یارۆ بە پڕتەو بۆڵەوە، بێدار بووەوە، دەستی بە پانتۆڵەکەی خۆی پاك کردەوەو بە سەرو ڕویەکی خەمەناکەوە سەرێکی لەقاندو گوتی:

– دەك بە نەحلەت بی، تەڕی کردم، دەبڕۆ دەی!

پەلەپیتکەیەکی سووکی کێشا بە تەوێڵی کاژۆلەکەدا، کاژۆلەکە باعەیەکی توندی بۆ کردو خۆی هەڵدایە خوارەوە، پاشان لە گریگۆری نزیك بووەوە و ماوەیەکی زۆر بەزمانە بچووك و زبرو گەرمەکەی، دەستی ئەوی لستەوە.

"٣٩"

ستوکمان، میشکا کوشیڤوی، ئیڤان ئالیکسییوفیچ و چەند قوزاقێکی دی کە بە شێوەیەکی چریکی (میلیشایی) خزمەتیان دەکرد، دوای ئەوەی لە گوندەکەی خۆیان، واتە لە تاتارسکی هەڵاتن، پەیوەندییان بە کەتیبەی چواری زامورسکی سوورەکانەوە کرد. ئەم کەتیبەیە کە لە سەرەتای ساڵی ١٩١٨ دا لەبەرەی ئەڵمان گەڕابووەوە، بە هەموو سەربازەکانیەوە پەیوەندی بە سوپای سوورەوە کردبوو، دوای ئەوەی یەك ساڵ و نیوی لە شەڕی ئەهلی و ناوخۆدا بە سەر برد بوو، هێستا هێزی سەرەکی و کادیرە سەرەکیەکانی خۆی پاراستبوو. سەربازانی کەتیبەی زامورسکی، ئەسپابی شەڕو جبەخانەی زۆر باشیان هەبوو وئەسپەکانیان تێر ئالیك و ڕام و خۆش تەعلیم بوون. ئەم کەتیبەیە لە ڕووی جەنگاوەری و شەرڤانی و ورە بەرزی و توانای شەرڤانیەوە، یەکێك بوو لە کەتیبە زۆر بە ناوبانگەکانی هێزی سوارە.

کە یاخی بوون دەستی پێکرد، سەربازانی کەتیبەی زامورسکی، بە پشتیوانی کەتیبەی یەکەمی پیادەی مۆسکۆ. توانی بووی ڕێگا لە یاخیەکان بگرێت کە دەیانویست بەرەو ئوست – میدفیدیتسا پێشڕەوی بکەن. پاشان هێزی پشتیوانیان پێگەیی بوو، ئیدی کەتیبەی ناڤبری، بێئەوەی هێزەکانی خۆ پەراگەندە بکات، ناوچەی ئوست –خوپەرسکایای، شان بە شانی ڕوباری کریڤایای بەڕێك و پێکی گرتبوو.

لە کۆتایی مانگی ئازاردا، یاخیەکان، توانیان سەربازانی سوور لە قەڵەمڕەوی ناوچەی ئیلانسکایا دەرپەڕێنن و چەندین گوندی ئوست خوپەرسکایا بگرن. بە هۆی ئەوەوە جۆرە هاوسەنگیەکی ڕێژەیی هێز بەرقەرار بوو و جەبهەکە تا نزیکەی دوو مانگێك بەو دەقەوە مایەوە. جا بە مەبەستی دوورخستنەوەی خەتەرو مەترسی لە سەر ئوست خوپەرسکایا لە قوڵی ڕۆژئاواوە، فەوجێکی کەتیبەی مۆسکۆ، بەپشتیوانی تۆپخانەیەك گوندی کروتوفسکی، گوێ ڕوباری دۆنی گرت. تۆپخانەی سوورەکان کە لە سەر گردێکی باشووری کروتوفسکی دامەزرا بوو، لە بەیانیەوە تا ئێواریٚ، ئاپۆڕای هێزی یاخییەکانی لە قوڵی ڕاستی دۆندا تۆپباران دەکردو ناو بە ناویش، گوندی ئیلانسکی بە چەند تۆپێك بە سەر دەکردەوە. گوللە تۆپەکان هەندێجار لە ناو گوندەکەدا دەتەقینەوە و چوار پێیەکان سەرگەردان لە ترسا هەڵدەهاتن و بە ناو کوچەو کۆڵانەکان دەکەوتن و خۆیان بە پەرژینانەدا دەداو تێکیان دەشکاندن و خەڵکیش دوولا خۆیان دادەنەواندەوەو غاریان دەدا. هەندێجاریش لە پشت گۆڕستانەکەی نزیکی ئاشە بایەکە، لە سەر گردە لمەڵانەکان دەکەوتەوەو دنیایەك گڵی قاوەیی بە ستەڵەك گرتەی دەبرد بە ئاسماندا.

ڕۆژی پازدەی ئازار، ستوکمان و میشکاکوشیڤۆی و ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، لە چبوتاریوفەوە، چوون بۆ ئوست خوپەرسکایا، چونکە هەواڵیان زانی بوو کە لەوێ هەندێ لە کۆمونیستان و چالاکوانانی حیزبی کە لەو دواییانەدا، لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یاخیەکانەوە هەڵاتبوون، خەریکی دامەزراندنی سریەیەکن. قوزاقێکی سەلەفی پەیڕەوی ئاینی کۆن، بە خزاگەکەی خۆی، بەکرێ دەیانبات. ئەو کابرایە سەرو ڕوخسارێکی هێندە پەمەیی و ناسکی هەبوو کە ستوکمان تەمەشای دەکرد، پێکەنینی دەهات. ئەم قوزاقە بە هەمووو گەنجیەکی خۆیەوە ڕدێنیکی زەردو لوولی زۆر چڕی هەبوو کە دەم و زارە ئەرخەوانیەکەی لە بەینیا لە قاژە شووتی دەچوو. پێستی ڕوناکی ڕوخساری و ڕدێنە زەردەکەی، هێندەی دی شینی چاوەکانیان بەرجەستە دەکرد.

میشکا هەرکە کەوتنەڕێ، لە بەرخۆیەوە کەوتە گۆرانی گوتن. ئیڤان ئالیکسییوفیچ، بەخەمینی لە دواوە دانیشتبوو و تفەنگەکەی نابووە سەر ئەژنۆکانی. ستوکمان سەری قسەی دەگەڵ گالیسکەچیەکەدا دامەزراندو پرسی:

– سحەتت چۆنە هاوڕێ؟

یارۆی قوزاق، کە ژیانی لێهەڵدەقوڵا، بەدەم بزەیەکی گەرمەوە بەرسڤی دایەوە:

– سوپاس بۆ خوا عەیبم نیە. ئێمەو نەخۆشی؟ ئێمە مانان هەرگیز جگەرە ناکێشین، ڤۆدگای خالیسە دەخۆینەوە، نانی گەنم دەخۆین، ئیدی نەخۆشی لە کوێ پێمان دەوێرێت؟

– سەباز بوویت؟

– ماوەیەکی کەم. کادێتەکان بەسەربازییان بردم.

– ئەدی چۆنە لە گەڵ ئەواندا نەچوویت بۆ دۆنتس؟

– قسەی سەیر دەکەیت هاوڕێ. بۆچی بچووما یە؟ فێری سروودی تازە ببم؟ خۆ ئەگەر کادیتەکان ناچاریان نەکردبام، ئەو تۆزە عەسکەریەشم بۆ نەدەکردن. حکومەتەکەی ئێوە دادوەرانەیە، هەرچەندە هەندێ وردە هەڵەشتان هەیە...

– هەڵەی وەکو چی؟

ستوکمان، سیغاریکی پێچایەوە، دایگیراندو ماوەیەك چاوەڕوانی وەڵامی ئەوی کرد. یارۆی قوزاق ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

– ئەم گیایە بۆچی دەسووتێنی؟ تۆ تەمەشا هەواکەی دەوروبەرمان چەند خۆشە، تۆ سییەکانی خۆت بەم دووکەڵە بۆگەنە وێران دەکەیت. من ئەمە بە ڕاست نازانم. جا ئێستا دێمە سەرباسی هەڵەکانتان. ئێوە غەدرتان لە قوزاقەکان کرد. بارتان قورس کردن. زۆر کاری گەوجانەتان لێ سادربوو، ئەگەر ئەوە نەبوایە حکومەتەکەتان هەتا هەتایە دەما. ئێوە خەڵکی هێڕو گەوجتان زۆر تیایە، بۆیە ئەم یاخیبوون و ڕاپەڕینە سەری هەڵداوە.

– هەڵەکانمان، گەوجاتیەکانمان چ بوون؟

– پێموایە تۆش وەکو من دەیزانی.. ئێوە کەوتنە ئیعدام کردنی خەڵکی. ئەمرۆ ئەم و سبەینێ ئەو... کێ دادەنیشێت و چاوەڕوانی ئەوە دەکات تا نۆرەی بێت و گوللە باران بکرێت؟ گا بە گایەتی خۆی کە بۆ قەسابخانە دەبرێت سەرکێشی دەکا. تەمەشا، بۆ نمونە گوندی

بوکانوفسکایا... لێرەوە دیارە، کڵێساکەیان دەبینی؟ ئەها ئەوەی کە من قامچیەکەم بۆ ڕاکێشاوە. تەمەشاکە، دەی بینی؟ دەڵێن لەویٚ قۆمیسەرێك هەیە بە نێوی مالکین، بە خۆی و قوەتەکەی بەر دەستیەوە، پێتوایە ڕەفتاری لە گەڵ خەڵکیدا دادوەرانەیە؟ جا با پێت بڵێم، ئەمە پیرەمێردی هەموو گوندەکان کۆدەکاتەوەو دەیانبات و لە نێو دەوەنە جاڕەکاندا دەیانکوژێت. تەنانەت ڕێگە نادات بکرێنە ژێر خاکیشەوە. هەر هەموو گوناح و تاوانەکەشیان ئەوەیە کە لە ڕابوردودا بە ئەتەمان و قازی فەخری گوندو ناوچەکانی خۆیان هەڵبـژێردرابوون. بە خۆت دەزانی چۆن قازیەك بوون،هەندێکیان بە زەحمەت دەتوانن ناوی خۆیان بنووسن، هەندێکیان پەنجەمۆر دەکەن، خۆ هەندیکیان لە جیاتی ئیمزا نیشانەی خاچ دەکێشێت و تەواو. ئەمانە هەر بە ناو قازی بوون. گەورەترین ئیمتیازیان ڕدێنە سپییە درێژەکانیان بوو، دەنا ئەوەندە پیرن لە بیریان دەچێت دوگمەی پانتۆڵەکانیان دابخەن. ئەوانە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە. وەکو منداڵ وان. بەڵێ ئەو مالکینە، وەکو ئەوەی خوابێ، بەو ئاوایە هەقی مەرگ و ژیانی قوزاقەکانی بە خۆی دابوو. ڕۆژێك پیرەمێدێك بە مەیدانی گوندا تێدەپەڕێ. ناوی لیسنیوك دەبێت، ئەمە هەوسارێکی بە دەستەوە دەبێ، دەیەوێ بڕوات ماینەکەی بدۆزێتەوە و جڵەوی بکات. منداڵان هەر بە سوعبەتەوە پێی دەڵێن: "ئەهای پیرەمێرد بڕۆ بۆلای مالکین، داوای کردوویت" لیسنیوك نیشانەی خاچ دەکێشێت، خەڵکی ئەوێ پەیڕەوی مەزەبی تازەن، هەر لە ڕێوە کڵاوەکەی دادەکەنێ. بە ترسەوە دێت و دەڵێت: "منتان داوا کردبوو؟" مالکین، لە قاقای پێکەنین دەدات و دەڵێت: "نەخێر کەس داوای نەکردوویت، بەڵام مادامێکی بەپێی خۆت هاتوویت و خۆت بە تیرەی کارگان دەزانی، تۆش دەخەینە سەبەتەکەوە. دەی هاوڕێیان بیگرن و بیبەن!" هەڵبەتە بردیان و کوشتیان. ژنە پیرەکەی چەند چاوەڕوانی کرد، سەرو سۆراخی نەبوو نەبوو، ئاوەوئاو چوو. ڕۆیی و نەگەڕایەوە بە هەمان هەوساری دەستیەوە چووە بە هەشتی خودا. جاریکی دی مالکین لە جادەدا تووشی پیرەمێردیکی دی دەبێ بە نێوی میتروڤان، کە خەڵکی گوندی ئاندریانوفسکی دەبێت، لێی دەپرسێ: "کوێندەریت؟ ناوت چیە؟" ئەوجا بە پێکەنین و تەوسەوە دەڵێت: "تەمەشا، چۆن ڕدێنی بەرداوەتەوە، دەڵێی کلکە ڕێویە. تۆ بەم ڕدێنەوە زیاتر لە قەشە نیکولای دەچیت. تۆ زۆر قەڵەوی دەمانەوێ بتکەین بە سابوون. ئادەی هاوڕێیان بیبەن!" ڕاستە کابرای پیرەمێرد بۆ نەگبەتی ڕیشێکی درێژی گسك ئاسای دەبێت و تەنیا لەبەر ئەوەش گوللە بارانی دەکەن، لەبەد شانسی خۆیدا کاتێ تووشی مالکین دەبێت کە مجێزی تەواو نابێت. باشە ئەوە پێشێلکردنی حورمەت بەشەر نیە، ئەمە گاڵتە بازاڕ نیە؟

میشکا، کە لە سەرەتای ئەم گفتوگۆیەوە، لە گۆرانی گوتن وەستا بوو، بەتووڕەیی گوتی:

– درۆکانت زۆر شاشن برادەر!

– دەیارە درۆکانی تۆ سفت ترن. فەرموو تۆ درۆی باشتر بڕێسە. بەر لەوەی بڵێی درۆیە، شتەکە لە بنج و بناوان بکە، ئەوجا دەتوانی قسە بکەیت.

– تۆ لە قسەکانی خۆت دڵنیایت؟

– هەموو خەڵکی باسی ئەو شتە دەکەن. بووە بە داستانی سەر زاران.

–خەڵکی! خەڵکانێکیش هەن کە دەڵێن مریشك شیری هەیە، بەڵام خۆ بەخۆت دەزانی مریشك گوانی نیە. تۆ کۆمەڵێك قسەی هەلەق و مەلەقت بیستووەو ئێستا وەکو ژنان دەیڵێیتەوە و دەیڵێیتەوە.

– ئەوانە پیرەمێردانی بێوەی بوون...

میشکا کە تووڕەتر بوو بوو، بە تەوسەوە گوتی:

– بێوەی بوون! ڕەنگە وەکو ئەو پیرەمێردانەی کە ئەم ئاژاوەیەیان ناوەتەوە بێوەی بووبن. دیارە قازیە فەخریەکانی تۆ ڕەشاشیان لە حەوشەکانیاندا لە چاڵ ناوەو شاردۆتەوە. بەڵام تۆ دەڵێی تەنیا لەبەر ئەوەی ڕدێنیان هەبووە، گوللە بارانیان کردوون، تەنیا بۆ ڕابواردن.. ئەدی بۆ تۆیان گوللە باران نەکردووە کە ڕدێنت بە قەد ڕدێنی پیرە سابرینێك(تەگە،نێری) دەبێت؟

یارۆی قوزاق، پەشۆکاو زمانی کەوتە تەتەڵە:

– من هەرچیم بیستووە، ئەوە دەگێڕمەوە. کێ دەزانێ، لەوەیە بەدرۆ ئەو شتانەیان بۆ من گێڕابێتەوە. لەگینە ئەو پیرەمێرانە خراپەیەکیان دەرهەق بە حکومەتی تازە کردبێت.

هەنگێ لە خزاگەکە خۆی هەڵدایە خوارێ و تا ماوەیەك بە قەراخ ڕێگاکەدا و بە ناو بەفرە شل و فشەڵی ئامال شینەکەدا ڕێی کرد. لاقی لەسەر بەفرەکە دەخزین و بەفرە شلەکەی لەگەڵ خۆدا ڕادەماڵی. سەرانسەری دەشتەکە لە تیشکی هەتاوا نقوم بوو بوو، ئاسمانی ساف و شین گردۆلکەو ئاسۆگەو زینۆکانی گرتبووە باوەش. شنەی بایەکە. بۆن و بەرامەی بە هارێکی نزیکی لە گەڵ خۆیدا دێنا. لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە، لەودیو زنجیرە گردۆلکە سپییەکانی دۆنەوە، ترۆپکی ئەو گردەی کە دەیڕوانیە سەر ئوست میدڤیدیتسکایا، لە نێو چڕە تەمێکی بۆرەوە، بە دیارکەوت. لە پەراوێزی دووری ئاسۆوە هەورێن سپی، وەکو خوری شیکراوە، باڵی بەسەر زەویدا کێشابوو.

کابرای گالیسکەچی، دووبارە سەرکەوتەوە سەر خزاگەکەو بە گرژیەوە ڕوانیە ستوکمان دەستی بە قسان کردەوە.

– باپیرم کە هێشتا ماوەو وەکو دەڵێن تەمەنی سەدو هەشتا ساڵ دەبێت، بۆی گێڕامەوە، هەڵبەتە ئەویش لە باپیری خۆی بیستبوو، بۆی گێڕامەوە کە لەو ڕۆژگارو سەردەمەدا، یانی لە زەمانی باپیری باپیرمدا، تزار پەتروسی گەورە، میرزادەیەکی بە نێوی دلینوروکف یان دولگوروکوف، بۆ وڵاتی ئێمە، واتە بۆ دۆنی باڵا ناردووە. ئەم میرزادەیە بەخۆی و سەربازەکانیەوە لە فورونیچەوە دێت و دەکەوێتە تاڵان و بڕۆو وێران کردنی گوندە قوزاق نشینەکان ،چونکە نەچوو بوونە سەر مەزەبی پاتریك نیکونی نەحلەتی و ملیان بۆ تزار نەدابوو. قوزاقەکانیان دەگرت، لووتیان دەبڕین و دارکاریان دەکردن و دەیانخستنە سەر تەختە دارو دەیاندانە دەم دۆنەوە تا ئاوەکە بیانبات.

میشکا بە سەرو ڕوویەکی گرژەوە پرسی:

– مەبەستت لەم قسانە چیە؟ بۆچی ئەم قسانە بۆ ئێمە دەکەیت؟

– مەبەستم ئەمەیە کە بڵێم باوەڕ ناکەم تزار ئەو هەقەی دابووبێ بەو میرزادەیە، جا هەمان شت سەبارەت بە قومیسەری بوکانوفسکایاش هەر وابووە. لە خۆیەوە لە ئەنجوومەنی گوندی

بوکانوفسکایا هاواری کردووه: "سەگ دایکینە، نەمرم گیانی قوزاقیتان تیا دەکوژم، دەرسێکی واتان دادەدەم بە عەمراتتان لە بیرتان نەچێتەوە." جا پرسیار ئەوەیە ئایا حکومەتی سوڤیاتی ئەو مافەی داوەتیٚ؟ ئەمە مەسەلەکەیە، من دڵنیام ئەو مافەی نەدراوەتیٚ کە بەو چاوە بڕوانێتە قوزاقان کە هەموویان تاوانبارن. چونکە خۆ قوزاق هەموویان وەکو یەك نین...

ستوکمان، گۆناکانی گرژ کردن و گوتی:

– من گویم لە تۆ گرت، جا ئێستا تۆش گویٚ لە من بگرە.

کابرا بۆڵە بۆڵێکی لێوە هات و گوتی:

– ڕەنگە لە ڕووی نەزانیەوە هەندیٚ شتی نادروستم گوتبێت، ئەگەر وایە داوای بوردن دەکەم.

– ڕاوەستە.. ڕاوەستە. ئەوەی تۆ دەربارەی ئەو قومیسەرە گێڕاتەوە هەرگیز لە ڕاست ناچێت. من تاقیبی دەکەم. ئەگەر ڕاست بێت و بەو شێوەیە مامەڵەی لە گەڵ قوزاقاندا کردبێت، ئەوا نایەڵم لێی بە سەر بچێت!

– بڵێم چی!

– دڵنیابە، پێویست بە گومان ناکات. باشە کاتیٚ کە شەڕ گەییە گوندەکەی ئێوە، سەربازە سوورەکان، هاوڕێیەکی خۆیان، لەسەر ئەوەی شتێکی لە ماڵی ژنە قوزاقێك دزی بوو، ئیعدام نەکرد؟ من ئەمەم لە گوندەکەی ئێوە، لە خەڵکی بیست.

– بەڵیٚ، بەڵیٚ، لە ماڵی پرفیلیڤنا، یەغدانەکەی ژێرو ژوور کرد بوو، ڕاستە، زۆر ڕاستە. بەڵام سزایەکی قورسیان دابوو، قسەی تۆیە، لە پشت خەرمانگاکانەوە، گوللە بارانیان کرد. ئیدی ماوەیەکی زۆر گفتوگۆ و گەنگەشەمان لە سەر ئەوە بوو کە لە کویٚ بنێژرێت. هەندێك ڕایان وابوو لە گۆڕستانەکەدا بنێژرێت، بەڵام هەندێکی دی بەمە قاییل نەبوون و دەیانگوت شوێنەکە گڵاو دەکات، ئەوە بوو ئەنجام ئەو داماوە هەر لەویٚ لەو شوێنەدا کە گەللە باران کرا، بە خاك سپێردرا.

ستوکمان بەلەز سیغارێکی پێچایەوەو گوتی:

– یانی ئەمە ڕاستەو شتی وا بووە!

یارۆی قوزاق بێدوودڵی بۆی سەلماند:

– بەڵیٚ، بەڵیٚ، ئەمە حاشا هەڵناگرێت.

– باشە ئیدی بۆچی باوەڕ ناکەیت، ئەگەر قومیسەرەکەمان، ئەو شتانەی کردبێت کە تۆ دەیڵێی، بە سزای خۆی ناگەیەنین؟

– هاوڕێی ئازیز! ڕەنگە کەس گەورەی ئەم نەبێت، خۆی هەمە کارە بێت، بەڵام ئەو کابرا داماوە سەربازێکی سادە بوو، کومیسەر لە کویٚ و سەربازی سادە لە کویٚ!...

– حەزدەکەم دڵنیابی کە سزای ئەم، چونکە قومیسەرە سەخت تر دەبێت. حاڵی هەیت؟ حکومەتی سوڤیاتی تەنیا لە گەڵ دژمنانی خۆیدا سەختگیر نیە، هەر نوێنەرێکی حکومەت، بە ناهەق خەڵکی ڕەنجبەرو زەحمەتکێش بچەوسێنێتەوە، بە توندی لێپێچینەوەی لە گەڵ دەکەین.

لە پڕێکا، ڕمبەی تۆپێك ئەو بێدەنگیەی کە بەم نیوەڕۆیە باڵی بەسەر دەشت و دەرەکەدا کێشا بوو، شڵەقاند. نیوەڕۆیەکی کپ و بێدەنگ بوو، جگە لە خشە خشی تیغەی ژێر خزاگەکەو،

دەنگی سمی ئەسپەکان، هیچ ورتەو سرتەیەکی دیکە نەدەبیستـرا. دوای تۆپبارانی یەکەم، دوو نۆرە تۆپبارانی دیکەش کرا. ئەمە تۆپخانەی کروتوفسکی بوو کە دەستی بە تۆپبارانی کە ناری چەپی دۆن کردبوووەوە.

گفتوگۆی ناو خزاگەکە بڕا. ڕمبەی تۆپباران، دەگەڵ جوانی و دڵنەوازی دەشت و دەرەکەدا کە لە هەمێزی هەوەڵی بەهارا هەڵاژا بوو، تێکینەدەکردەوە. تەنانەت ئەسپەکانیش پێیان هەڵگرت، بە هەشتاو دەڕۆیشتن و بە ترسەوە گوێیان قوت دەکردەوە.

خۆیان بە ڕێگای ئەتاماندا کرد. دەرو دەشتە پان و بەرینەکەی دۆن دەرکەوت، لێرەو لەوێ پەڵە بەفری سەر گردۆڵکە لمەڵانیەکان چوو بووەوەو پەڵە چنارو سپیداران لە دوورەوە شین دەچوونەوەو چاو بڕکێیان لە گەڵ ڕێبواردا دەکرد.

کە گەیینە ئوست خوپەرسکایا، عەرەبانچییەکە ئەسپەکانی لە هەنبەر بارەگای کۆمیتەی شۆڕش دا، کە لە تەنیشت بارەگای گشتی سەرکردایەتی کەتیبەی مۆسکۆدا بوو، ڕاگرت. ستوکمان دەستی بە گیرفانی خۆیدا گێڕا، ئەوسا ئەسکەناسێکی چل ڕوبڵی کیرنسکی لە کیسە توتنەکەی دەرهێناو، دای بە گالیسکە چیەکە، کابرا لە خۆشیا دەمی نەدەهاتەوە یەك، ددانە زەردەکانی لە ژێر سمێڵە نمدارەکانیەوە دەرکەوت و لە بن لێوانەوەو بە شەرمێکەوە گوتی:

– هاوڕێ، توخوا هەڵیگرە! پارە مەدە! من شتێکی ئەوتۆم نەکردووە.

– بیگرە. ئەمە کرێی ماندووبوونی ئەسپەکانتە. ئیدی گومانت لە کارو کردەوەکانی حکومەتی سوڤیاتی نەبێت. هەمیشە ئەوەت لە بیربێ کە ئێمە لە پێناوی حکومەتی کرێکاران و جووتیاراندا دەخەبتین. دژمنانی ئێمە، ئێوە هاندەدەن کە یاخی ببن و ئاژاوە بنەنەوە: موڵکداران و فیودالان و ئەتامانان و ئەفسەران، هاندەری یاخیبوونن، بەڵام هەر یەکێك لە ئێمە زوڵمێك دەرهەق بە قوزاقێکی ڕەنجبەر بکات، کە دۆستی شۆڕش بێ، یارمەتی شۆڕش بدات، خۆمان دەزانین چۆن تەمبێی دەکەین.

– بێگومان هاوڕێ ئەو پەندەت بیستووە کە دەڵێت: خوا لەوە بەرزترە بۆ لای بفڕیت و تزار لەوە دوورترە بۆلای بڕۆیت... ڕێگای لای تزاری ئێوەش دوورە.. پەندی پێشینانە: لە گەڵ خەڵکی لە خۆت بە هێزترا بە شەڕ مەیە، شکات لەخەڵکی لەخۆت دەوڵەمەندتر مەکە... ئێوە هەم بە هێزن و هەم دەوڵەمەند.

کابرا بزەیەکی ڕیاکارانەی بۆ کردو لە سەری ڕۆیی:

– بۆ نموونە تەمەشای خۆت بکە، تۆ بۆ ئەم ڕێگا کورتە، کە کرێیەکەی پێنج ڕۆبڵ زیاتر ناکات! چل ڕۆبڵ بەمن دەدەی.

میشکا کوشیڤوی، بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

– ئەمە بەخشیشی ئەو قسانەیە کە کردنت.

ئەوسا لە خزاگەکە خۆی هەڵدایە خوارەوەو پانتۆڵەکەی هەڵکێشا، تەکانی و لە سەری ڕۆیی:

– هەروەها لە بەر خاتری ڕیشە جوانەکەت دەزانی کەرپیاو نەفەرەکەت کێیە؟ جەنەڕاڵێکی سوورە.

– ئۆ!

– ئا، ئا بڵێ ئوه! كه خەڵكێكی سەیرن. ئەگەر پارەی كەمی پێدابای، دەڕۆیشتی و لە هەموو شوێنێك دەتگوت: "چەند هاوڕێیەكم گواستەوە كەچی بێشەرەفانە تەنیا پێنج ڕۆبڵیان دامێ!" وتا كۆتایی زستان دڵت لێمان پاك نەدەبووەوە. ئێستاش كه زیادیان داویتەتێ، هەر ڕازی نیت: "تەمەشا، چەند پارەیان زۆره. چل رۆبڵیان دامێ، حیسابی پارەی خۆیان نازانن..." ئەگەر بە دەستی من بوایه یەك پولم نەدەدایتێ. بۆ ئەوەی هەر هاوارت كردبا. ئێوه بە هیچ تێر نابن. دەی با بڕۆین، بە دوعا، ڕیش درێژ.

تەنانەت ئیڤان ئەلیكسییوفیچی، ڕوو گرژو عەبوسیش، بە قسە قوتەكانی میشكا پێكەنی

سەربازێكی سووری سەر بە دەستەیەكی گەشتی، بە سواری ئەسپێكی چكۆلەی سیبریایی، یاڵ و بـژلوول، لـە حەوشـەی بارەگـای سـەركردایەتی كەتیبـەی مۆسـكۆوه، هاتـە دەرێ و جڵـەوی ئەسپەكەی ڕاكێشاو هاواری كرد:

– ئەم خزاگە لە كوێوه هاتووه؟

ستوكمان لێی پرسی:

– چیت لێی دەوێ؟

– هەندێ تەقەمەنی و جبەخانەمان هەیە دەمانەوێ بۆ كروتوفسكی بەرین. وەره ژوورەوه.

– نا، هاوڕێ، بۆت نیە ئەم خزاگە بەریت. دەمانەوێ ئیزنی بدەین.

سوارەكە، كە گەنجێكی قۆز بوو لە ستومكان هاتە پێشەوەو گوتی:

– تۆ كێیت؟

– ئێمە لە كەتیبەی زامورسكین. ئەم خزاگە مەبە.

– ئاوها... باشە، كەواتە دەتوانێ بڕوات. ئەهای پیرەمێرد دەتوانی بڕۆیت.

"٤٠"

دوای سۆراخ و تاقیب دەركەوت كە هیچ سریەیەكی كۆمونیستی لە ئوست –خوپەرسكایادا، لەحاڵی دامەزراندندا نیە. بەڵكو سریەیەك لە بوكانوفسكایادا، لەحاڵی دامەزراندا بوو، هەمان قومیسەر مالكین، كە لەلایەن سەركردایەتی سوپای سووری نۆیەمەوه، بۆ ناوچەی دۆنی ژێری نێردرابوو، ئەوەی عەرەبانچیەكە لە ڕێگا باسی كرد بوو، ڕاسپێردرا بوو كە سەرپەرشتی بكات. ئیـــدی كۆمونیســـتەكان و چـــالاكوانانی ســـوڤیاتەكانی ئیلانســـكایاو بوكانومنســـكایاو سلاشچوفسكایاو كومیلژنسكایا كە لە لایەن سەربازانی سوورەوه پشتیوانی دەكران، یەكەیەكی جەنگاوەری پیادەی باشیان دروستكرد بوو كە بریتی بوو لە دوو سەد نێزەو دەیان شمشێر و دەورێیەكی سواره. ئەم سریە بە شێوەیەكی كاتی لە بوكانوفسكایا هەڵیدابوو و بە هاوكاری سریەیەكی كەتیبەی مۆسكۆ، بە ڕەنگاری هێرشی یاخیەكان دەبوونەوه، كە دەیانویست بەرەو ناوچەكانی سەرووی هەردوو ڕووباری ئیلانكا و زیموڤنایا پێشڕەوی بكەن.

ستوكمان، پاش ئەوەی لە گەڵ سەرۆكی بارەگای سەركردایەتی كەتیبەی مۆسكۆدا، كە پیاوێكی عەبوسی خوێنتاڵی، لە كۆنە ئەفسەرانی جارانی سوپا بوو، قسەو گفتۆی كردو

هەروەها لە گەڵ قومیسەری سیاسی کەتیبەکەدا، کە کریکارێکی کارخانەی میکلسونی مۆسکۆ بوو، بڕیاری دا لە ئوست خوپەرسکایا بمێنێتەوەو لە فەوجی دووەمی کەتیبەی مۆسکۆدا خزمەت بکات. ستوکمان لە ژوورێکی چکۆلەی پاك و خاوێندا کە پڕ بوو لە زەنگاڵ و بەکرەی تەلی تەلەفۆن و شتومەکی دیکەی عەسکەری، گفتوگۆیەکی دوورو درێژی لە گەڵ کۆمیسەری سیاسی کەتیبەکدا کرد. کومیسەرەکە، کە پیاوێکی کورتە باڵای ڕەنگ زەرد بوو و بەدەم ئازاری ڕیخۆڵە کوێرەوە دەیناڵاند، بە هێمنی گوتی:

– هاوڕێ وەکو دەبینی کارکردن لێرەدا زەحمەتە. زۆربەی هەرە زۆری جەنگاوەرەکانم خەڵکی مۆسکۆ و ریازانن و تەنیا چەند کەسیکی کەمیان خەڵکی نیژنی – نوڤوگوردن. بە ڕاستی خەڵکێکی گورج و گۆڵ و بە ڕاپەن، زۆربەیان کرێکارن. جا سریەیەکی سوارەی سەر بە کەتیبەی چواردەمیشمان لە گەڵدا بوو، ئەمانە زۆر بێکەڵك بوون. دەرەقەتی کارەکە نە دەهاتن، ناچار بووین بۆ ئوست –میدفیدیتسکایایان بنێرینەوە. لێرە بمێنەوە کارێکی زۆرمان پێت دەبێت. دەبێ بچینە ناو خەڵکەوە، هوشیاریان بکەینەوە. بەخۆت قوزاقان دەناسیت و دەزانیت چۆنن، دەبێ زۆر وریاو بە پارێز بیت.

ستوکمان، کە پێکەنینی بە دەنگی باوکانەی ئەو پیاوە دەهات، گوتی:

– پێویست بەو قسانە ناکات، من هەموو ئەو شتانە دەزانم.

ئەوجا ڕوانیە سپێنە ئامال زەردەکانی چاوە پڕ ئازارەکانی و لێی پرسی:

– ئەرێ ئەو کومیسەرەی لە بوکانوفسکایایە چۆن پیاوێکە؟

یارۆ، دەستێکی بە سمێڵە بۆزە کورتەکانیا هێناو ئەوجا پێڵوە ناسك و شینباوەکانی هەڵبڕین و بە دەنگێکی ماندوو گوتی:

– ماوەیەك زۆر توند بوو. گەنجێکی باشە، بەڵام وەکو پێویست سەر لە سیاسەت دەرناکات. تا هێلکە نەشکێنی ناتوانی هێلکەو ڕۆن دروست بکەیت... خەریکی ئەوەیە پیاوانی ناوچەکە بۆ ناوەندی ڕووسیا دەنێرێت و دەگوازێتەوە... بڕۆ بۆ لای ماموری عەمار، تا ناوتان لە لیستی جیرەدا قەید بکات.

کومیسەرەکە، بە دەم ئازارەوە ڕووی گرژ کردو دەستی خستە سەر پانتۆڵە بەردارە چەورەکەی.

بە یانی ڕۆژی دوایی، فەوجی دووەم بانگکرا بۆ چەك هەڵگرتن. سەعاتێك دوای ناو خوێندنەوە، بە ڕیزو بە پێیان بەرەو گوندی کروتوفسکی کەوتە ڕێ.

ستوکمان، میشکا کوشیڤوی و ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بە ڕیزی یەکەوە ڕێیان دەکرد. دەورێیەکی سوارە لە کروتوفسکییەوە بە مەبەستی شناسایی بۆ کەناری ئەوبەری دۆن نێردرا. فەوجی نێو براو دوا بە دوای گەشتییەکە، لە ڕوبارەکە پەڕییەوە. جادە تەڕەکە، کە لە تەرسی ئەسپاندا ڕەش دەچووەوە، لێرەو لەوێ گۆلاوی چکۆلەی لە سەر گیرسابووەوە. سەهۆڵی سەر دۆن، پرشنگێکی ئامال شینی دەدایەوە. فەوجەکە چەپەریان لە سەر ئەو شوێنانە دانا کە بەفرەکەی توابووەوەو بە سەر ئەو چەپەرانەدا پەڕینەوە. ئەو تۆپخانەیەی کە لە دوایانەوە بوو، لە سەر ترۆپکی گردێکەوە، ئەو سپیدارنەی تۆپباران دەکرد کە لە پشت گوندی ئیلانسکایەوە

دیاربوو. دەبوایە فەوجەکە، دەوری ئیلانسکی، کە قوزاقەکان چۆڵیان کرد بوو، بگرن و بەرەو ناوچەی ئیلانسکایا پێشڕەوی بکەن. دوای ئەوە پەیوەندی بە فەوجێکی سریەی یەکەوە بکەن، کە لە بوکانوفسکایاوە دەهات. ئەوسا گوندی ئانتونوف بگرن. فەرماندەی فەوجەکە ئەمری پێ کرابوو کە بە خۆو قوەتەکەیەوە بەرەو گوندی بزبورودوف بڕوات. دەورییەکی سوارە هەر زوو گەڕایەوەو هەواڵی هێنا کە گوندی بزبودروف، دژمنی تیا نیە، بەڵام لە چوار فرسەخی سەمتی ڕاستی گوندەکەوە، شەڕە تفەنگە.

گوللە هاوەنان، بە گیزو هۆڕ بە سەر سەربازەکاندا تێدەپەڕین. تەقینەوەی نزیکتر ئەرزەکەی دەلەراندەوە، لە دواوە دەنگی شکانی بەستەڵەکی سەر دۆن دەهاتە گوێ. ئیڤان ئالیکسییوفیچ ئاوڕێکی دایەوەو گوتی:

– دیارە ئاوەکەیە کە بەرز دەبێتەوە.

میشکا کە هێشتا بە چۆنیەتی ڕێکردنی عەسکەریی پیادە ڕانەهاتبوو، لەبن لێوانەوە گوتی:

– پەڕینەوە لە دۆن و لەم کاتانەدا، کارێکی نابەجێیە. تەمەشا بزانە سەهۆڵەکە چۆن دەشکێت.

ستوکمان، دەیڕوانیە پشتی ئەو سەربازانەوە کە لەپیشیەوە ڕێیان دەکرد. دەیڕوانیە لوولەی تفەنگە بە سەرە نێزەکانیان کە لە ناو تەمەکەوە شین دەچوونەوە. ئەوسا چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا، نیشان و ماکی خۆڕاگری بەسەرو سیمای سەربازەکانەوە دەبینی. ئەو سەربازە سوورانەی کە هەم لە یەکدی جیاواز بوون و هەم زۆریش لە یەکدی دەچوون. ڕوانیە جوڵەی کڵاوە خاکیەکانیان کە بە ئەستێرەی پێنج پەڕی سوور ڕازابوونەوە، ڕوانیە پاڵتۆ خاکیەکانیان کە لە کۆنیا کاڵ بووبوونەوەو زەرد هەڵگەڕا بوون، هەڵبەتە پاڵتۆی هەندێ تازەشیان تیادا بوو کە وریتجە، وریتج دەدرەوشایەوە. گوێی بۆ دەنگی قورسی پێیان هەڵخست، زەمزەمەی هێواشی گفتوگۆیان و نەرمە کۆکەو خشە خشی قایش و قروش لە گوێیدا دەنگی دەدایەوە. بۆنی توندی چەکمەی تەڕو بۆنی تووتنی خراپ و چەرم ،کەپووی پڕ دەکرد. بە چاوانی نیوە نوقاوەوە هەنگاوی دەناو هەوڵیدەدا پێ غەڵەت دانەنێت و هەستی بە هاوسۆزییەکی گەرم دەرهەق بەم پیاوانە دەکرد کە تا دوێنێ شتاقیانی نەدەناسی، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "نازانم کوێڕا، ئەوەندە لەدڵما شیرین بوون؟ چ شتێك من بەوانەوە دەبەستێ؟ ڕەنگە بیرێکی هاوبەش پێکمانەوە ببەستێ... نا، لەوانەیە هەر بیری هاوبەش نەبێ. ڕەنگە شتێکی دیکەش هەبێت، مەسەلەی کاریش لە ئارادایە. ئەدی چیتر؟ ڕەنگە نزیکی خەتەرو هەڕەشەی مەرگ بێ. چەندم خۆش دەوێن. دەڵێی برامن." بزەیەك بە چاوانیەوە دەرکەوت: "تۆ بڵێی پیر بوبم؟"

ستوکمان، بە خۆشحاڵیەکی نیمچە باوکانەوە، دەیڕوانیە پشتی پان و پتەو و ڕاستی ئەو سەربازەی کە لە پێشیەوە دەڕۆیی و تەمەشای ئەو بەشەی ملە خڕو بریقەدارو پاکەکەی دەکرد کە لە نێوان ملیوانەکەی و کڵاوەکەیەوە دیاربوو. ئەوجا چاوی بۆلای ئەوەی تەنیشت خۆیەوە گواستەوە. ئەمە پیاوێکی باڵا بەرزو ڕێك و پێك بوو، ڕدێنی پاك تاشی بوو، سوورەیەکی دەم و کەپو(دفن،لووت) جوانی پیاوانە بوو. لە کاتی ڕێکردندا بە ئاستەم بازووە ئازادەکەی دەجوڵاند،

بەڵام ویڕای ئەمەش ئازارێکی گۆنگ بە سیمایەوە دەبینرا. وەکو پیران، چرچ و لۆچ نیشبووە سەر گۆشەی چاوەکانی. ستوکمان حەزی دەکرد قسەی دەگەڵ بکات. لێی پرسی:

– هاوڕێ، دەمێکە لە سوپادای؟

به ساردیەوە، چاوە قاوەییە گەشەکانی. بڕینە ستوکمان و بەلای لێوەوە گوتی:

– لەساڵێ هەزارو نۆسەدو هەژدەوە.

ئەم وەڵامە کورت و بەپارێزە. ستوکمانی سارد نەکردەوەو پرسی:

– کوێندەریت؟

– لە کەسێکی لای خۆتان دەگەڕێی، بابۆ؟

– خۆشحاڵ دەبم. ئەگەر یەکێکی لای خۆمان بدۆزمەوە.

– من خەڵکی مۆسکۆم.

– کرێکاریت؟

– بەڵێ، بەڵێ.

ستوکمان، ژێراو ژێر نیگایەکی دەستەکانی کرد. تێپەڕبوونی ڕۆژگار شوێنەواری کاری ئاسنگەری لە سەر دەست و پلی نەسڕی بووەوە.

– کاری ئاسنگەری دەکەیت؟

جاریکی دی کابرا چاوە قاوەییەکانی بڕینە ڕوو و ڕوخساری ستوکمان کە تازە داوی سپی کەوتبوونە ڕدێنییەوەو وەڵامی دایەوە:

– من بەڕادم. ئەی تۆ؟

تروسکاییەکی فێنك کەوتە سەر چاوە گرژەکانی

– من تەنەکەچی بووم... هاوڕێ چ خێرتە، بۆ بەردەوام چاو دەنوقێنی؟

– چەکمەکانم پێم دەگرن، دوێنی شەو کە چووبوومە کەمین تەڕ بوون، ئێستا وشك بوونەتەوەو پێم دەگرن.

ستوکمان، بەدەم بزەیەکی گومانامێزەوە گوتی:

– ناکا بترسیت؟

– لەچی بترسم؟

– ئیدی شەڕەو ئێمەش بۆ شەڕ دەڕۆین...

– من کومونیستم.

میشکا خۆی لە گفتوکەیان هەڵقورتاندو گوتی:

– چما کومونیستان لە مردن ناترسن؟ چما ئەوانیش وەکو خەڵکانی دیکە نین؟

سەربازەکەی تەنیشت ستوکمان، بە تەڕ دەستی تفەنگەکەی ئەم شان و ئەو شان کرد، کەمێك لە فکران ڕاچوو، بێئەوەی تەمەشای میشکا بکات، وەڵامی دایەوە:

– کوڕی باش تۆ هێشتا تازەی، سەر لەو شتانە دەرناکەیت. من نابێ بترسم. خۆم ئەم ئەمرەم بەخۆم داوە، تێدەگەی؟ تا دەستکێشی پاك لە دەست نەکەیت. نابێ بێی چینە لە ناخی من

بکەیت... من دەزانم بۆچی و دژی کێ شەڕ دەکەین. دەزانم سەردەکەوین و گرینگ ئەمەیە، وردە حیساباتی دی ناکەتە هیچ. ئەوسا شتێکی بیرکەوتەوەو بزەیەکی بۆ کرد، لەلاوە تەمەشایەکی ستوکمانی کردو کەوتە گێڕانەوەی ئەو شتەی کە بیری کەوتبووەوە:

– پارەکە، لە دەڤەری ئۆکرانیادا، لە گەڵ مەفرەزەی کراساڤتسوڤدا بووم. کەوتینە شەڕەوە، دژمن گوشاری بۆ هێنابووین و وەزعمان خراپ بوو، ژمارەیەك سەربازمان کوژران، بە ڕادەیەك تەنگەتاو کرا بووین، کە زامدارەکانی خۆمان بەجێدەهێشت. لە نزیکی ژمرنیکادا کەوتینە گەمارۆی دژمنەوە. ئەمرمان بۆ هات کە شەوێ یەکێك بە ناو قوەتی سپییەکاندا بڕوات و خۆی بگەیەنێتە پاشینەی هێزی دژمن و ، پردێك لەوێندەر هەیە بیتەقێنێتەوە، تا کاروانی زرێپۆشی دژمن نەتوانێ بپەڕێتەوەو ئێمە بتوانین لە هێڵی ئاسن بپەڕینەوە. داوای خۆبەخشیان بۆ ئەم کارە کرد. بەڵام کەس ئامادە نەبوو. کۆمۆنیستەکان، کە ژمارەیان زۆر نەبوو، گوتیان: "با شێرو خەتی بۆ بکەین." بەڵام من لای خۆمەوە بیرم لە مەسەلەکە کردەوەو لێبڕام بڕۆم. ئیدی دینامیت و فتیلەو شخاتەم وەرگرت، خواحافیزیم لە هاوڕێکانم کردو کەوتمە ڕێ. شەوێکی تاریك و بە تەمتومان بوو. نزیکەی سەد ساژنێك "ساژن: دەکاتە ۲/۲۳ مەتر" ڕۆیشتم، ئەوجا دەستم بە سینگە خشکێ کرد، هەوەڵجار خۆم بە جارە گەنمێکی نەدوراوەدا کردو دوایی بە ناو خەرەندێك کەوتم و بە سینگە خشکێ ڕۆیشتم. ئێستاش لە بیرمە، کاتێ بە سینگە خشکێ لە خەرەندەکە وەدەرکەوتم. تەیرێك ڕێك لە بەردەمما هەڵفڕی. بە بیست مەتری پاسگەی دیدەوانیەکەیاندا تێپەڕیم و گەیمە پردەکە. مەفرەزەیەکی ڕەشاش پاسەوانییان دەکرد. نزیکەی دوو دانە سەعات بە پاڵکەوتنەوە چاوەڕوانم کرد. ئەوجا مینەکەو دینامیتەکەم نایەوە، ویستم لە ژێر پاڵتۆکەمەوە، شقارتەکە داگیرسێنم، بەڵام دەنکە شقارتەکان شێیان هەڵێنا بوو و ئاگریان نەدەگرت. کە بە سینگە خشکێ هاتبووم، شقارتەکە لە گیرفانما تەڕ بووبوو، هەرچیم کرد فایدەی نەبوو. لەوێیا زۆر ترسام، سپێدە لە ئەنگاوتندا بوو. دەستم دەلەرزین، ئارەقە دەچووە چاوانمەوە لە دڵی خۆدا گوتم: "فایدەی نیە. تەواو. ئەگەر نەتوانم پردەکە بتەقێنمەوە، دەبێ خۆم بکوژم." هەر دەنکە شقارتەم لێداو لێدا تا ئەنجام بە هەر جۆرێ بوو فتیلەکە گڕی گرت و بۆی دەرچووم. کاتێ کە پردەکە تەقییەوە، من لە پەنای خاکڕێژەکەدا، خۆم شاردبووەوە. گوێم لە هاواریان بوو. ئاژیر لێدرا، دوو ڕەشاش بە مرق و هۆڕ کەوتنە تەقەکردن. چەند سوارێك بەلاما تێپەڕین، بەڵام بەو تاریکییە کەسیان پێ دەدۆزرایەوە؟ لە پەنایەکەوە وەدەرکەوتم و خۆم بە جارە گەنمەکەدا کرد. لەو کاتەدا قەڵەمی دەست و پێم شکا، جوڵەم پێنەدەکراو هیچم لە دەست نە دەهات. ڕێك لەجێی خۆم ڕاکشام. کاتێ کە چووم بۆ تەقاندنەوەی پردەکە، هیچ بەڵایەکم نەبوو، زۆریش گورج و گۆڵ و بەڕاپەڕ ڕێم دەکرد، بەڵام لە گەڕانەوەدا بەمجۆرە... دڵم تێك هەڵدەهات، هەرچیم لە گەدەدا بوو هەموویم هەڵهێنایەوە. هەستم دەکرد هیچم لە گەدەدا نیەو هەر هێڵنج دەدەم. بەڵێ هەڵبەتە ئەنجام گەییمەوە لای هاوڕێکانم.

کابرا لەپڕ جۆش و خرۆشی پێکەوت، چاوە قاوەییەکانی کەوتنە پرشنگدان و لە جاران جوانترو گەرمتر دەیاننواند. ئەوجا لە سەری ڕۆیی:

– بۆ بەیانی، دوای شەڕەکە کە بە سەرهاتی خۆم و شقارتەکەم بۆ برادەرەکانم دەگێڕایەوە، یەکێك لە هاوڕێکان گوتی:

"ئەدیّ چەخماخەکەت، مەگەر گومت کرد بوو سێرگی؟" دەستم بە گیرفانما کرد، دەرمهێناو پلم پێوەنا، یەکسەر داگیرسا، تەسەور دەکەی؟

دوو قەلەڕەش بەسەر پەڵە سپیدارێکی دوورەوە، دیار بوون، بە تاقی ئاسمانەوە دەفڕین و بایەکە بەپەلە دەیهێنان و زۆر بە بەرزییەوە گەیینە ئاستی تابووره سەربازەکە. نزیکەی دوو سەد مەترێك دوورکەوتبوونەوە، کە تۆپخانەکە، دوای پشوویەکی یەك سەعاتە لە سەر گردەکەی کروتوفسکییەوە دەستی بە تۆپباران کردەوە. گوللە تۆپێك بە ڕمب و هۆڕ بە سەریاندا تێپەڕی. یەکێك لە قەلەڕەشەکان کە لەوی دی بەرزتر دەفڕی. وەکو تەڵاشە دارێك کە گێژەلووکە هەڵی گرتبیّ. بەو ئاوایە بە حەواوە گێژی خواردو باڵەکانی بە خواری بڵاوکردبوونەوەو هێشتا هەوڵی دەدا لەنگەری خۆی ڕابگرێت، وەکو گەڵایەکی زۆر گەورەی ڕەش. بەلارە لار دەهاتە خوارەوە. ئەو سەربازەی کە لە پشت ستوکمانەوە ڕێی دەکرد، بە شادیەوە گوتی:

– بەدەم فڕینەوە مرد! بینیتان چۆنم پێکا!

فەرماندەی فەوجەکە، بە سواری ماینە شێیەکی باڵا بەرز، کە پرشگی بەفرەکە لە ژێر سمەکانیەوە دەردەپەڕی و بە ئاسماندا دەچوو، بە چوار ناڵە هات:

– بەرێز!...

سیّ خزاگ کە ڕەشاشیان لە سەر دابەستبوون، بە هەشتاو بەلایاندا تێپەڕین و پریشکە بەفری دنیایان بە سەروچاوی ئیڤان ئەلیکسییوفیچدا پژاند، کە بە بیّ دەنگی لە ڕیزی پەڕەوە ڕێی دەکرد. کاتیّ کە یەکێك لە خزاگەکان بە توندی پێچی کردەوە، سەربازیکی ڕەشاشچی پەڕی و کەوتە خوارەوە، سەربازانی سوور هەموو لە قاقای پێکەنینیان دا. گالیسکەچیەکە بە دەم جنێودانەوە سەری ئەسپەکانی وەرگێڕا و کابرای ڕەشاشچی، بەلەزو بەدەم ڕێوە خۆی هەڵدایەوە ناو خزاگەکە.

"٤١"

فیرقەی یەکەمی هێزی یاخیەکان لە کارکینسکایادا جێگیر بوو بوو. گریگۆری میلیخوف، کە زۆر چاك پەی بە بایەخی ستراتیژی پێگەی کارگینسکایا برد بوو، لێبڕا بوو کە بە هیچ جۆریّ دەستبەرداری نەبێت. گردەکانی کەناری چەپی ڕوباری چیر هێڵێکی بەرگری و بەرەڤانی زۆر باشیان پێکدێنا. کارگینسکایا، لە بناری گردەکانەوە کەوتبووە کەناری ڕاستی ڕوبارەکەوە. ئیدی ئەو دیوی گردەکان تەختانیەکی نەرم بوو و بە فرسەخان بەرەو باشوور درێژ دەبووەوە. ناو بە ناو، لێرە ولەویّ، کەندو ئاودڕکەی تێکەوتبوو. گریگۆری بە خۆی شوێنی تۆپخانەکەی خۆی کە بریتی بوو لە سیّ تۆپ، دیاری کردبوو. بە مەسافەیەکی کەم لەوێوە گردێکی پڕ لەدار بەڕوو هەبوو، دەیڕوانیە سەر هەموو ناوچەکەو، بۆ پۆستی دیدەوانی یەکاو یەك بوو.

هەموو ڕۆژێك لە دەوروبەری كارگینسكایا شەڕ بوو. سوورەكان بە زۆری لە دوو قۆڵەوە هێرشیان دەكرد: لە باشوورەوە، لە دەشتەكەوەو، لە خاڵی ئەلفی شارۆچكەی ئوكراینی ستاخوڤۆوە، و لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە گوندی بوكوفسكایاوە، بە درێژایی ڕوباری چیر، بە نێو زنجیرەیەك گوندا كە دوا بە دوای یەك دەهاتن.

سەنگەرو مەتەریزی قوزاقەكان لە دوسەد مەتری كارگینسكایادا بوون .قوزاقەكان بەدەگمەن تەقەیان دەكرد. سوورەكان بە زەبری تەقەی بەردەوام، ناچاریان دەكردن بە كارگینسكایادا پاشەكشە بكەن و پاشان بە دۆڵە قووڵ و ڕك و باریكەكاندا، خۆیان دەگەیاندە گردەكان. سوورەكان ئەوەندەیان هێزو توانا نەبوو كە زیاتریان دوور بخەنەوە، هێزی تەواویان نەبوو. هێرشەكانیان بە هۆی كەمی ژمارەی سوارەوە، كاریگەرییەكی ئەوتۆی نەبوو. چونكە ئەگەر سوارەیان زۆربا، دەیانتوانی بە یەك حەرەكەی بازنەیی، قوزاقەكان ناچار بە پاشەكشەی زیاتر بكەن و ئەوسا زەمینە بۆ ئۆپەراسێونی هێزی پیادە كە بە خۆڕایی لە دەوروبەری كارگینسكایا دەسوڕانەوە خۆش دەبوو. بەڵام هێزی پیادەی سوورەكان، نەدەوێران ئەو ڕیسكە بكەن، چونكە قوزاقەكان سوارەی زۆرترو بە هێزتریان هەبوو و دەیانتوانی لە هەر ساتێكدا پەلاماری هێزی پیادە سوورەكان بدەن و شپرزەو پەرتەوازەیان بكەن.

یەكێك لە خاڵەكانی دیكەی قوەتی یاخیەكان ئەوە بوو كە شارەزاییەكی تەواویان لە ناوچەكەدا هەبوو. ئیدی هیچ دەرفەتێكیان بە فیڕۆ نەدەداو بەردەوام لە دۆڵ و كەندەكانەوە، پەلاماری باڵ و پاشینەی هێزەكانی دژمنیان دەداو سوورەكان بەردەوام دەكەوتنە بەر هەڕەشەی هێرشی ئەوان و هیچ حەرەكەیەكیان بۆ نەدەكرا.

زۆری پێنەچوو، گریگۆری نەخشەو پلانێكی تۆكمەی بۆ لە ناوبردنی دژمن دارشت. نەخشەكەی ئەو بوو بە پاشەكشەیەكی درۆینە،تا تەماح بخاتە بەر سوورەكان و بۆناو كارگینسكایان ڕاكێش بكات. ئەوسا ریابچیكوف، بە سریەیەكی سوارەوە لە ڕێگای دۆڵی گوسینكاو لە ڕۆژئاواو، گراچی لە ڕۆژهەڵاتەوە، لاتەنیشتیان لێبگرنەوەو ئابلۆقەیان بدەن و پاكۆیان بدەن. ئەم نەخشەیە زۆر بە وردی ئامادە كرا. شەوی پێش ئەم شەڕە تێكڕای فەرماندەی یەكەكان كۆكرانەوەو ئەمرو ڕێنمایی وردیان پێدرا. بە گوێرەی بۆچوونی گریگۆری، دەبوایە لە بەرەبەیاندا، دەست بە حەرەكەیەكی بازنەیی بكرێت، چونكە ئەوكاتە كاتێكی لەبارە بۆ خۆ شاردنەوە. ئیدی ئەمە كارێكی زۆر سادەو ئاسان بوو، وەكوو ئاو خواردنەوە وابوو. گریگۆری پاش ئەوەی هەموو ئەگەرەكانی بە تەواوەتی تاوتوێ كردو هەموو ئەو كۆسپانەی كە لەگێن بوو، ببنە كۆسپ لە ڕێگای سەرگرتنی نەخشەكەدا، هەر هەمووی خستنە بەر زەڕەبینی لێكۆڵینەوەوە، دوو پێك ڤۆدگای خۆماڵی هەڵدا، بیئەوەی خۆی بگۆڕی و جلەكانی دابكەنێت لە سەر جێگاكەی ڕاكشاو پاڵتۆ تەڕەكەی دا بە خۆیاو خەوێكی قووڵی لێكەوت

سوورەكان، دانی بەیانی ڕۆژی پاشی، نزیكی سەعات چوار، كارگینسكایایان گرت بوو. بەشێك لە هێزی پیادەی قوزاقان بە مەبەستی فریودانی دژمن بە كوچەو كۆڵانەكانی كارگینسكایادا بەرەو گردەكان هەڵاتبوون. دوو خزاكان، كە ڕەشاشیان لە سەر دامەزرا بوو، لە دەروازەی

کارگینسکایادا گەڕابوونەوەو قوزاقەکانیان بەر دەستڕێژی گوللە دابوو، ئیدی سەربازە سوورەکان بەرە بەرە خۆیان بە گوندەکەدا کرد.

گریگۆری لەسەر گردێکی نزیکی یەکێك لە تۆپەکانەوە دەبێت و بەچاوی خۆی دەبینێ کە قوەتی پیادە سوورەکان گوندەکە دەگرن و لە کەناری ڕوباری چیردا خڕدەبنەوە. قەرار بوو لە گەڵ تەقاندنی یەکەم تۆپدا، دوو سریە قوزاق لەوانەی کە لە بنارو قەدپاڵی گردەکان و لە ناو باخەکاندا خۆیان مەڵاس دابوو. دەست بە هێرش بکەن و هاوکات لە گەڵ ئەواندا، کەتیبەکەی ریابچیکوف گەمارۆی دژمن بدات و لە دواوە پەلاماری بدات. فەرماندەی تۆپخانەکە دەیویست فەرمانی تۆپبارانی خزاگێك بدات کە ڕەشاشێکی بە سەرەوە بوو و لە گردی کلیموفکاوە بە هەشتاو بەرەو ناو کارگینسکایا دەهات، کە دێدەوانێك ئاگاداری کردەوە کە قوەتێکی سوورەکان بەخۆو تۆپخانەیەکەوە لە ڕۆژهەڵاتەوە، لە سێ فرسەخ و نیوی ئێرەوە، بە سەر پردەکەی گوندی نیژنی لاتیشفسکییەوە، بەرەو ئێرە دێن. دیاربوو کە سوورەکان لە قوڵی بوکوفسکایاشەوە هێرشدەکەن. گریگۆری، بێئەوەی چاو لە دووربینە عەسکەرییەکەی هەڵگرێت، گوتی:

– بە تۆپی مورتەر تەقەیان لێبکەن.

یارۆی تۆپچی، دوای ئەوەی چەند قسەیەکی دەگەڵ نایب زابتی فەرماندەی تۆپخانەکدا کرد، بەلەز دەرەجەی تۆپەکەی میزان کرد. هەمو سەربازانی سەر تۆپەکە ئامادە بوون و پیرە تۆپ ڕمبەی لێهەستا، گوللە تۆپ بە گیزو هۆڕ ڕۆیی، بنکی تۆپەکە هێندە بە توندی جوڵا، ئەرزەکەی چاڵکرد. یەکەمین گوللە تۆپ، ڕێك لەوکاتەدا لە کۆتایی پردەکەی دا کە دووەمین تۆپی دژمن گەییە ئەوێ. گوللە تۆپەکە، ئەو خزاگەی کە تۆپەکەی بەسەرەوە بوو، پارچە پارچە کرد. وەکو پاشان دەرکەوت، لەو شەش ئەسپەی کە لە تۆپەکە بەسترابوون تەنیا یەکێکیان بە ساغی دەرچوو بوو. و پارچە تۆپێکیش سەری عەرەبانچیەکەی، کە سواری ئەسپێك بوو بوو، پەڕاند بوو. گریگۆری لە دوربینەکەوە، بینی کە تەپو دوکەڵێکی بۆرباوی ئامال زەرد، بەرز بووەوە، ئەسپەکان لە دووکەڵا نقوم بوون، ڕەوینەوەو هەستانە سەر پاشوو و ئەوجا لە ئەرزەکەدا پان بوونەوە. سەربازە سوورەکان بەدەم ڕاکردنەوە دەکەوتن. سوارەیەکی سوور کە لە کاتی کەوتنەوەی گوللە تۆپەکەدا، لە بەردەم ئەو عەرەبانەیەوە کە تۆپەکەی بە سەرەوە بوو، دەڕۆیی، بە خۆی و ئەسپەکەیەوە لە پردەکەوە کەوتە خوارەوەو لە ناو بەفرەکەدا لوول بوو.

تۆپچییەکان، هەرگیز بە تەمای ئەوە نەبوو، بە یەکەمین گوللە تۆپ ئەو سەرکەوتنە بەرچاوە بەدەست بێنن. بۆ ماوەی چرکەیەك بێدەنگی باڵی بە سەرا کێشان، ورتە لە کەسەوە نەدەهات، بەڵام دێدەوانەکە کە لە سەر گردێکی نزیك وەستابوو، خۆی خستە سەر ئەژنۆ، بە دەم دەست هەڵتەکاندنەوە، هاوارێکی کرد.

لە هەمان ساتدا، لە خوارەوە لە نێو چڕە درەختانی باخێن گێلاسەوە هەراو زەنایەکی ناڕێك و پێك هاوکات لە گەڵ دەستڕێژی تفەنگاندا بەرزبووەوە، گریگۆری بێهیچ سڵکردنەوەو پارێزێك بە پەلە لە گردەکەوە داگەڕا. سوورەکان بە کوچەو کۆڵانەکاندا غاریان دەدا. هەراو زەنای تێکەڵ و پێکەڵ و دەنگی ئەو فرمانانەی کە بە هاوارەوە دەدران و تەقو تۆقی ناو بە ناوی تفەنگان

دەگەییە گوێ. یەکێك لە گالیسکە ڕەشاش بە سەرەکان کە دەیویست بەگردێکدا هەڵگەڕێت، لە ناکاوا، لە نزیکی گۆڕستانەکەوە گەڕایەوەو بە سەر سەری سوورەکانەوە، کەوتە تەقە کردن لەو قوزاقانەی کە لە باخەکانەوە دەهاتنە دەرێ.

گریگۆری، بێهودە دەیڕوانیە ئاسۆ تا هێزی سوارەی قوزاقان ببینێ. پیاوانی سوپای سوور لە قۆڵی چەپەوە بەرەو ئەو پردەی سەر کەندی زابورونی، کە کارگینسکایاو گوندی ئارخیپوفکای پێکەوە دەبەست، غاریان دەدا. کەچی سەربازانی قۆڵی ڕاست بە ناو کارگینسکایادا غاریان دەدا و بەدەم دەستڕێژی قوزاقەکانەوە کە دوو کۆڵانی نزیکی ڕوباری چیریان گرتبوو، دەکەوتن و لە خاك و خوێنا دەگەوزان.

ئەنجام یەکەمین سریەی سوارەکان ڕیابچیکوف، لە پشت گردەکانەوە سەری دەرهێناو، ئەوجا سریەی دووەم و سێیەم و چوارەمیش بە ڕیز پەیدا بوون و حاڵەتی هێرشیان وەرگرت و پاشان لە ناکاوا بە قۆڵی چەپا بایاندایەوە تا ڕێگای پاشەکشە لە ئاپۆڕای سەربازانی سوور بگرنەوە کە بە هەڵەداوان لە سەرەولێژییەکەوە بەرەو کلیموفکا دادەگەڕان. گریگۆری لە کاتێکا کە بە تووڕەیی دەستکێشەکانی لوول دەکرد، بە بێئارامی دەیڕوانیە ڕەوتی شەڕەکە. دووربینەکەی دانا و بە چاوی ڕووت کەوتە تەمەشای هێرشی، سوارەکان کە بە هەشتاو لە جادەی کلیموفکا نزیکی دەبوونەوە، تەمەشای کرد سەربازانی سوور، شپرزەو پەشۆکاو پاشەکشەیان دەکردو تاك تاك و، دەستە دەستە، بە رەو ناو ماڵەکانی گوندی ئارخیپوفکا هەڵدەهاتن. بەڵام هێزی پیادەی قوزاقان کە لە سەرووی ڕووبارەکەوە کەوتبوونە تاقیبی دژمن، لە وێوە پێشیان لێگرتنەوەو، سوورەکان جارێکی دی بە غاردان ڕوویان کردەوە جادەکە. ژمارەیەکی یەجگار کەم لە سەربازانی سوور ڕزگاریان بوو و توانیان خۆ بگەیەننە کلیموفکا.

ئیدی قوزاقان، لە سەر گردەکەو لە سایەی بێدەنگی و خامۆشیەکی ترسناکدا، بە شمشێر، شەلم کوێرم، کەس نابوێرم بەربوونە سەربازانی سوور. سوارەکانی ریابچیکوف، بەرەبەرە بەرەو کارگینسکایا گەڕانەوەو وەکو چۆن با، گەڵای درەختان ڕادەماڵێ، بەو ئاوایە سوورەکانیان ڕاونا. لە نزیکی پردی زابورونیدا، نزیکەی سی سەربازی سوور ڕێگایان لێ بە ستراو کە زانیان هەموو ڕێگایەکی پاشەکشەو هەڵاتنیان لێگیراوە، لێبڕان بەرگری لە خۆیان بکەن، ڕەشاشێك و فیشەکێکی زۆریان پێبوو. هەرکە هێزی پیادەی قوزاقان، لە نێو باخەکانەوە سەریان دەردێنا، ئەمان بەر دەستڕێژی ڕەشاشیان دەدان و قوزاقەکان، خۆیان بە عاردیدا دەداو خۆیان دادیە پەنا کەپرو عەمارو دیواران. گریگۆری لە پۆستی دیدەوانیەکەوە، سەیری کرد، هەندێ لە قوزاقەکانی، خەریکن ڕەشاشێك بە ناو کوچەو کۆڵانەکانی کارگینسکایادا ڕادەکێشن. لە بەر ماڵە گوندیەکی دەروازەی ئارخیپوفکادا وەستان، ئەوسا بەلەز خۆیان بە حەوشەی ئەو ماڵەدا کرد. دوای تۆزێك ڕەشاشەکە لە سەر عەمارێکی دانەوێڵەوە، کەوتە مرق و هۆڕ. گریگۆری بە دووربین کەوتە تەمەشاکردنی ڕەشاشچیەکان، یەکێکیان لاقەکانی لێکدی بڵاوکردبوونەوە، دەلنگی پانتۆڵەکەی لە گۆرەویە سپیەکانی نابوون، لە سەر بانەکە ڕاکشا بوو، و لە پشت سپەری ڕەشاشەکەوە، خۆی مات دابوو. یەکێکی دیکەیان شریتێ فیشەکی لە خۆ بەستبوو و بە پەیژەیەکی دارا هەڵدەگەڕا.

تۆپچیەکان لێبڕان فریای هێزی پیادەی خۆیان بکەون، کەوتنە تۆپبارانی سوورەکان. دوای چارەکە سەعاتێك، دەنگی ڕەشاشی سوورەکان لە پردی زابورونی، لە ناکاوا بڕا. هەراو هەنگامە بەرزبووەوە. تاپۆو تارمایی قوزاقەکان لە نێو سپیدارە ڕووتەکانەوە دەرکەوت.

ئیدی هەموو شتێك تەواو بوو بوو.

***

ئیدی بە ئەمری گریگۆری، خەڵکی کارگینسکایاو ئارخیپوفکا، سەدو چل و حەوت جەنازەی سەربازی سووریان تا نزیکی پردی زابورونی ڕاکێشاو لەوێ بێهیچ تەشریفات و ڕێو ڕەسمێك لە چاڵێکیان نان و تەواو. دەسکەوتی ریابچیکوف شەش گاری(عەرەبانە) دوو تایەی پڕ لە ئازوقە، بە ئەسپەکانیانەوە، بڕێك فیشەك و تەقەمەنی، عەرەبانەیەکی ڕەشاش هەڵگر بە ڕەشاشێکی سەقەتەوە بوو. لە کلیموفکاشدا، چل و دوو عەرەبانەی پڕ لە باروبنەی عەسکەری کەوتە دەست. زیانی قوزاقەکان چوار کوژراو وپازدە بریندار بوو.

دوای ئەو شەڕە تا یەك هەفتە، کارگینسکایا و دەوروبەری ئارام بوو. دژمن هێزەکانی خۆی ئاڕاستەی فیرقەی دووەمی یاخییان کردو چەندین گوندی ناوچەی میگولینسکای گرت لەوانە: ئەلیکسیوڤسکی و شارۆچکەی چرنتسکایاو گەیینە گوندی ڤیرخنیچرسکی. هەموو بە یانیەك دەنگی دوورە تۆپ دەگەییە کارگینسسکایا، بەڵام هەواڵی ڕەوت و ڕەوشی شەڕەکان، بەدرەنگەوە دەگەیی و هیچ تەسەورێکی ڕوونی دەربارەی ڕەوشی فیرقەی دووەم بەدەستەوە نەدەدا. لەو ڕۆژانە، گریگۆری بۆ ئەوەی لە چنگی ئەندێشەێن خەمناك بخەلەسێ و ویژدانی خۆی خەفە بکات و بیر لەو ڕوداوانە نەکاتەوە کە لە دەوروبەریا ڕوویان دەداو بە خۆی یەکێك بوو لە داینەمۆی ئەو ڕووداوانە، خووی دایە مەینۆشی. هەرچەندە ناوچەکە گەنمی یەجگار زۆر بوو، بەڵام یاخییەکان ئاردیان کەم بوو، چونکە ئاشەکان، فریا نەدەکەوتن، ئاردی ئەو هەموو سوپایە دابینبکەن و قوزاقەکان بە زۆری دانولەو گەنمی برژاویان دەخوارد. بەڵام چونکە گەنم زۆر بوو، ڤۆدگای خۆماڵیش مشە بوو، وەکو ئاو دەخورایەوە. زۆرجار قوزاقەکان بە سەرخۆشی دەچوونە شەڕەوە. جارێك لەوبەری ڕوباری دۆنەوە، سریەیەکی سوارەی قوزاقان، کە هەر هەموویان نیمچە سەرخۆش بوو بوون، پەلاماری ڕەشاشێکی دژمنیان دابوو، ئیدی زۆربەی هەرە زۆری قوزاقەکان کوژرا بوون. ئیدی مەستی و سەرخۆشی لەسەنگەرە عەسکەرییەکاندا بوو بوو بە شتێکی ئاسایی. گریگۆری بە کەیفی دڵی خۆی دیخواردەوە. نەدەهێڵرا بێ ڤۆدگابێ. پروخورزیکوف، لە بنی ئەرزیشا بوایە بۆی پەیدا دەکرد. دوای شەڕەکەی کارگینسکایا لە سەر داوای گریگۆری سێ قەڕابە ڤۆدگا، لە گەڵ دەستەیەك شایەرو قامبێژی بۆ هێنا. هەر قەڕابەیەك دوازدە لیتر ڤۆدگای تیا بوو. گریگۆری، شەوێ، لە گەڵ قوزاقەکانی خۆیدا دەستی بە خواردنەوە کرد. تاکو بەرەبەیان شادو ئازاد لە هەر مەسئولیەتێك خواردیەوە. بەیانیش بۆ ئەوەی خوماری بەری بدات، پێکێکی خومار شکێنی هەڵدا، نەخێر کردی بە دوو پێك، بۆ شەوێ دیسان دڵی داوای گۆرانی و سووڕو چەقەنەو بەزمی شادخواری کردو، تا توانی خواردیەوەو، دەنگ و ئاوازو خەیاڵی مەستی شادیەکی وەهمیان پێبەخشی و تاڵیی واقیعیان لێدوورخستەوە. ئیدی بەرە بەرە خووی بە

مەینۆشیەوە گرت. هەرکە بەیانیان لە خەو ڕادەبوو و لە سەر خوان دادەنیشت. هەستی دەکرد پێویستی بە پێکێك ڤۆدگایە. زۆری دەخواردەوە، بەڵام لە حەدی خۆی دەر نەدەچوو، هەمیشە هۆشی بە خۆی بوو. کە مەست دەبوو وەکو ئەوانی دی نەدەڕشایەوە، لەسەر مێزو خوانان یان لە عەرزەکە نەدەخەوت، پاڵتۆ یان زین پۆشی ئەسپانی بەخۆدا نەدەدا، بەڵام وێڕای ئەوەش ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا بوو و چاوانی بە قوڵا چوو بوون و نیگای وێڵ و سەرگەردان بوو. زۆرجار سەری لە نێو هەردوو لەپی دەناو کاکۆڵە لوولەکەی شۆڕ دەبووەوە.

لە زەرفی چوار ڕۆژ عەیش و نۆشی بەردەوامدا، ڕوخساری ژاکا، پشتی کوور بووەوە، ژێر چاوەکانی شین بوونەوەو ئاوسان، پشم و غەزەب نیشتە سەر نیگای.

ڕۆژی پێنجەم، پروخور زیکوف، بە دەم بزەیەکی تەماح بزوێنەوە، پێشنیازی بۆ کرد:

– من لە لیخوفیدوف، ژنێکی یەکجار جوان دەناسم، چۆنە بچین سەرێکی لێبدەین؟ ڕازیت؟ گریگۆری پانتلیوفیچ، فرسەتە لە کیسی خۆتی مەدە، وەکو شووتی شیرینە، من خۆم تامم نەکردووە، بەڵام دەزانم. بەڵام ناکەسە زۆر توندو تیژ و هۆڤی تەبیعەتە. قەت یەکەمجار خۆی بە دەستەوە نادات، نایەڵێت دەستی تێوە بدەیت. بەڵام ڤۆدگا سازێکی بێهاوتایە. باشترین ڤۆدگا سازی سەرانسەری ناوچەی چیرە.

ئەوجا بە بێموبالاتیەکی دەستکردەوە لە سەری ڕۆیی:

– مێردەکەی لە کاتی پاشەکشەی سوپادا چووە بۆ ئەوبەری دۆنتس.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ چوون بۆ لیخوفیدوف. ریابچیکوف، خارلامپی یەرماکوف، ئەلیکسی شامیلی یەکدەست و کندرات میدفیدیفی فەرماندەی فیرقەی چوارەم کە هاتبووە سەردانی فیرقەی یەك، لە گەڵ گریگۆریدا چوون. پروخورزیکوف بە سواری ئەسپەکەی لەپێش ئەوانەوە دەڕۆیی. پاش ئەوەی گەیینە گوندەکە، جڵەوی ئەسپەکەی گرتەوەو بە کاوە خۆ کەوتە ڕێکردن، پاشان خۆی بە لاکۆڵانێکا کردو دەروازەی خەرمانگایەکی کردەوەو وەژوورکەوت. گریگۆری دوای کەوت، دەی لە ئەسپەکەی خۆی کرد. ئەسپەکە بە سەر کۆما بەفرێکی گەورەی بەر دەروازەکەدا بازی داو، هەر دو دەستی لە بەفرەکە ڕۆچوون. پرمەیەکی بۆ کردو هەستایەوە و بەسەر بەفرە نیمچە تواوەکەدا بازی داو وەژوورکەوت. ریابچکیوف، لە ئەسپەکەی دابەزی و جڵەوی ئەسپەکەی خۆی گرت و بە ڕاکێشان بردی. گریگۆری و پروخۆر، نزیکەی پێنج دەقیقەیەك بە سواری، بەلای چەند گیشە پۆش و کۆمەڵە کایەکدا ڕۆیشتن ئەوجا بە خشە خش بە ناو باخێکی ئاڵوباڵوی ڕووتا کەوتن جامی زێڕینی هەیڤۆك( هیلال) بە ئاسمانی شینی تۆخەوە، ڕەق ڕاوەستا بوو، ستێران بە بەرۆکی ئاسمانەوە، چریسکە چریسك پرشنگیان دەدا. بێدەنگیەکی ئەفسووناوی باڵی بە سەر دنیادا کێشابوو. تەنانەت حەپەی دوورە دەستی کسۆکان و تەقە تەقی سمی ئەسپەکانیشیان ئەم خامۆشی و بێدەنگیەی نە دەشڵەقاند. بە نێو لق و پۆپی تێکڕژاوی درەختانی ئاڵوباڵو و لقی بڵاوی درەختانی سێوەوە، ڕۆشناییەکی زەرد درەوشایەوەو تارمایی خانوویەکی گەورەی دێهاتی دەرکەوت کە سەوەکەی بە هەژك و بژاڵ و قامیش و چەپەر گیرا بوو. پروخور، لە سەر زینەکەوە خۆی دانەواندو دەروازەکەی، کە بە سپیدار دروست کرا

بوو، بە جیڕو هۆڕ کردەوە. وێنەی مانگ، لە نێو گۆلاوێکی چکۆلەی بە ستووی بەر قاڵدرمەکانی ژوورەوە، دەبریسکایەوە. ئەسپەکەی گریگۆری بە سمی خۆی قەراخی گۆلەکەی شکاندو لە جێی خۆی وەستا. گریگۆری، خۆی لە سەر ئەسپەکە هەڵدایە خوارەوە، هەوساری ئەسپەکەی بە کۆڵەکەی تارمەکەوە بەست و خۆی بە داڵانێکی تاریکدا کرد. ریابچیکوف و ئەوانی دیکەش لە دوای ئەوەوە دابەزین و دەستیان بە قسەو هەراو هەنگامەو گۆرانی گوتن ککرد.

گریگۆری، بە کوێرە کوێر، دەسکی دەرگاکەی دۆزیەوەو خۆی بە مووبەقێکی گەورەدا کرد، ژنێکی قوزاقی گەنج، کەمێك گۆشتن، بەڵام ڕێك و ناسك عەینی کەو، ئەسمەرێکیی خوێن گەرمی، چاوو برۆ قەترانی جوان، پشت لە موغەیریەکە وەستا بوو و سەرگەرمی چنینی گۆرەوی بوو. کچۆڵەیەکی قژ زەردی نزیکەی نۆ ساڵان، بازوەکانی بڵاوکردبوونەوەو لە سەر موغەیریەکە نوستبوو.

گریگۆری، بێئەوەی پاڵتۆکەی داکەنێ، لە پاڵ مێزەکەدا دانیشت و گوتی:

– ڤۆدگات هەیە؟

ژنە، بێئەوەی تەمەشای گریگۆری بکات، یان دەستبەرداری گورەوی چنینەکەی خۆی ببێت، گوتی:

– لەخۆ ناگرن سڵاویش لە خەڵکی بکەن!

– ئەگەر، زۆرت حەز لێیە، سڵاو. ڤۆدگات هەیە؟

ژنە، برژانگەکانی هەڵبڕی، چاوە خڕە قاوەییەکانی بڕینە گریگۆری و گوێی بۆ دەنگی پێی ئەوانەی بەر هەیوانەکە هەڵخست:

– ڤۆدگام هەیە، بەڵام ئیوە ژمارەتان زۆرە، وایە؟

– بەڵێ زۆرین. فیرقەیەکی تەواوین...

ریابچیکوف، هەر لەبەر دەرگاوە دەستی بە سەمای پریسیادکا کرد. کڵاوە فەروەکەی دەکێشا بە چەکمەکانیاو شمشێرەکەی لە عاردی دەخشا. ئەوانی دی لە بەر دەرگاکەدا خڕبووبوونەوە. یەکێکیان بە تەڕدەستی بە دوو کەوچکی دار، زەربێکی یەجگار خێرای لێدەدا.

پاڵتۆکانیان، لە سەر تەختە خەوەکە داناو چەکمەکانیان لە سەر تەختەکان دانا. پروخور، کەوتە یارمەتی دانی ژنەی خاوەنماڵ و مێزەکەی لە گەڵیا دەڕازاندەوە. ئەلیکسی شامیلی یەك دەست، چوو بۆ ژێر زەمینەکە تا هەندێ کەلەرمی سوێرکراو بێنێ، بەڵام لە سەر قاڵدرمەکان کەوت، ئیدی بە پارچە قاپە شکاوەکەوە، دنیایەك کەلەرمی تەڕی، کردە چمکی پاڵتۆکەیەوەو هێنای.

قوزاقەکان تاکو نیوەشەو، دوو دەولك ڤۆدگایان بە کەلەرمی سوێرەوە خواردەوە، لێبڕان بەرخێك بکوژنەوە، پڕوخور بە کوێرە کوێر چوو بۆ ئاغەڵی پەزەکان و کاوڕێکی قەڵەو و ناسکی هێنا و یەرماکوف، کە لە شمشێر وەشێنیدا، بە شی کەسی نەهێشتبووەوە، سەری بڕی و هەر لە وێداو لە ژێر کەپرەکەدا کەوڵی کرد. ژنەی خاوەنماڵ، سۆپای داگیرساند و یەك مەنجەڵی گەورەی پڕ لە گۆشتی کاوڕی نایەسەر. دیسان بە کەوچکە دارەکان کەوتنە زەرب لێدان. ریابچیکوف لاقی لێ

هەڵماڵین و کەوتە سەماو بەدەم سەماوە، بە توندی دەیکێشا بە ساقی چەکمەکانیاو بە دەنگێکی بەرز بەڵام خۆش هەڵیکردە گۆرانی:

کاتێ لەماڵا هیچ دەست نەکەوێ،

دەبێ پەنا بەریتە بەر مەی و

سەرخۆش بیت...

یەرماکوف، بە دەنگێکی ناساز هەڵیدایە:

– دەمەوێ سەرخۆش بم!

لە کەللەی دابوو کە بە شمشێرەکەی خۆی، مکومی چوارچێوەی پەنجەرەکە تاقی بکاتەوە. گریگۆری، کە یەرماکۆڤ لە بەر ئازایەتی و عەگیدیە دەگمەن و جورئەتە قوزاقیەکەی، زۆر خۆش دەویست، هەوڵیدەدا، لەوکارەی ژێوان بکاتەوە. پەرداخە مسکەی خۆی کیشا بە مێزەکەداو گوتی:

– خارلامپی یەرماکوف، کەر مەبە!

یەرماکوف، گوێڕایەڵانە شمشێرەکەی لە کێلان نایەوەو بە تامەزرۆییەوە، لە بەرانبەر پێکەکەی خۆی دانیشتەوە.

ئەلیکسی شامیلی یەك دەست، کە لە تەنیشت گریگۆرییەوە دانیشت بوو، گوتی:

– پیاو کە بەمجۆرە خەیاڵ دەبێ، ئیدی لە مردن ناترسێت، گریگۆری پانتلیوفیچ، تۆ مایەی سەربەرزی ئیمەیت! ئێمە لە سایەی بەرەکەتی زیرەکی و کارزانی تۆوەیە کە لەم دنیایەدا ماوین، ئەگەر تۆ نەبوایەی تا ئێستا حەوت زەمان بوو مردبووین! پێکێکی چکۆلەی دیکەش بخۆینەوە؟... پروخور، کوا ڤۆدگا بێنە!.

ئەسپەکان، کە زینیان لێنەگیرابووەوە، بە درێژایی شەوەکە، بێئەوەی بە سترابنەوە، لە سەر خەرمانێك وێنجە لەوەڕاون. قوزاقەکان، بە نۆرە دەچوون سەریان دەدان.

پیش سپێدە، گریگۆری هەستی کرد مەستە. وای هەست دەکرد دەنگی هاوڕێکانی لە دوورەوە دێت. بەزەحمەت چاوە سوور هەڵگەڕاوەکانی دەگێڕان و بە خورتی هۆش و گۆشی خۆی پێ زەوت دەکرا.

یەرماکوف، باوەشی بە گریۆری دا دەکردو هاواری دەکرد:

– دیسان ئەفسەران، نەجمە بەشانەکان، خەریکە حوکممان دەکەن، ئەمرمان پێدەکەن. هەموو دەسەڵاتێك بەوانە!

گریگۆری، بازووی یەرماکوڤ دایە لاوە و گوتی:

– کام ئەفسەرانە؟

– لە ڤیشنسکایا. یانی چی، ئاگات لێنیە؟ جڵەوی کاروباران لەوێ بە دەستی میرێکی قەفقازیە! بە دەستی یارۆیعەقیدە... بە شمشێر پارچە پارچەی دەکەم!. میلیخوف، من ژیانی خۆم فیدای تۆ دەکەم، دەستبەردارمان نەبی ها! قوزاقەکان نیگەرانن. بەرەو ڤیشنسکایا پێشمان بکەوە. هەر هەموویان دەکوژین، پاکۆیان دەدەین، ئاگر لە ناوچەکە بەردەدەین. خاکیان بە تورەکە دەبێژین.

کودینوف و ئەو عەقیدە دەکوژین. شەڕی هەموویان دەکەین، هەموویانمان تاقیکردەوە! بەسە، وەرە با شەڕی سوورەکان و کادێتەکانیش بکەین. من ئەمەم دەوێ.

گریگۆری گوتی:

– یارۆی عەقید دەکوژین. بە ئانقەست لێرە ماوەتەوە... خارلامپی بابڕۆین داوای بوردن لە حکومەتی سوڤیاتی بکەین. ئێمە هەڵەین..

ئەوسا گریگۆری، بۆ ساتێك وەهۆش هاتەوە، بزەیەکی شێواوی بۆ کرد و گوتی:

– سوعبەت دەکەم، خارلامپی ڤۆدگا بخۆوە...

میدفیدیف بە بێتاقەتیەوە گوتی:

– سوعبەتی چی میلیخوف؟ سوعەبەت مەکە، مەسەلەکە جدیە ها. ئێمە دەمانەوێ ئەم حکومەتە سەرنگون بکەین. هەر هەموویان ڕادەماڵین و تۆ لە جیاتی ئەوانە دادەنەین. من قسەم لەگەڵ قوزاقەکاندا کردووە، هەموویان ڕازین. بە زمانی خۆش بە کودینوف و دارو دەستەکەی دەڵێین: "بڕۆن بەلای کاری خۆتاەوە، ئێوە بەکەڵکی ئێمە نایەن." ئەگەر بەخۆشی ڕۆییشتن، باشە، ئەگینا کەتیبەیەك دەنێرین بۆ ڤیشنسکایاو هەر هەموویان ڕادەماڵین و سەریان بە قەبری بابیان.

گریگۆری بە تووڕەیی هاواری کرد:

– واز لەم قسانە بێنە!

میدفیدیف، شانەکانی هەڵتەکاندو مێزەکەی بەجێهێشت و ئیدی ڤۆدگای نەخواردەوە. ریابچیکوف، لە سووچێکەوە، لە سەر تەختێك ڕاکشابوو، سەری بە قژە لوولەکەیەوە، لە تەختەکە هاتبووە خوارەوە، دەستێکی بە ئەرزە پیسەکەدا دێناو دەبرد و بە دەنگێکی خەمناك و گازاندۆك گۆرانی دەگوت:

وەرە کوڕەکەم، کوڕە بێچارەکەم
ئاخ، سەری نازەنینت دانەوێنە
دانەوێنە سەری نازەنینت
ئاخ! سەرت بە ڕاستا دانەوێنە،
بە ڕاستاو پاشان بە چەپا،
بیخە سەر سینگی من، سینگی سپی من.

ئەلیکسی شامیل بە دەنگی بەرز بۆی سەندەوە:

کاتێ کە سەری نایە سەر سینگم
ئاخێکی قورسی هەڵکێشا...
ئاخێکی قورسی هەڵکێشا... و
بۆ دواجار ببورە، بە دوعا
ئەشقی دێرینم، بە دوعا و گوتی:
ئەشقی دێرینم، ئیدی... بڕۆ گوم بە!

سپێدە، تازە لە پەنجەرەکەوە، سەرەتاتکێی دەکرد کە ژنەی خاوەنماڵ، گریگۆری بۆ ژوورەکەی پێشەوە دەبرد. بە دەستێك گریگۆری دەگرت و بە دەستێك یەرماکوف دەدایە دواوە کە بە گۆزەیەك ڤۆدگاوە دوایان کەوتبوو و دەیگوت:

– بەسە، زۆرتان دەرخوارد داوە! وازی لێبێنە، نەگریس، مەگەر نابینی کە بە کەڵکی هیچ نەماوە؟

یەرماکوف چاوێکی داگرت، گوتی:

– یانی بڕۆین بخەوین؟

بەلارە لارەوە ڤۆدگای لە گۆزەکە تێدەکرد.

– بەڵێ بخەوین.

– یەکسەری لە گەڵیا مەخەوە، هیچی پێناکرێت.

ژنە لێی تووڕە بوو:

– جا تۆ هەقت چیە؟ خۆ خەزوورم نیت

یەرماکوف بەدەم مەستیەوە گوتی:

– کەوچکێك لە گەڵ خۆتا بەرە.

وقاقایەکی مەستانەی لێدا.

– ئا، ئا! شەرم ناکەی؟ تۆ مەستی. ئاگات لە خۆ نیە چ دەڵێی.

ژنە، گریگۆری دەڵەك دایە ژوورەکەوە، لە سەر تەختە خەوەکە ڕایکشاند. بەو نیمچە تاریکییە بە دیاریەوە دانیشت و بە چاوانی پڕ بەزەیی و بێزاریەوە، دەیڕوانیە ڕوخساری زەردی گریگۆری کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو. دەیڕوانیە چاوە کراوەکانی کە زەق زەق کرابوونەوەو نەدەتروکان. گوتی:

– شەربەت دەخۆیتەوە؟

– بێنە.

ژنەی خاوەنماڵ، پەرداخێك شەربەتی ساردی گێلاسی بۆ هێنا. ئەوسا لە سووچێکی تەختەکەیا دانیشت، کەوتە نەوازشی قژە لوولەکەی گریگۆری و هێندەی دەست بە سەرا هێنا تا خەوی لێکەوت. ئەوجا جێگاکەی خۆی لە سەر موغەیریەکە لە تەنیشت کیژەکەیەوە ڕاخست. بەڵام ئەلیکسی شامیل نەیهێشت بخەوێ. سەری نابووە سەر باسکی خۆی و وەکو ئەسپێك ترسابێ، هەر دەی پڕماندو دەی پرخاند، پاشان وەکو یەکێك تەکانی دابێت لە ناکاوا ڕاپەڕی و بێدار بووەوەو بە دەنگیکی تێکشکاوی خەواڵو بەندی گۆرانیەکی دەگوتەوە: .. لە خزمەتی سەربازی دەگەڕانەوە نەجمەکانیان بە بەرۆکەوەو خاچەکانیان بە سەر شانەوە.

ئەوسا، سەری دەنایەوە سەر باسکی خۆی، بۆ چەند دەقیقەیەك خەو دەیبردەوەو پاشان ڕادەپەڕی و شێت ئاسا دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و سەرلە نوێ دەستی بە گۆرانیەکەی دەکردەوە:

–... لە خزمەتی سەربازی دەگەڕانەوە...

بەیانی کە گریگۆری لەخەو ڕابوو، قسەکانی شەویی یەرماکوف و میدفیدیفی بیرکەوتەوە. شەویّ ئەوەندە مەست نەبوو بوو کە نەتوانیّ قسەکانی وان دەربارەی سەرنگون کردنی حکومەت، لە هزرو بیری خۆیا بپاریّزیّت. یەکسەر بۆی دەرکەوت کە ئەو مەجلیس و کۆڕی بەزمەی لیخوفیدوف، بە مەبەستی ئەوە ساز کرا بوو، کە ئەو دژی حکومەت هانبدریّت و ئەو بە لای خۆیاندا ڕابکیّشن. قوزاقانی چەپگەرا ژیّراو ژیّرو لە دڵی خۆیاندا خەونیان بە جیابوونەوەی تەواوەتی لە حکومەتی دۆن، دەبینی و دەیانویست حکومەتیّکی سۆڤیاتی تایبەت بە خۆیان و، دوور لە هەر دەست تیّوەردانیّکی کۆمۆنیستان، لە ناوچەکەی خۆیان دامەزریّنن. نەخشەو پیلانیان دژی کودینوف، دانابوو، کە بە ئاشکرا حەزی دەکرد بڕوات بۆ دۆنتس و بە خۆی و هیّزەکانیەوە پەیوەندی بە سوپای دون (سوپای سپی) یەوە بکات. ئەمانە دەیانویست گریگۆری بەلای خۆیاندا ڕاکیّشن و نەیاندەزانی کە سەرهەڵدانی قەیران و ناکۆکی لە نیّو ئوردوگای یاخیاندا ئەویش لە کاتیّکا کە سوپای سوور لە بەرەی دۆنتسدا لە سەر پیّ بوو و دەیتوانی لە هەر کاتیکدا بیەویّ، بە ئاسانی و بیّهیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ئەوان و (ناکۆکیە ناوخۆییەکان)یان ڕامالیّت. تا چ ڕادەیەك زیانبەخش بوو. گریوّری لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەمە گەمەیەکی منداڵانەیە" و سووکیّ لە تەختە خەوەکە هاتە خواریّ. خۆی گۆڕی و جلەکانی لە بەر کرد، یەرماکوف و میدفیدیفی بیّدار کردنەوەو بۆ ژوورەکەی خۆی بانگی کردن و دوای ئەوەی وەژوور کەوتن، دەرگاکەی توند داخست و گوتی:

– گویّ بگرن براینە: ئەو گفتوگۆ و قسانەی دویّشەو لە میّشکی خۆتان دەربکەن و فزەتان لیّوە نەیەت، دەنا ئاقیبەتتان باش نابیّت. مەسەلەکە، مەسەلەی فەرماندەیی نیە، ئەوە نیە کیّ فەرماندە بیّ و کیّ فەرماندە نەبیّت. ئیّمە لە ئاستەنگیّکی خراپداین، ئیّمە لەو پیپە (بەرمیل، بۆشکە) دەچین، کە لە ناو تەوقەکانی خۆیدا گیربووە، جا ئەو تەوقانە درەنگ یان زوو خەفەمان دەکەن. بۆیە نابیّ کەتیبەکانمان بەرەو ڤیشنسکایا بەرین، بە ڵکو دەبیّ بۆ میگولینسکایاو کراسنوکوتسکایایان ببەین. گریگۆری بە دەم ئەو قسە جدیانەوە، چاوانی لە ڕوخساری خەمین و بیّموبالاتی میدڤیدیف نەدەگواستەوە و، لە سەری ڕۆیی:

– بەڵیّ، ئەمە حاڵ و حیکایەتەکەیە، کوندرات. ئاژاوە نانەوە فایدەی نیە. کەمیّك بیربکەنەوە، هەنگیّ تیّدەگەن کە ئەگەر دەست بە پاکسازی دام و دەزگای سەرکردایەتی و سەرکردەکانی خۆمان بکەین و بمانەویّ کودەتا بکەین، هەر هەمووماں تیا دەچین. جا چارمان نیە، یان دەبیّ بدەینە پاڵ سپیەکان، یان پەیوەندی بە سوورەکانەوە بکەین، دەنا لەو بەینەدا جیّمان نابیّتەوەو پاکۆمان دەدەن.

یەرماکوف، بە لالوتەوە گوتی:

– بەڵام نابیّ ئەم قسانەی ئیّمە لای هیچ کەسیّك بگیّڕیتەوە.

– نا، هەر لە بەینی خۆمانا دەمێنێتەوە، بەو مەرجەی کە ئێوە دەست لە هاندانی قوزاقەکان هەڵبگرن. کودنیوف و شیرەتکارەکانی هەمە کارە نین، من بە کەیفی دڵی خۆم، ڕێبەری فیرقەکەی خۆم دەکەم. ئەوانە، ئەوەندەی من بیانناسم، کۆمەڵێك قەل پیاون و هیچی تر، دەیانەوێ دوبارە بمانخەنەوە باوەشی کادێتەکان، ئەمە وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە. بەڵام دەتوانێ بۆ کوێ بڕوات؟ هەموو ڕێگاکان گیراوە.

میدفیدیف، بە نەبەدڵی بۆی سەلماند:

– ئەمە وایە، دروستە.

لەوەتای چوو بووە ئەو ژوورە، بۆ یەکەمجار چاوە چکۆلە پڕ کینەکانی، کە لە چاوی ورچ دەچوون، هەڵبڕین و تەمەشای گریگۆری کرد.

گریگۆری، دوای ئەم بویەرەش، دوو شەو و ڕۆژی دیکەی، لە گوندەکانی دەوربەری کارگینسکایادا، بە مەینۆشی و عەیش و نۆش و ڕابواردن بردە سەر. هێندەی ڤۆدگا خوارد بووەوە کە نەرمە زینی ئەسپەکەی بۆنی ڤۆدگای گرتبوو. گەلێك لە ژنان و کیژانی داوێن تەڕو بن پژاوی لە هەمێز گرتن. بەڵام هەموو بەیانیەك کە لە خەو ڕادەبوو و، دەیبینی جۆشی ئاشقێنی یەك شەوەی دامرکاوەتەوە، مەستی بەری دەداو بە بێموبالاتیەوە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "من لە ژاینی خۆدا، هەموو شتێکم تاقیکردەوە. لە گەڵ ژنان و کیژانی زۆردا ڕامبواردووە، سەرانسەری ئەم دەرو دەشتەم بە سواری ئەسپێن چاك تەی کردووە، لە زەتی باوکایەتیم ئەزمووە، خەڵکیم کوشتووە، ڕوو بە ڕووی مەرگ بوومەتەوەو لە مردن گەڕاومەتەوە، لە ژێر ئاسمانی شیندا سوڕاومەتەوە، ئیدی دەبێ ژیان چ شتێکی تازەی تیابێ بۆ من؟ هیچ! ئیدی مردن هەقە. هیچ باکم پێی نیە. دەتوانم وەکو قومار بازێکی پارەدار، بێهیچ ترسێك، لە گەمەی جەنگدا بەشداری بکەم و دۆڕانم بە خەیاڵدا نەیەت." ئەو بیرو هزرانە بە جۆرێ بە مێشکیا دەهاتن، وەکو ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان بەوەوە نەبێت.

یادگارێن منداڵی، وەکو ڕۆژێکی ڕوناکی هەتاوین، لە یادگەیەوە هەڵدەقوڵان و بە مێشکیا تێدەپەڕین: ڕیشۆڵان لە نێو هێلانە بەردینەکانیانەوە، پێیە خاوسەکانی خۆی لە نێو خاك و خۆڵی گەرما، ڕوباری دۆن، بە شکۆیەکی ئارامەوە، سێبەرو وێنەی دارو درەختە سەوزەکانی خۆی دەنواندەوە، سەرو ڕوخساری منداڵانەی هاورێکانی، دایکە ناسك و گەنج و شووشەکەی (باریك و باڵا جوان)... گریگۆری دەستی دەخستە سەر چاوانی خۆی و دەیبینی ڕوخسارێن ئاشناو هەندێ ڕوداوێن زۆر ناچیزو کەم بایەخ، بە بێئەوەی خۆیشی بزانێ بۆ، لە یادگەیدا نەخش بوون، بە ڕیز بە دەرونیا دەڕۆن، گوێی لە دەنگی لە بیرچووی کەسانێك دەبوو کە دەمێك بوو لە بەر چاوی نەمابوون، هەندێ لە قسەو پێکەنینەکانی دەژنەوت. یادگەی ڕوناکی دەخستە سەر کۆنە دیمەنانێك کە لە مێژ بوو، فەرامۆشی کردبوون، لە ناکاوا، پانتلی دەشتەکەو جادە هاوینەکانی باوەشی دەرو دەشەکەو عەرەبانەکەی خۆیان کە بابی لە پێشەوەیدا دانیشتبوو، گاجووتەکان و کێڵگە پڕ لە گیشە گەنمی دوراوەو پۆلە قەلەڕەشێن سەر جادەکە، بە ڕوونی لەبەر چاویا بەرجەستە دەبوون... گریگۆری، کە بە باڵی خەیاڵ، ئاسمانی کۆنە یادگارانی تەی دەکرد،

لاپەڕەکانی ڕۆژگاری ڕابردووی هەڵدەدایەوە، ئەو ڕۆژگارانەی تێپەڕی بوون و مەحاڵ بوو بگەڕێنەوە، تووشی ئەکسینیا دەبوو، دەبیرەوە دەچوو و، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "دڵدارەکەم! خۆشەویستەکەم! هەرگیز ناتوانم تۆ لە بیر بکەم!" و بەبێزارییەوە پشتی دەکردە ئەو ژنەی کە لە تەنیشتیەوە خەوتبوو، بە دەم ئاخ هەڵکێشانەوە، بە نیگەرانیەوە چاوەڕوانی ئەنگاوتنی سپێدەی دەکردو، هەرکە هەتاو، ڕۆژهەڵاتی، بە گوڵێن ئەرخەوانی و داوێن زێڕینی خۆی دەڕازاندەوە، بەلەز لە تەختە خەوەکە دەهاتە خوارەوەو دەست و چاوی دەشت و بە هەشتاو بۆ لای ئەسپەکەی خۆی دەڕۆیی.

"٤٣"

یاخیبوون و یاخیگەری، وەکو چۆن ئاگر بکەوێتە پووشەوە، بەو ئاوایە لە دەشتی ستێپدا بڵاو بووەوە. بەڵام بەرەی شەڕ، وەکو ئەڵقەی پۆڵایین، دەورانـدەوری ناوچە یاخیەکانی گرتبوو. سایەی چارەنووسی وەکو نیشانەی مەرگ، نیشتبووە سەر سیمای خەڵکی. قوزاقەکان قوماریان بە ژیانی خۆیان دەکردو ژمارەی دۆڕاوانیش زۆر بوون، ئیدی گەنجان. بەجۆش و خرۆشێکی شێتانەوە، ڕوویان دەکردە ئاشقێنی ومێبازی، ئەوانەی تەمەنێکیان هەبوو، هێندەیان دەخواردەوە کە خۆیان بەپێوە نەدەگرت و قوماریان لە سەر پارە یان فیشەك دەکرد، (فیشەك لە هەموو شتێك گرانتر بوو)، ئەوسا بە مادونی (مۆڵەت) دەگەڕانەوە بۆ ناو کەسوکار، تا ئەگەر بۆ دەقیقەیەکیش بووە، تفەنگەکانیان دابنەن و دەست بدەنە تەور، یان بە لق و چڵ و چێوی تازەو بۆنخۆشی داربی پەرژینەکانیان نۆژەن بکەنەوەو جۆرە ئارامیەك بە دڵی نیگەرانی خۆ ببەخشن، یان ئەمیان هەوجاڕو خرماشە ئامادە بکات و ئەویان عەرەبانەکەی چاك بکاتەوە و بۆ کارێن بە هارە ئامادەی بکەن. گەلێك لەوانەی کە تامی ژیانی ئارام و ئاشتیان دەچەشت، بە سەرخۆشی بۆ کەتیبەکانیان دەگەڕانەوە. وەختێك کە ئەم مەستیە بەری دەدان، لە داخی ئەم "سەگ ژییە" بەپێیان ڕوو بە ڕووی ڕەشاشان هێرشیان دەبرد، یان لەداخا شێتانە بەشداریان لە هێرشی شەوانەدا دەکردو ئەسپەکەی ژێریان لە یاد دەبرد، ئەسیرانیان دەگرت و زۆر هۆڤیانە ڕەفتاریان دەگەڵ دەکردن و ئەزیەتیان دەدان و پاشان، لەبەر کەمی فیشەك و بۆ ئەوەی دەست بە فیشەکەوە بگرن، بە شمشێران دایان دەپاچین و دەیانکوشتن.

بەهاری ئەو ساڵە، یەجگار جوان بوو. بەجۆرەها ڕەنگ خۆی دەنواند. ڕۆژانی مانگی نیسان وەکو بلور ساف و ڕوناك بوو. پۆلی سۆنە کێوی و قورینگان، بە دەنگ و ئاوازی خۆشەوە، بە قوڵایی ئاسمانی شینەوە، وەکو ئەوەی مەلە بکەن، بە ناو هەورەکانا، بەرەو باکوور کۆچیان دەکرد. پۆلی قازو قوو، کە بۆ ئیسراحەت بە کەناری گۆلاوەکاندا بڵاو بوو بوونەوە، لە نێو سەوزەزاری زەردباوی دەشتەکەدا، وەکو مرواری پەراگەندە دەبریسکانەوە. تەیر و تو، لە سەوزەزارە نزمەکانی کەناری دۆندا، بە دەنگ و ئاوازی خۆش دنیایان هێنابووە جۆش. قورینگان لە کەنار گۆلاوەکان و لە سەر تەپەکانەوە، یەکتریان بانگدەکردو خۆیان بۆ سەفەر ئامادە دەکرد. نێرە مراویانی مەستی ئەشق لە بێشەو لێرەوارەکاندا، بەردەوام دەیانخوێند شکۆفەی سەوز بە لق و پۆپی داربیەکانەوە ئاوێزان بوو، چرۆی تازەو بۆنخۆش، بە لق و پۆپی

سپیدارەکانەوە دەردەکەوتن و گەورە دەبوون. دەرو دەشتەکە، لە جوانیەکی ئەفسووناویدا نقووم بووبوو، تازە گیا چەکەرەی دەکردو بۆنی کۆنی خاکی ڕەش کە تازە لە بەندی بەفرو بەستەڵەك خەلەسی بوو و بۆنی گیای تازە دنیای پڕ کردبوو.

ئەوەی کە لەم ڕاپەڕین و یاخیگەرێتیەدا خۆشبوو، ئەوە بوو کە قوزاقەکان لە ماڵ و ناوچەکانی خۆیانەوە نزیك بوون. چەکداری قوزاق، کاتێ کە لە کەمین و نیگابانی دەشت و دەر ماندوو دەبوو، مۆڵەتی لە فەرماندەی سریەکەی وەردەگرت و بۆ ماڵی خۆ دەگەڕایەوەو لە جیاتی خۆی بابە پیرەکەی یان کوڕە نۆ ساڵانەکەی سواری ئەسپ دەکردو بۆ شەڕگەی دەنارد. بۆیە هەمیشە ژمارەی یەکەکان تەواو بوو. بەڵام هەندێکیانیش فێڵبازتر و وریاتر بوون، دەمەو ئێوارێ، بەر لە خۆرئاوا، سواری ئەسپ دەبوون، بە چوار ناڵە لە بارەگای سریەکانەوە بۆی دەردەچوون و سی چل فرسەخ ڕێگەیان دەبڕی و بەر لەوەی شەو بە تەواوەتی تاریك ببێت، دەگەیشتنەوە ماڵی خۆ، بەو جۆرە شەویان دەگەڵ ژن یان ماشوقەکانیاندا بە سەر دەبرد، لە گەڵ دووەم بانگی کەڵەبابدا ، بەر لەوەی ستێرانی پەروین ڕەنگ ببوێرن، ئەسپیان زین دەکردو بۆ بارەگای سریەکانی خۆ دەگەڕانەوە.

گەلێك لەو قوزاقانەی کە بە تەبیعەت قۆشمە بوون، ئەم شەڕانەیان، کە لە نزیکی ماڵەکانیاندا بوو، پێخۆش بوو، قوزاقەکان کە زۆرجار دەچوونەوە بۆ لای ژنەکانیان، بە شۆخی و سوعبەتەوە دەیانگوت: "جارێ وەختی مردن نیە."

دام و دەزگای سەرکردایەتی، لەوە دەترسان کە قوزاقەکان لە سەرەتای وەرزی کاری کشتوکاڵیدا، لە بەهارا، بە کۆمەڵ هەڵێن و یەکەکانی خۆ بەجێ بێڵن، بۆیە کودینوف، کەوتە سەردانی یەك بە یەکی فیرقەکان و بە سەختگیرییەگی بێپێشینەوە ڕایگەیاند:

– من بەلامەوە گرنگ نیە با بە کێڵگە چۆڵ و هۆڵەکانماندا تەراتێن بکات، بەلامەوە گرنگ نیە، گوڵە گەنمێك لە کێڵگەو مەزراکانمان نەڕوێن! من ڕێگە نادەم هیچ قوزاقێك سریەکەی خۆی بەجێ بێڵێ. هەر کەسێك بە بێ مۆڵەت لە گوندەکەی خۆیدا بگیرێت، یا بە شمشێر دەکوژرێت یان گوللە باران دەکرێت.

"٤٤"

گریگۆری، بەخۆی بەشداری شەڕێکی تری کرد کە لە باشووری کلیموفکا ڕوی دا. نزیکی نیوەڕۆ، لە نزیکی دوو خانووی کۆتایی گوندەکەدا، شەڕە تفەنگ دەستی پێکرد، دوای ماوەیەکی زۆر کەم، هێزی سوورەکان گەییە ناو گوندی کلیموفکا. لە قوڵی چەپەوە، یەکەیەکی دەریاوانی (ئەمانە دەریاوانانی کەشتیەکی جەنگی، کەشتییەلی دەریای بەڵتیك بوون) کە قەمسەڵەی ڕەشیان لەبەر بوو، زۆر بە خێرایی پێشڕەویان دەکرد. بە هێرشێکی دلێرانە، دوو سریەی کەتیبەیەکی قوزاقە یاخییەکانیان لە کارگینسکایا وەدەرناو بە دۆڵێکا تا ڤاسیلبفسکی ڕاویان نان.

گریگۆری، لـە سـەر گردێکـی ڕووتەنـەوە چاودێری شـەڕەکەی دەکـرد. کـە بـینی تـای تـەرازووی سـەرکەوتن بـەلای سـوورەکاندا قورسـە، بـە دەستکێشـەکەی، ئامـاژە بـۆ پروخورزیکـوف، کـە بـە ئەسپەکانەوە بە دیار گالیسکەیەکی پڕ لە تەقەمەنیەوە وەستا بوو، کرد تا ئەسپەکەی بۆ بینێ. بێئـەوەی چـاوەڕوان بکـات ئەسـپەکەی بـە تـەواوەتی بوەسـتێ، خـۆی هەڵدایـە سـەر زینەکـە، بـە دەوری ئاودڕکەیەکا پێچی کردەوەو بەچوار ناڵە بەو دۆڵەدا کە بەرەو گومسینکا دەڕۆیی، داگەڕا. لەوێ، لە ژێر سێبەری درەختەکاندا سریەیەکی کەتیبەی دووەمی وەکو یەدەك دانابوو. بە نێـو باخەکانـدا تێپـەڕی، بـە سـەر پەرژینەکانـدا پەڕییـەوە کـە لـە دوورەوە بـینی قوزاقـەکان، دابـەزیون، ئەسپەکانیان بەستووەتەوە، بێخـەم و خـەیاڵ خـەریکی ئیسـراحەتن، لـە دوورەوە شمشێرەکەی لـە کێلان دەرکێشاو هاواری کرد:

– سوار بن!

لە چاوتروکانێکا دووسەد سوار، سواری ئەسپەکانیان بوون. فەرماندەی سریەکە، بە چوارناڵە بە پیری گریگۆریەوە هات:

– چیە، هێرش دەکەین؟

گریگۆری کە گڕ لە چاوانی دەبووەوە، گوتی:

– ئەدی، وەختیەتی، خەوتووی.

ئەسپەکەی ڕاگرت، دابەزی. ماوەیەکی زۆر خۆی بە توند کردنەوەی قایش و قوریشـی زینەکـەوە مژوول کرد. ئەسپەکەی کە گەرم بوو بوو ئازای لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، بێتاقەتی دەنواند، دەی پڕماند و بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و دەمـی دەکردەوەو هەوڵیدەدا لـە تەنیشتەوە قـەپی پێدا بکات و بەر جووتەی بدات. دوای ئەوەی زینەکەی بە تەواوەتی توند کردەوەو جوان شـەتەکی دا، پێـی نایـە سـەر ئاوزەنگیەکـەو بێئـەوەی ئـاوڕ لـە فەرمانـدەی سریەکە بداتـەوە کـە بـە نیگەرانیـەوە گوێی لە دەنگی دەستڕێژی تفەنگان دەگرت، هاواری کرد:

– من ڕابەری سریەکە دەکەم.

ئەوسا ئاوڕیکی لە قوزاقەکان دایەوەو فرمانی دا:

– دەستە، دەستە، بە یورغەر بەرەو کۆتایی گوندەکە، بڕۆن!

دوای ئـەوەی گەییـە ئـەو سـەری گوند، سـوارەکانی ئامـادە کـرد بـۆ هێـرش. ئەوسـا یـەك دووجـار شمشـێرەکەی لـە کـێلان دەرهێنـاو خسـتیەوە کـێلان، تـا تـاقی بکاتـەوەو بزانـێ لـە هەڵکێشـان و داکێشاندا گیر دەبێ یان نا، پەنجا شەقاوێك پێش سریەکە کەوت، بە چوار ناڵە بەرەو کلیموفکا ڕۆیی. بۆ ماوەیەکی زۆر کەم لە سەر ترۆپکی ئەو گردەی، کە لە باشوورەوە بەرەو کلیموفکا شـۆڕ دەبـووەوە، وەسـتاو ڕوانیـە دەوروبـەر. سـەیری کـرد هـەموو پیـادەو سـوارانی سـوورەکان بـە سەرانسـەری گوندەکـەدا بـە خـزاگ و عەرەبانەکانیانـەوە، بـە هەشـتاو پاشەکشـە دەکـەن و هەڵـدێن. گریگۆری ڕوویکردە سریەکەی و گوتی:

– شمشێرەکانتان هەڵکێشن! کوڕینە دوام کەون، هێرش بکەن!

ئەوسا شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێنا، یەکەم کەس بوو کە لە نەعرەتەی دا. هەستی کرد تەزوویەکی سووك سەراپای داگرت. ئەسپەکەی بەرەو گوند تاودا. هەوساری ئەسپەکە، لە نێو دەستی چەپیا دەلەرزی، شمشێرەکەی بە سەر سەریا بادەداو بەدەم بایەکەوە دەی گڤاند.

پەڵە هەورێکی گەورەی سپی، کە شنەبای بەهار دابوویە پێش و ڕایدەماڵی، بۆ ماوەی یەك دوو دەقیقە بەری هەتاوەکەی گرت، سێبەرێکی بۆرباو، بە خاوی لە گردەکەوە داگەڕا و گەییە سەر، سەری گریگۆری. گریگۆری بۆ ساتێك چاوی لە خانووەکانی گوندی کلیموفکا کە دەتگوت بەرەو پیری ئەو دێن، گواستەوەو ڕوانیە ئەم سێبەرەی کە بە سەر زەوی قاوەیی و نمسارا دادەخزی و تیلماسکە ڕوناکیە گەش و زەردەکە لە بەری هەڵدەهات. لە ناکاوا ئارەزوویەکی کۆنگ لە نەستیدا بێدار بووەوە کە دوای ئەو ڕوناکیەی کە بەسەر ئەرزەکەدا دەڕۆیی، بکەوێت. ئەسپەکەی تاودا لە مەزری بزۆزی نێوان سێبەرو ڕوناکیەکە نزیك بووەوە. دوای چەند دەقیقەیەك غاردانی شێلگیرانە، سەرو گەردنی هەڵکشاوی ئەسپەکەی گەییە بەر تیشکی هەتاوەکەو، تووکە سوور باوەکەی زێڕ ئاسا کەوتە درەوشانەوە. لەو دەمەدا کە گریگۆری لە مەرزی بزۆزی نێوان ڕۆشنایی و سێبەرەکە تێدەپەڕی، لە یەکێك لە جادە لاوەکیەکانەوە، دەنگی دەستڕێژی تفەنگ بە رزبووەوە. بایەکە، جارجار، بەشێك لە گفتوگۆی قوزاقەکانی دەگەڵ خۆیدا دێناو لە گوێی ئەمدا دەزرنگانەوە، بەڵام دوای یەك تۆز، ئیدی گریگۆری، لەبەر دەنگی سمی ئەسپەکەی کە لە تەرزە باران دەچوو، لە بەر هاژەی دەستڕێژی گوللەو گڤ و هۆڕی بایەکە، گوێی لە نەعرەتەی هێرشبەرانی دوای خۆی نەدەبوو. وای هەست دەکرد کە چوار ناڵەی قورسی ئەسپەکان، کە زەویە نمسارەکەیان دێنایە لەرزە، کەم دەبێتەوە و دوور دەکەوێتەوەو نامێنێ. لەم کاتەدا، تەق و تۆقی تفەنگان وەکو ئاگرێك، چڵ و چێوی وشکی بخەیتە سەر، لە بەرانبەرەوە دەستی پێکرد: ڕیزیك گوللە بەگیزو هۆڕ بە سەریا تێپەڕی. گریگۆری، بە ترس و نیگەرانیەوە ئاوڕی دایەوە. سەرسامی و تووڕەیی بە جۆرێ سیمایان شێواند، نەتدەناسییەوە. سوارەکان، سەری ئەسپەکانیان بادا بووەوەو پشتیان کردبووە ئەو و، بە چوار ناڵە هەڵدەهاتن. فەرماندەی سریەکە بە مەودایەکی کەم لە دوای گریگۆرییەوە بوو، گەوجانە شمشێرەکەی بە سەر سەری خۆیا بادەدا و دەگریاو بە دەنگێکی نووساوی تێکشکاو هاواری دەکرد. جگە لە پروخورزیکوف، کە بەچوار ناڵە بەرەو فەرماندەی سریەکە تاوی دەدا، دوو قوزاقی دیکە بە دووی گریگۆرییەوە مابوون، ئەوانی دی هەموو بڵاوبوو بوونەوەو شمشێرەکانیان لە کێلان نابوو و بە قامچی بەربووبوونە وێزەی ئەسپەکانیان و بە هەڵەداوان بەرەو دوا هەڵدەهاتن.

گریگۆری، بۆ ساتێك ئەسپەکەی ڕاگرت، تا بزانێ مەسەلەکە چیەو، سریەکە، بۆچی بێئەوەی هیچ کەسێکیان لێکوژرابێ، بەرەو دوا هەڵدێت. بەڵام لەوساتەدا لێیبوو بە کەڵەوەکێشی و بەخۆی گوت: نابێ بگەڕێیتەوە، نابێ هەڵێی، دەبێ پەلامار بدەی و بچیتە پێشێ، بە فاسیلەی دوو سەد شەقاوێك. لە ناو کۆڵانەکەدا هەفت سەربازی لە پشت پەرژینەکەوە بینی، کە دەوری عەرەبانەیەکی ڕەشاش هەڵگریان دابوو. خەریك بوون بە نیخە نیخ، ڕووی عەرەبانەکە وەرچەرخێنن و لوولەی ڕەشاشەکە بکەنە قوزاقەکان، بەڵام کۆڵانەکە تەنگ بوو، عەرەبانەکەیان بۆ

نەدەسوڕایەوەو دەستڕێژی تفەنگانیش دایە کزی و. دەنگی گیزو هۆڕی گوللە لە گوێی گریگۆریدا کەم دەبووەوە. گریگۆری سەری ئەسپەکەی بادایەوەو لێبڕا. بە سەر پەرژینی داڕوخاوی باخێکدا خۆی بە کۆڵانەکەدا بکات. هەرکە چاوی لە پەرژینەکە گواستەوە، لە مەودایەکی نزیکەوە، زۆر بە ڕوونی، وەکو ئەوەی دووربینی بە چاوەوە بێ، دەریاوانەکانی بینی کە بەلەز ئەسپەکانیان لە گالیسکەکە دەکردەوە. قەمسەڵە ڕەشەکانیان، قوڕاوی بوون، کڵاوە فەروەکانیان هاتبووە سەر تەوێڵیان و بە شێوەیەکی سەیر لە سەریان چەسپی بوو. سەروچاویان خڕ ددیاربوو. دوانیان، قایش و قروشی عەرەبانەکەیان دەبڕی، سێیەمیان، کە سەری بردبووە نێوان هەردوو شانیەوە، خەریکی ڕەشاشەکە بوو و ئەوانی دی یا بە پێوە یان لە سەر چۆکان، بە تفەنگ تەقەیان لە گریگۆری دەکرد. گریگۆری هەر دەچووە پێش و بە چاوی خۆی میل هێنانەوەی تفەنگەکانیانی دەبینی و گوێی لە دەنگی وشکی ئەو فیشەکانە بوو کە لە نزیکیەوە دەتەقێنرا.

تەقە کردنەکە هێندە لەزو خێراو دوا بە دوای یەك بوو، قۆناغی تفەنگەکان، هێندە بەپەلە تەکانی دەخواردو دووبارە بە شانی یارۆی تیرەندازەوە دەچەسپیەوە، کە گریگۆری وێڕای ئەوەی لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، تروسکەی جۆرە دڵنیاییەکی کوت و پڕو تەواوی کەوتە دڵ کە نای پێکن. پیرە پەرژین، لە ژێر دەست و پێی ئەسپەکەیدا، کەوتە خشە خش. لە پەرژینەکە پەڕییەوە. گریگۆری شمشێرەکەی هەڵکێشا، چاوانی بچووك کردنەوەو نزیکترین دەریاوانی دایە چاو. تەزوویەکی ترسامێز، وەکو بروسکە بەدڵیا هات: "ڕاستەو ڕاست تەقەم لێدەکەن، ئەسپەکە دەپێکن، هەڵدەستێتە سەر پاشوو... دەکەوێت... هەنگێ دەکوژرێم و تەواو!" دوو تەقەی لێکرا. دوای تەقەکان گوێی لە هاوارێك بوو، کە دەتگوت لە دوورەوە دێت، دەیگوت: "بە زندوویەتی دەیگرین!" لە بەردەم خۆیا، سیمایەکی بە سامی نێوچەوان پانی بە کڵاوێکی دەریاوانی قەیتاندارەوە بینی کە بە گوڵدۆزییەکی زێڕینی کاڵ، حەرفەکانی ناوی کەشتییەکەی لە سەر نەخشێنرا بوو... گریگۆری، لە سەر ڕکێفەکان هەسستایە سەرپێ و شمشێرێکی وەشاند، هەستی کرد شمشێرەکە بە سستی جەستەی نەرمی یارۆی دەریاوان دەبڕێت. دەریاوانیکی دیکە، پیاوێکی تۆکمەی مل ئەستوور، جەزرەبەیەکی گەیاندە شانی چەپی گریگۆری کە بە ئاستەم بریندار کرد، بەڵام پروخۆرزیکوف، خێرا خۆی گەیاندێ و بە شمشێرێك سەری پەڕاند. گریگۆری کە گوێی لە دەنگی هێنانەوەی میلی تفەنگێکی نزیك بوو، ئاوڕی دایەوە. لە پشت عەرەبانە ڕەشاش هەڵگرەکەوە، لوولەی باریك و ڕەشی تفەنگێکی بینی کە ڕێك کرابووە ئەو. گریگۆری هێندە بە توندی خۆی بەلای چەپدا خوارکردەوە، کە زینەکە لە ژێریا خزی و ئەسپەکەی کە لە ترسا تەواو هەراسان بوو و هانکە هانکی بوو، لارە لاری پێکەوت. بەڵام گریگۆری، لە چنگی مەرگ کە بە سەرسەریەوە دەخولایەوە، خەلسی و لەوکاتەدا کە ئەسپەکە خۆی بە سەر مژانی گالیسکەکەدا هەڵداو گریگۆری نەیهێشت کابرای دەریاوان فریای میل هێنانەوەی دووەم بکەوێ، بە شمشێر دایپاچی.

لـە ماوەیـەکی کورتـا، (کـە دوای وەخـتێ بـیری دەکەوتـەوە زۆری بـەلاوە دوورو دێـژ بـوو) چـوار دەریاوانی بە شمشێر کوشت، بێئەوەی گوێ بە هاواری پروخۆرزیکوف بدات، بە هەشتاو دوای دەریـاوانی پێنجـەم، کـە خـۆی بـەلا کۆڵانێکـا کـرد بـوو، کـەوت. بـەڵام فەرمانـدەی سـریەکە، خـۆی گەیاندێ و هەوسارو جڵەوی ئەسپەکەی گرت:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟ دەتکوژن. تەمەشاکە لەوێنـدەر، لـە پشـت ئـەو کەپرانـەوە، ڕەشاشـێکی دیکـە هەیە.

دوو قوزاقی دیکە دەگەڵ پروخۆردا کە لە ئەسپەکەی دابەزی بوو، بە غاردان بەرەو گریگـۆری چوون و ناچاریان کرد لە ئەسپەکەی دابەزێت. خۆی لە دەستیان ڕادەپسکاندو هاواری دەکرد:

– بەرمدەن! لاکەون دەیانکوژم... هەموو دەریاوانەکان... دەکوژم.

پروخۆرزیکوف، لێی کەوتە پاڕانەوە:

– گریگۆری پانتلیوفیچ! هاوڕێ میلیخوف! ئارام بگرە، وەخۆ وەرەوە!

گریگۆری، کە دەنگی تەواو گۆڕا بوو، تکای لێدەکردن:

– براینە وازم لێبێنن!

فەرماندەی سریەکە بە ئەسپایی بە پروخوری گوت:

– بیخە سەر زینەکەو بیبەوە بۆ گوسینگا لەوە دەچێ نەخۆش بێ.

هەنگێ، بەرەو ئەسپەکەی خۆی ڕۆیی و فەرمانی دا:

– سوار بن!

بەڵام گریگۆری، کڵاوە فەروەکەی فرێدایە سەر بەفرەکە، بەپێوە دەلـەرزی، لـە ناکـاوا دانـەکانی بـە چـیڕەوە بـردن و بـە دەم ناڵەیـەکی ترسـناکەوەو بـە سـەرو سـیمای شـێواوەوە کەوتـە کردنـەوەی دوگمەکانی پاڵتۆکەی. پێش ئەوەی فەرماندەی سریەکە فریا بکەوێ و بگاتـەوە لای. گریگـۆری بـە سینگ و بەرۆکی ڕووتەوە بەدەما کەوتە نێو بەفرەکە. دەستی بە گریان کرد، ئەمما گریـان، سـەری بە هەنیسکانەوە هەڵدەگیرا، کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت. وەکو کسۆکان، بـەفری بن دیـوارو پەرژینەکـەی دەلسـتەوە. لـە سـاتێکی سـەیری زەیـن ڕوونیـدا، ویسـتی هەسـتێتەوە، بـەڵام بێهـودە نـەیتوانی، سـەرو چـاوی فرمێسـکاوی خـۆی بـەرەو قوزاقـەکانی دەوروبـەری خـۆی وەرگێـڕاو، بـە دەنگێکی هۆڤیانە هاواری کرد:

– من کێم کوشت؟

بۆ یەکەمجار لە ژیانیا، فێی لێهات، کەوتـە سـەر ئەرزەکەو لـە نـاو بەفرکەدا خـۆی دەگەوزانـدو بـە دەم لەقە فرتێوە، کەف دەچەڕی و هاواری دەکرد:

– براینە، ڕەحمم پێدا بکەن! مەعز بۆ ڕەزای خوا، بمکـوژن...ڕزگـارم بکـەن... مـن شایسـتەی ژیـان نیم...

فەرماندەی سریەکەو ئەفسەرێکی فەرماندەی فەسیلێ، خۆیـان گەیانـدێ، بـە دوو نەفـەر خۆیـان دا بـە سـەریا، قایشـی شمشـێرەکەیان کـردەوە، دەمیـان بەسـت و هـەردوولاقیان تونـد گـرت، بـەڵام تـا ماوەیەك لـە ژێـر دەسـت و پێـی ئـەوانا هـەر تەقـەلای دەداو بـە پێیـەکانی کـە تـەواو ڕەق بـوو بـوون،

بەفرەکـەی بڵـاودەکردەوە، بـە دەم ناڵـە ناڵـەوە سـەری دەکێشـا بـەو ئـەرزە ڕەشـە بەپیتـەدا کـە دەبریقایەوە، ئەو ئەرزەی کە لە سەریا لە دایك بوو بوو، تیایا ژیابوو، خۆشی و ناخۆشیەکانی ژیانی جەڕباند بوو. ئەو ئەرزەی کە ئێستا هەر جێ سمی ئەسپان بوو و دەتگوت تازە کێڵرابوو.

تەنیا گیا، بێ منەت لە هەتاو و لە باران، لە ئەرزا دەڕوێ و شیلەی گیانبەخشی زەوی دەمژێ، دەڕۆێ و لـە بـەر بـاو بۆرانـا سـەر دادەنـەوێنێ، ئەوسـا تۆوەکـەی دەداتـە دەم بـاوەو بـە هـەمان بێموبـالاتی و بێمنەتیـەوە دەمرێـت و سـاقەتە وشـك و ژاکاوەکـانی، بـە سـۆزەی گۆرانیـەوە بـە گەرمیەوە پێشوازی لە هەتاوی پایز دەکات...

"٤٥"

گریگـۆری، ڕۆژی پاشـی، سـەرکردایەتی فیرقەکـەی بـە یـەکێك لـە فەرمانـدەی کەتیبـەکانی ژێـر دەسەڵاتی خۆی سپاردو بە خۆی دەگەڵ پروخورزیکوفدا بەرەو ڤیشنسکایا وەڕێکەوت. پۆلێکی گەورەی قازە کێوی، کە بە مەبەستی پشوودان، لە گۆلاوێکدا بە ناوی روگوژین، کە کەوتبووە ئەو بـەری کارگینسـکایاوە، نیشـتبوونەوە، گۆلاوەکـە کـەوتبووە نـاو دۆڵێکـی قووڵـەوە، قازەکـان لـە گـۆلاوی نـاوبراودا خـەریکی مەلـە بـوون. پروخـور، بـە سـەری قامچـیەکەی ئاماژەیـەکی بـۆ لای گۆلاوەکە کردو بە زەردەخەنەوە گوتی:

– گریگـۆری بـانتلیوفیچ، چـۆنە یـەکێك لەوانـە ڕاو بکـەین، خۆشـترین مەزەیـە لـە گـەڵ ڤۆدگـای خۆماڵیدا.

گریگۆری گوتی:

– سەبرکە با نزیکتر ببینەوە، خۆم تاقی دەکەمەوە، کاتی خۆی تفەنگچیەکی باش بووم.

بـە دوو قـۆڵی، بـە دۆڵەکـەدا داگـەڕان. پروخـۆر، بـە ئەسـپەکانەوە لـە پـەنا گردێکـدا وەسـتا. گریگۆری پاڵتۆکەی داکەند وفیشەکی خستە بەر تفەنگەکەی و بە قەراخ دۆڵەکەدا کە زۆر بە رز نەبوو، گیاو پوشی قاوەیی پار داپیۆشی بوو، بە سینگە خشکێ کەوتە ڕێ. ماوەیەکی زۆر وەکو سەربازێك بە کاری شناسایی پۆست و پاسگاێن پێشەوەی دژمن دەرچوو بێت، وەکو ئەو ڕۆژەی کە لە ڕوباری ستوخودا ئێشکگرێکی ئەڵمانی، بە دیل گرتبوو، بە ماتە مات و سینەگە خشکێ ڕۆیـی. تەقریبـەن هـیچ سـەری بـەرز نـەکردەوە. کراسـە خاکیـە کاڵەوەبووەکـەی، دەگـەڵ ڕەنگـی قاوەیی ئامال کەسکی ئەرزەکەدا تێکیدەکردەوە. پـووش و پەڵاشـی قـەراغ کەندەکە. گریگـۆری لـە چاوە تیژو هۆشیارەکانی، قازە نێریەك کە لە سەر تۆپەڵە گلێکی خاکی کەنار مرداوەکە (قۆپی، گۆلاو) لە سەر یەك لاق وەستا بوو، دەشاردەوە. گریگـۆری تـا گەییە تیر ڕەسـی قازەکـان، هـەر بـە ماتە مات و سینگە خشکێ ڕۆیی. ئەوسا کـەمێك خـۆی بـەرزکردەوە. نێرە قازەکـە، سـەری خـۆی، کە لـە سـەری مـار دەچـوو و لـە بەردیکـی خـاکی دەچـوو، وەردەچەرخاندو بە پارێزەوە دەیڕوانیـە دەوروبـەری خـۆی. قازەکـانی دی لـە نێـوان سـۆنەو مراویانـدا، بـەدەم مەلـەوە دەهـاتن و دەچـوون خۆیـان وەبـن ئاوەکـە دەداو دەردەهاتنـەوە، لـە دوورەوە دەتگـوت فەرشـێکی خـاکین و بەسـەر ئاوەکەدا ڕاخـرا بـوو. گـارە گـاری هێواشـی قازەکـان و شـڵپە شـڵپی بـە ئاسـتەمی ئاوەکـە دەهاتـە

گویّ. گریگۆری قۆناغی تفەنگەکەی لە شانی خۆی توندکرد، دڵی کەوتە پەلە پەل، نیشانەی لە نێرە قازەکە گرتەوە.

دوای ئەوەی تەقەی لێکرد، بە پەلە هەستایە سەر پێیان. هاوارو دەنگی باڵە فڕێی قازان خەریك بوو گوێیان کەڕ دەکرد. نێرە قازەکە فڕی، هەوڵیدەدا بەرزتر ببێتەوە و قازەکانی دیکەش تێکڕا، بە کۆمەڵ، وەکو هێشوو چوون بە ئاسمانا. گریگۆری کە لەدڵی خۆیدا ئەفسووسی دەخوارد، دوو فیشەکی دیکەی نا بە پۆلە قازەکەوەو چاوی لێکردن تا بزانێ ئایا هیچیان دەکەویّ، ئەوسا، بە نائومێدی بەرەو لای پروخور گەڕایەوە. پروخۆر هاواری کرد: "تەمەشا، تەمەشا!" ئەوسا خۆی هەڵدایە سەر ئەسپەکەی و بە کلکی قامچیەکەی ئاماژەی بۆ پۆلە قازەکە کرد کە بە ئاسمانی شین و بێسنووردا دوور دەکەوتنەوە.

گریگۆری ئاوڕی دایەوە، وەکو ڕاوچیەکی سەرکەوتوو ئۆخژنێکی خۆشی لە دڵ و دەروون گەڕا. تەزوویەکی بە سەراپادا هات: قازێك لە ڕیزەکە دواکەوتبوو، بەرە بەرە و بە ئاشکرا نزم و نزمتر دەبووەوە! باڵەکانی ناو بە ناو و بە خاوی دەجوڵاند. گریگۆری لە سەر نووکی پێ وەستا بوو و تەمەشای دەکرد. قازەکە لە دوای پۆلەکەوە بە دەم هاواری ترسەوە بە خورتی دەفڕی و بەرە بەرە دەهاتە خوارەوەو فڕینەکەی خاو و خاوتر دەبووەوە. لە ناکاوا وەکو بەردێك لەو بەرزییەوە بکەوێتە خوارەوە و ژێر باڵە سپییەکانی لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا بە جۆریّ دەبریسکایەوە ئاوی چاوی دەبرد. پروخور، بە چوار ناڵە بەرەو گریگۆری ڕۆیی، بە دەم پێکەنینەوە جڵەوی ئەسپەکەی گریگۆری، بۆ گریگۆری هەڵدا:

– سواربە!

بە دوو قۆڵی، بە هەورازەکەدا داگەڕان، نزیکەی دووسەد مەترێك بە یورغە ڕۆیشتن.

– ئەها، ئەوەتا.

قازەکە، ملی لێڕاکێشا بوو. باڵەکانی بە سەر ئەرزەکەدا بڵاوکردبووەوە و لە تۆ وایە بۆ دواجار باوەش بەم خاکە دڵڕەق و میوان ڕەوێنەدا دەکات. گریگۆری هەر لە سەر ئەسپەکەوە دانەویەوەو نێچیرەکەی لە عاردی هەڵگرت. پروخور بە کونجکاوی لێی پرسی:

– فیشەکەکە بەر کوێی کەوتووە.

فیشەکەکە، بە ژێر دەنووکی قازەکەدا ڕۆیی بوو، ئێسکەکەی دەوری چاڵی چاوی شکاند بوو. بە دەم فڕینەوە دوا هەناسەی دابوو و، مەرگ لە پۆلە سێگۆشەکەی قازەکانی دابڕی بوو و دابووی بە ئەرزدا.

پروخور، قازەکەی لە تەرکی زینەکە بەست و کەوتنە ڕێ. ئەسپەکانیان لە گوندی بازکی بەجێهێشت و بە بەلەم لە دۆن پەڕینەوە.

گریگۆری، لە ڤیشنسکایا، لە ماڵی قوزاقێکی پیری ئاشنای کۆنی خۆی لایدا و تکای کرد کە بە پەلە قازەکەیان بۆ لێبنەن. ئەوجا بێئەوەی بڕوات بۆ سەرکردایەتی، پروخوری نارد ڤۆدگا پەیدا بکات، تاکو عەسر خواردیانەوە. خانە خوێیە پیرەکەی بە دەم گفتوگۆوە، هەندیّ گلەیی کرد:

- گریگۆری پانتیلیوفیچ، لێرە، لە ڤیشنسکایا، بەرپرسانی دام و دەزگای حکومەتی زۆر توندن لە گەڵ خەڵکیدا.

گریگۆری پرسی:

- کام بەرپرسانە؟

- جەماعەتی خۆمان، ئەوانەی ئێرە.. کودینوف و ئەوانی تر.

- چیدەکەن؟

- لە گەڵ خەڵکانی غەیرە قوزاقاندا، زۆر سەختگیرن. هەر کەسێك پەیوەندی بە سوورەکانەوە کردبێ، کەسووکارەکەی دەگرن، ژنیان، کچیان، دایك و باوکە پیرەکانیان دەگرن. بۆ نموونە ژن خوشکەکەی منیان لە سەر کوڕەکەی گرتووە. ئاخر ئەم کارە هیچ مانایەکی نیە. گریمان تۆ بە گەڵ کادێتەکان کەوتی و چوویت بۆ ئەوبەری دۆنتس، ئەگەر سوورەکان بێن پانتلیی بابت بگرن ئەمە ڕەوایە؟ ها؟

- هەڵبەتە، ڕەوا نیە.

- بەڵام ئەم حکومەتەی ئێمە لێرەیا ئەو کارە دەکەن. کاتێ کە سوورەکان هاتنە ئێرە، خراپەیان دەرهەق بەکەس نەکرد، بەڵام جەماعەتی ئێمە تووشی هیستریا بوون و بە هیچ کلۆجێ دانەدەسەکنێن.

گریگۆری لەجێی خۆی هەستا. سووکە نەتریکی دا، پاڵتۆکەی کە بە سەر تەختە خەوەکەوە هەڵواسیبوو. داگرت. کەمێك خەیاڵ بوو، هاواری کرد:

- پروخور!کوا شمشێرو دەمانچەکەم بۆ بێنە!

- گریگۆری پانتیلیوفیچ، دەتەوێ بۆکوێ بڕۆیت؟

- تۆ هەقت نەبێ، پەیوەندی بە تۆوە نیە، ئەو شتانەم بۆ بێنەو قسە مەکە.

شمشێرو دەمانچەکەی لە خۆی بەست. دوگمەی پاڵتۆکەی داخست و بەرەزوانەی کەمەربەندەکەی توند کردو یەکڕاست بەرەو زندان بە ڕێکەوت. پاسەوانی بەر دەرگاکە ڕێی لێگرت:

- کوا پسوولەی چوونە ژوورەوەت پێیە؟

- پێت دەڵێم، لاکەوە!

- ئاخر بە بێ پسوولە ناتوانم ڕێی کەس بدەم، قەدەغەیە.

گریگۆری، هێشتا نیوەی شمشێرەکەی لە کێلان دەرنەهێنابوو کە کابرای پاسەوان لە دەرگاکەوە چووە ژوورێ و دیار نەما. گریگۆری بێئەوەی دەست لە دەسکی شمشێرەکەی بەر بدات، بە هەشتاو لە ڕاڕەوەکەوە دوای کەوت. هاواری کرد:

- دەمەوێ بەڕێوەبەری زیندانەکەم بۆ بێنن.

ڕەنگی تەواو پەڕی بوو، کەپووە خوارەکەی لە دەندووکە داڵاش دەچوو، بڕۆی وێکهێنابوونەوە.. قوزاقێکی کورتە باڵای لەنگ کە زندانەوان بوو بە ڕاکە ڕاك هات. کوڕێژگەیەك کە کاتبی زندانەکە بوو، لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەوە سەری هێنایە دەرێ. ئەوسا بەڕێوەبەری

زیندانەکە بە چاوانی خەواڵوو ناڕازییەوە بە پەلە هات. بەدەم پرتەو بۆڵەوە گوتی: "بەخۆت دەزانی کەس بەبێ پسوولە بۆی نیە.." بەڵام کە گریگۆری ناسیەوەو ڕوانیە سەرو سیمای، زمانی کەوتە تەتەڵە:

– ئەمە تۆی جەنابی... هاوڕێ میلیخوف؟ خزمەتێکت هەبوو؟

– کلیلی زندانەکانمان دەوێ.

– زندانەکان؟

– ئەدی چی؟ خۆ دە جاری ناڵێمەوە؟ کلیلەکانم بدەیە توخمە سەگ.

گریگۆری بەرەو ڕووی بەڕێوەبەری زندانەکە ڕۆیی، کابراش پاشەو پاش کشایەوە، بەلاّم بە توندی و بە ڕاشکاوی گوتی:

– کلیلەکانت نادەمێ. هەقی ئەوەت نیە کە...

– هەقم نیە؟

گریگۆری دانەکانی بە چیڕەو بردن و شمشێرەکەی لە کێلان هەڵکێشا. شمشێرەکە، لەبن میچی ڕاڕەوەکە بازنەیەکی ڕەخشانی تەی کرد. کاتبەکەو زندانەوانەکە، وەکو دوو چۆلەکەی ترساو هەڵاتن. بەڕێوەبەرەکە پشتی دا بە دیوارەکەوە، ڕەنگی لە گەچی دیوارەکە سپی تر بوو. لەبن لێوانەوەو بە نە بەدڵی گوتی:

– بە دڵی خۆت، فەرموو ئەوە کلیلەکان... بەڵام شکاتت لێدەکەم.

– پێتی نیشاندەدەم. بۆ خۆتان، لە بەرەی پاشەوە، خۆتان دەلێسنەوە. هەموو قارەمانیەتیەکتان هاتووەتە سەر ئەوەی پیرەژن و پیرەمێردان، لە زندانان بپەستن. بزانە چیتان بە سەر بێنم. خێرا بڕۆ بۆ شەڕگە هەی بەراز باب، نامەردی خوێڕی، لە خوام دەوێ نەڕۆیت، بزانە چۆن لێرەدا دەتکوژم.

گریگۆری شمشێرەکەی لە کێلان نایەوە، چەپۆکێکی کێشا بە پشتە ملی بەڕێوەبەری زندانەکەداو بە مست و شاپان بەرەو دەرگای دەرەوەی برد. هاواری کرد:

– بڕۆ بۆ شەڕگە! دەبڕۆ دەی، ملت بشکێنەو گوم بە لە بەر چاوم!... خەڵکی وەکو تۆ من... ئەسپێی پشت شەڕگە!...

دوای ئەوەی بەڕێوبەری زندانەکەی وەدەرنا، گوێی لە دەنگە دەنگ و هەراو هەنگامەیەك بوو کە لە حەوشەی ناوەوەی زندانەکەوە دەهات. گریگۆری بە هەشتاو خۆی گەیاندە ئەوێندەر. سێ زندانەوان لە بەر دەرگای موبەقەکەدا وەستا بوون، یەکێکیان خەریکی میلی تفەنگە یابانیە ژەنگنەکەی خۆی بوو و بەجۆش و خرۆشێکی زۆرەوە، بە پەلە پەل هاواری کرد:

– دەی، ئەمە هێرشە بۆ سەر زندانەکە... دەبێ بەرگری بکەین... ڕێنماییە کۆنەکان چ دەڵێن؟

گریگۆری، دەمانچەکەی دەرهێنا. زنداوانەکان، هەموو بەپەلە خۆیان بە ژووری موبەقەکەدا کرد. گریگۆری بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد:

– وەرنە دەرێ... بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان!...

لە کاتێکا ڕستە کلیلەکەی بە دەستەوە بادەدا، دەرگای زندانەکانی لە پڕ بوون لە زندانی، کردەوە. هەموو زندانیەکانی ، کە ژمارەیان لە سەد کەس پتر دەبوو، ئازاد کرد. ئەوانەی کە زاتیان نەدەکرد بڕۆن. بەخورتی لە زندانەکان دەرهێناو بەرەڵای ناو جادەکانی کرد. ئەوسا، دەرگای زندانە چۆڵەکانی داخست.

خەڵکی لەبەر زندانەکەدا خربوونەوە. ئەو زندانیانەی کە لە زندانەکانەوە دەرچوو بوون، سەری خۆیان دانەواند بوو وبەلەز بەرەو ماڵی خۆ نشێو دەبوونەوە. قوزاقانی دەستەی نیگابانی، دەست بە شمشێر، بە غار لە بارەگای سەرکردایەتیەوە بە ڕاکە ڕاك، لە مەیدانەکەوە خۆیان گەیاندە زندانەکەو ئەنجام کودینوف، بە خۆیشی بەلارە لار هات.

گریگۆری، لە دوای هەمووانەوە، لە زندانە چۆڵەکە وەدەرهات. کاتێ کە بە نێو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا دەڕۆیی. ڕیزێك جنێوی سووکی بەو ژنە کونجکاوو فزوڵانە دا کە بەدەنگی بەرز چەنەبازییان دەکرد. ئەوسا بە ئەسپایی و بە شان و شەپیلکی داچەکیوەوە بەرەو لای کودینوف ڕۆیی. قوزاقەکانی دەستەی نیگابانی ناسییانەوە، ئیکلامیان بۆ کرد. ئەویش تێی خوڕین:

– بڕۆنەوە بۆ بارەگای خۆتان. چیە، چی بووە، ئەم ڕاکە ڕاکەتان لە چیە؟ دەی خێرا ڕیز بن، بەڕیز یەکرێ بگەڕێنەوە!

– هاورێ میلیخوف، وتیان لە زندانەکەدا کودەتا بووە.

– ئەو کاتبە منداڵکارە هات و گوتی: "کابرایەکی ڕەشتاڵە هاتووەو خەریکە قفڵەکان دەشکێنێ".

گریگۆری، وەڵامی دانەوە:

– ئاژیرێکی درۆینە بوو.

قوزاقەکان بەدەم گفتوگۆو پێکەنینەوە، ڕێ و ڕێ گەڕانەوە. کودینوف، بە هەشتاو بەرەو لای گریگۆری دەهات و بەدەم ڕێگاوە قژە درێژەکەی کە لە ژێر کاسکێتەکەیەوە هاتبوە دەرێ ڕێکدەخست.

– سڵاو میلیخوف، چ قەوماوە؟

– سەلامەتیت، کودینوف! دەرگای زندانەکەتانم شکاند.

– بۆچی؟ ئەم کارە مانای چیە؟

– هەر هەموو زندانیەکانم ئازاد کرد. بۆچی مۆڕە دەکەی؟ ئاخر ئێوە بە چ هەقێك ژنان و پیرەمێردانی خانەوادانی غەیرە قوزاق دەگرن؟ ئەم کارە مانای چیە؟ وریابە کودینوف ها!

– هەوڵ مەدە کاری خۆ سەری بکەیت، ئەمە کارێکی خۆسەرییە.

– کە لە ژێر خاکم نایت، هەنگێ دەبینی خۆسەری چۆنە. من دەتوانم کەتیبەکەی خۆم هەر ئێستا لە کارگینسکایاوە بێنمەوەو ئەوسا دەزانیت خۆسەری چۆنە.

گریگۆری لە ناکاوا قایشە چەرمە قەفقازییەکەی کودینوڤ گرت و بە تووڕەیی و بێمنەتی، وەکو داریکی بەردار ڕای تەکاندو بە گوێیدا چپاند:

– دەتەوێ جەبهە بکەمەوە، زۆر حەز دەکەی، دەتەوێ تامی نانت لێبکەم بە قوزەڵقورت؟ ها، حەزدەکەی؟ ئەگەر حەزدەکەی ڕوحت لە کونە کەپووتەوە دەردێنم!..

گریگـۆری دانـی بـه چـیڕەوه بـردن، ئەوسـا دەسـتی لـه قایشـەکەی کودینـوف کـه بـه هـێمنی پێدەکەنی بەرداو پرسی:

– ئەم ژارخەنەت لەچیه؟

کودینوف پشتێنەکەی ڕێکخستەوه. باسکی گریگۆری گرت و گوتی:

– با بچین بۆ ژوورەکەی من. بۆچی وا هەڵچوویت؟ خۆزگه بەم حاڵەوه خـۆت لـه ئاوێنـەدا دەبینی: کـوت و مـت دەڵێـی شـەیتانی... بیرمـان دەکردیـت. سـەبارەت بـه زندانەکـه، گـرنگ نیـه... ئـازادت کـردن، چ قەیدیـه؟ ڕاسـته دەبـێ بـه قوزاقـەکان بڵـێم ئـەو ژنانـه مـەگرن کـه مێردەکانیـان بەگـەڵ سوورەکان کەوتوون. بەڵام تۆ بۆچی هاتوویت بۆ ئێرەو له دەسەڵات و ئیحتوبارمان دەدەیت؟ ئاخ گریگـۆری! چـەند بەشـەریکی سـەیریت! بـه ڕاسـتی کەللـه شـەقی! دەبـوا بێیتـه لای مـن و بڵێـی: "دەزانـی، دەبـێ هەنـدێ لـه زندانیەکان کـەم بکەیتـەوه، یـان فڵـان و فیسـار ئـازاد بکـەیت" هـەنگێ ئێمـەش تەمەشـای لیسـتی زندانیـەکانمان دەکـردو یـەك دوانێکمـان لـێ ئـازاد دەکـردن، بـەڵام تـۆ ئێسـتا هاتوویـت هـەر هـەموویانت بـەرەڵا کـردووه. هـەر بـاش بـوو کـه تاوانبـاره گـەورەکانمان لـه شوێنێکی دیکه زندانی کردوون. ئەگەر ئەوانەشت ئازاد کردبا، ئێستا دەبوو به چ فەرتەنەیەك؟ که پیاوێکی تونده تەبیعەتی!

کودینوف، دەستێکی به شانی گریگۆریدا داو بەپێکەنینەوه له سەری ڕۆیی:

– تـۆ لـەم جـۆره حاڵەتانـەدا هـەر کەسـێك قسـه لـه قسـەت بکـات، لـه دەسـتت دێ بیکوژیـت. خـۆ لەوەش خراتر ئەوەیه که تۆ قوزاقەکان بۆ ڕاپەڕین هاندەدەیت.

گریگۆری، بازووی له دەست کودینوف دەرهێناو له بەر بارەگای سەرکردایەتیدا وەستا.

– ئێوه هـەمووتان لێـره لەپشـت ئێمـەوه، خۆتـان ئـازاو دلێـر کـردووه. زندانـەکانتان پـڕ کـردووه لـه خەڵکی! ئەگەر ڕاست دەکەن وەرن له شەڕگەدا ئازایەتی خۆتان بنوێنن.

– گریشـا، مـن کـاتی خـۆی ئازایـەتی خـۆم بـه زیـادەوه نوانـدووه، هیچـم لـه تـۆ کـەمتر نـەبووه. ئێسـتاش ئامـادەم هـەمان کـار بکـەم. فـەرموو تـۆ وەره لـه شـوێنەکەی مـن دانیشـەو مـن دەچـمه شوێنەکەی تۆ و ڕابەرایەتی فیرقەکەت دەکەم.

– نا، سوپاست دەکەم.

– ئاخر نەك بڵێی.

– دەی مـن وەخـتم کەمـه، حـەز ناکـەم وەختەکـەم بـه قسـەوه بـه فیـڕۆ بـدەم. دەمـەوێ بـۆ هەفتەیـەك بڕۆمەوه بۆ گوندەکەی خۆم له ناو کەسوکارا پشوویەك بدەم، حاڵم باش نیـه... زامێکـی چکۆلەش بووەته شانم.

– چ خێرته؟

– دڵم تەنگه. غەریبی کەسوکار دەکەم...

– نـابێ، بـێ سـوعبەت، چیته؟ ئێمـه لێـره دکتۆرێکمـان هەیـه، لـەوه دەچـێ پرۆفیسـۆریش بێـت... لای ئێمه دیله. له شومیلینسکایا به ئەسیری گرتوویانه. له گەڵ دەریاوانەکاندا بووه. پیـاویکی زۆر کەلله زله. عەینەکێکی ڕەش له چاو دەکات. با معایەنەت بکات.

– تێی هەڵدە، لە قەبری بابی بەم!

– کەواتە، باشە بڕۆ سەری کەسوکار بدەو ئیسراحەت بکە. ئەدی فەرماندەیی فیرقەکەت بە کێ سپاردووە؟

– بە ڕیابچیکوف.

– دەقیقەك، بۆ ئەوەندە پەلەتە؟ پێم بڵێ بزانم ڕەوشی جەبهە لەوێ چۆنە؟ وادیارە تۆ لەوێ حەشرت کردووە. دوێشەو بۆیان گێڕامەوە کە لە کلیموفکا، کۆمەڵێك دەریاوانی زۆرت بە شمشێر کوشتووە، وایە؟

– خواحافیز.

گریگۆری کەوتە ڕێ، لێ دوای چەند شەقاوێك ئاوڕی پاشی دایەوەو بە کودینۆف گوت:

– جارێکی دی نەبیستوومە کە خەڵکی لە سووچی زندانان توند دەکەن ها...

– نە، بابە نە، خەمت نەبێ... بڕۆ ئیسراحەت بکە، سەفەریکی خۆش.

ڕۆژ، بە شوێن خۆر کەوت و لە ڕۆژئاوادا ونبوو. بایەکی سارد لە دۆن و سەوزەزارەکانی ئەوبەری دۆنەوە هەڵیکرد. پۆلیك سۆنە کێوی، بەسەر سەری گریگۆریدا تێپەڕی. لەوکاتەدا کە گریگۆری خۆی بە حەوشەدا دەکرد، ڕمب و هۆڕی مەترەلۆزان، لە سەرووی ڕووباری دۆنەوە بەرز بووەوە.

پروخور، بەلەز هەردوو ئەسپەکەی زین کردو جڵەوەکانی گرتن و لەو کاتەدا کە لە حەوشە دەیبردنە دەرێ پرسی:

– بۆ کوێ؟ بۆ تاتارسکی؟ گوندەکەی خۆمان.

گریگۆری بە بێدەنگی جڵەوی ئەسپەکەی گرت و بە ئاماژەی سەر تێی گەیاند کە بەڵێ.

"٤٦"

تاتارسکی، لە غیابی پیاوەکانیا، زۆر چۆڵ و خەمناك بوو. پیاوەکانی بە سەربازی گیرابوون و سریەیەکی پیادەیان لێدروست کرابوو و بە شێوەیەکی کاتی بە گەڵ یەکێك لە کەتیبەکانی فیرقەی پێنج خرابوون و بۆ کەناری دۆن نەقل کرابوون. یەکە سورەکان، هێزی کۆمەکیان لە بالاشوف و پوڤورینۆوە بۆ هاتبوو، لە باکوری ڕۆژهەڵاتەوە هێرشێکی توندیان هێنابوو، ژمارەیەك لە گوندەکانی ناوچەی ئیلانسکایان گرتبوو وبەرەو خودی ئیلانسکایاش پێشڕەویان دەکرد. بەڵام ئەو شەڕە دژوارەی کە لە نزیکی ئیلانسکایادا ڕوویدا، بە قازانجی یاخیەکان شکایەوە. لە ڕاستیا، کەتیبەکانی ئیلانسکایا و بوکانوفسکایا، کە لەژێر گوشاری کەتیبەی سووری مۆسکۆ و دوو سریەی سوارەی سوورا، پاشەکشەیان دەکرد، قوەتێکی پشتیوانی چاکیان بۆهاتبوو. کەتیبەی چوارەمی فیرقەی یەکەمی یاخیەکان، کە سریەی تاتارسکی وتۆپخانەیەکی سێ تۆپی و هەروەها دوو کەتیبەی سوارەی یەدەکی فیشنسکایاشی لە گەڵدا بوو، لە ڕێگەی کەناری چەپی دۆنەوە هاتبوون. هەروەها لە کەنارەی ڕاستی دۆنیشەوە هێزێکی گەورەی پشتیوان بەرەو گوندێن پلیشاکوڤ و مانتیڤسکی دوو سێ فرسەخی ئیلانسکایا

نێردرابوو. بە شێك لە تۆپخانەیەكیش لەسەر تەپەی كریڤسكوی، بە سەر كرینسكایادا دەیڕوانی، دامەزرێنرابوو. تۆپچییەكی قوزاق، خاڵكی گوندی كریڤسكوی، كە بە ئەنگیوەیی و نیشانشكێنی بە ناوبانگ بوو، لەگەڵ یەكەم تۆپدا، سەنگەرێكی رەشاشانی سوورەكانی خاپوور و داغان كرد. بە یەك دوو خومپارە، هەر هەموو ئەو سەربازە سوورانەی كە لە بێشەیەكی داربییاندا خۆیان حەشاردابوو، پەراگەندە كرد. شەڕەكە بە قازانجی یاخییەكان شكایەوە، یاخیەكان كە لە نزیكەوە دوای سوورەكان كەوتبوون، سوورەكانیان تا ئەوبەری رۆخانەی ئیلانكا ڕاونا. یازدە سریەی سوارە لەم پەرچە هێرشەدا بەشداربوون، لە سەر تەپەیەكی نزیكی گوندی زاتولۆڤسكیدا. گەیینە هێزێكی دژمن، قڕیان خستە یەك سریەی تەواوی سوورەكان و تاقو بڕیان كردن. لە دوای ئەو شەڕەوە، ئیدی سریەی پیادەكانی تاتارسكی، لە نێو تەپە لمەڵانیەكانی كەنارو بەستێنی چەپی دۆندا، دەسوڕانەوە. بەدەگمەن بە مادۆنی بۆگوندەكەی خۆیان دەچوونەوە بەڵام بۆ جەژنی پاك(فصح) نزیكەی نیوەی سریەی نێو براو لە گوندا پەیدا بوون، دەتگووت پێكەوە تەگبیریان كردبوو، تەنیا یەك ڕۆژ لە گوندی مانەوە، جل و بەرگەكانیان گۆڕی، یەكەمین خواردنی پاش چلەی ڕۆژوویان خوارد، سەروو برێك پیوی بەرازو نان و خۆراكی دیكەیان خستە تۆێشەبەرەوە و پاشان بەدەستە جەمی وەكو میوان، بەڵام لە جیاتی بە عاساوە بڕۆن ، بە تفەنگەوە ڕۆیشتن و لە دۆن پەڕینەوە و بەرەو ئیلانسكایا كەوتنە ڕێ. لە سەر گردەكەی تاتارسكییەوە ژنان و دایكان و كچانیان، لە دواوە تەمەشایان دەكردن و بە نیگا بەڕێیان دەكردن. ژنەكان دەگریان و بەلكەی لەچك یان شاڵەكانیان ڕوندكی چاویان دەسڕی و بە ژێر كراسەكانیان لووتیان دەسڕی... لەوبەری دۆنەوە، لە پشت جەنگەڵێكی ئاو گرتەوە قۆزاقەكان بە ناو گردۆلكە چەولمەكاندا دەڕۆیشتن، لەوانە: خریستونیا، پانتلی پڕوكوفیچ، ستیپان ستاخوف وئەوانی دی.. تویشەبەرەكانیان، كردبوو بە سەرەنێزەی تفەنگەكانیانەوە، لە دواوە تەكە تەك بە دەم ڕێوە سەمای دەكرد. بای دەشت ودەرەكە، دەنگی سروودو گۆرانیەكانیانی لە گەڵ خۆیدا دێنا، خەمناك وەكو بۆنی شەمامەی كێوی وابوو. زۆر بە خاوی قسەیان لە گەڵ یەكدیدا دەكرد. بە خەمباری ڕێیان دەكرد. بەڵام تێربوون و جل و بەرگی خاوێنیان لەبەر بوو. ژنەكان و دایكاكانیان، بە بۆنەی جەژنەوە ئاویان بۆ گەرم كردبوون و خۆیان شۆرد بوو وچڵك و گەماریان لە خۆ داماڵی بوو وبەشانە ئەسپێی خوێنمژیان لە سەریان بژار كردبوو. كاشكێ دەكرا لە ماڵەوە بمێنن و خۆشخۆرو خۆش شۆر لە ناو ماڵ و منداڵی خۆدا دەژیان...بەڵام چار نەبوو، دەبوایە بچنە پێشوازی مەرگ... ئەوەتا دەڕۆن. كۆمەڵێك كوڕیژگەو مێرد منداڵی شازدە حەڤدە ساڵیان تیابوو كە تازە بە سەربازی گیرابوون و خرابوونە ڕیزی قوزاقەكانەوە. ئەوانە ئەوەتا چەكمەو پێڵاوەكانیان داكەندووە، بەپێی پەتی بە نێو چەو و لمە گەرمەكەدا، هەنگاو دەنەن. زۆر بەكەیف و دەماخن، خۆش و خەندان، بە خۆشیان نازانن بۆ؟ ئەمانە بەدەم سوعبەت و شۆخیانەوە قسان دەكەن، بە دەنگە ناسك و لەرزۆكەكانیان گۆرانی وسترانان دەڵێن. جەنگیان بەلاوە شتێكی تازەو جوانە، وەكو گەمەیەكی تازە لێی دەڕوانن. لە ڕۆژانی یەكەمدا، بۆ ئەوەی گوێیان لە گیزو هۆڕی گولله بێت، سەریان لە پشت خاكرێزی نمداری

سەنگەرەکانەوە، دەردێنا، سەربازە کۆنەکارەکان، بە تەوسەوە پییان دەگوتن (جوجەڵە)و فێریان دەکردن چۆن سەنگەر هەڵبکەنن، چۆن تفەنگ بە کاربەرن، چۆن لە کاتی هێرشبردندا، چەك و تەقەمەنی هەڵبگرن و چۆن باشترین سەنگەرو پەنا بدۆزنەوە. تەنانەت فێریان دەکردن چۆن جل و بەرگەکانیان بە سەر ئاگرەوە بگرن و دای بوەشێنن و ئەسپێکانیان بخەنە ئاگرەکەوە. یان چۆن زەنگاڵ و بەلەك پێچەکانیان بە جۆرێ ببەستن کە پێیان ماندوو نەبێت و لە نێو چەکمەکانیاندا ڕەحەت بێت. بەڵام یارۆی "جوجەڵە" بەچاوانی ئەبڵەقەوە دەیڕوانیە دنیاو شەڕی دەوروبەری خۆی، لە بارستە گڵی بەر سەنگەرەکەیەوە سەری دەردێناو تەیر ئاسا چاوی دەگێڕاو تامەزرۆی ئەوە بوو کە سەربازێکی سوور بدینێ و کاتێکی بەخۆ دەزانی گوللەی دوژمن جزەی لێ هەڵدەستاند. جا ئەگەر زامەکەی کوشندە بایە، ئەوا ئەم جەنگاوەرە شازدە ساڵانە وەکو منداڵێکی گەورە، بە قۆڵ و باسکی ناسکەوە، بەگوێی قوتەوە، بە ملی باریکەوە، لە ئەرزەکەدا دەکەوت و ئەوسا بۆ گوندەکەی خۆیان دەبردەوەو لە هەمان گۆڕستانیان دەناشت کە باوو باپیرانی تێدا ڕزیبوون. دایکی دەهاتە سەری، سینگی بۆ دەکوتا، قژە سپییەکەی دەسکەنە دەکردو بە دیار جەنازەکەیەوە دەگریا. دوای ئەوەی بەخاك دەسپێردراو گڵی سەر گۆڕەکەی وشك دەبووەوە، دایکە داماوە جەرگ سووتاوەکەی، بە کۆمە کۆم، باری خەمی لەبن نە هاتووی خۆی بە کۆڵا دەداو دەچوو بۆ کڵێساو نوێژو نزای بۆ ئارامی گیانی ڤانیوشا یان سیوموشکای خۆی دەخوێند.

بەڵام ئەگەری ئەوەش لە ئارادا هەبوو کە زامەکەی کوشندە نەبێت. ئیدی ئەو کاتە ڤانیوشکا یان سیوموشکای جوجەڵە پەی بە دژواری سەختی شەڕ دەبرد. لێوەکانی کە تازە بۆریان کردبووەوە، دەلەرزی. ئیدی سەربازی چکۆلە، بە دەنگێکی منداڵانە وەکو کەروێشك دەیزیڕاند. "ئاخ، دایە گیان، دایکە!" ڕووندك بە چاوانیا دەهاتە خوارێ. ئەوسا عەرەبانەی ئیسعاف هەڵیدەگرت و بە جادەی ناهەموارو پڕ چاڵ و کۆسپدا دەیبردو وەکو مەشکە دەی هەژاند و زامەکەی دەکولایەوەو یارۆی برین پێچی سریەکە زامەکەی بۆ دەشت و بە پێکەنینەوە، وەکو منداڵ دڵخۆشی دەدایەوە: " فانیا بەسە مەگری، بەسە مەڵێ دەمریت. ئازارەکە برۆ بۆ پشیلە، برۆ بۆ قەلە ڕەش، مەیە بۆ ڤانیا، ڤانیوشکا سەلامەت بێت." بەڵام ڤانیوشکا، لە گریانی خۆی ناکەوێت، دەیەوێت بۆ ماڵ ،بۆ ناو کەس و کارەکەی بڕواتەوە، هاواری دایکی دەکات. ئەگەر چاك ببێتەوە و بیگێڕنەوە بۆ سریەکەی خۆی هەنگێ، قەدری عافێت دەزانێ و دەزانێ شەڕ چیە. ئەوسا دوای دوو حەفتە لە شەڕو کوشتارو بۆسە نانەوەو شەڕە نێزان، ئیدی قاڵ دەبێتەوە، دڵی ڕەق دەبێت: دەبینی چۆن لاقی لێ بڵاو دەکاتەوەو لە هەنبەر بابایەکی یەخسیری سوور ڕادەوەستێ و لاسایی عەریفێکی بەد مەزەبی بێویژدان دەکاتەوەو تف بارانی دەکات و لەبن لێوانەوە بە دان چیڕکردنەوە پێی دەڵێت: " قەحپە دایك، ئاخری کەوتیتە داوەوە، هەی بیژی زۆڵ! زەویت دەویست؟ یەکسانیت دەویست؟ وادیارە کۆمۆنیستی؟ دەی ئیعتیراف بکە هەی بێشەرەف." بۆ ئەوەی خۆی بنوێنێ و ئازایەتی قوزاقانەی خۆی نیشان بدات، بە خۆی دەست دەداتە تفەنگ و ئەو پیاوەی، کە لە خاکی دۆند لە دایك بوو بوو وژیا بوو، ئەو پیاوەی کە لە ڕای

سیستەمی سۆڤیاتدا، لە پێناوی کۆمونیزمدا، لە ڕای نەهیشتنی جەنگ لە سەر ڕووی زەویدا خەبتی بوو، دەکوژێت.

جا لە ستانی مۆسکۆ یان لە قەڵەمڕەوی فیاتکادا، لە کوێرە دێیەکی سەرزەمینی پان و بەرینی ڕووسیای سۆڤیاتیدا، هەواڵ دەگاتە دایکی سەربازێکی سوور کە کوڕەکەی لە " گەرمەی خەباتا دژی گاردێن سپی و لە ڕای ڕزگاری جەماوەری ڕەنجبەرو زەحمەتکێش لە نیری زەویداران و سەرمایەداران" شەهید بووە. ئەویش بۆی دەکەوێتە شین و شەپۆڕ و گریەو زاری... خەم خوێناوی جگەری دەخواتەوە و ڕوندك لە چاوە لێڵەکانی دەبارێت و تا ئەو ڕۆژەی دەمرێت، ئەو جگەر گۆشەیەی کە نۆ مانگان لە سکی خۆیدا هەڵی گرتبوو. بە دەم ژان و ئازارەوە. بە خوێن و خوڕەوە هێنابوویە دنیاو لە خاکی دوورە دەستی دۆندا بە دەستی دژمن کوژرا بوو. لە بیر ناکات...

نیوەی سریەی پیادەی تاتارسکی، کە شەڕگەیان جیهێشتبوو، لە ڕێگای گردە لمەڵان و بیشە سپیدارەکانەوە دەگەڕانەوە. گەنجەکان شادو بێخەم و خەیاڵ ڕێیان دەکرد. بەڵام پیرەکان کە بە شۆخیەوە نازناوی هایداماکیان لێنرا بوو، بەدەم ئاخ و ئەشکی پەنهانەوە ڕێیان دەکرد. بەو زوانە وەرزی شۆبرین و خرماشە کردن و تۆودان دەهاتە پیشێ. زەوی و زار، کێڵگە و مەزرایان، گازیان دەکردن، شەوو ڕۆژ، بێوچان بانگی دەکردن، بەڵام ئەوان هیچ چاریان نەبوو، دەبوایە بجنە شەڕی.بە دەم بێگارو ترس و بەدبەختیەوە لە گوندانی دوورە دەستی بێگانانندا، تیا بچن. بۆیە پیرەکان، دەگریان ،خەمیان دەخواردو خەم خوێنی جگەری دەخواردنەوە. هەر کەسەو بیری لە مەزراو کێڵگەی خۆی، لە ماڵات و چوارپایانی خۆی، لە کەرەستەو ئەوزاری کاری خۆی دەکردەوە. هەموو ئەم شتانە پێویستیان بە دەست و بازووی پیاوان بوو، پێویستیان بە چاو و چاودێری خاوەنانی خۆ بوو. ئافرەتان چیان لە دەست دەهات؟ زەویەکان بەرەو وشك بوون دەچوون، تۆودان لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدەدرا، ئەگەری ئەوە هەبوو، لە ساڵی ئایندەدا قات و قڕی ڕوویان تێبکات. بە خۆڕایی نەگوتراوە: " لە کشتوکاڵدا، پیاوێکی پیر باشترە لە ژنێکی جاحێڵ."

بەڵێ، پیرەکان، بە بێدەنگی بە ناو زیخ و چەواندا ڕێیان دەکرد. تەنیا ئەوکاتە جم و جووڵیان تێکەوت کە گەنجێك تفەنگێکی نا بە کەروێشکە کێوییەکەوە. بە فەرمانی سەرکردایەتی گشتی هێزێن قوزاق، تەقە کردن و فیشەك بە فیڕۆدان زۆر قەدەغە بوو. پیرەکان لێبڕان، سزای گەنجەکە بدەن و تەمبێی بکەن، بە کورتیەکەی داخی خۆیان بە کوڕە گەنجەکە بڕێژن. پانتلی پروکوفیچ پێشنیازی کرد:

– با چل جەڵدەی لێبدرێت.

– زۆرە، بەرگە ناگرێت.

– ئیدی لە پەلوپۆ دەکەوێت.

خریستونیا، بڵماندی:

– شازدە.

لە سەر شازدە جەڵدەکە ڕێکەوتن. یارۆی تاوانباریان لە سەر لمەکە ڕاکشاند و پانتۆڵەکەیان داکەند. خریستونیا بەدەم نەرمە گۆرانیەکەوە، بە قەڵەمبڕەکەی شولێکی "تەرکە" تەڕی کوڵکنی زەردی لە داربییەك بڕی. لێدانەکەیان بە ئانیکوشکا سپارد بوو. ئەوانی دی ئەڵقاو ئەڵق بە دەوری یەکدا ڕۆنیشتبوون و سیغاریان دەکێشا. دوای ئەوەی کارەکە تەواو بوو، سەرلە نوێ کەوتنەوە ڕێ. کوڕێژگە جەڵدە لێدراوەکە، لە دوای هەمووانەوە دەهات و بە دەم ڕێگاوە چاوی دەسڕی و پانتۆڵەکەی هەڵدەکێشا و توند دەکردەوە. هەرکە لە ئەرزە لمەڵانەکە وەدەرکەوتن و گەیینە ئەرزێکی بەپیتی شایەنی کشتوکاڵ، بە هێمنی کەوتنە گفتوگۆ. یەکێك لە پیرەکان ئاهێکی هەڵکێشا و ئاماژەی بۆ پارچەیەك کشتزار کرد کە بە تەواوەتی وشك بوو بووەوە:

– ئەوەش زەوی نازدارمان، کە چاوەڕێی خاوەنەکەیەتی. بەڵام خاوەنەکەی دەرفەتی نیە، فریا ناکەوێ، بێهودە. لە پێناوی شتیکدا، کەوتووەتە دەشت و کێوان، مەگەر هەر شەیتان سەری لێدەربکات.

بە قەراخ کیڵگەکەدا ڕێیان دەکرد. هەرکەسەو لە ئاستی خۆیەوە، دادەنەویەوەو کڵۆ کەستەکێکی لەو خاکە وشکە، کە بۆنی هەتاوی بەهاری لێدەهات، هەڵدەگرت و لە نێو دەستیا وردی دەکردو ئاهێکی هەڵدەکێشا و دەیگوت:

– ئەم ئەرزە، ئیدی چاوەڕوانە

– بە تاسەوە چاوەڕوانی هەوجاڕ و ئامور دەکات.

– وەختی داچاندنیەتی.

– دوو سێ ڕۆژی دی تێپەڕێت، ئیدی بەکەڵکی داچاندن نایەت

– لە گوندەکەی ئێمەدا، لەوبەری ئاوەکە هێشتا زووە.

– ڕاستە، هێشتا زووە! تەمەشا، هێشتا بەفری سەر تاوێرانی کەناری دۆن نەتواوەتەوە.

بۆ ئیسراحەت و فراڤین لایاندا... پانتلی پروکوفیچ، کوڕێژگە جەڵدە خواردووەکەی خوڵکی ماست کرد. ماستەکەی لە کیسەیەك کرد بوو و بە لوولەی تفەنگەکەیەوە هەڵیواسی بوو، بە درێژایی ڕێگا، ڕستێك ئاوی باریکی پێدا دەهاتە خوارەوە. ئانیکوشکا بە سوعبەتەوە پێی گوتبوو: "پیاو دەتوانێ بە شوێن پێیەکەتا بتدۆزێتەوە. وەکو پیرە گاجووتان، چۆڕاوگەی میز لە دووی خۆت بەجێبێڵی؟" لەو کاتەدا کە پانتلی پروکوفیچ ماستی بە کوڕێژەگەکە دەدا، بە ئەسپایی پێیگوت:

– لە خەڵکی، لەخۆت گەورەتر زویر مەبە کەرە چکۆل. لێیان داویت، چ قەیدیە، خۆ قیامەت ڕانەبووە! گەنجێك جەڵدەی خواردبێ، هاوتای دوو گەنجە کە جەڵدەیان نەخواردبێ.

– هاپۆ پانتلی، ئەگەر ئەم کارەیان لە گەڵ تۆدا کردبا، بەم شێنەییە قسەت نەدەکرد، وەکو دەڵێن ناوبژیوان دڵی فراوانە.

– من زۆر لەمە خراپترم دیوە کوڕی خۆم.

– لەمە خراتر؟

– بەڵێ، خراتر، هەمووان دەزانن کە جاران زۆر لە ئێستا خراتر لێیان دەدایت.

– لێیان دەدان؟

– بەڵێ، لێیان دەداین، ڕۆژێکیان بابم بە مژانی عەرەبانە تێم بەربوو، کەچی هەرچۆنێك بوو تەحەمولم کرد.

– بە مژان!

– بەڵێ، خۆ درۆت لە گەڵ ناکەم. دەی ماستەکەت بخۆ بۆچی چاوت بڕیوەتە دەمم؟ چیە ئەوە مراکەکەت بۆ دەسکی نیە؟ شکاندووتە؟ هەتیوی خوێڕی، تووڵە باب، سەگ دایك، حەیفێ ئەم بەیانیە باشیان لێنەدایت!

دوای فراڤین، قوزاقەکان لێبڕان، لەو هەوا بەهاریەدا، کە وەکو شەراب پیاوی مەست دەکرد، سەرخەوێك بشکێنن. پشت لە هەتاوەکە ڕاکشان و تاوێکی باش پرخ و هۆڕیان کردو پاشان هەستان و بە دەشت و بیابانە بەرینەکەدا و بە نێو پووشی وشکەوە بووی پارا کەوتنەوە ڕێ. زۆربەیان قەمسەڵە، پاڵتۆ، یا پەستەك و پۆستینیان لەبەر بوو، پۆستاڵ یان پێڵاویان لە پێدا بوو، بە پێیان دەڕۆیشتن و دەلنگی پانتۆڵەکانیان لە گۆرەوییە سپیەکانیان نابوو، یان هەر گۆرەوییان لە پێدا نەبوو. توێشەبەرە، پڕ خۆراکەکانیان، بە سەری قەمەی سەر تفەنگەکانیانەوە هەڵواسی بوو و لە دواوە تەکە تەکیان بوو. سەرو ڕووی ئەم سەربازە فیرارانە کە بۆ سریەکانی خۆ دەگەڕانەوە، هیندە کەم لە سەرو سیمای سەربازو شەرڤانان دەچوو، کە کەڕەواڵان، وەختێ بە ئاسمانی شینەوە تێر دەیانخوێند، دەهاتن و بێترس لە ناو سەوزە زارەکانی بن دەست و پێی ئەواندا دەنیشتنەوە.

* * *

گریگۆری کە گەیبە گوندی، تاقە یەك زەلامی لە ناو گوندا نەبینی. بەیانی ڕۆژی پاشی، میشاتکای کوڕی خۆی کە تەواو هەراش بوو بوو، سواری ئەسپەکەی خۆی کردو پێی گوت کە بیبات بۆ گۆیی دۆن و ئاوی بدات. بە خۆیشی دەگەڵ ناتالیادا چوو بۆ دیدەنی خەسووەکەی و بابە گەورە گریشاکا.

لوکی نیچنا، بە گریانەوە پێشوازی زاواکەی کرد:

– گریشکا، کوڕم، ئێمە بە بێ میرون گریگوروفیچ، خوا عافووی بکات، ناکەینە هیچ، بێئەویمان پێوە دیارە... کەس نیە کێڵگەو مەزراکان ڕەعەمەل بێنێ، بە ناشوکری نەبێ کێمان هەیە؟ عەمارەکان پڕن لە گەنم و دانەوێڵە، لێ کەس نیە بیکات بە کێڵگەکانەوە، تۆوی بدات. بەڕاستی هەتیو کەوتووین. کەس نایەت بە لامانەوە، زیادین.. بارین بە سەر ژیانەوە... تەمەشا، خانووەکەمان چەند وێرانە. کەس نیە کارمان بۆ بکات.

ئەلهەقی، خانوو و بەرەکەیان ڕوو لە وێرانی بوو: گایەکان پەرژینی دەوری حەوشەکەیان داغان کرد بوو. هەوجاڕو گاسنەکان لێرە ولەوێ، بە بێنیاز، لێرەو لەوێ کەوتبوون. باراناو کەفماڵی دیواری عەمارەکانی خوساند بوو و کەوتبوو. پەرژینی دەوری خەرمانگایەکەیان هەر نەمابوو، حەوشە پیس بوو، هەر تەرس و تەپاڵە بوو. شەپشەپەیەکی "مەکینەی درەو" ژەنگن و داسێکی شکاو لە ژێر کەپەرەکەدا فڕێ درابوو.. نیشانەی وێرانی بە هەموو شوێنێکەوە دیار بوو.

گریگۆری، لە کاتێکا کە بەبێ موبالاتی بە حەوشەکەی ماڵی کورشونوفدا، دەسوڕایەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "قەدری ماڵ بەخاوەن ماڵەوەیە. بزانە چۆن لە غیابی ئاغادا هەموو شتێك ڕوو لە وێرانیە!"

گریگۆری، گەڕایەوە بۆ ژوورەوە. ناتالیا بە ئەسپایی دەگەڵ دایکیدا داخاوت، کە ئەوی بینی بێدەنگ بوو، ئەوسا بزەیەکی نەوازشگەرانەی بە ڕوویا داو گوتی:

– گریشا، دایکە داوایەکی هەیە... تۆ بە تەما بوویت سبەی سەرێکی مەزراکان بدەیت، وانیە؟ دایکە دەڵێت دەتوانی یەك "سیاتین" زەوی بۆ تۆو بدەیت؟

گریگۆری پرسی:

– دایکە. چ پێویستت بە تۆودانە؟ خۆ عەمارەکانتان پڕن لە گەنم.

لوکی نیچنا، دەستەکانی خستنە سەر سەری و گوتی:

– گریشکا، ئەدی زەویەکە چی لێبکەین؟ ڕەحمەتی میرون سێ پارچە زەوی گەورەی کێڵا بوو.

–باشە زەوی چی لێدێت؟ چ زەرەرێکی پێدەگات، ئەگەر ماین، ساڵێکی دی تۆوی دەدەین.

– چۆن دەبێ؟ زەوی ئەگەر بە بەیاری بمێنێتەوە خراپ دەبێ.

گریگۆری ویستی قەناعەت بە خەسووی بێنێ و گوتی:

– کە شەڕو شەڕگە لەم ناوە دوورکەوتەوە، ئەوسا تۆ و دەکەین.

بەڵام لولکی نیچنا، هەر نەهاتە ڕەداو کۆڵی نەدا. بگرە لەوەش دەچوو لە دڵی خۆیدا زویر بووبێ. سەرەنجام لێوە لەرزۆکەکانی هەڵقورتاندو گوتی:

– دەی ئەگەر دەرفەتت نیە، یان حەز ناکەیت یارمەتیمان بدەی...

– دەی باشە، من سبەی دەچم بۆ خۆم تۆو دەدەم، بۆ ئێوەش دوو دسیاتینێکتان بۆ تۆو دەدەم. بەستانە... باپیرە گریشاکا هەر ماوە؟

ڕووی لوکی نیچنا، یەکسەر گەشایەوەو گوتی:

– مەمنوونم، مەمنوونم، بە گریپاشکا دەڵێم ئەمڕۆ تۆوەکەت بۆ بێنێ... بابە گەورە؟ خوا بۆ خۆی نایباتەوە، هیشتا ماوە، بەڵام بە ئەقڵم کەمێك خڵەفاوە. لە ماڵەوە دادەنیشت و شەو تا بەیانی ئینجیل دەخوێنێتەوە. هەندێجاریش هەر قسە دەکات و قسە دەکات و هیچی لێتێناگەیت... بە زمانی کڵێسایان داخاوێت. دەتوانی بچی بۆلای لە ژوورەکەی پێشەوەیە.

ناتالیا، بە دەم گریان و پێکەنینەوە گوتی:

– ئێستا چووم سەرم دا، گوتی: "کچە تیوەی نالەبار، بۆچی قەت سەرم نادەیت؟ ئاخر من بەم زوانە دەمرم گیانەکەم. کە چوومە بەر بارەگای خوا، دوو قسەی خێر بۆ تۆش دەکەم نەوە بچکۆلەکەم. ناتالیوشکا، دڵم خاکی دەوێ، زەوی گازم دەکات. ئیدی وەختی هاتووە!"

گریگۆری، خۆی بە ژوورەکەیدا کرد. بۆنی بوخوردو داری عود، بۆنی کەڕوو، بۆنی ئەو پیرەمێردەی لە میژ بوو نەچووبووە حەمام، بە توندی بە سەریا هات. باپیرە گریشاکا کە هێشتا قەمسەڵە کۆنە خاکیەکەی لە بەردابوو، دوو قەیتانی سوور بە یەخەکەیەوە بوو. لە سەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو. پانتۆڵە دەڵبەکەی بە جوانی پینە کرابوو، گۆرەوییە خوریەکانی

چناشکایرابوونەوە. لە وەتای ناتالیا شووی کرد بوو، چاودێری و خزمەتی باپیرە گریشاکا، بە گریپاشکای نەوەی دووەمی کە گەورە بوو بوو، سپێردرا بوو. بە هەمان دڵسۆزی و خۆشەویستی جارانی ناتالیاوە، خزمەتی دەکرد.

باپیرە گریشاکا، ئینجیلێکی بە باوەشەوە بوو. لە ژێر چاویلکەکەیەوە، تەمەشایەکی گریگۆری کرد. بزەیەکی کرد، ددانە سپییەکانی دەرکەوتن.

– ها سەرباز! هێشتا زندوویت؟ خوا لە گوللەی بێ ڕەحم پاراستووتی؟ دەی باشە شوکر بۆ خوا، دانیشە.

– باپیرە، حاڵت چۆنە؟

– ها؟

– دەڵێم حاڵت چۆنە؟

– پیاوێکی سەیری ها! بە ڕاستی سەیری! پیاو بەم تەمەنەوە دەبێ چۆن بێ؟ ئاخر من نزیکەی سەد ساڵم. بەڵێ سەد ساڵ... خۆشم نازانم ئەم سەد ساڵە چۆن هاتوو چۆن ڕۆیی. کە بیردەکەمەوە، وا دەزانم دوێنێ بوو، بە کاکۆڵی زەردەوە، گەنج، تەندروست، دەسوڕامەوە. بەڵام کە لەو خەیاڵە بێدار دەبمەوە، هەست بە فەرتووسی و زورهانی خۆم دەکەم... ژیان وەکو بروسکە هات و تێپەڕی... هێزو توانام نەماوە. ساڵەهایە تابوتەکەم لە عەمارەکەدا چاوەڕوانمە. بەڵام وادیارە خودا منی لە بیر کردووە. زۆرجار منی وێرانە ،منی گوناحکار. لە نوێژو نزاکانمدا داوای لێدەکەم: "خودایا تەمەشایەکی منی بەندەی خۆت، گریشاکا بکە، من بارم بەسەر زەوییەوەو زەویش بارە بە سەر منەوە..."

– باپیرە، هێشتا زۆرت بە بەرەوە ماوە، ددانەکانت هەموو ماون.

– ها؟

– زۆربەی ددانەکانت ماون.

گریشاکا، بە تووڕەیی گوتی:

– ددان؟ تۆ زۆر گەوجی کوڕۆ! کە ئەجەل هات، بە ددان گل نادرێتەوە... ئێ، هێشتا هەر خەریکی شەڕی گەوجە؟

– بەڵێ.

– میتکای ئێمەش، لە پاشەکشەکەدا بەگەڵ ئەوان کەوت. ئەویش خەریکی شەڕە. ئاسودە نیە، لە عەزابایە.

– هەڵبەتە ئاسوودە نابێ، بێگومان لە عەزابایە!

– منیش وا دەڵێم. باشە ئێوە لە پێناوی چیدا شەڕ دەکەن؟ بە خۆشتان نازانن. هەموو شتێك بەندە بەویست و مەشیەتی خواوە. میرونی ئێمە بۆچی کوژرا؟ چونکە لە خوا عاسای بوو. خەڵکی لە حکومەت هاندا، هەر حکومەتێك بگری، ئیرادەی خوایە. تەنانەت ئەگەر حکومەتێکی دژی مەسیحیش بێ، هەر ئیرادەی خودایە. بە میرونم دەگوت: "میرون، قوزاقان هان مەدە، دژی حکومەت مەیان جوڵێنە، تووشی گوناحیان مەکە." لە وەڵامی مندا دەیگوت: "نەخێر، باوکە،

پێم قووت ناچێ. پێویستە ڕاپەرین بەرپا بکەین و ئەم حکومەتە کە بەرەو نابووتیمان دەبات. سەرنگون بکەین. ئێمە وەکو بە شەران دەژیان، بەڵام دەبێ وەکو گەدایان بمرین." ئیدی میرون خۆی پێ زەوت نەکرا. هەرکەسێك شمێشر هەڵکێشێت بە شمشێر دەمرێت، ئەوە ڕاستیەکەیەتی. ئەرێ بە ڕاست دەڵێن تۆ بووی بە جەنەڕاڵ، فەرماندەیی فیرقەیەك دەکەیت، گریشا، ئەمە ڕاستە؟

– بەڵێ.

– ئەدی کوا نەجمەکانت؟

– ئێستا بەکاری نایەنین.

– ئێستا بەکاری نایەنی؟ چۆن جەنەڕاڵێکی؟ چەند بەدبەختی! جاران، خەڵکی بەدیتنی جەنەڕاڵان، دڵیان دەکرایەوە: هەموو قەڵەو، ورگن، بە سام و هەیبەت. بەڵام تۆ... تەمەشای خۆت بکە! پاڵتۆکەت هەر قوڕە، نە نەجمەت بەشانەوەیە نە قەیتان و نیشانانی سپیت بە بە رۆکەوەیە. هەڵبەتە ئەسپێ تێی داویت...

گریگۆری لە قاقای پێکەنینی دا، لێ باپیرە گریشاکا. بەجۆش و خرۆشێکی زیاترەوە لە سەری ڕۆیی:

– پێ مەکەنە، چەتە! تۆ خەڵکی بەرەو پیری مەرگ دەبەیت. تۆ دژی حکومەت هەستاویت .تۆ گوناحێکی گەورە دەکەیت. ئاقیبەت لە ناوتان دەبەن، ئێمە بە گوناحی ئێوەوە تیا دەچین. بزانە چۆن خوا مەشیەتی خۆیتان نیشان دەدات. مەگەر ئینجیل باسی ئەم ڕۆژگارە پڕ ئاژاوەیەی نەکردووە؟ گوێ بگرە. با ئەم قسەیەی ئەرمیا پێغەمبەرت بۆ بخوێنمەوە...

پیرەمێرد بە قامکە زەردەکانی، پەڕە کاڵەوە بووەکانی ئینجیلەکەی هەڵدایەوە، بە ئەسپایی، وشە بە وشە دەستی بە خوێندنەوە کرد:

– "هەواڵ لە نێو میللەتاندا بڵاوبکەنەوە، بەیداخێك بەرزبکەنەوە. گوێ بگرن، بڵێن و هیچ مەشارنەوە، بڵێن: بابیل گرفتار بووە، بیل شەرمەزار بووە. مەردۆخ وردوخاش بووە. بتەکانی ڕیسوا بوون. چونکە ئومەتێك لە باکوورەوە دێتە سەری، خاکی بە تورەکە دەبێژێت، بەنی بەشەری تیا نامێنێ، هەم بەشەران و هەم گیانلەبەران، هەموو هەڵدێن و دەڕۆن." تێگەیشتی گریشکا، لە باکوورەوە دێن و ملی ئێوەی بابلیان دەشکێنن.

گوێ لەمەش بگرە: "خواوەند دەڵێت کە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا بەنی ئیسرائیل و بەنی یەهودا پێکەوە دێن. بە گریانەوە دێن و داوای یەهوەی خواوەندی خۆیان دەکەن..."

"میللەتی من پەزێن گومڕا بوون، شوانەکانیان گومڕایان کردن. ئاوارەی کێوانیان کردن، لە کێوانەوە چوون بۆ گردان. نەخۆشەکەیان لە بیر کرد.." گریگۆری کە بەباشی لە زمانی کۆنی کلێسای تێ نەدەگەیی پرسی:

– ئەمانە، مانایان چیە؟ چۆنی ڕاڤە بکەین؟

– بەد بەخت، مانای وایە کە دەبێ ئێوەی یاغیش بۆ کێوەکان هەڵێن. چونکە ئێوە شوانی باش نین. بەڵکو لە گەوجترین پەزی بەردەستی خۆتان، گەوجترن. ئێوە خۆشتان نازانن چی دەکەن. گوێ لەمەش بگرە: "... قەبری خۆیان فەرامۆش کرد.ی هەرکەسێ دەیبینین، دەی خواردن."

ئەمەش ڕێك بۆ ئێوە نووسراوە، مەگەر ئەسپیێ تێی نەداون. ناتان خۆن؟

گریگۆری ئیعترافی کرد:

– دروستە، دەرەقەتی ئەسپیێ نایەین.

– هەر ئەوەتان قابیلە. گوێ لەمەش بگرە: " دژمنەکانیان دەیانگوت کە گوناهمان نیە، چونکە خەتایان دەرهەق بە یەهوە کردووە کە مەڵبەندی عەدالەتە، دەرهەق بە یەهوە کە ئومێدی باوکانی ئەوان بوو گوناحیان کردووە. لە نێو بابلیان هەڵێن و لە خاکی کلدانیان وەرنە دەرێ. وەکو سابرێنان بکەونە پێش پەزان. چونکە من ئاپۆڕای میللەتانی مەزن، لە خاکی باکوورەوە دەهاروژێنم و دەیان نێرمە سەر بابیل و لە هەنبەریا ڕیز دەبەست و هەنگێ گرفتار دەبێت. تیرەکانیان، وەکو تیرەکانی پاڵەوانێکی کوشندە، هیچیان بەخەسار ناچێت. خواوەند دەڵێت، کە کلدانیان تاڵان دەکرێن و هەر کەسێك تاڵانیان بکات تێر دەبێت. چونکە ئێوە ئەی تاڵانچیانی میرات و کەلەپووری من، کەیف و شادیتان کرد.."

گریگۆری قسەکەی پێبڕی:

– باپیرە، گریشاکا! ناتوانی ئەمانەم بە زمانێکی سادە بۆ شرۆڤە بکەیت. ئاخر من لە مانە تێناگەم.

پیرەمێرد کەوتە کرۆشتنی لێوەکانی،نیگایەکی وێڵی کردێ و گوتی:

– خەریکە تەواو دەبێ، گوێ بگرە:"... چونکە ئێوە وەکو گوێرەکەیەك کە خەرمان پایەماڵ بکات، هەڵبەزو دابەزتان کرد، وەکو ئەسپانی بوغرا حیلانتان. دایکتان زۆر شەرمەزار دەبێت، دایکتان ڕیسوا دەبێت. ئەو دەبێ بە قڕەی میللەتانی سەر زەوی و بیابان، زەویەك کە بە هۆی غەزەبی خواوە نەك ئاوەدانی بە خۆوە نابینێ، بەڵکو دەبێ بە کەلاوەو وێرانەی تەواو. هەرکەسێ بە بابیلدا تێپەڕێت، سەری سوڕبمێنێ و لە سەرسامیا فیکە بکێشێت."

گریگۆری کە کەمێك پەست بوو بوو، دووبارە پرسی:

– باشە پیاو چۆن لە مانە تێبگات؟

باپیرە گریشاکا، هیچ وەڵامێکی نەدایەوە، ئینجیلەکەی داخست و لە سەر تەختە خەوەکەی ڕاکشا.

گریگۆری کە لە ژوورەکە وەدەرکەوت، لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "بە شەر ئاوهان. تا گەنجن، هەزارو یەك شێتاتی دەکەن، تا مڕ دەبن ڤۆدگا دەخۆنەوە، هەزارو یەك گوناح دەکەن، کە پیر دەبن، ئەوەی لە گەنجیدا لە هەمووان شێت ترو بێ پەرواتر بووە، لە هەموان زیاتر هەوڵدەدات خۆی بداتە پەنای خودا. بۆ نموونە ئەم باپیرە گریشاکایە بگرە، کە دانەکانی هێشتاش دەڵێی دانی گورگن. دەڵێن کاتێ کە گەنج بووە و لە خزمەتی سەربازی گەڕاوەتەوە، هەموو ژنانی گوندی دڵبەندی خۆی کردووە، لە گەڵ هەر هەموویاندا، بە قەڵەو و لاوازیانەوە، ڕای بواردووە.. ژنان دووی کەوتوون.. ئێستاش... تەمەشای بکە!.. من ئەگەر بگەمە تەمەنی پیری، وەکو ئەو نابم، ئەم توڕەهاتانە ناخوێنمەوە. حەز لە ئینجیل و منجیل ناکەم."

که گریگۆری و ناتالیا گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، گریگۆری بەدەم ڕێگاوە بیری لە گفتوگۆیەکەی خۆی دەگەڵ باپیرە گریشاکادا. دەکردەوە، بیری لە ئایەتە گۆنگ و دوورەفامەکانی ئینجیل دەکردەوە. ناتالیا، بە خامۆشی و بێدەنگی ڕێی دەکرد. ئەمجارە زۆر بە ساردی پێشوازی لە مێردەکەی کرد بوو: دیارە ئەوەی بیستبووەوە کە مێردەکەی چۆن لە گەڵ ژنانی گوندەکانی کارگینسکایادا، ڕای بواردووە، ئەو شەوەی گریگۆری گەڕابووەوە، ناتالیا لە ژووری میواندا جێگای بۆ ڕاخستبوو و بە خۆیشی لە سەر یەغدانەکە خەوتبوو و لەجیاتی لێفە، فەروەیەکی بەخۆیا دابوو. نە کەلیمەیەك گلەیی لێکرد بوو و نە تاقە پرسیارێکی لێکرد بوو. "گریگۆری"ش ئەو شەوە هیچی نەگوتبوو وای بەباش زانی بوو، کە هۆی ئەم ساردیە بێ پێشینەیەی لێ نەپرسێت.

بە کۆڵانە چۆڵەکەدا، بە بێدەنگی، ڕێیان دەکرد و هەستیان دەکرد لە هەموو کاتێك زیاتر بە یەکدی نامۆن. بایەکی گەرم و خۆش لە باشوورەوە دەهات. پەڵە هەورێن چڕو سپی لە ڕۆژئاواوە بەری ئاسمانیان دەگرت. لوتکەی هەورەکان لە قەندی سپی دەچوون. هەڵدەئاوسان، لە گۆڕانا بوون. دادەخزین و بە ئاسمانی گردەکانی کەنار دۆنەوە، کە تازە گیا بە سەریانەوە چەکەرەی دەکرد، کۆ دەبوونەوە. دەنگی هەورە گرمەیەك لە دوورەوە هات. بۆنی خۆشی، چرۆی تازە شکوفتەی تێکەڵ بە بۆنی تورتی خاکی ڕەشی لە بەندی سەهۆڵ خەلەسیو، سەرانسەری گوندەکەی گرتبوو. شەپۆلێن پۆپە سپی، بە سەر سینگی شینی دۆنەوە کە هەستابوو، تەراتێنیان بوو. بایەك لە پاینی ڕووبارەکەوە دەهات، بایەکی شێداری ئارامبەخش، کە بۆنی تورت و توندی گەڵای ڕزیوو و تەختەداری تەڕوو خوساوی دەگەڵ خۆیدا دێنا. لە بناری تەپەکەدا "گرد" هەڵم و بوخار، لە زەوییەکی کێڵراوەوە کە لە مەخمەلی ڕەش دەچوو، هەڵدەستا. تەم و مژ باڵی بە سەر دەشت و دەری دەورووبەری گردو هەردەکانی کەناری دۆندا کێشا بوو. کە ڕواڵەیەك ڕێك بە ئاسمانی جادەکەوە، مەستانە دەیخوێند. جرجە کوێرە، بەلەز و بەزیکە زیك لە جادەکە دەپەڕینەوە، هەتاو بە بەرزیەوە، بە تاقی ئاسمانەوە، دەیدا لەم سەر زەمینە، بە پیت و فەڕە، لەم زەمینە پڕ لە وزەو ژیانە. ناتالیا، لە ناوەندی گوندا. لە نزیکی ئەو پردە چکۆلەیەدا، کە ئاوی لافاوی بەهارەی لێوە دەڕۆیی بۆ سەر ڕوباری دۆن، وەستا. دانەویەوە، وای دەنواند کە گوایە قەیتانی پێڵاوەکانی توند دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستیا دەیویست ڕووی خۆی لە گریگۆری بشارێتەوە. لێی پرسی:

– بۆ قسەیەك ناکەیت؟

– قسەی چیت بۆ بکەم؟

– قسە زۆرە... دەتوانی باسی ئەوەم بۆ بکەیت کە لە کارگینسکایادا چۆن بەد مەستیت دەکردو چۆن... لەگەڵ ژناندا ڕاتدەبوارد...

– تۆ، ئەمانە لە کوێ دەزانی؟...

گریگۆری، کیسە تووتنەکەی دەرهێناو، سیغارێکی پێچایەوە. ئەو سێپەڕەیەی کە تێکەڵ بە تووتنە خۆماڵیەکە بوو بوو تامێکی شیرینی پێدەبەخشی. گریگۆری یەك دوو مژی لە سیغارەکەی داو دیسانەوە لێی پرسی:

– باشە ئەمە لە کوێ دەزانی؟ کێ پێی گوتوویت؟

– خۆ هەر من نایزانم. هەموو خەڵکی گوند دەیزانن. بووە بە داستانی سەر زاران، بۆیە خەڵکی زۆرن کە بیگێڕنەوە.

– باشە کە دەیزانیت، ئیدی چیت بۆ بگێڕمەوە؟

گریگۆری بەپەلە بە سەر پردە دارینەکەدا هەنگاوی دەنا، ناتالیاش بە دوایەوە، هەنگاوەکانیان لە بێدەنگی ئەو ڕۆژە بەهارییەدا، دەنگیان دەدایەوە. کە لە پردەکە پەڕینەوە، ناتالیا ماوەیەك بەبێ دەنگی ڕێی کردو بەدەم ڕێگاوە فرمێسکەکانی دەسڕین. ئەوسا بەدەم هەنسك هەڵدانەوە ،بەزمانی گیرەوە پرسی:

– یانی گەڕاویتەوە سەر خووەکەی جارانت؟

– وازبێنە، ناتالیا.

– کە سەگێکی نەوسنی! بۆچی بە خۆڕایی عەزابم دەدەی؟

– ئەوەندەش خۆشباوەڕ مەبە، گوێ لە درۆ و دەلەسەی خەڵکی مەگرە!

– خەڵکی چی؟ تۆ خۆت ئێستا ئیعترافت کرد!

– خەڵکی زۆریان پێوەناوە. ڕاستە من دەرهەق بە تۆ تا ڕادەیەك کەمتەرخەمم... ناتاشکا، خەتای ژیانیشی تیایە، کە بەشەر تووشی کەمتەرخەمی و گوناهـ دەکات... پیاو بەردەوام تەماسی لەگەڵ مەرگا بێ و مەرگ دەوروخولی بدات... ناچار هەندێجار لە ڕاستە ڕێگا لادەدات...

– ئەدی منداڵەکانت؟ چۆن ڕووت دێ سەیریان بکەیت؟ ویژدانت قەبووڵ دەکات؟

– ها، ویژدانم!

گریگۆری بزەیەکی بۆ کرد، ددانە سپیە بەفر ئاساکانی دەرکەوت و لە سەری ڕۆیی:

– مەسەلەی ویژدان و شەرمم لە بیر چووبوو. ئاخر کەسێك هەموو ژیانی ژێرو ژوور بووبێ، کەی بیر لە ویژدان و شەرم دەکاتەوە؟... خەڵکی دەکوژێن... و کەس نازانێ ئەم کاسبیە دەچێتە گیرفانی کێوە... نازانم چۆنت تێبگەنم؟ تۆ ئەوە تێناگەیت. تۆ حاڵی حازر جگە لە کینەی ژنانەی خۆت بیر لە هیچ شتێکی دیکە ناکەیتەوە. تۆ ناتوانی بیر لەوە بکەیتەوە کە چ خەمێك خوێناوی جگەرم دەخواتەوە. لەبەر ئەمەیە من خووم داوەتە ڤۆدگا خواردنەوە. پێش چەند ڕۆژێك نۆرە فێیەکم لێهات.. بۆ ساتێك دڵم بە تەواوەتی لە جووڵە وەستا، سەراپام سارد بووەوە...

گریگۆری، خەم دایگرت و بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا:

–.. تەحەمولی ئەم شتانە زۆر زەحمەت و دژوارە.. بۆیە پیاو بۆ ئەوەی لە بیری بکات، پەنا دەباتە بەر ڤۆدگا و ژن! سەبرکە! با قسەکەم تەواو بکەم. شتێك لە ناوەوە، وەکو مۆرانە دەمخوات، بەرۆکم بەرنادات، ئازارم دەدات... ژیان خستمیە سەر ڕێگایەکی خراپ، ڕەنگە خۆشیم لەم ڕووەوە خەتابارو کەمتەرخەم بم... ئێستا دەبێ لە گەڵ سوورەکاندا سوڵح بکەین و

دژی کادێتەکان بچینە شەڕەوە، بەڵام چۆن؟ کێ دەگەڵ حکومەتی سۆڤیێتاندا ئاشتمان دەکاتەوە؟ چۆن بتوانین، چاوپۆشی لەو هەڵانە بکەین کە بەرانبەر بە یەکدی کردوومانن؟ نیوەی قوزاقەکان لەوبەری دۆنتسن و ئەوانەشی کە ماون هەموو شێت بوون، ئەرزەکەی ژێر پێیان هەڵدەدڕن... ناتاشکا، مێشکم جەنجاڵە، هەموو شتەکان تێکەڵ و پێکەڵن... تەنانەت باپیرەی تۆش، گریشاکا، چەند ئایەتێکی ئینجیلی بۆ خوێندمەوەو گوتی کە ئێمە هەڵەمان کرد، خەتامان کرد، نە دەبوو ڕاپەڕین بەرپا بکەین. تەنانەت باوکیشت مەحکوم دەکات، بە خەتاباری دەزانێ.

– باپیرەم خەڵەفاوە، ئەقڵی لەدەست داوەو ئێستا نۆرەی تۆیە.

– تۆ هەر ئەوەندە تێدەگەی. ئەقڵت لەوەی پتر بڕ ناکات.

– نا، هەوڵ مەدە قەناعەتم پێبکەیت. هەڵەکە دەکەیت، بە دەمی خۆت ئیعتراف دەکەیت و پاشان دەتەوێ هەموو گوناح و خەتایەکەت بخەیتە ئەستۆی جەنگ. ئێوە هەمووتان وان. کەمم جەورو جەفا بەدەستەوە کێشاوە، شەیتان؟ من خەمی ئەوە دەخۆم، بۆچی کاتی خۆی هێندەم داسەکە بە گەرووی خۆدا نەکرد کە بمرم...

– قسەکردن لە گەڵ تۆدا بێفایدەیە، شتەکەت بەلاوە قورسە، بگری، گریان و فرمێسك هەمیشە مەڵحەم و هەتوانی خەم و پەژارەی ئێوەی ژنانە. من ناتوانم دڵت بدەمەوە. ئەوەندەم زەلام کوشتووە، هێندەم خوێن ڕشتووە، زەڕەیەك بە زەییم لە دڵدا نەماوە، دڵم بە هیچ کەسێك ناسووتێ... تەنانەت خەریکە هیچ سۆزێکم بە رانبەر بە منداڵەکانیشم نامێنێ. هەرگیز بیر لەخۆم ناکەمەوە، گوێ بە خۆم نادەم. جەنگ هەموو سۆزێکی وشك کردوم دڵم ڕەش بووە. لە خۆم دەترسم. ئەگەر تەمەشای ڕوحم بکەیت، وەکو بیرێکی بێ ئاو لە ناوەوە ڕەشی ڕەشە...

خەریك بوو دەگەییشتنەوە بەر ماڵەوە کە بارانێکی توند، لە پەڵە هەورێکی بچووك و بۆرەوە، بە لێزمە دایکرد. بارانەکە تەپووتۆزی سووکی سەر رێگاکەی کە بۆنی هەتاوی لێدەهات، دامراندەوە. خرم و هۆڕی لە سەربانەکان هەستاندو، سەرمایەکی خۆشی دەگەڵ خۆیدا هێنا. گریگۆری دوگمەکانی پاڵتۆکەی کردنەوەو داوێنەکەی دا بە سەر ناتالیادا کە دەگریا، ئەوسا باسکی لە قەدی ئاڵاند. بەو دەقەوە، کە پێکەوەو چەسپا بوون، خۆیان بە حەوشەدا کرد.

دوا نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە، گریگۆری لە حەوشەکەدا سەرگەرمی نۆژەنکردنەوەی تۆو پژێنەکەو(بازیرە) هەوجاڕەکە بوو. سیمونی، کوڕە پازدە ساڵانەکەی سیمون، ناسراو بە "مەنجەڵ" کە پیشەی ئاسنگەری لە باببیەوە فێر بوو بوو، لە هەوەڵی یاخی بوون و ڕاپەڕینەکەوە تاقە ئاسنگەری گوند بوو، بە زەحمەتێکی زۆر گاسن و هەوجاڕەکەی ماڵباتی میلیخوڤ چاك کردەوە. ئیدی هەموو شتێك ئامادە بوو، بۆ جووت و تۆوچاندنی بەهارە. گاجووتەکان، کە پانتلی پرۆکوفیچ، وێنجەو ئالیکی باشی بۆ خستبوون، بە ئاسانی لە زستانەکە دەرچوو بوون.

بۆ بەیانی ڕۆژی پاشی، گریگۆری هەموو شتێکی ئامادە کرد کە بڕوات بۆ دەشت و مەزرا. شەوێ ئیلی نیچناو دونیاشکا کەوتنە خۆ، سۆپاو ئاگردانیان پێکرد، تا سارەزی خواردن و پێویستیەکانی جووتیارەکەیان ئامادە بێت. گریگۆری لێبڕابوو کە پێنج دانە ڕۆژان کار بکات و

بۆخۆیان و بۆ خەسووی تۆو بدات، و دوو دۆنم زەویش بۆ بێستانی کاڵەك و گوڵە بەڕۆژە بکێڵێت و پاشان بابی لە سریەی پیادە بێنێتەوە تا باقی کارەکان تەواو بکات.

دوکەڵێکی شین، لە سۆپاکەوە بەرز دەبووەوە، لوولی دەخوارد ودەچوو بە ئاسمانا. دونیاشکا، کە بوو بوو بە کیژێکی گەورەو جوان، باوەشێك چیلکەو داری هەڵگرتبوو، بە غار لە حەوشەوە هێنابووی تا ئاگر بکاتەوە. گریگۆری ڕوانیە سمت و کەفەڵی خڕی و مەمکە خڕەکانی و بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "چەند کیژێکی جوانی لێدەرچووە، کوێرا وا گەورە بوو! ژیان وەکو ئەسپێکی سەرکێشی ڕەهوان تێدەپەڕێت. خۆ تا دوێنێ کچۆڵەیەکی چڵمن بوو، کە غاری دەدا، پرچە هۆنراوەکەی وەکو کلکی مشك بە سەر پشتیەوە هەڵبەزو دابەزی دەکرد، کەچی ئێستا وەختی شووکردنیەتی. منیش داوی سپی کەوتوونە سەرم. هەموو شتێك لە من دوور دەکەوێتەوە... باپیرە گریشاکا ڕاست دەکات کە دەڵێت: "ژیان وەکو بروسکە دێت و دەڕوات." تەمەنی مرۆڤ چەند کورتە، کەچی وێڕای ئەوەش کارێك دەکەین کە کورتتر ببێتەوە... بەشەڕ چەند کەرە! من ئەگەر قەراربێ بکوژرێم، تا زووتر بکوژرێم باشترە."

داریا هات بۆلای. زۆر زوو مەرگی پیوترەی بیر چوو بووەوە. لە سەرەتاوە، بۆ ماوەیەك خەفەتبار بوو، ڕەنگی زەرد بوو و تەنانەت پیریش بوو بوو. بەڵام لە گەڵ یەکەمین شنەبای بەهارا، لە گەڵ یەکەمین پرتەوی گەرمی هەتاوا. داخ و کەسەرەکەی دەگەڵ بەفری بەهارا تاوابووەوە. گۆنا خڕەکانی خوێنیان تێ زایەوەو بە ئاستەم سوور هەڵگەڕان. چاوە لێڵەکانی جارێکی دی گەشانەوە، بە هەمان نازو عیشوەی جارانەوە ڕێی دەکرد. گەڕایەوە سەر هەمان خوو خدەی جارانی: برۆ کەوانیە ناسکەکانی ڕەش دەکردەوە، میکیاج و سووراوێکی وایدەکرد، گۆناکانی لە دوورەوە دەبریقانەوە. دەستی بە هەمان سوعبەت و شۆخی جاران، کردەوە، بە قسە بێ پەردەکانی ناتالیای ئیحراج دەکرد. بزە لە لێوانی نەدەبڕا، جۆرە ئومێدێکی گۆنگ بە بزەکەیەوە دیار بوو، ژیانی لێ هەڵدەقوڵا. داریا بە ڕووخۆشی لە گریگۆری نزیك بووەوەو بە دەم بزەوە بە دیاریەوە وەستا. بۆنی کرێمێکی هێندە خۆشی لێدەهات پیاوی مەست دەکرد. گوتی:

– گریشکا، یارمەتیت ناوێ؟

– نەخێر، پێویستم بە یارمەتی نیە.

– ئاخ! گریگۆری پانتیلیوفیچ! چەند لە گەڵ منی بەد بەختی بێوەژندا، بێ لوتفی! تەنانەت بزەیەکیشم پێ ڕەوا نابینی.

– واچاکترە بچی بۆ موبەقەکە، سۆعبەتچی!

– بۆچی؟

– دەتوانی یارمەتی ناتالیا بدەیت. تەمەشا میشاتکا چەند پیسەو چۆن خۆی لە گڵ و خۆڵ وەرداوە.

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە، هەر لەمەمان کەم بوو. ئێوە منداڵ دەخەنەوە و من بۆتانی بشۆم؟ نە، بابە، سوپاس! ناتالیای تۆ کەروێشکە زێ دەکات، زۆر زایایە " ژنێك زۆر زگ و زا بکات" دە منداڵی دیکەت بۆ دێنێ. خۆ ئەگەر قەرار بێ من بیانشۆم، دەست و بازووم نامێنێ و تیا دەچم.

– ده بەسە بەس! برۆ

– گریگـۆری پـانتلیوفیچ! حـاڵی حـازر تـۆ تاقـە پیـاوی نـاو گونـدی .دەرم مەکـە بـا ئەگـەر لـە دووریشەوە بووە، تەمەشای سمێڵە ڕەشە دڵگیرەکەت بکەم.

گریگۆری دەستی بەپێکەنین کردو قژەکەی کە کەوتبووە سەر هەنیە ئارەقاویەکەی، هەڵدایەوەو گوتی:

– تەح! لە تۆ! نازانم پیوتەر چۆن توانیویەتی لە گەڵ تۆدا بژی، کە چیڕە درێژی.

داریا سەربەستانە و بە چاوانی نیمچە نوقاوەوە گوتی:

– دڵنیا بە!

ئەوسا وای نواند کە دەترسێت، ئاوڕێکی لای ژوورەوەی دایەوە

– وامزانی ناتالیا هاتووەتە دەرەوە... ئەوەندە غیرە دەکات ناخۆشی کردووە. لە کاتی فراڤینـدا، جارێك تەمەشای تۆم کرد. سـەیرم کـرد یەکسـەر ڕەنگـی گـۆڕا. دوێنـێ ژنانـی گـەنجی گونـد پێیـان گـوتم: "ئـاخر ئەمـە کـەی بـوو بـە ڕەوای هـەق؟ گونـد تاقـە زەلامێکـی تیانیـەو گریگـۆری ئێـوە بـە ماندویی هاتووەتـەوەو بەبست لە ژنەکەی دوورناکەوێتـەوە. ئـەدی ئێمـە مانـان چـی دەکەین؟ خـۆ ئەگـەر برینـداریش بـێ، ئەگـەر نیوەشـی مابێتـەوە، بـەو نیوەیەشـی قـاییلین. پێـی بڵـێ شـەوان بـە گوندا نەسوڕێتەوە دەنا بیگرین بەڵایەکی بەسەردا دێنین." پیمگوتن: "نا، کچینە، گریگۆری ئێمـە تـەنیا لـە گونـدانی دیـدا، مێبـازی دەکـات، کـە دێتـەوە بـۆ مـاڵی خـۆی، لـە دووی ناتالیـا نابێتـەوە. ماوەیەکە گەڕاوەتەوە، برۆ نویژ لە سەر داوێنی بکە..."

گریگۆری بێئەوەی خۆی شلوێ بکات، بە پێکەنینەوە گوتی:

– ئاخ، کە قەحبەیت! زمانت بە قەد گسکێك درێژە.

– من ئەوەم کە هەم. بەڵام ناتاشا، ژنە داوێن پاکەکەت، دوێشـەو نەیهێشـت لـە گەڵیا بخـەوی، نـا؟ چـاکی تـەمبێی کـردی، ئـەو دەسـتەی خـۆش بـێ! ئیـدی فێـر بـووی کـە نـابێ لـە ڕێگـەی ڕاسـت لابدەیت!

– چۆن، چۆن... داشکا برۆ، برۆ بەلای کاری خۆتەوە.

– ویسـتم ئـەوەت پـێ بڵـێم کـە ناتاشـنکای تـۆ گـەوج و شـێتە. مێردەکـەی هاتووەتـەوەو ئـەو نـاز دەکات و ژوورەکە بەجێدێڵی و دەچیت بە تەنیا لەسەر یەغدان دەنوێت... ئاخ، ئەگـەر مـن دەبـووم، هەڵبەتـە خـۆم لـە قوزاقەکـەم مـەحرووم نـەدەکرد. مـن بێـدڵی خـۆم ناکـەم، ئەگـەر یـەکێکم دەسـت دەکەوێ، بستی بە قەرز نادەم،.. تەنانەت بۆڕی پیاوی ئازای وەکو تۆش دەدەم.

داریـا، دانـەکانی لێکـدی سـوون و قاقایـەکی لێـداو بـەرەو مـاڵ ڕۆییـەوە. کـە جـار جـار ئـاوڕی دەدایەوە گوارە زێڕەکانی دەدرەوشانەوە. گریگۆری بە شەرمەوە پێدەکەنی.

گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئاخ، پیوتەر، براکەم، بە ڕاسـتی بـەختت هـەبوو کـە زوو مردی، ئەم داریایە ژن نیە، شەیتانێکە لەو گۆڕە. خۆ ئەگەر نەشمردبای، زوو یان درەنگ دەیکوشتیت."

"٤٧"

دوا تروسکەی ڕوناکی گوندی باخموتکین، کوژا بووەوە. سەرما بوو، تویژاڵە شەختەیەکی تەنك سەری گۆلاوەکانی گرتبوو، لەو سەری گوندەوە، لە شوێن خەرمانەکانا، قورینگانی لە ڕەو بەجیماو، بە مەبەستی بە سەربردنی شەوو ئیسراحەت، لە نێو پووش و پەڵاشی پاردا هەڵ نیشتبوون. بایەك لە باکووری ڕۆژئاواوە دەهات و دەنگە ماندوو و ترسناکەکانیانی دەگەڵ خۆدا دێناو دیسان هەمان خامۆشی وئارامی ئەم شەوەی مانگی نیسانی بە شێوەیەکی ناسکتر بەرجەستە دەکرد. باخەکان لە تاریکیدا نقوم بوون. مانگیاەك، لە حەوشێکەوە بۆڕاندی. ئەوسا هەموو شتێك کڕوکپ بوو. بۆ ماوەی نیو سەعاتێك بێدەنگیەکی قووڵ باڵی بە سەر دنیادا کێشا. ئەوسا دەنگی پەشێوی پۆلێك سۆنە کێوی بە دەم فڕینەوە بەرەو سەوزەزاری ڕەخی دۆن، ئەو بێدەنگیەی شڵەقاند... لە ناکاوا لەوسەری گوندەوە دەنگی پیاوانە هاتە گوێ، ئاگری جگەرە لە تاریکیەکەوە بە دیارکەوت، نەخێر هانکە هانکی ئەسپ و شڵپ و هۆڕی قوڕو قوڕاوی جەمەدی ژێر سمی ئەسپان هاتە گوێ. دەستەیەکی گەشتی، بۆ گوندەکە دەگەڕانەوە، گوندەکە لەژێر کۆنتڕۆڵی دوو سریە قوزاقی یاخیی سەر بە تیپی شەشی تایبەتی بوو. ئەندامانی گەشتیەکە خۆیان بە حەوشەیەکی کۆتایی گوندەکەدا کرد. نەفەرەکان، بە دەم گفتوگۆوە، ئەسپەکانیان بە خزاگێکەوە کە لە ناوەندی حەوشەدا بوو، بەستەوە و ئالیکیان کردنە بەر. یەکێك بە دەنگێکی نزم و گیراو، گۆرانیەکی شادی دەگوت، وشەکانی زۆر بە ڕوونی وهیواشی ئەدا دەکرد.

من بە هێواشی دەڕۆییشتم
بە کاوەخۆ هەنگاوم دەنا،
بە یادی عەشقی جارانەوە
دە گەڵ ئەو کیژەدا کەوتمە
سوعبەت...

ئەوسا، دەنگێکی بەرز، تەوسامێز، وەکو باڵندەیەك بەرز بووەوە و هەڵیکردە ئەم ئاوازە:

بەڵام کیژێ ئەهلی سوعبەت نەبوو
زللەیەکی بە گۆناما کێشا
دڵی چکۆلەی قوزاقی من
گڕی ،گرت...

ئەوسا کۆمەڵێك دەنگی نزمی دیکە. ئاوازەکەیان بۆ دوو گۆرانی بێژی یەکەم سەندەوە. ئاهەنگ و گۆرانیەکە گەرم بوو، ئەو گۆرانی بیژە، دەنگ بەرزەکە، بە سۆزێکی دڵنەوازەوە تێی چریکاند:

قۆڵی ڕاستم لێ هەڵماڵی
و کێشام بە بناگوێی کیژێدا.
ئاخ! کیژێ وەستا بوو
بە گۆنای توتڕك ڕەنگەوە
دەگریاو دەیگوت:
"تۆ چۆن دۆستێکی منی

که حەوت خوشکت پێکەوە خۆشدەویٚ

هەشتەمیانیش کە بێوەژنە،

نۆیەمیان ژنی خۆتەو،

دەیەمیانیش هەی ناکەس منم"

ئەو قوزاقانەی کە لەپشت ئاشە بایەکەوە. خەریکی ئێشکگری بوون، لەو تاریکە شەوە ئەنگوستە چاوەدا لە دوورەوە گوێیان لە دەنگی قورینگەکانی نێو کێڵگە چۆلەکان و گۆرانی و ئاوازی قوزاقەکان و، هاشەی باڵی سۆنە کێوییەکان دەبوو. لەوە بێزار بوون کە دەبوا شەویٚ لە سەر ئەو ئەرزە ساردە، کە هێشتا ئەسیری جەمەدو سەهۆڵبەندان بوو، ڕابکشێن و ڕۆژ بکەنەوە. بۆیان نەبوو سیغار بکێشن، قسان بکەن، یان بۆ خۆ گەرمکردنەوە ڕێبکەن، یان زۆران بگرن. لە نێو ساقەتەی گوڵە بەڕۆژەی پاردا پاڵدەکەوتن، چاویان دەبڕییە تاریکیە ئەنگوستە چاوەکەی دەشت و دەرەکە، گوێیان دەنا بە زەویەوەو گوێیان بۆ سرتەیەك، ورتەیەك، هەڵدەخست. دنیا هێندە تاریك بوو، کە بینینی چاو تا دە شەقاویش بڕی نەدەکرد. شەوی نیسان بەخۆی شەوی نیسان بوو، هەزارو یەك سرتەو ورتەی ڕاز ئامێزو گۆنگی لە هەمێز گرتبوو. تاریکییەکە، هەموو ئەو دەنگە گومان لێکراوانەی لە گەڵ خۆیدا دێنا، کە هەر دەنگێکی بۆ خۆی ئاژیرێکی خەتەر بوو: " ناکا گەشتیانی سوور بن و بەرەو ئێمە بێن؟ ئەم دەنگە چیە، خشە خشی بنچك و دەوەنانی دوورە، یان هەناسەی کەسێکە کە بە ماتە مات دیتە پێشیٚ؟..." ڤیپەریاژکین کە قوزاقێکی گەنج بوو، بە دەستکێشەکەی خۆی، فرمێسکێکی لە چاوی سڕی، هێندە چاوی بڕی بووە تاریکییەکە ،چاوی ئاوی کرد بوو، بەڵیٚ چاوی سڕی و ئانیشکێکی ژەند بە قەبرغەی هاوڕێکەیا، کە لەلایەوە وەنەوزی دەداو سەری نابووە سەر خورجینە چەرمەکەی. فیشەکدانە ژاپۆنیەکەی گوشاری خستبووە سەر قەبرغەی، دەرفەتی ئەوەی نەبوو، ڕەحەت تر ڕابکشێت، لە ترسی سەرمای شەویٚ، خۆی لە بن پاڵتۆکەیدا قانگڵە کردبوو. خشە خشی دەوەنەکان و هانکە هانکی هەناسەکە ڕوو لەزیادی دەکات. ڤیپەر یاژگین، لە ناکاوا هەست بە نزیك بوونەوەی ئەم دەنگانە دەکات، هەڵدەستێتە سەر ئانیشك، نازانیٚ چی بکات، دەڕوانێتە بە ینی بنچك و دەوەنەکان، بە ئاستەم هەیکەلی ژیژکێکی گەورە بەدی دەکات. ژیژکەکە، قەپۆزە بەراز ئاساکەی خۆی هێناوەتە خواریٚ و بە لەز شوێنی مشکێك کەوتووەو بە هانکە هانك، بە دڕکەکانی خۆی، پۆشەکانی سەر ڕێگای تەخت دەکات. ژیژکەکە، لە ناکاوا هەست بە بوونی دژمنێك لە چەند شەقاوی خۆیدا دەکات، سەر هەڵدەبڕێت و کابرای قوزاق بەدی دەکات. کابرا هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵدەکێشێت و لە بن لێوانەوە دەڵێت:

– شەیتان! ترساندمی...

لیٚ ژیژکەکە، خێرا سەری دەباتە ناوەوەو لە ماوەی یەك دەقیقەدا دەبیٚ بە گلۆڵە دڕکێك و پاشان بە ئەسپایی دەکرێتەوەو بە سەر ئەرزە ساردەکەدا دادەخزێت و دووبارە دەبێتەوە بە گلۆڵە دەزوویەکی خاکی و دەکەوێتە ڕیٚ و بەسەر گەڵاو گۆڵی وشکەوە بووی لاولاوێکا بەخشە

خش تێدەپەڕێ. جارێکی دی تاریکی باڵ بە سەر دنیادا دەکێشێتەوە. تاریکە شەوێکە، لە تاریکە شەوانی ناو چیرۆکان دەچێت...

لە گوندا، کەڵەبابان بۆ جاری دووەم دەخوێنن. هەوران دەڕەونەوە، ئاسمان ڕوون دەبێتەوە. هەوەڵێن ستێران، لە ژێر پەردەی شل و ملی تەنکە مژانەوە، دەردەکەون. با، تەم و مژەکە ڕادەماڵێت. ئاسمان بە هەزاران چاوێن زێڕینەوە دەڕوانێتە زەوی.

لەم کاتەدا ڤیپەرپاژکین، لە ڕوو بە ڕووەوە، بە ڕوونی گوێی لە دەنگی پێی ئەسپ و خشە خشی بنچك و دەوەنان و ڕینگ و هوڕی چەك و ئەسڵەحەو دوای تۆزێك لە دەنگی جیڕە جیڕی چەرمی زین بوو. قوزاقەکانی دیکەش گوێیان لێبوو، هەموو حازرو ئامادە، پلیان خستە سەر پەلەپیتکەی تفەنگان. یاریدەدەری فەرماندەی مەفرەزەکە، بە ئەسپایی گوتی:

– ئامادە بن!

تارمایی، سوارێك، لەبەر ڕۆشنایی، ئاسمانی پڕ ستێراندا بە دیارکەوت، کە بە شێنەیی بە سواری ئەسپەکەی بەرەو گوند پەل دەبووەوە. قوزاقەکان تێیان خوڕی:

– بوەستە!... زەلام کێی؟... نهێنی شەو!

قوزاقەکان، بە پێوە وەستا بوون و ئامادەی تەقە کردن بوون. کابرای سوار وەستا، هەردوو دەستی بەرزکردنەوە و هاواری کرد:

– هاوڕێیان، تەقە مەکەن!

ئەفسەری بەرپرسی پاسگەکەی پێشەوە هاواری کرد:

–نهێنی شەو؟

– هاوڕێیان!

– نهێنی شەو؟... مەفرەزە...

– بوەستن! من بە تەنیام، تەسلیم دەبم.

– کوڕینە سەبرکەن. تەقە مەکەن! بە زندوویەتی دەیگرین.

یاریدەدەری ڕەعیلەکە، بە هەشتاو بەرەو لای سوارەکە چوو. ڤیپەریاژین، جڵەوی ئەسپەکەی گرت. کابرای سوار دابەزی

– تۆ کێی؟ سووریت؟ بەڵێ براینە، ئەستێرە بە کڵاوەکەیەوەیە. تازە تیا چوویت!..

– بمبەن بۆ لای فەرماندەکەتان. پەیامێکی زۆر گرینگم پێیە. من فەرماندەی کەتیبەی "سیردوبسك"م و هاتووم بۆ دان و سان و گفتوگۆ.

– فەرماندە؟.. براینە، بیکوژن، پێویستە ئەم بێشەرەفە بکوژرێت، لوکا، ئێستا من...

– هاوڕێیان، پەلەی کوشتنی منتان نەبێ، من بێ پام و لە بەر دەستاندام، بەڵام ئەوەندەم دەرفەت بدەن ئەو پەیامە بگەیەنم کە لە پیناویا بۆ ئێرە هاتووم. دووبارەی دەکەمەوە کە کاریکی یەجگار گرینگە، فەرموو ئەگەر دەترسن هەڵێم، ئەوە چەکەکەم.

فەرماندە سوورەکە، کەوتە کردنەوەی قایشەکەی پشتی. یەکێك لە قوزاقەکان، بە دەستە پاچەیی و لێکدا لێکدا دەیگوت:

– ئەمە دەربێنە! ئەوە دەربێنە!

یاریدەدەری فەرماندەکە، دەمانچەو شمشێرەکەی لێوەرگرت و گوتی:

– بیپشکنن. گیانی بگەڕێن.

وخۆی سواری ئەسپی دیلەکە بوو.

پشکنیان. یاریدەدەری فەرماندەی ڕەعیلەکە، دەگەڵ ڤیپەر یاژیندا، کابرایان بەرەو گوند برد. کابرای دیل پیادە بوو و، ڤیپەریاژین، بە خۆو تفەنگە نەمساوییەکەیەوە. شانبەشانی دەڕۆیی. یاریدەدەری فەرماندەی ڕەعیلەکە، شادو خۆشحاڵ، بە سواری ئەسپەکەی کابرا، لە دوایانەوە دەڕۆیی. نزیکەی دە دەقیقەیەك بە بێدەنگی ڕێیان کرد. یارۆی دیل ناو بە ناو دەوەستا تا جگەرەیەك پێبکات و بۆ ئەوەی بایەکە ئاگری شقارتەکەی نەکوژێنێتەوە، دەیدایە ژێر پاڵتۆکەی. بۆنی دووکەڵی تووتنی خۆش، ڤیپەریاژینی هاڕوژاند و گوتی:

– جگەرەیەکم نادەیە!

یارۆی ئەفسەر قوتووەکەی دایەوە وگوتی:

– فەرموو.

ڤیپەریاژین، پاکەتە چەرمیە پڕ لە جگەرەکەی لێوەرگرت، جگەرەیەکی لێدەرهێناو پاکەتەکەی لە گیرفانی خۆی نا. ئەفسەرە دیلەکە هیچی نەگوت. دوای تۆزێك کە خەریك بوو دەگەیینە ناو گوند پرسی:

– ئێوە من بۆ کوێ دەبەن؟

– تۆزێکی دی دەزانیت!

– باشە، پێم بڵێن!

– دەتبەن بۆ لای فەرماندەی سریە.

– بمبەن بۆ لای فەرماندەی تیپ، بۆلای بوگاتیریوف.

– هیچکەسێکمان بەو ناوەوە لێرە نیە.

– چۆن؟ با، من دەزانم کە دوێنێ لە گەڵ دەستەی سەرکردایەتیەکەی خۆیدا بۆ باخموتکین هاتووەو حاڵی حازر لێرەیە.

– ئێمە ئاگاداری ئەمە نین.

– هاوڕێیان، ئاخر ماقوول نیە من بیزانم و ئێوە نەیزانن و ئاگاتان لێی نەبێ... خۆ ئەمە نهێنی سوپایی نیە. بە تایبەتی کە دژمنانتان پێی دەزانن.

– ڕێ بکە کابرا!

– ڕێ دەکەم. بەڵام دەبێ بۆ لای بوگاتیریفم بەرن.

– قسەی مەکە، بە گوێرەی قانوون بۆم نیە، قسە لە گەڵ ئەسیراندا بکەم.

– بەڵام بۆت هەیە، پاکەتە جگەرەکەی بۆ خۆت بەریت، ها؟

– ئەمە شتێکی دیکەیە... ڕێ بکەو زمانی خۆت بگرە، دەنا پاڵتۆکەشت لێدەسێنم، تەمەشا، چەندیش لێی دێت...

بە زەحمـەتێکی زۆر فەرمانـدەی سریەیان بێدار کردەوە، ماوەیـەك بە پشـتی دەسـت، چاوەکانی گڵـۆفتن. بـە دەم باوێشـکدانەوە، لـچ و لێـوی دا بـە یـەکاو لـە سـەرەتاوە هـیچ سـەری لـەو هەواڵـە دەرنەدەکرد کە یاریدەدەری فەرماندەی ڕەعیلەکە وەکو مژدە بۆی دەگێڕایەوە. ئەنجام هاتـە قسـەو گوتی:

– تۆ کێی؟ فەرماندەی کەتیبەی سیردۆبسکی؟ بلۆف نەبیٚ؟ کوا بەڵگەنامەو ناسنامەت؟..

دوای چەند دەقیقەیەك. فەرمانـدە سوورەکەی لـە گـەڵ خۆیدا بـۆ بارەگای بوگاتیریوف بـرد. هـەر کە بوگـاتیریوف، هـەواڵی گـیران و هـاتنی فەرمانـدەی کەتیبـەی سیردوبسـکی ژنـەوت. بـە پەلـە لـە کورسیەکەی هاتە خـوارەوە، دوگمـەکانی پانتۆڵەکـەی داخسـتن و، شـەیالەکانی لـە شـانەکانی تونـد کرد و چرایەکی پێکردو لە ئەسیرەکەی، کە ئامادەو تەیار لەبەر دەرگاکە وەستا بوو، پرسی:

– تۆ فەرماندە کەتیبەی سیردوبسکی – ت؟

– بەڵیٚ. من ڤورنوڤسکی، فەرماندەی کەتیبەی سیردوبسك–م.

– دانیشە.

– مەمنوون.

– باشە چۆن... یانی چۆن ئەسیریان کردیت؟

– من بەخوایشتی خۆم هاتووم. دەمەویٚ بە تەنیا قسەت لە گەڵدا بکەم. با ئەمانە بچنە دەرەوە.

بوگـاتیریوف. بەدەسـت ئامـاژەی کـردو فەرمانـدەی سـریەکە، کـە فەرمانـدە سـوورەکەی دەگـەڵ خۆیـدا هێنـابوو، هـەروەها خـاوەن خانووەکە، کە پیـاوێکی ئوسـوڵی "پـەیڕەی ئـاینی کـۆن" ڕدێـن سـوور بـوو و بـە زاری بەشـەوە لـەویٚ وەسـتا بـوو، چـوونە دەرەوە. بوگـاتیریوف، لـە کـەنار مێزەکـە دانیشـتبوو و دەسـتی بـە سـەرە سـفرەکەی دا کـە لـە شـووتی دەچـوو، دێنـاو دەبـرد. تـەنیا یـەك کراسی چڵکنی لە بەردا بوو. گۆنا هەڵماساوەکانی، کە لـە بێخەویدا سـوور هەڵگـەڕا بـوون، جـۆرە کونجکاوی وفزوڵیەتێکی پەنهانیان پێوە دیاربوو.

ڤورنوڤسـکی، کـە پیـاوێکی کورتـە باڵـای تۆکمـە بـوو، پاڵتۆیـەکی بـەدەن چەسـپی جـوانی لـە بـەر بـوو، قـەیتانی ئەفسـەری بـە شـانەکانیا هـاتبووە خـوارەوە، خـۆی ڕاسـت کـردەوە، لـە ژێـر سمێڵـە ڕەشەکانیەوە، پێکەنی و گوتی:

– من شانازی بەوەوە دەکەم کە لە گـەڵ ئەفسـەرێکدا قسـان دەکـەم. تکایـە ڕێـم بـدە بـا سـەرەتا یـەك دوو قسـان دەربـارەی خـۆم بکـەم و پاشـان بێمـە سـەر باسـی ئـەو ماموریەتـەی کـە مـنی بـۆ ئێـرە هێنـاوە. مـن لـە بنەماڵەیـەکی خانـەدانی ئەشـرافم و لـە سـوپای تزاریـدا ڕائیـد بـووم، لـە شـەڕی ئەڵمانیـدا، لـە کەتیبـەی (١١٧)ی پیـادەی لیوبومیرسـکی بـووم. لـە سـاڵی ١٩١٨دا، بـە فـەرمانی حکومەتی سۆڤیەتی، بە عینوانی ئەفسەری فەرمی گەڕامەوە بۆ سوپا. حاڵی حازریش فەرماندەی کەتیبەی سیردوبسکی سوپای سوورم. چونکە لـە ڕیـزی سـوپاییانی سـووردام، ماوەیـەکی زۆرە، چاوەڕوانی دەرفەتێك دەکەم، کە بێم بۆلای ئێوە... بۆلای ئـەو کەسـانەی کـە دژایـەتی بەلشـەویکان دەکەن...

– جەنابی، ڕائید، دەمێکە چاوەڕوانی ئەو دەرفەتە دەکەی... زۆر دوا کەوتوویت...

– بەڵێ دەزانم، بەڵام دواکەوتنەکەم لەبەر ئەوە بوو کە دەمویست قەرەبووی کەمتەرخەمی و خەتاکانی خۆم دەرهەق بە ڕووسیا بکەمەوە و بە تاقی تەنیا نەیەم (چونکە دەمتوانی زۆر زوو ئەم کارە بکەم). بە ڵکو دەمویست یەکەیەکی تەواوی سوپای سوور لە گەڵ خۆما بێنم، ئەوانەی کە بەلشەویکەکان، فریویان داون و کردویانن بە سووتەمەنی ئاگری ئەم شەڕی براکوژیە.

ڕائید فورنوفسکی، چاوە قاوەییەکانی بڕینە بوگاتیریوف، کە بزەیەکی گومانامێزی بە لێوانیەوە بینی، وەکو کیژان سوور بووەوەو بەلەز لە سەری ڕۆیی:

– جەنابی بوگاتیریوف، ئاساییە، کە جەنابت سەبارەت بە من و بە قسەکانم تا ڕادەیەك بە گومان بیت... خۆ ئەگەر منیش لە جیاتی تۆبام، هەمان هەستم دەبوو. ڕێگەم دەدەیت، چەند ،بەڵگەیەك، چەند بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرت نیشان بدەم...

سوچێکی داوێنی پاڵتۆکەی خۆی هەڵدایەوە. قەڵەمبڕێکی لە گیرفانی پانتۆڵە خاکیەکەی خۆی دەرهێنا، بە جۆرێ دانەویەوە کە قایشی چەرمی کەمەربەندی شمشێرەکەی، لە سەر شانەکانیا کەوتە سیڕە سیڕ. ئەوجا پەراوێزی پاڵتۆکەی خۆی، کە بە وردی دوورا بوو،هەڵپچڕی دوای دەقیقەیەك چەند پارچە کاغەزێکی زەرد هەڵگەڕاو و وینەیەکی لێدەرهێنا.

بوگاتیریوف، کاغەزەکانی بە وردی خوێندەوە لە یەکێکیاندا نووسرا بوو "هەڵگری ئەم پسوولەیە هەمان ملازمی یەکەم ڤورنوفسکی ئەفسەری کەتیبەی (١١٧)ی پیادەی لیوبومیرسکیە، دوای ئەوەی لە خەستەخانە دەرچوو، مۆڵەتی پازدە ڕۆژی دراوەتێ، کە بڕواتەوە بۆ ناو کەسوکاری خۆی لە ستانی سمولینسك." مۆرو ئیمزای پزیشکی سەرۆکی نەخۆشخانەی مەیدانی ژمارە هەشتی سەر بە فیرقەی چواردەی پیادەی سیبری لێدرا بوو. چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەشی بە ناوی ڤورونوفسکییەوە پێبوو، کە ئەوەیان دەسەلماند، کە بە ڕاستی ئەفسەر بووە. وێنەکەشەهەمان سەرو سیماو چاوانی ملازم فۆرنۆفسکی دەنزاند. خاچی سان جۆرجی ئەفسەران، بە یەخەی چاکەتە عەسکەریە شیکەکەیەوە دەدرەوشایەوە...

ئەوسا بوگاتیریوف، پرسی:

– ئێ، چیتر؟

– هاتووم پێت بڵێم، کە بە هۆی هەوڵی من و یاریدەدەرەکەم، ملازم ڤولکوڤەوە، هەموو ئەندامانی کەتیبەی سیردوبسك – هەڵبەتە جگە لە کۆمونیستەکان، ئامادەن لە هەر سات و کاتێکا پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئێوەوە بکەن. سەربازەکان، زۆربەیان لە جووتیارانی ناوچەکانی ساراتوف و ساماران. ئامادەن دژی بەلشەویکەکان بجەنگن. جا ئێستا هەر ئەوە ماوە، لە سەر هەلومەرجی ڕادەست کردنی کەتیبەکە ڕێکبکەوین. کەتیبەکە کە حاڵی حازر لە خوپەرسکایا ئۆردووبەزی کردووە. ژمارەیان نزیکەی هەزارو دووسەد نێزەدارە. دیارە شانەیەکی کۆمۆنیستیانش تیایە کە ژمارەیان سی و هەشت کەسە، ئەمە جگە لە ڕەعیلێکی کۆمۆنیستی سی کەسی دیکە کە خەڵکی ناوچەکەن. ئێمە ئەو تۆپخانەیەی کە دە ئیختیاری کەتیبەکە خراوە دەگرین، بەڵام ڕەنگە بۆ ئەم کارە پێویست بەوە بکات کە تۆپچییەکان بکوژین، چونکە زۆربەیان کۆمۆنیستن. ئەو ناڕەزایی و جم و جووڵەی کە لە نێوان سەربازەکانی مندا پەیدا بووەو هاتووەتە

ئاراوە، هۆیەکەی ئەوەیە کە دەست بە سەر زرق و ڕۆزی و مۆڵکەکانی باوکیاندا گیراوەو ئەمە کێشەو سەریەشەی زۆری بۆ دروستکردون. جا ئێمە هاتووین، لەم وەتەرەمان داوەو بەرەو لای قوزاقەکانمان ڕاکێشاون... یانی کارێکی وامانکردووە بە لای ئێوەدا دایبکێشن و هەواداری لە ئێوە بکەن. بەڵام سەربازەکانی من دەترسن، ئەگەر خۆ بە دەستەوە بدەن، سووکایەتیان پێبکرێت و دەستدرێژیان بکرێتە سەر... بۆیە من لە سەرمە لەم بارەیەوە، هەرچەندە زۆریش گرنگ نیە، جۆرە ڕێکەوتنێك لە گەڵ تۆدا، بە دەست بێنم.

– سووکایەتی و دەستدرێژی چۆن؟

– بۆ نموونە کوشتن، تاڵانکردن...

– نا، ئێمە ڕێی شتی وا نادەین.

– شتیکی دیکە: سەربازەکان سوورن لە سەر ئەوەی کە کەتیبەی سیردوبسك بە هەمان دەق و شێوەی خۆیەوە بمێنێ و وەکو یەکەیەکی عەسکەری سەربەخۆ شانبە شانی ئێوە شەڕی بەلشەویکان بکات.

– من ناتوانم بەڵێنی ئەمەتان پێبدەم...

– دەزانم. تۆ لەمبارەیەوە قسە لە گەڵ سەرانی خۆتا بکەو جواب لە ئێمە بگێڕەوە.

– بەڵێ، دەبێ لەمبارەیەوە قسە لە گەڵ سەرکردایەتیدا، لە ڤیشنسکایا، بکەم.

– ببورە، من پەلەمە، چونکە کاتم زۆر کەمە. ئەگەر یەك سەعاتی دی دێر بکەوم، قومیسەری کەتیبەکە، بە غیابەکەم دەزانێ. پێموایە، دەربارەی هەلومەرجی تەسلیم بوونەکە هیچ کێشەیەکمان نیە. جا تکایە تا زووە بڕیاری سەرانی خۆتم پێبڵێ. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کەتیبەکە بۆ بەرەی دۆنتس نەقڵ ببێ، یان هێزی پشتیوانی بۆ بێت و، هەنگێ...

– هەر ئێستا، پەیکێك بۆ ڤیشنسکایا دەنێرم.

– شتێکی دیکە: بە قوزاقەکان بڵێ چەك و ئەسڵەحەکەم بدەنەوە. نەك هەر چەکەکەیان لێ ستاندم.

لێرەدا هەڵوەستەیەکی کردو بە شەرمێکەوە پێکەنی و لە سەری ڕۆیی:

–.. بەڵکو قوتوە جگەرەکەشیان لێسەندم! هەڵبەتە ئەمە شتێکی گرنگ نیە، بەڵام ئەم قوتوی جگەرەیە، یادگاری خانەوادەییەو خۆشمدەوێ...

– هەموو شتەکانت پێدەدرێنەوە. باشە من چۆن جوابی ڤیشنسکایات بۆ بنێرم؟

– دو ڕۆژی دی، لێرە، لە باخموتکین، ژنێك لە ئوست خوپەرسکایاوە دێت بۆلات. با نیشان و نهێنی بەینمان... بۆ نموونە "یەکێتی" بێت. تۆ جوابەکە بدە بەو. هەڵبەتە بەزارەکی...

***

دوای نیو سەعاتان، قوزاقێکی موڕاسیلی سریەی ماکسایف، سواری پیرە ئەسپ بوو، بە چوار ناڵە ئەسپی بەرەو باشوور، لینگ دەدا، ڤیشنسکایا خۆت بگرە واهاتم. ڕۆژی پاشی، موڕاسیلی تایبەتی کودینوف گەییە باخموتکین و سۆراخی ئەوماڵەی کرد کە بوگاتیریوڤ تیا بوو و بێ ئەوەی ئەسپەکەی ببستێتەوە، خۆی بە ماڵەکەدا کردو زەرفێکی، کە لە سەری نووسرابوو

"بەپەلە –زۆر نهێنی" دایە دەست بوگاتیریوف. بوگاتیریوف، بە لەز نامەکەی هەڵپچڕی و دەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد، کە بەخەتی خودی کودینوف نووسرا بوو:

"سڵاو، بوگاتیریوف! خەبەرەکە زۆر خۆشە، ئێمە بە هەموو شێوەیەك سەرپشکت دەکەین، کە لە گەڵ کەتیبەی سیردوبسکدا دان و سان و گفتوگۆ بکەیت و بە هەر نرخێ بووە کارێکی وەها بکەی کە خۆیان ڕادەست بکەن. من پێشنیازم ئەمەیە کە داواکانیان جێبەجێ بکەیت و بەڵێنیان بدەیتێ کە کەتیبەکەیان بە هەمان دەق و شێوەی خۆیەوە قەبووڵ دەکەین و تەنانەت چەکەکانیشیان لێناسەنین، بەو مەرجەی کە کۆمۆنیستەکان و قۆمیسەری کەتیبەکە بگرن و ڕادەستی ئێمەیان بکەن، بە تایبەتی کۆمونیستانی ڤیشنسکایا و ئوست خوپەرسکایا. هەروەها دەبێ دەست بە سەر تۆپخانەکەو تۆپچییەکان و دارایی و جبەخانەو ئەسپابی شەڕی کەتیبەکەدا بگرن. تا دەتوانی زوو بە زوو ئەم مەسەلەیە یەکلایی بکەرەوە. کاتێ کە کەتیبەکە کەوتە سەر هاتن، شوێنێکیان بۆ دیاری بکە، هێزێکی گەورە کۆبکەوەو بە شێنەیی و بە بێدەنگی گەمارۆیان بدە، یەکسەر چەکیان بکە. ئەگەر بەرگرییان کرد، هەر هەموویان تاقوبڕ بکە. زۆر بە پارێزەوە ڕەفتار بکە. هەرکە چەکت کردن، وەکو مێگەل بە کەناری ڕاستی ڕوباری دۆندا بۆ ڤیشنسکایایان بنێرە، چونکە ئەم ڕێگایە لە بەرەی شەڕەوە دوورەو هەم دەشتەکەش هەموارو ڕاستانیەو ئەگەر ژێوانیش ببنەوە ناتوانن هەڵێن. بە گوندەکانی دۆنی باڵادا بە ڕێیان بکەو دوو فەوجی سوارەشیان وەکو پاسەوان بە گەڵ بخە. ئێمە لە ڤیشنسکایادا دوو دوو و سێ سێ بە سەر یەکە جیاوازەکانی خۆماندا دابەشیان دەکەین و با بزانین چۆن شەڕی سوورەکان دەکەن. دوای ئەوە، وەختێ کە گەیشتینە ئەوبەری دۆنتس و لە گەڵ جەنگاوەرانی خۆماندا یەکمان گرتەوە، ئیدی ئەوان چیان لێدەکەن، پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، خوای دەکرد دادگاییان دەکردن یان هەرچیەکیان بە سەر دێنان ئێمە هەقمان نیە. بە ڕای من هەر هەموویان لە ماوەی یەك سەعاتدا لە سێدارە بدەن، مایەی داخ نیە. من بە سەرکەوتنی تۆ خۆشحاڵم، هەموو ڕۆژێك لە ڕێگای پەیکێکەوە ئاگادارم بکە. با ئاگامان لە یەکدی بێ"

"کودینوف"

نامەکە ئەم پەراوێزەشی لە گەڵدا بوو.

"ئەگەر کەتیبەی سیردوبسك، کۆمونیستە ناوچەییەکانی ئێمەیان ڕادەست کرد، هاوڕێ لە گەڵ گروپێك پاسەوانی بە هێزدا، بە گوندەکانی کەنار دۆندا بۆ ڤیشنسکایایان بنێرە. بەڵام لە پێسا کەتیبەکە، یانی کەتیبەی سیردوبسك بنێرە. بۆ پاسەوانی کومۆنیستەکانیش، هەڵبژاردەترین قوزاقیان بە گەڵ بێخە (تا دڵڕەقترو بە تەمەنترین باشترە.) پێیان بڵێ کە پێشوەختە گوندییەکان لە چوونی خۆیان ئاگادار بکەن. هەنگێ پێویست ناکات کە ئێمە دەستی خۆمان بەخوێن بلەوتێنین. چونکە ئەگەر، زیرەکانە زەمینەی کارەکان خۆشبکرێ، هەر ژنان بە تێڵاو کوتەکان دەیانکوژن، تێگەیشتی؟ ئەم سیاسەتە بۆ ئێمە باشترە. چونکە ئەگەر خۆمان گوللە بارانیان بکەین، خەبەر دەگاتە سوورەکان کە ئێمە یەخسیران دەکوژین. ئاسانترین ڕێگا ئەوەیە کە

خەڵکەکەیان لێهانبدەین و خەڵکەکەیان لێپڕ بکەین و وەکو سەگ تێیان بەربدەین. با خەڵکەکە لە نێویان بەرن و ئێمەش بار سووك و سەر سەلامەت لە مەسەلەکە دەربچین."

"٤٨"

کەتیبەی یەکی مۆسکۆ، ڕۆژی ٤/١٢ لە شەڕێکدا کە لە گوندی ئانتونوڤ سەر بە ستانی ئیلانسکایا دەگەڵ یاخیەکاندا، ڕوی دا، زەرەرو زیانێکی زۆری وێکەوت.

سوورەکان، کە شارەزای ناوچەکە نەبوون، لە گوندەکەدا خڕ بوونەوە. ماڵەکان پەراگەندە ،هەر ماڵەو لە سەر گردۆلکەیەکی لمەڵانا دروستکرا بوو و دەتگوت دوڕگەیە. کوچەو کۆڵانەکانی گوندەکە، لە ڕاستیدا باتڵاغ و مرداوێك بوو کوڕم دەویست لێی دەربچێت. ئیدی کۆڵانەکان بە چەپەرو تەرکە فەرش کرابوو. گوندەکە کەوتبووە نێو لێرەوارێکی سپیدارانەوە. ڕوباری ئیلانکا کە بە ناو گوندا تێدەپەڕێ قووڵ نیە، بەڵام ژێرەکەی هەر قوڕو سیانە.

پیادەکانی کەتیبەی یەکی مۆسکۆ، لە گوندەکە تێپەڕین، بەڵام تازە لە ماڵەکان دەرچوو بوون و بە ناو لێرەوارەکە کەوتبوون، بۆیان دەرکەوت کە مەحاڵە بتوانن بپەڕنەوە. فەرماندەی فەوجی دووەم کە پیاوێکی سەرسەختی خەڵکی لیتوانی بوو، بێئەوەی گوێ بە قسەی ڕەیس عورەفاکە بدات، کە بە زەحمەتێکی زۆر توانی بووی ئەسپەکەی خۆی لە چاڵێکی قووڵ وەدەربێنێ، فەرمانی دا: "بۆ پێشەوە!" و خۆی زووتر لەوانی دی، دلێرانە بە سەر ئەرزە خزەکەدا کەوتە ڕێ. سەربازەکان. بە دەم هەڵگرتنی ڕەشاشەکانەوە، بە دوو دڵی دوای ئەو کەوتن. تا ئەژنۆیان لە قوڕا بوو و بەو حاڵەوە نزیکەی دووسەد مەتریك ڕێیان کرد. لە ناکاوا، لە قوڵی ڕاستەوە دەنگێك بەرزبووەوە : "خەریکە ئابلوقەمان دەدەن!... قوزاقەکان!... گەمارۆیان داوین!..."

دوو سریەی یاخیەکان، بە ڕاستی دەوری فەوجەکەیان گرتبوو، لەپشتەوە کەوتنە لێدانی.

هەردوو فەوجی یەکەم و دووەم، نزیکەی سێیەکی نەفەرەکانی خۆیان لە لێرەوارەکەدا لە دەست داو کەوتنە پاشەکشە.

لەم شەڕەدا، گوللەیەکی دەستکردی خۆماڵی قوزاقان، بەر لاقی ئیڤان ئالیکسییوفیچ کەوت. میشکا کوشیڤوی، لە کۆڵی گرت و لە مەیدانی شەڕەکەی بردە دەرێ و ئەوسا بە هەڕەشە سەربازیکی سووری، کە بە عارەبانەی باروبنەو جبەخانەوە، بە ڕاکردن بەسەر پردیکا دەڕۆیی، ڕاگرت و ناچاری کرد کە بریندارەکە سواری عەرەبانەکەی بکات.

کەتیبەکە، بە ناچاری تا گوندی ئیلانسکایا، پاشەکشەی کرد، ئەم شکستە، کارێکی یەجگار نەرێنی کردە سەر هێرش و پێشڕەوی تێکڕای یەکە عەسکەرییەکانی سوورەکان، کە بە درێژایی کەناری چەپی دۆندا، پێشڕەویان دەکرد. مالکین، ناچار بوو بوکانوفسکایا بەجێ بێڵی و بە مەودای بیست فرسەخان بەرەو باکوور پاشەکشە بکات و بۆ ناوچەی سلاشچوفسکایا بڕوات. ئەوسا، هێزی یاخیەکان، کە چەندین هێندەی ئەمان دەبوون، وەکو لافاو کەوتنە دوویان، مالکین، ڕۆژێك بەر لە شکانی سەهۆڵبەندانەکە، لە ڕوباری خوپەر پەڕییەوە. لەم پەڕینەوەیەدا چەندین ئەسپ نقوم بوون، بەڵام ئەو توانی خۆی بگەیەنێتە ناوچەی کومیلژنسکایا.

کەتیبەی یەکی مۆسکۆ، کە بە هۆی شکانی بەفرو سەهۆڵبەندانی سەر ڕوباری خوپەرەوە، گیرۆدە بوو، ناچار بۆ کەناری ڕاستی دۆن پەڕییەوە، لەوێ، لە ناوچەی ئوست خوپەرسکایادا وەستاو چاوەڕوانی هاتنی هێزی پشتیوانی دەکرد. دوای ماوەیەکی کەم، کەتیبەی سیردوبسك، پەیوەندی پێوە کردن. سەربازانی کەتیبەی سیردوبسك، بە ئاشکرا لە سەربازانی کەتیبەی یەکی مۆسکۆ جیاواز بوون. کرێکارانی مۆسکۆ و تولاو نیژنی نوڤوگرود کە بڕ بڕەی پشتی کەتیبەی یەکی مۆسکۆیان پێکدێنا، دلێرانەو کۆڵنەدەرانە شەڕیان دەکرد، چەندین جار دەگەڵ یاخیەکاندا، کەوتنە شەڕی دەستەو یەخە و تەن بە تەنەوەو ڕۆژانە دەیان کوژراو و بریندارییان دەدا. ئەوەی ڕاستی بێ ئەو داوەی کە لە ئانتونوف بۆیان نرابووەوە، کردیە کارێك کە کەتیبەکە بە شێوەیەکی کاتی توانای شەڕی نەمێنێ، بەڵام کە پاشەکشەی کرد بوو، تاقە یەك گالیسکەی بارو بنەو تەقەمەنی یان تاقە سەندوقێك فیشەکی بەدەست دژمنەوە نەدابوو. کەچی فەوجێکی کەتیبەی سیردوبسك، لە گوندی یاگودینسکی، کە چاویان بە هێزی سوارەی یاخیان دەکەوێ، زراویان دەتۆقێ و لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕا، ورە بەردەدەن و سەنگەرەکانی خۆ چۆڵدەکەن، خۆ ئەگەر، ڕەشاشەکان، بە دەستی کۆمونیستەکانەوە نەبوایە و ئەوان فریایان نەکەوتبان، بەرپەرچی توندی هێرشی یاخیەکانایان نەدابایەوە، بێگومان هەموویان تیادەچوون.

کەتیبەی سیردوبسك، بە پەلە پەل پێکهێنرا بوو، هەموو نەفەرەکانی خەڵکی شاری سیردوبسکی سەر بە ستانی ساراتوف بوون، زۆربەیان خەڵکانی نەخوێنەوارو بە تەمەن بوون، زۆریان لە خانەوادە جووتیارە دەوڵەمەندو خۆشگوزەرانەکانەوە، بە خورتی هێنرابوون، بۆیە ئومێدی شەڕو بەرگرییان لێنەدەکرا. نیوەی دام و دەزگای سەرکردایەتیان، بە دەستی کۆنە ئەفسەرانی جارانی سوپای تزارییەوە بوو. کۆمیسەری کەتیبەکە، پیاویکی دەست و پێ سپی، بێدەسەڵات بوو، هیچ سەنگ و ئیحتوباریکی لە نێو سەربازەکاندا نەبوو. ئیدی خیانەتکاران، یانی فەرماندەی کەتیبەکە، سەرۆکی سەرکردایەتی و دوو فەرماندەی فەوج کە لێبڕابوون کەتیبەکە ڕادەست بکەن. بە بەرچاوی ڕێکخراوی کۆمۆنیستییەوە، کە هیچی نەدەبینی، لە ناوەوە خەریکی ڕوخاندنی ورەی سەربازەکان بوون و، بۆ ئەم کارە زیاتر کاریان لە سەر ئەو جووتیارە دەوڵەمەندو دژە کۆمونیستانە دەکرد کە خزی بوونە ڕیزەکانی کەتیبەکەوە. زۆر لێهاتوانە بانگەشەیان دژی کۆمۆنیستەکان دەکردو سەربازەکانیان لێهاندەدان و گومانی ئەوەیان لا دروست دەکردن کە مەحاڵە بتوانرێ، ڕاپەڕینی قوزاقان سەرکوت بکرێ، بە کورتی زەمینەیان بۆ خۆش دەکردن کە ڕادەستی قوزاقەکان بن.

ستوکمان و ئیڤان و میشا، نەقڵ بوون بۆ کەتیبەی سیردوبسکی، لەوێ لە گەڵ سێ کەسی کەتیبەی سیردوبسکدا، لە یەك ماڵدا دەژیان. ستوکمان لە هاوڕێ تازەکانی بە گومان بوو. دوای ئەوەی شەڕێکی قورسیان لە گەڵدا کرد، ستوکمان گەییە ئەو قەناعەتەی کە مەترسیەکی جدی، هەڕەشە لە کەتیبەکە دەکات.

ڕۆژی ٤/٢٧، دەمەو ئێوارە، دوو کەس لە سەربازانی فەوجی دووەم خۆیان بە ژوورەکەیدا کرد. یەکێکیان کە ناوی گوریگاسوف بوو، بە زەردەخەنەیەکی تەوسامێزەوە ڕوانیە ستوکمان و ئەلیکسییوف کە لە سەر کورسیەك دانیشتبوو، بێئەوەی سەلام بکات، گوتی:

– ئەوەش خێرو بێری شەڕ، قازانجمان کرد! لە گوندەکانماندا، دەست بە سەر ڕزق و ڕۆزی و گەنم و حاسڵاتی خانەوادەکانماندا دەگرن و لێرەش دەبێ شەڕ بکەین و خۆشمان نازانین لە پای چیە...

ستوکمان، بە توندی لێی پرسی:

– یانی تۆ نازانی. لە پای چیدا شەڕ دەکەی؟

– نەخێر، نازانم، قوزاقەکانیش وەکو ئێمە جووتیارن. دەزانین بۆچی یاخی بوون. دەزانین...

ستوکمان کە بەتەبیعەت پیاوێکی مەندو هێمن بوو، جڵەوی خۆی لە دەست داو، بە تووڕەیی گوتی:

– تۆ دەزانی بە چ زمانێ قسە دەکەیت، هەی خوێڕی؟ ئەوە زمانی گاردی سپیە!..

– پێت دەڵێم زمانت بگرە، دەنا دەم و دانت دەشکێنم. کوڕینە خۆ گوێتان لێی بوو؟ ئەمەتان دیتووە؟

سەربازێکی دیکەی کورتە باڵای قەڵەو کە دەتگوت کیسە ئاردە، هەڵیدایە:

– هێواش، هێواش، خۆ بە ڕیش نیە! ئێمە دەمارتان دەناسین، پێشتریش خەڵکانی وەکو ئێوەمان دیتووە. پێت وایە لەبەر ئەوەی کۆمۆنیستی، دەتوانی دەمکوتمان بکەیت؟ ئاگات لە خۆبێ، دەنا خراپت پێدەکەین...

گوریگاسوڤ دایە لاوەو، لە کاتێکا دەستەکانی خستبوونە پشتی و چاوانی پڕ هەڕەشەی پرشنگیان دەدا، بەرەو لای ستوکمان ڕۆیی. ستوکمان کە خەریك بوو لە داخا شەقی دەبردو هەناسەی تەنگ بوو بوو، دەڵەکی داو گوتی:

– چیتانە؟ هەمووتان بە درۆ و دەلەسەی سپیەکان خەڵەتاون؟

بە توندی سەربازەکەی دەڵەك دا، سەربازەکە لەترێکی داو دەموچاوی سوور هەڵگەڕاو گوڕی بەستەوە کە پەلاماری ستوکمان بدات، بەڵام گوریگاسوف، پێشی گرت:

– خۆت ئەزیەت مەدە، ئەوە ناهێنێ.

– ئەم قسانە، قسەی یاخییەکانە، بە تۆمەتی خیانەت بە حکومەتی سۆڤیات، هەمووتان دەدەینە دادگا.

سەربازێکی دیکەی کەتیبەی سیردوبسك، کە لە هەمان خانوودا دەژیا، هەڵیدایە:

– تەسەور ناکەم بتوانی، هەموو کەتیبەکە بدەیتە دادگا.

چەند سەربازێکی دیکەش هەڵیاندایە:

– کۆمۆنیستەکان جگەرەو شەکر وەردەگرن، ئێمە وەری ناگرین...

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، لە سەر کورسیەکەی هەستاو هاواری کرد:

– درۆیە! ئێوە چی وەردەگرن، ئێمەش هەر ئەوە وەردەگرین...

ستوكمان، بێئەوەی هیچ قسەیەك بكات، پاڵتۆكەی لەبەر كردو لە ژوورەكە وەدەركەوت. سەربازەكان، هەوڵیان نەدا كە گلی بدەنەوە، بە پیچەوانەوە، لە دواوە تەشەریان لێدەدا.

ستوكمان، كۆمیسەری كەتیبەكەی لە بارەگای سەركردایەتیدا بینی، لە گەڵ خۆیدا بردیە ژوورێكی تەنیشتەوە، بە تووڕەیی باسی شەڕو قەرقەشەكەی خۆی دەگەڵ سەربازانی سیردوبسكدا ، بۆ كردو پێشنیازی كرد كە بگیرێن. كۆمیسەر، لە كاتێكا دەستی بەڕدێنە سوورە تۆخەكەی خۆیدا دێناو عەینەكە چوار چێوە ڕەشەكەی، كە لە شاخ دروست كرا بوو، بە دوو دڵیەوە، ڕێكدەخستەوە، گوێی لێگرت.

– سبەینێ، كۆبوونەوەی حیزبی لە سەر ئەم مەسەلەیە دەكەین، بەڵام پێم وانیە، حاڵی حازر بتوانین ئەمانە بگرین.

ستوكمان بە توندی پرسی:

– بۆچی؟

– تەمەشا هاوڕێ ستوكمان، من بە خۆم هەست بەوە دەكەم كە ڕەوشی كەتیبەكەمان باش نیە. لەوە دەچێ ڕێكخراوێكی دژە شۆڕشی تیابێ، بەڵام هەرچی دەكەم بۆم نادۆزرێتەوە. زۆربەی سەربازانی كەتیبەكە، كە جووتیارن، كەوتوونەتە ژێر باندۆرو كاریگەری ئەوانەوە. نازانم چ بكەین؟ من ئەنجوومەنی سەركردایەتیم لەمە ئاگادار كردووەتەوەو پێشنیازم كردووە كە كەتیبەكە لێرە بكشێننەوەو سەرلە نوێ دروستی بكەنەوە.

– بۆچی پێت وایە، ناكرێت حاڵی حازر ئەم بەكرێگیراوانەی گاردی سپی بگیرێن و ڕەوانەی دادگای شۆڕش بكرێن؟ خۆ هەر قسەكانیان، خیانەتی ڕووتە.

– بەڵێ، بەڵام ئەم كارە لەوەیە پەرچەكرداری نەخوازراوی لێبكەوێتەوە، بۆ نموونە یاخیبوون.

– ئا، دروستە! ئەدی بۆچی زوو بەشی سیاسیت لەم وەزعە ئاگادار نەكردووەتەوە؟

– پێمگوتیت، كە ئاگادارم كردونەتەوە. ئوست میدڤیدیتسكایا لە وەڵامدانەوەدا خاوە. هەركە كەتیبەكە لێرە نەقڵ كرا، هەنگێ هەر هەموو ئەوانەی ئاژاوە دەنەنەوە، بە تایبەتی ئەوانەی كە ئەو قسانەیان بەرانبەر بە تۆ كردووە، بە توندی سزا دەدەم.

كۆمیسەر، بەپەستی و بە ئەسپایی گوتی:

– من لە فورنوفسكی و... سەرۆكی ئەركان، ولكوف، بە گومانم. سبەینێ دوای كۆبوونەوەی كۆمۆنیستەكان، یەكسەر دەڕۆم بۆ میدڤیدیتسكایاو ئەم مەسەلەیە لە گەڵ شوعبەی سیاسیدا باس دەكەم، دەبێ تا زووە سنوورێك بۆ ئەم مەترسیە دابنرێ، جا تكام وایە ئەم قسانە لە بەینی خۆمان دەرنەچێت.

– باشە بۆچی ئێستا داوای كۆبوونەوەی ڕێكخراوی كۆمۆنیستەكان ناكەیت، چونكە كات درەنگە هاوڕێ.

– دەزانم. بەڵام ئێستا ناكرێت، چونكە زۆربەی كۆمۆنیستەكان، لە واجبن و لە پاسگەو پۆستەكانی پێشەوەدا، ئێشك دەگرن... من بە ئانقسەت ئەوانم لەو شوێنانە داناوە، چونكە بە ڕاستی متمانە بە كەسانی غەیرە حیزبی ناكەم، ئەمە جگە لەوەی تۆپخانەكە، كە زۆربەی هەرە

زۆری تۆپچییەکان، کۆمۆنیستن ، قەرارە شەویٚ لە کروتوفسکییەوە بگەنەوە ئێرە. خۆم لە بەر ئەم پەشێویەی کە لە ناو کەتیبەکەدا پەیدا بووە، ناردوومە بە شوێنیاندا.

ستوکمان گەڕایەوە بۆ خانووەکە، بە پەلە لە ئیڤان ئەلیکسییوفیچی پرسی:

– تۆ هێشتا ناتوانی ڕیٚ بکەیت؟

– دەلەنگم. تا ئێستا دەترسام برینەکەم بکولێتەوە، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە زەروری بیٚ، گویٚ نادەمیٚ.

ستوکمان، شەویٚ، دوای ئەوەی ئەوانی دی چوون بۆ خەوتن، ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلی دەربارەی بارودۆخی کەتیبەکە نووسی و نیوە شەو میشکا کوشیڤۆی بێدار کردەوە. زەرفەکەی خستە بەر باخەڵی قەمسەڵەکەیەوەو پێی گوت:

– هەر ئێستا ئەسپێك پەیدا بکەو تا ئوست میدڤیدیتسکایا بە چوار ناڵە برۆ. ئەگەر گیانی خۆت داناوە، دەبیٚ ئەم نامەیە بگەیەنیتە، بەشی سیاسی فیرقەی چوارەم... لە کویٚ ئەسپ پەیدا دەکەیت؟ بە تەسەوری خۆت چەندت پێدەچیٚ؟

میشکا کوشیڤۆی کەوتە لە پێکردنی چەکمە سوورەکانی، کە چەرمەکەی ڕەق بوو بوو و بەدەم بۆڵژنەوە وەڵامی دەدایەوە:

– ئەسپێك، لە دەورێی سوارەکان دەدزم... ڕەنگە بە دوو سەعاتێك بگەمە ئوست میدڤیدیتسکایا، ئا دوو سەعاتێکم پێدەچێت، ئەسپی دەورێیەکان خراپن، ئەگینا بە سەعات و نیوێك دەگەییشتم... من سەردەمانێك نیگابانی یەڵخی بووم... دەزانم چۆن ئەسپ تاو دەدەم...

میشکا، نامەکەی خستە گیرفانی پاڵتۆکەیەوە. ستوکمان لێی پرسی:

– بۆچی لەوێی دادەنەیت؟

– بۆ ئەوەی ئەگەر، سەربازانی کەتیبەکە گرتیانم، بتوانم بە ئاسانی دەری بنێم و دەربازی بکەم.

ستوکمان، کە سەری لە قسەکەی دەرنەدەکرد، گوتی:

– یانی، چۆن؟

– یانی ئەگەر گرتیانم، دەتوانم خێرا قووتی بدەم.

– ئەی ئافەرین!

ستوکمان، بزەیەکی بۆ کرد، ئەوسا لە میشکا نزیك بووەوە، وەکو ئەوەی دڵی خەبەری ڕووداوێکی ناخۆشی دابێت، بە گەرمی لە ئامێزی گرت و بە دوو لێوی ساردو لە رزۆکەوە، ماچیکی قووڵی کردو گوتی:

– برۆ.

میشکا ڕۆیی، توانی هەوساری یەکێك لە باسترین ئەسپانی مەفرەزی گەشتیەکە بکاتەوەو کەس پێی نەحەسێت. لە کاتێکا قامکی نابووە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی خۆی بە ئەسپایی، بە کوچەو کۆڵانەکاندا هات، بە بەر پۆستی نیگابانیەکەدا تێپەڕی، خۆی گەیاندە سەر شاڕێگاکە، و تفەنگەکەی کردە شانی و ئەوسا ئەسپە چکۆلە کلك براوەکەی کە لە نەژادی ساراتوف بوو، تاودا ئەمما تاودان. هەر ئەوە بوو باڵی نەدەگرت.

دەمەو بەیان نەرمە بارانێك دەستی پێكرد. با هەڵیكرد. هەورێكی ڕەش، لە ڕۆژهەڵاتەوە دەهات. هەركە دنیا ڕوناك بووەوەو ڕۆژ بووەوە، ئەو سەربازانەی كە لە هەمان خانووی ستوكمان و ئیڤان ئەلیكسییوفیچدا دەخەوتن، هەستان و چوونە دەرەوە. دوای نیو سەعاتێك، تولكاچوف ناوێكی كۆمۆنیستی خەڵكی ئیلانسكایا كە وەكو ستوكمان و هاوڕێكانی، بە خوایشتی خۆی، داوای كرد بوو خۆبەخش لە كەتیبەی سیردوبسكدا خزمەت بكات، بە هانكە هانك هات، دەرگای كردەوەو بەپەلە پەل گوتی:

– ستوكمان! كوشیڤوی، لێرەن؟ وەرنە دەریّ.

– ها، چیە؟ وەرە ئێرە.

ستوكمان، خۆی بە ژوورێكی پێشەوەدا كرد، بە دەم پۆشینی پاڵتۆكەیەوە گوتی:

– وەرە.

تولكاچوف كە لە دوای ئەوەوە خۆی بە ژوورەكەدا دەكرد، لە بن لێوانەوە گوتی:

– قڵیشاوەتەوە، سەربازانی پیادە لە نزیكی... لە نزیكی ناوچەی... ویستویانە فەوجی تۆپخانە كە لە كروتوفسكییەوە بۆ ئێرە هاتووەتەوە، چەك بكەن... دەستیان بە تەقە كردووە... تۆپچیەكان بەرپەرچیان داونەتەوەو، "كولاس"ی تۆپەكانیان دەرهێناوەو بە بەلەم بۆ ئەوبەری دۆن پەڕیونەتەوە.

ئیڤان ئەلیكسییوفیچ كە بە ناڵە ناڵ، چەكمەكەی لەپییە بریندارەكەی دەكرد، بە نیگەرانییەوە دەیگوت:

– ئیّ؟ ئاخری؟

– حاڵی حازر، لای كڵێساكە كۆبوونەوە هەیە... هەر هەموو كەتیبەكە لەوێیە...

ستوكمان، فەرمانی بە ئیڤان ئەلیكسییوفیچ دا:

– خێرا خۆت بگۆڕە!

قۆڵی پاڵتۆكەی تولكاچوڤ گرت و پرسی:

– كۆمیسەر لەكوێیە؟ كۆمۆنیستەكانی دی لە كوێن؟

– نازانم. هەندێكیان هەڵاتن. من هاتم بە دووی تۆدا. تەلەگرافخانەكەیان گرتووە، نایەڵن كەس بچێتە ژوورەوە... دەبیّ هەڵێین، بەڵام چۆن؟

تولكاچوف، سەری لێشێوا بوو، بە نائومێدی خۆی بە سەر یەغدانێكدا دا. دەستەكانی نابوونە نێوان لاقی. لەو كاتەدا لە بەر قاڵدرمەكانی بەرهەیوانەكەوە دەنگی پێیان هات، پێنج شەش سەربازی سیردوبسكی وەژوورکەوتن. سەرو سیمایان تووڕە بوو، شەڕیان لێدەباری. هاواریان كرد:

– كۆمۆنیستەكان خێرا، بڕۆن بۆ كوبوونەوەكە!

ستوكمان، نیگایەكی ئیڤان ئەلیكسییوفیچی كردو لێوێكی هەڵقورتاندو گوتی:

– وا دەڕۆین.

یەکێك لە سەربازەکان گوتی:

– چەکەکانتان لێرە دابنەن. خۆ بۆ شەڕ ناچن.

ستوکمان، خۆی لە گێلی دا، گوایە گوێی لەو قسەیە نەبوو، تفەنگەکەی لە شان کردو یەکەم کەس لە ژوورەکە وەدەرکەوت. هەزارو سەد گەروو، پێکەوە لە مەیدانەکەدا هاواریان دەکرد. کەسی خەڵکی ناوچەکە دیار نەبوو. لە ترسا خۆیان لە ماڵەوە شاردبووەوە، چونکە لە دوێشەوەوە مقۆ مقۆ بڵاو بوو بووەوە کە قەرارە کەتیبەکە پەیوەندی بە ڕیزی یاخیەکانەوە بکات و ئەمەش بەو مانایە بوو کە لە ناوچەکەدا شەڕو پێکادان دەگەڵ کۆمۆنیستەکاندا ڕوو دەدات. ستوکمان لەپێش ئەوانی دیکەوە لە جەماوەرەکە، کە بە هێواشی نەعرەتەی دەکێشا نزیك بووەوە، چاوی گێڕا تا بزانیٚ کەسێکی دام و دەزگای فەرماندەیی لەوێندەر دەدۆزێتەوە یان نا. کۆمیسەر، کە دوو سەربازی سوپای سوور ژێر باڵیان گرتبوو و یەکێکیش لە دواوە پاڵی پێوە دەنا، ڕەنگ زەرد و داماو بەلایا ڕۆیی و لە نێو جەماوەری هاڕوژاوی سەربازەکاندا ون بوو. بۆ چەند دەقیقەیەك لە چاوی ستوکمان ون بوو. پاشان لە نێو ئاپۆڕاکەوە دیتی لە سەر مێزێکی وازی، کە لە ماڵانەوە هێنابوویان، وەستاوە. ستوکمان ئاوڕی دایەوە، تەمەشایەکی دەوروبەری خۆی کرد: ئیڤان ئەلیکسیییوفیچ لە پشتیەوە وەستا بوو و خۆی بە سەر تفەنگەکەی خۆیدا دابوو. ئەو سەربازانەش کە ئەوانیان بۆ کۆبوونەوەکە بانگکرد بوو، لە لای ئەوەوە وەستا بوون.

دەنگی کۆمیسەر، کە لەناو هەراو هەنگامەو غەڵبە غەڵبی ئاپۆڕاکەوە، زۆر نزم دەهاتە گویٚ، بەرزبووەوە:

– هاوڕییان، سەربازانی سوپای سوور! گرێدانی کۆبوونەوە لە وەها کاتێکدا... کە دژمن بەر دەرکەی پێگرتووین...

هاوڕێیان! نەیانهێشت درێژە بە قسەکانی بدات. کاسکێتی فەروی بۆرباوی سەری سەربازانی سوور، شەپۆلی دەدا. سەرەنێزەی شینباوی تفەنگان وەکو دروەڵان کەوتنە جوڵە، مستان بەرەو مێزەکە درێژ کران، دەمرێژی جنێوو قسەی ناشرین، وەکو دەستدرێژی گوللە لە هەر گۆشەیەکی مەیدانەکەوە دەستی پێکرد:

– ئێستا بووین بە هاوڕێت!

– ئەو چاکەتە چەرمە لە بەرت داکەنە!

– تۆ فریوت داوین!

– شەڕی کێمان پێدەکەیت؟

– لاقی ڕاکێشن و بیهێننە خوارەوە.

– بیکوژن.

– بیکەن بە قوربانی سەرەنێزەیەك.

– ئیدی تەواو کە کۆمیسەری کەوت.

ستوکمان، سەربازێکی باڵا بەرزی کەتەی سووری بینی، کە زۆریش گەنج نەبوو، چووە سەر مێزەکە، ڕدێنە سووره باوەشێن ئاساکەی کومیسەری گرت. مێزەکە بەلایا هات، پیاوەکەو کۆمیسەریش کەوتنە سەر دەستی ئەوانەی لە نزیکی مێزەکەوە پاڵەپەستۆیان بوو. ئیدی خەڵکەکەی دەوروبەری مێزەکە هاڕوژا بوون، بەپاڵتۆ خاکیەکانیانەوە، پێکا دەهاتن و شەپۆلیان دەدا. هاواری نائومێدانەی کومیسەر لە نێو هاوارو هورای تووڕەو هەڕەشە ئامێزی ئاپۆڕاکەدا ون بوو.

ستوکمان خۆی پێنەگیرا. بەرەو قوڵایی ئاپۆڕاکە ڕۆیی. بە ئانیشك دڕی بە سەربازە پاڵتۆ خاکیەکان دا، ڕێگایەکی بۆ خۆی کردەوە. ڕاست بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیی کە کۆمیسەر قسەی تیا دەکرد. کەس هەوڵی نەدا ڕیگەی پێبگرێت، بەڵام مست و قۆناغە تفەنگان بە سەر پشت و شان و ملیا داباری. تفەنگەکەیان لە شانی داگرت، کڵاوە پێستە قوزاقیە ئەستەڕ ماهوتە سوورەکە لە سەری کەوت. سەربازێك کە ستوکمان بە توندی پێی بەپێیا نابوو هاواری لێهەستا:

– بۆ کویٚ دەڕۆیی، نامەرد، ئاگات لە خۆبیٚ؟

لە لای مێزە هەڵگەڕاوەکەوە، ملازمێکی تۆکمەی فەرماندەی ڕەعیل ڕێی پێگرت. کڵاوێکی فەروی خاکی ی هەشتەرخانی لە سەر بوو و بە پشتی سەریا داخزی بوو، دوگمەکانی پاڵتۆکەی هەموو کرابوونەوە، ئارەقە بە دەموچاوە سوورەکەیا دەچۆڕایەوە. ڕق و کینەیەکی لە ڕادە بەدەر، لە چاوە گڕگرتووەکانیەوە پرشنگی دەدا.

– بۆ کویٚ بە سەر ئەو هەموو خەڵکەدا دەڕۆیت؟

ستوکمان کە هانکە هانکی پێکەوتبوو، بە دەنگێکی گیراو هاواری کرد:

– دەمەویٚ قسە بکەم! ڕێگەم بدەن وەکو سەربازێکی سادە قسە بکەم!

لە چاو تروکانێکدا مێزەکەی ڕاست کردەوە. تەنانەت چەند کەسێك یارمەتیشیان دا تا سەر بکەوێتە سەر مێزەکە. بەڵام غەڵبە غەڵبی مەیدانەکە، بەردەوام بوو. ستوکمان تا هێز لە گەرویا بوو هاواری کرد:

– بێدەنگ!..

دوای نیو دەقیقەیەك، هەرکە هەراو زەناکە نیشتەوە، ستوکمان بە دەنگێکی تێکشکاو، لە کاتیکا کۆکەکەی دەخواردەوە، دەستی بە قسان کرد:

– هاوڕێیانی سوپای سوور! شەرمە بۆ ئێوە! ئێوە لە هەستیارترین کاتدا خیانەت بە حکومەتی گەل دەکەن. لە کاتێکا دوو دڵن، کە پێویستە بە دەستی پۆڵایین بکێشن بە دڵی دژمندا. لە کاتیکا کۆبوونەوە ساز دەدەن کە وڵاتی سۆڤیاتان لە پێناوی بوونی خۆیدا دەخەبتیٚ، بوونێك کە دژمن لە هەر چوارنکالەوە هەڕەشەی لێدەکات و دەورەی داوە. ئێوە لە ئاستانەی خیانەتێکی ئاشکردان، ئەمەتان لە پای چیە؟ فەرماندە خیانەتکارەکانتان، ئێوەیان بە جەنەڕاڵانی قوزاق فرۆشتووە. ئەو کۆنە ئەفسەرانەی جاران خیانەتیان لەو متمانەیە کردووە کە حکومەتی سۆڤیاتان پێی بەخشیوون، دەیانەویٚ بە پشتیوانی نەزانی و ساکاری ئێوەوە، کەتیبەکە ڕادەستی قوزاقان بکەن. دەیانەویٚ بە دەستی ئێوە حکومەتی کریکاران و جووتیاران خەفە بکەن.

فەرماندەی سریەی دووەم ویستمینستر، کە کۆنە ملازمێکی سوپای سەردەمی تزاریسم بوو، خەریك بوو تفەنگەکەی خۆی بەرز دەکردەوە. لیٚ ستوکمان هەستی بە جم و جوڵەکەی کردو هاواری کرد:

– تەقە مەکە. ئەگەر لە کوشتنم بیت، وەخت زۆرە! داوا دەکەم ڕێگەی سەربازێکی سادەی کۆمۆنیست بدەن با قسە بکات! ئێمەی کۆمۆنیست هەموو ژیانی خۆمان، هەموو خوێنی خۆمان دڵۆپ دڵۆپ، لە پێناوی...

دەنگی ستوکمان، بە شێوەیەکی ترسناك بەرز بووەوە، چارەی گرژ و ڕەنگی زەرد بوو و، لە سەری ڕۆیی:

–.. لە پێناوی چینی کرێکارو جووتیارانی زەحمەتکێشدا داناوە. ئێمە فێرین ڕوو بە ڕووی مەرگ ببینەوە. تۆ دەتوانیت من بکوژیت...

هەراو زەنای هەڤدڕ بەرزبووەوە:

– زۆرمان لەم قسانە بیستووە.

–بەسە.

– نامەویٚ لەوەی پتر فریومان بدەن.

– لێگەڕێن با قسەکەی تەواو بکات!

– بێدەنگ!

–... بمکوژە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە: هۆشتان وەبەربێتەوە، هەنوکە کاتی کۆبوونەوەو گوتاردان نیە، لە سەرتانە بچنە شەڕی سپیەکان.

ستوکمان، چاوە لێك نزیکەکانی بە جەماوەری خەڵکەکەدا، کە کەمێك هێور بوو بووەوە، گێڕا، لە مەودایەکی بڕیك کەمەوە، فورنوفسکی فەرماندەی کەتیبەکەی بەدی کرد، کە سەربازێکی سووری لە تەنیشتەوە وەستا بوو، فورنوفسکی بە دەم بزەیەکی ناڕەحەتەوە شتێکی بە گوێی سەربازەکەدا دەچپاند.

– فەرماندەی کەتیبەکەتان...

ستوکمان، دەستی بۆلای فورنوفسکی ڕاکێشا. بەڵام فەرماندەکە دەستی خستە سەردەمی خۆی و بە هەڵچونەوە شتێکی بە سەربازەکە گوت. ستوکمان فریا نەکەوت ڕستەکەی تەواو بکات. لەو ڕۆژە باراناویەی مانگی نیساندا، دەنگی گوللەیەك بە هێواشی بەرز بووەوە. ستوکمان دەستی بۆ سینەی بردو بە سەر ئەژنۆیدا کەوت. سەرە ڕوتە بۆزەکەی داهاتەوە، بەڵام وێڕای ئەمەش خێرا هەستایەوەو بە دەم لەتردانەوە لە سەر پێیان وەستایەوە. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە ستوکمانی بینی بوو، هەستابووەوە، هاواری کرد:

– ئوسیپ داڤیدوفیچ!

بە هەشتاو تاوی دا کە خۆی بگەیەنێتیٚ. بەڵام ئەوانی دی، بە خورتی هەردوو قۆڵیان گرت و کەوتنە بۆڵە بۆڵ

– بێدەنگ، هەرا هەرا، کوا تفەنگەکەت بدە، نامەرد!

چەکەکەیان لێسەند، گیرفانەکانیان پشکنی و ئەوسا بردیان. دوایی پەلاماری هەموو کۆمۆنیستەکانی دیکەیان داو چەکیان کردن. لە لاکۆڵانێکا، لە بەر ماڵێکی کەشخەی بازرگانێکدا ، پێنج شەش گوللە تەقێنرا، کۆمۆنیستێکیان کوشت، نەیویستبوو ڕەشاش لیویسەکەی رادەست بکات..

لەم کاتەدا ستوکمان، کە کەفێکی سووری دەپرژاندو نزگرەی دەدا، ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو و لەتری دەدا، هەرچۆنێ بوو بە دەم لەتردانەوە هەستا، بە حاڵ هەناسەی تیا مابوو، هەرچی گوڕێکی تیا مابوو، دایە خۆی و توانی ئەوەندە بڵێ:

– فریویان داون... ئەم خاینانە... دەیانەوێ عەفو بۆ خۆیان وەربگرن و پلەی ئەفسەریی تازە بەدەست بێنن... بەڵام کۆمۆنیزم نامرێت... هاوڕێیان!... وەخۆ... بێنەوە...

جارێکی دی، ئەو سەربازەی لە تەنیشت فورنوفسکییەوە وەستا بوو، قۆناغی تفەنگەکەی لە شانی خۆی توند کرد، سێرەی لێگرت. فیشەکی دووەم، ستوکمانی لە سەر مێزەکەوە پشتەو خوار کردەوەو کەوتە ژێر دەست و پێی سەربازەکانەوە. سەربازێکی کەتیبەی سیردوبسکی، کە ڕەزاگرانێکی دەم باریکی، دان زلی کونجی ئاوڵاوی بوو، وەکو گەنجان بە تەڕ دەستی خۆی هەڵدایە سەر مێزەکەو هاواری کرد:

– هاورێیانی ئازیز، بەڵێنی زۆریان بە ئێمە دا، بەڵام هەر هەمووی قسەی بۆش و بەتاڵ بوو، گشتی هەڕو گیڤ بوو. ئێستاش ئەم وتاربێژە ڕیشنە، تەختی زەوی بووە. سەگ دەبێ وەکو سەگ بتوپێ. مردن بۆ کۆمۆنیستان، دژمنانی جووتیاری زەحمەتکێش و چەوساوە. هاوڕێیان، شەڕڤانانی ئازیز، ئەو زەمانە بە سەر چوو، تازە چاومان کراوەتەوە، ئیدی دژمنانی خۆمان دەناسین و دەزانین دژی کێ شەڕ دەکەین. لەبیرتانە، لە گوندەکەی خۆمان، لە ڤولسك چییان پێدەگوتین؟ ئازادی، یەکسانی و برایەتی میللەتان. کۆمۆنیستانی درۆزن لەو جۆرە قسانەیان دەکرد... بەڵام شتی وامان بینی؟ باوکم نامەیەکی گلەیی ئامێزی بۆ نووسیووم دەڵێت: بە ڕۆژی ڕوناك دزی و تاڵانی دەکەن. هەرچی گەنم هەیە لە باوکمیان سەندووە، ئاشە چکۆلەکەشیان لێسەندووە. بەڵام دروشمەکەیان چی دەڵێت؟ دەڵێت هەموو شتێك بۆ جووتیارو کرێکار! باشە باوك و دایکم ئەم ئاشە چکۆلەیەیان بە ئارەقەی ناوچەوان پەیدا نەکرد بوو. جا من لە ئێوە دەپرسم، توخوا ئەمە دزی کۆمۆنیستان نیە؟ دەبێ بە ئاگرو خوێن نابووت بکرێن.

یارۆی گوتاربێژ نەیتوانی قسەکانی تەواو بکات. دوو سریە سوارەی قوزاقان، لە ڕۆژئاواوە، بە چوار ناڵە خۆیان بە ئوست خوپەرسکایادا کرد بوو. هێزی پیادەی قوزاقەکانیش لە بناری گردەکانی کەناری دۆنەوە هاتبوون و مولازم بوگاتیریوف، فەرماندەی تیپی تایبەتی شەشەم، بەخۆ و سەرکردایەتیەکەیەوە و بە نیو سریە سوارەی پاسەوانەوە بە گەڵیان کەوتبوو.

لەوکاتەدا، لە دەستی ڕۆژهەڵاتەوە بارانێکی توند دایکرد. لەوبەری دۆنەوە، لە سەر خوپەرەوە، ئاسمان چەخماخەی دەداو دەنگی هەورە تریشقە ئەرز و ئاسمانی دەلەرانەوە،

کەتیبەی سیرودوبسك، بە دوو ڕیز وەستا. هەرکە بوگاتیریوف و جەماعەتەکەی لە سەر گردەکەوە دەرکەوتن و داگەڕان، ڕائید فورونوفسکی، فەرماندەی کەتیبەکە، بە دەنگێکی بەرزو دلێر، کە سەربازەکان پێشتر لێیان نەبیستبوو، فەرمانی دا:
– کەتیبە! ور... یابە!

"٥٠"

گریگۆری میلیخوف، پێنج ڕۆژێك لە تاتارسکی مایەوە، لەم ماوەیەدا چەند دۆنمە زەوییەکی بۆ ماڵی خۆیان و خەسووی داچاند. پاشان هەرکە پانتلی پروکوفیچ گەڕایەوە ( ئەوەندەی بیری ماڵ و منداڵ و کەسوکاری کردبوو، هێندە ڕشك و ئەسپێی تێدا بوو، تەواو باریك بوو بوو) ئیدی گریگۆری خۆی ئامادە کرد کە بگەڕێتەوە بۆ فیرقەکەی خۆی کە هێشتا هەر لە کەنارێن چیر بوو. کودینوف لە دان و سان و گفتوگۆیە ژیراو ژێرەکەی نێوان خۆیان و کەتیبەی سیردوبسك ئاگاداری کردبووەوەو داوای لێکردبوو بگەڕێتەوەو فەرماندەیی فیرقەکە بگرێتەوە دەست.
ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو گریگۆری لە تاتارسکییەوە بەرەو کارگینسکایا بەڕێ بکەوێت، لای نیوەڕۆ، بە مەبەستی ئاودانی ئەسپەکەی چوو بۆ کەناری دۆن. هەرکە لە لێژگاییەکەی بە ستێنی ڕوبارەکەوە داگەڕا، کە ئاوەکەی تابنی پەرژینی باخ و بێستانەکان هاتبوو، ئەکسینیای بەدی کرد. ئایا گریگۆری بینی بوو؟ یان بە ئانقەست خۆی ماتەڵ دەکردو بە ئەسپایی ئاوی پڕ دەکرد تا ئەو بیگاتێ؟ گریگۆری پێی هەڵگرت، لەو ماوە کەمەدا کە پێش ئەوەی بگاتە لای ئەکسینیا، هەزارو یەك بیرەوەری خەمناك، بروسکە ئاسا بە هزرو خەیاڵیا، بە بەرچاویا تێپەڕین...
ئەکسینیا، کە گوێی لە دەنگی پێی ئەو بوو، ئاوڕی دایەوە، حەپەسان و سەرسوڕمانێکی، بێگومان دەستکرد، نیشتە سەر ڕوو و ڕوخساری. بەڵام شادی ئەم دیدارەو ئازارە کۆنەکانی، دەستکردی حەپەسان و سەرسوڕمانەکەیان کەشف کرد. بزەیەکی هێندە پڕ بەزەیی و هێندە سەرگەشتەی بۆ کرد کە بە هیچ جۆرێ دەگەڵ سەرو سیمای پڕ غروری ئەودا تێکی نە دەکردەوە. دڵی گریگۆری پڕ بوو لە خۆشەویستی و بەزەیی. بە نیگەرانیەوە، لە کاتێکا بیرەوەری و تاسە هێرشیان بۆ دەهێنا، ئەسپەکەی ڕاگرتوو گوتی:
– سڵاو، ئەکسینیا گیان.
– سڵاو.
سەرسامی و میهرو نائومێدی و تاڵی، لە دەنگی ئەکسینیاوە هەڵدەقوڵا.
– لە مێژە قسەمان پێکەوە نەکردووە.
– لەمێژە.
– تەنانەت ڕیتمی دەنگیشتم بیر چوو بووەوە.
– تۆش شتت زوو بیردەچێت.
– بە ڕاست؟
گریگۆری، جڵەوی ئەسپەکەی، کە بۆ سەر ئاوەکە دادەکشا، توند ڕاکێشا. ئەکسینیا کە سەری داخستبوو، دەیویست دەسکی سەتڵەکە بکات بە قولاپی چانچۆکەوە، بەڵام نەیدەتوانی، بۆ

ساتێك بیئەوەی هیچ قسەیەك بكەن وەستان. سۆنە كێویەك، وەكو تیر بە سەر سەریاندا تێپەڕی، شەپۆلەكان، بێئەوەی ،هەرگیز تێر بن، گەچۆڕی كەنارەكەیان دەلستەوە و پاشان بە شڵپ و هۆڕ خۆیان بە تاوێرەكاندا دەكێشا. لەو بەرەوە شەپۆلە سینگ سپیەكان، بە نێو دارستان و جەنگەڵەكەدا، كە تا نیوە لە ئاوا نقووم بوو، بە هەشتاو دەڕۆیشتن. بایەكە كە لە ڕووی دۆنی دەدا، وردە پریشك و ئاو و بۆنی تورتی ڕێحانە ئاسای ڕوبارەكەی دەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت و پیرە ڕوبار بە هەموو هێزو توانایەكی سەركێشانەی خۆیەوە، بەرەو ڕێژاوگە دوورە دەستەكانی خۆی ملی دەنا.

گریگۆری، چاوی لە ڕوخساری ئەكسینیاوە گواستەوەو ڕوانیە ڕوبارەكە. سپیدارەكان، بە قەدی ساف و لووسیانەوە مەلەیان دەكرد، لق و پۆپە ڕووتەكانیان دەجوڵاند. درەختانی بی، بە چرۆ و شكۆفەی قەوزە ئاساوە، بەو پەری شكۆوە وەكو پەڵە هەورێكی چكۆلەی نەرمی ئامال كەسكەوە، بە سەر ئاوەكەوە سەرەتاتكێیان دەكرد. گریگۆری بە دەنگێكی خەمناكەوە گوتی:

– چییە، دەڵێی هیچ قسەیەكمان پێ نیە بیكەین! بۆچی قسەیەك ناكەیت؟

ئەكسینیا، ئیدی وەخۆ هاتبووەوە. بە كاوەخۆ، بێئەوەی خۆی شلوێ بكات، یان ڕوخساری تێك بچێت، گوتی:

– وا دیارە هەرچیمان پێبوو، گوتوومانە...

– بە ڕاست؟

– دەبێ وابێت. درەخت ساڵی یەكجار گوڵ دەكات...

– یانی پێت وایە، درەختی ئێمە، هەموو گوڵەكانی وەریوون؟

– ئەدی تۆ چۆنی دەبینی؟

– ئەم شتانەم، بەلاوە غەریب و سەیرە...

گریگۆری، جڵەوی ئەسپەكەی بەردا كە بچێتە سەر ئاوەكە. بە دەم تەماشاكردنی ئەكسینیاوە، بزەیەكی خەمینی بۆ كرد:

– بەڵام ئەكسینیا، من ناتوانم تۆ لە دڵی خۆم وەدەربنەم. بە خۆت دەبینی منداڵەكانم گەورە بوون خۆم خەریكە سەرم سپی دەبێت. ڕۆژگارێكی دوورودرێژ، وەكو دۆڵێكی قووڵ لێكدی دابریووین، بەڵام من هێشتاش بیر لە تۆ دەكەمەوە. تا ئێستاش خەوت پێوە دەبینم و خۆشم دەوێی. هەندێجار كە بیر لە تۆ دەكەمەوە، ژیانی خۆمانمان لە موڵكەكەی لیستنتسكیدا بیر دەكەوێتەوە، چەند یەكمان خۆشدەویست، خۆزگەم بەوسا!... هەندێجار كە بیر لە ژیانی خۆم دەكەمەوە، وەكو گیرفانێكی بە تاڵ دێتە پێش چاوم كە هەڵیانگێڕابێتەوە...

– منیش وام... با بڕۆم... زۆر وەستاین، درەنگە...

ئەكسینیا، ،بە تەڕدەستی سەتڵەكانی لە ئەرزەكە بەرزكردنەوە و دەستەكانی، كە هەتاوی بەهار تاوە سووتی كرد بوون، خستنە ئەم سەرو ئەوسەری چانچۆكەی سەر شانی. لەو دەمەدا كە خەریك بوو بە هەورازەكەدا هەڵبگەڕێت، لە ناكاوا ئاوڕی بۆ گریگۆری دایەوە، گۆناكانی گەشانەوەو سووریەكی ناسك و گەنجانەیان نیشتە سەرو  بە دەم ناسكە بزەیەكەوە گوتی:

– لێرەیا، لەپاڵ ئەم ئەسکەلەیەدا بوو کە ئەشقمان دەستی پێکرد، لە بیرتە گریگۆری؟ ئەو ڕۆژە بوو کە قوزاقەکان دەچوون بۆ ئوردوگای مەشقان.

ئاوازێکی خۆش، لە دەنگیەوە کە ڕەوانتر بوو بوو، هەڵدەقوڵا...

– هەر هەموویم لە بیرە.

گریگۆری، ئەسپەکەی بۆ ماڵ هێنایەوە. بردی لە سەر ئاخوڕەکە بەستیەوە. پانتلی پروکوفیچ کە ئەو بەیانیە نەچوو بوو بۆ کێڵگەو شۆو وەردەوەدان، تا خوا حافیزی لە گریگۆری بکات و بەڕێی بکات، لە ژێر کەپرەکە هاتە دەرێ و گوتی:

– ئێ، وا زوو دەڕۆیت؟ ئالیك بکەمە بەر ئەسپەکەت؟

گریگۆری کە بیری لە شوێنێکی دی بوو، پرسی:

– ڕۆییشتن؟ بۆ کوێ؟

– ڕۆژباش! ئەدی قەرار نەبوو بۆ کارگینسکایا بڕۆیت؟

– ئەمڕۆ ،ناڕۆم.

– چۆن؟

– ڕەئیم گۆڕی.

گریگۆری، زمانێکی بە لێوە وشکەکانیا، کە ئاگری دەروونی وشکی کردبوونەوە، هێناو چاوی بڕییە ئاسمان..

– دنیا هەورینە. لەوەدەچێ بباریێت. پەلەم نیە، پێویست ناکات خۆم وەبەر باران بدەم و تەڕ ببم.

پیرەمێرد، قسەکەی بۆ سەلماند:

– ڕاستە پەلەی چیتە!..

هەڵبەتە پیرەمێرد باوەڕی، بە قسەکانی کوڕەکەی نەدەکرد. چونکە چەند دەقیقەیەك لەوە پێش لە گەوڕی وڵساتەکانەوە، گریگۆری بینی بوو کە لەبەر ئەسکەلەکەدا، دەگەڵ ئەکسینیادا سەرگەرمی قسان بوو. بە نیگەرانیەوە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دیسان بەزمەکە سەری هەڵداوەتەوە. خوا بکا دیسان لە گەڵ ناتالیادا تێك نەچنەوە!... ئاخ! چ قەحبەدایکێکە، ئەم گریشکایە! ئاخر ئەم ئەخلاقەی بە کێ چووە؟ تۆ بڵێی لە من بچێت؟" پانتلی پروکوفیچ کە بە تەورێك خەریکی تاشینی دارغانێك بوو تا مژانی عەرەبانەی لێدروست بکات، لە کار وەستاو ڕوانیە پشتی کوڕەکەی کە لەوێ دووردەکەوتەوە ،کەوتە هەڵدانەوەی یادگەی خۆی، گەنجێتی خۆی وەبیر هێنایەوە کە چۆن بووەو گەییە ئەو قەناعەتەی کە: "ئەم شەیتانە، وێنەیەکی کوت ومتی منە! بە موو لێی لانەداوم، بەڵام چەند هەنگاوێك پێشی منیشی داوەتەوە. دەبێ وەهای تەمبێ بکەم کە جارێکی دی گەمە بە ئەقڵی ئەکسینیا نەکات و لە ڕێگای دەرنەکات، ئاژاوە نەخاتەوە ماڵەکەمان! بەڵام لە کوێ ئەمەم پێدەکرێت؟" ئەگەر، پانتلی پروکوفیوچ، جاری جاران، گریگۆری لە سوچێکەوە بە قسەوە دەگەڵ ئەکسینیادا گرتبا، بێ چەندو چوون هەر شتێکی بەر دەست کەوتبا، دەیکێشا بە سەرو گوێلاك و ناو شانیا، بەڵام ئێستا نەیدەزانی چی بکات، نەك هەر هیچی نەگوت، تەنانەت ئەوەشی دەرنەبڕی، کە زانیویەتی بۆچی سەفەرەکەی دواخستووە.

چونکە گریگۆری، ئێستا گریشا، قوزاقە گەنجە سەرکێش و ڕوودارەکەی جاران نەبوو، بەڵکو فەرماندەی فیرقەیەك بوو. هەرچەندە نەجمەو نیشانانی نە دەبەست، بەڵام جەنەڕاڵێك بوو کە هەزاران قوزاق، فەرمانبەرداریان دەکرد، لای هەموو کەسێك گریگۆری پانتلیوفیچی بە ڕێزو حورمەت بوو. ئیدی پانتلی پروکوفیوچێك کە هەرگیز لە پلەی عەریفی هێوەتر نەڕۆیی بوو، چۆن دەیتوانی، دەست لە جەنەڕاڵێك، با کوڕی خۆیشی بێت، بکاتەوە وڕوو بە ڕووی ببێتەوە؟ هەستی زەبت و ڕەبت پەروەوری، ڕێگەی ئەوەی نەدەدا هەر بیریش لە کاری وا بکاتەوە. بۆیە هەستی دەکرد دەستی بە ستراونەتەوە، لە ئاستی گریگۆریدا هەستی بە نیگەرانی و جۆرە غوربەت و نامۆییەك دەکرد. مەسەلەکە هەر هەمووی ئەم پێشکەوتنە سەیرە بوو کە گریگۆری بەدەستی هێنابوو. تەنانەت پێرێکەش، کە لە سەر جووت، گریگۆری لێی تووڕە بوو بوو بە توندی تێی خوڕی بوو.. "ها، چیە، بۆچی دەمت داچەقاندووە و لەوێ وەستاوی؟ ئەو گاسن و هەوجاڕە بێنە!" پیرەمێرد بە خورتی خۆی زەوت کرد بوو و قسەی نەکرد بوو... ماوەیەك بوو، وەکو ئەوە وابوو کە جێگاکانیان گۆڕیبێتەوە: گریگۆری ئەمری بە بابە پیرەکەی دەکردو، ئەویش، گوێڕایەڵانە بە گوێی دەکردو فەرمانەکانی جێبەجێ دەکردو وەکو وەڕوێرکە بە دەمیەوە دەچوو و هەوڵیدەدا ڕازی بکات و دڵی ڕابگرێت... لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەڵێت لە باران دەترسێت! بارانی چی. ئاخر باران لە سایەقە دەباریٚ؟ بایەکەی بای ڕۆژهەڵاتە، تەنیا پەڵە هەورێکی بچووك بە ئاسمانەوەیە! یانی بچم بە ناتالیا بڵێم؟"

پانتلی پروکوفیوچ، دوای ئەو بیرۆکەیە هەستی بە جۆرە ئاسوودەییەك کرد، بەرەو ماڵ کەوتە ڕێ، بە ڵام هەر زوو ژێوان بووەوە و لە ترسی ئەوەی نەبا ئاژاوەو قەرقەشە بکەوێتە ناو ماڵەکەیان، دیسان گەڕایەوە سەر تاشینی ئەو مژانەی کە خەریکی دروست کردنی بوو...

ئەکسینیا، دوای ئەوەی گەیشتەوە ماڵ چوو بۆ بەر ئەو ئاوێنەیەی کە نرابوو بە دیواری کوورەکەوە، ماوەیەکی زۆر ڕوانیە سەرو سیمای خۆی، هەرچەندە پیری ڕووی تێکرد بوو، بەڵام هێشتا هەر جوان بوو، ئەکسینیا هەمان جوانی ئەفسوناوی دڵگیری خۆی پاراستبوو، بەڵام پایزی ژیان، کەمێك ئاڵی گۆناکانی لێڵ کردبوو، پێڵوەکانی زەرد هەڵگەڕا بوون، داوی سپی کەوتبوونە قژی و تەمی خەم نیشتبووە سەر چاوە پرشنگدارو گەشەکانی.

ئەکسینیا، ماوەیەکی زۆر بەو دەقەوە، لە هەنبەر ئاوێنەکەدا وەستا. ئەوسا بەرەو تەختە خەوەکە ڕۆیی و بەدەما لێی کەوت و، گریا ئەمما گریان، زۆر لە مێژ بوو، وا بە کوڵ، وا بە دڵ نەگریا بوو، گریانی ئەوەندە شیرین، هێندە سووکنایی بەخشی بە خۆوە نەبینی بوو.

زستانان، بای ساردو تەزی، بە سەر تاوێرە ڕکەکانی بەستێنی دۆندا، بە سەر لوتکەکاندا، بە لوورە لوور دێت، وردە بەفری سەر گردەکان دەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێ، دەیهێنێ و لە شوێنێکدا کەڵەکەیان دەکات. یان لۆ لۆ بڵاویان دەکاتەوە و دەیان پەستێتەوە. ئەم کۆما بەفرە، لە سەر سەهۆڵ و زوقمان کەڵەکە دەبێت، وەکو قەند لە بەر تیشکی هەتاوا دەدرەوشێتەوە، هەر دەمەی بە ڕەنگێ خۆی دەنوێنێ. بەیانیانی شەبەقی شین، بەیانیان وەنەوشەیی کاڵ، ئێواران، پەمەیی دەنوێنێ، بەو دەقەوە، بە کپی و خامۆشییەکی ترسناك و بەسامەوە دەمێنێتەوە، تا زەوی گەرم

دەبێت، نێر دەبێتەوە و بەرە بەرە لە ژێرەوە بنکەندی دەکات و دەیتوێنێتەوە، یان بەرگەی قورسی خۆی ناگرێت و دەگەڵ گێژەلوکەیەکی توندا، هەرەس دێنێ و بەدەم نەرمە ناڵەوە هەرچی بنچك و درِك و داڵ و ئەو دەوەنانەی بە شەرمەوە خۆیان بە قەدپاڵەکانەوە چەسپاندووە، دەگەڵ خۆیدا ڕادەماڵێت و بە دەم گێژەلوکەیەکی زیو ئاساوە، بەرەو ئاسمان بە رزی دەکاتەوە.

ئەو سەوداو ئەڤینەی کە بە درێژایی چەندین ساڵ لە ناخ و دڵی ئەکسینیادا کەڵەکە بوو بوو وەکو ئەو بەفرە، تەنیا پێویستی بە پاڵێکی بچکۆلە بوو کە بیجوڵێنێ. یانی دیدارو سڵاوە گەرم و ناسکەکەی گریگۆری.. "سڵاو ئەکسینیا گیان" بەس بوو. ئەدی گریگۆری بەخۆی دەیکردە چی؟ ئایا :گیان و دڵی ئەکسینیا نەبوو؟" ئایا بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە، هەموو ڕۆژ و هەموو سەعاتێك، بە خەیاڵ دەگەڵ گریگۆریدا نەدەژیا؟ ئایا بۆ ساتێك ئەوی لە بیر دەکرد؟ بە ردەوام هۆش و گۆشی لە گەڵ بچووکترین بیرەوەریدا، دەگەڵ هەر هەنگاوێکا کە دەینا، بە دەوری ئەودا دەسوڕایەوە، ڕێك وەکو ئەو هێسترەی چاوی دەبەستنەوەو بەردەوام بە دەوری ناعوردا دەسوڕێتەوە...

ئەکسینیا تا ئێوارێ لە سەر تەختەکە ڕاکشا و پاشان بە چاوانی ئاوساوەوە هەستا، چوو دەست و چاوی شت، وەکو کیژێك پێش یەکەمین دیداری دەزگیرانەکەی، بە پەلە قژەکەی شانە کرد، کراسێکی پاکی بە سەر تەنوورەیەکی وەنەوشەیی سوورا لە بەرکرد، سەرپۆشێکی بە سەریا دا، لە ئاوێنەکەدا تەمەشایەکی خۆی کردو چووە دەرەوە.

بولێڵێکی ئاماڵ شین باڵی بە سەر تاتارسکیدا دەکێشا. قازە کێوی بە سەر چەمە نزارانی ئاو گرتەی سێڵاواناوە، بە دەم فڕینەوە هاواریان دەکرد. مانگی ڕەنگ زەردی نەخۆش ئاسا، بەرە بەرە لە پشت سپیدارەکانی کەنارێن دۆنەوە بەرز دەبووەوە. کە تریفەی مانگەکە لە ئاوەکەی دەدا، ئاوەکە وەکو ڕێگایەك دەبریقایەوەو بەدەم بایەکەوە دەلەرییەوە، هێشتا دنیا ڕوناك بوو کە پەزو ماڵات لە دەرو دەشت گەڕانەوە. گاو گۆتاڵ، کە لە گیای تازەو ناسك تێر نە بوو بوون، لە تەویلەو گەوڕاندا، نەعرەتەیان دەکێشا. ئەکسینیا نەوەستا تا مانگاکەی بدۆشێت، بەڵکو گوێرەکە قەپۆز سپییەکەی بەڕەڵا کرد تا بڕوات بۆ لای دایکی. گوێرەکەکە بە تاسەوە دەمی نا بە گوانە لاوازەکەی دایکییەوە، کلکی با دەداو، پاشووەکانی دەجوڵاندو بڵاوی دەکردنەوە.

داریا میلیخوف تازە لە شیردۆشین بوو بووەوە، سەتڵێ شیرو شیرپاڵێوێکی بە دەستەوە بوو و بۆ ماڵ دەگەڕایەوە.لە پڕ .لەپشت پەرژینەکەوە گوێی لە دەنگێك بوو بانگی دەکرد:

– داریا!

– کێیە؟

– منم، ئەکسینیا... دەقیقەیەك تا ئێرە وەرە، ئیشم پێتە.

– جا من چ کارێکم لە دەست دێت بۆ تۆ؟

– با، وەرە، تو ئەو خوایە وەرە.

– ئەم شیرە دەپاڵێوم و دێم.

– من لە حەوشەی خۆمان چاوەڕێت دەکەم.

- باشە.

داریا، دوای تۆزێك لە ماڵ وەدەركەوت، ئەكسینیا لەبەر دەروازەی ماڵی خۆیاندا چاوەڕوانی بوو. داریا بۆنی شیری تازەو گەوڕی مانگای لێدەهات. زۆری پێ سەیر بوو كە ئەكسینیا جلی تازەو خاوێنی لە بەربوو، دەتگوت خۆی بۆ جەژن ڕازاندبووەوە.

- هاوسێ، ئەم ئیوارەیە زوو لە كار بوویتەوە!

- كە ستیپان لە ماڵ نەبێ، كارێكی ئەوتۆم نیە. هەیەو نیە چێڵێكەو تەواو. چێشتیش تەقریبەن لێنانەم، هەرچیەك حازر بێ دەیخۆم و هەڵدەستمە سەر پێیان.

- منت بۆچی بوو؟

- دەقیقەیەك وەرە ژوورەوە، قسەیەكم پێتە.

دەنگی ئەكسینیا دەلەرزی. داریا كە بە مەزەندە هۆی ئەم دیدارەی دەزانی، بێئەوەی هیچ بڵێ دوای كەوت. ئەكسینیا، هەركە وەژووركەوت، بێئەوەی چرا داگیرسێنێت سندوقەكەی خۆی كردەوەو كەوتە گەڕان بە ناویدا، پاشان دەستی داریای بە دەستە وشك و گەرمەكانی خۆی گرت و بەپەلە موستیلەیەكی لە قامكی كرد.

- ئەمە چیە؟ موستیلەیە؟ دەیدەیتە من؟

- بەڵێ بۆ تۆ. هەڵیگرە بە یادگاری...

داریا كە لەو كارانەدا، كارامە بوو پرسی:

- زێڕە؟

چووە بەر پەنجەرەكە، تا لەبەر هەیڤە شەوەكەدا تەمەشای موستیلەكە بكات.

- بەڵێ، زێڕە، هەڵیگرە بۆ خۆت..

- باشە، زۆر سوپاس!... بەڵام لە جیاتی ئەمە چیت بۆ بكەم؟

- بە... بە گریگۆری بڵێ بێت بۆلام.

داریا، وەكو كەسێكی بە ئەزموون، بزەیەكی كردو گوتی:

- دیسان بەزمەكە دەستی پێكردەوە؟

ئەكسینیا، بە ڕادەیەك سوور بۆوە، كە فرمێسك زابییە چاوانی. بە ترسەوە گوتی:

- نا، نا ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ خەیاڵی خراپ مەكە. دەمەوێ باسی ستیپانی لە گەڵ بكەم، بەڵكو بتوانێ مۆڵەتێكی بۆ وەربگرێت...

داریا، فێڵبازانە پرسی:

- باشە، بۆچی بە خۆت نەهاتی بۆ ماڵمان؟ ئەگەر ڕاستەو قسەت پێی هەیە، دەتتوانی لەوێ قسەی لەگەڵ بكەیت.

- نا، نا،... ڕەنگە ناتالیا گومانی خراپ بكات... ماقوول نیە...

- باشە، پێی دەڵێم، شەرمی لێناكەم.

***

گریگـۆری، شـیوەکەی خـوارد. تـازە کەوچـکەکەی لـە سـەر مێزەکـە دانـابوو بـە دەسـت سمێڵـە چەورەکەی سڕی بوو، کە هەستی کرد پێیەك لە ژێر مێزەکەوە بەر پێی دەکەوێت. سەری هەڵبڕی و بینی کـە داریـا ئاماژەیـەکی سـووکی بۆ کـرد. تـووڕە بـوو و لـە دڵـی خۆیـدا گـوتی: "ئەگـەر، بـە تـەمابێت ڕام بکێشـێت و شـوێنی پیوتـەری بـۆ بگرمـەوە، دەیبـەم بـۆ خەرمانگاکـەو لـەوێ داوێـنی تەنوورەکەی دەدەم بە سەریا و وەکو سەگ بەر قامچی دەدەم و دەی تۆپێنم" چەند ڕۆژێك بوو، زۆر لە ڕەفتاری بێمانای براژنەکەی بێزار بوو، تەواو لێی پڕ بوو. وێڕای ئەمەش لە سەر مێزەکە هەسـتا، سـیغارێکی پێکـردو بـەکاوەخۆ چـوو بـۆ دەرەوە. داریـاش یەکسـەر دوای کـەوت. لـە ڕاڕەوەکەدا تەقریبەن سینگی نا بەسینگیەوەو لەبن لێوانەوە پێی گوت:

– دەی... سەرتاشراو بڕۆ! داوات دەکات.

گریگۆری بەلەز پرسی:

– کێ؟

– ئەو!

دوای سـەعاتێك، کـاتێ ناتالیـاو منداڵـەکان خـەوتن، گریگـۆری بـە پاڵتۆیەکـەوە کـە هـەموو دوگمەکانی داخست بوو، دەگەڵ ئەکسینیادا لە دەروازەکەی ماڵی ستاخۆفەوە وەدەرکەوتن. بۆ ساتێك بێئەوەی ورتە بکەن، لە لاکۆڵانێکا وەستان ودیسان بێئەوەی هیچ شتێك بڵێن، کڕوکپ بەرەو دەشتەکە، پەل، بوونەوە. دەشتی چی، کڕو کپ، تاریك، نوقمی بۆنی گیای تازە، پیاوی مەست دەکرد، گریگۆری یەخەی پاڵتۆکەی خۆی کردەوە، ئەکسینیای ڕاکێشایە ژێر پاڵتۆکەی توند بەخۆیەوە گوشی، هەستی کرد ئەکسینیا دەلەرزێت و دڵی لە ژێر کراسەکەیەوە خێرا خێرا لێدەدا...

"٥١"

ڕۆژی پاشی، پێش ئەوەی گریگۆری بڕوات، گەنگەشەیەکی کورت و توند کەوتە نێوان ئەو و ناتالیاوە. ناتالیا بردیە لاوە و لە بن لێوانەوە لێی پرسی:

– دوێشەو چوویتە کوێ؟ بەو درەنگە شەوە لە کوێ گەڕایتەوە؟

– بۆچی ئەوەندە درەنگ بوو؟

– وەیش، درەنگ نەبوو؟ من لە گەڵ بانگی یەکەمی کەڵەبابدا خەبەرم بووەوە تۆ هێشتا نە هاتبوویەوە...

– کودینوف هاتبوو. دەبوایە بیدینم و باسی مەسەلە عەسکەرییەکانی خۆمان بکەین. ئیدی ئەمە کاری تۆ، بەو ئەقڵە ژنانەیەتەوە، نیە.

– باشە بۆ نەهات شەوێ لێرە، لە ماڵی ئێمە بە سەر بەرێت.

– پەلەی بوو بۆ ڤیشنسکایا بگەڕێتەوە.

– لەماڵی کێ مایەوە؟

– لە ماڵی ئابوچینگوف. خزمایەتیەکی دووری لە گەڵیاندا هەیە.

ناتالیا هیچ پرسیارێکی دیکەی نەکرد. خویا بوو کە دوودڵە، بە ڵام پرشنگێکی نهێنی بە چاوانیەوە بوو، کە نەیدەهێشت حەقیقەتی ئەندێشەکانی بەدیار بکەوێت و گریگۆری بزانێت کە ئاخۆ باوەڕی بە قسەکانی کردووە یان نا.

گریگۆری، بە لەز نانی خوارد. پانتلی پروکوفیچ، چوو تا ئەسپەکەی بۆ زین بکات، ئیلی نیچنا، بە دەم خاچ کێشانەوە ماچی دەکردو پەیتا پەیتا بە گوێیدا دەچپاند:

– کوڕم، خوا، خوا... خوا لە بیر مەکە. بیستوومانە کە گوایە تۆ دەریاوانەکانت بە شمشێر قەتڵ وعام کردووە... خودایا!... گریشنکا، بیر بکەوە. بیر لە منداڵە جوانەکانت بکەوە. هەڵبەتە ئەوانەش کە تۆ کوشتووتن منداڵیان لەپاش بەجێماوە. ئاخر شتی وا چۆن دەبیٚ؟ کە منداڵ بوویت چەند میهرەبان بوویت، بەڵام ئێستا، هەمیشە ڕوو گرژو مۆن چارەت داوە بە یەکاو دیارە ئێستا دڵت بووە بە دڵی گورگ... گویٚ لە قسەی دایکی خۆت بگرە گریشنکا. تۆ لە پلاری چارەنووس بە دەر نیت، لەوەیە تۆش بە شمشێری پیاوێکی دڕو دڕندە بکوژرێی...

گریگۆری، بزەیەکی ساردی بۆ کرد، دەستە ڕەق و تەقەکانی دایکی ماچ کردو چوو بۆ لای ناتالیا. ناتالیا بە ساردیەوە ماچێکی کردو ڕووی وەرگێڕا. گریگۆری لە جیاتی فرمێسك، ڕق و کینەیەکی شاراوەی لە چاوەکانیا بەدی کرد. ئەوسا خواحافیزی لە منداڵەکانی کردو کەوتە ڕیٚ.

لەوکاتەدا کە پێی دەخستە نێو ئاوزەنگیەکەو دەستی بە یاڵە چڕەکەی ئەسپەکەوە گرتبوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: "با بڕۆم. ژیانم گۆڕاوە، بە ئاڕاستەیەکی دیدا دەڕوات... دڵم سارد و چۆڵە... تەنانەت ئەکسینیاش ناتوانیٚ پڕی بکاتەوە..."

بێئەوەی ئاوڕێك بداتەوەو تەمەشایەکی خانەوادەکەی بکات کە لە بەر دەروازەکەدا کۆبووبوونەوە، بە کاوەخۆ، بە سواری ئەسپەکەی، بە جادەکەدا داگەڕا. کە بە بەر ماڵی ستاخوفدا ، تێدەپەڕی، بە گۆشەی چاو تەمەشایەکی پەنجەرەکانی کرد، ئەکسینیای لە بەر دوا پەنجەرەی ژوورەکەدا بەدی کرد. ئەکسینیا، بە زەردەخەنەوە دەستە سڕە گوڵدۆزیەکەی بۆ تەکان داو پاشان گرمۆڵەی کردو نایە سەر دەم و پێڵوی چاوەکانی کە لە کەم خەویدا ئاوسا بوون و شین بوو بوونەوە.

گریگۆری، ئەسپەکەی لینگ دا، بە چوار ناڵە بە گردەکەدا هەڵگەڕا. لە ترۆپکی گردەکەدا دوو سوارو عەرەبانەیەکی بینی کە بە جادە هاوینەکەدا، بە کاوەخۆ بەرەو ئەو دێن. گریگۆری، ئانتیپی کوڕی ئاڤدیچە (درۆزن) و هەروەها سترمیانیکوڤ ناسینەوە. سترمیانیکوف، قوزاقێکی گەنجی ڕەشتاڵەی خەڵکی گەڕەکی سە رووی ئاوایی بوو، کە عەرەبانەکەی بینی، دوو گا ڕایان دەکێشا، لە دڵی خۆیدا گوتی: "جەنازەیان پێیە." لە دوورەوە لێی پرسین:

– ئەمانە کێن؟

– ئەلیکسی شامیل، ئیڤان تومیلین و یاکوف (ناڵە ئەسپ).

– کوژراون؟

– بەڵیٚ.

– کەی؟

– دوێنێ ئێوارە.

– ئەدی تۆپخانەکە سەلامەتە؟

– بەڵێ. سوورەکان، تۆپچیەکانمانیان لە بارەگای خۆیاندا، لە کالینوف ئوگڵ غافڵگیر کردووە. ئیدی ئەلیکسی بە ڕێکەوت کوژراوە.

گریگۆری، کڵاوەکەی داکەندو لە ئەسپەکەی دابەزی. پیرەژنێکی قوزاقی، خەڵکی ناوچەی چیر، کە گالیسکەکەی داژۆت، گایەکانی ڕاگرت. جەنازەکان بە پاڵ یەکەوە ڕیز کرابوون. پێش ئەوەی گریگۆری لێیان نزیك ببێتەوە، بایەکە، بۆساردی جەنازەکانی بە سەریا هێنا. ئەلیکسی شامیل، لە ناوەڕاستەوە بوو. دوگمەێن قەمسەڵە شینباوەکەی کرابوونەوە، قۆڵی، دەستە بێ قۆڵەکەی لە ژێر سەریا گرمۆڵە بوو بوو، پاشماوەی قۆڵە بڕاوەکەی، لە کۆنە پەڕۆیەکی چڵکنەوە پێچرا بوو و لەسەر سینگە بێ هەناسەکەی دانرا بوو. ژارخەنێك نیشتبووە سەر دەم و لێوی، ددانە سپیەکانی بە دەرەوە بوون، تووڕەییەکی شێتانەی هەتا هەتایی بە سەر لێویەوە جەمەدی بوو. بەڵام چاوە مۆنەکانی بە ئارامی ،خەیاڵی و خەمناك دەیانڕوانیە ئاسمان و ئەو پەڵە هەورانەی بە سەر دەشتەکەدا بە بەرزیەوە، دەسوڕانەوە.

ڕوخساری تومیلین نە دەناسرایەوە. لە ڕاستیا ڕوخساری نەمابوو، شتێکی سووری بێ شێوە بوو کە بە شمشێر قیرو قاج شەق کرابوو. یاکوف "ناڵە ئەسپ" لە سەر لا کەوتبوو، ڕەنگی بوو بوو بە زەعفەرانی زەرد: ملی خوار بوو بوو و سەری تەقریبەن بە تەواوەتی لە لەشی جیا بوو بووەوە. ئێسکی کەڵەمەی (چەڵەمە)ی شانی کە شکا بوو، لە شانی کراسەکەیەوە هاتبووە دەرێ. شوێنەواری گوللەیەك، کونێکی خوێناوی ئەستێرە ئاسایی کرد بووە ناوچەوانی، ڕێك بە سەر چاویەوە. بێگومان یەکێك لە سەربازانی سوپای سوور، بەدەم ئاوزینگەوە (ئاویلکە) دیتویەتی و بەزەیی بە حاڵیا هاتبووەو دڵی پێی سووتا بوو و گوللەیەکی پێوە نابوو تا ڕزگاری بێت. چونکە شوێنەواری سووتان و پەڵەی ڕەشی باروت بە ڕوخساریەوە مابوو. گریگۆری پێشنیازی کرد:

– براینە، با یادی هاوڕێکانمان بکەینەوەو بۆ ئارامی ڕۆحی وان، جگەرەیەك بکێشین.

گریگۆری، کەمێك دوورکەوتەوە، قایشی تەنگەی ئەسپەکەی شل کردەوە، لغاوی ئەسپەکەی دەرهێنا، هەوساری لە دەستی چەپی ئەسپەکە بەست و بەرەڵای کرد تا سەوزە گیای ناسکی ئاوریشمین بخوات.

ئانتیپ و سترمیانیکوف، لە ئەسپەکانیان دابەزین، ئەسپەکانی خۆیان پێوەند کرد و بەرەڵایان کردن تا بلەوەڕن. بە خۆشیان لە ئەرزەکە ڕاکشان ودەستیان بە جگەرە کێشان کرد. گریگۆری بە دەم تەمەشا کردنی یەکێك لە گیایەکانەوە، کە هێشتا تووکە زبرەکانی بەر نەدابوو بەرەو بنچکە گادەمەیەك دەڕۆیی. پرسی:

– شامیل، چۆنی کوژرا؟

– دەزانی، گریگۆری پانتیلوفیچ، لە کەری خۆی کوژرا.

– چۆن؟

سترمیانیکوف، هاتە ئاخاوتن:

– مەسەلەکە بەمجۆرە بوو: دوێنێ نیوەڕۆ بە دەورێ دەرچوو بووین. پلاتوف ریابچیکوف بەخۆی ناردمانی. فەرماندەکەمان عەریفێك بوو. ئەرێ ئانتیپ، ئەو عەریفەی دوێنێ لە گەڵمان بوو نێوی چی بوو؟

– چوزانم؟

– دەی، سەری بە قەبری بابی! لە سریەکانی خۆمان نیە. بەڵێ چوارده نەفەر بووین، کە کەوتینەڕێ (شامیل)شمان لە گەڵدا بوو. دوێنێ بە درێژایی ڕۆژەکە دڵی خۆش بوو وبەردەوام پێدەکەنی. مردنی هەر لە بیر نەبوو. ئێمە دەڕۆیشتین و ئەو قۆڵە براوەکەی تەکان دەدا، هەوسارەکەی بە قەڵبوسی زینەکەوە بەستبوو و دەیگوت: "ئاخ! کەنگێ گریگۆری پانتیلوفیچی ئازیزمان دەگەڕێتەوە؟ چەند حەزدەکەم ڤۆدگای لە گەڵدا بخۆمەوە و گۆرانی بڵێم." و بەردەام تا گەیشتینە تەپەی لاتیشفسکی، هەر گۆرانی دەگوت:

ئێمە لە کۆسارانەوە

وەکو گوللە دەرپەڕین

هەموومان، قوزاقانی دۆن

بە تفەنگ کەوتینە تەقە.

بەو جۆرە تاکو دۆڵی توپکۆی داگەڕاین، عەریفەکە گوتی: "کوڕینە، سوورەکان، لە هیچ شوێنێکەوە دیار نین، وا دیارە لە گوندی ئەستاخۆڤۆ وەدەرنەکەوتوون. ئەوانە جووتیارو گوندین، جووتیاری ڕووس عادەتیان نیە زوو لە خەو ڕابن. پێموایە هێشتا هەر خەریکی خواردنن و مریشکی ئۆکرانی دەکوڵێنن و دەبرژێنن. با ئێمە پشوویەك بدەین و ئەسپەکانمان لە ئارەقەدا هەڵکشاون." پێمانگوت: "زۆر باشە، مردوو لەوەی پاکتر ناشۆردرێ." ئەوە بوو، دابەزین و لە نێو سەوزەرارەکەدا لێی ڕاکشاین و پاسەوانێکمانیش لە سەر گردەکە دانا. بەڵێ، ڕاکشابووین. تەمەشام کرد، سەیرم کرد شامیلی بێچارە، خەریکی ئەسپەکەیەتی و قایشی زینەکەی شل دەکاتەوە. پێمگوت: "ئەلیکسی، هەق نیە ئەو قایش و قروشە شل بکەیتەوە. ئەگەر خوا نەکردە ناچاربین، زوو بڕۆین، چۆن بە تاقە دەستێك ئەو هەموو قایش و قروشەت بۆ توند دەکرێتەوە؟" پێکەنی و گوتی: "لە تۆ زووتر توندی دەکەمەوە. تۆ من فێری شت مەکە فیسقە گوولە." بەڵێ تەنگ و پالۆی ئەسپەکەی شل کردەوەو لغاوەکەی لە دەم دەرێنا. ماوەیەك ڕاکشاین. ئیدی یەکێك سیغاری دەکێشا. یەکێك حیکایەتی دەگێڕایەوە. یەکێك وەنەوزی دەدا، پاسەوانەکەشمان لە سەر گردەکە، لەبن دارێك ڕاکشا بوو و خەو بردبوویەوە. نامەردە خەوی لێکەوتبوو و خەوی زێڕینی دەبینی. من گویم لە دەنگێك بوو، لە هانکە هانك و پڕمە پڕمی دووری ئەسپێك دەچوو. حەزم نەدەکرد هەستم، بەڵام بە نەبەدڵی هەر هەستام و تا سەر گردەکە ڕۆیشتم. تەمەشام کرد، لە سەد شەقاوی ئێمەوە، ژمارەیەك سەربازی سوورم بەدی کرد، کە لە قوڵایی دۆڵەکەوە دەهاتن. فەرماندەکەیان، بە سواری ئەسپێکی شێ لە پێش هەموویانەوە بوو، بە ڕاستی ئەسپێکی جوان بوو. دەتگوت شێرە. ڕەشاشێکی زرێداریان پێبوو. من دوو پێم هەبوو، دوانی دیکەشم بۆ قەرز کردو بە ڕاکردن هاتمە خوارەوە، هاوارم کرد: "فریا کەون،

سورەکان هاتن!" هەڵبەتە ئەوانیش منیان دیتبوو، گوێمان لە دەنگی فەرماندەکەیان بوو کە فرمانی دەدا. بە ڕاکردن چووین بۆلای ئەسپەکانمان. عەریفەکەمان هەڵیکێشایە شمشێرو دەیویست هێرش بەرین، بەڵام کار لە هێرشا مابوو؟ ئێمە چواردە نەفەر بووین، ئەوان پەنجا، ڕەشاشێکیانش پێبوو. سوار بووین ئەسپەکانمان وەکو با تاودا. ڕیزێکی ڕەشاشیان پێوەناین، سەیریان کرد بێفایدەیە، ئاخر ئێمە لە پەنای کەندەکەدا بووین. ئەوە بوو دوومان کەوتن. بەڵام ئەسپەکانی ئێمە لە هینەکانی ئەوان ڕەهوانتر (خۆشبەز) بوون. توانیمان نزیکەی دووسەد مەترێك لێیان دوور بکەوینەوە. ئیدی دابەزین و دەستمان بە تەقە کرد. لەو کەین و بەینەدا بۆمان دەرکەوت کە (شامیل)مان لە گەڵدا نیە. کاتێ کە ڕامان کرد بوو بۆلای ئەسپەکانمان ئەویش چوو بوو بۆلای ئەسپەکەی، بەدەستە ساغەکەی قەڵبوسی زینەکەی گرتبوو، بەڵام کە پێی نابووە ناو ڕکێفەکە، زینەکە سوڕا بوو و کەوتبووە ژێر سکی ئەسپەکە و ئیدی نەیتوانی بوو سواری ئەسپەکەی ببێت و بە تاقی تەنیا ڕوو بە ڕووی سوورەکان بوو بووەوە. بەڵام ئەسپەکەی هەرچۆنێ بێ خۆی گەیاندە ئێمە، هانکە هانکی پێکەوتبوو، زینەکەش بە ژێر سکیەوە هەر تەکە تەکی بوو. هێندە ترسا بوو، نەیدەهێشت کەس توخنی بکەوێت. بەڵێ شامیل بەو جۆرە خۆی دانا. ئەگەر بە رۆك و تەنگی زینەکەی شل نەکردبوایەوە، ئێستا بۆ خۆی زندوو بوو، بەڵام، ئیدی...

سترمیانیکوف، لە ژێر سمێڵە بچووکە ڕەشەکەیەوە بزەیەکی بۆ کردو لە کۆتاییدا گوتی:

– دوێنێ بەردەوام ئەم گۆرانیەی دەگوت:

ئەی باپیرە ورچە

گایەکەم بکوژەو

سەرم ڕەحەت بکە!

ئیدی، سەریان ڕەحەت کرد. وایانکوشتووە نا ناسرێتەوە. وەکو گای قەسابخانە، خوێنی تیا نەماوە... پاشان دوای ئەوەی سوورەکانمان ڕاونا، چووینەوە هەمان شوێن، سەیرمان کرد، هێندەی خوێن لە بەر ڕۆییوە، لە تۆ وایە گایەکیان لەوێندەر سەربڕیوە.

پیرەژن، سەرپۆشەکەی کە کردبووی بە سێبەر بۆ دەموچاوی، لابردو بەبێ حەوسەڵەیی پرسی:

– نەڕۆین؟

– دایە گیان پەلە مەکە، تۆزێکی دی دەڕۆین.

– چۆن پەلە نەکەم؟ ئەم جەنازانە بۆنێکی وەهایان لێدێت کە سەردار بێ سەر دەکەن.

ئانتیپ، کەمێك لە فکران ڕاچوو و گوتی:

– بۆچی بۆنیان لێنەیات؟ داماوانە تا حەزکەی گۆشتیان خواردووە، دە گەڵ ژنانداا ڕایان بواردووە، کەسێك کە ئەو کارانە بکات، بە زندوویەتیش هەر بۆگەنن. دەڵێن تەنیا خواناسان، پیاوچاکان لە مردنا بۆنی خۆشیان لێدێت. بەڵام بە بۆچوونی من، ئەم قسەیە درۆیە. درۆیەکی شاخدارە. چەندیش پیاو چاك و خواناس بن، لە دوای مردن هەموو وەکو یەکن. ئەمە قانوونی سروشتە، هەر هەموو لە ئابخانە بۆگەنترن. ئانتیپ گەییە ئەم ئەنجامگیرییە: خواناسانیش،

خواردنیان بە گەدە هەرس دەکەن، ئەوانیش هەمان ورگ و ڕیخۆڵەیان هەیە کە خوا بە کەسانی دیکەی داوە.

سترمیانیکوف، لە خوتو خۆڕایی، بێئەوەی کەس بزانێ بۆ، تووڕە بوو و هاواری کرد:

– چ پێویست دەکات تۆ باسی خواناس و قەدیسان بکەیت؟ چیت داوە بە سەریانەوە؟ هەستە با بڕۆین.

گریگۆری، خواحافیزی لە قوزاقەکان کردو بۆ ئەدای ڕێزو حورمەت چوو دوا تەمەشای مردووەکانی کرد. سەیری کرد هەرسێکیان پێخاوس و سێ جووت چەکمە لای پایانەوە دانراوە.

– بۆچی چەکمەکانیان، لەپێیان داکەندووە؟

– قوزاقەکانی خۆمان ئەو کارەیان کرد، گریگۆری پانتلیوفیچ. ئەو ڕەحمەتیانە، هەرسێکیان چەکمەکانیان باش بوو، ئیدی لە سریەکەدا وا بەباش زانرا، چەکەمە باشەکانیان لە پێ دابکەندرێ و بدرێ بەوانەی چەکمەکانیان کۆن و خراپە و ئەو چەکمە خراپانە لە گەڵ جەنازەکاندا بۆ گوندی بنێرنەوە. گوتمان ئاخر ئەمانە ماڵ و منداڵیان هەیە، دەتوانن چەکمەکانیان بە کاربەرن.. ئانیکوشکا گوتی: "خۆ مردووەکان جارێکی دی بەپێ ناڕۆن. سواری ئەسپ نابن، چەکمەکانی شامیل بدەنە من. بنەکەی هێشتا قایمە، دەنا تا ئەوکاتەی ڕێدەکەوێ کە من بتوانم چەکمەی بابایەکی سوور لە پێی دابکەنم. لە سەرما دەمرم." بەو جۆرە چەکمەکانمان لە پێیان داکەندو، سێ جووتی کۆنمان لە جیاتیان دانا.

گریگۆری کەوتە ڕێ، لە کاتیکا کە دوور دەکەوتەوە گوێی لێبوو قوزاقەکان لێیان بوو بە گەنگەشەو مشت و مڕ. سترمیانیکوف، بە دەنگە بەرزەکەی هاواری دەکرد:

– ئەرێ ئەوە تۆ باسی چیدەکەی، قەدیس و خوا ناسی چی ئانتیپ. ئاخر بە خۆڕایی ناز ناوی (درۆزن)یان لە بابت ناوە. میللەتی قوزاق هەرگیز قەدیس و خواناسیان تیا هەڵنەکەوتووە، هەموویان هەر جوتیارو دێهاتی بوون.

– با، قەدیسی تیا هەڵکەوتووە.

– قسەی هەلەق و مەلەق دەکەی.

– با، تیایا هەڵکەوتووە.

– وەکو کێ؟

– ئەدی سان جۆرج چیە؟

– بەدبەخت، تۆبە بکە، خاچ بکێشە! چما ئەو قوزاق بوو؟

– قوزاقێکی پەتی بوو، خەڵکی دۆن، خەڵکی ناوچەیەکی خوارووی دۆن، وابزانم خەڵکی سمیکاراکورسکایا بوو.

– چەند قسەی هیچ دەکەی! ئەو پیاوە لە بنی قوزاق نەبوو.

– قوزاق نەبوو؟ ئەدی بۆچی لە وێنەکەیدا هەمیشە نێزەی بە دەستەوەیە؟

گریگـۆری، گـوێی لـە پاشمـاوەی ئـەم گەنگەشـەیە نـەبوو. ئەسـپەکەی بـە یورغـە لینگـدا و لـە هەورازەکەوە داگەڕا، کاتێ کە لە جادەی ئەتامانەکانەو تێدەپەڕی، عەرەبانەکەو ئەو دوو سوارەی بینی کە بە کاوە خۆ بەرەو گوندەکە نشێو دەبوونەوە.

گریگـۆری، تەقریبـەن تـا گارگینسـکایا هـەر بـە یورغـە ڕۆیـی. نەرمـە بایـەك یـاری بـە یـاڵ و بـژی ئەسپەکەی دەکردو ئەسپەکەی کـەمترین ئارەقـەی نـەکردەوە. سمۆرەی کێـوی درێژکۆڵـە بـە زیکـە زیـك، بـە پەلـە پـەل لـە جادەکـە دەپەڕینـەوە. ئـەم زیکـە زیکـەیان، تـەواو دە گـەڵ ئـەو بێدەنگیـە غەریبەدا کە باڵی بە سەر هەردەو دەشتەکەدا کێشا بوو، تێکی دەکردەوە، نێرە چرگان (مێشە سی) لە گردو زورگەکانی ئەمبەرو ئەو بەری جادەکەوە بە نزمیەوە دەفڕین. یەکێکیان کە وەکو بەفر سپی بوو لەبەر هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە، بە توندی باڵی لیك دەدان و بە ئاسمانا بەرز دەبـووەوە، کـە تـەواو بـەرز بـووەوە دەتگـوت لـە ئاسمـانی بـەرینی شـیندا مەلـە دەکـات. بـە دەم فڕینـەوە ملـی، کـە نـەوارێکی پـەڕی ڕەشـی مەخمـەلی دەوری دابـوو، درێـژ دەبـووەوە. بـۆ چـەند چرکەیەك ڕۆیی، دوای نزیکەی دووسەد مەتریك، لە کاتێکا باڵەکانی خێراتر دەجوڵان و خۆی بێ جوڵە دیاربوو، ڕاست داکشاو بەرەو خوار داهاتەوە. ڕێك لـە نزیکی زەویدا، بریسکەی باڵـەکانی کە لە کەڤ سپی دەچوو، بۆ جارێکی دی لە نێو چڕە سەوزە زارەکەدا خامۆش بوو: باڵندەکە دیار نەما، چووە نێو سەوزەزارەکەوە.

دەنگـی سـەودا زەدەی نێـرە چـرگان، لـە هـەموو لایەکـەوە دەنگـی دەدایـەوە. لـە سـەر گردێکـی نزیکـی ڕوبـاری چیر، لـە چەند مـەتری جادەکەوە، گریگـۆری پارچە زەوییـەکی بازنـەیی ڕاسـت و تەختانی بینی، کە تیرەکەی هەر مـەترێك دەبوو، کە نێرە چرگان، لە سەر ما چرگێك، لێیان بوو بوو بەشەڕ و، تەڵە گیایەکی پێوە نەمابوو، هەر هەموو گیایەکەی لە ژێر پێی ئەواندا پایەماڵ بوو بوو. سەرانسـەری ئـەو شـوێنە خۆڵـە پەتانیـەك بـوو کـە شـوێن پێـی باڵنـدان، لـە شـێوەی هـەزاران خاچدا لە سەری نەخشا بوو، بەڵام چوار دەوری ئەم شوێنە یەکپارچە ساقەتەی وشکەوە بووی گیاو پەڕی وەریوی باڵ و کلکی چرگان بوو. کە دیـوی ژێرەوەی پـەڕەکان ڕەنگـاو ڕەنـگ بـوو، هـەر هەموو ئەمانە بەدەم بایەکەوە دەلەرینەوە.

کەمێك لەولای ئەو شوێنەوە، ما چرگرێکی خاکی، وردیلە لە هێلانەکەیەوە وەدەرکـەوت، بـە ماتـە مـات وەکـو پیرەژنـان، بـەپێیان و بەلـەز خـۆی بـە نێـو جـاڕە سێپەڕەیەکدا کـرد، بـەڵام زاتـی نـەکرد بفڕێت و هەر لەوێدا خۆی شاردەوە.

دەشت و دەر، بە ژیانێکی نادیاری پڕ جۆش ئاوس بوو، دارو بـەرد، دەرو دەشـت بـۆنی بـەهاری گرتبوو. گیا و گۆڵ، بە خێرایی چەکەرەیان دەکرد، تـەیرو تـو و، گیانلەبـەران، وردو درشـت، دوور لـە چـاوی بەشـەرێن دڕنـدە خـوو، لـە پـەناو پاسـارو نهێنگـەکانی خۆیانـدا، لـە سەرانسـەری هـەردەو باسکەکاندا خەریکی زاو زێ بوون. جۆرەها گیاو گـۆڵ و ڕووەکـان، لـە کێڵگەکانـەوە، لـە نێـو خەتـە جووتەکانــەوە، چــەکەرەیان دەکــردو ســەریان دەردێنــا، تــەنیا بنجــە دڕوانــی پــار، کــە وشــك بووبوونەوە، بە قەد پاڵ و بەسەر گرد و یاڵانەوە کە وەکو پاسەوان بە سەرانسـەری دەشتەکەدا بڵاو بووبوونـەوە، بـە شـێوەیەکی خـەمناك و لـە ترسـی مـردن خۆیـان بـە زەویەکـەوە دەچەسـپاند.

بەڵام بای فێنکی گیانبەخش، بێباکانە دەیدا بە سەریاناو لە ڕەگەوە دەیشکاندن و ڕایدەماڵین و بە سەرانسەری دەشتەکەدا، کە خۆی دابووە هەتاو و ژیانی تازەی هەڵدەمژی، لێرەوە بۆ ئەوێی دەبردن.

گریگۆری، پێش خۆراوا گەییە کارگینسکایا. لە ڕوباری چیر پەڕییەوە و ڕیابچیکوف لە ئۆردوگادا، کە لە نزیکی شارۆچکەی قوزاقان جێگیر بووبوو، بینی.

ڕیابچیکوف، بەیانی ڕۆژی پاشی، فەرماندەیی هێزەکانی فیرقەی یەکەمی، کە لە گوندەکانی دەوروبەردا بڵاو بوو بوونەوە، ڕادەستی ئەو کردەوە. گریگۆری، پاش ئەوەی چاوێکی بەو ڕاپۆڕانەدا گێڕا کە لە دەستەی سەرکردایەتی ڤیشنسکایاوە هاتبوو و پاش ئەوەی دەگەڵ سەرۆکی دەستەی سەرکردایەتی خۆیدا، یانی لە گەڵ میخائیل کوپیلوفدا، شیرەت و ڕاوێژی کرد، لێبڕا کە لە قۆڵی باشوورەوە دەست بە هێرش بکات و تا ستاخوڤۆ بڕوات.

یەکەکان، فیشەك و تەقەمەنیان دابوویە کزی. دەبوایە لە سوورەکانی بگرن. هۆی سەرەکی هێرشەکەی گریگۆری ئەوە بوو.

دەمەو ئێوارە سێ کەتیبە سوارەو یەك کەتیبەی پیادە لە کارگینسکایا خڕ بوونەوە. لەو بیست و دوو ڕەشاش و تفەنگە ئۆتوماتیکیانەی کە دە ئختیاری فیرقەکەدا بوو، تەنیا شەش ڕەشاشیان دەگەڵ خۆدا برد: ئەوانی دی شریتی فیشەکیان نەبوو.

هێرش، بەیانی ڕۆژی پاشی دەستی پێکرد. گریگۆری سەرکردایەتیەکەی خۆی لە سەر جادەکە بەجێهێشت و بەخۆی فەرماندەیی کەتیبەی سێی سوارەی گرتە ئەستۆ: دەورێی سوارەی لە پێشەوە دەرکرد و بەلەز کەتیبەکەی خۆی بەرەو شارۆچکەی پانومارفکا برد، چونکە بە گوێرەی قسەی دەورێیەکان، کەتیبەێن سەدو یەك و سەدو سێی پیادەی سوورەکان بە مەبەستی هێرش بۆ سەر کارگینسکایا لەوێ خڕ بووبوونەوە.

لە سێ فرسەخی کارگینسکادا، پەیکێك لە لایەن کودینوفەوە، خۆی گەیاندە گریگۆری و ئەم نامەیەی دایە:

" کەتیبەی سیردوبسکی، ڕادەستی ئێمە بوون! هەر هەموو سەربازەکانی چەك کران. نزیکەی بیست کەسێکیان ویستبوویان بەرگری بکەن. بەڵام بوگاتیریوف، هەر هەموویانی بە زەبری شمشێر کوشتبوو و ڕەوانەی ئەو دنیای کرد بوون. چوار مەترەلۆزی مەیدانیان ڕادەستمان کرد (هەرچەندە ئەو کۆمۆنیستە بێشەرەفانە، توانی بوویان، کولاسەکانیان دەربێنن) ئەمە جگە لە دووسەد گوللە تۆپ و نۆ ڕەشاش. ئێستا لای ئێمە، بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ و شادیە. سوورەکان بە سەر سریە پیادەکانی خۆماندا دابەش دەکەین و ناچاریان دەکەین، شەڕی هاوڕێکانی خۆیان بکەن. لەوێ، لای ئێوە بارودۆخەکە چۆنە؟ دەنگو باس چیە؟ ئا! خەریك بوو بیرم بچێ، دوو کۆمۆنیستی خەڵکی گوندەکەی تۆ بە دیلی گیراون کە بریتین لە ئیڤان کوتلیاروف و میخائیل کوشیڤۆی، ئەمە جگە لە چەند کۆمۆنیستێکی دیکەی ئیلانسکایا، حاڵی حازر بە پێیان بۆ ڤیشنسکایا دەبرێن، کە لە ڕێگادا بەر لەوەی بگەیەنرێنە ڤیشنسکایا، دەکوژرێن. ئەگەر پێویستت بە فیشەك هەیە، بە هەڵگری نامەدا، جواب بنێرە تا پێنج سەد فیشەکەت بۆ بنێرین."

"کودینوف"

گریگۆری هاواری کرد:

– موراسیل!

پروخور زیکوف، بەلەز بە سواری ئەسپەکەی هات، کە چاوی بە سەرو ڕوخساری گریگۆری کەوت، خێرا ئیکلامێکی بۆ کرد:

– بەڵێ، قوربان!

– ڕیابچیکوف! ئەم ڕیابچیکوفە لە کوێیە؟

– لە دوای ڕەتڵەکەوەیە.

– بە پەلە بڕۆ بیهێنە بۆ ئێرە.

پلاتون ڕیابچیکوف، بە یورغە بەلای ڕەتڵەکەدا تێپەڕی و خۆی گەیاندە گریگۆری. دەموچاوی تاوە سووت بوو بوو، تۆکێکی بەردا بوو. سمێڵ و برۆ زەردەکانی، لە بەر هەتاوی بەهارەدا وەکو تووکی ڕێوی سوور هەڵگەڕا بوون. بە دەم زەردەخەنەو سیغارکێشانەوە دەهات. ئەسپە کوێتە تۆخە قەڵەوەکەی، کە کەش و هەوای بەهارە هیچ کارێکی تێنەکرد بوو، بە نێسکە نێسک دەهات و قایشی بەرۆکەکەی بە سینگ و بەرۆکیەوە دەبریقایەوە.

ڕیابچیکوف، هەرکە پەپکەکەی لای گریگۆرییەوە بینی، هاواری کرد:

– چیە، نامە لە ڤیشنسکایاوە هاتووە؟

گریگۆری زۆر بە کورتی وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ، نامە هاتووە. فەرماندەیی کەتیبەو فیرقەکە بگرە ئەستۆ، من دەڕۆم.

– باشە، قەیدی نیە، بڕۆ. بەڵام ئەم پەلە پەلە بۆ؟ نامەکە چی تیایە؟ نامەی کێیە؟ کودینوف؟

– کەتیبەی سیردوبسک، لە ئوست خوپەرسکایا تەسلیم بووە.

– نا؟... زۆر باشە، شانسی ئێمە، ئەمجارەش نەکوژراین! هەر ئێستا دەڕۆیت؟

– بەڵێ، هەر ئێستا.

– دەی باشە، خوات لە گەڵ، تا تۆ دەگەڕێیتەوە. ئێمە لە ستاخوفۆین.

گریگۆری، لە کاتێکا کە بێپەروا ئەسپەکەی بەر قامچی دەدا، وەکو با بۆی دەرچوو و بە هەورازەکەدا نشێو دەبووەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: "پێویستە فریا بکەوم کە میشاو ئیڤان بە زندوویەتی بدینم... ڕەنگە بتوانم بکوژی پیوتەر بناسم... و ئیڤان و میشا لە مردن ڕزگار بکەم... ڕاستە خوێنمان کەوتووەتە بەین، بەڵام بە یەك بیگانە نین!".

"٥٢"

هەرکە هێزو سریەی یاخیەکان هاتنە ناو ئۆست خوپەرسکایاوە، و دەوری کەتیبەی سیردوبسکیان، کە لە مەیدانی گوندا خڕبوونەوە، گرت، بوگاتیریوف ڕۆیی و لە گەڵ ڤورونوفسکی و ولکوفدا کەوتە دان و سان و گفتوگۆ. دیدار و گفتوگۆیەکەیان لە سوچێکی مەیدانی گوندا، لەماڵی کابرایەکی بازرگاندا، ئەنجام دراو ماوەیەکی زۆر کەمی خایاند.

بوگاتیریوف، بێئەوەی شەلاقەکەی دابنێ، سڵاوی لە ڤورونوفسکی کردو گوتی:

– کارەکان زۆر بە باشی بەڕێوە چوون! ئەم خزمەتەت بۆ حیساب دەکرێت، بەڵام چۆن بوو نەتانتوانی دەست بە سەر تۆپەکاندا بگرن؟!

– ڕێکەوت، ڕێکەوتێکی ڕووت بوو، جەنابی فەرماندە. زۆربەی هەرە زۆری تۆپچییەکان کۆمۆنیست بوون، کاتێ کە دەستمان بە چەك کردنیان کرد، سووکە بەرگرییەکی نائومێدانەیان کرد: دوو نەفەریان لێکوشتین و بەخۆشیان کولاسی تۆپەکانیان دەرهێنا، لە گەڵ خۆیانیا بردیان و هەڵاتن.

– حەیفێ!

بوگاتیریوف، کاسکێتەکەی خۆی خستە سەر مێزەکە، بە ئاشکرا شوێنی نیشانەی ئەفسەری پێوە دیار بوو کە تازە لێی کرابووەوە. سەرە سفرەکەو دەموچاوە ئارەقاویەکەی، بە دەستەسرێکی چڵکن سڕی و بزەیەکی ساردی بۆ کرد و لە سەری ڕۆیی:

– باشە، قەیدی نیە! ئێستا بڕۆ بۆ لای سەربازەکانت، پێیان بڵێ... تێیان بگەیەنە کە دەبێ... دەبێ... دەبێ هەموو چەکەکانیان ڕادەست بکەن.

ڤورنوفسکی کە زمانە ئامێرانەکەی کابرای ئەفسەری قوزاقی لە دڵ گران بوو، زمانی کەوتە تەتەڵە وگوتی:

– هەموو چەکەکانیان؟

– دووبارەی ناکەمەوە، کە وتم هەمووی یانی هەمووی.

– ئاخر، ملازم، ئێوەو سەرانتان، ڕازی بوون کە کەتیبەکە چەك نەکەن. خۆتان بەڵێنتان دا. یانی؟ من دەزانم کە دەبێت چەکە قورسەکان ، ڕەشاش و تۆپ و نارنجۆکە دەستییەکان ڕادەست بکرێن، بەڵام چەکی شەخسی سەربازانی سوور...

بوگاتیریوف، دەنگی لێبەرزکردەوە، دەمو لێوە تاشراوەکەی هێنایە پێشەوە و بە شەلاقەکەی بەربووە لاقی تەپوتۆزاوی چەکمەکانی و گوتی:

– تەواو، ئیدی شتێك نییە بە ناوی سوپاو سەربازی سوور، ئەمانە سەربازن و دەبێ ئیدی بەرگری لە خاکی دۆن بکەن، تێگەیشتی؟... خۆ ئەگەر ملیش نەدەن، خۆمان دەزانین چۆنیان ڕامدەکەین و دەیان هێنینە سەر خەت. چەندو چونیش مەکە، خۆ چاو شارکێ ناکەین! ئێوە خاك و وڵاتی ئێمەتان وێران کردووە و هێشتاش دەتەوێ، شەرت و مەرجمان بە سەردا بسەپێنی.هیچ مەرجێك لە ئارادا نیە،حاڵی هەیت؟

ملازمی گەنج، ڤولکوڤ، بەرپرسی عەسکەری کەتیبەی سیردوبسك، قسەکانی بوگاتیریوڤ لە بەرگران بوو. بە نیگەرانییەوە قامکی بە سەر دوگمەێن یەخەی کراسە ماهوتە(ئەتڵەس) ڕەشەکەیدا دێناو دەبرد و قژە چڕە ڕەشە تابانەکەی هەڵدەدایەوە، بە ناڕەحەتی گوتی:

– یانی ئێوە بە چاوی دیل و ئەسیرەوە تەمەشامان دەکەن؟ وایە؟

بوگاتیروف، زۆر بە زبری و بێئەدەبی گوتی:

– من شتی وام به تۆ نەگووتوە و ئەو گریمانەو قسانەش بۆ خۆت هەڵگرەو منی پێ وەڕز مەکە.
قسەکانی بوگاتیریوف، بە ئاشکرا ئەوەیان دەنواند، کە هەردوو بەرانبەرەکەی، بە ژێر دەستی خۆی دەزانێت و هیچ حیسابێکیان بۆ ناکات.

بێدەنگییەکی کورتخایەن باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشا. غەڵبە غەڵب و ژاوەژاوێکی سووك لە مەیدانەکەوە دەهاتە گوێ. ڤورنوفسکی چەند جارێك بە سەرانسەری ژوورەکەدا هات و چوو. پەیتا پەیتا قامکەکانی دەتەقاندو، ئەوسا دوگمەکانی قەمسەڵەکەی داخستن و ئاوڕی لە بوگاتیریوف دایەوەو، بە تووڕەیی گوتی:

– قسەکانت زۆر ڕەقن، ئەمە سووکایەتیە بە ئێمە، تۆ لای خوایە ئەفسەرێکی ڕووسی، ئەمە لە ئەفسەرانی ڕووس ناوەشێتەوە. من بێهیچ لە ڕووداماننێك ئەوەت پێدەڵێم، کە مادامێکی ئەمە ڕەفتارتە، ئێمەش دەزانین چ دەکەین... ئادەی مولازم ڤولکوف! هەر ئێستا بڕۆ بۆ مەیدانەکەو بە هەر هەموو دەرەجەدارەکان بڵێ بە هیچ جۆرێ چەکەکانیان ڕادەستی قوزاقەکان نەکەن. فەرمان بە کەتیبەکە بدە کە چەك دانەنێن و تەیارو ئامادە بن. من گفتوگۆیەکەم لە گەڵ ئەم ئاغای بوگاتیریوفە تەواو دەکەم و هەر ئێستا دێم بۆ مەیدانەکە.

بوگاتیریوف، لە تووڕەییدا ڕەش داگەڕا، دەمی کردەوە کە قسان بکات، بەڵام هەستی کرد زۆر ڕۆییوە. بۆیە دایە بارێکان و لەپڕ ڕەفتاری خۆی گۆڕی و کەوتە نەرمکێشی. بەلەز کاسکێتەکەی کردە سەری و هێشتا هەر بە قامچیەکەی دەیکێشا بە ساقی چەکمەکەی خۆیداو سەرلە نوێ دەستی بە قسان کردەوە، بەڵام بە زمانێکی نەرم و ئەدەبێکی چاوەڕوان نەکراوەوە، داخاوت:

– بە ڕێزان، ئێوە باش لەمن حاڵی نەبوون. هەڵبەتە من سیواتێکی ئەوتۆم نیە. نەچوومەتە هیچ قوتابخانەو کۆلێجێکی عەسکەری، بۆیە ڕەنگە نەمتوانی بێ وەکو پێویست مەبەستی خۆمتان بۆ دەربڕم، بۆیە نابێت ئیرادم لێبگرن، ئێمە هەموومان لە یەك بەرەداین، نابێت لێکدی زویر بین، خۆ من چیم گوتووە؟ تەنیا ئەوەم گوتووە کە دەبێ هەموو سەربازە سوورەکانتان یەکسەر چەك بکرێن، بە تایبەتی ئەوانەی کە نە ئێوەو نە ئێمە، متمانەمان پێیان نیە... من تەنیا ئەوەم گوتووەو تەواو.

– بەیارمەتیت، کەواتە دەبوایە، جەنابی فەرمانده، دەبوایە مەبەستی خۆت زۆر ڕوونتر دەربڕیایە.. پێویستە دان بەوەدا بنەیت کە زمانت دەگەڵ ئێمەدا زۆر زبرو نادۆستانە بوو، سەرانسەری ڕەفتارو کردارت...

ڤورونوفسکی، بە خەمساردیەوە شانەکانی هەڵتەکاند و بە زمانێکی دۆستانە، بەڵام هێشتا کەمێك تووڕە، لە سەریی ڕۆیی:

– ئێمە خۆمان بیرمان لەوە کردبووەوە، کە ئەوانەی جێگەی باوەڕو متمانە نین، چەك بکرێن و بدرێنە دەست ئێوە، تا چیان لێدەکەن بیکەن.

– ئەها، بەڵێ. منیش دروست ئەمەم مەبەست بوو.

– جا با ئەوەشت پێ بڵێم: ئێمە لێبڕابووین، خۆمان ئەو کەسانە چەك بکەین، بەڵام یەکە شەڕڤانەکەی خۆمان دەیەڵێنەوە. بە هەر نرخێ بووە دەی هێڵینەوە. ئیدی یا من یان مولازم

ڤولكوڤ ياريدەدەرم، كە تۆ زۆر بەبێ بايەخی قسەت دەگەڵ كردو پێت گوت "تۆ"، ڕێبەرايەتی ئەو يەكەيە لە ئەستۆ دەگرين و بەخۆمان دەزانين، چۆن ئابڕومەندانە كونيەی خۆمان پاك دەكەينەوەو قەرەبووی نەنگی ئەو ماوەيە دەكەينەوە كە بەگەڵ سوپای سوور كەوتبووين. بۆيە دەبێ ئەم دەرفەتەمان بدەيتێ.

– ئەم هێزە شەڕڤانەی ئێوە چەند نەفەر دەبێت؟

– نزيكەی دووسەد نەفەرێك.

بوگاتيريوف، بە نەبەدڵی ملی دا:

– دەی باشە، من ڕازيم.

ئەوسا لەجێی خۆی هەستاو دەرگای ڕاڕەوەكەی بە ئاستەم كردەوەو بە دەنگی بەرز هاواری كرد:

– خاوەن ماڵ!

– ژنێكی پير كە خۆی لە شاڵێكی گەرمەوە پێچا بوو، وەدياركەوت.

بوگاتيريوف، فەرمانی دا:

– شيری فێنك، زوو.

– ببوورە، شيرمان نيە.

بوگاتيريوف، بە تەشەرەوە گوتی:

– دڵنيام شيرتان بۆ سوورەكان هەبووە، بەڵام بۆ ئێمە نيە.

ديسان، بێدەنگيەكی پڕ نيگەرانی باڵی بە سەر ژوورەكەدا كێشا. ملازم ڤولكوف، ئەو بێدەنگيەی شلەقاند:

– چی بكەم، بڕۆم؟

ڤورونوفسكی، ئاهێكی هەڵكێشا و گوتی:

– بەڵێ، بڕۆ و بڵێ، ئەوانەی كە لە ليستی ناوەكاندا، ئيشارەتمان لێداون، چەكيان بكەن. ليستەكان لە لای گوريگاسوف و وايستمين ستەر هەن.

تەنيا غرووری ئەفسەری ڤورونوفسكی وادار كرد بوو كە بڵێت: "ئێمەش دەزانين چی دەكەين." لە ڕاستيا ڕائيد ڤورنوفسكی زۆر چاك دەيزانی كە گەمەكەی دۆڕاندووەو مەحاڵە بتوانێ ژێوان ببێتەوەو بگەڕێتەوە. بە گوێرەی ئەو زانياری و هەواڵانەی كە بەو گەيی بوون، ئەو هێزانەی كە لەلايەن فەرماندەيی سوورەكانەوە، بۆ چەككردنی كەتيبەی ياخی ی سيردوبسك نێردرا بوون لە ئوست ميدڤيديتسكاياوە كەوتبوونە ڕێ و لە يەك دوو سەعاتی ئايندەدا، دەگەيينە سەريان. لێ "بوگاتيريوف"ش لەلای خۆيەوە كە پەی بەوە برد بوو، ڤورنوفسكی ئەفسەرێكی سەر ڕاست و يەك هەڵوێست و بێباكەو هيچ مەترسيەكی لێناكرێت و هەموو پردەكانی پشتەوەی خۆی ڕوخاندووە، يەكسەر ڕازی بوو، كە قوەتێكی شەڕڤانی سەربەخۆ، لە خەڵكە باوەڕپێكراو و ساغڵەمەكەی ناو كەتيبەی سيردوبسك بۆ خۆی دروست بكات، كۆبوونەوەو ديدارەكەيان لێرەدا كۆتايی هات.

جا لەم بەینەدا، قوزاقەکان، بێئەوەی چاوەڕوانی ئەنجامی کۆبوونەوەکە بکەن، دەستیان بە چەککردنی، سەربازانی کەتیبەی سیردوبسك کردبوو. چاو وەدەستی تەماعکارانەی قوزاقەکان، عەرەبانەی باروبنەی کەتیبەکەیان دەپشکنی. یاخیان و قوزاقانی چاو برسی نەك هەر فیشەك و تەقەمەنی، بەڵکو چەکمەی باش، بەلەك پێچ، پاڵتۆ و پانتۆڵی بەردار و ئازووقە و خۆراکی سوپای سوورشیان تاڵان دەکرد. نزیکەی بیست کەسێك لە سەربازانی کەتیبەی سیردوبسك، کە چاویان بەو هەموو نەهەقیەی قوزاقەکان کەوت، ویستیان بەرگری بکەن. یەکێکیان کە کابرایەکی قوزاق گیرفانەکانی پشکنی بوو و بەخوێنساردی جزدانی پارەکەی برد بوو، قۆناغە تفەنگێکی خێواندی و تێی خوڕی:

– هەی دز! ئەوە بۆ کوێ دەبەی؟ بمدەوە، دەنا بە قەمە ورگت هەڵدەدڕم.

هاوڕێکانی بە دەنگیەوە هاتن و هاواری تووڕەیی و بێزاری بەرز بووەوە:

– هاوڕێیان، دەست بدەنە چەك!

– فریویان داوین!

– تفەنگەکانتان ڕادەست نەکەن!

شەڕە مست دەستی پێکرد. قوزاقەکان، سوورە سەرکێشەکانیان، ترنجاندنە پەنا پەرژینێکەوە. دەستەیەك قوزاقی سوارە، بە هاندان و فیتی فەرماندەی سریەی سێیەم، هەر هەموویانیان لە یەك دوو دەقیقەیەکدا، بە شمشێران داپاچی.

پاش ئەوەی ملازم ڤولکوف هات، ئیدی کردەی چەککردنی سوورەکان، خێراتر ئەنجام درا، لە ژێر ڕێژنەی بارانێکی توندا،سەربازانی سووریان،کە بە ڕیز وەستابوون،پشکنی. تفەنگ و نارنجۆك و تەلەفۆن وبێتەل وسەندوقە فیشەك وشریتی ڕەشاشیان لە بەردەم ریزەکەدا لە سەر یەك هەڵچنی.

بوگاتیریوف،بە چوارناڵە خۆی بە مەیدانەکەدا کرد،لە کاتێکا کە ئەسپەکەی خۆی بەبەردەم ریزی سەربازانی سووری چەککراودا،دێناو دەبرد،قەمچیەکەی بە سەرسەری خۆیەوە و بە هەڕەشەوە بادەدا،هاواری کرد:

–باش گوێبگرن، لە مڕۆ بە دواوە دەبێ شەڕی ئەم کۆمۆنیستە بێشەڕەفانە بکەن. هەرکەسێك بێ خوتەوبۆڵە بەگەڵمان دەکەوێ دەیبەخشین و هەرکەسێکیش سەرکێشی بکات، هەما چارەنوسی دەبێت.

بوگاتیریوف، بە قامچیەکەی، جەنازەی ئەو سەربازە کوژراوانەی نیشاندان کە قوزاقەکان ڕووتیان کردبوونەوە و بە سەریەکا کەڵەکەیان کردبوون و لەبەر ئەو بارانە بە خوڕەدا کەوتبوون.

ژاوەژاوێکی سووك کەوتە ناو ڕیزی سەربازانی سیردوبسکەوە. بەڵام شتاقیان، کەمترین ناڕەزایی بە دەنگی بەرز دەرنەبڕی و لە ڕیزەکە نەهاتە دەرێ...

قوزاقان، چ پیادەو چ سوارە، ئەڵقاوئەڵق دەوری مەیدانەکەیان تەنی بوو.

لە سەر گردێکی نزیکی دیواری حەوشی کڵێساکەدا،ڕەشاشە سەوزباوەکانی کەتیبەی سیردوبسك. ڕوو لە مەیدانەکەو بەرانبەر دەرەجەدارانی خودی کەتیبەی سیردوبسك دامەزرابوون:

ڕەشاشچیانی قوزاق لەپشت لەمپەری ڕەشاشەکانەوە، چۆکیان دادابوو وئامادەی تەقەکردن بوون...

ڤۆرنوڤسکی و ڤۆلکوڤ، لەزەرفی یەك سەعاتدا ، ئەو نەفەرانەیان لە کەتیبەکەدا هەڵبژارد کەجێگای باوەڕو متمانە بوون. ژمارەیان سەدو نەوەدوچوار نەفەر بوو. ئەو یەکەیەی ئەوان دروستیان کرد ناونرا(( فەوجی یەکەمی تایبەتی یاخییانن)) و هەر هەمان ڕۆژ بۆ جەبهە ڕەوانە کران، تا لە نزیکی گوندی بیلاڤینسکیدا، ڕوو بە ڕووی چەند کەتیبەیەکی فیرقەی بیست و سێ هێزی سوارەی سوپای سوور ببنەوە، کە لە بەرەی دۆنتسەوە گەڕابوونەوە و تازە لەوێندەرەوە دەستیان بە هێرش کردبوو. دەنگۆیەك بڵاو بوو بووەوە کە ئەو کەتیبە سوورانەی داخلی ئەو شەڕە بوو بوون، بریتی بوون لە کەتیبەی پازدە بە فەرماندەیی بیکادوروف وکەتیبەی سی و دوو بە فەرماندەیی میشکابلینوڤ بە ناوبانگ . واباو بوو ئەم کەتیبانە ، بەدەم پێشڕەوییەوە هەر یەکەیەکی یاخیەکانیان بهاتبایە پێش، تێك و پێکیان دەشکاندو گسکیان دەدا. یەکێك لەو یەکانە کە بە پەلەپەل لە خەڵکی یەکێك لە گوندەکانی هەرێمی خوپەرسکایا پێکهێنرابوو، بە تەواوەتی لە ناوبرابوو و تاقە کەسێکیان بە سەلامەتی لێدەرنەچوو بوو. بوگاتیریوف،لێڕا فەوجەکەی ڤۆرنوڤسکی ڕوو بە ڕووی بلینوف بکاتەوە، تا پایەداری ئەو لە مەیدانی شەڕدا تاقی بکاتەوە...

بەڵام باقی سەربازانی کەتیبەی سیردوبسك کە ژمارەیان هەشت سەد کەسێك زیاتر دەبوو، بە گوێرەی نامەیەکی کودینوف بۆ بوگاتیریوف، بەپێیان بە کەناری دۆندا بەرەو ڤیشنسکایا ڤڕێ کران. سێ سریە قوزاق، بە هەمان ئەو ڕەشاشانەوە کە لە کەتیبەی سیردوبسکیان سەند بوو، بەگەڵیان کەوتن.

بوگاتیریوف، پێش ئەوەی ئوست خوپەرسکایا بەجێ بێڵێ، لە نوێژی کڵێسادا بە شداری کرد، کە کەشیش، نوێژ و نزای خۆی کردو لەبەر قاپی خودا پاڕایەوە کە "سوپای مەسیحی قوزاقان" سەرکەوتوو بکات، هەنگێ لە کڵێساکە وەدەرهات. ئەسپەکەیان بۆ هێنایە پێشێ، سواری ئەسپەکەی بوو، فەرماندەی یەکێك لە سریەکانی، کە قەرار بوو لە ئوست خوپەرسکایا بمێنێتەوە، بانگکرد، لە سەر زینەکەوە دانەوییەوەو بە گوێیدا چپاند:

– ئاگات لەو کۆمۆنیستانە بێ ها، وابزانە عەمارێکی باروتن. بەیانی بە پاسەوانانی باوەڕپێکراوا بۆ ڤیشنسکایایان ڕەوانە بکە. بەڵام ئێستاش، چەند نەفەرێك لەپێشەوە، وەکو سەرقافڵە بنێرە، تا خەڵکی گوندەکان ئاگادار بکەنەوە کە ئەمانە کێن. هەنگێ جەماوەری خەڵك، بە سزای گەلیان دەگەیەنن.

ئەو قسەیەی کردو کەوتە ڕێ.

"٥٣"

دەوروبەری نیوەڕۆی ڕۆژێکی مانگی نیسان، فڕۆکەیەك بە ئاسمانی گوندی سینگینی سەر بە دەڤەری ڤیشنسکایاوە، پەیدا بوو. منداڵ و ژن و پیرەمێران هەر کە گوێیان لە هاڕەی دەنگی پیرە

فڕۆکە بوو، لە ماڵ هاتنە دەرەوە. سەریان بەرز کردبووەو دەستیان کرد بوو بە سێبەر بۆ چاویان و ماوەیەکی زۆر چاویان بڕییە فڕۆکەکە کە وەکو واشە بە ئاسمانی هەورینەوە دەسوڕایەوەو بۆ تەختانیەك دەگەڕا کە بنیشێتەوە. ئەنجام لەوپەڕی گوندا، لەوەرگەیەکی تەختانی بۆ نیشتنەوە دۆزییەوە دۆزییەوە، دەنگی فڕۆکەکە سات بە سات زیاترو بەرزتر دەبوو.

یەکێك لە پیرەمێردەکان، بە ترسەوە هاواری کرد:

– ئاگاداربن، ئێستا بوردومانمان دەکات!

ئەو خەڵکانەی کە لە کۆڵانێکی تەنگدا خڕبووبوونەوە بڵاوەیان لێکرد. ژنان، منداڵەکانی خۆیان کە دەیان زیڕاند، لە دووی خۆ ڕادەکێشا، پیرەمێردان، گورج و گۆڵ وەکو بزن بەسەر پەرژینەکاندا بازیان دەداو بە غار بە نێو باخەکان دەکەوتن. تەنیا یەك پیرەژن لە دەرەوە مابووەوە. ئەویش ویستبووی هەڵێت، بەڵام ئایا پێی هەڵکەوتبوو یان هەر لە خۆوە کەوتبوو، لاقەکانی بە شێوەیەکی ناشایستە چوو بوون بە ئاسماناو لەو گۆڕە کەوتبوو و بە دەنگێکی لە ترسا نووساو، هاواری دەکرد:

– ئەهای خەڵکینە فریام بکەون! ئەی هاوار مردن گەییە دیار سەرم!

کەس بەدەنگیەوە نەهات. فڕۆکەکە بە هاڕە هاڕێکی ترسناك ڕێك بە سەر عەمارێکی دانەوێڵەدا تێپەڕی و سێبەری باڵەکانی بۆ چرکەیەك، بەرچاوی پیرەژنی گرت، کە لە ترسا، لە ترسی مەرگ ئەبڵەق بوو بوون. پاشان پێچکەکانی، بە سستی بەر زەمینی نمداری لەوەرگە گشتیەکەی گوند کەوت و بە دەشتەکەدا داکشا. لەم کاتەدا پیرەژن، لە ترسا وەکو منداڵ بە خۆیدا میزت. وەکو مردوو لەو گۆڕەدا کەوتبوو، نە هیچی دەژنەوت و نە هەستی بە هیچ لە دەوروبەرو لە سەرو لە ژێری خۆیا، دەکرد. هەڵبەتە نەیتوانی ئەو دوو نەفەرەش بدینێ کە بە قەمسەڵەی ڕەشی چەرمەوە لەو باڵندە ترسناکەوە هاتبوونە دەرەوەو دوای کەمێك دوو دڵی بەرەو نزیکترین ماڵی گوندەکە بەڕێ کەوتبوون.

بەڵام مێردەکەی، کە لەباخێکدا خۆی دابووە پەنا دارو دەوەنان، پیرەمێردێکی بەجەرگ بوو. هەرچەند، دڵی وەکو چۆلەکەیەك بە داوەوە بووبێ، بەو ئاوایە دەلەرزی، هێندەی جورئەت تیا بوو تەمەشا بکات. ئەوە بوو کە یەکێك لەو دوو پیاوەی کە لە ماڵەکەی نزیك دەبوونەوە، ناسییەوە، ئەفسەرێك بوو بە ناوی پیوتەر بوگاتیریوف، ئەم ئەفسەرە کوڕی یەکێك لە هاودەورەکانی سەردەمانی سەربازی پیرەمێردەکە بوو. لە ڕاستیا پیوتەر، پسمانی گریگۆری بوگاتیریوفی فەرماندەی تیپی شەشی تایبەتی یاخیەکان بوو، لە کاتی پاشەکشەکەدا بۆ ئەوبەری دۆنتس، دەگەڵ سپیەکاندا ڕۆیی بوو، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە ئەم ئەفسەرە ئەو بوو، پیوتەر بوگاتیریوف بوو.

پیرەمێر، لە کاتێکا وەکو کەروێشك هەڵتروشکا بوو و هەردوو دەستی لەبەردەمیەوە شۆڕ بووبوونەوە، بۆ ماوەیەکی کەم لە یارۆ ورد بووەوە. پاش ئەوەی کە دڵنیا بوو ئەو پیاوەی کە بە کاوەخۆ دێتە پێشەوە، دروست هەمان پیوتەر بوگاتیریوفە چاوشینە کە پارەکە سەری دابوون، تەنیا جیاوزی لە گەڵ پاردا ئەوە بوو کە ئەوسا ڕیشی نەبوو ئێستا ڕیشی دانابوو. پیرەمێرد

هەستایە سەرپێیان و سەیری کرد کە دەتوانێ ڕێبکات... لاقەکانی زۆر نە دەلەرزین و توانی بە لەقە لەق لە باخەکە وەدەربکەوێ.

پیرەمێرد، بێئەوەی بچێ بەلای ژنەکەیدا، کە هێشتا لەو گۆڕە کەوتبوو، ڕاست بەرەو ڕووی پیوتەر و ئەو پیاوەی کە لە گەڵیا بوو، ڕۆیی و لە دوورەوە کاسکێتە کۆنە قوزاقیەکەی خۆی هەڵبڕی. پیوتەر بوگاتیریوف، ناسییەوەو بە دەست سڵاوی بۆ کردو بزەیەکی بۆ کردو بەرەو لای یەکدی چوون.

– بێ زەحمەت، تۆ پیوتەر بوگاتیریوف نیت؟

– بەڵێ، خۆمم، باپیرە گیان.

– نەمردم، خوا ئەوەشی کرد بەم ئاخری پیریەوە، ماشینی باڵداریش بدینم! بەڵام بە ڕاستی ترساندمانی!...

– لەم دەڤەرانە، سوپای سوور نین، باپیرە گیان؟

– نا، نا کوڕەکەم، تا ئەوبەری چیر، تا خاکی ئۆکرانیا ڕاویان نان.

– باشە قواقانی ئێرەش ڕاپەڕیوون؟

– ڕاپەڕیوون، بەڵێ. بەڵام زۆریشیان پاڵکەوتوون.

– چۆن؟

– مەبەستم ئەوەیە کوژراومان زۆرن.

– ئەها!... ئەدی خانەوادەکەی من، بابم... هەموو سەلامەتن؟

– هەر هەموویان سەلامەتن. عەیبیان نیە، ئێوە لەوبەری دۆنتسەوە دێن؟ تیخۆنی کوڕی منتان لەوێندەر نەدی؟

– بەڵێ، لەوبەری دۆنتسەوە دێین. تیخۆن سڵاوی لێدەکردیت. باپیرە بێزەحمەت ئاگایەکت لە فڕۆکەکەمان بێ، کە منداڵان دەستی لێنەدەن. من دەڕۆم سەرێکی ماڵەوە دەدەم.

ئاوڕێکی لەو پیاوەی دی کە لە گەڵیا بوو، دایەوە و گوتی:

– بابڕۆین.

پیوتەر بوگاتیریوف و هاوڕێکەی بەرەو ناو گوند پەل بوونەوە. خەڵکی لە نێو باخ و بن کەپرو ژێر خان و ئەو پەناو پاسارانەوە، کە لە ترسا خۆیان تێ پەستاوتبوو، هاتنە دەرەوە. خەڵکەکە لە دەوری فڕۆکەکە کە بۆنی گەرماو بە نزین و ڕۆن و گریسی لێدەهات، خڕبوونەوە. باڵەکانی کە لە پارچەی کەتان گیرابوون، لە چەندین شوێنەوە، کون بوو بوون و جێ گوللە و پارچە خومپارەیان پێوە بوو. فڕۆکەکە وەکو ئەسپێکی ماندوو، گەرم و بێجوڵە وەستا بوو.

پیرەمێرد، کە یەکەم کەس چوو بووە پێشوازی پیوتەر بوگاتیریوف و ناسی بوویەوە، بەلەز چوو بۆ ئەو کۆڵانەی کە ژنەکەی تیا بەجێ هێشتبوو، تا مژدەی سەلامەتی تیخۆنی کوڕیانی بداتێ، کە لە مانگی دوازدەوە دەگەڵ کارمەندانی ئیداری ناوچەدا هەڵاتبوو. بەڵام پیرەژن لەویندەر نەمابوو. گەڕابووەوە بۆ ماڵێ و چوو بووە گەنجینەکەوەو خەریك بوو کراس و دەرپێ و تەنورەکەی دەگۆڕی. پیرەمێرد بە زەحمەت دۆزییەوەو هاواری کرد:

– پیوتەر بوگاتیریوف بوو کە هاتبووەوە بۆ گوندی، دەیگوت تیخۆن سەلامی لێکردوون.

بەڵام کە بینی ژنەکەی خۆی گۆڕیوە، بەبێ ئەوەی بە هۆی خۆ گۆڕینەکەی بزانێ، زۆر تووڕە بوو هاواری بە سەرا کرد:

– ئاخر، پیرەکوند، تۆ چیت لەم خۆ جوانکردنە داوە!؟ ئاخ، قەحبەدایکی، جادوباز! کێ تەمەشای تۆ دەکات؟ وا دەزانێ کچی چواردە ساڵە!

خێرا پیرەمێردانی گوند لە ماڵی بابی پیوتەر بوگاتیریوف کۆبوونەوە، هەرکەسێك کە دەگەییە ئەوێندەر، هەر لە بەردەرگاوە بە ڕێزەوە کڵاوەکەی دادەگرت و لە هەنبەر ئیکۆنە پیرۆزەکاندا نیشانەی خاچی دەکێشاو بە سەنگینی لەسەر تەختێك دادەنیشت و خۆی بە سەر دارعاساکەیدا دەدا. قسەوباسان دەستی پێکرد. پیوتەر بوگاتیریوف، کە پەرداخێ شیری بە دەستەوە بوو و قومە قومە لێی دەخواردەوە، بۆی دەگێڕانەوە کە لەلایەن حکومەتی دۆنەوە ڕاسپێردراوە کە یارمەتی یاخیەکان، دژی سوورەکان بدات. ڕایگەیاند کە سوپای دۆن بەو زوانە لە سەرانسەری شەڕگەکەدا دەست بە هێرش دەکات و پەیوەندی بە یاخییەکانەوە دەکات. هەروەها لە ناو قسەکانیا، گلەیی لە پیرەمێردەکان کرد، کە چاوپۆشیان لە قوزاقە گەنجەکان کردووە کە جەبهە چۆڵ بکەن و ڕێگەیان بە سوورەکان دابوو بەخاکی ئەواندا تێبپەڕن. لە کۆتایی قسەکانیا گوتی:

–... بەڵام چونکە بە خۆتانا چوونەتەوە حکومەتی سۆڤیاتیتان لە قەڵەمڕەوی خۆ وەدەرناوە، ئەوا حکومەتی دۆن دەتان بەخشێ و چاوپۆشیتان لێدەکات.

یەکێك لە پیرەمێردەکان بە دوودڵیەوە گوتی:

– بەڵام، پیوتەر بۆگاتیریوف ، ئێستاش حکومەتەکەمان، حکومەتێکی سۆڤیاتیە، بەڵام بەبێ کۆمۆنیستان، تەنانەت ئاڵاکەشمان سێ ڕەنگ نیە، بەڵکو سوورو سپیە.

یەکێکی دیکە هەڵیدایە:

– گەنجەکانیشمان، سەگ دایکانە، یەکدی بە "هاوڕێ" بانگدەکەن.

پیوتەر بوگاتیریوف، لە ژێر سمێڵە زەردەکانیەوە بزەیەکی بۆ کردو چاوە شینە خڕەکانی داگرت و گوتی:

– حکومەتە سوڤیاتیەکەتان وەکو بەفری بەهارە، هەرکە دنیا کەمێك گەرمی کردو زەوی نێر بووەوە دەتوێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە بەرەی شەڕیان چۆڵکردووە و هەڵاتوون، هەرکە لەوبەری دۆنتس بگەڕێینەوە، لێ پێچینەوەیان لەگەڵ دەکەین و سزایان دەدەین.

پیرانی گوند، بەخۆشحاڵیەوە گوتیان:

– دەم خۆش، ئەوەندەیان لێبدەن، تا خوێن هەڵدێننەوە، بێشەرەفانە!

– جێی خۆیەتی.

– شەلاق! بیانگرنە بن شەلاق!

– بە بەرچاوی هەموو خەڵکیەوە، خوێنیان بگرن!

***

دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژ، کودینوف فەرماندەی یاخیەکان و ئیلیاسا فونوف بەرپرسی عەسکەری یاخیەکان، کە لە ڕێگای پەیکێکی سوارەوە هەواڵی هاتنەوەی پیوتەر بوگاتیریوف-یان زانی بوو، بە عەرەبانەیەکی سێ ئەسپە، بە تاو خۆیان گەیاندە گوندی سینگین، هێندە بە تاو هاتبوون، کە ئەسپەکان لە ئارەقەدا هەڵکشابوون. ئەوەندە بە هاتنەوەی پیوتەر بوگاتیریوف خۆشحاڵ بوون، بێئەوەی بوەستن قوڕی پێڵاوەکان و پاڵتۆ بارانیەکانیان پاك بکەنەوە، بە هەشتاو خۆیان بە ژوورا کرد.

"٥٤"

ئەو بیست و پێنج کۆمۆنیستەی کە لەلایەن کەتیبەی سیردوبسکەوە ڕادەستی یاخیەکان کرا بوون، بە چاودێری سکۆرتێکی بە هێز لە ئوست خوپەرسکایاوە دەرچوون. لە ژێر چاودێریەکی هێندە توندا بوون، تەنانەت بیرکردنەوەش لە هەڵاتن بێهودە بوو. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە بە شەلە شەل، لە ناوەڕاستی ڕیزەکەوە ڕێی دەکرد، بەکەرب و کینەوە دەیڕوانیە ڕوخساری بەردینی قوزاقە حەرەسەکان و لەدڵی خۆیدا دەیگوت: "بۆ کوشتنمان دەبەن، ئەگەر دادگایەك نەبێ، ئیدی تەواو کارمان کراوە."

زۆربەی ئەندامانی سکۆرتەکە، قوزاقانی بەتەمەن و ڕیشدار بوون. فەرماندەکەیان عەریفێکی پیری پەیڕەوی ئوسوڵیەت بوو، کە کاتی خۆی لە کەتیبەی ئەتامانسکی گاردی تزاریدا خزمەتی دەکرد. هەرکە دیلەکان لە ئوست خوپەرسکایا وەدەرکەوتن، یارۆی کۆنە عەریف ئەمری پێکردن کە لە بەینی خۆیاندا قسە نەکەن، جگەرە نەکێشن و هیچ پرسیارێك لە ئەندامانی سکورتەکە (قوزاقانی پاسەوان) نەکەن. دەمانچەکەی دەرهێنا و بە هەڕەشەوە گوتی:
- ئەهای، دارو دەستەی دەجاڵان، نۆکەرانی دژمنانی مەسیح، شایەدمانی خۆ بێنن! ئێوە بەرەو مەرگ دەڕۆن، هەوڵبدەن لەم ماوە کەمەی بە بەرتانەوە ماوە، هیچ گوناحێکتان لێ سارد نەبێت. ئێوە خواتان فەرامۆش کردووە. خۆتان بە ئەهریمەن فرۆشتووە. نیشانی دژمنتان بە خۆتانەوە ناوە.

هەندێجار دەمانچەکەی لێ بەرز دەکردنەوەو هەندێجار حەمایڵی دەمانچەکەی کە لەملی کرد بوو، ڕیك دەخست.

تەنیا دوو کۆمۆنیستی دەرجەداری کەتیبەی سیردوبسك لە نێو دیلەکاندا هەبوون. ئەوانی دی، جگە لە ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، خەڵکی غەیرە قوزاقی ناوچەی ئیلانسکایا بوون، هەر هەموویان گەنجی باڵا بەرزی بەشنگ و تاقەت بوون کە لە کاتی هاتنی سوپاییانی سۆڤیاتیدا بۆ ناوچەکە پەیوەندیان بە ڕیزەکانی حیزبەوە کرد بوو وەکو چریك (میلیشا) یان سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشی گوندەکان، کاریان کرد بوو ودوای یاخیبوون و هەڵگەڕانەوەی قوزاقان، بۆ ئوست خوپەرسکایا هەڵاتبوون و لە کەتیبەی سیردوبسکدا کەوتبوونە کار.

زۆربەی هەرە زۆری ئەمانە پیشەوەر بوون: دارتاش، تەنەکەچی، بەنا، سۆپاساز، پینەدۆز، خەیات. گەورەترین کەسیان لە سی و پێنج ساڵ تێنەدەپەڕی، بەڵام بچووکترینیان هەر بیست

ساڵێك دەبوو. هەر هەموویان خەڵكی تەندروست و بە قوەت بوون، دەست و بازوو لە كارا غاراو، لە گەڵ كۆمەڵێك پاسەوانی پیرو پاتاڵی پشت چەماوەدا، جیاوازیان زۆر بوو.

یەكێك لە كۆمۆنیستەكانی ئیلانسكایا شان بە شانی ئیڤان ئەلیكسییوفیچ ڕێی دەكرد، لە بن لێوانەوە گوتی:

– بەبۆچوونی تۆ دادگاییمان دەكەن؟

– باوەڕ ناكەم...

– یانی دەمانكوژن؟

– پێموایە ئا.

– ئەمانە عادەتیان نیە بە گوللە ئەسیرانی خۆیان بكوژن، گوللە لە ئەسیراندا خەسار ناكەن. قوزاقەكان خۆیان وایان دەگوت. لە بیرتە؟

ئیڤان ئەلیكسیوفیچ، لە فكران ڕاچوو، بەڵام لەپڕ تروسكەی هیوایەك لە ناخیا بڵاچەی دا. "ڕاستە ناتوانن گوللە بارانمان بكەن. ئەم بێشەرەفانە دروشمیان ئەمەیە: "مردن بۆ كومۆنیزم تاڵان و ئیعدام" بەڵام وەكو دەڵێن ئەوە هەر قسەیە، ئەسیران دەخەنە بێگارە زندانەوەو هیچی تر. بەم پێیە، هەندێكمان داركاری دەكەن و پاشان لە ڕەشچاڵانمان داوێن. دەی ئەمە شتێكی ترسناك نیە. تەحەمول دەكرێ. تاكو زستان لە زنداندا دەبین و هەركە زستان هات و دۆن بەستی، هەنگێ هاوڕێیانمان، سپییەكان ڕاو دەنەن، فریامان دەكەون و لە زندان ئازادمان دەكەن."

بەڵام ئەو تروسكە هیوایە، وەكو چۆن لە ناكاوا، لە ناخیا بڵاچەی دا، بەو ئاوایەش كوژایەوە: "نەخێر دەمانكوژن، ئەمانە ئەهریمەنن. بە قایان پێناكرێ. فایدەی نیە دەبێ ماڵاوایی لە ژیان بكەین! خەتای خۆمان بوو، دەبوایە شەڕی ئەوان بكەین، ڕەحمیان پێدا نەكەین! دەبوایە هەر هەموویان بكوژین، شتاقیان نەیەڵین. تاقوبڕمان بكردنایە، دەبوایە بە شمشێر سەرتاپا شەقیان بكەین."

ئیڤان ئەلیكسییوفیچ، لە داخانا كۆڵەمستی گوشی و شانەكانی هەڵتە كاند. لە ناكاوا لە پشتەوە، جەزرەبەیەكیان گەیاندە پشت سەری، بە دەما ڕەتی بردو چیوای نەما بوو بكەوێت.

كابرای عەریف، بەرپرسی كاروانەكە، بە سواری ئەسپەكەی لێی چووە پێشەوەو نەڕاندی بە سەریا:

– بۆچی كۆڵە مست دەگوشیت هەی گەماڵ باوك؟ لە گەڵ تۆمە، بۆ كۆڵە مست دەگوشیت؟

تا توانی قامچیەكی كێشا بە سەرو چاوی ئیڤان ئەلیكسییوفیچدا، دەموچاوی لە سەرووی برۆیەوە تا چاڵی چەناگەی شەق كرد.

یەكێك لە گەنجە ئیلانسكایاییەكان، بەدەم بزەیەكی پاڕانەوە ئامێزەوە و بە دەنگێكی لەرزۆكەوە گوتی:

– ئەوە تۆ لە كێ دەدەی؟ بابۆ وەرە لەمن بدە. ئەو پیاوە بریندارە، بۆچی لێی دەدەی؟

لە ڕیزەكە هاتە دەرێ و خۆی دایە پێش ئیڤان ئەلیكسیوفیچ و سینگە پانەكەی بۆ كرد بە قەڵغان.

عەریفەکە هاواری کرد:

– بەشی تۆشمان پێیە! ئادەی قۆزاقینە تێیان بەربن! ئەم کۆمۆنیستانە، شەلاق ترێن بکەن!

کراسە تەنکە خاکیەکەی گەنجەکە، لەگەڵ داهاتنەوەی شەلاقێکدا، وەکو چۆن گەڵا دارێك کە ئاگری تێ بەردەبێ و لوول دەبێ، بەو ئاوایە دڕاو لوول بوو، یەکسەر خوێنێکی ڕەش لەجێ شەلاقەکەوە فیچقەی کردو دەمی برینەکەش یەکسەر هەوی کردو ئاوسا.

عەریفەکە کە لە تووڕەییدا کەف دەپرژاند، بە ئەسپەکەیەوە بە ناو ئەسیرەکان کەوت و دلڕەقانە بە قامچی تێیان بەر بوو... ئیڤان ئەلیکسیوفیچ، جەزرەبەیەکی دیکەشی وێکەوت. گرێکی ئەرخەوانی لە چاوانی بووەوە. ئەرزەکەی ژێر پێی لەرزی. وای هاتە بەرچاو کە جەنگەڵە سەوزەکەی کەنار لمەڵانەکەی دەستە چەپی دۆن، خوار دەبێتەوەو خەریکە دەکەوێ. ئەو بە دەستە ڕەق و تەقەکانی خۆی، ڕکێفی عەریفەکەی گرت و دەیویست لە سەر زینەکە بیهێنێتە خوارەوە، بەڵام بە جەزرەبەیەکی پانەو پانی شمشێرێك تەختی عاردیان کردو خۆڵ و تۆزی دنیا چوو بە دەم ولوتیاو خوێنێکی گەرم لە لووت و گوێیەکانیەوە فیچقەی کرد...

پاسەوانەکان، ماوەیەکی زۆر، بە لێدان بەربوونە گیان دیلەکان کە وەکو پەز چوو بوون بە ناو یەکا. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە بە دەما کەوتبوو، وەکو ئەوەی خەون بدینێ، لە دەوروبەری خۆیەوە، گوێی لە سووکە هاوارو، تەقەی پێی ئەسپ و پڕم و هۆڕی تووڕەی ئەسپان بوو. چنگێ کەف گەرم لە دەمی ئەسپێکەوە دەرپەڕی و لە سەر سەرە ڕووتەکەی ئەودا گیرسایەوە، و یەك تۆز دوای ئەوە، ڕێك بە دیار سەری خۆیەوە، گوێی لە سووکەناڵەی پیاوێك بوو کە هاواری کرد:

– ئەی گو بە شەرەفتان! لە خەڵکی بێ چەك دەدەن!... دەك خۆتان بە خۆتان بن!...

ئەسپێك پێی نا بەلاقە بریندارەکەی ئیڤان ئەلکسییوفیچدا و قەراخی ناڵەکەی لە گۆشتی لاقیا ختم بوو. گوێی لە دەنگی لێدان بوو کە بەدیار سەری ئەوەوە دەنگی دەدایەوە. دوای دەقیقەیەك... جەستەیەکی قورس و شەڵاڵی ئارەقە و خوێنی سوێر، کەوت بە سەر ئەوداو ئەو کە هێشتا بە تەواوەتی لە هۆش خۆی نەچوو بوو، گوێی لە قوڵپە قوڵپی خوێن بوو کە لە گەرووی ئەو پیاوەوە دەڕژا. ڕێك وەکو قوڵپە قوڵپی ئاوێك وابوو لە بوتڵێکی سەر بەرەوخوارەوە بڕژێ...

دوای ئەوەی قوزاقەکان تێرو پڕیان دارکاری کردن، ئەوسا بە کۆمەڵ بەرەو دۆنیان بردن و ناچاریان کردن، کە برینەکانیان بشۆن. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، خۆی بە ئاوەکەدا کرد، ئاو تا ئەژنۆکانی هات، برینە بە ئازارەکانی خۆی و ئەو شوێنانەی کە بەدەم لێدانەوە ئاوسا بوون، هەر هەمووی شت، ئەو ئاوەی کە بەخوێنی برینەکانی لەوتا بوو، بە چنگ هەڵدەگرت و بە تامەزرۆیی دەخواردەوە. دەترسا نەبا دەرفەتێکی دیکە نەڕەخسێت و گڕی تینویەتی ناخی پێ دامرکێنێتەوە.

کە بەرێگاوە بوون، سوارێکی قوزاق بە لایانا تێپەڕی .ئەسپێکی کوێتی تۆخی لە ژێردا بوو، ئەسپ چی ئەسپ، هێندە گەش و جوان بوو پێستەکەی دەبریقایەوە، بە چوارناڵە دەڕۆیی. سوارەکە خۆی بە گوندەکەی بەردەمی ئەوانا کردو لە چاو ون بوو. هێشتا دیلەکان نەگەیی بوونە

بەر یەکەم ماڵی گوندەکە، خەڵکەکە بە ژن و پیاوەوە بە شەنەو کوتەك و تێڵاوە بۆیان دەرچوون. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە چاوی بەو حەشاماتە کەوت کە بە هەشتاو بەرەو رووی وان دەهاتن، یەکسەر زانی کە تەواو، تازە کاریان کراوە. ئەوانی دیکەش هەمان قەناعەتیان لا دروست بوو. یەکێك لە کۆمۆنیستانی کەتیبەی سیردوبسك، هاواری کرد:

– هاورێیان، با دوعاخوازی لێکدی بکەین!

خەڵکەکە، بە شەنەو قولینگ و تێڵاو شیشەوە لێیان نزیك دەبوونەوە... ئەوەی دوای ئەوە رووی دا، لە کابوس و مۆتەکە دەچوو. دیلەکان بە درێژایی سی فرسەخ، بە نێوان ئەو گوندانەدا بران کە زۆر لە یەکەوە نزیك بوون. هەر جارەی حەشاماتێکی زۆر لە ئەشکەنجەچیان دەرژان بە سەریانا. پیران و ژنان و مێرد منداڵان لێیان دەدان و تفیان دەکردە چارەی خوێناوی و، زامداری قەتماغە بە ستوویانا، بە بەرد و کە ڤرو کەستەك و سندەگڵان تێیان بەردەبوون و تۆزو خۆڵیان دەکرد بە سەروچاوی ئاوسایاندا. بە تایبەتی ژنەکان، کە بەزەیی مانایان لە دڵدا نەبوو وپیسترین جۆری ئەشکەنجەیان، دەرهەقیان بەکار دەبرد. لە کۆتاییدا ئەو بیست و پێنج کەسە نەدەناسرانەوە، جەستەو چارەیان بە جۆرێ شێوا بوو، بە جۆرێ رەش داگەرا بوو، بە جۆرێ هەڵماسابوو و لە خوێن و قورا هەڵکشا بوو، کە لە بەشەری کەوتبوون.

لە سەرەتاوە هەر کەسە هەوڵیدەدا خۆی لە پاسەوانەکان دوور بگرێت و جەزرەبەی کەمتری وێکەوێت، هەر کەسە هەوڵیدەدا لە ناوەراستی ریزەکەوە بێ. بۆیە وەکو تۆپەڵێکی یەکگرتووی پێکەوە چەسپاو رێیان دەکرد. بەڵام پاسەوانە قوزاقەکان پەیتا پەیتا لێکیان دوور دەخستنەوە، تا وایان لێهات زەرەیەك ئومێدی ئەوەیان لە دڵدا نەما کە بتوانن کەمێك خۆیان لە جەزرەبان دوور بگرن. ئیدی هیچ چارێکیان نەما، تەنیا ئەوە نەبێ کە خۆیان بگرن و نەکەون، چونکە هەر کەسێك کەوتبا ئیدی نەیدەتوانی هەستێتەوە. ئیدی بێئومێد خۆیان بە هەنگاو دەسپارد. لە سەرەتاوە هەر کەسێك کە شەنەیەك یان کوتەکێك یان شیشێکیان بۆ دادەهێناوە، هەردوو دەستی بە سەرو چاوی خۆیەوە دەگرت. هەروەها لە سەرەتاوە پاڕانەوە و ئاخ و ئۆف و ناڵە و جنێو و هاواری هۆڤیانەی پڕ ئازاریان لێدەبیسترا، بەڵام دەمەو نیوەڕۆ هەر هەموویان بێدەنگ بوون، تەنیا ئەو کوڕە نەبێ کە لە هەموویان گەنجتر بوو. ئەم گەنجە خەڵکی ئیلانسکایا بوو کە پێش ئەم واقیعە قۆشمەترین سەربازی کەتیبەکە بوو و هەر هەموان خۆشیان دەویست، لە گەڵ هەر جەزرەبەیەکا کە پێی دەکەوت هاواری دەکرد: "وای!" وەکو ئەوە بوو بە سەر ئاگردا رێ بکات. هەر هەڵبەزو دابەزی بوو، ئازای بەدەنی دەلەرزی و لاقی کە تێڵایەکیان پێدا کێشابوو و گردەبڕ شکا بوو، بە زەحمەت و بە تەکە تەك لە دووی خۆی رادەکێشا.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، دوای ئەوەی خۆی لە روباری دۆن شت، پیچەك وەخۆ هاتەوەو نەترەی وەبەر هاتەوە. کە چاوی بە ئاپۆرای پیاوان و ژنان کەوت کە بە هەشتاو بەرەو رووی ئەمان دەهاتن، خواحافیزی لە هاورێکەی تەنیشتییەوە کردو لەبن لێوانەوە پێی گوت: براینە، ئیدی ئەوە دنیایە چ بکەین؟ ئێمە دەمانزانی چۆن دەجەنگین و پیاوانە شەڕی خۆمان کرد، جا ئێستاش دەبێ بزانین چۆن بە سەر بەرزی بمرین... شتێك هەیە کە دەبێ تا دوا هەناسە لە بیرمان

بیّ، ئەوە تاقە تەسەلاو سەبوریمانە، ئەمانە دەتوانن، لە ژێر دارا ئێمە بکوژن، بەڵام مەحاڵە بتوانن دەسەڵاتی سۆڤیاتی بە کوتەك و داران لە ناو بەرن! کۆمۆنیستان! برایان، پیاوانە بمرن، تا دژمنان نەتوانن گاڵتەمان پێبکەن.

یەکێك لە کۆمۆنیستەکانی ئیلانسکایا، کە نەیتوانی بەرگە بگرێت لە گوندی بوبروڤسکیدا، کاتیّ کە پیرەمێردەکان، زۆر بێڕەحمانە و لێزانانە کەوتنە لێدانی، بە دەنگێکی منداڵانە کەوتە هاوار کردن، یەخەی کراسەکەی دادڕی، تا ئەو خاچەی کە بە داوێکی ڕەشی ئارەقاوی لە ملی کرد بوو، بە قوزاقەکان و ژنەکان نیشان بدات. هاواری کرد:

– هاوڕێیان، من لەم دواییانەدا چوومەتە ڕیزی حیزبەوە... بەزەییەکتان پێمابێتەوە. من باوەڕم بە خودا هەیە، خاوەنی دوو منداڵم... بەزەییتان پێمابێتەوە! ئاخر ئێوەش منداڵتان هەن...

– کیّ دەڵیّ ئێمە هاوڕێی تۆین؟ دەمت تێك نیّ!

پیرەمێردێکی لووت پس کە گوارەیەکی لە گوێدا بوو تا ئێستا دووجار زۆر خراپ لەو کوڕەی دابوو، بە هانکە هانك گوتی:

– بیری منداڵەکانت دەکەی، خوێڕی! خاچمان پیّ نیشان دەدەی! ئێستا وەخۆ هاتیتەوە؟ بەڵام کاتیّ کە قوزاقانت دەکوشت، هیچ خوات لە بیر بوو؟

بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بیّ، تا توانی مستێکی بە سەری کابرادا کێشا.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، گوێی لە قسەکان دەبوو، ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی دەبینی، بەڵام سەرنجی بۆ ساتێکیش لە سەر هیچ شتێك نەدەگیرسایەوە. دڵی دەتگوت لە بەردە. بەڵام جارێك، تاقە یەك جار دڵی دالەرزی: نیوەڕۆ بوو، چووبوونە گوندی تیروکوڤونوفسکییەوە، بە ڕێگادا دەڕۆیشتن و نەفرین و جنێو و لێدان بە سەریاندا دادەباری. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بە گۆشەی چاو تەمەشایەکی کرد، منداڵێکی هەفت ساڵانی بینی کە دەستی بە داوێنی تەنوورەکەی دایکیەوە گرتبوو، دەگریا و ڕوندك وەکو بارانی بوهار بە چاویا دەهاتە خوارەوە:

– دایکە! لێی مەدە! دڵم پێی دەسووتیّ... دەترسم. خڵتانی خوێنە.

ژنەی تاین، کە دارێکی لە یەکێك لە گەنجە ئیلانسکاياییەکان هەڵگرتبوو، هاوارێکی لە ناکاوی کرد، دارەکەی فڕیّ دا، منداڵەکەی لە هەمێز گرت و بە هەشتاو خۆی بە کۆڵانێکدا کرد. ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە چاوی بە گریان و دڵسۆزی منداڵەکە کەوتبوو، دڵی پڕ بوو، فرمێسك زاییە چاوانی و بە گۆنایدا هاتە خواریّ و وەکو خوێاوێك بە سەر لێوە شەقار و وشکەکەنیا ڕژا. ژن و منداڵەکەی خۆی بیردەکەوتنەوەو یەك دوو هەنسکی کورتی داو لە دڵی خۆیدا ئومێدی ئەوەی خواست: "خوا بکات بە بەرچاوی ئەوانەوە نەمکوژن!... خۆزگە زووتر ئەم کارەیان دەکردو دەبڕایەوە!"

دیلەکان، بە هەزار زەحمەت و بەپیّ خشکان ڕێیان دەکردو لە شەکەتی و ماندوویەتیدا بەلادا دەهاتن. سەری ئەژنۆکانیان ئاوسا بوو. لە سەوزەزارێکی ئەوپەڕی دێیەکەوە بیرێك هەبوو، لە فەرماندەی سکورتەکە پاڕانەوە کە ڕێگەیان بدات ئاوێك بخۆنەوە.

عەریفەکە هاواری کرد:

– پێویست بە ئاو خواردنەوە ناکات، زۆر دێر کەوتووین. ڕێکەن دەی!

لیٚ یەکێك لە پیرەمێرانی سکۆرتەکە، پشتیوانی لە دیلەکان کردو گوتی:

– ئاکیم سازونیچ، بەزەییەکت لەدڵا بیٚ، ئاخر ئەمانەش بەشەرن.

– بەشەرن؟ کۆمۆنیستان بەشەر نین. ڕێم پیٚ نیشان مەدە. من بەرپرسم یان تۆ؟

قوزاقە پیرەکە وەڵامی دایەوە:

– بەرپرسی وەکو تۆمان زۆر دیوە. وەرن کوڕینە، ئاو بخۆنەوە.

پیرەمێرد، دابەزی و سەتڵێك ئاوی لە بیرەکە دەرهێنا. دیلەکان دەوریان داو بیست و پێنج جووتە دەست لە یەك کاتدا بۆلای سەتڵەکە درێژ کران. چاوانی وشك و بیٚ ڕەونەق درەوشانەوە چپە چپ دەستی پێکرد:

– بابۆ تۆزێك ئاوم بدەیە.

– تەنیا یەك قەترە.

– هاوڕییان، یەك یەك، هەمووتان بە جاریٚ نا!

پیرەمێرد، نەیدەزانی لە کێوە دەست پێبکات. دوای یەك چرکە ئازاری لە پەستاو بێپسانەوە، سەتڵە ئاوەکەی کردە کۆلێکی ئاو خواردنی چوارپێیانەوە کە لە ئەرزەکەدا هەڵکەندرا بوو و خۆی لاکەوتە لاوە و هاواری کرد:

– دەی بە نۆرە بخۆنەوە، وەکو گا پاڵ بە یەکەوە مەنەن.

ئاوەکە بە ناو کۆلەکەدا، کە یەکپارچە قەوزەو پووش و پەڵاش و کاو کۆت بوو ڕۆیی و لە سووچێکدا کە لەبەر هەتاوا گەرم بوو بوو و بۆنی تەختەی تەڕو خوساوی لێدەهات، کۆبووەوە. دیلەکان هەر هەموو هوڕوژمیان بۆ کۆلە ئاوەکە برد. پیرەمێرد یازدە سەتڵ ئاوی دیکەشی لە بیرەکە دەرهێناو کردیە کۆلەکەوە. تەمەشای دیلەکانی دەکرد، دڵی پێیان دەسووتاو سەرو ڕووی خەمی لێدەباری. کۆلەکە پڕ بوو.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، کەوتە سەر چۆکان و ئاوی خواردەوە، کاتیٚ کە تێر بوو، سەری هەڵبڕی. زۆر بە ڕوونی ئەو گەردو غوبارەی سەر جادەکەی کەناری دۆن و تاوێرە گەچینەکانی لیٚ بە دەرکەوت کە لە دوورەوە وەکو پەردەیەکی سپی درەخشان دەینواند. گردۆلکە دوورەکان وەکو تارمایی سەریان بەرز کردبووەوە. بە بەرزی یەوە، بە سەر ئاوی پڕ پێلٚ و شەپۆلانی دۆنەوە، بە تاقی ئاسمانی شینی بێپایانەوە، لە بەرزاییەکی دوورە دەستا، پەڵە هەورێکی چکۆلەی بینی کە دەتگوت بە دەم بایەکەوە باڵی گرتبوو و لە بایەوانێکی سپی دەچوو، بەلەز بەرەو باکوور دەڕۆیی و سێبەرە شیر ئاساکەی لە پێچ و خەمی ڕوباری دۆندا، عەکس دەبووەوە.

"٥٥"

سەرکردایەتی باڵای هێزی یاخییەکان، لە کۆنفرانسێکی نهێنیدا لێبڕا داوای یارمەتی و کۆمەك لە حکومەتی دۆن و ئەتامان بوگایفسکی بکات.

داوا لە کودینوف کرا، کە نامەیەك بنووسێت و لە نامەکەدا ئەوە ڕابگەیەنێت کە یاخییەکانی دۆنی باڵا پەشیمان بوونەتەوەو زۆر بەداخەوەن کە لە کۆتایی ساڵی ١٩١٨ دا گفتوگۆیان دەگەڵ سوورەکاندا کردووەو شەڕگەیان چۆڵکردووە. کودینوف، لەم نامەیەدا، لە جیاتی هەموو قوزاقانی یاخی دۆنی باڵا، بەڵێنی دا کە لێرە بە دواوە، شەڕی بەلشەویکان، بە بەردەوامی دەکرێت و تا سەرکەوتنی یەکجارەکی ناوەستێتەوەو داوای کرد کە دەرجەداران بۆ یاخییەکان بنێرن و بە فڕۆکە، فیشەك و تەقەمەنیان لە شەڕگەکانا بۆ بخەنە خوارەوە.

پیوتەر بوگاتیریوف، ماوەیەك لە سینگین مایەوەو پاشان چوو بۆ ڤیشنسکایا. فڕۆکەوانەکەش، کە نامەکەی کودینوڤ پێبوو، دووبارە بۆ نوڤوچرکاسك گەڕایەوە. ئیدی لەوە بە دواوە پەیوەندییەکی نزیك لە نێوان حکومەتی دۆن و سەرکردایەتی باڵای یاخییەکاندا بەرقەرار بوو. تەقریبەن هەموو ڕۆژێك فڕۆکانێك کە تازە لە کارخانەکانی فەرەنسا دەرهاتبون، لەوبەری دۆنتسەوە دەهاتن و ئەفسەرو فیشەك و هەندێ گوللە تۆپیان بۆ تۆپە سێ ئینجیەکان، لە گەڵ خۆدا دێنا. فڕۆکەوانەکانیش نامەی قوزاقانی دۆنی باڵایان، ئەوانەی کە لەکاتی پاشەکشەکەدا لە گەڵ سوپای دۆندا ڕۆیی بوون، بۆ کەسوکاریان دێناو نامەی کەسوکارو خانەوادەکانیانیش لە ڤیشنسکاوە بۆ ئەوان دەبرد.

جەنەڕاڵ سیدورین، فەرماندەی گشتی تازەی سوپای سپی دۆن، بە گوێرەی پێویستی بارودۆخی جەبهەی دۆنتس و نەخشەی ستراتیجی تایبەتی خۆی، نەخشەی عەمەلیات و ڕێنمایی و زانیاری دەربارەی هێزی سوورەکان، کە بەرەو شەڕگەی یاخیەکان دەهاتن، بۆ کودینوف دەنارد.

کودینوف، تەنیا چەند نەفەرێکی کەمی دەستەبژێری خۆی لە نهێنی نامەو نامەکاریەکانی نێوان خۆی و سیدورین ئاگادار کردبوو، و ئەوانی دیکە ئاگایان لە هیچ کەین و بەینێکی ئەو و سیدورین نەبوو.

"٥٦"

ئەسیرەکان، نزیکی سەعات پێنج گەیینە تاتارسکی. هەتاوی، ڕۆژگاری کورتی بەهار، بەرەو ئاوا بوون دەڕۆیی، هەتاو وەکو تۆپێکی پرشنگدار، شانی دادابووە قەراخ تیلماسکە هەورێکی شینباوی ڕێ ڕێوە کە بەرەو خۆر ئاوا دەکشا.

قوزاقانی سریەی پیادەی تاتارسکی، لە دەرەوە، لە سایەی سایلۆ گەورە گشتیەکەی گوندا، چاوەڕوان بوون. ئەمانە بۆ کەناری ڕاستی دۆن گوێزرابوونەوە تا بچنە هیمدادو کۆمەکی سریەکانی ئیلانسکایا، کە بەزەحمەت خۆیان لەبەر هێرش و گوشاری هێزی سوارەی سوورەکان دەگرت. ئیدی ئەوە بوو کە قوزاقەکانی تاتارسکی، لە سەر ڕێی خۆیانەوە بۆ جەبهە، لە گوندەکەی خۆیان لایاندا بوو، تا هەم کەسوکاری خۆ بدینن و هەم توێشوی ڕێگای خۆیان تازە بکەنەوە.

قەرار وابوو هەمان ڕۆژ بکەونە ڕێ، بەڵام بیستبوویان کە ئەسیرانی کۆمۆنیست، لەوانە میشکا کوشیڤوی و ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، لە ڤیشنسکایاوە بەڕێوەن، لە ئان و ساتایە بگەنە تاتارسکی.

بۆیە لێبڕا بوون کە چاوەڕوانیان بکەن. ئەو قوزاقانەی کە کەسوکارو خزمیان دەگەڵ پیوتەر میلیخوفدا کوژرا بوون، لە هەموو ئەوانی دی سوورتربوون کە کوشیڤۆی و ئیڤان ئەلکسییوفیچ بدینن.

ئەمانە تفەنگەکانیان بە دیواری سایلۆکەوە هەڵپەسارد بوو، و بە بێتاقەتی خەریکی گفتوگۆیان بوون. هەندێکیان دانیشتبوون و هەندێکی دیکەیان بەپێوە بوون و جگەرەیان دەکێشا یان گوڵە بەڕۆژەیان دەخوارد. ژن و پیرەمێرو منداڵان دەوریان دابوون. خەڵکی گوند هەموو هاتبوونە دەرێ و کوڕیژگان لە سەربانەکانەوە چاوەڕوانی هاتنی دیلەکانیان دەکرد.

لە ناکاوا هاوارێکی منداڵانە بەرز بووەوە:

– ئەوەتان! وا دێن!

قوزاقەکان، بەلەز هەستان، ژاوە ژاو و غەڵبە غەڵب و گفتوگۆی حەشاماتەکە گەرمتر بوو. دەنگی پیی منداڵان کە بە غار بەرەو دیلەکان دەڕۆیشتن بەرز بووەوە. بێوە ژنەکەی ئەلیکسی شامیل کە هێشتا تازیەبار بوو دڵی گەرم بوو، دەستی بە شین و شەپۆڕان کرد.

یەکێك لە پیرەمێرەکان گوتی:

– دژمنەکانمان دێنن.

دەنگێکی دی هەڵیدایە:

– ئەو بێشەرەفانە بکوژن. قوزاقینە ماتەڵی چین؟

– دەبێ دادگایی بکرێن

– ئەوان، قوزاقەکانی ئیمەیان گوللە باران کرد.

– مردن بۆ کوشیڤۆی و هاوڕێکەی!

داریا میلیخوف، کە لە تەنیشت ژنەکەی ئانیکوشکاوە وەستا بوو، بەر لە هەموان، ئیڤان ئەلیکسییوفیچی لە نێو ئاپۆڕای یەخسیرانی ئەشکەنجەدراوا ناسییەوە.

عەریفەکە، بە دەنگێکی گڕ، کە هەراو زەنای خەڵکەکە و شین و گریەی ژنەکانی، داپۆشی، گوتی:

– ئەمەیان خەڵکی گوندەکەی ئێوەیە، جوان تەمەشای بکەن، قەحبەدایکە چەند جوانە. وەرن دەسومۆچی مەسیحیانەی لە گەڵ بکەن!

دەستی ڕاکێشاو لە سەر ئەسپەکەیەوە ئیڤان ئەلیکسییوفیچی نیشان دان.

– ئەدی ئەویتر کوا؟ میشکا کوشیڤۆی لە کوێیە؟

ئانتیپ، کوڕی ئاڤدیچ ی ناسراو بە "درۆزن"، تفەنگەکەی لە شانی خۆی داگرت و دڕی بە خەڵکەکەداو بەدەم ڕێوە قۆناغ و قەمەی تفەنگەکەی بەر ئەم و ئەو دەکەوت. عەریفەکەی، بە دەسەسڕێکی سور ئارەقە زۆرەکەی سەر تەوێڵی خۆی سڕی و بە زەحمەت لە ئەسپەکەی دابەزی و گوتی:

– تەنیا یەك نەفەری گوندی ئێوەمان پێیە. بەڵام ئەگەر هەر یەکەتان پارچەیەکی لێبکەنەوە، بەشی هەمووتان دەکات...

شین و گریەو زاری ژنان دەگەییە حەوت ئاسمان. داریا ڕێی خۆی کردەوەو بەرەو دەستەی سکورتەکان ڕۆیی. ڕوخساری ئیڤان ئەلیکسییوفیچی، کە لە لێدانا ڕەش بوو بووەوە، لە چەند شەقاوی خۆیا و لە دوای ئەسپێکی پاشەڵ تەڕەوە، ناسییەوە. سەری ئیڤان، کە بە شێوەیەکی سەیر ئاوسا بوو، بەو هەموو قژەوە کە لە نێو پەڵە خوێنی وشکەوە بوودا، پێکەوە چەسپی بوو، ڕێك لە سەتڵێکی سەرەو نخون دەچوو. پێستی نێوچەوانە ئاوساو و شکاوەکەی، گۆنا ئەرخەوانیەکانی دەبریقانەوەو جووتێ دەستکێشی خوری نابووە سەر تەپڵی سەری کە خەڵتانی خوێنی وشکەوە بوو بوو، بۆیە ئەو دەستکێشانەی نابوونە سەر سەری تا زامە گەورەکەی سەری لە نێشی هەتاو و مێش و مەگەزو پێشکان بپارێزێت. ئیدی دەستکێشەکان بە زامەکەیەوە نووسا بوون و لە ڕێکردنا نەدەکەوتن.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، وەکو نێچیرێکی گیرۆدەو گرفتار چاوی بە دەوروبەری خۆیدا دەگێڕاو لەوە دەترسا کە ژن و کوڕە منداڵەکەی بدینێت و دەیویست تکا لە کەسێك بکات تا ئەگەر لە نێو حەشاماتەکەدا بن، لەوێ دووریان بخاتەوە. ماوەیەك بوو بۆی دەرکەوتبوو کە تەمەنی درێژی لە تاتارسکی هێوەتر ناڕوات و لەویندەر دێتە کوشتن و نەیدەویست کە ژن و منداڵەکەی مەرگی ئەو بدینن. کەچی خۆی بەوپەڕی بێ قەرارییەوە چاوەڕوانی مەرگی دەکرد. بە پشتی کووڕەوە، بە ئەسپایی و بە ئازارێکی زۆرەوە سەری وەردەچەرخاند و تەمەشای ڕوخسارو سیمای ئاشنای خەڵکی گوندەکەی خۆی دەکرد، بەڵام هاوسۆزی و هاودەردی بە سیمای هیچ کەسێکەوە بەدی نەدەکرد: هەر هەموویان بە ژن و پیاوەوە، خێسەیان لێدەکرد و ڕق و کینە لە نیگایان دەباری.

کراسە خاکیە ڕەنگ بواردووەکەی، کە لەخوێنا ڕەق بوو بوو، لە گەڵ هەر جوڵەیەکیا دەکەوتە خشە خش. پانتۆڵە بەردارەکەی، پانتۆڵی سوپای سوور، و پێیە زلە خاوسەکانی خڵتانی خوێن بوون.

داریا لە هەنبەریا ڕوا بوو... کینە ئەوکی گرتبوو و خەریك بوو خەفەی دەکرد. ئەو شتە ترسناکەی کە ئەو بە ئازارێکی زۆرەوە چاوەڕوانی بوو، لە ئان و ساتا بوو کە ڕوو بدات. دیار بوو، هەر ئێستا، ڕووی دەدا، داریا دەیڕوانیە ڕوخساری ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بەڵام دڵنیا نەبوو کە ئایا ئەویش ئەم دەبینێ، دەیناسێتەوە یان نا.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بە تاقە چاوێکەوە کە پرشنگێکی هوڤیانەی لێدەبووەوە "چاوەکەی تری ئاوسا بوو و بەستبووی" بە نیگەرانیەوە دەیڕوانیە ئاپۆڕای خەڵکەکە، لە ناکاوا نیگای لە سەر ڕوخساری داریا، کە لەچەند شەقاوی ئەوا وەستا بوو، گیرسایەوە. وەکو یەکێك کە مەستی مەست بێ، هەنگاوێکی لەرزۆکی بەرەو ئەونا. هێندەی خوێن لەبەر ڕۆیی بوو سەری بە گێژەوە دەچوو. چیوای نەما بوو. ببورێتەوە. بەڵام ئەم حاڵەتە پەشێوە،تەواو پەریشانی کردبوو، دنیای وەکو خۆی نەدەبینی، سەری بە گێژەوەو دەچوو، چاوانی ڕێشکەو پێشکەیان دەکرد، بە هەموو هێزو توانایەکیەوە کە تیای مابوو هەوڵیدەدا خۆی بە پێوە ڕابگرێت.

ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بە دیتن و ناسینەوەی داریا، بەلارە لار هەنگاوێکی بۆ پێشەوە نا، شتێك، کە زیاتر لە تارمایی زەردەخەنە دەچوو، لێوە شێواوەکانی کشاند. ئەم زەردەخەنەیە کە لە

دەمەلاسکە دەچوو، دڵی داریای داخورپاند، دڵی بە توندی لێی دەدا، وای هەست دەکرد، خەریکە دێتە سەرەوە و بەربینی دەگرێت. لە کاتێکا هانکە هانکی پێکەوتبوو و دەم بەدەم ڕەنگی هەڵدەبزڕکا، ڕێك لە ئیڤان ئەلیکسییووفیچ هاتە پێشەوە و گوتی:

– سڵاو ئامۆزا، چۆنی؟

ڕیتمی دەنگە پڕ هەڵچوونەکەی و، ئاوازی ناجۆری قسەکەی، حەشاماتەکەی وادار کرد کە بێدەنگ بن. وەڵامەکەش، لەو بێدەنگیەدا، هەرچەندە کز بوو، بەڵام تەواو ڕوون بوو:

– سڵاو، دۆتمام، تۆ چۆنی؟

– ئامۆزای میهرەبان، پێم بڵێ چۆن... چۆن ئامۆزایەکەی خۆت، مێردەکەمت...

داریا خەریك بوو خەفە دەبوو. دەستی خستە سەر سینگی. دەنگی دەرنەدەهات. بەڵام کە کەوتەوە قسان، لەم بێدەنگیە ڕەهایەدا، لەم خامۆشیە کوشندەیەدا، دوا بەشی پرسیارەکەی داریا، کە زۆر بە ئەسپایی دەکرا، لەوپەڕی ئاپۆڕاکەوە بیسترا:

– ..چۆن مێردەکەمت، پیوتەر پانتیلیوفیچت، کوشت.

– نەخێر، دۆتمام. من نەمکوشتووە.

بە دەنگێکی بەرزتر، کە زیاتر لە ناڵێن دەچوو، گوتی:

– چۆن تۆ نە تکوشتووە؟ ئێوە، تۆ و میشکا کوشیڤۆی، بە دوو قۆڵی قوزاقەکانی ئێمەتان نەکوشت؟

– نا، دۆتمام... ئێمە... من نەمکوشتووە.

– ئەدی کێ ڕەوانەی ئەو دنیای کرد؟ کێ؟ دە بڵێ کێ.

– کەتیبەی زامورسکی...

– نا، تۆ بووی!... قوزاقەکان گوتیان تۆیان لە سەر گردەکە دیتووە. بەسواری ئەسپێکی سپی بوویت. جا ئێستا حاشای لێدەکەی خوێڕی؟

– من لەو شەڕەدا بەشدار بووم...

ئیڤان ئەلیکسییووفیچ، بە ئازارێکی زۆرەوە دەستی چەپی هەڵبڕی و گەیاندیە سەری و دەستکێشەکانی، کە بەزامەکەیەوە نووسا بوو، ڕێکخست و بە دەنگێکی کزو لەرزۆکەوە لە سەری ڕۆیی:

– من لەو شەڕەدا بەشدار بووم، بەڵام من مێردەکەی تۆم نەکوشتووە. میشکا کوشیڤۆی کوشتی، یانی خوێنی ئامۆزا پیوتەر لە ئەستۆی من نییە.

بێوەژنەکەی یاکوف "ناڵە ئەسپ" بە دەنگێکی تیژ لە نێو حەشاماتەکەوە قیژاندی:

– ئەدی تۆ، هەی بەدکردار چ کەسێکی گوندەکەمانت کوشتووە؟ منداڵی کێت هەتیو کردووە؟

جارێکی دی گریان و زاری و شیوەنی هیستریانەی ژنان دەستی پێکردەوەو هێندەی دی جەوەکە گرژ بوو. داریا، دوایی گێڕایەوە کە بیری نایەت لە کوێ و چۆن تفەنگی کابرایەکی سوارەی گەییە دەست و چ کەسێك دابوویە دەستی. بە هەرحاڵ هەر کە ژنەکان دەستیان بە شیوەن و زاری کرد، داریا هەستی کرد شتێکی نائاشنای لەدەستدایە، کە دەستی پێدا هێنا بۆی

دەرکەوت کە تفەنگەکە. لە هەوەڵەوە لە لوولەکەیەوە گرتی، تا بە قۆناغەکەی بەربێتە وێزەی ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، بەڵام قەرەوڵی تفەنگەکە چوو بە دەستیا (قەرەوڵ: سێرەی تفەنگ) بۆیە تفەنگەکەی وەرگێڕا و قۆناغەکەی لە شانی خۆی توند کرد و ڕێك نیشانەی لە لای چەپی سینگی ئیڤان ئەلیکسییوفیچ گرتەوە.

داریا، سەیری کرد کە قوزاقەکان، لە دەوری ئیڤان ئەلیکسییوفیچ دوور دەکەونەوە و خۆ دەدەنە پاڵ دیواری عەمارەکەوە، داریا گوێی لە هاواری ترسامێزیان بوو کە دەیانگوت: "وریابە! ژنەی تاین شێت بووە. ئەهای کچێ وریابە تۆ خەریکە تەقە لە ئێمە دەکەی. وریابە، تەقە نەکەی! چاوەڕوانی هۆڤیانەی حەشاماتەکەو ئەو نیگایانەی کە بڕابوونە ئەو و، ئارەزووی تۆڵە کردنەوەی مێردەکەی و هەستی خۆنوێنی و ئەوەی کە دەیبینی پیاوەکان بە سەرسامی و تەنانەت بە ترسەوە تەمەشای دەکەن و چاوەڕوانی ئەوەن کە ئاخۆ چ دەکات و، ئەنجام دەبێ کارێکی نائاسایی و بێ پێشینەی ئەوتۆ ئەنجام بدات و هەموویان بترسێنێت، هەر هەموو ئەم هەستە جۆراو جۆرانە، بە خێراییەکی ترسناك، لە شتێکیان نزیك دەکردەوە کە لەناخی خۆیدا بڕیاری لێدا بوو، بەڵام لەم ساتەدا نەی دەویست و نەیدەزانی بیری لێبکاتەوە. داریا سووکە هەڵوەستەیەکی کردو بە پارێزەوە دەستی خستە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکە، لە ناکاوا، بێ ئەوەی خۆی پێبزانێ، بە توندی قامکی لەسەر داگرت.

پەرچەکرداری تفەنگەکە داریای تەکان دا، خەریك بوو بەربێتەوە، دەنگی فیشەکەکە کاسی کرد، بەڵام لە درزی چاوە نیمچە نوقاوەکانیەوە، بینی کە ڕوخساری ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کەوتە لەرزین و لەچاو تروکانێکدا بە شێوەیەکی ترسناکی ئەوتۆ گۆڕا کە قەت لە بیرنەچێتەوە. بینی کە دەستەکانی بڵاو کردنەوە و ئەوجا بەجۆرێ وێکیهێنانەوە وەك ئەوەی بیەوێ لە بەرزاییەکی زۆر بڵندەوە خۆی هەڵداتە ئاوێکەوە. ئەوسا بە پشتا کەوت و سەری بە گرژیەوە لەرزی و قامکە بڵاوەکانی کەوتنە لەرزین و بە توندی چنگی لە ئەرزەکە توند کرد.

داریا، تفەنگەی لە دەست کەوت، هێشتا بە تەواوەتی نەیدەزانی چی کردووە، پشتی کردە ئیڤان ئەلیکسییوفیچ کە لەو گۆڕە کەوتبوو، ئەوسا بە حەرەکەتێکی سادەی ئەوتۆوە، کە هیچ ئاسایی نەبوو، لەچکەکەی توند کردەوەو قژە پەرێشانەکەی خستە ژێرەوە.

یەکێك .لە قوزاقەکان، کە بە ڕێزو حورمەتێکی لە ئەندازە بەدەرەوە ڕێی بۆ داریا دەکردەوە، گوتی:

– هێشتا هەناسە دەدات.

داریا، ئاوڕی دایەوە، بەڵام نەیدەزانی دەربارەی کێ قسان دەکەن و چی دەڵێن. گوێی لە ئاهو ناڵەیەکی یەکنەوا بوو کە نەك لە گەرووەوە، بەڵکو لە کانگای دڵەوە هەڵدەقوڵاو ئاویلکەی مردن دەی بڕی. تەنیا ئەو کاتە پەی بەوە برد کە ئەوەی بەدەم ئاوزینگی مەرگەوە دەناڵێنێ ئیڤان ئەلیکسییوفیچە کە بەدەستی ئەو کوژراوە. داریا بە هەشتاو بە بەر عەمارەکەدا (سایلۆ) تێپەڕی و بەرەو مەیدانەکە ڕۆیی و تەنیا چەند نیگایەکی کەم بە ڕێیان کرد.

سەرنجی حەشاماتەکە هاتبووە سەر ئانتیپ کە لە سەر نووکی پێیان، وەکو ئەوەی لە مەشقی عەسکەریدا بێ، بەرەو لای ئیڤان ئەلیکسییوفیچ غاری دەداو سەرە نێزەیەکی ژاپۆنی لەپشت خۆیەوە شاردبۆوە، هات و لە تەنیشت ئیڤان ئەلیکسییوفیچەوە، بە چیچکانەوە دانیشت و نووکی سەرەنێزەکەی کردە سینگی ئەو و بە ئەسپایی گوتی:

– دەیسا، کوتلیارۆف، ئێستا بمرە!

بە هەموو هێزی خۆیەوە، سەرە نێزەکەی لە سینگی چەقاند. گیانەللایەکەی ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، درێژخایەن و بە ئازار بوو. ژیان نەیدەویست لە جەستە ساغڵەم و تۆکمەکەی دەربچێت. تەنانەت دوای جەزرەبەی سێیەمی سەرەنێزەکەش، هێشتا زاری دەکردەوەو لە نێوان دانە خوێناویەکانیەوە خنکە خنک دەناڵی.

– ئا. ئا، ئا...

عەریفی سکۆرتەکە گوتی:

– ئاخ! قەساب، تۆ برۆ لاکەوە!

ئانتیپی دایە لاوەو دەمانچەکەی خۆی دەرهێناو وەکو سەگڤانانی (ئەنگێوە) کارامە، چاوی چەپی نوقاند و نیشانەی گرتەوە.

دوای تەقەکەی ئەو، قوزاقەکان وەکو ئەوەی چاوەڕوانی ئەو ئاماژەیە بووبن، کەوتنە گیانی دیلەکان و دیلەکانیش شپرزەو پەرێشان بەم لاو بەولادا غاریان دەدا، دەنگی تەقەو هاوار تیکەڵ بەیەکدی بوون...

***

گریگۆری میلیخوف دوای ئەوە، بە کەمتر لە سەعاتێك بە چوارناڵە گەییە تاتارسکی. ئەسپەکەی ژێری لە پەلو پۆ کەوتبوو و لە نیوەی ڕێگای بەینی دوو گوندا بە تەواوەتی پەکی کەوتبوو و کەوتبوو. گریگۆری زینەکەی لێگرتبووەوەو تا نزیکترین گوندی برد بوو و لەوێ ئەسپێکی دیکەی بە ئەمانەت وەرگرتبوو، ئەسپێکی ڕەهوان نەبوو، بۆیە دێر کەوتبوو... سریەکەی تاتارسکی بەرەو گوندەکانی ئاقاری ئیلانسکایا کەوتبووە ڕێ تا لەو شەڕەدا کە دەگەڵ قوەتەکانی فیرقەی سوارانی سوورا لە ئارادا بوو، بەشداری بکەن. گوندی تاتارسکی ئارام و چۆڵ بوو. شەو باڵی ڕەشی خۆی بەسەر زورگ و هەردەکانی دەوروبەری گوند و کەنارەکانی ڕوباری دۆن، پەڵە سپیدارو دار بیەکاندا، کێشا بوو.

گریگۆری بە ئەسپەکەوە خۆی بە حەوشەکەدا کردو ئەوسا چووە ماڵەوە. هیچ چرایەك نەدەسووتا. پێشکە لەو تاریکیە ئەنگوستە چاوەدا کردبوویان بە ویزە ویزێك ئەوسەری دیار نەبێ. ئیکونەکان لەپێشی ژوورەکەوە بە حاڵ دەبریسکانەوە. گریگۆری پڕ بە سییەکانی بۆنی دڵگیرو ئاشنای ماڵەکەی هەڵمژی و بانگی کرد:

– کێ لەماڵە ؟ دایکە ؟ دونیاشکا!

دەنگی دونیاشکا، لە ژوورەکەی پێشەوە بەرز بووەوە:

– گریشکا! تۆی؟

گوێی لە دەنگی پێی پەتی بوو. کە بە ناو ژوورەکەدا هات. تارمایی سپیواژی دونیاشکا، لە درزی دەرگاکەوە دەرکەوت کە بەلەز کەمەربەندی تەنوورەکەی دەبەست.

لێی پرسی:

– بۆچی وا زوو خەوتوویت؟ دایکم لە کوێیە؟

– ئاخر لێرە...

دونیاشکا، قسەکەی قووت دایەوە. گریگۆری گوێی لێبوو کە بەپەلە و بە نیگەرانی هەناسەی دەدا.

– چی ڕوویداوە؟ دیلەکان کەی ڕۆیشتن؟

– کوشتیانن.

– چی ی ی؟...

– قوزاقەکان کوشتیانن... ئاه! گریشکا! داریای ئێمە، ئەم قەلەڕەشە شوومە...

گریان ئەوکی دونیای گرت. ئەوسا لە سەری ڕۆیی:

–.. بە دەستی خۆی ئیڤان ئەلیکسییوفیچی کوشت، بە تفەنگ...

گریگۆری بە ترسەوە، یەخەی گوڵدۆزی کراسەکەی خوشکەکەی گرت و هاواری کرد:

– ئەوە تۆ چی دەڵێی؟ وڕێنە دەکەیت؟

چاوانی دونیاشکا لە فرمێسکا دەدرەوشانەوەو ئەو ترسەی کە نیشتبووە سەر بیلبیلەی چاوانی، گریگۆری تێگەیاند کە قسەکەی دونیا دروستە.

– ئەدی میخائیل کوشیڤوی؟ ئەدی ستوکمان؟

– لە ناو دیلەکاندا نەبوون.

دونیاشکا، کوشتاری دیلەکان و ئەو کارەی کە داریا کردبووی، بەپەلەو بە کورتی بۆ گێڕایەوە:

–...دایەکە ترسا شەوێ بە تەنیا لەماڵەوە لە گەڵیا بێت، چوو بۆماڵی دراوسێکان. داریا بە مەستی بۆ ماڵ گەڕایەوە، نازانم لە کوێ بوو... وەکو بەراز مەست بوو. ئێستا نوستووە.

– لە کوێ؟

– لە عەمارەکەدا.

گریگۆری چوو بۆ عەمارەکە، دەرگاکەی بە توندی کردەوە. داریا لە سەر ئەرزەکە خەوتبوو، تەنوورەکەی بە شێوەیەکی بێشەرمانە هەڵدرابووەوە. بازووە باریکەکانی بڵاو بوو بوونەوە، لیکاو بە دەمیا هاتبووە خوارێ و گۆنای ڕاستی تەڕ بوو و دەبریقایەوە، دەمی کرابووەوە و بۆنی ڤۆدگای خۆماڵی لێدەهات. سەری خوار بوو بووەوە و گۆنای چەپی بە ئەرزەکەوە نووسا بوو، بە قورسی هەناسەی دەدا.

گریگۆری، بە عەمراتی وەکو ئەو ساتە، شێتانە مەیلی شمشێر وەشاندنی نەکرد بوو. بۆ چەند ساتێك بە دیار داریاوە وەستا، بۆ چەند ساتێك پیشی خواردەوە، ئەم پێ و ئەو پێی کرد، دانی بە چیرەوە بردو بە ڕق و نەفرەتەوە ڕوانیە جەستەی ڕاکشاوی. ئەوسا پاژنەی ناڵچەداری پۆستاڵەکەی نایە سەر دەموچاو و برۆ کەوانیەکانی داریاو بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- ماریا ژاراوی!

داریا،بەدەم مەستیەوە ناڵاندی و لەبن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد. گریگۆری، هەردوو دەستی بە سەر خۆیەوە گرت و ڕایکرد بۆ ناو حەوشەکە. کێلانی شمشێرەکەی بە سەر قاڵدرمەکاندا کەوتە خشە خش. هەر ئەو شەوە، بێئەوەی دایکی ببینێ، سواری ئەسپەکەی بوو و ڕۆیی بۆ بەرەی شەڕ.

"٥٧"

هەردوو سوپای سووری هەشتەم و نۆیەم کە نەیانتوانی بوو بەرگری و بەرەڤانی هێزەکانی سوپای سپی دۆن تێکبشکێنن و بەر لە لافاوی بەهارە، بۆ دۆنتس بپەرنەوە، هێشتا هەر هەوڵیان دەدا کە لە هەندێ قۆڵی جەبهەکەوە دەست بە هێرش بکەن. هەڵبەتە بە شێوەیەکی گشتی ئەم هەوڵانە ڕوو بە ڕووی ناکامی دەبوونەوەو جڵەوی دەست پێشکەری دەکەوتە دەست فەرماندەیی سوپای دۆن.

تاکو نیوەی مانگی ئایاریش، هیچ گۆڕانێکی گەورەو گرینگ لە بەرەی باشووردا ڕووی نەدا. بەڵام نەدەبوو لەوەش پتر دوابکەوێ. بە گوێرەی ئەو نەخشەیەی کە لەلایەن جەنەڕاڵ دونیسوڤ فەرماندەی گشتی پێشووی سوپای دۆنەوەو لەلایەن سەرۆکی دەستەی عەسکەرییەکەیەوە، جەنەڕاڵ پولیاکوفەوە، داڕێژرا بوو، ئامادەسازی قوەتی دەست وەشێن لە ناوچەی کامنسکایاو ئوست بلوکالیتوڤنسکایا تەواو بوو بوو. باشترین هێزێن مەشق دیتەی سوپای تازەی دۆن و کەتیبە جەنگدیدەکانی دۆنی ژێری — کەتیبەێن گوندوروفسکی، گیورگیفسکی و... — بۆ ئەم بەشەی شەڕگە نەقڵ کران. بە شێوەیەکی گشتی گروپی دەستوەشێن شازدە هەزار پیادە و سوارەو بیست و چوار تۆپ و سەدو پەنجا ڕەشاشی لە خۆ گرتبوو. بە گوێرەی نەخشەکەی جەنەڕاڵ پولیاکوف، گروپی ناوبراو دەبوایە شان بە شانی قوەتەکانی جەنەڕاڵ فیتزخلائوروف لە قۆڵی شارۆچکەی ماکییفکاوە هێرش بکات و فیرقەی دوازدەی سوور تێکبشکێنێ و خۆی بگەیەنێتە خاکی دۆنی باڵاو لە دوو قۆڵەوە و هەروەها لە پشت مەیدانی فیرقەی سیازدە و فیرقەی ئۆڕاڵەوە دەست بە ئۆپەراسیونان بکات و پاش ئەوەی لە گەڵ سوپای یاخیەکاندا یەکی گرتەوە، بەرەو ناوچەی خوپەر پێشڕەوی بکات و ئەو "قوزاقانە" تیمار بکات کە دووچاری نەخۆشی کۆمۆنیزم بوون.

ئیدی ئەم ئامادەکاری و زەمینە خۆشکردنە بۆ هێرش، گوڕو تین و چالاکی و چەلەنگیەکی زۆری بە جەبهەی دۆنتس بەخشی. فەرماندەیی گروپی دەست وەشێن بە جەنەڕاڵ سکرتیوف سپێردرا. تای تەرازووی سەرکەوتن بە ئاشکرا بە قازانجی سوپای دۆن دادەکشا.

جەنەڕاڵ سیدورین کە لە دوای جەنەڕاڵ دونیسوڤ ئالەتی دەستی کراسنوف. گەیی بووە پۆستی فەرماندەیی گشتی و هەروەها جەنەڕاڵ بوگایفسکی کە تازە بە ئەتامانی سوپا هەڵبژێردرا بوو، هەردووکیان، بەلای هاوپەیمانانی ڕۆژئاواییدا دایان دەکێشا. ئەمانە بە هاوکاری نوێنەرانی شاندێن عەسکەری بەریتانی و فەرەنسی، نەخشەی ستراتیژی دوور

مەودایان بۆ ئەوە دادەڕشت کە هێرش بکەنە سەر مۆسکۆ و سەرانسەری خاکی ڕووسیا لە بەلشەویزم پاك بکەنەوە.

باری چەك دەگەییە بەندەرەکانی کەناری دەریای ڕەش. ئەم پاپۆڕ و کەشتیە گەورانە نەك هەر فرۆکەو تانك و تۆپ و ڕەشاش و تفەنگی ئینگلیزی و فەرەنساوی، بەڵکو قاترو ئازووقەو جل و بەرگی عەسکەریشیان لە گەڵ خۆیاندا دێنا، چونکە ئەو شتانە لە دوای کۆتایی شەڕ دەگەڵ ئەڵماندا، بایەخیان نەمابوو. ئیدی عەمارو کۆگاکانی نوڤوروسیسك پڕ بوون لە بالەێن قەمسەڵەی خاکی ئینگلیزی، کە وێنەی شێری بەریتانی بەسەر دوگمە مسینەکانیانەوە نەخشابوو. کۆگاو عەماران پڕ بوون لە ئاردو شەکرو نوقڵ و شەرابی ئەمریکایی. ئەورووپای سەرمایەداری کە زراویان لە سەرسەختی و کۆڵنەدەری بەلشەویکان تۆقی بوو، بەلێشاو ئەو خومپارەو تۆپ و تفەنگ و هاوەن و فیشەکانەی کە فریا نەکەوتبوون دژی ئەڵمان بەکاری بەرن، بۆ باشووری ڕووسیای دەنارد. ئیدی کۆنە پارێزیی جیهانی، خۆی ئامادە دەکرد، ڕووسیای سوڤیاتی کە ئەو هەموو خوێنەی لەبەر ڕۆیی بوو، لە بێشکەدا خەفە بکات... ئەو ئەفسەرە ئینگلیز و فەرەنسیانەی کە هاتبوون بۆ دەڤەری دۆن و کوبان تا ئەفسەرانی قوزاق و ئەفسەرانی سوپای خۆبەخشان، فێری چۆنیەتی بەکارهێنان و ئاژۆتنی تانك و بەکار بردنی تۆپی ئینگلیزی بکەن، لە ئێستاوە خۆیان ئامادە دەکرد و دڵی خۆیان خۆش دەکرد کە سەرکەوتوانە دەچنە ناو مۆسکۆ...

بەڵام لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك ڕووداو و بویەران لە دۆنتسدا هاتە پێشەوە، بووە مایەی سەرکەوتنی ئەو هێرشەی کە سوپای سوور لە ساڵی ١٩١٩دا کردی.

هەڵبەتە هیچ گومانێك لەوەدا نەبوو کە هۆی سەرەکی ناکامی سوپای سوور لە هێرشەکانیا، یاخی بوونی قوزاقانی دۆنی باڵا بوو. بە درێژایی سێ دانە مانگ، ئەم یاخیانە، لەپێشەوە، وەکو مۆریانە سوپای سووریان دەخوارد، ناچاریان دەکرد، جێگۆڕکێی بەردەوام بە یەکەکانی بکات، ڕێگەی گەیاندنی ئازووقەو بارووبنەو چەك و جبەخانەیان لێدەگرت، ڕێگەیان لە گواستنەوەی نەخۆش و برینداران دەگرت. تەنیا لە هەردوو سوپای سووری هەشتەم و نۆیەمەوە، نزیکەی بیست هەزار سەرباز بۆ سەرکوتکردنی یاخیەکان هێنرا بوو.

بەڵام ئەنجوومەنی عەسکەری شۆڕش، کە زانیاری تەواوی دەربارەی یاخیەکان نەبوو، زۆر خاو بوو و زوو بە زوو نەکەوتبووە ئیجرائاتی پێویست بۆ سەرکوتکردنی یاخیەکان، لە سەرەتاوە تەنیا چەند مەفرەزەو یەکەیەکی پەراگەندەی بۆ سەرکوتکردنیان نارد (بۆ نموونە زانکۆی، سەر بە کۆمیتەی جێ بەجێکردنی ناوەندی سەرانسەری ڕووسیا، یەك، یەکەی دووسەد نەفەری نارد بوو) ئەمانە هەر هەمووی یەکەی نوقسان و لاواز بوون، وەکو ئەوە وابوو بیانەوێ بە چەند پەرداخە ئاوێك ئاگرێکی گەورە بکوژێننەوە، قوەتەکانی سوپای سوور، بە دەوری ناوچەکانی یاخییەکاندا، کە پانتاییەکەی پتر لە سەدو نەوەد کیلۆمەتر بوو، بڵاوبووبونەوەو، هەر یەکەیان بە جیاو، بێهیچ نەخشەیەکی کاری هاوبەش، کاریان دەکرد. هەرچەند ژمارەی سەربازانی هێزی

شەڕکەر، لە بیست و پێنج هەزار شەڕڤان پتر دەبوو، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی دیارو بەرچاویان بە دەست نەدەهێنا.

ئەوە بوو چواردە سریەی پیادەو دەیان مەفرەزەی دیکە، یەك لە دووی یەك نێردران بۆ مەیدانی شەڕ، تا گەمارۆی یاخیەکان بدەن و نەیەڵن پەلوپۆ باوێن. چەندین مەفرەزەی خوێندکارانی کۆلیجە سوپاییەکانی تامبوف و فورونیج و ریازان –یان نارد. بەڵام تەنیا کاتێ کە یاخیبوون تەشەنەی کردو یاخییان بوون بە خاوەنی ڕەشاش و تۆپ و مەترەلۆز، کە هەڵبەتە لە شەڕی سوورەکاندا گرتبوویان. ئەوسا هەردوو سوپای هەشتەم و نۆیەم، یەکی فیرقەیەکیان بە تۆپخانەو یەکەیێن ڕەشاشەوە نارد بۆ مەیدانی شەڕ. دیارە یاخیەکان، زەرەرو زیانی یەجگار زۆریان لێکەوت، بەڵام بنبڕ نەبوون.

پزیسکێکی (پزوسکە، پریشکی ئاگر) ئەو ئاگرەی دۆنی باڵا، پەڕییەوە بۆ بەری خوپەر. چەند گروپێکی بچووکی قوزاقان، هەوڵیاندا بە فەرماندەیی چەند ئەفسەرێك ڕاپەڕین بەرپا بکەن. لە ناوچەی ئوریوپینسکایادا، عەقیدێك بە نێوی ئالیموف، کۆمەڵێك قوزاق و کۆنە ئەفسەری، کە خۆیان شاردبووەوە، لە دەوری خۆی خڕ کردەوە. ئەمانە قەرار بوو لە شەوی سییەمی نیساندا، دەست بە ڕاپەڕینەکەی خۆیان بکەن، بەڵام پیلانەکەیان لەکات و ساتی خۆیدا ئاشکرا بوو. ئالیموف و جەماعەتێك لە هاودەستەکانی، لە گوندێکی ناوچەی پیروبراژنسکایا دەستگیر کران و درانە دادگای شۆڕش و گوللە باران کران، ئیدی ڕاپەڕین و یاخی بوونەکە، بێ سەرو سەرپەرشت مایەوەو لە شوێنی خۆی دامرکایەوەو ئیدی خەڵکانی ئەنتی شۆڕشی ناوچەی خوپەر نەیانتوانی پەیوەندی بە یاخییانی دۆنی باڵاوە بکەن.

لە ڕۆژانی هەوەڵی مانگی ئایاردا، یەکەیەکی کۆلیجی سوپایی سەر بە کۆمیتەی تەنفیزی ناوەندی سەرانسەری ڕووسیا، لە وێستەگەی چرتکوف دابەزین، کە چەند کەتیبەیەکی پیادەی سوپای سووریشی لێبوون. چرتکوڤ، دوا وێستگەی قیتاری باشووری ڕۆژهەڵاتی هاوسنووری بەشی ڕۆژاوای جەبهەی یاخییەکان بوو. قوزاقەکانی ناوچەێن میگولینسکایاو مشکوفسکایا و کازانسکایا، لەو سەرو بەندەدا، خەریك بوون هێزی سەرەکی سوارەی خۆیان لە سنووری کازانسکایادا کۆدەکردەوەو بەرەنگاری هێزەکانی سوپای سوور دەبوونەوە کە لە حاڵی هێرشدا بوون.

لە ناکاوا مقۆ مقۆیەك کەوتە ناو سەربازانی سوپای سوور کە گوایە قوزاقەکان، گەمارۆی "چرتکوف"یان داوەو لە ئان و ساتدایە کە دەست بە هێرش بکەن. هەرچەندە وێستگەکە نزیکەی پەنجا فرسەخ لە شەڕگەوە دوور بوو و، چەندین قوەت و مەفرزەی سوپای سوور لە بەرەکانی پێشەوە دامەزرا بوون و ئەگەر ئەو دەنگۆیە ڕاست بوایە کە قوزاقەکان، خەتی سوورەکانیان شکاندوە، خەبەریان بە هێزەکانی خۆیان دەدا، کەچی پەشێوی و ژاوە ژاو لە وێستگەکەدا بڵاو بووەوە. جم و جووڵ کەوتە ڕیزی سەربازانی سوپای سوورەوە. دەنگێك لە پشت کڵێساکەوە بەرز بووەوەو فەرمانی دا: "چەکەکانتان هەڵگرن!" خەڵکەکە هەراسان و شپرزە بە جادەکاندا کەوتنە غاردان.

پاشان دەرکەوت کە ئەم ئاشوب و دەنگۆیە بێبنج و بناوان بوو. تومەز سریەیەکی سوپای سوریان، کە لە مانکوڤۆوە بەرەو چرتکوف دێت، لێدەبێت بە قوزاقان. خوێندکارانی کۆلیجی ئەفسەری و دوو کەتیبەی کرونشتاد بەرەو کازانسکایا دەڕۆن.

بۆ ڕۆژی دوایی کەتیبەی کرونشتاد، کە درەنگ دەگاتە جێ، بە تەواوەتی لەلایەن قوزاقەکانەوە قەڵاچۆ دەکرێت. کەتیبەی کرونشتاد، ناچێتە ناو ئەو گوندەی کە قوزاقەکان چۆڵیان کرد بوو، شەوێ لە دەرو دەشتەکەدا دەمێننەوە، ئەگەر بڵێی ڕەبایەو پاسەوانێکی زۆریش لە دەوروبەری خۆیان دادەنەن. نیوەشەو چەندین سریەی سوارەی قوزاقان، دەوری کەتیبەی ناڤبری دەگرن و دەکەونە تەقە کردن، و سوود لە خڕخاشەی دارین وەردەگرن و ترس دەخەنە دڵی سەربازانی کەتیبەکەوە، ئەم خڕخاشەیە شەوێ کاری ڕەشاشیان بۆ دەکات، دەنگەکەی تەقریبەن هاوتای قرمە قرمی دەسرێژی ڕەشاشی ڕاستەقینە بوو.

بەمجۆرە سەربازانی کەتیبەی کرونشتادی گەمارۆ دراو، کاتێ لەو تاریکیە ئەنگوستە چاوەدا، گوێیان لە مرقە مرقی دەستڕێژی ڕەشاشان و دەنگی تیرەندازی نیگابانان و هات و هاواری قوزاقان و نەعرەتەی هێرشبەرانی سوارە بوو، کە نزیك دەبوونەوە، بەرەو دۆن غاریان دا تا خۆیان لە گەمارۆ دەرباز بکەن، بەڵام سوارەکان پێشیان لێگرتنەوەو ناچاریان کردن بگەرێنەوە. تەنیا چەند کەسێکی کەمی کەتیبەکە توانیان، بە مەلە لە ڕوباری دۆن، کە بە هۆی توانەوەی بەفرەوە، هەستا بوو، بپەڕنەوە.

لە مانگی ئایارا، هێزێکی هیمدادو پشتوانی زۆری سوپای سوور، لە دۆنتسەوە گوازرایەوە بۆ شەڕگەی یاخیەکان، بە تایبەتی فیرقەی سی و سێی کۆبان، گریگۆری میلیخوف بۆ یەکەمجار ناچار بوو کە ڕوو بە ڕووی هێرشێکی ڕاستەقینە ببێتەوە. فیرقەی کۆبان، گوشارێکی تەواوی خستە سەر فیرقەکەی ئەو. گریگۆری ناچار بوو گوند لە دووی گوند چۆڵبکات و بەجێ بێڵی و بەرەو باکوور، بەرەو دۆن پاشەکشە بکات، لە مەرزی چیردا، ڕێك لە نزیکی کارگینسکایادا، توانی تەنیا یەك ڕۆژ بەرگە بگرێت و خۆی ڕابگرێت، پاشان لە ژێر زەبری هێزی دژمندا، کە لە هێزەکانی ئەو زۆرتر بوو، ناچار بوو نەك هەر پاشەکشە بکات، بەڵکو بەپەلە داوای هێزی هیمدادو پشتیوانیش بکات.

ئەوە بوو کوندرات میدفیدیف، فەرماندەی فیرقەی سێیەم، هەشت سریەی سوارەی لە فیرقەکەی خۆی بۆ نارد. قوزاقەکانی میدفیدیف، پۆشتەو پەرداخ بوون، فیشەکیان زۆر بوو، چەکمە و پۆستاڵەکانیان، جل و بەرگیان، باش بوو، ئەو شتانەیان لە دیلەکانی سوپای سوور سەند بوو. گەلێك لە قوزاقانی ئیلانسکایا، وێڕای ئەوەی کە دنیا گەرم بوو، لێرەو لەوێ، بە قەمسەڵە چەرمەکانیانەوە دەسوڕانەوە و خۆیان دەنواند و زۆربەی هەرە زۆریان سەرو دەمانچە یان دووربینیان بە قەدەوە بوو. ئەمانە توانیان بۆ ماوەیەکی کەم لە هەنبەر هێرشی فیرقەی سی و سێی کۆباندا بەرگری بکەن. گریگۆری ئەمەی بە هەلزانی و بەپەلە ڕۆیی بۆ ڤیشنسکایا. چونکە کودینوف، بە پەلە ناردبووی بە دوویدا کە بۆ شیرەت و ڕاوێژ بڕوات بۆ ڤیشنسکایا.

گریگۆری، بەیانی زۆر زوو گەییە ڤیشنسکایا. لافاوی دۆن بەرەو نیشتنەوە دەچوو. هەوا بۆنی نەرم و لیچی سپیدارانی گرتبوو. گەڵای چرو تۆخی دار بەڕوو، بە دریژایی بەستێن و کەناری ڕووبارەکە بەڕیز وەستابوون و بەدەم بایەکەوە، دەشنانەوەو لە تۆ وایە، لە بەرخۆوە سۆزە دەکەن. ئەو گردۆڵکانەی لە ژێر ئاوەوە دەرکەوتبوون، هەڵمیان لێهەڵدەستا. گیا لە سەریاندا بە ئاستەم چەکەرەی کرد بوو، بەڵام لە کەندو گۆلەکاندا هێشتا ئاوی مەندو وەستاو دەبریقایەوە. شاهۆ و خەمخۆران، بە کۆمەڵ هاواریان دەکرد، هەرچەندە هەتاو هەڵهاتبوو، کەچی پێشکانی بۆرباو بە ئاسمانی نمسارەوە کە بۆنی لیتاوی دەدا، پورەیان دەدا. لە بارەگادا، کۆنە تاپێك هەبوو، هەر تەقە تەقی بوو، خەڵکانێکی زۆر لە ژوورەکاندا بوون و دووکەڵی تووتن لە هەموو شوێنێك پەنگی خواردبووە.

گریگۆری، کودینوڤ بینی کە خەریکی کارێکی غەریب بوو. بە تەواوەتی لەگژ فکران ڕاچوو بوو، چارەی جدی، بێئەوەی گریگۆری کە بە ئەسپایی وەژوور کەوتبوو، بدینێ، مێشێکی درشتی زومرود ئاسای گرتبوو، لاقەکانی دەردێنا، لە گەڵ دەرهێنانی هەر لاقێکی مێشەکەدا، دەستی بەسەر مێشەکەدا دەنوقاند و لە گوێی خۆیی نزیك دەکردەوەو سەری بە وردی دادەنەواند و گوێی لە ویزە ویزی مێشەکە دەگرت کە بە رزو نزم دەبووەوە.

کودینوف، کە چاوی بە گریگۆری کەوت، بە نەفرەت و تووڕەیی مێشەکەی فڕێدایە ژێر مێزەکەو ناولەپی بە پانتۆڵەکەی خۆی پاککردەوەو بە بێتاقەتی پشتی بە کورسیەکەیەوە داو گوتی:

– دانیشە گریگۆری پانتلیوفیچ.

– حاڵت باشە، فەرماندە؟

– باشم. هەروا دەبێ. ئەدی دەنگوباسی لای ئێوە؟ دژمن گوشاری بۆ هێناون؟

– گوشار، لە هەموو لایەکەوە.

– لە خەتی چیرەوە پێشتان لێگرتوون؟

– تەنیا ماوەیەك. هێزەکانی میدفیدیف فریامان کەوتن.

– کەواتە، هەڵوێستەکە واهیە میلیخوف.

کودینوف، سەری قایشە قەفقازیەکەی لە دەوری قامکی خۆی دەئاڵاند و بە ئانقەست دەیڕوانیە بەرە زوانەکەی. ئاهێکی هەڵکێشاو لە سەری ڕۆیی:

– وادیارە، بویەرەکان بەرەو خراتر دەچن. لەوەدەچێ شتێك لە دۆنتسدا لە ئارادا بێ، یان ئەوەتا دۆستەکانمان لەوێ خەریکە گوشار بۆ سوورەکان دێنن و جەبهەکەیان شکاندوون و پاشەکشەیان پێدەکەن، یان سوورەکان زانیویانە کە هەموو دەردەسەرێکیان لە لایەن ئێمەوەیەو دەیانەوێ لە دوو سەرەوە کەپسمان بکەن.

– ئەدی دەنگوباسی کادێتەکان؟ چ ڕاپۆرو زانیاریەکیان بە دوا فڕۆکەدا نارد بوو؟

– هیچی ئەوتۆیان پێنەبوو. ئەوانە برادەری ئازیز، نەخشەو ستراتیژی خۆیان بە تۆ و بە من ناڵێن. سیدورین، گیانە بۆ خۆی پیاوێکی زیرەکە، مەندو مەنگ، بە ئاسانی قسەی لێدەرناهێنرێ. ئەمانە بە تەمان جەبهەی سوپای سوور بشکێنن و لەوێوە هێزی پشتیوان بۆ ئێمە بنێرن. بەڵێنیان داوە کە کۆمەکمان بۆ بنێرن. بەڵام خۆ وەعدو بەڵێنیان هەموو کاتێ جێبەجێ ناکرێن. خۆ شکاندنی جەبهەش کارێکی بچووك و ئاسان نیە. من بەخۆم کاتی خۆی کە لە گەڵ بروسیلوڤدا بووم، ئەمەم جەڕباندووە. لە کوێ بزانین سوورەکان لە بەرەی دۆنتسدا چ هێزێکیان هەیە؟ لەوەیە چەند فەیلەقێکیان لە هەنبەر کوڵچاکدا کێشابێتەوەو بۆ ئێرەیان هینابن، ئێمە لە تاریکیداین، لەبەر لووتی خۆمان هێوەتر نابینین.

گریگۆری بەبێ تاقەتی باوێشکێکی داو پرسی:

– دەی بۆچی ناردووتە بە شوێنما؟

گریگۆری، زۆر لە خەمی کۆتایی بزوتنەوە یاخیگەریەکەدا نەبوو، لەوە نەدەچوو. زۆر نیگەرانی ئەو مەسەلەیە بێ، وەکو ئەسپێك لە گێرەی خەرماندا بێ، ڕۆژانێکی زۆر بە دەوری خەرمانی ئەم مەسەلەیەدا سوڕابووەوەو ئەنجام ئەقڵی بە هیچ کوێ ڕانەگەیی بوو، تا گەییە ئەو قەناعەتەی کە لە دڵی خۆیدا بڵی: "ئیدی تەواو، ئاشتی لە نێوان ئێمەو حکومەتی سۆڤیتاندا بەرپا نابێ، خوێنێکی زۆرمان کەوتووەتە بەینەوە، ئەمە چەند و چوون هەڵناگرێت. بەڵام سەبارەت بە حکومەتی کادێتەکان، ڕاستە ئێستا پشی پشیمان بۆ دەکەن، مەرایيمان لەبەر دەکەن، بەڵام بۆ ئەوەیە تا ڕاممان بکەن و پاشان بە کەماڵی ئارەزوو پەڕو باڵمان بکەن. دەی سەریان بە قەبری بابیان! دەی گوێ مەدەیە چ دەبێ بابێ!"

کودینوف، نەخشەیەکی بڵاو کردەوەو، بێئەوەی سەیری گریگۆری بکات گوتی:

– ئێمە بەبێ تۆ کۆبوونەوەیەکمان لێرە کردو لێبڕاین کە...

گریگۆری، کۆبوونەوەکەی زستانی وەبیرکەوتەوە کە لە هەمان ژوورا دەگەڵ عەقیدە قەفقازیەکەدا، کردبوویان و قسەکەی پێبڕی:

– کۆبوونەوەت لە گەڵ کێدا کرد؟ لە گەڵ کابرای شازادەدا، ها؟

کودینوف، پەست بوو، برۆی وێکهێنانەوەو گوتی:

– ئەو پیاوە نەماوە.

گریگۆری، بە پەرۆشەوە پرسی:

– چۆن؟

– مەگەر پێم نەگوتوویت؟ هاوڕێ گیورگیدزە کوژرا.

– "هاوڕێ!" چۆن هاوڕێیەکی ئێمە بوو؟... تا ئەوکاتەی پۆستینی لەبەر دەکرد هاوڕێمان بوو، بەڵام ئەگەر خوا نەکردە، پەیوەندیمان بە کادێتەکانەوە بکردایەو ئەو لە ژیاندا بوایە، بۆ سبەینێ سمێڵی چەور دەکردو خۆی بە سەرماندا دەنواند و بێزی نەدەهات تەوقەشمان لە گەڵدا بکات، بەڵکو بە نووکی پەنجە تووتە تەوقەی لە گەڵدا دەکردین.

گریگۆری، قامکە تووتە چڵکنەکەی خۆی هێنایە پێشێ و بەدەم قاقای پێکەنینەوە گوتی:

– ئه ئاوها!

کودینوف، پەست تر بوو. هەم نیگای و هەم تۆنی دەنگی پڕ لە ناڕەزایی و تووڕەییەکی پەنهان بوو.

– پێویست بە پێکەنین ناکات. بە مەرگی کەس خۆش مەبە. قسەی قۆڕ. پیاوێك کوژرا وەو تۆ دەڵێی: "ئەوچاتر، خەمی ناویٚ."

گریگۆری، لە دڵەوە ڕەنجا، بەڵام دەری نەبڕی، بەپێکەنینەوە بەرسڤی کودینوڤ دایەوە:

– دروستە. ئەم جۆرە پیاوانە "خەمیان ناویٚ." من سۆزو بەزەییەکی ئەوتۆم دەرهەق بەو جۆرە پیاوە دەست و سەرو رووە سپیانە نیە...

– بە هەرحاڵ، کوژرا.

– لە شەڕا؟

– بڵێم چی؟... ئەمە چیرۆکێکی ئاڵۆزی لەپشتە. بەم زوانە ئاشکرا نابێت. لە سەر داوای من لە گەڵ کاروانێکی باروبنەی کەتیبەکەدا بوو، پێدەچیٚ نەیتوانی بیٚ لە گەڵ قوزاقەکاندا بسازێت. شەڕێك لە نزیکی دوداریفکا ڕوو دەدات. کاروانەکە لە دوو فرسەخی شەڕەکەدا دەبیٚ، ئەو، گیورگیدزە لە سەر یەکێك لە گالیسکەکان دانیشتبوو، قوزاقەکان بۆیان گێڕامەوە، کە فیشەکێکی وێڵ لە ئاسمانەوە هات و ڕێك بەر دەموچاوی کەوت و هەناسەی لەبەر بڕی... بەڵام بە بۆچوونی من، قوزاقەکان، نامەردانە بە خۆیان کوشتوویانە...

– باشیان کردووە!

– بەسە، ئەو قسانە مەکە.

– تووڕە مەبە، سوعبەت دەکەم.

– ئەم سوعبەتە قۆڕانە تەرك بکە، تۆ عەینی گا، شیاکە دەکەیتە سەر ئەو لەوەڕەی کە دەیخۆیت. وادیارە تۆ قەناعەتت وایە ئەفسەرەکان بکوژرێن! یانی هەمان دروشمی جاران "بروخیٚ نەجمە بە شانان!" بەرزبکرێتەوە؟ گریگۆری، کاتی ئەوە نەهاتووە، کە وەئەقڵ بێیتەوە؟ ئیدی بە یەکجاری بڕیار بدە کە بەندەی کام خوابی.

– بۆڵە بۆڵ مەکە، چیرۆکەکەت تەواو بکە.

– تەواو، چیترم پیٚ نیە. گەییمە قەناعەت کە قوزاقەکان کوشتوویانە. چووم بۆ ئەویٚ و بەرەو ڕوو، بە ئاشکرا پێمگوتن:" یانی، باتان دایەوە سەر فەندەڵ فێڵەکانی جارانتان؟ پێتان وانیە جاریٚ زووبیٚ، بۆ ئەوەی دەست بەکوشتنی ئەفسەرەکانتان بکەن؟ پایزی ڕابردووش هەمان کارتان کرد، بەڵام کاتیٚ کە سوورەکان، قازوخیان تێبڕین، هاوارتان لێهەستاو کە زانیتان پێویستتان بە ئەفسەرانە، بە پێی خۆتان هاتن و بەچۆکا کەوتن و خۆتان لە بەر پێیانم هاویشت و تکاتان کرد: "فەرماندەیی بگرە ئەستۆ و ڕێبەریمان بکە." کەچی ئەوەتا باتانداوەتەوە سەرخووە دێرینەکەی خۆتان." ئیدی ئابروو حەیام بردن، جوێنی دنیام پێدان. کەچی حاشایان کرد. "خوا بەو ڕۆژە نەکات. ئێمە نەمانکوشتووە." بەڵام من بە چاوە حیزەکانیانا زانیم درۆ

دەکەن و ئەو کارە کاری ئەوانە. بەڵام چییان لێدەکەی؟ میز بکە بە دەموچاویاندا، سوێندت بۆ دەخۆن کە ئاونگە و خوا ناردوویەتی.

کودینوف، نیتاقەکەی لوول کرد. دەموچاوی سوور بووەوە. لە سەری ڕۆیی:

-... ئەوانە ئەفسەرێکی خوێنەواری زیرەکیان کوشت، جما ئێستا من بەبێ ئەو، وەکو ئەوەیە دەستی ڕاستم بڕابێ. ئیدی کێ نەخشەمان بۆ دابڕێژێت؟ ڕاوێژ بەکێ بکەین؟ بە تۆ، دەی فەرموو وا قسەمان کرد، بە قسە بەشی کەسمان نەهێشتووەتەوە، قسە ئاسانە، بەڵام کە نۆرە دێتە سەر ستراتیژو تاکتیك ئیدی ئێمەمانان بەکەڵکی هیچ نایەین. خۆشبەختانە پیوتەر بوگاتیریوف لێرەیە، دەنا کەس نەدەبوو ڕاوێژی پێبکەم... دەی تەواو، با بێینەوە سەر مەسەلەکەی خۆمان. لێبڕاوین کە: ئەگەر دۆستەکانمان بەرەی دۆنتس نەشکێنن، ئێمە ناتوانین لێرە بمێنین. بۆیە وەکو گوتم لێبڕاوین کە هەر هەموو هێزەکەمان، بە هەر سی هەزار نەفەرەکەوە هەرچۆنێ بووە ڕێگایەك بۆ خۆ بکەینەوەو بڕۆین بۆ ئەوبەر. جا تۆ ئەگەر ناچاریت پاشەکشە بکەین، تاکو دۆن پاشەکشە بکە. ئێمە کەناری ڕاستی ڕووبارەکە لە ئوست خوپەرسکایاوە تا کازانسکایا چۆڵ دەکەین و لە سەرووی دۆنەوە سەنگەرو مەتەرێزان لێدەدەین و بەرگری لە خۆمان دەکەین.

یەکێك بە توندی لە دەرگای دا. کودینوف هاواری کرد:

– کێیە، وەرە ژووریٚ؟

گریگۆری بوگاتیریوف، فەرماندەی تیپی شەشی تایبەتی، خۆی وەژوورا کرد، ڕوخسارە درشت و سوورەکەی لە ئارەقەدا دەبریقایەوە. برۆ زەردە کاڵەکانی وێکهێنابوونەوە، چارەی دابوو بە یەکا. بێئەوەی کاسکێتەکەی، کە دیوی ناوەوەی یەکپارچە ئارەقە بوو، لە سەر داکەنێت، لەپاڵ مێزەکەدا دانیشت.

کودینوف کە بەدەم بزەیەکی پەنهانەوە تەمەشای بوگاتیریوفی کردو پرسی:

– ها، خێرە، بۆچی هاتوویت؟

بوگاتیریوف گوتی:

– فیشەکمان دەوێ.

– هەندێکمان دایتێ. چەندت دەوێ؟ چما لات وایە من کارخانەی فیشەکسازیم لێرە داناوە؟

–چەندت داومەتیٚ؟ نەفەری یەك فیشەك! ئەوان بە ڕەشاشان گوللە بارانمان دەکەن و ئێمە ناچار دەبێ سەر دانەوێنین و خۆ بدەینە پەناو پەسێران. ئەمەش بوو بە شەڕ؟ بە ڕاستی پیاو گریانی دێ.

– سەیرکە بوگاتیریوف. ئێمە گفتوگۆیەکی گرینگمان هەیە...

کودنیوف کە بینی بوگاتیریوف هەستا، تا بڕوات، لە سەری ڕۆیی:

– دانیشە، مەڕۆ، هیچ نهێنییەکمان نیە کە لە تۆی بشارینەوە...

ئەوسا ئاوڕی لە گریگۆری میلیخوف دایەوە: "بەڵێ، میلیخوف، ئەگەر لە حاڵێکا نەمانتوانی لەم بەرەوە بەرگری بکەین، هەوڵدەدەین، گەمارۆیەکە بشکێنین. هەر هەموو ئەو کەسانەی کە بە شێك نین لە سوپا، بەجێدێڵین، عەرەبانەی باروبنەی کەتیبەکە هەموو بەجێدێڵین و سێ

تۆپخانەکـەمان دەبـەین وڕێگایـەك بـەرەو دۆنـتس بـۆ خۆمـان دەکەینـەوە. جـا نیازمـان وایـە فەرماندەیی هێزەکانی پێشەوە بە تۆ بسپێرین، خۆ هیچ ئیرادێکت نیە؟

– بۆ من فەرق ناکات، بەڵام ئەدی خانەوادەکانمان؟ کچەکانمان، ژنەکانمان، پیرەمێردەکانمان، هەموو لە دەست دەدەین.

– چیبکەین، زەرەر لـە نیـوەی بگەڕێتـەوە قازانجـە، ئـەوان تەسـلیم بـن باشـترە لـەوەی هـەموومان تیابچین.

کودنیـوف، لچـەکانی شـۆڕ بـووەوە، سـەری لـە بـەرخۆنا، ماوەیـەك بێـدەنگ بـوو. ئەوسـا ڕۆژنامەیەکی لە چەکمەجەکەی دەرهێنا.

– هـەواڵێکی دیکـە.. فەرمانـدە گشـتییەکەیان بـەخۆی هـاتووە کـە ڕابـەری ئۆپەراسـیونەکە بکـات. دەڵێن حاڵی حازر لە میلیروڤویان لە کانتمیروفکایە. بزانە چۆن باسی ئێمە دەکەن.

گریگۆری، بە نەباوەڕییەوە گوتی:

– بە ڕاست ؟

– بـەڵێ، بـەڵێ، فـەرموو بیخوێنـەوە. قوزاقـەکانی کازانتسـکایا بۆیـان نـاردووم. دوێـنێ بـەیانی، دەورێیـەکمان لـە نزیکـی شومیلینسـکایا دوو سـوارەیان غـافڵگیر کـردوون. دوو خوێنـدکاری ئەفسەری سوور دەبن. قوزاقەکان بە شمشێر کوشتبوویانن و لە گیرفانی یەکێکیاندا (وەکو دەڵێن زۆر گـەنج نـەبووە و لـەوەش دەچـێ کۆمیسـەر بووبێ.) ئەم ڕۆژنامەیـەیان دۆزیوەتـەوە. ڕۆژنامەکە ناوی ڕێگایەو هی ڕۆژی دوازدەی ئەم مانگەیە. عەجیبە، بزانە چ وەسفێکی وردی ئێمە دەکەن.

کودنیوف، ڕۆژنامەکەی، کە سووچێکی بۆ سیغار پێچانەوە لێکرابووەوە بۆ گریگۆری درێـژ کرد، گریگۆری نیگایەکی خێرای مانشێتەکەی کرد کە بە قەڵەمی قۆپیێ خەتی بە دەورا کێشرا بوو و دەستی بە خوێندنەوەی کرد.

یاخیبوون لەپشت شەڕگەوە.

"چەند هەفتەیەکە ڕاپەڕین و یاخیبوونی بەشێك لە قوزاقانی دۆن بەردەوامە. ئەم یاخیبوونە بە فیت و هاندانی دنیکین و چەند کۆنە ئەفسەرێکی ئەنتی شۆڕشی نۆکەری دنیگین هەڵگیرساوەو لـە نێـو فیـوداڵ و گـەورە موڵکـدارانی قوزاقـدا، پێگەیـەکیان پەیـدا کـردووە. فیوداڵـەکانیش، ژمارەیـەکی زۆریـان لـە قوزاقـانی میانـەحاڵ دووی خـۆ خسـتووە. هەڵبەتـە زۆر ڕێـی تێدەچـێت قوزاقەکان، لـە هەنـدێ ڕووەوە، لە لایـەن هەنـدێ لە نوێنـەرانی حکومـەتی سـۆڤیاتەوە نـە هـەقی و ناڕەواییـان دەرهـەق کرابـێ و لـە بـەر ئەمـە نۆکـەرانی دنـیکین، توانیویانـە، زیرەکانـە سـوود لـەو حاڵەتانـە وەربگـرن و ئـاگری یـاخیبوون و پەشـێوی هەڵگیرسـێنن. جـا پیـاوانی گـاردی سـپی، ئەوانەی لە ناوچەی یاخیبوونەکان ماونەتەوە، بۆ ئەوەی متمانەی قوزاقانی میانەحاڵ بەدەست بێـنن، وا خۆیـان دەنـوێنن کـە داشـدارو لایـەنگری سیسـتەمی سـۆڤیاتین، بـەمجۆرە پیلانگێـڕی و دەسیسـەی ئەنتی شۆڕشـەکان و بەرژەوەنـدی موڵکداران و نـەزانی جەماوەری خـەڵکی قـوزاق، بـە شـێوەیەکی کـاتی لـە چوارچێوەی یـاخیبوونێکی نـالۆژیکی و شـێتانە و تاوانکارانـەدا لـە پشـت سـوپاکانی بـەرەی باشـووری ئێمـەوە یـەکیان گرتـووە. هـەر بزوتنەوەیـەکی یاخیگـەری لەپشـت

سوپاوه، وەکو دوژمەڵیکە لە شانی کریکارانی زەحمەتکێش هاتبیٚ، جا بۆ شەڕی ڕاستەقینەو بۆ بەرگری و بەرەڤانی لە نیشتمانی سۆڤیاتی، دەبیٚ دارو دەستەکەی دنیکین و دەرەبەگان سەرکوت بکرێن و لە نێو ببرێن. دەبیٚ پاشینەی سوپاکانمان، بە هاوپەیمانی و دۆستایەتیەکی برایانەو پتەوی نێوان کرێکاران و جووتیاران، قایم بکەین جا لەبەر ئەمە، ئەرکی سەرەکی ئێستای ئێمە بریتیە لە پاککردنەوەی خاکی دۆن لە یاخی بووان. حکومەتی ناوەندی سۆڤیات فەرمانی داوە کە ئەم کارە بە زووترین کات ئەنجام بدرێت. هێزێکی زۆری پشتیوان، بۆ هاوکاری و یارمەتی ئەو سەربازانە نێردراوە کە شەڕی ئەو یاخی و دژە شۆڕشانە دەکەن و هەڵبەتە هێزی پشتیوانی دیکەش بەڕێوەیە. دیارە باشترین کادرێن حیزبی نێردراون، تا ئەم ئەرکە زۆر زەروری و بە پەلەیە بە ئەنجام بگەیەنن.

دەبیٚ سنوورێك بۆ ئەم سەرکێشی و یاخیگەرییە دابنرێت. دەبیٚ سەربازانی سوپای سوور، ئەو ڕاستیە بزانن کە یاخییانی ڤیشنسکایاو ئیلانسکایاو بوکافسکایا، شەریك و دەستیارانی ڕاستەوخۆی جەنەڕاڵانی گاردی سپی، دنیکین و کوڵچاکن. تا ئەم بزوتنەوە چەواشەیە زیاتر درێژە بکێشێت، ژمارەی قوربانیانی هەردوولا زۆرتر دەبێت. جا تەنیا بە یەك ڕێگە دەشێت ڕیٚ لە خوێنرێژی بگیرێت، ئەویش ئەوەیە، تا زووە جەرزەبەیەکی خێراو توندو گورچکبڕ لەو بزوتنەوە یاخیگەرییە بدرێت.

دەبیٚ کاری یاخیگەری یەکلایی بکرێتەوە. دەبیٚ ئەو دومەڵەی کە لە سەر شانی زەحمەتکێشان هاتووە، بتەقێنریٚ و بە ئاسنێکی گەرم داغ بکرێت. تەنیا ئەوکاتە دەستی سوپاییانمان لە بەرەی باشووردا، دەکریتەوەو دەتوانیٚ جەزرەبەیەکی کوشندە لە دژمن بدات."

گریگۆری بزەیەکی خەمناکی بۆ کرد. خوێندنەوەی وتارەکە تەواو پەستی کرد بوو، تووشی نائومێدی کرد بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی "بە نووکە قەڵەمێك ئێمەمانانیان کرد بە نۆکەرو دەستیاری دنیکین..."

– دەی، وتارێکی جوانە، ها؟ دەیانەویٚ بە ئاسنی گەرم داغمان بکەن. دەی با بزانین، کیٚ کیٚ داغ دەکات! وانیە میلیخوف؟

کودنیوف، بەدەم چاوەڕوانی بێهودەی وەڵامی گریگۆرییەوە ڕووی کردە بوگاتیریوف و گوتی:

– فیشەکت دەویٚ؟ باشە دەتدەمیٚ! هەر سوارێك سی فیشەکی بدەینیٚ، بۆ تێکڕای تیپەکە بەسە؟ سەرێکی عەمارەکان بدە و وەری بگرە. سەرۆکی عاشەو کەلوپەلان پسوولەت دەداتیٚ، بڕۆ بۆلای ئەو. بەڵام بوگاتیریوف زیاتر پەنا وەبەر بەکاربردنی شمشێران بەرن باشترە. فەندەڵ فێڵانش لە بیر مەکەن.

بوگاتیریوف، کە یەکسەر خۆشحاڵ بوو، بە دەم بزەیەکەوە گوتی:

– موویەك لە بەراز بێتەوە هەر باشە!

ئەوسا بەلەز خواحافیزی لێکردن و لە ژوورەکە وەدەرکەوت. "گریگۆری"ش پاش ئەوەی مەسەلەی پاشەکشەی بەرەو دۆن، دەگەڵ کودنیوفدا بڕانەوە، هەستا کە بڕوات. بەڵام پێش ئەوەی بکەوێتە ڕیٚ لە کودنیوف پرسی:

– گریمان من هەموو فیرقەکەی خۆم هێنا بۆ بازکی، باشە لەوێوە هیچ هەیە کە لە دۆن بپەڕینەوەو بۆ ڤیشنسکایا بڕۆین؟

– ئەوە تۆ چ دەڵێی؟ هێزی سوارە بە مەلەو بە ئەسپەکانیانەوە لە دۆن دەپەڕنەوە. ئاخر کێ دیتویەتی هێزی سوارە، بە بەلەم و قەیاغان بپەڕێنرێنەوە؟

– ئاخر لە ناو هێزەکانی مندا، ژمارەی کەنار نشینانی دۆن زۆر کەمن، بەخۆتیش ئەمە باش دەزانی. قوزاقەکانی دەوروبەری "چیر"ش مەلەوانی باش نین. هەمو تەمەنی خۆیان لە دەشت و دەر بەسەر بردووە، ئاخر خەڵکی دەشت و مەلە کوجا مەرحەبا؟

– بە ئەسپەکانیانەوە مەلە دەکەن. چ لە مانۆڕە سوپاییەکانداو چ لە بەرەی ئەڵماندا، ئەمەیان تاقیکردۆتەوە.

– من باسی پیادەکان دەکەم.

– بوارێك هەیە. خەمت نەبێ چەند بەلەمێکیش فەراهەم دەکەین.

– خەڵکە سڤیلەکەش دەخوازن لە گەڵماندا بین.

– دەزانم.

– دەیسا دەبێ، ئەوزاری پەڕینەوەی هەموان فەراهەم بکەیت، دەنا کە بگەینە ئەوێ گیانت دەردێنین... ئاسان نیە ئەو هەموو خەڵکە لەوبەر بەجی بێڵین و خۆمان وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچین.

– باشە، تەگبیرێکی ئەوەش دەکەم.

– ئەدی، تۆپەکان؟

– هاوەنەکان بتەقێنەوە، بەڵام تۆپە سێ ئینجییەکان بێنە بۆ ئێرە. بەلەمی گەورە فەراهەم دەکەین و تۆپەکان دەپەڕێنینەوە.

گریگۆری لە بارەگاکە وەدەرکەوت و هێشتا لە ژێر باندۆرو کاریگەریی ئەو وتارەدا بوو کە تازە خوێندبوویەوە. "بە شەریك و دەستیاری دنیکینمان دەزانن... ئەدی ئەگەر وانەبین چین؟ دیارە کە شەریك و هاودەستی ئەوین، ئیدی بۆ خۆ لەگێلی بدەین، شتەکە وەکو ڕۆژی ڕوون عەیانە..." گریگۆری قسەیەکی یاکوف "ناڵە ئەسپ" ی خوالێ خۆشبووی وەبیرهاتەوە. جارێکیان گریگۆری، لە کارگینسکایا، شەوێکی درەنگ کە بۆ بارەگاکەی خۆی دەگەڕایەوە، لە ڕێگای خۆیەوە سەرێکی لە تۆپچیەکان، کە لە خانوویەکی مەیدانەکەدا گیرسابوونەوە، دا. لە کاتێکا کە بە گسك قوڕو گڵی چەکمەکانی خۆی پاك دەکردەوە، گوێی لێبوو کە یاکوف (ناڵە ئەسپ) بە تۆپچییەکی دی دەگوت: "تۆ پێت وایە ئێمە ئێستا سەربەخۆین؟ جارێکی دی ناچینە ژێر باری هیچ دەسەڵات و حکومەتێکەوە؟ پیف، ئەوە سەر نیە بە سەر شانی تۆوە، زڕکە تاڵە. حەزدەکەی بزانی ئێمە چین؟ سەگێك کە سەرپێچی فەرمانی خاوەنەکەی دەکات، یان کارێکی گەوجانەی لێ سادر دەبێت و ماڵ بەجێ دێڵێ، ڕوو دەکاتە کوێ؟ هەڵبەتە ناچێتە نێو گورگان، چونکە دڕندەن و لێیان دەترسێت، نایەتەوە بۆ لای خاوەنەکەشی چونکە کوتەك دەخوات. ئێمەش ڕێك وەکو ئەو سەگەین، ئەم قسەیەی من بکە بە گوارەو لە گوێی بکە. بەم زوانە کلکمان لە گەڵۆزمان دەنەین و

دەچین بۆلای کادێتەکان و لێیان دەپاڕێینەوە: "براینۆ، بمان بورن، لە لای خۆتان جێمان بکەنەوە. بەڵێ ئاوا دەکەین، من مردوو تۆ زندوو، بزانە قسەکەی من دەردەچێت یانا نا!..."

گریگۆری، پاش ئەو شەڕەی کلیموفکا، کە هەموو دەریاوانەکانی، بە شمشێر کوشتبوو، لە خەمساردی و بێموبالاتیەکی تەواودا دەژیا. هەمیشە سەری لە بەرخۆنابوو و بزە نەدەکەوتە سەر لێوانی. بۆ ماوەیەك خەفەتباری ئیڤان ئەلیکسییوفیچ بوو، پاشان ئەوەش ڕۆیی و لەبیری کرد، تاقە شتێك کە بۆی مابووەوە و تروسکاییەکی بەدڵی دەبەخشی (یان وای تەسەور دەکرد) ڤیانی ئەکسینیا بوو کە بە گوڕێکی تازەو سەرکێشەوە، لە نوێ لە ناخیا سەری هەڵدەدایەوە. تەنیا ئەکسینیا ئەوی بەرەو خۆی ڕادەکێشا، وەکو چۆن لە بیاباندا تروسکە ئاگرێکی لەرزۆکی دوورە دەست، ڕێبوارێك لە شەوانی ساردی پایزدا بەرەو خۆی ڕادەکێشێت، بەو ئاوایە ئەکسینیا، گریگۆری ڕادەکێشا.

ئێستاش، کە لە بارەگا دەگەڕایەوە، ئەکسینیای بیرکەوتەوەو لە فکران ڕاچوو: "ئەوا ئێمە هەوڵدەدەین گەمارۆکە بشکێنین و خۆمان دەرباز بکەین، ئاخۆ ئەو چی بە سەر دێت؟" زۆری لە سەر نەڕۆیی، هەر زوو بڕیاری خۆی دا: "ناتالیا لە گەڵ منداڵەکان و دایکما دەمێنێتەوەو من ئەکسینیا لە گەڵ خۆمدا دەبەم. ئەسپێکی دەدەمێ و با لە گەڵ دەس و پێوەندەکەی خۆمابێ."

لە دۆن پەڕییەوە، گەییە بازکی، چووە بارەگاکەی خۆی، کاغەزێکی لە دەفتەری یاداشتەکانی کردەوەو نووسی: "کسیوشا، لەگینە کە ئێمە بۆ کەناری چەپی دۆن پاشەکشە بکەین، ئەگەر وابوو، هەرچیت هەیەو نیە، بەجێی بێڵەو بە سەڵتی بڕۆ بۆ ڤیشنسکایا، لەوێ سۆراخێکم بکە دەمدۆزیتەوە، ئیدی بۆ خۆمان پێکەوە دەبین." نامەکەی بە شیلەی داری گێلاس داخست و دایە دەست پروخور زیکوف و بە ڕوخساری پەست و تووڕەوە، کە دەیویست بەوە ئاشوبە دەرونیەکەی خۆی وەشێرێت، گوتی:

– سواری ئەسپەکەت ببەو یەکڕاست بڕۆ بۆ تاتارسکی و ئەم نامەیە بدە دەست ئەکسینیا ستاخوف... بەڵام وریابە کاتێ کە کاغەزەکەی دەدەیتێ، با هیچ کەسێکی ماڵی ئێمە نەتبینن تێگەیشتی؟ باشتر وایە شەوێ بۆی بەریت، چاوەڕوانی وەڵام مەکە... دەی دوو ڕۆژ مۆڵەتیشت دەدەمێ، دەبڕۆ دەی.

پروخورزیکوف، چوو بۆ لای ئەسپەکەی. گریگۆری لە نوێ بانگی کرد:

– سەرێك لە ماڵی ئێمەش بدە. بە دایکم یان بە ناتالیا بڵێ، کە هەر کەلوپەلێکی بەکەڵکیان هەیە، بینێرن بۆ ئەمبەری دۆن. گەنم و دانەوێڵەکانیش لە چاڵ بنەن. با وڵساتەکەش بە مەلە لە دۆن بپەڕێننەوە.

"٥٩"

پاشەکشەی یاخیەکان، لە سەرانسەری کەناری ڕاستی دۆندا، لە بیست و دووی مانگی ئایاردا دەستی پێکرد. قوزاقەکان بەدەم قوونە شەڕەوە پاشەکشەیان دەکرد و هەوڵیاندەدا لە هەر

بستێکی جەبهەکەدا، زۆرترین بەرگری بکەن، جەماوەری خەڵکی گوندەکانی ئەو دیارو دەڤەرانە، هەموو پەشێو و پەرێشان، شپرزەو هەراسان لە پێش ئەوانەوە بەرەو دۆن هەڵدەهاتن و دەرەڤین. پیرەمێردان و ژنان. ئەسپ و گاوگۆتاڵیان لە گالیسکان بە ستبوو، سەندووق و یەغدان و هەرچی کەلوپەلی ناومالْ و فەردە گەنم و منداڵیان هەبوو، لە گالیسکانیان نابوو. هەرکەسە، گاوگۆتالْ و مەڕو پەزی خۆی لە گەلە دەرهێنا بوو و بە درێژایی جادەکە دابوویانە پێش. کاروانی دوورو درێژی گالیسکان، لەپێشی سوپاوە، بەرەو گوندەکانی کەناری دۆن دەڕۆیشتن.

بە گوێرەی فەرمانی بارەگای سەرکردایەتی، پاشەکشەی هێزی پیادە ڕۆژیْ زووتر دەستی پێکرد بوو. قوزاقانی پیادەی تاتارسکی و فەوجێکی غەیرە قوزاقی ڤیشنسکایا، ڕۆژی بیست و یەکی ئایار گوندی چیبوتاریوڤ سەر بە ستانی ئوست خوپەرسکایان بەجیهێشت و دوای نزیکەی چل فرسەخ ڕێگا، شەویْ لە گوندی ڕیبنی سەر بە ناوچەی ڤیشنسکایا ئۆردوبەزیان کرد.

بەرەبەیانی بیست و دووی ئایار، تەنکە تەمێکی کالْ بەری ئاسمانی گرتبوو. لە سەرانسەری ئاسماندا تاقە یەك پەلە هەور بەدی نەدەکرا. بەر لە هەڵاتنی ڕۆژ. پەڵە هەورێکی مەیلەو پەمەیی لە سەمتی باشوورەوە، بە سەر ڕوبارەکەوە دەرکەوت. لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە ڕۆشناییەکی سووری خوێن ئاسا دەرکەوت. هەتاو، لە پشت هەردەو باسکەکانی چەپی ڕوبارەکەوە، کە لە ئاونگدا هەڵکشا بوون، دەرکەوت وهەورەکە ڕەوییەوە. لە مێرگ و سەوزە زارەکاندا، کوڕکوڕ بە دەنگی بەرز دەیانخوێند. ماسیگرەی بالْ تیژ، وەکو دەستپێچکە پەموی شینباو خۆیان بە ڕوباری دۆندا دەداو کە هەڵدەستانەوە، سەرو ماسی سپی زیو ئاسایان بەدەمەوە بوو.

کە بوو بە نیوەڕۆ، دنیا لەوە گەرمتر بوو، کە لەمانگی ئایاردا باو بوو. دنیا شێدار بوو، لەوە دەچوو بارانی پێبیْ. لە شەبەقی زووەوە، کاروانی هەڵاتوان، کە لە سەمتی ڕۆژهەڵاتەوە دەهات، بە کەناری ڕاستی دۆندا بەرەو ڤیشنسکایا دەڕۆیی. ئیدی دەنگی چەرخی گالیسکە، پرمەی ئەسپ، نەعرەتەی گاو دەنگی بەشەران، لە سەرانسەری هەردەو مێرگوزارەکاندا دەنگی دەدایەوە.

لەڕۆژی بیست و دووی ئایاردا، فەوجە غیرە قوزاقەکەی ڤیشنسکایا کە ژمارەیان نزیکەی دووسەد کەسێك دەبوو، هێشتا هەر لە گوندی ڕیبنی بوو. لە دەوروبەری سەعات دەی بەیانیدا، ئەمرێکی بۆ هات کە بڕوات بە گوندی بوڵشوی گروموك، لە جادەی ئەتامانان و لە کوچە و کۆڵانەکاندا، لەمپەران دابنێت و هەر هەموو ئەو قوزاقانەی دەستیان چەك دەگرێت و بەرەو ڤیشنسکایا دەڕۆن، بگرێت.

لێشاوی ئەو ئاوارانەی کە بەرەو ڤیشنسکایا دەڕۆییشتن گەییە نزیکی گوندی باڵشوی گروموك. ژنان کە لە تەپوتۆز و تیشکی هەتاودا ڕەش داگەڕا بوون، ماڵەتەکانیان دابووە پێش. سواران بە قەراخ جادەو ڕێگاکاندا دەڕۆیشتن. جیڕە جیڕی عەرەبانە، هانکە هانکی ئەسپ و پەزان، بۆڕەی چێل و گایان، گریەی منداڵان و ناڵەی نەخۆشانی تیفو کە خەڵکەکە ئەوانیشیان لە گەلْ خۆدا دێنا، خامۆشی گوندەکەیان، کە لە نێو باخێن ئاڵوباڵودا پەنهان بوو، دەشڵەقاند. ئەم هەراو زەناو غەڵبە غەڵب و ژاوە ژاوو و هەراو هەنگامانە، بە ڕادەیەك ناباو بوو، کە سەگ و

کسۆکانی گوند هێنده وەڕی بوون، لەحەپە کەوتن و ئیدی وازیان لەوە هێنا کە وەکو جاران پەلاماری ڕێبواران بدەن و لە بێکاریدا بە سەعاتان دوای عەرەبانان بکەون. پروخور زیکوف، دوو ڕۆژ لە ماڵی خۆیان مایەوە، نامەکەی گەیاندە ئەکسینیاو پەیامەکەی گریگۆریشی بە ئیلی نیچناو ناتالیا گەیاندو ڕۆژی ٢٢ ئایار بەرەو ڤیشنسکایا کەوتەڕێ. تەسەوری ئەوەی دەکرد، سریەکەی خۆی لە بازکی دا بدۆزێتەوە. گرمو هوڕی سووکی مەترەلۆزەکان کە لە کەناری دۆنیشدا دەبیسترا، لەوە دەچوو لە سەمتی چیرەوە بێت. پروخۆر حەزی نەدەکرد بەرەو شوێنێ بڕوات کە ئاگری شەڕی تیا هەڵایسابێ. بۆیە لێبڕا بڕوات بۆ بازکی و لەوێ چاوەڕوانی هاتنی گریگۆری و فیرقەی یەکەم بکات.

ئیدی، بە سواری ئەسپەکەی و، بەکاوەخۆ، ڕێگای بوڵشوی گروموکی گرتە بەرو بەجادەی ئەتامانانندا کەوتە ڕێ، هەر عەرەبانەی هەڵاتوان بوو بەلای ئەوا تێدەپەڕی. چونکە ئەو پەلەی نەبوو، بە کاوەخۆ ڕێی دەکرد. هیچ پەلەی نەبوو. لە ڕوبڕژین بە دواوە، پەیوەندی بە سەرکردایەتی کەتیبەی خوپەرسکایاوە کرد کە تازە پێکهینرا بوو. دەستەی سەرکردایەتی لە چەند کالیسگەیەکی سپریگندارو دوو عەرەبانەی چوار چەرخەدا بوون. یەکێك لە عەرەبانەکان هەموو فایلەکان و دام و دەزگا بێتەلەکانی تیا بوو. لە یەکێك لە گالیسکە سپرینگدارەکانیشدا قوزاقێکی پیری زامدار دانیشتبوو لە گەڵ پیاوێکی زۆر لاوازی کەپوو دەنووکە داڵایشدا، کە کڵاوێکی فەرووی خاکی هەشتەرخانی، تایبەت بە ئەفسەرانی لە سەر کرد بوو و نەیدەتوانی لە سەر کورسی نشیمەنەکەدا ڕاست بیتەوە. دیار بوو تازە لە تیفۆ "گرانەتا" هەستاوەتەوە. ئەم کابرایە ڕاکشا بوو و پاڵتۆکەی تا چەناگەی بە خۆیدا دابوو. گەردو خاك نیشتبووە سەر هەنیە زەردو کەپووە باریکەکەی کە لە ئارەقەدا دەبریقایەوە. بەردەوام هاواری دەکرد کە شتێکی گەرم بە پێیەکانیدا بدەن. کەچی بە دەستە ڕەق و تەقەکانی هەنیەی خۆی دەسڕی و بە تەشەرەوە دەیگوت:

– نامەردینە! بێشەرەفینە! با لە پێیەکانم دەدا! گوێتان لێیە؟ پولیکارپ گوێت لێیە؟ شتێکم پێدا بدە، تا من ساغ بووم، هەر هەمووتان پەناتان بۆ من دێنا. کەچی ئێستا....

وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە لە نەخۆشییەکی گران هەڵدەستنەوە، کەوتە چاو گێڕان بە دەوروبەی خۆیدا.

ئەو پولیکارپەی کە ئەو بانگی دەکرد، پیاوێکی باڵا بەرزی پەیرەوی ئاینی کۆن "ئوسوڵی بوو"، دابەزی و بە لەز چوو بۆلای گالیسکەکە و گوتی:

– ساموێلو ئیڤانوفیچ، واهی ڕەنگە زیاتر سەرمات ببێ.

– گوتم، شتێکم پێدابدە.

پولیکارپ، بە گوێڕایەڵییەوە داواکەی جێبەجێ کردوو دوور کەوتەوە.

پروخۆر بە گۆشەی چاو ئاماژەی بۆلای نەخۆشەکە کردو پولیکارپی پرسی:

– ئەمە کێیە؟

– یەکێکە لە ئەفسەرەکانی ئوست –میدڤیدیتسکایا... ئەمانە چەند کەسێك بوون سەر بە بارەگای سەرکردایەتیمان.

کۆمەڵێك لە هەڵاتوانی تیوکوڤونی و بوبروفسکی و کروتوفسکی و زیمونوڤی و گوندەکانی دیکەی ستانی ئوست – خوپەرسکایا کە لە گەڵ دەستەی سەرکردایەتیدا پاشەکشەیان کردبوو. پروخور، پیرەمێردێکی بینی،کە لە عەرەبانەیەکی پڕ لە کەل وپەل و شڕەوپڕەی ناوماڵدا ،دانیشتبوو. لێی پرسی:

– ئەریٚ،ئێوە، کێوە دەچن؟

– دەخوازین، بڕۆین بۆ ڤیشنسکایا.

– لە دویان ناردبوون کە بۆ ڤیشنسکایا بڕۆن؟

– نە گیانە، لە دویان نە ناردبووین، بەڵام کەس حەز بە مەرگی خۆی دەکات؟ کە ترس هات،ڕاکردن ئازایەتییە.

– دەڵێم بۆچی دەڕۆن بۆ ڤیشنسکایا؟ خۆ دەتانتوانی لە ئیلانسکایاشدا لە رووبارەکە بپەڕنەوەو ماوەیەکی زۆر کەمتریشتان پێدەچوو.

– بە چی بپەڕینەوە؟ دەڵێن لەوێ بوار نییە.

– ئەدی لە ڤیشنسکایا بەچی دەپەڕنەوە؟ پێتوایە بەم هەموو شڕەو پڕەیەتەوە، بوارت دەدەن؟ یانی سەربازەکان، لە کەنارەکاندا دەوەستن تا هەوەڵجار ئێوەو عەرەبانەکانتان بپەڕنەوە ئەوبەر؟(پروخور، بە سەری قامچیەکەی شڕەوپڕەکەی نیشاندا و بەپەستییەوە) گوتی:

– ئێوە، بابە گیان، خەڵکێکی گەوجن، لە خۆتانەوە خۆتان قوشقی کردووە و، کەوتونەتە ڕیٚ، خۆشتان نازانن بۆ کویٚ وبۆچی. ئاخر ئەم هەموو بۆخچەوپریاسکەیە چیە لە عەرەبانەکەت پەستاوتووە؟

– هیچ شتێکی زیادەمان پێنیە. جل وبەرگە، زین و قامیش وقروشی ئەسپە، ئاردو پێداویستیەکانی ماڵە. نەماندەتوانی بەجێی بێڵین، دەنا لە گەڕانەوەدا دەبوایە بێینەوە سەر هەواری خاڵی. بۆیە هەم دوو ئەسپ و هەم سیٚ جووت گام لە عەرەبانەکە بەست و چەندم توانی کەل وپەلم تێپەستاو ژنەکانم سوارکردو کەوتمە ڕیٚ. ئاخر گیانە خۆ ئەم شتانەم بە خۆڕایی دەست نەکەوتووە، لەو دەشتەم نەدۆزیونەتەوە، زەحمەتم لە پێناویاندا کێشاوە، ئارەقم لە پێناویاندا ڕشتووە. حەیف نەبوو بەجێیان بێڵین ؟ خۆ ئەگەر بمتوانیبایە خانووەکەشم بار دەکرد و دێنا تا بەر دەستی سوورەکان، دوایان بڕیتەوە، نەکەوێت.

– دەی، ئەو بێژنگە گەورەیە بۆکویٚ دەبەی؟ یان ئەو کورسیانە؟ لەویٚ چییان لێدەکەیت؟ سوورەکان پێویستیان بەو شتانە نیە.

– نا، نەماندەتوانی بەجێیان بێڵین، تۆش بەشەرێکی سەیری، ئەگەر بەجێم هێشتبان دەیان شکاندن، دەیان سوتاندن. نا، لە ماڵەکەی من هیچیان دەست ناکەویٚ، گسکم دا. یەك شتم بەجیٚ نەهێشت.

پیرەمێرد، قامچیەکەی لە ئەسپە قەڵەوەکانی، کە بە سستی ڕێیان دەکرد، بادا، ئاوڕی پاشەوەی دایەوە و سێیەمین عەرەبانەی، کە گایان لێبەستبوو، نیشان داو گوتی:

– ئەو کیژە دەبینی کە خۆی پێچاوەتەوە و گایەکان لێدەخوڕی؟ ئەوە کیژی منە. مالۆسێك و چەند بێچویەك لە عەرەبانەکەدایە. مالۆسەکە ئاوس بوو. کە ویستمان لە عەرەبانەکەی باربکەین، گوشاری زۆری بۆهات، بۆشەویۆ لە هەمان عەرەبانەدا زایی. گوێت لە دەنگیانە؟ نا، سوورەکان، خوا بیانباتەوە، لە ماڵەکەی مندا هیچیان دەستناکەویۆ.

پروخۆر، بە چاوانی تووڕەوە، ڕوانییە دەمو قەپۆزە پانە ئارەقاویەکەی پیرەمێرد و گوتی:

– کە گەیینە بوارەکە نەخەڵەتابی بێیتە پێشم، دەنا خۆت و بەرازەکان و دار و نەدارت دەخەمە دۆنەوە.

پیرەمێردەکە، حەپەساو گوتی:

– بۆچی؟

پروخۆر کە بە تەبیعەت پیاوێکی هێمن و نەرم بوو هاواری کرد:

– چونکە خەڵکی دەمرن و هەمووشتێك لە دەست دەدەن و تۆی پیرە شەیتان ، وەکو گوخلێنکە، هەموو شتێك لە گەڵ خۆتا ڕادەکێشی. من حەزم لە چارەی شیاکە خۆرانی وەکو تۆ نیە، دڵم لێتان تێکهەڵدێت.

پیرەمێرد بەدەم بۆڵۆژنەوە ڕووی وەرگێڕاو گوتی:

– بڕۆ بە ڕێی خۆتدا و یەخە لە یەخەی من بکەوە. نۆبەتی ئەو قەوانەیە، بە ڕاستی حکومەتمان هەیە! دەیەویۆ ماڵی خەڵکی فڕێ بداتە ئاوەوە... من وەکو بە شەر قسەی لە گەڵدا دەکەم... خۆ کوڕەکەی منیش عەریفەو حاڵی حازر لە شەڕی سوورەکانە... تکایە بە ڕێی خۆتا بڕۆ! بە غیلی بە ماڵی خەڵکیدا مەبە. ئەگەر تۆش شتت هەبوایە، ئاوا بە غیلیت بە ماڵی خەڵکی نەدەبرد.

پروخور، ئەسپەکەی تاودا. لە دوای ئەوەوە یەکێك لە بێچوە بەرازەکان بە دەنگی بەرز قروسکاندی. مالۆسەکە هاوارێکی نیگەرانی کرد. قروسکەی بێچوە بەرازەکە، هێندە تیژ بوو، گوێی ئازار دەدا. ئەو ئەفسەرەی کە لە گالیسکە سپرینگدارەکەدا پاڵکەوتبوو، هاواری کرد:

– ئەرێ ئەوە چیە بۆ خاتری خوا؟ ئەم قورسکە قورسکە چیە، بێچووە بەرازە؟ پولیکارپ!

چارەی دابوو بە یەکاو خەریك بوو دەگریا.پولیکارب گوتی:

– بێچووە بەرازێك لەو عەرەبانەیە کەوتۆتە خوارەوە وقاچی کەوتووەتە ژێر عەرەبانەکەوە.

– پێیان بڵێ نەخۆشمان لە گەڵە... بڕۆ بە خاوەنەکەی بڵێ با سەری ببڕێ... خۆمان حاڵمان زۆر جوان بوو، قروسکە قروسکی بەرازیشی بێتە سەر؟ هەر لەمەمان کەم بوو... خێرا، بە چوار ناڵە بڕۆ و پێی بڵێ.

پروخور کە گەییبووە شان بە شانی عەرەبانەی ئەفسەرەکە، ئەفسەرەکەی بینی کە چارەی دابوو بە یەکاو بە چاوانی ئەبڵەقەوە گوێی لە قروسکەی بێچووە بەرازەکە دەگرت و بێهودە هەوڵیدەدا گوێی خۆی بە کڵاوە ئەفسەرییەکەی داپۆشێت. پولیکارپ، بە چوار ناڵە گەڕایەوە..

– ساموئیلو ئیڤانوفیچ، نایەوێ سەری بڕیێ. دەڵێت چاك دەبێتەوە. ئەگەر بۆ ئێوارە چاك نەبێتەوە سەری دەبڕێت.

ئەفسەرەکە ڕەنگی هەڵبزڕکا، بە زەحمەتێکی زۆر هەستا، لاقەکانی بە قەراخ گالیسکەکەوە شۆڕبوو بوونەوە و هاواری کرد:

– کوا دەمانچەکەم؟ ئەسپەکان ڕاگرە. خاوەنی بێچووە بەرازەکە کوا؟ لە کام عەرەبانەدایە، ئێستا پێی نیشان دەدەم؟

ئەنجام قوزاقە پیرە پیسکەکەیان ناچارکرد کە بێچووە بەرازەکەی بکوژێتەوە.

پروخۆر، بە دەم پێکەنینەوە کەوتە ڕێ، گەییە ئاست یەك قافڵە عەرەبانەی ئوست خوپەرسکایا. ئیدی هەر عەرەبانە بوو و بە ڕیز دەڕۆیی، بە مەسافەی یەك فرسەخ درێژ بووبووە. ژمارەی عەرەبانەکان لە دووسەد عەرەبانە زیاتر بوو، کەم تر نەبوو. ژمارەی سوارەکانیش نزیکەی چل سوارێك دەبوو کە بە پەڕاگەندەیی ڕێیان دەکرد. پروخور لە دڵی خۆیدا گوتی: "کە بگەینە ئەسکەلەو بوارەکە، بەزمەکە خۆش دەبێت، دەبێ بە ڕۆژی حەشر."

گەییە ئاستی عەرەبانەکان، ژنێك لەپێشی قافڵەکەوە، بە سواری ئەسپیکی کوێتی جوان، بە چوارناڵە بەرەو ئەم دەهات. کاتێك کە گەییە نزیکی ئەم "پروخور" جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. زینێکی زیو ڕێژی گران بەها بە سەر ئەسپەکەوە بوو، زینەکە بە ئاستەمیش نەڕوشا بوو و قایشی تەنگەو بە ڕۆکەکەی و گۆشەکانی ئەم سەرو ئەو سەری زینەکە، لە چەرمێکی زۆر نایاب دروستکرا بوو، ئەوەندە تازە بوو دەبریقایەوە. ژنەکە بێباك لە سەر زینەکە دانیشتبوو، دیار بوو سوار چاکێکی کارامەو لێزانە. بە جوانی و شارەزایانە جڵەوەکەی بە دەستە گەنم ڕەنگەکانی گرتبوو. بەڵام ئەسپەکەی، کە ئەسپێکی زەلامی عەسکەری بوو، دیار بوو کە حەزی لە سوارەکەی خۆی نەدەکرد. چاوە سوورە خوێن گرتووەکانی دەگێڕاو گەردنی دادەنەواندو دانە زەردەکانی دەردەخست و دەیویست ئەژنۆ خڕە جوانەکەی ژنەی تاین، کە لە ژێر تەنوورەکەیەوە هاتبووە دەرەوە، بگەزێت.

ژنەکە، لەچکێکی تازە شۆراوی، کە لە خاوێنیدا شین دەچووەوە، لە سەروچاویەوە پێچا بوو. لەچکەکەی لە دەم و لێوی داخزاندو پرسی:

– ئەرێ لە ڕێی خۆتەوە تووشی هەندێك گالیسکان نەبوویت کە بریندار یان پێبێت؟

– تووشی گالیسکانی زۆر بووم. بۆچی دەپرسیت؟

ژنە بە دەنگێکی خاو گوتی:

– گیرۆدە بووم. مێردەکەم نادۆزمەوە. گوایە لە گەڵ خەستەخانەی مەیدانی ئوست خوپەرسکایادایە. لاقی زامداربووە. بەڵام وادیارە برینەکەی هەوی کردووە. بە چەند پیاوێکی گوندەکەماندا جوابی بۆ ناردووم کە ئەسپێکی بۆ بێنم (بە سەری قامچیەکەی بە ئەسپایی، کێشای بە سەر سینگی ئەسپەکەیدا و) گوتی:

– ئەمە ئەسپەکەیەتی. زینم کردوو بۆ ئوست خوپەرسکایام برد. بەڵام ئەمبوڵانس و خەستەخانە مەیدانیەکەم نەدۆزییەوە. لەوێ نە مابوو. چەند دەگەڕێم بۆم نادۆزرێتەوە.

بروخور، بە لەزەتەوە گوێی بۆ دەنگە نەرم و ناسکەکەی ژنەی قوزاق دەگرت و بە چاوی نەوسنەوە دەیڕوانیە دەموچاوە خڕین و جوانەکەی و بە شۆخییەوە گوتی:

– ئاهـ، دادەگیان! چ پێویست دەکات لە دووی مێردەکەت بگەڕێی؟ وازی لێبێنە با لە گەڵ ئەمبوڵانسەکەیا بڕوات. هەموو کەسێك ئامادەیە ئاو بە کەوشەکانتا بکات. ژنێك بەم خشکۆکیە، جیازیەکی وەکو ئەم ئەسپە جوانەوە! من یەك لە باری خۆم ئامادەم بۆ ئەم کارە!

ژنە، بزەیەکی نە بەدڵی بۆکرد، ئەوسا ناو قەدە گۆشتنەکەی دوولۆ دانەواندەوە و داوێنی تەنوورەکەی دادایەوە سەر ئەژنۆ ڕووتەکەی و گوتی:

– نا، بە بێ سوعبەت، تووشی ئەمبوڵانس و خەستەخانەیەکی مەیدانی نەبوویت؟

پروخور هەناسەیەکی هەڵکێشاو، ئاماژەی بۆ ڕیزێك عەرەبانە کرد کە بە مەسافەیەکی کەم لە دوای ئەوەوە بوو و، گوتی:

– لە ناو ئەو کاروانەدا، لەوێ چەند نەخۆش و بریندارێك هەن.

ژنە قامچیەکەی هەڵبڕی. ئەسپەکەی بە توندی بادایەوە، ئەو کەفەی کە لە نێو هەردوو پاشوویدا کۆبوو بووەوە، بریقایەوە. هەڵیکردە چوار ناڵەو بۆی دەرچوو.

عەرەبانەکان بە ئەسپایی دەڕۆیشتن. گایەکان ، بە خاوی کلکیان بادەداو خەرەنگیزانیان لە خۆ پاس دەکرد. هەوا زۆر گەرم بوو، گەڵای تازەی، ئەوگوڵە بە ڕۆژە بچوکانەی کەنار جادەکە تەواو ژاکابوون .

پروخور، هەمدیس گەییە ئاستی ریزە عەرەبانەیەکی دی. سەری لەوە سورما کە ئەو هەموو گەنجەی لە گەڵ ئاوارەکاندا بینی... ئیدی ئەم گەنجانە یا لە سریەکانی خۆیان دابڕابوون و گومیان کردبوون، یان هەڵاتبوون و بە گەڵ کەسوکارەکانیان کەوتبوون تا لەڕوبارەکە بیان پەڕێننەوە. هەندێکیان ئەسپە عەسکەریەکانی خۆیان لە دووی گالیسکەکان بە ستبوو و بە خۆیان لە نێو عەرەبانەکاندا پاڵکەوتبوون و یا دەگەڵ ژنەکانیاندا گفتۆگۆیان دەکرد یا چاودێری منداڵەکانیان دەکرد. هەندێکی دی سواری ئەسپەکانیان بوو بوون و تفەنگ و شمشێریان لە خۆدابوو، پروخۆر لە دڵی خۆیدا گوتی:" ئەمانە ڕایان کردووە و یەکەکانی خۆیان بەجێهێشتووە."

بۆنی ئارەقەی ئەسپ و گاوگۆتاڵ و پەز، بۆنی تەختەو ئەوزاری ناومال و گریسی چەرخ و ئەکسلی عەرەبانە، دنیای پڕکردبوو. گایەکان سەریان دانەواندبوو و هێواش هێواش ڕێیان دەکرد، چۆڕاوگەی لیکاوی دەمو قەپۆزیان دەگەییە سەر ئەرزەکە. تێکڕای قافڵەکە، سەعاتی چوار پێنج فرسەخ زیاتریان تەی نەدەکرد، عەرەبانە ئەسپییەکانیش خاو دەڕۆیشتن، نە دەکەوتنە پێش ئەو عەرەبانانەوە کە لە گاجووتان بە سترابوون. لە ناکاوا، لە قوڵی باشورەوە، لە شوێنێکی دوورەوە، ڕمبەی تۆپ بە ئاستەم بەرزبووەوە، ئیدی حەشاماتەکە هاڕوژاو جم و جۆڵی تێکەوت: ئەو عەرەبانانەی کە تاك ئەسپ یا جووت ئەسپیان لێبەسترابوون، لە ڕیزەکە دەرچوون. ئەسپەکان کەوتنە یورغە. ئیدی لە گۆشەو کەنارانەوە، قامچی بەرزکرانەوە. هاواری:"دێ ی! سەری ساحێبت بخۆی، دێ ی!" بەرز بووەوە.شول وشەلاق، بە پشتی گایەکاندا دەدرا، دەنگی

چەرخی عەرەبانان خێراتربوو. ئیدی ترس، گورج و گۆڵی کردبوونەوە.تەپوتۆزی گەرم، وەکو کڵافە دەزوییەکی خاکی لە جادەکە بەرز دەبووەوە و لە ئاسمانا لوولی دەخوارد و لە دوای قافڵەکەوە، بە سەر ساقەتەی گەنم وگیا و ڕووەکاندا دەنیشتەوە.

ئەسپە چکۆلەکەی پروخۆر، بەدەم ڕێکردنەوە، سەری دادەنەواند و لەم بەرو لەوبەری ڕێگاکەوە، قەپی بە تۆپەڵە گیایەك یا سێپەڕەیەك یا پنچە خەرتەلەیەکدا دەکرد و بەدەم گوێ لەقاندنەوە، دەیخوارد و هەوڵیدەدا بە زمان لغاوەکەی، کە پووکی دەگرت بداتە لاوە، تا قەپە گیایەکەی بە ڕەحەتی بۆ بخورێت. بەڵام دوای دەنگی ڕمبەی تۆپەکە، پروخۆر، ئەسپەکەی بەر مامێزان دا، ئەسپە چکۆلەکەش وەکو ئەوەی بزانێ کە ئیدی وەختی لەوەڕین نیە، بە یورتمەیەکی توند تەکانی داو کەوتە ڕێ.

تۆپباران زیادی کرد. دەنگی ڕمبەی قورس و گوێ کەڕکەری مەترەلۆزان لە دنیادا دەنگی دەدایەوەو، ئەردو بەردی دەلەرزاندەوە.

– یاحەزرەتی عیسا، خوایە هاوارە!

ژنێکی گەنج لە ناو عەرەبانەیەکدا، نیشانەی خاچی کێشاو گۆی قاوەیی ئامال سووری مەمکی خۆی کە شیری پێدا دەچۆڕا، لە زاری منداڵەکەی دەرهێناو مەمکە توندو سپیە ئامال زەردەکەی خستەوە ناو کراسەکەی.

پیرەمێردێك کە شان بە شانی گایەکانی ڕێی دەکرد، بانگی لە پروخۆر کردو پرسی:

– ئەهای کاکی سەرباز! ئەوە سەربازەکانی خۆمانن کە تۆپ دەتەقێنن یا نا؟

– نە بابۆ، سورەکانن، سەربازەکانی ئێمە گوللەتۆپیان نیە.

– فریشتەی ئاسمان، فریایان بکەوە!

پیرەمێرد، جڵەوی گایەکانی بەردا، کاسکێتە قوزاقیە کۆنەکەی داکەند. ڕووی کردە ڕۆژهەڵات و نیشانەی خاچی کێشا.

لە قۆڵی باشورەوە، لەپشت گردێکەوە، کە یەکپارچە گوڵە زوڕاتی تازە چەکەرە کردووبوو، دووکەڵێکی ڕەشی تووڕە، وەکو پەردەیەك بە ڕووی ئاسماندا بدرێ، بەو ئاوایە نیوەی ئاسۆی داپۆشی.یەکێك لە نێو عەرەبانەیەکەوە هاواری کرد:

– تەمەشاکەن، ئاگرێکی گەورە کەوتووەتەوە.

لە نێو دەنگی جیڕەجیڕی چەرخی عەرەبانەکانەوە، دەنگی پرسیاران بەرز بووەوە:

– تۆبڵێی چ بێ؟

– ئەوە کوێیە وا دەسوتێ؟

– لە دەوروبەری ڕوباری چیر دەچێ.

– سوورەکانن، گوندەکانی کە نار چیر دەسوتێنن.

– دنیا بەم وشکییە، هەر خوا بکات...

– تۆ تەمەشای ئەو تەپە دووکەڵە ڕەشە چۆن چووە بە ئاسمانا!

– دیارە، هەریەك گوند نیە، کە دەسوتێ.

– ئاگرەکە لە دەوروبەری چیرە، لە خوار کارگینسکایایە. شەڕەکە لەوێیە.
– ڕەنگە لە کەناری چڕنایادا بێ.ئیڤان بەوانەی پێشەوە بڵێ پێهەڵگرن.
– تەمەشا چ گرێکی لێهەڵدەستێ!

پـەردەی تەپـە دووکەڵەکـە، سـات بـە سـات گـەورەتر دەبـوو و پانتاییـەکی زیـاتری ئاسمـانی دەگرتەوە. گرم و هۆڕی تۆپ دایە زیادی. دوای نیو سەعاتێك بای باشور، بۆنی تاڵ و ناخۆش و ترسناکی ئاگرەکەی ، کە سی و پێنچ فرسەخان لەوێندەرەوە دوور بوو ، لە گوندەکانی چیرەوە، تاجادەی ئەتامانسکی، دەگەڵ خۆدا هێنا.

"٦٠"

ئەو جادەیـەی کـە بۆ باڵشۆی گرومـوك دەڕۆیـی، لـە هەنـدێ شوێنیا، بـە پـاڵ دیـوارێکی بـەردی سوورا دەڕۆیی و پاشان لە ناکاوا بەرەو دۆن پێچی دەکردەوە، بە دۆڵێکی بچوکی بێ ئاودا، کە پردێکی دارینیـان لـە سـەر دروسـت کردبـوو، شۆڕ دەبووەوە. بنکی دۆڵەکە، لـە کـاتی بێبـارانی و وشکیدا، لە زیخ وچەوو خڕکە بەردی هەمەڕەنگدا دەبریسکایەوە، بەڵام لـە دوای ڕەهێڵـەو ڕێژنـە بـارانی هاوینـەدا، سـێڵاوی لـێخن (لێـڵ، شـلوێ) لـە ترۆپکـی گردەکـەوە، بـە دۆڵەکـەدا دادەگـەڕاو خڕکە بەردەکانی پاك دەشۆردەوە و بە هاڕەهاڕو هاژەهاژ بە سەر بەردەکانـدا تێدەپـەڕی و دەڕژایـە دۆنـەوە. لـەو جـۆرە ڕۆژانـەدا، ئـاوی سـێڵاو پردەکـەی بـۆ ماوەیـەکی کـەم بـە ژێـرەوە دەکـرد. ئـاوی تـووڕە کـە تۆزێـك لـەوەوپێش، بێسـتانەکانی وێـران دەکـرد و ئەسـتون و کۆڵەکـە دارینـەکانی لـە عاردی هەڵدەکەندو پـەرژینانی داغـان دەکـرد، دوای یـەك دوو سـەعاتان دەنیشـتەوە و خڕکـە بـەردە شـۆراوەکان، بـە پرتـەوێکی تـازەوە دەبریسـکانەوە، ئیـدی بـۆنی قسـڵ و گڵـی تەڕونمسـار، کـە سێڵاوەکە لە قەد پاڵەکانەوە دەگەڵ خۆیدا هێنابووی، دنیای پڕ دەکرد.

ئـەم بـەرو ئەوبـەری دۆڵەکـە، پڕبـوو لـە سـپیدارو داربـی، سـێبەرەکانیان ، لـە هـەڕەتی گـەرمای هاوینیشدا هەر فێنك بوو.

مەفرەزەیـەکی غـەیرە قـوزاقی ڤیشنسـکایا، لـەو سـێبەرەدا پاسـگەیەکیان دانـابوو ولـە کـەنار پردەکـەدا جـێگیر بـوو بـوون. مەفرەزەکـە دوازدە نەفـەر بـوو. ئەمانـە لـەوێ بـەدەم چـاوەڕوانی گەیشـتنی عەرەبانـەی ئاوارەکانـەوە، لـە ژێـر پردەکـەدا دامـەزرابوون، یـاری وەرەقیـان دەکـرد، سیغاریان دەکێشا. هەندێکیانیش جلەکانیان داکەندبوو، دەیاندۆزین و ئەسپێی خوێنخۆری لە تێربوون نە هاتوویان، لە درزی دورمانی کراس و دەرپێکانیان دەگرت. دوو نەفەریش، بەپرسی بەرپرسی پاسگەکە بۆ مەلەوانی چوبوون بۆ دۆن.

بەڵام ئەم ئیسراحەتەیان زۆری نەخایەند، زۆری پێنەچوو عەرەبانەکان گەیینە نزیکی پردەکە. وەکـو شـەپۆل، پـەیتا پـەیتا و یـەك لـە دووی یـەك دەهـاتن و ڕێگـا سـێبەرەکە پـڕ بـوو لـە خـەڵکی وهـەراو زەنـاو قەرەباڵغییـەکی ئـەوتۆ پیـاو هەناسـەی تـەنگ دەبـوو، لـە تـۆ وایـە هـەوای قـورس و ناخۆشی دەشتەکە دەگەڵ عەرەبانەکەدا،هاتووە بۆ ناو دێ.

بەرپرسی پاسگەکە ( کە لە هەمان کاتدا فەرمانەدەی ڕەعیلی سێیەمی فەوجەکەش بوو)عەریفێکی درێژ داهۆڵی لاوازی، ڕدێن کورتی، بزن ڕیشی، گوێ زلی، گوێ قوتی وەکو گوێی مندالان بوو، لە کەنار پردەکەدا ڕاوەستابوو، ناو لەپی خستبووە سەر کیفی دەمانچەکەی. ڕێگەی نزیکەی ده عەرەبانەیەکی دا بەبێ کێشە ڕۆیشتن. بەڵام کاتێك کە گەنجێکی بیست و پینج، بیست و شەش ساڵانی بە سەر عەرەبانەیەکەوە بینی، فەرمانی دا:

– بوەستە.

یارۆی قوزاق، چارەی گرژ کردو جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. عەریفەکە چوو بە لای عەرەبانەکەوە و بە سەرو ڕوویەکی گرژو مۆنەوە پرسی:

– تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟

– تۆ حەقت چیە؟

– پێمگوتیت لە چ کەتیبەیەکیت؟ ها؟

– من لە سریەی "روبژینی"م. تۆ کێی؟

– وەرە خوارەوە!

– دەمەوێ بزانم تۆ کێی؟

– پێمگوتی وەرە خوارەوە.

دەموچاوی عەریفەکە تا بناگوێی سوور بووەوە. کیفی دەمانچەکەی کردەوەو دەمانچەکەی دەرهێناو خستیە دەستی چەپی. یارۆی قوزاق، جڵەوی ئەسپەکەی دایە دەست ژنەکەی و لە عەرەبانەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە. عەریفەکە لێی پرسی:

– بۆچی لە گەڵ یەکەکەی خۆتا نیت؟ بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– نەخۆش بووم. ئێستاش لە گەڵ خانەوادەکەم دام و دەڕۆم بۆ بازکی.

– کوا مۆڵەتی نەخۆشیت پێیە؟

– مۆڵەتی نەخۆشی لە کوێ بێنم؟ لە سریەکەماندا دکتۆرمان نەبوو...

– کەواتە مۆڵەتت نیە.

ئەوسا بانگی لە یەکێك لە سەربازەکانی کرد:

– کارینکۆ، وەرە ئەم پیاوە بەرە بۆ قوتابخانەکە.

یارۆی قوزاقی پرسی:

– پێم ناڵێن ئێوە کێن؟

– ئێستا پێتی نیشاندەدەین کە ئێمە کێین.

– من دەبێ بگەڕێمەوە بۆ یەکەکەی خۆم، بۆت نیە گلم بدەیتەوە.

– ئێمە، خۆمان دەتنێرینەوە بۆ یەکەکەت، چەکت پێیە؟

– تەنیا یەك تفەنگم پێیە.

– برۆ بیهێنەو زوو بگەڕێوە، دەنا دەتکەم بە بێژنك. گەنجێکی وەك تۆ، عەیب و شوورەیی خۆت لە ژێر تەنوورەی ژنەکەتا دەشاریتەوە؟ دەتەوێ ئێمە بەرگریت لێبکەین؟

عەریفەکە، لە دوای گەنجەکەوە کە دووردەکەوتەوە، جنێوێکی دا:

– خوێڕی!

قوزاقەکە، تفەنگەکەی لە ژێر پەتۆیەکەوە دەرهێنا. دەستی ژنەکەی گرت، بەڵام ڕووی نەهات بە بەرچاوی خەڵکەکەوە ماچی بکات. هەر بەوەوە وەستا کە شتێکی بە گوێیدا چپاند.، هەنگی بە ناچاری و بە دەستبەسەری دوای سەربازێك کەوت و بەرەو قوتابخانەی گوندەکە ڕۆیی.

ئەو عەرەبانانەی کە لەو ڕێگا تەنگەدا وەستا بوون، دووبارە بە جیڕە جیڕ کەوتنەڕێ و بە سەر پردەکەدا پەڕینەوە.

لە فاسیلەی یەك سەعاتدا، پاسگەکە نزیکەی پەنجا نەفەری فیراریان دەستگیر کرد. هەندێکیان ویستیان بەرگری بکەن، بە تایبەتی یەکێکیان کە لەوانی دی بە تەمەنتر بوو. پیاوێکی تۆکمەی زەلامی سمێڵ درێژ، خەڵکی گوندی نیژنی کریڤوسکۆی سەر بە ستانی ئیلانسکایا بوو. هەرکە بەرپرسی پاسگەکە داوای لێکرد کە بێتە خوارەوە، قامچیەکەی کێشا بە ئەسپەکانی خۆیا. دوو سەربازی پاسگەکە جڵەوی ئەسپەکانیان گرت و لەودیوی پردەکەوە ڕایانگرت. یارۆی قوزاق بێئەوەی بیربکاتەوە، تفەنگە وینچستەرە ئەمریکاییەکەی خۆی لە ژێر موشەمایەکەوە دەرهێناو قۆناغەکەی لە شانی خۆی چەسپاندو تێی خوڕی:

– لاکەون خوێڕیانە، دەنا دەتانکوژم.

یەکێك لە دوو پاسەوانەکە گوتی:

– وەرە خوارێ، وەرە خوارێ. ئەمرمان پێیە هەرکەسێك سەرپێچی بکات، تەقەی لێبکەین. خۆت ئەزیەت مەدە، دەرەقەتمان نایەیت.

– دێهاتینە!... تا دوێنێ لە گەڵ سوورەکاندا بوون و ئەمڕۆ بە سەر قوزاقاندا دەخوڕن؟ هەیدێ گوم بن لە بەرچاوم، دەنا تەقەتان لێدەکەم.

یەکێك لە سەربازەکان بە پەلە چووە سەر چەرخێکی پێشەوەی گالیسکەکە دوای کێشما کێشێکی کەم تفەنگەکەی لە دەستی یارۆی قوزاق دەرهێنا. قوزاقەکە وەکو پشیلە پشتی کووڕ کردەوەو دەستی بە ژێر دۆشەکی سەرنشیمەنەکەدا کردو شمشێرەکەی لە کێلان دەرهێنا، چۆکی داداو لە سەر قەراخی گالیسکەکەوە دانەوییەوە و چیوای نەمابوو کە شمشێرەکەی بگاتە سەربازەکە. سەربازەکە بە زەحمەت فریاکەوت خۆی لادا. ژنی کابرا، کە ژنێکی زۆر لاوازی ناحەز بوو، دەستی هەڵدەگلۆفتن و بەدەم گریان و زارییەوە دەیگوت:

– تیموفی. وازبێنە! تیموفی! وازبینە... بە گژ ئەمانەدا مەچۆ، دەتکوژن.

بەڵام تیموشا، هەستابووە سەرپێیان و شمشێرەکەی کە وەکو پۆڵا بە پرتەوێکی شینباو دەبریسکایەوە، بە سەر سەری خۆیدا بادەداو نەیدەهێشت سەربازەکان لە عەرەبانەکەی نزیك ببنەوە. بە چاوانی ئەبڵەقەوە، تەمەشای دەکرد و بەدەم جنێو و هەڕەشەوە، بە دەنگی کەرخ هاواری دەکرد: "نەیەنە پێشێ، دەنا بە شمشێر داتان دەپاچم!" دەموچاوە تاوە سووتەکەی گرژ دەبوو و لە ژێر سمێڵە درێژە زەردەکەیەوە کەفی دەپرژاندو سپێنەی ئامال شینی چاوەکانی بوو بوون بە گۆمی خوێن.

دوای زەحمەتێکی زۆر شمشێرەکەیان لە دەستی دەرهێنا و دایان بە عەرداو دەست و لاقیان بەپەت بەستا. هەنگێ هۆی ئەم سەرسەختی و کەڵەوکیشیەیان بۆ دەرکەوت: دوای پشکنینی عەرەبانەکە ،سەربازەکان، یەك جلیکانە ڤۆدگای خۆماڵیان دۆزییەوە کە تەواوێکی بە تاڵ بوو.

لەوکاتەدا ڕێگا تەنگەکە لە عەرەبانەو ماڵاتا ئەوقی خواردبووەوە. بە جۆرێ چوو بوون بە یەکدا کە ئاوارەکان ناچار بوون ئەسپ و گایەکان لە عەرەبانەکان بکەنەوەو، بە دەست عەرەبانەکان بۆ ئەوبەری پردەکە ڕاکێشن. مژانی عەرەبانەکان کەوتنە جیرە جیڕ و دەشکان. ئەسپەکان لە تووڕەییدا دەیانحیلاند. گایەکان کە خەرەنگێز (مێشە کەرانە، مۆزەشینە) تەنگەتاوی کرد بوون، لەو قەرەباڵغیەدا شێت و هار بوو بوون، گوێیان بە هاواری خاوەنەکانیان نەدەداو بەرەو پەرژینەکان غاریان دەدا. جنێو و هاوار، فیشکەی شەلاخ و قامچی، شیوەن و گریەی ژنان، تا ماوەیەکی زۆر لە نزیکی پردەکەدا هەر دەنگی دەدایەوە. ئەو عەرەبانانەی کە لە ڕیزی دواوە بوون و هێشتا دەرفەتی گەڕانەوەیان هەبوو، بایان دایەوەو ملی شاڕێگاکەیان گرت تا لە گوندی بازکییەوە خۆ بگەیەننە کەنار دۆن.

قوزاقە فیرارە دەستگیرکراوەکان ، بە چاودێری چەند پاسەوانێکی پاسگەکە بۆ بازکی ڕەوانەکران، بەڵام چونکە هەموویان چەکدار بوون، پاسەوانەکان، بۆیان بەرهەق نەکران. هەرکە لە پردەکە پەڕینەوە، دەگەڵ پاسەوانەکاندا لێیان بوو بەشەڕ. دوای ماوەیەکی کەم پاسەوانەکان، ڕێ و ڕێ بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوەو قوزاقە فیرارەکان بە کەماڵی ئیسراحەت ڕیزیان بەست و بەرەو ڤیشنسکایا پەل بوونەوە.

تەنانەت پروخور زیکوفیش لە باڵشوی گروموك، ڕاگیرا، داوای بەڵگەنامەو مۆڵەتنامەی لێکرا، ئەو مۆڵەتنامەیەی نیشان دا کە گریگۆری بۆی کرد بوو، بێهیچ چەندو چوونێك مەرەخەسیان کرد.

ئێوارەیەکی زوو گەییە بازکی. هەزاران عەرەبانە کە لە گوندەکانی چیرەوە هاتبوون، جادە و کۆڵانەکانیان پڕ کرد بوو، ڕێ بەر ڕێدار نەدەکەوت. کەناری دۆن لە وەسفکردن نەدەهات. ئاوارەو عەرەبانە بە مەسافەی نزیکەی دوو فرسەخان بە درێژایی کەناری دۆندا بڵاوبوو بوونەوە. پتر لە پەنجا هەزار کەس لەو لێڕانەدا پەراگەندە و بڵاوبووبوونەوەو چاوەڕوانی ئەوە بوون لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە.

لە ئاستی ڤیشنسکایاوە، تۆپخانەکان و دەستەی بەڕێوەبەری کەتیبەکان و تەقەمەنی و جبەخانەی عەسکەری لە بوارەکەوە بۆ کەنارەکەی ئەوبەر دەگوازرانەوە. سەربازانی پیادە، بە دەیان بەلەم، کە هەر بەلەمەی سێ چوار کەسی تیا بوو و بەردەوام لە هاتوو چۆدا بوون، لە ئاوەکە دەپەڕێنرانەوە. لە لای ئەسکەلەکە هەر خەڵك بوو و دەکەوتنە ژێر دەست و پێیانەوە. بەڵام هێزی سوارە کە وەکو هێزی پاشینە لە دواوە مابووەوە هێشتا هەر چاوەڕوانی دەکرد. ڕمبەی مەترەلۆز لە قوڵی چیرەوە هەر بەردەوام بوو و بۆنی تاڵ و کەسکوونی تەپە دووکەڵ و ئاگر لە جاران زیاتر بوو.

پەڕینەوە لە ڕووبارەکە تا سپێدەی خایاند. یەکەمین مەفرەزەی سوارە دەبوایە نزیکی نیوەشەو بگەنە ئەوێندەر و چاوەڕوانی سپێدە بکەن تا بە مەلە بپەڕنەوە.

پروخورزیکوف کە زانی هێزەکانی سوارەی فیرقەی یەکەم هێشتا نەهاتووە، لێبڕا کە لە بازکی چاوەڕوانی سوارەکانی خۆیان بکات، جڵەوی ئەسپەکەی خۆی گرت و بە زەحمەتێکی زۆر بە نێو ئەو عەرەبانانەی دەوروبەری حەوشەی خەستەخانەکەی بازکی دا، تێپەڕی و، بێئەوەی زینەکەی لێبگرێتەوە، لغاوەکەی لە دەمی دەرهێناو هەوسارەکەی بەست بە عەرەبانەی ئاوارەیەکەوەو بەخۆی بە نێو عەرەبانەکان کەوت، تا بەڵکو ئاشنایە ناسیاوێك بدۆزێتەوە.

لە نزیکی بەربەستەکەدا، لە دوورەوە ئەکسینیا ستاخوفای بینی کە بلوزێکی گەرمی بە شانیادابوو و بەرەو دۆن دەڕۆیی و پریاسکەیەکی بچووکی بە باوەشەوە گرتبوو. جوانیە بێ وێنەکەی، سەرنجی ئەو پیادانەی ڕادەکێشا کە لە کەنارەکەدا وەستا بوون. ئیدی ئەمانە تەشەری بازاڕی و قۆڕیان لێدەدا، بەدەم تەوس و توانج و پێکەنینەوە، ددانە سپیەکانیان، لە تەختی دەموچاوە ئارەقاوی تۆزاویەکانیاندا دەبریسکایەوە. قوزاقێکی باڵا بەرزی، قژ زەرد، کە کەمەربەندی قەمسەڵەکەی بەردابووەوە، کڵاوە فەروەکەی بەپشت سەریا کەوتبوو، لە پشتەوە باوەشی پێدا کردو لێوی نایە سەر گەردنە ئەسمەرەکەی. پروخور بینی کە ئەکسینیا بە توندی دەڵەکی دەداو لە خۆی دوور دەخستەوە و بە تووڕەیی و لەبن لێوانەوە شتێك دەڵێت. ئاپۆڕای سەربازەکان لە قاقای پێکەنینیان دا. یارۆی قوزاق، کڵاوەکەی داکەندو بە دەنگێکی گڕ گوتی: "تەنیا یەك ماچی چکۆلەو بەس گیانەکەم!"

ئەکسینیا پێی هەڵگرت. بە بەردەم پروخوردا تێپەڕی. بزەیەکی تەوسامێز بە سەر لێوە ئەستورەکانیەوە سەمای دەکرد. پروخۆر بانگی نەکرد. چاوی بە نێو ئاپۆڕاکەدا دەگێڕاو دەیویست خەڵکانێکی گوندی تاتارسکی خۆیان بدینێ. لە کاتێکا کە بە کاوەخۆ بە نێو حەشاماتەکەدا دەگەڕا، لە نێو عەرەبانەکانەوە کە مژانەکانیان وەکو بازووی مردوان چوو بون بە ئاسمانا، گوێی لە گفتوگۆ و پێکەنینێکی مەستانە بوو. سێ پیرەمێردی بینی لە ژێر عەرەبانەیەك ڕایەخێکی جاویان ڕاخستبوو ولە سەری دانیشتبوون. یەکێکیان قەڕابەیەك ڤۆدگای خۆماڵی لە نێوان هەردوو لاقیا دانا بوو. ئەم پیرەمێرانە، بە جامێکی مسین کە لە قەوانیی گوللە هاوەن دروستکرا بوو، بە نۆرە ڤۆدگایان پڕ دەکردو دەیان خواردەوەو ماسی وشکەوەکراویان پێوە دەخوارد. بۆنی توندی ڤۆدگا و ماسی سوێرکراو، پروخۆری، کە برسی بوو، ڕاگرت. یەکێك لە پیرەمێردەکان گوتی:

– ئەهای کاکی سەرباز! وەرە پێکێکمان لە گەڵدا بخۆوە!

پروخۆر، شەرمی نایە لاوە. لە گەڵیانا دانیشت، نیشانەی خاچی کێشا و بە دەم زەردەخەنەوە، پێکێك ڤۆدگای بۆنخۆشی لە پیرەمێرە میوانپەروەرەکە وەرگرت.

پیرەمێرێکی دیکە، کە دەم و لووتی تەواو شێوا بوو و لووتی هەر نەبوو، بە مینگە مینگەوە گوتی:

– تا له ژیانای بخۆوه. دەی ئەوەش (ماسی سیم) هەڵگرە بخۆ. ڕۆڵە گیان لووت لە پیرەمێردان هەڵمەکەن. پیرەمێران خاوەن ئەقڵن. ئێوەی گەنج دەبێ چاو لە ئێمە بکەن، لە ئێمەوە شت فێر بن، لە ئێمەوە فێربن چۆن بژین و چۆن ڤۆدگا بخۆنەوە.

پروخۆر، نیگایەکی بەترسەوەی پیرەمێردە بێ لووتەکەی کردو ڤۆدگاکەی هەڵدا. لە نێوان پێکی دووەم و سێیەمدا خۆی پێنەگیراو پرسی:

– بابۆ، لووتت لە کاری هەرزەییدا داناوە؟

– نە گیان! لە هەڵامەتەوە وام لێهات. بە منداڵی بەردەوام هەڵامەتم بوو، بۆیە لووتم ئاوای لێهات.

پروخۆر، ڕاستگۆیانە ئیعتراف کرد:

– تەمەشای من، خەریك بوو گومانی خراپت لێبکەم. لە دڵی خۆدا دەمگوت: ناکا لووتی لە نەخۆشیەکی پیسەوە وای لێهاتبێ؟ نەمدەویست دووچاری بەڵایەکی واهی ببم.

پروخۆر، دوای ئەوەی قەناعەتی بە قسەی یارۆی پیرەمێرد هات، ئیدی ئاسوودە بوو و، بە ئەرخایەنیەوە، جامەکەی نا بە سەرەوەو بە یەك بین خواردیەوە.

خاوەنی قەڕابە ڤۆدگاکە، کە پیرەمێردێکی کەتەی بەگوڕ بوو، هاواری کرد:

– ژیانم وێران بووە! ئیدی نەخۆمەوە چی بکەم؟ خواردنەوە هەر بۆ من باشە. بۆ نموونە من دوسەد پود گەنمم لە گەڵ خۆ هێناوە و نزیکەی هەزار پودم لە ماڵ بەجێهێشتووە، پێنج جووت گام وەپێش خۆم داوەو ئێستا دەبێ هەر هەموویان لێرە بەرەڵابکەم، چونکە ناتوانم لە ڕووبارەکەیان بپەڕێنمەوە. هەرچیم لە ژیانما کۆکردووەتەوە، بە خۆڕایی ڕۆیی. دەیسا، برادەرینە با گۆرانی بڵێین. پیرەمێرد سوور بووبووەوە و چاوەکانی پڕ بوو بوون لە ڕوندك. پیرەمێردە بی لووتەکە، بە مینگە مینگ کەوتە دڵدانەوەی هاوڕێکەی و گوتی:

– تروفیم ئیڤانوفیچ، دادو سکاڵا مەکە. مۆسکۆ گوێی لە فرمێسك و زاری نیە. ئەگەر نەمرین و بمێنین، دووبارە سەروەت و سامان وەدەست دێنینەوە. سەری بێ ڕزق لە ژێر گڵدایە.

قوزاقی پیر، زیاتر دەنگی لێبەرز کردەوە. بەدەم گریانەوە چارەی گرژ بوو و گوتی:

– ئەگەر دادو سکاڵا نەکەم، چی بکەم؟ هەرچی دانەوێڵە و ئازوقەم هەیە لە دەستی دەدەم. گایەکانم مردار دەبنەوە. سوورەکان ئاگر لە خانوەکەم بەردەدەن. کوڕەکەم ئەم پایزە کوژرا. ئیدی چۆن دەتوانم هاوار نەکەم، دادو بێداد نەکەم؟ ئاخر من ئەم هەموو موڵك و ماڵەم بۆ کێ کۆکردبووەوە؟ جاران دە کراسم لە کاری هاوینەدا، دەدڕاندو ئێستا ڕووت و ڕەجاڵ و پیخاوس ماوم... بخۆنەوە، دەی ڤۆدگا بخۆنەوە.

لە کاتی ئەم گفتوگۆیەی ئەواندا، پروخۆر ماسیەکی سیمی گەورەی کە بە قەد قەپاغی تەنوورێك دەبوو، خواردو حەوت جام ڤۆدگای خواردەوە. هێندە مەست بوو، بە زەحمەتیکی زۆر توانی هەستێت و خۆی بە پێوە بگرێت.

خاوەن ڤۆدگاکە پێی گوت:

– کاکی سەرباز! تۆ بەرگری لە ئێمە دەکەیت، دەتەوێ جۆت بۆ ئەسپەکەت بدەمێ؟ چەندت دەوێ؟

پروخۆر، کە هیچ تەماحێکی دنیای نەمابوو و ئاگای لە عەمری دنیا نەبوو، بە دەم بۆڵژنێکەوە گوتی:

– کیسەیەکم بەسە.

پیرەمێرد، کیسەیەکی لە باشترین جۆ بۆ پڕ کردو یارمەتی دا کە بیدات بە شانیا. باوەشی بە پروخۆردا کرد، ئەم لاو ئەولای ڕاموسی و بە دەم ڕوندك ڕشتنەوە تکای لێکرد:

– بەڵام تکایە، کیسەکەم بۆ بێنەوە، توخوا لە بیرت نەچێ!

بەڵام پروخۆر، کەس نەیدەزانی لە بەرچی عینادی دەکرد، دەیگوت:

– نا، بۆتی نایەنمەوە. کە گوتم نای هێنمەوە، یانی نای هێنمەوەو تەواو.

پروخۆر، بەلارە لار ڕۆیی. کیسە جۆیەکە بە سەر پشتیەوە لەقە لەق ئەم بەرو ئەوبەری دەکرد. پروخۆر وای وێنا دەکرد کە بەسەر ئەرزێکی بەستەڵەکی جەمەدیدا ڕێدەکات. ئیدی وەکو ئەسپێکی ناڵ نەکراو کە بە سەر بەستەڵەکدا ڕێ بکات، لاقی دەلەرزین و دەخزی. دوای چەند هەنگاوێکی لەرزۆك ڕاوەستا تا بزانێ ئاخۆ کڵاوەکەی لە سەرە یا نا. ئەسپێکی کوێتی یەختەی تەوێڵ مارۆ کە بە عەرەبانەکەیەوە بەسترا بوو، کە بۆنی جۆی کرد ملێکی کێشاو قەپی بە سووچێکی کیسە جۆیەکەدا کرد. کیسەکە کون بو و جۆیەکە بە نەرمی لە کونەکەوە کەوتە ڕژان. پروخۆر کە هەستی کرد بارەکەی سووك بووە کەوتەوە ڕێ.

لەوە بوو بتوانێ پاشماوەی جۆیەکە بۆ ئەسپەکەی بەرێتەوە، بەڵام بەلای کەڵەگایەکی زۆر زەلاما تێپەڕی، گایەکە لەلاوە لە قەیەکی لێدا، خەرەنگێزو پێشکە، لە گایەکە وڕوکابوون و گەرماو قەرەباڵغیەکەش هێندەی دی وڕژاندبوویان و کەس نەیدەوێرا بەلایا ڕەت بێ. پروخۆر کە یەکەم قوربانی تووڕەیی ئەو بەیانیەی کەڵەگاکە نەبوو، بە سەرا کەوت بە قەراخی چەرخی گالیسکەکەدا و یەکسەر بورایەوەو لەوێ تەخت بوو.

دوای نیوەشەو وەهۆش هاتەوە. پەڵە هەورێن مسین بە ئاسمانی مەیلەو شینەوە، بە سەر سەری ئەوەوە بە هەشتاو بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆییشتن. ناو بە ناو مانگی تازە، لە درزی هەورەکانەوە بە دیار دەکەوت و پاشان هەورەکان بەری ئاسمانیان دەگرت و بایەکی توند و سارد هەڵیدەکرد. هێزی سوارە بە نزیکی ئەو عەرەبانەیەدا تێدەپەڕین کە پروخۆر لە لایەوە کەوتبوو. ئەرزەکە لە ژێر پێی بە ناڵی ئەسپەکاندا دەلەرییەوە. ئەسپەکان کە هەستیان دەکرد باران بەڕێوەیە دەیان پرماند و دەیانحیلاند. کیفی شمشێرەکان لە ڕکێفەکان دەخشین و دەنگە دەنگیان لێوە دەهات، پزیسکی سیغاران دەگەشایەوەو خەفە دەبوو. بۆنی ئارەقەی ئەسپ و بۆنی کەسکونی چەرمی زین و قایش و قروش دەچوو بەدەم و لووتی پروخۆردا.

پروخۆر، وەکو هەر قوزاقێك کە خزمەتی عەسکەری کردبێت، لە ساڵانی جەنگدا، خووی بەم بۆنە تایبەتیەی هێزی سوارەوە گرتبوو. قوزاقان، لە هەموو ڕێگا و بانەکاندا، لە پروسیاوە تا بۆکوڤینا و تا دەشت و بیابانانی دۆن ئەم بۆنەیان دەگەڵ خۆدا برد بوو. ئیدی چەند هۆگری ماڵەکانی خۆیان بوون، ئەوەندەش هۆگری ئەم بۆنە تایبەتیە بوون. پروخۆر، هەناسەیەکی هەڵمژی و سەرە قورسەکەی هەڵبڕی و گوتی:

– کوڕینە ئێوە، هی کام کەتیبەن؟

دەنگێکی سووکی تەوسامێز لە تاریکیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– هێزی سوارە....

– بەڵێ، کام کەتیبە؟

هەمان دەنگی سووک بەرسڤی دایەوە:

– کەتیبەی پتلیورا (پتلیورا: یەکێك بوو لە سەرانی یاخیان لە شەڕی ناوخۆدا)

پڕوخۆر جنێوێکی دایە:

– هەی نامەرد!

کەمێك بێدەنگ بوو و دیسان پرسی:

– هاوڕێیان، کام کەتیبە؟

– بوکوفسکایا.

پروخۆر ویستی هەستێت، بەڵام سەری قورس بوو، دڵی تێك هەڵدەهات، دووبارە ڕاکشایەوەو خەو بردیەوە. بەرەبەیان کزە بایەکی سارد لە سەر دۆنەوە هەڵیکرد، پروخۆر بەدەم خەوەوە گوێی لە دەنگێك بوو بە دیار سەرییەوە دەیگوت:

– نەمردووە؟

دەنگێکی دی ڕێك لە پەنا گوێیەوە بەرسڤی دایەوە:

– گیانی گەرمە... مەستە.

ئەوەی یەکەم گوتی:

– لەلاقی بنەوەو لە سەر ڕێگاکە لایدە! دەڵێی جەنازەیە لێرە کەوتووە، نووکە شمشێرێکی پێیا بکە.

پیاوی دووەم نووکە قەمەیەکی بە قەبرغەی پروخۆردا، کە هێشتا وەخۆ نە هاتبووەوە، کرد، ئەویتریش لە هەردوو لاقی نەوی و ڕایکێشایە کەنار ڕێگاکە.

دەنگێکی توند نەڕاندی:

– ئەو عەرەبانانە لادەن. ئێستا وەختی خەوە؟ کاتی لەمە باشترتان بۆ خەو نەدۆزییەوە! سوورەکان، لە دوومان نابنەوە و خەریکە دەگەنە سەرمان و ئەمانەش دەڵێی لە ماڵی خۆیاندان و لە غوڕابی خەودان. عەرەبانەکان لە سەر ڕێگاکە لابەرن، دەبێ تۆپخانەکە لێرەوە ڕەت بکرێ!... تەمەشاکەن، ڕێگاکەیان گرتووە... توخوا ئێوە بەشەرن!

ئاوارەکان، ئەوانەی لە سەرو لە ژێر عەرەبانەکان نوستبوون، جم و جوڵیان تێکەوت. پروخۆر، هەستایە سەرپێیان. نە شمشێری پێبوو و نە تفەنگ. تەنانەت تاکی ڕاستی چەکمەشی لەپێدا نەما بوو: هەموو شتەکانی لە دوای مەی نۆشینەکەی دوێشەوەوە گوم کرد بوو. دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی و سەری لە هیچ دەرنەدەکرد. ویستی ژێر عەرەبانەکە بۆ شتەکانی بگەڕێ، بەڵام تۆپچییەکان و سەربازانی تۆپخانەکە هاتن بە سەراو بە هەڵەداوان عەرەبانەکەیان بە هەموو باروبنەکەیەوە سەرنگون کرد و لە چاوتروکانێکدا ڕێگەیان بۆ تێپەڕبوونی تۆپەکان کردەوە.

- بۆ پێش!

شوفێرەکان دوبارە سواری ئەسپەکانیان بوون. قایش و قروش لەرینەوە. چەرخی گەورەی تۆپەکان، کە لوولەکانیان بە مشەما داپۆشرا بوو، بە تەقو هوڕ بە سەر جادە گڵەکەدا کەوتە ڕێ. سەری ئەکسلی عەرەبانەیەکی تەقەمەنی و جبەخانە لە مژانی عەرەبانەیەك گیرا و شکاندی.

ئەو پیرەمێردە بێ لووتەی کە دوێشەو کە پروخۆری دەعوەت کرد بوو، لە ناو عەرەبانەکەیەوە هاواری کرد:

- ئەوە چیە، جەبهە چۆڵ دەکەن؟ بە ڕاستی سەربازی عگیدن دەك عەمرتان نەمێنێ! خۆتان بە خۆتان بن.

تۆپچییەکان بێئەوەی هیچ بڵێن، تێدەپەڕین و بە هەشتاو بەرەو ئەسکەلەکە دەڕۆیشتن تا لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە. پروخۆر بەو بەیانی زووە، ماوەیەکی زۆر بە دووی تفەنگ و ئەسپەکەیدا گەڕا. هیچیانی نەدۆزییەوە. لە سەر ڕوبارەکە و لەلای بەلەمەکان تاکە پۆستاڵەکەی دیکەشی داکەند و تووڕی دایە ئاوەکەوە. سەری وەکو ئەوەی لە مەنگەنەی بدەن، لە ڕادە بە دەر دەیەشا. بۆ ئەوەی ئازارەکەی بشکێت، چەند جارێك ئاوی پێدا کرد. کە ڕۆژهەڵات ئەوسا هێزی سوارە دەستی بە پەڕینەوە لە ڕوبارەکە کرد. سەدوپەنجا ئەسپی سریەی یەکەمیان کە زینەکانیان لێ گیرابووەوە، هێنا بۆ ئەو شوێنەی، کەمێك کەوتبووە سەرووی ئەو پێچەوە کە ڕوباری دۆن لە خواریەوە بە گۆشەیەکی وەستاو ڕووەو ڕۆژهەڵات پێچی دەکردەوە. فەرماندەی سریەکە، پیاوێکی سەروسیما ترسناکی، کەپوو دەندوکە داڵاشی، ڕیش لوولی ڕدێن تۆپ کە هەموو دەموچاوی تا نزیکی چاوەکانی داپۆشی بوو، زۆر لە بەراز دەچوو. دەستی چەپی، بە دەسماڵێکی چڵکنی خوێناوی لە ملی کرد بوو، بە دەستی ڕاستیشی بەردەوام قامچیەکەی بادەدا. لە کاتێکا کە ددانە سپیەکانی، کە لە دان و کەڵبەی سەگ دەچوون، لە ژێر سمێڵە سوورەکەیەوە دەدرەوشانەوە. هاواری بە سەر قوزاقەکاندا، کە ئەسپەکانیان دەڵەك دەدایە ئاوەکەوە، دەکرد:

"مەیەڵن ئەسپەکانتان ئاو بخۆنەوە!... دەیان لێبکەن! ئەهای قەحپەدا... چیە لە ئاوەکە دەترسن؟ بیخە ئاوەکەوە خۆ شەکر نین بتوێنەوە!...

ئەسپەکان کەوتبوونە پاڵە پەستۆ و نەیاندەویست خۆ بە ئاوە ساردەکەدا بدەن. قوزاقەکان دەنگیان دەدان و بەر قامچیان دەدان. یەکەمین ئەسپ کە خۆی بە ئاوەکەدا داو کەوتە مەلە ئەسپێکی ڕەشی قەپۆز سپی، تەوێڵ مارۆ بوو. دیار بوو پێشتر مەلەی کرد بوو. شەپۆلی ئاوەکە تا سەر کەفەڵە شۆڕەکەی دەهات و کلکە چڕەکەی بەلادا دەبرد، بەڵام سینگ و بەرۆك و سەروگەردنی لە دەرێی ئاوەکەدا بوو. ئەسپەکانی دیکەش بە پرم و هۆڕ دوای ئەو کەوتن و ئاوەکەیان شەق کرد. قوزاقەکان بە شەش بەلەمان دوای ئەسپەکان کەوتن. لەپێشی هەر بەلەمێکەوە نەفەرێك بەخۆی و کەمەندێکەوە، وەستا بوو وئامادەی هەر بویەرو ڕووداوێك بوو.

فەرماندەی سریەکە، شەلاقەکەی بادەداو کێشای بە ساقی چەکمەکەیدا کە یەکپارچە قسڵ بوو و هاواری کرد:

– پێشیان مەکەون. لاو نیو بیانبەن. مەیەڵن ئاوەکە ڕایان بماڵێ و دووریان بخاتەوە.

تەوژمی توندی ئاوەکە ئەسپەکانی ڕادەماڵی. ئەسپە ڕەشەکە بە ئاسانی مەلەی دەکردو بە مەسافەی دوو ڕمان لەپێش ئەوانی دیکەوە بوو. یەکەمین ئەسپ بوو کە گەییە کەنارەکەی ئەوبەرەوە. لەو دەمەدا، هەتاو لە نیو لق و پۆپە چرەکانی سپیدارێکەوە دەرکەوت. گورزە ڕوناکیەکی پەمەیی کەوتە سەر ئەسپە ڕەش. پێستە تەڕو ڕەخشانەکەی، لە بەر هەتاوەکەدا بەجۆرێ دەبریسکایەوە، لە تۆ وایە ئاگرێکی ڕەشی لە کوژانەوە نەهاتگەو پەیتا پەیتا بڵێسە دەسەنێت.

فەرماندەی سریەکە کە لە بەراز دەچوو، لە بنەبانی گەرویەوە بە دەنگێکی گڕ هاواری دەکرد:

– ئاگات لە ماینەکەی مریخین بێ. یارمەتی بدە، ڕەشمەی بکە. سەوڵ لێدەن، ئاخر سەوڵ لێدەن...

ئەسپەکان بەبێ کێشە لە ڕوبارەکە پەڕینەوەو گەیینە ئەوبەر. قوزاقەکان، لەو بەرەوە چاوەڕوانیان بوون. هەرکەسەو ئەسپی خۆی دەگرت و لغاوی دەکرد. لەو بەریشەوە، لە کەناری ڕاستەوە، قوزاقەکان، هەموو زینەکانیان لە بەلەم بارکردو ناردیان بۆ ئەمبەر.

پروخۆر، لە قوزاقێکی، کە زینانی بۆ نێو بەلەمەکە دێنا، پرسی:

– ئەرێ دوێنێ کوێ دەسووتا؟

– دەورو بەری چیر.

– بە گولله تۆپ سووتا؟

قوزاقەکە بە گرژی بەرسڤی دایەوە:

– گولله تۆپی چی؟ سوورەکان دەیان سووتاند.

پروخۆر، بە سەر سامی پرسی:

– یانی هەموو شوێن و شتێك دەسوتێنن؟

– نا، شتی وا ناکەن... ماڵی دەوڵەمەندان دەسووتێنن. ئەو ماڵانەی سەربانی شیروانیان هەیەو شتیان زۆر تیایە.

– ئەو گوندانەی کە سووتاون کامانەن؟

– لە ڤیزلوگوزوفەوە بیگرە تا گراچوف.

– نازانی فیرقەی یەکەم ئێستا لە کوێیە؟

– لە چوکارینسکی یە.

پروخۆر، دوای ئەوەی هەواڵی فیرقەکەی خۆی زانی، گەڕایەوە بۆ لای عەرەبانەی ئاوارەکان. دووکەڵی داری وشك و پەرژینانی هەڵکەندراو و تەپاڵەی وشك دەگەڵ بایەکەدا، لە هەموو لایەکەوە دەچوو بە ئاسمانا. ژنان سەرقاڵی ئامادەکردنی خواردن بوون بۆ تێشت.

ئەو شەوە هەزاران ئاوارەی دی، لە گوندەکانی دەشت و دەرێن قوڵی ڕاستی دۆنەوە، هاتبوون بۆ ئێرە. لە دەوری ئاگرو کوانگەکانەوە، لە نێو عەرەبانەکانەوە، غەڵبە غەڵب و ژاوەژاوێك دەهاتە گوێی پروخۆر، سەد سوێندت بخواردایە کە گیزە گیزی مێشهەنگە.

– کەی نۆرەی ئێمە دێت کە لە ئاوەکە بپەڕینەوە؟ لەوە ناچێت ئەم حەشاماتە کۆتایی بێت.

– خـوا دەکـات نایـەڵن بپەڕینـەوە، شـەرت بـێ هـەموو گەنمەکـەم هەڵبڕێژمـە دۆنـەوە و نەیـەڵم سوورەکان بیخۆن.

– ئاخر گیانە، چۆن سەندوقەکانمان لە گوێ ڕوبارەکە بەجێ بێڵین؟

– دوای ئەو هەموو پاشەکەوتە... ئەو هەموو ڕەنجە... خودایا هەر خۆت ڕازقی ڕزق و ڕۆزیت!

– خۆزگە هەر لە ئاستی گوندەکەی خۆمانەوە لە ئاوەکە دەپەڕینەوە. خۆ دەمانتوانی.

– نازانم چ شەیتانێك هاتە بن کلێشەمانەوەو بۆ ڤیشنسکایای هێناین!

– دەڵێن کالینوف ئوگول–یان بە تەواوەتی سووتاندووە.

– گوایە دەمانویست لە بوارەوە بپەڕینەوە...

– تۆ پێتوایە دەستمان لێنادەن؟

– ئەمریان پییە هەموو قوزاقان، لە شەشساڵان بە بانەوە بکوژن، تەنانەت پیرەکانیش.

– ئێمە لێرە بەجێدێڵن، ئەدی پاشان؟

– قیمە قیمەمان دەکەن.

لە نزیکی عەرەبانەیـەکی ڕەنگاو ڕەنگـەوە، پیرەمێردێکی باڵا بـەرزی بـرۆ سپی، کە بە هـەڵس و کەوت و ڕەفتاریا لەوە دەچوو ئـەتامانی گوندێکەو لـە مێژە عاسـای مسینی سـەرۆکایەتی گونـدی پێیە، قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد:

–... من لە ئێوە دەپرسم: ئایا پێویستە خەڵکی لـەم گوێ ڕوبـارەدا بمـرن؟ باشـە کـەی دەتـوانین بـە باروبنەو کەلو پەلەکانمانەوە، بۆ ئەو بەری ئاوەکە بپەڕینەوە؟ سورەکان قڕمان دەکەن، تـاقو بڕمـان دەکـەن. کەچـی جـەنابی ڕائیـد پـێم دەڵێـت: "بـابۆ، خـەمت نـەبێ، مەترسـە. ئێمـە سـەنگەرەکانی خۆمان چۆڵناکەین، تا هەموو خەڵکەکە لە ئاوەکە نەپەڕنەوە هـەر بـەرگری دەکـەین. مەگـەر بە سـەر جەنازەکانماندا بپەڕنـەوە، دەنـا مەحاڵـە ئـەم هـەموو ژن و منـداڵ و پیرەمێردە بـەبێ خـاوەن بـەجێ بێڵین.

پیرەمێـردان و ژنـان دەوری کـابرای ئـەتامانیان دابـوو و بەوپـەڕی دیقـەت گوێیـان بـۆ قسـەکانی ڕادەدێرا. پاشان بوو بە هەراو هەنگامە.

– ئەدی بۆچی تۆپخانەکە ڕۆیی؟

– چاوەڕوانی ئەو خەڵکە داماوەیان نەکرد. زۆریان پەلە بوو کە خۆیان بگەیەننە ئەسکەلەکە.

– ئەوە هێزێن سوارەش گەیینە ئێرە...

– وەکو دەڵێن، گریگۆری میلیخوفش جەبهەکەی چۆڵکردووە.

– ئیتر کێ بەرگریمان لێدەکات؟ خەڵکەکە بەجێدێڵن و بەخۆیان...

– سەربازەکان لەپێش خەڵکەکەوە ڕادەکەن.

– کێ بەرگری لە ئێمە دەکات؟

– هەرکەسە لە خەمی گیانی خۆیدایە.

– ڕاستە.

– له هەموو لایەکەوە خیانەتمان لێدەکرێت.

– حیسابمان ڕۆییوەو تەواو.

– پێویستە پیرەمێردەکانمان بە نان و نمەکەوە بنێرین بۆ پێشوازی سوورەکان. بەڵکو بەزەییەکیان پێماندا بێتەوەو نەمانکوژن.

لە دەروازەی کۆڵانیکی تەنگی، نزیکی بینا گەورەو بەردەکەی خەستەخانەکەوە، سوارێك دەرکەوت. تفەنگەکەی بە قەڵپوسی زینی ئەسپەکەیەوە هەڵواسی بوو و دەسکی سەوزی نێزەکەشی بە قەدیەوە تەکە تەکی بوو. ژنێکی پیری، سەر ڕووت، بە شادیەوە هاواری کرد:

– بەزاتی خوا، ئەوە میکیشای کوڕمە!

ژنەی تاین بە غار بەرەو پیری چوو. ئیدی خۆی بە بەینی ئەسپ و عەرەبانەکاندا دەکرد، بە سەر مژانەکاندا بازی دەداو ڕێگای بۆ خۆی دەکردەوە. حەشاماتەکە، ڕکێفی سوارەکەیان گرت و ڕایانگرت. سوارەکە زەرفێکی خاکی مۆرکراوی داخراوی بەرز کردەوەو هاواری کرد:

– ئەمە پەیامە بۆ سەرۆکی سەرکردایەتی، ڕێمبکەن با بڕۆم.

پیرەژنەکە هاواری کرد:

– میکیشنا! کوڕەکەم!

قژە لوولە بۆزەکەی، چەپك چەپك ڕژابووە سەر دەموچاوە شادەکەی. بە دەم بزەیەکی لە رزۆکەوە، خۆی دایە پاڵ ئەسپە لە ئارەقە هەڵکشاوەکەی و پرسی:

– بە گوندەکەی خۆمانا ڕۆیشتی؟

– بەڵێ، بەڵام ئێستا سوورەکانی تیان...

– ئەدی ماڵەکەی خۆمان؟

– ماڵەکەی خۆمان هێشتا ماوە. بەڵام ئاگریان لە ماڵەکەی فیدوت بەرداوە. ئاگر گەیی بووە کەپرەکەی ئێمەش، بەڵام سوورەکان بە خۆیان کوژاندبوویانەوە. فتیسکا، کە بەخۆی لەوێندەرەوە هەڵاتووە، دەیگوت فەرماندەی سوورەکان گوتوویەتی "نابێ یەك ماڵی هەژار بسووتێنرێ، بەڵام خانووی بورژواکان بسووتێنن."

پیرەژن، نیشانەیەکی خاچی کێشاو گوتی:

– زۆر شوکر بۆ خوا! مەسیح ئاگاداریان بێ!

پیرەمێردێکی گرژ و مۆن، تووڕە بوو و هەڵیدایە:

– هێی ئەوە تۆ چ دەڵێی پیرەژن! خانووی دراوسێکەت دەسووتێنن و تۆ هاوار دەکەی "شوکر بۆ خوا!"

پیرەژن، بەپەلە بەرسڤی دایەوە:

– سووتاندویانە بە جەهەنم! دەتوانێ بە ئاسانی خانوویەکی دی دروست بکاتەوە. بەڵام من، ئەگەر خانووەکەمانیان سووندبوایە چیم بکردایە؟ فیدوت یەك جەڕە زێڕی لە ژێر خاکدا شاردۆتەوە، بەڵام من... بە درێژایی تەمەنم کریکاری ئەم و ئەوم کردووە، هەمیشە هەژاری و نەداری یەخانگیرم بووە.

سوارەکە، لە سەر زینەکەوە دانەوییەوەو تکای کرد:

– تکایە ڕێمبکە با بڕۆم، دایە گیان. دەبێ ئەم نامەیە بەپەلە بگەیەنم.

پیرەژن، ماوەیەك شانبەشانی ئەسپەکە ڕۆیی و دەستی کوڕەکەی کە تاوەسووت بوو بوو، غەرقی ماچ کردو ئەوجا بە هەشتاو بۆ لای عەرەبانەکەی خۆی گەڕایەوە. سوارەکەش، بەدەنگی بەرزو گەنجانەی خۆی هاواری دەکرد:

– لاکەون! نامەم پێیە بۆ فەرماندەی گشتی، لاکەون، ڕێمبکەن!

ئەسپەکەی لا بە لا دەڕۆیی و جووتەی دەوەشاند. خەڵکەکە بە دەم خوتەو بۆڵەوە لاکەوتن و سوارەکە کە دەتگوت هێواش دەڕوات، زۆر زوو لە پشت عەرەبانە و ئەسپ و کەڵەگایەکانەوە، ون بوو و کە بە تاو بەرەو دۆن دەڕۆیی، تەنیا نێزەکەی لە جەماوەری خەڵکەکەوە دیاربوو، کە بە قەدیەوە تەکە تەکی بوو.

"٦١"

لە زەرفی ڕۆژێکدا هەموو یەکە یاخییەکان و گشت ئاوارەکان لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و گەیینە ڕەخی چەپی دۆن. سریەکانی کەتیبەی ڤیشنسکایا، کە بەشێك بوون لە فیرقەی یەکەم بە فەرماندەیی گریگۆری میلیخوف، لە دوای هەمووانەوە پەڕینەوە.

گریگۆری، تا ئێوارێ بەخۆو دوازدە سریەی هەڵبژاردەوە، لە هەنبەر گوشاری فیرقەی سی و سێی کوبانی‌دا بەرگری کرد. تەنیا دوای ئەوەی کە لە دەوروبەری سەعات پێنجدا، لە لایەن کودینوفەوە ئاگادارکرایەوە کە هەموو سەربازەکان و ئاوارەکان پەڕیونەتەوە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە، ئەوسا فەرمانی پاشەکشەی دا.

بە گوێرەی نەخشەی یاخییەکان، دەبوایە سریەکان دوای پەڕینەوە لە ڕووباری دۆن، هەر یەکەیان لە ئاستی گوندەکانی خۆیاندا سەنگەر بگرن. نزیکی نیوەڕۆ، هەواڵ گەییە فەرماندەی گشتی کە زۆربەی هەرە زۆری سریەکان لە شوێنی دیاریکراوی خۆیاندا سەنگەریان گرتووەو جێگیر بوون. لە هەر شوێنێکی نێوان گوندەکاندا بۆشاییەك هەبووبێ، سەرکردایەتی بو قوزاقانی ناوچەکانی ستێپ پڕی کردووەتەوە. سریەکانی کروژیلینسکیا و ماکسایف –سینگین و کارگینسکایا (سریەی پیادە) و لاتچیف و لیخوڤیدوف و گراچوف بۆشاییەکانی نێوان پگاریفکا و ڤیشنسکایاو لبیاژینسکی و کراسنویارسکی – یان پڕکردەوە، سریەکانی دیکە بۆ گوندەکانی پشت جەبهە –دودارفکاو چوڕنی و گوروخوفکا چوون تا لەوێ بە بۆچوونی سافونوف، لە کاتی شکانی بەرەکەدا، وەکو هێزی یەدەك و پشتیوان فریای سەرکردایەتی بکەون.

ئیدی بەو جۆرە هێڵی شەڕگەی یاخیان بە درێژایی سەدو پەنجا فرسەخان، لە ڕەخی چەپی دۆنەوە لە دوورترین گوندێن ستانی کازانسکایا لە قوڵی ڕۆژئاواوەوە تا ئوست خوپەرسکایا، درێژەی هەبوو.

قوزاقەکان، هەرکە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، خۆیان بۆ شەڕی بەرەیی ئامادە کرد: سەنگەریان لێدەدا، سپیدارو بی و بە ڕوویان دەبڕییەوە، پەناگەیان بۆ ڕەشاشەکان دروست دەکرد، هەرچی

کیسەو تەلیسی بە تاڵ هەبوو لە ئاوارەکانیان سەندو پڕیان کرد لە گڵ و لم و بە درێژایی هێڵی شەڕگەکە لەبەردەم خەندەك و سەنگەرەکاندا هەڵیانچنی.

دەمەو ئێوارێ، کاری سەنگەر لێدان لە هەموو شوێنەکان تەواو بوو. هەر دوو تۆپخانەی یەکەم و سێیەمی یاخییەکان لەپشت ڤیشنسکایاوە لە نێو کاژستانێکدا قایم کران. بە هەر هەشت تۆپەکە تەنیا پێنج گولله تیۆیان هەبوو. فیشەکی تفەنگانیش ڕوو لە کەمی دەڕۆیی. کودینوف، پەیکی بە هەموو لایەکا دەرکرد کە قوزاقەکان ئاگادار بکەنەوە نابێ وەڵامی تەقەی دژمن بدەنەوەو هەر سریەیەك، یەك دوو سەگڤان و ئەنگێوەی کارامە هەڵبژێت و فیشەکی تەواویان بداتێ، تا ئەگەر ڕەشاشچی و سەربازانی سووریان لە کوچەو کۆڵانی گوندەکانی ڕەخی ڕاستی دۆندا بینی تەقەیان لێبکەن و بیانکوژن. ئەوانی دی بۆیان نەبوو تەقە بکەن، تەنیا ئەوکاتانە نەبێ کە سوورەکان بیانەوێ لە ئاوەکە بپەڕنەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ، گریگۆری سەری یەکەکانی فیرقەکەی خۆی دا، کە بە درێژایی ڕەخی دۆن دامەزرابوون و سەنگەریان گرتبوو و پاشان بۆ بە سەر بردنی شەو، بۆ ڤیشنسکایا گەڕایەوە. ئەو شەوە هەر ڕووناکی و ئاگرێك لە ڤیشنسکایاو مێرگوزارەکانی دەوروبەری قەدەغە کرا. لە سەرانسەری ڤیشنسکایادا چرایەك نە دەسووتا. سەرانسەری ڕەخی ڕوبارەکە لە تاریکیەکی وەنەوشەییدا نقووم بوو بوو.

بۆ بەیانیەکەی، یەکەمین گەشتیانی سوور لە سەر تەپەی بازکییەوە دەرکەوتن. نەخێر زۆری پێنەچوو، لە هەموو هەردەو باسکێن کەناری سەمتی ڕاستەوە، لە ئوست خوپەرسکایاوە تا کازانسکایا، کەوتنە سەرەتاتکێ. بەرەی سوورەکان، وەکو سێلاوێکی توندی شتی تواوە بەرەو دۆن دەکشا. پاشان گەشتیەکان دیار نەمان و تا نیوەڕۆ بێدەنگیەکی قورس و کوشندە باڵی بە سەر دەرو دەشت و باسك و هەردەکاندا کێشا.

گێژەڵوکەو گەردەلوولی سپیواژ، لەسەر ڕێگای ئەتامانانداا بە دەم باوە لوولی دەخواردو دەچوو بە ئاسمانا. لە سەمتی باشوورەوە، دووکەڵی ڕەش و سووری گوندە سووتاوەکان بەردەوام بوو. ئەو پەڵە هەورانەی کە بە دەم باوە بڵاو بوو بوونەوە، دووبارە یەکیان دەگرتەوە. سێبەری باڵداری پەڵە هەورێك دای لە گردەکە. بڵاچەیەکی سپی ئەرز وئاسمانی ڕوناك کردەوەو بۆ ساتێك پەراوێزی پێچاو پێچی زیو ئاسای هەورە شینباوەکەی ڕازاندەوەو پاشان وەکو ڕێژنەی ئاگر داکشاو بەسەر سینگ و بەرۆکی بەرجەستەی پاسگەیەکی دێدەوانیەوە کە بە سەر گردێکەوە بوو، داباری. واهاتە بەرچاو کە چەخماخەکە، هەورەکەی کرد بە دوو لەتەوە: ڕەهێڵەی باران سەری بووەوە.

بایەکە لە شێوەی شەپۆلی سپیواژا، بەدەم سەماوە لە سەر ترۆپکی گەچۆڕ و قسڵینی هەردەو باسکەکانی ڕەخێن دۆنەوە بۆ سەر باخی گوڵە بەڕۆژە لە گەرما پەژمردەو ئەو جاڕە گەنمانەی دەبرد کە لە تینوا سەریان دانەواند بوو. بارانەکە، گەڵا تازەکانی، کە تەپوتۆز خواردبوونی، ژیانەوەو ڕەونەقێکی تازەی پێبەخشینەوە. گوڵی تازەی گەنمە بەهارە، ڕەونەقی پەیدا کرد.

گوڵی زەردی گوڵە بە ڕۆژە، سەریان بەرزکردەوە. بۆنی خۆشی کاڵەکی گەییوو لە بێستانەکانەوە بەرز دەبووەوە. تا ماوەیەکی زۆر هەڵم و بوخار لە ئەرزە پاراوەکەوە هەڵدەستا.

لە دوای نیوەڕۆوە گەشتی و دەورێیەکانی سوپای سوور، سەرلەنوێ، لە سەر ئەو زنجیرە گردانەی نێوان کەناری ڕاستی دۆن و دەریای ئازۆف، بە دیار کەوتنەوە.

لە سەر ئەم گردانەوە، تاکو دەیان فرسەخان، دەشتە زەردو هەموارو تەختانیەکانی ڕەخی چەپی دۆن دەبینرا، کە کەناری جۆگەلە زۆرو زەبەندەکانی ناو دەشتەکە، لە دوورەوە سەوز دەچوونەوە.

دەورێ و گەشتی سوورەکان، بە پاریزێکی زۆرەوە خۆیان بە نێو گوندەکاندا دەکرد. هێزی پیادە، بە ڕیز لە دوای ئەوانەوە، بە گردەکاندا دەگەڕان. تۆپخانانی سوورەکان، لە سەر ئەو گردانە دامەزران کە کاتی خۆی، لە ڕۆژگاری کۆنا، نیگابانانی پولوڤستی و برودنیکی جەنگاوەر لەوێندەر کێشکیان دەگرت و چاودێری دەرکەوتنی دژمنیان دەکرد. (١- پولوڤستی: تیرەیەکی تورکن کە لە سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچیەوە تا هێرشی مەغۆلان، دەشتەکانی باشووری ڕووسیایان لەبن دەستدا بوو.. ٢- برودنیکی: تیرەیەکی ڕەشماڵ نشین بوون، لە سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچیدا، لە دەشتەکانی باکووری دەریای ڕەشدا ئاکنجی بوون.)

ئەو تۆپخانەیەی کە لە سەر تەپەی بلوگورسکایا دامەزرا بوو، دەستی بە تۆپبارانی ڤیشنسکایا کرد. گوللە تۆپی یەکەم لە مەیدانی شارەکەدا تەقیەوەو دوای ئەوە دووکەڵی شینباوی گوللە تۆپان بەرزبووەوەو تەپو دووکەڵ بەدەم بایەکەوە بڵاوبووەوەو بەری ئاسمانی ناوچەکەی گرت. ئەوجا سێ تۆپخانەی دیکەش کەوتنە تۆپبارانی ڤیشنسکایا و سەنگەرێن قوزاقەکان، ئەو سەنگەرانەی بە درێژایی ڕەخی دۆندا لێدرا بوون.

لە پاڵشوی گروموکدا، دەستڕێژی ڕەشاشان حەشری دەکرد. دوو ڕەشاشی هوچیکس، بە سەڵیەی کورت کورت تەقەیان دەکرد و "ماکسیم" ێکیش دەستڕێژی ئاگری بە سەر هێزی پیادەی یاخیەکاندا دەباراند. عەرەبانەی باروبنەو تەقەمەنیان بەرەو گردەکە دێنا. لە قەدپاڵە چڕە دەوەن و دڕووەڵانەکاندا سەنگەریان لێدەدا. چەرخی عەرەبانانی جبەخانەو تەقەمەنی و ئەسپابی شەڕ بە تەقو هۆڕ بە سەر جادەی ئەتامانانندا دەرۆیشتن و تەپو تۆزیان لە دوای خۆوە بەجێدەهێشهت.

ڕمبەی تۆپباران لە سەرانسەری جەبهەکەدا دەنگی دەدایەوە. تۆپخانانی سوورەکان، لە سەر بەرزاییەکانی دۆنەوە، کە بە سەر سەرانسەری ئەو ناوچەیەدا زاڵ بوون، تا ئێوارەیەکی درەنگ، لە یەکبینە تۆپبارانیان کرد. ئەو مێرگ و کێڵگانەی کەنار دۆن، کە یاخییەکان سەنگەریان تیا لێدابوون، بە دریژایی شەڕگەکە، لە کازانسکایاوە تا خوپەرسکایا، کڕو کپ و خامۆش بوو... پاسەوانێن ئەسپی قوزاقەکان، لە دۆڵە قامیشەڵان و زەلکاوەکانی ڕەخی ڕوبارەکەدا، بەخۆو ئەسپەکانەوە خۆیان پەنا دابوو. لەوێ پێشکە ئەسپەکانی ئازار نەدەداو دارو درەختان بەری هەتاوەکەیان دەگرت و پاسەوان و ئەسپەکانی لە گەرمای ڕۆژ دەپاراست، ئەمە جگە لەوەی کە لە نەدیویدا بوون و لە سوورەکانەوە دیار نە بوون. پەناگەیەکی باش بوو.

لـە مێـرگ و سـەوزە زارەکـانی کـەناری ڕوبارەکـەدا کـەس دیـار نـەبوو. تـەنیا جـار جارێـك، تارماییـەکی بچـووکی ئـەو ئاوارانـەی کـە لـە ترسـا دوو لـۆ نووشـتابوونەوەو لـە دۆن دوور دەکەوتنەوە، بەدی دەکرا. ڕەشاشێکی سوورەکان، چەند دەستڕێژێکی بە سەردا دەکردن و گیزو هۆڕی گوللە، ناچاری دەکردن خۆ بە ئەرزەکەوە مت بکەن و تا ئێواریٚ لە نێو دڕوەڵان و چڕە دەوەن و بنچکاندا دەمانەوەو کە تاریك دادەهات، بەغار بێئەوەی ئاوڕی پاشەوە بدەنەوە، بە غار بەرەو بێشەکان، ڕووەو باکوور دەڕۆیشتن، لە دۆڵە میوانپەروەرە چڕە دارو دەوەنەکانا، لە پاڵ دار غانەکاندا ئۆقرەیان دەگرت.

***

ڤیشنسـکایا، دوو ڕۆژی تـەواو لـە ژێـر چـڕە تۆپبارانـدا بـوو. خـەڵکی لـە ژێـر زەمینـەکانیان نەدەهاتنە دەریٚ. ئیدی جادەو بانەکان کە گوللە تۆپ هـەمووی کێڵا بـوو. کەسیان پێوە نـەبوو، خەڵکی تەنیا بە شەو هاتوچۆیان دەکرد.

لـە سـەرکردایەتیدا، هەندێکـەس پێیـان وابـوو کـە ئـەم تۆپبارانـە چـڕە، زەمینـە خۆشـکردنە بـۆ هێرش. ئەوانەی وای بۆ دەچوون کە سوورەکان بە نیازن لە هەنبەر ڤیشنسکایاوە، لە ڕوبارەکە بپەڕنـەوەو سـەنگەرەکانی ئەوێنـدەر بگـرن و درزێـك بخەنـە هێڵـی دووررودرێـژی جەبهەکـەوەو جەبهەکە بکـەن بـە دوو لەتـەوەو ئەوسا، لـە ڕێگـەی هێرشـی جانبیـەوە، لـە قـۆڵی کـالاچ و ئوست میدڤیدیتسکایاوە، شەڕگەکە بە تەواوەتی تێکبشکێنن و هێزێن یاخیەکان لە ناوبەرن.

بــە دەســتووری کودینــوف، پــتر لــە بیســت ڕەشــاش، بــە شــریتە فیشــەکی تــەواوەوە، لــە ڤیشنسکایادا، سەنگەریان گرت. فەرماندەی تۆپخانـەکان ئـەمریان پێکرا، کـە دەسـت بـەو چـەند گوللـە تۆپـەوە بگـرن کـە پێیـان مـابوو و تـەنیا کاتێك بیـان تـەقێنن کـە ئەگـەر سوورەکان کەوتنـە ئــەوەی لــە ڕوبارەکــە بپەڕنــەوە. ئەســکەلەکەو هــەموو بەلەمــەکان گوازرانــەوە بــۆ ســەرووی ڤیشنسکایاو لە پێچێکی مەندی ڕوبارەکەدا کۆکرانەوەو پاسەوانێکی زۆریان بە دیارەوە دانان.

گریگۆری میلیخوف، ئەو هەموو ترس و دڵەڕاوکێیەی بارەگای سەرکردایەتی بـە بێبـنچ و بنـاوان دەزانی لە کۆبوونەوەی ١٩١٩/٥/٢٤ دا بە تەشەرەوە قسەی لە سەر گریمانـەکانی ئیلیا سـافونوف و لایەنگرەکانی کردو گوتی:

– بەچـی، لـە ئاسـتی ڤیشنسـکایاوە، لـە ڕوبارەکـە دەپەڕنـەوە؟ ئـاخر ئـەویٚ شـوێنی پەڕینەوەیـە؟ تەمەشا کـەن: ئـەم ڕەخـەی ڕوبارەکـە ڕووتـەن دەڵێـی ناولەپـە: تیلماسـکە لمـەڵانێکی تـەختانی و ڕووتەنە. نەدارێکی لێیە نە بنچە گیایەك. ئاخر چ کەرێك خۆی دەخاتە ئەو تالوکەیەوە کە لێرەوە لە ڕوبارەکە بدات و بپەڕێتـەوە؟ من جگـە لـە ئیلیا سافونوف، کە تواناو بە هرەیـەکی درەخشـانی هەیـە، کەسـێکی دی شـك نابـەم کـە خـۆی بخاتـە تەڵەیـەکی واوە... ئەگـەر لـەو ڕەخـە ڕووتـەن و تەختانیـەوە بـێن، ڕەشاشچـیەکانی ئێمـە، قڕیـان تێدەخـەن، تاقـە یـەك کەسـیان لێدەرناچـیٚ. کودینوف وا تەسەور نەکەی کە فەرماندەی سوورەکان لە ئێمە گەوجترن. خەڵکانێکیان تیایە کە لە ئێمـە زرینگترن. نـەخێر لە بەرانبـەرەوە هێـرش بـۆ ڤیشنسـکایا ناکـەن و ئەمـە هـیچ ترسـێکی ناویٚ، بەڵکو ئەگەری ئەوە هەیە لە شوێنێکەوە بپەڕنەوە کە ئاوەکە قووڵ نەبێت و بوار بدات، یان

لە شوێنێکەوە بپەڕنەوە کە کەندو لەندی زۆر بێ و چڕە دارستانی ئەوتۆی تیابێ کە بتوانن خۆیان بشارنەوە. دەبێ ئاگامان لەو جۆرە شوێنانە بێ، حەرەسیاتی ئەو شوێنانە بگیرێت، بە تایبەتی شەوان. دەبێ قوزاقەکان ئاگادار بکرێنەوە کە گەوجیەتی نەکەن و خەویان لێنەکەوێت. دەبێ هێزی یەدەك لەو شوێنانەدا کە زیاتر جێی مەترسین دابنرێ، تا ئەگەر شتێکی خراپ ڕووی دا، زوو فریا بکەون.

یاریدەرەکەی سافونوف، پرسی:

– تۆ دەڵێی کە هێرش بۆ ڤیشنسکایا ناکەن؟ ئەدی بۆچی لە بەیانیەوە تا ئێوارێ بەو چڕییە تۆپبارانی دەکەن؟

– بڕۆ لە خۆیان بپرسە! چما تەنیا ڤیشنسکایا تۆپباران دەکەن؟ ئەدی کازانسکایا و ئەرینسکا تۆپباران ناکەن؟ لە کێوی سمیونوف بەولاوە، هەموو شوێنێ تۆپباران دەکەن. دیارە چەند گوللە تۆپێکی زیاتر لە ئێمەیان هەیە، ئەم تۆپخانە گواویەی ئێمە تەنیا پێنج گوللە تۆپی هەیە، قەوانەکەشیان داربەڕووە!

کودینوف لە قاقای پێکەنینی داو گوتی:

– ها، ڕێك نیشانەکەی پێکا!

فەرماندەی تۆپی سێیەم بە تووڕەیی گوتی:

– ئێستا کاتی گلەیی و ئیراد گرتن نیە. پێویستە بەجدی قسان بکەین.

کودینوف، چارەی دا بەیەکاو کەوتە گەمە کردن بە نیتاقەکەی

– دە قسە بکە، کێ ڕێی گرتوویت؟ چەند جاریان بە ئێوەی گەوج گوت: "گوللە تۆپەکانتان بە خۆڕایی مەتەقێنن، بۆ کاتی تەنگانە هەڵیگرن." کەچی ئێوە هەرچیەکتان دەبینی تۆپێکتان پێوە دەنا، تەنانەت تۆپتان بە عەرەبانەکانیشیانەوە دەنا، کەچی ئێستا کە دژمن تەنگی پێ هەڵچنیووین، هیچمان نیە پێوەی بنەین، ئیدی بۆ بە ئیرادو ڕەخنە قەڵس دەبن؟ میلیخوف هەقیەتی گاڵتە بە تۆپخانە دارینەکەتان بکات. بە ڕاستی گوللە تۆپەکانتان هەر بۆ ئەوە باشە گاڵتەی پێبکرێت.

کودینوف، قسەو بەڵگەکانی گریگۆری بەگەن کرد، بەگەرمی پشتیوانی ئەو پێشنیازەی کرد، کە هێز لە هەموو ئەو شوێنانە دابنرێ کە بواری تیایەو بۆ پەڕینەوە لەبارەو، هێزی یەدەك لە نزیکی ئەو شوێنانە کۆ بکرێتەوە کە مەترسی زیاتریان لە سەرە. پێشبینییەکەی گریگۆری کە گوایە سوورەکان هەوڵنادەن لە هەنبەر ڤیشنسکایاوە لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە بەڵکو بۆ شوێنێکی لەبارتر دەگەڕێن. بۆ سبەینێ، دەقاو دەق هاتەدی. پێش نیوەڕۆ، فەرماندەی سریەی گروموك، خەبەری نارد کە سوورەکان خۆ ئامادە دەکەن لە دۆن بپەرنەوە. سەرانسەری شەوی ڕابردوو، ئێشك گرەکان گوێیان لە هەراو زەناو تەقو تۆقی چەکوش و جیڕە جیڕی عەرەبانان لەوبەری دۆنەوە، بوو. عەرەبانەیەکی یەکجار زۆر لەوحە داریان دێنا و لە گروموك دایاندەگرت و یەکسەر دوای ئەوە دەنگی هەڕەو تەورو چەکوشان بەرز دەبووەوە. هەموو قەرینەو نیشانەکان ئەوەیان دەسەلماند کە سوورەکان خەریکی دروستکردنی شتێك هەن. قوزاقەکان، لە هەوەڵەوە وایان

مەزەنـدە دەبـرد کـە پـردی سـەر ئـاو دروسـتدەکەن. دوو قـوزاقی دلێـر و بەجـەرگ، مـاوەی نیـو فرسـەخێك لـەو شـوێنەوە کـە دەنگـی هـەراو هەنگامەکـەی لێـوە دەهـات، بـە کەنارەکـەدا هـەوراز بوونەوە. لەویٚ جلەکانیان لە بەر خۆ داکەند، کۆمەڵێك گەڵاو لق و پوٚپی دارو درەختان لە خۆوە پێچا، بە نەرمی خۆیان بە دەم ئاوەکەوە دا. کەمێك لـەولای سـەنگەری ڕەشاشێکەوە کە کەوتبووە پەنای کۆمەڵێك دار بییەوە، گەیینە کەنارەکە و دەنگی گفتوگۆی سوورەکان و دەنگی داوەشـاندی تـەوریان لـە گوندەکـەوە بـە باشـی دەبیسـت. بـەڵام هـیچ شـتێك لـە نـاو ئاوەکـەدا لـە ئـارادا نـەبوو. هەڵبەتە سوورەکان خەریکی دروستکردنی شتێك بوون بەڵام ئەو شتە پرد نەبوو.

فەرماندەی سریەی گروموك، چاودێری کەنارەکەی بەرانبەری، کە لـە دەسـتی دژمندا بوو، تـەواو تونـد کـرد، سـپێدە، دیدەوانـەکان کـە هـەرگیز دووربینیـان دا نـەدەنا، تـا ماوەیـەك هیچیـان بـەدی نەکرد. بـەڵام لـە ناکـاوا یـەکێکیان، کـە لـە کـاتی شـەڕی ئەڵمانـدا، بە باشترین ئـەنگێوەو سـەگڤانی کەتیبەکـە نـاوی دەرکـرد بـوو، لـە بـولێڵی بـە یانیـا، سـەربازێکی سـووری بـەدی کـرد کـە بـە دوو ئەسـپی زینکـراوەوە بـەرەو دۆن دەهـات. قوزاقەکە ڕووی کـردە هاوڕێکـەی تەنیشـت خـۆی و لـەبن لێوانەوە گوتی:

– سوورێك خەریکە دێت بۆ سەر ڕووبارەکە.

دووربینەکەی دانا، ئەسپەکان تا ئەژنۆ چوونە ئاوەکەوەو کەوتنە ئاو خواردنەوە. یارۆی قـوزاق، قایشی شۆڕی تفەنگەکەی لە ئانیشکی چەپی هاڵاند و تفەنگەکەی بەرز کردەوەو ماوەیـەکی زۆر سێرەی گرتـەوە. فیشـەکێکی تەقاند، یـەکێك لـە دوو ئەسـپەکە بەخاوی بـەلادا کـەوت، ئەسـپەکەی دی بە غاردان بە سـەر تاوێرەکانـدا سـەرکەوت و بـۆی دەرچـوو. سـەربازە سـوورەکە دانەوییـەوە تـا زینەکـە لـە ئەسـپە مردارەکـە بکاتـەوە، بـەڵام قوزاقەکـە فیشـەکێکی دیکەشـی تەقانـد و نەرمـە پێکـەنینێکی بـۆ کـرد، سـەربازە سـوورەکە بەلـەز هەسـتایەوە، ویسـتبووی ڕابکـات و لـە دۆن دوور بکەوێتەوە، بەڵام لە ناکاوا بە دەما کەوتە ناو ڕووبارەکەوەو ئیدی هەڵنەستایەوە.

گریگـۆری هەرکـە هـەواڵی زانـی کـە سـوورەکان خـۆ ئامـادە دەکـەن لـە ڕووبارەکـە بپەڕنـەوە، ئەسپەکەی زینکرد و بـەرەو بەشـی سریەی گرومـوك کەوتـە ڕێ. دوای ئـەوەی لـەویٚ تێپـەڕی، لـە لقێکی باریکی دۆن کە تا کۆتایی ناوچەکە دەڕۆیی پەڕییـەوەو بـە چوارناڵە خـۆی بە جەنگەڵێکدا کرد.

جادەکـە بـە مێرگـوزاریکی دیـارو بەرچـاودا دەڕۆیـی، بـەڵام خەتـەر بـوو و گریگـۆری لیـبڕا، ئـەو ڕێگایە بگرێتە بەر کە تۆزیٚ دوورتر بوو: تا کۆتایی دەریاچەی ڕاسوخوف، هەر جەنگەڵ بوو و لە ڕێگـای مرداو و باتڵاغ و بێشـەی داربیانـەوە خـۆی گەیانـدە بـواری کالموکـەکان، ئەمـە جۆگەیـەکی بچـووك بـوو، قەراخـەکانی قـۆپی و قامیشـەڵانێك بـوو کـە لـە مرداوەکـانی دەشـتەکەوە دەهـات و دەڕژایـە دەریاچـەی پودسـتوی لیتـزا. گریگـۆری دوای ئـەوەی لـە بوارەکـە تێپـەڕی، ئەسـپەکەی ڕاگرت و پشوویەکی چەند دەقیقەیی دایە.

لەوێوە تا دۆن، بە ڕاستە ڕێگا، دوو فرسەخێك دەبوو. ئەگەر بە مێرگوزارەکەدا بۆ سەنگەرەکان ڕۆیشـتبا دەکەوتـە بـەر خەتـەری تەقـەی دژمـن. چـاری ئـەوە بـوو کـە چاوەڕوانی ئـاوابوونی خـۆر

بکات. بەڵام ئەو حەزی نەدەکرد چاوەڕوان بکات و هەمیشە دەیگوت: "قۆرترین شت لە دنیادا ئەوەیە کە ئینسان بەدەم چاوەڕوانیەوە دانیشێت و پاشان بیەوێ وەختە لە دەست چووەکەی قەرە بوو بکاتەوە." بۆیە لێبڕا یەکسەرو بەپەلە بکەوێتە ڕێ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر بە هەموو خێراییەکی ئەسپەکەمەوە بڕۆم، دەستیان نامگاتێ." و لە بێشەکەوە دەرکەوت. گردێکی سەوزی چڕە درەختانی بی، دایە چاو، قامچیەکەی لێهەڵبڕی. پیرە قامچی وەکو پشکۆ چزا بە کەفەڵی ئەسپەکەدا، گریگۆری لە نەعرەتەی دا، ئەسپەکە، گوێیەکانی خەواند، هەڵیکردە چوار ناڵە، سات بە سات خێراتر دەڕۆیی، وەکو باڵدار بەرەو دۆن دەڕۆیی. گریگۆری هێشتا سەد مەترێك نەڕۆیی بوو کە لە ڕەخی ڕاستی ڕوبارەکەوە، بە ڕەشاش دەستڕێژی لێکرا. گوللە وەکو مشکی خورماچەچان دەی زریکاند. گریگۆری لە دڵی خۆیدا گوتی: "هیچ نیە، زۆر بەرزە!" ئەسپەکەی بەر مامێزان دەدا، جڵەوی بۆ شل کرد، خۆی دانەواندەوەو گۆنای نا بە یاڵ و بڕی ئەسپەکەوە کە بایەکە پەرێشانی کرد بوو.

لەو سەرەوە، لە سەر گردێکی سپییەوە، ڕەشاشچیەکی سوور کە لە پشت سپەری سەوزی ڕەشاشەکەی خۆیەوە، ڕاکشا بوو، وەکو ئەوەی ئەندێشەو خەیاڵەکەی خوێندبێتەوە، دەستی داگرت. گوللەکان، کە بە ئاسمانەوە سوور دەچوونەوەو وەکو مار دەیان فیشکاند، بە گیزە گیز دەهاتن و لە بن دەست و پێی ئەسپەکە دەکەوتنەوەو دەچوون بە ئەرزەکەدا کە هێشتا شێی لافاوی بەهارە بەری نەدابوو، پریشکە قوڕو لیتەی بە هەر چواردەورا دەپرژاند.

گریگۆری کەمێك لە سەر ڕکێفەکە بەرزبووەوە، ئەوجا تەقریبەن لە سەر یاڵ و گەردنی کشاوی ئەسپەکە درێژ بوو. زمانەی دارستانە سەوزەکە نزیك و نزیکتر دەبووەوە. تازە گەیی بووە نیوەی ڕێگا کە لە کێوی سمیونوفەوە تۆپێك تەقێنرا. هاژەی گوللە تۆپەکە ئاسمانی لەرانەوە، گرمەی تەقینەوەیەکی نزیك، گریگۆری لە سەر زینەکە تەکاندا. هێشتا ناڵەی پارچە تۆپەکان لە گوێیدا نە بڕابووەوە، هێشتا زەلی باتڵاغە نزیکەکە کە بە هەوای گوللە تۆپەکە خوار بووەوە، بە تەواوەتی ڕاست نەبووبوونەوە، گوللە تۆپێکی دیکە تەقێنرا، لوورەی گوللە تۆپەکە کە نزیك دەبووەوە، جارێکی دی گریگۆری ناچار کرد خۆی لە سەر زینەکە تەخت بکات. لە چاوتروکانێکدا وای هەست کرد کە وژە وژە ترسناکەکە گەییە لوتکەی بە هێزی خۆی و هەورێکی ڕەشی تاریك بەرچاوی گرت و زەوی لە ژێریا کەوتە لەرزین و لاقی ئەسپەکەی لە عاردی ڕۆ دەچێت.

گریگۆری، بەدەم کەوتنەوە وەخۆهاتەوە. بەجۆری کەوت کە پانتۆڵە خاکیەکەی لە سەر هەردوو ئەژنۆیەوە، دڕاو قایشەکەی پچڕا. بای تەقینەوەی گوللە تۆپەکە هەڵیدابوو لە دووری ئەسپەکە دابووی بە ئەرزا. کە کەوتبوو بەجۆرێ بەسەر سەوزە زارەکەدا خزی بوو، هەموو ناو لەپ و گۆناکانی ڕوشابوون. گێژو مەنگ لەجێی خۆیەوە هەستایەوە. ئیدی خاك و خۆڵ و گیا و ڕووەکان، لە ئاسمانەوە وەکو باران بە سەریا دادەباری... ئەسپەکەی لە دووری بیست شەقاوێك کەوتبووە ناو ئەو چاڵەوە کە گوللە تۆپەکە دروستی کردبوو. سەری بێجووڵە بوو، بەڵان لاقە تۆزاوییەکانی و کەفەڵە ئارەقاوییەکەی و کلکی بە گرژی دەجوڵاند.

ڕەشاشەکە بێدەنگ بوو. بێدەنگیەکە بۆ ماوەی پێنج دەقیقەیەك بەردەوام بوو. هیچ دەنگیك نە دەهات تەنها دەنگی ماسیگرانێ نەبێت کە بە نیگەرانیەوە، لە نێو زەلکاوەکانەوە، هاواریان دەکرد. گریگۆری بەدەم سەرە گێژکەوە چوو بۆلای ئەسپەکەی. لاقەکانی دەلەرزین و بە شێوەیەکی غەریب قورس بوون. وەکو کەسێك بوو کە ماویەکی زۆر بە ناڕەحەتی دانیشتبێ و قاچی سڕ بووبن. گریگۆری زینەکەی لە ئەسپە کوژراوەکە کردەوە. بەڵام تازە گەیی بووە قامیشەڵانەکە، کە بەدەم گوللە تۆپەکەوە داغان بوو بوو، کە ڕەشاشەکە دەستی بە دەستڕێژ کردووە. بەڵام گوێی لە گیزو هۆڕی گوللەکان نەبوو، دیار بوو ڕووی گوللەکان لەو نییە، لە نیشانەیەکی دیکەیە. گریگۆری دوای یەك سەعات، گەییە پەناگای فەرماندەیی سریەکە. فەرماندەکە گوتی:

– ئێستا، لە کوتە کوت و دارتاشی بوونەوە. لێی دڵنیام کە ئەمشەو دەست پێدەکەنەوە. ئێوە دەبووایە فیشەکمان بۆ بنێرن، بە ڕاستی ئەمە وەزع نیە، هەر نەفەرەو تەنیا دوو خەشابمان پێیە.

– ئەمشەو فیشەکتان دەگاتێ. چاو لە کەنارەکەی بەرامبەرەتان خافڵ نەکەن.

– ئێمە کارمان ئەوەیە! نیازم وایە ئەمشەو چەند خۆ بەخشێك بنێرم کە بە مەلە بڕۆن و بزانن ئەوانە خەریکی چین و چی دروست دەکەن.

گریگۆری پرسی:

– ئەدی بۆچی دوێ شەو کەست نەنارد؟

– گریگۆری پانتلیوفیچ دوو نەفەرم نارد، لێ زاتیان نەکرد بوو بچنە گوندەکەوە. بە درێژایی کەنارەکەدا بە مەلە ڕۆیی بوون. بەڵام نەوێرا بوون بچنە ناو گوندەکەوە... نازانم ئەمڕۆ کێ بنێرم؟ بە ڕاستی کارێکی ئاسان نیە. هەرکە بکەویتە پاسگەیەکیانەوە ئیدی کارت کراوە. قوزاقان، کە لە گوندەکانی خۆیان نزیك بن، ئەو جۆرە ڕیسکە ناکەن. لە شەڕی ئەڵماندا، کێبڕکێ بوو لە سەر میدالێك... کەچی ئێستا، شناسایی پشت جەبهەی دوژمن هەر باسی مەکە، تەنانەت بۆ پاسەوانی و ئێشکگرتنیش کەس ئامادە نیە. کێشەو نەگبەتی ئێمە ژنانە: هاتوون بۆ ئێرە، مێردەکانیان دۆزیوەتەوەو لە سەنگەرەکاندا لە گەڵیان دەخەون و ناکرێت دەریان بکەیت. دوێنێ ویستم دەریان بکەم، بەڵام قوزاقەکان هەڕەشەیان لێکردم. "بۆ خۆت ئاقڵ بە دەنا ئەمەت لێ قبووڵ ناکەین و.."

گریگۆری، لە پەناگاکەی فەرماندەیی سریەکەوە چوو بۆ سەردانی سەنگەرەکان. سەنگەرەکان هەر پەنجا مەترێك لە ڕەخی دۆنەوە دوور بوون، لە شێوەی خەندەکی پێچاو پێچدا لە ناو بێشەیەکدا هەڵکەندرا بوو. دار بە ڕوو و پنچە گیا گەسك و نەمامی سپیدار، بارستە گڵەکانی پێش سەنگەرەکانیانی لە چاوی سەربازانی دوژمن کە بەرامبەریان لەمان گرتبوو، دەشاردەوە، خەندەکێن هاتوو چۆ، سەنگەرەکانی پێشەوەیان بەم پەناگایانەوە دەبەست کە قوزاقەکان تیایا دەنووستن و ئیسراحەتیان دەکرد. دەور وبەری پەناگاکان، یەك پارچە پولەکە ماسی و ئێسقانی مەڕو توێکڵی گوڵە بەرۆژەو قونکە جگەرەو پاشماوەی خواردنی دیکە بوو. جل و بەرگی

شۆڕدراو بە لقی درەختەکانەوە هەڵواسرا بوون: گۆرەوی و، دەرپێی کەتان، بەلەك پێچ، کراس و ماکسی ژنانە.

ژنێکی گەنجی سەر ڕووتی چاو خەواڵو، لە یەکەمین پەناگاوە سەرێکی کێشایە دەرێ. چاوەکانی هەڵگلۆفتن و بە بێموبالاتیەوە سەیرێکی گریگۆری کردو ئەوجا وەکو مشکە کوێرە سەری بردە ژوورەوەو دیار نەما. لە پەناگەی دووەمەوە، بە ئەسپایی گۆرانی دەگوترا. دەنگێکی ناسك وزوڵاڵی ژنانە لە نێو دەنگی پیاوەکانەوە دەهاتە گوێ. ژنێکی هەندێك بە تەمەن کە جل و بەرگێکی خاوێنی لەبەر کرد بوو، لە بەر دەرکی پەناگای سێیەم دانیشتبوو. سەری مێردەکەی، بە قژە بۆزو کاکۆڵە قوزاقیەکەیەوە، لە باوەش گرتبوو. پیاوەکە بە دەم وەنەوزەوە لە سەر لا پاڵکەوتبوو. ژنە بە تەڕدەستی ئەسپێ ڕەشەکانی بۆ دەدۆزی و لە سەر شانەیەکی دار دەیکوشتن و ئەو مێشانەی دەر دەکرد کە دەهاتن لە سەر سەروچاوی ئەشقە دێرینەکەی دەنیشتنەوە. خۆ ئەگەر مرقە مرقی ڕەشاشانی ئەوبەری دۆن و ڕمبەی دووری مەترەلۆزان کە لە سەر ڕووی ڕوبارەکەو لە قوڵی میگولینسکایا کازانسکایاوە دەهات، نەبوایە، سریەی گروموك لە ئارامیەکی وەهادا بوو، پیاو وای وێنا دەکرد کە ئەمانە کۆمەڵێك دروێنەوان بن و خەریکی پشوودان و ئیسراحەت بن.

بە درێژایی پێنج دانە ساڵی شەڕ، ئەمە یەکەم جار بوو کە گریگری سەنگەرانێك بەو ڕواڵەتە ناجۆرەوە بدینێ. بێئەوەی بتوانێ زەردەخەنەکەی خۆی بخواتەوە، بە بەر پەنگاکاندا دەڕۆیی و ڕووی دەکردە هەر کوییەك چاوی بە ژنانێك دەکەوت کە خزمەتی مێردەکانیان دەکرد، قەمسەڵە قوزاقیەکانیان بۆ پینە دەکردن، دەرپێ و بیجامەیان بۆ دەشتن و خواردنیان لێدەناو دوای نان خواردن قاپەکانیان دەشت.

گریگۆری، وەختێ کە بۆ پەناگاکەی سریەکە گەڕایەوە گوتی:

– شوێنەکەتان خراپ نیە، ئاسودەن ها...

فەرماندەی سریەکە بزەیەکی بۆ کردو گوتی:

–خراپ نیە. لەوە باشتر نابێ.

گریگۆری، چارەی دا بە یەکاو گوتی:

– شوێنەکانتان لە ڕادەبەر باشە! یەکسەر ئەم ژنانە لێرە دەربکە. ئێرە بەرەی شەڕە، خۆ چوارشەمە بازاڕ نیە. ئەمە مانای چیە؟ ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، سوورەکان لە ڕوبارەکە دەپەڕنەوەو هەر بەخۆتانیش نازانن؟ بەسەر ژنەکانتانەوە دەتانگرن. هەرکە شەو داهات هەر هەموویان لێرە دەربکە. سبەینێ دێمەوە ئەگەر چاوم بەیەك تەنوورە لەبەر بکەوێت، لەپێش هەمواندا سەری تۆ هەڵدەکەنم.

فەرماندەی سریەکە قاییل بوو وگوتی:

– هەق بە تۆیە... منیش بەش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم ژنان لێرە بن، بەڵام لە گەڵ قوزاقدا چی دەکرێت؟ بە هیچ شتێك زەوت نابن. سێ دانە مانگە لە شەڕەداین و ژنان تاسەی مێردەکانیان کردووە.

لە پڕ دەموچاوی سوور بووەوە، لە سەر سەکۆیەکی گڵی پەناگەکە دانیشت تا ئەو بەرهەڵبێنە سووورە ژنانەیە بشارێتەوە کە لە سەری دانرا بوو. ئەوسا ڕووی لە گریگۆری وەرگێڕاو ڕوانیە گۆشەیەکی پەناگەکە کە پەردەیەکی جاوی پێدا درابوو، نیگایەکی هەڕەشە ئامێزی چاوە قاوەییەکانی ژنەکەی کرد کە لەودیوەوە تەماشای ئەمی دەکرد...

"٦٢"

ئەکسینیا ستاخوفا لە ڤیشنسکایا، چووە ماڵێکی پوورێکی کە ماڵی لەوسەری شارۆچکەکەو لە نزیکی کڵێسا نوێیەکە بوو. هەرکە گەییە ئەویٚ بە دریـژایی ڕۆژی یەکەم کەوتە تاقیب و سۆراخی گریگۆری کە هێشتا نەگەیی بووە ڤیشنسکایا. بۆ ڕۆژی دوایی لە بەیانیەوە تا ئێواریٚ، هەر گیزو هۆڕی گوللەو ڕمبەی گوللە هاوەن بوو کە لە کوچەو کۆڵان و جادەکاندا دەتەقییەوە، بۆیە زاتی نەکرد لە ماڵ وەدەرکەویٚ.

ئەکسینیا لە سەر یەخدانەکەی ژووری میوان ڕاکشا بوو، بەداخ و کەسەرەوە لێوە ئەستوورو گەشەکانی هەر چەند ئێستا کەمێك ژاکابوون، دەگەست و بە گرژو پەستی، بە تووڕەیی و نائومێدی بیری دەکردەوە: "جوابی بۆ ناردم کە بێم بۆ ڤیشنسکایا و بەڵێنی داومیٚ کە پێکەوە دەژین، کەچی ئێستا لە هیچ شوێنێکەوە دیار نیە، مەگەر هەر خوا بزانیٚ لە کوێیە."

پوورە پیرەکەی لەبەر پەنجەرەکەدا ڕۆنیشتبوو، گۆرەوی دەچنی، لە گەڵ ڕمبەی هەر تۆپیکدا ڕادەچڵەکی و نیشانەیەکی خاچی دەکێشا.

– ئاهـ.. یا عیسا مەسیح! ئەمە چ کارەساتێکە ئاخر ئەم شەڕەیان لە سەر چیە؟ بۆ یەکدی دەکوژن؟

گوللە هاوەنێك لە کۆڵانەکەدا، لە سەد مەتری ماڵەکەی ئەوانا تەقییەوە. شووشەکانی پەنجەرەکە زڕەیان لێوە هات و شکان. ئەکسینیا گوتی:

– پووریٚ گیان! لەبەر پەنجەرەکە لاچۆ، نەوەك گوللەیەکت بەر بکەویٚ.

کەچی پیرەژن، لەپشت عەینەکەکەیەوە، تەماشایەکی تەوسامێزی کردو بە تووڕەیی گوتی:

– چەند گەوجی، ئەکسینیا! خۆ من دوژمنیان نیم، ئیدی بۆ دەبێت تەقە لە من بکەن؟

– ڕەنگە بەر گوللەی وێڵ بکەوی، بۆ لات وایە دەبینن گوللەکانیان بەر کویٚ دەکەویٚ؟

– یانی لەبەر ئەوەی نابینن دەمکوژن؟ ئەوان تەقە لە قوزاقان و قوزاقان تەقە لە سوورەکان دەکەن کە دوژمنیانن. چییانداوە لە پیرەژنێکی وەکو من؟ دڵنیابە کە دەزانن ڕووی تفەنگ و تۆپەکانیان دەکەنە کیٚ.

لای نیوەڕۆ، گریگۆری لە کاتێکا کە بە سەر یاڵ و گەردنی ئەسپەکەیدا دانەوی بووەوە و بە تاو لە جادەکەوە بەرەو خوارووی ڕووبارەکە تێپەڕی و ئەکسینیا لە پەنجەرەکەوە ئەوی بەدی کرد، بەغار خۆی گەیاندە بەر قالدرمەکانی بەر دەرگا، کە بە لاو لاو داپۆشرا بوو وبانگی کرد: "کریشا!..." بەڵام گریگۆری لە پێچی کۆڵانەکەوە تێپەڕی و ئەو گەردو تۆزەی کە لە ژێر سمی ئەسپەکەیەوە هەستا بوو، خەریك بوو دەنیشتەوە سەر ئەرزەکە، ئەکسینیا ئەگەر بەغاریش دوای

کەوتبا نەیدەگرتەوە، بێفایدە بوو. لە سەر قالدرمەکان مایەوەو لە داخا کەوتە فرمێسک هەڵڕشتن.

پوورەکەی لێی پرسی:

– ئەوە ستیپان بوو کە لێرەوە ڕۆیی؟ بۆچی وەکو شێت غارت دایە دەریٚ؟

ئەکسینیا بەدەم پەڵمە گریانەوە گوتی:

– نەخێر، قوزاقێکی گوندەکەمان بوو.

پیرەژن بە کونجکاویەوە پرسی:

– ئەدی بۆچی دەگریت؟

– تۆ حەقت چیە پووریٚ؟ ئەمە پەیوەندی بە تۆوە نیە.

–ئا! پەیوەندی بە منەوە نیە؟ کەواتە یەکێك بووە لە ئاشقەکانت. دەنا ئەم گریانە بەکوڵە بە خۆڕایی نیە. منیش گەنج بووم ئەم سەرەم لە بەر هەتاو سپی نەکردووە.

دەمەو ئێوارە پروخۆر زیکوف، هاتە بەر دەرگایماڵەکە.

– سڵاو خاوەن ماڵ. کەسێکی خەڵکی گوندی تاتارسکی لێرە نیە؟

ئەکسینیا بە هەشتاو لە ژوورەکە وەدەرکەوت و بەشادییەوە قریشکاندی:

– پروخۆر!

– ئایش! کیژیٚ چیت پێکردم، بە هیلاکت دام، ئەوەندەت بۆ گەڕام خۆم لە سەر لاقان ناگرم. بە خۆت دەزانی ئەو کابرایە چۆن بەشەرێکە، ڕێك وەکو بابیەتی، توندە تەبیعەت. لە هەموو شوێنێك تەقەیە، هەرچی خەڵك هەن خۆیان داوەتە پە ناو پاسار، کەس بەدەرەوە نیە، کەچی ئەو هەر مێشی میوان نیە. پێی لێکردوومەتە کەوشەوە: "بڕۆ بۆمی بدۆزەوە، دەنا لە گۆڕت دەنەم!"

ئەکسینیا، قۆڵی کراسەکەی پروخۆری گرت و بردیە سەر قاڵدرمەکانی بەر داڵانەکە:

– ئەو شەیتانە لە کوێیە؟

– هەم... لە کوێیە؟ بەپێیان لە سەنگەرەکانی پێشەوە گەڕاوەتەوە. ئەسپەکەیان لە ژێریا کوشتووە. وەکو سەگی هەڵەپاس، هاتەوەو بە رۆکی منی گرت: "کوا دۆزیتەوە؟" گوتم: "لە کویٚ بیدۆزمەوە؟ خۆ دروستی ناکەم بۆت." ئەوسا گوتی: " خۆ ژنێك دەرزی نییە بزر ببیٚ" ئەوجا دەستی کرد بە بۆڵە بۆڵ و جنێو دان... ئەمە چیە، بە ڕاستی گورگەو لە پێستی ئینساندا.

– ئیٚ چی تری گوت.

– دەی خۆت ئامادە بکە با بڕۆین! تەواو.

ئەکسینیا بە دەقیقەیەك بوخچەکەی پێچایەوەو بە هەشتاو خواحافیزی لە پووری کرد. پووری لێی پرسی:

– ستیپان ناردوویە بە شوێنتا؟

– بەڵیٚ پووریٚ گیان. ستیپانە.

– دەی باشە سڵاوی لێبکە. ئەدی بۆچی بەخۆی نە هاتووە؟ دەیتوانی پەرداخێك شیر بخوات. ئەو تۆزە زلوبیایەشی دەخوارد...

ئەکسینیا، بێئەوەی لەوە پتر گوێ لە قسەکانی پووریٚ بگریٚ، بە ڕاکردن کەوتە ڕێ. تا گەییە نشینگەکەی گریگۆری ئەوەندە خێرا ڕۆیی هەناسەی تەنگ بوو، ڕەنگی هەڵبزرکا.

پروخۆر، سەرەنجام گوتی:

– گویٚ بگرە، منیش کە گەنج بووم، دووی کیژان دەکەوتم، بەڵام وەکو تۆ پەلەم نەدەکرد. هیچ ئۆقرەت نەماوە. ئاخر ئاگرت پێیە، چیە؟ ئەریٚ من هەناسەم بڕا، ئەمەش بو بە ڕێکردن؟ ئێوە هیچ شتێکتان وەکو خەڵکی نیە...

لە دڵی خۆیدا گوتی: "دیسان یەکیان گرتەوە... ئیدی هێز نیە بتوانیٚ لێکیان جیا بکاتەوە! ئەوانە کەوتوون بەخۆشی خۆیانداو نەحەقیان نیە. ئەوان ڕادەبوێرن و من دەبیٚ بە بەر گوللە باراندا بچم بە دوای ئەمەدا، ئەم قەحبەیە بدۆزمەوە... خوا بکات ناتالیا بەمە نەزانیٚ، شورت و شۆم لێدەبڕیٚ. من دەماری بنەماڵەکەیان دەناسم. ماڵباتی کورشونوف بەڵای خوان. نا، ئەگەر من بە مەستی تفەنگ و ئەسپەکەم و ون نەکردبا، ناچار نەدەبووم هەموو شار بە دووی ئەمەدا بدەمە ژیر پێوە! خوا بمگریٚ ئەگەر ئەمەم لە پێناوی ئەواندا بکردایە! بۆ جارێکی تر، کە پێکەوە ڕادەبوێرین، با خۆیانیش تەگبیری حاڵی خۆیان بکەن."

پەنجەرە تەختەکان داخرابوون و چرایەکی نەوتی کە دووکەڵی دەکرد لە ژوورەکەدا دەسووتا گریگۆری لە دەوری مێزێك دانیشتبوو. تازە لە پاکردنەوەی تفەنگەکەی بووبووەوە. هێشتا بە تەواوەتی پەڕۆی بە لوولەکەیدا نەهێنا بوو کە تەقە لە دەرگا هەستا، ئەکسینیا لە بەر دەرگا بوو. نێوچەوانە تەنگ و سپیەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشا بوو، چاوە کێویە گەورەکانی بە ڕوخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەیەوە، بە سەوداو ڤیانێکی هێندە سەرکێشەوە دەبریسکایەوە، کە دڵی گریگۆری لە خۆشیا داخورپا.

ئەکسینیا کە بە زحمەت هەناسەی دەدا، گوتی:

– دەنێری بە شوێنما بێم بۆ ئێرەو بەخۆتیش... خۆت دەشاریتەوە... کەس نازانیٚ لە کوێی..

وەکو جاری جاران، وەکو هەوەڵین ڕۆژانی دڵداری و پەیوەندیان، لەوساتەدا، ئەم دنیایە جگە لە گریگۆری کەسی دیکەی بۆ ئەو تیا نەبوو. کە گریگۆری لێی دوور بوو، دنیای بەلاوە مرد بوو، کە گەییەوە بەو، دنیا دووبارە زیندوو بووەوە. بێئەوی شەرم لە پروخۆر بکات، خۆی دا بە سەر گریگۆریدا، وەکو مێوی کێوی لە دەوری ئاڵا، فرمێسکی دەڕشت و گۆنا مواوییەکانی دڵدارەکەی ڕادەموسی و خێرا خێرا سەری لووت و هەنیەو چاوی و لێوەکانی بە وردە ماچان بە سەر دەکردەوە و بە دەنگێکی گۆنگ و گریان ئامێزەوە لەبن لێوانەوە دەیگوت:

– ئاهـ! گریشا، چەندم عەزاب کێشا، نەخۆش کەوتم.. هەی گیانی گیانم، ڕووناکی چاوانم، فێنکی دڵەکەم، هەی حەیاتەکەم!

گریگۆری بەشەرمەوە گوتی:

–باشە... دەبینی کە... ئەکسینیا، ئارام بگرە...

وڕووی وەردەگێڕا، تا چاوی بە پروخۆر نەکەوێ. ئەکسینیای لە سەر تەختەکە دانیشاند، شاڵەکەی، کە بە سەریەوە داخزی بوو، لە سەری کردەوەو کەوتە نەوازشی قژە پەرێشانەکەی. وتی:

– تۆ جۆرێکی...

– من چیمە هەر ئەکسینیاکەی جارانم، بەڵام تۆ...

– نا بە زاتی خوا تۆ شێتیت!

ئەکسینیا دەستەکانی خستنە سەرشانی گریگۆری، بە دەم ڕوندکانەوە پێکەنی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئاخر شتی وا چۆن دەبێ؟ بەخۆت دەنێری بە شوێنما... بە پای پیادە دەکەومە ڕێ... هەموو شتێك بەجێ دێڵم. کە دەگەمە ئێرە تۆ لە هیچ شوێنێکەوە دیار نیت... بینیمیت کە بە سواری ئەسپەکەتەوە، بەغار بە بەردەممدا تێپەڕیت، بە هەشتاو هاتمە دەرەوە، بانگم کردیت، بەڵام تۆ بە کۆڵانەکەدا پێچت کردەوەو دیار نەمایت... ئاخر لەوە بوو بکوژرێم، چاوم بە دوا دیدارت شاد نەبێت و دیدار بە قیامەت بین...

ئەکسینیا زۆر قسەی سەیرو پڕ میهرو نەوازشی دیکەی، قسەی ژنانەو پوچی دیکەی بە گوێیدا جپاندو دەستی بە شانە داچەکیوەکانی گریگۆریدا دێنا، نیگا ڕامەکانی، لە نیگای ئەو نەدەگواستەوە. چاوەکانی ئەکسینیا، وەکو چاوانی نیچیرێکی داماوی گیرۆدە، هەم تامەزرۆیی ڤیان و هەم نائومێدیەکی تاڵیان تیا بەدی دەکرا. گریگۆری بە زەیی پێدا هاتەوەو ناڕەحەت بوو. برژانگە تاوە سووتەکانی داگرت و بە تۆبزی بزەیەکی کردو بێدەنگ بوو. بەڵام گۆناکانی ئەکسینیا سات بە سات زیاتر سوور دەبوونەوە.

پروخۆر، بێئەوەی خواحافیزیان لێبکات چووە دەرەوە کە گەییە بەر هەیوانەکە تفێکی ڕۆکردە ئەرزەکەو پێیەکی بە تفەکە نا. لە کاتێکدا کە لە پلەکانەوە دادەگەڕا، بە تووڕەیی گوتی:

– ئەم ژنە جادوبازە، شێتەو تەواو!

و بەئانقسەت، دەروازەی ماڵەکەی بە توندی دا بە یەکدا.

"٦٣"

ئەو جووتە دوو ڕۆژی تەواویان وەکو ئەوەی لە خەونا بژین، پێکەوە بردە سەر، شەو و ڕۆژیان دەدایە دەم یەکەوەو ئاگایان لە عەمری دنیا نەما. جار جارێك گریگۆری دوای سەرخەوێکی کورت بێدار دەبووەوەو بە چاوانی خەواڵوەوە، سەیری دەکرد ئەکسینیا، بە تامەزرۆیی و تاسەوە چاوانی بڕیوەتە ئەو، زۆربەی کات شانی دادەداو گۆنای دەخستنە سەر لەپی دەستی و بێئەوەی چاوانی بتروکێنێ تەمەشای گریگۆری دەکرد. گریگۆری لێی دەپرسی:

– بۆچی تەمەشام دەکەیت؟

– دەمەوێ چاوم لە دیتنت تێر بکەم... دەتکوژن دڵم خەبەری داوە.

گریگۆری بەدەم زەردەخەنەوە دەیگوت:

– دەی مادامێکی دڵت خەبەری داوە تا دەتوانی تەماشام بکە.

ڕۆژی سێیەم گریگۆری چووە دەرێ. کودنیوف، لە بەیانیەوە چەندین پەپکی بە شوینیا نارد بوو وداوای لێکردبوو کە بەشداری کۆبوونەوەیەك بکات. گریگۆری بەرسڤی دابووەوە: "نایەم. کۆبوونەوەکە بەبێ من بکەن."

پروخۆر، ئەسپێکی تازەی لە سەرکردایەتی بۆ وەرگرتبوو وشەوێ چوو بوو بۆ سەنگەرەکانی گروموك و زینەکەی کە لەوێ دابنابوو، بۆ هێنا بووەوە. ئەکسینیا، کە بینی گریگۆری خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکات، بە ترس و لەرزەوە لێی پرسی:

– بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– دەبێ بڕۆم سەرێکی تاتارسکی بدەم و بزانم قوزاقەکان چۆن بەرگری لە گوندەکەمان دەکەن، لەوێشەوە، فرسەتە کە تاقیب بکەم بزانم خانەوادەکەم لە کوێن و چییان بە سەر هاتووە.

ئەکسینیا، شانە داچەکیو و ئەسمەرەکانی لە شاڵێکەوە پێچا و گوتی:

– بیری منداڵەکانت دەکەیت؟

– بەڵێ.

– بە قسەم بکە نەڕۆی بۆ ئەوێ باشترە؟

– نەخێر دەڕۆم.

ئەکسینیا پاڕایەوە:

– مەڕۆ!

چاوانی، لە چاڵی چاوە ڕەشەکانیا کەوتنە درەوشانەوە:

– باشە تۆ خانەوادەکەتت لە من زیاتر دەوێ؟ لەمن زیاتر؟ سەیری، هەم خوات دەوێ هەم خورما!؟ کەواتە منیش لەگەڵ خۆتدا ببە. من و ناتالیا پێکەوە دەسازێین.... دەی باشە بڕۆ! بەڵام نەگەڕێیتەوە بۆلای من. لە ئێستا بەدواوە بەمجۆرەم ناوێی، قەبوول ناکەم بەمجۆرە مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت. نامەوێ!"

گریگۆری، بە بێدەنگی چووە نێو حەوشەکە و سواری ئەسپەکەی بوو.

***

سریەی پیادەی تاتارسکی، زەحمەتی سەنگەر لێدانیان بە خۆ نەدابوو. خریستونیا، بە دەنگە زلەکەی هاواری کرد بوو:

– ئەم قسە قۆڕانە چیە؟ چما لە بەرەی شەڕی ئەڵماندایین! براینە هەروا چاڵێکی هاکەزایی، تا ئەژنۆ هەڵکەنن بەسە. ماقووڵە ئەم ئەرزە ڕەقە بە ئەندازەی مەترونیوێك هەڵکەنین؟ بە قوڵێنگش هەڵناکەندرێ چ جای بێڵ!

ئیدی قوزاقەکان لە سەر قسەی ئەو بە قەدپاڵی گردە ڕك و بەردەلانەکەی ڕەخی چەپا، چەند قوڵکەیەکیان هەڵکەندبوو، تەنیا بە کەڵکی ئەوە دەهاتن تیایا پاڵبکەوی. لە جەنگەڵەکەشدا چەند پەناگایەکیان دروستکرد بوو.

ئانیکوشکا، کە هەرگیز لە شۆخی و سوعبەتی خۆی نەدەکەوت، بە تەشەرەوە دەیگوت:

– زۆرباشە، ئێستا بووین بە مشکە کوێرە. لە کونانـدا دەژین و لـە گیای دەشتا دەلـەوەڕین. ئێوە کە هەمیشـە نـانی لەواشـەو کـەرەو قـەیماغ و ماسـی و ماکـەڕۆنیتان دەخواسـت... فـەرموون ئـەوە سێپەڕە. ساوەر ناخۆن؟!

سـوورەکان کـەمتر گوشـاریان بـۆ سـریەی تاتارسـکی دێنـا. تۆپخانـەیان بەرانبـەر بـە گوندەکـە دانەمەزراند بوو. ناو بە ناو، لە کەناری چەپەوە، ڕەشاشێك دەستڕێژێکی کورتی دەکرد، ئەویش کاتێ کە دێدەوانێك؟! لە سەنگەرەکەیەوە سەری دەرهێنابا، دەستڕێژێکی کورتی دەکرد و ئیدی بۆ ماوەیەکی زۆر خامۆشی بەرقەرار دەبوو. سوورەکان سەنگەرەکانی خۆیان لە سەر گردێك لێدا بوو. ئەوانیش زۆر بە کەمی تەقەیان دەکردو تەنیا بە شەو دەچوون بۆ ناو گوندەکە. قەتیش زۆر نەدەمانەوە.

***

گریگۆری، بەر لە ڕۆژاوا گەییە مێرگەکانی ئاقاری تاتارسکی. هەموو شتێکی بەلاوە ئاشنا بوو، هـەر دەوەنێـك بیرەوەرییـەکی لـەلا بێـدار دەکـردەوە. جادەکـە بـە مەیـدان و دەشـتی "کچـەڕێ" دا تێدەپەڕی. ئەو شوێنەی کە هـەموو ساڵێك قوزاقەکان لـە جـەژنی پەترۆسـی پیرۆزدا، دوای ئـەوەی مێـرگ و پاوانـە گشـتیەکانی گونـدیان لـە بـەینی خـۆدا دابـەش دەکـرد، لـەوێ ئاهـەنگیان دەگێـڕاو ڤۆدگایـان دەخـواردەوە (بێشـەی ئەلیکسـی) وەکـو چـۆن تیلماسـکە زەویـەك لـە دەریـادا خـۆی دەنوێنێ، بەو ئاوایە لە مێرگوزارەکەدا خۆی دەنواند. کاتی خۆی، لە زەمانی کۆندا، لەم جەنگەڵـە بچووکەدا کە هێشتا هیچ ناوێکی نەبوو، گورگ، پەلاماری گایەکی کابرایـەکی خـەڵکی تاتارسـکی، بـە نێـوی ئەلیکسـی دەدەن و دەیخـۆن. هەڵبەتـە ئەلیکسـی زۆر دەمێکـە مـردووە، نـاوی وەکـو نووسـینی سـەرکێلی قـەبران ڕەش بووەتـەوەو دەرو دراوسـێ و خـزم و کەسـوکارەکەی نـاوی شۆڕەتەکشیان لـە بـیر نـەماوە، بـەڵام جەنگەڵـە بچووکەکە کـە نـاوی ئـەوی لێنـراوە، هێشـتا هـەر زندووە و ترۆپکی سەوزی تێری دار بە ڕوو و نارەوەن "دارە ڕەش" بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن. قوزاقانی تاتارسکی دێن بۆ ئەم جەنگەڵەو دار دەبڕنەوەو پێداویستی ناوماڵی لێدروست دەکەن. بەڵام لە بەهارا، کۆتەرە ئەستوورەکان خەڵفی تازە دەردەکەنەوە. ئیدی لـە ماوەی یـەك دوو ساڵدا ئـەو خەڵفانـە، بـە بێئـەوەی کـەس هەسـتیان پێبکـات، گـەورە دەبـن و جـارێکی دی "بێشـەی ئەلیکسی" لە هاوینا لق و پۆپی سەوز دەهاوێت و لـە پایزدا، پۆشاکێکی زەردی زێڕین دەپۆشـێ و گـەڵای گـرینجی گرینجی دار بـە ڕوو کـە سـەرماو سـۆڵەی بـەیانیان سـووتاندونی بـە پرتـەوێکی سوورەوە دەدرەوشێنەوە.

لـە هاوینـا، بنجـە دڕوان، بـە سـەر زەویـە نمسـارەکەدا دەکشـێن و تێکـدەئاڵێن و ڕێ لـە ڕێبـوار دەگـرن. قـەل و قەلەباچـکان پـاك و خـاوێن، لـە سـەر ترۆپکـی دارەوەنـانی پـیر، هێلانـە دروسـت دەکـەن. لـە پـایزدا، کـە دنیـا سـارد دەبێـت، باڵنـدەێن کۆچـەری کـە بـەو نـاوەدا تێپـەڕن، لـە جەنگەڵەکەدا، کە یەکپارچە لە بۆنی گەڵا بە ڕووی ڕژاوا نقووم بووە، بۆ ماوەیـەکی کـەم لادەدەن. لە زستاندا تەنیا شوێن پێی خڕی ڕێویان دەبینرێ کە دەڵێی ڕستە مروارییەو بە سەر ڕایەخی

بەفرا ڕاکێشراوە. گریگۆری بە گەنجی دەیان جار چوو بووە (بێشەی ئەلیکسی و) تەڵەی بۆ ڕێویان نابووەوە.

گریگۆری، بە ژێر سێبەری فێنکی دارەکاندا، بە سەر جێ چەرخی پاری، عەرەبانانددا، کە ئێستا سەوزە گیا داپۆشی بوو، تێپەڕی. دوای مەیدانی (کچەڕێ) گەییە "کەندە ڕەش" و دەیان بیرەوەری خۆش لە یادگەیدا بێدار بوونەوە.

لە نزیکی ئەو سێ سپیدارەدا، بە منداڵی، چەند بێچووە مراویەکی کێوی، کە هێشتا باڵە فڕە نەبوو بوون، گرتبوو... ئا لەو باتڵاخەدا لە بەیانیەوە تا ئێواری بە قولاپ ڕاوە ماسی دەکرد... کەمێك هێوەتر لەوێ، قۆپەنە دار توویەکی کێوی هەبوو کە سەریان وێکهێنابووەوەو لە حەوشەکەی ماڵی میلیخوفەوە دیار بوون و لە دوورەوە لە چادر دەچوون. گریگۆری هەموو پایزێك لە سەر قاڵدرمەکانی بەر دەرگای خۆیان ڕادەوەستا و چاوی بە دیمەنی ئەو پەڵە دارە زاخاو دەدا، لە دوورەوە سوور دەچوونەوە و لە تۆ وایە بڵێسەی ئاگرەو دەچێت بە ئاسمانا. پیوتەری برای، بە ستەزمانە، چەند حەزی لەو مرەبایە دەکرد کە بە تووە تاڵەکەی ئەو درەختانە دروستیان دەکرد...

گریگۆری، بە دڵێکی پڕ لە خەمی مەندەوە، دەیڕوانیە ئەو دەورو مەکانانەی کە منداڵی خۆی تیا بە سەر برد بوو. ئەسپەکەی بە کاوەخۆ دەڕۆیی و بە کلکی پێشکەی بۆرو خەرەنگێزانی لەخۆی پاس دەکرد. ڕووەك و گیاو دڕوان، بە نەرمی لەبەر بایەکە دەنەوینەوەو لە شێوەی پێل و شەپۆلێن کەسکدا بە سەر مێرگوزارو سەوزە زارەکەدا تێدەپەڕی:

گریگۆری، پاش ئەوەی گەییە سەنگەرەکانی سریەی پیادەی تاتارسکیان، ناردی بە دووی باوکیا. گوێی لە خریستونیا بوو کە لە دوورەوە، لە سەمتی چەپەوە هاواری دەکرد:

– پانتلی! خێرا وەرە. گریگۆری هاتووە.

گریگۆری لە ئەسپەکەی دابەزی، هەوسارەکەی دایە دەست ئانیکوشکا، کە هاتبووە پێشەوە. لە دوورەوە بابی بەدی کرد کە بە شەلە شەل و بە هەشتاو بەرەو لای ئەم دەهات. وەختێ لە گریگۆری نزیك بووەوە هاواری کرد:

– سڵاو، فەرماندە!

– سڵاو، بابۆ.

– هاتووی سەرمان بدەی؟

–زۆر بەزەحمەت هاتم. ئەدی کەسوکار چۆنن؟ دایکەو ناتالیا لە کوێن؟

پانتلی پروکوفیچ، بە نائومێدی و خەمباریەوە دەستێکی هەڵتەکاند و فرمێسکێك بە گۆنا ڕەشەکەیدا داخزی... گریگۆری کە نیگەرانی دایگرت، بە توندی گوتی:

–چیە؟ چی بووە؟ چیان بەسەر هاتووە؟

– لە ئاو نەپەڕیونەتەوە... نە هاتوون بۆ ئەمبەر...

– بۆ؟

– ناتالیا دوو ڕۆژە لە جێدا کەوتووە... لەوە دەچێ تووشی تیفۆ (گرانەتا) بووبێ... پیرەژن دڵی نە هاتووە بە تەنیا بەجێی بێڵێ... بەڵام خەمت نەبێ کوڕم، وەزعی ماڵەکەمان باشەو....

– ئەدی منداڵەکانم؟ میشاتکا؟ پولیوشکا؟

– ئەوانیش لەوێ ماونەتەوە. بەڵام دونیا پەڕیوەتەوە بۆ ئەمبەر. ترساوە لەوێ بمێنێتەوە. بەخۆت دەزانی کچێکی جاحێڵەو... جارێ لە گەڵ ژنەکەی ئانیکوشکادا چووە بۆ ڤۆلخوڤ. تا ئێستا دوو جار سەری ماڵەوەم داوە. شەو بە دزییەوە بە بەلەم لە ئاوەکە پەریمەوەو چووم سەرم دان. ناتالیا حاڵی باش نیە، بەڵام منداڵەکان، لە خوا بە زیاد بێ عەیبیان نیە... ناتالیا هۆشی لە خۆ نیە تای لێیە، لێوەکانی ئاوساون و خوێنیان تێزاوە.

گریگۆری، تووڕە بوو، هاواری کرد:

– بۆچی نەتهێنان بۆ ئەمبەر؟

پیرەمێرد پەست بوو، دەنگە لە رزۆکەکەی یەکپارچە گلەیی بوو:

– ئەدی تۆ خۆت چیت دەکرد؟ نەتدەتوانی زوو بێی بۆ ئێرە و لە ئاوەکە ئەمدیویان بکەیت؟

گریگۆری، زۆر بە توڕەیی بەرسڤی دایەوە:

– من یەك فیرقەم بە ملەوە بوو، دەبوایە ئەوانە لە ئاوەکە بپەڕێنمەوە.

– ئاگادارین کە لە ڤیشنسکایا خەریکی چی بوویت... وا دەزانی خانەوادەکەت پێویستیان بە تۆ نیە؟ ئاخ! گریگۆری! ئەگەر خەڵکت لە بیر نیە، خوات لە بیربێ، سەر هەڵبڕەو خوا بناسە... من لێرەوە لە ئاوەکە نەپەڕیومەتەوە، چما ئەگەر شتی وا لە ئارادا بوایە، لات وایە لەگەڵ خۆما نەمدەهێنان؟ یەکەکەمان لە ئیلانسکایا بوو، تا گەیشتینە ئێرە، سوورەکان تاتارسکیان گرتبوو.

گریگۆری بە دەنگێکی شکاو ونزم گوتی:

– من لە ڤیشنسکایا... ئەم کارە پەیوەندی بە تۆوە نیە! پێویست ناکات...

پیرەمێرد، بە ناڕەحەتی ڕوانیە ئەو قوزاقانەی کە لە نزیکی ئەوانەوە کۆبوو بوونەوەو بە نیگەرانیەوە گوتی:

– من هیچم نەگوتووە. سەبارەت بەوەش هیچم نەدەگوت.. تۆش هێواشتر قسان بکە، با ئەوانە گوێیان لێمان نەبێت... ئەوسا بە ئەسپایی لەسەری ڕۆیی:

– تۆ منداڵ نیت دەبێ بزانی چی دەکەی. سەبارەت بە خانەوادەکەت زۆرت خەم نەبێ. ناتالیا، ئیشەڵڵا چاك دەبێتەوە. سوورەکانیش هەقیان بەسەریانەوە نابێت. هەرچەندە پارگوێرەکەمانیان کوشتووەتەوە، بەڵام گرینگ نیە، بەڵام ئەزیەتی کەس و کارەکەیان نەداوین و زۆر بە ئەدەب بوون لە گەڵیانداو دەستیان بۆ هیچ نەبردووە... چل کێلە گەنمیان بردووە، بەڵام ئیدی شەڕەو شەڕ بەبێ زیان و خەسارەت نابێ!

– تۆ بڵێی ئێستا بتوانین لە ئاوەکەیان بپەڕێنینەوە؟

– باوەڕناکەم. ناتالیا بەم نەخۆشییە چی لێبکەین؟ ئەمە ڕیسێکی ترسناکە. ئەمە جگە لەوەی کە وەزعیان لەوێندەر خراپ نیە. دایکت بە ماڵەکە ڕادەگات. من بەش بە حاڵی خۆم وەکو جاران خەمم نین، خەیاڵم ڕەحەتتر. دەزانی ئاگریان لە زۆر شوێنی گوندەکە بەرداوە.

-ماڵی کێ سووتێنراوه؟

- هەموو ماڵەکانی مەیدان سووتێنران، بە تایبەتی ماڵی بازرگان و دەوڵەمەندەکان. ماڵەکەی کورشونوف، پاکی سووتاوه، هیچیان بۆ دەرنەچووه. لوکی نیچنا، بەرلەوەی سوورەکان بگەنە تاتارسکی هەڵاتووەو حاڵی حازر لە ئاندروپوڤە. بەڵام باپیرە گریشاکا... بەدیار ماڵەکەوە مابووەوە. دایکت دەیگوت کە گوتبووی: "من لە ماڵەکەی خۆم ناجوڵێم. نایەڵم دژمنانی مەسیح پێ بنەنە ماڵەکەم، ئەوانە لە خاچ دەترسن." تۆ بەخۆت دەزانی، چۆن ڕۆژ بە ڕۆژ پتر خرف دەبوو. ئیدی سوورەکان لە خاچەکەی نەترسا بوون و ماڵ و حاڵەکەیان سووتاند و دارو نەداریان کرد بە دووکەڵ و چوو بە ئاسمانا. ئیدی کەس نازانێ گریشاکا چی بە سەر هاتووه... پێموایە دەبێ ئەجەلی هاتبێ و ئەمری خوای کردبێت. بیست ساڵ بوو تابووتی بۆ خۆی دروست کرد بوو و کەچی هەر نەمرد... ئەو کەسەی ئاگری لە گوندەکە بەرداوه، دۆستی تۆیە، خودا ڕاوەستاوی نەکات!

- کێیە؟

- میشکا کوشیڤوی، هەی بە نەحلەتی خوا بێ!

- بە ڕاستە؟ شتی وا نابێت.

- با، بە زاتی خوا! هات بوو بۆ ماڵمان و لە تۆی پرسی بوو. بە دایکتی گوتبوو: "هەر کاتێ لە ئاوەکە پەڕینەوه، یەکەم کەس گریگۆری لەسێدارە دەدەین. دەیبەین بە بەرزترین دار بە ڕووەوە هەڵیدەواسین. من نامەوێ تەنانەت شمشێرەکەشم بە خوێنی ئەو بلەوتێنم "پیس بکەم!" وای گوتبوو. لە منیشی پرسی بوو، تووڕە بوو بوو و گوتبوی: "ئەدی ئەو پیرە شەلە بۆکوێ ڕۆییوه؟ دەبوایە نەڕۆیشتبا، بۆ خۆی لە ماڵەوە بمایەو لە سەر موغەیریەکە بخەوتایە. خۆ ئەگەر ئەو پیرەمێردەم گرتباش، نەمدەکوشت، بەڵام دەمگرتە ژێر قامچی و وازم لێنەدەهێنا تا ڕوحی دەردەچوو." دەبینی چ شەیتان و بێشەرەفێکی لێدەرچوو. گوندەکە دەداتە ژێر پاوەو ماڵی بازرگانان و کەشیشان دەسووتێنێ و دەڵێت: "لە تۆڵەی ئیڤان ئەلیکسییوفیچ و ستوکماندا سەرانسەری ڤیشنسکایا ئاگر دەدەم." تۆ چ دەڵێی؟

گریگۆری، نیو سەعاتێکی دیکەش دەگەڵ بابیدا ئاخاوت و پاشان چوو بۆ لای ئەسپەکەی .پیرەمێرد هەرچەندە هیچ ئاماژەیەکی دیکەی بۆ ئەکسینیا نەکرد بوو.بەڵام گریگۆری هەر پەست و خەمبار بوو. لە دڵی خۆیدا گوتی: "مادامێکی باوکم پێی زانیوه، دەبێ ئەوانی دیکەش پێیان زانیبێ. تۆ بڵێی لە دەمی کێوە داکەوتبێ؟ دەبێ چ کەسێك جگە لە پروخۆر ئێمەی پێکەوە دیتبێ؟ هەڵبەتە ستیپان نازانێ. یان بەر گوێی ئەویش کەوتووەتەوە؟ لە داخاو، شەرما ددانەکانی بە چیڕەوە بردن، قێزی لە خۆی دەبووەوە...

دوای ئەوە چەند قسەیەکی کورتی دەگەڵ قوزاقەکاندا کرد. ئانیکوشکا هێشتا هەر لە سەر فشقیاتی خۆی بوو و داوای دەکرد چەند جلیکانە ڤۆدگایەك بۆ سریەکە بنێرن و دەیگوت:

- ئەگەر ڤۆدگامان هەبێ، پێویستمان بە فیشەك نابێ.

قاقا پێدەکەنی و چاوی دادەگرت و نینۆکەکانی بە گەرویدا دێنا کە گوایە زۆر تامەزرۆیە.

گریگـۆری و هاوگوندیـەکانی هەنـدێکیان لـە تووتنەکـە کێشـا کـە گریگـۆری دەگـەڵ خۆیـدا هێنابووی. ڕێك بەرلەوەی سواری ئەسپەکەی ببێ و بکەوێتەڕێ، ستیپان ستاخۆڤ بینی. ستیپان بە کاوەخۆ هاتە پێشێ، سڵاوی لێکرد، بەڵام تەوقەی دەگەڵ نەکرد.

گریگۆری، لەوەتای یاخیبوونەکە بەرپابوو بوو، ئەمە یەکەمجاری بوو کە ستیپانی. دەبینی. بە نیگەرانیـەوە تەمەشـای کرد. لـەدڵی. خۆیـدا گـوتی: "تـۆ بڵێـی بزانـێ؟" بـەڵام ڕوخسـاری جـوان و باریکی ستیپان نەك هەر ئارام، بەڵکو شادیش بوو. گریگۆری هەناسـەیەکی ئۆخـەی هەڵکێشـاو لـە دڵی خۆیدا گوتی: "نە، نازانێ."

"٦٤"

گریگۆری دوو ڕۆژی دیکەش مایەوە، سەری سەنگەرەکانی فیرقەی یەکی خۆی دا. کاتێك کە بۆ ڤیشنسـکایا گەڕایـەوە بارەگـای فەرمانـدەیی گشـتی گواسـتبوویەوە بـۆ گونـدی چـوڕنیی نزیکـی ڤیشنسـکایا، دوای ئـەوەی نیـو سـەعاتێك ئیسـراحەتی بـە ئەسـپەکەی داو ئـاوی دا، بێئـەوەی لـە ڤیشنسکایا لابدات یەکسەر ڕۆیی بۆ گوندی چوڕنی.

کودنیوف، بەدەم بزەیەکی پڕ چاوەڕوانیەوە پێشوازی کرد.

– دەی، گریگۆری پانتلیوفیچ، بڵێ بزانم چیت بینی؟

گریگۆری گوتی:

– قوزاقەکانم بینی، سوورەکانیشم لەوبەری ڕوبارەکەوەو لە سەر گردەکان بینی.

– یانی چیوات نەدیتووە! ئێمەش سێ فڕۆکە هاتن، فیشەك و نامەیان بۆ هێناین...

گریگۆری پرسی:

– دەی جەنەڕاڵ سیدورینی دۆستت چی بۆ نووسیویت؟

کودینـوف، بەوپـەری ئاوسـوودەییەوە، بێئـەوەی دەسـتبەرداری تـۆنی سـۆعبەت ئـامێزی دەنگـی خۆی ببێت، گوتەکەی ئەوی ڕاست کردەوە.

– مەبەسـتت، سـیدورینی کۆنـە هاوڕێمـە! بـۆی نووسـیووم کـە بـە هـەموو توانایـەکی خۆمـەوە پایـەداری بکـەم و نەیـەڵم سـوورەکان لـە دۆن بپەڕنـەوە. هـەروەها نووسـیویەتی کـە سـوپای دۆن، ئامادەو تەیارە، هاکا دەستی بە هێرشی یەکجارەکی کرد.

گریگۆری بە تەشەرەوە گوتی:

– هەواڵێکی خۆشە.

کۆدینوف، ئەمجارەیان بەجدی گوتی:

– درز دەخەنە جەبهەکەوە. هەر بەینی خۆمان بێ، من ئەمـەم بە کەسـی دی نەگوتووە. زۆر نهێنی یە. لە ماوەی یەك هەفتەدا دزە دەکەنە ناو جەبهەی سوپای سوری هەشتەمەوە. دەبێ پایـەداری بکەین!

– زۆر چاکە، ئێمەش وا دەکەین.

– سوورەکان، لە گروموك، خەریکن خۆ بۆ پەڕینەوە لە دۆن، ئامادە دەکەن.

گریگۆری بە سەرسامی پرسی:

– دیسان دەنگی تەور دێت؟

– بەڵێ... ئەدی تۆ لەم ماوەیەدا لە کوێ موویت؟ ناشێت لە ڤیشنسکایا بوویبیت و خەریکی ئیسراحەت بووبی؟ پێرێ زەلامم نارد دنیات بە دوودا گەڕان. یەکێك لە پەیکەکانم هاتەوەو گوتی: "میلیخوف لە بارەگاکەی خۆیدا نیە... بەڵام ژنێکی جوان دەرگای لێم کردەوەو گوتی: "گریگۆری ڕۆییوە" و چاوانی ئاوسا بوون." هەنگێ لە دڵی خۆدا گوتم: "لەگینە فەرماندەی فیرقەکەمان، لە گەڵ ئافرەتێکی شۆخ و شەنگدا خەریکی ڕابواردن بێت و خۆی لە ئێمە بشارێتەوە."

گریگۆری برۆی وێکهێنایەوە، ئەو سوعبەتەی کودینوفی بە دڵ نەبوو. بە نەبەدڵیەوە گوتی:

– هەق نیە گوێ لە هەموو درۆو دەلەسەیەك بگریت، پێویستە موراسیلانی زمان درێژ ڕانەگریت. ئەگەر جارێکی دی موڕاسیلانی وا زمان درێژم بۆلا بنێریت، بە شمشێرەکەم، زمانیان کورت دەکەمەوە تا ئەو قسە هەلەق و مەلەقانە نەکەن.

کودینوف، لە قاقای پێکەنینی داو دەستی دا بە پشتی گریگۆری داو گوتی:

– سوعبەتت لە گەڵ دەکەم. دەی سوعبەت بەسە. قسەی جدیم پێتەو دەمەوێ گەنگەشەی بکەین. نەخشەیەك بەدەستەوەیە کە یەکێك لە سوورەکان بەدیلی بگرین تا زانیاری لێبەدەست بینین. ئەمە یەك، دوو دەمانەوێ دوو سریەی سوارە بنێرین بۆ دەوروبەری کازانسکایا، تا پەلاماری سوورەکان بدەن و کەمێك شپرزەیان بکەن. جا دەتوانن لە (گروموك) یشەوە بپەڕنەوەو شپرزەیان بکەن، تۆ چ دەڵێی؟

گریگۆری دوای بێدەنگییەکی کەم بەرسڤی دایەوە:

– بیرۆکەیەکی خراپ نیە.

کودینوف پرسی:

– باشە تۆ ئامادەیت، بە خۆت ڕێبەری ئەو دوو سریەیە بکەیت؟

– بۆچی من؟

– چونکە بۆ ئەم کارە پێویستمان بە فەرماندەیەکی جەنگاوەر هەیە، کەسێکی کارامەو ئەزموون دار. چونکە ئەم کارە گاڵتە نیە. لەوەیە ئەگەر ئەم کارە بە کەسێکی ناشی بسپێردرێت، یەك زەلاممان بە زوندوویەتی نەگەڕێتەوە.

گریگۆری، کە بە قسەکانی کودینوف، تەواو فش بووەوە، بێئەوەی بیرێکی زۆری لێبکاتەوە، یەکسەر گوتی:

– باشە، من ئەو کارە دەکەم .

کودینوف، بە گەرمی کەوتە ئاخاوتن، لە سەر کورسیەکەی هەستا، بە ژوورەکەداو بە سەر زەمینە تەختە پۆشەکەی ژوورەکەدا کەوتە هات وچۆ، تەختەکان کەوتنە جیڕە جیڕ. گوتی:

– ئێمە بیرمان لەم کارە کردووەتەوە و پێمان وایە: پێویست ناکات ئەم هێزە دزە بکات بۆ پشتی سەنگەرەکانی دژ من، بە ڵکو هەر لە نزیکی دۆندا، پەشێوی بخاتە نێو دوو سێ گوندەوە و شیرزەیان بکات،هەندێ فیشەك و تەقەمەنی و گوللە هاوەن بگرن و چەند دیلێك دەستگیربکەن وئەوسا بە هەمان ڕێگای خۆدا بگەڕێنەوە. هەموو ئەم کارانە دەبێ بە شەو بکرێن، بۆ ئەوەی لە بەرەبەیاندا بگەنەوە بوارەکەو بە شێنەیی بپەڕنەوە. وایە؟ دەیسا، بیری خۆت بکەوەو سبەینێ ئەو قۆزاقانە هەڵبـژێرە کە دەتەوێ لە گەڵ خۆتیان ببەیت و یەکسەر بکەوە ڕێ! ئێمە لە بەینی خۆماندا گوتومانە:" ئەم کارە تەنیا لە کەسێکی وەکو میلیخوف دەوەشێتەوە." خۆ ئەگەر لەم کارەدا سەربکەوێ، سوپای دۆن هەرگیز لە بیرت ناکات. هەرکە هێزەکانمان، لە گەڵ هێزی دۆستەکانماندا یەکی گرتەوە، هەنگێ ڕاپۆرێکی تێروتەسەل لەم بارەیەوە بۆ خودی جەنەڕاڵ دەنێرم و هەموو قارەمانیەتیەکانی تۆی بۆدەگێڕمەوەو بێگومان پلەوپایەت بەرز دەکاتەوە...

کودینوف، کە سەری هەڵبڕی و بینی گریگۆری زۆر تووڕەیە، قسەکەی بـری. روخساری گریگۆری کە تا ئەو دەمە ئارام بوو، لە تووڕەییدا شەپۆلی دەدا.

– ئەوە تۆ من بە کێ دەزانی؟

گریگۆری بە دەم ئەو قسەیەوە، دەستەکانی خستنە پشتی و لە سەر کورسیەکە هەستا.

– تۆ لات وایە من بۆ پلەوپایە ئەوکارە دەکەم؟... دەتەوێ بمکڕیت؟...بەڵێنی پلەوپایەم دەدەیە؟ بەڵام من...

– سەبرکە. دەقیقەیەك.

–... من تف لەو پلەو پایەیەت دەکەم.

– سەبرکە، تۆ لە قسەکەم حاڵی نەبوویت!

–.. تفی لێدەکەم!

– میلیخوف، لێم حاڵی نەبوویت.

– چاك حاڵی بووم.

گریگۆری ئاهێکی هەڵکێشا، دووبارە لە سەر کورسیەکەی دانیشتەوە.

– یەکێکی دی بدۆزەوە. من یەك قوزاق بۆ ئەوبەری دۆن نابەم.

– بە خۆڕایی تووڕە دەبیت.

– ئامادە نیم بڕۆم. باسی مەکە، تەواو.

– دەی باشە، زۆرت لێناکەم، لە بەریشت ناپاڕێمەوە. بە دڵی خۆت حەزدەکەی بڕۆ، حەز ناکەیت مەڕۆ. وەزعی ئێستامان زۆر خراپە، بۆیە بریارمان دا، کۆسپیان بخەینە ڕێ و نەیەڵین بە ئاسانی لە ئاوەکە بپەڕنەوە، هەڵبەتە ئەگەر پێمان بکرێت. بەڵام سەبارەت بەپلەو پایەکە سوعبەتم لە گەڵ کردی. نازانم بۆچی سوعبەت و گاڵتەت پێقەبووڵ ناکرێت؟ پێشتریش کە هەر بۆ پێکەنین باسی ئەو ژنەم کرد، کەچی زۆر پێی پەست بوویت. لە دڵی خۆما گوتم: "ئاهـ! دیسان ڕەنجاندم." من چاك دەزانم کە تۆ نیمچە بەلشەویکیت و پلەو پایەت بەلاوە گرینگ نیە. کەچی تۆ شتەکەت زۆر بە جدی وەرگرت! باوەڕ بکە سوعبەتم دەکرد، هەر بۆ ئەوەم بوو تووڕەت بکەم.

کودینوف، بۆ ئەوەی خۆی لەم کێشەیە دەرباز بکات، بە دەم ئەو بابەت و قسانەوە، هێندە بە کوڵ وبە دڵ پێدەکەنی کە گریگۆری بۆ ساتێك وای بە خەیاڵدا هات کە ڕەنگە بە ڕاستی مەبەستی سوعبەت بووبێ. کودینوف گوتی:

– کەچی تۆ، براله.. ها، ها، ها لێت بوو بە ڕاست و پەست بوویت! باوەڕبکە مەبەستم سوعبەت بوو، دەمویست سەربخەمە سەرت.

گریگۆری بە توندی بەرسڤی دایەوە:

– بە هەرحاڵ، بە سوعبەتت بێ یان بە ڕاست، من ناچم بۆ ئەوبەری دۆن، پەشیمان بوومەوە.

کودینوف، کەوتە گەمە کردن بە بەرەزوانەی نیتاقەکەی. دوای بێدەنگیەکی زۆر گوتی:

– بە هەرحاڵ، پەشیمان بووبیتەوە یان ترسابیت، گرینگ نیە. ئەوەی گرینگە، ئەم هەڵوێستەت، نەخشەکەمان لێتێکدەدات! هەڵبەتە ناچارین یەکێکی دی لەجیاتی تۆ بنێرین... خۆ تۆ تاقە ئازای ناو قوزاقان نیت... بەڵام خۆت لە بارەی خراپی وەزعەکەمانەوە قەزاوەت بکە. کندرات مدفیدیڤ ئەمڕۆکە لە شومی لینسکایاوە بڵاوکراوەیەکی سوورەکانی بۆ ناردووم دەڵێت سوورەکان هێزی تازەیان بۆ هاتووە... فەرموو بەخۆت بیخوێنەوە، نەبا باوەڕ بە من نەکەیت.

کودینوف، پەڕە کاغەزێکی زەردی لە جانتاکەی دەرهێنا کە پەڵە خوێنی وشکەوەبووی بە سەرەوە بوو ودایە دەست گریگۆری.

– ئەمەیان لە گیرفانی کۆمیسەری فەوجێکی نێونەتەوەیی خەڵکی لاتڤیا دۆزیوەتەوە. ئەم زۆڵە تا دوا فیشەك بەرگری کردووەو پاشان بە قەمەوە پەلاماری یەك دەستە قوزاقی داوە... ئەوانیش خەڵکی ئازایان تیایە، بە تایبەتی ئەوانەی کە باوەڕیان بە بیروبۆچوونەکەیان هەیە... کوندرات بە خۆی یارۆی کۆمیسەری کوشتبوو و ئەم بڵاوکراوەیەی لە گیرفانیدا دۆزی بووەوە.

کاغەزە زەردە خوێناویەکە، بە خەتی ورد ئەمەی لە سەر نووسرا بوو:

ڕێنمایی و دەستوور بۆ هێزێن هێرشبەر

ژمارە (١٠٠ –٨)

بوگوچار ١٩١٩/٥/٢٥

بۆ هەموو سریە پیادە و سوارەکان و تۆپخانەکان و یەکەکان بخوێنرێتەوە.

"بزوتنەوە یاخیگەریە نەنگینەکەی دۆن دەبێ کۆتایی بێت. دوا دواییانە. هەموو ئامادەکاریەکی پێویست ئەنجام دراوە. هێزی تەواو بۆ لێدن و سەرکوتکردن و نەهێشتنی پەیمان شکێنان و خیانەتکاران، کۆکراوەتەوە. ئەمڕۆ کاتی ئەوە هاتووە کە حیسابی خۆمان دەگەڵ ئەو نیمچە "قابیل" ا نەدا یەکلایی بکەینەوە کە پتر لە دوو مانگە لەپشتەوە خەنجەر لە سوپاکانی بەرەی باشوورمان دەدەن. کریکاران و جووتیارانی ڕووسیا، دەمێکە بەچاوی نەفرەت و بێزاریەوە دەڕواننە ئەم چەتەو ڕێگرو شەقاوانەی میگولینسکایاو ڤیشنسکایا و ئیلانسکایاو شومی لینسکایا کە بە درۆوە لە سایەی ئاڵای سوورا، یارمەتی موڵکداران و گەورە دەرەبەگان و دینکین و کولچاك دەدەن.

سەربازان، فەرماندان، کۆمیسەرانی یەکە هێرشبەرەکان! هەموو ئامادەکارییەك ئەنجام دراوە، هێزی تەواو و، هەموو پێویستیەك ئامادەیە. هەرکە دەستورتان پێگەیی، هێرش بەرن!

دەبێ لانەو بانەو سەنگەرێن پەیمان شکێنان و خیانەتکاران داغان بکرێن. دەبێ ئەم "قابیل" انە لە ناو ببرێن. هەر دیارو دەڤەرێك بەرگری تیاکرا، ڕەحمی پێمەکەن. تەنیا ڕەحم بەوانەدا بکەن کە بە خوایشتی خۆیان چەك دادەنەن و دێنە ڕیزی خۆمانەوە. سەبارەت بە دەستیاران و داشدارانی کولچاك و دنیکین، بە ئاسن و ئاگر مامەڵەیان لە گەڵدا بکەن!

هاوڕێیانی سەرباز، ڕووسیای سۆڤیاتی چاوی لە دەست و بازووی ئێوەیە. دەبێ لە زەرفی چەند ڕۆژێکدا خاکی دۆن، لە پەڵەی ڕەشی خیانەت پاك بکەنەوە. ئیدی ڕۆژ ڕۆژی ئێوەیە. هەموو پێکەوە، وەکو یەك کەس ڕابن، هەڕنە پێش!"

"٦٥"

ڕۆژی نۆزدەی ئایار، میشکاکوشیڤۆی، لەلایەن گومانوفسکی، سەرۆکی دەستەی تیپی هێرش بەری سەر بەسوپای نۆی سوور، بە نامەیەکی بەپەلەوە بۆ بارەگای کەتیبەی سی دوو نێردرا، کە بە گوێرەی زانیاری گومانوفسکی، لە گوندی گورباتوفسکیدا جێگیر بوو.

کوشیڤوی، ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەییە گورباتوفسکی. بەڵام بارەگای سەرکردایەتی کەتیبەی سی و دوو لەوێ نەمابوو. گوندەکە پڕ بوو لە عارەبانەێن باروبنەی فیرقەی بیست و سێ کە لە دونستەوە دەهاتن و بە حیمایەتی دوو سریەی پیادە بەرەو ئوست میدفیدیتسکایا دەڕۆیشتن.

میشکا نزیکەی دوو دانە سەعات بە گونددا سوڕاوەتەوەو تاقیبی ئەوەی کردووە کە بزانێت بارەگای سەرکردایەتی کە تیبەی سی دوو لە کوێیە. سەرەنجام سوارەیەکی سوور پێی گوت کە سەرکردایەتی کەتیبەی سی و دوو دوێشەو لە گوندی ئیڤلا نتییڤسکی و نزیکی ناوچەی بوتوفسکایا بوو.

میشکا دوای ئەوەی ئەسپەکەی ئالیك دا بەرەو ئیڤلانتییفسکی ڕۆیی. شەو گەییە ئەوێ، بەڵام بارەگای کەتیبەی ناڤبری لەوێدەریش نەبوو. ناچار بوو بۆ گوندی گورباتوفسکی گەڕایەوە. نیوەشەو بووری بوو کە لە ڕێگا، لە دەشتی دۆندا تووشی مەفرەزەیەکی گەشتی سوورەکان بوو، لە دوورەوە تێیان خوڕی.

– زەلام کێی؟

– دۆستم.

سەرۆکی مەفرەزەکە، کە کڵاوێکی فەروی سپی و قاپوتێکی چەرکەسی شین باوی لەبەر بوو، لێی نزیك بووەوەو بە دەنگێکی هێواش گوتی:

– با بزانین... تۆ لە کام یەکەی؟

– تیپی هێرش بەری سەر بە سووپای نۆیەم.

– ناسنامەو بەڵگەنامەی فەرمی یەکەکەت پێیە؟

میشا، بەڵگەنامەکانی خۆی نیشان دان. فەرماندەی مەفرەزەکە لەبەر تریفەی هەیڤە شەوەکەدا، تەمەشای ئەوراقەکانی کردو بە گومانەوە لە میشای پرسی:

– کێ فەرماندەی تیپەکەتانە؟

– هاوڕێ لوزوفسکی.

– تیپەکەتان، ئێستا لە کوێیە؟

– لەوبەری دۆنە. ئەدی تۆ لە چ یەکەیەکی هاوڕێ؟ لە کەتیبەی سی و دوو نیت؟

– نەخێر، ئێمە سەر بە فیرقەی سی و سێی "کوبان"ین. باشە تۆ لە کوێوە دێی؟

– لە ئیڤلانتییڤسکییەوە.

– ئەدی بۆ کوێ دەڕۆیت؟

– بۆ گورباتوفسکی.

– بەڵام خۆ ئێستا قوزاقان لەوێن.

میشا، بە سەرسامی پرسی:

– نە، بابە!

– باوەڕبکە، حاڵی حازر قوزاقانی یاخی تیایە. ئێمە ئێستا لەوێوە دێین.

میشا بە نائومێدییەوە پرسی:

– باشە چۆن دەتوانم بگەمە بۆبرۆفسکی؟

– ئیدی ئەوە خۆت دەیزانی.

فەرماندەی مەفرەزەکە بە سواری ئەسپە کەفەڵ و زەلام و قورسەکەی خۆی بە ڕێکەوت و کەمێك دوورکەوتەوە. پاشان لە سەر زینەکەوە ئاوڕی دایەوەو گوتی:

– وەرە لە گەڵ ئێمەدا، دەنا لەوەیە بتگرن و سەرت بڕن.

میشکا بە خۆشحاڵیەوە بە گەڵ گەشتیەکە کەوت. شەوێ، دەگەڵ ئەواندا گەییە گوندی کروژیلین کە کەتیبەی دووسەدو نەوەدو چواری تاگانروك لەوێ بوو. نامەکەی دایە فەرماندەی کەتیبەکەو پێی گوت لەبەر چی ناتوانێ نامەکە بگەیەنێتە جێی مەبەست و داوای کرد کە وەکو یەکێك لە دەوریەی سوارە لەگەڵ کەتیبەکەی ئەودا بمێنێتەوە.

فیرقەی کوبانی سی و سێ کە تازە لە یەکەکانی سوپای تامان و خۆ بەخشانی کۆبان دروست بوو بوو، لە ناوچەکانی دەوروبەری هەشتەرخانەوە بۆ دەڤەری ڤورونیچ– لیسکی نەقڵ بوو بوو.

یەکێك لە تیپەکانی فیرقەی ناوبراو کە بریتی بوو لە کەتیبەکانی تاگانروك و دەربەندو ڤاسیلکوف، بۆ سەرکوتکردنی یاخیەکان نێردرا بوو. ئەم تیپە بوو کە پەلاماری فیرقەی یەکەمی یاخیەکانی، بە فەرماندەیی گریگۆری میلیخوف دابوو و بەرەو ئەوبەری دۆن ڕاوی نابوو.

ئەم تیپە، بە دەم شەڕەوە بە کەناری ڕاستی دۆنا، لە دەڤەری کازانسکایاوە تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوای گوندەکانی دەڤەری ئوست خوپەرسکایا پێشڕەوی کرد بوو و سەمتی ڕاستی ئەو گوندانەی چیڕی گرتبوو، دوای پازدە ڕۆژ لە ڕێکردن و پێشڕەوی بەدرێژایی دۆندا، بە هەمان ڕێگادا گەڕابووەوە.

میشکا، لەو شەڕانەدا کە بۆ گرتنی کارگینسکایا و چەندین گوندی چیڕدا کران، بە شداری کرد. بەیانی ڕۆژی ٥/٢٧ لە دەشتی دۆندا لە نزیکی گوندی نیژنی — گروچنسکیدا، فەرماندەی سریەی سێیەمی کەتیبەی دووسەدو نەوەدو چواری تاگانروك، سەربازەکانی لە قەراخ جادەکەدا ڕیز کردو ئەو دەستوورەی بۆ خوێندنەوە کە تازە بۆی هاتبوو. وشەکانی ناو دەستوورەکە لە مێشکی میشاکوشیفویدا نەخش بوون: "دەبێ لانەو بانەو سەنگەرێن پەیمان شکێنان و خیانەت کاران داغان بکرێن. دەبێ ئەم نیمچە قابیلانە لە ناو ببرێن..." هەروەها: "بەڵام سەبارەت بە دارو دەستەو دەستیاران و داشدارانی کوڵچاك و دینکین، بە ئاگرو ئاسن مامەڵەیان لە گەڵ بکەن، چاری ئەوانە هەر ئاگر و ئاسنە!"

میشکاکوشیڤوی لەو ڕۆژەوە کە بەکوشتنی ستوکمان و ئیڤان ئەلیکسییوفیچ و کۆمۆنیستەکانی ئیلانسکایای زانی بوو، ڕقێکی یەجگار زۆری لە قوزاقان هەڵگرتبوو. هەرکاتێ قوزاقێکی یاخی بەردەست کەوتبا، بەرچاوی تاریك دەبوو، گوێی لە بانگ و گازی بەزەیی ئەنگێزی دڵی خۆی نەدەگرت. ڕەحمی بە هیچ کەسێکدا نەدەکرد، بەچاوانی شین و سارد وەکو بەفرەوە دەیڕوانیە دیلەکەو لێی دەپرسی: "لە دژایەتی حکومەتی سۆڤیاتی تێر بوویت؟" و بێئەوەی چاوەڕوانی بەرسڤی یارۆی ئەسیر بکات، یان تەمەشای ڕوخساری، کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو بکات، بە شمشێر دایدەپاچی. نەك هەر دیلەکەی دەکوشت، بەڵکو ئاگری دەنا بەدوا ماڵی ئەو گوندانەشەوە کە یاخیەکان چۆڵیان کرد بوو. کاتێ ئەو چێڵ و کەڵەگایانەی، کە لە ترسی ئاگر شێت ئاسا، ملیان بە پەرژینەکانەوە دەناو بەدەم بۆڕەو قۆڕەوە بە غار بە ناو کوچەو کۆڵانەکان دەکەوتن، میشکا، بە تفەنگ تێیان بەر دەبوو و یەك یەك دەیکوشتن.

جەنگێکی بێڕەحمانەی دژی قوزاقانی دەوڵەمەندو خۆشگوزەران و، ژیانی مەندو نەگۆریان، کە سەدان ساڵ بوو لە خانوو بەرەی جواندا بەردەوام بوو، ڕاگەیاند بوو. مەرگی ستوکمان و ئیڤان ئەلیکسییوفیچ، نەیدەهێشت ئاگری ڕق و کینەی دابمرکێتەوە. پاشان کاریگەری ئەو وشە کورتانەی کە فەرماندەکە بۆ سەربازانی یەکە هێرشبەرەکانی خوێندەوە، هێندەی دی جۆشی دا. ئەو ڕۆژە، یانی ئەو ڕۆژەی کە فەرماندەکە دەستورەکەی خوێندەوە، میشکا کوشیڤوی دەگەڵ سێ هاوڕێی خۆیدا سەدو پەنجا خانووی تەنیا لە کارگینسکایادا سووتاند. جلیکانێ نەوتی سپی لە دوکانی بازرگانێك هێنا بوو و شقارتەیەکی بەدەستەوە بوو، بست بە بستی مەیدانەکە دەگەڕاو خانووی تەختەی بۆیەکراوی بازرگانان و کەشیشان و خانووی قوزاقانی دەوڵەمەند و خانووی هەر هەموو ئەوانەی: "بە فەندەڵ فێڵان جەماوەری قوزاقانی نەزانیان بۆ یاخی بوون هاندا بوو" دەسووتاند. لوولە دووکەڵی ڕەش لە هەموو لایەکەوە دەچوو بە ئاسماندا. گەشتیانی "دەوریە" سوارە، پێش هەموو کەسێك خۆیان دەکرد بەو گوندانەدا کە دژمن چۆڵیان دەکردن. جا میشکا کوشیڤوی کە لە گەڵ گەشتیانی سوارەدا بوو، دەرفەتی دێناو بەر لە گەیشتنی هێزی پیادە، خانووی ماڵە دەوڵەمەندەکانی دەسووتاند. هەموو ئاواتی ئەوە بوو، بە هەر نرخێ بووە بڕوات بۆ تاتارسکی و لە تۆڵەی خوێنی ئیڤان ئەلیکسییوفیچ و کۆمۆنیستەکانی ئیلانسکایا، لانی کەم نیوەی گوندەکە بسووتێنێ. لە هزرو بیری خۆیدا لیستێکی بە ناوی ئەو کەسانە ئامادە

کرد بوو کە دەبوایە ماڵەکانیان بسووتێنێ. بڕیاری دابوو کە هەر کاتێ یەکەکەی، دوای ئەوەی دەڤەری چیری بەجێهێشت و ڕووی کردە سەمتی چەپی ڤیشنسکایا، شەوێ بە هەر جۆرێ بووە خۆی بدزێتەوە و خۆی بگەیەنێتە گوندەکەی زێدو زاگەی خۆی و...

جگە لە ئەنگێزەی تۆڵە ئەستاندن، هەندێ ئەنگێزەی دیکەش هانیان دەدا کە دووبارە بڕواتەوە بۆ تاتارسکی...

لەو دوو ساڵەی دواییدا، هەرکاتێ لە گوندا بوایە دووراو دوور دونیاشکا میلیخوڤای دەبینی، جۆرە سۆزو ڤیانێکی پەنهانیان کەوتبووە نێوان. کیسە توتنە ڕەنگاو ڕەنگ و گوڵدۆزییەکەی بە دەست و قامکە ئەسمەرەکانی دونیاشکا دورا بوو. هەر دونیا بوو کە زستان، بەدزی کەسوکارەکەیەوە جووتێ دەستکێشی مەرەزی بۆ هێنا بوو، تاکو دەستەکانی لە سەرمای زستان بپارێزێت. میشکا دەستە سڕە چکۆلە گوڵدۆزییەکەی دونیاشکای وەکو گەنجینەیەکی گرانبەها لە گیرفانی بەرباخەڵی قەمسەڵە عەسکەریەکەیدا هەڵگرتبوو. ئەم دەستەسڕە چکۆلەیە کە سێ مانگ بوو هێشتا دەقەکەی نەشکا بوو، بۆنی جەستەی دونیاشکای لێدەهات کە دەتگوت بۆنی وێنجەی تازەیە، لە ڕادە بە دەر لە دڵی میشکا کوشیڤویدا ئازیزو خۆشەویست بوو. هەرکاتێ کە بە تەنیا بوایە دەستە سڕەکەی دەردێناو ئەم بیرەوەریەی دەهاتەوە بەرچاو: سپی دارێکی سوخار "زوقوم" بەستەی پاڵ بیرێك، پروشە بەفر کە لە ئاسمانی تاریکەوە دادەباری، لێوی سفت و لەرزانی دونیاشکاو، درەوشانەوەی بلوور ئاسای ئەو پروشە بەفرانەی کە بە سەر برژانگە دریژەکانیەوە دەتوایەوە و دەبوو بە ئاو.

میشکا بۆ ئەم دیدارەی گوندەکەیان، تەواو خۆی ئامادە کرد. لە ماڵی بازرگانێکی کارگینسکایا، قاڵیچەیەکی لە دیوارەکە کردەوەو زینپۆشێکی شایستەی بۆ خۆی لێ دروست کرد کە نەخش و نیگارو ڕەنگە تێرەکانی لە دوورەوە، گەشکەیان بە چاو دەبەخشی. هەروەها لە سەندوقی ماڵە قوزاقێکا پانتۆڵێکی نیوەی تازەی قەیتاندارو نیو دەرزەن شاڵی ژنانەی دۆزییەوەو سێ جووت بەلەکپێچی بۆ خۆی لێدروست کردن. هەروەها جووتێ دەستکێشی خوریشی پەستایە نێو خورجینەکەیەوە، تا نەك لە ڕێگا بەڵکو پێش ئەوەی بگاتە نێو گوندی تاتارسکی، لە دەستی بکات.

لە کۆنەوە، وا باو بوو کە قوزاقان کاتێ بۆ گوند دەگەڕانەوە باشترین جل و بەرگیان دەپۆشی. میشکا، هەرچەندە سەربازی گاردی سوور بوو، هێشتا هەر پابەندی ئەم داب و نەریتە قوزاقیە بوو و هەوڵیدەدا ئەم داب و نەریتە ڕەچاو بکات.

ئەسپێکی کوێتی جوانی قەپۆز سپی پێبوو، ئەم ئەسپە هی قوزاقێکی خەڵکی ئوست خوپەرسکایا بوو کە میشکا لە هێرشێکدا بە شمشێر کوشتبووی. ئەم ئەسپە دەستکەوتی جەنگ بوو و پیاو دەیتوانی شانازی پێوە بکات: باڵا بەرزو سەرکێش و ڕەهوان و خۆشڕەفتار بوو. بەڵام زینەکەی چکۆلەو ناشیرین و پینە پیناوی و تەنگ و لە چەرمی خۆشە نەکراو بوو، ڕکێفەکانی هێندەیان ژەنگ پێوە بوو بە هیچ شتێك پاك نەدەبوونەوە و سیقال نەدەدرانەوە. سەروکەلەو لغاوەکەشی ناجۆر بوون و کەمترین زێوەرو گێزو گوڵینگی پێوە نەبوو. بۆیە دەبوایە بەلای

کەمــەوە دەســتێك بــە ســەرو کەللــەو هەوســارەکەیدا بــێنێ. میشــکا ماوەیــەکی زۆر بــیری لــە چارەسەرێکی ئەو کێشەیە کردەوە، سەرەنجام بیرۆکەیەکی باشی بۆ هات. لە مەیدانی گوندێکدا، لە هەنبەر ماڵە بازرگانێکی سووتاودا، تەختە خەوێکی ڕووکەش نیکڵی بینی کە خزمەتکارەکانی بازرگانەکە لە کاتی سووتاندنی ماڵەکەدا هێنابوویانە دەرەوە. هەر چوار قاچی تەختە خەوەکە، سەرو گۆی سپی جوانی پێوە بوو کە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکانەوە .میشکا خێرا هەر چوار گۆیەکەی هەڵکەندو دوانی کرد بە دوو داوی ئاوریشمەوەو لەم لاو لەولای لغاوەکەی بەستن و دونیانیشی کرد بە سەر کەللەکەی ئەسپەکەوەو بە نێو چەوانیا شۆڕبوونەوە. گۆیەکان بە سەر ئەسپەکەوە وەکو هەتاوی سپی کاتی نیوەڕۆ کەوتنە درەوشانەوە. کاتێ کە پرتەوی هەتاوەکەیان عەکس دەکردەوە، بە جۆرێ دەبریسکانەوە کە چاویان دەخستە ڕێشکەو پێشکە، ئەسپەکە لە تــاوا چــاوی دەنوقانــدن و دەی پڕمانــدو ڕەفتــاری ناڕەحــەت دەبــوو. وێــڕای ئــەوەی کــە چــاوی ئەسپەکە ئاوی دەکردو پێی ناڕەحەت بوو، بەڵام میشکا، گۆیەکانی هەر لێنەکردنەوە.

دەبوایە زوو بە زوو کارگینسکایای نیمچە سووتاو کە بۆنی خشتی گەرم و خۆڵەکەوەی دەدا بەجێبێڵێ. کەتیبەکە دەبوا بە ڕەخی دۆندا بەرەو ڤیشنسکایا بڕوات، ئەمە بۆ میشکا زۆر باش بوو، بۆیە بە ئاسانی مۆڵەتی لە فەرماندەی مەفرەزەی گەشتیەکە "دەوریە" وەرگرت کە بڕوات و ڕۆژێك لە نێو کەسوکاریا بە سەر بەرێت. جا فەرماندەی مەفرەزەکە نەك هەر بە ڕووخۆشیەوە ڕۆژە مۆڵەتەکەی دایە، بەڵکو شتێکی دیکەشی دایە. لێی پرسی:

– ژنت هەیە؟

– نەخێر.

– ماشقەت هەیە، ها؟

میشکا بە سەرسامی پرسی:

– چیم هەیە؟

– یانی خۆشەویستت هەیە؟

– ئا، کیژێکی نەجیب و بەحورمەتم خۆشدەوێ.

– باشە، سەعات و زنجیرێکت هەیە؟

– نەخێر، هاوڕێ.

– ئاوها!

فەرماندەکە، پیـاوێکی خـەڵکی سـتاڤروپول بـوو، کـە بـەر لـە شـۆڕش سەردەسـتە بـوو و پاشـان خۆبەخش پەیوەندی بـە سـوپای سـوورەوە کرد بـوو، دەیزانـی بـە مـادونی (مۆڵـەت) ڕۆییشـتنەوە دەکاتـە چی و گەڕانـەوە بۆ ماڵ بەدەسـتی بە تاڵ چەند ناخۆشە. بۆیـە سـەعاتێکی بە زنجیرێکـی گەورەوە لە بەرۆکی خۆی کردەوەو گوتی:

– تـۆ سـەربازێکی ئازایـت. وەرە ئـەمـە بکـە بـە قـەد خۆتـا، لـەوێ، لای خۆتـان، لـە بـەردەم کیژانـدا پۆزی پێوە لێبدەو ڕاوە ژنی پێوە بکە. بەڵام کە گەییتـە شوێنە خۆشـکە یادی من بکـەوە. منـیش کە گەنج بووم، ڕاوە کچم کردووە و خووم شڕکردون و لە گەڵ ژنانی زۆردا ڕامبواردووە! بۆیـە لـەم

مەسەلانە تێدەگەم... ئەم زنجیرە لە زێڕی تازەی ئەمریکاییە. ئەگەر کەسێك پرسیاری لێکردیت، بەو جۆرە وەڵامی بدەوە. بەڵام ئەگەر کەسیکی بێشەرمی ڕوودار داوای لێکردیت مۆری زەڕنگەرەکەی پێنیشان بدەیت. بکێشە بە دەم و فلقیا، وەڵامی ڕووداران، مستە. پێویست بەوە ناکات دەمی خۆتیان لە گەڵدا ماندوو بکەیت، من هەندێجار لە مەیخانەدا یان لە شوێنانی گشتیدا، یان بە کورتیەکەی لە قەحبەخانەدا، ڕێکەوتووە کۆڵکە خوێنەوار یا دوکاندارێك ویستوویەتی لە بەردەم خەڵکیدا تەریقم بکاتەوەو لە زەوقم بدات و گوتویەتی: "سەیری زنجیری سەعاتەکەی چۆن بەسەر ورگیا شۆڕی کردۆتەوەو خۆی پێوە دەنوێنێ، یەکێك نەزانێ، دەڵێ ئاڵتوونی تەواو عەیارە، ئەگەر ڕاست دەکات با مۆرەکەیمان نیشان بدات." من هەرگیز خۆم شلوێ نەکردووەو ناکەم "مۆرەکەیت دەوێ؟ فەرموو ئەوە مۆرەکەی!". فەرماندە سوعبەتچیەکەی میشکا، کۆڵە مستی خۆی، کە بە قەد سەری منداڵێك دەبوو، گوشی و بە توندی بەرەو پێشەوە دایوەشاند.

میشکا سەعات و زنجیرەکەی وەرگرت. لەبەر ڕۆشنایی ئاگری ئۆردوگاکە ڕدێنی خۆی تاشی، ئەسپەکەی زین کردو بە چوارناڵە کەوتە ڕێ. دەگەڵ شیرەی شەبەقا گەییە تاتارسکی.

گوندەکە نەگۆڕا بوو: خاچە زێڕینە کاڵەوە بووەکەی سەر گومەزە چکۆلەکەی کڵێساکە. هێشتا وەکو خۆی ڕوو لە ئاسمان وەستا بوو. خانووە گڵە گەورەکانی کەشیشان و بازرگانان بە دەقی خۆیانەوە لە مەیدانەکەی گوندا مابوون. سپیدارەکەی ناو حەوشەی ماڵە چکۆلەو نیمچە وێرانەکەی کوشیڤۆی، هێشتا بە هەمان زمانی ئاشنای جاران زەمزەمەی دەکرد...

تاقە شتێك کە مایەی سەرسامی میشکا بوو، ئەو خامۆشیە قووڵ و ناباوە بوو کە وەکو داوی جاڵجاڵۆکە باڵی بە سەر جادەو بان و کوچەو کۆڵانەکاندا کێشا بوو. تەیر بە جادەو کۆڵانەکاندا نەدەفڕی. پەنجەرە دارینەکان داخرا بوون، هەندێ لە دەرگاکان قفڵ درا بوون. بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر گازی پشت بوون. لە تۆ وایە تاعوون بە هەنگاوی ڕەشی خۆی بە ناو گوندەکە کەوتبوو و خەڵکەکەی لە حەوشەو بان و کوچەو کۆڵانەکان ڕاو نابوو و ماڵەکانی پێ چۆڵکرد بوون.

نە دەنگی بەشەر دەهاتە گوێ و نە بۆڕەو قۆڕەی گاوگۆتاڵ، نە بانگی کەڵەباب. تەنیا جریوە جریوی چۆلەکەی سەر گوێسەبانان و بن میچی کەپران و سەرلێژنە دارێن وشك، دەهاتە گوێ، بە کۆمەڵ دەیان جریواند وەکو ئەوەی پێشبینی باران بکەن.

میشکا یەکسەر خۆی بە حەوشەکەی خۆیاندا کرد. بەڵام هیچکەسێکی خانەوادەکەیان نە هاتە پێشوازی. دەرگای بەر هەیوانەکە کرا بووەوە، بەلەکپێچێکی دڕاوی سوپای سوور، پارچە سارغیەکی گرمۆڵەی لە خوێنا ڕەش هەڵگەڕاو و، چەند سەرە مریشکێکی سەربڕاو کە بۆگەنیان کرد بوو و مێش و مەگەزێن دنیا تێیان وڕکاو بوو، لە گەڵ کۆمەڵێك پەڕا لە بەر دەرگاکە کەوتبوون. دیار بوو کە چەند ڕۆژێك لەوە پێش ژمارەیەك سەربازی سوور لەوێ نانیان خوارد بوو، پارچەێن گۆزەی شکاو، ئێسقانی مریشك، قونکە سیغارو پارچە ڕۆژنامەێن دڕاو و پێ شێلکراو لە ناو ژوورەکەدا کەوتبوو... میشکا بە حەپەساوی چوو بۆ ژوورەکەی پێشەوە. هەموو

شتەكانی وەكو جاران بە دەقی خۆیەوە مابوو. بەڵام سەیری كرد دەرگای ژێر زەمینەكە كە زستانان كاڵەكیان تیا هەڵدەگرت، بە ئاستەمێك بەرزكرابووەوە. دایكی میشكا عادەتی وابوو كە سێوی وشك كراوەی لەوێ، لە منداڵان دەشاردەوە. میشكا لە دەرگاكە نزیك بووەوە، لەدڵی خۆیدا گوتی: "تۆ بڵێی دایكم چاوەڕوانی من نەبووبێ؟ تۆ بڵێی لە ژێر زەمینەكەدا شتێكی بۆ دانەنابم؟" بە نووكی شمشێرەكەی خۆی دەرگاكەی هەڵبڕی. دەرگاكە بە تەق و هۆڕ بەرزبووەوە، بۆنی تەڕەشوع و كەڕوو لە ژێر زەمینەكەوە هەستا. میشكا چۆكی دادا. تا ماوەیەك چاوی بڕییە تاریكیەكەو هیچی نەدەبینی. پاش ئەوەی چاوی ڕاهات، بوتڵێك ڤۆدگا و تاوەیەك هێڵكەو ڕۆنی كەڕو كردوو و پارچە نانێك كە مشك نیوەی خوارد بوو و قەڕابەیەك كە دەمەكەی بە قەپاخێكی دارینی خڕ گیرا بوو، لە سەر مێزێكدا كە پەڕۆیەكی كۆنی لە سەر ڕاخرا بوو بەدی كرد... تومەز پیرەژنەكەی دایكی وەكو میوانێكی ئازیز چاوەڕوانی كوڕەكەی كرد بوو. میشكا كاتێ چووە ژێر زەمینەكەوە، دڵی لە خۆشی و شادیدا كەوتە لێدان. هەموو ئەم شتانەی كە لە سەر سفرەیەكی كۆندا ڕیز كرابوون، چەند ڕۆژێك لەمە پێش بەدەستی دایكی ڕیز كرا بوون. تورەكەیەكی جاوی سپی بینی كە بە كۆڵەكەی ژێر زەمینەكەوە هەڵواسرا بوو. میشكا بە چاپوكی دایگرت، هەموو كۆنە جلەكانی ژێرەوەی خۆی تیایا بینی كە وەستایانە پینە كرابوون و دورابوونەوەو ئوتو كرابوون.

مشكان گویان كردبووە سەر خواردنەكەو لە كەڵكیان خستبوو. تەنیا شیرو ڤۆدگاكە بە سەلامەتی دەرچوو بوون. میشكا ڤۆدگاو شیرەكەی، كە لە ژێر زەمینەكەدا بە فێنكی مابوونەوە، خواردەوەو جلەكانی ژێرەوەی هەڵگرت و هاتەوە سەرێ.

ئەگەری ئەوە هەبوو كە دایكی بۆ ڕەخی چەپی ڕوبارەكە ڕۆیی بێ، میشكا لە دڵی خۆیدا گوتی: "دیارە ترساوە لە گوندی بمێنێ. باشی كردووە. دەنا قوزاقەكان دەیانكوشت، هەڵبەتە بە هۆی منەوە ئەزیەتیان داوە." ئەوسا بە ئەسپایی لە ماڵەكەیان هاتە دەرەوە، ئەسپەكەی كردەوە، بەڵام زاتی نەكرد بچێت بۆ ماڵی میلیخوف: ماڵەكەیان ڕیك لە بەرانبەر دۆن دابوو، سەگڤان و ئەنگێوەیەكی چاك دەیتوانی لەوبەری ڕوبارەكەوە نیشانەی لێبگرێتەوە و بە گوللەیەكی داگیراوە، كە یاخیەكان بەخۆیان دروستیان دەكرد. سلی سارد بكاتەوە. بۆیە لێبڕا كە بڕوات بۆ خانووەكەی ماڵباتی كورشونوف و دوای خۆرئاوا بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی گوند تا بە تاریكی ماڵەكەی موخوف و خانووی بازرگانەكانی دیكەو كەشیشەكان بسووتێنێ.

بە چوارناڵە بەپشت ماڵەكاندا ڕۆیی و گەییە ئاستی حەوشە گەورەكەی خانووەكەی كورشونوف. لە دەروازە كراوەكەوە خۆی بە حەوشەدا كردو ئەسپەكەی بە موحەجەرەی قاڵدرمەكانی بەر دەرگایەكەوە بەستەوە. دەیویست بچێتە ناو خانووەكەوە كە باپیرە گریشاكا لەبەر قەدەمەی دەرگاكەدا دەركەوت. سەرە سپیە بەفرینەكەی دەلەرزی و چاوە كزەكانی كە لە پیریدا بە ئاستەم دەبینان، بچوك دەكردنەوە. دوگمەی قەمسەڵە قوزاقیە كۆنەكەی كە هەمیشە لە بەریا بوو، بەو نیشانە سوورانەی قەد یەخە چڵكن و چەورەكەیەوە، لە سەرێ ڕا تا خوارێ

داخستبوو، بەڵام پانتۆڵەکەی ئەوەندە دەڵب بوو. زوو زوو دەهاتە خوارەوە، باوە گەورە بەردەوام دەستی پێوەی بوو و هەڵیدەکێشا.

میشکا لەلای قاڵدرمەکانەوە وەستا بوو و یاری بە قامچیەکەی دەکرد:

– سڵاو، بابە گەورە، چۆنی!

بەڵام پیرەمێرد هیچ وەڵامێکی نەدایەوە. کینەو نەفرەت لە نیگا مۆنەکانیا ئاوێتە دەبوون. میشکا دەنگی بەرز کردەوەو گوتی:

– سڵاو، بابۆ، چۆنی؟

باپیرە بە نەبەدڵی بەرسڤی دایەوە:

– سڵاو، لە خوا بەزیاد بێ.

هێشتا بە تووڕەیی دەیڕوانیە میشکا. میشکا بەبێ موبالاتیەوە لاقەکانی بڵاو کردبوونەوەو لە هەنبەر باپیرە گریشاکادا وەستا بوو و یاری بە قامچیەکەی دەکرد. سەرو ڕوویەکی گرژ و مۆنی هەبوو، لێوە ئەستوورەکانی کە لە لێوی کۆڕپە کیژان دەچوون دەکرۆشت. ئەوسا لە گریشاکای پرسی:

– باپیرە گریشاکا، چۆنە تۆ نە ڕۆیشتوویت بۆ ئەوبەری دۆن؟

پیرەمێرد پرسی:

– تۆ من چۆن دەناسیت؟

– خەڵکی ئێرەم. بۆیە دەتناسم.

– ناوت چیە؟

– کوشیڤوی.

– کوڕی ئاکیمی؟ ئەوەی کە لای ئێمە کاری دەکرد؟

– بەڵێ، خۆیەتی.

– ئا، کەواتە ئەمە تۆی شیر حەڵاڵی؟ ئەو کوڕەی کە لە کاتی غوسڵی تەعمیدا ناوی پیرۆزی میخائیلیان لێنایت؟ بە ڕاستی کوڕی باوکی خۆتی! هەموو شتێکت لە باوکت دەچێت! ئەویش هەر چاکەیەکت لە گەڵ بکردایە بە فیڕۆ دەچوو، بەخراپە چاکەکەی دەدایەوە. وا دیارە تۆش دەقاو دەق چوویتەوە سەر ئەو، ها؟

میشکا یەکێك لە دەستکێشەکانی لە دەستی خۆی داکەندو هێندەی دی چارەی دا بەیەکاو گوتی:

– ئەمەی من کێم و ناوم چیە پەیوەندی بە تۆوە نیە. گوتم بۆچی نەڕۆییوی بۆ ئەوبەری دۆن؟

– حەزم نەکرد بڕۆم و تەواو. ئەدی تۆ چ دەکەی؟ پەیوەندیت بە خێڵی دژمنانی مەسیحەوە کردووە؟ ئەستێرەی سوورت بە کڵاوەکەتەوە ناوە؟ کەواتە، قەحبە دایك، تۆ دژمنی قوزاقانی؟ دژمنی خەڵکی گوندەکەی خۆتی؟

باپیرە گریشاکا، بە خاوی و سستی لە قاڵدرمەکان هاتە خوارەوە. دیار بوو، لەوەتای ماڵباتی کورشونوف هەڵاتبوون، خواردنی باشی نەدەخوارد. کە سوکارەکەی بەجێیان هێشتبوو. تەواو

له تاقەت کەوتبوو، بێخزمەت بوو و لە هەر پیرەمێردێکی پیس و پۆخڵ ، چڵکن و پلّکنتر بوو. لە هەنبەر میشکادا وەستاو بە سەرسامی و تووڕەیی لێیدەڕوانی.

میشا بەرسڤی دایەوە:

– بەڵێ من دژمنیانم و ئەگەر کارەکان بەمجۆرە بڕۆن بەم زوانە لە ناویان دەبەین.

– ئەدی کتێبی پیرۆز لەمبارەیەوە چ دەڵێت؟ چی بچێنی ئەوە دەدوریتەوە. دەزانی مانای ئەمە چیە؟

میشکا بەزبری گوتی:

– باپیرە، پێویست ناکات بە کتێبی پیرۆز کەرم بکەیت. من بۆ ئەمە نەهاتووم. دەی خێرا لە ماڵ وەدەرکەوە.

– چیت دەوێ؟

– هەقت نەبێ! لە ماڵ دەرچۆو تەواو.

– مەبەستت چیە؟

– هیچ، پێمگوتی وەدەرکەوەو تەواو.

– من لە ماڵەکەی خۆم دەرناچم! دەزانم بە نیازی چیت. تۆ نۆکەری دژمنانی مەسیحیت، نیشانەکەی بە کڵاوەکەتەوە دیارە. ئاخر یەرمیای پێغەمبەر لە بارەی ئێوە گەلەوە گوتویەتی: "ئەفسەنتینیان دەرخوارد دەدەین و زنچکاویان پێدەنۆشین.. و ئەوانە سەرانسەری زەوی دەلەوتێنن." ئەوەتا پێشبینییەکەی ئینجیل هاتووەتە دی: کوڕ دژی باپەو برا دژی برایە...

– باوە گەورە، هەوڵ مەدە کەرم بکەیت. مەسەلەکە براو دژایەتی برا نیە. شتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە: باوکم تا ئەو ڕۆژەی مرد خزمەتی ئێوەی کرد. خۆیشم بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ گیانم دەرچوو هێندەتان خزمەت بکەم، ئەوەندەم فەردە گەنم بە کۆڵ بۆ گواستنەوە، سەقەت بووم، جا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە حیسابمان پاك بکەینەوە. لە ماڵەکە بچۆ دەرەوە دەمەوێ ئاگری تێ بەربدەم. بە درێژایی تەمەنتان لە خانووی خۆشدا ژیاون، ئێستاش دەتوانن وەکو ئێمە لە کوختەو کەوێڵانی گڵدا بژین، تێگەیشتی باپیرە؟

– بەڵێ، بەڵێ. ئەمە هەمان شتە کە لە کتێبی ئەشعیای پێغەمبەردا هاتووە: "کاتێ کە خەڵکی بێنە دەرێ، جەنازەی ئەو کەسانە دەبینن کە لە فرمانی من دەرچوون. چونکە کرمەکەیان نامرێ، ئاگریان خامۆش نابێ و ئەوانە دەبنە مایەی نەفرەتی هەر ئافەریدەیەك."

میشکا بە تووڕەییەوە گوتی:

– کاتی ئەم قسانەی تۆم نیە! لە ماڵەکە دەردەچیت یان نا؟

– نەخێر، وەدەرکەوە دژمن.

میشکا تفەنگەکەی لە شانی داگرت و گوتی:

– ئاخر بە هۆی پیرەمێرانی خەڵەفاوی سەرسەختەوەیە کە گیرۆدەی ئەم شەڕو فەرتەنەیەین. ئێوە گەل خەڵکی هاندەدەن و دژایەتی شۆڕشیان پێدەکەن.

دوای تەقەکە باپیرە گریشاکایا بە پشتا کەوت و بە دەنگێکی ڕوون گوتی:

– چونکە... ئەمە خواستی من نەبووە... بەڵکو خواستی خودایە کە هاتووم... خودایا، بەندەی خۆت... بگرە ژێر باڵ...

پرخە پرخێك لە گەرویەوە هات و خوێن لە ژێر سمێڵەکانیەوە چۆڕاوگەی بەست.

میشکا گوتی:

– خەمت نەبێ، دەتگرێتە ژێر باڵ! دەبوایە زۆر زووتر بیبردیتایەوە. ئەی شەیتانی پیر!

میشکا بە بێزاری بەلای جەنازەکەی پیرەمێردا کە لەپاڵ قاڵدرمەکەیا کەوتبوو، تێپەڕی و بە قاڵدرمەکانی بەردەگادا سەرکەوت.

ئەو گەڵاو هەژگ و بژاڵە وشکانەی کە بایەکە هێنابوونەیە بەر هەیوانەکە، هەر زوو ئاگریان گرت و گڕێکی پەمەیی بڵێسەی سەندو چوو بە ئاسماندا. ئەو تیغە تەختەیەی نێوان هەیوانەکەو ئابدارخانەکە زۆر زوو گڕی گرت، گڕو دووکەڵ تا میچەکە بەرز بووەوەو بە هۆی بایەکەوە بۆ ژوورەکانی دیکەش تەشەنەی کرد.

میشکا هاتە دەرەوە، لەوکاتەدا کە عەماری گەنمەکەو عەماری ئەوزارانی کشتوکاڵی دەسووتاند، گڕی ئاگرەکە لە ژوورەوە دەهاتە دەرێ و بە دەم قرچە قرچێکی سووکەوە، چوارچێوەی داریـنی پەنجەرەکانی، کە لە دارکاژ دروست کرابوون، دەلستەوەو بەرەو میچ و گوێسەبانەی خانووەکە هەڵدەکشا.

میشکا تا ئێوارێ، لەو نزیکانە، لە باخێکدا، لە سایەی کۆمەڵە دارمێوێکی کێوی، پڕ لە دڕوو وڕووەکان لێی نووست. ئەسپەکەشی، کە زینەکەی لێگرتبووەوە و پێوەندی کرد بوو، لە دەوروبەری ئەودا دەلەوەڕی و بەکاوەخۆ گیای زمانە بەرخەی بەلەزەتی هەڵدەکەند و دەیخوارد. ئێوارێ تینویەتی زۆری بۆ هێنا و هێندەی حیلاند تا خاوەنەکەی بێدار کردەوە. میشکا هەستاو پاڵتۆکەی لە خورجینەکەی ناو ئەسپەکەی لە بیرێکی ناو باخەکە ئاوداو ئەوسا زینی کرد و بە سواری کەوتە سەر جادەکە.

هێشتا دووکەڵ، لە کۆڵەکە ڕەشە بە زوخاڵ بووەکانی خانووەکەی ماڵی کورشونوفەوە هەڵدەستا. لەو خانووە گەورەیەدا تەنیا پایە بەردینەکانی بەپێوە مابوون. دووکەڵکێشی موغەیریە نیمچە وێرانەکەشیان، بەرەو ئاسمان بەرزبوو بووەوە.

میشکا، ڕاست بەرەو ماڵی میلیخوف کەوتەڕێ.

ئیلی نیچنا لە عەمارەکەدا بوو، خەریك بوو بڕێك دارو چڵ و چێوی وشکی لە بەرهەڵبێنەکەی دەنا کە میشکا بێئەوەی لە ئەسپەکەی دابەزێ، دەروازەی حەوشەکەی کردەوەو وەژوورکەوت و بە میهرەبانی گوتی:

– سڵاو، دایە گیان

ئیلی نیچنا، کە بینی، بە ڕادەیەك ترساو حەپەسا، نەیتوانی سڵاوەکەشی بسەنێتەوە. بەڵکو دەستەکانی لێکدی بڵاوکردنەوەو چڵ و چێو و دارەکان کەوتنە خوارەوە.

– چۆنی دایە گیان؟

پیرەژن، بە دەنگێکی پچڕ پچڕ و لەرزۆك گوتی:

– لەخوا بەزیاد بێ...

– خۆ شوکر ساغ و سەلامەتی؟

– ماوم ئیتر.. بەڵام باسی سەلامەتی نەکەین باشترە.

میشکا لە ئەسپەکەی دابەزی، بەرەو لای عەمارەکە چوو و پرسی:

– ئەدی پیاوەکانتان بۆ کوێ چوون؟

– چوون بۆ ئەوبەری دۆن...

– چاوەڕوانی هاتنی کادێتەکانن؟

– من ژنم... سەر لەو شتانە دەرناکەم.

– ئەدی یەفدوکیا پانتیلاییفنا (ناوی تەواوی دونیاشکایە) لە ماڵە؟

– ئەویش چووە بۆ ئەوبەری دۆن.

میشکا بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

– باشە، بۆچی هەر هەموویان ڕۆیشتوون، چ شەیتانێك ئەمەی پێکردوون!

ئەوسا، لە داخا دەنگی لێهەڵبڕی و گوتی:

– دایە گیان با یەك شتت پێ بڵێم. گریگۆری کوڕت، بە ئاشکرا دژایەتی حکومەتی سۆڤیات دەکات. هەرکاتێ بگەینە ڕەخی چەپی دۆن، یەکەم کەس ئەو لە سێدارە دەدەین. بەڵام پانتلی پروکوفیچ بە خۆڕایی ڕۆییوە، پیرەمێردیکی شەلی وەکو ئەو دەیتوانی لە ماڵی خۆی دابنیشێت...

ئیلی نیچنا، بە توندی گوتی:

– دانیشێت، چاوەڕوانی مردنی خۆی بکات؟

دووبارە کەوتەوە کۆکردنەوەی چڵ و چێوەکەی.

– هێشتا زۆری بە بەرەوە ماوە. ئەوپەڕەکەی چەند شەلاخێکیان لێدەدا، بەڵام نەیاندەکوشت. بەڵام من بۆ ئەم شتانە نەهاتوومە دیدەنیتان.

میشکا، زنجیری سەعاتەکەی بە بەرۆکیەوە ڕێك خست، سەری دانەواندو گوتی:

– من هاتووم دونیاشکا بدینم. حەیفێ کە ئەویش پەڕیوەتەوە. بەڵام من، دایکە گیان، دەمەوێ بەو حیسابەی تۆ دایکی ئەوی شتێکت پێ بڵێم: من دەمێکە دڵم پێوەیەتی، بەڵام لەم ڕۆژگارەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە دوی ئەو مەسەلانە بکەوین، ئێمە مژولی شەڕی ئەنتی شۆڕشانین و زۆر سەرسەختانەش شەڕی ئەوان دەکەین. هەرکە بە تەواوەتی سەرکوتمان کردن و حکومەتی سۆڤیات، حکومەت ئاشتی سوڤیات لە هەموو شوێنێك جێگیر بوو، هەنگێ من، دایکە گیان خوازگاران، دەنێرمە لاتان بۆ خوازبێنی دونیاشکا.

– ئێستا وەختی ئەم قسانە نیە.

میشکا، برۆی وێکهێنانەوەو بە تووڕەیی گوتی:

– با، وەختیەتی و ئەولاتریش، لە بارترین وەختە! ڕاستە وەختی مارە بڕین و ئەو شتانە نیە، بەڵام خۆ دەشێت باس بکرێت. من وەختم بە دەستەوە نیە، ئەمڕۆ لیرەم و ڕەنگە سبەینێ بۆ

ئەوبەری دۆنتسم بنێرن. بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە، کە دونیاشکا بە هیچ کەسێکی دی نەدەیت، دەنا واوەیلا بەحاڵت. هەرکاتێ لە کەتیبەکەمەوە نامەیەکتان بۆ هات کە کوژراوم، هەنگێ دەتوانن، لە پیاوێکی تری مارە بکەن. بەڵام تا من لە ژیانا بم، نەخەڵەتابن کاری وابکەن. چونکە ئێمە ئەڤیندارى یەکدین. من دیاریم بۆ نەهێناوە، چونکە شوێنێکی وەها نیە، پیاو سەوقاتی دیاری لێبکڕێت. بەڵام ئەگەر پێویستت بە هەر شتێکی ماڵە بورژوا و بازرگانەکان هەبێت، قسە بکە، تا بڕۆم بۆتی بێنم...

– خوا بەو ڕۆژە نەکا! بە عەمرام چاوم لە ماڵی خەڵکی نەبووە.

– ئیدی، بەدڵی خۆت. ئەگەر دونیاشکات لەپێش منا، بینی، زۆر سڵاوی لێبکە، دەی جارێ خواحافیز دایکە گیان، تکایە قسەکانم فەرامۆش مەکە.

ئیلی نیچنا، بێئەوەی وەڵامی بداتەوە، چووە ژوورەوە. میشکا دیسان سواری ئەسپەکەی بوو و بەرەو مەیدانی گوند پەل بووەوە. سەیری کرد مەیدانەکە لە سەربازانی سووردا جمەی دێت، شەوێ بۆ ئیسراحەت هاتبوونە ناو گوند. هەراو زەنایان لە جادەکاندا دەنگی دەدایەوە. سێ کەسیان. کە بە ڕەشاشێکەوە بەرەو پۆستی نیگابانیەکەی خۆیان، لە ڕەخی دۆندا، دەڕۆیشتن، میشکایان ڕاگرت و داوای بەڵگەنامەیان لێکرد. لە هەنبەر خانووە چکۆلەکەی سمیوندا، ناسراو بە "مەنجەڵ" تووشی چوار سەربازی دیکە بوو. دوانیان، بڕێك جۆیان لە عەرەبانەیەکی دەستی دوو چەرخە کرد بوو وپاڵیان دەدا، دوانەکەی دیکەیان کە ژنە سیلاویەکەی سیمونیان لە گەڵدا بوو، مەکینەیەکی خەیاتی و تورەکەیەك ئاردیان هەڵگرتبوو.

ژنەی تاین میشکای ناسییەوەو سڵاوی لێکرد. میشکا پرسی:

– دایکە گیان، ئەمانە چیەو بۆ کوێی دەبەی؟

یەکێك لە سەربازەکان، بە گەرمی گوتی:

– دەمانەوێ، کۆمەکی ئەم ژنە چەوساوەو داماوە بکەین، دەمانەوێ ئەم مەکینە خەیاتی و تۆزە ئاردەی، کە هی بورژواکانە بۆ بەرینە ماڵەوە.

میشکا حەوت خانووی، یەك لە دووی یەکی ئاگردا: خانووی دوو بازرگان: موخوف و ئاتیوپین تساتسا، دوو کەشیش: ڤیساریون و پانکراتی، و سێ قوزاقی دەوڵەمەند کە هەرسێکیان بۆ ئەوبەری دۆنتس هەڵاتبوون.

دوای ئەوە گوندەکەی بەجێهێشت. بە سواری ئەسپەکەی بە گردەکەدا هەڵگەڕا، کە گەییە ترۆپکی گردەکە، ئاوڕێکی دایەوە، دووکەڵێکی ڕەش ئاسمانی تاتارسکی تەنی بوو و گڕێکی سوور بڵێسەی دەسەندو وەکو کلکی ڕێوی بڵاودەبووەوە. ئاگرەکە کە هەندێ جار زمانەی دەکێشاو لە ئاوەکەی دۆندا عەکس دەبووەوەو هەندێجار نەرم دەبووەوەو بەدەم باوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆیی و یەك بە یەکی ماڵەکانی دیکەی دەگرت.

شنەبایەکی خۆشی لە دەشتەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەهات و ئاگرەکەی لە ناو دووکەڵێکی ڕەشا، وەکو پشکۆ دەگەشاندەوەو بەرەو دووری دەبرد.

له ٢٠١٥/١٠/٢٤

له پاچڤەی ئەم بەرگە بوومەوە.

## فەرهەنگۆك

ئا

ئەداو ئەتوار: رەوشت و ئاكار

ئارایشتكار : ئارایشتگەر ، مكیاجكار

ئەوك : قوڕگ، گەروو، بەرمل

ئاسیو : ئازار، بەلاَ ، زیان، زەرەر

ئاشخانە : مووبەق، چێشتخانە

ئەنگۆ: ئێوە، هەوە، هون

ئەگەرنا: دەنا، ئەگینا، ئەگین، گەرنا

ئێژی : دەڵێی

ئەفسووناوی : سیحراوی، جادوویی

ئیكلام : كڕنۆش، سەرچەماندن بۆ رێزگرتن

ئامێز : باوەش، هەمێز

ئەزبەنی : گەورەم، قوبان

ئاران: گەرمەسێر، گەرمیان، زستانەوار

ئۆین: پیلان، دەسیسە، فێڵ و مەكر

ئۆینباز : بەمەكرو فێڵباز، پیلانگێڕ

ئێشك: پاس، كێشك

ئاكنجی: نیشتەجێ

ئالوودە:گیرۆدە، خووپێگرتوو

ئاوەز: هۆش، فام، ئەقڵ

ئاشپەز: شیوكەر، چێشت لێنەر، چێشتچی

ئەنگێزە: هۆ، هاندەر، سۆنگە

ئەستەم: زەحمەت، ئاسێ ، دژوار

ئەسەح: ئەكید، خویا، مەعلووم

ئیرەیی: حەسوودی

ئەستێڵ: حەوز

ئیستەرەم: دەمەوێ

ئەستەڕ: بەر، بەری کەواو...

ئاپۆڕا: حەشامات، قەرەباڵغی، حەشیمەت

ئاشووب: پەشێوی و ئاژاوە

ئەوزار: ئامراز، ئامێر، وەسیلە

ئاغەڵ: جێی داکردنی مەڕو بزن لە دەمی سەرمادا

ئەسکەمیل: کورسی

ئاوەز: ئەقڵ

ئاخێز: نیوە هەستان

ئەوقات: پارێزەر

ئۆل: ئاین

ئاریشە: کێشە، گرفت

ئاودڕکە: ئاودڕ، ئەو شوێنەی ئاو دایدڕیبێ

ئاڵچاخ و دەنی: سووك و بێ ئابڕوو، خوێڕی

ئاوردوو: سوتەمەنی،شەواتەك ،ئێزنگ وقەلاشکەری

ئەرخایەن: دڵنیا، خاترجەم

ئۆفیس: نووسینگە، ژووری کار

ئاخاوتن:قسەکردن، پەیڤین

ئیش: کار

ئاوەژوو: بەرەواژ، سەروخوار، پێچەوانە

ئێزنگ: داری سووتاندن

ئاشچی: چێشت لێنەر، ئاشپەز

ئاوێزە: چلچرا،پلپلەو سلسلەی خشلی ژنان

ئاوارتە: ریزپەڕ، جیاکراوە، دوورخراوە، پەڕێنراو

ئەمەك: وەفا، ئەمەگ، نمەکناسی

ئیفترا: بوختان

ئەزبەرکردن: لەبەرکردن

ئەشقی: شەقاوە، بەرەلا، یاخی، ملهوڕ

ئەرباب: خۆش مەشرەف، رووخۆش، خۆش مامەڵە

ئاچەر: هاچەر، کلیل

ئاڵدۆزی: رۆکێشی زێڕو زیوو، سورمە ڕێژ، سورمە چن

ئۆردووبەز: جێگەی دابەزین و ئیسراحەتی لەشکر

ئەڵها: ئارەزوو، کەڵکەڵە.

ئەسپەك: نەخۆشییەکی مێشکە، ماخولیا و جۆرە شێتییەکە.

**ب:**

**باوەژن: زڕدایك، هۆی دایك، باجی**

**باب: باوك**

**بالأنما: بالأنوێن، ئاوێنەی بالأڕوان**

**بەلەز: خێرا، بەپەلە، گورج**

**بایس : هۆ، باعیس ، سەبەب**

**بلوور: شووشە**

**بێنەوا: هەژار، بێچارە، داماو**

**بە تۆبزی: بە زۆر، بە خورتی**

**بە روحم : بە بەزەیی ، دلۆڤان**

**برنجە: جۆرە کانزایەکە، زەردی سەماوەر(قصدیر)**

**بەلەنگاز: بێچارە،نەدار، بەسەزمان**

**بەرۆك: یاخە، یەخە**

**بەکاوەخۆ: بە هێواشی**

**بەرسڤ: وەلأم**

**بەڕك: گیرفان، باخەڵ**

**بالیفۆکە: سەرینی بچووك، گۆشە**

**بوری: تێپەڕی**

**بیلبتون: بە تەواوەتی**

**بەو ئاوایە: بەو جۆرە، بەو شێوەیە**

**باریە: لۆسە**

**بەستێن: رۆخ، کەنار، گویٚ چەم، دەم چەم، ڕەخ**

**بێشە: دارستان، لێر**

**بەرکۆشە: بەرهەڵبێنە**

**بن پیالّە: ژێر پیالّە**

**بۆرەقنە: ئامال بۆر، مەیلەو بۆر، بۆرباو**

**بوێر : ئازا، دلێر**

**بێوەی: بیٚ زیان، سەلامەت**

**باڕ : بێچووە مەلی بەهارە**

**بێزوو: بێزگ، مەگیرانی**

**بێزگەوان: بێزووکەر**

**بەلأنس: هاوسەنگی**

**بارتەقا: باتەقا، هەنبەر، بەرانبەر**

باجەوان: باجگر

بە سویَ: بە ژان، بە ئازار

بەردەبار: پیاوی زاناو بە تەگبیر

بێدادی: نەهەقی

بەیتالْ: پزیشکی ئاژەڵان

بویەر: ڕووداو

باژێرۆك: شارۆچکە

باشار: دەربردن، خۆراگرتن

بەرایی: پێشایی، بەراهی

بەڵەد: شارەزا، ڕێزان، ڕێنوێن

بەفرە ژیلکە: بەفری زۆر دەنك ورد

بەلەك: پووز

بە خورتی :بە تۆپزی

بالیف: سەرین، پشتی

بەگەنکردن: پەسندکردن

باندۆر: کاریگەریی

بایس: هۆ،باعیس، سۆنگە

بەرخودان: مقاوەمەت

بارخانە:کەلوپەلی بازرگانی، باری لەسەر یەك هەڵچنراو

بەرجەوەن: دیمەن

بۆدڕ: بۆنی توندی ماسی و تەگە

بوودڕ: ڕەهۆلْ، دادڕاوی زەوی، کەند

بۆدراو: برژاو، خاوەبرژ

بەڵخ: بەڵغ، کەڕوو

باسریشك: بەفرو باران پێکەوە

بوخچە: پارچەیەکی چوارگۆشەیە بۆ کەل و پەل تێنان

بەدخوا: دڵپیس، لە چاکە بەدوور

بەعزکردن: تۆران. زیزبوون، قسە دابڕان

بن عام: خزمی دوور

بەگەن: پەسند

باپەڕ:نەخۆشی لە سەرماوە، سەرمابوون

بۆز: ڕدێنی ماش و برنج، شینی ئامال سپی

بیژی : زۆلْ ،حەرامزادە، شەیتان و وریا

بەتڵ: بەشێك

بوری : تێپەڕی

بادیهەوا: بە خۆڕایی، بەفیز و دەعیە

بزە: زەردەخەنە

بە خۆی نەوەستا: خۆی پێ زەوت نەکرا

بە خورتی: بە زۆر، بە تۆپزی

بنیچە: ڕەچەڵەك

بەور: دڕندەیەکی بە سامە

بالوکە: شتێکە وەك زیپکە و، زیپکەش نییە

بێ زات: بێ زاخ، ترسنۆك

بە غار: بە ڕاکردن

بڕێك: کەمێك ،تۆزێك، هەندێك

بەد ڕا: بیرخراپ، نیاز خراپ

بژوێن: زەوی پڕ گیا و لەوەڕ، بژوون، زەمەند

باخفم: قسەبکەم.

پ:

پێشخزمەت: نۆکەری بەردەستان

پارك: باخ

پسمام : کوڕە مام، ئامۆزا

پواز: سنگێکە لە درزی داری قەڵشاوی دەنێن تا نەیەتەوە یەك

پۆڕ: باڵندەیەکی خۆش گۆشتە، لە مریشك گەورەترە

پێشکار: خزمەتکار

پەیڤ : وشە، وتە ، قسە

پەز: مەڕ، مێگەلە مەڕ و بزن

پەری : فریشتە

پاژ: بەش

پرتەو: تیشك ، روناکی

پێکڤە: پێکەوە، بە هەڤڕا

پڕ: زۆر، تەژی

پۆستین: فەروە، کەوڵی تیسکن

پەژمردە: چەرمسی، ژاکاو

پایدۆس: دەست لە کار هەڵگرتن

پۆڵکە: گاگۆز

**پەسیو: پەسیڤ، هەلأمەت**

**پیتاك: باربوو، کۆکردنەوەی دارایی**

**پێل: شەپۆل**

**پەسلان: قیامەت، ئەو دنیا**

**پاتاوە: پێڵاو، کاڵە.**

**پاتۆق: شوێنی کۆبوونەوە**

**پۆڕ: قژ**

**پێشداوەری: حوکمی پێشوەختە**

**پانکردنەوە: ماستاوساردکردنەوە، ڕووپامایی**

**پەشم: قسەی قۆڕو بێ مانا**

**پزیشکیار: یاریدەدەری پزیشك**

**پەتۆ: بەتانی**

**پەرکەم:فێ، خوودار، پەتاو هەلأمەت پێکەوە، ئەنفلۆنزا**

**پێشهات: قەومان، بەسەرهات**

**پشتیر: گەوڕ، تەویلە**

**پەتەڕی: پەتیارە، شێتۆکە**

**پڕکێشی:پێداگری، سووربوون، جورئەتکردن**

**پاکەن: کەوش کەن، جێگەی پێڵاو داکەندن**

**پەیڤ: وشە**

**پسۆك: قرچۆك، بەنێك زوو بپسێت.**

**پاخوا:بەشی ڕۆژە سواغێك قوڕ، کلۆشی بەر پێ بۆ گێرە**

**پوشپار: گیای وشك**

**ت:**

**تەمەشاڤان: بینەر، سەیرکەر**

**تەماشاخانە: شانۆ، نمایشسەرا**

**تەژی: پڕ، لیپاو لیپ، سەر ڕێژ**

**تا: لا، لایەن**

**تێشت: نانی بەیانی، قاوەڵتی، بەرقلیان، تاشتی**

**تالووکە: مەترسی، خەتەر**

**تەبارە: دەغڵی گەیشتووی نەدوراو، قایمە دەغڵ**

**تەژەو ناقۆلأ: گەورەو ناشیرین**

**تاین: یارۆ، فلأن، ناڤبری**

**تاژی: سەگی ڕاو، تانجی**

تەشقەڵە: گەڕ، بیانووپێگرتن

تەیرو تو: باڵندەو مەلان

تەوازۆ: تەوازی، عوزرخوایی، داوای بوردن

تخوب: سنوور، کەوشەن، تخووم

تەوێڵ: ناوچەوان، هەنیە، ئەنی، توێڵ،جەمین

تۆرینۆك:توورەو دڵناسك

تەختەبەن: تەختە خەو

تەقوو: بەڵکوو ،هاتوو

تاقەتکردن: شاردنەوە، داکردن

تۆلاز: مێباز، چاو لەوەڕێن

تیلمە: تیلماسك

تیلاگ: لاسەر

تاوەگاز: تاوانگاز، بە هەتاو سووتاو، تاوەسووت

تەڵفیزی: تەڵفیسی، تەوس، گاڵتەو گەپ

تەریدە : رێگر ، چەتە

توولەك: وەرینی مووی لەش

تۆسن: سەرکێش، نا ڕام

تەڤگەر: نەسرەوت، بزووتنەوە

تەمراندن: کوژاندنەوە

تاری : تاریك

تۆماکۆ : تووتن

تەشبریق : هەورە تریشقە، بروسکە

تووك: نزای خراپ ، دوعای شەڕ

تاخ: گەڕەك

تاس: سەر ڕووتاوە، دەغسەر

تەرز: جۆر، نەوع

تەوسخەن:ژارخەن، پێکەنین بە تەوسەوە، پێکەنینی تەوسامێز

تاراوگە : مەنفا

تیز: تەوس، توانج، گاڵتە پێکردن

تامپۆن: دەعم، پێکدادان

تازەمۆد: نۆباو

تەشقی ئاسمان: بڵندایی ئاسمان

تەرە: تاراو، لە لانە تۆراو، ئاوارە

تەرزەکوت: تەرزەشکێن، درەخت یان زەرعاتێك تەرزە لێی دابێت.

تلیانە: قەرتاڵە، سەبەتە، سەبەتەی میوەچنی

تەنی: هیس، ڕەشایی نیشتووی دووکەڵ

تۆغیان: هەڕەمە، هەڕەت

تابان: درەوشاوە، بە درەوشین

تەشپی: بادیە، کاسەی دارین

ج:

جەگەن: گیایەکە لاسکی سێ سووچە لە زەڵکاودا دەڕوێ

جنگن: شەڕانی، دڕ، نەگونجاو

جەلۆ: هەرزە پیاو، سەرسەری

جندەخانە: سۆزانی خانە، قەحپەخانە

جەڕباندن:تاقی کردنەوە، تەجرەبە کردن

جوڕنە: حەوزۆکەی گەرماو

جما: جوڵا، بزوا

جڤاکی: کۆمەڵایەتی

جوابی کرد : دەری کرد ، ئیزنی دا

جمکانە : دووانە، جمك، لفانە

جەندەك: تەرم

جیازی: کەلوپەلی بووك بۆ ماڵی زاوا.

جنزەدە: کەسێك جنۆکە دەستیان لێوەشاندبێت

جوونێ: تاقمێك، دەستەیەك، کۆمەڵێك

جەوەندە:مەتارە، کوندەی بچووك بۆ ئاو تێدا هەڵگرتن، دێمکە

جوابە جەنگی: بە دەمدا هاتنەوە.

جەنگە: گەرمە، هەڕەمە، هەڕەت

چ:

چەلەنگ: چوست و چالاك، گورج و گۆڵ، شۆخ و شەنگ

چینی: جۆرێ سواڵەتی هەرەباشە، وەکو کاشی

چتۆ: چۆن، چلۆن، کوو

چڕین: وتن ( بۆ گۆرانی و قام)

چێڵ: مانگا

چەنگ: ئامێرێکی موسیقایە، هارپ

چەکمە: جەزمە، پووت

چەمەنزار: مێرگ، مێرغوزار، سەوزەزار

**چما: بۆچی، ئەڕا، لەبەرچی**

**چقڵ: دڕك، دڕو، دڕی**

**چەرچی: فرۆشیاری گەڕیدە، دەستفرۆش**

**چوغورد: چوغور، چغر، چڕ**

**چمك: سووچ، گۆشە**

**چوارنکال: هەرچوارلا**

**چێبوو: دروست بوو**

**چەمووش: سڵ، رەوەك، لەقە هاوێژو گازگر**

**چەرموو: سپی**

**چەرچی: دێوەرە،فرۆشیاری گەرۆك، دەستفرۆش**

**چاوساغ: دەسكێش، جاسووس، سیخوڕ**

**چەلیپا: خاچ، سەڵیب**

**چاوگ: دەستە چیلە**

**چوون: وەك،**

**چپەدوو: دووان بە چپە**

**چەقەن: زەوی تمتم، ڕەقەن.**

**<u>ح:</u>**

**حایرمان: سەرسام بوون**

**حەسار: حەوش**

**حەنەك: جەفەنگ،قسەی گاڵتەو گەپ**

**حەشەری: بەر بەتاو، ژنی بە ئاڵۆش**

**حەژمەت: مەینەت، خەفەت، کەسەر، داخ، خەم**

**حەجامات: خوێن بەردان**

**حەوجە : پێویست**

**حێل: گەورە، زۆر گەورە**

**<u>خ:</u>**

**خەنی لە خۆتان: خۆشی لە خۆتان**

**خشکۆك: دەلال، جوانکیلە، جوان، قەشەنگ**

**خەنەقاندن: خنکاندن ، لە سێدارەدان**

**خوبزە: خولاٚم، نۆکەر، خزمەتکار، خزمەتچی**

**خورجین: هەگبەی لە بەن، جانتای لە بەن، خورج**

**خا: خات، خاتوون، خانم ، یا**

**خاپاندن: فریودان، تەفرەدان، خەڵەتاندن**

خاپینۆك: فریبۆك، فێڵباز

خانەدان: نەجیمزادە، ئەسڵزادە

خودان: خێو، خاوەن، ساحێب

خوڵك: خولق

خۆرتی: بە تۆبزی، بە زۆری

خشت: رێك، بیٚ کەم و زیاد

خاکی: بیٚ هەوا، بیٚ فیز

خەرگە: پەڕۆی کۆن و پیس

خوابەختەکی: خۆو بەخت، بە هەڵکەوت

خەبتین: خەبات کردن

خشکۆك: جوان، خشیك

خویا: ئاشکرا، دیار ، روون

خۆرانگاز: تاوە سووت، سووتاو لەبەر خۆر

خەفیە :جاسووس، خەوەرچین، هەواڵدز

خۆڵەکەوە: خۆڵەمێش

خەمرە: کوپەی زۆر گەورە

خەنۆل: خەندەران، دەم بە پێکەنین، ڕووخۆش

خزاگ:عەرەبانەیەك کە بەسەر بەفرا ڕایدەکێشن

خۆشکێنی: بیٚ فیزی، خۆ بە زل نەزان

خوو: فیٚ ، پەرکەم

خۆیبوون: سەربەخۆیی

خڕ: هەموو، گشت، تێکڕا

خاترجەم: دڵنیا، ئەرخایەن

خوارنگە: خواردنگە، چێشتخانە

خاکرێز: قوڵکەیەك کە خاك و خۆڵی تیٚ فڕیٚ دەدریٚ

خانەزا: نۆکەرێك کە لە ماڵی ئاغاکەی لە دایك دەبیٚ

خاترخوازی: خاترخازی، دوعاخوازی، خواحافیزی

خاراو: ڕاهاتوو لە کار، قاڵبووی کاران

د:

داماو: بێنەوا، بەلەنگاز، بێچارە

دەڤەر: ناوچە، ئاقار، شوێن، جیٚ

دێرکەوتن: دواکەوتن

دلپاقژ: دڵپاك، بیٚ فڕو فێڵ، بیٚ گزی

**دەربار: دیوەخان و بارەگای پاشا**

**دەهری : زۆر تورە**

**داگەڕان: هاتنە خوارەوە**

**دڵنەواز : دڵگیر، مایەی دڵخۆشی**

**دلۆڤان: بە بەزەیی، دڵنەرم، میرەبان**

**دیدەوانی: ئێشکگرتن ( بە تایبەتی ئێشکی سەر قەلآت و بورجان)**

**داپیرە: دایە گەورە، نەنك**

**دەلیڤە: دەرفەت ، هەل**

**درەخت: دار**

**دەربارییان: دەست وپێوەندانی دیوەخان و بارەگای پاشایەتی**

**دڕوو: دڕك، چقڵ، دڕی**

**دڵڕەش: بێ بەزەیی، ستەمکار، دڵرەق، ڕکوونی**

**دامە: مۆر**

**دنگ: دینگ، ئامرازی چەڵتووك کوتان**

**دەڵەکدان: پاڵنان**

**دڕدۆنگ: دوودڵ، بە گومان**

**دوونیەتی: خوێڕیەتی، بچووکی**

**دەڵەچە: مەرایی کەر، ماستاوچی**

**دۆنکی: داردەستی حەسحەسی ناو بازاڕ**

**دیرۆکنووس: مێژوو نووس**

**دەرەڤی: هەڵەهات، رایدەکرد**

**دەرۆزە: گەدایی، سواڵ**

**داشۆ: کاکە، براگەورە**

**دەهری : زۆر تورە**

**دەخەبتن : خەبات دەکەن**

**دۆغری : راست ، دروست**

**داغان : رووخان، وێرانکردن**

**دەغوول: دەسبڕ،خاپینۆك، فێڵباز، گزیکار**

**دوئێل: مبارەزە**

**دۆتمام: کیژەمام، ئامۆزا (بۆ کچ)**

**دەسەنە: بەخشین،**

**دوڕ: ناوەند، ناوەڕاست، چەق**

**دێر، درەنگ، جێگەی رەبەنانی فەڵە**

دەست قلْپ: ماڵ بەفیڕۆدەر

دۆتمیر: کیژەمیر، شازادەخانم

دەقەتاند:بەسەردەبرد

دلاْوا: بەخشندە، دڵ تێر، بە دەست و دڵ

دادڤانی: دادوانی، قەزایی

دەمە قالْە:دەمبۆڵە، دەمقڕە، دەمەقاڵێ

دێر: جێگەی ڕەبەنی خاچ پەرست

دمۆر: دومۆر، شووم، نەحس

دەماوەر: قسە زان، وتە پاراو، چەقاوەسوو

دەقەتێ:دەبورێ

دەحکە: مشت و مڕ، گەنگەشەی توند

دایەن: ئەو ژنەی شیر دەدات بە منداڵی خەڵکی، ژنی بەخێوکەری منداڵی خەڵکی

دەخەلەساین: رزگار دەبووین

دەساوێز: بیانوو، پەڵپ

دەڵەمە: دۆڵەمە، شتێك بە تەواوەتی نەمەیی بێت

دزێو: ناحەز، ناشیرین

دەسەجەمی: بە کۆمەڵ

داشدار: لایەنگر و پارێزەر، پاسەوانی قەلاْ

دوم: کلك

دین: شێت

دەلال:جوان و ڕەزا سووك

دەخمە: گۆڕ، قوڵکەی ژێر زەمین

دەسومشتاق: دەسومۆچ

ڕ:

ڕەقسین: سەما، هەڵپەڕین

ڕنەك: قەشەو

ڕدێن: ریش

روندك: فرمێسك، رونتك، ئەسر، ئەسرین

رۆحانی: پیاوی ئاینی

راز: نهێنی

ڕەژوو: زوخاڵ ، خەڵوز

ڕك : کووڕ، ڕژد

رابوون: هەستان

ڕۆخانە: روبار، چۆم، چێم، ڕوو
ڕند: جوان، خوشیك، خوشكۆك
رمووده: ئالووده، هۆگر
رادەست: خۆ بە دەستەوەدان
رەند: مێرخاس، مەرد، پیاوانە
رەقیب: نەیار، خەنیم
ریسك: مغامەرە
ریوەڵە: بچكۆلەی لاواز، بێ نموود
رۆنیشت: دانیشت
رووپامایی: مەرایی، دەڵەچەیی، بن ریشەیی
راموسان: ماچ
رەهەنە: رەهەندە، عەودالْ ، ئاوارە، چۆڵگەڕ
رەبەن: سەڵت، زوگورت، راهب
رەبەنیتە: راهبە، ژنە فەڵەی تەركە دنیا، ڕەبەنی ژن
ڕاوگە: جێگەی ڕاو وشكار
ڕیشخەن: گاڵتە پێكردن
رەعیەت: ڕایەت، مسكێن
رەزا سووك: ئێسك سووك، رەزا شیرین، دەلال.
راجفرین: لەرزین، ڕاچڵەكین
ڕەدا: رازی بوون، قاییل بوون
رەخ: رۆخ، قەراخ، لا، كەنار
رازگر: مەحرەمی راز، نهێنی پارێز
رۆزا: جۆرە گوڵێكە، گوڵی پیرۆز
روودار: بێ شەرم، رووقایم، بێ چاو وروو
ڕاڤە: واتا شیكردنەوە، تەفسیر
ڕایە: حەدد، شیاوی
ڕەتبلاو: هزرو بیر بلاو، پەرتحەواس
ڕەقالْ: رەقەڵە، دالْگۆشت، لەڕو لاواز، لەجەر
<u>ز:</u>
زڕكیژ: كچی مێرد بۆ باوەژن، یان كچی ژن بۆ باوەپیاڕە
زێدە: زیادە
زەلام: گەورە، ناقۆلاو تەژە
زار: دەم، دەو

زوڕییەت: وەچەو نەوەو نەتیرە

زێد: زاگە

زاگە: زێد، شوێنی لە دایکبوون، مەفتەن

زوخاڵ: رەژوو، خەڵووز

زگڕەش: ڕکوونی، بوغزن، کینە لە دڵ

زەوجین: زەماوەند

زڤڕینەوە: گەڕانەوە

زەیسان: زەیستان، ژنی تازە زاو

زەیەوان: زێوان، نیگابانی گۆڕ و گۆڕستان

زرانی: ئەژنۆ

زارۆك : بچیکان ، منداڵان

زەردەکەن: بزە، زەردەخەنە

زەروو: زالو

زیانۆك: بە زیان، زەرەردەر، زیاندەر

زەحف: زۆر، فرە، مشە

زۆڵ: بیژ، حەرامزادە، زۆرزان

زەرگاڵ: پێڵاوی لە موو چندراو، بەلەك پێچ، گۆرەوی تا ئەژنۆ

زێبا: جوان، خشیك، ڕند، خشکۆك

زراڤ: باریك، شووش.

ژ:

ژێوان: پەشیمان

ژارخەن: پێکەنینی ژەهراوی ، پێکەنینی تەوسامێز

ژارۆ: داماو، فەقیر، بەسەزمان

ژنەوتن: بیستن، ژنەفتن

س:

سەرزەنشت: سەرکۆنە، لۆمە

سەڵت: ڕەبەن، بێ ژن و منداڵ، عازەب

سەندەڵ: قاپقاپ، تەقتەقیلە

سپڵە: پێنەزان، بێ ئەمەك، بێ وەفا، نمەك حەرام

سۆز: پەیمان، بەڵێن

ستران: گۆرانی، قام، لاوك، لاوژە

ستێران: ئەستێرە، ئەستێران

سپێدە: بەرەبەیان

**سەوزەزار: مێرگ، مێرگوزار، چەمەنزار**

**سەمت: لا، ئالی، رەخ**

**سەربوردە: بەسەرهات، سەرگوزەشتە، سەربهورد**

**سەرگوروشتە: سەربوردە،**

**سخێف: جنێو**

**سەختگیر:توند و بەزەبت و رەبت**

**سیوات: خوێنەواری**

**سائەقڵ: شێتۆکە**

**سەربۆز: سەر ماش و برنج**

**سیاناو: قوڕاو**

**سێوی: هەتیوو، منداڵی بێ داك و باب**

**سیکتر: دەرکردن، تڕۆکردن**

**سونگی: قەمە**

**سەهەندە: بزۆز، نەسرەوت، زرینگ، ئاژاوەچی**

**سێبەندی: بێ شەرم و حەیا،**

**سابرێن: نێری، تەگە**

**سەرۆ: ئیلهام، سرووش**

**سازڤان: مۆزیکوان**

**سەرناڤ: ناونیشان**

**ستان: شار، پارێزگا**

**ستاندار: پارێزگار،متەسەڕیف**

**ساردخانە: مەیتخانە**

**سۆل:پێڵاوی سووکەڵەی بێ پانییە ،نەعل**

**سەردولکە: گۆرانی هەڵگوتن بە مردوودا**

**ساڤالۆك: منداڵی تازەزاوی جوانکیلە**

**سەلبەند: رێگەی بە بەرد فەرشکراو**

**سیسەم: تەختە خەو، تەختە بەن**

**سوێ: ئازار، ژان**

**سیخار: زوقم**

**ساقەتە: لاسکی گیا**

**سەرگەڤار:سەرۆکی خێزان، گەورەی خێزان**

**سۆر: سوور، رەنگی سوور**

**سەوقاتی: دیاری**

سالول: ژووری ئینفیرادی زیندان

سایمەل: جۆرێ نەخۆشی ئاژەڵ و ماڵاتە

سوتلی: قەپاتمە، ژنی بێ مارەیی بۆ ڕابواردن

سەربهوورد: سەربردە، بەسەرهات

سیپاڵ: جلك، بەرگ و کول و پەڵ، کۆنە پەڕۆ

سۆزانی: جندە، قەحپە

سیقال نەگر: مشت و ماڵ نەگر

سوخەت: سیفەت

سڵۆك: سرك، رەوەك، سڵ، بەپارێز

سفتە: چەك، کومپیالە، پسوولەی حەواڵە

ساپیتە: ساپیتك، میچ

سۆزە: گۆرانی خەمبار، سۆز، گۆرانی بە دەنگی نزم

سرووش: سەرۆ، ئیلهام، وەحی

سەرەوگرد: سەروەسێت

سندم : پێوەندی ئاسن.

ش:

شڕندە: ژنی دەمدرێژی شەڕانی بێحەیا

شڕپۆش: شڕۆڵە، بێ بەرگ و بار

شەیپور: بۆقی، کەڕەنا

شام: شیو، شیڤ، خواردنی ئێواران

شکەفت: ئەشکەوت

شکەستەنی: ناسك، شتێ زوو بشکێ

شتاقیان، هیچیان، کەسیان

شنگ: هێز، تاقەت، توانا

شەقاو: هەنگاو

شلینگ: پارەیەکە

شاپ: شەق

شەکەت: ماندوو، هیلاك

شوورە: دیوار

شەڕبار: پڕشەڕ، شەڕانی

شەنگوڵ: بە دەماخ، کەیف خۆش

شەبەیخوون: پەلامارو هێرشی شەوانە

شەلاق: شەلاخ، قامچی

**شەم: مۆم، شەمالك**

**شەمدان: مۆمدان، شەمان، جێگەی مۆم**

**شۆڤار:زمان شڕ، نێوان تێكدەر، جاسووس**

**شوو: مێرد ، هاوسەری ژن**

**شەكەت: ماندوو. هیلاك**

**شاشك: مێزەر، پێچی مێزەر، شاشیك**

**شیرەت: راوێژ، ئامۆژگاری**

**شیرەتكار: راوێژكار**

**شادەتنامە: كارنامەی خوێندن**

**شۆخی : سوعبەت ، گاڵتە**

**شیڤ: شێو، شام، نانی شێوان، نانی ئێوارە**

**شێلەو بێلە: فێڵ و تەڵەكە**

**شەواك: گەمژە، گێلۆكە، دەبەنگ، سائەقڵ**

**شێلو: لێڵ**

**شلك: ناسك و تورت، سست و خاو**

**شەجەرە: سەجەرە، لیستی ناوی باب و باپیران**

**شەلاق: شەلاخ، قامچی ، جەڵدە**

**شەوبێری: شەونشینی، شەوكۆڕو مەجلیسی دۆست و برادەران، شەڤرونك**

**شەقڵ: مۆرك**

**شەڤرونك: شەونشینی، شەوكۆڕ، مەجلیس و ئاهەنگی شەوانە**

**شەڕاشو: شەڕانی، جنگن، جینگن**

**شەپڵە: نەخۆشی ئیفلیجی**

**شكستۆك: نزیكە شكان، شكستەنی، شتی ناسكی نزیكە شكان.**

**شەهلەوەند: سوارچاك، لاوی شۆخ و شەنگ.**

**شاختیز:باروتدانی راوچی، شاخ**

**شوورەنگێو:شیر وەشێنی كارامە**

**ع:**

**عاسا: دار عاسا، داردەست**

**عەیار: زیتەڵ، زۆرزان**

**عەبەنووس: دارێكی رەش و رەق و بەنرخە**

**عەیان: دیار، ئاشكرا، لەبەرچاو**

**عەگید: ئازا، پاڵەوان، جامێر**

**عال: نایاب**

**<u>غ:</u>**

**غاڕ: ئەشکەوت**

**غوڕابی خەو: شیرنە خەو، خەوی قورس**

**غەوارە: غەریبە، بێگانە، نامۆ، ئاوەکی**

**<u>ف:</u>**

**فەرمایشت: فەرمموودە، قسە**

**فەرخە: بێچوە مەل و جانەوەران**

**فشقیات: حەنەك، گاڵتەوگەپ، ئاخافتنی بێ تام**

**فراڤین: نیوەڕۆژە، خواردنی نێوەرۆ**

**فەرسەخ: فەرسەق**

**فڕناخ: لووت بەرز، بە دەعیە، روحزل، بە فیز و ئیفادە**

**فاما: فامیدە، تێگەییشتوو، زیرەك**

**ڤالا: بەتاڵ، خاڵی، پووك، ئاواڵە، کراوە**

**فەڕەنگی: ئەوروپایی**

**فەسات: گاینی ژنی بێگانە بە زۆر**

**ڤیان: خۆشەویستی، ئەڤین، ئەوین، دڵداری**

**فەرتووس: زورهان، پیری پەککەوتە**

**فەزیحەت: نەنگ، ریسوایی، مایەی ریسوایی**

**فیزماڵك: خۆ دزینەوە**

**فیوداڵ موڵکدار، دەرەبەگ**

**فەڵە: دیان، مەسیحی**

**<u>ق:</u>**

**قالیچە: مافووری بچووك**

**قرمز: سوور**

**قەڕاڵ: پاشا**

**قەڕاڵنشین: پاشانشین، ئیمپراتۆریەت**

**قورباقە: بۆق**

**قاوەڵتی: تاشتی، بەرقلیان، نانی بەیانی، تێشت، قاوەتوون**

**قووچانی: هەڵهات**

**قشتیلە: بچووکی جوانکیلە**

**قالۆر: قاوغ**

**قاپ: قاچ**

**قاوغ: قەپێلك، قاپۆرە**

**قوشقی: توورە، وەرەز، سڵ ، ڕەوەك**

**قەرقەشە: تەشقەڵە، شەرو ناخۆشی**

**قۆپی: زەڵکاوی قامیشەڵان**

**قەڵەمرەو: سنوور و کەوشەنی ژێر دەسەڵاتی کەسێك یان دەوڵەتێك**

**قوو: باڵندەیەکە لە قاز سپی ترو زلترە**

**قەڵایی:کانزایەکی سپی نەرمە مسی پێ سپی دەکەنەوە**

**قژاوڵە: تاق تاقکەرە**

**قاوش: هۆڵ، شوێنی نووستنی بە کۆمەڵ**

**قەساس: سزا، تۆڵە**

**قەرەبەخت: بەخت ڕەش، بەدبەخت، نەگبەت**

**قامك: پەنجە، ئەنگوست، پل، کلك**

**قامبێژ: گۆرانی بێژ**

**قەساو: قەساب**

**قەلەزراو: ترسنۆك**

**قەتاندن: بەسەربردن**

**قاقڕ:زەوی ڕووتەن کە گیای لێ نەڕوێ**

**قومات:بابۆڵەی ساوا تێوە پێچان**

**قاشوانێ: گۆبازی، قاشوان**

**قەپاتمە: سۆیتەلی، ژنی بێ مارەیی بۆ رابواردن**

**قەموور: کووڕ، پشت کۆم، قەمبوور**

**قەستە سەر: دوژمنی زۆر سەرسەخت، خەتەر**

**قەبە : گەورە**

**قۆشەن: لەشکر**

**قرێر: بڕیار، قەرار**

**قەوماو: بویەر، ڕووداو**

**قاوەتوون: تاشت، تێشت، قاوەڵتی، نانی بەیانی**

**قیڕات: گەرماپێو**

**قرێژە بەرد: خەنە تیلکە،وردە شینایی پێکەوە نووساوی سەر بەردان**

**قاپووت: پاڵتۆ، ساقۆ، بالاپۆش**

**قەواڵە: سەنەد، بەڵگەنامە**

**قەوغا: زۆر قەرەباڵغ و ئاوەدان**

**قرێتە: قرێدە، قلادەی ملی سەگ، ئەڵقەی ملی تاژی**

**قۆشمە: حەنەکچی، گاڵتەچی**

قوڕنه: گۆشه، سووچ، قوژبن، سیله

قەیچی: مقەست

قاودان: دەرکرن، جواوکردن.

قەبرغه: برك، قەبرخه، خالیگه

قووچاندن: راکردن، هەلاٚتن. ڕەڤین.

قاقەز قوشی : کۆلاره.

قازان: مەنجەڵی گەوره.

قار: ڕق، غەزەب، تۆران

قەرەولْ: پاسەوان، ئێشکگر، یاساولْ

قەتران: دەرمانێکی ڕەشه له کولاٚندنی داری سنۆبەر دەگیرێت

ك:

کوت ومت: ەقاودەق

کوانگه: کوانوو، ئاگردان

کارمامز: بەچکه ئاسك

کودەڵه: بێچووه بەراز

کوختە: کۆخ، خانووی چکۆلەو خراپ

کوڵکه: موو، توك

کولۆ: کولله

کەچڕەوی: له ڕێ لادان، تەحریفیەت

کەوەیی: شینکی، شینباو، خۆڵەمێشی

کێوه: بۆ کوێ

کەپەك: سۆس

کۆمەك: یارمەتی، هاریکاری

کلۆر: ناوبەتاڵ

کوریژگه: کوڕی بچووك

کەپوو: لووت، دفن

کەونارا: زۆرکۆن، شوێنەوار

کەسك: سەوز

کۆمیدی: پێکەنیناوی

کامکردن: نەوس تکان

کەزی: پرچ، زڵف

کلاٚوخود: کلاٚوی ئاسنینی شەڕڤان

کەرب: رق و کینه

کان: مەعدەن

کێوستان: کۆسار، کۆجاڕ

کۆڵۆنی: موهاجیرنشین، نشیمەن، موستەعمەرە

کەمدوو: کەم قسە

کۆسار: کۆجاڕ، کێوستان

کەوی: ماڵی، دەستەمۆ

کەڤڕ: بەرد

کەڤرۆك: بەردەلاّن

کەندەکار: کەسێك کە لە دار نەخش دەکەنیٚ

کێشکچی: پاسەوان، نیگابان

کۆ : سڵ، سڵکردنەوە

کەپوو : لووت، دفن

کارگە : وەرشە

کەرپووچ : خشتی سوورەوەکراو

کوند: بوەکوێرە، کوندە پەپوو، بایەقوش

کەودەن: گەوج

کاژستان: بێشەی دارکاژان

کرێت: ناشیرین، کاری خراپ

کەتواری: ریالیستی، واقیعی

کەوشەن : مەرز، سنوور ، ئاقار، تخووب

کنوکۆ : چوونە بنج و بناوان ، تۆژینەوە

کسۆك: سەگ

کەستەك:سندە گڵ، کڵۆ قوڕی وشکەوە بوو

کۆشیار: چالاك، پڕکۆشش

کینەکێش: ڕك هەڵگر، ڕکونی

کەت: تەختەخەو

کەرەمکە: بفەرموو

کەوە رۆژ: رۆژی بیٚ هەتاو، سپییە ڕۆژ

کۆما: کۆمەڵێك

کەترەخانە: خانەی پیران

کەشم و نەشم: جوانی و نازو عیشوە

کۆرفام: گێل، گەمژە، دەبەنگ، گەلحۆ، گەلۆر

کەپەنك: فەرەنجی، قاپووتی لباد

**کلکه سووته: ڕووپامایی، کلکه لەقێ، ڕیایی و زمانلووسی**

**کۆجاڕ: کێوسات، کۆسار**

**کارەکەر: قەرەواش، خزمەتچی مێوینە، جێری**

**کەڵگیت: کەرکیت، هەپك ، شانەی پۆ کوتانی تەون.**

**کەنیزەك: کارەکەر، کەنیز، قەرەواش.**

**کەوێڵ: کۆخ، کۆختە،خانووی چکۆلەی یەکچاوە. ئەشکەوت.**

**کوچەماڵ: کەناس**

**کەڵەموست: قامکی گەورە،کەڵە ئەنگوست، ئەنگوستە گەورە.**

**کەڵەباب: کەڵەشێر، دیکل**

**کەمەند:پەت، کندڕ، حەبل**

**کتك: پشیلە**

**<u>گ:</u>**

**گۆساخ: چاوقایم، رووقایم**

**گەدا: پارسەك، سواڵکەر، دەرۆزەکەر**

**گورزە: باقەی گەورە**

**گەرەکمە: دەمەوێ ، دەخوازم**

**گەمە: یاری، وازی، کایە**

**گەنج: زێرو زیو، ماڵی دنیا**

**گەردنبەند: ملوانکە**

**گازکردن: بانگکردن**

**گۆرین: یارۆ، ناڤبری**

**گوند: دێ، ئاوایی**

**گومناو: ناوبزر، نەناسراو**

**گۆزینگ : قولەپێ**

**گەلۆز: ناولینگ**

**گول: گەڕ و گول**

**گاگۆز: پۆڵکە**

**گارد: پاسەوانی تایبەت**

**گۆنگ : ئالۆز**

**گەنگەشە: موناقەشە**

**گووراو : مەخلووق**

**گووفەك: زبڵدان، سەرانگوێلك**

**گازی: بانگکردن**

گرۆز: وڕكن

گڵكۆ: گۆڕ، ئارامگه

گمێز: پێشاو

گێچەڵ: گەڕ، تەشقەڵە

گەمشەك: گەمژە، گەوشەگ، گەمشۆ، شەواك، گێل، دێوانە

گاڵدان: هاندان بۆ كاری خراپ

گۆڵمەز: زەنا زەنا، هەراو زەنا، دەنگەدەنگ

گەوشەك: بڕوانە گەمشەك

گەمشۆ: گێل، دێوانە، كەمفام، كاڵفام

گەوڕ: پشتێر، ئاغەڵ، تەویلە

گۆڵ : سەگی نێر.

ل:

لە كەیفان: لە خۆشیان

لە بیلادەوە: لە ئیجادەوە، لە بنەرەتەوە

لیرەوار: دارستان، جەنگەڵ، بێشەڵان

لاپرەسەن: فزوڵ، فزوڵی

لۆسە: باری

لەزگ بوو: خەریك بوو، وەخت بوو، نزیك بوو

ڵێ: بەڵام

لێبڕا: بڕیاری دا

لۆسە: باریە

لاق: قاچ، لنگ

لەزكرن: خێراكردن، پەلەكردن

لایدە: بێگانە

لە هەنبەر: بەرانبەر

ڵێ : بەڵام

لەیستۆك : بووكەشووشە، بووكەڵە

لەگەز : مەتەڵ ، مەتەڵۆك

لەش بەبار: نەخۆش

لەگین:رەنگە، لەوەیە

لەوتاوە : پیس بووە

لەز : خێرا ،پەلە

لەبڕ : یەكسەری، بەقۆنتەرات

**لاشەڕ : بێوەی، سەلامەت ، دووره شەڕ**

**لاکەوە : لاچۆ ، برۆ کەنار**

**لە نك: لە کن، لە جەم، لە دەف، لەلا**

**لەگام: چەورە، زگ لەوەڕێن**

**لێژگە: لێژایی، نشێو**

**لێبۆك: لەودە، حەنەکچی، فێڵباز، موهەڕیج**

**لچ: لێوی خوارەوە**

**لوشکە: لوشك، جووتە**

**لاتریسکە: لادان لە ڕێگە**

**لات: نەدارو فەقیر، بێنەوا، پەریشانحاڵ**

**لەلە: نۆکەری زارۆك بەخێوکەر**

**لاڤە: پاڕانەوە**

**لە عەلەیی: لە دژ**

**لە یەکبینە: بەردەوام، پەیتاپەیتا، لە پەستاو بیٚ بڕانەوە**

**لەزێکە: پەلە بکە، خێراکە، بلەزە**

**لوقمان: دکتۆر، حەکیم**

**لەغەم: نەفەق، ڕێگەی ژێر عاردی**

**م:**

**موغازە: فرۆشگە، دوکان**

**مێریڤان: دلۆڤان، میهرەبان**

**مشوور: تەگبیر، بەخەم کردن**

**مژوول: سەرقاڵ، سەرگەرم**

**ملٚ وموش: ملۆمۆ، گەران و بۆنکردنی زەمین بۆ پەیداکردنی خواردن**

**مۆڵ: زۆر، فرە، زەحف**

**مژمژە: مەساسە**

**میرغەزەب: جەلاد**

**مەزرا: کێڵگە**

**مقاش: ماشە**

**مەگیرانی: بێزوو**

**مەرزو بۆ: ولاٚت، نیشتمان**

**مقەوا: کارتۆن**

**مەنهۆڵ: زێراب**

مەزڵ: قۆناغ، جێی مەبەست

میرەبان : دلۆڤان ، میهرەبان

ماڵبات: خانەوادە ، بنەماڵە

مدارا :سەبرو حەوسەڵە ، دڵڕاگرتنی دۆست و ئەحباب

مووبەق : ئاشخانە

موغەیری: موغاری، بوغاری، کوانووی نێو دیوار

منجڕ :نەژنەو ،سوور لەسەر شتێك

مسکێن : رەعییەت، بەرحوکمی ئاغا

مەعلان : پسپۆڕ ، لێزان

مخابن: بە داخەوە

مراك : کەوچك ، کەچك

مینا، میناك: وەك، وەکو

مەخفەر: پۆلیسخانە، قەرەوڵخانە

مادونی: مۆڵەت، ئیجازە

مەرگی مفاجا: سەکتەی دڵ

مەحزەر: نووسینگەی مارەو تەڵاقان

مەژی : مێشك

مامۆژن: ئامۆژن، ژن مام

مافور: قالی

مەتەرێز: مەتەرێس، سەنگەر

مامێر: ڕەبەنیتەی بەتەمەن

ماسێر: رەبەنیتەی گەنج

متوو: هۆگر

مرداو: قۆپی

مالیجە: چارەسەر، عیلاج، معالەجە

مەدام: خا، خاتوون، خانم، خات، یا

مجێز: میزاج، مەجاز

مەحتەل: ماتەڵ، دێرکەوتن

ماخۆلیا: ئەسپەك، نەخۆشیەکی مێشکە، گێژوحۆل

مەکتەبلی: قوتابی

مەخسەرە: گەپجاڕ

مۆڕە: خێسە، روانین بە چاوی زەق و توڕەیی

مەچیر: داوەبەن، دەزوو، تاڵ

**مێردەك: بۆرە پیاو**

**مێژەڵۆك: لقی بڕاوەی ڕەز**

**مەعاف: بەخشراو، ڕەوا**

**موزیڕ: زیانۆك، زەرەردەر**

**میانسالٚ: ناڤسالٚ**

**مۆزە مۆز: دەورو خولدان بە مەبەست و تەمایەك**

**مۆرانە: جانەوەری دارخۆر**

**مەردمازار: ئەزیەتدانی خەڵكی**

**مشە: زۆر، فرە**

**مامێز:مامزە.**

**مامز: ئاسك، كەژاڵ**

**مەهوەش: وەك مانگ، مانگ ئاسا.**

**ن:**

**نەزاكەت: ئەدەب، سەلاری**

**نیگابان: پاسەوان**

**نەیجەزار: قامیشەڵان**

**نسیبەت: بەڵا، موسیبەت**

**نەترە: ورە**

**ناچیز: هیچ، زۆر كەم**

**نەژاد: رەگەز، رەچەڵەك، ئەسڵ**

**ناحەز: ناشیرین**

**نێچیرڤان : ڕاوچی**

**نشیمەن: بارەگا ، شوێنی دانیشتن**

**نەزاكەت : لوتف و ئەدەب**

**نك : كن ،لا، جەم ، دەف**

**ناڤبری : ناوبراو**

**نەژنەو :نەبیست، منجڕ**

**نمەد : لباد، نیوداشت: نە كۆن و نەتازە**

**نها : ئێستا، هەنووكە، نهوو**

**ناڤسالٚ : میانسالٚ**

**نووكە : هەنووكە ، نهو، نها، ئیستا**

**نەخاسما: بە تایبەتی**

نەسرانی: فەڵە، مەسیحی، دیان

ناباب: ناباو، دژەباو، ناپەسند لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە

نۆبەرە: یەکەم منداڵ، یەکەم بەر

نەپەرژان: دەست نەگەییشتن، فریا نەکەوتن، پێڕانەگەییشتن

نێرەوەز: نێرینە، نێر ڕەگەز

نەپرینگانەوە: سڵ نەکردنەوە، کۆنەکردنەوە، سڵ نەکردن

نیونەخت: یەك دەم، یەك سات

نێش: چزوو

نەساغ: نخۆش

نمەك ناسی: ئەمەگداری، وەفاداری

<u>و:</u>

وەمێنیٚ:بمێنێتەوە

وەکرد: کردەوە

وەشێرت: شاردەوە

وێنا: تەسەور

وار: هەوار، شوێن، مەڵبەن

واز : کراوە، پێچەوانەی داخراو

وێدەدەم: دەدەمیٚ

وەقف کردن : تەرخان کردن

وەردەوەدان : لە جاریٚ پتر کێڵان

وەردیان : زیندانەوان

وەشانخانە: بڵاوەخانە، دارالنشر

وەشانکار: بڵاوکەرەوە، ناشر

وڕاوە: وڕێنە

ودم:مومبارەکی، پیرزی

وشکەبار:میوەی وشکەوەکراو

وەکوژاندن : تەمراندن، کوژاندنەوە

وێمدە : بمدەیە

واز: ئیشتیاو ئارەزووی خواردن

وەزەن: ئازار

وشترالوك:حوشتر خۆرە، عاگول

وازوازی: دەمدەمی مجێز

وێڵ: ماریفەت

**وانێك: یارۆ، هین**

**وڵە: نەمەییوی تەواو**

**وشت: وشەی دنەدانی سەگ**

**ه:**

**هانکە هانك: هەناسە برکێ**

**هەژگ: لکەداری وشکەوە بوو، چڕوچیلکەی ئاوردوو**

**هەڕوگیڤ: هەرەشەو گورەشە**

**هەڵدێر: جێگەی زۆر بەرزو قیت لە شاخ و کێودا**

**هەزاربە هەزار: شاخی زۆر بەرزو عاسی**

**هەڵزنان: هەڵگەڕان بۆ سەرەوە**

**هایم: سەرگەردان، وێڵ**

**هەنبەر: بەرانبەر**

**هەترەش: زەندەق، زراو**

**هەنووکە: ئیستا، نها، نهوو**

**هۆشن: بەهۆش**

**هەتەر: مەودای حوکمی چاو**

**هۆڤی: کێوی، وەحشی**

**هۆدە: ژوور، ئۆتاغ، دیوو**

**هزرو هزرین : بیرو بیرکردنەوە**

**هەیڤ : مانگ**

**هەیڤەشەو: مانگە شەو**

**هەدا : سەبر ، حەوسەڵە**

**هەراوزەنا : هەراو هەنگامە**

**هەڕەمە : تێکەڵ و پێکەڵ، گەنم ودانەوێڵەی تێکەڵکراو، هەڕەت، جەنگە، تاف**

**هاپۆ : مام**

**هەڵەشە :لەسەر، بێ ئەقڵ**

**هەرەت : تاف**

**هەتوان : مەرهەم ، مەڵحەم**

**هەڤڕك : ملەکەر، ململانێ، ڕکبەڕکێ**

**هەڕوو : هەڕە ، بڕۆ**

**هەنگێ : هەینێ ، ئەوسا**

**هەشتاو : پەلە ، لەز، خێرا**

**هاوکوف:دوو کەسی لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی**

هاودەستی:هاوبەش لە کەین و بەینان

هەیڤۆك: هەیڤك، مانگیلە، مانگی یەك شەوە

هێورین: حەوانەوە

هاماج: ئۆتمۆسفێر

هەلاْوێردن: جیاکرنەوە

هاتە وەشاندن ، بلاْوکرایەوە

هزرڤان: بیرمەند، زانا

هەنیە: تەوێڵ، ناوچەوان

هەلاکەت: گیانەڵلاْ، ئاویلکە، ئاوزینگ، حاڵی مردن

هەلاْژیان: ڕاکشان

هاژۆتن: لێخوڕین

هێم: بناخە، بناغە

هاوسونح: هاوساڵ، هاوتەمەن، هاوزا

هاو وازی: هاوگەمە، هاوکایە، هاوبازی

هەوسار: ڕێشمە، دەستە جڵەو

هاوقەتار: هاوکارو پیشە، هاوڕێ، دۆست

هەمێز: ئامێز، باوەش

هزرین: بیرکردنەوە

هەڵەت: زەردو ماهی زۆر سەخت.

هەراشتر: گەورەتر، پێگەییوتر

هەڕە: مشار.

هۆشی: گوڵەوەچنی.

ی:

یاڵ: تووکی سەر ملی شێرو یەکسم

یەکهاوی: یەکجۆر، یەکدەست، بێگۆڕان

یارۆ : فلاْن

یاتاخ : پێخەف ، نوێن

یەختە: خەسێنراو، گون دەرهێنراو

یونیفۆرم: جلکی فەرمی یەکچەشن

یاوەگۆیی: وڕاوە، وڕێنە

یا: خا، خات، خاتوون، خانم، وشەی ڕێزە بۆ ژنی گەورە.

یەغدان: یەخدان، سەنوقیداریینی گەورە.